تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

قاموسی رستە

بەرگی یەکەم

ك ٠ ل ٠ م ٠ ن ٠ ھ ٠ و ٠ ي

نوسینی:

مەلا مەحموودی گەلالەیی

٤

١٤٣١ك ٢٠١٠ز

دار المعرفة
بە یروت

قاموسی رسته

٤

بسم الله الرحمن الرحيم



ناوی کتێب: ﴿قاموسی رستە﴾

دانراوی: مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی (٢١٠)ی دراوەتێ.

تایپو دیزاینی: (روبار حسین)

ساڵی چاپ: ١٤٣١ ك - ٢٠١٠ ز

لەسەر نەرکی کتێبخانەی نارام لە چاپ دراوەو مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی ناوبراو.

قاموسی ڕستە

بەرگی چوارەم

ك • ل • م • ن • هـ • و • ي

نوسینی:

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

٤

دار المعرفة
بە یـرووت

١٤٣١ك ٢٠١٠ز

ك

الكـاف: پیتـی بیـستو دووه لـه پیتـهکانی هیجا، شـوێنی لێ هاتنـه دەرەوەی بنکـی زوبـانو ئـاڵوی ئەملاونـەولای قورگـه ئـەم پیتـه جاری واهەیه حەرفی جەرەو ئیسم مـەجرور دەکا وەکـوو دەڵێ: (زیـد کالأسـد) لەهـەمان کـات دا مانـای لێکچون (تەشبیه) دەگەیـەنێ ٥ یـان مانـای تەوکیـدو جـەخت کردنـەوه دەگەیـەنێ وەکـوو دەڵێـی: (لـیس کَمِثلِهِ شیئٌ) بۆ مانای تریش دێ.

الْكاكاو: درەختێکه لـەپێڕی (البرازیـة الأسـطر قولیـة) ٥ لەسـەرەتادا لەئـەمریکا هـەبووەو لـەوێوه گوێزراوەتـەوه بـۆ وڵاتـی تـر ٥ لەبەرەکـەی شـەرابی کاکـاو دروست دەکرێ هـەروا حەڵواشـی لێ دروست دەکرێ.

كَبَّ كَبْبَةً: دەروونـی توشـی خـەمۆکی و خـەفۆکی بـوو، هەسـتی بـه تێشکاوی دەروونی کرد بـەهۆی خـەمو خەفـەتی زۆرەوه.

أكْـبَّ فلانـاً: فلانکەسـی خەفـەتبارو خەمۆک کرد.

إكْتَـبَّ: بەمانا (كَبَّ) دێ.

إكْتَـابَ وجْـهُ الأرض: ڕوبـەری زەوی گۆڕاو ڕەش داگیرسا.

الْكَاباء: خەمو خەفەتی زۆر.

كَادَ عليه الأمر كَاداً: کارەکه قـورس و گران بوو.

تَكَادَهُ الأمرُ: کارەکەی لەسەر قـورس و گران بوو.

تَكْادَهُ الأمرُ: بەمانا (تَكَادَهُ) دێ.

تَكْدَهُ الشَّيْئَ: شتەکەی بەتەکەللوف و ئەرك ئەنجام دا.

إكْـوَادَّ الـشَّيخ: پیرەمێردەکـه بـەهۆی پیریـیـەوه تووشـی لـەرزه لـەرزو شەپلە بووه.

الكَاداءُ: زەحمـەتو ناخۆشـی و ئـەرکی گـران ٥ دەگـوترێ: (عقبـة كَـأداءُ) چورتەو لەمپەرێکی قـورس و گرانـه بەزەحمـەت لادەبـرێ، زاڵبـوون بەسەری دا زۆر ناخۆشه.

الكُـوَّداء: هەناسـه هەڵکێـشانی قـوڵ بەهۆی غەمو خەفەتەوه.

الكُـوْدُ: (عقبـة كـؤود) لەمپـەڕی قـورس و گـران کێـشەی وەهـا چارەسەرکردنی زەحمەت بێ.

الكَاسُ: پیاڵه شەراب؛ کەشەرابی تێدا بێ ٥ یان خودی شەراب ٥ (ك:أكؤس

وكؤوس) ٥ ئەمجار وشەی (كأس) خوازراوە بۆ دەربڕینی زۆر كاری ناخۆش دەگوترێ: (سَقاه كَأساً من الذلّ والفرقة والموت) پیالەی ژێردەستەیی یان پیالەی لێك جودابوونەوە یان پیالە شەرابی مردنی پێ چەشت.

كَأْكَأَ: ترساو پاشەكشەی كرد.

تَكَأْكَأَ: بەمانا (كَأْكَأَ) دێ.

تَكَأْكَأَ القومُ: خەڵكەكە كۆبوونەوەو گەلەكۆمەكیان كرد.

تَكَأْكَأَ الرجلُ في كلامه: پیاوەكە لە قسەكردن دا زمانی گیرا.

الكَأْكَأُ: ترسی زەندەقبەر ٥ بازدانو ڕاكردنی دز.

كَأنّ: حەرفی موشەبەە بەفیعلە دەچێتە سەر دوو ئیسم یەكەمیان مەنصوب دەكاو دەیكاتە ئیسمی خۆی دووەمیان مەرفوع دەكاو دەیكاتە خەبەری خۆی ٥ وەكوو (كَأنّ محمداً أسدٌ وكَأنّ خالداً فاهم).

كَأيِّن: ئیسمێكە پێكهاتووە لەپیتی (كاف) كە لێكچون دەگەیەنێو وشەی (أيّ) بەهەردووكیان دەبنە وشەیەكو تەنوینەكەی بەنون دەنووسرێ مانای ژمارەی زۆر دەگەیەنێ ٥ دەگوترێ: (كَأيِّن رجلاً لقيت) ٥ هەروا دەگوترێ: (كأيّن من رجل لقيت).

كَبَّهُ لِوجهه، وعلى وجهه: ڕەپەو ڕو خستی.

كَبَّ فلاناً: فلانكەسی خست، بەزوی دا دا.

اكَبَّ على الشَّيْئِ: ڕوی كردە شتەكەو پێیەوە مەشغوڵ بوو.

اكَبَّ للشيئ: بەسەر شتەكەدا چۆمایەوە.

أُكِبَّ فلان: فلانكەس بەزەوی دا درا، ژێر خرا، پەركەمی تووش بوو.

أُكِبَّ على وجهه: ڕەپەوڕو خرایە سەر زەوی ٥ هەڵەوگێڕ كرا.

اكبَّ الرجلُ: پیاوەكە چاوی لەزەوی بڕیو زۆر تەماشای زەوی كرد.

كَبَّبَ الغزْلَ: ڕیسەكەی كردە گلۆڵە.

كَبَّبَ الكباب: كەبابی دروست كرد.

إنْكَبَّ على الشَّيْئِ: ڕوی تێكردو ومگری بوو پێوەی مەشغوڵ بوو.

إنْكَبَّ لوجهه: كەوتە سەردەم ٥ ڕەپەوڕو كەوتە سەر دەم.

تَكَابَّ القومُ على الشَّيْئِ: خەڵكەكە لەدەوری كۆبوونەوەو گەلەكۆمەكێیان لێ كرد.

تَكَبَّبَ الرَّملُ: لبەكە تەڕ بوو دوایی تەباری بەست.

تَكَبَّبَ فلان: فلانكەس خۆی لە پۆشاكەكانیەوە پێچا.

الكَبابُ: گۆشتی هەنجنـدراو و بـرژاو لەسەر پشکۆناگر.

الكَبَابَـةُ: بـەری جـۆرە درەختێکـە لـەپێڕی فولفـولی لـە دوورگـە خۆرهەڵاتییـەکانی هیندوسـتان دەڕوێ، ئەم جۆرە بـەرە دەشوبهێتە فولفولو کلکۆڵەیـەکی هەیـەو بـۆنی خۆشـەو تـامی تیـژە، لـەبواری پزیـشکی دا بەکاردەهێنـدرێ بۆریـەکانی میـز پـاک دەکاتـەوە ◊ بەکوردیش هەرپێی دەگوترێ کەبابـە ◊ یان کەبابەی چینی.

الكَبَّـةُ: کۆمـەڵێك مـرۆڤ یـان هـەر کۆمـەڵو جەڵەبـە شـتی تـر ◊ پەلامارداندێك، شەڕێك، چەلە یاریو ڕاکردنێـک ◊ دەگـوترێ: (لقيتـه في الكبـة) لەتـەنگو چـەڵەمەو قەرەبالغی دا توشی هاتم.

الكُبَّةُ: بەمانا (الكَبَّةُ) دێ ◊ قورسایی ◊ دەگوترێ: (ألقى عليه كُبَّتَهُ) قورسایی خۆی خستە سەری.

الكُبَّةُ من الغزل: گلۆکە ڕیسی هەڵکراو و خڕ هەڵدراو وەکوو تـۆپ ◊ پـەتاو تـاعون ◊ گۆشـتی هەنجنـدراو تێکـەڵکراو بـە بـرۆیشو کردنـی بەکوبە و ئەمجار کوڵاندن.

الكُبَيْبَةُ: گۆشتی هەنجندراو تێکەڵکراو بە وردە برنج یـان ساوەر و کردنـی بە کوببەو کوڵاندنی.

المِكْبـابُ: کەسـێك زۆر بڕوانێتـە زەوی‌و چاوی لەزەوی ببڕێ.

كَبَـتَ فـلان فلاناً: فلانکەس فلانکەسی زەلیل‌و ڕیسوا کرد.

كَبَـتَ الله العَـدُوَّ: خـودا دوژمنـی بەنائومێدی گێڕایەوە.

كَبَتَ فلان غَيظه او شهوَتَهُ: فلانکەس کەبتی ڕقی خۆی یـان ئارەزوی خـۆی کرد.

إكْتَبَتَ: دڵی پڕ بوو لەغەم‌و خەفەت.

إنْكَبَتَ: بۆ موتاوەعەی (كبت) دێ.

كَبَتَت الحرارة اللحمَ: گـەرمی ڕەنگی گۆشتەکەی گۆڕی.

كَبِتَ اللحمُ كَبْتاً: گۆشتەکە گۆڕاو بۆگـەن بوو.

كَبَّـتَ الـسَّفينة: کەشـتییەکەی خـوارکردەوە بـۆلای زەوی بۆنـەوەی بارەکـەی لێ داگـرێ‌و بیخاتـە کەشتییەکی تردوە.

الكَبَـاثُ: پێگەیـشتوو لـە میـوەی درەختی ئیراك ◊ دەنکی بـەری ئـەم درەختـە تۆزێـك لـەدەنکی کوزبـوڕە گەورەترە.

الكبيـث: گۆشـتی گـۆڕاو و بۆگـەن کردوو.

كَبَحَ الدابَّةَ كَبْحاً: ڕێـشمەی ولاخەکـەی کێشایەوە بـۆلای خـۆی‌و جڵەوی تونـد

كرد بۆنەوەی ڕابوەستێو نەڕوا.

كَبَحَ السيارة ونحوها: سەیارەکەی ڕاوەستان ستاپی گرت.

كَبَحَ فلاناً عن حاجته: فلانکەسی لە پێداویستی خۆی گەڕاندەوە.

كَبَحَ الحائطُ السُّهمَ: دیوارەکە تیرەکەی گێڕایەوە تیرەکە نەومندە تیژو بەهێز نەبوو تێی بچەقێ.

الكَبَاحَةُ: ئامێرێکە ئۆتۆمبێلو شەمەندەفەری پێ دەوەستێندرێ.

كَبَدَهُ: جەرگی هەنگاوت، زەبری لەجەرگی دا.

كَبَدَ البردُ القومَ: سەرما لەسەر خەڵکەکە زۆر زەحمەتو ناخۆش بوو تەنگی پێ هەڵچنین.

كَبَدَ فلاناً او الأمر: قەسدی فلانکەسی کرد یان قەسدی فلان کاری کرد.

كَبِدَ: جەرگی نێشا ٥ (فهو مكبود) نەو جەرگ زامارە.

كَبِدَ الرجلُ كَبَداً: پیاوەکە نازاری جەرگی لێ پەیدا بوو.

كَبِدَ الشَّيْءُ: شتەکە ناوەڕاستی نەستوور بوو.

كَبِدَ فلان: فلانکەس ناوقەدی نەستور بوو ٥ لای سەروی ورگی زل بوو ٥ (فهو أكبد وهي كبداء).

كابَدَ الأمرَ كباداً ومكابدة: زەحمەتو تالاوی شتەکەی چەشت.

تَكَبَّدَ: پتەو بوو مەیی خەست بۆوە.

تَكَبَّدَ الأمرَ: قەسدی کارەکەی کرد ٥ بەناڕەحەتیو زەحمەتی زۆر کارەکەی ئەنجام دا.

تَكَبَّدت الشمسُ السماءَ: خۆر گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان.

تكبّد الفلاةَ: توانای بەسەر چۆڵەوانیو دەشتەکە پەیدا کرد.

الكُبادُ: نەخۆشییەکە توشی جەرگ دەبێ.

الكُبَّادُ: نارنج؛ درەختێکە بەرەکەی ناخورێ بەڵام روبی لێ دروست دەکرێ ٥ واتە: بەرەکەی دەکرێتە ڕوب.

الكَبُّودُ: پاڵتۆیەکە کڵاودار کڵاوێکی لەگەڵ دایە سەر دادەپۆشێ ٥ سەربازو حەرەس لەزستان دا لەبەری دەکەن.

الكَبَدُ: زەحمەتو ناڕەحەتی ٥ دەگوترێ: (لقي فلان هذا أمْراً كَبَداً) فلانکەس لەم ئیشەدا توشی زەحمەتو ناڕەحەتی بوو.

الكَبِدُ: جەرگ ٥ ناوەڕاستی شت ٥ زۆرینەی شت ٥ دەگوترێ: (الشمسُ في كبد السماء) خۆر لەناوەڕاستی ئاسمانە.

كَبِدَ القوس: ناوەڕاستی کەوان.

كَبِدَ الأرض: ئەوەی لەزەوی دا هەیە لە زێرو زیو و مەعدەنە بەنرخەکان ٥ (أمُّ وَجَعِ الكبِد) ڕوەکێکە بەسەر زەوی دا بڵاو دەبێتەوەو گیایەکی لوس‌و پوسە لەوڵاتی ئەوروپاو وڵاتانی دەوری حەوزی دەریای سپی ناوەڕاست دەڕوێ پەلکە گەلاکانی وردە بۆ نەخۆشی جەرگ بەسودە.

الكِبْدُ: بەمانا (الكَبِدُ) دێ ٥ (ك: أكباد وكبود).

الكَبْداءُ: ناوەڕاستی ئاسمان ٥ دەستاڕ کە بەدەست شتی پێ دەهاڕدرێ.

الكُبَيْداءُ: ناوەڕاستی ئاسمان.

كَبَرَهُ في السن كبراً: بەسااڵو ڕۆژگار تەمەنی لەو زۆرتر بوو ٥ دەگوترێ: (فلان يكبرني بسنة).

كَبِرَ الرجلُ أو الحيوان: پیاوەکە یان حەیوانەکە کەوتە سااڵەوەو پیر بوو (فهو كبير) ٥ (ك: كِبار وكُبَراء).

كَبُرَ عليه الأمرُ: کارەکەی لەسەر قورس‌و گران بوو.

اكبَرَتِ المرأةُ: ئافرەتەکە منداڵی گەورەی بوو.

أكْبَرَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەگەورە زانی‌و بەگەورەی بینی.

أكْبَرَ فلاناً: فلانکەسی بەگەورە هاتە بەرچاو.

كابَرَ فلان فلاناً: فلانکەس ڕقەبەری فلانکەسی کرد، بەربەرەکانی کرد لەگەورەیی دا، وتی: من لە تۆ گەورەترم.

كابَرَ فلاناً على حقه: ئینکاری لەگەڵ فلان کرد لەسەر حەقی خۆی‌و بەسەریدا زاڵ بوو بۆڕی دا.

كابَرَ في الخبر أو الحق: دەربارەی هەواڵەکە، یان مافەکەی بەربەرەکانی کرد.

كُوبِرَ على ماله: ماڵو سامانی بەزۆر لێ زەوت کرا.

كَبَّرَ الشَّيْئَ: شتەکەی گەورە کرد ٥ بەگەورەی بینی، واهاتە بەرچاوی کە گەورە بێ.

كَبَّرَ فلان تكبيراً: فلانکەس وتی: (الله أكبر).

تكابَرَ فلانٌ: فلانکەس خۆی بەپیاوێکی گەورە زانی، خۆی بەخاوەن ڕێز لەقەڵەم دا یان پێی وابوو تەمەنی زۆرە.

تَكَبَّرَ: خۆی بەزل زانی‌و ملکەچی حەق‌و ڕاستی نەبوو.

إسْتَكْبَرَ: سەرپێچی کرد لە وەرگرتنی حەق‌و ملی نەدا بۆحەق‌و عەدااڵەت‌و لوتبەرزی نواند لەناست حەق‌و ڕاستی دا.

إستَكبَرَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەگەورە زانی‌و لەبەرچاوی گەورە بوو.

الأكبر: دەگوترێ: (فلان أكبر قومه) فلانکەس نزیکترین کەسی نەتەوەکەیەتی بە باپیریان ◊ (جاءني فلان أكبر النهار) فلانکەس کاتێک هات خۆر بە تەواوی بەرەو ناوەڕاستی ئاسمان بەرز بوبوەوە.

الكابر: گەورە ◊ دەگوترێ: (ورثت المجدَ كابراً عن كابر): شکۆمەندی‌و مەردایەتیم لەباوک‌و باپیرەوە بۆماوەتەوە‌و یەکیان لەیەکی گەورەترو ڕێزدارتر بوون ◊ ڕیش سپی‌و پیاو ماقوڵ ◊ باپیرە گەورە.

الكُبَّارُ: زۆر گەورە‌و لەڕادەبەدەر.

الكِبْرُ: لوتبەرزی‌و خۆبەزلزانی ◊ تاوانی گەورەو ◊ زۆرینەی شت، زوربەی شت.

الكُبْرُ: شکۆمەندی‌و ڕێزو شەرەف ◊ دەگوترێ: (هو كُبْرُ قومه) ئەو پیاوە بەتەمەنترین کەسی بنەماڵەکەیەتی ◊ یان ڕێزدارترین کەسایەتی خێڵەکەیەتی.

الكَبَرُ: تەپڵی یەک ڕوو ◊ ڕوەکێکە لە پێڕی (الكبرية)یەو تەمەنی درێژە، خۆڕسک دەڕوێ‌و دەشڕوێندرێ ڕەگ‌و لاسکی دەخورێ‌و لەبواری پزیشکی دا سودی لێ وەردەگیرێ.

الكِبْرَةُ: تاوانی گەورە ◊ کوڕە گەورەی باوان.

الكَبْرَةُ: تەمەن درێژو بەسالاچوو ◊ دەگوترێ: (عَلَتْ فلاناً كَبْرَةٌ) تەمەنی لەفلانکەس زۆرترە.

الكِبْرِياءُ: شکۆمەندیی‌و گەورەو خاوەن دەسەڵات‌و باڵادەست بەسەر هەموو شتێک دا بەهیچ کەس نەچەمێ.

الكَبير: ناوێکە لەناوە جوانەکانی خودا، بەمانا گەورەو شکۆمەندو خاوەن دەسەڵات.

الكَبيرَةُ: تاوانی گەورە ◊ کاری حەرام‌و نەهی لێ کراو دێ.

المُتَكَبِّرُ: ناوێکە لەناوە جوانەکانی خودا ◊ گەورەو خاوەن دەسەڵات‌و شکۆمەندیی بەجۆرێک لە صیفاتی مەخلوق نەکا.

كَبْرَتَهُ: بەکیبریت چارەسەری کرد.

الكِبْريت: عونصورێکی نافلزییە، زوو گرێدەگرێ.

المُكَبْرَتُ: شلەمەنی کە مادەی کبریتی تێدابێ.

كَبَسَ البِئْرَ ونحوها كَبْساً: بیرەکەی نوژەن کردەوە بەگڵ‌و قوڕ.

كَبَسَ الشَّيْئَ: شتەکەی کەبس کرد، پەستاوتی.

كَبَسَ على فلان أو دار فلان: هێرشی کرده سەر فلانکەس.

كَبَسَ رَاسَه في ثوبه كبوساً: سەری خستە ناو پۆشاکەکەی و سەری خۆی شاردەوە.

كَبِسَ فلان كَبساً: فلانکەس تۆقەسەری بەپێش دا هاتووە ناوچەوانی قوڵ بۆتەوە ◊ (فهو اكبس وهي كبساء) ◊ (قدم كَبساءُ): قاچێکی گۆشتنی نەستوری خڕ.

كَبَّسَ الجَسَدَ: جەستەی نەرم کرد بەشێلان، دەستی بەجەستەی دا هێناو شێلای.

تَكَبَّسَ الرجلُ: پیاوەکە سەری خستە ناو گیرفانی کراسەکەیەوە.

تَكَبَّسَ على الشَّيْئ: خۆی فرێدایە ناو شتەکەوە.

الكابوس: مۆتەکە ◊ زەختێکە دەکەوێتە سەر سنگی نوستوو ناتوانێ جوڵەبکا ◊ دەڵێن: ئەم وشەیە عەرەبی ڕەسەن نیە عەرەبی ڕەسەن ناوی (الجاثوم والباروك)ە.

الكِباسَةُ: لقەخورمای تەواو بەلق و پڕژو هێشوە خورماوە.

الكَبَّاسُ: ئامێری کەبس کردن، ئامێرێکە خوری و لۆکەو کاغەزو شتی وای پێ کەبس دەکرێ ◊ ئامێرێکە گازی پێ دوردەخرێتەوە لە شوێنی سوتانی بەهۆی زەختی هەواوە.

الكُبْسُ: تەلێکی مەعدەنییە قابیلی توانەوەیە دەخرێتە سەر ڕێڕەوی کارەبا کە تەزوی کارەبا زیاد لەئەندازەی خۆی بوو دەتوێتەوە ◊ (بڕوانە مادەی (قَبَسَ)).

الكِبْسُ: ئەو گڵەیە بیری پێ سواخ دەدرێ و کەلێن و کونی پێ پڕ دەکرێنەوە.

الكبيسُ: جۆرێکە لە خورما کەبس دەکرێ لە پۆشە خورماو شتی وادا.

الكبيسة (السنة الكبيسة) لە تەقویمی زایینی دا ئەوەیە کە ڕۆژێك لەماڵگی فیبرایەر زیاد بکرێ لەهەرچوار ساڵەکە دا ماڵگی ناوبراو دەبێتە بیست و نۆ ڕۆژ، لەسێ ساڵی تردا مانگەکە بیست و هەشت ڕۆژبێ بەمەش کەرت و کەمو کوڕی چوار ساڵەکە پڕ دەکەنەوە.

المِكبَسُ: بەمانا (الكُبَاسُ) دێ ◊ (مِكبس التشريح) لەبواری کیمیادا ئامێرێکە بەکاردەهێندرێ بۆ تەشریح و شلەمەنی بەمەبەستەکە بەهۆی هێزی مزەخەوە پاڵی پێوەدەنرێ بۆ دەرەوە.

المَكَبَّسُ: کەسێکە بەهۆی شێلانەوە بەدەست جەستە نەرم دەکا.

الكبسولة: تەرمقەی گولەتۆپ و شتی وا ٥ زمرفێکی بچکۆلەیە دوو پارچەیە پێکدا دەکرێن و دەرمانیان تێدەکرێ.

كَبَشَ الشَّيْئَ كَبْشاً: بەهەموو دەستی پڕی دایە.

كَبَشَ الزَّرْعَ: سەمادی کردە دەوروبەری بنکی ڕوەك و درەختەکان لوێچ لوێچ.

الكِباشُ: خاوەنی کیباش؛ قۆچەقانی هاوێڕ.

الكَبْشُ: بەران ٥ بەردی گەورە دەخرێتە پەنا دیوار بۆئەوەی دیوارەکە بپارێزێ ٥ ئامێرێکی لە میزینەی شەرە کاتی خۆی بەکارهێناوە بۆ بەرد بارانکردنی قەڵاو شورا، بەردی گەورە یان شتی لەو جۆرەی پێ هاوێژراوە بۆناو قەڵاو دژ.

الكَبْشَةُ: کەوگیر یان ئەسکوێ کە خواردنی پێ لەمەنجەڵ و شتی وادەرهێندرێ.

الكُبَعُ: حوشتری دەریا، جۆرە ماسییەکە گەورەیە دوگێکی وەکوو دوگی حوشتری هەس.

كَبْكَبَ فلاناً: فلانکەسی هێناو بردو خستی.

كَبْكَبَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەسەریەك دا داو هەڵەو گێڕی کرد فرێی دایە ناو کونەکەوە ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَكُبْكِبُوا فِيهَا هُمْ وَالْغَاوُونَ﴾.

كَبْكَبَ المواشي: ئاژەڵەکە بەڕاگەندەکانی گرد کردنەوە.

تَكَبْكَبَ القومُ: خەڵکەکە گرد بوونەوە.

الكَبْكَبُ: کۆمەڵێك مرۆڤی بەکگرتوو تەبا لەناو خۆیان دا.

الكَبْكَبَةُ: بەمانا (الكَبْكَبُ) دێ.

كَبَلَ الأسيرَ كَبلاً: دیلەکەی پێوەند کرد.

كَبَلَ الرجُلَ: پیاوەکەی خستە بەندیخانەوە، بەندی کرد.

كَبَلَ غريمه الدين: قەرزی سەر قەرزدارەکەی دواخست مۆڵەتی دا ماوەیەکی تر بیداتەوە.

كَبَلَ يمينه على كذا: دەستی بەسەر شتەکەدا گرت بۆئەوەی لەکیسی نەچێ.

كابَلَ الدينَ: قەرزەکەی دواخست.

كابَلَ الغريم: خاوەن قەرزەکەی بەتەماکردو جێبەجێی نەکرد.

كابلَ في شراء الدار: کڕینی خانوەکەی دواخست بۆئەوەی یەکێکی تر بیکڕێ و ئەمجار بەپاسای شوفعە خۆی هەڵی بگرێتەوە.

كَبَّلَ الأسيرَ: دیلەکەی کەلەبچە کرد ٥ دەگوترێ: (كَبَّلَ الغُلُّ في يديه):

كەلەبچەی توند خستە دەستیەوەو پەلبەستی کرد.

كَبَّلَ الرجلَ: پیاوەکەی لەبەندیخانەدا یا لەشوێنی تردا حەبس کرد.

الكابول: لەبواری ئەندازیاری دا بریتیە لەو کۆڵەکە چەقێندراوەی لەلایەکی ڕوبەرمکەدایە.

الكَبْلُ: کەلەبچە لەهەر مادەیەك دروستکرابێ ◊ حەبلێکی مەعدەنییە مادەیەکی عازل دەورەی داوەو پەردەو پارێزەرێکی پتەوی هەیە ◊ کۆمەڵێك سلکی جیا جیاو کۆکراوە لەناو پەردەیەکی پتەودا بەکاردەهێندرێ بۆ گەیاندنی تەزوی کارەبا.

كَبَنَ فلان كَبْناً: فلانکەس دڵنی پێشەوەی بەناوەدا چوون، خوار بوونەوە بۆناو دەمی.

كَبَنَ عن الشيءِ: لەشتەکەدا لای دا.

كَبَنَ الشَّيْءَ كَبْناً: شتەکەی لە ڕێڕەوی خۆی لادا، گێڕایەوە بەرەودوا ◊ دەگوترێ: (كبن عنه لِسانُهُ) زمانی خۆی لە غەیبەتکردنو باسکردنی گرتەوە.

كَبَنَ هديته عن جيرانه ومعارفه: دیاریو بەخششەکانی لەجیرانو ناسیاوەکانی گرتەوەو ناردی بۆ کەسانی دی.

كَبَنَ الثَّوبَ: قوماشەکەی نوشتاندەوە ئەمجار دوری.

الكَبِيئَةُ: زوریکی بچکۆلەیە لەناو کەشتی دا ڕێبوار تێیدا دەخەوێ ◊ یان زوریکە لەکەنار دەریاو ڕوبار مەلەکەر جلەکانی تێیدا دادەکەنێ خۆی تێدا ڕوت دەکاتەوە یان جلەکانی تێیدا لەبەر دەکاتەوە ◊ نێستا گورد پێی دەڵێن: (كابينة).

كبا الحيوانُ كَبْواً وكُبُواً: حەیوانەکە سەرسمی داو بەدەمدا کەوت.

كبا الرجلُ كَبْواً وكبوةً: پیاوەکە هەڵەنگوتو بەدەمدا کەوت.

كبا الزَّندُ: چەرخەکە ئاگری نەکردەوە.

كبا النارَ: ئاگرەکەی خامۆش کرد بەوە کەخۆڵی بەسەردا کرد ◊ دەشگوترێ: (كبت النارُ) ئاگرەکە خۆڵ دایپۆشیو خامۆش بوو.

كبا السهمُ: تیرەکە نیشانەکەی نەپێکا.

كبا وجهه او لونه: ڕوخساری گۆڕا بەهۆی ڕق هەڵسان یان بەهۆی تەپوتۆزو چڵکەوە.

كبا لون الصبح او الشمس: ڕەنگی بەیانی یان هی خۆر تاریك بوو.

كبا النبتُ: ڕوەکەکە وشك بوو.

كبا الغبارُ: تۆز بەرپابوو بەرز بۆوە.

اكبى الرجلُ: پیاوەکە چەرخەکەی ئاگری نەهێنایە دەر.

اكبى وَجْهَهُ: ڕوخساری گۆڕی.

اكبى الحَرُّ النبتَ: گەرما ڕوەکەکەی سیس کرد.

كبّى النارَ: خۆڵی بەسەر ئاگرەکەدا کرد.

كبّى الثّوبَ: قوماشەکەی بوخار کرد.

إكْتبى على المِجْمَرَة: خۆی بەسەر قوڵکە ئاگردانەکەدا دا.

تَكَبَّى على المجمرة: خۆی بەسەر قوڵکە ئاگردانەکەدا دا.

الكابى: گڵی ڕوخەکو بێ پێز ◊ خەڵوز کە ئاگرەکەی کوژابێتەوە ◊ دەگوترێ: (فلان كابى الرماد) فلانکەس خۆڵی زۆرە واتە میوانی زۆر دەبن.

الكِبا: کەفی کۆبۆوەی دەوری ئاو (ك: أكْباءَ).

الكِباءُ: داری عودو بخورد ◊ یان جۆرێکی تایبەتیە لە بخورد.

الكَبْوَةُ: کەوتن بەسەر دەم دا ◊ لەپەندی پێشینان دا هاتووە: (لكل جواد كبوة) ◊ هەروا وشەی (الكبوةُ) بەمانا هەڵوێستە دێ، بەمانا هەڵوێستە کردنو بیرکردنەوەو ڕامان دێ ◊ لەحەدیس دا هاتووە: (ما عرضت الإسلام على أحد إلا كانت عنده كبوة غير أبى بكر فإنه لم يتلعثم).

الكُبّةُ: قوڵکە ئاگردان کە بخوری تێدا بسوتێندرێ.

الكَتْأةُ: تۆوی جیرجیری کێوی.

كتب الكتابَ كَتْباً وكتاباً وكتابةً: کتێبەکەی نووسیەوە ◊ دەشگوترێ: (كتب الكتاب) گرێبەستی مارەییەکەی نووسی.

كتب السقاءَ ونحوه: کوندە ئاوەکەی بەدو سیرمە دوری.

كتب القِرْبَةَ: بەبەن مەشکەکە یان بەبەن کوندەکە دەمی کوندەکەی بەست.

كتب الله الشَّيْئَ: خودا شتەکەی فەرزو واجب کرد ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾.

اكْتَبَهُ: فێری نووسینی کرد ◊ وەکوو نووسەر هاتە بەرچاوی.

اكْتَبَ فلاناً القصيدةَ ونحوها: چامە شیعرەکەی بەسەردا خوێندەوە بۆئەوەی بینووسێتەوە.

كاتب صديقه: نامەی بۆ هاوەڵەکەی نووسی.

كاتب السيدُ العَبْدَ: خاوەن کۆیلەکە لەگەڵ کۆیلەکەدا گرێبەستی مۆرکرد کە بەوەجبە وەجبە پارەی لێ وەرگرێو ئازادی بکا.

كَتَّبَ فلاناً: فلانکەسی فێری نووسین کرد ◊ وای لێ کرد بتوانێ شت بنووسێ.

كَتَّبَ الكتائب: كتێبەكانی لێك جیاكردنەوەو ئامادەی كرد بۆ ئەركی سەرشانیان.

إكْتَتَبَ الرجلُ: پیاوەكە ناوی خۆی لەدیوانی سوڵتان دا نووسی لە ڕیزی ئەوانەی خۆبەخشن یان دیاری پاشایان پێ دەدرێ، یان هەر شتێكی لەو جۆرە.

إكتَتَبَ الكتاب لنفسه: كتێبەكەی بۆخۆی نووسیەوە.

تكاتب الصديقان: دوو هاوەڵو برادەرەكە نامەیان بۆ یەكتر نووسی.

تَكَتَّبوا: خەڵكەكە گردبوونەوە ٥ دەگوترێ: (تَكَتَّبَ الجيش) سوپا گردبۆوە (تَكَتَّبَت الخيل) ئەسپ سوارەكان كۆبوونەوە.

إسْتَكْتَبَهُ: بۆی خۆندەوەو نووسیەوە، بەسەریا خوێندەوەو ئەویش نووسیەوە ٥ كردی بەنووسەر.

الكاتِبُ: كەسێك پیشەی بلاوكردنەوەو نووسین دەكاتە ئیشی سەرەكی خۆی ٥ كەسێك ئەركی نووسینی كاروباری ئیداری فەرمی دەكاتە پیشەی خۆی ٥ (ك: كُتابٌ وكتبة).

الكِتابُ: كتێب، نامە ٥ قورئان ٥ تەورات ٥ ئینجیل ٥ هەروا ناوە بۆ كتێبێكی سیبویە لەبواری زانیاری نەحودا ٥ (أم الكتاب) ناوە بۆ سورەتی (الفاتحة) ٥ خاوەن نامە ئاسمانییەكان ٥ جولەكەو مەسیحیەكان ٥ ئەجەل ٥ ئەندازە.

الكِتابَةُ: پیشەی نووسین.

الكِتْبَةُ: حاڵو وەزعی تایبەتی ٥ نووسینی قەرزو قۆڵە نووسینەوەی كتێب.

الكُتّابُ: حوجرەی فەقێ، حوجرەی سەرەتای فێركردنی منداڵان بۆ خوێندنەوەی قورئان فێركردنی نووسین بەشێوەیەكی سەرەتایی ٥ (ك: كتاتيب).

الكتيبة: بەشێكە لە سوپاو لەچەند دەستەو سریەو لقو فەوجێك پێك دێ.

المكاتِبُ (في الصحافة): پەیامنێری ڕۆژنامە لەدەرەوەی وڵات.

المَكْتَبُ: شوێنی نووسین ٥ شوێنی فێربونی خوێندنو خوێندنەوەی سەرەتایی منداڵان ٥ میزو تەختەیەك كەلەسەری دابنیشی بۆ شت نووسین ٥ شوێنێكی تایبەتییە ئامادە دەكرێ بۆ ڕایی كردنی كارێكی تایبەتی وەكوو مەكتەبی پارێزەر، مەكتەبی ئەندازیارو شتی وا.

المَكْتَبَةُ: كتێبخانەو پەراوخانە بۆ فرۆشتنی كتێبو پێداویستی نووسین ◊ شوێنێكە بۆ هەلگرتنو پاراستنی كتێب تێیدا.

المكتوبة: پێنج فەرزەی نوێژ لەشەو و رۆژدا.

كَتَتِ القِدْرُ كثًا وكتيتاً: مەنجەلەكە لەسەرەتای كوڵ هاتنی دا گیزە گیزی لێ هات.

كَتَّ الرجلُ: پیاوەكە لەسەرخۆ رۆیی، یان هەنگاوەكانی لێك نزیك كردنەوەو شەقاوی پانی نەهاویشتن.

كَتَّ فلاناً: فلانكەسی ئازارداو ملكەچی كرد بۆ هەڵوێستو كارێك كە بەرمزامەندیی خۆی نەبوو.

كَتَّ الكلامَ في اذنه كثاً: بەئەسپایی قسەكانی بەگوێچكەدا دا.

كَتَّ القومَ: خەڵكەكەی سەرزمێر كردن ◊ بەزۆری بەشێوەی نەفی بەكاردێ ◊ دەگوترێ: (أتانا بجيش مايُكَتّ) سوپایەكی هێنایە سەرمان لە ئەژمارنایە.

اكتَّ الكلامَ في اذنه: بەمانا (كَتَّهُ) دێ.

اكتَتَّ الحديثَ مني: قسەو گفتو گۆی لێ شنەوتم.

تكاتَّ النـاسُ: خەڵكەكە گرد بوونەوەو دەستیان كرد بەهاتوهاوار.

الكَتُّ: مرۆڤی دلگۆشتو لەپ ◊ دەگوترێ: (رجل كَتُّ إمرأة كتّ).

الكَتَّةُ: پەڵە سەوزایی لێرەو لەوێ ناوزەوی ◊ مااڵو كااڵی بێ نرخ.

كَتَحَ فلاناً كَتْحاً: شتێكی بەفلانكەس دا كەشوێنكەی لێ كرد ◊ دەگوترێ: (كَتَحَ وَجْهَهُ باخَصی) زیخو بەردە وردەی بەدەمو چاودا دا.

كَتَحَ الريحُ فلاناً: رەشەبا زیخو بەردی بەدەمو چاوی فلاڵن دا دا ◊ یان رەشەباكە پۆشاكەكەی لەسەر لابرد.

كَتَحَ الطعامَ: لەخواردنەكەی خوارد تاتێری خوارد.

كَتَحَ الدُبيَ الأرضَ: كولەبێتان چی لەسەر زەوی هەبوو لەسەوزایی هەمووی خوارد.

الكَتْحُ: شتێك ڕێی پێست بكەوێو شوێنكەی لێ بكا.

كَتْخُدَا: ئەمینداری فەرمانڕەوا.

الأكتد: ناوشان بەرز.

الكتد: ناوشان.

اكترت النَّاقَةُ: حوشترەكە ناوقەدی ئەستور بوو.

الكِتْرُ: ناوەڕاستی شت ◊ جۆرە ڕۆیشتنێكە وەكوو ڕۆیشتنی سەرخۆش كەلارە لاری بێ ◊ كەژاوەی بچوك ◊ دووگی حوشتر ◊ باڵەخانەیەك هەڵاشی كەوانەیی و

قوببەیی ◊ دیوارو شورای مشتاخە خورماو شتی وا.

الكِثْرُ: دووگی حوشتر.

الكَثْرَةُ: بەمانا (الكِثْرُ) دێ ◊ جۆرە رۆیشتنێکە کەشل و شێواوی و لارەلاری پێوەدیاربێ.

كَتَعَ الرجلُ كَتْعاً: پیاوەکە شتەکەی برد.

كَتَعَ الرجلُ بالشيءِ: پیاوەکە شتەکەی برد.

كَتَعَ في الأرض كتوعاً: دوورکەوتەوە.

الأكْتَعُ: کەسێک پەنجەکانی نوشتاندبنەوە بۆلای بەری دەستی و جومزگەی بنکی قامکەکانی دەرکەوتبن ◊ هەروا وشەی (أكتع) بۆ تەوکیدی (أجمع) دێ و دەگوترێ: (جاء الجيش أجمع أكتع).

كُتاعٌ: دەگوترێ: (ما بالدار كتاع) خانوەکە کەسی تێدانیە.

الكُتَعُ: خۆڕی و بەدڕەوشت ◊ یان زەلیل و ملکەچ.

الكَتْعاءُ: چەتیو، نافرەتی کۆیلە ◊ بۆ تەوکیدی مەعنای (الجَمْعاء) دێ ◊ دەگوترێ: (إشتريت الدار جَمْعاء كَتعاءَ).

الكُتْعَةُ: لایەکی سوراحی ◊ دۆڵچەی بچوک.

الكتيعُ: پڕوپووچ و خۆڕی ◊ دەشگوترێ: (حول كتيع) سالێکی تەواو ◊ (مابالموضع كتيع) کەس لە شوێنەکەدا نیە.

كَتَفَ الرجلُ كَتْفاً وكتيفاً: پیاوەکە بەشان هەڵتەکاندن ڕۆیی.

كَتَفَ الطائرُ كَتفاً: باڵندەکە فڕی و باڵەکانی بۆ دواوە گێڕاندبوونەوە.

كَتَفَ فلاناً: شانی فلانکەسی هەنگاوت.

كَتَفَ السَّرجُ الدَّابَّةَ: زینەکە پشتی ولاخەکەی بریندار کرد شانی یان (جدوی) ولاخەکەی بریندار کرد.

كَتَفَ فلاناً كَتْفاً: لەدواوە دەستی فلانکەسی بەستن.

كَتَفَ الباب: کونی دەرگاکەی پینە کرد.

كَتِفَ الرجلُ كَتَفاً: پیاوەکە شانی نەستورو قەبە بوون.

كَتِفَ الحيوانُ: حەیوانەکە شانی هێشا ◊ (فهو أكتفُ وهي كتفاء).

كاتَفَهُ في الأمر وعلى الأمر: یارمەتی دا لەکارەکەی دا.

كَتَّفَ الرجلَ: لەدواوە هەردوو دەستی پیاوەکەی شەتەک دا.

تكاتَفَ القومُ: خەڵکەکە یارمەتی یەکتریان دا و هاریکاری یەکتریان کرد.

تكَتَّفَ: هەردوو دەستی لەسەر سنگی خۆی خستنە سەریەک لەکاتی نوێژکردن دا.

الكُتَّافُ: نازاری شان.

الكتاف: کەلەبچەو دەستبەند.

الكَتِفُ: شەپیلك ◊ پاشکۆڵو کۆڵەکەو دیرەگ ◊ پاڵپشت ◊ دەگوترێ: (بنی فِي الحائط کتفاً).

الكَتْفُ: شان.

الكَتِيفُ: پینەی ئاسن کەلەدەرگا یان مەنجەڵو شتی وا بدرێ.

الكتيفة: پینەی ئاسن کە کونی دەرگای پێ پینە بکرێ ◊ کینەو ڕق ◊ گروپێك لەئادەمیزاد ◊ گازو پلایسی ئاسنگەر.

كَتْكَتَ الرجلُ: پیاوەکە زۆری قسەی بەپەلەکردن ◊ هەنگاوەکانی کورتو خێرا هەڵێنانەوە ◊ زەردەخەنەی کرد.

تَكَتْكَتَ: بەهێواشی ڕۆیشت ◊ یان هەنگاوەکانی کورتو خێرا هەڵێنانەوە.

الكتكوت: جوجك ◊ بێچوی بچوکی مریشك.

كَتَلَهُ كَتْلاً: بەندی کرد ◊ حەبسی کرد.

كَتِلَ الشَّيْئَ كَتَلاً: شتەکەی پێوە نووساو لێی هاڵا ◊ دەگوترێ: (كَتِلَ جلد الحمار) گوێدرێژەکە لەخۆڵە پەتەکەدا گەوزیو گڵو خۆڵ بەپێستییەوە نووسا.

كَتِلَ الجسمُ: جەستەی گەورە بوو، قەبارەی کەتەو زەبەللاح بوو.

كَتَّلَهُ: کۆی کردەوە خڕی هەڵدایەوە ◊ دەگوترێ: (كَتَّلَ الأقِط ونحوه) کەشکەکەی خڕهەڵداو کردی بەتۆپەڵ ◊ کردیە پارچەیەکی تۆپەڵکراو.

إنكتَّلَ: بەگورجی ڕۆیی.

تَكَتَّلَ القصير الغليظ: پیاوە کورتە باڵا کۆڵەبنەکە هەنگاوەکانی نزیك کردنەوە ◊ وەکوو بەپلیکانەدا بڕواتە خوار.

تَكَتَّلَ الناسُ: خەڵکەکە یەکیان گرتو بوون بەیەك تاقمو یەك ڕاو یەك هەڵوێستیان هەیە.

الكتالُ: کەتەیی جەستە ◊ قورسایی ◊ دەگوترێ: (ألقى عليه كتاله) قورسایی خۆی بەسەردا دا ◊ هەروا وشەی (الكتال) بەمانا (هێزو توانا ◊ نەفەس‌و دەروون ◊ گۆشت ◊ بژێو و توێشو ◊ کاری نەنجامدراو ◊ هەرشتێك بەکەڵك بێ لەخواردن‌و خواردنەوە لە پۆشاك‌و نوێن ◊ ژیانی ناخۆش گولەمەرگی) دێ.

الكتلة: پارچەیەکی کۆکراوەو تۆپەڵکراو لەشت ◊ تاقمو پێڕێك لەئادەمیزاد کەیەك ڕاو یەك مەبەست بن.

كُتُـــول الأرض: بـــەرزایی زەوی کەبەسەر دەشتاییەك دا بڕوانێ.

الكَتِيلَـةُ: ئـەو دارخورمایـەی دەسـت نەیگاتێ.

المُكَتَّلُ: زەنبیلەیەکە لەپوشە خورما دروست دەکرێ.

المِكْتَلَةُ: بەمانا (المِكْتَلُ) دێ.

كتلوج: زنجیرە ئـاوی شت ◊ کەتـەلۆگ لیـستو قائیمـەی شـت ◊ وەکـوو (كتلـوج الكتـب) ◊ وادەبـێ لەگـەڵ ناوی شتەکان دا هەنـدێ وێنەشیان دەکرێ.

كتم السُّقاءُ كتماً وكتوماً: مەشکەکە ماستو شـلەمەنیەکەی گرتـەوە لێـی نەچوو.

كَتَمَ الفَرَسُ الرِّيْوَ كَتْماً: ئەسپەکە کونـە لوتی تەنگن بەهاتوچۆی هەناسەی.

كَـتَمَ الشَّيْئَ كَتماً وكتماناً: شـتەکەی شاردەوە، پەردەپۆشی کرد ◊ (فهو كـاتم وكَتَّـامٌ وكَتَّامـة) ◊ جـاری وایـش دەبـێ وشەی (كَتْمٌ) بێویستی بـەدوو (مفعـول بـه) دەبـێ ◊ دەگـوترێ: (كَتَمَـت فلانـاً الحـديثَ) ◊ وایـش دەبـێ وشـەی (مِـنْ) بەزێـدەیی دەخرێتـە سـەر مـەفعولی یەکـەمی دەگـوترێ: (كَتَمـت مـن زيـد الحديثَ).

كـاتَمَ سِرَّهُ منـي: نهێنییەکـەی لـەمن شاردەوە.

كاتَمَهُ العداوَةَ: دوژمنایەتییەکـەی بـۆ دەرنەبڕی.

كَتَّمَ الشَّيْئَ: شتەکەی زۆر نهێنی کردو زێدەڕۆیی کرد لەشاردنەوەی دا.

إكْتَـــتَمَ الـــسَّحابُ: هەورەکـــە هەورەبروسکەی نەبوو.

إكْتَـتَمَ الحـديثَ: زێـدەڕەوی کـرد لەشاردنەوەی قسەکەدا.

تَكـاتَمَ القـومُ الأمـرَ: خەڵکەکـە هەنـدێکیان کارەکـەیان لـەوانی تـر شاردەوە.

إسْتَكْتَمَهُ الخبرَ والسِّرَّ: داوای لێ کـرد نهێنیەکە ئاشکرا نەکا.

الكـاتِمُ: دەگـوترێ: (سِـرٌّ كـاتِمٌ) نهێنیەکی شاراوەو پارێزراوە.

كاتم السِّر: ئەمیندارو متمانە پێکراو بەسـەر کارێکـەوە ◊ نێـستا پێـی دەگوترێ سکرتێر.

الكاتِمَةُ: جۆرە مەنجەلێکە.

الكَتْمُ: دەرەختێکە دەشوبهێتە دەرەختی نـاس ◊ لەدەڤـەری کێـو کـەژ بەتایبـەتی لـە وڵاتـی ئـەفریقیاو وڵاتـە گەرمەسـێرەکانو ئـاوو هـەوا ناوەنـدی دا دەڕوێ ◊ بەرەکـەی وەکـوو بیبـەر وایـە پێـی دەگـوترێ: بیبـەری مـەیمون، لـە ڕۆژگـاری کـۆن دا وەکـوو خەنـە بـۆ ڕەنـگ کـردن بەکاریان هێناوە.

الكُتْمَةُ: نەو کەسەی نهێنی خۆی دەپارێزێ.

الكَتومُ: بەمانا (الكُتْمَةُ) دێ ٥ دەشگوترێ: (سحاب كتوم) هەوری بێ هەورمبروسکە.

الكَتِيمُ (سقاء كتيم): کوندەیەکە ناوی لێ ناچێ.

المَكْتومةُ: جۆرە رۆنێکە لەڕۆنی عەرەب ڕەنگی سورە زەعفەرانی تێ دەکرێ.

كَتِنَ الشَّيْئُ كَتَناً: شتەکە چڵکن بوو ٥

كَتِنَ الثوبُ: قوماشەکە پیس بوو ٥ شتەکە لینج بوو ٥ دەشگوترێ: (كَتِنَتْ مشافر الدابة من أكل العُشب) لچی ولاخەکە بەهۆی گیای تەڕو شتی واوە لیچەکانی و شەویلەکانی سەوزو ڕەش هەلگەڕاون.

كَتِنَ الوسخُ على الشَّيْئِ: چڵك بەشتەکەوە نووسا.

كَتِنَ البيت: خانوەکە چڵکی دووکەڵی گرت.

اكتنه به: شتەکەی پێوە نوساند.

الكتان: کەتان؛ ڕوەکێکی کشتوکاڵیە سالانە دەڕوێندرێ لەشوێنی مەیلەو گەرمەسێردا دەڕوێ و گەشەدەکا ٥ نیومەتریك بەرز دەبێتەوە ٥ گوڵێکی شینی جوانی هەیە ٥ بەرەکەی پێی دەگوترێ تۆو کەتان، دەگوترێ: (لبس الماء كَتَانَهُ) ئاوەکە قەوزی کرد ٥ شوێنەواری دوکەڵ لەناو خانوودا.

الكتون: (إمراه كتون) ئافرەتی کەتن کەرو داوێن پیس.

كَثَأ اللبَنُ كُثْئاً: ماستەکە سەرئاو کەوتو ژێر ماستەکە ئاوێکی ڕون بوو.

كَثَأ القِدرُ: مەنجەڵەکە کەمی کرد بەهۆی کوڵانەوە.

كَثَأ القِدْرَ: کەفی مەنجەڵەکەی گرت.

الكُثاءُ من اللبن: سەرتوێژی شیر کە دوا کوڵاندن لەسەر شیرەکە دەبیندرێ.

كَثَبَ الشَّيْئُ كَثْباً: شتەکە کۆبۆوە ٥ شتەکە کەم بوو ٥ دەگوترێ: (كَثَبَ اللبنُ).

كَثَبَ في المكان: چووە ناو شتەکەوە.

كَثَبَ الشَّيْئَ: شتەکەی کۆکردەوە.

كَثَبَ فلان فلاناً: فلانکەس بەشوێن فلان دا هات.

كَثَبَ الصيدُ فلاناً: نێچیرەکە لەفلانکەس نزیك بۆوە.

إكثب الشَّيْئُ: شتەکە نزیك بۆوە.

اكثب لك الصيدُ: نێچیرەکە لێت نزیك بۆوە.

كَثَبَ القومَ: لەخەڵکەکە نزیك بۆوە.

كَثَّبَ الشَّيْئَ: شتەكە كەم بوو.

كَثَّبَ اللبَنُ: شیرەكە كەم بوو.

إنْكَثَّبَ الشَّيْئُ: شتەكە كۆبۆوە ◊ هەڵڕژا.

الكَثَبُ: دەگوترێ: (رَماهُ من كَثَبٍ) لەنزیكەوە تیری تێ گرت تەقەی لێ كرد.

الكُثْبَةُ: هەر خواردن‌و خواردنەومەیەك كەم بێ‌و لەشوێنێك كۆ بوبێتەوە ◊ زەویەك چاڵ بێ‌و كەوتبێتە ناو چەند كێوێكەوە.

الكثيب: تەبارە لمبی درێژەومبوو كە سەرانسەرەكەی پەخ بووبێتەوە.

كَثَّ الشَّعْرُ كثوثة وكثاثةً: موومكان پڕبوون بەبێ ئەوەی درێژ بووبنەوە ◊ دەگوترێ: (رجل كَثُّ اللحية) پیاوێكە ڕیشی پڕە، ڕیشی كۆڵەوانەیە.

كَثَّ الشَّعْرُ كَثَثاً: موومكانی چڕو پڕ بوون (فهو أكثّ) ◊ (وهي كثاء) دەگوترێ: (رجل أكثّ وامرأة كثاء).

اكَثَّ الشَّيْئُ: بەمانا (كَثَّ) دێ.

الكاث: ئەو دانەوێڵانەیە لەكاتی درووێنەدا هەڵدەومرێ‌و سااڵی داهاتوو دەڕوێتەوە.

كثره كثراً: بەسەری دا زاڵ بوو لەزۆری دا ◊ بەزۆری ژمارە بەسەری دا بااڵدەست بوو ◊ (فهو كاثر).

كَثُرَ الشَّيْئُ كُثْراً وكَثْرَةً: شتەكە زۆربوو پێچەوانەی (كەم)بون.

اكثر الرجلُ: پیاوەكە ماڵ‌و سامانی زۆر كرد ◊ ماڵ‌وسامانی زۆر كرد ◊ ماڵی زۆر بوو.

اكثر الشَّيْئَ: شتەكەی زۆر كرد ◊ دەشگوترێ: (أكثر الله فينا مثلك) خودا وێنەی تۆمان لەناودا زۆر بكا.

كاثَرَهُ: بەزۆرینە بەسەری دا زاڵ بوو.

كَثَّرَ الشَّيْئَ: شتەكەی زۆر كرد.

تكاثَرَتْ أموالُهُ: ماڵەكەی زۆر بوو.

تَكَاثَرَ القومُ: شانازییان بەزۆری ژمارەوە كرد.

تكاثَرَ الشَّيْئَ: شتەكەی بەالوە زۆر بوو.

تَكَثَّرَ بشيء غيره: شانازی بەشتی خەڵكی تر كرد.

تَكَثَّرَ من الشَّيْئ: زۆری لەو شتە خوارد یان پەیدای كرد.

تَكَوْثَرَ الشَّيْئُ: شتەكەی زۆر زۆر بوو.

إسْتَكْثَرَ الشَّيْئَ: شتەكەی بەزۆر زانی، بەزۆری لەقەڵەم دا.

إسْتَكْثَرَ من الشَّيْئ: حەزی لەزۆر بوونی شتەكە بوو ◊ یان زۆری ئەو شتە كرد.

الأكثر: زۆرینە، لەنیوە زیاتر.

الأكثرية: زۆرینە.

الكثار: زۆر ◊ دەگوترێ: (في الدار كثار) لەخانوەکەدا چەند تاقم‌و کۆمەڵێك هەن.

الكَثْرُ: جوماری خورما یان تەڵعەکەی.

الكُثْرُ: زۆرینەی شت ◊ زۆربەی شت ◊ مالّی زۆر ◊ دەگوترێ: (مالَهُ قُلّ ولاكُثّر).

الكثرة: زۆری ژمارە ◊ زێدە نیعمەت‌و فەزڵ‌و پیاوەتی.

الكثير: پێچەوانەی کەم ◊ زۆرینە، زۆر.

الكَثيراءُ: جۆرە ڕومکێکە.

الكَوْثَرُ: ژمارەی زۆر ◊ خێرو بێری زۆر ◊ پیاوی سەخی.

المِكْثارُ: زۆربڵێ ◊ دەگوترێ: (رجل مِكْثارٌ) پیاوێکە بەزۆری ژمارە ژێرکەوتووە ◊ پیاوێکە زۆر داوای بەخشش‌و پیاوەتی لێ دەکرێ ◊ کەسێك ئەوەی لایەتی نەمابێ‌و مافی خەڵکیشی زۆر بەسەرەوە بێ.

المِكْثيرُ: بەمانا (المكثارُ) دێ.

كَثَعَ اللبنُ كَثْعاً: شیرەکە چەورایی سەرکەوت، سەرتوێژی گرت ◊ ماستەکە چەورایی سەرکەوت‌و ژێرەوەی ئاوێکی ڕون بوو.

كَثَعَت الشفة كَثْعاً وكثوعاً: لێوەکە سوربوو.

كَثِعَت الشفةُ كَثَعاً: بەمانا (كثعت) دێ ◊ دەشگوترێ: (رجل أكثع).

كَثَّعَ اللَّبَنُ: بەمانا (كَثَعَ) دێ.

كَثَّعَتِ الأرض: زەوییەکە ڕوەکەکەی سەری دەرهێنا.

كَثَّعَت القِدر: برینەکە سەرەوەی قەتماغەی کرد.

الكَثْعَةُ: قور.

الكُثْعَةُ: ئەو چەورایی‌و توێژەی دەکەوێتەسەر شیرو ماست ◊ ئەو کەفەی مەنجەڵ لەکاتی کوڵینی دا دەوری خۆی دەپێژێ ◊ ئەو چاڵاییەی لەناوەڕاستی لێوی سەرەوەدایە.

كَثُفَ الشَّيْئُ كَثَافَةً: شتەکە ئەستوورو خەست بوو، چڕوپڕ بوو.

كَثَّفَ الشَّيْئَ: شتەکەی زۆر کرد ◊ ئەستوری کرد، خەستی کرد.

تكاثَفَ الشَّيْئُ: بەمانا (كَثُفَ) دی ◊ دەگوترێ: (تكاثفَ السحابُ) هەورەکە چڕو پڕبوو.

إسْتَكْثَفَ الشَّيْئُ بعدرقة: شتەکە دوای تەنگی‌و باریکی ئەستورو پتەو بوو.

إسْتَكْثَفَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەچڕو پڕ هاتە دەست ◊ بەچڕو پڕی زانی.

الثَّكَّافُ: چڕبوونەوەی هێزی کارەبایە لەسەر گەیەنەری کارەبا.

الكَثْفُ: تاقم و پێڕو کۆمەڵ ◊ دەگوترێ: (جاء في كثف من الجيش).

المِكثافُ: (مِكثاف السوائل) ئامێرێکە دەخرێتە ناو شلەمەنییەوە بۆ زانینی ئەندازەی خەستیەکەی.

المُكَثِّفُ: ئامێرێکە بۆ تەحویلکردنی مادەی غازو شتی وا بۆ مادەی شلەمەنی.

الكِثْكِثُ: ئامێری هاڕینی خۆڵو بەردە وردە.

الكَوْثَلُ والكَوْثَلُ: لای پاشەوەی کەشتیە: کە کەشتیەوان و شتو مەکەکانیانی تێدایە.

الكاثوليك: شوێنکەوتەی پاپا سەرۆکی کەنیشتەی رۆمانی ◊ بڕوانە وشەی (جاثليق).

كَثَمَ الشَّيْئَ كَثْماً: شتەکەی کۆکردەوە.

كَثَمَ فلاناً عن الأمر: فلانکەسی لەکارەکە گێڕایەوە.

كَثَمَ القِثاءَ ونحوه: خەیارەکە یان شتێکی تری لەو جۆرەی خستە ناو دەمیەوەو شکاندی.

كَثِمَ الرَّجُلُ كَثَماً: پیاوەکە تێربوو، ورگی زل بوو ◊ (فهو أكثم).

اكثم في منزله: لەماڵی خۆی دا خۆی حەشاردا و دەرنەکەوت.

اكثمَ القِربَةَ: کوندەکەی پرکرد.

إنْكَثَمَ: غەمبار بوو (إنْكَثَمَ عن وجه كذا) لەڕوی ئەو شتە لای دا.

تَكَثَّمَ: ڕاوەستا ◊ سەرسام بوو ◊ گەڕایەوە ◊ دوڵاهاتەوە ◊ نوشتایەوە.

تَكَثَّمَ في منزله: لەخانو و مەنزڵی خۆیدا خۆی حەشار دا.

الأكْثَمُ: ڕێگای پانو فراوان.

الكُثْنَةُ: لقوپۆپی تەڕو گەڵا زۆر ڕادەخرێو ڕێك دەخرێ، ڕەیاحینی لەسەر ڕیز دەکرێ ئەمجار دەپێچرێتەوەو گوڵێکی دەخرێتە ناوەڕاست.

كَجَّ الصَّبيُّ كَجاً: منداڵەکە بە (کوججة) تۆپە پەڕۆ یاری کرد.

الكُجَّةُ: یارییەکی منداڵانەیە، منداڵەکە پەڕۆیەك دێنێو خڕی هەڵدەدا وەکوو تۆپ ئەمجار یاری ئوماری پێ دەکەن.

كَحَّ كَحّاً: کۆکی ◊ دەق بەمانا (أحَّ) دێ.

الكُحُّ: پاڵفتەو پوختەکراو لەهەموو شتێك ◊ دەق بەمانا (القُحُّ) دێ ◊ دەگوترێ: (عربي كحٌّ).

الكُحُحُ: پیرەژنی پۆڵکاوی بەسالاچوو.

الكُحَّةُ: کۆکە.

الكُحْكُحُ: پیرەژنی پۆڵکاو.

كَحَصَ الأثرَ كُحوصاً: شوێنەوارەکە نەما فەوتا ◊ کوێربۆوە.

كَحَصَ فلان: پشتی هەڵکرد.

كَحَصَ الظلـيم: نوعامە نێرەکە بەشێوەیەك ڕۆیشت نەبیندرێ.

كَحَصَ برجله كَحْصاً: بەقاچی پشکنینی زەوییەکەی ئەنجام دا پێ پڕکەی کرد.

كَحَصَ الأرض: گڵو خۆڵی زەوی بەسەرخۆی دا پڕژاند.

كَحَصَ الشَّيْئَ: شتەکەی وردوهار کرد.

الكاحِصُ: پێ پڕکەکەر ٥ شوێنەواری کوێرەوەبوو.

كَحَلَ العيْنَ: کلی لەچاوەکە ڕادا کلی تێ کرد.

كَحَلَ الرجلَ: کلی لەچاوی پیاوەکە ڕادا.

كَحَلَ السَّهادُ عينهُ: شەو بەخەبەر بوو خەو نەچووە چاوی.

كَحِلَتْ العيْنُ كَحَلاً: پێڵوی چاوەکانی هەربەسروشت ڕەشیان دەنواند ٥ دەگوترێ: (كَحِلَ الرجلُ فهو أكحل وهي كحلاء).

كَحَّلَ العيْنَ: چاوەکەی کلاویی کرد، کلی تێ ڕادا ٥ دەشگوترێ: (كَحَّلَ الرجلَ).

إكْتَحَلَت المرأةُ: ئافرەتەکە کلی کردە چاوی ٥ دەشگوترێ: (ما إكتحلت عيني بك) واتە: تۆم نەدیوە ٥ (ما إكتحلت عيني بغمض) واتە: نەنوستوم.

تَكَحَّلَت المرأةُ: ئافرەتەکە کلی کردە چاوی.

الأكْحَلُ: دەمارێکە لەناوەڕاستی قۆڵ دایە خوێنی لێوە دەردەهێندرێ یان لێیەوە دەکرێتە ناو جەستە.

الكحّالُ: کەسێك چاوەکانی بەکل دەرمان دەکا.

الكُحْلُ: هەرشتێك بکرێتە ناو چاوەوە بۆ مەبەستی دەرمانو شلەمەنی نەبێ وەکوو کلو شتی وا.

الكَحْلاءُ: ئافرەتی زۆر چاو ڕەش ٥ یان چاوێك وا بنوێنێ کە کلی تێکراوە ٥ مەڕی چاوڕەشو سپی، چاو بەڵەك زبانی ڕەشەوڵاخ ٥ ڕوەکێکی تەمەندرێژە بەسەر زەوی دا بڵاو دەبێتەوە، لە باشوری ئەوروپاو وڵاتانی حەوزی دەریای سپی دەڕوێ، توکنو چقلاوییە، گەڵاکانی درێژو گوڵەکەی شینە، بەروبوومی لەشێوەی بوندوق دایە، گوێزێکی ڕەنگ سووری هەیە، مادەیەکی ڕەنگاوڕەنگی لێ دەردەهێندرێو لەجۆری (البوغلص)ە ٥ هەروا ناوە بۆ جۆرە ماسییەك لە پێڕی (الأسيورية).

الكُحْلَةُ: ڕوەکێکی گیایی ساڵانەی بەتەمەنە، لەشوێنی ئاو و هەوا

مامناوەندیـــدا دەڕوێ ٥ توکنـــە ٥ گـوڵێکی ڕەنـگ پرتـەقاڵی هەیـە ٥ (ك: أكاحل).

الكُحْلىَ: کەسێك کـل دروسـت بکـا ٥ ڕەنگی شینی مەیلەو ڕەش.

الكُحُولُ: شـلەمەنییەکی بـێ ڕەنگـە ٥ بـۆنێکی تایبـەتی هەیـە لـە گـۆڕانی شەگرو شتی وا دروست دەکرێ، ئەو خۆی ڕۆحی شەرابە.

مقياس الكحول: ئامێرێکە ئەنـدازەی چـەندییەتی کحـولی نـاو ئـاوی پـێ مەزەندە دەکرێ.

الكحـولي: هەرشـتێك مـادەی کحـولی تێدا بێ.

الكَحيـلُ: جۆرێکـە لـە نـەوت ڕەش و ڕونە حوشتری پێ چەور دەکرێ.

المِكحـالان: دوو ئێـسقانن بـەدیوی ناوەوەی باسکەوە دەردەکەون.

المِكحالُ: کلچیوك.

المِكْحَلُ: بەمانا (المِكحال) دێ.

المُكْحُلَةُ: کلدان، ئەو تورمکەیـەی کلی تی دەکرێ ٥ (ك: مكاحِل).

كَحْلَلَ المركبَ كَحْلَلَةً: بـە کوحـولو شتی وا تێکەڵەکەی حەل کرد.

كَـحَّ الرجـلُ كحّـاً: پیاوەکـە خـەوی لێ کەوتو پرخەی دێ.

كَحِّ كَحِّ: بۆ وازهێنانی منداڵە لەشتێك کەناتەوێ دەستی بگاتێ.

الكِحْيا: کوێخا.

كَـدَأَ النَّبـتُ كَـدْءاً وكُـدُوءاً: ڕوەکەکـە سـەرما لێـی داو کـردی بەشـێوەی لبـاد بەسەر زەوییەوە گەمڕە گەمڕەی کرد.

كَدَءَ النبتُ: ڕوەکەکە تینوی بوو دەرنـگ پێگەیی.

كَـدَأَ الـبردُ الـزرعَ: سـەرما کـشتوکاڵە ڕواوەکەی بەپاش دا بـردەوە نەیهێـشت خێرا پێ بگا.

كَدَّأَ البردُ الزرعَ تَكدِئَةً: بەمانا (كَدَأَهُ) دێ.

الكادِئَـةُ: دەگـوتریٰ: (أرض كادئـة) زەوییەکـە درەنـگ کـشتوکاڵ پـێ دەگەیەنێ.

الكَدْبُ: سپیایی نینۆکی منداڵ.

الكَـدِبُ: بـەمانا (الكَـدْبُ) دێ ٥ (دم كَدْبٌ): خوێنێکی تازە ڕژاو.

المَكدُوبَةُ من النساء: ئافرەتی سپی پێـست کـە سـپایەتیەکەی صـافو جوان بێ.

كَـدَحَ في العمـل كَـدْحاً: کۆشـشی کـردو هەوڵی دا.

كَـدَحَ لنفسه: کـاری چـاك یـان خراپـی کرد.

كَـدَحَ لِعَيالِـه: کاسبی بـۆ مـاڵو منـداڵی خۆی کرد بەزەحمەتو ناڕەحەتی.

كَدَحَت الـريحُ: ڕەشـەبا زیـخو بـەردە وردەی هاوێشت.

كَدَحَ باسنانه: بەددان گەستی.

كَدَحَ وجْهَ فلان: دەمو چاوی فلانی ڕوشاند ◊ یان کارێکی ناشیرینی لەگەڵ کرد.

كَدَحَ وَجْهَ الأمْرَ: ڕوخساری کارەکەی شێواند.

كَدَحَ راسَهُ بالمشط: سەری بەشانە کرد، قژەکانی بەشانە لێك جیاکردنەوە.

كَدَحَ الجلدَ: پێستەکە کرژ هەڵاتو کرێژاوی بوو.

إكْتَدَحَ لعَياله: کاسبی بۆ ماڵو منداڵی خۆی کرد.

تَكَدَّحَ الجِلْدُ: پێستەکە ڕوشا.

الكَدْحُ: هەر شوێنکەو ڕوشانێك بەهۆی گەستنو لێخشانەوە بێ.

كَدَّ فلان كَدّاً: فلانکەس توندو تیژی کرد لەکارەکەی دا زۆری ئیلحاح کرد بۆ وەدەستهێنانی شتەکە ◊ هەوڵی بژێوی دا.

كَدَّ فلاناً: ئیلحاحی زۆری لەفلان کرد بۆئەو کارەی دەخرێتە ئەستۆی.

كَدَّ راسَهُ: سەری بەشانە کرد ◊ قژەکانی خۆی بەشانە خاو کردنەوە.

كَدَّ جلدَهُ بالأظفار: پێستی خۆی بەنینۆك خوراند ◊ زۆری خوراند.

كَدَّ الشَّيْئَ: بەدەستی خۆی شتەکەی دارنی.

اكَدَّ: دەستی قوچاندو بەخیلو ڕژد بوو.

كادَّهُ: زاڵ بوو بەسەری دا.

إكْتَدَّ: ڕژدو چروك بوو.

إكْتَدَّ فلاناً: داوای لە فلان کرد بۆ ماڵو منداڵی خۆی هەوڵ بدا.

إكْتَدَّ الشَّيْئَ: شتەکەی بەدەستی خۆی دارنی.

إسْتَكَدَّهُ:

اكداد: وەجبە وەجبەو کۆمەڵ کۆمەڵ ◊ دەگوترێ: (رايت القومَ أكداداً) هەروا دەگوترێ: (قوم أكداد) گەلو نەتەوەیەکی گورجو گۆڵو چوستو چالاکن.

الكُدادَةُ: بنکڕ کە بەبنکی مەنجەڵەوە ڕەق دەبێتەوە ◊ خڵتەو پڵتەی ڕۆنی قاڵ کراو.

الكَدودُ: پیاوێك بەناڕەحەتی کولەمەرگی پێداویستی ژیانی بۆ دەستەبەر ببێ.

الكديد: زەوی پتەو و ڕەق ◊ زەوییەك بەهۆی زۆر پێدا ڕۆیشتنی ولاخو ئاژەڵەوە گڵەکەی بووبێتە خۆڵەپەتە ◊ خوێی هاڕاو ◊ دۆڵی پانو پۆڕ، دۆپو چاڵی پان لە ناوزەوی دا.

المِكَدُّ: شانە.

المكدود: كەسێك تێشكابێ و بەسەری دا زاڵ بووبن.

كَدَرَ الماءَ ونحوه كَدْراً: ئاوەكەی ڕشت.

كَدِرَ الماءُ كَدَراً: ئاوەكە لێڵ بوو ◊ (فهو كدِرٌ) ◊

كَدِرَ عيشهُ وكدِرَت نفسهُ: ژیانی تاڵ بوو دڵی ناخۆش بوو.

كَدِرَ اللونُ: ڕەنگەكە مەیلەو ڕەش بوو (فهو أكدر وهي كدراء).

كَدَرَ الماءُ كدارةً وكدورةً: بەمانا (كَدِرَ) دێ ◊ دەشگوترێ: (كَدَرَ عيشهُ وكَدَرَ نفسهُ).

كَدَّرَ الماءَ: ئاوەكەی لێڵ كرد.

كَدَّرَ فلاناً: فلانكەسی غەمبار كرد.

إنكَدَرَ في سيره: لە ڕۆیشتن دا پەلەی كرد.

إنْكَدَرَ عليه القوم: خەڵكەكە بەسەری دا هەڵڕژان، گەلە كۆمەكەیان لێ كرد.

إنْكَدَرَت النجومُ: ئەستێرەكان لێڵ بوون و ڕوناكیان نەما ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ﴾.

تكادرت العينُ في الشَّيْئ: چاوەكە بەردەوام لەشتەكەی ڕوانی.

تَكَدَّرَ الماءُ: بەمانا (كَدَرَ) دێ ◊ دەشگوترێ: (تَكَدَّرت عيشه).

إكْدَرَّ اللونُ: بەمانا (كَدُرَ) دێ.

الأكدَرُ: لافاوێك ڕوی زەوی بماڵێ ◊ (بنات أكدر) كەرمكێوی.

الكُدارَةُ: ڕەشایی بنكی مەنجەڵ ◊ ڕەشایی بنی مەنجەڵ.

الكُدْرَةُ: ڕەنگی مەیلەو ڕەش.

الكَدَرَةُ من الحوض: قوڕەلیتەی بنكی حەوز، یان قەوزەی سەر حەوز ◊ تەپوتۆزێك بەسەپ بەرپابێ.

الكُدْرِيُّ: تەنكە هەور ◊ جۆرێكە لەباڵندە وەكوو قەتێ وایە، ڕەنگ تەپوتۆزاوی پشت بەڵەك و گەردن زەرد.

كَدَسَ الحصيدَ والتَّمرَ والدراهم كَدساً: گیا دوراوەكە، یان خورماكە یان دیرهەمەكانی كۆمەڵ كۆمەڵ كرد.

كَدَسَ الخيلُ: ئەسپەكان خڕبوونەوە لە ڕۆیشتنیان دا هەندێكیان سواری هەندێكیان بوون.

كَدَسَتِ الدَّابَّةُ وغيرها كدساً وكداساً: ولاخەكە پڕماندی.

كَدَسَ به الأرضَ كَدْساً: خستی و بەزەوی دا دا.

تكادَسَ الشجرُ: درەختەكە تێكهاڵاو كۆبۆوە.

تَكَدَّستِ الخيلُ: ئەسپەكان لە ڕۆیشتن دا خڕبوونەوەو سواری یەكتربوون

(وا پاڵیان لێکدا دەتگوت جوونە سەر پشتی یەکتر).

تَكَدَّس فلان: فلانکەس شانی هەڵتەکاندنو لەکاتی ڕۆیشتن دا بەرەو پێشەوەی جوڵاندن ◊ لەدواوە فلانکەس پاڵی پێوە نراو کەوت.

تَكَدَّسَ الفرسُ: ئەسپەکە ڕۆیی وەکوو نەوە باری قورس بێ.

الكُدَاسُ: خەرمانی دانەوێڵەی پاککراو ◊ چاڵە بەفر ◊ بەفری کۆکراوە ◊ پرمینو پشمینی ئاژەڵو وڵاخ.

الكُدْسُ: کۆکراوەی هەموو شتێك وەکوو خەرمانی گەنمی سورکراو ◊ خورمای کراو بەموشتاخ ◊ دیرهەمی کۆمەڵ کراو، لبی کۆمەڵ بوو ◊ (ك: أكداس).

كَدَشَ من فلان كَدْشاً: هەوڵی داو فێڵی کرد.

كَدَشَ من فلان شيئاً: شتێکی لە فلانەوە پێکەبی.

كَدَشَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەددان قرتاند، بڕی.

كَدَشَ الإبلَ: حوشترەکانی بەخێرایی لێخوڕین، دەری کردن.

اكْدَشَ بخبر: بەشێکی لەهەواڵەکە بلاو کردەوە.

اكْدَشْ من فلان شَيئاً: شتێکی لە فلان جنگ کەوت.

إكْتَدَشَ من فلان شيئاً: بەمانا (أكدَشَ) دێ.

تَكَدَّشَ فلان: فلانکەس لەدواوە پاڵی پێوە نراو کەوت.

الكَدْشُ: بڕین.

الكَدَّاشُ: سولکەری بەویرە ویرِ کە زۆر ئیلحاح بکا ◊ پیاوێك زۆر هەوڵی ئیش کردن بدا.

الكَدْشَةُ: نەخۆشی ◊ دەگوترێ: (ما بە كَدْشَة) هیچ نەخۆشییەکی پێوە نیە.

الكَدِيشُ: ئەسپی ناڕەسەن پیاوی گێل.

اكْدَفَت الدابةُ: ولاخەکە دەنگی سمی هات.

الكَدْفَةُ: تەپەی قاچ کەلەزەوی دەدا ◊ یان دەنگێك ببیسی و شوێنەکەی نەبینی.

كَدَمَ فلاناً: كَدْماً: بەگەستنو شتی وا شوێنکەی لەفلان کرد، بریندار کرد ◊ گۆشتی جەستەی پواند ◊ (فهو كَدَّام وكدوم).

كَدَمَ الصيدَ: نێچیرەکەی دەرپەڕاندو هەوڵی زۆری دا بیگرێ ◊ هەوڵی شتێکی دا کەدەست ناکەوێ.

أُكْدِمَ الأسيرُ: دیلەکە پەلبەست کرا.

تكادم الفرسان: ئەسپەکان یەکتریان گەست قەپاڵیان لەیەکتر گرت.

الكُـدام: پیـاوی پـیر ◊ بنـك‌و بنکـی گژوگیای پانەوەبوو بەسـەر زەوی دا کـەبارانی لێ بـدا وەخـۆی بکـەوێ‌و دەرکـــــەوێ ◊ هـــــەوکردن‌و ئەســتوربوونی پێـسته لەهەنـــدی شـــۆنی‌و پـــەڕو گـــەرم دەکـــەن‌و دەیخەنـــە ســەری بۆنـــەوەی ئـازاری نەمێنێ.

الكُدامَةُ: بـەرزەئاخوڕ، پـاش ئـاخوڕ، بەرماوەی خۆراك ◊ دەگوترێ: (بقي مـــن مرعانـــا كدامـــة) پاوانەکـەمان هـــەمووی خـــوراوە بـــەس پـــچك‌و بنکـــڕی مـــاوە، ئاژەڵـــەکان بـــەددان هەڵی دەپچڕن‌و پێی تێر ناخۆن.

الكَدْمُ: شوێنکەی گەستن: هـەوکردن‌و گۆڕانی ژێر پێستە بەهۆی زەبرێك.

الكَدَمُ: بەمانا (الكَدْمُ) دێ.

الكَدْمَةُ: داخکردن‌و شوێنکە لێ کردن ◊ دەگـوترێ: (مـــا بـــالبعير كَدْمَـــة) حوشترەکە داخی پێوە نیە.

المُكْدَمُ: حەبلی گشت بادراو ◊ بـەڕەو جەوالّی توندچنراو قوماشی ڕەختە ◊ پیالّـەو سـوراحی کـە شوشـەکەیان ئەستوور بێ.

الكَدْمِيوم: عونصورێکی فلزیيە سپی‌و ورشەدارە.

كَـدَنَ بثوبـه كَدْناً: قوماشـەکەی کـردە پشتێن‌و خۆی پێ بەست.

كَدِنَ كَدَناً: بوو بـەخاوەن گۆشـت‌و بـەزو هێزو توانا ◊ پتەو و ڕەق بوو.

كَدِنَ النبات: ڕوەکەکە پەڵ‌و پۆی خوراو لاسکە ئەستوورەکەی ماوە.

كَـــوْدَن فِي مـــشيه: بەهێواشـــی‌و بەتەمبەڵی ڕۆیی.

الكِدانُ: حەبلێکە دەبەستێ بەئەڵقەی ناوەڕاسـتی دۆڵـچەکەوە بۆنـــەوەی ڕاست بچێتە خوار بۆ ناوبیرەکە.

الكَدَانَـــة: عەبـبـــداریی ◊ خراپـــی ◊ دەگوترێ: (ما ابين الكدانة فيه).

الكَـدْنُ: نـــەو قوماشـــەی بەکـــەژاوەدا دەدرێ ◊ بارگەنـــــــە ◊ جـــــۆرە بارگەنەیەکـــە بـــۆ ئـــافرەت ڕێـــك دەخرێ سواری بێ.

الكَـــدِنُ: (كَـــدِنُ النبـــات) لاســـك‌و ئەستوراییی بنکی ڕوەك.

الكُدْنَة: گۆشت‌و بـەزی زۆر (قەڵـەوی) دەگوترێ: (رجل ذو كُدْنة) پیاوێکە قەڵەو و کەتەیە.

الكَوْدَنُ: ئەسپی نارەسەن ◊ عەبـبـدار ◊ هێسترێ خراپ‌و نارەسەن.

كَدَهَ الشَّيْئَ كَدْهاً: شتەکەی شکاند.

كَـــدَهَ الحَجَـرُ ونحـوه فلانـاً: بەردەکـە لەفلانکەس کەوت‌و شوێنکەی باشی لێ کرد.

اكدَهَهُ العملُ: کارکردن ماندوی کرد.

كَدَّهَهُ: بەمانا (كَدَهَهُ) دێ.

تَكَدَّهَ الشَّيْئُ: شتەکە شکا.

كَدَتِ الأرض كَدْواً وكدواً: زەویيەکە ڕوەکەکانی بەسستی گەشەدەکەن.

كَدا الزَّرعُ وغيرهُ: کشتوکاڵەکە باش نەڕواوە.

كَدا البَرْدُ الزرعَ: سەرماو سۆڵەکە کشتوکاڵەکەی بەپاش دا گێڕایەوە نەیهێشت گەشە بکا.

كدا الشَّيْئَ كِداءً: شتەکەی مەنع کردو بڕی.

كدا وجهَهُ كَدْواً: دەمو چاوی ڕوشاند.

كَدِيَ بالعظم كَدّاً: ئێسقانی لەقورگی گیرا.

كَدِيَ الفصيلُ: بێچوەکە شیری خواردو ناوسکی داوەشا.

كَدِيَ الكلبُ: سەگەکە ئێسقانی لەقورگی گیرا.

الكادي: ئاوی مەند ئاوێك بەهێواشی بڕوا ٥ ئاوی درەختێکە لەپێڕی (البندانية) شێوەی لەدرەختی خورما دەچێو وەڵێ بەئەندازەی ئەو بەرز نابێتەوە گەڵاکانی درێژن لەشێوەی شمشێردان نەوڵاتی یەمەنو باشوری کیشوەری ئاسیاو وڵاتی هیندو ئوسترالیا دەڕوێ ٥ لەشوێنی تریش دەڕوێندرێ.

كدي الرجلُ كَدياً: پیاوەکە بەخیلو چروك بوو بەخششی کەم بوو.

كَدِيَ المِسْكُ كدىً: میسکەکە بۆنی نەما (فهو كدٍ وكَدِيّ).

كَدِيَتْ أصابعُه: پەنجەکانی بەهۆی گل دەردانەوە ماندو بوون.

كَدِيَ المَعْدِنُ: کانەکە گەوهەری تێدا دەست نەکەوت.

اكدى الحافِرُ: بیرهەڵکەنەکە گەیشتە تەبارە زەوی پتەو و ناتوانێ چیدی بیرەکە هەڵکەنێ.

اكدى فلان: فلانکەس گەیشتە ساراو چۆڵەوانی ٥ زۆر پارایەوە لە سوالکردن دا ٥ ڕژدو چروك بوو ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَأَعْطَى قَلِيلًا وَأَكْدَى﴾ ٥ دوای دەوڵەمەندیی هەژارکەوت ٥ نائومێد بوو نەگەیشتە ئامانج.

اكدى المطرُ: بارانەکە کەم بوو.

اكدى المعدِنُ: کانەکە زێڕو گەوهەری تێدا نەدۆزرایەوە.

اكدى الطعامُ: خواردنەکە بێ کەڵك بوو.

اكدى فلاناً عن الشَّيْئ: فلانکەسی لەشتەکە گێڕایەوە.

الكادِية: ناخۆشی ڕۆژگار ٥ جەنگەی سەرما.

الكُدى: ساراو چۆڵەوانی.

الكَدَاةُ: هەر گڵو خۆڵو شتی وا خڕ کرابێتەوە کۆمەڵ کرابێ.

الكُدايَةُ: بەمانا (الكداةُ) دێ.

الكُدْيَةُ: زەوی سەخت‌و پتەو یان شاخ‌و بەردەڵان کەپاچ‌و قوڵینگە کاری تێ نەکەن ◊ پیشەی سوالکەری وبڕە وبڕکەر.

كَدَبَ كَدَباً وكِدْباً: درۆی کرد ◊ هەواڵێکی دا پێچەوانەی ڕوداو بوو ◊ هەڵەی کرد ◊ گومانەکەی ڕاست دەرنەچوو.

كَدَبَ الشَّيْءُ: شتەکە وادەرنەچوو کە چاوەڕوان دەکرا ◊ دەگوترێ: (كَدَبَ البرقُ والطمعُ) هەورە بروسکەکە بارانی بەدواوە نەبوو وەکوو چاوەڕوان دەکرا.

كَدَبَ فلاناً: هەواڵی درۆی بەفلانکەس ڕاگەیاند.

كَدَبَتْ فلاناً نَفْسُهُ: نەفسی فلانکەس ئامانج‌و هیوای گەورەو دووری پێ ڕاگەیاندو هەڵی خەڵەتاند.

كَدَبَتْهُ عينُه: چاوی فلانکەس شتی ناڕاستی نیشان خاوەنی دا.

اكْدَبَهُ: بەدرۆزنی هاتەبەرچاو ◊ درۆکانی دەرخستن هەڵینا بۆ درۆکردن.

كاذَبْتُ فلاناً مكاذَبَةً: من فلانم بەدرۆخستەوەو نەویش منی بەدرۆخستەوە.

كَذَّبَ بالأمر تكذيباً: کارەکەی بەناڕاست لەقەڵەم داو دژی وەستا.

كَذَّبَ عن امر لرادَهُ: دژی وێستی ئەو وەستاو ئەو کارەی ئەو وێستی، ئەم ئەنجامی نەدا.

حَمَلَ عليه فما كَذَّبَ: هێرشی بۆ بردو نەگەڕایەوەو نەترسا.

كَذَّبَ السلاحُ: سیلاحەکە نەتەقی‌و پوچ بۆوە، گوللەکەی نەهاوێشت ◊ دەشگوترێ: (ما كَذَّبَ أن فعل كذا) هیچ نەوەستاو پەلاماری کارەکەی دا.

كَذَّبَ فلاناً: درۆی پاڵ فلان داو بەدرۆزنی لەقەڵەم دا یان بە فلانکەسی گوت درۆت کرد.

تكاذبوا: خەڵکەکە هەندێکیان هەندێکیان بەدرۆخستەوە.

تَكَذَّبَ: بەزۆرەملێ درۆی بەسەر خۆی دا هێنا.

تَكَذَّبَ فلاناً و عليه: پێی وابوو فلانکەس درۆزنە.

الأكذوبة: هەواڵی درۆ ◊ (ك: أكاذيب).

التكاذيبُ: تكاذيب العرب: ئەفسانەی عەرەب‌و چیرۆك‌و خورافاتەکانیان.

الكَاذِبَةُ: درۆ ◊ (ئیسمەو لەشوێنی جاوگ دادەنرێ، دەروون‌و نەفس) ◊ (ك: كواذيب).

الكَذِبُ: درۆ (پێچەوانەی ڕاستی).

الكَذْبَةُ: یەکجار درۆکردن (درۆیەك).

كَذْبَـةُ نيـسان: دروّی یەکـەم رۆژی مانگی نیسان.

الكـذّابُ: زۆر درۆزن ٥ (جوهر كـذاب) گەوهەری ساختەو ناعەصل.

الكَذُوبُ: بەمانا (الكذّابُ) دێ.

كَذَّ الشَّيْئُ كَذّاً: زبرو ڕەق بوو.

اكَـذَّ القـومُ: خەڵکەکـە کەوتنـە نـاو بـەردەڵانی کونکونو بـەردە زڕوێو شوێنی وا.

الكَـذّانُ: بـــەردێ گـــڕوێو زڕوێو کونکون.

اكذى الشَّيْئُ: شتەکە سورهەڵگەڕا.

اكذى الرجلُ: پیاوەکە لەخەجاڵەتی دا ڕەنگی سـورهەڵگەڕا ٥ یـان لەترسـا ڕەنگی زەرد بوو.

الكـاذي: سـور ٥ ڕۆنێکـی بۆنخـۆش‌و عەتراوییـە لـە گـوڵی (الكـــاذی) دروســت دەکـــرێ ٥ درەختێکـــی گەورەیـە لـەپێڕی (الكاذیـــة)یـە ٥ گوڵەکەی بۆنێکی خۆشی هەیە.

كـذا: لێکـدراوە لـە دوو وشـە ٥ (كـاف التشبیه) و (ذا) کە (ئیسم ئیشارە بێ) ٥ بەمانا (هەروا) دێ ٥ دەگوترێ: (علمت علیاً فاضلاً وأخاه كـذا) وادەزانم عـەلی پیـاوێکی گـەورەو ڕێـزدارە براکەشـی هەروا ٥ وادەبێ (ها)ی ئاگادار کردنەوە دەکەوێتـە پێـشەوەی وشـەکە دەبێتـە (هكذا) ٥ قورئان دەفـەرموێ: ﴿أَهَكَـذَا عَرْشُكِ﴾.

كَرَبَ فلان كَرْباً: فلانکـەس کـشت‌و کـاڵی لـە زەوی بێئـاوو بـێ درەخـت دا کـرد، وشکەسـاڵی بنکـی لقـە خورماکـانی لێ کـردەوە ٥ خورمـای لـە لقـەبڕاوەکان لێ کردەوە.

كَرَبَ الشَّيْئُ كروباً: شتەکە نزیک بۆوە.

كَرَبَـت الـشمسُ للمغيـب: خـــۆر لەئاوابوون نزیک بۆوە.

كَـرَبَ: نزیکـە، دەگـوترێ: (كَـرَبَ يفعـل كذا) نزیکە ئەوە بکا ٥ (كَرَبَ أن يفعل) نزیکە ئەوە ئەو کارە بکا.

كَرَبَ فلاناً الأمرُ والغمّ: کارەکـە، غـەم‌و ناڕەحەتییەکـە لەسـەر فلانکـەس زۆر قورس بوو.

كَـرَبَ الحَبْلَ وغَيرَهُ كَرْباً: حەبلەکـەی گشت بادا، توندی کرد.

كَرَبَ الأرضَ كَرْباً وكِراباً: زەوییەکـەی بۆ کـشت‌وکاڵ تێـدا ڕوانـدن هەڵـەوگێڕ کرد، کێڵایەوە.

كَـرَبَ الـدَّلْوَ: حـەبلی ناوەڕاسـتی بـۆ دۆڵچەکە دروست کرد.

اكرَبَ الرجلُ: پیاوەکە بازی دا.

اكرَبَ الدَّلْوَ: بەمانا (كربها) دێ.

إكْتَرَبَ لكذا: غەمی بۆ ئەوە خوارد.

الكِـراب: ڕێـڕەوی ئـاو، بـۆری ئـاو ٥ جۆگەی ئاو.

الكُرابَةُ: ئەو بۆڵو دەنکە خورمایەیە کە لەلقی بڕاوی دارخورما لێ دەکرێتەوە ◊ لقە خورماکە دەبڕدرێو خورمای پێوەن.

الكُرَبُ: بنکی لقی دارخورما کە وشک دەبێو لێ دەکرێتەوە ◊ حەبلێك کەلەناوەڕاستی دۆڵچە دەخرێ بۆئەوەی دۆڵچەکە قایم بێو خۆبگرێ بۆ کارپێکردن.

الكَرْبُ: غەمو خەفەت کەدڵ تەنگ دەکەن.

الكُرْبَةُ: بەمانا (الكَرْبُ) دێ.

الكَرْبَةُ: کونی بچکۆلەی خێمە کە کۆڵەکەی تێدەکرێ.

الكروبيون: ئەو فریشتانەی نزیك بارمگای ئەقدەسن ◊ کە جوبرائیلو میکائیلو ئیسرافیل لەوانن.

الكريب: غەمبار ◊ گرێی قەفەژاڕ ◊ تیرۆکی نانکەر ◊ زەوی کە ئاو و درەختی تێدا نەبێ.

المِكرَبُ: خاکەنازو پێمەڕە.

المُكْرَبُ من المفاصل: جومژگە کە زۆری ڕەگ تێدابن ◊ هەرشتێك پتەو بێ لەحەبل یان دیوار یان جومژگە.

الكُرْياجُ: قەمچی.

كَربسَ الرجل: پیاوەکە بەشێوەیەك ڕۆیی وەکوو پێوەند کرابێ ئاوا.

تكرپَسَ من ظهر فرسه: لەسەر پشتی ولاخەکەی کەوتە خوار.

الكِرْياسُ: پۆشاکی ئەستورو ڕەختە کەلە لۆکە دروستکرابێ.

كَرْبَشَ الرجلُ: پیاوەکە بەشێوەی پێوەند لەپێ ڕۆیشت ◊ قاچی جوتکردن بۆ بازدان.

كَرْبَشَ: شتەکەی گرتو بەستی.

تَكَرْبَشَ الجِلدُ: پێستەکە گرژبوو وێکهاتەوە.

كَرْبَلَ الشَّيْئَ: شتەکەی تێکەڵ کرد.

كَرْبَلَ فلان: فلانکەس بەناوقوڕدا ڕۆیی ◊ دەشگوترێ: (جاء يمشي مكربلاً) هات دەتگوت بەناو قوڕدا دەڕوا ◊ چووە ناو ئاوەوە.

الكِرْبالُ: ئەو ئامێرەیە هەلاج لۆکەی پێ شی دەکاتەوە ◊ (ك: كرابيل).

الكَرْبَلَةُ: شلەپەتەیەکە لەقاچ دا ◊ لەزانیاری ڕەگناسی دا بریتییە لە ئەندامی مێیایەتی گوڵ.

الكريون: عونصورێکی (نافلزیة) لەسەر ڕوی زۆر شتی جیا دەردەکەوێ.

الكريت: (سنة كريت) سالێکی تەواو بێ زیادو کەم ◊ دەشگوترێ: (شهر كريت، أسبوع كريت، ويوم كريت).

كَرَثَهُ الأمرُ وغيرهُ كرثاً: شتەكەی لەسەر قورس بوو ◊ تەواو پێیەوە ماندو بوو ◊ (فهو كارث).

اكْرَثَهُ الأمرُ وغيره: بەمانا (كَرَثَهُ) دێ.

إكترثَ له: بۆی غەمبار بوو، خەفەتی بۆ خوارد ◊ دەگوترێ: (ما اكتَرِث له) گرنگی پێ نادەم خەمی بۆ ناخۆم ◊ (رأراك لا تكتَرِث لذلك) دەتبینم گرنگی بەوە نادەی و خەمی بۆ ناخۆی ◊ جەو جۆلی بۆناكەی ◊ بەزۆری لەسیاقی نەفی دا بەكاردێ.

الكارثة: بەلای گەورە ◊ (ك: كوارث) ◊ دەگوترێ: (كرثه الكوارث) بەلای رۆژگار خستویانەتە دڵەڕاوكێوە.

الكُراثُ: ڕوەكێكی تەمەندرێژە لەپێڕی (الزنبقية)یە بنكی وەكوو سەلكی پیاز وایە ◊ گەلای درێژو شكاوە بەملاو بەولای خۆیدا شۆڕدەكاتەوە لەناوەڕاستی دا نێركێك دەردەكا گوڵی زۆر دەگرێ و بۆنی خۆشی هەیە ◊ جەند جۆرێكی هەیە (الكراث المصري، كراث المائدة، كراث الشامي).

كَرِجَ الشَّيْئُ كَرَجاً: شتەكە كەڕوی هەڵێنا ◊ دەگوترێ: (كَرِجَ الخبزُ) نانەكە كەڕوی سەركەوت.

الكُرَجُ: ئەسپەدارینە بۆ یاری منداڵ.

كَرَدَهُ كَرْداً: دەری كرد ◊ مەنعی كرد.

الكَرْدُ: بنكی مل، لای خواروی مل.

الكُرْدُ: نەتەوەی كورد، نەتەوەیەكە لەبانوێكی پانو پۆڕدا لەناسیای ناوەڕاست دا دەژین و ولاتەكەیان بەسەر ولاتی ئێران و توركیاو عێراق و سوریادا دابەشكراوە.

چل ملیۆن كوردین لەرووی ناسیادا كۆنترین میللەت لەناو دونیادا وەحشی نیستعمار بەسەریان زاڵە ژێردەستەو یەخسیر ژیانیان تاڵە

الكِرديدُ: پارچەو پاشماوە لەبنكی سەبەتەی خورمادا ◊ پوشە خورما.

كَرْدَسَ القائدُ الخيلَ او الجيشَ: سەرلەشكرەكە ئەسپ سوارەكانی یان سوپاكەی پۆل پۆل كرد.

تكردَسَ الرجلُ: پیاوەكە وێكهاتەوەو چووەوە بەیەك دا.

الكُرْدُوسُ: هەر ئێسقانێك گەورەو تەواو بێ ◊ سەری ئێسقانێك مۆخی هەبێ ◊ هەردوو ئێسقانێك لەجومزگەدا بەیەك بگەن ◊ وەكوو ئێسقانی شان و ئەژنۆ و سمت ◊ (ك: كراديس).

الكردوسة: كۆمەڵێكی زۆر گەورە لە ئەسپ و لەسوپا.

الكِـــردانُ: ملەوانكـــە ◊ لـــەبواری مۆسیقادا مەقامی ڕەستە.

الكردون: پشتێن‌و سیاج‌و شورا.

الكردينـال: یەکێکـە لـە مالـەکان‌و حـەبرو پیـاوە ئاینییـەکانی هـاوەڵی پاپـاو ڕاوێـژکارەکانی ◊ کـە ئـەوان مافی ئەوەیان هەیە پاپـا هەڵبـژێرن ◊ (ك: كرادلة).

كَـرَّ الرجلُ او الفرسُ كريـراً: پیاوەکـە نیخە نیخی لەسنگی هات.

كَـرَّ فـلانٌ كـروراً: پیاوەکـە گەڕایـەوە ◊ دەگـوترێ: (كَـرَّ الفـارس) سـوارەکە گەڕایـەوە‌و هەڵمـەتی بـردەوە بۆسـەر دوژمن.

كَـرَّ الشَّيْئَ كَرّاً: شـتەکەی ڕەت کـردەوە گێڕایەوە.

كَـرَّ الليـلُ والنهـارُ: شـەو و ڕۆژ یـەک بەدوایـەک دا گەڕانـەوە‌و دووبـارە بوونەوە.

كَرَّ على العدوّ: هێرشی بردەسەر دوژمن.

كَرَّ عنه: لێی گەڕایەوە.

كَرَّ عليه الحديثَ: قسەکەی سەرلەنوێ بۆ کردو بۆی دووبارە کردەوە.

كَـرَّرَ الـشَّيْئَ تكريـراً وتِكـراراً: جاردواجـار شـتەکەی بـۆ دووبـارە کردەوە.

تَكَرَّرَ عليه كذا: جاردواجار ئەوەی بـۆ دووبارەکردەوە.

الكَـرُّ: هەڵمـەت بـردن‌و پـەلاماردان پێـچەوانەی (الفَرّ) ◊ هـەروا نـاوە بـۆ حـــەبلێك لـــە لیفـــی خورمـــا دروســتکراوە پێـــی ســـەردەکەون بۆســـەر دارخورمـــا ◊ حـــەبلی بەستنەوەو شتی وای کەشتییە.

الكُرُّ: ئـامێرێکی پێوانـەی دانەوێڵەیـە وەکوو قسناغ ◊ ئەندازەکەی شەست قەفیز یان چل ئیردەبە.

الكـــرَّةُ: گەڕانـــەوە ◊ ســـەرلەنوێ زیندوبوونـــەوە ◊ هێـرش بۆســەر دوژمن لەشەڕدا ◊ بەیانی‌و ئێوارە ◊ زینـدو بوونـەوەی مـەخلوقات سـەر لەنوێ دوای هەستانی قیامەت.

الكريرُ: پەڵەیەکە لەتەپوتۆز تووشی قورگ دەبێ.

المَكَـرُّ: شـوێنی جـەنگ، گۆڕەپـانی جەنگ.

المِكَـرُّ: دەگـوترێ: (فـرس مِكـرّ مِفَـرّ) ئەسـپێکی ڕەسـەن‌و ڕاهێنـراوە بـۆ هەڵمەت بردن‌و پاشەکشەکردن سەر نەرم‌و هەوسار خۆشە، جوان دەڕواو دێتەوە.

كَرَزَ كروزاً: چـووە ژوور، چـووە نـاوەوە ◊ خۆی لە پەناپەسێوو ئەشکەوت‌و شتی وادا حەشار دا.

كَرَزَ إليه: پەنای بـۆلابرد ◊ مـەیلی ئـەوی کرد.

كارَزَهُ: ڕۆیی‌و لەبەری هەڵات.

كارَزَ عن فلان: لەبەر فلان هەڵات.

كارَزَ الى المكان: خۆی كوتا بۆ شوێنەكەو خۆی تێدا حەشار دا.

كارز في المكان: لەشوێنەكەدا خۆی حەشار دا.

كارزَ الى ثقة من إخوان ومال: پەنای بردە بەر شتێكی متمانە پێكراو لە برادەر یان لەشتی تر.

كَرَّزَ الصَّقْرَ: چاوی هەڵۆكەی بەست‌و دوری‌و خواردنی دایە بۆنەوەی ژێربارى بكاو ڕام ببێ.

الكُرّازُ: سوراحی‌و دیزە.

الكَرَزُ: دەختێكە بەرێك دەگرێ وەكوو بەرهوق وایە وەڵ بیچمی كەمێ بچوكترە ٥ پێشی دەگوترێ: (كُرَيْز).

الكُرْزُ: هەمبانەو خورجی شوان ٥ جەوالّ ٥ (ك: أكراز).

كَرْزَمَ الرجلُ: پیاوەكە نیومڕۆ شتی خوارد

الكَرْزَمَةُ: ژەمەنانی نیومڕۆ.

كَلَّبَ الأسیر: دیلەكەی كەلەبچە كرد.

كَلَّبَ الكَلْبَ: سەگەكەی ڕاهێنـا لەسـەر ڕاوكردنو نێچیرگرتن.

تكالَـبَ القـومُ: خەڵكەكـە بەناشـكرا دژایەتی خۆیان ڕاگەیاند.

تكالَـبَ علـی الأمـر: لەسـەر كارمكـەی سوربوو دەستی لێ بەرنەدا.

تكالَبَ القومُ علی الشَّیْئ: خەڵكەكـە عـــەمبازی شـــتەكە بـــوونو گەلەكۆمەكێیان لەسەر كرد.

إسْـتَكْلَبَ الرجـلُ: پیاوەكـە لورانـدی بۆنـەوەی سـەگەكان بیبیـسنو بـەو بۆنەوە شوێنی خێڵو ئاوەدانیەكانی خاوەن سەگەكان بدۆزێتەوە.

الكالِـبُ: خـاوەن سـەگی ڕامكـراو بـۆ ڕاوكردن ◊ كۆمەڵە سەگ.

الكَلْـبُ: سـەگ ◊ سـەگ جـۆری زۆرە هەنـدێكی بـۆ پاسـەوانیو هەنـدێكی

بـۆ ڕاو و هەنـدێکی بـۆ ڕاگێـشانی گالیـسکە بـەکاردێ ◊ هـەروا وشـەی (الكلب) ناوە بۆ هەر حەبڵو تـەڵو قەیدێك شـتی پـێ شـەتەك دەدرێ ◊ ئاسـنی سـەر گۆچـانی کـە بەقـەراخ کـەژاوەو بارگەنـەدا شـتەك دەدرێو تێشو و شتی وای پێدا هەڵدەواسـرێ ◊ سنگی دارینە کەلەدیوار دەکوترێ بـۆ شـت پێـدا هەڵواسـین ◊ ئاسـنی سەربستەی بەرداشی ئاشی ئـاوپی ◊ ماسییەکە لەشێوەی سەگ.

الكَلَـبُ: نەخۆشـییەکی پێـوە چـوو گواستراوەیە فایرۆسـەکەی لەڕێگـەی گەسـتن‌و لیکـەوە لـەپێڕی سـەگەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤو گیانلەبەری تر، دیاردەی ئـەم جـۆرە نەخۆشـییە گرژبـوونی ماسـولکەی هەناسـەدان‌و شـت قـوت دان‌و ترسـان لـەئاو و شـێتی‌و تێکـچونی جیهـازی عەصـەبیە ◊ هـەروا نـاوە بـۆ کوشـەندەیی زسـتان‌و سـەرماو زریانی.

الكَلْبَةُ: دێڵە سەگ ◊ چڵ بەسەر لق‌و پـۆپی درەختـەوە ◊ (أم الكلبـة) لەرزوتا.

الكلبتان: پلایسی گەورە کـە ئاسنگەر ئاسـنی سـورەوەبووی پـێ دەگـرێ بۆنـەوەی لەسـەر سندانەکە بیکاتـە ئامێری جۆراوجۆر ◊ گازێکـە ددانـی پێ دەکێشرێ.

الكُلْبَةُ: تونـدوتیژی لەهەر شتێك بێ ◊ گـوزەرانی تـەنگ‌و دەسـت کـورتی ◊ قـاتوقڕی‌و گرانـی ◊ سـەرمای کوشـندە ◊ ئـەو موانـەی لـەم لاو لەولای لوتی سەگ‌و پشیلە دەڕوێن.

الكَلِبَةُ: (أرض كَلِبَـة) زەوییەکـە گیـاو گـژی تێـراو نـەبووبێ ◊ درەختێـك لـەتینوانا گەڵاکـەی زبـر بووبـێ، ئەگـەر بـەلای دا بـڕۆی بەپۆشاکەکەتەوە دەنووسێ.

الكَلْبِيـةُ: مەزهـەب‌و ڕاو بۆچـونێکە بەگوێرەی سروشت هـەڵس‌و کـەوت دەکـاو گـوێ بـەداب‌و نـەریت نـادا ◊ ئەمـەش مەزهـەب‌و ڕێبـازی (أنتسانس)‌و هەوادارانیەتی.

الكَلْبِيـون: ڕێڕەوانـی کەلبیـەن: کـە کۆمـەڵێك فەیلەسـوفی یۆنـانین، بـە کۆمـەڵی فەیلـسوفی ئـەخلاقی ناسـراون‌و دوای مردنـی سـوکرات پەیدابوون، گـرنگترین بیروباوەڕیـان لـەژیانی زبـرو پاشـگوێ خـستنی لـەزەت‌و چـێژی مـادی دا ڕەنـگ دەداتەوە، گاڵتەیان بـەو کەسانە دێ کە وێڵی ژیانی نەرم‌و نۆڵن‌و هەوڵی وەدەسـتهێنانی لەزەتـە مادییـەکان دەدەن.

الكَلَّبُ: خاوەنی سەگی ڕامکراو بۆ ڕاو ◊ بەخێوکردنی سەگی ئامادەکراو بۆ ڕاوکردن.

الكُلّابُ: نوکە ئاسن کە بەپاژنەی قۆندەرەو کلاشی ئەسپ ڕامکەرەکەوەن‌و کەسواری ئەسپەکە دەبێ ئەو نوکە ئاسنە لەلاقە برغەی ولاغەکە دەدا بۆئەوەی غاربدا ◊ ئاسنێکی سەر چەماوەی سێپەل‌و چوارپەلە قولاپ ئاساشتی پێ دەردەهێندرێ یان شتی پێدا هەڵدەواسرێ ◊ چنگ‌و نینۆکی بازو هەڵۆو چەقەڵ ◊ ئامێرێکی ددان کێشانە ◊ (ك: كلاليب).

الكليب: کۆمەڵە سەگ (ڕەوەسەگ).

المكالِبُ: ئازاو چاو نەترس.

المَكْلَبَةُ: (بلدة مَكْلَبَةٌ) ولاتێکە، گوندێکە سەگی زۆرە.

كَلَتَ الشَّيْئَ كَلْتاً: شتەکەی کۆکردەوە ◊ فرێی دا.

كَلَتَ الفَرَسَ: ئەسپەکەی تاودا.

الكِلْتَةُ: شتی کەم ◊ بەشە خۆراک‌و شتی وا.

كَلَثَمَ وَجْهَهُ: دەموچاوی گۆشتن بوون بەبێ ئەوەی چرچی تێبکەوێن.

الكلثومُ: کوڵم خڕو گۆشتن ◊ ئاوریشم بەڵای سەروی ئاڵاوە.

كَلَحَ فلان كُلُوحاً: فلانکەس ڕوگرژبوو، زۆر ڕوگرژبوو.

اكْلَحَهُ الهمُّ: خەمو خەفەت ڕوخساری پوکاندەوەو دەموچاوی چرچ‌و لۆچی تێکەوتن.

كالَحَهُ: بەکێشەو ڕوگرژییەوە بەرەو ڕوی بۆوە.

كَلَّحَ وَجْهَهُ: ڕوی خۆی گرژ کرد.

كَلَّحَ فِي وجه الصَّبيِّ: منداڵەکەی ترساند.

تَكَلَّحَ: بەمانا (كَلَحَ) دێ.

الكالِحُ: دەمگوتری: (دَهْرٌ كالِحٌ) ڕۆژگاری توندو تیژ ◊ (شتاء كالِحٌ) زستانی سەخت‌و توش ◊ کەسێك زاری قژبێ لێوەکانی ددانی دانەپۆشن.

كَلاح: ناوی سانی گرانی‌و قاتو قڕییە.

كَلَدَ الشَّيْئَ كَلْداً: شتەکەی کۆکردەوەو خستیە سەرێەك.

كَلَّدَ الشَّيْئَ: بەمانا (كَلَدَهُ) دێ.

تَكَلَّدَ الشَّيْئُ: شتەکە کۆبۆوە.

تَكَلَّدَ فلان: فلانکەس گۆشتی پتەو بوو.

الكَلَدُ: شوێنی توندو پتەو، زەوی پتەو بەبێ ئەوەی بەردی تێدابن.

كَلّارُ البازي: هەڵۆکە خۆی لول کردو خۆی وێکهێنایەوە بۆ پەلامارادانی نێچیرەکەو فڕاندی‌و ڕفاندی.

كَلَزَ الشَّيْئَ كَلْزاً: شتەکەی کۆکردەوە.

كَلَّزَ الشَّيْئَ: بۆ زێدەڕەوی لەمانای (كَلَزَ) دا دێ.

كَلَسَ البناء كَلْساً: بەمادەی کەلس دیواری باڵەخانەکەی ڕوکەش کرد.

كَلِسَ كَلَساً: ڕەنگی تەپوتۆزاوی بوو مەیلەو ڕەش بوو ◊ (فهو أكْلَسُ).

كَلَّسَ: بۆ زێدەڕەوی لەمانای (كَلَسَ)دا دێ.

كَلَّسَ على قِرنه: هەڵمەتی بۆ هاوشانو ڕکابەرەکەی بردو بەتوندوتیژی پەلاماری دا.

كَلَّسَ عنه: لێی ترساو لەبەری هەڵات.

تَكَلَّسَ: بۆ موتاوەعەی (كَلَّسَ) دێ ◊ بازی توندو بەهێزی دا.

الكِلْسُ: جیرێ بەرد؛ ئەو مادە ماوەی دوای گەرمکردنی بەردی جیرێ دەمێنێتەوەو هەندێ پێکهاتەی لێ دەردەکەوێ.

الكَلاّسُ: فرۆشیاری مادەی کەلس ◊ وەستای کەلسکاری، ئەو کەسەی دیوارو شتی وا بەمادەی کەلس ڕوکەش دەکا.

الكلاسَةُ: ئەو شوێنەی کلسی لێ دروست دەکرێ.

التَّكلُّسُ: لەبواری کیمیادا ڕەقبونو کۆبوونەوەی خوێی کالیسیۆمە کە ناتوێتەوە.

الكلسيت: مەعدەنێکە لەکاربۆناتی کالیسیۆمی بلوری پێك دێ.

كَلْسَمَ: قونگرانی کرد لەدانەوەی مافەکان بەخاوەنەکەیان.

الكلسيوم: عونصورێکی فلزیو جیرییە تێکەڵاوی هەندێ پێکهاتەی جەستە دەبێ، بەتایبەتی هێ ئێسقان.

كَلِعَ الوسَخ عليه كَلَعاً: چڵکەکەی بەسەرەوە کۆبۆوەو ڕەق بوو گەمڕەی کرد ◊ دەگوترێ: (كَلِعَ رأسُه) (كَلِعَ الإناءُ) ◊ چڵك بەسەریەوە گەمڕەی کرد ◊ قاپەکە چڵکی پێوە ڕەق بوو ◊ (كَلِعَت رِجْلُهُ) قاچی چڵکی پێوە ڕەق بوو شەقار شەقار بوو، قەڵشت.

اكْلَعَهُ الوَسَخُ: چڵکی لەسەر کۆبۆوە گەمڕەی بەست.

الكُلاعُ: وشکبوونەوەی چڵك و گەمڕەبەستنی ◊ ناڕەحەتیو چورتم.

الكلاعِيُّ: ئازاو چاونەترس.

الكَلَعُ: گرویی زۆر.

الكِلْعُ: شێوە وشك و مرو مۆچ.

كَلَفَ الماشيةَ كَلْفاً: ئالفی دا بەولاغو ئاژەڵەکان.

كَلِفَ وَجْهُهُ كَلَفاً: دەمو چاوی پەڵەی تێدا پەیدا بوو تەڵخ بوو (فهو أكلف وهي كَلْفاء).

كَلَّفَ الشَّيْئَ وبه: حەزی لەشتەکە بوو، ئارەزۆی کرد.

كَلَّفَ الأمْرَ: بەزۆرەملێو ناچاری چووە ژێر کارەکەو لە ئەستۆی گرت ◊ بەنارەحەتیو ئەرکی زۆر ئەنجامی دا.

اكْلَفَهُ بِه: وای لێ کرد وەگری بێ، حەزی لێ بکا.

كَلَّفَهُ امْراً: ئەنجامدانی کارەکەی لەسەر پێویست کرد ◊ کارێکی قورسو ناخۆشی خستە ئەستۆیو داوای لێ کرد ئەنجامی بدا.

كَلَّفَ على اسمه ارضاً: زەویيەکی لەسەر تۆمار کرد.

كَلَّفَ بالأمر: کارەکەی خستە ئەستۆی.

تَكَلَّفَ: خۆی بەکاری لاوەکی خەریک کرد، کارێکی خستە ئەستۆی خۆی کە ئیشی ئەو نیە.

تَكَلَّفَ الأمْرَ: بەزۆرە ملێو ناچاری کارەکەی لەئەستۆ گرتو بەماندوبوونو ناڕەحەتی ئەنجامی دا.

تَكَلَّفَ الشَّيْئَ: شتەکەی خستە سەر شانی خۆیو ئیشی ئەویش نیە.

التَّكليفُ بالأمر: کارخستنە ئەستۆی کەسێک کەبتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدا ◊ (أمر التّكليف) فەرمانێکە لە کەسێکەوە دەردەچێ کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەرک بخاتە سەر شانی فەرمان پێکراو.

التَّكْلِفَةُ: ئەرکو ماندوبوون ◊ دەگوترێ: (حملت الشَّيْئَ تكلِفَة) کارەکەم خستە ئەستۆی خۆم بەئەرکو ماندوبوون ئەنجامدانەکەی لە وزەی من بەدەربوو ◊ هەروا ناوە بۆ ئەو بڕە پارەی لە پرۆژەیەک دا خەرج دەکرێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی قازانج ◊ دەگوترێ: (باعه بسعر التكلِفَة) بەنرخی تێچونی شتەکەی فرۆشتو قازانجی مەبەست نەبوو.

الكَلَفُ: پەڵەو خاڵو شتی وا کەلەسەر ڕوخسار دەردەکەون ◊ سورایی یان لێڵی کە لەسەر دەموچاو دەردەکەون ◊ پەڵە.

الكِلْفُ: پیاوی عاشقو شەیداو دێوانە.

الكُلْفَةُ: ڕەنگێکە لەنێوان ڕەنگی ڕەشو سوردایە ◊ ئەو بڕەپارەی لەبەدی هێنانی شتێک دا خەرج دەکرێ.

الكَلاَّفُ: کەسێکە ئەرکی ئالفدانی ئاژەڵی لەئەستۆ بێو ئاژەڵ بەخێوبکا (ئاژەڵدار).

الكلوف: کاری قورسو گران.

المُتَكَلِّفُ: کەسێک بەشێوەی ناواقیعی خۆی نمایش بکا لافی شتێک لێ بدا کە تێیدا نەبێ.

المِكْلافُ: دڵدار، کەسێك ڕەگەزی مێینەی زۆر خۆش بوێ (پیاوی ژنانی).

المكلَّفُ: مرۆڤێك باڵغ و ڕەشید بێ تەمەنی گەیشتبێتە ئەندازەیەك لەڕوی شەرع و یاساوە بەرپرسیار بێ ٥ کەسێك خۆ هەڵەو گیری کاری لاوەکی بکا.

المُكْلَفَةُ: دیاریکردنی ڕوبەری زەوی تایبەت بەهەر کشتیارێك و ڕونکردنەوەی ئەو دانەوێڵەو بەرو بومەی تێیدا دەچێندرێ.

الكُلاكِلُ: کورتە باڵای چوارشانەو مل ئەستور.

الكلكال والكَلْكَلُ: سنگ.

الكِلْكِلَةُ: تاقم و پێڕو کۆمەڵ ٥ (ك: كَلاكِل)

كلَّ كلولاً وكلالةً: ماندوبوو، لاواز بوو، کول بوو ٥ دەگوترێ: (كَلَّ السَّيْفُ) شمشێرەکە کول و نەبڕ بوو.

كَلَّ فلان: فلانکەس ماندوبوو ٥ (فهو كالٌ) ٥ دەگوترێ: (كَلَّ لسانُهُ وكَلَّ بصرُه) زمانی گیراو نەیتوانی بەباشی قسەکەی بکا، چاوی باش نەبینی ٥ (كَلَّت الريحُ) بایەکە زەعیف بوو.

كَلَّ عن الأمر: شتەکەی لەسەر شان قورس بوو.

كَلَّ كلّاً وكَلالَةً: بنەچەو نەوەی میراتگری لەدواچێ نەما یان میراتگری باوك یان منداڵو نەوەی نەبوو.

اكَلَّ فلان: فلانکەس ئەسپەکەی ماندوبوو.

اكَلَّ غَيْرَهُ: غەیری خۆی ماندو و لاواز کرد ٥ دەگوترێ: (أكلَّ الرجلُ فَرَسَهُ وأكَلَّهُ السيرُ).

كَلَّلَ السيف وغيره: شمشێرەکەی زۆر کول و نەبڕ کرد.

كَلَّلَ فلان: فلانکەس ڕۆیی و ماڵو منداڵی خۆی لەشوێنی نەگونجاو جێ هێشت.

كَلَّلَ في الأمر: لەکارەکەدا دڵسۆزی نواندو خۆی تێدا ماندوکرد.

كَلَّلَ عن الأمر: لەکارەکەدا دەغەڵی کردو نەیکردو لێی ترسا.

كَلَّلَ عليه بالسيف: بەشمشێر هەڵی کوتایە سەر.

كَلَّلَ فلاناً: تاجی خستە سەر سەری فلانکەس.

كَلَّلَ الشَّيْءَ: شتەکەی بەگەوهەرو شتی وا ڕازاندەوە.

إكْتَلَّ الغَمامُ بالبرق: هەورەکە بروسکەی دا ٥ دەگوترێ: (أكْتَلَّ السحابُ عن البرق).

إِنْكَلَّ السيف: شمشێرەکە تیژایی نەما، کول بوو.

إِنْكَلَّ فلان: فلانکەس پێکەنی و زەردەخەنەی هاتێ.

إِنْكَلَّ البرقُ: بروسکەی هەورەکە هێواش بوو ◊ دەشگوترێ: (إِنْكَلَّ السحابُ عن البرق).

تَكَلَّلَ الشَّيْءَ بالشيءِ: شتەکە بەدەوری شتەکە خەرمانەی داو وەکوو تاج چۆن سەر لەخۆ دەگرێ ئەویش ئاوا شتەکەی دەورمدا ◊ دەشگوترێ: (تَكَلَّلَ الشَّيْءُ الشَّيْءَ).

الإِكْلِيلُ: تاج ◊ شتێکە دەورەی سەر دەداو بەگەوهەرو شتی وا دەڕازێندرێتەوە ◊ دەوران دەوری نینۆک ◊ کۆمەڵێک گوڵی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر شێوەی تاج ڕێک دەخرێن و دەخرێنە سەر سەر بۆ جوانی و ڕازاندنەوە.

إِكْلِيلُ الجبلِ: ڕوەکێکی گیایی لەبواری پزیشکی دا سودی لێ وەردەگیرێ ◊ پێشی دەگوترێ: (حصى لبان).

الكَلالَةُ: ئەومیە مرۆڤێک بمرێ نەباوکی لەدوا جێ مابێ نە منداڵ ◊ خزمەکانی تری میراتی لێ بگرن ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ﴾.

كُلّ: هەموو ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ﴾ یان دەفەرموێ: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ﴾.

الكلّ: کەسێک نەباوکی لەژیان دا مابێ نەمندالی هەبن ◊ کەسێک ئەرکی لەسەر کەسانی دیکە بێ و باربێ بەسەریانەوە ◊ پیاوی لاوازو هیچ لەبارانەبوو ◊ پشتی چەقۆ و شمشێر ◊ پەردە کوللە ◊ پەردەیەکی تەنک بۆ خۆپاراستن لە مێشولەو شتی وا.

الكليلُ: زەعیفو ماندوبوو ◊ دەگوترێ: (رجل كليل الظُّفْرِ) (ذئب كليل) گورگێکە ناتوانێ پەلاماری کەس بدا.

المُكِلُّ: دەگوترێ: (أصبح فلان مُكِلّاً) فلانکەس خزمەکانی بوونە بار بەسەرەوە ◊ (إنطلق مُكِلاً) ڕۆیشتو گوێی بەوە نەدا چی لەدواوە جێ ماوە.

المُكَلَّلُ: (غمامٌ مُكَلَّلٌ) هەورێکی باراناوی کەچەند هەورێکی تر بەدەوریەوە بن ◊ (سحاب مُكَلَّلٌ) هەوری بروسکاوی.

المكلَّلَةُ: (روضة مُكَلَّلَةٌ) باخێکە دەورە دراوە بە گوڵو غونچە.

كَلَمَهُ كَلْماً: برینداری کرد ◊ (فهو مكلوم وكليم).

كالَمَهُ: قسەی لەگەڵ دا کرد.

كَلَّمَهُ تكليماً: ئاخاوتنی ئاڕاستە کرد ◊ بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (كَلَم)دا دێ.

تَكَالَمَ المتقاطعان: دوو مرۆڤە لێك دابڕاوە (لێك زوبربووەكە) دەستیان کردەوە بە قسەکردن لەگەڵ یەکتری.

تَكَلَّمَ: قسەی کرد ◊ دەگوترێ: (تَكَلَّمَ كلاماً وبكلام حسن).

الـتَّكلامُ والتَّكلامةُ: قسەی بەنرخو جاك و زۆر.

الكلام: دەنگێکی مانا بەخشو موفید بەجۆرێك گونجاو بێ لەسەری بوەستی.

الكَلْمُ: برین ◊ (ك: كلوم وكِلام).

الكَلِمَـة: وشە کە مانایەکی تاك بگەیەنێ.

الكَلِيمُ: ئەو کەسەی قسەت لەگەل بکا ◊ نازناوێکی حەزرەتی موسایە سەلامی خودای لێ بێ، چونکە پەروەردگار ئاخاوتنی لەگەڵدا کردووە.

الكِلِمُ: لباد؛ ڕاخەڕێکی ئەستوورە لە خوری دروست دەکرێ.

المُتَكَلِّمُ: شوێنی قسە لەسەر کردن ◊ دەڵێی: (ما أجِدُ لي مُتَكَلَّماً).

كَلاهُ كَلْياً: گورچیلەی توشی ئازار بوو ◊ زەبری لەگورچیلەی داو ئازاری بوو.

كَلِيَ كلىً: گورچیلەی تووشی ئازار بوو ◊ گورچیلەی هێشا.

كَلَّى الرجلُ: پیاوەکە هاتە شوێنێك پەردەی تێدا بوو.

إكْتلى الرجلُ: پیاوەکە گورچیلەی هێشا.

الكُلْيَةُ: گورچیلە ◊ پێشی دەگوترێ: (الكُلْوَةُ).

كُلى الطائر: جوار پەڕن بە تەنیشتی باڵندەوە کەوتونەتە کۆتایی باڵەکانی.

كِلاَ: ئیسمێکی مەقصورە هەمیشە ئیزافە دەکرێ ◊ مانای دووانی دەگەیەنێ و وشەکە موفرەدە ◊ بەدوو شێوە لەڕستەدا بەکاردەهێندرێ:

١- ئیزافە بکرێ بۆلای ڕاناو وەکوو (جاء الرجلان كِلاهما).

٢- ئیزافە بکرێ بۆلای ئیسمی زاهیر وەکوو (جاء كِلا الرجلين).

كِلتا: بۆ مێینەی (كِلا) بەکاردەهێندرێ.

كَلاَّ: نەخێر وانیە ئیشەکە بەشێوەیەکی تۆ ◊ وەکوو (كلاَّ إنّ مَعِيَ ربي سيهدين)

٥ ڕەتدانەوەو نەفی کردنی شتێك‌و چەسپاندنی شتێکی تر: وەکوو ئەوە نەخۆش بڵێ: ئاوم خواردۆتەوە، پزیشك بڵێ: (كَلاَّ بل شربت لبناً) ئەوەالله ئاوت نەخواردۆتەوە شیرت خواردۆتەوە.

كَمْ: چەند؟ یان زۆر.

كَمَا القومَ كَمْئاً: قاچکی دەرخواردی خەڵکەکە دا.

كَمِئَ كَمَئاً: پێ خاوس بوو.

كَمِئَتْ يده ورِجلُهُ من البرد: دەست‌و قاچی بەسەرماو بەفر قەڵشان وەکوو قارچك شەقار شەقار بوون.

كَمِئَ عن الأخبار: لەهەواڵەکە بێ ئاگا بوو.

اكْمَا المكانُ: شوێنەکە قارچکی زۆر بوو کارگاویی بوو.

اكْمَأَ القومَ: کارگی دەرخواردی خەڵکەکە دا.

اكْمَاتِ السنُّ فلاناً: ڕۆژگار فلانی پیر کرد.

تَكَمَّأت عليه الأرضُ: زەوی دایپۆشی ٥ دەگوترێ: (خرجوا يتَكَمَّؤون) ڕۆیشتن بۆ دەشت قاچك دەچنن ٥ یان دەگوترێ: (تَكَمَّأنا في أرض بني فلان) لەزەوی خێڵی فلاّن دا قارچکمان چنی.

الكَمْءُ: قاچك، کارگ، جۆرە فیترياتێکە لەزەوی دەدرێ پاك دەکرێ‌و دەکوڵێندرێ‌و دەخورێ.

الكَمَّاءُ: قاچك فرۆش ٥ قاچك چن.

المَكْمَأُ: شوێنێك کارگی زۆر بێ.

الكُمْبيالة: کومپیالە (قەوالّە).

كَمَتَ الفَرَسُ كماتَةً وكَمَتَةً: ئەسپەکە ڕەنگی شێ بوو (ڕەنگی لەنێوان ڕەش‌و سوردایە).

اكمت الفرسُ: ئەسپەکە ڕەنگی شێ بوو.

كَمَّتَ الثَّوْبَ: قوماشەکەی بەڕەنگی سوری مەیلەو ڕەش ڕەنگ کرد.

إكْمَتَّ الفَرَسُ: بەمانا (أكمت) دێ.

الكُمْتَةُ: ڕەنگی ڕەش ڕەنگی سووری تێکەڵاو بووبێ.

الكُمَيتُ: ئەسپێکە ڕەنگی لەنێوان ڕەش‌و سوردایە.

كَمْثَرَ: بەشێوەی شەقاو هاویشتنی کورت ڕۆییشت.

كَمْثَرَ الشيءَ: شتەکەی پرکرد.

كَمْثَرَ القِرْبَةَ: دەمی کوندەکەی بەبەنەکە بەست.

الكُمَّثْرى: درەختێکی بەردارو گوڵدارە زۆر جۆری هەیە پێشی دەگوترێ: (الإجاص).

كَمَحَ الدَّابَّةَ باللجامِ كَمْحاً: جڵەوکێشی ولاّخەکەی کرد ٥ جڵەوی ولاّخەکەی

بۆ دواوە تونـد کرد بۆئەوەی بەخێرایی نەڕوا یان بیوەستێنێ یان سەری بەرز بکاتەوە.

اکْمَحَ الکَرْمُ: دارمێوەکە پۆخی کـردو خەریکە گەلا بکا.

اکْمَحَ الدَّابَّةَ: جلەوکێشی ولاخەکـەی کرد.

اُکْمِـحَ فـلان: فلانکـەس بـەهۆی تەڕدەماخییەوە سەری بەرزکردەوە.

الکامِحُ: ئـەو کەسـەی ئەسپو ولاخـە بـەرزە ڕام دەکـا بـۆ سـواربوونو بارهـەلگرتنو جـوتکردن ◊ (ك: کَمَحَةٌ).

الکَـوْمَحُ: کەسێکە ددانـی دەمـی پـڕ دەکـەن، بـەجۆرێك ناتوانـێ لەسـەر خـۆ قسە بکـاو بـدوێ ◊ دەگـوترێ: (فَمٌ کـومح) دەمێکـە پـڕە لـەددانی گـەورە ◊ (رجـل کَـوْمَحٌ) پیاوێکـە سمتی گەورەن.

کَمَـخَ بانفه کَمْخاً وکماخاً: لوتبـەرزی نواند، فیزی کرد.

کَمَـخَ الفَـرَسَ باللجـام: جلەوکێـشی ئەسپەکەی کرد.

اکْمَخَ الرجلُ: پیاوەکە لوتبەرزی نواند فیزی کرد، خۆی بەزل زانی.

اکْمَخَ الکرمُ: دارمێوەکە پـۆخی کـردو خەریکە گەلا بکا.

الکـامَخُ: پێخـۆر، یـان ترشـو زەلاتـەو شـتی وا کـە ئیـشتیهای خـواردن دەکەنەوە ◊ (ك: کوامِخ).

کَمَدَ لونه کَمَداً: ڕەنگی گـۆڕاو ڕەونـەقی نەما ◊ (فهو کامِدٌ).

کَمِدَ القَصّارُ الثوبَ کَمداً وکمـوداً: جل شـۆرەکە کراسـەکەی بـەکوتکی جـل شۆرین کوتا ◊ (فهو کامِدٌ).

کَمِدَ فلاناً: پەڕۆی گەرمی لەسەر شوێنی هاوسـاوی فلانکـەس دانـا بۆئـەوەی نازارەکەی لابەرێ.

کَمِدَ الشَّیْئُ کَمَداً: ڕەنگی گۆڕا.

کَمِـدَ الرجلُ: پیاوەکـە خـەمو خەفـەتی خـۆی شـاردەوە ◊ یـان زۆر خەفـەتبار بوو.

اکْمَدَ الحُزْنُ فلاناً: فلانکەسی غـەمبار کرد.

اکْمَدَ القَسّالُ او القَصّارُ الثوبَ: جل شۆرەکە یان جل کوتەکە کراسەکەی باش پاك نەکردەوە.

اکْمَـدَ العُـضْوَ: ئەنـدامی جەسـتەی بەپەڕۆی گەرمکراو داخ کرد.

کَمَّدَ العُضْوَ: بەمانا (أکْمَدَهُ) دێ.

الکِمـادُ والکِمـادَةُ: پەڕۆیەکـە گـەرم دەکـرێو لەسـەر شـوێنی هاوسـاو دادەنرێ.

الکُمْـدَةُ: گـۆڕانی ڕەنـگو نـەمانی ڕەونەقی.



مكواة
كير
كوب
كمنجة
كلبتان
كلبتان
كمّاشة
كوفيّة
إكليل
كعب أو مكعّب
كمام
كنانة
كلية
إكليل دائريّ
ش
كفّ
كور
مكنسة
كفل الدابّة
كعب
كمأة
كينا
كافور
كستنة الحصان
كاكاو
كاميليا
كوكة
كستنة
إكليل الجبل
كاكي
إكليل الملك
كشمش
كوسا
كشوث
كولان
كولة
أنكليس
كسّون
كندور
كلب
كلب الماء
كناريّ

الكِمْـرُ مـن البـسر: خورمایەکـە بەدارەکەیـەوە شـیرین نـەبوێ بەڵکوو کەوتبێتە خوارەوەو لەسەر گڵ شیرین بووبێ.

كَمَزَ الشَّيْئَ كَمْزاً: شتەکەی لەناو دەستی دا خڕهەڵدا ◊ دەگوترێ: (كمز العجينَ) هەنگوتکە هەویرەکەی خڕهەڵدا.

الكُمْـزَةُ: هەرشتێك بەسـەری پەنجـە هەڵبگیرێ ◊ پارچە خورمای پێکەوە نووسـاو، گرمۆڵـە کـراو ◊ کۆمەڵـە لبـو گڵ.

كَمَسَ كموساً: گرژ بوو.

كَمَشَ الزاد كَمْشاً: تێشوەکە تەواو بوو.

كَمَـــشَ فلانـــاً بالـــسيف: ئەنـــدامی فلانکەسی بەشمشێر بڕین.

كَمِشَ في امره كَمَشاً: لەکردنی کارەکەیدا پەلـەی کـردو سـووربوو لەسـەر ئەنجامدانی.

كَمُـشَ في السير وغيره: لـە ڕۆیشتن دا پەلەی کرد.

كَمُشَ الرجلُ: پیاوەکە نازاو چاونەترس بوو ◊ (فهو كميش).

كَمُـشَت المـرأةُ: ئافرەتەکـە مـەمکی بچوك بوون.

كَمُـشَت الناقـةُ: حوشـترەکە گـوانی بچوك بوون.

اكْمَشَ في السير وغيره: لە ڕۆیشتن دا پەلەی کرد ◊ دەشگوترێ: (أكْمَـشَهُ) پەلەی پێ کرد.

كَمَّـشَ الحـادي الإبـلَ: حوشـترەوانە گۆرانی بێژەکە (حودیـە خوێنەکـە) دەنەدەنی حوشترەکانی دا بـۆ خێـرا ڕۆیشتن.

كَمَّشَ فلاناً: پەلەی لەفلانکەس کرد.

كَمَشٌ ذَيْلَهُ: داوێنی هەڵکردن.

إنْكَمَشَ الفَرَسُ في سَيْرِه: نەسپەکە لە ڕۆیشتن دا پەلەی کرد.

إنْكَمَشَ الجلدُ: پێستەکەی گـرژ بـوو وێکهاتەوە.

تَكَمَّشَ: بەمانا (إنْكَمَشَ) دێ.

الأكْمَشُ: کەسێك چاوی نەبینێ ◊ قاچ کورت.

الإنكِمـاش: کـەمبوونی پـارە لـەناو بـازاڕدا ◊ (کـەمبوونی سـیولەی نەقدی).

الكَمْشُ: گوانی بچوك و کورت.

الكَمْشَةُ من الإناث: مێینـەی گـوان بـچوك (مـەمك چـکۆلە) (خُـصْيَة كمش) گونکورتو گون بچکۆلە.

الكَمَّاشَةُ: گاز کە بزمارو شتی وای پێ دەردەهێنـدرێ.

الكمـيشُ (رجـل كمـيش الإزار): پیـاوێکی داوێـن هـەڵکراو، چـاك و

دامێن هەڵگراو، دڵسۆزو جێدی لە ئیشکردن دا.

كَمَعَ فِي الإِناءِ كَمْعاً: دەمی خستە ناو قاپە ناوەکەو دەمی تێناو ئاوی خواردەوە.

كَمَعَ الرجلُ وغيرُه في الماءِ: پیاوەکە چووە ناو ئاوەکە.

كَمَعَتْ الدَّابَّة: ولاخەکە بەهێواشی و لاوازیی ڕۆیی.

كَمَعَ قَوائِمَ الدابة: قاچی ولاخەکەی بڕیەوە.

كامِعَ المرأةَ: ئافرەتەکەی خستە لای خۆی و پاراستی.

الكِمْعُ: ڕاکشاوو پاڵکەوتوو ◊ دەگوترێ: (فلان في كِمْعِهِ) فلانکەس لەناو ماڵی خۆی دا ◊ زەوییەك چواردەوری بەرزبێو ناوەڕاستی نزم بێ ◊ ئەملاو ئەولای دۆڵو شیو.

الكمعُ: پیاوی بێ هەڵوێست.

الكميعُ: ڕاکشاوو پاڵکەوتوو ◊ دەگوترێ: (بات السيف كميعى).

المُكامِعُ: کەسێك زۆر لێت نزیك بێو ئاگاداری هەموو شتێکت بێ.

كَمْكَمَ الشَّيْئَ: شتەکەی شاردەوە.

تَكَمْكَمَ في ثيابِه: بەپۆشاکی خۆی خۆی داپۆشی.

الكَمْكامُ: پیاوی کورتەبالای تێکسمڕاو ◊ تووڕەڵی دارمبەن.

كَمَلَ الشَّيْئَ: شتەکەی تەواو کرد.

إِكْتَمَلَ الشَّيْئُ: شتەکە تەواو بوو.

تكامَلَ الشَّيْئُ: وردە وردە شتەکە تەواو بوو.

إِسْتَكْمَلَ الشَّيْئَ: شتەکەی تەواو کرد.

التكامُلُ في الاقتصاد: بریتییە لە کۆبوونەوەی چەند جۆرە بوارێکی نابووری لە ولاتێك دا و تەواوکەرو هاریکاری یەکتر بن بۆ مەبەستی سەرەکی ئەو ولاتە.

التَّكْمِلَة: تەواوکەری شتی تر.

الكامِلُ من الرجال: کەسێکە ڕەوشتی بەرزی تێدابن ◊ هەروا ناوە بۆ بەحرێکی عەروزی شیعر کە کێشەکەی شەش جار (متفاعلتن)ە.

الكَمَلُ: بەمانا (الكامِل) دێ ◊ دەگوترێ: (أعطاه حقه كَمَلاً).

المِكْمَلُ: پیاوێك ڕەوشتی خێر یان هی شەڕی زۆر تێدابن.

كَمَّ الناسُ كمّاً وكموماً: خەڵکەکە کۆبونەوە.

كَمَّ الشَّيْئُ كمّاً: شتەکەی داپۆشی پەردەی پێدا دا.

كَمَّ الدنّ: سەری کوپەکەی بەست، گرتی.

كَمَّ الشهادَةَ: شایەتییەکەی شاردەوە.

كَمُّ البَعيرَ: دەمی حوشترمکەی بەست ٥ دەمبێنی لەسەر دەمی حوشترمکە دانا.

اكَمَّت النخلة: دارخورماکە پۆخی کردو خەریکە بەرسیلەی دەربکەوێ.

اكَمَّ قَمِيصَهُ: دوو قۆڵی بۆ قوماشەکە دروست کرد.

كَمَّمَ النَخْلَةَ: بەمانا (أكَمَّت) دێ.

كَمَّمَ الشَّيْئَ: شتەکەی داپۆشی، زارکی بەست.

كَمَّمَ النخلة: خورماکەی داپۆشی بۆئەوەی پێ بگاو شیرین بێ.

كَمَّمَ الدَّن ونحوه: کوپەکەی داپۆشی، زارکی هاخنی ٥ زارکی کوپەکەی سواخ دا، قوڕ بەستی کرد.

كَمَّمَ فَمَ الحيوان: دەمبێنی کردە دەمی ئاژەڵەکە.

كَمَّمَ القَميصَ: قۆڵو فەقیانەی بۆ کراسەکە دروست کرد.

تكَمَّمَ بثيابه: بەپۆشاکەکەی خۆی داپۆشی.

الكِمامُ: ئەو شتەیە دەکرێتە دەمی حوشتر وەکوو لغاو و دەمبێن بۆئەوەی شتی بۆ نەخورێ ٥ یان نەتوانێ گازبگرێ ٥ مێش رەتێن؛ شتێکە کونکونەو لای خواروی ڕیشاڵ ڕیشاڵە دەکرێتە سەری ولاخ بۆئەوەی مێشو مەگەز لەخۆی دوورببخاتەوە.

الكِمامَةُ: بەمانا (الكِمامُ) دێ ٥ پۆخی هێشوە خورما ٥ پەردەی غونچە ٥ ئەو مێش ڕەتێنەی دەکرێتە سەروی لوتی گوێدرێژو حوشتر بۆئەوەی مێشو مەگەز نەتوانن ئازاریان بدەن ٥ (ك: كمائم).

الكُمُّ: قۆڵی کراسو کەواو پاڵتۆ کەدەستی لێوە دێنەدەر ٥ (ك: أكمام وكِمَةٌ) ٥ (كَمُّ السَبُع) پەردەی سەر نینۆکی درندەو شتی وا ٥ (كَمُّ النّور) پەردەی غونچە ٥ (ك: أكمام) ٥ (أكمام النخلة) پەردەی جوماری خورما ٥ لقو پرژو پاڵی دارخورما.

الكَمُّ: ئەندازەی شت.

الكِمُّ: جۆرو تەرزەی داری بەردار پەردەی پۆخی خورما پەردەی غونچە ٥ (ك: أكمام).

الكُمَّةُ: هەرشتێك شتێکی تر داپۆشێو ببێتە پەردە بۆی ٥ کلاو و مێزەرو عەگاڵو فێسو شتی وا.

الكَمِّيَة: چەندییەت.

المِكَمُّ: مالماڵو شتی وا کە دوای کێلان زەوی پێ تەخت دەکرێ.

كَمَنَ في المكان كموناً: لەشوێنەکەدا خۆی حەشاردا.

كَمَنَ له: لەحەشارگەیەك دا خۆی حەشار دا کەکەس پێی نەزانێ.

كَمَنَتِ الناقةُ لقامها: حوشترەکە کەلگرتنی نەپێنی بوو ◊ بەنهێنی کەلی گرت.

كَمِنَتْ عَيْنُهُ كُمْنَةً: چاوی بەهۆی نەخۆشییەوە تاریك بوو.

اكتَمَنَ: خۆی شاردەوە.

الكمّون: ڕوەکێکی کشتوکاڵی و سااڵنەیە تۆوەکەی دەکرێ بەداو و دەرمانی کێشت.

الكُمْنَةُ: تاریکییەکە بەسەر چاودا دێ بەهۆی نەخۆشییەك کە توشی ڕەگی چاو دەبێ.

الكَمِينُ: کۆمەڵێك لە شەڕکەرو پێشمەرگە خۆ حەشار دەدەن بەهیوای ئەوەی فرسەت لە دوژمن بێنن و زەبری کوشندەی لێ بدەن ◊ چەواشەکاری و تەم و مژاوی ئیشێك سەرەگوریسەکانی نەزاندرێن ◊ دەگوترێ: (هذا أمر فيه كمين) ئەم کارە چەواشەکاری تێدایە و نازاندرێ چۆنەو چۆن نیە.

المَكْمَنُ: حەشارگە کە خۆی تێدا حەشار بدەی.

الكَمَنْجَةُ: کەمانچە ◊ (الكَمَانُ) هەر بەمانا کەمانچەیە.

كَمِهَ النهارُ كَمَهاً: ڕۆژێکی تەپ و تۆزاویی بوو.

كَمِهَتِ الشمسُ: خۆر بەری گیرا تەپ و تۆز بەری گرت و دیار نەما.

كَمِهَ الرجلُ: پیاوەکە کوێر بوو شەو کوێر بوو ◊ (فهو أكمه وهي كمهاءُ)، دەگوترێ: (كَمِهَ بصره) چاوی نابینابوو.

كَمِهَ: عەقڵی نەما ◊ ڕەنگی گۆڕا ◊ سەرسام بوو ◊ ڕاڕا بوو.

تَكَمَّه في الأرض: بەناو زەوی دا وێڵ و سەرگەردان بوو نەیزانی ڕو لەکوێ دەکاو بۆ کوێ دەچێ.

الأكمه (كلاً أكْمَهُ): لەوەڕەکە زۆرە نازانی دەست بەکوێی بکەی.

الكامِهُ: کەسێك سەری هەڵگرێ و بێ مەبەست بکەوێتە گەڕان.

الكَمَهُ: کوێری زکماك.

المُكَمَّهُ: کەسێك چاوی پێکەوە نووسابن و نەکرێنەوە.

إكْمَهَدَّ الرَّجُلُ: پیاوەکە بەهۆی پیریی و کەنەفتییەوە لەرزی.

إكْمَهَدَّ الفرخُ: بێچووەکە شێوە لەرزین و شەپلەیەکی توش بوو ◊ لەکاتێك دا باوك و دایکەکەی خواردنیان پێدا.

كَمْهَلَ: جل و پێداویستی خۆی پێچایەوە و خۆی ئامادە کرد بۆ سەفەر.

كَمْهَلَ علينا: مافی خۆمانی لێ زەوت کردین.

كَمْهَلَ الحديثَ: قسەکەی شاردەوە، چەواشەی کرد.

المُكَمْهَلُ: لۆکە لەو کاتەدا تۆومکەی تێدایە.

كَمَى إليه كَمْياً: لێی چووە پێش.

كَمَى نَفْسَهُ: بەزرێ خۆی پاراست زرێی لەبەر کردو کلاو حوزەی خستە سەر سەری ٥ (فهو كامٍ).

كَمَى الشهادةَ: شایەتیەکەی خۆی شاردەوە.

كَمَى فلاناً ما في ضميره: ئەوەی لەدڵی دا بوو ناشکرای نەکرد.

اكْمَى فلانٌ: پاڵەوانی سوپای کوشت.

اكمى مَنْزِلَهُ: مالو مەنزڵی خۆی لەخەڵکی شاردەوە.

اكْمَى الشهادةَ: شایەتی شاردەوە.

اكْمَى على الأمر: سوربوو لەسەر کارەکە.

إكْتَمَى: خۆی شاردەوە.

إنْكَمَى: خۆی شاردەوە، خۆی پەنادا.

تَكَمَّى في سلاحه: بەچەکو زرێ خۆی پۆشی.

تَكَمَّى الشَّيْئَ: شتەکەی داپۆشی.

تَكَمَّى الفِتَنُ القَوْمَ: فیتنەو ناشوب هەموو خەڵکەکەی داگرت.

تَكَمَّى قِرْنَهُ: چوو بەرەو ڕوی ڕکابەرەکەی.

تَكَمَّى البطلُ القومَ: پاڵەوانەکە زرێپۆشی ئەوانی کوشت.

الكَمِيُّ: چەك پۆش چەك لەخۆبەست ٥ پیاوی ئازاو چاو نەترس ٥ (ك: أكماء).

كَنَبَ فلان كنوباً: دوای هەژاری دەوڵەمەند بوو.

كَنَبَ الشَّيْئُ: شتەکە پتەو و ئەستور بوو.

كَنَبَ الشَّيْئَ في جرابه: شتەکەی کۆکردەوەو خستیە هەمبانەکەیەوە.

كَنَبَتْ يده من العمل كَنَباً: دەست پتەو و زبر بوو.

اكْنَبَ الشَّيْئُ: شتەکە پتەو بوو (فهو مُكْنَبٌّ و مُكْنَبٌ) ٥ دەگوترێ: (أكْنَبَت اليدُ) دەستەکە پێستی ئەستورو پتەو بوو بەهۆی کارکردنی گرانو ناخۆشەوە.

اكْنَبَ عليه بطنُهُ: گەدەی تونبوو.

اكنَبَ عليه لسانه: زمانی گیرا.

الكانِبُ: کەسێك تێرو پڕ بێ.

الكِنابُ: لقە دارخورما.

الكَنْبَةُ: سەکۆیەکە، قەنەفەیەکە دۆشەكو شتی وای لەسەر ڕادەخرێو جێگای زیاد لەنەفەرێك دەبێتەوە.

الكَنيبُ: داری وشك یان ئەو وشكەڵو چڵو چاڵەی لەدرەخت دەكەوێتە خوار.

الكِنْبارُ: حەبلی دروستكراو لەتوێكڵی دار نەرجیل.

الكِنْبَرَةُ: نەرمایی لوتی گەورە.

كَنَتَ فلان فِي خلقه كَنْتاً: فلانكەس لەجەستەو قەبارەدا زەلامو كەتەبوو.

كَنِتَ السقاءُ كَنَتاً: مەشكەكە یان تەنكییەكە چڵكی ماستو شتی وای پێوە بوو پێیەوە رەق بوو بۆنی كرد ◊ (فهو كنيت وقنيت).

إكْتَنَتَ الرَّجلُ: پیاوەكە ملكەچ بوو، رازی بوو.

الكُنْتِيُّ: بەهێزو بەتوانا ◊ پیاوی پیرو بەسالاچوو، لەم رووەوە لەقسەكردنو گێڕانەوەی ڕابردوی خۆی وشەی (كُنْتُ) زۆر بەكاردێنێ.

الكَنْتَيْنُ: شوێنێكە شەراب و خۆراكی تێدا دەفرۆشرێ وەكوو حانووتی قوتابخانەو خواردنگەكان.

كَنَدَ الشَّيْئَ كَنداً: شتەكەی بڕیەوە.

كَنَدَ النِّعْمة كنوداً: بڕوای بەنازو نیعمەتە جۆراو جۆرەكانی خودا نەبوو ◊ (فهو وهي كنود).

الكِنْدَةُ: پارچەیەك لەكێو.

الكنود: سپڵەو پێنەزان بەرامبەر نیعمەتەكانی خودا ◊ گەیەكەر لەخودا ◊ باسی نەخۆشیو كەمو كوڕییەكانی ژیانی دەكاو نیعمەتەكانی خودا لەبیر دەكا ◊ ڕژدو چروك ◊ یاخی بوو لەخودا ◊ زمویەك هیچی لێ نەڕوێ.

الكَنَادِرُ من الرجال: پیاوی كوڵەبنەو خەپەتوێلە ◊ كەرمكێوی بەهێزو قەڵەو و بەخۆوە ◊ دەگوترێ: (حمار كُنادِرُ).

الكِنْدارَةُ: جۆرە ماسییەكە دوگی هەیە.

الكُنْدُرُ: بەمانا (الكَنادِرُ) دێ ◊ دەگوترێ: (فيان كنادِرة) كۆمەڵە مرۆڤێكی كوڵەبنەو كورتەباڵا.

الكُنْدورَةُ: زەوی ڕەقو پتەو و بەرزەومبوو ◊ هێلانەی بازو هەڵۆ كەلەدارو چیلكە دروست دەكرێ.

كَنَزَ فلان: فلانكەس كەتەو ناقۆڵابوو.

الكُنَّارُ: درەختی سیدر؛ درەختی نەبگ.

الكَنَّارِيّ: كەناری؛ جۆرە چۆلەكەیەكە دەنگ خۆشو جوانكیلەیە.

الكِنَّارَةُ: عود یان دەفو تەپڵ یان تەنبور.

كَنَزَ المالَ كَنْزاً: ماڵو پارەوپولەكەی ژێر خاك كرد ◊ كۆی كردەوەو هەڵی گرت ◊ (فهو كانز وكتاز).

كَنْزَ الشَّيْئَ: شتەکەی پێچایەوە، پەستاوتی ٥ لەزەوی دا شاردیەوە.

كَنَزَ الإناءَ: قاپەکەی پڕکرد ٥ باش پڕی کرد.

إكْتَنَزَ الشَّيْئَ: شتەکە کۆبۆوە، پتەو بوو ٥ دەگوترێ: (هذا الكتاب مكتنز الفوائد).

إكْتَنَزَ المالَ: مالەکەی پەزمەندە کرد.

تَكَنَّزَ اللَّحمُ: گۆشتی کۆبۆوەو پتەو بوو.

الكَنازُ: کاتی خورما هەلگرتنو کەبسکردنی.

الكِناز: کۆبوونەوەی گۆشتو قەڵەو بوون ٥ دەگوترێ: (جا به كناز).

الكَنْزُ: مالّو سامانی شاردراوە لەژێر گڵ دا ٥ گەنجینەو قاسە شوێنی مالّ تێدا هەلگرتن.

كَنَسَ الظَّبْيُ كَنْساً: ناسکەکە چووە کۆزەو لانەی خۆیەوە.

كَنَسَت النجومُ كنوساً: ئەستێرەکان بەردەوامبون لەگەڕانو سوڕانەوەی خۆیانو سەرلەنوێ گەڕانەوە بەڕێڕەوی خۆیان دا ٥ (الجواري الكنس) ئەستێرە گەڕۆکەکان، یان هەموو ئەستێرەکان.

كَنَسَ المكانَ كَنْساً: شوێنەکەی مالّی هەرچی زبلّو زاڵی بلاّوەبوو هەمووی مالّی ٥ دەشگوترێ: (مَرّوا بهم فكنسوهم) بەلایان ڕۆیشتنو لەبێخ دەریان هێنان.

كَنَسَ في وجه فلان: گاڵتەی بەفلاّنکەس کرد ٥ دەشگوترێ: (كنس ألفه) لوتی هەڵقرپنجاندو گاڵتەی پێ کرد.

إكْتَنَسَ الظبيُ: ناسکەکە چووە کۆزو لانەی خۆیەوە.

تَكَنَّسَ الرجلُ: پیاوەکە خۆی شاردەوە.

تَكَنَّسَت المرأةُ: ئافرەتەکە چووە کەژاوەوە.

تَكَنَّسَ الظبيُ: ناسکەکە چووە کۆزەوە.

الكِناسُ: شوێنی چونە ناو دەرەخت کە ناسک خۆی تێدا حەشار دەداو دەیکاتە کۆزو لانەی خۆی ٥ (ك: كُنُس وأكنسة).

الكُناسَةُ: شوێنی فڕێدانی پیسیو زبلّو زاڵ.

الكَنّاسُ: کەسێک پیشەی شوێن مالّینو شەقامو کۆلاّن پاککردنەوە بێ.

الكَنيسُ: پەرستگای جولەکە.

الكَنيسةُ: کەنیشتە، عیبادەتگای جولەکەو گاور ٥ جۆرە کەژاوەیەکە بەسادەیی دروست دەکرێ بەمجۆرە

چەند دارێك لە كورتانی وڵاخەكە دەچەقێندرێن‌و پارچە قوماشێكیان پێدا دەدرێ بۆئەوەی سێبەر لە سوارەكە بكاو بیشارێتەوە ٥ (ك: كنائس).

المَكْنَسُ: مۆڵگەو كۆزو لانەی حەیوانە كێوی‌و ئاسك‌و گاكێوی لەكاتی گەرما.

المِكْنَسَةُ: گەسكە؛ ئامێری شت ماڵین.

كَنَشَ الكِسَاءَ كَنْشاً: قەراخ‌و بێجاخی قوماشەكەی هەڵپێچان.

كَنَشَ السِّواك الخَشِنَ: سەری سیواكە زبرەكەی نەرم كرد.

الكِنْشاءُ: پیاوی موگرژی ڕوخسار ناشیرین.

الكُنَّاشَةُ: بنكی شتێك كە لق‌و پۆپی لێ ببنەوە ٥ كۆمەڵە پەڕەكاغەز كە پێكەوە دەبەسترێن‌و وردە زانیاری جیاجیایان تێدا تۆمار دەكرێ.

كَنَظَهُ الأمْرُ كَنْظاً: كارەكە ناڕەحەتی كرد تا گەیاندیە گیانەڵاو.

الكُنْظَةُ: تەنگەبەری.

كَنَعَ الشَّيْئَ كَنْعاً وكنوعاً: شتەكە وێكهاتەوە چرچ‌و لۆچ بوو وشك هەڵات.

كَنَعَ العُقابُ: داڵاشەكە باڵی شوش كردن بۆ پەلاماردان‌و پڕدانی نێچیر ٥ (فهي كانعة).

كَنَعَ النجمُ: ئەستێرەكە مەیلی ئاوابوونی كرد ڕوەو ئاوابوون ڕۆیی.

كَنَعَ الأمْرُ: كارەكە نزیك بوو.

كَنَعَ فلان: فڵانكەس سەری شۆڕكرد بەهۆی عەیبەو لەكەدارییەك كەبەسەر شانی دا هاتبوو ٥ فڵانكەس لە كاتی سواڵكردن‌و دەست پانكردنەوە لەخەڵك زۆر خۆی بێ ڕێز كردو خۆی بچوك كردەوە ٥ (فهو كانع).

كَنَعَ عن الأمر: لەكارەكە ترساو لێی ڕاكرد.

كَنَعَ عن الطريق: لە ڕێگاكە لای دا.

كَنَعَ في الشَّيْئ: تەماعی كردە شتەكە.

كَنَعَ المِسْكُ بالثوب: میسكەكە بە قوماشەكەوە نووسا یان لەسەری كۆبۆوە.

كَنِعَ الشَّيْئُ كَنَعاً: شتەكە پێوەی نووساو دەوامی كرد ٥ وشك بۆوەو گرژ بوو.

كَنِعَ فلان: بەرەو دەم بەسەر چەناگەی دا كەوت ٥ (فهو كِنِعٌ) ٥ یان فڵانكەس جەستەی توشی شەلەل‌و ئیفلیجی بوو (فهو أكنع وهي كنعاء).

اكْنَعَت العُقابَ: داڵاشەكە باڵی شوشكردن بۆ پەلاماردان‌و پڕدانی نێچیر.

اكنَعَ فلان: فڵانكەس بۆ شتەكە زۆر خۆی زەلیل‌و داماو كردو ملكەچی نواند ٥ یان سواڵی شتەكەی كرد.

أكْنَعَ الإبلَ إليه: حوشترەكانی لەخۆی نزیك كردنەوە.

أكْنَعَ أصابِعَهُ أو يَدَهُ: لەپەنجەی دا یان لەدەستی دا وشكەڵ بوونو گرژ بوون.

كَنَّعَ عن الشَّيْءِ: لەشتەكە لای دا.

كَنَّعَ أصابعه أو يده: بەمانا (أكنعها) دێ.

كَنَّعَ فلاناً: لەسەری فلانكەسی دا.

كَنَّعَ فلاناً بالسيف: بە شمشێر لە فلانكەسی دا تامەچەكی خوار بوون.

إكْتَنَعَ القوم: خەڵكەكە گردبوونەوە.

إكْتَنَعَ الليلُ: شەو نزیك بۆوە.

إكْتَنَعَ عليه: بەزەیی پێدا هاتەوە.

تَكَنَّعَ فلان: فلانكەس خۆی قایم كرد چووە ناو قەڵاو شوراو دژەوە.

تَكَنَّعَت يداه ورجلاه: دەستو قاچی بەهۆی برینو شتی واوە گرژ بوون و وشك هەڵاتن.

تَكَنَّعَ مني: لێم نزیك بۆوە.

تَكَنَّعَ به: خۆی پێوە هەڵواسی.

تَكَنَّعَ الأسيرُ: دیلەكە خۆی گرمۆڵە كردو خۆی وێكهێنایەوە.

الأكْنَعُ: كەسێك هەردوو دەستی برابن ٥ كارێك كەمو كوڕی تێدابێ.

الكانِعُ: كەسێك خۆی ملكەچو زەلیل بكاو رێزی خۆی نەگرێ ٥ (رجل كانِعٌ) پیاوێكە بەخۆی و ژنو منداڵیەوە بچێتە لای یەكێكی ترو داوای یارمەتی لێ بكاو زۆر بپارێتەوە.

الكِنْعُ: نەو ناوەی لەدامێنی كێو لە گۆماودا بمێنێتەوە.

الكنيع: كەسێك لە رێبازێكەوە لابدا بۆ رێبازێكی تر ٥ دەست شكاو ٥ برسیایەتی زۆر ٥ (رجل كنيع) پیاوێكی گرمۆڵە بوو، خرپبۆوە.

المكنوع: دەست قرتاو، دوودەست براو.

كَنَفَ الكيّالُ كَنْفاً: پێومرەكە دەستی بەسەر نامێری پێوانەكە دا گرت بۆنەوەی شتە پێوراوەكە نەكەوێتە خوار.

كَنَفَ القومُ: خەڵكەكە متاڵو سامانی خۆیان شاردەوەو هەڵیان گرت لەترسی قاتو قڕی.

كَنَفَ عن الشَّيْءِ: لەشتەكە لای دا ٥ (فهو كانف).

كَنَفَه عنه: لێی گرتەوە، لێی قەدەغە كرد.

كَنَّفَ الشَّيْءَ: شتەكەی پاراستو پارێزگاریی كرد ٥ دەگوترێ: (فلان

مخذول لا تكنفه من الله كانِفة) فلانكەس ڕیسوایەو هیچ شتێك نیە پارێزگاریی لێ بكاو نەهێڵێ حەیای بچێ.

كَنَفَ فلان وبفلان: فلانكەسی لە خۆگرتو كردی بەیەكێك لەماڵو منداڵی خۆی.

كَنَفَ يَدَهُ: دەستی خۆی كردە لوێچ، دەستی خۆی كۆكردەوە بۆئەوەی ئاو و شتی وای تێدا بوەستێ.

كَنَفَ الكنيفَ كَنْفاً وكنوفاً: كۆختەو حەشارگەی دروست كرد.

كَنَفَ الدارَ: ئاودەستی بۆ خانووەكە دروست كرد.

كَنَفَ الإبلَ والغَنَمَ: تەوێلەو گەورو ئاغەڵی بۆ حوشترو مەڕو بزنەكان دروست كرد بۆئەوەی لەسەرماو گەرما بپارێزرێن.

كَنَفَ لإبله: ئاغەڵی بۆ حوشترەكان دروست كرد.

اكْتَنَفَ الشَّيْئَ: شتەكەی پاراستو هەڵی گرت.

اكْتَنَفَ فلاناً: یارمەتی فلانكەسی دا بۆ دابینكردنی پێداویستییەكانی.

اكْتَنَفَه الصَّيْدَ والطَّيْرَ: یارمەتی فلانی دا بۆ نێچیر كردنی نێچیرو باڵندەكە.

كانَفَهُ: یارمەتی دا.

كَنَّفَ الشَّيْئَ: دەوران دەوری شتەكەی دا.

تَكَنَّفَهُ: بەمانا (إكْتَنَفَهُ) دێ.

الكانِفَة: پەردەو پەناگەو حەشارگەو شوێنی حەوانەوە ◊ دەگوترێ: (إنْهَزَمَ القوم فما كانت لهم كانِفَة).

الكُنَافَةُ: جۆرە حەڵوایەكە لەهەویری گەنم دروست دەكرێ لەسەر شێوەی تاڵتاڵو هەودا هەودا لەناو ڕۆن دا سور دەكرێتەوە، دوایی شەكری پێوە دەكرێ بەزۆری لەمانگی ڕەمەزان دا دەخورێ.

الكَنَفُ: پەنا شت ◊ سێبەر ◊ (ك: أكناف).

كنَفا الرَّجُل: باوەشو كۆشی پیاو ج له ڕاستەوە ج لەچەپەوە.

كَنَفَ الطائر: باڵی باڵندە ◊ (كنف الله) ڕەحمەتو پارێزگاری پەروەردگار.

الكِنْفُ: هەر كیفو پەردەیەك پارێزگاری شتی تر بكا.

كِنْف الراعي والصانع والتاجر: ئەو مەخزەنو گەنجینەی پیشەوەرو بازرگان شتی خۆیانی تێدا هەڵدەگرن.

الكَنَفاني: حەڵواچی، دروستكاری حەڵوا بان فرۆشیاری ◊ حەڵوافرۆش.

الكَنُوفُ: حوشتر كە خۆ بغاتە ناو حوشترێ تر ەوە لەسەرما ◊

حوشترێك له حوشترى تر كەنارگير ببێو بەتەنيا لە ئاغەڵى خۆى دا پاڵ بكەوێ ◊ مەڕو بزنى تار بوو لەڕانە مەڕ.

الكنيف: پەردە ◊ مەتاڵو دێوجامە ◊ ئەو دیكۆرو سەردەرانەى لەسەر دەرگاى مەدخەڵى خانوو دروست دەكرێ ◊ تەوێلەو ئاغەڵ كە بۆ حوشترو مەڕو بزن دروست دەكرێ ◊ ئاودەست.

المُكَنَّفُ: (رجل مُكَنَّف اللحية) پیاوێكى ڕیش پانو زلە.

كَنْفَشَ: كابرا لەماڵى خۆى دانیشت لە ڕۆژانى شەڕو هەراو فیتنەو ئاشوب دا ◊ لاشەوێلەى هاوسا.

كَنْكَنَ فلان: فلانكەس هەڵات ◊ تەمبەڵو تەوەزەل بوو لەماڵى خۆى دانیشت.

الكُنْكانُ: كۆنكەن، جۆرە پارییەكى كاغەزە.

كَنَّ الشَّيْئَ كنوناً: خۆى حەشاردا.

كَنَّ الشَّيْئَ: شتەكەى پەردەپۆش كرد ◊ دایپۆشى.

اكَنَّ الشَّيْئَ: شتەكەى شاردەوە.

كَنَّنَ الشَّيْئَ: بۆ زێدەڕۆیى لەمانای (كَنَّ) دا دێ.

إكْتَنَّ الشَّيْئُ: شتەكەى خۆى حەشاردا ◊ خۆى داپۆشى ◊ چووە پەردەوە ◊ دەگوترێ: (إكْتَنَت المرأةُ) ئافرەتەكە ڕوخسارى خۆى داپۆشى.

إكْتَنَّ الشَّيْئَ: شتەكەى پەردەپۆش كرد.

إسْتَكَنَّ: شتەكەى خۆى داپۆشى، چووە پەردەوە خۆى حەشاردا.

الكانون: ئاگردان ◊ پیاوى كەتەو ڕەزاگرانو ورگ زل ◊ كەسێك دابنیشێ چاوەڕێى هەواڵ بكا بۆئەوەى بیبیسێو لێكۆڵینەوەى تێدا بكاو بیگوازێتەوە ◊ (ك: كوانین).

كانون الأول: مانگى دیسەمبەرە ◊ (مانگى دوانزە).

كانون الثاني: مانگى یەنایەرە ◊ (مانگى یەك).

الكِنان: پەردە ◊ هەرشتێك شتێكى تر دابپۆشێو پارێزگارى بكا.

الكِنانَةُ: تورەكە چەرمێكە تیرى تێدا هەڵدەگیرێ ◊ (تیردان) ◊ هەمبانەى سەرەتیر ◊ ولاتى میصر.

الكِنُّ: بەمانا (الكِنان) دێ ◊ هەرشتێك گەرماو سەرما لەخانو و خێمەو كەپرو سابات بگێڕێتەوە ◊ (ك: أكنان و أكِنة) ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلَ لَكُم مِّنَ الْجِبَالِ أَكْنَانًا﴾.

الكِنَّةُ: كەنى؛ ژنى كوڕ یان ژنى برا (براژن) ◊ (ك: كنائن).

الكُنَّةُ: سوێبان، دیکۆر کەلە دیواری خانو دەردەچێ ◊ یان سەردەران‌و سەقفی سەردەرگای سەرەکی خانوو ◊ سەکۆ و رەفەی لەناو خانوودا بۆ لەسەر نوستن‌و شت لەسەر دانان ◊ (ك: كِنان).

الكَنينة: ژنی پیاو (ك: كنائن).

المُسْتَكَنَّةُ: رِقو کینە.

المكْنُون: شاردراوەو پارێزراو و دوور لەبەرچاوی خەڵك ◊ نادیارو دەست پێ نەگەیشتو و دەست لێ نەدراو ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَّكْنُونٌ﴾.

كَنَهَ الأمْرَ كَنْهاً: ڕاستی شتەکەی زانی ◊ حەقیقەتی کارەکەی بۆ دەرکەوت.

اكْنَهَ الأمْرَ: بەمانا (كَنَهَهُ) دێ.

إكْتَنَهَ الأمْرَ: بەمانا (كَنَهَهُ) دێ.

الكُنْهُ: کڕۆك‌و جەوهەری شت ◊ حەقیقەت‌و کۆتایی شت ◊ دەگوترێ: (بلغت كُنْهَ هذا) ◊ (وأعرف كُنْهَ المعرفة) ◊ هەروا بەمانا ئەندازە دێ ◊ دەگوترێ: (فعل فوق كُنْه استحقاقه) زیاد لە ئەندازەی مافی خۆی کاری کرد ◊ کات‌و زەمان ◊ دەگوترێ: (فعلت هذا الشَّيْءَ في غير كُنْهِهِ) ئەو شتەم لەکاتی خۆی دا ئەنجام نەدا.

الكَنَهْوَرُ من السحاب: هەوری گەورەی وەکوو کێو ◊ یان هەوری سپی گەورە ◊ تاکەکەی (كَنَهْوَرَةٌ).

كَنهف: بڕوانە (كَهَفَ).

كَنَّى عن كذا كناية: بەکنایەو درکە لەو شتە دوا ◊ ڕاستەوخۆ باسی شتەکەی نەکرد ◊ (كَنَّى الرجلَ) بەشێوەی کونیە ناوی فلانکەسی هێنا وتی: (أبو فلان وأبو فيسار).

اكْنَاهُ وكَنَّاهُ بكذا: بەشێوەی کونیە ناوی هێنا، بانگی کرد.

إكْتَنَى بكذا: بەو ناوە ناوی نا.

تَكَنَّى فلان: فلانکەس لەکانی شەڕدا کونیەو ناو و عینوانی خۆی ناشکرا کرد بۆئەوەی بناسرێ ◊ ئەم شێوە دابو نەریتی پاڵەوان‌و شەڕکەرانی جەنگە.

تَكَنِّي: خۆی داپۆشی، خۆی حەشاردا.

تَكَنَّى بكذا: بەو ناوە ناوی نا.

الكناية: لە بواری زانستی بەیان دا بریتییە لە گوتنی وشەو ڕستەیەك دیاردەو تایبەتمەندی شتێکت مەبەست بێ بشتوانی مانای ئەصلیش بەرچاو بگرێ لەم ڕوەوە قەرینەیەك نەبێ مانیع بێ لەوە ◊ بۆنمونە بڵێی:

امة الدولار: مەبەستت ئەمریکا بێ.

الناطقين بالضاد: نەتەوەی عەرەب.

نظافة اليد: ئەمینو ڕەوشت بەرز.

الكُنْيَة: هەر ئیسمێك بە (أب، أم، إبن، بنت) دەست پێ بكا وەكوو (أبو الحسن، أم الخير، إبن عباس).

كَهَبَ لَوْنُهُ كَهَباً وكُهْبَةً: ڕەنگی تەپو تۆزی ڕەشبوی كەوتە سەر ◊ (فهو أكهب وهي كهباء) ◊ (ك: كُهْبٌ).

إكْهابٌ لَوْنُهُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (كَهِبَ) دێ.

الكَهْبُ: پیرە حوشتر، پیرە گامێش.

الكُهْبَةُ: تاریكی، یان تەپوتۆزێكی مەیلەو ڕەش.

كَهَدَ فلان كَهْداً وكَهَداناً: ئیلحاحی كرد لە داواكارییەكەی دا ◊ ماندوو بوو، شەكەت بوو.

كَهَدَ فِي الشَّيْئِ: پەلەی كرد لە ڕۆیشتن دا.

كَهَدَ فلاناً: فلانكەسی هەڵنا بۆ خێرا ڕۆیشتن.

أكْهَدَ فلاناً: فلانكەسی ماندوكرد.

إكْوَهَدَّ الشيخُ والفَرْخُ: لەلاوازیو زەبووني دا پیرەمێردەكە یان بێچووەكە لەرزی.

الكَهْداءُ: چەتیو، كارەكەر لەم ڕووەوە كە چوستو چالاكە لە خزمەتكردنی ئاغاژنی دا.

الكَهُوْدُ: گورجو خۆشڕۆ.

الكَوْهَدُ: كەسێك بەهۆی پیریەوە توشی لەرزین بووبێ.

كَهَرَ النهار كَهْراً: ڕۆژەكە بەرزبۆوە درەنگ بوو ◊ دەگوترێ: (كَهَرَ الضحى) چێشتەنگاو درەنگ بوو.

كَهَرَ الحَرُّ: گەرما تاوی سەند.

كَهَرَ فلان: فلانكەس پێكەنی.

كَهَرَ الغلامُ: گەنجەكە خەریكی گاڵتەو گەپ بوو.

كَهَرَ فلاناً: فلانكەسی ملكەچ كرد ◊ بەڕوی گرژ و مۆنەوە پێشوازی لە فلانكەس كردو بەچاوی بێ ڕێزییەوە سەیری كرد.

كَهَرَ القومَ: ژنو ژنخوازی لەگەڵ خەڵكەكەدا كرد.

الكهرور والكهرورة: ڕو گرژو خەڵك ڕەتێن.

كَهْرَبَ مَسْقط الماء: شوێنی هەڵڕژانی ئاوەكە كارەبای بەرهەم هێنا.

كَهْرَبَ الشَّيْئَ: شتەكەی شەحن كردەوە، هێزی وزەی كارەبایی خستە ناو.

كَهْرَبَ الأسلاك، و كَهْرَبَ المصْنع: شوێنەكە كارگەكە ئامێرەكانی تەزوێركردن بەهێزی كارەبایی.

كَهْرَبَ الخط الحديدي: هێڵی ئاسنینەکە وارغۆنەکانی بەوزەی کارەبایی کەوتە گەڕ.

كَهْرَبَ الخط الحديدي: وارغۆنی شەمەندەفەرەکەی بە وزەی کارەبا ڕۆیاند.

كَهْرَبَ الشَّيْئَ او الشَخْصَ: کارەبا شتەکەی گرت یان لە شەخصەکەی داو کوشتی.

تَكَهْرَبَ: بۆ موتاوەعەی (كَهْرَبَ) دێ ٥ دەگوترێ: (تَكَهْرَبَ الشلالُ: تَكَهْرَبَ المصنعُ)

الكَهْرَباءُ: مادەیەکی ڕاتینجییە ڕەنگی زەردە، یەکەم مادەیەکە کە زاندراوە بەهۆی شێلانو دەست پێداهێنان دا کارەباوی دەبێ، هەر لە ئەمیشەوە وشەی (الكهربائية) داتاشراوە ٥ هەروا ناوە بۆ ئەو هۆکارە سروشتییەی کە بەشێوەیەکی گشتی کێشکردنو فڕێدان (تجاذب وتنافر)ی لێ پەیدا دەبێ لەئاکامی دەست پێدا هێنانو لێک خشانو گەرمبوونو تەفاعولی کیمیاوی.

الكهربا: بەمانا (الكهرباء) دێ.

الكهربائي: پسپۆڕ لە زانیاری بواری کەهرەبا ٥ یان کەسێک پیشەی ئیشی کارەبایی بێ ٥ تەیاری کارەبایی وزەی کارەبایی ناومادە ٥ گڵۆپی کارەبایی.

الكَهْرَبة: پەیداکردنی وزەی کارەبا بەهەر شتێک بێ ٥ کارەبا لێدراو.

الكَهْرَمان: جۆرە بنێشتو جەوییەکە هەندێ درەختی تایبەتی لە ڕۆژگارە جیۆلۆجییەکۆنەکان دا دەریان داوە.

إكْتَهَفَ: ئەشکەوت نشین بوو.

تَكَهَّفَ: بەمانا (إكْتَهَفَ) دێ.

تَكَهَّفَ الجَبَلُ: کێوەکە ئەشکەوتی زۆر تێدا بوون.

تَكَهَّفَ البِئْرُ: ناو لای خوارەوی بیرەکەی هەڵۆڵ کرد، نەگەر گوێی بۆ هەڵبخەی دەنگێکی نایاسایی لێ دەبیسترێ.

تَكَهَّفَت الرئة: سییەکان بەهۆی نەخۆشی سیلەوە کونکون بوون.

كَنْهَفَ عنا: بەپەلە ڕۆیی‌و جێی هێشتین.

الكهف: ئەشکەوت، کونە شاخ.

كَهْ كَهْ: لاسایی کردنەوەی دەنگی پێکەنینو حیلکەی ئەسپو نەڕەی شێر.

كَهْكَهَ المقرور: کابرای سەرمابوو هەناسەی گەرمی خۆی کردە ناو دوودەستی خۆیەوە.

كَهْكَهَ الأسَدُ أو البعيرُ: شێرەکە یان حوشترەکە دەنگی خۆی لە قورگی دا هێناو برد.

كَهْكَهَ الرجُلُ: پیاوەکە لەقاقای پێکەنینی دا.

تكَهْكَهَ عنه: لاواز بوو.

الكُهاكِهُ: پیاوێکە بەڕواڵەت وادەزانی پێدەکەنێ کەچی وایش نیە.

الكَهْكاهُ: لاوازو زەبوون.

الكَهْكاهَةُ: پیاوی بەسامو هەیبەت ٥ کارەکەری قەڵەو.

كاهَلَ فلان: پیاوەکە پیر بوو ٥ ژنی هێنا.

إكْتَهَلَ: بەمانا (كاهَلَ) دێ.

إكْتَهَلَت النعجة: مەڕەکە ددانی تەواو بوون.

إكْتَهَلَ النَبْتُ: ڕوەکەکە پێگەیی و گوڵی کرد.

إكْتَهَلَت الروضةُ: باخەکە ڕوەك و گوڵەکانی تێکچڕژان و خۆیان ئارایش دا.

تَكَهَّلَ النباتُ: ڕوەکەکە پێگەیی و گوڵی کرد.

الكاهِلُ: ناوشانی مرۆڤ ٥ شوێنی بەیەك گەیشتنی مل و پشت ٥ دەشگوترێ: (فلان كاهل بني فلان) فلانکەس پشتیوان و پاگری هۆزی فلانە، لەکاتی تەنگانەو ناخۆشی دا ڕێبەرو پەنایانە ٥ دەشگوترێ: (انه لشديد الكاهل) ئەو پیاوە پیاوێکی خۆڕاگرو ورەبەرزو بەرگریکەرە ٥ هەروا ناوە بۆ دەنگی ڕق هەڵساو ٥ بۆ حیلکەو بارەی کەڵی چەموش، دەگوترێ: (إنه لذو كاهل) ٥ (ك: كواهِل) ٥ (كواهل الليل) سەرەتای شەو نیوە شەو.

الكَهْلُ: کەسێك تەمەنی لە سی تێپەڕی تا تەمەنی پەنجا سالّی ٥ (ك: كهول و كُهَلٌ وكُهْلان) ٥ دەشگوترێ: (طار له طائر كهل) بەختو شانصی جاکی هێنا.

الكُهْلُولُ: سەخیو نانبدەو دەستو دڵ فراوان.

كَهَمَ الرجلُ كَهامةً: پیاوەکە تەمبەڵ بوو لەیارمەتیدانی لێقەوماو، خۆی پاش دا لەچون بۆ هاوکاریکردن لە شەڕی بەرگری دا ٥ (فهو كهام).

كَهَمَ السَّيفُ: شمشێرەکە کوڵو نەبڕ بوو.

كَهَمَت الشدائدُ الرجلَ كهماً: روداوو کارەسات پیاوەکەی ترسنۆك کرد.

كَهَمَ بَصَرُهُ: چاوی کەم بینا بوو.

كَهَمَ لِسانُه: زمانی گیراو نەیتوانی بدوێ.

كَهَّمَتْهُ الشدائد: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (كَهَم)دا دێ.

تَكَهَّمَ فلان: بەمانا (كَهَمَ) دێ ◊ ڕووبەڕوی شەڕو ناخۆشی بۆوە.

كَهْمَسَ: قاچەكانی خۆی لێك نزیك كردنەوەو تەپو تۆزی بەرپاكرد.

الكَهْمَسُ من الرجال: پیاوی كورتە باڵا ◊ ڕەزاگرانو ڕوخسار ناشیرین ◊ شێر ◊ گورگ ◊ حوشتری دوگ گەورە.

كَهَنَ له كَهانَة: هەواڵی غەیبو نادیاریی پێدا ◊ (فهر كاهن).

كَهَنَ لهم: قسەی كاهینانەی بۆ كردن ◊ وتەی كاهینەكەی بۆ گێڕانەوە.

كَهُنَ كَهانَةً: بوو بە كاهینو كوڵەومنانی ◊ یان پیشەی كوڵەومنانی بوو بە سروشتو غەریزە.

كاهَنَهُ: دوڕویی بۆ كرد، ماستاوچیەتی بۆ كرد.

تَكَهَّنَ له: بەمانا (كَهَنَ) دێ ◊ قسەكانی شوبهان بەقسەی كاهینو كوڵەومنانی.

الكاهِنُ: كوڵەومنانی، هەركەسێك لافی زانینی زانیاریەكی ورد لێ بدا، لافی زانینی عیلمی نهێنی لێ بدا ◊ لە كۆن دا عەرەبەكان بە ئەستێرەناس و پزیشكو ئەو جۆرە كەسانەیان دەگوت كاهین ◊ كەسێك ئیشو كاری یەكێكی تر لەئەستۆ بگرێو هەڵی سوڕێنێ ◊ لەلای جولەكەو گاور كاهین بەكەسێك دەگوترێ بگاتە پلەی كەهەنوتی ◊ لەلای ئایینەكانی تر جگە لە ئیسلام بەكەسێك دەگوترێ: سەروكاری داب و نەرێتە ئایینییەكان بكاو كوشتنی قوربانییەكان ئەنجام بدا.

حلوات الكاهن: سەرقەڵەمانەی كوڵەومنانی ◊ (سَجْع الكهان) قسە ڕێكخراومكانی كوڵەومنانی: كە جۆرە سەرەواو وەقەیێكیان هەیە.

الكِهَانَة: پیشەی كوڵەومنانی.

الَكهنوت: ئەركی سەرشانی كوڵەومنانی ◊ (رجال الكهنوت) پیاوی ئایینی جولەكەو گاور ◊ مالەو قەشە.

كَهٌ كهوهاً: پیر بوو.

كَهُ السكران في وجه من يستنكِهه: سەرخۆشەكە هەناسەی دا.

كَهٌ كُهوهاً: هەناسەی دا.

الكَهَّةُ: حوشتری كەتەی پیر ◊ پیرە ژن.

كهي فلان كهيً: فلانكەس ترسنۆك بوو، لاواز بوو بۆنی دەمی گۆڕا دەمی بۆنی ناخۆشی لێ هات ◊ دەمو چاوی پەڵەی لێ پەیدا بوو.

اكهى فلان: فلانكەس بەهەناسەی گەرمی خۆی سەری پەنجەكانی گەرم كردەوە.

اكهي عن الطعام: وازی لەخواردنەکە هێنا.

إكْتَهَى فلاناً ان يُكَلِّمَهُ: فلانکەسی بە گەورەو شکۆمەند زانی و زاتی نەهێنا قسەی لەگەڵ بکا.

الأكهى: بەردێکە درزی تێدا نەبێ.

الأكهاء: پیاو ماقوڵ.

الكَهَاةُ: پیرە حوشترێ کەتەو گەورە.

كابَ كَوْباً: بەکوپ شلەمەنییەکەی خواردەوە.

كوبَ كَوَباً: ملی باریکو سەری زل بوو (فهو أكوب وهي كَوْباء).

كَوَّبَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەدەسکە سندوڵ ورد کرد.

الكُوبُ: کوپو پیاڵەی شوشە کە قڵفەی پێوە نەبێ.

الكُوبَةُ: بەردێکی ڕاستەو پاستە کراوو درێژە دەرمانو شتی وای پێ ورد دەکرێ (دەسکە سندوڵ) ٥ ئامێرێکی موسیقایە دەشوبهێتە عودو کەمان ٥ نەرد یان شەترەنج.

كَوَّثَ الزرعُ: کشتوکاڵەکە چوار پێنج پەلکی دەرکردن.

الكَوْثُ: کشتوکاڵێك چوار پێنج پەلکە گەڵای لێ دەرکەوت ٥ خوففی کورت.

تَكَوْثَرَ: بڕوانە مادەی (كَثَرَ).

الكوثر: بڕوانە مادەی (كَثَرَ).

الكوثَلُ: بڕوانە مادەی (كَثَلَ).

كاحَ فلاناً كوحاً: شەڕی لەگەڵ فلانکەس کردو بەسەری دا زاڵ بوو.

كاحَ الشَّيْئَ: شتەکەی نوقمی ناو ئاو کرد، یان ژێرخاکی کرد.

كاوَحَهُ: شەڕی لەگەڵ کرد ٥ جوێنی پێدا، دژایەتی خۆی بۆ ئاشکرا کرد.

كَوَّحَهُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (كاح)دا دێ.

كَوَّحَ الزِمامُ البعيرَ: لغاوەکە حوشترەکەی ژێربار کرد.

تكاوَحا: کێشەیان تێکەوتو بوو بە ناخۆشییان.

الكوخ: کۆخ؛ خانوێکی بچکۆلەیە بانەکەی وەکوو پشتی وڵاخ لێزو سەر تەلانەو بێ هەواکێشو کونەبانە ٥ هەر کۆخو خانوێك کشتیار و ڕەزەوان بیکاتە شوێنی حەوانەوەی خۆی و لێیەوە چاودێری کشتو کاڵو ڕەزو باخەکەی بکا.

كاد يفعل كذا كوداً: نزیك بوو ئەوە بکاو نەیکرد.

كاد: فیعلی ڕابردوە ناقیصە ئیسمەکەی مەرفوعەو خەبەرەکەی فیعلێکی موزارعە، نزیکبوونەوەی شت دەگەیەنێ (واتە: نزیك بوونەوەی

هاتنه جێی مانای خەبەرەکە بۆ ئیسمەکە).

كادَ: بەمانا (أرادَ) دێ.

كادَ فلاناً عن الشَّيْئِ كَوْداً ومكاداً: فلانکەسی لەو شتە مەنع کردو نەیهێشت بیکا.

كاد بنفسه: خۆی کردە قوربانی ٥ گیانی خۆی بەخت کرد.

كَوَّدَ الشَّيْئَ: شتەکەی کۆکردەوەو کردیە کۆمەڵێکی تەواو.

إكْوادُ الشيخُ: بڕوانە مادەی (كَادَ).

الكَوْدَةُ: هەرشتێك کۆی بکەیەوەو بیکەیە کۆمەڵ لە دانەوێڵەو گڵو لبو شتی وا.

المكادَةُ: دەڵێی: (لا مُهِمَّة لي ولا مُكَادَة) نەدەمەوێ ئەوە بکەمو نەنزیکە بمەوێ بیکەم.

كَوْدَنَ في مشيه: بڕوانە مادەی (كَدَن).

كَوَّدَ الإزارُ: دەرپێیەکە گەیشتە تۆپی سمتی.

كَوَّدَ فلاناً بالعصا: بەگۆچان لەفلانکەسی داو لێدانەکەی ناڕاستەی نێوان ڕانو کڵۆتی کرد.

الكاذانُ: پیاوی کەتەی قەڵەو.

الكاذَةُ: گۆشتی لای ژوروی ڕان ٥ واتە گۆشتی تۆپی سمت.

الكاذيُ: جۆرە درەختێکە ٥ بڕوانە مادەی (كَدَوَ).

كارَ في مِشيته كَوْراً: لە ڕۆیشتن دا پەلەی کرد.

كارَ الكارَةَ: تێشوی سەفەری لەکۆڵی خۆی شەتەك دا.

كار الأرض: زەوییەکەی هەلکۆڵی.

اكَارَ عليه: زەلیلی کرد، لاوازی کرد.

كَوَّرَ الشَّيْئَ: شتەکەی لول کرد پێچایەوە.

كَوَّر المتاعَ: کالاو شتومەکەکانی خستنە سەریەك و شەتەکی دان.

كَوَّرَ الله الليلَ على النهار والنهار على الليل: خودا شەو و ڕۆژی زیادو کەمو درێژو کورت کردن لەمی هەلگرت خستیە سەر ئەو و بەپێچەوانەشەوە.

كَوَّر فلاناً: فلانکەسی بەزەوی دا داو سەرهنگرێی کرد.

كُوِّرت الشمس: خۆر ڕوناکییەکەی پێچرایەوە ومکوو قوماش و شتی وا لول درا ٥ یان ڕوناکی پوچایەوەو نەما.

إكتارَ الرجلُ: پیاوەکە سەرهنگرێ کرا، بەزەوی دا درا.

إكتار القَرَسُ: نەسپەکە لەکاتی غاردانو بازدان دا کلکی بەرز کردەوە.

إكتارت الناقة: حوشترەکە لەکاتی کەڵدان دا کلکی بەرز کردەوە.

إكتار لفلان: خۆی ئامادە کرد بەجنێودان بەفلاّن.

إكتار الشَّيْئَ: شتەکەی خستە سەر یەك.

تَكَوَّرَ الرجلُ: پیاوەکە قاچی هەڵکردن خۆی گورج کرد، خۆی گیف دا.

تَكَوَّرَ الجبلُ: کێوەکە ڕوخا.

تَكَوَّرَ السائلُ: شلەمەنیەکە تکەی کردو داچۆڕایە خوار.

الكارَةُ: ئەوەی کۆدەکرێتەوەو شەتەك دەدرێ و لەکۆڵ دەدرێ لە بڕێو و لە پۆشاك.

الكِوارُ: کۆڵەسە هەنگ: شوێنی تەنگەبەر: کە دروست دەکرێ بۆ ئەوەی هەنگ شانە هەنگوێنی تێدا ڕابەستێو هەنگوێنی تێ بکا.

الكِوارَةُ: بەمانا (الكِوارُ) دێ ٥ پەڕۆیەکە ئافرەت دەیخاتە سەر سەری خۆی.

الكَوْرُ: کۆمەڵی زۆر لە حوشترو ڕەشەوڵاخ (جەڵەبە حوشترو گایەڵو گاڕان) ٥ زیادە ٥ دەگوترێ: (نعوذ باللهِ من الحور بعد الكَوْرِ) پەنادەگرین بەخودا لەکەمو کورتی دوای زێدەبوون.

الكَوْر: کورەی ئاسنگەر ٥ بارگەنەو کەژاوە ٥ (ك: أكوار وكيران) هێلانە ژمنگەسورەو زەردەواڵە.

الكَوْرَةُ: دەڤەرو ناوچە ٥ چەند شارو گوندو هۆبەیەکە پەیوەندییەکی تایبەتییان پێکەوە هەیە.

الكُوارَةُ: شانەهەنگو خەلیە هەنگو کۆڵەسە هەنگ.

المِكْوَرُ: (رجل مِكْوَرٌ) پیاوێکی خراپو ڕەوشت ناشیرینە ٥ زۆر بڵێو چەقەچەناوە.

كاز كَوْزاً: بە گۆزەو کیتەڵە ئاوی خواردەوە.

كاز الشَّيْئُ كَوْزاً: شتەکەی کۆکردەوە.

إكْتازَ: بەمانا (كازَ) دێ ٥ دەگوترێ: (إكْتازَ الماءُ) ئاوەکەی کۆکردەوە.

تَكَوَّزَ القومُ: خەڵکەکە گردبوونەوە.

الكوز: گۆزە (گۆزەی ئاو).

المُكَوَّزُ: (رجل مكوّز الرأس) پیاوێکە سەر درێژە.

الكَوْزَبُ: بڕوانە مادەی (كَزَبَ).

كاسَ الإنسان كَوْساً: مرۆڤەکە لەسەر قاچ ڕۆیشت.

كاست الحيوانُ: ئاژەڵەکە قاچێکی پەڕیو لەسەر سێ قاچ ڕۆیشت.

كاسَ العقير: حوشترە قاچ پەڕیوەکە بەسەر پێشەوەی دا ترێل بوو.

كاست الحية: مارەکە لە شوێنی خۆی پاپۆکەی بەستو خۆی خرکردەوە.

كاس في سيره: لە رۆیشتن دا قونگرانی نواندو تەمبەڵ بوو.

كـــاس في البيـــع: لـــە مامەڵەکـــەی دا نرخەکەی کەم کردەوە ◊ دەگوترێ: (لا تكُـسْني يـا فـلان في البَيـع): فلانکـەس نرخی کاڵاکە کەم مەکەرەوە.

كاس فلاناً: فلانکەسی خستە سەر زەوی، یان بەسەر سەری دا تڕێلی کرد.

اكاسَ فلاناً: بەمانا (كاسَهُ) دێ.

كَوَّسَهُ: بەسەر سەری دا تڕێلی کرد ◊ یان زۆرەو زۆری کرد.

إكْتاسَـهُ عـن حاجتـه: لەئیـشەکەی مـەنعی کـردو نەیهێـشت ئـەنجامی بدا.

تكاوَسَ لَحْمُهُ: گۆشتی کەوتـە سـەر یەکو قەڵەو بوو.

تكاوَسَ العُشْبُ ونحوه: گیـاو گژمکـه زۆر بوو تێك هاڵا.

تَكَـوَّسَ الرجـلُ: پیاوەکـه تـێ شـکاو نشوستی بەسەردا هات.

الكاسُ: سوککراوی وشەی (الكأسُ).

الكَـوْسُ: جونبـوش هـاتنی دەریایـەو نزیکبوونـەوەی دەریاوانەکانـە لـە خنکان.

الكُوسُ: تـەپڵ ◊ دارێکـی سـێ سوچـه (سـێ گۆشـەیه) دارتـاش گۆشـەی تەختەدارمکانی پێ مەزمندە دەکا.

الكَوْساءُ: (أرض كَوْسـاء) زەویـەکی فـرە گیـاو گـژە، گیـاو گژمکـەی پـڕو تێکچڕژاوەو سواری یەك بووە.

الكُوسَـــةُ: کولەکەیـــەکی وردە دەکوتێنـدرێو دەخـورێ.

الكُوسِيُّ من الخيل: ئەسپی قاچ کورت (دەست کورت).

كَوْسَجَ: بڕوانە مادەی (كَسَجَ).

تَكَوْسَجَ: بڕوانە مادەی (كَسَجَ).

الكَوْسَجُ: بڕوانە مادەی (كَسَجَ).

كاعَ الكلْبُ كَوْعاً: سەگەکە بەناو لمبەڵان دا ڕۆیـو بـەهۆی گـەرمی لمبەکـەوە قاچـەکانی ڕاسـت دانـەدەنان ◊ لەسـەر چۆکی ڕۆیی نەیتوانی هەڵسێ.

كاعَ عن الشَّيْءِ: لەشتەکە ترسا.

كَوِعَ فلان كَوْعاً: فلانکـەس لەپەدەستی پـەنا مەچـەکی ئەسـتوور بـووون ◊ مەچـەکی وشـكو باریـك بـوو ◊ دەستەکانی ڕویان لەیەکتر کرد ◊ (فهـو أكوَع وهي كَوْعاء).

كَوَّعَـه بالـسيف: بەشمـشێر لێـی دا تالەپەدەستی خوارو خێچ بوو.

تَكَوَّعت يده: دەستی خوار بوو.

الكـاع: لەپەدەسـت بـەلای قامکـه بـچکۆلەوە، کـه پێـشی دەگـوترێ: (الكرسوع).

الكـوع: لەپەدەسـت بـەلای قامکـە گەورەوە ◊ (ك: أكواع).

كـاف الأديـمَ كَوْفـاً: قـەراخو بێجـاغی چەرمەکەی بڕی.

كَـوَّفَ الرَّجُـلُ: پیاوەکـە هاتـە شـاری کوفە.

كَوَّفَ الشَّيْئَ: شتەکەی دوور خستەوە.

كَوَّفَ الأديمَ: چەرمەکەی بڕی.

كَوَّفَ الكافَ: پیتی کافی نووسی.

تَكَوَّفَ الرجلُ: پیاوەکە خۆی شوبهاند بـە دانیـشتوانی شـاری کوفـە ◊ یـان خۆی بەکوفەیی لەقەڵەم دا.

تَكَوَّفَ القومُ: خەڵکەکـە کۆبوونـەوەو خەرمانەیان بەست.

الكَوْفي: دەگوترێ: (الناس في كوفي من أمرهم) خەڵکەکـە دەربـارەی ئیشی خۆیان ڕێكو پێك نین.

الكَوْفانُ: لمبی خڕەومبوو، کۆمەڵە لمبی خڕکـراوە ◊ قەصـەبو درەختـی بـێ کـەڵكو شـین بـوو لـە شـوێنی نـەگونجاو ◊ ناڕەحـەتیو جـۆرتەو ناخۆشـی ◊ شـەڕی سـامناك ◊ بـەرگریو پارێزگـاری لـەماڤو نەتەوەو ناموس.

الكوفيـة: پارچـە قوماشـی ئاوریـشمو شتی وا کەدەکرێتـە گـۆترەو لـەژێر عەگاڵـەوە سـەری پـێ دادەپۆشـرێ ◊ یان لەمل دەئاڵێنرێ.

كَوْكَبَ: بڕوانە مادەی (كَكَبَ).

الكَوْكَبُ: بڕوانە مادەی (كَكَبَ).

الكَوْكَبة: بڕوانە مادەی (كَكَبَ)..

الكوك: خەڵوزی کوك ◊ خەڵوزی ماوە لـە عەمەلیـەی چـۆڕاندنەوەی خەڵوزی بەرد.

الكوكـايين: مادەیـەکی سـڕکەرە لەگـەڵای ڕوەکـی کۆکـا بەرهـەم دەهێنرێو لەبواری پزیشکی دا بـۆ کاری سڕکردن بەکاردەهێنرێ.

تَكَوَّلَ القومُ: خەڵکەکە خڕبوونەوە.

تَكَـوَّلَ علـى فـلان: خەڵکەکـە گەلەکۆمـەکیان لـە فـلان کـردو بـەجنێو و بەلێـدان پـەلاماریان داو وازیان لێ نەهێنا.

إنْكـالوا عليـه: لێـی خڕبوونـەوە، گەلەکۆمەکێیان لێ کرد.

الأكْوَلُ: گرد، تەپۆڵکە، کێوی بچوك ◊ (ك: أكاول).

الكولان: ئەسەل (درەختی ئەسەل).

الكولايا: تـوێكڵی درەختـی کۆلایا کـە مـادەی صـابونی تێدایـە بـۆ پەیـداکردنی کـەفو هەڵـچون لـە مەشروبات بەکاردەهێنرێ.

كومَ الشَّيْئُ كَوْماً: شتەکە گـەورە بـوو ◊ بەزۆری بۆ گەورەبوونی دوگی حوشـتر دەگوترێو بەکاردێ ◊ دەگوترێ: (كـومَ البعيرُ، فهو أكوم والناقة كوماء).

كُـمَ الـشَّيْئَ: شـتەكەی كـۆكردەوەو هەندێکی خستە سەر هەندێکی.

اكتامَ الرجُلُ: پیاوەکە لەسەر سەری پەنجەکانی قاچی هەڵتروشکا.

الكَـوْمُ: کۆمەڵـە شـتی خڕکـراوە لەهەرشـتێك بـێ ◊ بـەرزایی و تەپۆڵکە ◊ (ك: أكوام وكيمان).

الكَوْمَةُ: بەمانا (الكَوْمُ) دێ.

كان كوناً وكيواناً: پەیدا بوو.

كَوَّنَ الشَّيْئَ: شتەکەی لە پارچەکانی پێك هێنا ◊ پارچەکانی لێك دانو شتەکەی دروست کرد.

كَـوَّنَ الله الـشَّيْئَ: خـودا شـتەکەی لەنەبوونـەوە هێنایـە گۆڕەپـانی بوونەوە.

إكْتانَ الشَّيْئُ: شتەکە پەیدا بوو.

تَكَـوَّنَ الـشَّيْئُ: شـتەکە پەیـدا بـوو ◊ دەگوترێ: (كَوَّنَهُ فَتَكَـوَّن) ◊ پەیدای کردو پەیدا بوو ◊ کەوتە جەو جۆڵ ◊ عەرەب بەناحەز دەڵێن: (لا كـان ولا تكَوَّن) نەبووە نەجوڵاومتەوە.

تَكَـوَّنَ فلانـاً: جـووە سـەر شـێوەی فلانکـەس ◊ شـێوەی نـەوی گـرت ◊ لەفـەرموودەی پێغەمبـەردا (د.خ) هاتووە: (من رآني في المنام فقد رآني فان الشيطان لا يَتَكَوَّنُني).

إستكان: ملکەچ و زەلیل بوو.

الكائنة: ڕوداو، هەبوو ◊ (ك: كوائن).

الكانون: بڕوانە مادەی (كَنَنَ).

الكَوْنُ: هەبوونی ڕەهاو گشتی ◊ هەروا نـاوە بـۆ ئـەو شـتەی بەیـەك تـەکان پەیدا دەبـێ ◊ وەکوو پەیـدا بـوونی ڕوناکی لەدوای تاریکی.

الكونان: دونیاو قیامەت.

الكينـة: حاڵـەتو چـۆنیەتی ◊ دەگوترێ: (بات فلان بكينة سوء) فلانکـەس بـەحاڵێکی نـاخۆش ڕۆژی لێ بۆوە.

المكانُ: مەنزڵو شوێن، پلەو پایە.

المكانة: شوێن، پلەو پایە.

كاهَهُ كَوْهاً: بۆنی دەمی کرد.

كَوِهَ الرجلُ كَوَهاً: پیاوەکە سەرسام بوو.

تَكَوَّهت عليه أموره: ئیشەکانی زۆرو پەرتەوازە بوون.

كَوَى في البيت كَوَةً: کونی دوکەڵکێشو هەواکێشی لەخانوەکە کرد.

تَكَـوَّى: جـووە نـاو شـوێنێکی تەنگەبەرموە تێیدا وێکهاتەوە.

الكَـوُّ: کـونی دیـوار (پەنجـەرە) بـۆ دوکـەڵ دەرکـردنو هـەوا هێنـانو گۆڕینو ڕوناکی ناو خانوەکە.

الكَوَّةُ: بـەمانا (الكَوُّ) دێ ◊ (ك: كوّات وكِواء).

كَواه كَيّاً وكِيَّةً: داخی کرد ◊ بەئاسنی گەرم کراو پێستی سوتاند.

كـــوى الثـــوبَ: قوماشـــەكەی ئوتـــوكرد ئوتـوی بەسـەردا هێنـاو بـرد بۆئـەوەی چرچ و لۆچی نەمێنن.

كوى فلاناً بعينه: چاوی بڕیە فلانكەس.

كَـــوَتَ العقـــربُ فلانـــاً: دووپـــشك بەفلانكەسیەوە دا.

كاواهُ: جوێنی پێدا.

إكْتوى: بۆ موتاوەعەی (كوی) دێ.

إكتـوى فـلان: فلانكـەس هەنـدێ لـە جەسـتەی خـۆی داخكـرد ٥ خـۆی هەڵكێشاو لافی كـردەوەی پەسـندی بۆخۆی لێداو وایش نەبوو.

تَكـوّى بالـشيئ: بەگـەرمی شـتەكە خۆی گەرم كردەوە.

تَكَوّى الرجلُ بجسد إمرأته: پیاوەكە خـۆی بەجەسـتەی ژنەكـەی گـەرم كردەوە.

إستكوى: هەوڵی داخكردنی دا.

الكاوياء: كاوییە، داخ، پارچە ئاسنێكە گەرم دەكرێ و داخ كردنی جەسـتەی ئازەڵ و شتی وای پێ ئەنجام دەدرێ.

الكَوّاءُ: كەسـێك زۆر ئیـشی داخكـردن ئـەنجام بـدا ٥ كەسـێك ئیـشی جـل ئوتـوكردن بـێ (ئوتوچـی) ٥ زمـان پیس و فیتنەو جنێو فرۆش.

الكَيَّةُ: شوێنی داخ كردن.

اللُّعْظاءُ: مەڕێك كه دەوران دەوری ملی ڕەش بێو باقی جەستەی سپی بێ.

اللُّعْطَـةُ: ڕەشـایی کـە سـوری تێکـەڵ بووبـێ ٥ دەگـوترێ: (بوَجْهـهِ لَعُطَـة كلعطـة الـصقر) روخـساری ڕەشـی مەیلەو سوری پێوە یـە وەکوو ئـەو شـێوە ڕەش‌و سـورەی بەروخـساری بازەوەیە ٥ هەروا هێڵێکی رەش یـان زەرد ئـافرەت لەرومـەتی خـۆی دروسـتی دەکـا بـۆ خۆرازاندنـەوە ٥ ڕەشـاییەکە بـەدەوران دەوری گەردنی مەڕەوەیە ٥ ملەوانکە.

لَـعْ: وشـەیەکە ئاڕاسـتەی مرۆڤـی هەڵەنگوتو دەکرێ.

ألَعَّـتِ الأرضُ: زەوییەکـە روەکـی هیندوبای رواند.

تَلَقى العَسَلُ: هەنگوینە کە پارچەیەکی لـێ هەڵدەبری لەبـەر لینجییەکـەی شـۆڕابەکەی درێـژ دەبێتـەوەو لێـك نابێتەوە ٥ (تَلَقّى اللَّعَاعَ): هیندوبای خوارد.

اللُّعَاعَةُ: تاکی (اللَّعَاع)ە ٥ لەحەدیس دا هـاتووە (إنمـا الـدنيا سـاعة، ومتاعهـا لعاعـة): دونیـا سـاتێکەو کاڵاکـانی تەمـەن کـورتن‌و وەکـوو روەکـی هینـدوبا وایـە ٥ بـەرماوەی کـەم لەهەرشتێك بـێ ٥ دەگوترێ: (بقـي في الإناء لعاعـة): بەرماوەیـەکی کـەم لەقاپەکەدا ماوە ٥ قومە ئاو.

اللَّعَاعَـةُ: کەسێك بەنـەزانی لـەحن دا دادەنـێ بـۆ گـۆرانی ٥ دەگـوترێ: (مُطْرِبُ لُعَّاعة).

اللَّعَّةُ: ئافرەتی خـان‌و مـانی داوێنپـاکی ناسـك‌و جـوان‌و قـسە خـۆش ٥ ئافرەتی رۆح سوك.

لَعِـقَ العَسَلَ ونحـوه لَعْقـاً: هەنگوینەکـەی لـستەوە، خـواردی، بـەزمانی یـان بەقامکی دەستی لستیەوە ٥ (فهو لاعِقٌ) ٥ (لعقة الـدم):چـەند هـۆزێکی عـەرەبن پێـك هـاتوون لـە (بـني مخـزوم، وعـدی وسَـهم وجمـح) ٥ ئەمانـە حوشـترێکیان سەربڕی‌و سوێند یان بۆیەکتر خـواردو خوێنەکەیـەان لـستەوە یـان دەسـتیان خـستە نـاو خوێنەکـەوە ٥ بۆیـە ئـەم ناوەیان لـێ نـراوە ٥ دەشگوترێ: (لِعِـقَ فلان أصـبَعه): فڵانکـەس قـامکی خـۆی لستەوە ٥ (واتە مرد).

لَعْـوق في عملـه: لەکارەکـەی دا پەلـەی کردو گورج‌و گۆڵ بوو.

ألعَقَـه العَـسَلَ: وای لـێ کـرد هەنگوینەکە بلێسێتەوە.

ألعقَ النَّسَّاجُ: جۆڵاکـە ریسەکەی خـاو ڕست زۆری گشت نەڕست.

لَعَّقَهُ العَسَلَ: بەمانا (ألْعَقَهُ)دێ.

التُعِقَ لَوْنُهُ: ڕەنگی گۆڕا.

اللُّعَـاقُ: پاشمـاوەی خـواردن لـەدەمی

خۆراك خۆرمكەدا ٥ دەگوترێ: (مالي فيَّ لعاق من طعامك ومن فضلك).

اللُّعْقَةُ: دەگوترێ: (في الأرض لعقة من ربيع): لەزەوی دا كەمێك تەڕایی هەیە ٥ هەروا دەگوترێ: (رجل وعقة لَعْقة) پیاوێكی ڕەوشت بەدو خوێڕییە.

اللُّعْقَةُ: شتی كەم بەئەندازەی پێوانەی كەوچكێك یان لوپچێك.

اللَّعْوَقُ: مرۆڤی كەم عەقڵ، عەقڵ سوك.

اللُّعُوقُ: هەرشتێك هەڵقورێنددرێ، بخورێتەوە بەكەوچك وەكوو دەرمانو هەنگوینو شتی وا تێشوی كەم ٥ دەگوترێ: (ما معنا الالعوق): شتێكی كەم نەبێ لەتێشو پێمان نییە.

المِلْعَقَةُ: ئامێرێكە خواردنی پێ دەكرێتە ناو دەم (كەوچك).

لَعَلَّ: پیتێكە لەو پیتانەی پێیان دەگوترێ (حرف مشبه بالفعل) بۆ ڕەجاو تەمەننناو مانای تریش دێ.

لَعْلَعَ السَّرابُ: تراویلكەكە درەوشایەوە، بریسكەی دا.

لَعْلَعَ الرعد: هەور گۆڵاندی، گرماندی.

لَعْلَعَ فلان من كل شيئ: فلانكەس لەهەموو شتێك دەرهنجێ ٥ لەهەموو شتێك توڕە دەبێ.

لَعْلَعَ العَظْمَ: ئێسقانەكەی شكاند.

تَلَعْلَعَ من الجوع: لەبرسان سكی قۆڕە قۆڕی دێ، هاواری لێ هەڵساو دەستی كرد بەپاڕانەوە ٥ هەروا دەگوترێ: (تَلَعْلَعَ فلان): فلانكەس بەهۆی نەخۆشی یان ماندوبونەوە كزو لاواز بوو.

تَلَعْلَعَ في كلأ ضعيف: حوشترەكە لەلەوەڕگای كەم لەوەڕدا سەرە خولەی بوو، دەهاتو دەچوو بۆئەوەی شتێكی دەست بكەوێ.

تَلَعْلَعَ السرابُ: تراویلكەكە درەوشایەوە.

تَلَعْلَعَ الكَلْبُ: سەگەكە لەتینوان زمانی دەركێشا.

تَلَعْلَعَ العسلُ: هەنگوینەكە بەهۆی لینجییەوە كەپارچەیەكی لێ هەڵگرت درێژ بۆومو لێك نەپچڕا.

اللَّعْلاَعُ: ترسنۆك.

اللَّعْلَعُ: تراویلكە ٥ گورگ ٥ درەختێكی وڵاتی حیجازە.

اللَّعْلَعَة من السراب: بریسكەی تراویلكە.

لَعْمَظَ اللَّحْمَ لَعْمَظَةً ولِعْماظاً: گۆشتەكەی لەئێسقانەكە بەددانی پێشەوەی پچڕی.

لَعْمَظَ فلان: فلانکەس جلیس و خۆرا بوو.

اللَّعْمَاظُ: کەسێك هەواڵی بێ بناغەو ناراستت پێ بڵێ.

اللَّعْمَظُ: جلیس و بەهەڵپە بۆ خواردن ٥ (ك: لَعامِظ).

اللُّعْموظ واللُّعْموظة: بەمانا (اللَّعْمظ)دێ ٥ کەسێك بەنانەسکی کار بۆیەکێکی تر بکا ٥ (ك: لعامیظ).

لعَنَه الله: خودا لەڕەحمەتی خۆی نائومێدی کرد، دووری خستەوە لەڕەحمەتی خۆی ٥ (فهو ملعون) ٥ (ك: ملاعین).

لَعَنَ فلاناً: فلانکەسی ریسوا کرد، جوێنی پێدا ٥ (فهو لاعن ولعّان).

لاعَنَ الرجل زوجته ملاعنة ولعاناً: پیاوەکە خۆی لەسزای بۆختانکردنی بەژنەکەی رزگار کرد بەهۆی لیعانەوە.

لاعَنَ الحاکم بینهما: دادوەر بڕیاری لیعانی دا لەنێوان ژن و مێردەکەدا.

لَعَّنَهُ: زۆری لەعنەت لێ کرد زۆری جوێن پێدان و ریسوای کرد.

إلْتَعَنَ القومُ: خەڵکەکە هەندێکیان لەعنەتیان لەهەندێکیان کرد.

إلْتَعَنَ فلان: فلانکەس لەعنەتی لەخۆی کرد.

تلاعنا: دو مرۆڤەکە هەریەکەیان لەعنەتی لەوی تریان کرد.

تلاعن القومُ: خەڵکەکە تفو لەعنەتی یەکتریان کردو جنێویان بەیەکتر دا.

تلاعن الزوجان: ژن و مێردەکە بەشێوە لیعان راستی داوای خۆیان چەسپاندو داوای نەوی تری رەت کردەوە ٥ دەگوترێ: (فلان یتلاعن علینا): فلانکەس بەناڕەوا جنێومان پێدەداو هێرشی خراپ دەکاتە سەرمان.

تَلَعَّنَ القَوْمُ: خەڵکەکە یەکتریان تفو لەعنەت کرد.

اللِّعَن: دەگوترێ: (أمر لاعِن): ئەمە کارێکە نەفرین ئامێزە دەبێتە هۆی نەفرین کردن ٥ لەحەدیث دا هاتووە دەفەرموێ: (إتقوا اللاعنین): خۆ بپارێزن لەو دووشتەی کەدەبنە هۆی نەفرینی خەڵك ئەویش پیسایی کردنە لەسەر ڕێگا یان لەژێر سێبەری درەختی وەها کە خەڵك لەژێریا پشودەدەن.

اللِّعَان: لەشەریعەتی ئیسلام دا ئەوەیە مێرد چوار جار سوێند بخوا کە ڕاستگۆیە لەوەدا کەدەڵێ ژنەکەم داوێن پیسی کردوەو خیانەتی لێ کردووە جاری پێنجەم بڵێ نەفرینی

خودا لەسەرم بێ ئەگەر درۆبکەم ئەمجا ژنەکە ڕەدی بداتەوەو چوار جار سوێند بخوا کە مێردەکەی بوختانی بۆدەکاو راست ناکا لەداواکەی دا جاری پێنجەم بڵێ نەفرینی خودام لەسەر بێ ئەگەر مێردەکەم راست بکا، بەمەش ژنەکە سزای داوێن پیسی لەسەر لادەدرێو بۆ هەتا هەتایە ئەم ژنو مێردە لەیەکتر حەرام دەبنو بەهیچ شێوەیەك ناگرێنەوە بەهاوسەری یەکتری.

اللَّعْنُ: (أیت اللَّعْنَ): وشەیەکە کاتی خۆی عەرەب بۆ سڵاو کردن لەپاشاو سەرەك خێڵەکانیان بەکاریان هێناوە.

اللَّعْنَةُ: بەمانا سزا دێ ٥ دەگوترێ: (أصابته لعنة من السماء): سزای ئاسمان لێی دا ٥ (ك: لِعان ولَعَنَات).

اللُّعْنَةُ: کەسێك ئەوەندە خراپو شەڕانی بێ خەڵك تنو لەعنەتی بکا ٥ کەسێك زۆر لەعنەتو نەفرین لەخەڵك بکا.

اللُّعِينُ: شەیتان، نەفرین لێکراو ٥ داوەڵ؛ کەلەناو باخو کشتوکاڵ دا لەسەر شێوەی ئادەمیزاد هەڵدەواسرێ بۆ ترساندنو ڕەوینەوەی دڕەندە لەوباخو زەویانە بەزۆری پاڵتۆیەکی درێژ داڕێکی تێدەخرێ بۆئەوەی باڵەکانی بکرێنەوە ٥ پێشی دەگوترێ: (الفَزّاعَة) ٥ هەروا ناوە بۆ گورگ.

اللَّعْنَة: کارێك ببێتە هۆکاری نەفرین کردن لەبکەرەکەی ٥ لەحەدیث دا هاتووە دەفەرموێ: (إتقوا الملاعن الثلاث، التغوط علی قارعة الطریق، أوفی ظل الشجرة أو جانب النهر).

اللَّعَى ثدي الأنثى: مەمکی مێینەکە گۆڕانی بەسەردا هات گەورە بوون شیریان تێدا پەیدابوو.

الأَلْعَاءُ: جومزگەی قامکەکان.

اللاَّعِي: ئەوکەسەی لەهەموو شتێك دەترسێ.

اللاَّعِيَة: درەختۆکێکە لەبناری کێودا دەڕوێ گوڵێکی زەردی هەیە.

اللَّعَا: چڵێسو بەچەپو گوپ.

لَعاً: دەنگێکە ئاڕاستەی کەسێك دەکرێ کە هەڵەنگوتبێو توشی نەدامەتیو ناخۆشی بوبێ، دوعاکردنە بۆی بۆ ئەوەی لەچورتمەکەی ڕزگاری ببی.

اللَّعْبُ: بەدڕەوشت ٥ چڵێسی بەچەپو گوپ.

اللَّعْرَةُ: سەگ، چڵێسو بەچەپو گوپ ٥ ڕەشایی دەورو بەری گۆی مەمکی ئافرەت.

لَعْوَة الجوع: برسیایەتی زۆر کوشندەو بڕست بڕ.

كَلْبَة لَعْوَة: سەگێکە شەڕ لەسەر لاك دەکا.

لَعْوَق: بڕوانە مادەی (لَعَقَ).

اللَّعْوَقُ: بڕوانە مادەی (لَعَقَ).

لَغَبَ فلان لَغَباً ولغوباً: فلانکەس ماندوبوو ◊ (فهو لاغب).

لَغَبَ على القوم لَغْباً: خەڵکەکەی تێك بەردا ومزعی شێواندن.

لَغَبَ القومَ: قسەی ناڕاستی بۆ خەڵکەکە گێڕایەوە.

لَغِبَ لَغباً: ماندوو بوو.

الَغَبَهُ: ماندوی کرد، دەگوترێ: (أَلْغَبَ الدابة): ولاخەکەی ماندو کرد ◊ (أَلْغَبَه السَّيْرُ): ڕۆیشتن ولاخەکەی ماندو کرد.

لَغَّبَهُ السَّيْرُ: ڕۆیشتن ماندوی کرد ◊ دەگوترێ: (تَلَغَّبَتْ بهم القفار وتَلَغَّبْتُهُم القفار).

لَغَّبَ الحيوانَ: ئاژەڵەکەی ڕەتاندو دوری خستەوە تا ماندوی کرد.

لَغَّبَ الأمْرَ: سەروکاری ئیشەکەی کردو باش ئەنجامی دا لێی ماندو نەبوو لەبەرامبەری دا دەسەوەسان نەبوو.

اللَّغْبُ: قسەی پڕو پوچو بێ بنەما ◊ دەگوترێ: (أكفف عنّا لغبك): وازبێنە چیتر قسەی پڕو پوچی خۆتمان بۆمەکە ◊ هەروا ناوە بۆ گێڵو نەفامی بێ دەسەڵات ◊ گۆشت لەنێوان ددان دا.

اللَّغوبُ: مرۆڤی گێڵو نەفامو بێ دەسەڵات.

لَغَدَهُ لَغْداً: زمانە بچکۆلەی هەنگاوت، بنکی زمانی پێکا.

لَغَدَ فلاناً عَنْ حاجته: فلانکەسی لەپێداویستییەکانی مەنع کرد نەیهێشت پێیان بگا.

لَغَدَ أُذُنَهُ: گوێچکەی ڕاکێشا بۆنەوەی ڕێك بن.

لاغَدَهُ: دەستی گرتو نەیهێشت بەنامانجی خۆی بگا.

إلْتَغَدَهُ: بەمانا (لاغَدَهُ)دێ.

تَلَغَّدَ فلان: فلانکەس رقی هەڵساو تەنگەتیزە بوو.

اللُّغْدُ: گۆشتوکەی نێوان مەڵاشوو لامل ◊ (ك: ألغاد) ◊ دەگوترێ: (هو من الأوغاد ضخم الألغاد): ئەوبێ عەقڵو لامل پانە.

اللُّغْدود: بەمانا (اللُّغْدُ)دی.

اللُّغديد: بەمانا (اللُّغدود)دێ ◊ (ك: لغاديد).

لَغَزَ اليربوع أجْحَارَهُ لغْزاً: یەربوعەکە کونەکەی پێچاو پێچ هەڵکۆڵی

بۆئـەوەی کەدەڕندەیـەکی دژی خـۆی هێرشی کردەسەر لەلانەکەی دا بتوانێ خۆی رزگار بکا.

لَغَزَ الشَّيْئَ: شتەکەی لەڕوخساری خۆی گـۆڕیو چەواشـەی کـرد ٥ دەگـوترێ: (لَغَزَ في كلامه).

أَلْغَزَ اليربوعُ أجحارَهُ: بەمانا (لغزها)دێ.

الْغَزَ كلامَهُ وفيه: قسەکەی خۆی پێچاو پـێچ کـرد مەبەسـتەکەی خـۆی چەواشەکرد.

ألغَزَ في يمينه: لەسوێند خواردنەکەی فێڵی کـرد، لەسـەر شـتێك سوێندی خواردو مەبەستی شتێکی تر بوو.

لاغَـزَهُ: قـسەی بـەتوێکڵو موعـەممای لەگەڵ دا کرد.

لَغَّـزَ كلامَـهُ: بـەمانا (أغَـزَهُ)دێ ٥ دەگوترێ: (لَغَّزَ في يمينه): لـە سوێند خواردنەکەی فێڵی لەکابرای سوێند بۆخوراو کرد.

الألغُـوزَةُ: مەتـەڵو موعـەمما ٥ (ك: الاغيز).

اللَّغْزُ: کونە ژیشك، کونـە مـشك، کونـە یەربوع ٥ مەتـەڵو قـسەی موعـەمما ٥ (ك: ألغاز).

اللَّغّازُ: ئەوکەسەیە بەخراپـە لەخـەڵك دەدوێو تانـەو تەشـەریان ئاڕاسـتە دەکا.

لَغْـوَسَ في الأكـل: پەلـە پـەلی کـرد لەخواردن دا، هەڵپەی کرد.

لَغْـوَسَ الطَّعـامُ: خواردنەکـە کـاڵو نەکوڵیو بوو پێنەگەیشتبوو.

اللَّغْوَسُ: کەسێکە خێرا نان بخوا پەلە پەل بکا لەخواردن دا ٥ کەسێك نـاز پـەروەردەبێو ژیـانی خـۆشو بەختـەوەر بـێ هـەروەکوو گیـاو گـژێك کەناسـك بـێو بەخۆشـی بخورێ.

لَغَـظَ القَـومُ لَغَـظاً ولغاظـاً: خەڵکەکـە کردیانە هاتو هاوارو قیڕەو هەرا کەس لەقسەیان حاڵی نەدەبوو.

لَغَظَ القط أو الحمامُ لغيظاً: کوڕ کوڕەکە (قەتێکە) یان کۆترەکە خوێنـدی (فهـو لاغِـظ) ٥ دەگوترێ: (أتيتـه قبـل لغـيظ القطا): هـاتم بۆلای پێش ئـەوەی کوڕ کـوڕە بخوێنـێ (واتـە بـەیانی زوو) ٥ هـەروا دەگـوترێ: (أتيتـه قبـل القطـا اللاغظ).

الْغَـطَ القـومُ: خەڵکەکە هـاتو هـاوارو قیڕەو هەرایان کرد.

ألْغَـطَ القطـا أو الحمـام: قەتێکـە یـان کۆترەکە خوێندی.

لَغَّطَ القومُ: خەڵکەکە هـاتو هاواریـان کرد کەس لێیان حاڵی نەبوو.

اللَّغطُ: دەنگە دەنگو قیڕەو هەرا.

لَغَفَ فلان لَغْفاً: فلانکەس ستەمی کرد ◊ چاوی تێ بڕی ◊ دەگوترێ: ((لَغَفَ الأَسَدُ): شێرەکە بەدیقەت ڕوانی چاوی لە نێچیرەکە بڕی بۆئەوەی پەلاماری بدا.

لَغَفَ الإناءَ: قاپەکەی لستەوە.

لَغِفَ ماني الإناءِ لَغْفاً: ئەوەی لەقاپەکەدا بوو لستیەوە.

لَغِفَ الطعامَ: خواردنەکەی خێرا خێرا خوارد.

اللَغْفَ فلان: بەمانا (لَغَفَ فلان)دێ.

اَلْغَفَ في السَّيْرِ: لەڕۆیشتن دا پەلەی کرد ◊ بوو بە شەڕیکە دز.

اَلْغَفَ بعينه: چاوی تێ بڕی.

اَلْغَفَ على الرجل: زۆری قسەی ناشیرین بەپیاوەکە گوت.

اَلْغَفَ الصَّبِيُّ لُغْمَةً: پارویەکی خستە دەمی منداڵەکەوە.

لاغَفَهُ: هاوڕێیەتی ئەوی کرد.

لاغَفَ المرأةَ: ئافرەتەکەی ماچ کرد.

تَلَغَّفَ الطعامَ: بەچنگ خواردنی کردە دەمیەوە.

اللُّغْفَةُ: پارو ◊ دەگوترێ: (اَلْفِفْنی لُغْفَةً).

اللَّغيفُ: تایبەتمەندیی پیاوو دەستو پێوەندەکانی ◊ کەسێك دۆستایەتی لەگەڵ دزو جەردە بکاو نانو ئاویان لەگەڵ بخوا وەڵێ دزی‌و جەردەییان لەگەڵ نەکا ◊ کەسێك لەنوسراوی خەڵك شت ڕاگوێزبکاو ئاماژە بەسەر چاوەکەی نەکا.

اللَّغيفَةُ: پەڵو، حەڵوا، ئاردو ڕۆن تێکەڵ بەیەك بکرێو بکوڵێندرێ.

اللُّغْفَةُ: هۆزو بنەماڵەیەك دابو نەریتی دزییان تێدا باو بێ.

لَغْلَغَ طعامَهُ: خواردنەکەی کردە خواردنی بەپێخۆر ◊ نانی بەڕۆنو پیو و شتی وا خوارد دەگوترێ: (لَغْلَغَ ثریدَه): تێگوشاوەکەی چەور کرد، ڕۆنو بەزی تواوەی تێکەڵ کرد.

اللَّغْلَغَةُ: ئاخاوتنی ناعەرەبێ قسەو ئاخاوتنێك بەزوبانی عەرەبی نەبێ.

لَغَمَ فلان لَغْماً: هەوالی ناڕاستی دا بە هەڤاڵەکەی ◊ لەسەر چاوەی دڵنیابیەوە هەوالی بەهەڤاڵەکەی نەدا ◊ قسەی تەمو مژاوی کردن.

لَغَمَ المرأةَ: دەمی ئافرەتەکەی ماچ کرد، دەورو بەری دەمی ماچ کرد.

لَغَمَ الجملُ لُغامَهُ: حوشترەکە کەفی چاند.

لَغَمَ فلان لَغْماً: هەوالی لەشتێك دا کەلێی دڵنیا نەبوو ◊ هەوالی لەشتی نادیارو نامەعلوم دا.

لُغِمَ بالطيب: بۆنی خۆشی لەدەمو لێوی دا.

اَلْغَمَ الذهبَ وما شابَهه: جیوەو شتی وای تێکەڵ بەئاڵتونەکە کرد.

لَغَمَهُ بالطيب ونحوه: بۆنی خۆشی لەدەمو لوتی دا.

لَغَمَ المكانَ: شوێنەکەی مین ڕێژ کرد.

إلْتَغَمَ الذهَبَ ونحوه: زێڕەکەی تێکەڵ بەئاڵتون کرد.

تَلَغَّمَ القوم بالكلام: خەڵکەکە کەوتنە قسەو باسو دەم بادان.

اللِّغام: کەفی دەمی حوشتر.

اللَّغَمُ: بۆنی کەم، بۆنی خۆشی کەمو کوڕ ٥ قەصەبەی زوبان ٥ دەماری زوبان ٥ لەرزینی بەتەوژم ٥ شتێکە وەکوو صندوق وایە مادەی تەقینەوەی تێدەکرێو زێرخاك دەکرێ بۆئەوەی کەسێك بەسەریدا بڕوا بتەقێتەوە ٥ (ك: ألْغام).

اللَّغيمُ: نهێنی.

المَلْغَمُ: دەمو لوتو دەوروبەری ٥ (ك: ملاغم).

إلْغانُّ النَّبْتُ: ڕوەکەکە درێژ بوو تێکهاڵ.

الغائت الأرض: زەوی لەوەڕی زۆر بوو.

اللَّغَنُ: هەڕەتی گەنجی.

اللُّغْنُ: لایەکی ئاڵۆ کەبەسەر گەرودا دەڕوانێ.

اللُّغْنُونُ: بەمانا (اللُّغَنُ)دێ ٥ کۆتایی لوت نزیك مەڵاشو.

لَغَا في القول لَغْواً: لەقسەکردن دا هەڵەی کرد ٥ قسەی پڕو پوچی گوتن ٥ دەگوترێ: (لغا فلان لغوا) فلانکەس قسەی پڕو پوچی کردن ٥ (لغا بكذا): ئەو قسەیەی کرد.

لغا عَنْ الصواب: لەڕێگای راست لای دا.

لغا عَنْ الطريق: لەڕێگە لای دا.

لَغَا الشَّيْئَ: شتەکە پوچ بوو.

لَغِيَ في القولِ لغاً: بەمانا (لغا)دێ.

لَغِيَ بالأمر: حەزی لەئیشەکە بوو.

لِغِيَ بالشَّيْئِ: وەگری شتەکە بوو پێوە لکاو وازی لێنەهێنا لێی جیانەبوەوە.

لِغِيَ بالماء والشراب: زۆری خواردو خواردەوە تینوایەتی نەشکا، تێراو نەبوو.

لِغِيَ الطائر بصرته: باڵندەکە خوێندی.

ألغى الشَّيْئَ: شتەکەی پوچ کردەوە ٥ دەگوترێ: (ألغى القانون).

الإلغاء في النحو: ئەوەیە عەمەلی عامیل لەنەفعال القلوب دا پوچ بکەیەوە دو مەفعولەکانی مەنصوب نەکرێن، بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی بڵێی (علمت العلمَ نافعاً) بڵێی (العِلْمُ نافع علمت).

اللاَّغِيَة: شتێك گرنگی پێ نەدرێو سودی لێ نەبیندرێ ٥ (كلمة لاغية): قسەی پڕو پوچ ٥ (ك: اللواغي).

اللَّغا: شتێك کە ئیعتباری پێ نەکرێ ٥ گرنگی پێ نەدرێ ٥ شتێك لەبەر

بێ نەهمیەتی حیسابی بۆنەکرێ ◊ کالای بێ نرخ ◊ دەنگ.

اللَّفــة: زمــانو زاراوە کــە گــەلو نەتەوەیەك مەبەستەکانی خۆی پێ دەردەبــڕێ ◊ (ك: لُغــیً ولغــات) ◊ دەگــوترێ: (سمعــتُ لغــاتهم): گــوێم لــەجوداوازی زمــانو گفــتو گۆیــان بوو.

اللَّفْــو: قــسەیەك بــڕوای پــێ نــەکرێ، سودو قازانجی تێدا نــەبێ، وشــەیەك بــێ مەبەســت بگــوترێو لــەدەم دەرچــێ ◊ (لَغْــوُ الــیمین): ســوێندی دانەمــەزراو بــێ مەبەســت گــوتراو وەکــوو نــەو ســوێندانەی کــابرا دەیخاتــە نــاو قــسەو گفتوگۆیــەوە وەکوو (ناوەڵلا نــەرێ وەڵلا) ◊ شتی بێنرخو فرێدراو.

لَغْوَسَ: بڕوانە (لَغَسَ).

لَفَأَ العودَ لَفْــأً ولَفــاءً: شــوڕکەکەی ســپی کرد ◊ دەگوترێ: (لَفَأَ العَظْــمَ): هەنــدێ گۆشتی لەئێسقانەکە دامالّی.

لَفَأَ اللَّحْمَ عَنْ العظم: گۆشتی لەئێسقانەکە دامالّی.

لَفَأَت الريحُ السحاب عَنْ وجــه الــسماء: ڕەشــەبا هــەوری بــە ئاسمانــەوە نەهێــشت هــەمووی ڕامــالّی دەشگوترێ: (لَفَأَت الريحُ الثّرابَ عَنْ وجــه الأرض): ڕەشــەبا تــەپو تــۆزی لەسەر زەوی ڕامالّی.

لَفَأَ فلاناً: غەیبەتی فلانکەسی کرد ◊ هیچ ڕێــزو نرخێکــی پێــوە نەهێــشت، فلانکەسی لەویستی خۆی لاداو ژیوانی کردەوە.

لَفَأَ فلاناً حقه: مافی فلانکەسی دا، هــەموو مافــو بەشی خۆی پێدا ◊ لــەمافی کــەم کردەوە هەمووی نەدایە.

لَفَأَ فلاناً بالعــصا: بەگۆچان لەفلانکەسی دا.

لَفِيَ الشَّيْئُ لَفَأً: شتەکە مایەوە.

ألْفَأَ الشَّيْئ: شتەکەی هێشتەوە.

إلْتَفَأَ العودَ: شوڕکە دارەکەی سپی کرد تووێکڵەکەی لــێ دامالّی.

اللَّفــاءُ: شــتی کــەم ◊ ئەوەیــە کــەمتر لەمافی خۆی.

اللَّفْأةُ: پارچە گۆشت ◊ کوتە گۆشت.

اللَّفينة: نەرمە گۆشت بــەبێ ئێسقان ◊ (ك: لفايا).

لَفَــتَ الــشَّيْئ لَفْتــاً: شــتەکەی لــول دا بەڕاســتو چــەپ دا بــای دا بــەم لاو بــەولای دادا ◊ دەگــوترێ: (أخــذ بعنقــه فلفَتَهُ): ملی گرتو بای دا.

لفت فلاناً عَنْ الشَّيْئ: فلانکەسی لەشتەکە لادا.

لفت رداءُ عُنُقه: جاکی عەباکەی هەڵدایەو بۆسەر شانو ملی.

لَفَتَ الكلامَ: قسەکەی لەزمانی عەرەبی لادا بۆسەر زمانی ناعەرەبی.

لَفَتَ الشَّيْئَ: شتەکەی تێک هەڵدا وەکوو چۆن ئاردو ڕۆن تێک هەڵدەدرێ ٥ دەگوترێ: (لَفَتَ الدقيق بالسمن): ئاردی تێکەڵاوی ڕۆن کرد.

لَفَتَ الراعي الماشية: شوانەکە کوێرانە لەئاژەڵەکانی داو لێدانەکەی ئاڕاستەی ئاژەڵێکی تایبەتی نەکرد ٥ زەبرەکەی هاوێشت بۆ هەموانیانو مەبەستی نەبوو ڕێی کامەیان دەکەوێ.

لَفَتَ الريش على السهم: پەڕەکەی کێزری لەتێرەکە شەتەك دا.

لَفَتَ الكلامَ: قسەی فڕێ داو مەبەستی نەبوو کێ دەگرێتەوە کێ پێی خۆشەو کێ پێی ناخۆشە.

لَفَتَ اللحاءَ عَنْ العود: تۆپکڵەکەی لەشوڕکە کردەوە.

لَفَتَ الشَّيْئَ: شتەکەی فڕێ دایە تەنیشتی خۆی.

لَفَتَ فلاناً بالشَّيْئ: شتەکەی ڕادەستی فلان کرد.

لِفِتَ الرجلُ: پیاوەکە گێڵو نەحمەق بوو ٥ بەدەستی چەپی کاری کرد نەك بەدەستی ڕاستی ٥ پیاوەکە دەستو مەچەکی بەهێزو پتەو بون دەستی بگاتە هەرشتێك بای دەداو خواری دەکاتەوە.

لِفِتَ التيسُ: نێریە قەرەکە شاخەکانی خوارو خێچ بون ٥ (فهو أَلفت وهي لفناء).

لَفَّتَ الشَّيْئَ: شتەکەی خوار کردەوە ٥ بای دا.

إلْتَفَتَ الى الشَّيْئ: ڕوی وەرگێڕا بۆلای شتەکە ٥ دەشگوترێ: (إلْتفت بوجهه يمنه أو يسره): ڕوی خۆی وەرگێڕا بەلای ڕاست دا یان بەلای چەپ دا.

إلتَفت عنه: ڕوی لێ وەرگێڕا.

تَلَفَّت الى الشَّيْئ: بەمانا (إلتفت)دێ.

اللاَّفِتة: دروشم، لەوحەیەکە لەدار یان شتی تر یان پارچە قوماشێکە ناوێك یان هەڵوێستێکی لەسەر دەنووسرێ بۆنەوەی سەرنجی لێ بدرێ ٥ (ك: لوافت).

اللَّفْتُ: ڕوەکێکی کشتوکاڵییە، بەکاڵی و بەکوڵاوی دەخورێ ٥ قەراخو تەنیشتی شت ٥ دەگوترێ: (ولا تلفت لِفْتَ فلان): مەڕوانە بۆ دەوروبەری فلان ٥ هەروا وشەی (اللَّفت): ناوە بۆ ئافرەتی گێل ٥ بۆمانگا.

اللَّفوت من النساء: ئافرەتێك زۆر بەملاو بەولادا بڕوانێ ٥ ئافرەتێك مێردی هەبێو لەمێردێکی تری

منـــــدالّی هـــــەبن بـــــەهۆی پـــــەروەردەکردنی منداڵـــــەکانی نەپەرژێتـــە ســەر ئیـشی ناومـاڵو دابینکردنی پێداویستی مێردەکەی ◊ ئافرەتێـــك چـــاو بـــەدەرەوەبێو چاوەڕوانی نـەوەبێ مێردەکەی لێی بـێ ئاگابـێو چـاو بڕکـێو دڵـداری لەگـەڵ پیـاوی تـر بکـا ◊ ئـافرەتی فیتنـــــەو دوزمـــــان ◊ حوشـــــترێ چەموش‌و شیر نەدەرو گازگر لەشیر دۆشەکەی.

اللَّفيتة: پەڵوی توند.

المُتَلَفِّتَةُ: ئێسقانی لای ژوروی ئەستۆ کە نووساوە بەسەرەوە.

الفَـجَ فـلان: فلانکـەس بەزەوییـەوە نووسـاو لـەجێگادا کـەوت توانـای هەڵسانی نییـە ◊ ئیفلاسـی کـردو ماڵو سامانی نەما.

الفَجَ فلاناً: وای لەفلانکەس پەنابـەری بۆداواکردن لەکەسێك کەشیاوی شت لـێ داواکـردن نییـە ◊ دەگـوترێ: (ألْفجني الى ذلك الإضطرار): ناچاری وای لـێ کردم پەنا بۆنەوە بەرم.

اسْـتَلْفَجَ فـلان: بـەمانا (ألْفَـجَ)دێ ◊ فلانکـەس لەترسـا بـێ هـۆش بـوو ئاگای لەخۆنەما.

اللَّفْجُ: زەلیلی‌و گەردنکەچی.

اللَّفْجُ: ڕێڕەوی لافاو.

لَفَحته النار أو السمومُ لَفْحاً ولَفَحاناً: ئاگر یان بای سەموم لـەدەمو چـاوی داو سوتاندی ◊ هەڵیقرچاند.

لَفَـحَ فلانـاً بالـسيف لَفْحـاً: بەهێواشـی شمشێری لـێ دا.

اللَّفْحُ: گەرما.

اللُّفَاحُ: ڕومکێکی بەتەمەنە ژەهراوییـە پزیشکی یە لەپێڕی (الباذنجانیـة)یـە، پێشی دەگوترێ: (البیروج) لـەزەوی دێمی وڵاتی شام دەڕوێ.

لَفَحَـهُ علـى رأسـه لَفْحـاً: بەگۆچـان لەسـەری دا ◊ دەگـوترێ: (لَفَحَـهُ في رأسـه): لەسـەری دا ◊ چـەپەوانەی لەدەمی دا.

لَفَـحَ الـبعيرَ: بەپاژنـە پێـی لـەدواوەی حوشترەکەیەوە ژەنی‌و هەلینگی دا.

لَفَظَ بالكلام لَفْظاً: ئاخاوتنی کرد ◊ (لفـظ بالشَّيْ): شتەکەی گوت.

لَفَظَ الرجلُ: پیاوەکە مرد.

لَفَظَ الشَّيْءَ من فيه وبه: شتەکەی فـڕێ دا ◊ (فهو لافظ، وهي لافظـة) ◊ دەگـوترێ: (لفظـت الـبلادُ أهلَهـا): وڵاتەکـە خەڵکەکـەی وەدەرنـا ◊ (لفظـت الحيـةُ سمهـا): مارەکـە ژەهـری خـۆی ڕشـت ◊ (لفـظ البحـرُ الـشَّيْ): دەریـا شـتەکەی فڕێ دایە کەناری.

تَلَفَّظَ بالكلام: قسەی کرد.

التَّلَفُظُ: ئاخاوتن ◊ چەند شەپۆلێکی هەوایە سەرچاوەکەی گەروە بەشەکانی ناودەم‌و قورگ ئەو هەوایە دەگۆڕن‌و دەیکەنە دەنگ لەقەبارەی پیت‌و وشەدا.

اللَّافِظَة: دەریا ◊ ئەو بانْدانەی بێچوەکانیان بەخێو دەکەن خواردنیان دەکەنە ناو دەندوکیانەوە لەچێکڵدانەی خۆیانەوە خواردن دێننە دەرەوە بۆ بێچوەکانیان ◊ هەروا ناوە بۆ ئاشی ئاو لەم ڕووەو هەرچی دەیهارێ فڕێی دەداتە دەر ◊ کەڵەشێر لەم ڕووەو کەبە دەندوکی دانەوێڵەکە هەڵدەگرێ بەڵام نایخوا بەڵکوو دەیهاوێ بۆ مریشکەکە ◊ هەروا ناوە بۆ جیهان ◊ لەم ڕووەو کەچی تێدایە دەینێرێ بۆ قیامەت.

اللَّفاظُ: ئەوەی تف بدرێتەوە.

اللُّفَاظَةُ: بەمانا (اللَّفاظُ)دێ ◊ باقی ماندەی شت، بنکر.

اللَّفْظُ: بەمانا (اللَّفاظ)دێ ◊ قسەی گوتراو، ئەو وتانەی لەدەم دێنە دەر.

اللَّفِيظ: بەمانا (اللَّفاظ)دێ.

المَلْفَظُ: ئەو قسانەی لەدەم دێنە دەر ◊ (ك: مَلافِظ).

لَفَغَ الشَّيْبُ رأسَهُ: پیری هەموو قژی سەری گرتەوە ◊ هەروا دەگوترێ: (لَفَغَ الشَّيْبُ لِحْيَتَه).

لَفَغَت النارُ فلاناً: ئاگر هەموو جەستەی فلانی داگرت.

لَفَّعَ الشَّيْبُ رأسَهُ: پیری هەموو سەری گرتەوە.

لَفَّعَ رأسَهُ: سەری داپۆشی.

لَفَّعَ المرأةَ: ئافرەتەکەی بەخۆوە گوشی.

التَّفَعَ بالثوب: جەستەی خۆی بەقوماش داپۆشی.

التَّفَعَت الأرض: زەویەکە سەوزایی‌و ڕومکی خشت بوو ◊ دەشگوترێ: (التفعت الأرضُ بالنبات): زەوی بەگیاو گژ خۆی داپۆشی.

تَلَفَّعَ فلان: فلانکەس پیری هەموو جەستەی گرتەوە موی سەرو ڕیشی هەمووی سپی بوو.

تلفَّعَ بالثوب: بەقوماش خۆی داپۆشی ◊ هەروا دەگوترێ: (تَلَفَّعَت المرأةُ بمرطها): ئافرەتەکە بەچارەکەکەی بەدەسمالّەکەی خۆی داپۆشی ◊ (تَلَفَّعَ الشجر بالورق): دارەختەکە بەگەڵا خۆی داپۆشی.

تَلَفَّعَت الحربُ بالشّر: شەڕ هەموو ناخۆشی‌و کارەساتەکانی گرتنەوە هەمووی تێدابوون ◊ دەشگوترێ:

(تَلَفَّعْنا على جيش العدو): دەوران دەوری سوپای دوژمنمان دا.

تَلَفَّعَتِ النارُ: ئاگرەکە بلێسەی دا، هەڵگیرسا.

اللِّفَاعُ: ئەوەی جەستە دادەپۆشێ و دەکرێتە پۆشاکی.

اللِّفَاعَةُ: فەقیانەی کراس یان هەر پارچە قوماشێك کە بەزێدە بەکراسەوە بلکێندرێ.

اللِّفيعَة: بەمانا (اللِّفاعَةُ)دێ.

المِلْفَعَةُ: هەر پۆشاکێك سەرانسەر جەستە داپۆشێ.

لَفَّتِ الأشجار لَفّاً: درەختەکان تێکچڕژان و پەڵو پۆیان چوو بەناو یەك دا.

لَفَّت في الأكل: زۆر جۆر خواردنی تێکەڵاو بەیەك کردن و ئامادەی کردن بۆخواردن.

لَفَّتَ الشَّيْءَ بالشَّيْءِ: شتەکەی خستە پەنایەك و پێکەوەی لکاندن ٥ شتەکانی خستنە پەنایەك و کۆی کردنەوە.

لَفَّتَ الميتَ في أكفانه: کردوەکەی خستە ناو کفنەکانیەوە.

لَفَّتَ الكتيبتين: دوکەتیبە سەربازەکەی لەشەڕدا ٥ تێکەڵ بەیەك کردن ٥ دەشگوترێ: (لَفَّ الكتيبة بالأخرى).

لَفَّ فلاناً حَقَّه: فلانکەسی لەمافی خۆی مەنع کرد.

لَفَّ فلان لَفَفاً: فلانکەس تەمبەڵو قونگران بوو ٥ لاڵ بوو زمانی گیراو بەتەمبەڵی قسەی بۆکران .فلانکەس کەقسە دەکا زوبانی دەمی پڕدەکا بڕۆکانی وێك دێنێتەوە.

لَفَّ في الأكل: خواردنی جۆراو جۆری زۆری تێکەڵ بەیەك کردن و زۆری خوارد.

لَفَّ فلان: فلانکەس شادەماری دەست و مەچەکی خواربوو، دەستی لەکار کەوت ٥ فلانکەس لەبەر قەڵەوی هەردو ڕانی لێك نزیك بوونەوە (ئەم حاڵەتە بۆ پیاو بەعەیب دادەنرێ بەڵام بۆئافرەت پەسەندە) ٥ (فهو ألفّ وهي لفّاء).

لَفَّ الشَجَرُ لفّاً: درەختەکە تێك چڕژاو پڕو چڕبوو.

الفّ فلان رأسه: فلانکەس سەری خۆی خستە ژێر پۆشاکەوە.

ألَفَّ الطائرُ رأسَه: باڵندەکە سەری خۆی خستە ژێر باڵیەوە.

لاَفَّ القومُ القومَ: خەڵکەکە تێکەڵاوی قەومی تربوون.

لافَّ الصَّقْرُ الصيدَ: هەڵۆکە دەورەی نێچیرەکەی داو خستیە ژێر چنگی

خۆیەوە ◊ دەشگوتریٚ: (لافَ الطيارُ طائرة عدوّه): تەیارە چیەکە تەیارەی دوژمنی خستە خوار خۆیەوەو وای لیٚ کرد بتوانیٚ قەزفی بکا.

لَفَّفَهُ: بۆ زیٚدە رۆیی لەمانای (لَفَه)دیٚ.

إلْتَفَّ الشَّيْئُ: شتەکە کۆبۆوەو چووە ناویەکەوە ◊ دەگوتریٚ: (إلْتف الشجر بالمكان): درەختەکان لەوشوێنە زۆر بوونو شوێنەکە یان تەنگەبەر کرد.

إلتفَّ بثوبه: پۆشاکەکەی لەبەر خۆ کردو خۆی پیٚ داپۆشی.

إلْتَفَّ عَلَيْهِ السَّلاَمْ القومُ: خەڵکەکە لەسەری خڕبوونەوە.

إلْتَفَّ الغلامُ: کوڕەکە ریشی پڕ بووە.

تلاَفَّوا: تیٚکەڵاو بوون، دەگوتریٚ: (ماتصافّوا حتى تلافّوا): ڕیزنەبوون تاتیٚکەڵاو بن.

تَلَفَّفَ في ثوبه: کراسەکەی لەبەرکرد لەخۆیەوە پێچا.

تَلَفَّفَ القوم عَلَيْهِ السَّلاَمْ: خەڵکەکە لێی کۆبوونەوە.

الإلتفاف: (الإلتفاف الزهري): لەبواری زانستی ئیحیادا ناوە بۆ حاڵەتو چۆنیەتی پەڕە گوڵەکان لەناو خونچەکەیان دا پێش پشکوتن.

الألَفُ: دەمارێکە لەمەچەکی دەست دایە ◊ هەروا ناوە بۆ شوێنێك کە زۆر ئاومدانو قەرەباڵغ بێ.

التلافيف: دەگوتریٚ: (في أرضهم تلافيف من عشب): لە زەوی‌و زاریان دا گیاو گڕی تێکهاڵاو زۆرە ◊ بۆ پارچەو کۆمەڵە ڕۆمکی کەم.

اللّفافةُ: ئەو قوماشەو لەفافەی قاچی پیٚ دەپێچی ◊ (ك: لفائف) ◊ دەشگوتریٚ: (طار لفائف النبات): پەردەو تۆپکڵی سەر خونچەی گوڵە ڕەکەکان هەڵۆڕی ◊ هەروا دەگوتریٚ: (هَمٌّ يذيب لفائف القلوب): بەزیٚکە دەوران دەوری دڵی داوە ◊ جگەرەی پێچراوە ◊ پەردەیەکە حەبلی مەنەوی‌و هێلکە گون دادەپۆشیٚ.

اللّفُ: باخی تیٚکچڕژاو ◊ دەگوتریٚ: (جاءوا بلَفِهِمْ) بەهەموو تاقم‌و پێڕپانەوە هاتن ◊ هەروا دەگوتریٚ: (جاءوا ومن لفّ لفّهم): هۆزەکە هەموویان هاتن‌و هەموو ئەوانەش کەپەیوەندییان بەوانەوە هەبوو هاتن.

اللِّفُّ: تاقم‌و کۆمەڵو چین‌و تونژ ◊ دەگوتریٚ: (عنده الفاف من الناس): هەروا وشەی (اللِّف): بەمانا هۆزو

نەتەوەی کۆبوەوە دێ دەگوترێ: (كنّا لِفّاً): ئێمە کۆبوینەوە لەشوێنێك ٥ حیزبو تاقمو کۆمەڵ ٥ دەگوترێ: (في لِفّ من كنت؟) ئەتۆ لەتاقمو پێڕی کێ بوی ٥ ئەوەی لێرەو لەوێ کۆدەکرێنەوە وەکوو چۆن کابرایەك شایەتی بەدرۆ لێرەو لەوێ کۆدەکاتەوە ٥ باخێك باخچەیەك درەختەکانی تێکچڕژابن ڕوەکەکانی تێکچڕژابن، دەگوترێ: (حديقة لِفّ): باخێکی تێکچڕژاوە درەختو ڕوەکەکانی لێك هاڵاوتن ٥ (ك: الفاف ولفوف) ٥ دەگوترێ: (جاءوا ومن لفّ لِفّهم): هاتن بەخۆیانو ئەوانەشیان کە پەیوەندییان پێیانەوە هەبوو.

اللِفّاء: ئافرەتێك سمتو کەفەڵی گەورەو گۆشتن بن ٥ باخو دارەستانی چڕو پڕ.

اللَّفّةُ: (حديقة لَفّةٌ): باخێکی چڕو پڕە، دەشگوترێ: (جاء القوم بلفّتِهِمْ): خەڵکەکە بەهەموو چینو توێژەکانیانەوە هاتن.

اللّفيف: خەڵکی کۆبۆوە لەهۆزو نەتەوەی جیاجیا ٥ یان کۆمەڵگای تێکەڵ لەمرۆڤی خوێڕیو وەجاخزادەو خوێندەوارو نەخوێندەوارو چاكو خراپ، بەهێزو بێ هێز ٥ وشەی (اللّفيف): لەبواری عیلمی صەرف دا بەوشەیەك دەگوترێ دوو حەرفی عیللەی تێدابن ٥ وەکوو (طِوي وعى).

اللّفيفة: گۆشتی حوشتر (هی گوڵمەی رانی).

المِلَفُ: لێفەو بەتانی ٥ دۆسییەیەك چەند ئەوراقو نوسراوی تێدا ڕەزمەکرابن ٥ هەڵگیرابن.

الملفوف: پێچراوە، یاپراخو دۆڵمە.

لَفَقَ الثوبَ: لکی قوناشەکەی بەلاکەی تریەوە دوری ٥ دەشگوترێ: (لفق بين ثوبين): هەروا دەگوترێ: (كلام ملفوق): قسەی هەڵبەستراوو بێ سەرو بەرە.

لفق الأمْرَ: هەوڵی بۆ کارەکەداو بۆی نەکرا.

لَفَقَ فلان: فڵانکەس هەوڵی کارەکەی داو بۆی نەکرا.

لَفِقَ الشَّيْئَ: شتەکەی گرت، زانی، ئەنجامی دا ٥ دەشگوترێ: (لَفِقَ يفعل كذا): دەستی پێکردو خەریکی ئەوکارەیە ٥ بەمانا (طفِقَ)دێ.

لَفَّقَ فلان: فڵانکەس داوای کارێکی کردو هەوڵی دا ئەنجامی بداو بۆی نەکرا.

لَفَّقَ الشَّقَّتين: دو پارچەکەی لێکدانو پێکیەوە دورین ◊ دەگوترێ: (لَفَّقَ بین الثوبین): هەردو پارچە قوماشەکەی لێکدانو پێکیەوە دورین.

لَفَّقَ الحديث: قسەی هەڵبەستو بەشتی بێ بناغەو پوچ رازاندیەوە ◊ (فهو مُلَفِّقٌ).

تلافَقَ القومُ: خەڵکەکە کارو باریان ڕێك و پێك هات.

تَلَفَّقَ مابينهما: نێوانیان ڕێك بوو ناخۆشییان لەنێودا نەما.

تَلَفَّقَ به: پێی گەیشت.

التِّلْفَاق: دووپارچە قوماش بەیەکەوە بدورێن.

اللِّفَاقُ: بەمانا (التِّلْفاق)دێ.

اللِّفَّاق: کەسێك بەناوات و نامانجی خۆی نەگا، هەوڵ بداو سەرکەوتوونەبێ لەبەدەستهێنانی نامانجی دا.

اللِّفْقُ: پارچەیەك، لایەك لەدوو شتی پێکەوە لکێنراو.

اللِّفْقَان: دوو پیاو حاڵو وەزعیان پێکەوە باش بێ ◊ پێکەوە ناشناو ڕۆشنابن، گونجاو بن ◊ دەگوترێ: (هذا لِفْقُ فلان).

لَفْلَفَ في ثوبه: خۆی لەقوماشەکەیەوە پێچا، پۆشاکەکەی لەخۆیەوە پێچا.

لَفْلَفَ فلان: فلانکەس زەمانگیراو بوو بەناخۆشی قسەی بۆدەکرێن ◊ کەقسەدەکا زمانی دەمی پڕدەکا ◊ دەشگوترێ: (بلسانه لَفْلَفة): زمانی گیری تێدایە.

لَفْلَفَ فلان: زۆری لەخواردن کۆڵیەوە زۆر لێی ورد بۆوە ◊ قۆڵی خوارو خێچ بوو بەهۆی بادرانی ڕەگی سەرەکی قۆڵی.

تَلَفْلَفَ بثوبه: خۆی بەقوماشەکە داپۆشی.

اللَّفْلاف: (رجل لَفْلافٌ): پیاوێکی لاوازو زەعیفە.

اللُّفْلُفُ: بەمانا (اللِّفْلاقُ)دێ.

لَفَاه حَقَّهُ لَفْواً: مافی ژێر پێ خست، لەمافی کەم کردەوە.

لَفَا اللَّحْمَ عَنْ العظم: گۆشتەکەی لەئێسقانەکە دامالی.

اَلْفاه: دەستی کەوت، توشی بوو.

تَلافى الشَّيْئَ: فریا شتەکە کەوت ◊ کەمو کوڕیەکانی پڕکردنەوە.

التَّلافي: تۆڵە سەندنەوە.

اللَّفي: شتی فرێدراو.

اللَّفاءُ: هەمووشتێکی هیچو پوچو بێ نرخ ◊ دەگوترێ: (رَضِيَ فلان من الوفاء باللفاء): لەپاساوی نەو هەموو پیاوەتیو چاکەیەی بەشتێکی کەمو بێ نرخ رازی بوو ◊ هەروا ناوە

بـۆگڵ، شـتی پـڕو پـوچ‌و بـێ نـرخ لەسەر زەوی.

لَقَّبَهُ بكذا: بـەو نازنـاوە ناسـاندی ◊ نەوەی کردە نازناوی ئەو.

تلاقَـبَ القـومُ: خەڵکەکـە نازناویـان بۆیەکتر دانا.

تَلَقَّبَ بكذا: ئەوەبوو بەنازناوی ئەو.

اللَّقَبُ: نازناوێکە دوای نیسمی یەکەم دادەنـرێ بۆناسـاندن ◊ یـان بـۆ ڕێزلێنان یان بۆ سوکایەتی پێکردن ◊ وادەبێ نازناوی ناشیرین دەکرێتـە نـاوو پیـشی نـاخۆش نیـە وەکـوو (الأخفش، الجاحظ)و ئەو ناوانە.

لَقِحَتْ الناقـةُ ونحوهـا لَقْحـاً ولقاحـاً: حوشـترەکە کـەڵی گـرت، تۆمـاوی کەڵەکەی پێکەوت ◊ (فهي لاقـح) ◊ (ك: لُقَـحٌ ولـواقح وهـي لقـوح) ◊ دەشگوترێ: (لَقِحَـت النخلـة ولِقِـحَ الزرعُ).

لَقَحَـت الحـربُ أو العـداوة: شـەڕ هەڵگیرسایەوە ◊ (فهي لاقح).

ألْقَحَت الشجرةُ: درەختەکە پەڵو پۆی دەرکردن.

ألْقَحَت الفحلُ الناقَة: کەڵەکە حوشـترە مێینەکەی ئاوس کرد ◊ کەڵی دا.

ألْقَحَ النخلةَ: دراخورماکەی موتوربە کـرد ◊ دەشگوترێ: (ألقحـت الـريحُ السَّحَابَة): هەورەکـە موتوربـە بـوو بارانی بارانـد ◊ (فهي مُلقِحة ولاقـح) ◊ دەشگوترێ: (ألقحت الريحُ النبـاتَ والـشَّجَرَ): بایەکـە ڕوەکو درەختەکـەی موتوربـەکرد ◊ تۆوەکـەی لەنەنـدامی نێرینـەوە گواستەوە بۆ ناو ئەندامی مێینە.

ألْقـح بيـنهم شـرّاً: بـوو بـەهۆکاری نانەوەی شەڕ لەنێویان دا.

لَقَّحَ النخلةَ: دارخورماکەی تەلقیح کرد ◊ دەشگوترێ: (جرّب الأمور فلقحت عَقْلَـهُ): بـەزۆر تاقیکردنـەوە دا تێپەڕیوەو عـەقڵو هۆشـی پێیـان قـاڵبووە ◊ هـەروا دەگـوترێ: (فـلان مُلَقَّح مُنَقَّحٌ): فلانکەسـی تەجرەبـەی بینیون‌و قاڵبووە.

لَقَّحَ جسم الإنسان أو الحيوان: جەستەی مرۆڤەکەی کوتا بـەدەرزی دەرمـانی دژە نەخۆشی کردە ناو لەشیەوە.

تَلَقَّـحَ فـلان علـى فـلان: فلانکـەس دەستدرێژی کردە سەر فلان شتێکی پاڵ دانەکردبووی نەگوتبووی.

استلقَحَتِ النخلـةُ: دارخورماکـە کـاتی موتوربەکردنی هاتووە.

اللِّقاحُ: تۆماوی کـەڵ ◊ ئـاوی نێرینـە ◊ ئـەو تـۆوەی درەخـتو ڕوەکـی پـێ موتوربە دەکرێ ◊ دەگوترێ: (جاءنا

زمن اللقاح): کاتی موتوربەکردن هاتووە ◊ وەرزی تەلقیح کردنی خورما هاتووە ◊ دەگوترێ: (قرم لَقاح): گەلو نەتەومێکن ملکەچی کەس نەبوون و کەس نەیتوانیوە ستەمیان لێ بکا.

اللِّقاحُ: تۆماوی حوشترە نێرەو ئەسپ ◊ یان تۆماوی هەر نێرینەیەکی تر.

اللِّقاحِیة: لەبواری پزیشکی دا ئەو تەفاعول و هەستکردنە وەرزییە یە کەجەستە بەهۆی هەواوە لەموتوربەبوونی ڕوەکەکانەوە بۆی دێ.

اللَّقَحُ: کەلگرتن ◊ دەگوترێ: (إمرأة سریعة اللَّقح): ئافرەتێکە زوو سکی دەبێ ◊ هەروا بەمانا (اللَّقاح)دێ.

اللَّقْحَةُ: حوشتری شیردەری شیر زۆر.

اللِّقحَةُ: بەمانا (اللِّقحة)دێ ◊ ئافرەتی شیردەر.

المُلْقِحُ مِن الرجال: پیاوی بەزڕوێت، پێچەوانەی نەزۆکی.

لَقَسَهُ لَقْساً: عەیبی لێ گرت ◊ (فهو لاقس ولقّاس).

لَقَسَتْ نفسُهُ الی الشَّیْئِ لَقْساً: نەفسی کێشی کرد بۆ لای ئەو شتەو سور بوو لەسەر بەدەستهێنانی.

لَقَسَتْ نفسُه من الشَّیْئِ: نەفسی لەو شتە بێزراو ڕەتی کردەوە ◊ بەنا بەنابەدڵی دەستی بۆ بردو حەزی لێ نەبوو.

لَقِسَ به: پێی وریا بۆوە.

لاقَسَهُ: عەیبی لی گرت، نازناوی ناشیرینی بۆدانا.

تلاقس القومُ: خەڵکەکە جوێنیان بەیەکتر دا.

تَلَقَسَتْ نفسُه من الشَّیْئِ: نەفسی لەشتەکە تەنگ بوو ڕژدو چروک بوو.

اللاّقِسُ: گرۆیی.

اللِّقِسُ: کەسێک عەیب لەخەڵک بگرێ و نازناوی ناشیرینیان بۆدابنێ، فیتنەیی بخاتە ناویانەوە ◊ کەسێک هەر ڕۆژە خەریکی شتێک بێ و لەسەر کارێک بەردەوام نەبێ.

لَقَصَ الشَّیْئُ جِلْدَه لَقْصاً: شتەکە پێستی سوتاند.

لَقِصَ فلان لَقَصاً: فلانکەس دڵتەنگ بوو.

إلْتَقَصَ الشَّیْئَ: شتەکەی هەڵگرت.

اللِّقِصُ: شەڕەنگێزو شەڕانی ◊ زۆربێ و چەقەچەناو.

لَقَطَ الشَّیْئَ لَقْطاً: شتەکەی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە ◊ (فهو لاقط ولقاط ولقاطة) ◊ هەڵگیراوەکە (ملقوط یان لقیط).

لقط الطائرُ الحَبَّ: باڵندەکە دانەوێڵەی لێرەو لەوێ بەدەندوک هەڵگرتەوە.

لَقَطَ العِلْمَ من الكتب: زانیاری لەم کتێب‌و لەو کتێب کۆکردەوە.

لَقَطَ أصول الشَّعَر: بەموکێش مووەکانی هەڵکێشان.

لَقَطَ المَنْظَرَ: وێنەی دیمەنەکەی گرت بەئامێری وێنەگرتن.

لاقطه ملاقطة ولِقاطاً: بەرامبەریی کرد ◊ کەوتە بەرامبەری.

إلْتَقَطَ الشَّيْئَ: بەمانا (لقط) دێ ◊ دۆزیەوە، بەبێ بۆگەڕان‌و هەوڵدان دۆزیەوە هەڵم گرتەوە ◊ لێرەو لەوێ کۆم کردەوە ◊ دەگوترێ: (فلان يلتقط كلام الناس) فلانکەس قسەی خەڵک کۆدەکاتەوە، سیخوڕی‌و جاسوسی دەکا ◊ عەرەب دەڵێن: (إنّ عندك ديكاً يلتقط الحصى) کەڵەشێرێکت لایە بەردە وردە هەڵدەگرێتەوە ◊ مەبەست ئەوەیە فیتنە جۆیەکت لایە قسە دەدزێ لەناو مەجلیسەکەدا.

تَلَقَّطَ الشَّيْئَ: شتەکەی لێرەو لەوێ گردکردەوە.

الألقاط: کۆمەڵە مرۆڤێک کەلەهەتیومچەو خوێڕی پێکهاتووە دەگوترێ: (جاءنا ألقاط من الناس) خوێڕی‌و هەتیومچە هاتن بۆلامان.

قوم ألقاط: گەل‌و نەتەوەیەکی پەرتەوازبوون.

اللاّقِطُ: ئەو کەسەی گوڵە گەنم‌و پاشەڕۆک کۆدەکاتەوە ◊ لەدوا دروێنە گوڵەگەنم دەچنێتەوە.

اللّاقطة: دەگوترێ: (لكل ساقطة لاقِطة) بۆ هەموو شتەفڕێدراو و نەویستراوێک هەڵگرەومەیەک هەیە ◊ یان هەر قسەیەک بگوترێ‌و لەدەم بێتەدەر گوێچکەیەک هەیە دەیبیستێ‌و بڵاوی دەکاتەوە.

اللّقاط: ئەو گوڵە گەنم‌و شتەیە دەبنە پاشەڕۆک‌و یەکێکی تر کۆیان دەکاتەوە دەیانچنێتەوە.

اللّقاط: کۆکردنەوەی گوڵەگەنم‌و شتی وا، پاشەڕۆک کۆکردنەوە.

اللُّقاط: ئەو گوڵە گەنمانەی کۆدەکرێنەوە لەپاشەڕۆک دا.

اللُّقاطَةُ: ئەوەی لەناو زەوی دا بچندرێتەوە ◊ شتی فڕێدراو بۆنەوەی هەرکەسێک بیەوێ هەڵی بگرێتەوە.

اللُّقَطُ: هەر دەنکە دانەوێڵەی ڕژاو دەنکە میوەی بەربۆوە ◊ پارچە زێڕو زیو لەناو کانەکەیان دا ◊ دەگوترێ: (وجدت في المعدن لقطاً) لەکانەکەدا پارچە زێڕو زیوم دۆزینەوە.

اللُّقْطَةُ: دیمەنێک لەفیلم کە بەجیا بگیرێ.

اللُّقَطَةُ: بەمانا (اللُّقْطَةُ) دێ.

اللُّقَطَةُ: هەرشتێك فرێدرابێ و بتەوێ هەڵی بگرێەوە ◊ لە جیۆلۆجیدا بریتییە لەپارچە زێرێك پربەدەست بێ یان زیاتر بێ لەکان دا بدۆزرێتەوە.

اللَّقيطُ: منداڵی فرێدراو کە نەزاندرێ باوکی کێیە.

اللُّقيطَة: پیاوی خوێڕی و بێ رێز ◊ هەروا ناوە بۆ نافرەتی چەتیوەو نارەسەن.

المِلقاةُ: موکێش ◊ مقاشی بچوك بۆ هەڵگرتنەوەی شتی وردیلە.

المِلْقَطُ: بەمانا (المِلْقاط) دێ ◊ (ك: مَلاقِط)

المَلْقَطُ: کان ◊ مەبەست و مەتڵەب ◊ (ك: ملاقط) ◊ دەگوترێ: (أصبحت مراعينا مَلاقِط من الجدب) لەوەرگاکانمان بوونە سوتەمەڕۆو هیچ لەوەرێکیان تێدا نەماوە.

الملقوط: بەمانا (اللَّقيط) دێ ◊ (ك: ملاقيط).

لَقَعَ الشَّيْئَ لَقْعاً: شتەکەی فرێ دا.

لَقَعَ فلاناً بعينه: فلانکەسی بەچاوی هەنگاوت.

لَقَعَ بالكلام: بەقسە زاڵ بوو بەسەری داو بۆڕی دا.

لَقَعَ فلاناً: ڕەخنەی لەفلان گرت.

اللَّقْعَة: کەسێك هەرقسەی هەبێ و کردەوەی نەبێ.

اللَّقّاعُ: مێشە سەوزە کە نادەمیزاد دەگەزێ.

اللُّقّاعَةُ: گێل و نەحمەق ◊ کەسێك نازناوی ناشیرین بۆخەڵك دابنێ.

المِلْقاعُ: نافرەتی دەمدرێژو جنێو فرۆش.

لَقِفَ الشَّيْئَ لَقْفاً ولقفاناً: خێرا شتەکەی لول داو قوتی دا ◊ پڕی دایەو تێکیەوە پێچا.

لَقَّفَ الفرسُ في عَدْوِهِ: نەسپەکە لەغاردان دا پێکۆڵی کرد خێرا خێرا بەتوندی قاچی بەزەوی کێشا.

لَقَّفَ فلاناً الشَّيْئَ: شتەکەی بۆ فلانکەس هاویشت بۆ نەوەی خێرا لولی داو قوتی دا.

لَقَّفَ الطعامَ: خواردنەکەی قوت دا ◊ دەشگوترێ: (لَقَّفَهُ الطعامَ) خواردنەکەی پێ قوت دا.

إلْتَقَفَ الشَّيْئَ: شتەکەی خێرا گرتو پێچایەوە.

تَلَقَّفَ الشَّيْئَ: بەمانا (إلْتَقَفَهُ) دێ ◊ دەگوترێ: (تَلَقَّفَ الكلامَ من فمه) خێرا قسەکەی لەدەم وەرگرتو قۆزتیەوە.

تَلَقُّفَ الطعام: خواردنەکەی قوت دا.

اللَّقْفُ: دەگوترێ: (رجل ثَقْفٌ لَقْفٌ) پیاوێکە هەرچی بۆ هەڵدرێ خێرا بەدەست دەگرێتەوە ◊ یان هەر

قسەیەکی بۆ بکرێ خێرا دەیقۆزێتەوەو وەری دەگرێ.

اللَّقْفُ: دەگوترێ: (ثَقِفٌ لَقِفٌ) بەمانا (ثَقِفٌ لَقْفٌ) دێ.

اللَّقِيفُ: دەق بەمانا (اللَّقِفُ) دێ.

لَقَّ عَيْنَهُ: بەبەری دەستی لەچاوی دا؛ شەبلاغەی لەچاودا.

اللَّقُّ: کەندڕی ناو زەوی ◊ پیاوی زۆر بڵێو چەقەچەناو.

اللَّقَّاقُ: (رجل لقاق بقاق) پیاوێکی زۆر بڵێو چەقەچەناوە.

لَقْلَقَ اللَّقْلاقُ: لەقلەقەکە قراندی.

لَقْلَقَتِ الحية: مارەکە شەویلەی جوڵاندو زمانی دەرهێنا.

لَقْلَقَ لسان فلان: زوبانی فلانکەس هەدانادا هەمیشە لەجوڵەو قسەکردندایە.

لَقْلَقَ نَظَرُهُ: خێرا چاوی کەوتنە ڕوانینو شتەکانی بەسەرکردنەوە.

لَقْلَقَ الشَّيْءَ: شتەکەی جوڵاند.

اللَّقْلاقُ: لەقلەق: باڵندەیەکی قاچو ملو دەندوک درێژو سوورە.

اللَّقْلَقُ: بەمانا (اللَّقْلاقُ) دێ ◊ هەروا بەمانا زوبان دێ ◊ دەگوترێ: (حرّك لَقْلَقَهُ) زوبانی خستە کارو کەوتە قسەکردن.

اللَّقْلَقَةُ: گیرانی زوبان ◊ دەنگی بەرزو نزمو پڕپێچو پەنا ◊ دەنگێک لەرینەوەو لاواندنەوەی تێدا بێ.

لَقَمَ الطريقَ: دەمی ڕێگاکەی گرت.

لَقِمَ الشَّيْءَ لَقْماً: شتەکەی خێرا خوارد ◊ دەگوترێ: (لَقِمَ اللُّقْمَةَ) پاروەکەی بەدەم گرتو ورده ورده قوتی دا.

أَلْقَمَهُ الطعامَ: وای کرد خواردنەکەی قوت بدا ◊ دەگوترێ: (أَلقَمته أذني فصبَّ فيها كلاما، وألقَمَهُ الحجر) لەکاتی دەمەدەمێو موناقەشەدا بێدەنگی کرد.

لَقَّمَهُ الطعامَ: بەمانا (أَلْقَمَهُ) دێ.

إِلْتَقَمَ الشَّيْءَ: شتەکەی قوت دا ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَالْتَقَمَهُ الْحُوتُ وَهُوَ مُلِيمٌ﴾.

تَلَقَّمَ الشَّيْءَ: شتەکەی بەخێرایی خوارد.

التِّلْقامُ والتِّلْقامَةُ: پاروی زۆر یان پاروی گەورە ◊ (پاروزل).

اللُّقَمُ: ڕێگای ناشکرا ◊ دەگوترێ: (خذ هذا اللُّقَمَ) ئەم ڕێگا ڕاستە بگرەو بەری مەدە.

اللُّقِمُ: دەگوترێ: (رجل فِم لقِمٌ) پیاوێکە هەمیشە بەسەر بەرامبەرەکانی دا سەرکەوتووبووە.

اللُّقْمَةُ: پارو، ئەو بڕە خواردنەیە مرۆڤ ئامادەی دەکا بۆئەوەی بیخاتە ناو دەمیەوەو قوتی بدا.

لَقِنَ فلان لَقَناً ولَقانَةً: فلانکەس عاقڵو زیرەک بوو.

لَقِنَ المعنى: لەماناکە حاڵی بوو ◊ (فهو لقن).

لَقَّنَهُ الكلامَ: قسەکەی بەگوێ دادا بۆنەوەی بیڵێتەوە.

لَقَّنَ الممثل على المسرح: لەسەر شانۆکە ئەکتەرەکەی فێری قسەکردن کرد ◊ بەدەنگی نزم ئەکتەرەکەی دەرس دادا.

لَقَّنَ المحتضرَ: لەلای نەخۆشەکەی لەگیانەوڵادایە زیکری خودا (لا إله الا الله)ی دووبارەو سێبارە کردەوە بۆنەوەی نەخۆشەکەش یادی خودا بکاو شایەتومان بێنێ.

لَقَّنَ الميتَ: تەلقینی مردووەکەی کرد، ئامۆژگاری مردووەکەی کرد کە بەڕێکو پێکی وەڵامی فریشتەکان بداتەوە.

تَلَقَّنَ الشَّيْئَ والكلام: لەشتەکە حاڵی بوو ◊ فێری قسەکە بوو.

اللَّقَنُ: لەگەن دەست شۆر؛ قاپێکی بن تەسکی سەربڵاوە.

اللِّقِنُ: دەگوترێ: (لَقِفٌ لَقِنٌ) تێگەیشتوومو باش تێی دەگا.

المُلَقَّنُ: تەلقین دادەر (مەلای تەلقین خوێن) ◊ ئەو کەسەی مردو تەلقین دەدا ◊ ئەوکەسەی لەسەر شانۆ تەلقینی ئەکتەر دەکاو بۆخۆی دەرناکەوێ.

لَقَاهُ اللهُ لَقْراً: خودا توشی نەخۆشی شەویلە خواربوونی کرد.

لُقِيَ لَقْوَةً: توشی نەخۆشی شەویلە خواربوون بوو.

اللَّقْوَةُ: نەخۆشییەکە توشی دەموچاو دەبێو شەویلە خواردەبێ ◊ هەروا ناوە بۆ هەڵۆو باز کە بەگورجی نێچیر دەگرێ.

لَقِيَهُ لقاءً ولقاءً ولُقياً ولُقياناً ولُقْيَةً: پێشوازی لێ کرد توشی بوو.

لَقِيَ فلان رَبَّهُ: فلانکەس مرد.

أَلْقَى الشَّيْئَ: شتەکەی فڕێ دا هاویشتی ناڕاستەی کرد.

ألقى الله الشَّيْئَ في القلوب: بەروەردگار ئەو شتەی خستە دڵەکانەوە.

ألقى القرآن: قورئانی نازڵ کرد.

ألقى المتاعَ على الدابة: کاڵاو شتومەکەکانی خستە سەر پشتی وڵاخەکە.

ألقى عَلَيْهِ القولَ: قسەکەی بەسەردا خوێندەوە فێری کرد ◊ دەشگوترێ: (القى اليه القول وبالقول) قسەکەی پێ ڕاگەیاند.

ألقى اليه بالاً: دڵی دایە شتەکەو گوێی بۆ گرت ◊ هەروا دەگوترێ: (ألقى فلان السَّمْعَ والقى الى فلان السمع).

ألقى اليه خياً: پیاوەتی لەگەڵ دا کرد.

القى اليه السلام: سڵاوی لێ کرد.

لاقاه ملاقاةً ولقاءً: تووشی بوو، چاوپێکەوتنی لەگەڵ دا کرد.

لاقی الله: گەڕایەوە بۆلای خودا بۆ حیساب و لێکۆڵینەوە.

لاقی بین الرجلین: دوو پیاوەکەی یەکخستنەوە ◊ دەشگوترێ: (لاقی بین فلان وفلان) و (لاقی بین طرفي القضیب) دارەکەی چەماندەوە تا هەردووسەری بەیەک گەیشتنەوە ◊ هەروا دەگوترێ: (هو جاري ملاقی) ئەوە هاوسێمە بەرامبەرم.

لَقّاهُ الشَّیْئَ: شتەکەی والێ کرد توشی بێ ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَلَقّاهُمْ نَضْرَةً وَسُرُورًا﴾.

إلْتَقَیا: ئەو دوو کەسە یان ئەو دوو تاقمە توشی یەکتر بوون ◊ دەگوترێ: (إلتقی الرجلان، والتقی الجیشان).

إلتقی الشیئان: دوو شتەکە بەیەک گەیشتن و کۆبوونەوە ◊ بەرامبەری یەک بوون ◊ قورئان دەفەرموێ: (مرج البحرین یلتقیان بینهما برزخ لایبغیان).

إلتقی الشَّیْئَ: توشی شتەکە بوو.

تلاقیا: توشی یەکتر بوون.

تَلَقَّتِ المرأةُ: نافرەتەکە ئاوس بوو، سکی بوو ◊ (فهي مُتَلِّق).

تَلَقّی الشَّیْئَ: توشی شتەکە بوو ◊ دەگوترێ: (تَلَقّی فلاناً) توشی فلانەکەس بوو.

تَلَقّی العلم عَنْ فلان: زانستی لەفلانەکەس وەرگرت لەلای ئەو فێری خوێندن بوو.

إستلقی علی ظهره: لەسەر پشتی نوست.

الأُلْقیة: ئەو لەغەزو موعەممایانەن کەزەینی بەرامبەری پێ تاقی دەکەیەوە ◊ دەگوترێ: (ألقیت عَلَیْهِ القیة) و (ألقیت الیه القیة) لەغزێکم لێ پرسی بۆنەوەی حەل بکاو بزانێ مەبەست چیە ◊ بەڵاو کارەساتی ڕۆژگار (ك: الألاقي) ◊ دەگوترێ: (لقیت منه الألاقي).

التَّلاقي: (یوم التلاقي) ڕۆژی قیامەت.

التَّلْقاءُ: چاوگی (لَقِيَ)یە دەگوترێ: (یسرني تلقاؤك) پێم خۆشە بتبینم، بینینی تۆ دڵخۆشم دەکا ◊ دوایی ئەم وشەیە بۆ زەرفی مەکانیش بەکارهێنراوە، گوتراوە: (توجّه تِلقاءَ النار) و (تِلْقاء فلان) ◊ و (جلَسَ تلقاء) بەرامبەری دانیشت ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَلَمّا تَوَجَّهَ تِلْقاءَ مَدْیَنَ﴾ ◊ دەشگوترێ: (فعل ذلك تِلقائیاً) لەخودی خۆیەوە ئەوەی کرد.

اللَّقـى: شـتێك لەبـەر كەمبایـەخی فڕێـدرابێ ٥ هـەروا نـاوە بـۆ شـتی هەڵگیراو.

اللّقاءَةُ من الطريق: ناوەڕاستی ڕێگا.

اللَّقِيُّ: شوێنی بەیەك گەیشتن ٥ (هما لَقِيان) ئەو دوانـە بەیـەك گەیشتن ٥ هـەروا دەگـوترێ: (هـو لقـي شـقيّ) هەمیشە ئەو لەشەڕو ناخۆشیدایە.

المَلْقـى: كـۆزو لانـەی حەیوانـە كێـوی كەلەترسـی ڕاوچـی خـۆی تێـدا حەشـار دەدا ٥ یـان نـاوە بـۆ سەرانسەری كێو ٥ (ك: المَلاقي).

المَلاقي: دیوی ناوەوەی وانێكی ئافرەت ٥ دەگـوترێ: (إمـرأة ضـيقة الملاقـي) ئافرەتێكە وانێكەكەی تەسكە.

المُلْقى: زبڵدان؛ شوێنی شت لێ فڕێدان ٥ دەگـوترێ: (هـذا ملقـى الكناسـات) ئـەوە شـوێنی فڕێـدانی زبـڵو زاڵو قومامـەو شـتی وایـە ٥ هـەروا دەگـوترێ: (فِنـاؤه ملْقـى الرحـال) ماڵەكەی شوێنی دابەزینی میوانە.

المُلَقّى (رجل مُلَقًّى): پیاوێكە تەجرەبە كـراوەو هەمیـشە بـەڵاو كارەسـات توشـی دێـن ٥ هـەروا دەگـوترێ: (الشجاعُ مُوَقّى والجبان مُلَقّى).

لَكَأَهُ بالسَّوط: بەقامچی لێی دا.

لَكَأَ فلاناً: هەموو مافی فڵانكەسی دایەوە ٥ هەروا دەگوترێ: (لَعَنَ الله أمّـاً لَكَـأت به) نەفرین لەو دایكەی ئەوی لێ بووە.

لَكِـئَ بالمكان لَكَأً: لەو شوێنە مایەوە.

تَلَكَّأَ عَلَيْهِ: لەسەری وەستا ٥ تەمبەڵی كردو وەستا.

لَكَثَهُ لَكْثاً ولِكاثاً: بـە مـستەكۆڵە لێـی دا، یان شەقی تێهەڵدا.

لَكِثَ الوَسَخُ عَلَيْهِ وبه لَكْثاً: چڵك پێیـەوە نووسا.

اللُّكـاثُ: بـەردی بریـسكەدارو لـوس ٥ بەزۆری لەگەچدا دەبێ.

اللُّكاثِيُّ: پیاوی پێست سپی زۆر سپی پێست.

اللَّكَثُ: شیرو ماست كەبەلێواری قـاپو مەنجەڵەوە ڕەق دەبێو دەمێنێتەوە.

لَكِدَ عَلَيْهِ الوسَخُ وبـه لَكَـداً: چڵكی پێوە نووسا.

لَكِدَ الشَّيْئُ بفيه: شتەكە بەدەمو لێویـەوە گەمڕەیان بەست قژی پێكەوە نووسان.

لَكِـدَ شَـعْرُهُ مـن الوسـخ: قـژی بـەهۆی چڵكەوە گەمڕەیان بەست قژی پێكـەوە نووسان.

لَكِدَ فلان: فڵانكەس بەخێڵو چروك بوو ٥ (فهو لَكِد)

لاكَدَ الغُلَّ: لەگەڵ زنجیرو پێوەندەكەدا گونجا.

لاكَدَ قَيْدَهُ: بەپێوەندەوە رۆیی، پێوەندەکە نەپەیشت خێرا بڕوا.

لاكَدَ فلانٌ فلاناً: فلانکەس لەگەڵ فلانکەس کەوتو لێی جیانەبوەوە.

إلْتَكَدَهُ: لەگەڵی کەوتو لێی جیانەبوەوە.

إلْتَكَدَ به: پێوەی لکا، چووە گەڵیەو.

تَلَكَّدَ الشَّيْئُ: شتەکە پێکەوە نووسا، یەکتری گرت.

تَلَكَّدَ به الوَسَخُ: چلکی پێوە نووسا ◊ چلکن بوو.

تَلَكَّدَ فلانٌ: فلانکەس گۆشتی پتەو بوو.

الأنْكَدُ: پیاوی خوێڕی‌و هەتیو مچە کەخوێ بەهۆزێکەوە هەڵواسێ‌و خۆبکا بەیەکێك لەوان‌و لەڕاستیدا لەوان نەبێ.

المِلْكَدُ: ئامێرێکە وەکوو سندۆڵ شتی پی وەرد دەکرێ.

لَكَزَهُ لَكْزاً: مستەکۆڵەی لەسنگی دا.

لاكَزَهُ: ئەو دوو کەسە یەکتریان بەر مستەکۆڵە دا.

تلاكزا: ئەو دوو کەسە یەکتریان بەر مستەکۆڵە دا.

اللِّكازُ: پینەیەکە دەخرێتە ناو دڕاویەکە.

المُلَكَّزُ: زەلیل‌و سوالکەری دەرکراو لە دەرگاو کۆڵان.

لَكَشَهُ لَكْشاً: مستەکۆڵەی لێ دا.

لَكَعَ فلان لَكعاً: فلان خواردی‌و خواردیەوە.

لَكَعَ الصَّيِّئُ: منداڵەکە قونگەجۆڵەی کرد لەکاتی شیر خواردندا.

لَكَعَ الرجل الشاةَ: پیاوەکە بەبەری دەستی لەگوانی مەڕەکەی دا بۆنەوەی شیر بدا.

لَكَعَتِ العَقْربُ فلاناً: دووپشك بەفلانکەسیەوە دا.

لَكَعَ الرجلَ: قسەی ناشیرینی بەگوێچکەی پیاوەکەدا دا.

لَكِعَ لكعاً لكاعة: بەدخو بوو، خوێڕی‌و بەدکار بوو ◊ گێل‌و ئەحمەق بوو ◊ (فهو ألْكَعُ وهي لكعاء).

لَكِعَ عليه الوسخ لَكَعاً: چلکی پێوە نووسا.

لَكَعَ لَكَعاً ولكاعة: بەدخوبوو بەدکار بوو ◊ گێل‌و ئەحمەق بوو ◊ (فهو لكيع).

لَكاعِ: لەسەر کێشی (فَعَالِ) بۆ جنێودان بەئافرەت بەکاردێ ◊ دەگوترێ: (یالَكاعِ) ئەی بێ ڕەوشت ئەی ئافرەتی گێل‌و ئەحمەق.

اللُّكَعُ: خوێڕی‌و هەتیومچە لەبانگ کردن دا.

یا لُكَعُ: بۆ دووکەس دەگوترێ: (یا ذَوَيْ لُكع) ◊ ئەم وشەی (لُكع) کە کرا بەناو بۆ یەکێك دوو بزوێنی نادرێتێ چونکە غەیرە مونصەریفە لەبەر

عەدلو عەلەمییەت ٥ هەروا وشەی (لَكْعُ) بەمانا گێلو ئەحمەق دێ ٥ بەمانا لاڵە پەتەو زمانگیراو دێ ٥ بەمانا منداڵی بچکۆلە دێ ٥ پێغەمبەر (د.خ) چووە ماڵی فاتیمەی کچیو فەرموی (أَلَمَّ لُكَعُ) ئەرێ کوڕە بچکۆلەکە لێرەیە؟ مەبەستی حەسەن یان حوسەین بوو.

اللُّكَعَةُ: ئافرەتی گێلو پڕوپوچ.

المَلْكَعانُ: وشەی جنێو ئامێزە ئاڕاستەی پیاو دەکرێ واتە: خوێڕی، سەرسەری ٥ بۆ جنێودان بەئافرەت دەگوترێ: (یا مَلْكعانةُ).

لَكَّهُ لَكّاً: بەهەموو دەستی پشتەملەیەکی پیاکێشا مستەکۆڵەیەکی دا لەپاشی شانی لەپشتە ملی.

لَكَّ الشَّيْئَ: شتەکەی تێکەڵاو کرد ٥ پەستاوتی.

لَكَّ اللحمَ: گۆشتەکەی لەئێسقان داماڵی.

إلْتَكَّ: چووە ناو یەکەوە ٥ دەگوترێ: (إلْتَكَّ العَسْكَرُ) سەربازەکان خڕبوونەوە، تێکچڕژان ٥ (إلْتَكَّ الوُرّادُ على المنهل) ئاوخۆرەوەکان لەسەر شوێنی ئاوخواردنەوە پاڵەپەستۆی یەکتریان کرد.

إلْتَكَّ في حُجَّتِهِ: لەبەڵگە هێنانەوەدا تەمبەڵ بوو.

إلْتَكَّ في كلامه: لەقسەکردنی دا هەڵەی کرد.

اللُّكاك: پاڵەپەستۆو زەحمەتدانی یەکتری.

اللَّكُّ: پشتی گۆشتنو پتەو ٥ ڕەنگێکی سورە لە دورگە خۆرهەڵاتیەکانی هیند دا بڕی مێشو مەگەز دەری دەدەنو لەسەر گەڵای هەندێ درەخت دا دەمێنێتەوە، ئەم مادەیە لەناو مادەی کحول دا دەتوێتەوە، جۆرە ڕۆنێکی لێ پێك دێ بۆ چەورکردنی دارو تەختە بەکاردێ ٥ لەبواری ژماردن دا لەلای ئێرانیەکانو هیندییەکانو یەمەنییەکان ناوە بۆ ژمارەی سەدهەزار، ئێستا هەندێ کەس بەکاری دێنن بۆ ژمارەی دە ملیۆن.

اللَّكيكُ: پشتی گۆشتنو پتەو ٥ دەگوترێ: (فرس لكيك اللَّحم) ئەسپێکی پشت گۆشتنو پتەوە ٥ شتێك پەستێورابێو چوبێتە ناویەکترەوە ٥ دەگوترێ: (عسكر لكيك) سوپایەکی گردەوەبووی تێکچڕژاو و تێکسمڕاوە ٥ مادەی قەتران ٥ (ك: لِكاك)

لَكَمَهُ لَكْماً: بەهەموو دەستی مستەکۆڵەی لێ دا.

لَكَمَ السيلُ عُرْضَ الجبل: لافاوەکە لەپانتایی کێوەکەدا زەوییەکەی دادڕی.

لاكَمَهُ مُلاكَمَةً: ئەو دوو پیاوە بەمستەکۆڵە کەوتنە وێزەی یەکتری یەکتریان بەر مستەکۆڵە دا.

تلاكما: بەمستەکۆڵە دووپیاوەکە لێکیان دا.

إلْتَكَمَ: شەپۆلەکان تێکیانەوە هاویشت.

المِلْكَمُ: (رجل مِلْكَمٌ) پیاوێکی مستەکۆڵە وەشێنەو مستەکۆڵەی تونەد دەوەشێنێ یان زۆر مستەکۆڵەی لێ دەدا.

المُلاكَمَةُ: جۆرە وەرزشێکی جەستەییە یاریکەرەکان بە مستەکۆڵە لەیەکتر دەدەن، ئەم یاریە یاساو رێسای خۆی هەیە و هەر دوو لایەنی یاریکەر دەبێ پەیڕەوی ئەو یاساو رێسایە بکەن.

المُلاكِمُ: کەسێك پیشەی وەرزشی مستەکۆڵە بێ.

لَكِنَ فلان لَكَناً ولُكْنَةً: فلانکەس زمانی گیراو لاڵ بوو ٥ نەیتوانی بەزوبانی عەرەبی قسەبکاو زوبانی زکماکی نەبوو ٥ (فهو ألكن وهي لكناءُ) ٥ (ك: لُكْنٌ).

تلاكَنَ في كلامه: زمانی خۆی خوار کرد بەشێوەی ناڕەوان قسەی کرد بۆنەوەی هاوڕێکانی بێنێتە پێکەنین.

لَكِنَ: ئەصلەکەی (لاكِن) بووە ئەلیفەکەی حەزف کراوە.

لكِنَّ: حەرفی موشەبەھ بەفیعلە دەچێتە سەر دوو ئیسم کە لەبناغەدا (مبتدأ وخبر) بوون ئیسمەکە مەنصوب دەکا خەبەر مەرفوع دەکا.

لَكِيَ بـ لكَيْ: کەوتە گەڵو لێی جیانەبۆوە تێیدا مایەوە ٥ دەگوترێ: (لَكِيَ بالمكان) لەشوێنەکە مایەوە.

اللّاكي: بەمانا (اللاتك) دێ.

لَمْ: حەرفی جەزمو نەفیو قەلبە دەچێتە سەر فیعلی موزارِیع و مەجزومی دەکا، ماناکەی لەزەمانی حاڵو داهاتووەوە دەباتەوە زەمانی ڕابردوو نەفی دەکا.

لَمّاْ لَمْناً: هەمووی هەلگرت ٥ دەشگوترێ: (ما يَلْمَأُ فَمَهُ بكلمة) هەرچی وشەی ناشیرین هەیە بەدەمی دا دێو دەیڵێ هیچ بەلایەوە مەبەست نیە.

ألْمَأ عَلَيْهِ: کۆنترۆڵی کرد، هەمووی داگیر کرد.

ألْمَأ اللّصُّ على الشَّيْئ: دزەکە شتەکەی دزیو بردی ٥ دەگوترێ: (ذهب ثوبي فما أدري من ألْمَأ به) کراسەکەم نەماوە نازانم کێ دزیویەتی؟.

ألْمَأ عليّ حَقّي: مافی خۆم لێ زەوت دەکاو دانی پیانانێ.

اَلْمَأ بما في الجَفْنَة: ئەوەی لەسوێنەو تەشتەکەدا بوو هێشتیەوە بۆ خۆی هەڵی گرت.

اَلْمَأت الدّوابُ المكان: ئاژەڵەکان شوێنەکەیان چۆڵ کرد ◊ دەگوترێ: (ما ادري أين أَلْمَأ من بلاد الله) نازانم لەم وڵاتی خودایەدا بۆ کوێ چووە.

إلْتَمَأ بما في الجَفْنَة: ئەوەی لە سوێنەو تەشتەکەدا بوو هێشتیەوە بۆ خۆی ◊ دەشگوترێ: (أَلْتَمِئَ لَونُهُ) ڕەنگی گۆڕا.

تَلَمَّأتِ الأرضُ به وعليه: زەوی داپۆشی، شاردیەوە.

تَلَمَّأ بما في الجفنة: ئەوەی لە سوێنەو تەشتەکەدا بوو هێشتیەوە بۆ خۆی.

المَلْمُوءُ: شوێنی دەستکەوتنی شت ◊ داوی ڕاوکەر.

لَمَجَ الشَّيْئَ لَمْجاً: شتەکەی خوارد.

لَمَجَ الصَّبِيُّ أمَّهُ: منداڵەکە شیری دایکی خوارد.

لَمَجَ فلاناً: زەڵاتەو موقەبیلاتی دایە فلانکەس بۆئەوەی پێش نانخواردن پێیانەوە خەریك بێ ◊ دەگوترێ: (ما لَمَجوا ضَيْفهم بشيءٍ) هیچ زەڵاتەو موقەبیلاتیان نەدا بەمیوانەکەیان.

تَلَمَّجَ فلان: فلانکەس پێش نانخواردن زەڵاتەو موقەبیلاتی خوارد ◊ فلانکەس حەزی لەخواردنو خواردنەوە بوو ◊ دەگوترێ: (ما تَلَمَّجَ عندنا بِلَماجٍ) لەلای ئێمە دەمی لەهیچ نەدا، هیچی نەخوارد.

تَلَمَّجَ بالطعام: خۆی بەخواردنەکەوە خافڵاند.

اللَّمّاجُ: کەمترین خواردن ◊ دەگوترێ: (ما ذُقْتُ شَماجاً ولا لَماجاً) هیچم نەچەشتووە حەشتەبای خودام نەخواردووە.

اللَّمِجُ: (رجل لَمِجٌ) پیاوێکی چڵێسە زۆری حەز لەخواردنو خواردنەوەیە ◊ دەگوترێ: (سَمِجٌ لَمِجٌ).

اللُّمْجَةُ: ئەو زەلاتەو موقەبیلاتەی پێش نانخواردن مرۆڤ خۆی پێوە دەخافڵێنێ ◊ (ك: لُمَجٌ).

اللُّمُوجُ: بەمانا (اللَّماجُ) دێ.

اللَّمِيجُ: چڵێسی، زۆر خۆر.

لَمَحَ البَصَرُ لَمْحاً ولَمَاحاً: بینینی گەیشتە شتەکە ◊ چاوی ڕوانییە شتەکە ◊ دەگوترێ: (لَمَحَهُ ببصره) بەچاوی بینی ◊ بینینی خۆی ئاڕاستەی ئەو شتە کرد.

لَمَحَ اليه: بەدیتنێکی بێ هێزەوە چاوی پێکەوت ◊ یان تیلەی چاوی دایە، بەدزییەوە بۆی ڕوانی ◊ (فهو لامح).

اللُّمَاحُ: بازی زیرەك ٥ (وهو لمح ولَماح).

أَلْمَحَ الشَّيْئَ واليه: بەچاوی کزو دیتنی لاواز شتەکەی بینی ٥ یان بەدزییەوە سەیری شتەکەی کرد.

أَلْمَحت المرأةُ من وجهها: ئافرەتەکە وای کرد ڕوخساری ببینرێ (واباوە ئافرەتی ڕوخسار جوان جوانی خۆی پیشانی ئەوانە دەدا کەدەیانەوێ ببینن و خێرا خۆیان لێ نەدیودەکا).

لامَحَهُ مُلامَحَةً: بەدزییەوە بۆی ڕوانی، تیلەی چاوی دایە.

إِلْتَمَحَهُ: بەچاوی کزەوە سەیری کرد ٥ دەگوترێ: (أَلْتَمِحَ بَصَرُهُ) چاوی بینابیان نەما.

الأَلْمَحِيُّ: کەسێك زۆر بڕوانێ و هەوڵی دیتن بدا.

اللَّامِحُ: دەگوترێ: (فلان لامِحٌ عِطْفَيْهِ) فلانکەس زۆر بەخۆی دەنازێ و خۆی پێ گرنگە.

اللَّمْحُ: دەگوترێ: (لأرينّك لَمْحاً باصراً) شتێکی ئاشکراو نمایانت پێ نیشان دەدەم ٥ بەزۆری ئەم ڕستەیە بۆ هەڕەشە بەکاردێ.

اللَّمْحَةُ: سەیرکردنی بەپەلە، چاو پێدا خشانێك ٥ دەگوترێ: (رأيته لمحة البرق) وەکوو بروسکە بینیم هاتە بەرچاوم و گوم بوو ٥ دەشگوترێ: (في فلان لمحة من أبيه) فلانکەس شێوەیەکی لەباوکی دەچێ.

اللَّمَاحُ: زۆر ئاشکرا ٥ دەگوترێ: (هو أبيض لَمّاح) ئەو زۆر سپییە.

المَلامِحُ: شکل و شێوەی دەم و چاو یان لێکچون لە هەموو ئاکارو ڕەفتاردا.

لَمَزَهُ لَمْزاً: لێی دا، پاڵی پێوەنا ٥ عەیبی لێ گرت ٥ بەچاو ئاماژەی بۆکرد، چاوی لێ داگرت ٥ بەسەری ئاماژەی بۆکرد، لێوی لێ داگرت ٥ سرتەیەکی بۆ کرد.

لَمَزَ الشيبُ فلاناً: پیری لەفلانکەس دا دیاری دا.

لامَزَهُ: بەلەغەزو موعەمما قسەی لەگەڵ دا کرد.

اللُّمَزَةُ: عەیبگر لەخەڵك بەزۆریی ٥ بۆ ئافرەت دەگوترێ: (لَمَازة).

لَمَسَهُ لَمْساً: دەستی لێ دا.

لَمَسَ المرأةَ: لەگەڵ ئافرەتەکە جوتبوو ٥ دەشگوترێ: (شعاع يكاد يلمس البصر) بروسکەو تیشکێکە لەوانەیە نوری چاو بەرێ بینایی کوێر بکا.

لامَسَهُ ملامسة ولماساً: دەستی لێ دا.

لامَسَ المرأةَ: لەگەڵ ئافرەتەکە جوتبوو.

إِلْتَمَقَ الشَّيْئَ: داوای شتەکەی کرد.

تَلَمَّقَ الشَّيْءَ: جار دواجار داوای شتەکەی کرد.

الإلْتِماسُ: داواکاریی ٥ داواکردن ٥ لەبواری قانونی (المرافعات)دا رێگەی تانەدانە لەبڕیاری کۆتایی لەبەرچەند هۆیەك‌و داوا لەو دادگایە دەکرێ کە بڕیارەکەی دەرکردوە چاو بەبڕیارەکەدا بگێڕێتەوە.

اللَّمِس: دەگوترێ: (إمرأة لاترُدُّ يَدَ لامس) ئافرەتێکە دەستی کەس ناگێڕێتەوە بێ ڕەوشتە داوێن پیسە ٥ (فلان لايَرُدّ يد لامِس) فلانکەس هیچ بەرگرییەکی تێدا نیە.

اللَّمّاسَة: پێداویستی نزیك.

اللُّمّاسَةُ: بەمانا (اللّماسَة) دێ.

اللَّمْسُ: یەکێکە لە هەستە زاهیرەکان بریتیە لەهێزێك لەڕەگ‌و ڕیشاڵەکانی جەستەدا بەهۆیانەوە هەست بە ساردی‌و گەرمی‌و تەڕی‌و وشکی‌و گەورەیی‌و بچوکی‌و نەرم‌و شتانە دەکرێ.

اللَّمْسَةُ: یەکجار دەست لێدان ٥ (اللّمسة الأخيرة) چاوپێداخشاندنی کۆتایی کاری فەننی‌و شتی وا.

اللَّمُوسُ: زۆڵ‌و زۆڵەزا ٥ کەسێك باوکی نەزانراوبێ.

اللَّميسُ: ئافەرتی نەرم‌و شل.

المُلْتَمَسُ: لەبواری مورافەعات دا بەو کەسە دەگوترێ: داوای چاو پێداخشاندنەوەی بڕیاری کۆتایی دادوەر دەکرێ لەدژی.

المُلْتَمَسُ: ئەو کەسەیە داوای پێداخشاندنەوەی بڕیاری کۆتایی دادوەر دەکا.

لَمَصَ العَسَلَ وَ شِبْهَهُ لَمْصاً: قامکی خستە ناو هەنگوینەکە یان دۆشاوەکەوە هەندێکی لێ هەڵگرت‌و خواردی.

لَمَصَ فلاناً: لاسایی فلانکەسی کردەوە دەم‌و لیچی لێ بادان.

اَلْمَصَ الشَّجَرُ: درەختەکە ئەوەندە نزمە ئاژەڵ دەتوانێ گەڵاکەی بخوا.

اَلْمَصَ الكرمُ: دارمیوەکە ترێیەکەی گەیی نەرم بوو.

اللّامِصُ: ڕەزەوان.

اللَّمْصُ: حەڵوا.

اللَّمْصُ: بەمانا (اللَّمَصُ) دێ.

اللَّموصُ: درۆزنی فێڵباز ٥ غەیبەتکەر، غەیبەتچی.

لَمَظَ فلان لَمْظاً: دەستی بەناو خواردنەکەدا گێڕاو پاروبزێری کردو لێی جەشت.

لَمَظَ الماءَ: بەقەراخی زوبانی ئاوەکەی خواردەوە.

اَلْمَظَهُ: ئاوی کردە سەرلێوی.

اَلْمَظَ فلاناً علی فلان: فلانکەسی لەفلانکەس پرکرد لەڕق و کینە.

لَمَظَهُ کذا: ئەوشتەی دەرخوارد دا.

لَمَظَ فلاناً من حقه: بەشێکی زۆر کەمی دا بەفلان لەمافی خۆی، دەبوایە زیاتری بداتێ و کەمی دایە.

إلْتَمَظَ بشفتیه: لێوی خستە سەر لێوی و فیتوی لێ دا ٥ فوی کرد، پسکەپسکی کرد.

إلْتَمَظَ بالشیئ: خۆی لەشتەکە وەرهێنا.

إلْتَمَظَ الشَّیْئَ: شتەکەی خوارد ٥ خێرا خستیە دەمیەوە.

تَلَمَّظَ فلان: بەمانا (لَمَظَ) دێ ٥ دەگوترێ: (ماتَلَمَّظْتُ الیومَ بشیئ) ئەمڕۆ هیچم نەچەشتووە.

تَلَمَّظَ بذکره: ڕەخنەی لێ گرت.

تَلَمَّظَت الحیة: مارەکە چزوی دەرهێنا.

اللِّماظُ: دەگوترێ: (مالە لِماظٌ) هیچی نییە ٥ (ما ذقتُ الیوم لماظاً) ئەمڕۆ شتێکم نەچەشتووە.

شرب الماءَ لِماظاً: ئاوەکەی بەقەراخی زوبانی خواردەوە.

اللُّماظَةُ: پاشماوەی خۆراک لەناودەم دا ٥ دەگوترێ: (أَلْقی لُماظة من فیه) ٥ هەروا ناوە بۆ باقی ماندەی شت ٥ دەگوترێ: (ما الدنیا إلا لُماظَة أیام) دونیا چەند باقی ماندەیەکی ڕۆژگارە.

اللُّمْظَةُ: پارچە ڕۆن ٥ گلّمتکە ڕۆن بەئەندازەی گوێزێک.

المُتَلَمِّظُ: دەم بەزەردەخەنە.

لَمَعَ البَرْقُ والصُّبْحُ وغیرهما: بروسکەکە چەخماخەی دا، بەیانی ڕوناک بوو؛ ڕوناکایی لەئاسۆوە بلاوبۆوە ٥ (فهو لامع وهي لامِعة).

لَمَعَ بالشیئ لمعاً: شتەکەی برد.

لَمَعَ بثوبه ویده وسیفه: بەپارچە قوماشەکە ئاماژەی کرد یان بەدەستی یان بەشمشێرەکەی ئاماژەی کرد.

لَمَعَ الطائر بجناحیه: بالّندەکە لەکاتی فڕین دا بالّی لێکدان.

لَمَعَ فلان ألبابَ: فلانکەس لەدەرگاکەوە دەرکەوت.

لَمَعَ الشَّیْئَ: شتەکەی فڕێ دا.

اَلْمَعَ بثوبه ویده وسیفه: بەمانا (لَمَعَ) دێ.

اَلْمَعَ بالشیئ وعلیه: شتەکەی دزی، بردی.

اَلْمَعَ بما في الإناء من الطعام والشراب: چی لەقاپەکەدا بوو لەخواردن و خواردنەوە بردی.

اَلْمَعَ الطائر بجناحیه: بالّندەکە لەکاتی فڕین دا بالّی لێکدان.

اَلْمَعَت الناقة بذنبها: حوشترە میّینەکە کلکی هەڵبڕی تا بزانـدرێ کـە کـەڵی گرتووە ◊ دەشگوترێ: (اَلْمَعَت الناقة) حوشترەکە نیشانەی ئاوسبوونی لێ دەرکەوت.

اَلْمَعَـت الأنثـی: میّینەکـە بێـچوی ئاوسکی جوڵایەوە.

اَلْمَعَـت الأرضُ: زەوی پەڵەپەڵـەی گیاوگژی تێدا دەرکەوت لەوەڕی زۆر بوو.

لَمَّعَ النّسیجَ أو الحجر: چـنـدراوەکەی نەخشاندو ڕەنگاوڕەنگ چنی ◊ یان بەردەکەی ڕەنگاوڕەنگ کرد.

لَمَّعَ الشَّیْئَ: شتەکەی والّی کرد ڕەنـگ بداتەوە.

إلْتَمَـعَ الـبرقُ وغـیره: بروسـکەکە چەخماخەی دا، ڕوناکی خستەوە.

إلْتَمَعَ الشَّیْئَ: شتەکەی دزی.

اَلْتَمِعَ لَوْنه: ڕەنگی گۆڕا ◊ کـە مرۆڤێـك ترسا یان ڕقی هەڵسا یان خـەمبار بـوو بـەو هۆیانـەوە ڕەنگـی گـۆڕا دەگوترێ: (اَلْتَمِعَ لونُهُ).

تَلَمَّـعَ الـبرقُ وغـیره: بروسـکەکە چەخماخەی دا، ڕوناکی خستەوە.

تَلَمَّعَ الشَّیْئَ: شتەکەی دزی.

الألْمَـعُ: زیـرەك‌و وریـاو دوربـین زەیـن ڕاست‌و شت بێك.

الألْمَعـیّ: بـەمانا (الألَمـعُ) دێ ◊ قسەخۆش‌و سوعبەتچی.

التَّلْمیـعُ فی الخیـل: ئەوەیـە ئەسـپەکە خاڵی جۆراوجۆری پێوەبن ◊ بەڵـەك بێ ◊ هەر ڕەنگێك بەجەستەوە بێ‌و لەمنگەکەی تر نەچێ ◊ (ك: تلامیع) ◊ دەگـوترێ: (فیـه تلمیـع وتلامیـع) ڕەنگـی جیـاو جـۆراو جـۆری پێـوە هەن.

اللاّمِـعُ: بروسـکەی ڕوناککـەرەوە ◊ دەشگوترێ: (مابالـدار لامـع) کـەس لەخانوەکەدا نیە.

اللامِعَـة: مەڵاشـوی منـداڵ لـەکاتی ساوایی دا ◊ (ك: لوامع).

اللّماعُ: دەگوترێ: (ذهبت نفـسه لماعـاً) خـودی شـتەکە پارچـە پارچـەو وردەوردە فەوتا.

اللُّمْعَـةُ: کۆمەڵـە مـرۆڤ ◊ نـەرمو شـلی جەسـتەو دڕەوشـاوەیی‌و جـوانی ◊ ڕەشایی دەوران دەوری گۆی مەمك ◊ خـاڵی ڕەش بەجەسـتەوە ◊ هـەر ڕەنگێـك لـەڕەنگی تـری جەسـتە جـوداواز بـێ ◊ بەشـێك لەئەنـدامی دەست نوێژ کەئاوی ڕێ نەکەوتبێ ◊ دەگوترێ: (به لُمْعَةٌ لم یصبها الوضوء) ◊ هەروا نـاوە بـۆ پارچەیەکی ڕوەك کەبەرمو وشکبون بچێ.

اللَّمّاعةُ: دەشتو سارای کاکی بەکاکی کە تراویلکە تێیدا بدرەوشێتەوە ◊ مەلاشوی منداڵ لەکاتی ساوایی دا.

اللّموعُ: بەمانا (اللاّمع) دێ ◊ هەڵۆی گورج و گۆڵ لەڕفاندنی نێچیرەکەی دا.

المُلْمَعُ: (خَدٌّ مُلْمَعٌ) کولمی لوس و درەوشاوە.

المِلْمَعُ: (مِلْمَعا الطائر) دووبالی باڵندە کە باڵندەکە لێکیان دەدا ◊ دەگوترێ: (خَفَفَ الطائرُ بِمَلْمَعَيْهِ) باڵندەکە باڵەکانی لێکدان.

المُلْمِعَةُ: دەگوترێ: (أرض مُلمِعَةُ) زەوییەکە تراویلکە تێیدا دەدرەوشێتەوە.

المُلَمَّعُ: دەگوترێ: (فرس مَلَمَّعٌ) ئەسپێکی بەڵەکە.

المُلَمَّعَةُ: (أرض مُلَمَّعة) بەمانا (مُلْمِعَة) دێ.

اليَلْمَعُ: هەورمبروسکەی پێچاو پێچ ◊ دەگوترێ: (أخَذَ مِن يَلْمَع) ◊ درۆزنترو سەر لێ تێکدەر تر لەتراویلکە ◊ دەشکرێتە موشەبەهوبیهی ◊ دەگوترێ: (إنما هو يلمع) ◊ هەروا وشەی (يَلْمَعُ) بەمانا زیرەکی و هەستیار دێ ◊ هەرشتێك بریسکەی لێ پەیدا بێ، وەکوو شمشێرو کلاو و خودەو زرێ ◊ (ك: يلامع).

اليَلْمَعيّ: مرۆڤی زیرەك و زەین تیژو وریا.

لَمَقَ لَمْقاً: سەیری کرد ◊ دەشگوترێ: (لَمَقَهُ ببصره) بەچاو بۆی ڕوانی، سەیری کرد.

لَمَقَ فلاناً: چەپەوانەی لەدەم و لوتی فلانکەس دا.

لَمَقَ عينه: مستەکۆڵەی لەچاودا ◊ بەدەست لەچاوی دا.

لَمَقَ الشَّيْئَ: شتەکەی کوژاندەوە، نووسیەوە.

تَلَمَّقَ: پێش نانخواردن زەلاتەو موقەبیلاتی خواردو خۆی پێوە خافلاندن.

اللّماق: خواردن و خواردنەوەی کەم؛ پاروە خواردنێك قومە ئاوێك ◊ دەگوترێ: (ما ذقت لماقاً) هیچ شتێکم نەخواردوە و نەچەشتووە ◊ هەروا دەگوترێ: (مابالأرض لماق) لەسەر زەوی شوێنی ئاژەڵ لەوەڕانێك نەماوە.

لَمَقُ الطريق: پانتایی و ناوەڕاستی ڕێگا.

اليَلْمَقُ: کەوای ناو هاخندراو و پۆشاکی لەو جۆرە ◊ بەفارسی پێی دەگوترێ: (یەلمە).

لَمَكَ العجينَ: هەویرەکەی شل کرد.

تَلَمَّكَ فلان: فلانکەس شەویلەی خۆی جولانـدن بـەنان خـواردن یـان قسەکردن ٥ دەگوترێ: (تلمك البعير) حوشترەکە لیچی خۆی بادان.

اللِّماك: دەگوترێ: (مـا تَلَمَّـكَ بِلَمـاك) هیچی نەچەشتووە.

اللُّماك: کـڵو شـتی وا کەچـاوی پـێ جوان دەکرێ.

اللَّمْكُ: بەمانا (اللِّماكُ) دێ.

اللَّميكُ: چاو رِێژراو.

لَمْلَمَ الشَّيْءَ: شتەکەی کۆکردەوە.

لَمْلَمَ الحجر: بەردەکەی خرەهڵدا کـردی بەهەڵمات.

تَلَمْلَمَ: بۆ موتاوەعەی (لَمْلَمَ) دێ.

اللَّمْلَمُ: سوپای زۆرو کۆبۆوە (حيّ لملـم) گەرمکی کۆبۆوە قەرەباڵغ.

اللُّمْلُومُ: کۆمەڵو تاقمو پیرِ.

المُلَمْلَمُ: (رجل مُلَمْلَمٌ) پیاوی تێکسمڕاو (شعر ململم) قژی چەورکراو.

المُلَمْلَمَةُ: دەگـوترێ: (كتيبـة مُلَمْلَمَـة) دەستە سەربازی گردەومبـوو ٥ (ناقـة مُلَمْلَمَـةٌ) حوشـتری کەتـەو گۆشـتن ٥ (صـخرة مُلَمْلَمَـةٌ) بـەردی خـڕو گۆناسا، خرکراو.

لَمَّ الشَّيْءَ لَمّـاً: شـتەکەی چاک‌و خێـرا کۆکردەوە ٥ دەگوترێ: (لَـمَّ اللهُ شَـعْثَهُ) خـودا کاروبـاری بـۆ رِێـک‌و پێـک‌و کـۆکراوە کـرد ٥ خـزم‌و کـەس‌و کـاری دوورە وڵاتی بۆ گرِکردنەوە.

لَـمَّ بفـلان: هاتـەلای فلانکـەس‌و بـوو بـە میوانی.

لَمَّ فلانٌ: فلانکەس توشی جۆرە شێتییەك هات ٥ (فهو مَلْمُومٌ).

ألَمَّ الشَّيْءُ: شتەکە نزیك بۆوە.

ألَمَّ بالقوم وعليهم: هاتەلای خەڵکەکـەو ماوەیەکی کورت لایان مایەوە.

ألَمَّ بالمعنى: مانای شتەکەی زانی.

ألَـمَّ بالطعـام: زۆری خواردنەکـە نەخوارد.

ألَمَّ بالأمر: زۆر لەکارەکەدا قوڵ نەبۆوە نەچووە بنج‌و بناوانی.

ألَـمَّ فـلان: فلانکـەس تـاوانی بـچوکی نـەنجام دا ٥ یـان لـەگوناهی بـچوك نزیك کەوتەوە.

ألَمَّ الغلامُ: کورِەکە نزیکە باڵغ بێ‌و پێ بگا ٥ دەشگوترێ: (هذه ناقة قد ألَمَّت للكبر) حوشترێکە نزیکە پیر ببێ.

ألَمَّـت النَّخْلَـة: خورماکـە خەریکـە بەرەکـەی شـیرین ببـێ‌و پـێ بگـا ٥ (فهي مُلِمٌّ ومُلِمَةٌ).

ألَـمَّ الـشَّعْرُ: قـژی سـەری لەنـەرمایی گوێچکەی تێپـەڕین ٥ بـەمانا وشـەی (کاد)مش دێ ٥ واتە دەبێتـە یـەکێك لە ئەفعالی موقارەبە.

لَمَّمَ الشَّعْرَ: قژی چەورکردن ◊ (فهو مُلَمَّمٌ).

إلْتَمَّ بالقوم: هاتەلای خەڵکەکەو بوو بەمیوانیان.

اللاَّمَّةُ: هەرشتێك جێگای ترس بێ وەکوو درندەو مارو دوپشکو شتی وا ◊ چاوی پیس.

اللِّمامُ: چاوپێکەوتنو بەیەککەیشتنی کەم خایەن ◊ دەگوترێ: (هو یزورنا لِماماً) ئەو تاوتاوە دێتە لامانو دەبێتە میوانمان.

اللَّمَمُ: گوناهی بچوك ◊ نزیکبوونەوە لەگوناه ◊ جۆرێك لەشێتی کەتوشی مرۆڤ دەبێو دەمدەمە دەیگرێ ◊ هەروا دەگوترێ: (کان ذلك منذ شهر أو لَمَمِ) ئەوە مانگێك یان نزیك لەماوەی مانگ دەبێ.

اللَّمَّةُ: ناخۆشیو چورتم ◊ ڕۆژگار ◊ دەگوترێ: (أعیذه من حادثات اللَّمَّة) پەناەدەگرم بەخودا لەکارەساتی ڕۆژگار ◊ دەست لێوەشاندنی جندۆکە ◊ دەگوترێ: (أصابته من الجن لَمَّةٌ) دەست لێوەشاندنی جندۆکەی توشبووە ◊ (جندۆکە دەستی لێ وەشاندووە) دەگوترێ: (للشیطان لَمَّةٌ) شەیتان دەست لێوەشاندنی هەیە، ختوکەو جنەجنەی هەیە ◊ هەروا وشەی (اللَّمَّة) بەمانا خەڵکی کۆبۆوە دێ، شتی کۆبۆوە ◊ دیداری کەم ◊ (ك: لَمِامٌ).

اللُّمَّةُ: هاوەڵو هاوڕێ.

اللِّمَّةُ: قژی سەر کەلەنەرمایی گوێچکە تێپەڕێ ◊ (ك: لِمَمٌ ولِمام).

المِلَمُّ: شتی بەهێزو پتەو و کۆکەرەوە لەهەر شتێك بێ ◊ دەگوترێ: (رجل مِلَمٌ) پیاوێکی بەتواناو لێهاتووە خزمو کەسوکاری خۆی گرد کردونەوە نەیهێشتووە پەرتەوازە بن (رجل مِلَمٌّ) پیاوێکە خێرو پیاوەتی هەموو کەسی گرتۆتەوە.

المُلِمَّةُ: بەلاو کارەساتی ترسناكو جەرگبڕ.

المُلَمُّوم: کۆمەڵگای خڕەومبوو ◊ دەگوترێ: (رجل ملموم) پیاوێکە کارەکانی ڕێك‌و پێك‌و کۆکراوەن ◊ پیاوێکی شێتە.

لَمَّا: حەرفی جەزمو نەفیو قەلبە ◊ دەچێتە سەر فیعلی موزاریعو مەجزومی دەکا.

لَمَا: دەگوترێ: (مایلمو فَمُ فلان بکلمة) فلانکەس گوێ ناداتێو بەلایەوە گرنگ نیە چ دەڵێو چە نالێ.

لَمَا الشَّيْئَ لَمْواً: شتەکەی هەموو هەلگرت.

أَلْمَى على الشَّيْءَ: شتەکەی برد.

اللُّمَةُ: کۆمەڵە پیاو یان کۆمەڵێك ئافرەت لەسێ کەسەوە بۆ (دە) ٥ هاوشان‌و هاو تەمەن‌و شێوە ٥ دەگوترێ: (لِيَزوَجْ كل إنسان لُمَّتَهُ) باهەر کەسەو هاوشانی خۆی بکاتە هاوسەری خۆی ٥ ڕەچە شکێنی‌و ماموستایی. دەگوترێ: (لك فيه لُمّة) بۆ تۆ هەیە لە فلانکەس دا پێشەوایەتی‌و ماموستایی لەژیانت دا چاو لەو بکە.

لمى الغلامُ لُمْياً: منداڵەکە لێوی ڕەش بوو ٥ هەروا دەگوترێ: (لَمَتِ المرأةُ) ئافرەتەکە لێوی ڕەش بوو.

لَمِيَ لَمىً: بەمانا (لَمَى) دێ ٥ (فهو ألْمى وهي لمياءُ) ٥ دەشگوترێ: (لمت الشَفَةُ) لێوەکە مەیلەو ڕەش بوو.

لَمِيَ الشَّجرُ: درەختەکە سێبەرەکەی ڕەش بوو.

تَلَمَّتِ الأرضُ بـه وعليه: زەوییەکە داپۆشی.

الألْمى: (ظل ألْمى) سێبەری چڕو ڕەش دیمەن.

ظلّ ألْمى: سێبەری فێنك ٥ (رِمْحٌ ألْمى):ڕمبێکی ئەسمەرو پتەوو ڕەق.

اللَّمَى: گەنم ڕەنگییەکە لەلێودا ئەم ڕەنگە بۆ لێو زۆر پەسەندە.

اللَّمياءُ: (شفه لمياءُ) لێوی کەم خوێن‌و تەنك ٥ (لثة لمياء) پوکی کەم خوێن ٥ یان کەم گۆشت.

لن: حەرفی نەصب‌و نەفیە بۆ زەمانی داهاتوو.

لَهَبَ الرجلُ لَهَباً: پیاوەکە تینوی بوو (فهو لهبان وهي لَهْبى).

ألْهَبَ البرقُ: هەورەبروسکەکە درێژەی کێشا.

ألْهَبَ الفرسُ: ئەسپەکە غارکردنەکەی درێژەی کێشاو تەپ‌و تۆزی بەرپاکرد.

ألْهَبَ في الكلام: قسەی بەخێرایی کرد ٥ دەشگوترێ: (ألْهَبَهُ للأمر) بۆ کارەکە وروژاندی ٥ هەڵینا بۆ کارەکە.

ألْهَبَ النارَ: ئاگرەکەی هەڵگیرساندو بڵێسەی سەند، گڕی بەرز بۆوە.

إلْتَهَبَت النارُ: ئاگرەکە هەڵگیرسا.

إلْتَهَبَ على فلان: ڕقی لەفلانکەس هەڵساو لێی سوربۆوە ٥ دەشگوترێ: (فلان يلتهب جوعاً) فلانکەس لەبرسان ناوسکی هەڵدەقرچێ‌و گڕی لێ دەبێتەوە.

تَلَهَّبَتِ النارُ: ئاگرەکە هەڵگیرسا.

الأُلْهُوبُ: ڕاپەڕینی ئەسپە بۆ غاردان تا تەپوتۆز بەرپا دەکا.

اللُّهَابُ: تینوایەتی.

اللُّهَابَةُ: پۆشاکێکە بەردی تێدەخرێ بۆ تەرازوکردنی لاباری کەژاوە یان لاباری سەرپشتی ولاخ.

اللَّهْبُ: بۆشایی نێوان دوو کێو ◊ دیمەنی کێو کە وەکوو دیوار دێتە بەرچاو و ناتواندرێ کەس بچێتە سەری ◊ لادڕو کارێز لە ژێر زەوی دا.

اللَّهَبُ: بڵێسەی ئاگر ◊ لای سەروی بڵێسەی ئاگر ◊ لەبواری کیمیادا بریتییە لەناگرێك کەلە هەلگیرسانی ئاگرێکی تر پەیدا ببێ یان لە گڕگرتنی بوخارێك کە هەلگیرسابێ ◊ دوکەڵی ئاگر.

اللُّهبان: پەرەسەندنی گەرما ◊ تینوایەتی ◊ (یوم اللُّهبان) ڕۆژی زۆر گەرم ◊ ڕۆژێکی گەرم.

اللُّهْبَةُ: تینوایەتی ◊ درەوشانەوەی پێستی جەستە.

اللُّهيبُ: گەرمی ئاگر.

اللَّهْلَهَبُ: شۆخو شەنگو زۆر جوان ◊ پیاوی توکن.

اللُّهْلُهَبُ: قوماشێك زۆر سورنەبێ.

اللاهُوت: خودایەتی، سروشتی خودایی ◊ وەکوو چۆن (التاسوت) ناوە بۆ سروشتی ئادەمیزادیی.

لَهِثَ الكلب لَهْثاً ولُهاثاً: سەگەکە زمانی دەرکێشا لەگەرمان یان لەتینوان.

لَهِثَ الرَّجُلُ: پیاوەکە ماندوبوو (فهو لَهْثانُ وهي لَهْثى).

إلْتَهَثَ الكلبُ وغيره: بەمانا (لَهِثَ) دێ.

اللُّهَاثُ: گەرمی تینوایەتی لەدەرون دا ◊ دەشگوترێ: (هو يقاسي لُهاث الموت) ئەو ئازاری مردن دەچێژێ.

اللُّهائِيُّ: کەسێك زۆر خاڵی سوری بەڕوخسارەوە بن ◊ دەمو چاوی زیبکاوی بن.

اللُّهْثَة: تینوایەتی ◊ ماندویی.

لَهِجَ بالأمر لَهَجاً: وەگری کارەکە بوو، بەردەوام بوو لەسەری و باری بەنیشەکەوە گرت ◊ (فهو لهج ولاهج).

لَهِجَ الفصيل بضرع أمه: بێچوەکە گوانی دایکی گرت.

لَهِجَ الفصيلَ أمُّهُ: بێچوەکە گوانی دایکەکەی گرتو دەیمژێ ◊ (فهو لَهوج)

ألْهَجَ بالأمر: بەمانا (لَهَجَ) دێ.

ألْهَجَ فلان: فلانکەس بێچوە ئاژەڵەکانی گوانەکانی دایکیان گرتو شیریان مژی.

ألْهَجَ الفصيلَ: دەمبێنی لەدەمی بێچوەکان کرد بۆ ئەوەی نەتوانن گوانی دایکیان بمژن.

لَهَجَةُ: زەلاتەو موقەبیلاتی دەرخوارد دا.

لَهَجَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەشێوەیەك هێشتەوە نەباش قایمی کردبوو نەبەرەللای کردبوو.

لَهَجَ الطعامَ: خواردنەکەی باش نەکوڵاند ◊ هەروا دەگوترێ: (حدیث ملهوج قسەی نەچەسپاو، قسەیەك بەبێ لێ وردبوونەوە بێژرابێ.

تَلَهْوَجَ الشَّيْئَ: بەپەلە شتەکەی کرد.

تَلَهْوَجَ اللَّحم: گۆشتەکەی نەکوڵاند.

إلْهاجُ الشَّيْئُ: شتەکە هەندێکی تێکەڵاوی هەندێکی بوو بەتەواوی خەست نەبۆوە.

إلهاجت عينُه: چاوی لێڵو پێڵ بوون بۆخەو.

اللَّهْجَة: زمان، زاراوەی زکماکی مرۆڤ ◊ دەگوترێ: (فلان فصيح اللهجة): فلانکەس زمانڕەوانە ◊ شێوە زاراوە ◊ جەرەسی قسەکە.

اللُّهْجَة: زەلاتەو موقەبیلاتی پێش نانخواردن، دەق بەمانا (اللَّمَجَةُ) دێ.

المُلَهَّجُ: کەسێك بنۆێو پاڵبکەوێ و نەتوانێ ئیش بکا.

لَهَدَ الحِمْلُ لَهْداً: کۆڵو کۆڵبار تینی بۆ هێناو پشتی چەماند ◊ (فهو ملهودٌ ولهيد).

لَهَدَ دابّتَهُ: ولاخەکەی تاودا، دەنەدەنەی دا بۆنەوەی خێرا بڕوا.

لَهَدَ فلاناً: پاشەو پاش پاڵی بەفلانکەسەوە ناو دەری کردو بێ ڕێزی بەرامبەر کرد.

لَهَدَ ماني الإناء: ئەوەی لەقاپەکەدا بوو خواردیو لستیەوە.

ألْهَدَ الرجلُ: پیاوەکە ستەمی کرد.

ألْهَدَ الى الأرض: داهێزایە سەر زەوی و پاڵ کەوت.

ألْهَدَ به: گاڵتەی پێ کرد.

ألْهَدَ بفلان: فلانکەسی گرتو یەکێکی تری دەنگ دا لێی بدا ◊ فلانکەسی فێری وەڵامدانەوەو قسەکردن کرد.

اللَّهْدُ: پیاوی قونگرانی زەلیلو بێ دەسەڵات ◊ دەردێکە توشی قاچو ڕانی مرۆڤ دەبێ.

المُلَهَّدُ: (رجل مُلَهَّدٌ) پیاوێکە هیچو پوچو بێ دەسەڵات لەبەردەرگای ماڵان دەردەکرێو پاڵی پێوە دەنرێ.

لَهْذَمَ الشَّيْئَ: شتەکەی بڕیەوە، دووڵەتی کرد.

تَلَهْذَمَ الشَّيْئَ: شتەکەی بڕیەوە، دووڵەتی کرد ◊ خواردی.

اللُّهاذمة: دزو جەردە.

اللَّهْذَمُ: هەرشتێك برندە بێ (ددان، کەڵبە، کێرد، شمشێر) ◊ دەگوترێ: (سيف لَهْذَمُ) شمشێرێکە تیژە.

لَهَزَ الشيبُ فلاناً: پیری لەفلانکەس دا دەرکەوت ◊ دەگوترێ: (لَهَزَهُ الشيبُ)

پیری تێکەڵاوی بووەو موی سپی بەسەرو ڕیشی دا بڵاو بوونەوە ٥ (فهو ملهوز).

لَهَزَ القومَ: تێکەڵاوی خەڵکەکە بوو چووە ناویانەوە.

لَهَزَ فلاناً بالرِمح: بەڕمب لەسنگی فلانکەسی دا.

لَهَزَ فلاناً: بەمستەکۆڵە لەسەرو گوێلاکی فلانکەسی دا.

لَهَزَ البعيرَ: لالغاوی حوشترەکەی نیشانەکرد.

لَهَزَ الفصيلُ أمّه: بێچوەکە لەکاتی شیرخواردنی دا قۆچی لەگوانی دایکەکەی هەڵدەدا بۆئەوەی شیری بداتێ.

لَهَّزَ فلاناً: بەهەموو دەستی لەلاشەویلەو لاملی دا.

اللّاهِزُ: کێو یان تەپۆڵکە کە ڕێگا تەنگ بکەنەوە.

اللَّهازُ: پینەیەکە کونی گەورەی پێ تەسك دەکرێتەوە ٥ دەگوترێ: (ضَبَقَ البكرة باللّهاز).

اللَّهِزُ: بەهێز.

اللَّهْزَةُ: لاشەویلە.

المِلْهَزُ: ئەوەی مستەکۆڵەو شەپلاغە لەلاشەویلەو نەستۆو لاملی خەڵك دەدا.

المَلْهوزُ: تێکسمڕاو.

لَهْزَمَ فلاناً: لاشەویلەی هەنگاوت.

لَهْزَمَ الشيبُ خديه: پیریو موی سپی لەسەر لاڕومەتی پەیدا بوون ٥ دەشگوترێ: (لَهْزَمَهُ الشَّيْبُ) پیریو موی سپی لەسەر لاڕومەتەکانی پەیدابوو.

اللَّهْزِمَةُ: ئێسقانی لاشەویلە ٥ بەهەردوو لا دەگوترێ (لهزمتان).

لَهِسَ على الطعام لَهْساً: پاڵەپەستۆی لەسەر خواردنەکە کردو هەوڵی زۆری دا بیگاتێ بۆ ئەوەی بیخواو بیلێسێتەوە.

لَهَصَ الصبي ثدي أمه: منداڵەکە بەدەست لەمەمکی دایکی داو نەیمژی.

لاهَسَ على الشَّيْئ: بۆ شتەکەی چوو هەوڵی دا بیگاتێو سوور بوو لەسەر بەدەستهێنانی ٥ دەگوترێ: (لاهَسَ على الطعام) فلانکەس خۆی کوتاو هەوڵی دا بگاتە سەر خواردنەکە ٥ هەروا دەگوترێ: (فلان يلاهِسُ بني فلان) فلانکەس هەمیشە دەچێتە سەر سفرەو خوانی خێڵی فلان.

اللّهاسُ: خواردنی کەم.

اللُّهاسَةُ: بەمانا (اللُّهاسُ) دێ.

اللُّهْسَةُ: دەگوترێ: (ما لك عندي لُهْسَةٌ) نەتۆ هیچت لای من نییە.

لَهْسَمَ ماعلى المائدة: چی لەسەر سفرەکە بوو خواردی.

اللُّهْسُمُ: دەراوی شیوی تەنگ ◊ (ك: لهاسم).

لَهَطَت الأم بـه لَهْطاً: دایکی بەوەلەدی هێنا ◊ دەگوترێ: (لَعَنَ الله أماً لَهَطَتْ بـه) نەفرین لەو دایکەی ئەوی بەوەلەدهێناوە.

لَهَطَ فلان: فلانکەس بەدەستو بەقەمچی لێی دا.

لَهَطَهُ: لێی دا، بەبەری دەستی شەبلاغەی لێ دا.

لَهَطَ الشَّيْئَ بالماءِ: بەئاو لەفلانی دا ئاوی لەفلان گرت.

لَهَطَ به الأرضَ: بەزەوی‌دا دا.

لَهَطَ فلاناً بسهم: تیری لەفلانکەس گرت.

لَهَطَ الثوبَ: قوماشەکەی درو.

اللَّاهِطُ: کەسێکە بەردەرگای خۆی ئاو رشێن بکاو بیمالێ.

لَهِعَ فلان لَهَعاً ولهاعَةً: فلانکەس وەلامی نارد بۆلای هەموو کەس.

لَهِعَ في الكلام: لەقسەکردن دا درێژەی دایە.

تَلَهْيَعَ في كلامه: زۆری قسەکرد، زۆر بلێ بوو.

اللُّهاعَةُ: بێ ئاگایی ◊ دەگوترێ: (رجل فيه لَهاعَةٌ) پیاوێکە بێ ئاگایی تێدایە.

اللَّهِيعَة: بەمانا (اللُّهاعَةُ) دێ ◊ تەمبەڵی‌و بێ ئاگایی ◊ دەگوترێ: (في فلان لَهِيعةٌ) فلانکەس لەکرێن‌و فرۆشتن دا گێلی‌و نەفامیەکی پێوە دیارە هەمیشە زەرەردەکا.

لَهِفَ على الفائت لَهَفاً: خەمو خەفەتی بۆ شتە فەوتاوەکە دەربڕی ◊ (فهو لَهِفٌ ولَهيف ولاهِفٌ ولهفان) ◊ (وهي لاهف ولاهفة ولَهْفى) هەروا دەگوترێ: (هو لاهف القلب) ئەو دڵ سوتاوە.

لُهِفَ لَهْفاً: ستەمی لێ کرا ◊ (فهو ملهوف).

اللَّهَفُ: چڵێس بوو هەڵپەی بۆ کرد.

لَهَّفَ: هاواری بۆ برد ◊ هانای بردە بەر.

لَهَّفَ فلان نَفْسَهُ وأمَّهُ: فلانکەس دایکەڕۆی کرد وتی: دایەگیان! دایکەڕۆ، بۆ خۆم ڕۆ.

تَلَهَّفَ على الفائت: خەمی فەوتاوەکەی خوارد ئاخو ئۆفی بۆ کرد.

اللَّهْفُ: غەمو ئاهو حەسرەت ◊ دەگوترێ: (يالَهْفَ فلان) ئای داخی بەجەرگم بۆ فلانکەس ◊ دەشگوترێ: (يالهفي عليه) داخو ناسۆرم بۆی، بۆ نەمانی.

اللَّهفان: غەمبار ◊ کۆست کەوتو.

اللَّهْفَةُ: دەربڕینی غەمو ناڕەحەتی لەسەر فەوتانی شتێك، لەدەستدانی خۆشەویستێك.

اللَّهِيف: ستەم لێکراو ناچار بوو بۆئەوەی هاوار بکاو خەمو پەژارە دەربڕێ ◊ دەگوترێ: (رجل لهيف القلب) پیاوێکی دڵ سوتاو ◊ دڵ برژاو.

اَلْلَهُوفُ: بەمانا (اللَّهيف) دێ.

لَهَقَ الشَّيْئُ لَهَقاً: شتەکە سپی بوو ◊ (فهو لَهِق ولَهَق).

لَهْرَقَ فلان: فلانکەس شتێکی دەرخست لەسروشتی دا نیە ◊ چەند ڕەوشتێکی جوان دەخاتە پاڵ خۆی کە تێیدا نین.

لَهْرَقَ العملَ أو الكلامَ: کردارەکەی باش ئەنجام نەدا ◊ قسەکانی بەرێکو پێکی نەکردن.

تَلَهَّقَ الشَّيْئُ: شتەکە سپی بوو.

تَلَهَّقَ الرجلُ: پیاوەکە زۆری گوتو درێژەی بەقسەکانی دا.

تَلَهْرَقَ: بەمانا (لَهْرَقَ) دێ ◊ ماستاوچی بوو.

اللِّهاقُ: گای سپی ◊ هەرشتێك سپی بێ ◊ دەگوترێ: (أبيض لَهاق أو لِهاق) سپی زۆر سپی.

اَلْلَهَّقُ: (شئ مُلَهَّقُ اللون) شتێکە ڕەنگی زۆر سپیە.

لَهِمَ الماءَ لَهْماً: ئاوەکەی خواردەوە.

اَلْهَمَهُ الله خَيْراً: خودا خێرو چاکەی خستە دڵیەوە ◊ فێری کرد.

إلْتَهَمَ الشَّيْئَ: بەیەکجار شتەکەی قوت دا، ئاودیوی کرد.

إلْتَهَمَ الفصيلُ مافي الضرع: بێچوە ئاژەڵەکە چی لەگوانی دایکی دا بوو خواردی.

أُلْتُهِمَ لَوْنُهُ: ڕەنگی گۆڕا.

تَلَهَّمَ الشَّيْئَ: بەیەکجار شتەکەی قوت دا.

إسْتَلْهَمَ الله خَيْراً: داوای لەخودا کرد خێرو فەر بخاتە ناو دڵیەوە.

الإلهام: ئەوەیە شتێك بهاوێژرێتە ناو دڵەوەو دەرون پێی ئارام بگرێ، هاوێشتنی ئیلهام بۆ ناو دڵەکان حاڵەتێکو پلەو پایەیەکە بەروەردگار تایبەتی دەکا بە هەندێك لەبەندە هەڵبژاردەکانی.

اللُّهامُ: (جيش لُهامٌ) سوپایەکی گەورە، وەکوو ئەوە هەموو شتێك قوت بدا.

اللُّهْمُ: بەتەمەن، تەمەندرێژ.

اللُّهِمُ: زۆر خۆر.

اللُّهَمُ: خاوەن خێرو بێری زۆر، بەخشندەو سەخی ◊ ئەسپی ڕەسەن ◊ مرۆڤی وەجاخزادە ◊ دەگوترێ: (رجل لَهِمٌ) پیاوێکی ڕادروستو

بەخۆچاراوە ◊ هەروا وشەی (اللُّهِمَّ) ناوە بۆ دەریای گەورەو ناو زۆر.

اللَّهُومُ: زۆر خۆر.

اللُّهَيْمُ: (أمُّ اللُّهيم) بەڵاو کارەسات ◊ لەرزوتا ◊ مردن ◊ (لەم رووەوە کە مردن خەڵکو زیندەومر قوت بدات).

المَلْهَمُ من الرجال: پیاوی زۆر خۆر.

المِلْهَمُ من الرجال: پیاوی زۆر خۆر.

اللَّهِيمُ: ئەسپی ڕەسەن، پیاوی وەجاخزادەو چوستو چالاك.

اللُّهْمُوم: بەمانا (اللُّهْمِمُ) دێ ◊ خێرەو مەندو نانبدە، سوپای زۆر ◊ حوشترێك شیری زۆر بێ ◊ هەورێك بارانی زۆر ببارێنێ ◊ ژمارەی زۆر لەهەر شتێك بێ.

اللُّهْمِمُ: بەمانا (اللُّهْمِمُ) دێ ◊ دەگوترێ: (جملٌ لِهْمِمٌ) حوشتری گەدە زل ◊ (ك: لهامم).

ألهَنَهُ: شتێکی بەدیاری بۆ هێنا لەسەفەر ◊ کەهاتەوە لەسەفەر خواردنێکی بەدیاری دایە.

لَهَّنَهُ: زەڵاتەو موقەبیلاتی پێش نانخواردن پێدا ◊ یان کە لەسەفەر هاتەوە خواردنێکی بەدیاری بۆ هێنا.

اللَّهْنَةُ: ئەو دیاریەیە بەموسافیر کەهاتەوە دەیدا بەخۆشەویستی ◊ زەڵاتەو موقەبیلات کەپێش نانخواردن کابرا خۆی پێوە دەخافڵێنێ ◊ دەشگوترێ: (ما وجدت الماشية إلا لَهْنَةً) ئاژەڵەکان لەوەڕی زۆر کەمیان دەست کەوت.

لها بالشيئ لَهْواً: یاری بەشتەکە کرد.

لَهَتِ المرأة الى حديث صاحبها: ئافرەتەکە بەقسەی دەستە خوشکەکەی سەرسام بوو جوان گوێی بۆ گرت.

لها عَنْ الشَّيْئِ لُهْياً ولِهْياناً: بڕوی شتەکەی ناو باسی نەکردەوە.

لَهِيَ به لهاً: خۆشی وێست.

لَهِيَ عَنْ الشَّيْئِ: بڕوی شتەکەی ناو باسی نەکردەوە.

ألهى فلان: فلانکەس بەخششی زۆر بوو.

ألهاه اللَّعِبُ عَنْ كذا: گالتەو یاری ئەو شتەی لەیاد بردەوە.

ألهى الرَّحى: لوێچێکی دانەوێڵە کردە ناو زارکی دەستارەمکە بۆ ئەوە بیهارێ ◊ دەشگوترێ: (ألهيت لفلان لهوة من المال) شتێکم مالّو سامان دایە فلان.

لاهىَ الشَّيْئَ: لەشتەکە نزیك بۆوە ◊ شتەکەی لەخۆی نزیك کردەوە.

لاهى الغلامُ الفطامَ: منداڵەکە لەکاتی شیر لێ بڕینەوە نزیك بۆوە.

لاهىَ فلاناً: کێشەی لەگەڵ فلان نایەوە ◊ چاکەی دایەوە بەرامبەر پیاوەتی نەو نەمیش پیاوەتی لەگەل کردەوە.

لَهَاهُ بکذا: بەو شتە بەلگەی بۆ هێنایەوە، بەو شتە پاساوی بۆ هێنایەوە.

إلْتهى بالشيئ: یاری بەشتەکە کرد.

إلْتَهى عنه بغيره: بەشتی تر مەشغوڵ بوو نەمی لەیاد چوو.

تلاهى بالملاهي: بەنامێری یاری کردن یان بەیاری کردنەوە مەشغوڵ بوو.

تلاهى القومُ: خەڵکەکە یارییان لەگەڵ یەکتر کرد.

تَلَهَّى بالشيئ: یاری بەو شتە کرد ◊ پاساوی بەشتەکە هێنایەوە.

إسْتَلْهى صاحِبَهُ: هاوڵەکەی ڕاگرت، هەڵوێستەی پێ کرد ◊ چاوەڕوانی کرد.

إسْتَلهى الشَّيْئَ: زۆری لەو شتە وەدەست هێنا.

الأُلْهُوَّةُ: شتێك مرۆڤ یاری پێ بکاو خۆی پێ بخافڵێنێ ◊ دەگوترێ: (بینهم ألْهُوَةٌ یتلاهون بها).

الألْهِيَّةُ: بەمانا (الأُلْهُوَةُ) دێ ◊ قسەو حیکایەتێك کاتی پێ بەسەر بەریو خۆتی پێ بخاافڵێنی.

اللُّهاءُ: ئەندازە ◊ دەگوترێ: (هم لهاء مائة) ئەوان ئەندازەی سەد کەس دەبن.

اللُّهاةُ: ئالۆ ◊ ئەو گوشتەی بەسەر گەروەوەیە یان زمانەبچکۆلە ◊ (ك: لهوات ولهيات ولَهٍ ولَهاً) دەگوترێ: (فلان تُسَدُّ به لهوات الثغور) فلانکەس کەلێنو کونی سەر سنوری لێ دەگیرێن.

اللَّهُوُ: گاڵتەو گەپ ◊ هەرشتێك یاری پێ بکرێو مرۆڤ خۆی پێ بخافڵێنێ ◊ تەپڵو دەف.

اللُّهْوَةُ: بەخشش ◊ باشترین دیاریو بەخشش ◊ دەشگوترێ: (إشتراه بلُهْوَة من ماله) بەچنگە پارەیەك کڕی ◊ هەزار دینار هەزار درهەم ◊ لێچە دانەوێڵە کە دەکرێتە زارکی دەستارەوە.

اللَّهْوَةُ: بەمانا (اللُّهْوَةُ) دێ ◊ ئافرەتێك پیاو لەگەڵی ڕابوێرێ.

اللَّهُوَّ: دەگوترێ: (فلان لَهُوٌّ عَنْ الخير) فلانکەس زۆر پشت لەخێرو پیاوەتی دەکا ◊ شوێنی یاری (یاریگا).

المَلْهى: شوێنی یاریو ڕابواردن ◊ دەگوترێ: (هذا ملهى القوم) ئەمە شوێنی مانەوەی خەڵکەکەیە ◊ (ك: الملاهى).

المَلاهي: ئامێری یاری‌و ڕابواردن‌و خۆ خلاڤاندن ◊ وەکوو عودو کەمان‌و سازو سەمتور.

الملْهاةُ: شانۆنامەیەکی پەخشان ئامێز یان هۆنراوە، باسی عەیب‌و عاری خەڵک دەکا بەشێوەی گاڵتەجاڕی.

لَهْوَجَ: بڕوانە مادەی (لَهَج).

تَلَهْوَجَ: بڕوانە مادەی (لَهَجَ).

تَلَهْوَقَ: بڕوانە مادەی (لَهَقَ).

لَوْ: حەرفی شەرتە.

لابَ الرجلُ أو البعير لَوْباً ولواباً ولَوَباناً: پیاوەکە تینوی بوو ◊ بەدەوری ئاوەکەدا خولایەوە و تینوایەتی تینی بۆ هێنا بوو دەستی نەدەگەییە ئاوەکە ◊ (فهو لائِبٌ) ◊ (ك: لَؤوبٌ).

الأبَ فلان: فلانکەس حوشترەکانی بەدەوری ئاوەکەدا خولانەوە تینوییان بوو دەمیان نەدەگەیە ئاوەکە.

لَوَّبَ الشَّيْئَ: شتەکەی تێکەڵاوی شتی بۆندار کرد، یان شتی بۆنخۆشی لەشتەکە هەڵسو.

اللّابَةُ: گارانە حوشتری کۆبۆوەی ڕەنگ ڕەش ◊ زەوییەك خاکەکەی بەرداوی بێ‌و بەردەکانی ڕەش بن ◊ (ك: لابات ولابٌ).

اللّوبُ: هەنگ ◊ پارچە گۆشت کەلەناو مەنجەڵ دا هەڵدەخوڵێن.

اللّوبَةُ: قەومێك لەگەڵ قەومێکی تردا بژێن‌و پرس‌و ڕایان بەیەکتر نەبێ ◊ زەوی بەردەڵان بەردەکانی ڕەش بن.

اللّوبيا: دانەوێڵەیەکە، بەکوردیش هەرناوی (لۆبیا)یە جۆرەکانی زۆرن.

اللَّلاَبُ: جۆرە بۆنێکی خۆشە وەکوو خەلوق‌و زەعفەران.

اللُّلَبُّ: ئاسنی بادراو.

لات لَوْتاً: هەوانی شتێکی دا کەپرسیاری لێ ناکرێ لەو شتە.

لات فلاناً: مافی فلانکەسی کەم کردەوە.

اللاّتُ: بتێك بوو لەوڵاتی تائیف هۆزی سەقیف دەیان پەرست بڕوانە مادەی (لتت).

لاتَ: وشەیەکە بەمانا (لَيْسَ) دێ‌و مانای (نیە) دەگەیەنێ ◊ بەتایبەتی دەچێتە سەر وشەی (حین) ◊ دەگوترێ: (ولات حین مناص) کەلەبناغەدا ڕستەکە بەم جۆرە بووە (ولات الحينُ حين مناص).

لاثَ الشجرُ والنباتُ لَوْثاً: درەختەکە یان ڕوەکەکە بەیەکدا هاتن‌و تێکهاڵان ◊ (فهو لائث ولاثٌ ولاثٍ).

لاثَ فلان في الأمر: فلانکەس تەمبەڵی کرد لەئەنجامدانی کارەکەدا ◊ (مالاث فلان ان غلب فُلاناً) هێندەی نەبرد فلانکەس بەسەر فلانکەس دا زاڵ بوو.

لاثَ عَنْ الحاجة: ئیشەکەی بەتەمبەڵی بەڕێوە برد.

لاثَ العمامةَ على رأسه: میزەری لەسەری پێچاو بەستی.

لاثَ الشَّيْئَ: شتەکەی دووجار دەوران دەور کردەوە وەکوو جۆن میزەر بەدەوری سەردا دەهێندرێ.

لاثَ الشَّيْئَ بالشيءِ: شتەکەی تێکەڵ بەشتەکەی تر کرد.

لاثَ الشَّيْئَ في التراب: شتەکەی لەگڵ وەردا ◊ فوڕاوی کرد.

لاثَ الشَّيْئَ: شتەکەی لەناو ئاودا هێناو بردو دەستی پێداهێناو باش باش تەڕی کرد ◊ (لاثَ الشيءَ في الفم): شتەکەی لەدەمی دا جو، هێنایو بردی ◊ دەگوترێ: (لاثَ لَوْثاً من كلام) قسەیەکی بەتوێکڵو پێچو پەنای کرد ڕوی نەهات ڕاستەوخۆ و بەڕەوانی قسەکە بکا چونکە قسەکە شەرمی لێ دەکرا.

لاثَ فلان: فلانکەس لەقسەکردنی دا هێواش بوو زمانی کولو کۆڵ بوو، لاوازو شلو شێواو بوو ◊ ئەحمەقو گێل بوو ◊ توشی شێتی بوو (فهو ألوَثُ وهي لوثاء).

ألاَث: دەگوترێ: (ألثت به مالي) مالەکەم بەئەمانەت لای ئەو دانا.

ألْوَثُ الأرضُ: زەوی لەژێر پوشو پەڵاشی ساڵی ڕابردو دا گیای تەڕی ڕواند، تەڕو پوش تێکەڵاو بوو.

ألْوَثُ النباتُ والشجرُ: ڕوەکەکە یان درەختەکە تێکهاڵان.

ألْوَثُ الشَّيْئَ: شتەکەی هێشتەوە.

ألْوَثُ المطرُ النَّباتَ: بارانەکە ڕوەکەکانی بەملاو بەولادا خست.

لَوَّثَ الشَّيْئَ بالشيءِ: شتەکەی تێکەڵاو بەشتەکەی تر کرد ◊ دەگوترێ: (لَوَّثَ الشَّيْئَ في التراب) شتەکەی لە خۆڵ وەردا.

لَوَّثَ الشَّيْئَ: شتەکەی لەناودا هەڵگڵۆفتو دەستی پێدا هێنا تاباشباش لەگەڵ ناوەکەدا تێکەڵ بوو.

لَوَّثَ فلاناً عَنْ كذا: فلانکەسی لەو شتە مەنع کرد.

لَوَّثَ الماءَ: ناوەکەی لیڵ کرد.

إلْتاثَ النبات: ڕوەکەکە هەندێکی لەهەندێکی هاڵاو تێکچڕژان.

إلْتاثَ الشَّيْئُ بالشيءِ: شتەکە بەشتەکەی تر تێکەڵ بوو ◊ دەگوترێ: (إلْتاثَ الخطوب) کارەساتەکان تێکەڵ بوونو تێک بوونەوە.

إلْتاثَ بالدم: بەخوێن ڕەنگ بوو خوێنی تێ هەڵسوا.

إلْتاثَ عَلَيْهِ الأمْرُ: کارەکانی لێ تێکەڵو پێکەڵ بوون.

إلْتاثَ في العمل: لەکارەکەدا تەمبەڵی کرد.

إلْتاثَ في كلامه: لەبەڵگە هێنانەوەکەی دا زمانی تێکەڵو پێکەڵ بوو زمانی تەتڵەی کرد.

تَلَوَّثَ ثوبُهُ بالطين: قوماشەکەی قوڕاوی بوو، تەپو تۆزو خشتو خۆڵی پێوە نیشت.

تَلَوَّثَ الماءُ، الهواءُ: ئاو و هەواکە پیس بوو مەوادی زیانبەخشو نامۆیان تێکەڵ بوو.

اللُّوّاتُ: پەیینکە (ئارد: کە بەکەوڵو شوێنی دانانی هەنگوتکە هەوێرە وەدەکرێ بۆئەوەی هەویرەکە پێوەی نەنووسێ ٥ ئەو ئاردە پێی دەگوترێ: پەیینکە).

اللُّواثَةُ: بەمانا (اللّواثُ) دێ ٥ هەرشتێك لەشتی تر هەڵبوسورێ.

اللَّوْثُ: هێزو توانا ٥ شەڕو نەگبەتی ٥ شێوە بەڵگەیەك لەسەر ڕوداوێكو نەبێتە بەڵگەی تەواو ٥ دەگوترێ: (لم يفهم على إتهام فلان بالجناية إلا لوثُ) هەروا وشەی (اللّوث) ناوە بۆ برین ٥ بانگەشە بۆ قینو کینە لەیەکتر.

اللَّوْثَةُ: گێلیو هارەبەتانی.

اللُّوثَةُ: گێلیو ئەحمەقی ٥ شلو شێواویو تەمبەڵی ٥ زمانگیران ٥ جۆرە شێتییەك ٥ تۆپی لەپەڕۆو پیتاڵ دوراوو دروستکراو بۆ یاری.

اللَّويثَة: کۆمەڵو تاقمی پێکهاتو و لەهۆزو خێڵی جیاجیا.

اللَّيْثُ: دەگوترێ: (نبات لَيْثٌ) روەکێکە تێکهاڵاوەو بەسەر یەکدا لالو پاڵ کەوتووە.

المُلَيِّثُ: تەمبەڵ لەبەر قەڵەوی.

لاجَ الشَّيْئُ لَوْجاً: شتەکەی لەدەم دا هێناو برد، جوی.

اللَّوْجاء: پێداویستی ٥ دەگوترێ: (ما تركت في صدره حوجاء ولا لوجاءٌ إلا قضيتها).

لاحَ الشَّيْئَ لَوحاً: شتەکە دەرکەوت ٥ دەگوترێ: (لاح الشيبُ في رأسه) پیری لەسەری دا دەرکەوت.

لاح الرجلُ: پیاوەکە ناسراو دەرکەوت ٥ (لاح لي أمرك) کاری تۆم بۆ ڕون بۆوە ٥ (لاح النجم) ئەستێرەکە دەرکەوتو درەوشایەوە.

لاحَ فلان لَوْحاً ولِواحاً: فڵانکەس تینوی بوو.

لاحَ الى الشَّيْئ لوحاً: لەدورەوە بۆ شتەکەی ڕوانی.

لاحَ العطشُ أو السَّفرُ أو الحزنُ فلاناً: تینوایەتی یان سەفەر یان خەمو خەفەت فلانکەسی کزو کۆڵەوار کرد.

لاحَ البرقُ: بروسکە چەخماخەی دا.

لاحه ببصره: بەچاو بینیو لێی گوم بوو.

ألاحَ الشَّيْئُ: شتەکە دەرکەوتو ناسرا ◊ دەگوترێ: (ألاحَ الرجلُ، و ألاحَ النجم و البرق).

ألاحَ بسيفه: شمشێرەکەی ڕاوەشانو بریسکەی لێ پەیدا بوو.

ألاحَ بثوبه: لکێکی قوماشەکەی گرتو سوراندیەوە بۆئەوەی هرکەسێ حەزی لەبینینی بێ لەدورەوە ببینێ.

ألاحَ بحقه: مافی خۆی برد.

ألاحَ من فلان: شەرمی لەفلان کرد، ترسی لێی بوو، بەزەیی پێدا هاتەوە.

ألاحَ على الشَّيْئ: پشتی بەشتەکە بەست.

ألاحَ فلاناً: فلانکەسی فەوتاند.

لَوَّحَ بالشيئ: شتەکەی دەرخست، بریسکەی لێ پەیدا کرد.

لَوَّحَ بسيفه: شمشێرەکەی ڕاوەشاندو بریسکەی لێ پەیدا کرد ◊ (لَوَّحَ بثوبه) لکێکی قوماشەکەی گرت ڕاینواند بۆئەوەی لەدوورەوە ببینرێ.

لَوَّحَ للكلب: نانی نیشان سەگەکە دا بۆئەوەی شوێنی بکەوێ.

لَوَّحَ فلاناً بالعصا أو السيف أو السَّوْط أو النفل: لەفلانکەسی دا بەگۆچان یان بەشمشێر یان بەقامچی یان بەنەعل.

لَوَّحَ البردُ أو السُّقْمُ فلاناً: سەرما یان نەخۆشی فلانکەسی کزو کۆڵەوار کرد ڕەنگو ڕوی گۆڕی ◊ دەگوترێ: (لَوَّحَته الشمسُ) خۆر ڕەنگی گۆڕی.

لَوَّحَ الشيبُ فلاناً: پیری ڕوخساری فلانکەسی سپی کردووە.

لَوَّحَ الشَّيْئَ بالنار: شتەکەی بەئاگر سوورکردەوە.

إلْتاحَ: تینوی بوو، گۆڕا.

تَلَوَّحَ الأمْرُ: کارەکە ڕون بۆوە ناشکرا بوو.

إستلاحَ: لەکارەکەیدا وشیار بوو.

اللاَّئحة: دیاردە ◊ (ك: لَوَائح) ◊ دەگوترێ: (نظرت الی لوائحه) سەیری دیاردەکانیم کرد ◊ کۆمەڵێك مادەی یاسایین دادەنرێن بۆ ڕێکخستنی کاروبار لە فەرمانگەیەك دا یان لە کۆمپانیاو مەصلەحەو موئەسەسەیەك دا.

اللَّـوْحُ: هـەر صـەفيحەو قەبارەيـەكى تەختەئاسا لەدار بێ يان لە نێسقان يان لەشتى تر بێ.

لَـوْح الإردواز: لەوحەيـەكى بەردينـە بەناسانى نووسينى لەسەر دەسرێتەوە (لَوح الجسد) هـەر شێسقانێك پان بـێ وەكـوو شـەپيلكى شـان ◊ دەگـوترێ: (فـلان تـام الألـواح) فلانكـەس جەستەگەورەيە ◊ هـەروا دەگـوترێ: (ولم يبق منه إلا الألواح) فلانكەس تەنها نێسقانەكەى ماوەتـەوە ◊ دەشگوترێ: (نظرت الى ألواحـه) روانيمـه دياردەو ديمەنەكانى.

ألواح السلاح: ئەوەى لەشمشێرو رمبو شـتى وا بريسكەى لێ پەيـدا دەبـێ لەبەر سپيەتى.

اللَّوْحَـــه: چـــاو تێهەڵـــەنگوتن ◊ سەيركردنێكى خێرا ◊ لەوحەيـەكى كاغـەزى ئەستورە پـان چـندراوێكى ئەستووره، ديمەنێكى سروشتى پـان رۆداوێكـى مێـژوويى بەشـێوەيەكى فـەننىو سـەرنج راكـێش لەسـەرى نەخش دەكرێ.

اللَّوْحُ: تينوايەتى ◊ هەواى نێوان زەوى و ئاسمان.

اللِّياحُ: شتى سپى لەهـەر شتێك بـێ ◊ دەگـوترێ: (أبـيض لَيـاحٌ) سـپى زۆر سـپى ◊ دەگـوترێ: (لقيتـه بليـاح) لەكاتى دەمـەو عەسـردا خـۆر هێشتا بەناسمانەوە بوو توشى بووم ◊ هەروا وشەى (اللِّياح) ناوە بۆ بەيانى.

المِلْـواحُ: نێـسقان ئەسـتورو كەتـە ◊ مرۆڤـى قـەدباريك ئەسـپى ورگ بچوك ◊ تينـو ◊ نافرەتێك زۆر كـزو لاواز بێ ◊ درێـژ ◊ ئاژەڵێك زوو زوو تينـــوى بـــێ ◊ كوندەپـــەپو دەبەسترێتەوە بۆنەوەى بكرێتـە داو و تەڵـە بـۆ گرتنـى بـاز ◊ (ك: ملاويح).

المِلْـوَحُ: هـەر گيانلەبـەرێك زوو تينـوى ببێ.

المِلْياحُ: بەمانا (المِلْواحُ) دێ.

لاحَه لَوْحاً: تێكەڵاوى كرد.

إلْتـاحَ الـشَّيْئُ: شـتەكە تێكـەڵ بـوو ◊ هەوير كەبگورێو هەڵبێ.

اللَّواحَةُ: رۆنى تواوە لەناو ماستو شتى وادا.

لَوِدَ لَوَداً: ملى نەداو ژێربار نـەبوو ◊ رۆى لەعەدالـەتو حـەقخوازى نـەكرد ◊ لەكارەكەى نەكۆڵيەوە ◊ (فهو ألْوَدُ).

الأَلْـوَدُ: دەگـوترێ: (عنـق الـوَدُ) ئەستۆيەكى ئەستورو پتەو.

لاذ بالشيئ لَوْذاً ولِياذاً: پەنای بۆ شتەكە برد، خـۆى خـستە پاڵيـەوە خـۆى لەپـەنا قـايم

كرد ٥ دەگوترێ: (لَجَأَ إليه وأستغاث به) هانای بۆ بردو داوای یارمەتی و بەهاناوە چوونی لێ کرد.

لاذ الطريق بالدار: ڕێگاکە بەدەوران دەوری خانوەکەدا کراوە بوو.

ألاذ بالشيئ: خۆی خستە پەناشتەکەو شتەکەی کردە قەڵاو سەنگەر بۆخۆی.

ألاذ الطريقُ بالدار: ڕێگاکە دەوران دەوری خانوەکەی داوە.

لاوَذ بالشيئ لواذاً وملاوَذةً: بەمانا (لاذ) دێ.

لاوذ القومُ: خەڵکەکە هەندێکیان پەنایان بۆ هەندێکیان برد.

لاوز فلان: فلانکەس چەندو چونی کردو فرتو فێڵی هێنایە پێشەوە بۆئەوەی ڕزگاری بێ.

التَّلْواذُ: دەگوترێ: (للقوم تِلواذ) خەڵکەکە هانا بۆیەکتر دەبەن و بەهانای یەکترەوە دێن.

لِواز الشَّيْئِ: نزیکی ئەو شتە: دەگوترێ: (له من الدراهم مائة أو لواذها) سەد درهەم یان نزیکی سەد درهەمی هەیە.

اللاَّذُ: قوماشێکی ناوڕیشمییە لەچین دەچندرێ.

اللَّوْذُ: قەراخی کێو ٥ دەگوترێ: (إعْتَصَمَ بَلَوْذِ الجبل وبلواذه) هەروا وشەی (اللَّوذ) ناوە بۆ چاڵو چوڵی ناو شیو ٥ ناحیەو دەفەر ٥ دەگوترێ: (هو يطوف في ألواذ البلاد) ئەو بەناو دەفەرو ناوچەکانی ولات دا دەسوڕێتەوە ٥ دەشگوترێ: (هو لَوْذه) ئەو لێی نزیکە.

لَوْذان الشَّيْئِ: ناحیەو ناوچەی شت.

الملاذ: پەناگە ٥ قەڵاو سەنگەر.

المَلاوِذُ: پشتیوان.

لاز عليه لَوزاً: پەنای بۆ برد.

لاز الشَّيْئَ: شتەکەی خوارد.

لاز منه: لێی ڕزگار بوو.

لَوَّزَ القطنُ: پەمۆکە بەرمکەی دەرکەوت.

لَوَّزَ التَّمْرَ: خورماکەی بەبادامو شتی وا ناواخن کرد.

اللَّوز: درەختێکی بەردارە گوڵ دەکا، وادەبێ بادامەکەی شیرینە وادەبێ تاڵ دەبێ ٥ (بایەوە شیرینەو بایەوە تاڵە).

اللَّوْزَةُ: گۆشتێکە لەپەنا قورگ ٥ لەملاو ئەولای گەرو پێیان دەگوترێ: ئاڵو ٥ دەگوترێ: (هو يشكو لوزتيه) ئەو مرۆڤە لەوزمتەینی (ئاڵوی) ئازاریان هەیە ٥ هەروا وشەی (اللَّوزة) ناوە بۆ تۆپی سمت.

لَوْزَةُ القطن: بەری پەمۆ.

اللَّوْزِين: لەبواری کیمیادا بەمادەیەکی سپی دەگوترێ کەلەناوکە بادامی تاڵ دەردەهێندرێ، هەروا لەناوکی کشمیشو ناوکە قۆخ دەردەهێندرێو تێکەڵ بەناو دەکرێو بڕی ترشەڵۆکی لێ پەیدا دەکرێ

اللَّوزينج: جۆرە حەڵوایەکە ڕۆنی بادامی تێدەکرێ.

اللَّوَاز: بادام فرۆش.

المَلاز: پەناگە.

المَلازَة: (أرض ملازة) زەوییەکە درەختی بادامی زۆرە.

المُلَوَّز: ڕوخساری جوانو شیرین ◊ (رجل مُلَوَّز) پیاوی ڕۆح سوك.

لاصَ الشَّيْئَ لَوْصاً: شتەکەی چەشت، خواردی.

لاص الحلاوات: بەشوێن شیرینیەکاندا گەڕاو خواردنی (فهو لائِص) ◊ ئەو شیرینی خۆرە.

لاص الشَّيْئَ في فمه: بەزمانی شتەکەی لەناو دەمی دا هێناو برد ◊ دەشگوترێ: (هو لا يلوس كذا) ئەو مرۆڤە دەستی ناگاتە ئەوە.

اللَّواص: دەگوترێ: (ماذقت لَواصاً) هیچم نەچەشتووە.

اللَّواسَة: پارو یان کەمتر لەپارو.

اللَّوْص: دەگوترێ: (ماذاق عنده لَوْصاً) هیچی لەلا نەخوارد.

لاصَ الشَّيْئَ بعينه لوصاً: لەکونو کەلەبەر ڕا سەیری شتەکەی کرد، یان لەژێر پەردەوە بۆی ڕوانی.

لاصَ عَنْ الأمر: لەکارەکە دوورکەوتەوە، خۆی لێ پاراست.

لاصَ بالشيئ لياصاً: بەدەوری شتەکەدا سوڕایەوە.

ألاصَهُ على الشَّيْئِ: بەدەوری شتەکە سوڕاندیەوە، لە شتەکەی هاڵاند، لێی داواکرد ◊ دەگوترێ: (ألصت أن آخذ منه شيئاً) ویستم شتێکی لێ داوا بکەم ◊ لێی وەربگرم.

لاوَصَهُ بعينه: چاوی بەدەوریدا گێڕا.

لاوَصَهُ إليه: سەیری کرد، تێی ڕوانی وەکوو ئەوە کارێکی پێی بێ.

لاوَصَ فلاناً: فێڵی لەفڵانکەس کردو ماستاوچیەتی بۆ کرد.

لاوَصَ الشجرة: ئەمدیو و ئەو دیوی لەقەدی دارەکە کرد بۆ ئەوەی بزانێ چۆنی دەبڕێتەوە و لەکوێوەی دەست پێ دەکا.

لَوَّصَ: هەنگوینی صافو بێ کەڕمشانی خوارد.

تلاوَصَ: ماستاوچیەتی کرد، فێڵو تەڵەکەی کردن.

تَلَوَّصَ: پێچو پەنای کردن هەڵسوڕو داسوڕی کرد.

اللِّواصُ: هەنگوێنی صاف ◊ حەڵوای دروستکراو لەناردو ئاو و هەنگوین ◊ (لوقمەقازی).

اللَّوْصُ: ئازاری گوێچکەو نەستۆ ◊ ئازاری بینەخرە.

اللَّوصَةُ: پشت ئێشان بەهۆی سەرماو شتی وا.

المُلَوَّصُ: حەڵوای لەهەنگوینو ئاو و ئارد دروستکراو (لوقمەقازی).

لاطَ الشَّيْئُ بالشيئ لوطاً: پێوەی نووسا.

لاط الشَّيْئُ بقلبي: نەو شتەم بەدڵەوە نووسا ◊ (هو أَلْوَط بقلبي) نەو باشتر بەدڵمەوە دەنووسێ.

لاط فلان لِواطاً: فلانکەس نێربازی کرد، پیشەو کرداری گەلی لوطي پەیڕەو کرد.

لاط بحقه: مافی برد مافی خۆی نەدایە.

لاط القاضي فلاناً بفلان: دادوەر بڕیاری دا کەفلان کوڕی فلانە.

لاط الحوض بالطين: حەوزەکەی بەقوڕ سواخ دا.

لاط فلاناً بسهم وعين: فلانکەسی بەچاو هەنگاوت یان بەتیر پێکای.

لاطَ الشَّيْئَ: شتەکەی شاردەوە ◊ پەردەپۆشی کرد.

لاَطَ: نێربازی کرد پیشەو ڕەوشتی قەومی لوطي ڕەچاو کرد ◊ (شذوذی جینسی هەبوو).

لَوَّطَ بالطيب: بۆنی خۆشی لێ دا ◊ بۆنی خۆشی تلێهەڵسو.

إلتاطَ به: پێوەی نووسا.

إلْتاطَ الوَلَدَ: کوڕی کابرایەکی تری بەکوڕی خۆی لەقەڵەم دا.

إستلاط ولداً ليس منه: کوڕێکی بێگانەی بەکوڕی خۆی دانا.

اللَّوْطُ: شتێك بەشتی ترەوە بنووسێ ◊ دەگوترێ: (إني لأجِدُ في قلبي لَوْطاً) هەستت دەکەم دڵم خۆشەویستییەکی پێوە نووساوە ◊ پیاوی کردار جوان ◊ پاڵتۆو عەبا.

اللُّطِيُّ: کەسێك ڕەوشتی قەومی لوط پەیڕەو بکا.

اللُّوطية: کەسێك کارو ڕەوشتی قەومی لوط پەیڕەو بکا.

اللُّوطة من الطعام: خواردنێك تێکەڵاو بووبێ تێکهاڵابێ.

لاطَهُ لَوْطاً: دەری کرد لەخۆی دوورخستەوە ◊ بەربەرەکانی کرد.

إلتاطَت عَلَيْه الحاجةُ: پێداویستییەکەی نەهاتەدی.

لاعت الشمس فلاناً لوعاً: خۆر ڕەنگی فلانکەسی گۆڕی.

لاع الحب فلاناً: خۆشەویستی‌و دڵداری فلانکەس نەخۆشی خست (فالحب لائع) ٥ دەشگوترێ: (لاعه الهمُ والحزن) خەم‌و خەفەت نەخۆشی خست، دڵی سوتاند.

ألاعَ الشديُ: گوێ مەمکەکە ڕەش هەڵگەڕا.

ألاعت الشمسُ الشَّيْئَ: خۆر ڕەنگی شتەکەی گۆڕی.

لَوَّعه الشَّوْقُ: شەوق‌و دڵداری دڵی برژاند.

إلتاعَ فؤاده: دڵی بەهۆی عیشق‌و دڵدارییەوە برژا.

اللاّعَةُ: ئەو سۆزو ئەوینەیە کە مرۆڤ بەرامبەر منداڵ‌و کەس‌و کاری خۆی هەیەتی ٥ لەحەدیس دا هاتووە ٥ (إني لأجد من اللاّعَة ما أجد لولدي) هەروا وشەی (اللاّعة) ناوە بۆ مرۆڤی وەبەرزو مەرد ٥ ئافرەتی قسەخۆش‌و زمان شیرین‌و دوور لەشك‌و گومانی خراپ.

اللُّوعَةُ: ئازارو هەڵقرچان‌و سوتاوییەکە مرۆڤ لەئاکامی خۆشەویستی یان خەم‌و خەفەت‌و شتی وا لەناخی دا هەستی پێ دەکا ٥ ڕەشایی دەوری گوێ مەمك.

لاف الطعامَ لَوْفاً: خواردنەکەی خوارد، لرفی دا ٥ یان خواردنەکەی جو ٥ دەگوترێ: (أصبح فلان يلوف الطعامَ لوفاً حتى إعتدل وإستقَامَ شِبَعاً).

لافت الدّابةُ الكلأ: ولاخەکە لەوەڕەکەی بەوشکی خوارد.

اللُّوفُ: ڕوەکێکە بەدارو دیوار هەڵدەگەڕێ‌و لەلق‌و پۆپی شت دەهاڵێ چەند جۆرێکی هەیە خۆڕسك‌و ڕوێندراو.

اللُّوفَةُ: لەلەوەڕی ئاژەڵ‌و خواردنی مرۆڤ بەو جۆرەیان دەگوترێ: کەناخۆشەو حەزی لێ ناکرێ.

اللّوّافُ: تەونکەر ئەوکەسەی مافورو بەڕەو قاڵی تەون دەکا.

اللّيْفُ: وشکە لەوەڕ.

المَلُوفُ: دەگوترێ: (کلأ ملوف) لەوەڕێکە باران شۆڕ بۆوە ٥ باران شتویەتیەوە.

لاقَ الشَّيْئَ لَوَقاً: شتەکەی نەرم کرد.

هو لا يَلوقُ عندك: ئەو لای تۆ داناسەکنێ‌و جێگیر نابێ.

لَوِقَ لَوَقاً: نەحمەق‌و گێل بوو ٥ (فهو ألوَقُ) نەحمەق‌و گێلێك کە نەزانێ قسە بکا پێی دەگوترێ: (ألوَق).

لَوَّقَ الشَّيْئَ: شتەکەی نەرم کردەوە.

لَوَّقَ الطعامَ: خواردنەکەی بەڕۆن چاك کرد ٥ دەگوترێ: (لا آكل إلا مالُوِّقَ لي) من خواردنێك نەرم

نەکرابێتەوە نایخۆم، خواردنێک نەخرابێتە ناو ڕۆنەوە نایخۆم.

اللَّوَاقُ: دەگوترێ: (ماذاق لَوَاقاً) هیچی نەچەشتووە.

اللُّوقُ: هەرشتێك نەرم کرابێتەوە لەخواردنو شتی وا.

اللَّوْقَةُ: سەعات.

اللُّوَقَةُ: رونەکەرە ٥ ڕۆنەکەرەو خورما ٥ یان ڕۆنو خورما.

لاکه لوکاً: شتەکەی لەدەمی دا هێناو بردو جوی.

لاك اللُّقمة: پارومکەی جو ٥ بەهێواشی جوی.

لاك الفرسُ اللِّجامَ: ئەسپەکە لغاومکەی گەست، جوی ٥ دەشگوترێ: (فلان یلوك أعراض الناس) فلانکەس عەیبو عار پاڵ خەڵك دەداو هەمیشە زوبانی لەغەیبەتکردن دا بەکاردێنێ.

اللَّواكُ: دەگوترێ: (ماذاق لَواکا) هیچی نەچەشتووە.

لولا: پیتێکە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە فلان شت نابێ لەبەر بوونی فلان شت ٥ بەعەرەبی پێی دەگوترێ: (حرف إمتناع لوجود) ٥ جاری واهەیە (لَوْلا) مانای هەڵنانی تێدایە ٥ وادەبێ لۆمەو سەرزەنشتی تێدایە.

اللُّولاءُ: زیانو تەنگو چەڵەمە ٥ دەگوترێ: (وقعوا في اللُّولاء) کەوتە ناو چورتەو تەنگانەوە.

اللَّولَبُ: ئاوی زۆر کەبەفیچقەو تەوژم لەزارکی گۆزەو بۆڕی و شتی واوە دێتە دەر ٥ ئامێرێکە لەدار یان لەمەعدەن بە شێوەیەکی حەلەزۆنی کۆتایی دێ ٥ لەبواری میکانیکا بە ئامێرێکی شت بەرزکردنەوەی قورس دەگوترێ.

اللَّولَبِيُّ: ئەو شتەیە لەسەر شێوەی لەولەب بێ ٥ دەگوترێ: (سلم لولبي) پەیژەو قاڵدرمەیەکی حەلەزۆنییە.

الحركة اللَّولَبية: سوارنەوەی قەبارەیەکە بەدەوری سەنتەرێکی چەسپاودا وێڕای جوڵەیەکی گواستراوە بەرەو ئەوسەنتەرە.

لامَهُ على كذا لَوْماً: سەرزەنشتی کرد ٥ (فهو لائم) ٥ (ك: لُوَّم، ولیم) ٥ دەگوترێ: (أنت ألوم من فلان) تۆ زیاتر شیاوی ئەوەی سەرزەنشت بکرێی تا فلانکەس.

لیمَ بالرجل: لەمپەر خرایە نێوان پیاومکەو مەبەستەکەی ٥ هۆکاری گەیشتن بەمەبەستەکانی دەستە بەر نەبوون.

ألام فلان: فلانکەس کارێکی کرد سەرزەنشتی بکرێ ٥ یان فلانکەس بوو بەلۆمەکار.

ألام فلاناً: سەرزەنشتی فلانکەسی کرد.
لاومَهُ ملاومة ولِواماً: هەریەك لەوانە سەرزەنشتی ئەوی تریانی کرد.
لَوَّمَهُ: سەرزەنشتی کرد، زۆری سەرزەنشت کرد.
إلتامَ: قبوڵی سەرزەنشتی کرد.
تَلاوَموا: خەڵکەکە هەریەکەیان لەناستی خۆیەوە لۆمەی ئەوی تری کرد.
تَلَوَّمَ على الأمر: لەسەرکارەکە مایەوە ◊ هەڵوێستەی لەسەر کارەکە کرد ◊ دەگوترێ: (تَلَوَّمَ فِي الأمر) لە کارەکەدا مایەوەو چاوەڕوان بوو ناخۆ ئاکامی چی دەبێ.
إستلام: شیاوی لۆمەکردن بوو.
إستلام الى ضيفه: باش خزمەتی میوانەکەی نەکرد.
اللائمة: سەرزەنشتکار ◊ دەگوترێ: (إستحق اللائمة وانحى عَلَيْهِ باللائمة).
اللاَّمُ: دەنگێکە لەدەنگەکانی هیجا واتە پیتی (لام) ◊ بەهێزو پتەو لەهەر شتێك بێ ◊ کارەساتو بەڵا ◊ کەسایەتی مرۆڤ.
اللاّمة: بەڵاو کارەسات ◊ کارێك جێگای سەرزەنشت بێ.
اللُّوامَةُ: پێداویستی ◊ دەگوترێ: (قضى القوم لُوامات لهم) خەڵکەکە پێداویستی خۆیان جێبەجێ کرد.
اللَّوْمُ: بەڵاو چورتم.
اللَّوْمى واللُّوماء: ئافرەتی سەرزەنشتکار.
اللَّوْمة: هەڵە ◊ دەگوترێ: (جاء بلومة) تاوانی ئەنجام دا.
اللُّوَمَةُ: (رجلٌ لُوَمة) پیاوێکە زۆر سەرزەنشت دەکرێ.
المُتَلَوِّم: کەسێك خۆ بخاتە حاڵەتێکەوە لۆمە بکرێ ◊ کەسێك چاوەڕوان بێ کاری بۆ جێبەجێ بکرێ.
المَلامُ والمَلامَةُ: سەرزەنشت.
لَوْما: وشەیەکە وەکوو وشەی (لولا)وایە دەچێتە سەر رستەی نیسمی و فیعلی ئەوە دەگەیەنێ کە رستەی دووەم نابێ لەبەر بوونی رستەی یەکەم ◊ وادەبێ مانای هەڵانانی تێدایە ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿لَوْ مَا تَأْتِينَا بِالْمَلَائِكَةِ﴾: ئەوە بۆچی فریشتە نایەتە سەرمان؟.
لَوَّن: ڕەنگی لێ پەیدا بوو ◊ دەگوترێ: (لَوَّن البُسْرُ) خورماکە ئاڵو بۆڵی تێکەوت.
لَوَّنَ الشيبُ فيه: موی سەروڕیشی سپی بوون و نیشانەی پیری تێدا دەرکەوت.
لَوَّنَ الشَّيْئَ: شتەکەی ڕەنگ کرد، ڕەنگێکی تێدا پەیدا کرد.

تَلَوَّن الشَّيْئُ: شتەکە رەنگی گرت.

تَلَوَّن فلانٌ: فلانکەس لەسەر رەوشتێك بەردەوام نەبوو.

إلْوَنٌ: بەمانا (تَلَوَّن) دێ.

التَّلْوِينُ: پێشکەشکردنی جۆرەها خواردەمەنی بۆ لەزمت ومرگرتن، گۆڕانکاری لەنوسلوبی قسەکردن دا.

اللَّوْنُ: رەنگ: کە دیاردەیەکە بەقەبارەوە، یان بڵێ: عەرەزێکە بەجیسمەوە ◊ (ك: ألوان) ◊ هەروا وشەی (اللُّون) ناوە بۆ جۆری شت دەگوترێ: (أتى بألوان من الحديث والطعام) جۆرەها قسەو خواردەمەنی هێنایە پێشەوە.

المَلَوَّنون من الناس: بەو خەڵکانە دەگوترێ کە سپی پێست نین.

لاهَ السَّرابُ لَوْهاً ولوهاناً: تڕاویلکەکە شەپۆلی داو بریسکایەوە.

تَلَوَّهَ السَّرابُ: بەمانا (لاهَ) دێ.

اللَّهَةُ: مار.

لَوْهُ السَّرابِ ولَوْهَتُهُ: بریقەو بریسکەی تڕاویلکە ◊ دەگوترێ: (رايت لَوْهَ السراب ولَوْهَتَهُ).

ألْوى فلان: فلانکەس زۆری خۆزگە خواستنو زۆرجار وشەی (لَوْ)ی دوبارەکردەوە وتی: خۆزگە وام بکردایەو وام نەکردایە.

الألْوَةُ: ڕەگەزی ڕوەکی (الزنبقية)یە لەوڵاتی گەرمە سێر دەڕوێ.

الألْوَةُ: درەختی (ألمارزبونية)یە ◊ نەمامی درەختی (الألنجوجية) کەبسوتێندرێ بۆنێکی خۆشی لێ دێ ◊ پێشی دەگوترێ: (العود الهندي).

اللَّوُ: ئاخاوتنی بەئەسپایی ◊ پوچو بەتاڵ ◊ دەگوترێ: (لايعرف الحَوَّ من اللَّوِّ) حەقو بەتاڵ لێك جیاناکاتەوە ◊ خۆزگە خوەاستنو بریاگوتن ◊ دەگوترێ: (إيّاك من اللَّوّ فإن اللَّوَّ من الشيطان) خۆ بپارێزە لەگوتنی وشەی (لَوْ) دوای چووە مەکەوە، مەڵێ خۆزگە وام بکردایە کاشکێ وام نەکردایە، بریا وام بگوتایە چونکە ئەم حاڵەتە لە وەسوەسەو ئاراستە کردنی شەیتانە.

اللَّوُّ: خراپو ناشیرین ◊ دەگوترێ: (لَوُّةَ لِفلان بما صنع) خراپیو ناشیرینی بۆ فلان بەهۆی ئەو کردەوەیەوە.

اللُّوَّةُ: بخور سوتاندن.

لوى عَلَيْهِ ليّاً ولوياً: لای لێ کردەوە ◊ چاوەڕوانی کرد ◊ دەگوترێ: (مَرّ لايلوى على أحد) ڕۆیشتو ئاوڕی لەهیچ نەدایەوەو هەڵوێستەی لەسەر هیچ نەکرد.

لَـوى الـشَّيْئَ: شـتەکەی بـاداو دوولای کردەوە ◊ (لوی الحَبْلَ) حەبلەکـەی بـادا دوولای کـردەوە ◊ هـەروا دەگـوتریٚ: (لوی يَدَه وإصبَعَه) دەستی نوشتاندەوە، قامکی نوشتاندەوە.

لَـوى الثـوب: قوماشـەکەی گوشـی و هـەلیگلۆفت بۆنـەوەی ئـاوی پێوەنەمێنێ.

لوى رأسَهُ وبرأسه: سەری خۆی ڕاوەشاند ◊ جاری وایش دەبێ مانای ڕو لێوەرگیڕان دەگەیەنێ.

لَوى الحزنُ قلبه: خەم و خەفەت دڵی ناسک کردۆتەوە.

لَـوى فلانـاً دينَـهُ وبدينـه: قـەرزی فلانـی دواخست.

لَوى فلاناً حَقَّهُ: ئینکاری حەقی فلانکەسی کردو نەچووە ژێری.

لَوى أمرَهُ: کارەکەی شاردەوە پەردەپۆشی کرد.

لَوى عنه الخَبَرَ: هەواڵەکەی بەناڕاست پێ ڕاگەیاند.

لَوى سِرَّهُ: نهێنیەکەی شاردەوە.

لَوى فلاناً على فلان لَيّاً: فلانکەسی پێش فـلان کـرد، هـەروا دەگـوترێ: (لَـوّت الليالي كَفَّهُ علـى العـصا) ڕۆژگـار پـیری کردو ناچاری کرد گۆچان تاوداتێ ◊ بۆ پیاوی نازا دەگوترێ: (مـايُلْوى ظهـرُهُ) پشتی ناچەمێ ◊ کەس ناتوانـێ پشتی لەزەوی بدا.

لَوِيَ الفرسُ: ئەسپەکە پشتی خـوار بـوو ◊ (فهو لَوٍ) (لَوِی القرن) شاخ خوار.

لَوِيَ الطريقُ: ڕێگاکە دووربـوو، نەزانـدراو بوو.

لَـوِي الكـلأ: لەوەڕگـە وشـک بـوو، یـان وشک و تەڕە.

ألْوى برأسه: سەری خۆی خوارکردەوە، سەری دانەواند.

ألْـوى الإنـسان: مرۆڤەکـە ڕۆیـشت بـۆ لبەلاّنەکـە ◊ مرۆڤەکـە زۆر وتـەی خۆزگـەو کاشـکێو بڕیـاری دوبـارە کردەوە.

ألوى فلان: فلانکەس کشتو کاڵەکەی وشک بۆوە ◊ ئەو شتەی بەدانیسقە هـەڵی گرتبـو بـۆ خۆیـان میـوان خواردی.

ألْـوى البقـلُ: گیـاو گژەکـە ڕوتایـەوەو وشک بوو.

ألْوى بالشيئ: شتەکەی برد.

ألـوى بيـده أو بثوبـه: بەدەسـتی یـان بەدەستەسڕو شتی وا ئاماژەی کرد.

ألْوى بحقه: ئینکاری مافی ئەوی کرد.

ألْوى بهم الدهر: ڕۆژگار لەناوی بردن.

ألْـوى العقـابُ بالـشيئ: دالاّشـەکە شتەکەی فڕاندو بردی.

أَلْوى اللِّواءَ: ئالاّی دروستکرد یان ئالاّی بەرزکردەوە.

لاوَتِ الحيةُ الحيةَ ملاواة: مارەکە خۆی لەمارەکە باهەڵدا.

لَوَّى عَلَيْهِ الأمْرَ: کارەکەی لێ قوڵ کردەوە.

لَوَّى أعناق الرجال في الجدال: بەسەر پیاوەکاندا زاڵ بوو.

إلْتَوى الشَّيْئُ: شتەکە بادراو دوولا هاتەوە.

إلْتوى الأمْرُ: کارەکە قورس و ئەستەم بوو.

إلْتَوَت على حاجتي: کارەکەم لەسەرم گران وەستا.

إلْتَوى عَنْ الأمر: لەکارەکەدا قونگرانی کرد.

تلاووا عَلَيْهِ: لێی کۆبوونەوە.

تَلَوَّى الشَّيْئُ: شتەکە بادراو دوولا بۆوە.

تَلَوَّتَ الحيَّةُ: مارەکە پاپۆکەی بەست.

تَلَوَّى البرقُ في السحاب: هەورە بروسکەکە چەخماخەی داو بەچەند لایەك دا بروسکەکە ڕوناکی دا.

إبْتلوى بهم الدهرُ: ڕۆژگار لەناوی بردن.

الإلْتِواء: لەزاراوەی ئەندازیاریی دا بریتیە لەحاڵەتێکی قەبارە کەلایەکی بچەسپێ و لاکەی تر لەسوچێکەوە باهەڵبدرێ.

الألْواءُ: قوڵایی شێو ٥ دەفەرو ناوچەی وڵات.

اللاّواء: نامێری داخکردن.

اللّوى: بەمانا (اللاّتي) دێ، ئازارێکە لەگەدەدا پەیدا دەبێ.

اللَّوىَ: لبەڵان کەبەرزونزمی تێبکەوێ ٥ یان کۆتایی لبەڵان.

اللّواءُ: ئالا؛ ئەمە ئالایەکە لەئالاّی فەرمی بچوکترە ئالاّی ڕەسمی پێی دەگوترێ: (الرايـة) ٥ لەزاراوەی عەسکەریدا (اللّواء) پلەیەکی سەربازییە لەژوور پلەی عەقیدەو لەخوار پلەی فەریقەوەیە.

اللّواءُ: بالندەیەکە لەوڵاتی شام ناسراوەو پێی دەگوترێ: (أبو لُوَي) ئەم بالندە دەتوانێ ملی خۆی بۆ دواخۆیەوە وەرچەرخێنێ و بای بدا.

اللّوِيُّ: لەوەڕی وشك ٥ یان لەوەڕی تێکەڵ بوو لەتەڕوپۆش.

اللّوِيّةُ: ئەو خواردنەی لەخەڵکی تری دەشاریەوە و پەزمەندەی دەکەی بۆخودی خۆت یان بۆ میوان.

اللَّيَّانُ: بەندکردن پێچەوانەی بەرەڵلایی و ڕەهابوون.

اللَّيَّةُ: خزمی نزیکو نزیکتر ٥ داری عودو بخورد.

الملاوی: ڕێگەی خوارو خێچ ٥ لەزاراوەی مۆسیقادا بریتییە لەپارچە دارێك بۆ پێکەوەبەستنی ژێیەکان.

ملتوی الوادي: چاڵیو قورتو پێچی شیو ٥ دەگوترێ: (بلغوا ملتوی الوادي).

لاتَهُ عَنْ الأمر لَيْتاً: مەنعی کرد لەکارەکەو لای دا.

لات فلاناً حقه: حەقی فڵانکەسی کەم کردەوە.

لات فلاناً: هەواڵی ناڕاستی دا بەفڵان ٥ دەگوترێ: (ما ألاته من أجره شيئاً): هیچی لەکرێیەکەی کەم نەکردەوە.

اللَّيْتُ: لامل.

لَيْتَ: حەرفی موشەبەه بەفیعلەو تەمەنناو خۆزگە دەگەیەنێ ٥ بەزۆری بۆشتی محاڵ بەکاردێ وەکوو شاعیر دەڵێ (ألا لَيْتَ الشبابَ يعود يوما فأخبره بما فعل المشيب).

لايَتَهُ ملايَتَةً ولياثاً: بازی بۆدا، شانازی کرد بە خۆ شوبهاندنی بەشێر.

لَيَّثَ فلان: فڵانکەس وەکوو شێری لێ هات ٥ خۆی بەیەکێك لەهۆزی (بنی ليث) لەقەڵەم دا ٥ یان وەکوو هۆزی بەنی لەیس دەمارگیر بوو.

تَلَيَّثَ فلان: بەمانا (لَيَّثَ) دێ.

إسْتَلْيَثَ فلان: فڵانکەس وەکوو شێری لێ هات لەئازایەتی دا.

الألْيَثُ: ئازاو چاونەترس ٥ دەگوترێ: (هو ألْيَثُ أصحابه) ئەو ئازاترینی هاوەڵەکانیەتی، لەهەمووانیان زیاتر ورەبەرزو چاونەترسە ٥ (ك: ليثٌ).

اللاّئث: شێر.

اللَّيْثُ: بەهێزو توانا ٥ شێر ٥ ئازاو چاونەترس ٥ زمانڕەوان ٥ جۆرێکە لەجاڵجاڵۆکە مێشو شتی وا نێچیر دەکا ٥ (ك: ليوث).

لَيْث عِفْرين: پیڕۆیەکە وەکوو جانەوەری حەرباو وایە.

اللَّيْثَةُ: دێڵە شێر ٥ (ك: لَيْثات) ٥ هەروا ناوە بۆ حوشتری بەهێز.

المِلْيَثُ: بەهێزو تواناو بەهەڵمەتو چوستو چالاك.

المُلَيَّثُ: قەڵەو (فَحْلٌ مُلَيَّثٌ) کەڵێکی بەهێزو توانایە دەڵێی شێرە.

لَيِسَ فلان لَيَساً: ئازا بوو ٥ لەماڵ دانیشتو نەهاتەدەر.

لَيِسَ عنه: لێی بێ ئاگابوو ٥ (فهو ألْيَسُ) ٥ (ك: لَيِسٌ).

تلايَسَ فلان: فڵانکەس ڕەوشت بەرز بوو.

تلايَسَ عَنْ كذا: چاوی لەو شتە نوقاند.

الأَلْـيَسُ: ئـەو كەسـەیە لـەمالّی خـۆی دەرنەچـێو لەچـوار دیـواری مـالّی خـۆی دانیـشێ ٥ (خـوێڕی‌و گـەواد، ئـەو كەسـەی دەزانـێ مـالّو منـدالّی ڕەوشت نزمن بەلام هیچ هەڵوێستی پیاوانـە نانوێنـێ ٥ شـێر ٥ حوشـتر كـەباری لێ دەنـرێو مـل دڕێـژ دەكـا جینگە جینگ ناكا ٥ (ك: لِیس).

المُلاٰبِسُ: تەمبەڵو قونگران.

لَیْسَ: وشەیەكە نـەفی وەزع‌و حـاڵ دەكـا ٥ ئەمـە فیعلێكـی نـەگۆڕەو یـەك شـێوەی هەیـە ٥ ئـیسم مـەرفوع دەكـاو خەبـەر مەنصوب دەكا ٥ دەگوترێ: (لَـیْسَ زیـدٌ قائماً).

لاصَ عنه لَیْصاً: لێی كلابوو لێی لاداو لێی دوورگەوتەوە.

لاصَ الشَّیْئَ: شنتەكەی لەقاندو جوڵاندی بۆئەوەی شتەكە دەربهێنێ.

ألاصَ الشَّیْئَ: بەمانا (لاصَهُ) دێ.

ألاصَ فلاناً عَنْ كذا: فلاّنكـەس جـاو و ڕاوی كرد، فێڵی كرد.

لاط بالـشیئ لَیْطـاً: بەشتەكەوە نووسـا ٥ دەشگوترێ: (فـلان مـایلیط بـه النعیم) فلاّنكەس شیاوی نازو نیعمەت نیە.

لاط الـشَّیْئُ بقلبـه: شـتەكە بەدڵیـەوە نووساو لای خۆشەویست بوو.

لاطَ القاضي فلاناً بفلان: دادومر فلاّنكەسی كـردە كـوڕی فـلاّن‌و بەوەچـەو نـەوەی ئەوی دانا.

لاطَ اللهُ فلاناً: خودا نەفرینی لەفلاّنكەس كـــردو لەڕەحمـــەتی خـــۆی دووری خستەوە.

ألاطَهُ: پاڵ ئەوی دا، كردیە كوڕی ئەو.

اللِّیاط: ڕەنگ ٥ كلس‌و گەچ.

اللَّیطُ: تـوێكڵی هەرشـتێك ٥ پێـست ٥ (ك: ألیـاط) ٥ ڕەنـگ ٥ دەگـوترێ: (أتیته ولِیطُ الـشمْسِ لم یُقـشر) هاتم بۆلای بەیانی هێشتا ڕەنگ‌و سورایی كەناری ئاسمان هەرمابوو واتە خۆر هەڵنەهاتبوو.

اللَّیطَـةُ: تـوێكڵی قەصـەب ٥ كـەوان ٥ هەرشتێك پتەوبێ.

لاعَ لَیعاً ولیعاناً: هات‌و هاواری كرد، گریا ٥ ناڕازی بوو ٥ غەمبار بوو.

لاعَ الجوعُ فلاناً لَیْعَةً: برسایەتی فلاّنكەسی بڕژاند.

لاعَ لَیْعـةً: ناڕەحـەت بـوو هـاواری كـرد ٥ (فهو لائع وهي لائعة).

ألاعَ: ناڕازی بوو، خەم‌و خەفەتی خۆی دەربڕی.

اللِّیاع: (ریح لیاع) ڕەشەبای بەهێز یان گەرم.

لَیْعَـة الجـوع: ناوسـك جـوزانەوەو هەڵقرچانی گەدە.

المِلْياع: حوشترێك زوو تینوی بێ ◊ یان ئەو حوشترەیە پێش گارانە حوشترە دەکەوێ و دەڕواو پاشان بۆلایان دەگەڕێتەوە.

لاغَ الشَّيْئَ لَيْغاً: داوای شتەکەی لێ کرد بۆئەوەی لێی بستێنێ.

تَلَيَّغ: ئەحمەق بوو.

الأَلْيَغُ: ئەو کەسەی لەقسەو ئاخاوتنی دا زۆر پیتی (ی) بەکاربێنی ◊ دەگوترێ: (فلان ألثغ أليغ).

اللاّئِغ: (طعام سائغ لائغ) خواردنێکە بەئاسانی قوت دەچێ.

لاف الطعام: خواردنەکەی خوارد.

لَيَّفَت الغسيلة: نەمامەکە پتەو بوو تووکڵی نەستور بوو.

لَيَّفَ الشَّيْئَ: شتەکەی بە (لیفە- پڕژو پاڵی درەخت) شت.

لَيَّف اللِّيفَ: لیفەی کردن.

اللِّيفُ: تووکڵی دارخورما کە بەتەنیشت لقەکانیەوەیە.

اللِّيفاني: ڕیش ڕووبان و درێژ ◊ (لحية ليفانية) ڕێشێکی پڕو پان و بلاوە بوو.

لاقَت الدَّواةُ لَيْقاً: مەرمەکەبەکە بەلیقەکەوە نووسا.

لاق الدَّرّاةَ: بۆ قەڵەمو نوچەکەی لیقەی باشی داناو نوکی قەڵەمەکەی خاوێن کردەوە.

لاق الشَّيْئُ به لَيْقاً ولِياقاً: شتەکە پێوەی نووسا ◊ دەگوترێ: (لاق الشَّيْئ بقلبي) شتەکە بەدڵمەوە نووسا ◊ (هذا أمر لا يليق بك) ئەمە بۆتۆ ناگونجێ ◊ (ما لِقْتُ بعدك بأرض) دوای تۆ دڵم بەهیچ شوێنێکەوە نانوسێ ◊ (فلان ما يليق بكفه درهم) فلانکەس پارە بەدەستیەوە نامێنێ ◊ هەروا دەگوترێ: (هذا سيف لائِقُ شيئاً) ئەمە شمشێرێکە هەرشتێکی بەربێ دەبڕێ ◊ هەروا دەگوترێ: (ليق الثريد بالسمن) تریتەکەی زۆر چەورکرد.

التاق لـه: لەگەڵی کەوت وەگری بوو لێی جیانەبۆوە.

التاق فلان بفلان: فلانکەس بەفلانکەسەوە نووسا ◊ دەگوترێ: (إلتاق قلبي بفلان) دڵم بەفلانکەسەوە نووساوە خۆشم دەوێ.

التاق بالشيئ: قینایەتی بەشتەکە کرد پێویستی بەشتی تر نەبوو.

إستلاقه به: پێوەی نووساند ◊ شتەکەی لکاند بەشتێکی ترەوە.

اللِّياق: پاوانو لەورگا ◊ دەگوترێ: (مافي الأرض لياق) لەوڵات دا پاوان لەوەڕ نەماوە ◊ جێگیر بوونو بەردەوامبوون لەسەرکار.

اللِّياق: بڵێسەی ئاگر.

اللِّياقةُ: سولوك و ڕەوشتی جوان و بەئەدەب.

اللِّيقُ: شتێکی ڕەشە دەکرێتە کلاوە.

اللِّيَقُ: پارچە هەوری بچوك بچوك و پەرتەوازە بەئاسمانەوە.

اللَّقَةُ: لیقەی ناو شوشە مەرەکەب ◊ پەڕۆیەکە دەخرێتە ناو شوشە مەرەکەبەوە مەرەکەبەکەە هەڵدەمژێ بۆئەوەی کە ئوچەکە دەخاتە ناوییەوە زۆر مەرەکەب هەڵنەگرێ ◊ قوڕی لینج کەبەدەست خۆش دەکرێ و دیواری پێ سواخ دەکرێ.

اللُّقاقُ: دەمو چاو جوان، ڕوخساری تەڕو تازە هەرکەسێ بیبینێ شەیدای دەبێ.

ألالَ القومُ وألْيَلُوا: خەڵکەکە کەوتنە شەوەوە.

لايَلَهُ ملايَلَةً وليالاً: بۆ شەوێك بەکرێی گرت ◊ شەوەو شەو مامەڵەی لەگەڵ کرد ◊ وەکوو جۆن وشەی (مشاهرة) بۆ مامەڵەی مانگەو مانگو (مُيارَمَة) بۆ مامەڵەی ڕۆژو بەڕۆژ بەکار دەهێنندرێ.

الألْيَلُ: (ليل ألْيَلُ): شەوی زۆر تاریك.

اللاّئِلُ: (ليل لائل): شەوی زۆر تاریك.

اللَّيْلُ: شەو: کەبەشوێن ڕۆژی دا دێ لەخۆرئاوابوونەوە تا دەرکەوتنی خۆر لەخۆر هەڵاتەوە سەرلەنوێ ◊ لەزاراوەی شەرع دا لەخۆرئاوابوونەوە دەست پێدەکات تا دەرکەوتنی بەیانی و ڕوناکی ناسۆ لەلای خۆرهەڵاتەوە.

اللَّيلَة: یەك شەو ◊ ئەمشەو، تاکی (اللَّيل) ◊ (ك: ليال).

ليلى الخمر: سەرمتای سەرخۆشی و لەزەتو خۆشی مەستی ◊ (أم ليلي) شەراب و مەی.

ليلة ليلى: شەوی زۆر تاریك و درێژ.

اللَّيْلاءُ: (ليلة ليلاء) شەوی زۆر تاریك ◊ یان شەوی سێیەمو کۆتایی مانگ.

المُلَيَّلُ: (ليلٌ مُلَيَّلٌ) شەوی زۆر تاریك.

اللَّيمُ: بڕوانە مادەی (لأمَ).

اللَّيْمون: دەختی لیمۆ؛ دەختێکی بەردارە، دەختی پورتەقاڵ و نارنج و لیمۆ بەشیرینی و مزریەوە بەهەموویان دەگوترێ: لیمۆن، لەوڵاتی میصر بەم دەختانە دەگوترێ: (المواخ) لەوڵاتی شام پێیان دەگوترێ: (الحوامض).

الليمونيت: لەبواری زەوی ناسی دا بریتییە لەکانی ئۆکسیدی ئاستی ئاوی.

لان الشَّيْئُ ليناً ولَياناً: نەرم بوو، ئاسانو بەیدەست بوو ◊ (فهو لينٌ ولَيّنٌ) ◊ دەگوترێ: (رجلٌ لَيّن الجانب) پیاوێکە نەرمو نیانو مامەڵە خۆشە.

الانَ الشَّيْئَ والْيَنَهُ: شتەکەی نەرمو نیان کرد ◊ دەشگوترێ: (ألان للقوم جناحَهُ) بەهێدیو هێمنی لەگەڵ خەڵکەکەدا جوڵایەوە.

لايَنَهُ ملايَنَةً: نەرمی لەگەڵ دا نواندو ئاسانکاریی لەگەڵ کرد.

لَيَّنَ الشَّيْئَ: شتەکەی نەرم کرد.

تَلَيَّنَ الشَّيْئُ: شتەکە نەرم بوو.

تَلَيَّنَ لفلان: ماستاو چیەتی بۆ فلانەکەس کرد.

إستلانَ العَيْشَ: ژیانی بەنەرمو نیان هاتە بەرچاو ◊ یان ژیانەکەی بەرنەرمو خۆش دانا.

الألْيَنُ: نەرم ◊ (ك: لاين).

اللَّيَّان: نەرم ◊ دەگوترێ: (نزلوا بليان الأرض) لەنەرمەڵانی زەوی دا جێگیر بوون ◊ ژیانی نەرمو نیان بەناز پەروەردە ◊ دەگوترێ: (هو لي ليان من العيش).

اللَّيِّنُ: نەرم ◊ دەگوترێ: (نزلوا بلين الأرض).

حروف اللين: (أ، و، ي)ن هەروا وشەی (اللَّيِّنُ) ناوە بۆ هەموو جۆرێک لەجۆرەکانی دارخورما جگە لەدارخورمای عەجوە ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ﴾.

اللِّيْنَةُ: پشتیو سەرین کەسەریان دەخرێتە سەر.

اللِّيَّانُ: بڕوانە مادەی (لَوَى).

المَلْيَنَةُ: دەگوترێ: (إنه لذو مَلْيَنة) ئەو خاوەنی ڕەوشتی نەرمو نیانەو مامەڵە خۆشە.

المُلَيِّن: دەرمانێکە بەکاردێ بۆ ڕەوانیو ئاسان هاتنەدەری پیسایی لەڕیخۆڵەوە.

لاه لَيْهاً: خۆی شاردەوە ◊ بەرزبۆوە.

اللَّيّاءُ: شتێکە وەکوو نۆک وایە، زۆر سپییە، لەوڵاتی حیجاز زۆرەو دەخورێ ◊ ئەم وشەیە دەگرێتە ناوەڵناو بۆ ئافرەتی سپی پێست ◊ هەروا ناوە بۆ ڕەگەزی ماسی لەپێڕی (الأشلاق).

اللَّيّاءُ: زەوی دوورە ئاو.



الْمـيم: پیتـی بیـستو چـوارەمینی هیجایـه، شـوێنی هاتنـه دەرەوەی نێـوانی دولێـوە، لەگـەڵ گـوتنی دا هـــەوا لەلوتـــەوە دەچـێتە نـــاو جەستەوە.

ما: بۆچەند مانایەك دێ:

١. نـەفی دەگەیـەنێو دەچـێتە سـەر ڕستەی فیعلیو ئیسمی.

٢. وادەبێ لەگەڵ ڕستەکەی دا دەبێتە مەصدەری مونەووەل.

٣. جـاری واهەیـه مانـای پرسـیار دەبەخـشێ، پێـی دەگـوترێ: (مـا الإستفهامية).

٤. وادەبـێ مانـای شـەرت دەگەیـەنێ پێی دەگوترێ (ما الشرطية).

٥. مانای سەرسام بوون دەگەیەنێ.

٦. بەمانا وشەی (ألذی)دێ.

زۆرمانای تـریش دەگەیـەنێو لەکتێبـه نەحوییەکان دا ڕونکراوەتەوە.

مَأَجَ مَأجاً: شەڕی کرد.

مَؤْج مُؤْجَةً: شێوا، تێکچوو.

مَـؤْجَ المـاءُ: ئاوەکـه سـوێر بـوو ٥ (فهـو مَاجٌ).

مَـادَ النباتُ والـشَجَرُ مَـاداً: ڕووەکەکـه درەختەکه گەشەی کرد ئاوی تێگەڕا ٥ ناسكو نەرمو نیان بوو.

امْادَ الـريُّ او الربيـع النباتَ: ئاوەکـه یـان هـەوا بەهاریەکـه ڕووەکەکـەی نەرمو ناسك کرد.

امْتَادَ خَيْراً: خێرو بێری پەیدا کرد.

المَأْدُ: هەرشتێك نەرمو نیانو ناسك بـێ ٥ دەگـوترێ: (غُـصْنٌ مَـأْدٌ): لقـه درەختێـکی نـەرمو نیانـه ٥ (فتـی مَأْدٌ): گەنجێکی تەڕو ناسکه ٥ (مَـأْدُ الشباب): تەڕو تازەیی گەنجایەتی.

المَئِيدُ: لقه درەختی نەرمو شل.

مَارَ بين القـوم مَـاراً: نێـوانی خەڵکەکەی تێك دا، فیتنەیی خسته نێوانیانەوە.

مَئِرَ الجُرْحُ مَاراً: برینەکه هەڵتەقیەوە.

مَئِـرَ علـى فـلان: پێـی وابـوو فلانکـەس دوژمنیەتی.

امْارَ مَالَهُ: مالو سامانەکەی تێك دا.

مَـاعَرَ بـين القـوم مـاعرة ومِيئـاراً: نێوانی خەڵکەکەی شێواند.

المَئِـرُ: نێـوان تێـکدەرو فیتنـەو دوزوبـان ٥ (أمـر مَئِـرٌ): کارێـکی قورسو گرانه.

المِئـرَةُ: تۆڵـه ٥ دوژمنایـەتی ٥ فیتنەیی.

مَئِسَ الدباغ الجلدَ: دەباغچیەکه

پێستەکەی پاک کردەوە.

مَئِسَ الجرحُ مَاساً: برینەکە گەورە بوو.

المَاسُ: فیتنەو دوزبان.

مَـاشَ المطـر الأرْضَ مَاشـاً: بارانەکـە زەوییەکەی شۆردەوە.

المَنَطُ: دەگوترێ: (إمتلأ فلان فلا يجد مَنَطـاً): فلانکـەس خـۆی داپشتو پڕبۆوە.

مَئِـقَ الـصَّبِيُّ مَاقـاً: منداڵەکـە گـڕوی گرت.

مَئِقَ الرجلُ: پیاوەکە لـەڕق هەڵساوی خۆی خەریکە بگری.

امْاَقَ فلان: فلانکەس چووە ناو ڕقو کینەوە.

امْتَاقَ الصَّبِيُّ: بەمانا (مَئِقَ) دێ.

إمْتَـأَقَ غَـضَبُ فـلان: ڕقـی فلانکـەس زۆر توندو تیژ بوو.

إمْتَـأَقَ إلـيَ بالبكـاء: لەبەرچاوی مـن لەپڕمەی گریانی دا.

المَأْقُ والمَاقُ: قلینچکی چاو بـەلای لوتەوە ○ (ك: آماق وأمآق).

المُؤْقُ والمُوقُ: قلینچکی چاوی بەلای لوتەوە.

المُـؤَقُ والمُـوق مـن الأرض: قـەراخو بیجاغی زەوی ○ (ك: آمَاق وأمآق).

المَأْقَـةُ: جـۆرە لرخـەو پرخەیەکـە توشـی مـرۆڤ دەبـێ ○ ڕەق هەڵسانو توڕە بوونی زۆر.

مَامَـات الـشاةُ او الظبيـةُ: مەڕەکـە درێژەی بە باڕەباڕی خۆی دا.

مَـــانَ القـــومَ مَأْنـــاً: نـەرکی بـزێوی خەڵکەکەی خستە ئەستۆی خۆی.

مَأَنَ الرجُلَ: خـۆی لەپیاوەکـە پاراست ○ زەبری لەناوکی پیاوەکەدا.

مَأَنَ في الأمـر: لەکارەکـە ورد بـۆوە بـیری لـێ کردەوە.

مَأَنَ فلاناً: فلانکەسی فێرکرد.

مَأَنَ الشَّيْئَ: شتەکەی ئامادەکرد.

المَأْنُ: تـەنکایی دەوران دەوری جـەنگ ○ داربڕکە ئاسنێکی بەسـەرەوە زەوی پێ دەکێڵدرێ.

المَانَـةُ: نـــاوکو دەوروبـــەری ○ (ك: مَانات ومؤون).

المَيئَنَةُ: نیشانەی شت ○ ئارمی شت ○ دەگوترێ: (انّ قِصَر الخطبة مَئِنَـةُ مـن فقـــه الرجـــل) ○ کـورتی وتـار نیـشانەیەکە لـە نیـشانەکانی ژیـری پیاوەکە.

المُؤْنة: بژێو ○ (ك: مُؤَن).

المَؤُونة: بەمانا (المُؤنه)دێ.

المَمْأَئَةُ: شیاوو لایەق ○ دەگوترێ: (هو مَمانة لكذا).

مَاى الشَجَرُ مَأْياً: درەختەکە گەڵای کرد، پشکوت.

مَـاى فِي الشَّيْئِ: زێدەڕۆیی لەشتەکە دا کردو تێیدا فۆنبووە.

مَـاى السقاءَ: کوندەکەی پان و پۆڕکرد لێکی کێشایەوە بۆئەوەی فراوان ببێ.

ماى بين القوم: فیتنەو ئاشوبی خستە نێوان خەڵکەکە.

مَـاى القومَ: خۆی بوو بە تەواوکەری سەد، ژمارەی سەدی تەواو کرد ٥ (فهم مَمْيُون) ئەوانە سەدی تەواون.

اماى القومُ: خەڵکەکە بون بەسەد.

امْـات الـدراهمُ: دیرهەمەکان بـون بەسەد.

امـاى فـلانٌ القـومَ: فلانکەس خەڵکەکەی بەکەسانی دی کردە سەد.

ماءى: دەگوترێ: (شـارطة مُمَـاءة): لەسـەد تێپـەڕی ٥ هـەر وەك دەگوترێ: (شَارَطه مؤالفة): لەهەزار تێپەڕی.

تمـاءى الجلـدُ: پێـستەکە کـشاو فراوان بوو.

المِـاءة: دەجـار دە ٥ (ك: مئـات ومِئون).

مُتَّ اليه بقرابة ونحوها مَتّاً: هانای بۆ برد ٥ (فهو ماتّ).

مَتَّ الحبْلَ: حەبلەکەی لەبیرەکە هێنایە دەر بـەبێ ئـەوە چـەرخ و فەلـەك بەکاربێنێ.

مائَّةَ: خزمایەتی وەبیر هێنایەوە.

تَمَتَّـى فِي الحبـل: ویـستی حەبلەکـە بقرتێنێ.

المَائَّةُ: حورمەت و هۆکار.

المَتَـاتُ: ئـەوەی هانـای پـێ دەبـرێ وەکوو خزمایەتی.

مَتَحَ النهار مَتْحاً: رۆژگار درێژ بۆوە.

مَـتَحَ الجـرادُ: کوللەکـە کلکـی لـەزەوی چـەقاند بۆئـەوەی هێلکـە بکـا، گـەرا دابنێ.

مَـتَحَ الـشَّيْئَ: شـتەکەی هەڵکەنـد ٥ دەگـوترێ: (مَـتَحَ فلانـاً): فلانکەسـی خستە سەرزەوی تریلی کرد.

مَتَحَ الدَّلْوَ: پەتی دۆڵچەکەی ڕاکێشا.

مَـتَحَ المـاءَ: ئـاوی دەرهێنـا ٥ ئـاوی هەڵێنجا.

امْـتَحَ النهـارُ والجـرادُ: بـەمانا (مَتَحَ)دێ.

إمْتَـتَحَ الـشَّيْئَ: شـتەکەی لەشـوێنی خۆی دەرهێنا.

تَمَتَّحَت المَطِيـة بايـديها في الـسير: ولاخەکـە قاچـەکانی بەتەمبـەڵی هەڵێنا لەڕۆیشتنەکەی دا.

المَتُـوحَ: کەسێـك بـەتوانایێ بـۆ ئـاو هەڵکێـشان لـەبیر ٥ (بئـر مَتُـوحٌ): بیرێـکە بەدەسـت ئـاوی لـێ دەدەهێندرێ.

مَتَحَ الشَّيْئَ: شتەکەی لەشوێنی خۆی هەڵکەند.
مَتَحَ فلاناً: لەفلانکەسی دا.
مَتَرَ الشَّيْئَ مَتْراً: شتەکەی بڕیەوە.
مَتَرَ الحَبْلَ: حەبلەکەی درێژکردەوە.
مَتَرَ الشَّيْئَ: بەمەتر مەزندەی شتەکەی کرد.
تماترت النار من الزند: ئاگر لەچەرخەکە کەوتە خوار.
تماتر القومُ الشَّيْئَ: خەڵکەکە شتەکەیان لێک کێشایەوە هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بۆلای خۆی کێش کرد.
إمْتَرَ الحبل إمْتاراً: حەبلەکە درێژ بوو، کشا.
المِتْرُ: مەتر ئامێری پێوان ◊ ئامێری ئەندازەگرتن ◊ ئامێرێکە سەرەتا لەفەرەنسا کاری پێ کراوە دوایی زوربەی گەلو نەتەوەکان بەکاریان هێنا.
مَتَّشَهُ الشَّيْئَ مَتْشاً: شتەکەی کۆکردەوە ◊ بەپەنجەکانی بڵاوی کردەوە.
مَتَشَت عينه مَتْشاً: چاوی کز بوون باش نەیان بینی.
المَتْشُ: سپیاییەکە لەسەر نینۆکی زارۆکان دەردەکەوێ.
مَتَعَ الشَّيْئُ متوعاً: شتەکە لەباشی دا گەیشتە ئەوپەڕ ◊ شتەکە درێژبۆوە، بەرزبۆوە ◊ دەگوترێ: (متع النهار والضحى).
مَتَعَ فلان: فلانکەس لەرەوشتی بەرز دا پێشکەوت و پەوشت جوان بوو.
مَتَعَ الحبلُ: حەبلەکە گشت بوو پتەو بوو، باش بادرا.
مَتَعَ النبيذُ: سرکەکە زۆر سور بوو ◊ (فهو ماتع).
مَتَعَ بالشيئ: شتەکەی برد.
مَتَعَ الله فلاناً بكذا: خودا جڵەوی بۆ فلانکەس درێژکرد بۆئەوەی درێژە بەسود مەندبوون لەوشتە بدا.
مَتُعَ الشَّيْئَ متاعَةً: شتەکە باش بوو، ساغ بوو.
امْتَعَ بالشيئ: شتەکەی بۆ پایەدار بوو لێی سود مەند بوو.
امتع الله فلاناً: خودا تەمەنی فلانکەسی درێژ کرد ◊ دەگوترێ: (أمتعه الله بكذا): خودا هێشتیەوە بۆئەوەی بەوشتە سودمەند بێو بەشوێنی ئەو کەیف خۆش بێ.
امْتَعَ بماله: لەزەتو خۆشی لەماڵو سامانی خۆی بینی.
امتعني بفراقه: بەجودا بونەوە لەو سودی پێ گەیاندم.
امْتَعَني عن كذا: لەوشتە بێ ئاتاجی کردم.

مَتَّعَ الشَّيْئَ: شتەکەی درێژکردەوە.

مَتَّعَ اللهُ فلاناً: خودا تەمەنی فلانکەسی درێژ کرد ◊ دەشگوتری: (مَتَّعَهُ اللهُ بکذا): خودا بەوشتە لەزەتو خۆشی بۆ بەرقەرار کرد.

مَتَّعَ الرجلُ مُطَلَّقَتَهُ: پیاوەکە لەدوای تەلاقدانی ژنەکەی هەندێ پێداویستی ژیانی پێدا.

تَمَتَّعَ بکذا: لەزەتو خۆشی بەوشتە بۆدەستە بەر بوو.

تَمَتَّعَ العمرة الی الحج: لەنیەتو پۆشاکی عەمرەدا مایەوە تا ئەرکەکانی حەجیشی ئەنجام دان، واتە ئەرکەکانی عەمرەو حەجی پێکەوە ئەنجام دان.

استمتع بکذا: لەزەتو خۆشی لەوشتە وەرگرت.

المَاتِعُ: شتی باش‌و بێ غەش لەهەر شتێك بێ.

المَتَّاع: لەزەتو خۆشی ◊ هەرشتێك سودی لێ ببیندرێ‌و هەوڵ بدرێ پەزمەندە بکرێ ◊ وەکوو خۆراك‌و کالای ناومالّ‌و کەرەستەی تر.

المُتْعَةُ: هەرشتێك لەزەتو خۆشی لێ دەستەبەر بێ وەکوو راوەشکارو یاری‌و پیاسە ◊ ئەنجامدانی حەج‌و عەمرە بەیەکەوە ◊ ژن مارەکردنی کاتی وەکوو لەلای هەندێ پێڕی شیعە باوە ◊ ئەو مالّ‌و سامانەی پیاو دەیدا بەژنی تەلاقدراوی.

مَتَكَ الشَّيْئَ مَتْكاً: شتەکەی بڕیەوە کەرتی کرد.

ماتکه فی البیع: لەمامەڵەکەدا زاڵ بوو بەسەری دا.

تَمَتَّكَ الشرابَ: وردە وردە شلەمەنییەکەی خواردەوە.

المُتْكُ: لوتی مێش‌و مێشولە ◊ بەروبوومی نارنج.

مَتَلَ الشَّيْئَ مَتْلاً: شتەکەی جولاندو لەقاندی.

مَتَنَ بالمکان مَتْناً: لەشوێنەکە جێگیر بوو مایەوە.

مَتَنَ فلان: فلانکەس سوێندی خوارد.

مَتَنَ بفلان: هەموو رۆژەکە بەڕێگادا بردی‌و ڕەوی پێ کرد.

مَتَنَ الشَّيْئَ: شتەکەی درێژ کردەوە.

مَتَنَ فلاناً: زەبری لەپشتی فلانکەس دا.

مَتَنَ الکَبْشَ: لەڕمگەوە گونی بەرانەکەی دەرهێنان.

مَتْنَ الشَّيْئُ مَتَانَةً: شتەکە ڕەق‌و پتەو بوو ◊ دەگوترێ: (حَبْل متین ورأی متین).

المتین: صیفەتێکی پەروەردگارە بەمانا خاوەن هێزو توانایە، بەدەسەڵاتی رەهایە.

امْتَنَ فلاناً: زەبری لەپشتی فلانکەس دا.

ماتنه: کێ بڕکێی لەگەڵ دا کردو لەمەبەست دوری خستەوە ◊ بەربەرەکانی کردو دژی وەستا ◊ دەگوترێ: (ماتنه في الشعر): شەڕە شیعری لەگەڵ دا کردو بۆڕی دا ◊ هەروا دەگوترێ: (سار سیراً مُاتناً): بەخێرایی ڕۆیشت.

مَتَّنَ الشَّيْئَ: تونـدو پتەوی کرد ◊ دەگوترێ: (مَتَّنَ القوس ومَتَّنَ البناءَ): دیوارەکەی پتەو کرد.

تَمَاتَنَ الشاعران في الشعر: دوو شاعیرەکە شەڕە شیعریان کردو بەرپەرچی یەکتریان دایەوە.

المِتْمان: نەو پەتەی باقە قەسەڵو شتی وای پێ دەبەسترێ.

المَاتِن: لەزاراوەی نوسەران دا نەو کەسەیە بناغەو مەتنی کتێبەکە دەنووسێ ◊ پێچەوانەی ڕافەکەرو شیکەرەوە.

المَتْنُ: پشت.

مَتن الأرض: تەپۆلکەو شوێنی پتەوی ناو زەوی.

مَتن الكتاب: دەقە سەرەکی و نەصڵییەکانی کتێب.

مَتن النهار: تەواوی ڕۆژ ◊ هەموو ماوەی ڕۆژ ◊ (ك: متان ومتون).

المتنان: نەملاو نەولای موراغەی پشت لەڕاستو چەپەوە.

المتنة: نەوەی لەزەوی پتەوو ڕەقەڵانە ◊ تەپۆلکەو تمبار ◊ لایەکی پشتە چ ڕاست یان چەپ.

مَتَهَ فلان مَتْهاً: فلان گومڕا بوو، سەری لێ شێوا.

تَمَاتَهَ عنه: خۆی لێ گێل کرد.

تَمَاتَهَ القومُ: خەڵکەکە دوور کەوتنەوە.

تَمَتَّهَ: سەرسام بوو ◊ خۆی گێلو نەحمەق کرد ◊ دورکەوتەوە.

تَمَتَّهَ في الشَّيْئِ: زێدەڕۆیی لەشتەکەدا کرد.

مَتَا الحبلَ وغيره مَتْواً: حەبلەکەی درێژ کردەوە.

مَتَا فلاناً بالعصا: بەگۆچان لەفلانکەسی دا.

مَتَا في الأرض: لەزەوی دا کۆشش کردو پەلەی کرد.

امتى: تەمەنی درێژ بوو ◊ رزقو ڕۆژی زۆرو هەمە جۆر بوو.

تَمَتَّى: بەمانا (تَمَطَّى)دێ.

مَتَى: زەرفی زەمانەو بۆ پرسیار لەڕۆژگارو کات دێ.

مَتَّ الرجلُ مَتّاً: پیاوەکە نارەقی کرد ◊

بەسەر پێستی جەستەیەوە شتێک بیندرا وەکوو رۆن وابوو.

مَثَّ السِّقاءُ: کونده ئاوەکە، گۆزە ئاوە کە ئاوی لێ چو، تەرەشوحی پەیدا کرد.

مَثَّ العَظمُ: ئێسقانەکە هەرچی مۆخی تێیدا بوو هاتە دەر.

مَثَّ یَدَهُ وأصابعه بالمندیل: دەستو پەنجەی بەدەستە سڕ سڕینەوە.

مَثَّ شارِبَه: سمێڵی چەوربونو بەدەستی سڕینی بەڵام شوێنەواری چەوربیان پێوەیە.

مَثَّ الجُرْحَ: کێمو زوخاوی ناو برینەکەی دەرکردو پاکی کردەوە.

المِثَّاثُ: (نبت مَثَّاث): ڕوەکی شێدار.

مَثَجَ الشَّیْئَ مَثْجاً: شتەکەی تێکەڵاو کرد.

مَثَجَ فلاناً: خواردنی دەرخواردی فلان دا.

مَثَدَ بین الحجارة مَثْداً: لەنێوان دو بەرددا خۆی مەڵاس داو لەوێوە سەیری جەو جۆڵی دوژمنی کرد.

مَثَدَ فلاناً: فلانکەسی کردە حەشارگە، ڕەبیئەو سەنگەر.

المَاثِدُ: ڕەبیەو سەنگەر.

مَثَلَ الرجلُ بین یدي فلان مثولاً: پیاوەکە لای فلان دەستەو نەزەر ڕاوەستا، ئامادە باشی خۆی بۆ خزمەت نیشان دا.

مَثَّلَ فلان فلاناً: فلانکەس تەمپیلی فلانی کردو لەجیاتی نەو کارەکانی ئەنجام دان ٥ خۆی بەئەو شوبهاند.

مَثَّلَ التماثیل: پەیکەرەکەی تاشی.

مَثَّلَ بفلان مَثْلاً ومُثْلَةً: سوکایەتی بەفلان کرد دەمو لوتی بڕینو ئەتکی کرد.

مَثَّلَ فلان بین یدي الوالي مثولاً: فلانکەس لەبەردەم پاشا ڕاوەستا.

مَثُلَ الرجلُ مَثَالَةً: پیاوەکە ڕێزدارو شکۆمەند بوو.

امْثَلَ فلاناً: فلانکەسی ئەتک کرد ٥ لەتۆڵەی کوژراوی خۆی کوشتیەوە ٥ پیاو بەدادەوە دەڵێ: (أمثلني من فلان): لەجیاتی فلان بم کوژە ٥ هەروا دەگوترێ: (قد أمثله الحاكم منه).

ماثَلَ الشَّیْئَ: وەکوو نەوشتەی بوو لەو دەچوو ٥ دەشگوترێ: (ماثَلَ فلاناً بفلان): فلانکەسی بەفلانکەسەوە شوبهاند.

مَثَّلَ بفلان: سوکایەتی بەفلان کرد، دەمو لوتی فلانکەسی بڕی.

مَثَّلَ الشَّیْئَ بالشَّیْئَ: شتەکەی بەشتەکە شوبهاند.

مَثَّلَ الشَّیْئَ لفلان: شتەکەی بۆ فلانکەس وێناکردو ڕاینواند.

مَثَّلَ المسرحية: شانۆگەرییەکەی رانواند.

مَثَّلَ التماثيلَ: پەیکەرمکانی رانواند، وێنای کردن.

إمتثَلَ امره: فەرمانبەرداری فەرمانەکانی بوو، پابەندی فەرمان‌و ئامۆژگارییەکانی کرد ◊ شوێن رێبازی ئەو کەوتو لای نەدا ◊ دەشگوترێ: (امتثلره غرضاً): کردیانە نیشانەو هەدەفی خۆیان قسەو تیرمکانیان ئاراستەی ئەوکردن.

إمْتَثَلَ المَثَلَ: پەندو مەسەلەکەی تەصەور کرد.

إمْتَثَلَ من فلان: تۆڵەی لەفلانکەس ستاند.

امتثَلَ عندهم مثلاً حسناً: دێرە شیعرێکی خوێندەوە ئەمجار بەدو ئەودا شیعرێکی تری خوێندەوە.

تَمَاثَلَ الشَّيْئَان: دوشتەکە لێك چون.

تَمَاثَلَ العليل من علته: نەخۆشەکە خەریکە چاك بێتەوە.

تَمَثَّلَ الشَّيْئَ: وێنەی شتەکەی کێشا ◊ وەکوو وێنەی شتەکە خۆی دەرخست.

تَمَثَّلَ بين يديه: لەپێش دەمی دا راوەستاو ئامادەباشی فەرمانبەرداری بوو.

تَمَثَّلَ بالشَّيْئِ: شتەکەی بەنمونە هێنایەوە.

الأمثَل (اسم تفضيل): باشتر ◊ دەگوترێ: (فلان أمثل بني فلان): فلانکەس باشترین مرۆڤی هۆزی فلانە ◊ دەشگوترێ: (المريض اليومَ أمثَلُ): نەخۆشەکە ئەمرۆ تەندروستی باشترە لەڕۆژانی پێشوو.

الأمثولة: ئەو جۆرە شیعرانەن کە بەنمونە دەهێندرێنەوە.

التِّمْثَالُ: پەیکەری لەبەرد داتاشراو یان لەمس‌و شتی وا دارێژراو.

التمثيلية: کارێکی فەننی‌و ناوازەیە بەپەخشان یان بەشیعر ئەنجام دەدرێ وێنای شتێکی حەقیقی‌و روداو یان هەڵبەستراو دەکێشێ.

المِثَالُ: نمونەو قاڵب کەشتی تری لەسەر وێنا دەکرێت.

المِثَاليّ: نمونەیی ◊ شتێك لەبوارو جۆری خۆی دا تەواو بێ.

المَثَالُ: پەیکەر تاش.

المِثْلُ: هاوشێوەو هاو وێنەو هاوشان.

المَثَلُ: هاوشێوە ◊ پەندو عیبرەت ◊ رستەیەکە لەدەقێك دەردەهێندرێ‌و بۆنمونەو پەند

دەهێندرێتەوە بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری تێدابکرێ وەکوو پەندی (في الصيف ضيعت اللبن) یان (الرائد لايكذب أهله) ◊ چیرۆکو حیکایات لەسەر زمانی گیاندارانو وەکوو چیرۆکەکانی کتێبی کلیلەو دیمنە.

المَثْلَةُ: تۆڵەو سزاو ئەتکردن ◊ (ك: مثلات).

المُثْلَةُ: تۆڵەو سزاو ئەتکردن.

المَثِيلُ: هاوشێوە، هاو وێنە ◊ (ك: أمثال) ◊ بەمانا شکۆدارو ڕێزدار دێ ◊ (ك: مُثَلاءُ).

المُمَثِّلُ: ئەکتەر؛ ئەوکەسەی لەسەر شانۆ کاربکا.

مَثُمَتْ زِقُّ السمنَ: هێزەکە ڕۆنی لێچوو.

مَثُمَتْ فلان الشَّيْئَ: شتەکەی لەناو دا نقوم کرد.

مَثُمَتْ الفتيلة: ڕۆن یان نەوتی لەچراکە کرد.

مَثُمَتْ الشَّيْئَ: شتەکەی جوڵاند ◊ دەگوترێ: (أخذه فَمَثُمَتْهُ): شتەکەی گرتو ئەمدیوو ئەودیوی کرد.

مَثْنَهُ مَثْناً: میزەڵدانی هەنگاوت.

مَثِنَ مَثَناً: میزە چڕکەی بوو، میزەڵدانی ئازاری بوو.

المَثانَةُ: میزەڵدان.

مَجَّ الماءَ او الشرابَ من فيه: ئاوەکەی تف دایەوە ◊ دەگوترێ: (كلام تَمُجُّهُ الأسماع): قسەیەکە گوێچکە وەری ناگرێ ◊ (مَجَّت النحلُ العسلَ): هەنگەکە هەنگوینەکەی تف دایەوە ◊ (النّبات يمج الندى): ڕوەکەکە شەونمی دەردا.

مَجَّ شِدْقا الهرم: هەردو لاشەویلەی پیرەکە شل بوون.

مَجَجَ العِنَبُ: ترێیەکە پێگەیشتو شیرین بوو.

إنمَجَّت نقطة من القلم: پرژێک لەقەڵەم پرژا.

المَجَاجُ: هەرشتێک لەدەم تفی دەیەوە.

مضجَاج الفم: تفی ناودەم.

مَجَاجُ النحل: هەنگوین.

مَجَاجُ العِنَب: شیلەی ترێ.

مَجَاجُ المزن: بارانی هەور.

المَجَاجَةُ: تف ◊ (مجاجة الشّيْئ): گوشراوی شت.

المَجَّاجُ: کەسێک زۆر ئاو لەدەم ڕادا.

مَجَدَ فلان مَجْداً: فلانکەس خاوەن مەجدو شکۆ بوو.

مَجَدَ فلاناً: لەشکۆداری دا بەسەر فلان دا زاڵ بوو ◊ دەگوترێ: (ماجَدَهُ فَمَجَدَهُ).

مَجُدَ فلان مجادة: فلانکەس خاوەن شکۆ

بوو ◊ (فهر مجيد).

اَمْجَدَهُ: بەگەورەو شکۆمەندی لەقەڵەم دا ◊ وەسپی دا.

اَمْجَدَ العَطَاءَ: بەخششەکەی زۆر کرد.

ماجَدَهُ: لەشکۆداری دا پێشبڕکێی لەگەڵ دا کرد.

مَجَّدَهُ: وەسپی کردو بەگەورەی زانی.

مَجَّدَ العَطَاءَ: بەخششەکەی زۆر کرد.

تماجدوا: شانازییان بەسەر یەکتر دا کرد ◊ هەرکەسە پیاوەتیو ڕێزداری خۆی خستە ڕو وەسپی خۆی دا ◊ دەشگوترێ: (تَمَاجَدَ القومُ فیما بینهم): خەڵکەکە لەناو خۆیان خۆیان هەڵنایەوە.

تَمَجَّدَ: شکۆدار بوو.

اسْتَمْجَدَ: بوو بە خاوەن مەجدو شکۆمەند.

اسْتَمْجَدَ المرح والفِفارُ: دەرەختی مەرخو غەفار بڵێسەی ئاگرەکەیان خۆش کرد.

الماجِدُ: ڕێزدارو خاوەن شکۆ.

المَجْدُ: ڕێزو شکۆمەندیو وەجاخزادەیی ◊ ڕەوشتی بەرزو بۆماوە لەباوکو باپیرانەوە.

المَجِید: خاوەنی زۆر ڕەوشتی بەرزو شکۆمەندی ◊ ناوێکە لەناوە جوانەکانی پەروەردگار.

مَجِرَ من الماء: وەرگی پڕ بوو لەئاوو تینوایەتی نەشکا.

مَجِرَت الشاةُ: مەڕەکە بێچووەکەی لەورگی دا گەورە بوو بۆخۆشی لاواز بوو.

اَمْجَرَت الشاةُ: بەمانا (مَجِرَت)دێ.

الأَمْجَرُ: ورگ زلو جەستە لاواز.

المَجْرُ: هەرشتێک زۆر بێ ◊ سوپای زۆرو بێ شومار.

المَجَرُ: عەیارێکی ئالتونە سەرەتا لەوڵاتی مەجەڕ داهاتووە لەبواری خشڵی ئافرەتان داو بۆ بەهادانانو دیاری کردنی نرخ کاری پێ دەکرێ ◊ هەردانە مەجەڕێک نرخەکەی بیستو هەشت قیراتە ◊ یان سێ بەش لەچواربەشی مسقاڵێکە.

المُمْجِرُ من النساء: ئەو ئافرەتەیە بەسکێک دوو منداڵی بێبن ◊ مەڕێکی ئاوس کەورگی گەورە بێو نەخۆش بێو جەستەی لاواز بێ بەناخۆشی بێچوی ببێ ◊ حوشترێکە لەسک وەستابێتەوە.

مَجَسَهُ: کردی بە مەجوسیو ئاگر پەرست.

تَمَجَّسَ: چووە پێڕی مەجوسیانەوە، بوو بەئاگر پەرست.

المَجُوسُ: گەڵو هۆزێک یان چەند

هۆزو نەتەوەن کە رۆژیان پەرستووە یان مانگو ئاگریان پەرستووە لەسەدەی سێیەمی پێش زایینەوە ئەم ناوەیان بەسەردا بڕاوە.

المجوسيّ: کاهینو کولەوەنانی لای ئاشوریيەکانو فارسە کۆنەکان.

المجوسية: بیرو باوەڕی ئاگرپەرستەکان لەبەرێز راگرتنی ٥ ئەستێرەو ئاگر ٥ یان دەگوترێ: (مەجوسیەت) ئایینێکی کۆنە زەرادەشت تازەی کردەوەو لێی زیاد کرد.

المِجَسْطي: کتێبێکی کۆنە لەبواری ئەندازیاری و ئاسمانناسی بەطلیموسی فەلەکی سالّی ١٤٠ زایینی داناوە لەسەردەمی خەلیفە مەئمون دا وەرگێڕدرایە سەر زامانی عەرەبی و لەبواری خۆی دا سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو بوو.

مَجَعَ مَجْعاً: شیرو خورمای بەیەکەوە کردە پێخورو خواردی.

مَجِعَ مجاعةً: قسەی راستو گالتەی تێکەڵ بەیەك کرد.

مَجُعَ مَجَاعَةً: بەمانا (مَجِع)دێ.

ماجَعَهُ: قسەی گالتەو گەپی ئاڕاستە کرد.

إمْتَجَعَ: شیرو خورمای کردە پێخۆرو خواردی.

تماجَعَا: قسەی گالتەو سەیریان ئاڕاستەی یەکتر کرد.

تَمَجَّعَ: شیرو خورمای خوارد.

المَجَاعة: پاشماوەی پێخوری شیرو خورما.

المَجَّاعُ:کەسێك هەوەسی لەقسەی گالتەو سەیریێ کەسێك حەزی لەکێشتی خورماو شیریێ واتە خورماو شیر بکاتە پێخۆرو حەزی لێ بێ.

المَجْعَةُ: ئافرەتی بێ حەیا.

المَجيعُ: جۆرێکە لەپێخۆر لەشیرو خورما دروست دەکرێ.

مَجَلَتْ يده مَجْلاً ومجولاً: دەستی بلۆقی کرد ٥ پێستی دەستی پتەو زبر بوو.

مَجَلَ الحافِرُ: سمی ولاخەکە سواو رەقو پتەو بوو.

مَجِلَتْ يدُهُ: بەمانا (مَجَلَتْ)دێ.

امْجَلَ العملُ يده: ئیشکردن بلۆقی لەپێستی دەستی دا پەیدا کرد.

تَمَجَّلَ الجلْدُ قيحاً ودماً: پێستی بلۆقی کردو کێمو زوخاوی تێدا پەیدا بوو.

المَجْلُ: کرانەوەو شل بوونی رەگی پاشوی ولاخە ٥ کەدەبێتە عەیب بۆ ئەسپ.

المَجْلَةُ: تۆپکلێکی تەنکە ژێرەوەی

دەبێتە بلۆق‌و ناوی تێدا کۆدەبێتەوە لەئاکامی ئیش کردن دا.

مَجْمَجَ فلان في خبره: فلانکەس لەهەواڵ گێڕانەوەکەدا منجەمنجی کردو شتەکەی باش رون نەکردەوە.

مَجْمَجَ الكتابَ: نوسینی کتێبەکەی تێکەڵ‌و پێکەڵ کرد بەقەڵەم شێواندی.

تَمَجْمَجَ الكفلُ: سمتی لەقەڵەوی‌و بەختەوەری دا دەلەرێنەوە.

المَجْمَاجُ: شل‌و شێواو تەمبەڵ.

مَجَنَ الشَّيْئُ مُجوناً: شتەکە رەق‌و پتەو بوو.

مَجَنَ فلان مجوناً ومجانةً: فلانکەس بێ حەیاو بێ چاوو ڕو بوو ◊ (فهو ماجن وهي ماجنة) ◊ فلانکەس راست‌و درۆی تێکەڵ کردو هەڵەومر بوو ◊ دەگوترێ: (مَجَنَتْ فأسكتَ): قسەی ناشیرینی کردو بێ دەنگ کرا.

ماجَنَهُ: سوعبەت‌و یاری لەگەڵ کردو راست‌و درۆی تێکەڵ کرد.

تماجَنا: سوعبەت‌و گاڵتەو گەپیان بەیەکەوە کرد.

المجان: بەخۆڕایی بەبێ بەها ◊ دەگوترێ: (أخذ الشَّيْئَ مجاناً) ◊ هەروا وشەی المجان بەمانا زۆر وزەبەندە دێ ◊ دەگوترێ: (ماء مجان وتمر مجان).

المُمَجَّنُ: دەگوترێ: (طريق مُمَجَّنٌ): ڕێگای راست‌و ڕێکخراوو تەخت کراو.

مَجْنَقَ القومُ: خەڵکەکە بەقۆچەقاینی بەردیان هاویشت.

المَنْجَنيق: ئامێرێک بووە کاتی خۆی بەردیان پێ هاویشتووە وەکوو قۆچەقاینی بۆ ڕوخاندن‌و گرتنی قەڵاو شورە.

مَحَتَه مَحْتاً: پڕی کرد لەڕق‌و کینە.

مَحُتَ اليوم مَحاتَةً: ڕۆژەکەی زۆر گەرم بوو.

المَحْتُ: پتەوو توندو تیژ لەهەرشتێک دا بێ ◊ دەگوترێ: (يوم محت): ڕۆژێکی گەرم‌و کوشندەیە.

مَجَحَ الشَّيْئَ مَجْحاً: شتەکەی مالی‌و کرانەدی تامادەسەرەکییەکەی دەرکەوت.

مَجَحَت الريح الأرضَ: ڕەشەباکە گڵ‌و خۆڵی سەر ڕوی زەوی ڕامالی.

مَجَحَ العودَ: شوڕکە دارەکەی سپی کرد تونکڵی دامالی.

مَجَحَ الجلدَ: پێستەکەی شێلا هەڵی گڵۆفت بۆئەوەی نەرم بێ.

مَجَحَ اللبنَ: ماستەکەی هەژاند بۆئەوەی بیکاتە دۆ.

مَجَحَ الدَّلْوَ: دۆڵچەکەی ڕاوەشاند.

مَاجه مَحاجاً: دوای خست ماتلّی کرد.
مَجَّ الثوبُ مَجَحاً: قوماشەکه رِزی‌و کۆن بوو.
أمَجُّ الثوبُ: بەمانا (مَجَّ)دێ ◊ دەگوترێ: (امَجَّ الکتابُ): کتێبەکە رزی ◊ (مَجَّت الدار): خانوەکە شوێنەکەی کۆڕ بۆوە ئاسەواری دیارنەما.
المُجُّ: پالفتەی شت ◊ زمردێنەو سپێنەی ناو قاوغە هێلکە.
المَجَاجُ: درۆزن ◊ کەسێک قسەی هەبێ‌و کردەوەی نەبێ.
المَجَارَةُ: بڕوانە مادەی (حَوَرَ).
مَجَشَ الجلدَ مَجْشاً: پێستەکەی لەگۆشتەکە دامالّی.
مَجَشَتْ النارُ جلدَه: ئاگر پێستی سوتاند ◊ دەگوترێ: (هذه سنة أمْجَشَتْ کل شیٔ): سالّەکە قاتو قڕی بوو هیچی نەهێشت.
المُجَاشُ: سوتێنەر ◊ دەشگوترێ: (خبز مجاش وشِواء مجاش).
مَجَصَ مَجْصاً: هەلّات.
مَجَصَ الظَبْيُ: ئاسکەکە بازێکی توندی هاویشت.
مَجَصَ الثوبُ: قوماشەکە توکەکەی روتایەوە.
مَجَصَ الله مابه: خودا نازو نیعمەتی لێ ستاند.
مَجَصَ الشَّيْئَ: شتەکەی لەعەیب‌و لەککە پاک کردەوە.
مَجَصَ المعدِنَ بالنار: مەعدەنەکەی بەئاگر پوختە کرد.
مَجَصَ السيف: شمشێرەکەی مشت‌و مالّ کرد.
أمْجَصت الشمسُ: خۆر دوای گیرانی دەرکەوتەوە.
أمْجَصَ المريضُ: نەخۆشەکە چاک بۆوە.
مَجَّصَ الشَّيْئَ: شتەکە لەعەیب‌و خەوش پاک کردەوە ◊ دەگوترێ: (مَجَّصَ الذهب بالنار): ئالتونەکەی بەئاگر پاک کردەوە.
مَجَّصَ الله التائبَ من الذنوب: خودا تۆبەکارەکەی لەتاوان پاک کردەوە.
مَجَّصَ فلاناً: فلانکەسی بەتاقی کردەوە.
تَمَجَّصَت الظلماءُ: تاریکییەکە ڕەوییەوە ◊ دەشگوترێ: (تَمَجَّصَتْ ذنوبه): لەگوناهەکانی پاک بۆوە.
الأمْجَصُ: کەسێک پاساوی راست‌و درۆ قبوڵ بکا.
المَجِيصُ: گشت بادراو، دەمار گشت‌و توند.
المُمَجَّصُ: پالّفتەکراو لەعەیب‌و عار.
مَجَضَ فلاناً: ماستی خالّصی دەرخوارد دا.

مَحَضَ فلاناً ألوُدَّ: بەدڵسۆزی ئامۆژگاری کرد.

مَحِضَ مَحضاً: ماستی خاڵصی خوارد.

مَحُضَ فلان في نسبه مُحوَضة: فلانکەس نەژادی پاك و خاوێن بوو.

أمْحَضَ الرجلَ: بەدڵسۆزی ئامۆژگاری پیاوەکەی کرد ◊ دەگوترێ: (أمْحَضَهُ الحديث والنّصيحة).

امْتَحَضَ فلان: فلانکەس ماستی خاڵصی خواردەوە.

الأمْحُوضَة: ئامۆژگاری دڵسۆزانە.

المَحْضُ: شتی بێ خەوش و لەکە ◊ (لَبَنَ محض): ماستی خاڵص و بێ خەوش جا شیرین بێ یان ترش.

مَحَّطَ الوَتَرَ: دەستی بەژێی کەمانەکەدا هێنا بۆئەوەی چاکی بکا.

مَحَقَ الشَّيْئَ مَحْقاً: شتەکەی کەم کردەوە ◊ فەوتاندی لەناوی برد ◊ دەگوترێ: (مَحَقَ اللهُ العملَ): خودا پیت و بەرەکەتی کارەکەی برد فەوتاندی ◊ کارەکەی بەتاڵ کردەوە.

مَحَقَ الحرُّ الشَّيْئَ: گەرما شتەکەی سوتاند.

امْحَقَ الشَّيْئُ او المالُ: شتەکە فەوتا مرد، دەگوترێ: (امْحَقَ الرجلُ): پیاوەکە مرد.

أمْحَقَ القمرُ: مانگ چووە حاڵەتی مەحاقەوە.

مَحَّقَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەتاڵ کردەوە.

امْتَحَقَ الشَّيْئُ: شتەکە کەم بوو بەرەکەتی نەما.

امْتَحَقَ القمرُ: مانگ رونا کی کەم بوو، رونا کی نەما نەمە لەدوشەوی کۆتایی مانگ دا دەبێ.

إنْمَحَقَ وامَّحَقَ الشَّيْئُ: بەمانا (إمتحق)دێ.

إنْمَحَقَ القمرُ: مانگ گوم بوو چووە حاڵەتی مەحاقەوە.

تَمَحَّقَ الشَّيْئُ: شتەکە هێدی هێدی کەم بۆوە بەرەو نەمان رۆیی.

المُحَاقُ: بچوکبونەوەی مانگ لەدوای کامڵ بوونی تادەگاتە کۆتایی مانگ و ئەمجار تازە بوو نەوەی.

ليالي المَحَاق: نەو شەوانەی مانگ دەکەوێتە حاڵەتی مەحاقەوە.

المَحَقَةُ: فەوتان ◊ حوشترێك هەربێچوە نێرەی ببن.

المَحِيقُ: (نصل محيق): سەرە تیری تیژە.

مَحَكَ مَحْكاً: توندو تیژی نواند لەکێشەو نیزاع دا.

مَحِكَ: بەمانا (مَحَكَ)دێ.

أمْحَكَهُ الغضَبُ: رق هەڵسان وای لێ کرد لەکێشەو نیزاع دا سەرسەخت بێ و بەئاسانی مل بۆ ناشتی نەدا.

ماحَكَه: کێشەی لەگەڵ نایەوەو سەرسەختی نواند.

تماحَلَ البيعان: کڕیارو فرۆشیار زۆریان منجه منجۆو دانو سان کردو چەندو چونیان کرد.

تَمَحُّكَ: لەکێشەو نیزاع دا زۆری قیرەو گیرە گیری کرد.

المحْكانُ: کەسێك زۆر گیرە گیر بکا.

مَحَلَ بالأمر مَحلاً: وێستی بەفرتو فێڵ کارەکە ئەنجام بدا.

مَحَلَ المكانُ: شوێنەکە بێ بڕێوو بەرو بووم بوو ٥ دەگوترێ: (أرض مَحْلُ ومَحْلَة، ومَحُول ومُحُولٌ).

مَحِلَ به الى ذي سلطان مَحْلاً: لەلای دەسەڵاتدار فیتنەیی لەدژی کرد.

مَحِلَ المكانُ: شوێنەکە بێ پیتو بەرەکەت بوو بڕێوی تێدا نەبوو.

مَحُلَ المكانُ محالَةً: بەمانا (مَحَلَ)دێ ٥ دەشگوترێ: (المحل الزمان): رۆژگارەکە قاتو قڕی بوو.

أمْحَلَ القومُ: خەڵکە توشی سالی بێ بارانیو قاتو قڕی بون.

أمْحَلَ الله الأرضَ: خودا زەوییەکەی کردە زەوی سوتەمەڕۆو بی بڕێوو بێ بەروبووم.

ماحَلَهُ مماحَلَةً ومحالاً: کێشەی لەگەڵ نایەوە ٥ فێڵی لێ کرد، هەڵی خەڵەتاند.

مَحَّلَ فلاناً: فلانکەسی بەهێز کرد.

تماحَلَ المكان: شوێنەکە دوور کەوتەوە ٥ دەشگوترێ: (فلاة متماحلة): دەشتێکی کاکی بەکاکیو بەرفراوانە ٥ (فتنة متماحلة): فیتنەو ئاشوبێکی درێژخایەنو نەبڕاوەیە.

تَمَحَّلَ: فێڵی کرد ٥ دەشگوترێ: (تَمَحَّلَ خيراً): داوای خێرو بێری کرد.

الماحِلُ: ولاتی سوتەمەڕۆو بێ بڕێو ٥ بەرهەڵستکارو رکابەری سەر سەخت.

المِحَالُ: فێڵو هێزو توانا ٥ دەسەڵاتی تۆڵە سەندن ٥ تەگبیرو پلان.

المَحْلُ: نەبونی باران، وشکە سالی ٥ دەگوترێ: (أرض مَحْلٌ): زەوی بێ گیاو گژو لەوەڕ ٥ دەشگوترێ: (رجل مَحْلٌ): پیاوێکی بێ خێرو بێرە.

المحِلُ: کەسێك دەربکرێو بڕە تێندرێ تاماندو دەبێ ٥ (رجل مَحِلٌ): پیاوێکی فێلاوی و بەسیاسەتە.

المِحالُ من الأرض: زەوی سوتەمەڕۆ.

المُحَلُ: قاپی شیر ٥ مەنجەڵی شیر.

مَحَنَ فلاناً مَحْناً: فلانکەسی بەتاقی کردەوە ٥ سزای دا ٥ زۆری نەزیەت دا.

مَحَنَ الفِضَّةَ: زیوەکەی قاڵ کردو پاڵفتەی کرد بەناگر.

مَحَنَ الأديمَ: چەرمەکەی نەرم کردو

لێکی کێشایەوە.

مُحِنَ فلان: فلانکەس کەوتە چورتەو ناخۆشییەوە.

مَحَّنَ الأديمَ: بەمانا (مَحَنَهُ)دێ.

إمْتَحَنَ فلاناً: فلانکەسی بەتاقی کردەوە.

إمْتَحَنَ الشَّيْئَ: لەشتەکە وردبۆوە، سەیری کرد.

إمْتَحَنَ الفِضَّةَ: زیوەکەی قاڵ کرد پوختەی کرد ◊ دەگوترێ: (أمْتُحِنَ فلان): فلانکەس کەوتە میحنەتو ناخۆشییەوە.

الإمتحان: تاقیکردنەوە ◊ توشبونی بەڵاو کارەسات.

المِحْنَةُ: بەڵاو چورتەم.

مَحَا الشَّيْئُ مَحْواً: شتەکەی سڕیەوە شوێنەواری کوژاندەوە ◊ دەگوترێ: (مَحَتِ الريحُ السحابَ): ڕەشەباکە هەورەکەی رامالی ◊ (مَحَا المطَرُ الجَدْبَ): بارانو وشکە سالی نەهێشت ◊ (محا الصبحُ الليلَ): گزنگی بەیانی تاریکی شەوی لابرد ◊ (الإحسان يمحو الإساءَة): چاکە خراپە دەسڕێتەوە.

إمَّحَى الشَّيْئُ: شوێنەواری شتەکە کوژایەوە.

تَمَحَّى من القوم: داوای لەخەڵکەکە کرد کە لەخراپەکانی خۆش بن.

المَحْرُ: تەڵخایی ناو مانگ.

المِمْحَاةُ: پەڕوی شت سڕینەوە، پەڕوی کاشی سڕینەوە یان لاسیکی خەتکوژانەوە.

مَحَى الشَّيْئَ مَحْياً: شوێنەواری شتەکەی نەهێشت.

أمَخَّ العظمُ: ئێسقانەکە مۆخی تێدا پەیدا بوو.

أمَخَّت الدابة: ولاخەکە قەڵەو بوو.

أمَخَّ العودُ: نەمامە درەختەکە ئاوی تێکەڕا.

أمَخَّ حبُ الزرع: دانەوێڵەکە ئاردی تێدا پەیدا بوو.

مَخَّخَ العظمَ: مۆخی ئێسقانەکەی دەرهێنا.

إمْتَخَّ العظمَ: مۆخی ئێسقانەکەی دەرهێنا.

المُخَاخَةُ: ئەوەی لەئێسقان دەردێ بەهۆی هەڵمژینەوە.

المُخُّ: مۆخ مێشك ◊ ئەو مادە مۆخەی لەناو سەردایە ◊ پالّفتەی شتو کرۆکی شت ◊ لەحەدیث دا هاتووە دەفەرموێ: (الدعاءُ مُخّ العبادة): نزاو پاڕانەوە لەخودا پوختەی خودا پەرستییە.

المُخَّةُ: پارچەیەك لەمۆخ ◊ دەشگوترێ: (هذه مُخَّةُ الشَّيْئ): ئەمە باشترینی شتەکەیە.

المَخِيخُ: دەگوترێ: (عظم مَخِيخٌ): ئێسقانێکە مۆخی تێدایە.

المَخِيخُ: بەشێک لەدەماخ کە مەرکەزی هاوکێشەیی ئەندامەکانی جەستەیە.

المُخُّ: دەگوترێ: (لە لسان مُخٌّ): زمانێ تیژو ڕەوانی هەیە ◊ بەتوانایە بۆ قسەکردن.

مَخَرَتِ السفينةُ مَخْراً ومُخوراً: کەشتییەکە کەوتە ڕۆیینو ئاوی دەریای دڕدا.

مَخَرَ السابحُ: مەلەوانەکە بەدەستی ئاوی دڕدا.

مَخَرَ الزارعُ الأرضَ مَخْراً: کشتیارە زەویەکەی کێڵا بۆ کشتوکاڵ.

مَخَرَ المحور مدارَهُ: قەراخی شتەکە لێی خوراو فراوان بوو.

امْتَخَرَ العَظْمَ: مۆخی ئێسقانەکەی دەرهێنا.

امْتَخَرَ الشَّيْئَ: شتەکەی هەڵبژارد.

امتَخَرَ القومُ: پیاوی پیاوانەی لەخەڵکەکە هەڵبژارد.

الماخِرَةُ: کەشتی ◊ (ك: مواخِر).

الماخور: خانوی خراپەکاریی ◊ قومار خانە ◊ شوێنی کۆبونەوەی ئەهلی فیسقو فەساد ◊ (ك: مواخِر ومواخير).

المَخْرُ: (بنات مَخْر): هەوری تەنکی سپی کەپێش ومرزی هاوین بەئاسمانەوە دەردەکەون.

اليَمْخورُ: (رجل يمخور، وعنق يمخور): پیاوی درێژ ملی درێژ.

مَخَضَ الشَّيْئَ مَخْضاً: بەتوندی شتەکەی ڕاوەشاند.

مَخَضَ اللَّبَنَ: ماستەکەی هەژاندو ڕۆنەکەی لێ دەرهێنا ◊ (فهو مخيض).

مَخَضَ البئر بالدلو: بەدۆلچەکە بیرەکەی شلەقاندو زۆری ئاو لی هەڵێنجا.

مَخَضَ الرأيَ: ڕاوو بۆچونەکەی سەرەو ناو کردو زۆر لێی ورد بۆوەو ئاکامەکەی لێک دایەوە.

مَخِضَت الحامِلُ: ژنە سک پڕەکە ژانی منداڵبوونی هاتێو خەریکە منداڵی ببێ ◊ (فهي ماخِضٌ) ◊ (ك: مُخَّضٌ ومواخض).

أمْخَضَ اللَّبَنُ: ماستەکە لەناو مەشکەکەدا هەژا.

اِمْتَخَضَ الولدُ: زارۆکەکە لەناو سکی دایکی دا جوڵایەوەو کاتی لەدایکبوونی هات.

تَمَخَّضَ اللبن والولد: بەمانا (امْتَخَضَ)دێ.

تَمَخَّضَ السماءُ: ئاسمان خەریکە باران ببارێنێ.

تَمَخَّضَ الحامِلُ: بەمانا (مَخِضَتْ)دێ ○ لەپەندی پێشینان دا هاتووە دەڵێ: (تَمَخَّضَ الجبلُ فولد فأراً): کێو ژانی هاتێو مشکێکی بوو ○ هەروا دەگوترێ: (تَمَخَّضَت الليلة عَنْ يوم سوء): شەوەکە بەیانیەکی ناخۆشی بەدو دا هات.

المَخاضُ: ژانی منداڵبون ○ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَأَجَاءهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ﴾. هەروا وشەی (المخاض): ناوە بۆ حوشترێک دەمانگ بەسەر ئاوسبوونی دا تێپەڕیێ ○ هەروا ناوە بۆ بێچوە حوشتر کە دایکی کەڵ درابێ ○ یان بۆ گۆلکە حوشترێک سااڵی تەواو کردبێو چوبێتە سااڵی دووەمی تەمەنیەوە ○ (ك: بنات مخاض).

المِمْخَضَة: ئامێری هەژاندنی ماست بۆ جیاکردنەوەی رۆنەکەرەکەی ○ (ك: مَمَاخِض).

مَخَطَ السَّهْمُ مَخْطاً: تیرەکە چووە ناو جەستەکەوە نەمدیواو دیوی کرد.

مَخَطَ المرأ في الأرض: پیاوەکە بەناو زەوی دا رۆیی بەخێرایی.

مَخَطَ الشَّيْئَ: بەتوندی شتەکەی کێش کرد.

مَخَطَ السَّيْفَ: شمشێرەکەی لەکاان دەرکێشا.

مَخَطَ المَخاطَ: چڵمی لەلوتی هێنایە دەر.

امْخَطَ السَّهْمَ: تیرەکەی هاویشتو لەجەستەکەی دا.

مَخْطَ الصَّبِيُّ: چڵمی لەلوتی منداڵەکە دەرهێنا.

إمْتَخَطَ فلان: فلاڵنکەس چی لەلوتی دا بوو دەری هاویشت.

إمْتَخَطَ الشَّيْئَ: شتەکەی رفاند.

إمْتَخَطَ مافي يده: ئەوەی لەدەستی دا بوو لێی دزی.

إمْتَخَطَ السيف: شمشێرەکەی لەکاان دەرکێشا.

تَمَخَّطَ فلان: بەمانا (إمْتَخَطَ)دێ ○ لەڕۆیشتن دا بەشێواوی و لارە لار ڕۆیی ○ دەکەوتو هەڵدەستایەوە.

المَخاط: چڵم ○ صمغی درەختو ڕوەك.

مَخاط الشيطان: ئەو تیرو تیشکانەن کەلەکاتی نیوەڕۆدا کەدەڕوانی بە خۆر دێنە بەرچاو ○ پێشی دەگوترێ: (مخاط الشمس، لعاب الشمس، ريق الشمس).

المَخاطَة: درەختێکە لەپێڕی (المخاطية) بەرێکی هەیەکاتی خۆی بەکارهاتووە بۆ نەرم کردنەوەی سنگ، ئەمڕۆ بۆ باڵندە گرتن بەکاردێ.

المَخْيَط: بەمانا (المخاطة)دێ.

المَخْطَةُ: ئەو چڵەو جۆرە شلەمەنییەیە کە مرۆڤ لەلوتیەوە فرێی دەداتە دەر.

مَخْمَخَ العَظْمَ: مۆخی ئێسقانەکەی دەرهێنا.

مَخَنَ مَخْناً: گریا.

مَخَنَ الأديمَ: پێستەکەی پاک کردەوەو سپی کرد توکی لێ کردەوە.

مَخَنَ البِئرَ: ئاوی بیرەکەی هەڵێنجا.

المَخْنُ: درێژ.

المَخْنُ: بەمانا (المِخْنُ)دێ ◊ پیاوی مەیلەو کورتی جەستە سوك.

المَخْنَةُ: بەردەرگا، حەوشەی خانوو.

المُمَخِّنُ: دەگوترێ: (طريق مُمَخِّن): رێگایەکە خەڵکی زۆر پێدا رۆیشتووە خۆش بووە.

مَخَّى الرجلَ عَنْ الأمر: پیاوەکەی لەکارەکە دوورخستەوە.

تَمَخَّى العظمَ: مۆخی ئێسقانەکەی دەرهێنا ◊ (بناغەی ئەم وشەیە (تَمَخَّخ) بووە وەکوو چۆن بناغەی (تظنّ)بریتیبووە لە (تظَنَّنَ).

مَدَحَهُ: مەدحی کرد ڕەوشتە جوانەکانی باس کردن.

مَدَّحَهُ: زۆری مەدح کرد.

امْتَدَحَ المكانُ: شوێنەکە فراوان بوو ◊ دەگوترێ: (إمْتَدَحت خاصرة الماشية): کەلەکەی ولاخەکە کشا بەهۆی تێریو زۆر خواردنەوە.

امتَدَحَ فلاناً: مەدحی فلانکەسی کرد.

تمادحَا: هەریەك لەو دووکەسە مەدحی یەکتریان کرد.

تَمَدَّحَتْ حاصرة الماشية: بەمانا (إمتدحَتْ)دێ.

تَمَدَّحَ فلان: بەزۆر حاڵەتی وای بەسەر خۆی دا هێنا مەدح بکرێ ◊ دەگوترێ: (هو يَمْتَدِح الى الناس): داوا دەکا خەڵك مەدحی بکەن ◊ شانازی کرد بەشتێك کەنەی بوو نەیکرد بوو.

إمتدح فلاناً: مەدحی فلانکەسی کرد.

الأُمْدُوحة: ئەوەی مەدحی پێ دەکرێ ◊ (ك: أماديح).

المِدْحة: بەمانا (الأمدوحة)دێ ◊ (ك: مَدَحٌ).

المَديحُ: بەمانا (الأمدوحة)دێ ◊ (ك: مدائح).

المَمَادِحُ: ئەو ڕەوشتە جوانانەن کە لەمەدح کردن دا دەگوترێن.

مَدَخَ مَدْخاً: گەورە بوو.

مَدَخَ فلاناً: باش یارمەتی فلانکەسی دا، چاك مەدحی کرد.

مادَخَهُ: یارمەتی دا بۆچاکە یان بۆ خراپە.

امْتَدَحَ عَلَيْهِ السَّلاَمْ: ستەمی لێ کرد.
المديخ: گەورەو خۆشەویست.
مدّ النهارُ مدّاً: روناکایی رۆژ بلاو بووەوە.
مَـدَّ فـلان في سـيء: فلانکـەس درێـژەی بەرۆیشتنی دا.
مَـدَّ الـشَّيْئَ: لەشـتەکەی زیـاد کـرد ◊ دەگوترێ: (مـدّ الـنهيرُ النهـرَ): روبـارە بچوکەکە ئاوی روبارەکەی زیاد کرد.
مَدَّ الجَيْشَ: سوپاکەی بەهێز کرد.
مَـدَّ القـومُ الجَـيْشَ: خەڵکەکـە پـشتیوانی سوپایان کردو سوپایان بەهێز کرد.
مَدَّ الـدَّوَاةَ: مەرەکەبی قەڵەمەکـەی زیاد کرد.
مَـدَّ القَلَـمَ: قەڵەمەکـەی خـستە نـاو مەرەکەبەکە.
مَدَّ الله الأرض: خـودا زەوی راخـست پـانی کردەوە.
مَدَّ الأجَلَ: ماوەکەی درێژ کردەوە.
مَدَّ المدين: مۆڵەتی قەرزدارەکەی دا.
مَـدَّ الحَبْـلَ: حەبلەکـەی کـێش کـرد ◊ حەبلەکەی درێژکردەوە.
مَدَّ الحرفَ: پیتەکەی بەدرێـژی خوێنـدەوە ◊ یـان لەنوسـین دا بەشـێوەی درێـژ نوسی.
مَدَّ بَصَرَهُ الى كذا: چاوی لەشتەکە بـڕی ◊ تەماعی تێکرد.
مَدَّ الرَّجُلَ في غَيِّهِ: پیاوەکەی دەنە دەنـەدا بۆ گومڕا بوونی.
أمـدَّ الجـرحُ: برینەکـە کـێمو زوخـاوی تێدا پەیدا بوو.
أمَدَّ النهرَ: روبارەکەی زۆر کرد.
أمَدَّ الدواةَ: لیقەکە مەرەکەبەکەی زیاد کرد.
أمَدَّ الأرْضَ: زەوی پان کرد، رایخست.
أمَدَّ له في الأجل: ماوەکەی بۆ زیادکرد، بۆی درێژ کردەوە.
أمَـدَّ فلانـاً: یارمـەتی فلانکەسـی دا ◊ مۆڵەتی دا.
مَادَّهُ مداداً ومِمادةً: ماتڵی کرد.
مـادَّ فلانـاً الثـوبَ: قوماشـەکەی بـۆ فلانکەس کێش کرد.
مَـدَّدَ الـشَّيْئَ: شـتەکەی پـان کـردەوەو درێژی کردەوە.
امْتَـدَّ الـشَّيْئُ: شـتەکە فـراوان بـوو، راخرا.
إمْتَـدَّ الحبـلُ: حەبلەکـە درێـژ بـوو ◊ دەگوترێ: (امتدَّ الظِلُّ والنهارُ، وامتـدّ عمُـرهُ، وامتـدت العِلّـة، وامتـد بهـم السَّيرُ).
تمادّا الثـوبَ: هەریەکـە لـەلای خۆیـەوە قوماشەکەی راکێشا.
تَمَـدَّدَ الـشَّيْئُ: شتەکە بـلاو بـۆوە، پـان بـۆوە ◊ دەگـوترێ: (تَمَـدَّدَ الأديـمُ): چەرمەکە لێك کشاو پان بوو.

تَمَدَّدَ الجسمُ بالحرارة: قەبارەکە بەهۆی گەرمبوونەوە لێک کشا.

تَمَدَّدَ القومُ الشَّيْئَ بينهم: خەڵکەکە لەناو خۆیان دا شتەکەیان لێک کێشایەوە، درێژو پانیان کرد.

تَمَدَّدَ فلان: فلانکەس خۆی لێک کێشایەوە.

اسْتَمَدَّ القَومُ الأميرَ: خەڵکەکە داوایان لەفەرمانڕەوا کرد یارمەتییان بدا.

الإمدَان: جەو جوڵ.

الأمِدَّةُ: ڕیسی تەشی.

الأُمْدُودُ: داب و نەریت.

التَّمَدُّدُ: لێک کشانەوە و گەورە بوونی قەبارە.

المادّة: مادەو قەبارە ◊ هەرشتێک بۆشاییەك پڕبکا.

مادة الشَّيْئ: بنەماو پێکهاتەی شت.

مادة الخشب: پێکهاتەی دار.

مادة البحث العلمي: ئەو بابەتانەی باسە زانستییەکەی لێ پێکهاتووە.

مواد اللغة: وشەکانی زوبا.

مواد القانون: ئەو ڕستانەی بڕیارەکەیان لەخۆ گرتووە.

المادّية: بیرو باوەڕو مەزهەبێکە تەنها بڕوای بەمادە هەیە ◊ هەموو شتێك بەمادە تەفسیر دەکا.

المِداد: مەرەکەب ◊ نەوتو ڕۆنی فتیلەو چرا ◊ میشاڵو ڕێبازو پرۆگرام ◊ دەشگوتریٰ: (سبحان الله مِداد السموات): بەئەندازەی بەرفراوانی ئاسمان سوپاس و تەقدیس بۆ پەروەردگار.

المَدُّ: لافاو ◊ ئاوی زۆر ◊ مەسافەو مەودا ◊ دەگوتریٰ: (بيني وبينه قدر مدّ البصر).

المُدُّ: پێوەرێکی کۆنە بۆ پێوانەکردنی دانەوێڵەو شتی وا.

المَدَدُ: ئەوەیە شتی تری پێ زۆربکەی.

مَدَدُ الجيش: نەو کۆمەڵە سەربازو کەرەستەیە دەخرێتە پاڵ سوپا بۆبەهێزکردنی.

المِدَان: ئاوی زۆر سوێر.

المَدَّةُ: نیشانەیەکە دەخرێتە سەرپیتی هەمزەی درێژ کراوە.

المُدَّةُ: ماوەیەکە لەکات ئەندازەیەکی زەمەند چ زۆرو چ کەم ◊ دەگوتریٰ: (بقيت عنده مُدّة طويلاً).

المِدّة: کێم و زوخاو.

المَديدُ: درێژ ◊ دەگوتریٰ: (قدّ مديد ورجل مديد الجسم) ◊ هەروا ناوە بۆ بەحرێکی عوروز لەبواری کێشی شیعردا کێشەکەی دوجار (فاعلاتن فاعلن فاعلاتن).

المَمْدودُ: دەگوتریٰ: (مال ممدود) مالی

زۆر ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا﴾ ◊ لەزاراوەی زانستی صەرف دا وشەی (ممدود) ناوە بۆ ئیسمێکی موعرەب کە کۆتایی بە هەمزە بێ و لەپێشیەوە ئەلفێکی زیادە هەبێ ◊ وەکوو (سمراء، صحراء).

مَدَرَ الحَوضَ مَدْراً: درزو کەلێنی دیواری حەوزەکەی بەنکەشی کرد.

مَدِرَ مَدَراً: گەدەی زل بوو لاکەلەکەی فش بوون.

مَدِرَ الصَّبِيُّ وغيره: منداڵەکە پیسایی کردە ناو دەرپێ و جلەکانیەوە ◊ گوی بەخۆدا کرد.

مَدِرَ الضَّبُعُ: کەمتیارەکە لاتەنیشتی خۆڵاوی بوو.

أَمْدَرَ الحَوضَ: کەلێن و درزی دیواری حەوزەکەی پرکردنەوە.

مَدَّرَ الحَوضَ: بەمانا (مَدَرَه)دێ.

الأَمْدَرُ: ئەوکەسەی گرنگی بەپاك و خاوێنی جەستەو پۆشاکی نادا.

المَدَرُ: قوڕی لینج و تۆپەڵ بوو ◊ پارچە قوڕی لینج.

أهل المَدَر: خانوو نشین پێچەوانەی دەوار نشینەکان.

المَدْراء: (بنو مدراء): شارستانی و گوندنشین.

المَدْرَةُ: گوندێك خانوەکانی بەقوڕ

خشتی گڵ دروست کرابێ ◊ دەگوترێ: (ما رأيتُ في الوَبَر والمَدَر مثلَه): لەناو ڕەشماڵ نشین و گوندنشین دا وێنەی ئەوم نەدیوە.

المَدِيرُ: (مكان مَدِيرٌ): شوێنێکە بەقوڕ تەخت کراوە.

المِدَرُ والمُدْرُ: شوێنێك قوڕی لێ بێ بکرێ بەدیوار.

مَدَشَ لفلان من العطاء مَدْشاً: بەخششی لەفلاّن کەم کردەوە.

مَدِشَ فلان مَدَشاً: فلاّنکەس لاواز بوو ◊ (فهو أمدش وهي مدشاء).

مَدِشت العينُ: چاوەکە بینینی کەم بوو.

مَدِشَ عَصَبُ اليد: ڕەگی دەست شل بوو.

مَدِشَت الرِّجْلُ: قاچەکە قەڵشا شەقار شەقار بوو.

مَدِشَ باطن رسغي الفرس: دوقاچی ئەسپەکە لێك خشان ◊ فەیزەن بوو.

مَدَقَ الصَّخْرَةَ: بەردەکەی شکاند.

تَمَدَّلَ بالمنديل: بەدەسە سڕەکە دەمو چاوی سڕینەوە ◊ پارچەی قوماشەکەی لەسەری بەستو کردی بەمێزەر.

مَدَنَ فلان مدوناً: فلاّنکەس هاتە شارو بوو بەشارستانی.

تَمَدَّنَ: بەژیانی شارستانیانە فێربوو، ڕاهات.

تَمَدْيَنَ: بەشێوەی ژیانی شارستانیانە ژیاو کالاو کەرەستەی شارەستانیانەی بەکارهێنان.

المدنية: شارستانیەتو پێشکەوتنی باری ژیان.

المدينة: شار، گەورە شار ٥ (ك: مدائن) ٥ ناوی مەدینەی منەورەشە، مەدینەی پێغەمبەر (د.خ).

أمدى فلان: فلانکەس پیر بوو، تەمەنی زۆر بوو.

أمدى فلاناً: مۆڵەتی فلانکەسی دا.

ماداه مماداةً: بۆماوەیەك هاوسێی کرد، بووبە جیرانی.

تمادى في الأمر: گەیشتە نەوپەڕ لەکارەکەدا.

تمادى في غيّهِ: لەگومڕایی دا رۆچوو.

المدى: مەسافە ٥ ئامانج.

مَدى البصر: مەسافەی دیتنی چاو تاچاو بڕیکا ٥ هەروا دەگوترێ: (مدى الأجل، مدى الصوت، مدى الدهر).

المُدْيَةُ: کێرد، چەقۆ.

المَدِيُّ: جۆگایەکی بچوکە ئەو ئاوەی لەحەوز یان لەبیر دەڕژێ بەهۆی ئەو جۆگەلەوە ئاوەکە لە بیرەکە دوور دەکەوێتەوە.

المِيداءُ: ئامانج و کۆتایی شت ئەندازەو قەبارەی شت ٥ دەگوترێ: (ما أدري ما ميداء هذا الأمر) ٥ هەروا وشەی (ميداء) بەمانا بەرامبەر دێ، دەگوترێ: (هذا بميداء أرض كذا): ئەمە بەرامبەر زەوی فلانە.

مَذِحَ الشَّيْئُ بالشَّيْئِ مَذْحاً: شتەکە لەشتەکە خشاو شەق بوو درزی برد ٥ دەشگوترێ: (مَذِح فلان): فلانکەس رانی لێك دەخشێن.

تَمَذَّحت خاصرته: کەلەکەی فش بوو ٥ دەگوترێ: (شَرِبَ حتى تَمَذَّحت خاصرته): ئەوەندەی ئاو خواردەوە تا کەلەکەی هەڵاوسان.

تَمَذَّحَ الشَّيْئَ: شتەکەی هەڵمالیست، هەڵمزی.

الأَمْذَحُ: کەسێکە لەڕۆیشتن دا دوڕانی لێك بخشێن لەبەر قەڵەوی.

مَذِرَت البيضة مَذَراً: هێلکەکە پیس بوو.

مَذِرَت مَعِدَتُهُ: مەعیدەی پیس بوو.

مَذِرَ فلان: فلانکەس زۆر چوو بۆ سەرئاو ٥ (فهو أمذر).

أمذرت الدجاجةُ البيْضَةَ: مریشکەکە هێلکەکەی پیس کرد.

مَذَّرَ الشيءَ: شتەکەی بلاو کردەوە.

تَمَذَّرَت مَعِدَتُهُ: بەمانا (مذِرَتْ)دێ.

تَمَذَّرَ الشَّيْئُ: شتەکە بلاو بۆوە.

تَمَذَّرَ اللَّبَنُ: ماستەکە لەناو مەشکەکەدا بلاو بۆوە.

المَذَرُ: دەگوترێ: (ذهب القوم شذر مَذَر): خەڵکەکە پەرتەوازە بوون.

مَذْرَقَ به: فڕێی دا.

المَاذَرِيُونُ: دەختێکە گەڵاکەی وەکوو گەڵای زەیتون وایە، گوڵەکەی مەیلەو سپییە ◊ دەشگوترێ: (المازريون).

مَذَعَ فلان مَذْعاً: فلان درۆی کرد لافو گەزافی لێ دا.

مَذَعَ الماءُ: ئاو لەسەر کێوەکانەوە بوو بەلافاو.

مَذَعَ يميناً: سوێندی خوارد.

مَذَعَ لي الخبرَ: هەندێکی لەهەواڵەکە بۆ گێڕامەوەو هەندێکی شاردەوە ◊ یان هەواڵەکەی لەنیوە دابڕیو چووە سەر باسێکی تر.

مَذَعَ الضَّرعَ: نیوە گوانەکەی دۆشی نیوەی هێشتەوە.

تَمَذَّعَ الشرابَ: شەرابەکەی ورده ورده خواردەوە.

المَذَاعُ: درۆزن ◊ کەسێك وەفاو نەمەکی نەبێ ◊ پاشملە باسی کەسانی دی بکا بەخراپە، کەس لەزمانی رزگاری نەبێ ◊ کەسێك نهێنی پێ هەڵنەگیرێ.

مَذَقَ اللَّبَنَ والشرابَ بالماء مَذقاً: شیرو شەرابەکەی تێکەڵ بەئاو کرد.

مَذَقَ فلاناً: شیری ئاو تێکەڵکراوی دەرخواردی فلان دا.

مَذَقَ الوُدَّ: خۆشەویستییەکەی بێ خەوش نەبوو.

ماذق فلاناً في الوُدِّ: خۆشەویستییەکەی بێ خەوش نەبوو ◊ بەڕاستی فلانکەسی خۆش نەویست.

إمْتَذَق الشرابُ أو اللَّبَنُ بالماء: شەراب یان شیرەکەی تێکەڵ بەئاو کرد.

إمَّذق الشراب أو اللبن بالماء: بەمانا (إمْتَذَقَ)دێ.

المَذَّاق: درۆزن، زۆر درۆزن ◊ غەمبارو خەمۆك.

المَذِقُ: (لبن مَذِق): شیری ئاو تێکەڵکراو ◊ (رجل مَذِق): پیاوی خەمۆك.

المَذَقَة: شیری ئاوتێکراو ◊ (أبو مذقة): گورگ ◊ لەم ڕوەوە کەشیر ئاوی زۆر تێبکرێ مەیلەو بۆر دەبێ.

مَذَلَ بِسِرِّهِ مَذْلاً ومذالاً: نهێنییەکەی بۆ هەڵنەگیراو توشی قەلەق بوو ناچار درکاندی.

مَذَلت نفسه بالشيء: نەفسی شتەکەی قبوڵ بوو.

مَذِلَ فلان مَذْلاً: فلانکەس ناڕەحەت بوو توشی قەلەقو دڵەڕاوکێ بوو ◊ بەهەڵگرتنی نهێنییەکە توشی دڵەڕاوکێ بوو بۆیە درکاندی.

مَذِلَ بمضجَعِهِ: بەشوێنی نوستنەکەی ناڕەحەت بوو بۆیە لەو شوێنە گواستییەوە.

مَذِلَ هاله: بەمانەوەی مالّو سامانەکەی لەدەستی دا ناڕەحەت بوو بۆیە بەخشیو خۆی ئارام کرد.

مَذِلَ على فراشِهِ: لەسەر جێگاکەی هەدای نەداو ناچار گواستییەوە.

مَذِلَت رجلُه: قاچی تەزی قاچی شل بوو.

أمْذَلَ فلاناً: فلانکەسی جارس کرد، توشی دڵەڕاوکێی کرد.

إمَّذَلَ فلان: بەمانا (أمْذَلَ)دێ.

إمَّذَلَ مَفاصِلُه: جومژگەکانی شل بوون.

المُذْلَةُ: شوێنکەو نوختە لەسەر بەردو شاخ ◊ دەنکە خورما.

المَذيلُ: نەخۆشێک کە حەجمینی نەبێ ◊ ئاسنێک بەئاسانی بشکێ.

المِذَلُ: کەسێک نەتوانێ نهێنی بپارێزێو ناچاربێ بیدرکێنێ ◊ کەسێک زۆرجار قاچی توشی تەزین ببێ.

مَذْمَذَ فلان: فلانکەس درۆی کرد.

المَذْماذُ: کەسێک زۆر قیزەو قارەو قیرە بکا دەم بەهاوار بێ.

المَذْمَذِيُّ: بەمانا (المَذْماذُ)دێ ◊ مرۆڤی فێڵبازو قسە خۆش.

مَذَى الرجلُ مذياً: پیاوەکە لەکاتی یاریکردنو شتی وا لەگەڵ ئافرەت دا مەزی هاتەوە ◊ (فهو ماذ ومذاء).

مَذَى الفَرَسَ: ئەسپەکەی بەرەڵای پاوان کرد.

أمذى الرجُلُ: بەمانا (مذى)دێ.

امذى شرابَهُ: شەرابەکەی زۆر ڕون کردەوە.

أمذى الفَرَسَ: ئەسپەکەی بەرەڵای لەومڕگا کرد ◊ دەگوترێ: (أمْذِ بعنان فرسك): ڕێشمەی ئەسپەکەت بەرەڵابکە وازی لێبێنە بابۆخۆی بلەومڕێ.

المَاذِي: هەنگوینی سپی ◊ ئاسنی بێ خەوشو چاک.

المَاذِيَّةُ: شەرابو عەرەق ◊ زرێی نەرم.

المَاذُ: نەرمو شلەپەتە.

المَذْيُ: ئاوێکی ڕونە لەڕێڕەوی میزەوە دێتەدەر لەکاتی یاری کردن لەگەڵ ئافرەت دا.

المَذِيّ: بەمانا (المَذْيُ)دێ.

المَذْيَةَ: ئاوێنەی رومالکراو ◊ (ك: مَذْي، مذيات ومِذاء ومِذى).

المَذِيَّة: بەمانا (المَذْيَةُ) دێ ◊ (ك: مِذاء).

مَرَأَ الطعامُ مراءةً: خۆراکەکە بەلەزمەتو گونجاو بوو.

مَرَأَ فلان: فلانکەس خواردنی خوارد.

مَرِءَ مَرَأً: پیاوەکە لەشێوەدا یان لەگفتو گۆدا ژنانە بوو.

مَرِءَ الطعامَ: خۆراکەکەی پێکەوت بەلایەوە بەلەزمت بوو.

مَرُئَت الأرضُ مَرَاءَةً: زەوییەکە کەش و هەوای خۆش بوو.

مَرُءَ فلان مروءة: فلانکەس بوو بەخاوەن پیاوەتی و شکۆمەندی.

مَرُءَ الطعام مراءةً: خۆراکەکە بەلەزمت و گونجاو بوو.

أمْرَءَ الطعامَ: خواردنەکەی بەلەزمت کردو وای لێ کرد بەخۆشی بۆی قوت چوو.

أمْرَأ الطعامُ فلاناً: خواردنەکە سودی باشی بەفلانکەس گەیاند.

تَمَرَّأ فلان: فلانکەس بوو بەخاوەن شکۆمەندی و ڕێز ◊ بەتەکەللوف شکۆمەندی بەسەر خۆی دا هێنا.

تَمَرَّأ بالقوم: هەوڵی دا خەڵکەکە بەخاوەن شکۆ ڕێزداری وەصف بکەن.

إسْتَمْرَأ الطعامَ: خواردنەکەی بەخۆش و بەلەزمت هاتە دەست.

المَرْءُ: مرۆڤ پیاو ◊ نەگەر (ال) بەوشەکەوە نەبوو دەگوترێ: (إمْرُءٌ) ◊ بۆ مێیینە دەگوترێ: (مراة).

المُروءةُ: ئادابی نەفسانی و هەڵسوکەوتێکە کەلەبەر چاوگرتنی نادەمیزاد هەڵدەنێ بۆ پابەندبوون بەڕەوشتی جوان و داب و نەریتی پەسەند ◊ یان بریتییە لەپیاوەتی و مەردایەتی تەواو.

المَرِئُ: گەرو، ڕێڕەوی خواردن بەناو گەرودا بۆ مەعیدە ◊ (ك: أمرئة ومَرْءٌ) ◊ (طعام مَرِئٌ): خواردنی خۆش و بەلەزمت و بەسود ◊ (كلام مَرِئٌ): قسەیەك کەلەکردنی دا پەشیمان نەبی.

مَرَتَ الشَّيْئَ مَرْتاً: شتەکەی تاس و لوس کرد.

ماروت: هاوڕێی (هاروت)؛ کە دووفریشتەن لەقورئان دا ناویان هاتووە.

المَرْتُ: دەشتێکی بێ گژوگیایە ◊ دەگوترێ: (أرض مرت، مكان مرت): شوێنێکە روتەن و بێ درەخت و ڕومکە ◊ (رجل مَرْتُ الحاجب): پیاوێکە بروی نین بروکانی مویان لێ نەڕواوە ◊ (رجل مَرْتُ الجسدِ): پیاوێکە جەستەی موی لێ نەهاتووە.

المَرُوتُ: سارای بێ گیاو گژو درەخت.

مَرَتَ الشَّيْئَ في الماء مَرْتاً: شتەکەی لەئاو

هەلکێشا ◊ دەشگوترێ: (مَرَثَ الشعرَ وغیرە بیدە): دەستی بەقژی دا هێناو لەناو ئاودا هەڵیگلۆفت بۆنەوەی باش تەڕببن.

مَرَثَ الشَّیْئَ: شتەکەی مژی ◊ دەگوترێ: (مَرَثَ الصَّبِیُّ اصبعه او ثدي أمه): منداڵەکە قامکی خۆی مژی یان مەمکی دایکی مژی.

مَرَثَ به الأرضَ: بەزەوی کێشا ◊ بەزەوی دادا.

مَرِثَ علی الخِصام مرثاً: پشوو درێژبوو بۆ کێشەو ململانێ لەگەڵ ناحەزانی دا.

مَرْثَهُ: بەمانا (مَرَثَهُ)دێ.

مَرَّثَ الماءَ: ئاوەکەی پیس کرد ◊ میکرۆباوی کرد.

المِرْثَ: پشو درێژو بەصەبرو بار قورس بۆ کێشەو ململانێ لەگەڵ رکابەرەکەی دا ◊ (ك: مَمَارث).

المُرَثَّةُ (أرض مرثة): زەوییەکە بارانێکی کەمی لێ باری.

مَرَجَ اللهبُ مروجاً: بڵێسەکە بەرز بۆوە.

مَرَجَ الخاتَمُ في الیدِ: هەنگوستیلەکە لەپەنجەدا شل بوو.

مَرَجَ الشَّیْئَ مرجاً: شتەکەی تێکەڵو کرد ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿مَرَجَ الْبَحْرَیْنِ یَلْتَقِیَانِ﴾ ◊ هەروا دەگوترێ: (لایزال فلان یمرج علینا مروجاً): هەمیشە فڵانکەس بەشێوەی لەناکاوو گوزو گوممەت دێ بۆلامان.

مَرَجَ لسانَهُ في أعراض الناس: پاشملە بەخراپە باسی خەڵکی کرد.

مَرَجَ الدابَّةَ: ولاخەکەی بەرەڵڵاکرد بۆئەوەی بلەوەڕێ.

مَرَجَ السلطانُ رعیَّتَهُ: پاشا خەڵکەکەی لەخراپەکاریو فەسادو گەندەڵی نەگێڕایەوە.

مَرَجَ الکذبَ: کەوتە درۆکردن ◊ (فهو مَرَّاج) ◊ یان دەگوترێ: (سَراج مرّاج): زۆر درۆزن.

مَرَجَ أمْرَهُ: ئیشی خۆی فەوتاند شێواندی.

مَرِجُ الناسُ مَرَجاً: خەڵکەکە تێکەڵاو بوون دەشگوترێ: (مَرِجَ الأمْرُ مرجاً ومُروجاً): ئیشەکە تێکەڵو پێکەڵ بوون ◊ (فهو مارج ومریج).

مَرِجَ الدینُ او العهدُ: ئایینەکە شێوا وادەو بەڵێن تێك چوونو خەڵك پەیڕەویان ناکا.

امْرَجَ الشیئَ: شتەکەی تێکەڵو پێکەڵ کرد ◊ دەگوترێ: (أمْرَجَ البحرین): دوو دەریاکەی تێکەڵ بەیەك کردن.

أمْرَجَ لسانه في اعراض الناس: غەیبەتی خەڵکی کردو دەمی خستە ناموسو کەسایەتی خەڵکانی تەرەوە.

أمْرَجَ الدابَةَ: ولاخەکەی بەرەڵای ناو لەوەرگا کرد.

أمْرَجَ فلان عهده: فلانکەس پابەندی پەیمانی خۆی نەبوو.

المارج: بلێسەی ئاگر کە بەرزدەبێتەوە ◦ یان ئەو بلێسە ئاگرەی کەلەگەڵ دوکەڵ تێکەڵە ◦ دەشگوترێ: (رجل مارِج) پیاوی ڕەوانەکراو کەلەهیچ لەمبەڕو سەیتەرە دا مەنع نەکرێ.

المَرْجُ: زەوی پانو پڕ گژوگیا بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ.

المَرَجُ: گەندەڵی ◦ فیتنەو ئاشوب ◦ تەنگژەو چورتم ◦ حوشترێک بێ شوان بلەوەڕێ ◦ دەگوترێ: (بعیر وابل مَرَجٌ).

المَرْجان: ڕەگەزی حەیواناتی دەریاییە، لەپێڕی (المرجانیات)ە پەیکەرو کلسی هەیە بەباشترین بەردی گرانبەها دەژمێردرێ، مادەی مەرجان لەدەریای سوردا زۆرە ◦ جۆرێکە لەماسی کەبەڕو پۆلەکانی سوورن ◦ ڕەوکێکی بەهارییە بەئەندازەی نیو مەترێک بەرز دەبێتەوە ◦ لقو پۆپی سوورن، گەڵاکەی پانو نەرمو ئاوارە ◦ ئەگەر ئاژەڵ بیخوا شیری زۆر دەبێ.

المریج: (أمر مریج): کارێکی چەواشەکارو پشێویيە، قورئان دەفەرموێ: ﴿فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَّرِيجٍ﴾ ◦ (سهم مریج): تیری خوارو خێچ ◦ (غضن مریج): لقەداری خوارو چەماوە ◦ نێسقانۆکەی نێوان دووشاخ.

المِرْاجُ: کەسێک ئیشەکانی ڕێکو پێک نەبن ◦ کارەکانی باش ئەنجام نەدا.

مَرِحَ فلان مَرَحاً: فلانکەس زۆر کەیفخۆش بوو زەوق نیشاتی زۆر بوو ◦ لارو لەنجەی کرد ◦ (فهو مَرِحٌ).

مَرِحَت الأرض بالنبات: زەوی ڕوەکی ڕواند.

مَرِحَ الزرعُ: کشتوکاڵەکە گوڵی کرد.

مَرِحَ السَّحابُ: هەور بارانی باراند.

مَرِحَتْ عینه مرحاً ومرحاناً: چاوی خراپ بوو شێوا، ئاوی کرد، زۆری فرمێسک دابارانەدن ◦ دەگوترێ: (وهي عين مِمْراح): چاوێکی شێواوو نەخۆشە ◦ دەشگوترێ: (مَرِحَت عینه بمائها وقذاها): چاوەکە ئاوی ڕشتو ڕیپۆڤی دەردا ◦ کەم بینا بوو ◦ هەروا دەگوترێ: (لا تَمْرَحْ بعرضك): ناموسو شەرەفی خۆت مەخەرە ژێر تانەو تەشەر.

أمْرَحَ فلاناً: فلانکەسی هەڵنا بۆکەیف خۆشی.

أَمْرَحَ الكَلأُ الفرسَ: لەوەڕو ئالفەکە گەشەو نیشاتی بەولاخە بەرزەکە بەخشی.

مَرَّحَ المُهْرَ: جوانوەکەی ڕاهێناو ژێربارى کرد.

مَرَّحَ الجِلدَ: پێستەکەی هەنو، چەورى کرد.

مَرَّحَ القريةَ الجديدةَ: کوندە تازەکەی پرکرد لەئاو تاکونە دورمانەکانى پربینەوەو بگرێنو ئاویان لێ نەچێ.

مَرَّحَ البُرَّ: گەنمەکەی پاك کرد بەردو گڵو پڵو پوشى لێ جیاکردەوە.

المِرَاحَ: کەیفخۆشى و تەپڕەماخى.

التَّمْراحَة: کەسێك زۆر بەنیشات بێ ٥ گورج و چوست بێ ٥ دەگوترێ: (هو تِلْعابة وتِمْراحة).

المَرَحُ: ئەوپەڕى کەیفخۆشى و نیشات ٥ بەخۆنازین و لارو لەنجەکەر ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا﴾.

مَرْحَى: وشەیەکە سەرسوڕمان دەگەیەنێ ٥ واتە دەست خۆش ئافەرین.

المِرْحَةُ: کەندوە مێوژ، عەنبارە مێوژو شتى وا.

المَرُوحُ: خاوەن نیشات و تەپڕەماغ ٥ مەیی و شەراب ٥ لەم ڕوەوە کەئەوکەسەى دەیخواتەوە تەپڕەماغ دەبێ گەشەو نەشە دەیگرێ (قاموس مروح): کەوانێکە تیرەکانى باش ئاڕاستە دەکا.

المِمْراحُ: خاوەن نیشات و تەپڕەماغ ٥ چاوێك زۆر فرمێسك بڕێژێ ٥ زەویەکە زوو گیاو گژى پێ بگەیەنێ.

مَرْحَبَ فلاناً: مەرحەبای لەفلانکەس کرد پێى گوت مەرحەبا.

مَرْحَبَهُ الله: خودا خستیە خۆشییەوە.

مَرَخَ جَسَدَهُ مَرْخاً: لەشى خۆى بەڕۆن و شتى وا هەنوو ٥ (فهو مارخ).

مَرِخ العَرْفَجُ: درەختى عەرفەج گەڵاکەى جوان بوو قەدى بەرز بۆوە ٥ (فهو مَرِخٌ).

أَمْرَخَ العَجِينَ: ئاوى زۆر کردە هەویرەکە تا بەتەواوى شل بوو.

مَرَّخَ جَسَدَهُ: زۆرى جەستە هەنو ٥ زۆرى چەور کرد.

تَمَرَّخَ بالمروخ: بەچەورى و شتى وا جەستەى هەنوو.

الأَمْرَخ: (ثور أَمْرَخ): گایەکە پەڵەى سپى و سورى بەجەستەوە هەن.

المَرْخُ: درەختى (العِضاة) زوو گڕدەگرێ و ئاگرى پێ دەکرێتەوە

لەپەندی پێشینان دا هاتووە دەڵێ: (في كل شجر نار واستمجد المرخ والعَفَارُ).

المَرِخُ: درەختێك رۆنو بۆنی زۆر بێ ◊ درەختی نەرمو شلك.

المِـرِّيخُ: ئەستێرەی مەریخ؛ یەکێکە لەئەستێرە گەڕۆکەکانی کۆمەڵەی خۆرییە ◊ بەفارسی پێی دەگوترێ: (بەهرام) ◊ تیرێکی درێژی دوسەرە ◊ گورگ ◊ ناوی خودایەکی ئەفسانەیە بەخودای شەڕ ناسراوە.

المَرُوخُ: هەرشتێك جەستەی پێ چەور بکرێ.

المَريخُ: شاخ ◊ (ك: أمْرِخَةٌ).

إمْرَخَدَّ الشَّيْئُ: شتەکە شل بۆوە.

مَـرَهَ الإنسانُ: مرۆڤەکە توغیانی کردو لەسنور تێپەڕی ◊ یاخی بوو.

مَـرَهَ علـى الـشَّيْئِ: بەشتەکە ڕاهاتو وەگری بوو ◊ خۆی پێوەگرت.

مَـرَهَ الـشَّيْئَ: شتەکەی نەرم کردەوە، مشتو مالّی کرد.

مَرَهَ الصَّبِيُّ ثديَ أمـه: منداڵەکە مەمکی دایکی مژی.

مَـرَهَ فلاناً: ناموسی فلانکەسی لەکەدار کرد.

مَـرَهَ الدابـةَ: بەخێرایی و تونـدو تیژی ولاخەکەی لێ خوڕی.

مَـرَهَ المـلاحُ الـسفينة: کەشتییەوانەکە بەسەوڵەکە کەشتییەکەی لێخوڕی ◊ بەلەمەوان بەسەوڵ بەلەمەکەی پاڵ پێوە نا.

مَرِهَ الغُلامُ مَرَداً ومروداً ومرودةً: گەنجەکە سمێڵی هاتن ◊ کاتی ئەوەی هات ڕیشی بڕوێ وەلێ موی لێ نەهاتن، کۆسە بوو ◊ (فهو أمْرَدُ).

مَرِهَ الغُصنُ: لقەدرەختەکە گەڵای پێوە نەبوو روت بوو ◊ دەشگوترێ: (شجرة مرداء): درەختی روتو بێ گەڵا.

مَرِهَ فلان: فلانکەس بەردەوام بوو لەسەر خواردنی خۆراکی پێکهاتە لەشیرو خورما ◊ یان خواردنی خورمای لەئاو کراو ◊ خورمای لەشیر هەڵکێشراو.

مَرَّدَ الشَّيْئَ: شتەکەی نەرم کردەوە ◊ مشتو مالّی کرد ◊ لوسو پوسی کرد.

مَرَّدَ البناءَ: باڵەخانەکەی ڕێکخستو لەبغو کاشی کرد ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿قَالَ إِنَّهُ صَرْحٌ مُمَرَّدٌ مِّن قَوَارِيرَ﴾.

مَـرَّدَ الغُـصْنَ: لقەدرەختەکەی گەڵا گوش کرد گەڵاکەی ڕنی.

مَرَّدَ للحَمَام تمريداً: شوێنی هێلکەکردنی بۆ کۆترەکە دروست کرد.

تَمَـرَّدَ الغـلامُ: کورە گەنجەکە سمێڵی ڕوان بەڵام ڕیشی نەهاتو کۆسە بوو.

تَمَرَّدَ على الشَّيْئ: بەشتەکە راهات و خوی پێوە گرت.

تَمَرَّدَ على القوم: لەخەڵکەکە یاخی بوو.

تَمَرَّدَ على الشَّرّ: یاخی بوو بوغرا بوو.

التِّمْرادُ: هێلانەیەکی بچوکە بۆ کۆتر دروست دەکرێ بۆئەوەی هێلکەی تێدا بکا ◊ ئەگەر بەڕیك و پێکی و چین لەسەر چین دروست کراو پێی دەگوترێ: (التّماريد).

المارِدُ: ملهوڕ ◊ عیملاق ◊ کەسێك بەکەیف خۆشی بێ و بچێ ◊ بەرزو بڵند ◊ دەگوترێ: (بناء مارد).

المَرادُ: مل، گەردن.

المَرْداءُ: زەوی سوتەمەڕۆو خاڵی لەڕوەك و درەخت ◊ لمبەڵانێك کەهیچی لێ نەڕوێ.

المَرْدُ: میوەی درەختی ئیراك بەتازەیی ◊ یان پێگەیشتویی.

المَرَدُ: تێگوشاو.

المُرْدِيّ: سەوڵە؛ دارێکی درێژە بەلەمەوان بەهۆیەوە پاڵ بەبەلەمەکەیەوە دەنێ ◊ (ك: مرادیّ).

المُرادُ: بەمانا (المَرَادُ)دێ ◊ (ك: مَراريد).

المِرّيد: تونڕەوو سەر ڕەق.

المَرُودُ: ئەوکەسەی دێو دەچێ بەشێوەی تەپڕەماخییەوە.

المَريدُ: بەمانا (المِرّيدُ): دێ ◊ پیس و ڕەوشت ناشیرین و یاخی بوو شەڕانی ◊ (ك: مَرداء) ◊ هەروا ناوە بۆ هەر شتێك بەهەڵگڵۆفتن و شێلان نەرم ببێ ◊ خورما بکرێتە ناوشیرەوە تا بەتەواوی نەرم دەبێ ◊ ماستاو.

المَرْدَقوش: ڕوەکێکی کشتوکاڵی عەترییە، دەرمانی لێدروست دەکرێ پێشی دەگوترێ (السَّمْسَقُ).

مَرْدَلَ فلان: فلانکەس کردەوەکانی ڕێك و پێك ناکا، ئیشەکانی بە ناکاملّی جێ دێڵێ.

مَرَّ الأمْرُ أو فلان مرّاً ومروراً ومَمَرّاً: کارەکە ڕوداوەکە یان فلان هاتو ڕۆیی ◊ بەسەریدا تێپەڕی.

مَرَّ البعيرَ: حەبڵو شتەکانی لەحوشترەکە شەتەك دان.

مَرَّ القِرْبَةَ ونحوها: کوندەکانی پڕکردن لەناو.

مَرَّ الشَّيْئُ: شتەکە بەتەواوی تاڵ بوو (فهو مرير).

مُرَّ بفلان مَرّاً ومِرّاً: سفراو یان بەڵغەم بەسەر فلانکەس دا غاڵب بوو ◊ (فهو ممرور).

أمَرَّ الشَّيْئُ: شتەکە تاڵ بوو ◊ دەگوترێ: (قد أمَرَّ هذا الطعامُ في

فمي): ئەم خواردنەم لەدەم دا تاڵ بوو (ما أمرّ فلان وما أحلى): فلانکەس نەتاڵ نەشیرین هیچی نەگوت ٥ (فلان ما يُمِرُّ وما يحلي): فلانکەس نەزیان نەسود هیچی لێ چاوە ڕوان ناکرێ.

أمَرَّ البُرُّ: گەنمەکە مرۆڕی تێدا پەیدا بوو مرۆڕاوی بوو.

أمَرَّ الشَّيْئَ: شتەکەی تاڵ کرد ٥ یان شتەکەی والێکرد بگونجێ ٥ (أمَرَّ يدَه على الشَّيْئ): دەستی بەشتەکەدا هێنا.

أمَرَّ الحَبْلَ: حەبلەکەی گشت بادا ٥ دەشگوترێ: (أمَرَّ الأمْرَ): کارەکەی قایم کرد، بنەوانی شێلا.

أمَرَّ فلاناً: لەملی فلانکەسی دا بۆئەوەی بیخا.

مَارَّ الرجلَ مِراراً ومُمارَّةً: پێپیلکەی هێنایە پیاوەکە پاشقۆڵی لێگرت بۆئەوەی بیخا، بەزەوی دا بدا ٥ (إمرأةٌ مُمَارَّةٌ): ژنەکەی بەگوێی ناکاو فێڵی لێ دەکا.

مَرَّرَ الشَّيْئَ: شتەکەی راخستو پانی کردەوە بەسەر زەوی دا ٥ شتەکەی تاڵ کرد ٥ وای لێکرد بگونجێ و بەکاری بێ.

إمْتَرَّ عَلَيْهِ: بەسەریدا تێپەڕی.

إسْتَمَرَّ الشَّيْئُ أو الرجلُ: شتەکە یان پیاوەکە یەک ڕێبازی پەیڕەو کرد ٥ دەگوترێ: (هذه عادة مستمرة): ئەمە داب و نەریتێکی بەردەوام و نەگۆڕە ٥ دەشگوترێ: (اسْتَمَرَّ فلان): فلانکەس دوای گەندەڵی نیش و کارەکانی ساز بوونەوە.

استَمَرَّ بالشَّيْئِ: توانای بەسەر شتەکەدا شکا ٥ دەگوترێ: (هو بعيد المُسْتَمَرّ): ئەو بەتواناو دەسەڵاتە بۆ دژایەتی بەربەرەکانی ٥ دەشگوترێ: (استَمَرَّ مريره): عەزم و ورەی بەرز بوو.

إسْتَمَرَّ الشَّيْئَ: شتەکە تاڵ بوو.

الأمَرُّ: دەگوترێ: (فلان أمَرُّ عقداً من فلان): فلانکەس لەفلان بەوەفاترو ورە بەرز تره ٥ (وهي مُرّى) ٥ هەروا وشەی (الأمَرُّ): ناوە بۆ ریخۆڵەی پیسایی.

الأمَرّان: هەژاری و پیری ٥ پیری و نەخۆشی ٥ دەشگوترێ: (لقي منه الأمرين): لەوەوە توشی دوو بەڵای گەورە بوو.

المارورا: دانەوێڵەیەکی ڕەشە تێکەڵ بەگەنم و جۆ دەبێ بەکوردی پێی دەگوترێ: (مرۆر) ئەگەر لەگەڵ گەنم و شتی وا بهاڕدرێ ناردەکە تاڵ دەکا ٥ هەروا ناوە بۆ کچۆڵەی تازە

پێگەیشتوی نەرمو شل.

المَـرارُ: ڕوەکێـکی کێویـیـە لـەپێڕی (الفصيلة المركبة)یە پێشی دەگوترێ: (المُرَيْرُ).

المِرَارُ: حەبل.

المـرارة: زراو ٥ کێـسێکی نووسـاو بەجگەرەوەیـە سـفرای تێـدا خـەزن دەبێو یارمەتیدەرە بۆ هـەزمکردنی چەوری.

المَرُّ: حەبل ٥ خاکەنازو بێڵ ٥ یان کلکە خاکـەنازو کلکـە بـێڵ ٥ هـەروا دەگوترێ: (جئته مَرّاً أو مرّين): هاتم بۆلای جارێـك یان دووجار.

المُـرُّ: پێـچەوانەی شـیرینییە ٥ جـۆرە صـمغو جەوییەکـە لـەدرەخت دێتـە دەرەوە وەکـــوو بنێـــشتە تـــاڵ، دەرمانێـــکی باشـــە بـــۆ کۆکـــە، بۆکەسێـك دوپشك پێوەی دابێ، هەر وا بـۆ قەڵاچـۆکردنی کرمـی نـاو ریخۆڵـە باشـترین دەرمانـە.المُـرّة: جارێـك ٥ (لقيتـه مَـرَّةً وذات مَـرّةٍ) ٥ هەروا دەگوترێ: (لقيته ذات المِرار): زۆرجار تشی بووم.

المِرَّةُ: عەقڵ، یـان زۆر عـاقڵی ٥ عـەقڵو ژیـری ٥ هێـزو توانـا ٥ قورئـان دەفـەرموێ: ﴿ذُو مِـرَّةٍ فَاسْـتَوَى﴾ ٥ هەروا ناوە بۆ گشت بادانی حـەبڵو شتی وا ٥ بەڵغەمو شتی وا.

المُـرَّةُ: تـاڵ، پێـچەوانەی شـیرین ٥ (أبـو مُرَّة): نازناوی شەیتانە.

المُرِّيُّ: جۆرە پێخۆرێکە.

المَريـرُ: زەوی سـوتەمەڕۆو روتـەنو بـێ ڕوەکو درەخـت ٥ حـەبلی تونـد بـادراو (زۆر بـادراو) ٥ عەزیمـەتو سـوور بـون لەسـەر شـت ٥ (رجـل مرير): پیاوی بەهێزو خاوەن عەزمو وڕە ٥ (أمرّ مَرير): کاری تونـدو تۆڵ.

المُرَيْـراءُ: بـەمانا (المـارور)دێ واتـە دانەوێڵەی مرۆر.

المـيرَةُ: توانـاو هێـزی حـەبل ٥ عیزەتـی نەفسو نەفسی بـەرزی عەزیمـەتو سووربوون لەسـەر شت ٥ دەگوترێ: (امتمرت مريرته على كذا): سـوور بـــوو لەســـەر ئـــەو کـــارەو وڕەی دانەبەزی.

مَرَزَ جِلْدَهُ مَـرْزاً: نەقورچکی بەنەسپایی لەپێـــستی گـــرت ٥ بـــە قـــەراخی پەنجەکانی نەقورچکی لـێ گـرت نـەك بەنینۆکی.

مَـرَزَ الرجـلَ: ڕەخنـەی لەپیاوەکـە گـرت ٥ بەدەست لەپیاوەکەی دا.

مَـــرَزَ الـــصَّبِيُّ ثـــدي امـــه: منداڵەکـە بەپەنجـەکانی گـۆی مـەمکی دایکـی هـەڵگۆفت لـەکاتی شـیر خـواردنی دا.

مَرَزَ الشَّيْئَ: شتەکەی بڕی دوولەتی کرد.
مَرَزَ الشرابَ: تامی شەرابەکەی کرد ◊ چەشی کرد.
إمْتَرَزَ من ماله مِرزاً: دەستی گەیشتە مالەکەی توانی سودی لێ ببینێ.
إمْتَرَزَ شريكَهُ: مالّو سامانەکەی لەشەریکەکەی جیاکردەوە.
المَرْزُ: بەنداو ◊ (ك: مروز).
المَرْزَةُ: پارچەی شت.
المَرْزَتان: ئەو دو تۆقلەی لەژور نەرمایی گوێچکەوەیە ◊ دەگوترێ: (أذن مليحة الشحمتين والمرزتين).
المَرْزُبان: سەرهەنگ ◊ سەرۆك ◊ (ك: مرازبة)یە.
مَرَسَ حَبْلَ البكرةَ: حەبلی خولخلۆکەکە کەوتە لایەکیەوە.
مَرَسَ التَّمْرُ في الماء: خورماکەی لەناو ئاودا هەڵپشێوت بۆنەوەی بتوێنەوە ◊ دەگوترێ: (مَرَسَ الدواءَ والخُبْزَ في الماء): دەرمان یان نانەکەی کردە ئاوئاو.
مَرَسَ الصَّبِيُّ إصْبَعَهُ: منداڵەکە پەنجەی خۆی مژی.
مَرَسَ يده بالمنديل: دەستی بەدەستە سڕمکە سڕیەوە.
مَرِسَ فلان مَرَساً: فلانکەس توندو تۆڵ بوو لەچارەسەری کێشەکان.
أمْرَسَ حبلَ البكرةَ: حەبلی خولخلۆکەکەی خستەوە شوێنی تایبەتی خۆی.
مارَسَ الشَّيْئَ مِراساً ومُمارسةً: چارەسەری شتەکەی کرد ◊ بەرامبەری کردو بەگژی دا چووە ◊ دەگوترێ: (مارس قِرْنَهُ) ◊ (ومارس الأمورَ والأعمال).
إمْتَرَسَ الخطباءُ: وتارخوێنەکان زۆر درێژەیان بەوتاردا ◊ دەشگوترێ: (امترست الألسن في الخصومات): لەکێشەو نیزاع دا دەمیان تێك ژەنیو کەوتنە قسە بەیەك گوتن.
إمْتَرَسَ بالشَّيْئِ: دەستی وەردایە شتەکە.
تمارَسَ القومُ في الحرب: خەڵکەکە لەشەڕدا لێکیان دا.
تَمَرَّسَ بالشَّيْئِ: خۆی لەشتەکە خشاند ◊ لێی ڕاهاتو فێری بوو.
تَمَرَّسَ بالطيب: بۆنی خۆشی لەخۆی دا.
تَمَرَّسَ بدينه: گاڵتەی بەئایینی خۆی کرد.
تَمَرَّسَ بالخصومات: بەکێشەو نیزاع ڕاهاتو خوی پیانەوە گرت.
تَمَرَّسَ البعيرُ بالشجرة: حوشترمکە جار دواجار لەگەڵای درەختەکەی خوارد.
الأمْرَسُ: (وجه أمرس): دەمو چاوی بێ خێرو بێر.

مـــارِسُ: لەئەفسانەی کـۆن دا نـاوی خوداوەنـدی حەربـە، واتـە: نـاوی (مـرّیخ)ە ○ هـەروا نـاوە بـۆ سـێیەم مانگی ساڵی رۆمی، پێشی دەگوترێ نازار واتە مانگی نەورۆز.

المارســـتان: خەســـتەخانە، شـــوێنی چاکبوونەوەی نەخۆش.

المِـراسُ: دەگـوترێ: (فـلان ذو مِـراس): فلانکـەس خـاوەن صـەبرو خـۆگرو بەهیمەتە.

المَرَاسَةُ: هێزو توانا.

المَـرَاسُ: خـاوەن هێـزو توانـاو نـیش لەدەست هاتو.

المَرْسُ: رۆیشتنی بەردەوام.

المَـرِسُ: تێـکەڵاتوو قـاڵبو لەشـەڕو جـەنگ دا ○ دەشـگوترێ: (هـم علـی مـرس واحـد): ئـەوان لەسـەریەك تەبیاتن.

المَرَسَةُ: حەبل ○ (ك: مَرَسٌ وأمْراسٌ).

المَـرِسُ: تێـگوشاو ○ خورمـای لـەناودا تواوە.

المُمَارَسَـــةُ: مامەڵـــەکردنو کـــرێنو فرۆشتن بەبێ مەزاد.

مَرَشَ الماءُ مَرْشاً: ئاوەکە ڕەوان بوو جاری بوو.

مَرَشَ الشَّيْئَ أو الجِلْدَ: شتەکەی لەدەست دەرهێنا.

الأمْرَشُ: مرۆڤێك میوەی زۆر هەبێ.

المُرَاشَةُ: دەگوترێ: (لـي عنـده مراشـة): مافێکی کەمم لایەتی.

المَرْشُ: زەوییەك باران ڕوەکەی روشاند بـێ ○ بـەلافاو نـاو لەخۆنـەگرێ ○ بناری کێوو پێدەشت ○ چاڵێك ئاوی لەبەر بڕواو هێدی هێدی بەزەوی دا بلاوبێتەوە.

المَرْشاءُ: حـەیوانی زێنـە خـرۆ ○ زەوی گیاوو گژاوی.

مَرِضَ الثَّدْيَ مَرْضاً: بەپەنجە گۆی مەمکی هەڵگلۆفت.

مَرِضَ فلان: فلانکەس پێشکەوت.

تَمَـرَّضَ القِـشرُ عَـنْ الـشعیر: توێـکڵو سۆیەکە لەجۆیەکە جیابۆوە.

مَـــرِضَ مَرَضَـــاً: نـــەخۆش کـــەوت ○ تەندروستی تێکچو.

أمْرَضَ فـلان: فلانکـەس بـوو بـەخاوەن نەخۆشی.

أمْـــرَضَ القـــومُ: خەڵکەکـــە وڵاخو ئاژەڵەکانیان نەخۆش بوون.

أمْـرَضَ فـلان: فلانکـەس ڕای راسـتی دەربڕی.

أمْـرَضَ فلانـاً: فلانکەسـی بەنەخۆشـی بینـی یـان نەخۆشـی خـست ○ دەگوترێ: (امرض الله فلاناً): خـودا فلانکەسی نەخۆش خست.

مارَضْتُ رأي فيك: دەربارەی تۆ فێڵم لەخۆم کرد.

مَرَّضَ في الأمر: لەکارەکەدا کەمتەر خەم بوو بەباشی ئەنجامی نەدا.

مَرَّضَ في حاجتي: بەتەمبەڵی و نابەدڵی بۆ ئیشەکەم هەڵسوڕا.

مَرَّضَ في كلامه: قسەکەی دوبارە کردەوە قسەکەی بەبێ بناغە لەقەڵەم دا.

مَرَّضَ المريضَ: بەباشی نەخۆشەکەی دەرمان کرد.

مَرَّضَ البُرَّ: گەنمەکەی بڵاو کردەوە ◊ پرژاندی.

تمارَضَ: خۆی بەنەخۆش لەقەڵەم دا.

تمارض في أمره: لەکارەکەی دا لاواز بوو کەمتەرخەم بوو.

التمريض: خزمەتکردنی نەخۆش و دابینکردنی ◊ پێویستیەکانی بەگوێرەی رێنومایی پزیشك ◊ پیشەی سستەریی.

المُراضُ: نەخۆشییەکە توشی میوەدەبێ و خراپی دەکا ◊ دەیفەوتێنێ.

المَرْضُ: شك و گومان.

المَرَضُ: نەخۆشی، هەردیاردەیەك شتی زیندو لەسنووری ساغ و سەلامەتی لابەرێ ◊ یان نەهێڵێ حەق و راستی ببیسێ.

المَريضُ: کەسێك نەخۆشی پێوەبێ یان کەمئەندامی و لادان لەحەقی پێوە دیاربێ ◊ دەگوترێ: (قلب مريض): ئایین سست ◊ ئایین لاواز ◊ (رأی مريض): ڕای لاواز ◊ رای هەڵەو ناڕاست ◊ (ريح مريضة): ڕەشەبای گەرم ◊ یان کزەبا ◊ بای بێ هێز ◊ (ليلة مريضة): شەوی بێ روناکی ◊ (أرض مريضة): وڵاتێك جێگای دانیشتوانەکەی تێدا نەبێەوە ◊ یان وڵاتێك جێگای دانیشتوانەکەی تێدا نەبێتەوە ◊ یان وڵاتێکی بێ یاساو پڕ ناشوبو تەنگو چەڵەمەبێ ◊ (شمس مريضة): خۆر نەگەر بەڕونی دەرنەکەوێ، بەهەورو تەمو مژ داپۆشرابێ.

المِراض: نەخۆش.

المُمَرِّضُ: کەسێك کاروباری نەخۆش بەڕێوەبەرێ و پێداویستیان بۆدابین بکا بەگوێرەی رێنومایی پزیشك.

المَمْرُوضُ: نەخۆش.

مَرَطَ الرجلُ مَرَطاً ومُرُطاً: پیاوەکە پەلەی کرد.

مَرَطَتْ بِهِ أُمُّهُ مَرْطاً: دایکی ئەوی بەوەلەد هێناوە.

مَرَطَ الشَّعْرَ أو الريش أو الصوفَ عَنْ الجسد:

مویان پەڕو پۆڵ یان کوڵك و خوری لەجەستەی هەڵکەندن.

مَرَطَ فلاناً: ئەزیەتی فلانکەسی داوە.

مَرَّطَ الشَّیْئَ: شتەکەی کۆکردەوە ◊ دەگوترێ: (فلان یَمَرِّطُ مایجده): فلانکەس چی دەست بکەوێ کۆی دەکاتەوە.

مَرِطَ فلان مَرَطاً: فلانکەس موی جەستەی تەنك بوو.

مَرِطَ الریشُ عَنْ السهم: پەرەکە لەتیرەکە بووەوە.

اَمْرَطَ الشَّعْرُ: قژەکە کاتی ئەوەی هات هەڵوەرێ.

اَمْرَطَ النخلة: دارخورماکە خورما نەگەیشتووەکانی هەڵوەراندن (فهي مُمْرِط) ◊ دەشگوترێ: (امْرَطَت النَاقَةُ): حوشترەکە بەنەکاملێ بێچوەکەی فڕێ داو توکی لێنەهاتبو.

مارَطَهُ مُمَارَطَةً: توکی هەڵکەندن، موەکانی کنەکردن.

مَرَّطَ الشَّعْرَ: بۆ زێدە رۆیی لەمانای (مَرَطَ)دێ.

مَرَّطَ الثَّوْبَ: قۆڵو فەقیانەی کراسەکەی کورت کردن.

اِمْتَرَطَ الشَّیْئَ من یده: شتەکەی لەدەست فڕاند ◊ لێی دزی.

اِنْمَرَطَ الشَّعْرُ وامْرَطَ: قژی هەڵوەرین.

تَمَرَّطَ الشَّعْرُ: قژی هەڵوەرین ◊ دەگوترێ: (تَمرطت لحیته): موی ریشی هەڵوەرین.

تَمَرَّطَ الذِئْبُ: گورگەکە توکی هەڵدا ◊ توکی هەڵوەری.

المُراطَةُ: ئەو موو کوڵکەیە کەلەجەستە هەڵدەوەرێ بەهۆی شانەکردن یان هەڵکەندن.

المِرْطُ: پۆشاکێکە لەناوریشم یان خوری یان کەتان ئافرەت سەرو ملی خۆی پێ دادەپۆشێ.

المَرْطاءُ: درەختی مەرمەطاء کە گەڵای پێوە نەبێ.

المُرَیْطاءُ: نێوان ناوك و موسڵدان.

المُرَیْطاوَان: دوو ڕەگن لەنەرمایی گەدەدان.

المَرَیطی: ئاڵو؛ دووپارچە گۆشتی خڕن دەکەونە نەملاو نەولای قوڕگەوە.

مَرْطَلَ المطرُ فلاناً: باران فلانکەسی تەڕکرد.

مَرْطَلَ العملَ: درێژەی بەئیشەکەدا.

مَرْطَلَ فلاناً بالطین وغیره: فلانکەسی قوڕاوی کرد ◊ قوڕی تێهەڵسو ◊ دەشگوترێ: (مَرْطَلَ ثوبَهُ ومرطل عِرْضَه): پۆشاکەکەی قوڕاوی کرد ◊ ناموسی لەکەدار کرد.

مَرَعَ رأسَهُ بالدهن: سەری داهێناو بەشانەی کرد.

مَرِعَ المكانُ والوادي: شوێنەکە یان شیوەکە گیاو گژی زۆر بوو، بەپیتو بەرەکەت بوو.

مَرِعَ فلان: فلانکەس کەوتە هەرزانییەوە ژیانی خۆش بوو.

مَرَعَ مَراعةً: نازو نیعمەتی بۆدەستە بەر بوو.

أمْرَعَ المكانُ والوادي: بەمانا (مَرِعَ)دێ.

أمْرَعَ القومُ: خەڵکەکە توشی زەوی بەپیتو بەرەکەتو ژیانی خۆش و هەرزانی بوو.

أمْرَعَتِ الأرضُ: زەوییەکە مەڕو مالاتی ناوی تێربان خوارد چونکە لەوەڕی باش و زۆری تێدایە.

أمْرَعَ رأسَهُ بدهن: زۆری رۆن لەسەری دا.

تَمَرَّعَ: پەلەی کرد ◊ هەوڵی پەیداکردنی لەوەڕی دا.

الأمْرُوعَةُ: (أرض امروعة): زەوییەکی بەپیتو بەرەکەتە.

المِراعُ: بەزو پیو.

المَرْعُ: لەوەڕ ◊ (ك: أمْرُوعٌ وأمراع).

المَرِعُ: (رجل مَرِعٌ): پیاوێکە لەلەوەڕی باش دەگەڕێ بۆ ئاژەڵەکانی.

المَريعُ: زەوی پڕ گیاو گژ ◊ بارانی هەرزانی ئاوەڕ ◊ دەگوترێ: (غيث مريع): بارانێکە باش گیاو گژ دەڕوێنێ ◊ زەوییەکە والێدەکا گیاو گژی باش بڕوێنێ.

المِرْعاةُ: بەمانا (المَرِيعُ)دێ.

مرعت السائمة العُشْبَ مرعاً: ئاژەڵە بەر هەڵدراوەکان هەموو گیاوگژەکەیان خوارد ◊ دەشگوترێ: (مرع الحيوان في العُشبِ): ئاژەڵەکان لەناو لەوڕەکە دا مانەوەو تێیدا لەوەڕان.

مَرِغَ عرضَهُ مَرِغاً: پیس بوو، شتی پیسی پێوەنووسا تێکەڵی بوو ◊ (فهو أمْرَغُ وهي مَرْغاء).

مَرِغَ شعره: قژی رۆنەکە یان باش پێکەوت ◊ (فهو مَرِغٌ).

أمْرَغَ: نوستو ئاو لەهەر دوو لاشەوپلەی هاتەدەر ◊ (کەفی چاند) ◊ زۆرقسەی بێ جێو ڕێی کردن.

أمْرَغَ العجين: زۆری ئاو کردە هەویرەکەوە بەجۆرێک نەیتوانی وشکی بکاتەوە (توندی بکاتەوە).

أمْرَغَ عرضَهُ: حەیاو ناموسی خۆی برد.

مارَغَه بالتراب: لەقوڕی هەڵشێلا، لەقوڕی هەڵسوو.

مَرَّغَهُ في التراب: لەقوڕی وەردا، لەناو

قورِدا ئەمدیو ئەو دیوی کرد.

مَـرَّغَ العِـرضَ: ناموسـی بـرد، ناموسـی لەکەدار کرد.

مَـرَّغَ فلانـاً: فلانکـەس جـوان قـژی جەورکردن، بەتەواوی رۆنی لێدان.

تَمَرَّغـت الـسائمة: ئاژەلەکـە زۆر لـەناو لەومڕگادا مایەوە.

تَمَـرَّغَ الحیـوان: ئاژەلەکـە ئـاو لـەدەمی هاتە خوار.

تَمَرَّغ فلان: فلانکەس خۆی پاك ڕاگرت، نەیهێشت کەسابەتی تووشی عەیبو خـەوش ببـێ ◊ خـۆی شـشتو دەمو چـاوی ئـارایش دا ◊ لـەتاو ئـازارو ئەشکەنجە تلاوتلی کرد.

تَمَرَّغ في التراب: لەقورو لیتەدا گـەوزی، ئەمـدیوو ئـەو دیـوی کـرد ◊ دەشگوتریّ: (تَمَرَّغ في الرذائل، تَمَرَّغ في النعیم).

تَمَرَّغ في الأمر: لەکارەکەدا ڕاڕاو دوو دڵ بوو.

تَمَـرَّغ علـی فـلان: لەسـەر فلانکـەس مایـەوە ◊ لەسـەر فـلان وەسـتاو مۆڵەتی دا.

المَرَاغُ: شوێنی گـەوزینی وڵاخو ئـاژەڵ ◊ لەحەدیث دا هاتووە: (مَـراغ دوابهـا المِسْك).

المَرَاغة: بەمانا (المَرَاغ)دێ ◊ هەروا نـاوە بۆ دێڵەکەر.

المَرْغ: تفـو لیکو چڵم ◊ (المرغة): بـاغی پـڕدارو درەخـت ◊ قـژ چـەورکردنی تەواو.

المِمْرَغَةُ: ریخۆڵە کوێرە.

مَـرِقَ الـسَّهْمُ مـن الرمیـة مروقـاً: تیرەکـە بەتەوژم لەکەوان دەرچوو.

مَرَقَ من الدین: لەئایین دەرچوو.

مَرَقَ في الأرض: بەناوی دا ڕۆیشت گەشتو گوزاری کرد.

مَـــرَقَ القـــدر مَرَقـــاً: شـــۆرباوی ناومەنجەڵەکەی زۆر کرد.

مَـرَقَ الـصوف والـشَّعْرَ مـن الجلـد: خـوری مـــووی لەپێـــستەکە خۆشـــکراوەکە هەڵکەند.

مَرَقَ الصبغ من العصفر: ڕەنگـو بۆیـەی لەگوڵە زەردە دەرهێنا.

مَرَقَ فلانـاً: بـەخێرایی زەبـری کاریگـەری لەفلان دا.

مَرِقَت البیضة مرقاً: هێلکەکە پیس بوو بووە ومبەخوێنو ناو.

مَرَقـت النخلـة: بـەری دارخورماکـە هەڵوەڕی دوای ئەوەی پێگەیشت.

أمْرَقَ: شەرمگای خۆی دەرخست.

أمْرَقَت النخلـة: دارخورماکـە بەرمکـەی پێگەیی و هەڵوەری.

أمْـرَقَ الجلـد: پێـستە خۆشبوەکە کـاتی

ئەوەی هاتووە مووەکانی بڕندڕێنەوە.

أَمْرَقَ القِدرَ: بەمانا (مَرَقَ القدر)دێ.

مَرَّقَ القِدْر: بەمانا (أَمْرَقَ)دێ.

مَرَقَ الثوبَ: قوماشەکە بەمادەی عوصفور رەنگ کرد.

إِمْتَرَقَ الشَّيْئُ: شتەکە بەخێرایی و بەتەوژم قەبارەکەی بڕی، مەسافەکەی بڕی ◊ دەگوترێ: (إِمْتَرَقَ من البيت): بەخێرایی لەماڵ هاتە دەر.

إِمْتَرَقَ الولدُ من بطن أمه: زاروکەکە بەئاسانی لەسکی دایکی هاتەدەر دەشگوترێ: (إِمْتَرَقَت الحمامةُ من الكوة): کۆترەکە بەگورجی لەکونەکە هاتەدەر.

امتَرَقَ السَّيْفَ من غمده: شمشێرەکەی خێرا لەکالان دەرهێنا.

إِمَّرَقَ وانْمَرَقَ الرجلُ: پیاوەکە شەرمگای دەرکەوت.

إِنْمَرَقَ الشَّعْرُ: قژەکە بلاو بوو هەڵوەری بەهۆی نەخۆشی یان بەهۆی شتی ترەوە.

تَمَرَّقَ الثوبُ: قوماشەکە قبوڵی ڕەنگ و صوبغەکەی کرد.

المارق: لەئایین دەرچوو ◊ هەڵگەڕاوە لەئایین ◊ هەرشتێک شتێکی تر نەمدیواودیو بکاو نەنوشتێتەوە.

المَراقُ: بڕوانە مادەی (رقق).

المُراقَةُ: هەرشتێک لەشتێکی تر هەڵوەرێ ◊ ئەوەی هەڵدەکێشرێ و هەڵدەکەندرێ لەخوری و موو یان لەوەڕ.

المِرِيقُ: گیا عصفور (گوڵە زەردە).

المَرْقُ: پێست کە بۆگەن بکا توکەکەی لێ بڕندڕێتەوە ◊ خوری شیکراوەو بە شە کراو ◊ خوری مەڕە لەڕو نەخۆش ◊ پشکوتنی گوڵ ◊ دەشگوترێ: (أصابه ذلك في مَرْقِك): بەهۆی تۆوە ئەوەی توش بوو.

المِرْقُ: خوری بۆگەن.

المَرَقُ: شۆرباوی چەور (ئاو گۆشتی تێبکرێ و بکوڵێندرێ).

المَرْقَةُ: خوری لەسەرمتای رنینەوەی لەپێستەکە ◊ ئەو زێدە گۆشتەی بەپێستەوە دەمێنێتەوە دوای گوروتی جیاکردنەوەو دامالینی لەگۆشتەکە ◊ پێستی دەباغکراو.

المُرُوقُ: بڕژو چقڵ و چاڵی گوڵ.

المِمْراقُ: کەسێک خۆ لەشت هەڵقورتێنێ و لەهەموو دیزەیەک نەسکوێ بێ.

المُمْرِقُ: گۆشت کە چەوری کەمی تێدابێ.

مَرْمَرَ فلان: فلانکەس رقی هەڵسا.

مَرْمَرَ الماءَ: ئاوەکەی والێکرد بەسەر زەوی دا بڕوا.

تَمَرْمَرَ الجسمُ: جەستەی لەرزی حەجمینی لێ بڕا.

تَمَرْمَرَ فلان على أصحابه: فلانکەس بوو بە نەمیرو گەورە بەسەر هاوەڵەکانی دا.

المُرامِرُ: کەسێک خاوەنی جیسمی نەرمو نیان بێ.

المَرْمَرُ: بەردی روخام (مەرمەر) ٥ بەردێکە بۆ بیناسازی بەکاردێ بۆ جوانیو رازاندنەوە.

المَرْمَرَةُ: پارچە مەرمەر ٥ بارانی زۆر.

المَرمَريسُ: شتی لوسو رەقو پتەو ٥ (داهیة مرمریس) بەڵای گەورەو ترسناك ٥ ملدرێژ.

مَرَنَ الشَّيْئُ مرانةً ومرونةً: شتەکە لەحاڵەتی رەقیەوە گۆڕدرا بۆ حاڵەتی نەرمی ٥ دەشگوترێ: (مَرَنَ ثوبَهُ) پۆشاکەکەی نەرمو سفتو لووس بوو.

مَرَنَتْ فلان على العمل: دەستی فلانکەس لەسەر ئیشکردن راهات دەستی رەقاص بوون ٥ دەشگوترێ: (مَرَنَ وجهه على الأمر): شەرمی نەکرد بۆ کردنی کارەکە، بێ چاوو روبوو.

مَرَنَ الجلدُ مرناً: لەسەر قسەکردن راهاتو شەرمی نەکرد.

مَرَنَ من عدوه: لەترسانو لەبەر لاوازی لەبەر دوژمنەکەی هەڵات.

مَرَنَ به الأرضَ: بەزەوی دادا، بەزەوی کێشا.

مَرَنَ بعيرَهُ: لای خواروی قاچی حوشترەکەی چەورکرد بۆئەوەی نەرم ببن.

أمْرَنَ الرجلُ بالقول: پیاوەکە قسەکانی نەرم کردنو بەهێواشی دوا.

مارنت الناقةَ مارنةً ومراناً: حوشترەکە شیرەکەی وشك بوو.

مَرَّنَ الشَّيْئَ: شتەکەی نەرم کردەوە.

مَرَّنَ فلاناً على الأمر: فلانکەسی لەسەر کارەکە راهێنا ٥ دەشگوترێ: (مَرَّنَ وجْهَهُ على الخِصام): روکراوەو بێ چاوو ڕو بوو بۆ کێشە نانەوە دژایەتی یان سوالکردن ٥ هەروا دەگوترێ: (انه لَمُمَرَّن الوجه): ئەو روقایەو بێ چاوو ڕووە.

مَرَّنَ به الأرضَ: بەزەوی دادا، خستیە سەرزەوی.

تَمَرَّنَ الشَّيْئُ: شتەکە نەرمو نیان بوو.

تَمَرَّنَ على الشَّيْئ: راهێنانی لەسەر شتەکە کردو فێری بوو.

المُتَمَرِّن: راهێنەر ٥ یان (المُتَمَرَّن): راهێندراو کەسێک ماوەیەك

خەریکی فێربوونی کارێك بێ.

المُرَانُ: رمبی رەق‌و پتەو ◊ دەگوترێ: (تطاعنوا بالمُرَان): بەڕمبی پتەو شەڕیان کرد.

المَرْنُ: جەرمی نەرمکراو ◊ فەروە ◊ لاتەنیشت‌و نەملاو نەولای شت.

مَرْنا الأنف: نەملاو نەولای لوت.

المَرَنُ: ڕەگێکە لەدیوی ناوەوەی قاچی پێشەوەی حوشتر ◊ (ك: أمران) ◊ (أمران الذراع): ڕەگەکانی باسك.

المَرِنُ: ڕەوشت‌و داب‌و نەریت ◊ حاڵ‌و وەزع.

مَرِهَتْ عينُه مَرَهاً: چاوی کلی تێدا نەبوو ◊ یان چاوی توشی نەخۆشی بوو.

الأمْرَةُ: (سراب أمَرْهُ): تڕاویلکەی سپی کە هیچ خاڵی ڕەشی تێدانەبن.

المَرَهُ: نەخۆشی چاو.

المَرِهُ: (رجل مَرِهُ الفؤاد): پیاوێکی دڵ نەخۆشە.

المَرْهَاءُ من النعاجُ: مەڕو بەرانی زۆر سپی ◊ زەوی کەم داڕو ڕوەك.

المُرْهَة: سپایی کەشتی تری تێکەڵاو بێ ◊ چاڵێك ئاوی بارانی تێدا کۆبوبێتەوە.

مَرْهَمَ الجُرْحَ: مەرهەمی خستە سەر برینەکە.

المَرْهَمُ: گیراوەیەکی چەورە زۆر جۆری هەیەو بۆ زۆر برین‌و هاوسان‌و درزی جەستە بەکاردێ ◊ بەکوردی پێی دەڵێن مەڵحەم.

المَرْوُ: ڕوەکێکی بۆنخۆشە، چەند ناوێکی تریشی هەیە وەکوو (الخربنا، حبق الشيوخ) ◊ جۆرە بەردە ئەستێیەکە ئاگری لێ دەبێتەوە.

المَرْوَةُ: کێوێکە لەمەککە بەرامبەر کێوی صەفا.

مَرَى الفرسُ مَرْياً: ئەسپەکە سمکۆڵی کرد یان قاچی بەسەر زەوی راکێشا بەهۆی شکان‌و شتی واوە ◊ دەگوترێ: (مرى الفرسُ بيديه).

مَرَى الشَّيْئَ: شتەکەی دەرهێنا.

مَرَى الفَرَسَ: ئەسپەکەی تاودا بۆئەوەی بزانێ تاچەند ئازاو بەتوانایە بۆغاردان‌و هێزی ڕۆیشتنی چەندە ◊ دەشگوترێ: (مرته فمادرّ): هەوڵم دا قەناعەتی پێ بکەم بێ سود بوو.

مَرَى الريح السحابَ: بایەکە وایکرد هەورەکە باران ببارێنێ.

مَرَى فلاناً حقه: ئینکاری مافی فلانی کرد.

مَرَى فلاناً الناقة وغيرها: حوشترەکە شیری دا.

أمْرَى الدَّمَ: خوێنی دەرهێنا.

مارَاه مِراءً ومُمَارَةً: کێشەو دەمە دەمێ لەگەڵ کرد.

مـارى فلانـاً: پێـچەوانەی وێـستی فلانکەسی کرد فرتو فێڵی لەگەڵ دا ئەنجام دا.

إمْتَرَى في الشَّيْئِ: شتەکەی دەرهێنا.

إمـترت الـريحُ الـسحابَ: رەشـەبایەکە هەورەکـەی والێـکرد بـارانی لـێ بباری.

إمْتَرَى النَاقَةَ: حوشترەکەی دۆشی.

تمارى القومُ: خەڵکەکە کێشەو نیزاعیان بەرپاکرد.

تـمارى في الـشَّيْئِ: گومـانی لەشـتەکەدا هەبوو.

تَمَـرَّى بالـشَّيْئِ: خـۆی بەشـتەکە رازاندەوە.

المَارِيَـةُ: مانگـا کـە گوڵەکـەی هـەبێ ٥ هـەروا (ماريـة) نـاوی ئافرەتێـکە بـەناوی ماريـای کـچی ئەرقـەم ٥ لەپەندی پێشینان دا هاتووە دەڵێ: (خذها ولو بقرطي ماريـة): ئەوشـتە هـەڵبگرەو بیکـە بـەمانی خـۆت تەنانـەت ئەگـەر بـەجوتگوارەی ماریەش بـێ (واتـە بەهـەر نرخێـک بـێ).

المـارِيُّ: مانگـای سـپی ٥ دەرهێنـەکی لـەخوری دروسـتکراوو خەتخـەت ئـاوکێش و ئاودابەشـکەر لـەپێی دەکـرد ٥ هـەروا نـاوە بـۆ ڕاوچـی قـەتێ، ئەوکەسـەی باڵنـدەی قـەتێ راودەکا.

المَارِيَّـةُ: قـەتێی قەڵـەوو خوبـاب ٥ ئافرەتی پێست سپی.

المِرْيَةُ: کێشەو دەمـە دەمـێ ٥ دەگـوترێ: (مافيه مُرِيَة) هیچ گومانی تێدانیە.

المَرِيُّ: حوشتری شـیر زۆر ٥ ئـەو ڕەگـەی پـردەبـێو شـیری لێـدێ ٥ (ك: مرايا)یە.

المُمْرِي: راستو ڕێـك ٥ دەگوترێ: (أمـر مُمْرٍ): کاری راست.

مَـزَجَ الـشرابَ ونحـوه مَزْجـاً: شـەرابەکەی تێکەڵ کرد بەشتی تر.

مَزَجَ فلاناً على صاحبه: فلانکەسی هـەڵنا بۆ دژایەتی کردنی هاوەڵەکەی.

مَازَجَـهُ: تێـکەڵاوی کـرد ٥ شـانازی بەسەردا کرد.

مَـزَجَ الـسنبلُ: گوڵـە ڕوەکەکـە لەحاڵەتی سەوزییەوە چووە سەر حاڵەتی زەردی.

تَـمَازَجَ الـشرابُ والمـاءُ: شـەرابو نـاو تێـکەڵاو بـوون ٥ دەگوترێ: (تَمَازَجَ الزوجان تمازج الماء والصهباء).

المِزَاجُ: ئەوەی شەرابی تێکەڵ دەکرێ ٥ هـەر دووشـت تێـکەڵ بکـرێن بەهەریەکێکیان دەگوترێ: (مِـزاج)

٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا﴾ ٥ هەروا وشەی (مَزَاج) بریتییە لەئامادەباشییەکی تایبەتی جەستەیی عەقڵی، مرۆڤی رابردو سەردەمی کۆن پێیان وابوو کەحاڵەتی (مِزاج) لەوەوە پەیدادەبێ کە لەجەستەدا یەکێک لە چوار عەنصورەکان (خوێن، سفراو، مادەی ڕەش، بەڵغەم) ڕێژەکەی لەجەستە دا یاد بکا ٥ وەلێ زاناکانی سەردەمی پێشکەوتنی زانست ئێستاشی لەگەل دا بێ هەرچەندە پێیان وایە میزاجەکان لەئاکامی کارلێکو کاریگەرە جەستەییەکان پەیدا دەبن بەڵام لەژمارەی میزاجەکانو ناوەکانیان رای جیاوازیان هەیە.

المَزْجُ: (شراب مَزْجٌ): شەرابی تێکەڵ کراو بەشتی تر.

المِزْجُ: هەنگوین ٥ ئەو ئاوەی تێکەڵی شەراب دەکرێ ٥ بادامی تاڵ.

المَزّاجُ: (رجُلٌ مَزّاجٌ): پیاوێکی بەچەپو گوپو درۆزنو ڕاڕا، هیچ کاتێ لەسەر ڕەوشتێک بەردەوام نابێ.

المَزيجُ: بادامی تاڵ، شەراب کە تێکەڵ بێ لەچەند شتێک.

مَزَحَ مَزْحاً ومزاحاً: گاڵتەو سوعبەتی کرد.

أمْزَحَ الكرمَ: کەپری بۆ دارمێوەکە کرد.

مازَحَهُ مِزاحاً ومُمازحةً: گاڵتەو سوعبەتی لەگەل کرد.

مَزَّحَ السُّنْبُلُ والعِنَبُ: گوڵە دانەوێڵەکە ڕەنگی گۆڕاو پێگەیی، ترێیەکە پێگەیی.

المَزْحُ: گوڵی دانەوێڵە.

المَزْدَةُ: سەرما.

مَزَرَ اللَّبَنَ ونحوَه مزراً: شیرەکەی وردە وردە قومقوم خواردەوە.

مَزَرَ المَرَقَ ونحوه: شۆرباوەکەی خواردەوە هەڵیلوشی.

مَزَرَ فلاناً: رقی لەفلانکەس بوو.

مَزَرَ القِرْبَةَ: کونده ئاوەکەی پرکرد لەئاو.

مَزَرَ الرجلُ مزارةً: پیاوەکە دڵی پتەو بوو ٥ قسە خۆش و عەنتیکە بوو.

مَزَرَ التمرُ: خورماکە پێگەیی ٥ (فهو مزير).

الأمْزَرُ: پیاوی دڵ قیامو ورەبەرز ٥ (ك: امازير).

المِزْرُ: بیرەی دروستکراو لەزوپات ٥ نەحمەقو گێل.

المَزْرَةُ: هەڵمژین.

المازريون: بڕوانە مادەی (الماذريون).

مَزَّ الشرابَ مَزّاً: شەرابەکەی هەڵمژی.

مَزَّ الشَّيْئَ او الرجلُ مَزارةً: شتەکە یان

پیاوەکە لەغەیری خۆی باشتر بوو.

مَزَّ الشرابُ: شەرابەکە زۆر مزر بوو ◊ (فهو مُزٌّ).

مَزَّرَهُ: بەباش‌و چاکی هاتە بەرچاو.

مَزَّزَ فلاناً بذلك الأمر: بەوشتە فلانکەسی بەرزکردەوە.

تَمَزَّزَ: شەرابی مزر یان شتی مزری خواردەوە.

تَمَزَّزَ الشرابَ: شەرابەکەی هەڵمژی.

المَازَّةُ: (حِنطة مازَّةٌ): گەنمێکە هەوێرەکەی شل دەبێتەوەو نانی لێ ناکرێ.

المُزُّ: هەرخواردن‌و خواردنەوەیەك تامی مزر بێ.

المِزُّ: فەضل‌و زێدە ◊ دەگوترێ: (لهذا علی ذلك مِزٌّ).

المَزَزُ: مۆڵەت ◊ دەگوترێ: (افعله علی مزز): من بەکاڵەو خۆ ئەو کارەدەکەم.

المُزّاء: شەرابی تام خۆش.

المَزَّةُ: بەمانا (المَزّاء)دێ ◊ کەمێك قومە ئاوێك یان قومە شیرێك ◊ دەگوترێ: (مافي الإناء الامُزَّةٌ): کەمێك لەقاپەکە داماوە ◊ دەگوترێ: (مافي الإناء الا مُزَّةٌ): کەمێك لەقاپەکە داماوە.

المُزَّةُ: شەرابی مزرو خراپ.

المَزیز: شکۆمەندو گەورە، زانا کە کەس هاوشانی نەبێ.

مَزَعَ الفرسُ وغیره في عدوه مَزْعاً: ئەسپەکە بەگورجی بازی دا.

مَزَعَ القُطْنَ: بەدەست لۆکەکەی شی کردەوە.

مَزَّعَ الشَّیْئَ: شتەکەی بڵاو کردەوە ◊ دەشگوترێ: (مَزَّعَ اللحمَ والثوبَ): گۆشتەکەی هەڵخست بۆئەوەی لەبەر هەتاو وشك بێتەوە.

تَمَزَّعَ الشَّیْئَ: شتەکە بڵاو بۆوە ◊ دەشگوترێ: (فلان یَتَمَزَّعُ غیظاً): فلانکەس رقی لێ دەڕژێو کەف دەچێنێ.

تَمَزَّعَ القومُ الشَّیْئَ بینهم: خەڵکەکە لەناو خۆیان دا شتەکەیان بەش کرد.

المُزاعَةُ: هەڵومریوی شت ئەو پڕژو وردەو خڵتەو شتەی لەشتی تر دەکەوێتە خوار.

المِزاعُ: ژیشك.

المُزْعَةُ: پاشماوەی چەوری ◊ قومە ئاو ◊ دەگوترێ: (مافي الإناء مَزْعَة من الماء) ◊ (ك: مَزَعٌ).

المِزْعَة: پارچە لۆکە پارچە پەڕو پۆڵی باڵندە پارچە گۆشت.

المَزْعِيُّ: فیتنە ◊ شەورەو.

مَـزِقَ الطـائر بـسَلْحِهِ مَزْقـاً: باڵندەکـه جیقنەی بەردایەوە.

مَزَّقَ الثوبَ: قوماشەکەی درێ.

مَـزَّقَ عِـرضَ أخيـه: تانـەی لەناموسـی براکـەی دا جـوێنی پێـدا ◊ قورئـان دەفەرموێ: ﴿وَمَزَّقْنَاهُمْ كُلَّ مُمَزَّقٍ﴾ ◊ پـــەرتو بلاومـــان کـــردنو هەریەکەیانمان فڕێ دایە شوێنێك.

مازَقَـهُ: پێـشبڕکێی لەگـەڵ دا کـرد لەڕاکردنو بازدان دا.

تَمَزَّقَ: قەڵشت قەڵشت بوو.

تَمَزَّقَ القومُ: خەڵکەکە پەرتەوازە بـوون ◊ دەگوترێ: (تَمَزَّقَ جَمْعُهُم).

المَـزَاقُ: گـورجو گـۆڵ خێـرا لـە ئـیش و کاردا.

المَزقُ: (ثوب مَزِقٌ): قوماش یـان کراسـی دڕاو.

المِزْقَـةُ: بـەمانا (المِزْعَـة)دێ ◊ دەگـوترێ: (صار الثوب مِزقاً).

المَزِيقُ: بـەمانا (المِزقُ)دێ.

مَزْمَـزَهُ: هەوڵـەو گێـڕو ئەمـدیوی ئـەو دیوی کرد ◊ هێنایە پێشەوەو بردیە دواوە.

تَمَزْمَـزَ: لەقانـدی، جـوڵا، کەوتـە جـم و جوڵ.

تَمَزْمَزَ للقيام: هەوڵی دا هەڵسێ.

مَـــزَنَ مُزُونـــاً: بـــەخێرایی ڕۆیـــی بـــۆ جێبەجێـــــکردنی ئیـــــشەکەی ◊ دەشگوترێ: (مَزَنَ من العـدو): لەترسـی دوژمنەکەی هەڵات.

مَـــزَنَ فـــلان: فلانکـــەس دەمو چـاوی گەشایەوە.

مَـــزَنَ فلانـــاً: فلانکەسـی شـکۆدار کـرد، بەسەر کەسانی دیکەدا پاساوی دایـەوە ◊ بەپاشملە مەدحی کرد لـەلای خـاوەن دەسەڵاتو کاربەدەست.

مَزَنَ القِربة: کونـدە ئاوەکەی پڕکرد.

مَزَنَـهُ: بـۆ زێـدەو موبالەغـە لـەمانای (مَزَنَهُ)دێ.

تَمَزَّنَ: بەڕێی خۆی دا بەپەلە ڕۆیی.

تَمَـزَّنَ علـى أصـحابه: شـانازی بەسـەر هـاوەڵانی دا کـرد، زیـاد لەبـەڕەی خۆی قاچی ڕاکێشا.

المازِنُ: گەرای میـروو.

المُزْن: هەور کـەبارانی پێوەبـێ ◊ (حَـبُّ المُزن): تەرزە.

المُزْنَةُ: تاوە باران ◊ (ابن مُزْنَة): مانگ کە جارجـار لـەناو هـەور دەردەچـێو دەبینـدرێ، دەگـوترێ: (طلـع ابـن مزنة).

مَزا مزواً ومزياً: لوتبەرزی نواند.

أمْزاه عَلَيْهِ: زێـدە ڕێـزی بەسـەر ئـەودا هەبوو.

مَـزّاه: بەباشـی زانـی و تـەفـضیلی دا ◊

دەگوترێ: (مزيت مَتَاعَهُ حتى نَفَقْتُه متاعه).

تَمازَى القومُ: خەڵکەکە خۆیان بەگەورەو ڕێزدار دانا.

تَمَزّى عليهم: پێی وابوو زێدە فەزڵی هەیە بەسەر ئەوان دا.

المازي: بەمانا (الجَبَارُ)دێ.

المازية: زێدە ◊ دەگوترێ: (له عَلَيْهِ مازية).

المُتَمازي: دەگوترێ: (قعد عني متمازياً): دژم ومستاو پێچەوانەی داب و نەریت لەگەڵم دانیشت.

المَزْوُ والمَزْيُ: تەواو ◊ لەهەموو شتێك دا تەواوو کامڵ.

المَزِيّ: بەمانا (المَزْوُ)دێ ◊ زەریف و قسە خۆش.

المَزِيّةُ: لەهەموو شتێك دا بەمانا (المَزْوُ)دی ◊ زێدە فەضڵ و ڕێزداری کەلەکەسانی دیکە جوداوازی هەبێ ◊ خواردنی تایبەت کە بۆپیاو دروست دەکرێ ◊ (ك: مزايا).

مَسَا فلان مَسْناً ومَسوءً: فلان شتی ناشیرین و نەشیاوی ئەنجام دا ◊ راست و درۆی تێکەڵ کرد.

مَسَا على الشَّيْئ: فێڵی لەپیاوەکە کرد ◊ دەشگوترێ: (مَسَاهُ بالقول): بەقسە کابرای نەرم کردەوە.

مَسَا القِدْرَ: مەنجەڵەکە یان کوڵینەکە هێواش بووە.

مَسَأَ حَقَّهُ: درەنگ مافەکەی بۆ گەڕاندەوە.

مَسَا الطريق: ناو قەدی ڕێگای گرتەبەر.

أمْسَأَ بين القوم: فەسادو گەندەڵی خستە نێو خەڵکەوە.

المَسْءَ: ناوەڕاستی ڕێگا.

مَسَحَ في الأرض مسوحاً: بەناو زەوی دا ڕۆیشت.

مَسَحَ الشَّيْئَ المتلطخ أو المُبْتَلّ مسحاً: دەستی بەسەر شتەکەدا هێنا بۆئەوەی چرچ و لۆچ و شوێنەواری تەپەکەی بەسەرەوە نەمێنێ.

مَسَحَ على الشَّيْئ بالماء او بالدهن: دەستی تەڕی بەسەر شتەکەدا هێنا ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ﴾.

مَسَحَ يده على رأس اليتيم: بەزەیی بەهەتیوەکەدا هات.

مَسَحَ فلاناً بالقول: بەقسەی نەرم لەگەڵ فلانکەس دا دوا بۆئەوەی لەخشتەی بەرێ.

مَسَحَ القومَ: بەسەر خەڵکەکەدا ڕۆیی و لایان نەمایەوە.

مَسَحَ الحجرَ الأسودَ: دەستی بەبەردە ڕەشەکەی کەعبەدا هێنا بۆ تەبەروك.

مَسَحَ شَعْرَهُ: موی قژی بەشانەکرد.

مَسَحَ فلاناً بالسيف: فلانکەسی بەشمشێر بڕی ◊ (فهو ماسِح).

مَسَحَ القومَ قَتْلاً: زەبری لەخەڵکەکە داو کەڵاکی لێ خستن، سەری پەڕاند، ملی پەڕاند.

مَسَحَ الإبلَ: حوشترمکەی ماندو کرد کزو لاوازی کرد ◊ دەشگوترێ: (مسحت الإبلُ الأرضَ يومها دَأباً): حوشترمکە بەخێرایی بەناو زەوی دا ڕۆیشتو هەدادانی نەبوو.

مَسَحَ المَسَاحُ الأرضَ مَسْحاً: ڕوپێومکە بەمەترو زیراع زەوییەکەی ڕوپێو کرد.

مَسِحَ فلان مَسَحاً: فلانکەس ڕەفیسکی چوزایەوە بەهۆی زبری پۆشاکەکەی ◊ دیوی ناوەوەی ڕانەکانی لێك خشانو درزو شوێنکەیان تێدا پەیدا بوو.

مَسِحَت المرأةُ: نافرەتەکە سمت پوچ بوو سمتی لاواز بون ◊ مەمکی بچوك بون ◊ بەرمقاچی تەخت بونو پاژنە پێی دیارنەبون ◊ (فهي مَسْحَاءُ، وهو أمسح).

مَاسَحَهُ: بەنەرمی لەگەڵی دوا بۆئەوەی لەخشتەی بەرێو هەڵیخەڵەتێنێ ◊ دەگوترێ: (غَضِبَ فلان فما مَسَحَهُ حتى لان): فلانکەس رقی هەڵسا، نەویش بەقسەی خۆش هێواشی کردەوە.

مَاسَحَهُ: لێی خۆش بوو، پەیمانی پێدا.

مَسَّحَ الشَّيْئَ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (مَسَحَ)دێ.

مَسَّحَ فلاناً: قسەی نەرمی لەگەڵ فلانکەس کرد بۆئەوەی فێڵی لێ بکا هەڵیخەڵەتێنێ.

مَسَّحَ الإبلَ: بەمانا (مَسَحَها)دێ.

إمْتَسَحَ السَّيْفَ من غمده: شمشێرەکەی لەکالان دەرکێشا.

إنْمَسَحَ وإمَّسَحَ الشَّيْئُ: شتەکە نەوی لەسەری بوو ڕامالدرا، ڕادرا.

تَمَاسَحَ الرجلان: دووپیاوەکە دۆستایەتییان بەست ◊ یان مامەڵەی کڕینو فرۆشتنیان کرد ◊ یان دەستیان خستە ناو دەستی یەکترەوە ◊ دەگوترێ: (إلتقوا فتماسَحُوا): نەو کۆمەڵەبەیەك گەیشتنو دەستیان خستە ناو دەستی یەکترەوە.

تَمَسَّحَ بالماء ومنه: بەناو خۆی ششت.

تَمَسَّحَ للصلاة: بۆ نوێژ دەستنوێژی گرت.

تَمَسَّحَ بالأرض: تەیەمومی کرد ◊ لەحەدیثی پێغەمبەردا هاتووە: (تَمَسَّحوا بالأرض فإنها بكم برة): دەشگوترێ: (فلان يَتَمَسَّحُ به لفضله وعبادته): فلانکەس نەوەندە پیاوی چاکە کەسانی دیکە خۆی لێ نزیك

دەکەنەوە بەخودا پەرستی حسێب
دەکەن ◊ دەشگوترێ: (فلان يَتَمَسَّحُ): فلانکەس هیچی نییە.

الأمسح: کەسێک بەرپڕەوی خۆی دا بڕوا ◊ کوێر ◊ گورگ ◊ زەوی دەشت ◊ (ك: أماسِح وهي مسحاء).

الأمسوح: هەردارێکی درێژ لەدروستکردنی کەشتی دا چەسپێندرابێ ◊ (ك: أماسيح).

التِمْسَاحُ: گیانلەبەرێکی وشکاومکی خشۆکە، درندەو کەتەیە، درێژییەکەی پێنج مەترێک دەبێ لەڕوباری نیلی میصرو هەندێ روباری ولاتی تردا هەیە ◊ هەروا ناوە بۆ پیاوی زێنە خرۆو ڕەوشت ناشیرین ◊ (ك: تماسح وتماسيح) ◊ (دموع التماسيح): کینایەیە لەدوڕویی و فرتو فێڵ چونکە تیمساح کەبیەوێ پەلاماری نێچیری بدا فرمێسکی دێن.

التَّمْسَحُ: بەمانا (التِمسَاح) دێ ◊ (ك: تماسح وتماسيح) ◊ هەروا وشەی (التَّمْسَحُ) ناوە بۆ مرۆڤی قسە نەرمو خۆش و فێڵاوی کەبیەوێ بەقسەی خۆش بەرامبەرمکەی لەخشتە بەرێ ◊ زەوی تەخت کە وردە بەردی تێدابن و بێ گیاو درەخت بێ.

المِساحة: زانیاری روپێوی زەوی.

المِسْحُ: پۆشاك کەلەمو دروستکرابێ ◊ پۆشاکی رەبەن و خەڵوە نشین ◊ شەقامە ڕێ.

المَسْحاءُ: زەوی دەشتو پان کە بەردەوردەی هەبن ◊ ئافرەت کەقاچی قاپەرمقەی دیارنەبن ◊ بان مەمکی بەرز نەبوبنەوە ◊ (ك: مِساح ومَسَاحي ومَسَاحٍ).

المُسْحَةُ: دەگوترێ: (عَلَيْهِ مُسْحَة من جمال أو به مُسْحة من هزال او عَلَيْهِ): کەمێک لەجوانی یان لە لاوازیی پێوەیە ◊ دەگوترێ: (مَنَّ الله عليك بالمَسْحة وأذاقَكَ حلاوة الصحة).

المَسَّاحة: خەتکوژێنەوە.

المِسِّيحُ: کەسێک زۆر گەشتو گوزار بکا.

المَسِيحُ: نازناوی حەزرەتی عیسای کوڕی مەریەمە ◊ هەروا بەمانا (المسرح)دێ کەبریتییە لەوکەسەی بەڕۆنی هەندێ روەك و شتی وا دەیهەنون بەنیازی نەوەی ببێتە پێغەمبەر یان مەلیك ئەمە دابو نەرێتی هەندێ لەفەلەو نەصرانیەکانە ◊ (رجل مسيح الوجه): پیاوێکە لایەکی روخساری

چاوو بڕۆی نییە، هیچ دیاردەی چاوو بڕۆی پێوە دیارنییە ٥ (ك: مَسَحَاء ومَسْحَى)یە ٥ عارەق کەلەدەمو چاو دەسڕدرێ ٥ دەسەسڕی عارەق سڕین لەسەر دەمو چاو.

المَسِيحَةُ: لکی مێزەر ٥ یان مووی سەر کە لەشوێنی ئاسایی خۆی بێتە خوارو بەدەرمانو داڕوو شتی وا چارنەکرێ ٥ هەروا ناوە بۆ لاجانگ نێوان نەرمایی گوێو بڕۆ بەرەو سەرو تادەگاتە خوار تەپڵە سەر ٥ پارچە زیو ٥ دیرهەمی زیو ٥ کەوانی چاك ٥ (ك: مَسَائح).

المَسِيحيّ: کەسێك یا شتێك پاڵ بدرێ بۆلای حەزرەتی مەسیح.

المِمْسَحُ: زەوی دەشتو پان کە بەردی وردی تێدابنو گیاو گژی لێ نەڕوێ.

المِمْسَحَةُ: پەڕۆیەکە تەختە ڕشەەو مێزو کاشیو شتی وای پێ دەسڕدرێ.

المَمْسوحُ: مرۆڤێك چاوو بڕۆی نەبن، دیارنەبن ٥ دەشگوترێ: (رجل ممسوح الأليتين): پیاوێکە سمتی گەورە نەبنو بەئێسقانەوە نووسابن ٥ گۆشتیان پێوە نەبێ.

مَسَخَهُ مَسْخاً: شێوەی گۆڕی ٥ دەشگوترێ: (مَسَخَهُ اللهُ قرداً): خودا کردی بە مەیمون ٥ (فهو مِسْخٌ).

مَسَخَ كذا: خودا تامی شتەکەی نەهێشت.

مَسَخَ الطعامُ ونحوه مساخَةً: خواردنەکە شیرینایی نەما، یان هەرتامی نەبوو ٥ دەشگوترێ: (مَسُخت الفاكهة ومَسُخَ اللحمُ).

أمْسَخَ الوَرَمُ: هاوساوییەکە نەما پوکایەوە.

إمْتَسَخَ السَّيْفَ: شمشێرەکەی راکێشا.

إمَّسَخَت العَضُدُ: قۆڵەکە گۆشتی پێوەنەما گۆشتی کەم بوو.

المَسيخُ: لاوازو ئەحمەق ٥ روخسار شێواوو نەکڵەوەتو ناشیرن ٥ دەگوترێ: (رجل مَسِيخٌ): پیاوی ناشیرینو جەستە ناقۆڵا ٥ هەروا وشەی (المَسيخُ) بەخۆراکێك دەگوترێ: بێ تامو خوێ بێ.

المَمْسُوخُ: (فرس مَمْسُوخٌ): ئەسپی کەفەڵ لەڕو بێگۆشت.

مَسَدَ في السير مَسْداً: کۆششی کرد لەڕۆیشتن دا.

مَسَدَ الحَبْلَ: حەبلەکەی باش بادا، زۆر گشتی بادا.

مَسَدَ البَقْلُ الحيوان: روەکەکە ئاژەڵەکەی کزو لاواز کرد.

مُسِدَ البَطنُ: گەدە شل و ڕێك و بێ بەرزو نزمی بوو.

المِسَارُ: قاپی هەنگوین خواردنەوە ٥ هەنگوین خواردن.

المَسَدُ: گوش و حەبلی دروستکراو لەتوێکڵی درەخت ٥ حەبلی باش بادراوو چاك ڕێسراو ٥ میحوەری ئاسن کە بەکرەکەی لەسەر هەڵدەسورێ.

المَسْدَاءُ: (ساق مَسْداء): قاچی جوان و ڕێك و پێك.

المَمْسُودُ: دەگوترێ: (رجل مَمْسُود): پیاوی دەمار گشت و جەستە توندو تۆڵ ٥ (إمْرأة ممسودة): ئافرەتی قەدو باڵا جوان و بەرزو بڵند.

مَسْرِی: مانگی دوانزەی ساڵی قیبطی.

مَسَّ الشَّیْئَ مَسّاً: دەستی لێدا دەستی پێداهێنا ٥ دەشگوترێ: (مَسِسْتُ الشَّیْئَ): دەستم لەشتەکەدا دەشگوترێ: (مِسْتُهُ، مَسْتُهُ).

مَسَّ الماءُ الجَسَدَ: ئاو گەیشتە جەستەی ٥ دەشگوترێ: (مَسَّهُ بالسَّوْط ومَسَّهُ الکِبَرُ والمرض): دەشگوترێ: (مَسَّ المرأةَ): لاقەی ئافرەتەکەی کرد ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ﴾ ٥ دەشگوترێ: (مَسَّهُ العذابُ وَمَسَّهُمَ البأساء والضراءُ).

مَسَّهُ الشیطانُ: شێت بوو.

مَسَّتْ به رحِمُ فلان: خزمایەتی فلانی هەبوو.

مَسَّت الحَاجَة الی کذا: پێویستی ناچاری کرد بۆ ئەو شتە.

أمَسَّ الفَرَسُ: ئەسپەکە دەست و قاچی پەڵەی سپییان تێدابوو.

أمَسَّ فلاناً الشَّیْئَ: فلانکەسی والێکرد دەست لەشتەکە بدا.

أمَسَّ فلاناً شکویً: شکایەتی لای فلانکەس کرد.

ماسَّهُ مماسَّةً مِساساً: دەستی لێ دا ٥ بەجەستەی کەوت.

تَمَاسَّ الجرمان: دوو قەبارەکە لێکیان دا.

تماسَّ الزوجان: ژن و مێردەکە جوتبون.

مَسَاس: دەستی لێ بدە ٥ (لا مِسَاسِ): توخنی مەکەوە.

المَسُّ: شێتی ٥ چارەسەرییەکە بەداخکردنی جەستە بەکاوییە ئەنجام دەدرێ ٥ دەگوترێ: (رأیتُ له مَسّاً لي مالە): دیاردەیەکی باشم لەماڵ و سامانەکەی دا دی.

المَسُوسُ من الماء: ئەو ئاوەی دەست بیگاتی ٥ ئەوەی ئارەزوو دابمرکێنێ ٥ ئاوێك ئەسوێربێ نە شیرین ٥ دەشگوترێ: (کلأ مَسُوس):

لەورەیێکی بەسودە بۆ ئاژەڵ.

مَسِيسُ الحاجة: خاوەن پێداویستی.

مَسَطَ السَّقاءَ مَسْطاً: چی لە قاپو مەنجەڵەکەدا هەبوو لەماستو شتی وا بەپەنجەی دەری هێنا.

مَسَطَ الثوبُ: قوماشەکەی تەڕکرد دوایی رایتەکاند بۆ نەوەی چی ئاوی تێدایە لێبێتە خوار.

مَسَطَ فلاناً: بەقەمچی لەفلانکەسی دا.

المَاسِطُ: ئاوی سوێر کە گەدە ڕەوان بکا ٥ ڕۆمکێکی هاوینەیە کە حوشتر بیخوا سکی پێ دەچێو چی لەگەدەی دایە دێتەدەر.

المَسِيط: قوڕ ٥ ئاوی لێڵ لەبنکی حەوزدا دەمێنێتەوە.

المَسِيطَةُ: ئاوی لێڵ ٥ بیر کە ئاوی شیرین بێو ئاوی بیری سوێری بۆ بچێو لەکەڵکی بخا ٥ ئاوی نێوان حەوزو بیر کەجاری دەبێو بۆگەن دەکا ٥ شیوێك ئاوی کەمی پێدا بڕوا.

المُسْطَرِين: بڕوانە مادەی (سَطَرَ).

المِسْعُ: بای شەمال.

المَسْعِيُّ من الرجال: پیاوێك زۆر ڕۆینده بێو ئازابێ بۆ ڕۆیشتن.

مَسَكَ بالشيئ: شتەکەی بەدەست گرت کۆنترۆڵی کرد ٥ خۆی پێدا هەڵواسی.

مسك بالنار: چاڵی بۆ ئاگرەکە هەڵکەندو ئەمجار بەخۆڵ دایپۆشی.

مَسَكَ الثوبَ: قوماشەکەی بەمیسك بۆنخۆش کرد.

مَسَكَ السَّقاءُ مساكةً: کوپەکە، کوندەکە ئاوی زۆر گرت.

أمْسَكَ بالشيئ: بەمانا (مَسَكَ)دێ.

امْسَكَ عَنْ الطعام: لەخواردن مانی گرت.

امْسَكَ عَنْ الإنفاق: رۆدی کرد لەبەخشین دا.

أمْسَكَ الشَّيْئَ بيده: دەستی بە سەرشتەکە دا گرت.

أمْسَكَ الله الغيثَ: خودا بارانی گرتەوە نەیبارانـد.

مَسَّكَ بالشيئ: بەمانا (مَسَكَ)دێ.

مَسَّكَ فلاناً: عەرەبونی دا بەفلانکەس.

مَسَّكَ بالنار: بەئاگر داخی کرد.

إمْتَسَكَ بالشَّيْئ: بەمانا (مَسَكَ)دی.

إمْتَسَكَ فلان بالبلد: فلانکەس لەوڵاتەکەدا نیشتە جێ بوو.

تَمَاسَكَ بالشَّيْئ: بەمانا (مَسَكَ)دێ ٥ دەشگوترێ: (ما تماسَكَ ان قال كذا): خۆی پێ داگیر نەکرا ئەوەی گوت ٥ یان دەگوترێ: (غَشِيَنِي امر مُقلِقٌ فتماسكت): کارێکی ناخۆشم وەبەرهات خۆم ڕاگرتو توانیم

كۆنترۆڵی خۆم بكەم.

تَمَسَّكَ بالشَّيْئِ: بەمانا (مَسَك)دێ.

تَمَسَّكَ بالطيب: بەبۆنی خۆش خۆی بۆنخۆش كرد.

استمسك البولُ: میزەكە نەهاتەدەرو حەوق بوو.

اسْتَمْسَكَ بالشَّيْئِ: بەتوندی دەستی بەشتەكە گرت.

اسْتَمْسَكَ عَنْ الأمر: لەكارەكە وەستاو ئەنجامی نەدا.

اسْتَمْسَكَ الرجل على الراحلة: پیاوەكە خۆی لەسەر وڵاخەكە گرتو نەگلا.

الإمْساك: رژدی‌و بەخیلی ◊ دەگوترێ: (بفلان امساك): فلانكەس رژدو چروكە.

الإمساك في الصوم: وازهێنان لەخواردنو خواردنەوەو شتی تر لەبەرمبەیانەوە تا خۆر ئاوابوون ◊ گیران‌و قەبزبوون‌و وشكبوونەوەی خۆراكی خوراو لەریخۆلەدا، پێچەوانەی سكچون‌و ڕەوانی.

التَّماسُكُ: پێكەوەنووسان یەكدی گرتنی مادەكان بەیەكەوە.

التّماسك الإجتماعي: پێكەوە لكانی تاكەكانی كۆمەڵ.

المَاسِكَةُ: تویكڵێكە بەسەر دەمو چاوی منداڵەوە.

المَسَاكُ: ئەو شوێنەی ئاو بگرێتەوە ئاوی تێدا بمێنێتەوە ◊ دەشگوترێ: (مافیه مِساك): خێرو بێری لێ چاوەڕوان ناكرێ.

المَسَاكة: رژدی‌و چروكی.

المَسيكُ: بەخیل‌و رژد ◊ (سقاء مسيك): كوندەو كوپەو گۆزەیەكە زۆر ئاو دەگرێ.

المِسْك: پێست ◊ پارچەیەك پێست دەشگوترێ: (هم في مسوك الثعالب): ئەوانە ترسنۆكن.

المَسَك: چینی زەوی ◊ بازنەو خرخاڵ ◊ كەلەشاخی ئاژەڵ‌و عاج دروست كراون.

المُسْكُ: عەقڵی زۆر ◊ عاقڵمەندی تەواو ◊ هەر خواردن‌و خواردنەوەیەك جەستە رابگرێ.

المِسْك: میسك كەلەجۆرە مامزێك دەردەهێندرێ.

مِسْك البَرّ: ڕومكێكی بۆنخۆشە.

المَسْكانُ: عەرمبون ◊ (ك: مساكين).

المُسْكَةُ: هەرشتێك پشتی پێ ببەسترێ ◊ هەرشتێك ببێتە هۆكاری ڕاوەستانی جەستەو گەشەكردنی ◊ عەقڵ‌و ئاوەزو ڕای پەسەند ◊ دەگوترێ: (رجل ذو مُسْكة): پیاوێكی خاوەن عەقڵ‌و ڕای

پەسەندە ◊ هەروا وشەی (مُسْكة): بەبیرێك دەگوترێ: گلەکەی پتەو بێ پێویست بەومنەکا هەڵبچندرێ ◊ شوێنەوارو پاشماوە.

المَسَكَةُ: نازاو چاونەترس ◊ دەگوترێ: (فلان حَسَكة مَسَكة).

المُسَكَةُ: رژدو چروك ◊ کەسێك کەدەستی بەسەر شتێك دا گرت لە چنگی دەرنەیە ◊ پاڵەوانو زۆرانبازی باش.

المِسَيك: رژدو چروك ◊ دەگوترێ: (سقاء مِسَيِّكٌ): قاپێکە کوندەیەکە بەناخۆشی ئاوی لێدەردەهێندرێ.

المَسيكة: (أرض مسيكة): زەویيەکە ئاو وشك نابێتەوە تێیدا بەهۆی تووندیو پتەوی خاکەکەی.

مَسَلَ الماءَ مَسْلاً: ئاوەکە جاری بوو.

امْتَسَلَ السيفَ: شمشێرەکەی لەکالان دەرکێشا.

المَسَالَةُ: دەمو چاوی درێژ کە جوان بێ.

المَسيلُ: رێڕەوی ئاو ◊ (ك: أمْسِلة ومَسُلٌ): لقەدار خورمای تەڕ.

مَسَنَ فلان مَسْناً: فلانکەس شیعری دڵداری بێ ئەدەبی گوت ◊ دڵداریو فیشاڵی نواند.

مَسَنَ فلاناً: لەفلانکەسی دا تاکەوتە سەرزەوی.

مَسَنَ الشَّيْئَ من الشَّيْئ: شتەکەی لەشتەکە دەرهێنا.

المَيْسون: کوڕی گەنجی قۆزو قەدو باڵا جوان.

مَسا فلان مساً: فلانکەس وادەی کردنی کارێکی داو دوایی کەمتەر خەمی تێداکرد.

مَسا النّاقَة: پێچومکەی بەمردویی لەسکی حوشترەکە دەرهێنا.

امسى القوم: خەڵکەکە کەوتنە کاتی ئێوارە.

امْسَى فلاناً: بەشتێك یارمەتی فلانکەسی دا.

ماساه مُمَاساةً: گاڵتەی پێکرد.

مَسَّ فلان: فلانکەس وادەی کردنی شتێکی داو دوایی کەمتەر خەمی لێ کرد.

مَسّى فلاناً: بەفلانکەسی گوت چۆن ئێوارەت تێپەڕاند یان ئێوارە باشی لەفلانکەس کرد.

إمْتَسَى ما عند فلان: چی لای فلان بوو هەمووی برد.

الأمْسِيَةُ: ئێوارە تا کاتی نیوە شەو ◊ دەگوترێ: (أتيتُهُ أمْسية امس).

المَسَاءُ: ئێوارە پێچەوانەی بەیانی ◊ بریتییە لەماوەی پاش نیوەڕۆ تا نیوە شەو ◊ ناوەڕاستی ڕێگا ◊

دەگوترێ: (رکب فلان مَسَاء الطریق): فلانکەس بەناوەڕاستی ڕێگادا ڕۆیی.

مَسَى فلان مَسْياً: فلانکەس ڕەوشتی ناشیرین بوو ◊ وای لێهاتووە گوێ لەئامۆژگاریی ناگرێ‌و بەقسەی کەس ناکا.

مَسى الشَّيْءَ: بەدەستی شتەکەی مەسح کرد دەستی بەشتەکەدا هێنا ◊ دەگوترێ: (مَسَى الضرعَ): دەستی بەگوانەکەدا هێنا بۆنەوەی شیری لێبێتە دەر.

مَسَى السَّيْرَ: بەهێدی ڕۆیی.

مَسَى الخَرُّ الماشية: گەرما ئازەڵەکانی کزو لاواز کرد.

مَسَى السيفُ: شمشێرەکەی لەکالان دەرکێشا.؟

إمْتَسَى: تینووی بوو.

تماسى الشَّيْءُ: شتەکە پچڕا، کەرتو لەت بوو.

تَمَسَّى: بەمانا (تماسى)دێ.

التَّماسِيَ: بەڵاو کارەسات.

الماسى: کەسێک گوی لەئامۆژگاری کەس نەگرێ.

مَشَجَ الشَّيْءُ مَشْجاً: شتەکەی تێکەڵ کرد ◊ دەگوترێ: (مَشَجَ بينهما): شتەکانی تێکەڵاو کردن.

المَشِجُ والمَشِيجُ: هەردو شتێک تێکەڵاو بکرێن (دوو ڕەنگ تێکەڵاو بەبن) ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿إِنَّا خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ﴾.

الأمشاج: ئەو چڵکو پیسییەی لەسەر ناوک کۆدەبێتەوە ◊ لەبواری ژیانداری دا وشەی (الأمشاج): ناوەبۆ خانەی تۆماوی پیاوو خانەی هێلکۆکەی مێینە پێش بەیەک گەیشتنیان‌و پێکەوە نوسان‌و تێکەڵاو بونیان.

أمْشَحَت السماءُ: ناسمان ساو بوو، هەوری پێومنەما.

أمْشَحَتْ السَّنَةُ: ساڵەکە وشکەساڵی بوو، گرانی بوو.

مَشَرَ الشَّيْءَ مَشْراً: شتەکەی دەرخست.

مَشَرَ فلاناً: دای بەفلان، پێی بەخشی.

مَشِرَ فلان: فلانکەس خراپو بەدڕەوشت بوو.

مَشَرَ الشَّجَرُ: درەختەکە چڕوی کرد پۆخی کرد.

أمْشَرَ فلان: فلانکەس بازی پانی هاویشتن هەنگاوی پانی هەڵێنان ◊ فلانکەس فش بوو، هەڵاوسا.

أمْشَرَ الشجرُ: بەمانا (مَشِرَ)دێ.

أمْشَرَت الأرضَ: زەویەکە ڕومکی لێ ڕوا، ڕومکی ڕواند.

مَشَّرَ الشَجَرُ: بەمانا (مَشِرَ)دێ.

مَشَّرَ فلاناً: بەخششی دابەفلاّن، شتی پێدا.

مَشَّرَ الشَّيْئَ: شتەکەی دابەشکرد، بلاّوی کردەوە.

إمْتَشَرَ الراعي بِمِحَجَنِهِ من ورق الشجر: شوانەکە بەگۆچانەکەی گەلاّی بۆ ئاژەلّەکانی داهێنا، لێی نزیک کردنەوە.

تَمَشَّرَ فلان: فلاّنکەس بێ ئاتاج بوو ٥ یان دیاردەی دەوڵەمەندی لەسەر دیار کەوت.

تَمَشَّرَ لأهله: کاسبی بۆ خاوو خێزانی کرد ٥ پۆشاکی بۆ خێزانی کڕی.

تَمَشَّرَ الشَجَرُ: درەختەکە پۆخی کرد چرۆی کرد.

تَمَشَّرَ الشَجَرُ: درەختەکە سەوز بوو.

تَمَشَّرَ القومُ: خەڵکەکە دوای روتو رەجاڵی پۆشاکیان پۆشی.

الأمْشَرُ: گورجو گۆڵ ٥ چوستو چالاك.

المَاشِرَةُ: (أرض ماشرة): زەویەکە بەباران تێراو بووە.

المِشْرُ من الرجال: پیاوی سورە فلەو زۆر سوور.

المَشَرُ: جنیوو قسەی ناخۆش ٥ دەگوترێ: (أذهبه مشراً): جوێنی پێدا.

المَشْرَةُ: سەرەتای دەرکەوتنی ڕووەك ٥ لەزاراوەی ڕوەکناسی دا هەرجەستەیەکی ڕوەکی کەمیحوەری مەرکەزی نەبێ ٥ هەروا ناوە بۆ ئەوگەلاّو شتەی شوان بەگۆچانەکەی بۆ ئاژەلّەکانی دایدێنێ ٥ هەروا ناوە بۆ ڕوەکی کورتە بالاّ ٥ پۆشاکی نافرەت ٥ دەشگوترێ: (إمرأة مشرة الأعضاء): نافرەتی تەڕو تازە ٥ دەشگوترێ: (عَلَيْهِ مشرة الغِنى): دیاردەی دەوڵەمەندیو لافی نازونیعمەتی پێوە دیارە.

المَشَرَةُ: (مشرة الأرض): یەکەم ڕووەك کەلەزەوی سەردەردێنێ.

مَشَّ العَظْمَ مشّاً: دوای هێنانو بردنی ئێسقانەکە لەدەمی دا نەمجار هەڵی ملیست.

مَشَّ فلاناً: دژایەتی فلاّنکەسی کرد ٥ (مَشَّ یده): دەستی خۆی بەپەڕۆی زبر سڕی بۆئەوەی چەوری پێوە نەمێنێ.

مَشَّ الناقَةَ: حوشترەکەی دۆشی.

مَشَّ مال فلان: وردە وردە مالّی فلاّنکەسی ومرگرت.

مَشَّ الشَّيْئَ في الماء: شتەکەی لەناو هەڵکێشا بۆئەوەی بتوێتەوە.

مَشِشْتِ الدابَةَ مشّاً: ولاّخەکە

لەزمنگی دا خرابیەك پەیدا بوو بەئەندازەی ئێسقان رەق نییە.

أمَشَّ العَظمُ: ئێسقانەكە شتی وای تێدا بوو هەڵمليسرێ.

مَشْشَ العَظمَ: مۆخی ئێسقانەكەی دەرهێنا.

إمْتَشَّ فلان: فلانكەس خۆی پاك كردەوە.

إمْتَشَّ العظمَ: چەوریو مۆخی ناو ئێسقانەكەی هەڵمژی.

إمْتَشَّ مافي الضرع: چی لەگوانەكەدا هەبوو هەمووی دۆشی.

إمْتَشَّ من مال فلان: لەمالی فلانكەس شتی دەستكەوت.

إمْتَشَّ الثوب: كراسەكەی داكەند.

إمْتَشَّ المرأة حُلِيَّتها: نافرەتەكە ملەوانكەكەی لەملی خۆی داكەند.

المَشاشُ: زەوی نەرمان ◊ بنەماو كانگە ◊ نەفس ◊ سروشت ◊ دەگوترێ: (فلان طيب المشاش): فلانكەس نەفسی بەرزە، رۆح سوكە، قسە خۆشە ◊ ئێسقانی بێ مۆخ ◊ خزمەتكار لەسەفەرو لەمالەوە ◊ لەبواری ژیانداری دا بریتییە لە ئێسقانی ئیسفنجی.

المُشاشَةُ: سەری ئێسقانی نەرم كەدەگونجێ بكرۆژرێ ◊ ئێسقانی شان كە بەرز بۆتەوە ◊ زەوی پتەوو رەق كە بیری لێ هەڵدەكەندرێو ئاوی دەوران دەوری تێدا كۆدەبێتەوە ◊ رێگایەك بەبەردی بچوكو گڵ رەصیف بكرێ واتە بەتێكەڵە راستەو پاستە بكرێ.

المَشَشَ: سپیاییەكە لەچاوی حوشتردا دەردەكەوێ ◊ شتێكە لەزمندی وڵاخ بەرز دەبێتەوە وەكوو ئێسقان رەق نابێ.

المِشُّ: پەنیری ناو جەرەو پێستە كەهەڵدەگیرێو دەكرێتە پێخۆری زستان

المشوشُ: دەستە سرو شتی وا كەدەستو مەچەكی پێ وشك دەكرێتەوە.

مَشَطَ الشَعْرَ مَشْطاً: قژمكەی بەشانە كرد ◊ دەگوترێ: (مَشِطَت الماشطَةُ المرأة): نافرەتە جوانكارەكە قژی نافرەتەكەی بەشانە كرد.

مَشَطَ الشَّيْئَ: شتەكەی تێكەڵاو كرد ◊ دەگوترێ: (مَشَطَ بين الماء واللبن): ماستو ناو یان شیرو ناوی تێكەڵ كرد.

مَشَطَ الأرض: زەویەكەی بەنامێری مالماڵ تەخت كرد بۆنەوەی دانەوێڵە چاندراوەكە ژێر خۆڵ بكەوێ.

مَشَطَ الدابَّة: وڵاخەكەی بەنامێری وەكوو شانە داخ كرد.

مَشِطَتْ يد فلان مَشْطاً: دەستی فلانکەس زبر بوو بەهۆی نیش پێکردن یان چقڵو چاڵی تێڕاچوو.

مَشِطَتْ الناقة: حوشترمکە بەملاو بەولای دوگەکەی دا بەزی تیلمانج تیلمانج دروست بووە.

إمْتَشَطَت المرأة: ئافرەتەکە قژی شانەکرد.

الماشِطَةُ: پیشەی جوانکاریو ئارایشتکاریی.

المُشَاطَةُ: ئەو توکو قژانەی لەکاتی شانە کردن دا هەڵدەوەرن.

المشّاطَةُ: ئافرەتی ئارایشتکارو جوانکارو رازێنەرەوە.

المِشْطُ: شانە ◊ نامێری قژداهێنان ◊ (ك: أمشاط ومشاط).

المُشْط: بەمانا (المِشْطُ)دێ ◊ نامێری تەنین نامێرێکە بۆ تەنینو چنینو تەونکردن بەکاردێ ◊ دەگوترێ: (ضَرَبَ النّاسِجُ بُمُشْطه): تەونکەرەکە یان جۆلاکە بەشانە لەبەرەو قوماشەکەی دا ◊ هەروا ناوە بۆ نامێری داخکردنی حوشتر کەلەسەر شێوەی شانەیەو داندانە ◊ بەشێک لەقاچ کەدەکەوێتە نێوان بەرەپێو قامکەکانی ◊ دەگوترێ: (إنكَسَرَ مُشطَ قدمه): یان دەگوترێ: (قاموا على أمشاط ارجلهم) هەروا وشەی (المُشْطُ) ناوە بۆ ئێسقانی شەپیلکی شان ◊ یان ئەوگۆشتەی دایپۆشیوەو بەشەپیلکە کەدا پان بۆتەوە ◊ نامێری مالّمالّ کەدوای تۆچاندن بەولاخ بەسەر زەوییەکە رادەکێشرێ بۆنەوەی دانەوێلّەکە ژێرخاک ببێو گلّ دایپۆشێ ◊ هەروا ناوە بۆ جۆرە ماسییەك لەروبار دا دەژی.

المَشْطَةُ: شێوەی قژی بەشانەکراو ◊ دەگوترێ: (فلان حسن المَشْطَة): فلانکەس سەری جوان داهێنراوەو قژی رێك و پێکن.

المَشيطُ: سەری بەشانەکراو، قژی داهێنراوو رێك خراو.

المُشَطُ: شانە ◊ (ك: مماشِط).

المَشوط: (رجل مشوط): پیاوی قەدو بالّا جوانو رێك و پێك ◊ (بعير مشوط): حوشترێ داخراو بەداخێك کەلەشێوەی شانەدایە.

مَشِطَ الرجلُ مَشْطاً: پیاوەکە دیوی ناوەوەی رانەکانی لێك دەخشێن لەکاتی رۆیشتن دا.

مَشِطَت الدابّةُ: ولاخەکە دەمارەکانی لەناو گۆشتەکەی دا دەرکەوت.

المَشَطُ: ئەو چقڵو چاڵەی لەدەست

رادەچێ ◊ پوازێکە کلکە پاچی پێ قاییم دەکرێ.

المِشْظَةُ: چەقڵ، درك.

المَشِظَةُ: (قناة مَشِظَةٌ): چەکێکە ناسنەکەی ڕەق‌و زبرە.

مَشَعَ فلان مَشْعاً ومشوعاً: کاسبی کردو ماڵ‌و سامانی پەیداکرد.

مَشَعَ مَشْعاً: بەشێوە ڕۆیشتنێکی نەرم ڕۆیی ◊ دزی کرد.

مَشَعَ الثِّثاءُ ونحوه: خەیارمکەی کرۆشت‌و دەنگی خرمەی لێهات.

مَشَعَ القِصْعَةَ: چی لەلەگەنەکەدا بوو هەمووی خوارد.

مَشَعَ فلاناً بالحبل ونحوه: بەحەبڵ‌و شتی وا لەفلانکەسی دا.

مَشَعَ القُطنَ ونحوه: لۆکەکەی بەدەست شی کردەوە.

إمْتَشَعَ الرجلُ: پیاوەکە پیسایی‌و چڵکی لەخۆی دوورخستەوە.

إمْتَشَعَ مافي الضرع: چی لە گوانەکەدا هەبوو هەمووی دۆشی.

إمْتَشَعَ مافي يد فلان: چی لەدەستی فلان داهەبوو وەری گرت.

إمْتَشَعَ ثوب صاحبه: کراسی هاوەڵەکەی دزی.

إمْتَشَعَ السيف من غمده: بەپەلە شمشێری لەکالان دەرکێشا.

تَمَشَّعَ الرجلُ: بەمانا (امْتَشَعَ)دێ.

المِشْعَةُ: پارچە لۆکەی شیکراوە.

المَشُوعُ: (رجل مشوع) پیاوێکی کاسب‌و ئیشکەرە ◊ (ذِئب مشوع): گورگی زێنە خرۆو دزەکەر.

المَشِيعَةُ: بەمانا (المِشْعَةُ)دێ.

مَشَغَ فلان مَشْغاً: بەهێدی‌و لەسەرە خۆ شتی خوارد.

مَشَغَ فلاناً سَوْطاً: قامچی لەفلانکەس دا.

مَشَغَ عِرضَ فلان: ناموسی فلانکەسی لەکەدار کرد.

المِشْغُ: قوڕە سور کە سواغی دیواری پێ دەکرێ.

مَشَقَ في الكتابة مَشْقاً: لەنووسین دا پیتەکانی بەدرێژی نوسین ◊ خێرا نووسی ◊ دەشگوترێ: (مَشَقُوا رحيلهم): خێرا کار وانەکەیان تاودا بەپەلە ڕۆیشتن.

مَشَقَت الإبلُ في سيرها: حوشترەکە لەڕۆیشتن دا خێرا بوو (مَشَقَتْ في الكلأ): لەوەڕە چاکەکەی خوارد، کام لەوەڕە خۆش بوو خواردی.

مَشَقَ فلاناً: زەبری لەفلانکەس دا ◊ بەقامچی لێی دا.

مَشَقَ الأكْلَ: پەلەی کرد لەخواردنەکەی دا.

مَشَقَ الشربُ الخَشِنُ الساقَ: قوماشە

زەبرەکە شۆینکەی لەقاچ کرد بریندار کرد، وەکوو شێوە سوتاوی لێکرد.

مَشَقَ الشیئ: شتەکەی راکێشا بۆئەوە بکشێو درێژ بێ.

مَشَقَ الوَتَرَ وغیرہ: ژێیەکەی دادڕ دادڕ کرد.

مَشَقَ الکتانَ: کەتانەکەی پاک کردەوە پڵو پۆشو گڵو بەردی لێ جیاکردەوە.

مَشِقَت الجاریة مُشقاً: نافرەتەکە کزو لاواز بوو گۆشتی کەم بوو، ئەندامەکانی جەستەی باریکو بێ وەج بوون.

مَشَقَ فلان مَشقاً: فلانکەس فەیزەن بو ئەژنۆکانی یان ڕانەکانی لێک خشان ◊ (فهو مَشِقٌ وأمْشِقٌ وهي مَشقاء أیضاً).

امْشَقَهُ: بەقامچی لێی دا.

امْشَقَ الثوبَ: قوماشەکەی بەقورە سور ڕەنگ کرد.

مَاشَقَهُ مُاشَقَةً: قیرەو هەرای لەگەڵ دا کرد ◊ رایتەکاند، کێشی کرد.

اُمْتُشِقَ الشیئ من ید غیرہ: شتەکەی لەدەستی فلانکەس دەرهێناو نەیهێشت بەخۆی بزانێ ◊ لەدەستی ڕفاند.

اِمْتَشَقَ مافي الضرع: چی لەگوانەکەدا هەبوو هەمووی دۆشی ◊ (اِمْتَشَقَ مالي یده): ئەوەی لەدەستی دابوو دەریهێنا لێی دزی ◊ (اِمْتَشَقَ السیف): شمشێری لەکالان دەرکێشا.

تماشقوا الشیئ: شتەکەیان لێک کێشایەوە، هەریەکەیان بۆلای خۆی کێش کرد.

تَمَشَّقَ عن فلان ثوبُهُ: کراسەکەی لەبەر فلان دا شڕو وڕکرد.

تَمَشَّقَ الغُصْنُ: لقەدرەختەکە روت بوو گەلای پێوە نەما.

تَمَشَّقَ الصُّبْحُ او اللیلُ: بەیانی بەسەر چوو، شەوڕابوو ◊ دەشگوترێ: (تَمَشَّقَ ثوب اللیل): پۆشاکی لاچوو بەیانی دەرکەوت دونیا ڕوناك بوو.

الأمْشَقُ: پێستی شەقار شەقار بوو.

المُشاقَةُ: وردەو پڵو پۆشو شتی وا کەلەئاکامی بەشانەکردنی قژو مو یان لەبێژنگدانی کەتان هەڵدەوەرێ.

المَشَّاقُ: قەڵەمی خۆش نووس.

المَشَقُ: قوڕە سور ◊ دەشگوترێ: (في قدّه مَشْقٌ): بالای درێژو جوانو ڕێکو پێکە ◊ نمونەی خەتی جوان کە قوتابی لەبەری دەنووسێتەوە بۆئەوەی فێری نووسین بێو خەتی خۆش ببێ.

المَشْقُ: قوڕە سور ◊ پیاوی لاوازو دالگۆشت.

المِشْقَةُ: بەمانا (المَشَاقَةُ)دێ ◊ پارچە لۆکە ◊ قوماشی رزیو.

المَشْقَةُ: شوێنکەی حەبڵو شتی وا بەقاچی ولاخەوە.

المَشيقُ: پیاوی لاوازو دالگۆشت ◊ ئەسپی ورگ بچکۆلە (قەدباریك) ◊ قوماشی زۆر لەبەرکراوو رزیو.

المَشُوقُ من الرجال او الخيل: پیاوی لاواز ئەسپی ورگ بچوك ◊ هەروا وشەی (المشوق): ناوە بۆ شیشە ئاسنی درێژو باریك ◊ دەشگوترێ: (قدَ مشوق): قەدو بالای بەرزو باریك ◊ (جارية مشوقة) ◊ کچۆلەیەکی قەدو بالا جوانو رێك‌و پێکە.

مَشَلَ لهم مشولاً: گۆشتی کەم بوو ◊ دەگوترێ: (فخذ ماشلة ومشولة): رانێکی کزو دالگۆشت.

مَشَلَ السيفَ مَشْلاً: شمشێرەکەی لەکالان دەرکێشا.

مَشَّلَتِ الناقة: حوشترەکە شیری کەمی دا.

مَشَّلَ الحالبُ: شیر دۆشەکە لەشیر دۆشین دا لەسەر خۆ بوو کەمێکی شیر لەگوانەکەدا هێشتەوە.

إمْتَشَلَ السيفَ: شمشێرەکەی لەکالان دەرکێشا.

المَشَلُ: شیری کەم.

المِشْمِشُ: کشمیش؛ دەختێکە میوەکەی بەترێو بەوشك کراوەیی دەخورێ ◊ (قمر الدين)یشی لێ دروست دەکرێ.

المشيمَةُ: بڕوانە مادەی (شَيَمَ).

مَشَنَهُ بالسوط مَشْناً: بەقامچی لێی دا ◊ دەشگوترێ: (مَشَنَهُ بالسيف): بەشمشێر لێی دا پێستەکەی لێدامالی‌و زۆری گۆشت نەبڕی.

مَشَنَ الشيئَ فلاناً: شتەکە فلانکەسی رنی روشاندی.

مَشَنَ يَدَهُ: دەستی بەشتی زبر سڕینەوە.

مَشَنَ مافي ضرع الناقة: ئەو شیرەی لەگوانی حوشترەکە دا بوو هەمووی دۆشی ◊ دەشگوترێ: (إمْتَشِنْ مامَشَنَ لك): چیت دەسکەوت بیبە.

مَشَّنَت الناقة وغيرها: حوشترەکە بەناخۆشی شیری دا.

إمْتَشَنَ الشيئَ: شتەکەی دزی ◊ رفاندی، فراندی.

إمْتَشَنَ ثوبَهُ: کراسەکەی داکەند.

إمْتَشَنَ السيفَ: شمشێرەکە دەرکێشا لەکالان.

إمْتَشَنَ الناقة: چی لەگوانی حوشترەکە دا بوو دۆشی.

تماشَنا الشيئَ: شتەکە یان لێك کێشایەوە ◊ هەریەکە یان بۆلای خۆی رایکێشا.

المَشَانُ: ئافرەتی دەمە وەری جنێو فرۆش ٥ گورگی زێنە خرۆ.

المَشْنَةُ: بڕینێك فراوان بێ بەلام قوڵ نەبێ.

المَشْنَ: کتابێکە بەزمانی عیبری نووسراوە دەبارەی شەریعەتی جولەکە.

أمْشَى الدواءُ فلاناً: دەرمانەکە سکی فلانکەسی چواند، ڕەوانی کرد.

اسْتَمْشى فلان: فلانکەس دەرمانی ڕەوانی خواردەوە ٥ سکی بەخواردنی دەرمان ڕەوان بوو.

المَشَا: گێزەر، یان ڕوەکێك لەو بچێ.

المَشاءُ والمِشْوُ والمَشُوُّ: دەرمانی ڕەوانی دەرمانێك سك بچوێنێ.

مَشى مَشْياً: ڕۆیی لەشوێنێکەوە گواستیەوە بۆ شوێنێکی تر ٥ دەشگوترێ: (مَشَى بالنميمة): فیتنەیی نایەوە.

مَشى مَشاءً: ئاژەڵی زۆر بوون دەشگوترێ: (مَشَت إبلُهُ): حوشتری زۆر بوون.

مَشَت المرأةُ: ئافرەتەکە منداڵی زۆر بوون.

أمشى فلان: فلانکەس ئاژەڵی زۆر بوون.

أمْشَى الرجلَ: پیاوەکەی والێکرد بڕوا، ڕۆیاندی.

مَشَّى: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (مَشى)دێ.

مَشّي الرجلَ: پیاوەکەی ڕۆیاند.

مَاشاءُ ماشاءً: لەگەڵی ڕۆیی.

إمْتَشَى القومُ: خەڵکەکە ئاژەڵیان زۆر بوون.

تماشى القوم: خەڵکەکە هەندێکیان چونە لای هەنێکیان.

تَمَشَّى: ڕۆیشت.

المَاشِيَةُ: ئاژەڵ (حوشترو مەڕو بزنو ڕەشە ولاخ) بەزۆری بۆ مەڕو بزن بەکاردەهێندرێ.

المُشَاءُ: پیادە پێچەوانەی سوار ٥ فیتنەگێڕ.

المُشَاءُ من الجيش: ئەو سەربازانەی پیادەڕەون.

المَشَّاءُ: زۆر ڕۆ (کەسێك زۆر بەپێ بڕوا) ٥ فیتنە.

مَصَحَ الشَيْئُ مَصْحاً ومُصُوحاً: شتەکە لاچوو، نەما، شوێنەواری نەما ٥ دەگوترێ: (مَصَحَت الدارُ ومُصِحَ الكتابُ).

مَصَحَ الثوبُ: قوماشەکە کۆن بوو ڕزی.

مَصَحَ النبات: ڕوەکەکە گوڵەکانی هەڵوەرین.

مَصَحَ الظِلُ: سێبەرەکە هەڵکشایەوە، کەمبۆوە، یان لایدا.

مَصَحَ الشَيْئُ في الأرض: بەزەوی دا ڕۆیی و چووە ناوەوە.

مَصَحَ بالشَيْئ: شتەکەی برد.

أَمْصَحَ اللهُ مابكَ: ئەوەی هەتبوو خودا بردیەوە، فەوتاندی.

المَصَاحَةُ: پێستی بێچوە ئاژەڵ بەکاوو شتی وا دەهاخندرێ لەشوێنی چۆڵ دادەنرێو دایکەکە وادەزانێ بێچوی خۆیەتی.

مَصَحَ الشَيْئَ مَصْحاً: شتەکەی داڕنی ◊ لەناو شتێکی تردەری کێشا ◊ رایتەکاند.

إمْتَصَحَ الشَيْئُ عن الشَيْئ: شتەکە لەشتەکە جیابۆوە.

إمْتَصَحَ الشَيْئ: شتەکەی بۆلای خۆی کێش کرد رایتەکاند.

إمَّصَحَ الوَلَدُ: بێچومکە، زارۆکەکە لەسکی دایکی جیابۆوە.

مَصَدَ الشَيْئَ: شتەکەی هەڵمژی.

مَصَدَ الحيوان: ئاژەڵەکەی راهێنا، ژێرباری کرد.

المَصَادُ: بانوی بەرز ◊ (ك: أمصدة) ◊ دەشگوترێ: (هو لقومه مَعْقَل ومَصَاد) ئەو بۆ خزمەکانی پەناگاو مەلجەئە.

المَصْدُ: بەمانا (المَصَادُ)دێ ◊ تەرزە.

المَصْدَةُ: تاوەبارانێک ◊ دەگوترێ: (ما أصابتنا مصدة).

مَصَرَتِ الحلوبُ مصوراً: ئاژەڵە شیردەرەکە شیری کەم بوو.

مَصَرَ الناقَةَ أو الشاةَ مَصْراً: بەسەری پەنجەکانی گوانی حوشترەکەیان مەڕەکەی دۆشی.

مَصَرَ العَطاءَ: بەخششەکەی کەم کردەوە.

مَصَرَ الفَرَسَ: ئەسپەکەی راهێناو بەتاقی کردەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئاخۆ غاردانی چۆنە.

امْصَرَتِ الحلوبَ: بەمانا (مَصَرَتْ)دێ.

مَصَّرَ عليه عطاءَهُ: کەمکەم بەخششی پێدا.

مَصَّرَ القومُ المكانَ: خەڵکەکە شوێنەکەیان کرد بەگەورەشار ◊ دەشگوترێ: (مَصَّرَ الأمصارَ): شاری بنیاتنان.

مَصَّرَت الدولةُ الشركةَ ونحوها: دەوڵەت کۆمپانیاکانی خستنە ژێر دەستی خۆیەوەو لەچنگی بێگانە دەری هێنان.

مَصَّرَ الثوبَ: بەڕەنگی کەمێک کاڵ قوماشەکەی ڕەنگ کرد.

تَمَصَّرَ المكانُ: شوێنەکە بوو بەگەورە شار.

تَمَصَّرَ الشَيْئ: شتەکە کەم بوو.

تَمَصَّرَ القوم: خەڵکەکە بەناو شارەکان دا بڵاو بوونەوە.

تَمَصَّرَ الشخصُ: کەسەکە بوو بەهاوڵاتی میصریو ڕەگەزنامەی میصری وەرگرت.

تَمَصَّرَ الشَيْئ: شوێن شتەکە کەوت.

امْتَصَرَ النَاقَةَ أو الشَاةَ: حوشترەکەی یان مەڕەکەی بەسەری پەنجە دۆشی.

الماصِرُ: نێوان‌و لەمپەری نێوان دوشت ٥ (ناقە ماصرە): حوشترێکە بەناخۆشی شیر لەگوانەکانی دێتە دەر یان کەم شیرە.

المُصَارَةُ: شوێنێک ئەسپی تێدا کۆبکرێتەوە.

المِصْرُ: ناوان‌و پەردەی نێوان دوشت ٥ سنوری نێوان دوو زەوی ٥ (ك: مصور) ٥ دەگوترێ: (اشترى الدارَ بمصورها) خانوەکەی کڕیوە بەو زوویانەی بەدەوریەوەن ٥ هەروا وشەی (مصر) بەمانا زەرف‌و گوێنی‌و حاجەت دێ ٥ گەورەشار کە باڵەخانەو دوکان‌و بازاڕی تێدا بنیات بنرێن‌و پەرستگاو مزگەوت‌و خوێندنگاو زانکۆی خەستەخانەو شتی وای تێدا بنیات بنرێن ٥ مادەیەکی سورباوە شتی پێ ڕەنگ دەکرێ.

المَصُورُ مِن الإبل أو الشاة: بەمانا (الماصِرُ)دێ.

المَصيرُ: ریخۆلە ٥ (ك: مصران ومصارين).

المُمَصَّرُ: (ثوب مُمَصَّرٌ): قوماشێکە بەڕەنگی سوری تەنک بۆیەکراو.

المُمَصَّرَةُ: سەرمتەشی.

مَصَّ القَصَبَ ونحوه مصّاً: بەهێدی‌و کەم کەم بەقەفەژاژەکە شلەمەنییەکەی هەڵمژی ٥ (مَصَّ من الدنيا): کەمێکی لەکاڵای دونیا بەرکەوت.

أمَصَّهُ الشَيْئَ: وای لێکرد شتەکە بمژێ ٥ شتەکەی پێ مژت.

أمَصَّ فلاناً: بەفلانکەسی گوت شوانە وێڵە، خوێڕی، گاوان.

امْتَصَّ الشَيْئَ: بەهێواشی‌و لەسەرەخۆ شتەکەی هەڵمژی.

تَمَصَّصَ الشَيْئَ: بەمانا (امْتَصَّهُ)دێ.

المَاصَّةُ: نەخۆشییەکە توشی منااڵ دەبێ ٥ نامێرێکە ناوی پێ هەڵدەمژرێ.

المُصَاصُ: ئەوەی لەشت هەڵدەمژرێ ٥ پوختەی شت ٥ هەڵبژاردە ٥ دەگوترێ: (فلان مَصَاصُ قومه): فلانکەس هەڵبژاردەی نەتەوەکەیەتی ٥ (رجل مَصَاصٌ): پیاوێکە جەستەو سەرو شکڵی تەواوە بەاڵم ئازانیە.

المُصَاصَةُ: نەوەی دەمژرێ لەهەرشتێک بێ ٥ دەگوترێ: (طابت مَصَاصَةُ في فمي): هەڵمژینی لەدەممدا بەلەزمت بوو ٥ (مُصَاصَة الشَيْئ): پوختەی

شت ٥ دەگوترێ: (فلان مصاصة قومه): فلانکەس هەڵبژاردەی نەتەوەکەیەتی ٥ پاشماوەی شتی هەڵمژراو.

المَصَانُ: نەو شوانە وێڵەی شیرو شتی وا بەدەم بێچوەناژەڵ دادەکا ٥ ئەگەر جوێن بەپیاوێک بدرێ شێوەیەک لەجنێو ئەوەیە پێی دەگوترێ: (یا مصان): شوانە وێڵە ٥ هەروا ناوە بۆ کەڵەشاخگر.

المُصَّانُ: قەصەبی شەکر کەلە گوشراوەکەی شەکر بەرهەم دەهێندرێ.

مصیص الثری: گڵی شێدار، لمبی تەڕ.

المَصُوصُ: (وظیف مصوص): زەندە وڵاغێکە باریکە.

المَصُوصَةُ: ئافرەتی کزو کۆڵەوار بەهۆی نەخۆشی.

مَصْطَکَ الدواء: مەستەکی کردە ناو دەرمانەکە.

المُصْطکا والمُصطکاءُ: دەختێکە لەپێڕی دار قەزوانە دەختێکە دەڕوێندرێ لەکێو لەدەم کەنارە ئاومکانی وڵاتی شامو هەندێ کێوی نزم بنێشتێکی تایبەتی لێ بەرهەم دەهێندرێ.

مَصَعَ الشَیْئَ مَصْعاً: شتەکە، ڕوێی پشتی هەڵکرد ٥ (فهو ماصِعٌ): دەگوترێ: (مصع البردُ): سەرما ڕوێی نەما ٥ (مَصَعَ ماء الحوض): ئاوی حەوزەکە وشک بوو یان کەم بوو (مَصَعَ فؤاده): لەترسا دڵی نەما.

مَصَعَ في الأرض: بەناوی زەوی دا ڕۆیی.

تَمَلَّصَ من كذا: بەمانا (إنْمَلَصَ) دێ ◊ دەگوترێ: (تَمَلَّصَ الرشاءُ من يدي) دۆڵچەکە لەدەستم کەوتەخوار.

تَمَلَّصْتُ من فلان: لەدەست فلانکەس ڕزگارم بوو.

الأمْلَصُ: (رجل أمْلَصُ الرأس) بیاوێکە سەری ئەصلەعە تووکی بەسەرەوە نیە ◊ تەڕو نەرم‌و شلك.

الإمْلِيصُ: (سير إمليص) ڕۆیشتنی خێرا.

المَلْصُ: ڕوت‌و بێ پۆشاك.

المَلِيصُ: زاروکێك دایکەکەی بەنەکامڵی لەباری بچێ.

المِمْلاصُ: ئافرەتێك عادەتی وابێ منداڵی بۆ ڕانەوەستێ.

مَلَطَ الغلامُ مَلُوطاً: منداڵەکە دز دەرچوو فێری دەست پیسی بوو.

مَلَطَ البَنّاءُ الحائط: وەستاکە بەگڵە سپی دیوارەکەی سواخ دا.

مَلَطَ شَعْرَهُ: قژی تاشین.

مَلَطَت الأُمُ وَلَدَها: دایکەکە بەنەکاملّی منداڵی بوو.

مَلِطَ فلان مَلَطاً ومُلْطَةً: فلانکەس موو بەجەستەیەوە نەبوو، بێ تۆك بوو ◊ (مَهْمٌ أملط) تیرێکە پەڕی پێوە نیە.

أمْلَطَت المرأةُ: نافرەتەکە بەنەکاملّی منداڵی بوو.

أملط الشاعر: شاعیرەکە نیوە دێڕی شیعرەکەی گوت دوای نەوەی بەرامبەرەکەی نیوەی یەکەمی ڕێك خستبوو.

أمْلَطَت الناقة جنينها: حوشترەکە بێچوی بێ توکی بوو ◊ (فهي مُمْلِط و مُمْلِطة) ◊ (ك: مَمَالِيط).

مَلَّطَ الشاعِرُ: بەمانا (أمْلَطَ) دێ.

مَلَّطَ الحائط: دیوارەکەی سواخ دا.

تَمَلَّطَ الشَّيْئُ: شتەکە نەرم و نیان و شلك بوو.

تَمَلَّطَ السَّهْمُ: تیرەکە بەڕەکانی لێ بوونەوە.

إمْتَلَطَ الشَّيْئَ: شتەکەی دزی، فڕاندی.

المِلاطُ: مَلْطَه: قوڕێکی لینجە دیواری پێ سواخ دەدرێ ◊ یان بەردەکانی لەدیواردا پێ بەیەکەو دەلکێنەرێ ◊ ئانیشك ◊ تەنیشت ◊ قەراخی دوگی حوشتر ◊ (إبن مِلاط) مانگی یەکشەوە (إبنا مِلاط) دودەستی حوشتر ◊ یان دوو شانی حوشتر.

المِلْطُ: پیاوی ڕەوشت ناشیرین و دز کەسەرچی شتێك دەستی بیگاتێ دەیدزێ و بەهی خۆی دەزانێ ◊ زۆڵ و ناکەسبەچە ◊ دەگوترێ: (غلام خلط ملطٌ) کوڕێکە باوکی نازاندرێ کێیە.

المَلَطى: جۆرە ڕاکردن و غاردانێکە ◊ دەشگوترێ: (بعته المَلَطى) بەبێ زەمان و بەرعۆدەبوون پێم فرۆشتووە (بەگۆشتی سەر چەپەر پێم فرۆشتووە) ◊ کە دوعا لەیەکێك دەکرێ دەگوترێ: (جعله الله مَلَطى) خودا بەخێری نەهێنێتەوە.

المَلِيطُ: کەسێك تووکی بەجەستەوە نەبێ ◊ زاروك لەناو سکی دایکی دا پێش ئەوەی هەستی پێ بکرێ ◊ (سهمٌ مليط) تیرێکە پەڕی پێوە نیە ◊ بێچوی بزن لەسەرتای هاتنەدەرەوەی ◊ هەروا ناوە بۆ بەرخۆلەی تازە لەدایك بوو.

المِمْلاطُ: دایکێك زاروکی لەمنداڵدان دا بۆ ڕانەوەستێ.

مَلَعَت الدابّةُ وغيرها مَلَعاً وملعاناً: وڵاخەکە زۆر بەخێرایی ڕۆیی.

مَلَعَ الشاةَ: مەڕەکەی لەلای ملیەوە کەوڵ کرد.

مَلَعَ الفصيلُ أمَّهُ: بێچوەکە شیری دایکی خوارد.

أمْلَعَت الناقة: حوشترەکە خێرا ڕۆیی.

إمْتَلَعَت الناقة وغيرها: بەمانا (أمْلَعَتْ) دێ.

إمْتَلَعَ الشاةَ: مەڕەکەی لەلای ملیەوە کەوڵ کرد.

إمْتَلَعَ الشَّيْئَ: شتەکەی دزی، فراندی.

إنْمَلَعَتْ الناقة: بەمانا (مَلَعَتْ) دێ.

المِلاعُ: سارای بێ درەخت و ڕوەك ٥ (عُقاب مَلاعٌ) هەڵۆیەکی لەسەرەخۆیەو بەهێواشی پەلاماری دا.

المَلْعُ: دەگوترێ: (هم علی فلان مَلْعٌ واحد) ئەوانە هەموویان دژی فلانکەس کۆبوونەوە.

المَليعُ: ولاخی خۆشڕۆ ٥ زەوی پان و فراوان ٥ دەشتی دوور و فراوان.

المَلوعُ: خێراو گورج و گۆڵ.

المَيْلَعُ: درێژی باریك ٥ ئەسپی خۆشڕۆ ٥ زەوی سوتەمەڕۆ.

مُلِغَ في كلامه: لەقسەکردنی دا گێلی نواند.

مالَغَهُ بالكلام: قسەی ناشیرینی لەگەڵ دا کرد.

تَمالَغَ به: پێی پێکەنی.

تَمَلَّغَ في كلامه: لەقسەکردنی دا گێلی نواند.

الأمْلَغُ: (كلام أمْلَغُ) ٥ قسەی پڕوپوچ و بێ کەڵك.

المالِغُ: (رجل مالِغٌ) پیاوی فاسق و خوێڕی و پیس.

المِلْغُ: ماستاوچی و دووڕو ٥ گێلی قسەنەزان و قسە تڕن ٥ کەسێك گوێ نەدا چی دەڵێ و چی پێ دەگوترێ ٥ (کلام مِلْغٌ) قسەی بێ خێرو بێر.

مَلَقَت الدوابُ وغيرها مَلْقاً: ولاخەکە بەخێرایی ڕۆیی.

مَلَقَ الرجلُ: پیاوەکە بەگورج و گۆڵی ڕۆیی.

مَلَقَ الشَّيْئَ: شتەکەی شت ٥ سڕیەوە ٥ لەدەستی خۆی بەڕەڵڵای کردو بەندی کرد.

مَلَقَ الحِمارُ الأرض: گوێدرێژەکە پێکۆڵی کردو بەقاچەکانی لەزەوی دا.

مَلَقَ عَيْنَهُ: لەچاوی خۆی دا.

مَلَقَ الصغيرُ أمَّهُ: منداڵەکە شیری دایکی خوارد.

مَلِقَ الفرسُ مَلَقاً: ئەسپەکە بازەکانی چوست و چالاك بوون.

مَلِقَ الخاتمُ من الأصبع: ئەنگوستیلەکەی لەپەنجەدا لەقی.

مَلِقَ فلاناً ولـه: بەقسەی خۆش و زیاد لەپێویست ماستاو بۆکردن فلانکەسی هەڵخەڵەتاند.

أمْلَقَتْ المرأةُ: نافرەتەکە منداڵی لەبارچوو بەنەکامڵی منداڵی فڕێ دا.

أمْلَقَ فلان: فلانکەس هەژار کەوت ◊ قورئان دەفەرموێ: (ولاتقتلوا أولادكم من إملاق) ◊ دەشگوترێ: (أمْلَقَ مامعه) هەرچی هەیبوو دەری هێناو خستیە ڕو ◊ دەشگوترێ: (أمْلَقَتِ الخطوبُ) بەڵاو کارەسات هەژاریان خست ◊ (أمْلَقَ الدهرُ مالَهُ) ڕۆژگار مااڵو سامانی فەوتاند ◊ هەژاری خست.

أمْلَقَ الأديمُ: پێستەکەی نەرم کردەوە ◊ دەستی پیا هێنا تا نەرم بێ.

مَلَّقَ الشَّيْءَ: شتەکەی پوختە کرد.

مَلَّقَ الأرضَ: زەوییەکەی بەماڵاڵو وەروەرە تەخت کرد.

مَلَّقَ الجدارَ: دیوارەکەی بەماڵە ڕێک خست.

إمْتَلَقَ الشَّيْءَ: شتەکەی دەرهێناو خستیە ڕوو.

إنْمَلَقَ الشَّيْءُ وإمَّلَقَ: شتەکە لووس و پوس بوو ◊ نەرم بوو.

إنْمَلَقَ منه: ڕزگاری بوو.

تَمَلَّقَ الرجلَ: ماستاوچییەتی بۆ پیاوەکە کردو خۆی لێ نزیک کردەوە.

المالَقُ: داڕێکی گەورەو تەختە، دوورهشە وڵاخ یان دوو بارگیرو شتی وا ڕایدەکێشن و زەوی کێڵدراوی پێ تەخت دەکرێ ◊ لەهەندێ شوێنیش ناوە بۆ ماڵەی سواخکردن.

المَلَقُ: دووعاو پاڕانەوە ◊ زەوی دەشتو ڕێکخراو ◊ دەگوترێ: (سرنا في الملق والملقات) واتە بەناو شوێنی ڕوتەن و دەشتایی دا ڕۆیشتین ◊ هەرشتێک نەرم بێ لەگیانلەبەرو بەردو دارو قسەو گفتو گۆ.

المَلِقُ: لاواز ◊ (فَرَس مَلِقٌ) ئەسپێکە هەنگاو هەڵدێنێو قاچ بەزەوی دا دەکێشێو خێرا ناڕوا ◊ کەسێک وادە بداو نەیباتە سەر، لافی شتێک لێ بدا کەنەیبێ.

المَلَقَةُ: شتی سفتو لووس.

المَلاَّقُ: کەسێک زۆر ماستاوچیەتی بکاو خۆرە پێشخەرو خۆ لەبەرکەربێو خۆشەویستی ڕاستاڵانەی نەبێ.

المَلِيقُ: بێ توک ◊ کەسێک تووکی بەجەستەوە نەبێ.

المِمْلَقُ: بەمانا (المالِقُ) دێ.

المِمْلَقَةُ: بەمانا (المِمْلَقُ) دێ.

المَمْلَقُ: خێراو خۆشڕۆ.

مَلَكَ الشَّيْئَ مِلْكاً: شتەکەی کردە ملکی خۆی و بەویستی خۆی تەصەروفی تێدا کرد ◊ (ك: مُلْك ومَلاَك).

مَلَكَ الخِشْفُ أُمَّهُ: بێچوە ئاسکەکە توانی شوێن دایکی بکەوێ.

مَلَكَ العجين: هەویرمکەی شل شێلاو جاکی هێنایە بەرهەم.

مَلَكَ الوليُّ المرأةَ: وەلی ئەمری ئافرەتەکە نەیهێشت ئافرەتەکە شوبکا.

مَلَكَ فلان إمْرَأةً: فلانکەس ئافرەتێکی مارە کردو کردی بە هاسەری خۆی.

أمْلَكَهُ الشَّيْئَ: شتەکەی کردە ملکی ئەو.

أمْلَكَ فلاناً أمْرَهُ: کاروباری خۆی دایە دەست فلانکەس.

أمْلِكَتْ فلانةُ أمرها: فلان ئافرەت تەلاق درا، یان تەلاقی درایە دەس خۆی و خۆی خاوەنی تەلاقی خۆیەتی.

أمْلَكَ فلاناً المرأةَ: ئافرەتەکەی لەفلانکەس مارە کرد.

مَلَكَ القومُ فلاناً عليهم: خەلکەکە فلانکەسیان کردە پاشاو مەلیکی خۆیان.

مَلَّكَ فلاناً الشَّيْئَ: شتەکەی کردە ملکی فلان.

إمْتَلَكَ الشَّيْئَ: بوو بەخاوەنی فلان شت شتەکەی کردە ملکی خۆی.

تَمالَكَ عَنْ الشَّيْئِ: جڵەوی نەفسی خۆی گرتو دەستی بۆ شتەکە نەبرد ◊ دەگوترێ: (ما تَمالَكَ أن فعل كذا) خۆی لە کارەکە نەگرتەوە ◊ دەشگوترێ: (هذا حائط لايتمالك) ئەمە دیوارێکە خۆڕاناگرێ و خەریکە بڕوخێ.

تَمَلَّكَ الشَّيْئَ: بووە خاوەنی شتەکە، شتەی کردە ملکی خۆی ◊ (أبو مالك) نازناوی برسیەتییە ◊ (مالك الحزين) ناوی بالندەیەکی ناوییە، بۆیە ئەم ناوەی لێ نراوە چونکە لە نزیک جۆگاو کانیاوەکان دەژی هەرکە دەبینێ ئاوێک وشک دەبێ غەمبار دەبێ.

المَلاَكُ: فریشتە.

ملاك الأمر: پوختەی کار، عونصوری سەرەکی کارو شت ◊ دەگوترێ: (القلب مَلاك الجَسَد).

المِلاكُ: (مِلاك الأمرِ) ڕاگرو پایەی سەرەکی کارو شت ◊ دەشگوترێ: (ركب مِلاك الطريق) بەناوەڕاستی ڕێگادا ڕۆیی.

المُلْكُ: مەلیکو پاشا ◊ ئەوشتەی کە دەکرێتە مالّو سامان دێتە ژێر دەستەوە ◊ وێستو ئیرادەی

سەربەست، قورئان دەفەرموێ: ﴿قَالُوا مَا أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا﴾.

المُلْكُ: مولك و سامان ◊ (ك: أملاك).

المَلَكُ: تاكی (الملائكة)یە.

المَلِكُ: پەروەردگار کەهەر ئەو بەڕاستی مەلیك و خاوەن دەسەڵاتە.

المَلَكَةُ: صیفەتێکە لەنەفس دا پەیدا دەبێ، یان ئامادەباشییەکی عەقڵی تایبەتییە بۆ ئەنجامدانی کارێکی تایبەتی بەلێهاتویی و دەست ڕەنگینی ◊ وەکوو مەلەکەی زمارە ژماردن، مەلەکەی زمانەوانی و شتی وا.

المَلَكوتُ: جیهانی غەیب و نادیار لەئێمە و تایبەت بەگیانەکان و نەفسەکان و شتە عەجیبەکان ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿أَوَلَمْ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ﴾ ◊ شکۆمەندی و دەسەڵاتو گەورەیی.

مَلَكوت الله: دەسەڵاتو عیززەتی پەروەردگارو شکۆمەندی ◊ ملکی تایبەتی پەروەردگار ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ﴾.

المَلَكِيَة: شتی پاڵدراو بۆ پاشایەتی ◊ دەگوترێ: (الحكومة الملَكية) ئەو دەسەڵاتو ڕژێمەی مەلیك سەروکاریی دەکا بەیاسای بنەماڵەیی یەك لەدوای یەك ئەو پۆستە لەلایەن یەکێك لەبنەماڵەی مەلیکەوە وەردەگیرێ.

المِلكيَّةُ: ملك و بەمالکردن و مافی تەصەروف کردن تێیدا ◊ دەگوترێ: (بيدي عقد ملكية هذه الأرض) خاوەندارێتی ئەم زەویيە بەدەست منە ◊ (قانون تحديد الملكية الزارعية) یاسای دیاریکردنی ئەوەی بۆ هەرتاکێکی کۆمەڵ چەند ڕەوایە زەوی کشت و کاڵی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ◊ (الملكية الخاصة) ملکی تایبەت بەتاکێکی کۆمەڵ ◊ (الملكية العامة) ملکی گشتی و کۆیایەتی، ئەوەی کە دەوڵەت خاوەندارێتی.

المليك: خاوەن مولك و دارای سامان.

مليك الخلق: خاوەن و بەڕێوەبەرو بەخێوکاری دروستکراوان.

المُلَيْكَةُ: صەحیفە.

المَمْلَكَةُ: دەسەلاتی مەلیك لەناو ڕەعیەت و دانیشتوانی ولاتی دا ◊ دەگوترێ: (طالت مملكته وساءت مَمْلَكته) ◊ هەروا ناوە بۆ دەسەڵاتو فەرمانڕەواییەك کە مەلیك بەڕێوەی بەرێ.

مَلَكَةُ الطريق: ناوەڕاستی ڕێگا ◊ زۆربەی ڕێگا.

المَلِكُ: کۆیلە.

مَلَّ فلان مَلاًّ: فلانکەس خەمۆکی تۆش بوو ◊ لەناو غەم‌و نەخۆشی دا تلایەوە.

مَلَّ نعلی فلان السفرُ: سەفەری فلان درێژەی کێشا.

مَلَّ في المشْي: لەڕۆیشتن پەلەی کرد.

مَلَّ الشَّيْئَ: شتەکەی نەمدیواو دیو کرد، هەڵی گێڕایەوە.

مَلَّ الشَّيْئَ في الجَمْرِ: شتەکەی خستە ناو کوڕەخانەکەوە.

مَلَّ الخبزَ أو اللحْمَ في النار: نانەکە یان گۆشتەکەی خستە سەرئاگر ◊ (فهو مَمْلول ومَليل).

مَلَّ القوس أو السَّهْمَ في النار: کەوانەکە یان تیرەکەی بە ئاگر چارسەر کرد.

مَلَّ الثوبَ: یەکەمجار قوماشەکەی دوری.

مَلَّ فلان الشَّيْئَ: فلانکەس لەشتەکە وەرز بوو ◊ دڵی لێی هەڵنگوت.

أمَلَّهُ وأمَلَّ عَلَيْهِ: زۆری داوا لێ کرد تا وەرزی کرد.

أمَلَّ الشَّيْئُ فلاناً: شتەکە فلانکەسی وەرز کرد.

أمَلَّ عَلَيْهِ السَّفَرُ: سەفەرەکەی درێژ بۆوە.

أمَلَّ عَلَيْهِ المَلَوانُ: شەو و ڕۆژ جیاوازییان زۆر بوو نەمیان زۆر درێژو نەویان زۆر کورت.

أمَلَّ الشَّيْئَ: شتەکەی شی کردەوە و نووسرایەوە ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَلْيكتب وَلْيُمْلِلِ الذي عَلَيْهِ الحق﴾.

مَلْمَلَ فلان الشَّيْئَ: فلانکەس شتەکەی نەمدیواو و دیو کرد.

إمْتَلَّ مِلَّةَ الإسلام: چووە سەر ناییینی ئیسلام.

تَمَلْمَلَ: وەزع‌و حاڵی گۆڕا لەم نەخۆشی بۆ نەو نەخۆشی‌و هەردەمە توشی بەلاو چورتمێك بوو.

تَمَلَّلَ في المشي: لەڕۆیشتن دا پەلەی کرد.

تَمَلَّلَ اللحْمُ على النار: گۆشتەکە لەسەر ئاگرەکە هەڵبەزو دابەزی کرد.

تَمَلَّلَ مِلَّةَ الإسلام: چووە سەر ناییینی ئیسلام.

إسْتَمَلَّهُ: جارڕی کرد، وەرزی کرد ◊ دەگوترێ: (إستمل به).

الأمْلُولَةُ: بەمانا مەلەڵ‌و خەمۆکی دێ.

المالُولَةُ: کەسێك جارڕ بێ.

المَلالُ: خەم‌و وەرزبونێکە توشی نادەمیزاد دەبێ لەئاکامی بەردەوام بوون لەسەر کارێکو ماندویەتی‌و وەرزبوونی بۆ پەیدا دەبێ.

المُلالُ: گۆڕانو نەمدیواو ئەو دیو کردن لەناو نەخۆشی‌و ئێش‌و ئازاردا ٥ دەگوترێ: (أخذ فلاناً المُلالُ) خەمۆکی‌و بەلاو کارەساتی جۆراوجۆر بەسەر فلان دا هاتن ٥ پشت ئێشە ٥ ئارەقی تاو نەخۆشی ٥ ئەو گەرمایەی لەناو ئێسقانی جەستەدا پەیدا دەبێ لەئاکامی تاو نەخۆشی دا.

المَلَلُ: نیشانەیەکە بەئێسقانی پاش گوێچکەوەیە.

المُلَى: نانی برژاوی ناو تەندور.

المَلالَةُ: جارزبوون وەرزبوون.

المِلَّةُ: گلی گەرم، خۆڵەمێشی گەرم یان پشکۆناگر کە کێشتی لەسەر گەرم بکرێ، یان نانو کولێرەی تێدا ببرژێندرێ ٥ عارەقی تاو نەخۆشی ٥ دەگوترێ: (لفلان مَلّة حمىّ باطنه) فلانکەس ئارەقی تایەکەی لێ دەتکێ ٥ کەسێک زۆر لەهاوڵەکانی وەرزبێ ٥ دەشگوترێ: (رجل ذو مِلَّةٍ) پیاوێکە خەموکی‌و وەرزە.

خُبْزُ المِلَّةِ: نانی تەندورو ناگردان ٥ ئەو شتەی نانی تێدا دەبرژێندرێ.

المِلَّةُ: شەریعەت‌و یاسا ٥ ئایین ٥ ئایینی ئاسمانی کە خودا بەهۆی پێغەمبەرەکانیەوە گەیاندویەتیە بەندەکانی‌و فەرمانی پێکردوون کە بەو ڕێبازەدا بڕۆن‌و ئەو شەریعەتە پەیڕەو بکەن بۆئەوەی لەدونیاو قیامەت دا بەختەوەر بن ٥ هەروا ئاوە بۆ خوێنبایی کوژراو یان بریندارکراو.

المُلَّةُ: دوورونی جاری یەکەم ٥ ئەو تەختەو مەعدەنەی لەسەر سیسەم لەژێر دۆشەکەوە دادەنرێ.

المَلُولُ: کەسێک زوو وەرزبێ.

المَلولةُ: بەمانا (الملول) دێ.

المَلیلُ: نان یان گۆشت کە دەخرێتە تەندورو ناگردانەوە بۆئەوەی ببرژێ ٥ دەگوترێ: (أطعمنا خبزاً مليلاً) نانی برژاوی دەرخوارد داین.

رجلٌ مليلٌ: پیاوێکە خۆر سوتاندویەتی ٥ (طريق مليلٌ) ڕێگای تەخت کراو و ناشکرا.

المَلیلَةُ: گەرمی تاو شتی وا کەلەناخی ئێسقان دا پەیدا دەبێ ٥ تەشەنە سەندنی گەرمی تا لەناو مۆخ دا ٥ دەگوترێ: (بفلان مليلة) فلانکەس گەرمی تای لەناو ئێسقانی جەستەدا هەیە.

المُمَلُّ: (حيوان مُمَلٌّ) گیانلەبەرێکە ماندوکراوە، زۆر سواری بوون ٥ (طريق مُمَلٌّ) ڕێگای تەختکراو و

خۆشـــکراو و زۆری خـــەڵك پێـــدا ڕۆیشتوو.

المِلَمُ: جۆرە پارەیەکی وڵاتی میصرە بەشێکە لەهەزار بەشی جونەیهی میصری.

مَلْمَلَ الرجلُ: پیاوەکە خێرا ڕۆیی.

مَلْمَلَ فلاناً: فلانکەسی ئەمدیواو دیو کرد ◊ دەگوترێ: (مَلْمَلَ المرضُ أو الخبر فلاناً) نەخۆشی یان هەواڵەکە حەجمینی لەفلان هەڵگرتو وای لێ کرد خەوی بزڕێ.

تَمَلْمَلَ: لەسەر جێگای نووستن حەجمینی لێ هەڵگیرا شەو تا بەیانی ئەمدیواو دیوی کرد ◊ دەشگوترێ: (تَمَلْمَلَ الجالِسُ) دانیشتووەکە لەسەر ئەژنۆی دانیشتو هەردەمە بەلایەکدا خۆی بادەداو حەجمینی لێ بڕاوە بەهۆی خەمو نەخۆشییەوە هەدادانی نیە.

المُلامِلُ: وڵاخی خۆشڕۆ و خێرا ڕۆ (المَلْمَلَى) بەهەمان مانا دێ.

المَلْمُولُ: کلچێوك بۆ چاو ڕشتن ◊ ئاسنێکە شتی پێ دەنووسرێ، یان نەخش و شتی وای پێ ئەنجام دەدرێ.

المَلَنْخولیا: بەڕای پزیشکە کۆنەکان نەخۆشییەکی عەقڵییە لەئاکامی فەسادی بیرکردنەوەوە سەرهەڵدەدا کە ئەمیش بەهۆی زاڵبونی یەکێك لەچوار عونصورەکە بەسەر ئەوانی تردا دێتە دی ◊ بە بیرو باوەڕی پزیشکی تازە نەخۆشییەکی عەقڵییە هەندێ لەدیاردەکانی تێکچونی ویژدانو زاڵبوونی خەمو دڵەڕاوکێیە بەسەر مرۆڤەکەداو توشبوونیەتی بەحاڵەتی ڕەشبینیو بەرچاو تاریکی: کە ئەمیش بەهۆی تێکچونی جەستەییو سستی کارکردنی غودەدە کەڕەکانە.

مَلا فلان مَلواً: فلانکەس بازی دا.

أمْلاهُ الله العَیْشَ: خودا مۆڵەتی دایە زۆر بڕی ◊ هەروا دەگوترێ: (أمْلی الله له وأمْلی له في غیّه) خودا مۆڵەتی دایە لەگومڕایی دا هێشتیەوە ◊ (أملی عَلَیْهِ الزمان) ڕۆژگاری زۆری بەسەردا تێپەڕیو تەمەنی درێژ بوو.

أملی عَلَیْهِ الکتابَ: کتێبەکەی بۆ خوێندەوە بۆئەوەی ئەویش بینووسێتەوە ◊ بەسەری دا خوێندەوە.

مَلّأه الله العَیْشَ: خودا زۆری ژیاندو تەمەنی درێژی پێدا.

ملاّك الله حَبیبَتَكَ: خودا ژیانت لەگەڵ

خۆشەویستەکەت دڕێژ بکاتەوە.

تَمَلَّى عُمْرَهُ: تەمەنی بەخۆشی بەسەر برد.

تَمَلَّى إخوانه: خۆشی و لەززەتی لەبراکانی بینی.

تَمَلَّى العيشَ: ژیانی بۆ دڕێژ بۆوە.

إسْتَمْلاهُ الكتابَ: داوای کرد کتێبەکەی بەسەردا بخوێنێتەوە.

المَلاَ: شوراو دەشت و چۆڵەوانی ◊ پارچەیەک لەزەمەن ◊ دەگوترێ: (مَرَّ مَلاً من الليل) بەشێک لەشەو رۆیی.

المَلَوان: شەو و رۆژ ◊ یان بەیانی و ئێوارە ◊ دەگوترێ: (لا أفعله ما اختلف الملوان).

المَلاةُ: چۆڵەوانی بەردەڵان و خڕاوی و گەرمەڵان.

المُلى: خۆڵی گەرم ◊ ماوەیەک لەزەمەن.

المُلاوَةُ: ماوەی ژیان.

المَلْوَةُ: بەمانا (المَلاوَةُ) دێ.

المَلِيُّ: ماوەی درێژ ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا﴾ ◊ دەشگوترێ: (فَضَ مَلِيٌّ من النهار او الليل) بەشێکی زۆری شەو تێپەڕی.

المليون: هەزار جار هەزار ◊ (ك: ملايين).

مَنْ: بۆ چەند مانایەک دێ: (شرطية، إستفهامية، موصولة، نكرة موصوفة).

مِنْ: حەرفی جەرە بۆ چەند مانایەک بەکار دێ لەکتێبە نەحوییەکان دا دیاریکراون.

مَنَا الجِلْدَ: پێستەکەی لەدەباغ هەڵکێشا.

المَنِيئَةُ: پێست لەسەرمتای کە لەدەباغ دەردەهێندرێ ◊ دەباغخانە.

المناورة: مانۆڕی سەربازی ◊ بەشێکی عەسکەر بۆ ڕاهێنان و تەدریب نەنجام دەدەن و شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن ◊ فێڵ و تەڵەکە.

المِنْبارُ: گیپەو سەروپێ ◊ خواردنیکە لەکوتە گۆشتی هەنجندراو و برنج لەڕیخۆڵەو ورگی پاککراوی ناژەڵ دا خڕ هەڵدەدرێ و دەکوڵێندرێ.

المَنْجنيقُ: بڕوانە مادەی (مَجْنَق).

المَنْجَةُ والمَنْجو: ڕەگەزی دەختی بەردار لەپێڕی قەزوانی، بەرەکەی دەنکە دەنکەیەو بەتامەو دەخورێ و

دەکرێتە مرەبا، دەکرێتە سرکە، ئەم جۆرە درەختە لەولاتی گەرمەسێردا دەڕوێ و بەردەگرێ، لەولاتی میصر زۆرە.

المَنْجَمُ: بڕوانە مادەی (نَجَمَ).

مَنَحَهُ الشَّيْئَ مَنْحاً: پێی بەخشی.

منَحَهُ الدَّابَّةَ: ولاخەکەی پێدا بۆئەوەی ئیشی خۆی پێ بکاو دوایی بۆی بهێنێتەوە.

مانَحَهُ مِناحاً ومُمانَحَةً: بەخششی دایە.

أمْنَحَتْ النّاقة: حوشترەکە نزیکە بەری ببێ و زاو و زێ بکا.

مانَحَــه مِناحــاً ومُمانَحَــةً: دیــاری و بەخششیان دا بەیەکتر.

مانَحَت الناقة: حوشترەکە شیری هاتەوە دوای ئــەوەی حوشــترەکان شــیریان وشکی کرد.

مانَحَــت العــينُ: فلاّنکــەس بەخشــشی وەرگرت.

أمْتُنِحَ مالاً: مالّ و سامانی پێ درا.

تَمَنَّحَ المـالَ: مــالّی دەرخــواردی یەکێــکی تر دا.

إسْــتَمْنَحَهُ: داوای مینحــەو بەخششی لێ کرد

المِنْحَــةُ: عــەتاو بەخــشش ◦ ولاخێــکە، نامێرێکە، پارچە زەوییەکە یەکێك دەیــدا بــە یەکێــکی تــر بۆئــەوەی ماوەیەك کەلکی لێ وەربگرێ و دوایی بۆی بگێڕێتەوە.

المَنـوحُ: ئاژەلێــکی شــیر دەرە کــەدرمنگ شــیری وشــك بکــا هاوچەشــنەکانی شیریان نەمێنێ و ئەو هەر شیر بدا.

المَنيحُ: تیرێکە لەچوار تیرەکانی قومار کەنــەقازانج نــەزەرەر هیــچی لەســەر نەنووسراوە.

منذ ومذ: دوو وشەن دەچنە ســەر ئیــسمی زەمــانو ئەگــەر زەمانەکــە زەمــانی ڕابــردو بــوو مانــای (مِــنْ) دەگەیــەنن، ئەگەر چونە سەر زەمانی حالو حازر مانای (فِي) دەگەیەنن.

مَنَعَهُ الشَّيْئَ: شــتەکەی لێ قەدەغــەکرد، نەیهێــشت ســودی لێ وەربگــرێ ◦ دەگوترێ: (منعه من حقه)و (مَنَعَ حقه منه).

مَنَعَ الجـارَ: پــەنای جیرانەکــەی داو دالّــدەی دا.

مَنَــعَ فــلانٌ مناعــةً: فلاّنکــەس بــوو بەپارێزەرو داکۆکیکەر.

مَنُعَ الشَّيْئُ: شتەکە ناوازەو قورس و گران بوو.

مانَعَــهُ الــشَّيْئَ: کێشەی لەگــەڵ نایــەوە دەربارەی شتەکە.

مَنَّعَهُ كذا: بەمانا (مَنَعَهُ) دێ.

إمْتَنَــعَ الــشَّيْئُ: شــتەکە پەیــدابوونی زەحمەت بوو.

إمْتَنَعَ عَنْ الشَّيْئِ: لەشتەکە کشایەوە، وازی لێ هێنا.

إمْتَنَعَ بالشيئ: خۆی بەشتەکە پاراستو پەنای بۆ برد.

تمانعا: داکۆکیان کرد.

تمانعا عَنْ أنفسهما: پارێزگاریان لەخۆیان کرد.

تَمَنَّعَ الشَّيْئُ: شتەکە یاساخ بوو.

تَمَنَّعَ بالشيئ: خۆی بەشتەکە پاراست، پەنای بردە بەر شتەکە.

تَمَنَّعَ عنه: لێی تەکییەوە وازی لێ هێنا.

المانِعُ: رژدو چروکو دەست قوچاو ٥ هەرشتێك ببێتە لەمپەرو کۆسپو نەهێڵی شتێك بێتەدی.

المناعة: پارێزگارو پەرژین لەشت، لەنەخۆشیو شتی وا.

المَنَعَةُ: هێزو تواناو دەسەڵات.

المَنَعَةُ: بەمانا (المَنَعَةُ) دێ.

المَنَّاعُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (مَنَعَ) دێ.

المَنوعُ: کەسێك یەکێکی تر مەنع بکا لەشتێك ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا﴾.

المَنيعُ: خاوەن هێزو توانا.

مَنَّ عَلَيه مَنّاً: نازونیعمەتی بەسەردا ڕشت ٥ دەگوترێ: (مَنَّ الله على عباده) ٥ هەروا ناوە بۆ کەسێك چاکەو نیعمەتەکانی بەسەر خەڵك دا بداتەوەو شانازییان بەسەردا بکاو بەو بەچاودا دانەوەدا چاکەکانی خۆی بێ بەها بکا ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى﴾.

مَنَّ الشَّيْئُ: شتەکە کەمی کرد.

مَنَّ الأمْرُ فلاناً: کارەکە فلانی ماندو کرد، لاوازی کرد ٥ دەگوترێ: (مَنَّهُ السفرُ ومَنَّهُ السيرُ).

مَنَّ الشَّيْئَ: شتەکەی بڕیەوە ٥ دەگوترێ: (مَنَّ الحَبْلَ) حەبلەکەی بڕیەوە ٥ دەشگوترێ: (مَنَّهُ المَنونُ) مرد، مردن لەناوی برد.

أمَنَّهُ الجهدُ: ماندویەتی لاوازی کرد.

مانَّهُ: کەوتە هاتوچۆ بۆ ئەنجامدانی کارەکەی.

مَنَّنَهُ: لاوازی کرد ماندووی کرد بەهۆی سەفەرەوە.

إمْتَنَّ على فلان: فلانکەسی بەمنەت بەسەرداکردن ئەزیەت دا.

إمْتَنَّ فلاناً: چووە بنجو بناوانی فلانکەس.

المَنون: بەهێز ٥ ئەو پەڕی ئەوەی لای یەکێك دەست بەکەوێ ٥ دەگوترێ: (بلغت مَنونه) گەیشتمە بنجو بناوانی ئەو.

المَنُّ: گەزۆ؛ مادەیەکی شیرینە هەندێ درەخت دەری دەدا ٥ یان شەونمێکە

لەئاسمانەوە دەبارێتە سەر درەختو بەردو وشك دەبێتەوەو دەخورێو شیرینە ◊ هەروا وشەی (مَنّ) ناوە بۆ ئامێرێکی پێوانەی دانەوێلّەو خورماو شتی وا ئەندازەکەی دوو ڕیتڵی بەغدادییە ◊ ڕیتڵیش دوانزە ئوقیەیە.

المُنَّةُ: هێزو توانا ◊ دەگوترێ: (لیس لِقَلْبِهِ مُنَّةٌ).

المِنَّةُ: چاکەو پیاوەتیو نیعمەت ◊ زۆر باسکردنی پیاوەتیو چاکەو منەتنان بەسەر خەڵك دا تا بایەخی نەمێنێو پوچ بێ وەکوو گوتراوە: (المِنّة تهدم الصنيعة) منەتنان پیاوەتیو چاکە پوچ دەکاتەوە.

المَنَانُ: کەسێك شانازیی بکا بەسەر ئەو کەسانەدا کە پیاوەتیان لەگەڵ دەکا تا پیاوەتیەکەی پوچ دەبێو بایەخی نامێنێ ◊ زۆر بەخشندەو دڵفراوان ◊ ناوێکە لەناوە جوانەکانی خودای گەورە.

المَنونُ: کەسێك زۆری گەزۆ هەبێ ◊ ئافرەتێك مێردەکەی لەبەرخاتری ساماندارییەکەی مارەی کردبێو هەمیشە شانازیی بەسەر مێردەکەی دا بکاو بەماڵو سامانی بنازێ ◊ ڕۆژگارو زەمانە ◊ مردن.

المنين: زەعیفو لاواز ◊ دەگوترێ: (حبل منين) حەبلی لاواز ◊ (ثوب منين) قوماشی تەنكو شاشو لاواز ◊ تەپو تۆزی کەمو پچڕپچڕ.

مَناهُ بكذا مَنْواً: بەو شتەوە توشی بەڵابوو ◊ بەو شتە بەتاقی کرایەوە.

مَنا فلاناً: فلانکەسی بەتاقی کردەوە.

المَنا: پێومرێکی کۆنە لەڕۆژگاری کۆن دا شتی پێ پێوراوە بان پێی کێشراوە.

مَنَى الله الأمْرَ مَنْياً: خودا کارەکەی بڕیارداوە، مەزەندەی کردووە ◊ دەگوترێ: (منى الله لك الخير) خودا خێرو چاکەت بۆ دەستەبەر بکا.

منى الله فلاناً بكذا: خودا فلانکەسی بەو شتە بەتاقی کردەوە.

مُنِيَ لِكذا: کۆمەگی پێ کرا بۆ ئەوشتە.

مُنِيَ بكذا: بەو شتە بەتاقی کرایەوە.

أمنى الحاجُ: حاجی هاتە مینا.

أمنى الرجلُ: پیاوەکە تۆماوی هاتەوە.

أمْنى النطفة: دڵۆپە مەنی خستە ناو منداڵدانی ئافرەتەکەوە ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى﴾.

أمْنى الدَّماء: خوێنی ڕژاند ◊ خوێنی ڕشت.

مانا: پاداشتی دایەوە.

مانى الرفيق: نۆبەی لەگەڵ هاوەڵەکەی

كرد له سواربوونى ولاخو شتى وادا.

مَنّى الرجلَ الشّيْئَ وبالشيئ: واى له پياوهكه كرد ئاواتهخوازى شتهكه بئ.

تَمَنّى الشّيْئَ: شتهكهى خۆشويستو حهزى لئ بوو بۆ ئهوبئ.

تَمَنّى الحديثَ: حهديسهكهى هەلبهست.

إمْتنى الحاجُ: حاجى دابهزييه سارای مينا.

الأمنية: حهزو ئارهزو و داواخوازى.

منى: شارۆچكهيهكه لهنزيك مهككه حاجييهكان لهسئ رۆژهى جهژنى قوربان دا لهوئ دهمێننهوه.

المَنىَ: مردن ٥ ئهندازهو چهنديهت ٥ دهگوترئ: (هو مِنّي بمنى ميل) ئهو لهمنهوه ئهندازهى ميلێك دووره.

المُنْيَةُ: بهمانا (الأمنيةُ) دئ ٥ (ك: مُنى)يه.

المَنِيُّ: تۆماوى نێرينه.

المَنِيَّةُ: مهرگ ٥ (ك: منايا).

مَهْ: ئيسمى فيعل ئهمره ٥ واته وازبێنه، ئهو شته مهكه.

مَهَجَ فلان مَهْجاً: فلانكهس چاكبۆوه، هاتهوه سهر حالهتى سروشتى خۆىو تهرو تازهيى لئ دياركهوتهوه.

مَهَجَ الوَلَدُ أمَّهُ: منداڵهكه شيرى دايكى خۆى مژى.

امْتُهِجَ فلان: فلانكهس گيانى كێشرا.

الأمْهَجُ: شيرى پاڵفتهو خاڵصو ئاوى تێكهڵ نهكراو ٥ بهزى تهنكو كهم.

الأمْهُوجُ: شيرێك: كهتامى نهگۆڕابئ.

المُهْجَةُ: خوێنى دڵ ٥ گيان ٥ دهگوترئ: (خرجت مُهْجَته وبَذلْتُ له مُهْجَتي) ٥ هەروا ئاوه بۆ پاڵفتهو كاكڵهى هەموو شتێك.

مَهَدَ الفِراشَ مَهْداً: فەرشهكهى ڕاخستو چووه سەرى، پێى لێنا.

مَهَدَ لنفسه خيراً: خێرو خۆشى بۆخۆى ئامادەكرد.

مَهَّدَ الفراشَ: بهمانا (مَهَدَهُ) دئ.

مَهَّدَ الأمْرَ: كارهكهى ئاسان كرد.

إمْتَهَدَ السَّنامَ: دوگهكه لهلاى سەرويەوه پان بۆوه.

إمْتَهَدَ لنفسه: ئيشى بۆخۆى كرد.

إمْتَهَدَ الخيرَ: خێرو بێرى بۆخۆى دەستەبەر كرد.

ماإمتهد فلان عندي مهدَ ذال: فلانكهس هۆكارێكى نەخسته ڕو بۆ جێبەجێ كردنى پێويستياتى.

تَمَهَّدَ له الأمْرُ: كارهكهى بۆ ئاسان بوو ٥ دهگوترئ: (تَمَهَّدَت له عندي حال لطيفة) لاى من بۆنهو وەزعو حاڵى باش گونجا.

تَمَهَّدَ الرجلُ: پياوهكه دەستى لێى گێربوو.

إسْتَمْهَدَ فراشاً: فەرشی ڕاخست.

المِهادُ: جێگە خەو و حەسانەوە ◊ زەوی چاڵو تەخت ◊ بنکی دەریاو بنکی ڕووبار.

المَهْدُ: لانکەی منداڵ، جۆلانە شوێنی تایبەتی نوستنی منداڵی ساوا ◊ زەوی تەخت و نەرمەڵان ◊ (ك: مُهود).

المُهْدَةُ من الأرض: زەوییەك دەشت و نزم بێ ◊ (ك: مُهَدٌ).

المُمَهَّدُ: شتی تەخت کراو و ڕێکخراو ◊ (ماء مُمَهَّدٌ) ئاوی شلەتێن.

مَهَرَ المرأةَ مَهْراً: مارەیی بۆ ژنەکە دانا ◊ مارەیی پێدا.

مَهَرَ الشَّيْئَ وفيه وبه مَهارَةً: شتەکەی تۆندو تۆڵ کرد، لەشتەکەدا کارامەو دەست ڕەنگین بوو ◊ دەگوترێ: (مَهَرَ في العلم) لەزانیاری دا پێشکەوتوو بوو.

أمْهَرَ الفرسُ: ماینەکە جوانووی دواکەوت ◊ (فهي مُمْهِرٌ).

أمْهَرَ المرأةَ: مارەیی بۆ ژنەکە دیاریی کرد ◊ یان مارەیی پێدا.

مَهَّرَ الرجلُ: پیاوەکە جوانوە ماینێکی بۆخۆی هەڵبژارد یان جاشە کەرێکی بۆخۆی دانا.

تَمَهَّرَ: مەڵەی کرد.

تَمَهَّرَ في كذا: لەو شتەدا دەست ڕەنگین بوو ◊ (فهو مُتَمَهِّرٌ).

المَهْرُ: مارەیی ئافرەت ◊ (ك: مهور ومهورة).

المُهْرُ: جوانوە ماین یان جاشولکە لەسەرەتای لەدایکبونیان دا ◊ (ك: أمهار ومِهار) ◊ کاڵەکە مارانە ◊ تۆوی کاڵەکە مارانە.

المُهَرُ: شیو و دۆڵی پەراسو کە بەقەفەزی سنگەوە دەلکێن.

المَهْرِيَّةُ: (إبل مَهْرِيَّةٌ) حوشتری ڕەسەنی هۆزی مەهەرەی کوڕی حەیدان ◊ (ك: مَهارِيّ).

المَهِيرة: ئافرەتێك مارەیی زۆر بێ (گران مارەیی بێ).

المِهْرَجانُ: فیستیڤاڵ، ئاهەنگی جەماوەریی ◊ وشەیەکی فارسییە تەعریب کراوە پێك هاتووە لە دوو وشە:- (مِهْر) واتە: خۆر ◊ (جان) واتە: گیان بەبۆنەی نیشتمانی و نەتەوەییو شتی وا سازدەکرێ وەکوو (میهرەجانی نەورۆز).

المُهْرَقُ: صەحیفەو لاپەڕەی بەڵگە تێدا نووسین.

مَهَزَهُ مَهْزاً: پاڵی پێوە نا.

مَهِقَ مَهَقاً: ڕەنگی سپی زۆر سپی خاڵص، ئەم جۆرە ڕەنگە بۆ ئادەمیزاد پەسەند نیە ◊ (فهو أمْهَقُ وهي مَهْقاء) ◊ (ك: مُهَق).

مَهَقَ العينُ: چاوی سەوز بوو.

تَمَهَّقَ الشرابَ: شەرابەکەی سات دوای سات خواردەوە.

مَهَكَ الشَّيْئَ مَهْكاً: شتەکەی هاڕی ◊ سفتی کرد.

مَهَكْتُ السَّهْمَ: تیرەکەم تاشی.

مَهَكَ في المشي: لەڕۆیشتن دا پەلەی کرد.

مَهِكَ صُلْبُهُ مَهَكاً: پشتی زەعیفو لاواز بوو.

مَهَّكَ الشَّيْئَ: شتەکەی زۆر هاڕی، پێشاندییەوە.

تماهَكوا: لێک خشان، کەوتنە چەمبەرەو خۆ چەسپاندن.

مَهَلَ في فعله مَهْلاً: بەهێواشی دەستی بۆ بردو پەلەی لێ نەکرد.

أمْهَلَهُ: مۆڵەتی دا ◊ پەلەی لێ نەکرد.

مَهَّلَهُ: دوای خست‌و مۆڵەتی دا ◊ پێی گوت لەسەرەخۆبە.

تَمَهَّلَ في عمله: لەئیشەکەیدا لەسەرەخۆبوو.

إسْتَمْهَلَهُ: چاوەڕوانی کرد مۆڵەتی دایە.

المَهْلُ: لەسەرخۆیی‌و مۆڵەت پێدان ◊ دەڵێی: (مَهْلاً يافلان) فلانکەس لەسەرەخۆبە‌و پەلە مەکە ◊ دەشگوترێ: (ما مُهْلٌ واللهِ بمغنية عنك شيئاً) بەخودا لەسەرەخۆیی دادت نادا.

المَهَلُ: بەمانا (المَهْلُ) دی ◊ پێشکەوتن لەبواری پێشکەوتن‌و خێرو خۆشی دا ◊ ڕێنومایی‌و پلان دانان بۆ ئیش پێش دەست پێکردنی.

المُهْلُ: مەعدەنی تواوە ◊ وەکوو زیو، ناسن، مس، زێر ◊ قەترانی کەم ◊ کەفو ڕەوغەنی زەیت ◊ کێم‌و زوخاو.

المُهْلَةُ: هێواشی‌و لەسەرەخۆیی ◊ دەگوترێ: (خذ المُهْلَةَ في أمرك) ◊ هەروا دەگوترێ: (أخَذَ عَلَيْهِ المُهْلَةَ) لەبارەی ئەدەبەوە یان لەبارەی تەمەنەوە لێی پێش کەوت ◊ هەروا وشەی (المُهْلَة) ناوە بۆ پشکۆی ئاگر لەناو خۆڵەمێش دا.

المَهْلَةُ: کێم‌و زوخاوی مردو.

مَهْما: ئیسمی شەرتەو دوو فیعل مەجزوم دەکا ◊ وادەبێ مانای نیستفهام دەگەیەنێ.

مَهْمَهَ فلاناً وبه: بەفلانکەسی گوت (مَهْ مَهْ) وازبێنە ◊ لێی تورەبوو دەری کرد.

تَمَهْمَهَ عَنْ الشَّيْئِ: وازی لەشتەکە هێنا.

المَهْمَهَةُ: سارای پان‌و پۆڕ ◊ ولاتی سوتەمەڕۆ ◊ (ك: مَهامِهُ).

مَهَنَ الرجلُ مَهْناً ومَهْنَةً ومِهْنَةً: لەبواری تایبەتی خۆی دا کاری کرد.

مَهَنَ فلاناً: فلانکەسی ماندو کرد.

مَهَنَ الثوبَ: قوماشی کۆن کرد، بێ نرخی کرد.

مَهُنَ مَهانَةً: لاواز بوو.

أمْهَنَهُ: لاوازی کرد ◊ بەکاری هێنا.

إمْتَهَنَ: پیشەی بۆخۆی پەیدا کرد ◊ دەگوترێ: (إمْتَهَنَ الحياكة) جۆلایی کردە پیشەی خۆی.

إمْتَهَنَ الشَّيْئَ: شتەکەی بێ نرخ کرد.

المِهْنَةُ: کاروپیشە ◊ پیشەو کارێک پێویستی بە دەست ڕەنگینی هەبێو پێویستی بەئەزمونو مومارەسە هەبێ.

مَهَا الإبِلَ: لەگەڵ حوشترەکەدا لەسەرەخۆ بوو.

مَهَوَ السائِلُ مهارَةً: شلەمەنیەکە زۆر شل بوو ئاوی زۆر بوو ◊ دەگوترێ: (مَهُوَ اللبنُ والسَّمنُ).

مَهى الشفْرَةَ مَهْياً: کێردەکەی تیژ کرد شفرەکەی تەنک کرد.

مَهَى الشَّيْئَ: شتەکەی بەزێڕو زیو ڕوکەش کرد.

أمْهى الشرابَ: ئاوی شلەمەنیەکەی زۆر کرد.

أمْهى القِدْرَ: ئاوی زۆری کردە ناو مەنجەڵەکەوە.

أمْهى الحديدَ: ئاسنەکەی ئاودا.

أمْهى الشَّفْرَةَ: شفرەکەی تەنک کرد ◊ تیژی کرد.

إسْتَمهى القومُ: خەڵکەکە سەفی دوژمنیان دڕداو تێکیان شکاندن.

إسْتَمْهى الفرسَ: تا توانی ولاخە بەرزەکەی هەلینگ داو ئەو پەڕی توانای غاردانی بەکارهێنا.

المَهاةُ: گاکێوی ◊ مانگا کێوی ◊ خۆر ◊ بلور ◊ (ك: مَها ومَهَوات).

المَهْوُ: مرواری ◊ بلور ◊ تەرزە ◊ ماستاوی ڕون ◊ قوماشی تەنکو شاش ◊ شمشێری تەنک.

مَهْيَمَ: وشەیەکی پرسیارە واتە: حاڵو وەزعت چۆنە؟ کاروبارت چیە؟

ماءَ القِطُ موءاً: پشیلەکە میاواندی.

المُواءُ: دەنگی پشیلە.

مات الحيُّ مَوتاً: زیندووەکە گیانی لەدەست دا.

مات الشَّيْئَ: شتەکە خەب بوو جوڵەی نەما.

ماتت الريحُ: ڕەشەباکە کەوت، نەما ◊ وەستایەوە.

ماتت النارُ: ئاگرەکە کوژایەوە.

مات الطريقُ: ڕێگاکە کوێر بۆوە کەس پێیدا نەڕۆیی.

مات فلان: فلانکەس خەوی لێ کەوت و غەرقی خەو بوو.

ماتتِ الأرضُ مواتاً: زەوییەکە وێران بوو ئاوەدانی‌و دانیشتوانی تێدا نەما.

أماتَ فلان: فلانکەس منداڵەکەی مرد.

أماتَ القومُ: خەڵکەکە نەخۆشی کەوتە ناو ناژەڵەکانیانەوە زۆریان لێ فەوتان.

أماتَ فلاناً: فلانکەسی قەلاچۆ کرد فەوتاندی.

ماوَتَ صاحِبَهُ: هاوەڵەکەی هەڵنا بۆ خۆ ڕاگری‌و پشو درێژی.

مَوَّتَتِ الدَّوابُ: مردارەومبوون‌و فەوتان لەناو ناژەڵەکان دا پەرەی سەند.

مَوَّمتَ فلاناً: فلانکەسی مراند.

تَماوَتَ: خۆی بەمردو نیشان دا ٥ (خۆی بەمردو خست) ٥ خۆی بەخودا پەرست‌و دونیا نەویست‌و بەڕۆژو خاومن عیبادەت خستە بەرچاوی خەڵک.

إستمات: ئاواتە خوازی مردن بوو ٥ لەپێناو بەدەستهێنانی ویستەکانی هەموو هەوڵ‌و تەقەڵایەکی خستە گەڕ ٥ خۆی بە ویقارو لەسەرخۆ و هێدی ڕەوشت لەقەڵەم داو وایش نەبوو.

إستمات للأمر: بۆ کارەکەی کەوتە قسەکردن‌و نەی بڕیەوە.

المَماتُ: مردن.

المُواتُ: شتێك بێ گیان بێ، وێران بێ ٥ زەوییەك کشت‌و کاڵی تێدا نەکرێ‌و ئاوەدان کرابێتەوەو نەبووبێتە ملکی کەس.

المُواتُ: مردن‌و فەوتان کە بکەوێتە ناو ناژەڵەوە.

المَوْتُ: مردن ٥ پێچەوانەی ژیان.

المَوتانُ: پێچەوانەی (الحَیَوانُ)ە ٥ دەگوترێ: (إشرَ من المَوَتان ولا تشرَ من الدواب) خانو و زەوی بکڕەو ناژەڵ مەکڕە.

المَوْتانُ: نافات‌و لەناوچونێکە تووشی ناژەڵ دەبێ ٥ (رجل موتان الفؤاد) پیاوێکی گێل‌و کەودەنە.

الميت: کەسێك گیانی لەدەست دابێ.

المَیِّتُ: بەمانا (المَیْتُ) دێ ٥ شتێك لەحوکمی مردودا بێ ٥ (ك: أموات، وموتى).

المَیْتَةُ: منداڕەومبوو (مردارەومبوو) ٥ یان ناژەڵێك بەشێوەی ناشەرعی گیانی دەرچووبێ.

المِیتَةُ: حاڵ‌و وەزعێکە لەشێوەکانی مردن ٥ دەگوترێ: (مات فلان مِیتة رضیة) فلانکەس بەشێوەیەکی پیاوانەو باش کۆچی دوایی کرد.

ماتَ الشَّیْئَ موتاً وموتاناً: بەدەستی خۆی

شـــتەکەی هێنـــاو بـــرد تابەتـــەواوی پێکهاتەکانی لێك بوونەوە.

مـــاثَ في المـــاء: شـــتەکەی لەئاوەکـــەدا تواندەوە، تێکەڵاوی ئاوی کرد.

إنْماثَّ الشَّيْئُ في الماء: شتەکە تێکەڵاوی ئاو بوو توایەوە.

ماجَ البَحْرُ موجاً وموجاناً: دەریاکە کەوتە جنبـــوش‌و شـــەپۆلەکانی تێـــکیانەوە هاویـــشت ٥ دەگـــوترێ: (مـــاج القـــومُ) خەڵکەکـــە کاروباریـــان شـــێوا ٥ هـــەروا دەگوترێ: (ماجَ الناسُ في الفتنة).

تَمَوجَ البحرُ: بەمانا (ماجَ) دێ.

المَـوْجُ: شـەپۆل ٥ شـەپۆلی دەریـا ٥ (ك: أمواج).

المَوجـــة: شەپۆلێـــك ٥ (موجـــة الـــبرد) سەرمای زۆر.

المِمْـــواجُ: (کیمـــوغراف) ئامێرێـــکە بـــۆ تۆمـــارکردنی جـــم‌و جـــۆڵی هـــەناو و ڕیخۆڵەو ئەو شتانە.

المـــازُ: ڕەوشـــت جـــوان ٥ قـــسەخۆش، دەرونپاك.

المـــاذيُّ: هـــەنگوینی چـــاك ٥ چەکێـــك هـــەمووی لەئاســـن دروســـت کرابـــێ ٥ وەکوو شمشێرو زرێ‌و کڵاو، خوزە.

الماذِيَة: زرێی نەرم‌و سوك ٥ شەراب.

مـــارَ الـــشَّيْئُ مـــوراً: شـــتەکە کەوتـــە جـــم‌و جۆڵ‌و پاڵەپەستۆ.

مارَ السائلُ على وجه الأرض: شلەمەنیەکە بەســـەر زەوی دا کەوتـــە جـــم‌و جـــۆڵ‌و هات‌و چۆ.

مـــار البحـــرُ: دەریـــا کەوتـــە جـــم‌و جـــۆڵ‌و جۆش‌و خرۆش.

مـــار فـــلان: فڵانکـــەس کەوتـــە هاتوچـــۆو پەلەپەل.

مار الـتراب: گڵ‌و خۆڵەکـە بـوو بەتـەپ‌و تۆزو کەوتە حەوا.

مار السِنانُ في المطعون: سەرە ڕمب‌و سەرە شمشێرەکان لەجەستەی بریندارەکەدا جێگۆڕکێیان کرد.

مارَت الريحُ الترابَ: ڕەشـەباکە گڵەکـەی کردە تەپ‌وتۆزو خستیە حەوا.

أمارت الريحُ الترابَ: ڕەشـەباکە گڵکـەی بەرزکردەوە بۆ حەوا.

أمارَ الدمَ: خوێنی ڕەوانکرد.

امار الـدُهنَ علـى رأسِـه: ڕۆنـی لەسـەر هەڵسو

أمـــار لِـــسانَ في المطعـــون: ســـەرەنێزەو ســـەرە ڕمبـــەکان لـــە جەســـتەی بریندارەکەدا جێگۆڕکێیان کرد.

أمار الصوف أو الـوبرَ: خورییەکـە یـان کوڵکەکەی ڕنیەوە ٥ هەڵی کەند.

تَمَـــوَّرَ الـــشَّيْئُ: شـــتەکە کەوتـــە جـــم‌و جۆڵ‌و هەڵبەزو دابەز.

تَمَـــوَّرَ الرجـــلُ: پیاوەکـە بەپەلـە هـات‌و چوو.

تَمَوَّرَ الوَبَرُ ونحوه عَنْ الدابة: کولکەکە بەری داو کەوتە خوار.

المَورُ: تێگرو تێگوشیوی و شڵەژان ٥ شەپۆلی ئاو ٥ شتی نەرمو نیان ٥ ڕێگای خۆشکراو و تەختکراو.

المُورُ: تەپو تۆزی هەڵچو بەحەوادا ٥ دەگوترێ: (جاءت الریحُ بالمُور) ڕەشەبا تەپو تۆزی هێنا ٥ (ورياح مور) ڕەشەبایەکی تەپو تۆز بەرپاکەرە .

المَوَّارَةُ: (ریح مَوَارَة): ڕەشەبایەکی تەپو تۆز هەڵکەرە ٥ (دابة مَوّارة الید) ولاخێکی خۆشڕۆیە.

المَوْزُ: گیایەکی زەبەلاحو گەورەیە لەوڵاتی گەرمەسێردا دەڕوێندرێ بۆ سود وەرگرتن لەبەرکە کەبریتییە لەمۆز.

المَوَازُ: مۆز فرۆش.

الماسُ: بڕوانە مادەی (الألماس).

المُوسى: گوێزان تەراش ٥ ئامێرێکە موی پێ دەتاشرێ.

الموسیقی: وشەیەکی یۆنانیە بەهەموو لێزانیو کارامایی لەبواری ژمنینی مۆسیقادا دەگوترێ.

المُوسِيقيُّ: مۆسیقار ئەو کەسەی لەپێڕی مۆسیقاژمنانە.

الموسیقار: کەسێک پیشەی ژمنینی مۆسیقا بێ.

ماشَ كَرْمَهُ موشاً: جارێکی تر دوای هەڵپاچینو بڕینی پڕژی میوەکان پێیان داچووەوە هەندێ تولەی ترێ لێ بڕین.

الماشُ: کاڵای کەم نرخ و بێ کەڵکی ناومااڵ ٥ جۆرە ڕوەکێکە لەڕوەکی (القرنیة) دەنکێکی سەوزی خڕی بچوکی هەیە لەولاتی شامو هیندوستان دەڕوێ.

ماصَ الثوبَ ونحوه موصاً: قوماشەکەی بەهێواشی ششت.

ماصَ فاهُ أو أسنانه بالسواك: دەمو ددانەکانی بەسیواك ششت.

ماصَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەدست شێلا.

مَوَّصَ ثیابه: کراسەکەی شتو پاکی کردەوە.

المُواصَةُ: غەسالەی جل شتن.

ماق الرجلُ موقاً ومواقاً: پیاوەکە گێڵو ئەحمەق بوو.

تماوَقَ: گێڵایەتی کرد.

المائق: گێل ٥ گرینۆك ٥ خۆنەگرو ورەنزم.

المُوقُ: ئەحمەقی و گێلو نەفام ٥ گلێنەی چاو ٥ میرۆی باڵدار.

المُوقانُ: خوفێکی ئەستوورە لەسەر خوف لەپێ دەکرێ.

مالَ مَوْلاً و مُؤولاً: مالّو سامانی زۆر بوو.

مالَ فلاناً: مالّو سامانی پێدا.

مَوَّلَهُ: پێویستیاتی بۆ دابین کرد ◊ دەگوترێ: (مَوَّلَ فلاناً) ◊ (مَوَّلَ العَمَلَ).

تَمَوَّلَ: مالّی گەشەی کرد، دەوڵەمەند بوو.

تَمَوَّلَ مالاً: مالّو سامانی پەزمەندە کرد.

المالُ: هەرشتێك بکرێتە مالّو سامان بەمالّ حسێب بکرێ جا کالای بازرگانی یان زەوی و زارە یان پارەو شتی وا یان ئاژەڵو کانو کانزابێ.

المُمَوِّلُ: کەسێك مالّ خەرج بکا لەکارێك دا ◊ باجو گومرك دەر.

المَيْلُ: کەسێك خاوەنی مالّو سامانی زۆر بێ.

المَيْلَةُ: میٚینەی خاوەن مالّ.

المَوْماءُ: دەشتی کاکی بەکاکی ◊ پانو پۆڕ.

المَوْماةُ: بەمانا (المَوْماءُ) دێ.

المومياء: جەستەی مۆمیا کراو لەگۆڕە کۆنەکانی ولاتی میصرو شوێنی تردا.

مائَةُ مونَاً: بزێوی ئەوی خستە سەرشانی خۆی ◊ دەگوترێ: (مان الرجلُ أهْلَهُ) پیاوەکە بزێوی بۆ مالّو منداڵی خۆی دابین کرد ◊ بزێوی زۆری پەزمەندە کرد.

التموين: یاسایەکە دەوڵەت دایدەنێ بۆ دابینکردنی بزێو بۆ هاوڵاتیانی لەبڕی کاتو زوروفی تایبەتی.

المؤونة: بزێو ◊ ئەو بزێوەی پەزمەندە دەکرێ.

ماهت البئرُ موهاً ومؤوهاً: بیرەکە ئاوەکەی دەرکەوت.

ماهت السفينة: کەشتیەکە ئاوی تێچو.

ماهَ فلاناً مَوْهاً: ئاوی دا بەفلان بیخواتەوە.

ماهَ الشَّيْئَ بالشيئ: شتەکەی تێکەڵاو بەیەك کردن.

ماه فلان في كلامه: فلانکەس قسەی تێکەڵو پێکەڵ کردن.

أماهت الأرضُ: زەویەکە ئاوی زۆر بوو ◊ دەگوترێ: (أماهَ من يحفر) هەروا دەگوترێ: (حَفَرَ فأماهَ) و (حَفَرَ بئرَهُ حتى أماهها).

أماهَ الشَّيْئَ بالشيئ: شتەکەی تێکەڵ بەشتەکەی تر کرد.

أماهَ فلاناً وغيره: ئاوی دا بەفلانکەس.

أماهَ الحَوْضَ ونحوه: ئاوی لەحەوزەکەدا کۆکردەوە.

مَوَّهَ الموضعُ: شوێنەکە ئاوی تێدا پەیدا بوو.

مَوَّهَ السماءُ: ئاسمان ئاوی زۆری باراند.
مَوَّهَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەزێڕو زیو ڕوکەش کرد.
مَوَّهَ الحَقَ: حەقی تێکەڵاوی بەتاڵ کرد ٥ دەگوترێ: (مَوَّهَ الحديث) قسەکەی ڕازاندەوە حەق‌و بەتاڵی تێکەڵاو بەیەک کرد.
مَوَّهَ عَلَيْهِ الخَبَرَ: هەواڵەکەی لێ چەواشە کرد ٥ پێچەوانەی پرسیارەکە وەڵامی دایەوە.
تَمَوَّهَ: بۆ موتاوەعەی (مَوَّهَ) دێ.
تَمَوَّهَ الثَمَرُ: میوەکە ئاوی تێ چزاو گەیی‌و گاتی چنینی هات.
الماءُ: ئاو ٥ شلەمەنیەکی گرنگە بۆ ژیان‌و بەبێ ئەو ژیان نابێ کۆڵەکەی ژیانە لەسەر زەوی لەبەیەک گەیشتنی هایدرۆجین‌و ئۆکسجین پەیدا دەبێ ٥ ئاو بۆ خۆی بێ ڕەنگ‌و بێ بۆن‌و بێ تامە ٥ ئاو چەند جۆرێکی هەیە: (ئاوی شیرین، ئاوی سوێر، ئاوی کانزایی، ئاوی موقەتەر، ئاوی گوڵ کەبەهۆی ئامێرێکەوە بەناوەچۆڕی هەڵمی لەگوڵە تەرمکان ئاو دەردەهێنرێ) ٥ دەشگوترێ: (ما احسن ماء وجهه) ڕەونەق‌و گەشەی ڕوخساری چەند جوانە ٥ (ذهبَ ماء شبابه) گەشەو نیشاتی سەردەمی گەنجی بەسەرچوو.
الماءُ: بەمانا (الماءُ) دێ ٥ دەشگوترێ: (رجل ماءُ الفؤاد) پیاوێکە ترسنۆک‌و ورمنزمە.
الماهية: (ماهية الشَّيْئ) کرۆکی شت‌و حەقیقەتی شت ٥ مانگانە، موچەی مانگانە.
الماويّة: ئاوێنە ٥ مانگای سپی ڕەنگ.
المُمَوَّهُ: ڕوکەشکراو بەزێڕ یان بەزیو ٥ شتی ڕوکەشکراو بە بەتاڵ ٥ جوانکراو و ڕازێندراوە ٥ چاو کەپارچە پێستێکی تێدابێ‌و نەهێڵێ ببینێ.
المُوَهَّةُ: ڕەونەق‌و گەشەی دەم‌و چاو ٥ دەگوترێ: (كلام عَلَيْهِ موهةٌ) قسەیەکی ڕازێندراوەمو جوانکراوە ٥ (فلان موهة أهل بيته) فلانکەس قسەخۆشی ناو ماڵ‌و منداڵیەتی.
المَيَّهَةُ: (بئر مَيَّهَة) بیرێکە ئاوی زۆرە.
ماثت الأرضُ مَيْثاً: زەوییەکە نەرم‌و تەخت بوو ٥ (فهي مَيْثاء).
ماث الشَّيْئَ: شتەکەی تواندەوە.
مَيَّثَ الشَّيْئَ: بەمانا (مائَهُ) دێ.
مَيَّثَ فلاناً: فلانکەسی زەلیل‌و ژێردەستە کرد.
مَيَّثَ الدهرُ فلاناً: ڕۆژگار فلانکەسی قاڵ کرد.

تَمَيَّثَ فلان: فلانکەس زەلیلو لەش شێواو بوو.
تَمَيَّثَت الأرضُ: زەوییەکە ناودراو نەرم بوو و فێنک بوو.
المَيْثاءُ: (أرض میثاء) زەوییەکی نەرمو تەخت و خۆشکراوە ٥ تەپۆلکەی باش و بەپیت ٥ (ك: میث).
المَيِّثُ: نەرم ٥ (رجلٌ مَيِّثُ القلب) پیاوێکی دڵنەرمە ٥ (عيش مَيِّث) ژیانی ئاسان.
ماحَ في مِشيته مَيْحاً ومیحوحة: لەڕۆیشتن دا لارو لەنجەی کردو خۆی بادا.
ماحَ مَيْحاً: چووە خوار بۆ بنکی بیرەکە بۆنەوەی دۆڵچەکەی پڕبکا لەناو چونکە ئاوی کەمی تێدا بوو ٥ (فهر مائح) ٥ دەگوترێ: (ماحَ الماءَ و ماحَ أصحابه) ئاوی دەرهێنا، ئاوی بۆ هاوەڵەکانی هەڵێنجا.
ماحَت الريحُ الشجرةَ: ڕەشەباکە درەختەکەی ڕاژاند.
ماحَ فلاناً مَيْحاً: بەخششی دا بەفلانکەس.
إمتاحَ: ئاوی هەڵێنجا.
إمْتاحَ فلاناً: هاتە لای فلانکەس داوای بەخششی لێ دەکا.
إمتاحَت الشمسُ أو العملُ فلاناً: خۆر یان ئیشکردن و ماندوبوون عەرەقی لەجەستەی فلانکەس دەرهێنا.
تمايَحَ الغُصْنُ: لقەدرەختەکە ڕەشەبا هەژاندی.
تمايَحَ الماشي: ڕۆیشتووەکە لەڕۆیشتنی دا لارو لەنجەی کرد.
تمايَحَ السكرانُ: سەرخۆشەکە لارەلاری بوو خوارو خێچ ڕۆیی.
تَمَيَّحَ: بەمانا (تمايَح) دێ.
إسْتماحَهُ: داوای لێ کرد کە بەخششی بداتێ یان تکای بۆ بکا.
الماحَ: زەردێنەی هێلکە ٥ سپێنەی هێلکە تۆپکڵی هێلکە.
المَيْحُ: ڕۆیشتنی مراویانە.
مادَ الشَّيْءُ ميداً ومیداناً: شتەکە کەوتە جم و جوڵو پەلەکوتە.
مادَ الغُصْنُ: لقەدرەختەکە هەژا ٥ ڕاژا.
مادَ فلان: فلانکەس سوڕی داو لارو لەنجەی کرد ٥ توشی سەر سوڕان و سەر لێ تێکچون بوو بەهۆی سەرخۆشی یان ڕۆیشتن بەناو دەریادا.
مادت به الأرض: زەوی لەبەرچاوی خولایەوەو وای دی کەزەوی کەوتۆتە شڵەژان و هەڵخولان.
مادَ السَّرابُ: تراویلکەکە شەپۆلی داو لەبەرچاو کەوتە جونبوش.
أمادَهُ: بەخششی پێدا.
إمتادَهُ: داوای لێ کرد بەخششی پێ بدا.

المائدة: سفرەی نانخواردن، مێزی نانخواردن ◊ (ك: موائد).

المُعْتادُ: داواکاری بەخشش ◊ داواليكراو بۆ بەخشش.

مَيْدَ: دەگوترێ: (فعلته مَيْدَ ذلك) ئەوەم لەبەر ئەوە کرد ◊ وشەی (مَيْدَ) لۆغەتێکە لە (بَيْدَ) ◊ پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: (أنا أفصح العرب مَيْدَ أني من قريش).

مَيْدی: بەمانا بەرامبەر دێ ◊ دەگوترێ: (داری بِمَيْدی داره) خانوەکەم بەرامبەر خانوەکەیەتی.

مَيْداءُ الشَّيْئِ: ئەوپەڕی شتو ئەندازەی شتەکە ◊ دەگوترێ: (لم أدرِ ماميداء ذلك) ◊ دەشگوترێ: (هذا ميداء ذاك، وبميدائه) ئەمە بەرامبەر ئەوەیە.

ميداء الطريق: ناوەڕاستی ڕێگا ◊ دەشگوترێ: (بنوا بيوتهم على ميداء واحد) خانوەکانیان بەرامبەر بەیەك بنیات ناون ◊ هەروا وشەی (ميداء) ناوە بۆ گۆڕەپانی شەڕو گۆڕەپانی یاری تۆپێن.

المِيدان: لۆغەتێکە لە (المَيْدان).

المَيْدَةُ: لۆغەتێکە لە (المائدة).

المِيدَةُ: جێنێکە لەشیشی موسەلەح بۆ هەڵاشی خانو.

مارَ أهْلَهُ ميراً: پێداویستی ژیانی بۆ مااڵو منداڵی خۆی دابین کرد.

مارَ الدواء: دەرمانەکەی تواندەوە ◊ دەشگوترێ: (أمار الزعفران) ئاوی کردە ناو زەعفەرانەکەوەو چەشتی.

أمارَ أوداجَه: سروچکی هەڵبڕی، قۆرتەمەی بڕی.

امتار لأهله أو لنفسه: پێداویستی ژیانی بۆ مااڵو منداڵی یان بۆ خۆی دەستەبەر کرد.

المِيزَةُ: تێشو کە کۆدەکرێتەوە بۆ سەفەر.

المَيَّارُ: ئەو کەسەی تێشو کۆدەکاتەوە.

مازَ الشَّيْئَ ميزاً: شتەکەی جیاکردەوە ◊ (ماز الشَّيْئَ عنه) شتەکەی لێ دوورخستەوە ◊ دەگوترێ: (ماز الأذى عَنْ الطريق) کۆسپو ئەزیەتی لەسەر ڕێگا دوورخستەوە.

مازَ فلاناً عَلَيْهِ: فلانکەسی بەسەر ئەودا پاساودایەوە.

أمازَ الشَّيْئَ: بەمانا (مازَهُ) دێ.

مَيَّزَ الشَّيْئَ: بەمانا (مازَهُ) دێ.

إمتازَ الشَّيْئُ: شتەکە چاکی و ڕەسەنی بەسەر شتی تردا دەرکەوت ◊ شتەکە لەشتەکانی تر جیابۆوە ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَامْتَازُوا الْيَوْمَ أَيُّهَا الْمُجْرِمُونَ﴾.

إمْـاز الـشَّيْئُ: بـەمانا (إمتـاز) دێ ٥ دەشگوترێ: (مِزْتُ الشَّيْئَ فامْازَ) یان (فلم ینمز).

تمـايَزَ القـومُ: خەڵکەکـە گردبوونـەوە، گەلەکۆمـەکێیان کـرد ٥ بلاوەیـان لێ کرد.

تَمَيَّـزَ الـشَّيْئُ: بـەمانا (إمتـاز) دێ ٥ دەگـوترێ: (تَمَيَّـزَ القـوم) خەڵکەکـە بەلایـــەك دا ڕۆیـــشتن، یـــان جیابوونەوە.

تَمَيَّـزَ مـن الغـيظ: خەریکـە لـەڕق هەڵساوی خۆی لێك ببێتەوە.

إسـتماز الـشَّيْئُ: بـەمانا (إمتـاز) دێ ٥ دەگـوترێ: (إسـتماز عَـنْ الـشَّيْئِ) لەشـتەکە دوورکەوتـەوە ٥ (إسـتماز القـوم) خەڵکەکـە کۆمەڵێـکیان لێ جیابوونەوەو یاخی بوون.

التمييـز: لـەزاراوەی نـەحویان دا ئیـسمێکە تـەمو مـژو ناشـکرایی لەشتێـکی پێشەوەی لادەبـا ٥ وەکـوو دەڵێ: (لَبِسَ ثوبين حريراً) ٥ (ما أعدله حاكماً).

المَيْزُ: بەرزبوونەوەو شکۆداریی.

المِيزَةُ: بەمانا (المَيْزُ) دێ.

ماسَ فلانٌ ميساً ومَيساناً: فلانکەس لارو لەنجەی کـردو خـۆی بـادا (فهـو مـائس ومَيـاس) ٥ قـسەی دڵداریو پڕوپوچی کردن.

مَـيَّسَ الـثـوبَ: داوێنـی بـۆ کراسـەکە دروست کرد.

تَمَـيَّسَ فـلان: فلانکـەس لارو لەنجـەی کردو خۆی بادا.

المَيْسُ: دەرەختێکی گەورەیە بـۆ جوانی دەڕوێندرێ بەرێـکی ڕەشی بـچوکی شیرینی هەیە بالندە دەیخـواو زۆری حەز لێیە ٥ لەتوێکڵو ڕمگـەکانی دا مادەیـەکی صـمغی هەیـە ٥ دارمکـەی ڕەقو ســەختە، بــۆ کەرەســـەی دارتاشـی لـەبارە ٥ هـەروا نـاوە بـۆ نـــیری جـــوتکردن بەحـــەیوان کەدەخرێتـــە ســـەر ملـــی دوو ڕەشـەوڵاخو مـژانو هـەوجارێ پێـوە قایم دەکرێو ڕادەکێشرێ.

المَيْـسانُ: لارو لەنجەکـەرو خۆبـادەر لەڕۆیشتن دا هەموو ئەستێرەیەکی دروشاوە ٥ (ك: میاسین).

المَيَّاسُ: بـۆ زێـدەڕۆیی لـەمانای (مـاس) دێ ٥ هـەروا نـاوە بـۆ شـێر چـونکە ئەو لەڕۆیشتن دا خۆی بـادەداو فیـز دەکا.

المَيْـسُونُ مـن الغلمـان: گـەنجی قـەدو بالاجوانو ڕوخسار گەشاوە.

مـاشَ الـشَّيْئَ بالـشيئ: شـتەکەی تێـکەڵ بەشتەکە کرد ٥ دەگوترێ: (ماش اللبنَ

الحلو بالحامض) دۆی شیرینی تێکەڵاوی دۆی ترش کرد ٥ (ماش الصوف بالوبر) خوری‌و کوڵکی تێکەڵ بەیەك کرد ٥ (ماش الكذب بالصدق) درۆو ڕاستی تێکەڵ کرد.

ماط مَيْطاً: دوورکەوتەوە، گۆشەگیر بوو.

ماط به: بردی دوری خستەوە، وەلای نا.

ماط عنه: لێی دوورکەوتەوە.

ماط عَلَيْهِ في حكمه: لەبڕیارەکەی دا ستەمی کرد.

ماط الشَّيْئَ: شتەکەی دوورخستەوە.

ماط الأذى: شتی زیانبەخش‌و کۆسپ‌و تەگەرەی دوورخستەوە ٥ لەسەر ڕێگا ڕایماڵی.

ماط فلاناً: فلانکەسی دەرکرد بۆ پێومنا.

أماطَهُ: دووری خستەوە، لای دا، ڕایماڵی.

أماط الأذى: شتی زیانبەخشی دوورخستەوە.

تمايط القوم: خەڵکەکە نێوانیان تێك چوو.

المِياط: دەرکردن‌و لێ تورەبوون‌و بۆ پێومنان ٥ مەیل کردن ٥ تێگرو تێگوشی‌و ٥ دەگوترێ: (أصبحوا في هياط ومياط) کەوتنە ناو پشێوی‌و شڵەژانەوە.

المَيَّاطُ: یاریکەری بێ بەرنامەو دەستکەوت

ماع الجسمُ مَيْعاً: جەستەکە، قەبارەکە توایەوە ڕەوان بوو ٥ بوخاری ئاوی هەڵمڕی لەهەواداو توایەوە.

ماعَ المِلْحُ: خوێیەکە توایەوە.

ماع السائلُ: شلەمەنیەکە بەسەر ڕوی زەوی دا جاریی بوو بەهێواشی بڵاو بۆوە.

ماع السَّرابُ: تڕاویلکەکە لەسەر زەوی لەپێش چاو واهاتە دیتن شەپۆل بهاوێ.

ماعَ الرجلُ: پیاوەکە ئەحمەق‌و ناکەس بەچەبوو.

أماعَ الجسمَ أماعاً وأماعةً: قەبارەکەی توانەوەو کردیە سائیل‌و ڕشتی، ڕۆیاندی، بڵاوی کردەوە.

إماعَ السَّمَنُ: ڕۆنەکە توایەوە.

الإماعَة: گۆڕینی شتی ڕەقە بۆ شتی ڕون یان غاز.

المائِعَة: ناوە بۆ عەترێکی زۆر بۆنخۆش ٥ صمغێکە لەدرەخت دەردێ ٥ جەو جۆڵی شتی ڕون کە دەکرێتە ناو قاڵبەوە.

ميعة الشَّيْئ: سەرمتای شت.

ميعة الشباب: سەرمتای گەنجی ٥ هەروا (ميعة السّكر) ناوە بۆ سەرمتای سەرخۆشی.

مالَ ميلاً وميلاناً: خوار بوو، لەشێوەی ڕاستی خۆی دەرچوو ◊ دەگوترێ: (مال الحائط) دیوارەکە خوار بوو.

مالَت الشمسُ: خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لای دا تێپەڕی.

مالَ القوامُ: بالاکە باریك بوو، ڕاگرەکەی باریك بوو.

مال عنه: لێی لادا ◊ دەگوترێ: (مال عَنْ الطریق) لەڕێگا لای دا ◊ لەحەقو ڕاستی لای دا.

مالَ إليه: خۆشی ویست ◊ پاڵی بەو دا، لایەنگیری ئەوی کرد.

مال عَلَيْهِ: ستەمی لێ کرد ◊ زۆری بەلاو کارەسات بە سەردادا.

مَيِلَ الشَّيْئُ: شتەکە بەسروشت خوار بوو (فهو أمْيَلَ وهي ميلاء).

أمالَ قارئ القرآن: قورئان خوێنەکە یاسای ئیمالەی لەخوێندنەکەی دا پەیڕەو کرد.

أمالَ الشَّيْئَ: شتەکەی خوار کرد.

أمالَ بالفرس يَدَهُ: هەوساری ئەسپەکەی شل کرد بۆ ئەوەی دەست کراوە بێ.

مَيَّلَ الشَّيْئَ: شتەکەی خوار کرد.

مَيَّلَ بين الأمرين: لەنێوان دووشتەکە ڕاڕا بوو.

تمايل في مشيته: لەڕۆیشتن دا لارو لەنجەی کرد ◊ دەشگوترێ: (بين القوم تمايل) لەنێوان خەڵکەکەدا شەڕو ناژاوە هەیە.

تَمايَلَ الجُلُّ عَنْ الفرس: زینەکە لەسەر پشتی ئەسپەکە خوار بوو.

تَمَيَّلَ في مشيته: لەڕۆیشتن دا لارەلاری بوو ◊ دەگوترێ: (فلان يُتَمَيَّلُ في ظلاله ويُتَفَيَّأ) فلانکەس خاوەن قۆناغو سفرەو خوانە لەژێر سێبەری ماڵەکەی دا ئاتاجو هەژار دەحەسێنەوەو تێر دەخۆن.

إسْتمالَ: مەیلی کرد ◊ دەگوترێ: (مَيَّلَهُ فاستمال) خواری کردو ئەویش خواربوو.

إستمالَ فلاناً وبقلبه: فلانکەسی بۆلای خۆی کێش کرد دڵی بۆلای خۆی هێنایەوە.

الإمالَة: گوتنی پیتی ئەلفە لەنێوان واو یادا ◊ یان گوتنی فەتحە لەشێوەی ژێر.

المِيْلُ: میل: کەڵەکە بەرد یان دیوارێکی باریکە لەسەر ڕێگا دروست دەکرێ بۆ شارەزایی کردنی ڕێبواران ◊ هەروا ناوە بۆ پێوەرێکی زەوی‌وڕێگا ئەندازەکەی جوار هەزار زیراعە ◊ میل دوو جۆری هەیە وشکانی‌و دەریایی ◊ ئەندازەی میلی وشکانی یەکسانە بە ١٦٠٩

مـەتر ٥ ئەنـدازەی میلـی دەریـایی یەکسانە بـە ١٨٥٢ مـەتر ٥ هـەروا وشـەی (میـل) نـاوە بـۆ کلچێوك کـە چاوی پێ دەڕێژرێ ٥ هەروا ناوە بـۆ ئامێرێـك پزیشك قوڵایی برینی پـێ مەزەندە دەکا.

المَـیْلاءُ: (شـجرة مَـیْلاء) درەخـتی لـق و پۆپ زۆر.

مان فـلان مَیْنـاً: فڵانکـەس درۆی کـرد ٥ (فهو مائن ومیان).

تماین القومُ: خەڵکەکە درۆیـان بۆیـەکتر کرد ٥ دەگوترێ: (فلان متماین الـود) فڵانکەس خۆشەویستی ڕاستی نیە.

المَیْنُ: درۆ ٥ (ك: میون).

المِیناءُ: بڕوانە مادەی (ونی).

المِینی: بڕوانە مادەی (ونی).

ماهـت البئـرُ مَیهـاً: بیرەکـە ئـاوی زۆر بوو.

ماهَ فلاناً: فڵانکەسی تێراو کرد.

ماهَ الـسیف بالـذهب ونحوه: شمـشێرەکەی بەئاڵتون و شتی وا روکەش کرد.

مَیَّهَ السَّیفَ: شمـشێرەکەی لەبـەر خـۆر دانا بۆئەوەی ئاوی بڕوا.

ن

النون: پیتی بیستو پێنجەمە لە پیتەکانی هیجا.

شوێنی هاتنەدەرەوەی سەری زوبان، بنکی دندانی پێشینەی لای سەرەوەن.

نەم پیتە چوار جۆرە:

١- نون التوكيد

٢- نون الإناث

٣- نون الوقاية

٤- النون الزائدة.

نَاتَ نَأتاً ونَتيتاً: نالاندی ٥ لەسەرە خۆ کارمکەی کرد.

نَاثَ عنه نَأثاً: لێی دوورکەوتەوە ٥ تەمبەڵی نواند.

أنَاثَهُ: دووری خستەوە.

نَاجَ البومُ نَأجاً ونَئيجاً: کوندە بووەکە گماندی قراندی.

نَأجَت الريحُ: بایەکە بەتوندیی هەڵبوو هاشەو وژەی زۆری بەرپاکرد.

نَاجَ الإنسان: نادەمیزادەکە بەخوشوع و حەزینەوە کەوتە پاڕانەوە و لالانەوە.

نَاجَ في الأرض نَوْجاً: بەناو زەوی دا ڕۆیی.

نَاجَ الخَبَرُ: هەواڵەکە بەناو وڵات دا بڵاو بۆوە.

النَّئيجُ: دەگوترێ: (للريح نئيج) بایەکە ڕۆیشتنی خێراو هاژەو وژەی هەیە.

نَأدتِ الأرضُ نَأداً: زەوی کەوتە جەو جوڵو فشەڵ بوون.

نأدت الداهِية فلاناً: بەڵاو کارەساتەکە فلانکەسی گرتەوە زەبری خۆی پێگەیاند.

النَّؤودُ: بەڵاو کارەسات.

نَأرت نائرة في النَاس نَأراً: پشێوی و چەواشەکاری لەناو خەڵک دا پەیدا بوو.

النَّؤورُ: دوکەڵی پیو و بەزی برژاو.

الناسوت: سروشتی نادەمیزادیی ٥ بەرامبەرەکەی (اللاهوت)ە ٥ واتە سروشتی خودایی.

نَاشَ الشَيْئَ نَأشاً: بەتوندی و لەناکاو پڕی بەشتەکەدا کرد ٥ شتەکەی دوورخستەوە ٥ دەشگوترێ: (نَأشَ الأمْرَ) کارەکەی دواخست.

إنْتَأشَ الشيئَ: شتەکە دواکەوت و دوورکەوتەوە.

إنْتَأشَ الله فلاناً: خودا فلانکەسی دەرهێناو ڕزگاری کرد.

تَنائَشَ: دواکەوت، دوورکەوتەوە.

تَنَائَشَ الشيئَ: لەدوورەوە شتەکەی گرت کۆنترۆڵی کرد.

النُّوش: بەهێزو هەڵمەت.

نَافَ نَافاً: کۆششی کرد.

نَتَفَ الطعامَ نَافاً: باشترینی ماڵەکەی خوارد.

نَتَفَ من الشراب: لەشەرابەکە تێراو بوو.

نَالَ نَالاً ونَالاناً: ڕۆیی ٥ سەری بەرمو حەوا هەڵبڕی.

نَالَ الفَرَسُ وغیرہ: نەسپەکە لەڕۆیشتن دا خۆی بادا تەکەتەکی کرد.

نامتِ القَوْسُ نئیماً: قەوسەکە دەنگی لێ هات.

نَامَ الرجلُ: پیاوەکە بەهێواشی نالاندی.

النَّامَةُ: دەنگی قەوس ٥ دەنگی نزم هی هەرشتێك بێ ٥ ئاوازی گۆرانی.

النَّئیمُ: بەمانا (النَّأمَةُ) دێ.

نَأَى في الرأي نَأياً: ڕاو بۆچونەکە تێکەڵو پێکەڵ بوو هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو.

نَأَى عنه: نەیگەیشتێو نەیتوانی بیگاتێ.

نَاى بجانبه: لوتبەرزی نواند، خۆی بەزل زانی.

نَاى النُّؤْيَ: بەدەوری خێمەکەدا جۆگەی ڕاکێشا بۆنەوەی ئاو سەر چادرەکەی نەگەڕێ.

أنَاى الشَّيْئَ : شتەکەی دوورخستەوە.

أنَاى الخِباءَ: جۆگەی بەدەوری خێوەتەکەدا لێدا بۆئەوەی ئاوەڕۆی لێ دوور بخاتەوە.

إنْتَاى نُؤْياً: جۆگەلەی دەوری خێومتی دروست کرد.

تَناءوا: دوورکەوتنەوە.

المُنْتَاى: شوێنی دوور.

النُّؤْيُ: جۆگایەکە بەدەوری خێمەدا لێ دەدرێ بۆئەوەی ئاوی لافاو نەچێتە ژێر خێمەکە.

النَّايُ: ئامێرێکی مۆسیقایە ٥ بلوێرو شمشاڵ ٥ کەدەنگی حەزینی هەیە مەولانای ڕۆمی دەڵێ:

(بشنو أز نی چون حیکایت میکند وزجدایها شکایت میکند)

نَبَا الشَّيْئُ نَبْئاً ونُبُوءاً: شتەکە بەرز بۆوە، دەرکەوت.

نَبَا من أرض الى أرض أخرى: لە وڵاتێکەوە چوو بۆ وڵاتێکی تر.

نَبَا على القوم: هاتە سەر خەڵکەکەو هێرشی کردنە سەر.

نَبَا نَبْأً: بەهێواشی دەنگی لێ هات.

نَبَا الرجلُ نَبْئاً: پیاوەکە هەواڵی پێ بوو خەبەری لێ دا.

أنْبَا الخَبَرَ: هەواڵی دا.

نابَاءَ مُنابَأةً: هەریەك لەو دووانە هەواڵیان بەیەکتری دا.

نابَأ القومَ: وازی لە خەڵکەکە هێناو

لێیان دوورکەوتەوە.
نَبَّأَه الخبرَ وبالخبر: هەواڵی پێدا.
نَبَّأتُ زَيْداً عمراً خارجاً: هەواڵم بەزەید دا کە عەمر چوومتە دەر.
تَنَبَّأ: لافی پێغەمبەرێتی لێ دا.
تَنَبَّأ بالأمر: پێشبینی بەرووداوی کارەکەی کرد.
إسْتَنْبَأ الرجلَ: داوای هەواڵی لە پیاوەکە کرد.
إسْتَنْبَأ النَبَأ: لە هەواڵەکەی کۆڵیەوە.
النَّبْأة: دەنگ کە زۆر گەورە نەبێ.
سمعت نَبْأةً: گوێم لە دەنگێك بوو ٥ هەروا ناوە بۆ تەپۆڵکەو بەرزایی کێو.
النُّبُوءة: پێغەمبەرێتی: پلەو پایەیەکە خودا دەیبەخشێ بەهەندێك لە بەندە هەڵبژاردەکانی خۆی، نیگایان بۆ دەنێرێو دەیانکاتە پەیامبەری خۆی بۆ سەر بەندەکانی ٥ هەندێك جار پەیامەکە هەر بۆ پێغەمبەرەکان خۆیانەو بەس ٥ هەوڵدان لە شتو مەزەندەکردنی پەیدابوونی.
النَّبِيُّ: پێغەمبەر ٥ پەیام هێنەر لە خوداوە، پەیام بۆ نێردراو ٥ شوێنی بەرزو تەپۆڵکەی پانەوەبوو بەزەوی دا.
نَبَّ التَيْسُ نَبّاً ونبيباً: نێرەبە کە مرقاندی، باڕاندی.
نَبَّتَ النبات: ڕوەکەکە پەڵو قەدو لاسکی کلۆڕی هەبوو.
تَنَبَّتَ الماءُ: ئاوەکە بەناو بۆڕی دا ڕۆیی، چووە ناو بۆڕییەوە.
الأنبُوبُ و الأُنْبُوبَةُ: نێوان دوو گرێ لە لاسکو پەڵی ڕوەك دا ٥ لە قەفەژاژدا ٥ هەرشتێك لوڵو ناوبۆش بێ وەکوو قەفەژاژو بۆری ئاو و بۆری پلاستیکو شتی وا.
أنابيب الرِئة: بۆری هەناسە.
نَبَتَ الزَرْعُ نبْتاً ونباتاً: ڕوەکەکە ڕواو دەرکەوتو لەزەوی بەرز بۆوە.
نَبَتَت الأرضُ: زەوییەکە ڕوەکی لێ پەیدا بوو.
نَبَتَت ثدي الجارية: مەمکی کچۆڵەکە بناغەیان داناو قیت بوون.
أنبَتَت الأرضُ: زەوی ڕوەکی دەرهێنا.
أنْبَتَ اللهُ البَقْلَ: خودا ڕوەکی ڕواند، لەزەوی ڕوەکی دەرهێنا.
نَبَّتَ الزرعُ: کشتو کاڵەکە بۆ یەکەم جار لەزەوی سەری دەرهێنا.
نَبَّتَ الشجرَ: دارەختەکەی ڕواند، چەقاندی.
نَبَّتَ الصَّبِيَّ: منداڵەکەی باش پەروەردە کردو سەرپەرشتیاریی بوو.
تَنَبَّتَ الشَّيْئُ: بەمانا (نَبَتَ) دێ.
المَنْبِتُ: شوێنی ڕوانی ڕوەکو درەخت ٥

بنەماو ئەصڵ.

النابتة: کوڕو کچ کە لەتەمەنی منداڵی تێپەڕن‌و هێشتا باش قاڵ نەبووبن.

النَّبـاتُ: ڕوەك کـە ڕەگ‌و ڕیـشاڵی هەبن‌و تـەڕ بێ لـەزەوی دابێ‌و ئـاو بـدرێ یـان لـەناو ئـاودا بـێ ٥ یـان درەخت‌و ڕوەك بەگشتی.

علـم النبـات: زانیـاری ڕوەکناسـی‌و چۆنیەتی گەشەکردنی‌و جۆرەکانی.

النَّبَـاتِيُّ: کەسـێك خـەریکی زانیـاری ڕوەکناسی بێ.

رجل نبـاتيٌّ: پیاوێکە خـواردنی ڕوەکە بژێوی ڕوەکەو بەس.

دهـن النبـاتيُّ: ڕۆنێکە ڕاستەوخۆ لـە ڕوەك دەرهێنراوە.

النَّبْتُ: بەمانا (النّبات) دێ.

النَّبْتَـــةُ: حاڵـــەت‌و وەزعـــی روەك‌و چۆنیەتییەکانی.

النَّبوتُ: لق‌و پۆپی درەخت ئەو لقانەی لەســـەر قـــەدی درەخـــت ســـەر هەڵـــدەدەن ٥ بەگۆچـان‌و عەصـای درێژیش دەگوترێ.

اليَنبـوتُ: چـڵە درەختێکـە لـەپێڕی (القرنية) گەڵاکەی‌و گوڵەکەی دەبنـە هۆکاری ڕشاندنەوە.

نَبَـثَ عَـنْ الأمـر: لەکارەکـەی کۆڵیـەوە ٥ دەگـوترێ: (نبـث عَـن عيـوب النـاس) عـەیب‌و عـاری خـەڵکی دەرخـست‌و بڵاوی کردەوە.

نَبَثَ الأرضَ: گڵی زەوییەکەی کێڵایـەوەو هەڵیکۆڵی.

نَبَثَ الترابَ: گڵەکەی دەردا ٥ (فهو منبـوث ونبيث).

إنْتَبَـثَ الـترابَ: گڵەکـەی لەبیرەکـە یـان لەچاڵەکە دەردا.

تنابَثَ القـومُ: خەڵکەکـە هـەر یەکـەیان دەیەویـست نهێنـی ئـەوی تریـان دەربخاو بڵاوی بکاتەوە.

الأنبوثـــةُ: یارییەکـــە منـــداڵ شـــتێك دەشـــارنەوە لـــەناو گـــڵداو دوایـــی دەست دەکەن بـە گـەڕان بـەدوی دا هەرکەسێ بیدۆزێتەوە براوەیە.

النَّبيثُ: دەگوترێ: (مـا رَأيـتُ بـالأرض نبيثـاً) لـە زەوییەکـەدا هـیچ شـوێن پـێ‌و ئەسـەرێکم نـەبینی ٥ هـەروا دەگـوترێ: (فـلان نبيـث خبيـث) فڵانکەس شەڕانی‌و پیسە.

النَّبيثةُ: گڵی بیرو ڕوبار ٥ نهێنی ٥ (ك: نبائث).

نَبَجَ نَبْجاً: بـەرز بـۆوە ٥ دەگـوترێ: (نَـبَجَ الجُرحُ) برینەکە هاوسا ٥ (نَـبَجَ العظـمُ) ئێسقانەکە هاوسا.

نَبَجَ صوته نَبيجاً: دەنگی زۆر بەهێز بوو ٥ دەگوترێ: (رجل نابج الصوت) پیاوێکی دەنگ گەورەیە.

نَبَحَ الكلبُ نَبْحاً ونبيحاً: سەگەکە لوراندی.

نَبَحَ الكلبُ فلاناً وعليه: سەگەکە بەفلانکەس وەڕی بەسەریا لوراند.

أنْبَحَ الكَلْبَ: سەگەکەی هێنایە وەڕینو لوراندن.

إسْتَنْبَحَ الكلبَ: سەگەکەی هێنایە وەڕینو لوراندن.

النُّباحُ: وەڕینو لوراندنی سەگ.

النَّبَّاحُ: بۆ موبالەغەو زێدەڕۆیی لەمانای (نَبَحَ) دێ ◊ دەگوترێ: (کلب نَبَّاح) سەگێکە زۆر دەوەڕێ زۆر دەلوڕێنێ ◊ دەنگی زۆر گەورەیە.

نَبَخَ العَجين نبوخاً: هەویرەکە هەڵاتو گورا فشەڵ بوو.

النُّبْخَةُ: بلۆقو زیبکە: کە پڕدەبن لەئاو لەسەر روخسارو پەیدا دەبن جا یا لەئاکامی گەرمی یان کارکردن.

نَبَذَ نَبْذاً و نَبْذاناً: تەکەتەکی کرد، هەڵبەزو دابەزی کرد ◊ فڕکە فڕکی کرد لێی دا ◊ دەگوترێ: (نَبَذَ عِرقُهُ) ◊ (و نَبَذَ قلبُهُ) دڵی لێی دا.

نَبَذَ التَّمْرُ: خورماکە بوو بە نەبیز، بووبە سرکە.

نَبَذَ الشَّيْئَ: شتەکەی فڕی دا ◊ دەگوترێ: (نَبَذَ النواةَ) ◊ (ونَبَذَ الكتابَ).

نَبَذَ الأمْرَ: ئیشەکەی ئیهمال کرد، پاشگوێی خست.

نَبَذَ العهدَ: وادەو پەیمانەکەی هەڵوەشاندەوە.

نَبَذَ التَّمْرَ: خورماکەی کرد بەسرکە.

نابَذَهُ الحَرْبَ: بەئاشکرا شەڕی لەگەڵ دا دەست پێ کرد.

نابَذَ فلاناً: بەهۆی جیاوازی بیرو باوەڕەوە لە فلانکەس جیا بۆوە.

نَبَّذَ التمرَ أو العنب: سرکەی لەخورما یان لەترێ دروست کرد.

إنْتَبَذَ فلان: فلانکەس لەلایەکەوە گۆشەگیر بوو.

إنْتَبَذَ عَنْ القوم: لەخەڵکەکە گۆشەگیر بوو.

إنْتَبَذَ التَّمْرَ: خورماکەی کرد بە سرکە ◊ بەبیرە.

إنْتَبَذَ ناحية: گۆشەگیر بوو، تەرە بوو، دابڕا. لەخەڵکەکە دوورکەوتەوە.

تنابَذَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە کێشەو ڕکەبەری لەگەڵ یەکتر، دژایەتی یەکتریان کرد.

المِنْبَذَةُ: سەرین، پالیف.

المنبوذُ: فڕێ دراو، قێز لێ کراو ◊ دەگوترێ: (إلْتَقَطَ فلان مَنْبوذاً) فلانکەس فرێدراوێکی هەڵگرتەوە.

المنبوذون: پێڕێکن لە هیندوستان کۆمەڵگای هیندی بەچاوی سوک

سەیریان دەکا، هەژارو ژێردەستەو چەوساوەن.

النَّبَّاذُ: سەرکە دروستکەر (بیرە دروستکەر).

النَّبْذُ: شتی کەم ◊ دەگوترێ: (في رأسه نبذ من شيب) سەری کەمێك موی سپی تێکەوتوون.

النَّبْذَةُ: ناحیەو دەڤەر.

النُّبْذَةُ: پارچەیەك، نمونەیەك لەشت ◊ دەگوترێ: (نُبْذة من كتاب) ◊ (نُبْذة من رواية).

النَّبِيذُ: فرێدراو ◊ بیرە ◊ شەرابێك لەترێو خورما دروست بکرێو سەرخۆشکەر بێ.

نَبَرَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەرز کردەوە ◊ دەگوترێ: (نَبَرَ في قرائته، أو غنائه) لە خوێندنەوەکەی دا یان لە گۆرانی وتنەکەی دا دەنگی بەرز کردەوە.

نَبَرَ الحرف: هەمزەی خستە سەر ئاخری وشەکە.

نَبَرَ القُرَادُ الدَّابَّةَ: گەنەکە ولاخەکەی گەست ◊ دەشگوترێ: (نَبَرَ فلاناً بلسانه) غەیبەتی فلانکەسی کرد.

إنْتَبَرَ الشَّيْئُ: شتەکە بەرز بۆوە.

إنْتَبَرَ الجُرْحُ: برینەکە هاوسا.

إنْتَبَرَ الخطيبُ: وتارخوێن چووە سەر دوانگە.

الأنبارُ: عەنبار خانوێکە بازرگان کاڵای تێدا کۆدەکاتەوە، عەنبارێکە دانەوێڵەی تێدا هەڵدەگیرێ ◊ کۆمەڵە گەنم.

المِنْبَرُ: دوانگە ◊ شوێنی وتار خوێندنەوەی وتارخوێن.

النَّبْرُ في النطق: جیاکردنەوەو دەرخستنی برگەیەکی وشەیە لەکاتی وتنی دا.

النَّبْرُ: گەنە ◊ (ك: أنبار ونبار).

النَّبْرَةُ: بەرزایی لەهەر شتێك دا بێ هاوسان، ناوەڕاستی چاڵی دەرەوەی لێو ◊ پیتی هەمزە ◊ دەنگ بەرزکردنەوە لەکاتی وتنی وشەیەکو بە پشتیوانی پیتێك لە پیتەکانی ◊ بە گوێرەی گۆڕانی شوێنی دەنگ هەڵپرینەکە لە وشەکەدا زاراوەکان لێك جیادەکرێنەوە.

النِّبْراسُ: چرا ◊ سەرە ڕمبی پان.

نَبَزَهُ نَبْزاً: ڕەخنەی لێ گرت ◊ (نَبَزَهُ بكذا) نازناوی ئەوەی لێ نا.

نَبْزَةُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نَبَزَهُ) دێ.

تنابَزوا بالألقاب: بە نازناوی ناشیرین یەکتریان لەکەدار کرد: حوسەکوێر، حەمە کەچەڵ، خولە شەل ◊ سەلیم جاش، جەلال گونەگا، عەلە ورگە، قالە دز.

النَّبْزُ: نازناێك لەكەدار كردنی تێدا بێ.

النَّبَزَةُ: كەسێك زۆر نازناوی لەكەدار كردن بەخەڵك بڵێو هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بێ ناو و ناتۆرەی ناشرینیان بۆ بدۆزێتەوە.

النَّبْزَةُ: كەسێك نازناوی ناشرین بۆ خەڵك دابنێ.

نَبَسَ نَبْساً ونُبْسةً: لەبەر خۆیەوە لێوی جوڵاندنو ورتە ورتی بوو ◊ بەزۆری بۆ نەفی بەكاردێ دەگوترێ: (ما نَبَسَ ببنت شفة).

أنْبَسَ: لەبەر بێ دەسەڵاتی بێدەنگ بوو.

نَبَّسَ: بەمانا (نَبَسَ) دێ.

نَبَشَهُ نَبْشاً: هەڵیكۆڵی و شی كردەوە بۆنەوەی بزانێ چی تێدایە دەری بێنێ ◊ دەگوترێ: (نبش الأرض، ونبش القبر، ونبش البِئرَ).

نبش المستور: شاردراوەكەی دەرخست.

نبش الأسرار: نهێنیەكانی ناشكرا كردن.

نبش الحديث و عَن الحديث: لە فەرموودەكەی كۆڵیەوە.

إنْتَبَشَ الشَّيْئَ: شتەكەی لە پەنا پاسارو قوژبنی خۆی هێنایە دەرەوە.

الأنبوشُ: نەوەی هەڵدرابێتەوە، شەند كرابێتەوە ◊ دەرەختی چەقێندراوی هەڵكەندراو بە رمگو ڕیشەوە ◊ (ك: أنابيش).

أنابيش الكلأ: نەو نەومڕو گژوگیایەی لەزەوی بەرزبۆتەوەو پەڵەپەڵەیە.

ألنَّبَّاش: گۆڕهەڵدەرەوە بۆ كفن دزین.

النَّبَّاشةُ: پیشەی گۆڕهەڵدانەوەو كفن دزین.

نَبَعَ الغلام بالطائر والكلب ونحوهما: كوڕەكە فیكەی بۆ بالندەكە یان سەگەكە كرد بانگی كرد بێتەوە ◊ بگەڕێتەوە.

نَبَعَ بالكلمة: وشەكەی بەنقەنق دەرپەڕاند، ڕەوان نەبوو.

نَبَضَ الشَّيْئُ نَبْضاً ونبضاناً: لە شوێنی خۆی جوڵا ◊ فڕكە فڕكی كرد، پەلەپەلی كرد ◊ دەگوترێ: (نَبَضَ القلبُ، و نَبَضَ العرقُ) و (نَبَضَ البرق، و نَبَضَت أمعاؤه).

نَبَضَ الماءُ: ئاوەكە بەرز بۆوە سەر ڕێژی كردو ڕەوان بوو.

أنْبَضَهُ: خستیە جەو جوڵ ◊ دەگوترێ: (أنْبَضَ القوسَ وأنبضَ الوَتَرَ) كەوانەكە یان ژێیەكەی لەراندەوە.

أنبضته الحمى: لەرزوتا وەشەقە تۆڵەی هێنا.

نَبَّضَهُ: بەمانا (أنبضه) دێ.

المَنْبِضُ: نەو خشپەو خشەو تڕپەو سیكەو زیكەو شتە كە دەبیسترێ لە

شتی جولاو و هەستی پێ دەکرێ ٥ دەگوترێ: (جَسَّ الطبیبُ مَنْبِضَهُ).

المِنْبَضُ: کەوانی هەلاجە کە لۆکەی پێ شی دەکاتەوەو پاکی دەکاتەوەو خاشاکی لێ دوور دەخاتەوە.

النَّبْضُ: لێدانی شارەگە خوێنبەرەکانە بەهۆی وێکهاتنەوەی دڵو کرانەوەی: کە دەکرێتە نیشانە بۆ جۆنیەتی جەستە لەڕوی تەندروستیەوە ٥ دەگوترێ: (جَسَّ الطبیب نَبْضَهُ) دەشگوترێ: (فلان نَبْضُ الفؤاد) فلانکەس زیرەکە، وریایە.

نَبَطَ الشَّیْئُ: شتەکە دوای ونبوونو دیارنەمانی دەرکەوتەوە، هاتەوە بەرچاو ٥ دەگوترێ: (حَفَرَ الأرض حتی نبط الماء): زەوییەکەی هەلکۆڵی تا ئاوەکەی دەرخستەوە ٥ (جَدَّ في التنقیب حتی نَبَطَ المَعْدِنُ): زەوی دۆزی کرد تا مەعدەنو کانەکە دەرکەوت.

نَبَطَ الشَّیْئَ نَبْطاً: شتەکەی دەرخست ٥ خستیە ڕوو.

نَبَطَ العِلمَ والحِکمَةَ: زانیاریو حیکمەتی دەرهێناو بەناو خەڵک دا بڵاوی کردەوە.

اَنْبَطَ الحافر: سمەکە چەقی (سمی ولاخەکە ڕۆچوو).

اَنْبَطَ الشَّیْئَ: بەمانا (نَبَطَهُ) دێ.

اَنْبَطَ جواب السؤال: وەڵامی پرسیارەکەی دەرهێنا.

اَنْبَطَ حکم القضیة: بڕیاری پێویستی دەربارەی ڕوداوەکە دەرهێناو ڕونی کردەوە.

تَنَبَّطَ: خۆی بەنەتەوەی (نەبەتی) شوبهاند ٥ خۆی پاڵ ئەوان دا.

تَنَبَّطَ الشَّیْئَ: شتەکەی دەرخست.

إنْتَبَطَ الکلام: قسەکەی دەرهێنا.

إسْتَنْبَطَ فلان: فلانکەس بوو بە هۆزی (نەبەتی).

إسْتَنْبَطَ الشَّیْئَ: بە کۆششو ماندوو بوون شتەکەی دەرهێنا ٥ دەگوترێ: (إسْتَنْبَطَ الفقیه الحکم) شەرع زانەکە حوکمی ڕوداوەکەی دەرهێنا.

إسْتَنْبَطَ الجواب: لە شێوەی پرسیارەکە وەڵامەکەی دەرهێنا.

إسْتَنْبَطَ من فلان خَیراً: هەواڵەکەی لەفلان دەرهێنا بە ماندوبوونی زۆرو تێکۆشانی بێ وچان.

الأنْباطُ: گەلێکی سامی نژادن، حکومەتو فەرمانڕەوایەکیان هەبوو لە شیمالی نیوە دورگەی عەرەبو پایتەختەکەیان (سلع) بوو نێستا ناوەکەی گۆڕاوەو ناویا ناوە (البراء) ٥ هەروا ناوە بۆ کۆمەڵێك

خـەڵکی تێکـەڵاو و هەمـەجۆر: کـە عەرەب نژاد نەبن.

النَّبَطُ: بەمانا (الأنباط) دێ ٥ ئـاوی بـیر کـە دەردەکـەوێ یەکـەمجار لـەکاتی هەڵکەندنی دا ٥ دەشگوترێ: (فـلان لایـدرك نَبَطُـهُ) فلانکـەس کـەس لـەناخی حـاڵی نابـێو زانیـاری و حیکمـەتی هێنـدە زۆرە دەرك ناکرێ.

النُّبَطَـةُ: ئـاوی بـیر کـە یەکـەمجار دەردەکەوێ.

نَبَعَ الماءُ من الأرض نَبْعاً: ئاوەکـە لـەزەوی هەڵقوڵا.

نَبَعَ العَرَقُ مـن البـدن: ئارەق لـە جەستە دەرچوو ٥ چۆرایە خوار.

أنْبَعَ الماءَ ونحوه: ئاوی هەڵقوڵاند (هەڵی هێنجا).

تَنَبَّـعَ المـاءُ ونحـوه: ئاوەکـە کـەم کـەم هاتەدەر.

المَنْبَـعُ: سەرچـاوەی ئـاو ٥ سەرچـاوە و کان.

النَّابِعَةُ: ڕێڕەوی عەرەق لە جەستەدا ٥ دەگوترێ: (نَضَحَت النوابعُ بالعرق).

النَّبْعُ: درەختێکە لەبەرزایی کێو و کەژ دەڕوێ ٥ لـە چـیلکەکانی سـەرەتیر دروست دەکرێن ٥ دەشگوترێ: (فلان صـلیب النَّبْـع) فلانکـەس ڕەقو ملنەدەرە ٥ بەیەدەست نابێ.

النَّبیـعُ: بـەمانا (النـابِعُ) دێ ٥ بـەمانا (عەرەق) دێ.

اليَنْبوعُ: سەرچاوەی ئاو، کانیو کارێزی ئاو ٥ (ك: ينابيع) ٥ دەشگوترێ: (فجر الله ينابيع الحكمة على لسانه).

فَبَـغَ المـرأ في العلـم: مرۆڤەکـە لـەبواری زانیـاری دا سـەرکەوتوو هەڵکـەوتوو بوو.

فَبَغَ الشَّيْئُ من الشَّيْئ: شتەکە لەشتەکەوە دەرکەوت ٥ دەشگوترێ: (فَبَـغَ أمـر منـه ماكنا نتوقعه) و (نبغ من قلبه ما أضمره).

نَبَّـغَ النخـلَ: تـۆزی تـۆوە نێرەکـەی بـە خورماکـە کـرد بـۆ ئـەوەی تـەڵقیح ببێو بەربگرێو هەڵی پێچێ.

النَّـابِغُ والنَّابِغَـةُ: هەڵکـەوتو داهێنـەر لەبواری زانیاریو فەن دا.

النُّباغُ: تـەپو تـۆزی شت ٥ دەگـوترێ: (نبـاغ الـدقيق) تـەپو تـۆزی ئـارد ٥ (نباغ الطريق) تەپو تۆزی ڕێگا.

النُّباغ والنُّباغَةُ: پێستی سـەر و ئـەوەی پەیوەنـدی بـە بنکـی قـژی سـەرەوە هەیە.

النَّبِغُ: بەمانا (النُّباغُ) دێ.

النَّبیـغُ: هەڵکەوتـە، مرۆڤـی نـاوازەو نائاسایی.

النَّبْـقُ: بـەری درەختـی سـیدر ٥

دره‌ختێکه له پێڕی (السِّدرية) زۆر بـەرز نابێتـەوه، لقـەکانی سـپی‌و لوسـن گـوڵی بـچکۆله‌ی هەیـە، میوەکـەی شـیرینه و دەخـورێ، لـه وڵاتـی میـصرو ئـەفریقیا دەڕوێ ◊ هـەروا نـاوه بـۆ ئاردەڵوکەیـەك لـه مۆخی لقەدار خورما دێتـه دەرو لـه دروستکردنی نەبیزدا بەکاردێ.

نَبَكَ المكـانُ نبوكـاً: شوێنەکه بـەرز بـۆوه (فهو نابك).

النَّبْكَةُ: زەوییەك بەرزو نزمـی تێدابێ تورکـه تورکه بـێ ◊ کۆمەڵـه گلێـك لای سەروی تیژ بێ.

أنْبَكَ المكانُ: بەمانا (نَبَكَ) دێ.

أنْبَـكَ القـومُ: خەڵکەکـه کـۆك بـوون لەسەر شەڕکردن.

نَبَـلَ النَّبْـلَ نَـبْلاً: سـەرەتیری باشـی دروستکردن ◊ دەشگوترێ: (هـو يَنْبُـلُ هذا الأمر) ئەو لەم کاره باش دەزانـێ‌و چاکی ڕێك دەخا ◊ (هو يَنْبُـلُ الرسـمَ أو التمثيل) ئـەو کارامایـه لـه ڕەسـم کـردن یان له شانۆگەری دا.

نَبَـلَ الهـدفَ: تـیری ئاڕاستـەی نیـشانەکه کرد، تیربارانی شتەکەی کرد.

نَبَلَ على فريقه في القتال: له شـەڕدا تـیری دابەش کرد بەسەر تاقمەکەی دا.

نَبَـلَ أقرانـه: لـەتیر هاویـشتن دا بەسـەر بەرامبـەرەکانی بەسـەر هاوەڵـەکانی دا زاڵ بوو.

نَبُلَ نُـبْلاً ونَبَالَـةً: گـەورەو شکۆدار بـوو ◊ دەگـوترێ: (أجـاد غـذاءها حتـى نَبُـلَ جِـسْمُها) بـژێوی چـاکی پێـدا باشـی پەروەردە کـرد هـەتا جەسـتەی گـەورە بوو تێکسمڕا ◊ جـوانی پـەروەردە کـرد تـا ڕەوشـتی جـوانی تێـدا ڕوانـدن ◊ ڕەوشت بەرز دەرچوو.

نَبُلَ فلان: فلانکەس خانەدان‌و وەجاغزادە دەرچـوو ◊ خـەڵکی مـەدحی دەکـاو خۆشیان دەوێ ◊ دەگوترێ: (رجل نبيل الرأي): پیاوێکی ڕادروست‌و ڕاپەسـەندە ◊ (إمرأة نبيلة الحسن): ئافرەتێکی شۆخ‌و شەنگه لەجوانی دا تەواوه ◊ (ك: نبلاء) بۆ نێرینه بۆ مێینه (نبائل و نبيلات).

أنْبَلَ فلان: فلانکەس منـدانێکی عـاقڵ‌و ڕەوشت بەرزی بوو.

أنْبَلَ فلاناً: سەرەتیری دا به فلانکەس.

أنبل السِهام: سـەرەتیرەکانی ئەستوور کردن.

نابِلَـةُ: لـەتیر ئەنـدازی دا یـان لـەوەجاغزادەیی دا پێـشی ئـەو کەوت‌و بەسەری دا زاڵ بوو.

نَبْلَةُ: سەرەتیری دایه بۆئەوەی بیهاوێ.

نَبَّـلَ القـوسَ: تـیری خـستە نـاو کەوانەکەوه.

تَنابَلَ القومُ: خەڵکەکە کێشەیان تێکەوت ناخۆ کامەیان ڕەسەنترو خانەدان تر لەم بارەوە کەوتنە مقۆمقۆ ٥ یان کێیان باشتر دەزانێ تیر دروست بکا.

تَنَبَّلَ فلان: فلانکەس گەورە بوو ٥ خۆی شوبهاند بە عاقڵمەندان ڕابەسندان ٥ تیری لەگەڵ خۆی هەڵگرتن.

تَنَبَّلَ الشَّيْءَ: شتەکەی چاك ئەنجام دا ٥ شتە باشەکەی گرتەوە ٥ دەگوترێ: (أصابته خطوب تنبّلَتْ ما عنده) بەڵاو کارەسات توشی هات و شتە باشەکانی لێ فەوتاند.

إِنْتَبَلَ النُّبْلَ: سەرە تیری ئامادە کردن.

إِنْتَبَلَ للأمر نَبْلَهُ: خۆی بۆ کارەکە ئامادە کرد ٥ ئامێری پێویستی بۆ کارەکە ڕەخساندن.

إِسْتَنْبَلَهُ: داوای تیری لە فلان کرد.

إِسْتَنْبَلَ الشَّيْءَ: لە شتەکە ئەوی باش و بەکەڵك بێ بردی.

النَّابِلُ: لێزان و کارامە لە دروستکردنی چەك دا ٥ تیر هاوێژ ٥ تیر فرۆش، خاوەن تیر ٥ دەشگوترێ: (إختلط الحابل بالنابل) شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ بوون، نازانرێ کێ ڕاوچی بەداوەوە، کێ ڕاوچی بە تیرو کەوانە.

النَّبَالَة: زیرەکی و وەجاغزادەیی و شەرەف و شکۆمەندیی.

النَّبَالَة: تیرگەری، تیرسازی ٥ تیر دروستکەر.

النَّبَّالُ: وەستای تیر دروستکردن.

النَّبْلُ: تیر ٥ (ك: نِبال و أنبال) ٥ دەگوترێ: (أصابه نبل الدهر) تیری ڕۆژگار لێی دا ٥ بەڵاو کارەساتی زەمانەی تۆش هات.

النَّبَلَةُ: بەرەو وردە، شتی بچوك و ناوازە.

النَّبِيلُ: شەریف و ڕەسەن و وەجاغزادە ٥ (ك: نبلاء).

نبه نباهةً: شەریف بوو ٥ مەشهور بوو.

نَبِهَ للأمر نَبَهاً: شتەکەی زانی عەقڵ و ڕای بۆ شتەکە چوو ناوبانگی پێ دەرکرد.

نَبُهَ نُباهة: شەریف بوو ٥ ناوبانگی پیاوەتی و ڕەوشت بەرزی بڵاو بۆوە ٥ (فهو نبيه و نابهٌ).

نَبَّهَ بأسمِهِ: ئاماژەی بەناوەکەی کرد، ناوی هێنا.

أَنْبَهَهُ من النوم: لە خەو ڕاستی کردەوە ٥ هەڵیستاند.

نَبَّهَ فلاناً: فلانکەسی بەرز کردەوەو ناو و ناوبانگی پیاوەتی بەناو خەڵك دا بڵاو کردەوە.

إنْتَبَهَ للأمر: کارەکەی زانی تێی گەیشت.
إنْتَبَهَ من النوم: بەخەبەر هات، لەخەو هەڵسا.
تَنَبَّهَ للأمر: لەکارەکە حاڵی بوو، بۆی ڕون بۆوە.
تَنَبَّهَ علی الشَّیْئ: بەسەرشتەکە دا ناگادار بوو.
إسْتَنْبَهَ: عاقڵو لێزان بوو ◊ لەخەو هەڵسا.
المُنَبِّه: ناگادار کەرەوە، سەعاتو مۆبایل کەجەرەس لێ بدەن دەخرێنە سەر کاتێکی دیاریکراو و مەبەست بۆ ئەوەی لەو کاتەدا جەرەس لێ بداو کابرا بەئاگا بێنن.
المَنْبَهَةُ: ئەوەی هەڵنەر بێ بۆ زیرەکی و بەئاگایی و لێزەانی بۆ ناو و شۆرەت ◊ دەگوترێ: (هذه العلامة مَنْبَهَةٌ علی کذا) ئەم نیشانەیە هەڵنەرە بۆ فلان شت.
المَنْبُوه: دەگوترێ: (رجل منبوه الأسم) پیاوێکی ناسراوەو ناو و ناوبانگی جیهانی گرتۆتەوە.
النَّابِهُ: شەریف و ڕەسەن و ومجاغزادە ◊ خاوەن ناو و ناوبانگی پیاوەتی ◊ پێچەوانەی مانای (الخامِلُ)ە ◊ دەشگوترێ: (أمر نابه) کارێکی گەورەیە.
النَّباهَةُ: شەرەف و ڕێزداری ◊ بەناوبانگو ناسراو ◊ زیرەکی.
النَّبیه: بەمانا (النَّابه) دێ ◊ (ك: نبهاَ).
النَّبْهُ: شتێك بەبێ چاوەڕوانی و خواست هاتبێتە کایەوە ◊ دەگوترێ: (أمر نَبْهٌ) ◊ بەناوبانگ.
أنباه النحاة: نەحوزانە بەناوبانگەکان.
النَّبْهُ: زیرەکی ◊ لەخەو ڕابوون.
نبی الشَّیْئُ نُبُواً ونُبِیّاً: شتەکە نەچوە شوێنی گونجاوی خۆی.
کلمة نابیة: وشەیەکی نەگونجاوە بۆ ئەم ڕستەیەو لەم شوێنەدا.
نبا البصر عَنْ الشَّیْئ: چاوەکە لێی لاداو نەیویست ببینێ.
نبا السیفُ نَبْواً: شمشێرەکە نەی هەنگاوت.
نبا السَّهمُ عَنْ الغرض: تیرەکە سەری کرد ◊ نەی هەنگاوت، لای کرد.
نبا جَنْبُهُ عَنْ الفراش: تەنیشتی لەسەر نوێنو جێگای نووستنەکە نارامگرنەبوو.
أنْبی الشَّیْئَ: شتەکەی نەگونجاو کرد.
تَنَبّی: لافی پێغەمبەرێتی لێ دا.
النَّبْوَةُ: ستەمی ڕۆژگار ◊ سوڕانی ڕۆژگار بە پێچەوانەی ویستو نارمزوو.

النُّبُوَّة: بڕوانه مادەی (نَبَأ).

النَّبِيُّ: پێغەمبەر.

نَتَـا الـشَّيْئُ: شـتەکە هەڵتۆقیـەوە، بەرزبووە.

نَتَأت الصَّخْرَةُ في الجبل: درکـە شاخەکە لە کێوەکەدا بەرز بۆوە.

نَتَأت القرحة: برینەکە هاوسا.

نَتَأت الثَّدْيُ: مەمکەکە خڕبوو.

النُّتُـوءُ: دەرکـەوتنو بەرزبوونـەوە ◊ شتی ناشکراو بەدەرەوە ◊ دەگوترێ: (جلسنا على نتوء في الجبل).

نَتَّتِ القِدْرُ ونحوها نَتّاً ونَتِيتاً: مەنجەڵەکە کوڵی ◊ دەگوترێ: (نَـتَّ الرجـلُ مـن الغـيظ) پیاوەکـە لـە ڕقو قـین دا کوڵیو خۆی خواردەوە.

نَـتَّ مـن المـرض: بـەهۆی نەخۆشییەوە نالاندی.

النَّتَـةُ: بـەرداوی بـچکۆلە، چـالایی لەبـەردو شـاخ دا: کـە ئـاوی بـارانی تێدا کۆبێتەوە.

نَتَجَ النّاقةَ نَتْجاً: وایکرد حوشترەکە بزێ.

نَتَجَ الشَّيْئَ: سـەروکاری شتەکەی کـرد تـا بـەروبوومی پەیـدا کرد.

أنْتَجَت الناقةُ: حوشترەکە کاتی نـەوەی هات بەروبوومی هەبێ.

أنْـتَجَ الـشَّيْئُ: شـتەکە بـەروبوومی دەرکەوت.

أنْتَجَ فلان الشَّيْئَ: فلانکەس سـەروکاری شتەکەی کرد تـا بـەروبوومی پەیـدا کرد.

تناتَجتِ الماشية: ئاژەڵەکان زاو و زەیان کرد.

إسْـتَنْتَجَ الـشَّيْئَ: هـەوڵی دا شـتەکە بێنێتـە بەرهـەم ◊ لەشـتەکەی هەڵکڕاندو وای لێ حاڵی بوو.

إسْـتَنْتَجَ الحكـمَ مـن أدلتـه: بڕیارەکـەی لەبەڵگەکانی دەرهێنا.

المنتَج: کاتی بەروبووم.

المنتوجة: بـەروبووم ◊ شـتی وەبەرهـەم هاتوو.

النّتوج: وەبەرهاتوو.

النِّتاج: بەروبوومی شت.

النَّتـوجُ: شـتی بـەردار ◊ دەگـوترێ: (شجرة نتوج) (ناقة نتوج).

النّتيجـة: نـەنجامو بەرهـەم ◊ سـەرەنجامی پێـشەکیو بەڵگـەی حوکم ◊ تەقویمی ساڵانەی حیسابی فەلەکی.

نَـتَحَ نَتْحـاً ونتوحـاً: تەرەشوحی کـرد ◊ دەگـوترێ: (نَـتَحَ العـرقُ مـن الجلـد) عارەقی لە پێستی هاتەدەر.

نَتَحَ الإناءُ بمائـه: گۆزەکـە بـان قاپەکـە شـێی هێنایـەوە بـەوەی تێدایـە،

ناوەدزی کرد ◊ دەشگوتریٚ: (نَتَحَهُ الحرُّ) گەرمی عارەقی لٚ چۆڕاند.

تَنَتَّحَ: تەرمشوحی پەیدا کرد ◊ دەشگوتریٚ: (تَنَتَّحَ عرقاً) عارەقی لٚ پەیدا بوو.

المَنْتِحُ: شوێنی تکانو لٚ چۆڕانی شلەمەنی ◊ (ك: مناتح) ◊ دەگوتریٚ: (نَتَحَ العَرَقُ من مناتحه).

النَّتْحُ: عارەق، هەر شلەمەنییەك دزە بکا لە جەستەیەکەوە بۆ دەرەوە ◊ صەمغو جەوی‌و بنیشتو شلەمەنی تر کەلە درەخت دێتە دەر.

نَتَخَ الشَّيْئَ نَتْخاً: شتەکەی داڕنی، هەڵیکەند ◊ هەڵیکێشا ◊ دەگوتریٚ: (نَتَخَ الضِرْسَ) ددانە خرێپەکەی هەڵکەند.

نَتَرَهُ نَتْراً: قسەکەی گوشی‌و بەدەنگی زل گوتی.

ناتِرَة: دەگوتریٚ: (كلمتە ناترة) بەناشکراو بەدەنگی بەرز قسەم لەگەڵ کرد.

إنْتَتَرَ الشَّيْئَ: بۆ موتاوەعەی (نَتَرَهُ) دێ.

النَّتْرُ: دەگوتریٚ: (طعن نتر) زەبرێکە زەبەرەوێی تێدا کراوە.

النتروجين: زۆرینەی ئەو عونصورانەیە کە هەواپان لٚ پێکهاتووە ◊ چواربەش لە پێنج بەشی هەوا نایترۆجینە.

نَتَشَ الشَّيْئَ نَتْشاً: شتەکەی کێش کرد، ڕای تەکاند.

نَتَشَ الشوكَةَ بالمنتاشِ: بە موکێش چقڵەکەی دەرهێنا.

نَتَشَ الشَّعْرَ: مووەکەی هەڵکێشا ◊ دەشگوتریٚ: (ما نتش منه شيئاً) هیچی لٚ هەڵنەگرت.

نَتَشَ اللحمَ ونحوه: گۆشتەکەی کوت کوت هەڵپچڕی.

نَتَشَ فلاناً نَتْشاً: بە نهێنی ڕەخنەی لە فلانکەس گرت.

نَتَشَ الشَّيْئَ برجله: بەقاچی پاڵی بە شتەکەوە ناو دووری خستەوە (نتش الدابَّةَ بالعصا) بەگۆچان لە ولاخەکەی دا.

أنتش الثوبَ: قوماشەکەی کۆن کرد.

أنْتَشَ الحَبُّ: دانەوێڵە چەکەرمکەی بەزەوی دا ڕۆچوو.

أنتش النباتُ: ڕومکەکە پێش ئەوەی ڕەگەکانی لە زەوی دا پتەو بن سەری دەرهێناو چوزەرەی کرد.

النَّتْشُ: چروزەی ڕوەك ◊ چروزەی ڕوەك کە یەکەمجار سەر دەردێنێ ◊ ئەو سپایەتییەی لەبنکی نینۆك دا دەردەکەوێ.

نَتَعَ السائل نَتْعاً ونتوعاً: شلەمەنیەکە کەم

كەم هاتە دەر ◊ دەگوترێ: (نتع الدمُ من الجرح، والعرق من الجسم).

أنتع القَيْحُ: ڕشانەوەکە کۆتایی نەهات.

نَتَفَ الشَعْرَ والريشَ: مووەکەی هەڵکێشا یان پەڕو پۆڵی هەڵکەند.

أنتف الكلأ ونحوه: لەوەڕەکە (گیایەکە) بەرز بۆوە تاوای لێ هات بەردەست دەکەوتو دەتوانرا هەڵی بکەنی.

نَتَّفَ: بۆ موبالەغە لەمانای (نَتَفَ)دا دێ.

إنْتَتَفَ الشَّعرُ ونحوه: مووەکە هەڵکەندرا ◊ دەگوترێ: (نَتَفَهُ فانتَتَفَ) هەڵیکەندو هەڵکەندرا.

إنْتَتَفَ الشَعْرَ: مووەکەی هەڵکەند.

تناتف: بەمانا (إنْتَتَفَ) دێ.

تَنَتَّفَ: بەمانا (إنْتَتَفَ) دێ.

المِنْتافُ: موهەڵکێش.

النُّتافَةُ: ئەو مووانەی لەکاتی موهەڵکێشاندا بەردەبنەوە.

النَّتَفُ: ئەوەی دەقرتێندرێ لەدەوراندەوری نینۆك.

النُّتْفَةُ: پارچەی هەڵوەرێو، پارچە نانو گوێچکە نان ◊ دەگوترێ: (نُتْفَةٌ من طعام ونُتْفَةٌ من علم) پارچە خواردنێك، بڕە زانیارییەك ◊ (ك: نَتَفٌ).

النُّتْفَةُ: ئەوەی لە هەر شتێك لایەك دەگرێو زۆر تیایاندا قوڵ نابێتەوە.

النَّترف: بەمانا (النَاتِفُ) دێ.

النَّتيفُ: بەمانا هەڵکەندراو دێ.

نَتَقَ الحيوانُ نُتوقاً: ئاژەڵەکە ورگی زل بوو پڕبوو لەبەز.

نَتَقَتِ الأنثى نَتْقا و نتوقاً: مێینەکە زاوو زێی کردو وەچەی زۆر بوو.

نَتَقَ الشَّيءَ نَتْقاً: شتەکەی بەرزکردەوە بۆنەوەی بیهاوێژێ ◊ دەگوترێ: (نتق الحجر).

نَتَقَ: ڕاوەشاند، تەکاندی.

نَتَقَ الوعاءَ: تورەکەکەی ڕاوەشاند بۆنەوەی چی تێدایە بێتە دەرەوە ◊ گونیەکەی تەکاند.

نتقت الدَّابَّةُ راكبها: ولاخەکە هەڵتەك هەڵتەکی بەسوارەکە کرد ◊ دەشگوترێ: (نتق الزَبَدُ) بەهەژاندن ڕۆنەکەرەکەی دەرهێنا.

نَتَقَ الشيءَ: شتەکەی لێك کردەوە، هەڵاشتی.

أنْتَقَ الرجلُ: پیاوێك ژنێکی منداڵ زۆری مارەکرد، ژنێکی مارەکرد ڕەوێکی منداڵ لەمێردێکی تر هەبوون.

أنْتَقَ الشَّيْءَ: شتەکەی بەرز کردەوە.

إنْتَتَقَ الشَّيْءُ: شتەکە هەڵچو لێك بۆوە.

المِنْتاقُ: ئافرەتی زۆری منداڵ هەبن.

اَلنَّتَقُ: ئەو حەبلەی بەبەرسنگی ئەسپ دا دەهێنـــدرێ و هـــەر دولای بەزینەکەوە شەتەك دەدرێ.

النِّتَاقُ: بەرامبـەر، دەگـوترێ: (داری نتـاق دارە) خانووەکـەم بەرامبـەر خانوی ئەوە.

نَتَلَ الرجلُ مـن بـين القـوم نـتلاً ونتـولاً: پیاوەکـە لـەناو گـەل و نەتەوەکـەدا پێشکەوت و پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی بەرز بۆوە.

نَتَلَ الشَّيْئَ نتلاً: شتەکەی بـەرەو پێشەوە کێش کرد.

نَتَلَ فلاناً: فلانکەسی دەرکرد.

نَتَلَ الوِعـاءَ: زەرفەکـەی بـەتاڵ کـرد چی تێدا بوو دەری هێنا.

إنْتَتَلَ: پێش کەوت ٥ دەگوترێ: (إنْتَـلَ للأمر) خۆی بۆ کارەکە ئامادە کرد.

تناتلَ النَبْتُ: ڕوەکەکە تێك هـاڵا ٥ یـان وەکوو لاولاو لەشتەکە هاڵا.

النَّتِيلَةُ: وەسیلەو هۆکار.

نَتَنَ نَتْناً: بۆگـەنی نـاخۆش بـوو ٥ (فهـر نَتِنٌ).

نَتُنَ الـشَّيْئُ نَتْناً ونتانَةً: شتەکە بۆگـەن بوو.

أنْتَنَ: بەمانا (نَتُنَ) دێ.

نَتَّنَ الشَّيْئَ: شتەکەی بۆگەن کرد.

اَلنَّـــتَنُ: شـــوێنی گـــەنیو ٥ شـــوێنی گەناندن.

نَثَـا الـشَّيْئُ نُثُـواً: شـتەکە بـەرزبۆوە دەرکەوت ٥ (فهر ناتِ).

أنتـــى فـــلانٌ فلانـــاً: شـکڵو شـێوەی فلانکەس وەکوو فلان چوو.

تَنَثَّى عليه: بازی بەسەردا دا.

نَثَّ نَثيثاً: ئاوی دزی، تەپڵی دا.

نَثَّ الوِعاءُ، ونثَ العَرَقُ: گۆزەکە تەپڵی دا عارەق هاتەدەر لەجەستەی.

نَـثَّ الخَبَـرَ: هەواڵەکـەی بـڵاو کـردەوە دەبوایە بڵاو نەبێتەوە.

نَثَّ فلاناً: لۆمەی فلانی کرد.

نَثَّ الجُرْحُ: برینەکەی چەورکرد، هەنوی.

تَنـــاثَ القـــومُ الأخبـــار: خەڵکەکـــە هەواڵەکانیان بۆ یەکتر گێڕایەوە.

المِنَثُّ: دەگوترێ: (فلان مِنَثٌ) فلانکەس هەواڵ بڵاوکەرەوەو نهێنی درکێنە.

المِنَثَّـةُ: پارچـە خوریـەکـە یـان پارچـە لۆکەیەکـە چـەوری دەکرێتـە سـەرو برینی پێ چەور دەکرێ.

النِّثَـاثُ: ڕۆنو چـەوری برینـــی پـــێ چەور دەکرێ.

النَّـثُّ: دەگـوترێ: (شـيءٌ نَـثٌّ) شـتێکە تەرمشوحی هەیە.

النَّثِيثَةُ: ئاوێك تەپڵیەك لەگۆزەو شتی وا دەرکەوێ.

نَثَجَ الشَّيْئُ نَثْجاً: شـتەکە شل بـۆوە، شی

بۆوە ئەوەی لە گەدەی دابوو شل بۆوە و هاتەدەر.

نَثَجَ بَطْنَهُ: ورگی شەق کرد.

إسْتَنْثَجَ الشَّيْئَ: شتەکە شل بۆوە.

نَثَرَتْ الدَّابَّةُ: ولاخەکە پژمی.

نَثَرَ الشَّيْئَ نَثْراً ونِثاراً: شتەکەی بەپەرتەوازەیی هەلدا ◊ دەگوترێ: (نثر الحبَّ) ◊ (ونثرت الشجرة حملها) درەختەکە بەروبوومی خۆی بلاو کردەوە.

نَثَرَ الكلامَ: قسەکەی بەپەخشان دارشت.

نَثَرَت المرأة بَطْنها: ئافرەتەکە منداڵی زۆری بوون.

نَثَرَ السِّرَّ: نهێنییەکەی درکاند بلاوی کردەوە.

أنْثَرَهُ: بەسەر لوتی دادا.

نائِرَهُ: لەپەخشان دارشتن دا پێشبڕکێی کرد دەگوترێ: (رأيته ينائره الدُّرَّ) دیتم بەقسەی جوان و پازاوە ئاخاوتنی لەگەڵ دا دەکرد.

نَثْرَهُ: بەمانا (نَثَرَهُ) دێ.

إنْتَثَرَ: بلاو بۆوە.

تَنائَرَ: بلاو بۆوە.

تَنَثَّرَ: بلاو بۆوە.

إسْتَنْثَرَ: ئاوی لەلوت وەرداو دوایی فمی کرد بۆ ئەوەی چی لە لوتی دا هەیە بێتە دەر ◊ دەگوترێ: (إسْتَنْثَرَ المتوضئ).

المِنْثار: کەسێک هەواڵو نهێنی بلاو بکاتەوە ◊ درەختێک بەرەکەی هەڵنەپێچێ بەناکاملی بیومرێنێ.

المُنَثَّرُ: دەگوترێ: (رجل مُنَثَّرٌ) پیاوێکی بێ خیرو بێرە، لاوازو بێ کەڵکە.

المنثور: پەخشان، دەقێک شیعر نەبێ ◊ سەرەواشی نەبێ ◊ ناوە بۆ جۆرە گوڵێک لە پێڕی (الصلبية) بۆنێکی خۆشی هەیە لەولاتی میصر زۆرە.

النّاثِرُ: کەسێک بتوانێ پەخشانی ڕەوانو جوان بنوسێ.

النَّثارُ: نەو نوقڵو چەرمساتو شتەیە لەناهەنگو بۆنە خۆشییەکان دا بلاو دەکرێتەوە ◊ دەگوترێ: (ما أصَبْتُ من النثار شيئاً).

النُّثارُ والنُّثارَة: ئەو پارچە گوێچکو شتەی هەڵدەوەرێ ◊ دەگوترێ: (إلْتَقَطَ نُثارَ المائدة) ئەو وردەو گوێچکە نانەی لەسفرەکە کەوتە خوار هەڵی گرتەوە.

النُّثْرُ: قسەو نوسینی ڕەوان: کە پەخشان بێ، شیعر نەبێ و سەرواشی نەبێ، واتە نەوەزنی هەبێ نە قافیە.

النُّثْرُ: ئەو شیرینیەو پارەو شتەیە لەناهەنگو بۆنە خۆشەکان دا دەبەخشرێتەوە.

النَّثْرُ: دەگوترێ: (رجل نَثِرٌ) پیاوێکە بلاوکەرەوەی هەواڵو نهێنی، هەرگیز نهێنی لا نامێنێ ◊ یان پیاوێکی خۆگرو پشودرێژ نیەو زوو وره بەردەدا.

النَّثْرَةُ: لوتو دەوروبەری، کۆمەڵە ئەستێرەیەکن وەکوو هێشوە تری (لەشێوەی سەردتان، قژاڵ دەچێ) هەشتەم ڤۆناغی مانگە.

النَّثُورُ: دەگوترێ: (رجل نثورٌ) و (إمرأة نثور) واتە: پیاوی منداڵ زۆرو، نافرەتی منداڵ زۆر.

النَّثِيُّ: بلاو بوّوە ◊ دەگوترێ: (کلامه درّ نثير) قسەو ناخاوتنەکانی گەوهەری بلاوەبووون ◊ هەروا ناوە بۆ پڕمینی ولاخ.

نَشَطَ النباتُ نَشْطاً ونشوطاً: ڕوەکەکە دەرکەوتو زەوی قەڵاشتەوە لەکاتی سەردەرهێنانی لەزەوی.

النَّشْطُ: ڕوەك نەو کاتە چروزەیەو سەر لەزەوی دەردێنێ.

أنْشَعَ الدَّمُ والقيحُ: خوێنو ڕشاندنەوەکە بەشوێن یەك دا هاتنە دەر.

أنْشَعَ فلان: فلانکەس هێڵنجوی هاتنێ خوێنی هێنایەوە.

نَشَلَ ذو الحافر: گیانلەبەرە سمداردکە ڕیخی کرد، پیسایی دەردا.

نَشَلَ اللَّحْمَ في القِدر: گۆشتەکەی کوتکوت کردو خستیە ناو مەنجەڵەکەوە.

أنْشَلَهُ: بەمانا (نَشَلَه) دێ.

إنْتَشَلَهُ: بەمانا (نَشَلَهُ) دێ.

تناشَلَ القومُ الى فلان: خەڵکەکە لای فلان کۆبوّوە ◊ لە هەموو لایەکەوە لێی گردبوونەوە.

إسْتَنْشَلَ الشَّيْءَ: بەمانا (نَشَلَهُ) دێ.

النَّشَالَةُ: شتی دەرهاتوو و جیاکراوە لەشتی تر.

النَّشْلَةُ: چاڵایی نێوان جووت سمێڵ ◊ زرێی فراوان.

النَّشِيلَةُ: بەمانا (النَّشالةُ) دێ ◊ پاشماوەی بەزو پیو ◊ گۆشتی قەڵەو.

نَشَا الحديث نَشْواً: قسەکەی بلاوکردەوە.

نَشَا فلاناً: غەیبەتی فلانکەسی کرد.

ناشاه الحديث والخبَرَ: هەواڵو قسەو باسەکەیان وەبیر یەکتر هێنایەوە.

تناشَوا الأشياء: شتەکانیان یاد کردەوە.

تناشَوا الأخبار والأحاديث: هەواڵو قسەو باسەکانیان بلاو کردەوە.

نَجَا الشَّيْءَ نَجْواً ونِجاءً: چاوی لەشتەکە بڕی ورد سەیری کرد بەچاو هەنگاوتی ◊ چاوەزاری لێ کرد.

النَّجوء: دەگوترێ: (هو نجوء العين) چاوپیسە بەهەرشتێك هەڵگاڵێ دەیفەوتێنێ.

نَجَبَ الشجرةَ نَجْباً: توێکڵەکەی لەقەدی دارەکە کردەوە.

نُجَابَةٌ: عاقڵ و زیرەک و لێهاتوو بوو، پیاوەتی و ڕەوشت بەرزی بەسەر هاوەڵاکانیدا هەبوو.

أنْجَبَ: منداڵی نەجیبی بوون ◊ دەشگوترێ: (أنجبه والداه) باوک و دایکی بەنەجیبی بەوەلەدیان هێنا.

أنْجَبَ من الشجرة فرعاً: لقی دارەکەی لێ کردەوە.

نَجَّبَ الشجرةَ: توێکڵی قەدی دره‌ختەکەی دامالی.

إنْتَجَبَ الشَّيْءَ: شتەکەی هەڵبژارد ◊ دەگوترێ: (إنْتَجَبَ كتاباً وأنْتَجَبَ صديقاً).

إسْتَنْجَبَ: داوای شتی بەنرخ و ڕەسەن و پەسەندی کرد ◊ شتی بەنرخی هەڵبژارد.

المِنْجابُ: دەگوترێ: (رجل أو إمرأة منجاب) پیاوێکە یان نافرەتێکە منداڵی نەجیبی دەبن ◊ کۆڵەوەژی ئاگر تێکوەردان ◊ تیری دادراو و تیژ بەبێ پەڕو سەرەتیر.

النُّجَابَةُ: زیرەکی و لێهاتویی باڵادەستی بەسەر بەرامبەردا لەڕەوشت و ئاکاردا.

النُّجَبُ: توێکڵی قەدی دار.

النَّجِيبُ: ئەوەی ڕێزی بەسەر هاو وێنەی خۆی دا هەبێ و خاوەنی ڕەوشتی بەرزو ئاکاری پەسەند بێ.

النَّجِيبَةُ: مێینەی (النجيب) ◊ (ك: نجائب).

نجائب الإبل: حوشتری باش و ڕەسەن.

نجائب الأشياء: هەڵبژاردەی شت و پوختەو کاکڵەی شت.

نَجَثَ عنه نَجْثاً: لێی کۆڵییەوە باس و خواسی تێدا کرد.

نَجَثَ الشَّيْءَ: شتەکەی دەرهێنا.

إنْتَجَثَ الشَّيْءَ: بەمانا (نَجَثَهُ) دێ.

تناجَثَ القومُ: خەڵکەکە لێکۆڵینەوەیان ئەنجام دا، هەواڵەکانیان بڵاو کردنەوە.

تَنَجُّثٌ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نجث) دا دێ.

النَّجْثُ: زرێ ◊ پەردەی دڵ ◊ (ك: انجاث).

النَّجاثُ: کەسێك بەشوێن هەواڵ دا بگەڕێ بۆئەوەی بڵاوی بکاتەوە.

النَّجِيثُ: دەگوترێ: (بدا نجيث القوم) کارە شاراوەکانی خەڵکەکە دەرکەوت ◊ هەروا دەگوترێ: (أمر له نجيث) کارێکە سەرەنجامی خراپی هەیە ◊ ئامانج و مەبەست.

النَّجِيثَةُ: شتێك لێی بکۆڵدرێتەوە و

پەردەی لەسەر هەڵماڵدرێ ◊ هەواڵی ناشیرین کە ڕون دەبێتەوە چیەو چی نیە.

نَجَحَ فُلان نَجْحاً ونَجاحاً: فلانکەس سەرکەوت، دەرچوو، بەمراز گەیشت ◊ بەمەبەستی خۆی شاد بوو.

نَجَحَ الأمْرُ: کارەکە ئاسان بوو، بەرەو تەواوبوون دەڕوا.

أنْجَحَ: بوو بە براوەو سەرکەوتوو.

أنْجَحَتِ الحاجَةُ: کارەکە ئەنجام درا، جێبەجێ بوو.

أنْجَحَ اللهُ طَلِبَتَهُ: خودا گەیاندیە ئامانجی خۆی.

تناجحت الأمور: ئەنجامدانی کارەکان بەشوێن یەکدا هاتن ◊ دەگوترێ: (تناجَحت أحلامه) خەونەکانی بەسەرکەوتویی بۆ هاتنە دی.

تَنَجَّحَ الحاجةَ: کارەکەی ئەنجام دا، کارەکەی سەرخست.

إسْتَنْجَحَهُ الحاجة: داوای کرد ئیشەکەی جێبەجێ بکرێ.

النَّجاحُ: سەرکەوتن ◊ ڕزگاربوون، تەواوکردن ◊ بەمراز گەیشتن.

النَّجْحُ: بەمانا (النجاحُ) دێ.

النَّجيحُ: دەگوترێ: (رأي نجيح) ڕاو بۆچونێکی ڕاستو دروستە ◊ (رجل نجيح) پیاوێکی صابیرو پشو درێژە.

نَجَحَ نَجْحاً و نَجيحاً: پەشۆکاو و چەواشەبوو.

نَجَحَ المَرْجُ: شەپۆلەکە بەرز بۆوە تێکیانەوە هاویشت.

نَجَحَ السَّيلُ: لافاوەکە بەهێز بوو هەموو شتێکی ڕادا.

نَجَحَ فُلان: فلانکەس دەنگی گرپوو بەهۆی کۆکەو هەڵامەتەوە.

نَجَحَ الحيوانُ: حەیوانەکە پڕمی.

تَناجَحَ السَّيلُ: لافاوەکە هەڵساو کەوتە کڵەو و شت ڕادانو ڕاپێچکردنی هەرچی هاتە بەری ◊ دەشگوترێ: (تناجَحَ الرجلان) دوو پیاوەکە شانازییان بەسەر یەکدا کرد.

النّاجِحُ: دەگوترێ: (سيل ناجِحٌ) لافاوێکی بەهێزو شت ڕادەرە ◊ زەوی دەدڕێو قەبرغەی تێ دەخا ◊ دەنگی ئاو لەکەناری ڕوبارو دەریا ◊ دەگوترێ: (سَمِعْتُ ناجِحَ البحر).

الناجِحَة: دەنگی تێکەوە هاویشتنی ئاو لەقەراغ دەریا.

النُّجاحُ: دەنگی کەسێک قورگی هەوی کردبێ گرپی لەدەنگی دا پەیدا بوو.

النَّجِحُ مِن الحيوان: ئاژەڵێک تووشی پڕمین بووبێ ◊ دەگوترێ: (بعير نَجِحٌ).

النَّجْحَةُ: شەپۆل هاویشتنی دەریایە بۆ

قـەراغ ◊ کلّـەو فرێـدانو هاتنـە جونبوش.

النَّجـوخُ: دەگـوترێ: (بحـر نجـوخ) دەریایـەکی پـشێو و پـڕ شـەپۆڵو جونبوشە.

نَجَدَ الشَّيْئُ نجوداً: شتەکە بەرز بۆوە.

نَجَدَ الأمرُ: کارەکە ئاشکرا بوو دەرکەوت.

نَجَدَ الطريقُ: ڕێگاکە ڕون بـۆوە دەزانـدرێ بەرەو کوێ دەڕوا.

نَجَدَ فلاناً نجداً: یارمـەتی فلانکەسی دا و هاوکاریی کرد.

نَجَدَ العَدُوَّ: بەسەر دوژمن دا زاڵ بوو.

نَجَـدَ الأمْـرُ فلانـاً: کارەکـە فلانکەسـی ناڕەحەت کرد.

أنْجَدَ العَرَقُ نَجْداً: عـارەق لەجەستەی ڕەوان بوو.

أنْجَـدَ الرجـلُ: پیاوەکـە: بـەهۆی ئیـشکردنەوە یـان خەفـەتو شەرمکردنەوە عارەقی کرد.

نَجُـدَ نَجـدةً ونَجـادةً: ئـازا بـوو (فهـو نَجِـدٌ ونجيد).

نَجُـدَ الأمـرُ نُجـوداً: کارەکـە ئاشـکرا بـوو دەرکەوت ◊ (فهو ناجد ونجد).

أنْجَـدَ: بـەرز بـۆوە ◊ هاتـە هـەرێمی نەجـد، چـووە ولاتـی نەجـد کەبەشێکە لە حکومەتی (سعودية).

أنْجَـدَ فلانـاً: یارمـەتی فلانکەسـی دا کۆمەکی پێ کرد.

أنْجَدَ الـدَّعْوَةَ: جـوابی بانگەوازییەکـەی دایەوە.

ناجَدَهُ: یارمەتی دا هاوکاریی کرد ◊ بۆی هاتە مەیدانو بەرامبـەری وەسـا بـۆ شەڕ.

نَجَّـدَ البيـتَ: مالّەکـەی ڕازانـدەوە بـە پەردەو ڕاخەرو شتی وا.

نَجَّـدَ الوسـائدَ ونحوهـا: بـالیف‌و سەرینەکانی دووریـن ◊ دەشگوترێ: (نَجَّدَهُ الـدهرُ) ڕۆژگـار لەبۆتـەی داو فێری زۆر شتی کرد.

تَنَجَّدَ الشَّيْئُ: شتەکە بەرز بۆوە.

إسْتَنْجَدَ: دوای زەعیـف بـوون‌و لاوازیـی بەهێز بۆوە ◊ دەگوترێ: (کان جبانـاً فاستنجد) ترسنۆک بوو دوایـی ئـازاو چـاونەترس بـوو ◊ (إسْـتَنْجَدَ علـی فلان) سامی لـەکابرا شـکاو بەگژیـدا چـۆوە دوا ئـەوەی لـەوە پـێش لێـی دەترسا.

إسْتَنْجَدَ فلاناً: داوای کۆمەکی‌و یارمەتی لەفلاّن کرد ◊ دەگوترێ: (إسْـتَنْجَدَني فأنجدتُهُ) هاواری بۆ هێنـام یارمـەتیم دا.

المُناجِـدُ: یارمـەتی دەر، پاڵپـشت ◊ جەنگاوەر.

المِنجـادُ: دەگـوترێ: (رجـل مِنجـاد)

پیاوێکە زۆر بەهانای لێقەوماوەوە دەچێ زوو فریای دەکەوێ ◊ زۆر دێتە ولاتی نەجد، زۆر هاموشۆی هەرێمی نەجد دەکا.

المُنجِّدُ: کەسێک ناوماڵ بەڕاخەرو پەردەو شتی وا بڕازێنێتەوە، بالیف و پشتی و شتی وا بدورێ و ڕێکیان بخا.

المِنْجَدَةُ: دارێکە هەلاج بەکاری دەهێنێ بۆ شیکردنەوەی خوری و لۆکە.

المنجرد: کارەسات بەسەر هاتوو، بەڵا تووش هاتوو.

النّاجودُ: شەراب ◊ قاپێکە شەرابی تێدا دەپاڵێورێ ◊ زەعفەران ◊ خوێن ◊ (ك: نواجيد).

النَّجادُ: حەمایەڵی شمشێر ◊ (قايشى شمشێر) ◊ دەگوترێ: (هو طويل النجاد) قایشی شمشێرەکەی درێژە واتە: کابرا بۆخۆی باڵابەرزە.

المُنَجَّدُ: پیشەی خوری و لۆکە شیکردنەوە ◊ یاسایەکە بۆ گەنج و تازە پێگەیشتوان کۆیان دەکاتەوە و ڕایان دێنێ و بێ ئیشیان ناهێڵێ.

النَّجادُ: بەمانا (المُنَجَّدُ) دێ.

النَّجْدُ: بانو، زەوی بەرزەوە بوو وەکوو (بانووی مەقانی نێوان شاری کەرکوك و چەمچەماڵ) کاڵای ناومالّ ◊ (ك: نجود ونجادٌ).

نَجْدٌ: بەشێکە لەنیوە دوورگەی عەرەبی، کەوتۆتە نێوان ولاتی حیجاز و عێراقەوە ◊ شاعیرە عەرەبەکان زۆریان پێدا هەڵداوەو ناماژەیان بەپاك و خاوێنی ئاو و هەوای کردووە.

النَّجَدُ: عارەق ◊ هەر کاڵایەك ناومالّی پێ برازێندرێتەوە.

النَّجُدُ: دەگوترێ: (رجل نَجُدٌ) پیاوێکی ئیش لەدەست هاتووە کاری وا ئەنجام دەدا بەکەسانی دی ناگرێ ◊ (ك: أنجاد).

النَّجْدَةُ: نازایەتی لەشەڕ دا ◊ (شرطة النجدة) بەشێکی هێزی پۆلیسە کەرەستەی بێتەڵ و ئوتۆمبێڵ و پێداویستی فریاکەوتنیان هەیە بەزوترین کات بەهانای لێقەوماو و تین بۆ هاتوانەوە دەچن ◊ چورتەو کارەسات و ترس و بیم ◊ (ك: نَجَدات).

النَّجُودُ: دەگوترێ: (إمرأة نجود) ئافرەتێکی عاقڵ و خان و مانە ◊ (ناقة نجود) حوشترێکی ملدرێژو مل بەرزە.

النَّجِيدُ: شێر ◊ پیاوی ئازاو چاو نەترس و ئیش لەدەست هاتوو کاری وادەکا بەکەسانی دیکە ئەنجام

نادرێ ◊ غەمبارو کۆست کەوتوو ◊ (ك: نُجُدٌ و نُجَداء).

نَجَدَهُ نَجْداً: بەددان گەستی، گرتی، قەپی پێدا کرد ◊ زۆر وبڕە وبڕی بەسەردا کرد.

نَجَّدَهُ: بەمانا (نَجَدَهُ) دێ ◊ دەشگوترێ: (نَجَّدَتْهُ النَّجارب) ئەزمون و ڕوداوەکانی ڕۆژگار لە بۆتەیان داوە ◊ (تناجَدَ القومُ علی کذا) خەڵکەکە لەسەر ئەوە کۆبوونەوە.

الأنْجُذانُ: ڕوەکێکی پزیشکییە لەپێڕی (الحمیات)ە صمغێکی لێ دەردەهێندرێ، پێی دەگوترێ: (الحِلتیت).

المُنَجَّذُ: دەگوترێ: (رجل منجَّذ) پیاوێکی خاوەن ئەزمون و قاڵبو و لە بۆتەدراوە.

النّاجِذ: ددان، کاکیلە ◊ (ك: نواجِذ) دەگوترێ: (ضَحِكَ حتی بدت نواجِذه) قاقا پێکەنی تا هەموو ددانی دەرکەوتن ◊ (عضّ علی ناجِذه) دانی بەخۆیاگرتو لەبەردەم کێشەو تەنگژەکان دا پشوو درێژ و بەصەبر بوو ◊ (عض علی الشّیء بناجذه) شتەکەی بەڕێك و پێکی ئەنجام دا ◊ سوور بوو لەسەری.

النَّجْذُ: قسەی ڕەق.

نَجَرَ فلان نَجْراً: فلانکەس هەڵاشی تەختەی بۆ خانوەکە کرد.

نَجَرَ اليَومُ: ڕۆژە کە زۆر گەرم بوو.

نَجَرَ الخَشَبَ: دارەکەی تاشی و تەختی کرد ◊ دارەکەی ڕاهێنا.

نَجَرَ الماءَ: ئاوەکەی بەبەردی سورەوەبوو گەرم کرد.

نَجَرَ نَجْراً: بەهۆی زۆر خواردنەوە تینوی بوو ◊ (فهو نجران وهي نَجْراء) ◊ (ك: نجاری).

أنْجَرَ: کەوتە مانگە گەرمەکانەوە.

أنْجَرَ فلاناً: ئاوی گەرمی پێشکەشی فلانکەس کرد بۆ خواردنەوە.

نَجَّرَ الكلامَ: قسەکەی ناڕاستە کرد.

الأنْجَرُ: بڕوانە مادەی (أنجر) لە پیتی هەمزەدا.

المَنْجَرُ: دارتاشخانە ◊ شوێنی دارتاشی.

المِنْجَرُ: ئامێرێکە داری پێ لە ڕنە دەدرێ ◊ ڕەندەی دارتاشی ◊ لێخوڕینی جەڵەبە حوشتر بەخێرایی ◊ دەگوترێ: (رجل مِنْجَرٌ) پیاوێکە حوشتر بەخێرایی لێ دەخورێ.

المِنْجَرَةُ: بەردی سورکراوە کە ئاوی پێ گەرم بکرێ.

المَنْجورُ: خولخلۆکەیەکی گەورەیە ئاوی پێ دەردەهێندرێ لەبیر ◊ چەرخ و فەلەك.

النَّاجِرُ: ئەو مانگانەی هەوایان تێدا گەرمە ◊ مانگەکانی جەنگەی گەرما.

النَّجارُ: بن‌و بنیچە.

النَّجارَةُ: ئەو تۆپکڵو وردە دارانەی لەمەکینەو ڕەندەی دارتاش دەکەوێتە خوار.

النِّجارة: پیشەی دارتاشی.

النَّجّارُ: دارتاش.

النجرانُ: گرێزمنەی دەرگا ◊ ئەو دوندە خڕەی دەرگای لەسەر دەسوڕێتەوە ◊ تینو.

النَّجْرُ: وردەی داری تاشراو ◊ بنیچە ◊ گەرما.

النَّجَرُ: تینوایەتی زۆر بەهۆی زۆر خواردنەوە یان بەهۆی خواردنی ناوکێشەوە، ئەم جۆرە تینوایەتیە توشی ئادەمیزادو گیانلەبەری تریش دەبێ.

النَّجيرة: هەڵاشە تەختە؛ سەقفی ماڵ بەتەختە دار ◊ ئاوی گەرمکراو بەبەردی سورەومبوو ◊ جۆرە خواردنێکە لەشیرو ئاردو ڕۆنو دروست دەکرێ.

نَجَزَ الشَّيْئَ نَجْزاً: شتەکەی تەواو بوو ئەنجام درا ◊ دەگوترێ: (نَجَزَ العَمَلُ و نَجَزَت الحاجة).

نَجَزَ الشَّيْئَ: شتەکەی تەواو کردو ئەنجامی دا ◊ دەگوترێ: (نَجَزَ العَمَلَ و نَجَزَ الحاجَةَ، و نَجَزَ بالحاجة) خێرا کارەکەی ئەنجام دا.

نَجِزَ الشَّيْئُ نَجْزاً: شتەکە هاتە دی‌و ئەنجام درا.

نَجِزَ الكلامُ: قسەکە بڕا.

أنْجَزَ الشَّيْئَ: شتەکەی ئەنجام دا.

أنْجَزَ القتيلَ: زەبری کوشندەی ئاراستە کردو زوو گیانی دەرچووان.

ناجَزَهُ الشَّيْئَ: پەلەی لە شتەکەدا کردو خێرا ئەنجامی دا.

ناجَزَهُ الحربَ: شەڕی لەگەڵدا کردو دژی وەستا.

نَجَّزَ الشَّيْئَ: بۆ زەمێدەڕۆیی لەمانای (نَجَزَهُ) دێ.

تناجَزَ القومُ: خەڵکەکە شەڕیان بوو بەگژ یەکدا چون‌و خوێنی یەکتریان ڕشت.

تَنَجَّزَ الشَّيْئَ: هەوڵی ئەنجامدانی شتەکەی دا ◊ دەگوترێ: (تَنَجَّزَ الحاجَةَ و تَنَجَّزَ الوعدَ).

تَنَجَّزَ الشرابَ: زێدەڕۆیی‌و ئیلحاحی کرد لە خواردنەوەی شەرابەکەدا.

إسْتَنْجَزَ الشَّيْئَ: بەمانا (تَنَجَّزَهُ) دێ.

الناجِزُ: حازر بەدەستو خێرا ◊ دەگوترێ: (بعته ناجزاً بناجز) حازر بەحازر فرۆشتم ◊ دەشگوترێ:

(لايباع غائب بناجز) قەرز بەحازر نافرۆشرێ ◊ (وعد ناجز) بەڵێنێکە هاتۆتە دی.

النُّجْزُ: بەمانا (النَّجْزُ) دێ.

النَّجِيزُ: دەگوترێ: (وعد نجيز) وادەیەکە جێبەجێ کراوە.

النَّجِيزَةُ: پاداش ◊ دەگوترێ: (لأُنجِزَنَّكَ نجيزتك) بەڵێن بێ چاکەو پاداشی چاکەکردنەکەت بدەمەوە.

نَجِسَ الشَّيْئُ نَجَساً: شتەکە پیس بوو، یان هەر خۆی پیسە ◊ دەگوترێ: (نجس الثوب) قوماشەکە پیس بوو (نَجِسَ فلان) فلانکەس بەدرەوشتو بەد رەفتار بوو.

نَجُسَ نَجاسَةً: بەمانا (نَجِسَ) دێ.

أَنْجَسَهُ: پیسی کرد، قێزەونی کرد.

نَجَّسَهُ: بەمانا (أنجسه) دێ ◊ یان پاکی کردەوەو پیسایی پێوە نەهێشت ◊ دەشگوترێ: (نَجَّسَ الصَّبِيُّ) نوشتەو دووعای بە منداڵەکەوە هەڵواسی بۆئەوەی چاوەزارو جندۆکە کاری لێ نەکەن.

تَنَجَّسَ الشَّيْئَ: شتەکە پیس بوو، پیسی پێوە نووسا، پیسی تێکەڵاو بوو.

تَنَجَّسَ فلان: فلانکەس خۆی لە پیسیو شوێنی پیس پاراست.

النَّاجِسُ: پیسایی، پیس ◊ دەگوترێ: (داء ناجس) دەردێکی پیسەو دەرمانی نیە.

النَّجاسَةُ: پیسی ◊ بەزاراوەی شەرع ئەندازەیەک پیسییە دەبێتە هۆکاری نادروست بوونی نوێژ.

النَّجَسُ: بەمانا (النَّجاسة) دێ ◊ دەگوترێ: (فلان نَجَسٌ) فلانکەس دڵ پیسو تاوانکارو بەدرەوشتە ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ﴾.

النِّجِسُ: دەگوترێ: (فلان نَجِسُ السراويل) فلانکەس شرواڵ پیسە ◊ (داء نَجِسٌ) دەردێکی پیسە دەرمانی نیە ◊ (ك: انجاس).

النَّجِيسُ: بۆ موبالەغە لەمانای (النَّجِسُ) دێ.

نَجَشَ الشَّيْئَ الطبيئَ نَجْشاً: شتە شاراوەکەی وروژاندو دەری هێنا.

نَجَشَ الحديث: قسەکەی بڵاو کردەوە.

نَجَشَ الدَّابَّةَ: ولاخەکەی دەنەدەنە دا بۆئەوەی بێتە دەر یان تێوەی ژەنیو دەنەدەنەی دا بۆئەوەی هەموو هێزی خۆی بەکاربێنێ بۆ خێرا ڕۆیشتن.

نَجَشَ فلان في البيع ونحوه: فلانکەس لەنرخی کاڵاکەی زیاد کردو زەمو زەمکارییەنجام دا ◊ لە موزایەدەکردندا نرخی زیادی کرد.

نَجَشَ النار: ئاگرەکەی هەلگیرساند.

تناجش القوم في البيع ونحوه: خەلکەکە بەنەزانی یان بۆ مەبەستو چاو بەستەکێی کەسانی دیکە نرخی کالاکانیان بەرزکردەوە.

إستَنْجَشَ الشَّيْئَ: بەمانا (نَجَشَهُ) دێ.

المِنْجاشُ: ڕەخنەگرو عەیبو دۆزەرەوە لەشت ◊ سیرمەیەکە دەیخەنە نێوان دوو پێستەوەو پێکیانەوە دەدروێ.

المِنْجَشُ: بەمانا (المِنجاشُ) دێ.

المَنْجوشُ: دەگوترێ: (قول منجوش) قسەیەکی درۆو هەڵبەستراوە.

النّاجِشُ: ئەو کەسەیە نێچیر ڕادەپەڕێنێ یان هەڵی دەفڕێنێ بۆئەوەی بەنزیک ڕاوکەرەکەدا بڕۆن و فرسەتیان لێ بێنێ.

النَّجاشُ: تیلەی سیرمەیەکە دوو پێستی پێوە لێك دەدرون.

النَّجاشِيُّ: نازناوی پاشای حەبەشەیە.

النَّجّاشُ: دەگوترێ: (رجل نَجّاش) پیاوێکی بەتوانایە بۆ شیکردنەوەی شتە شاراوەکانو دەرخستنیان.

النّجوش: بەمانا (المِنْجاش) دێ.

نَجَعَ الشَّيْئُ نجوعاً: شتەکە سوود بەخش بوو کاریگەریەکەی دەرکەوت ◊ دەگوترێ: (نَجَعَ الدواءُ في العليل و نَجَعَ العَلَفُ في الدابة و نَجَعَ القول في سامعه و نَجَعَ العقاب في المذنب).

نَجَعَ الكلأ نَجعاً ونجوعاً: لەشوێنی شیاوی خۆی دا هەوڵی لەوەڕی دا.

نَجَعَ المكانَ: هاتە شوێنەکەو تێیدا نیشتەجێ بوو.

نَجَعَ الصَّبِيُّ اللبنَ: شیری دا بە منداڵەکەو بەو شیرە پەروەردەی کرد.

نَجَعَ نَجْعاً: بەدوی لەوەڕدا گەڕا بۆ ناژەڵەکانی.

أنْجَعَ الشَّيْئُ: بەمانا (نَجَعَ) دێ.

إنْتَجَعَ القومُ: خەلکەکە ڕۆیشتن گەڕان بەدو لەوەڕدا بۆ ناژەڵەکانیان.

إنْتَجَعَ فلاناً: چوو بۆلای فلانکەس بەمەبەستی نەوەی شتێکی دەستبکەوێ لێی.

تَنَجَّعَ فلان بالدم: فلانکەس خوێناوێ بوو.

إسْتَنْجَعَ بالشيئ: سوودی لەشتەکە بینی.

إسْتَنْجَعَ المكان أو الكلأ: لە شوێنەکەدا نیشتەجێ بوو ◊ لەلەوەڕ گەڕا لەشوێنی شیاوی خۆی دا.

المَنْجَعُ: شوێنێك لەوەڕو ئاوی هەبێو ناژەڵدار بۆی بچێ ◊ دەشگوترێ: (فلان منجع الطالبين) فلانکەس جێگاو ئومێدی ئاتاجانەو پێداویستییەکانیان جێبەجێ دەکا.

النّـاجِعُ: دەگـوتریّ: (طعـام نـاجِع) خواردنێکـه بـاش بەجەسـته دەکـەوێ و بەئاسانی هـەزم دەبـێ ٥ (دواء ناجِع) دەرمانێکی سودبەخشە، شیفاهێنە.

النَّجْعُ: شوێنی نیشتەجێ بوونی خێڵ، هۆبەی خێڵ.

النَّجْعَـةُ: گـەڕان بـەدوا لـەوەڕو ئـاودا بۆنـاژەڵ ٥ چـوون بـۆلای مرۆڤـی سـەخی و بەخـشندە بەمەبەسـتی دەستکەوت ٥ دەوتـرێ: (هـو نجعـتي) ئەو جێگای هیوامـە ٥ (هـذه ليـست بـدار نجعـة) ئـەم مـاڵو هۆبەبـە بەکەڵکی ئەوە نایە بۆی بگوێزیەوە.

النّجوع: هەر خواردن و خواردنەوەیەك سود بـەخش بـێ ٥ دەگوترێ: (مـاء نجوع) و (لبن نجوع).

النَّجيعُ: بـەمانا (النجـوع) دێ ٥ هـەروا نـاوە بـۆ خـوێن لـەناو جەسـتەدا ٥ خوێنی جەرگ و دڵ.

نَجَـفَ الـشَّيْئَ نَجْفـاً: شتەکەی هـەڵکۆڵی و نـاوەوەی پـان و پـۆڕ کـرد ٥ دەگـوترێ: (نَجَفَ البِئرَ و نَجَفَ الإناءَ).

نَجَـــفَ الـــشَّيْئَ: شـــتەکەی بڕیـــەوە ٥ دەگوترێ: (نَجَفَ الشجرة).

نَجَـفَ العَنَـزَ: گـوانی بزنەکـەی بەسـت بۆنەوەی شیری وشك بکا.

أنجَفَ الشاةَ: شیر وشك کـەری بـەگوانی مەڕمکەوە هەڵواسی.

نَجَّـفَ: بـۆ موبالەغـە لـەمانای (نَجَـفَ) دێ.

نَجَّفَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەرز کردەوە.

نَجَّفَ له من الشَّيْئ: لەشتەکە هەندێکی بۆ جیاکردەوە بۆی وەلانا.

إنْتَجَفَ الشَّيْئَ: شتەکەی لەبێخ دەرهێنا ٥ دەگوترێ: (إنْتَجَفَ ما في الضرع) دوا تنـۆکی شـیری نـاو گوانەکـەی دادۆشی ٥ هەروا دەگوترێ: (إنْتَجَـفَ الـــريحُ الـــسحابة) ڕەشـــەبایەکە هەورمکەی بەتاڵ کرد.

إسْتَنْجَفَ الشَّيْئَ: بەمانا (إنْتجفه) دێ.

المِنْجـافُ: سـوکانی کەشـتی، سـەوڵی کەشـتی ئـەوەی ڕوی کەشـتیو بەلەمی پێ ئاڕاستە دەکرێ.

المِنجـوف: دەگـوترێ: (رجـل منجـوف) پیاوێکی ترسنۆکە.

النَّجافُ: شتێك بـەرز بێتـەوەو بەسـەر شـتی تـردا بڕوانـێ ٥ دەگـوترێ: (نجاف الغار ونجـاف البـاب) ٥ هـەروا نـاوە بـۆ ئـەو شتەی لەسـەر گـوانی ئـاژەڵ دەبەسـترێ بۆئـەوەی شـیرمکە وشك بکا.

النَّجَفُ: تەپۆڵکەو بانو ٥ (ك: نِجاف).

النَّجَفَةُ: شوێنێکی درێـژەوەبووە لـەناو

شیودا بەوێنەی ڕاستە دیوار ئاوی سەرناکەوێ ◊ هەروا ناوە بۆ کۆمەڵێك گڵۆپی کارەبایی بەشێوەیەکی جوان لێکدراون و دیمەنیان جوانەو ڕوناکی باش پەخش دەکەن پێیان دەگوترێ: (سورەیا) بەناوی کۆمەڵە ئەستێرەی سورەیای ئاسمان ناونراون ◊ ناوقەدی کۆمەڵە لەب بەدەوران دەوری دا کە ڕەشەبا شوێنکەی لێ بکاو لێی رادا تاوەکوو پشتێنی لێ دێو هەڵۆڵ ببێ.

النُّجْفَةُ: کەمێك شت ◊ دەگوترێ: (أعطه نجفةً من اللبن) قومە شیرێکی بدەرێ.

النَّجوفُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (النّاجِف) دێ.

النَّجيفُ: بەمانا (النّجوف) دێ ◊ تەرێك کە سەرەتیرەکەی درێژ بێ.

نَجَلَ الحيوانُ نَجْلاً: گیانلەبەرەکە بەخێرایی ڕۆیی، تیژ تێپەڕی.

نَجَلَت الأرضُ: زەوی سەوز بوو، ڕوەکی نەجیلی ڕواند.

نَجَلَ الوَلَدَ: منداڵەکەی کرد بە نەوەو وەچەی خۆی.

نَجَلَ الأرضَ للزراعة: زەوییەکەی کێڵا بۆ کشتو کاڵ.

نَجَلَ المرعى: لەوەڕەکەی گردەوە کرد بەداس ◊ بەداسو ماراغان لەوەڕەکەی دوریەوە.

نَجَلَ عَدُوَّهُ بالرمح: بەڕمب لەدوژمنەکەی دا، ڕمبی ئاڕاستەی دوژمنەکەی کرد ◊ دەشگوترێ: (فلان ينجل الناسَ) فلانکەس عەیبو ڕەخنە لەخەڵك دەگرێ.

نَجَلَ الرجلَ: شەقێکی لەپیاوەکە هەڵدا خولاندیەوە، پەڕاندی.

نَجِلَ نَجَلاً: چاوی گەورە بوو جوان بوو ◊ چاو پیاڵە بوو.

نَجِلَت الشَّجَّةُ: برینەکە گەورەو پان بوو قەوارە بوو (فهو أنجل وهي نجلاء).

أنْجَلَ الوادي: دۆڵەکە ڕوەکی نەجیلی ڕواند.

أنْجَلَ الدَّابَّةَ: ڕوەکی نەجیلی کردە لەوەڕی وڵاخەکە.

إنْتَجَلَ فلان: فلانکەس بۆ ئافرەتەکەی خزمی پیاوێکی هەڵبژارد منداڵی لێی ببن ◊ یان فەحلێکی ڕەسەنی هەڵبژارد بۆ جاککردنی ماینەکەی لێی.

تناجَلَ القوم: خەڵکەکە زاوزێیان کرد ◊ یان کێشەو نیزاعیان لێ پەیدا بوو.

إسْتَنْجَلَ الوادي: دۆڵەکە ڕوەکی نەجیلی لێ پەیدا بوو.

إسْتَنْجَلَ الشَّيْئَ: شتەکەی دەرهێنا.

الإنجيل: بڕوانە ئەم مادەیە لە پیتی (هەمزە)دا.

المِنْجَلُ: دەگوترێ: (رجل مِنْجَلُ) پیاوێکی منداڵ زۆرە.

سِنان مِنجل: سەرە ڕمبێکی وەهایە بەرین گەورە دەکا قەوارەی گەورە دەخاتە جەستەوە.

هو مِنْجَلُ هذا الأمر: ئەو پیاوی ئەم کارەیەو لێی دەزانێ ◊ هەروا وشەی (مِنْجَلُ) ناوە بۆ داسی گیادرون داسی درووێنە ◊ (ك: مناجل).

المِنْجَلَةُ: ئامێرێکی دوفاقە لایەکی چەسپاوە لایەکی هاتوچۆی پێ دەکرێ وەکوو گیرە بەکاردێ بۆ گرتنی شت، کورد پێی دەڵێن: جەڕەو مەنگەنە.

النَّجْلُ: منداڵ ◊ دەشگوترێ: (هو کریم النَّجل) ئەو وەجاخزادەو ڕەوشت بەرزە ◊ ئاوی ناو زەلکاو ◊ چاڵایی و زلکاو.

النَّجلاء: دەگوترێ: (طعنة نجلاء) زەبرێکە برینەکەی گەورەیە ◊ (ليلة نجلاء) شەوێکی درێژە.

النَّجيل: ڕومکێکە لەپێڕی (النجيلة)یە تەمەن درێژە ◊ گەڵاکەی وەکوو گەڵای گەنم وایەو لەو کورتترە بەسەر زەوی دا بڵاو دەبێتەوە پەلەکانی زۆر گرێ گرێیاویین گرێکانی لێک نزیکن لەزەوی و زارێک دا زۆر دەڕوێ ئاوبڕێ، بە کوردی پێی دەگوترێ: (فريزو).

نَجَمَ النَّبْتُ نَجْماً ونُجوماً: شتەکە دەرکەوتو هەڵات ◊ دەگوترێ: (نَجَمَت الكواكب و نَجَمَ النبات و نَجَمَت السِّنُ).

نَجَمَ له راي: ڕاو بۆچونێکی بۆ پەیدابوو ◊ (نَجَمَ فيهم شاعر) شاعیرێکیان تێدا هەڵکەوت.

نَجَمَ المالَ: ماڵەکەی وەجبە وەجبە دایەوە.

أنْجَمَ الشَّيْئُ: شتەکە دەرکەوت هەڵات.

أنجمت المطر: بارانەکە وەستایەوە.

أنجمت عنه الحُمّى: لەرزوتاکەی لەکۆڵ بۆوە.

نَجَّمَ فلان: فلانکەس چاودێری نەستێرەکانی کرد بەگوێرەی کاتو شێوەی ڕۆیشتنیان و لافی ئەوەی لێ دا کە بەو هۆیەوە هەواڵی نهێنی داهاتوو دەزانێ.

نَجَّمَ الشَّيْئَ: شتەکەی کردە وەجبە وەجبە.

نَجَّمَ عليه الدين: قەرزەکەی بۆ کرد بە قیستو وەجبە.

إنْتَجَمَ: وازی هێنا ◊ کۆتایی هات ◊ دەگوترێ: (إنْتَجَمَ الشتاءُ) زستان کۆتایی هات.

تَـنَجَّمَ: بەشـوێن گیـا بـێ ڕەگو ڕیـشاڵەکەدا ڕۆیـی و عـەرزی بـۆ هەڵکەند ◊ چاودێری ئەستێرەکانی کردو لەگەڵیان دا شەوبێدار بوو.

اَلنَجْمُ: دەراوی لێ ڕزگاربوون کەلێنی لێ قوتـار بـوون ◊ ڕێبـازی لێ چـۆنەدەرەوە ◊ مەعـدەن و کـان ◊ کانـەزێڕو زیـو و شتی لـەو جۆرە ◊ دەگوترێ: (مَـنْجَم الفحـم) و (مَـنجم الحدید).

اَلمِـنْجَمُ: هەرشـتێك لەجەسـتەو قەبارەیـەك دا هـەڵتۆقێو بەرزبێتـەوە ◊ دەگـوترێ: (مِنْجَمـا الرجل) دوو قاپەرمقەی قاچ ◊ ئـەو ئاسنەی لەناوەڕاستی تـەرازودا قیت بۆتـەوە، کـەپێی دەگـوترێ زوبـانی تـەرازوو ◊ هەرشـتێك سـینگی پـێ داکوترێ، وەکوو چەکوش.

اَلمُـنَجِّمُ: ئەسـتێرەناس؛ کەسـێك چاودێری ئەستێرە بکا ◊ بەدیاردەی هاتوچـۆی ئەسـتێرەکان ڕوداوە نهێنـیو داهاتوەکـانی سـەرزەوی دیاریی بکاو لافی غەیبزانی لێ بدا.

اَلنَّجَّامُ: بەمانا (اَلمُنَجِّمُ) دێ.

اَلـنَّجْمُ: ئەستێرە، قـەبارەو جەستەیی ئاسمانی کـە ڕوناکی پێوە دیاربـێو تا ئەندازەیـەك شـوێنی لەئاسمان دا دیاری کرابێ، بۆ نمونە وەکوو خـۆر ◊ کراوە بەناو بۆ کۆمەڵە ئەستێرەی سـورەمیا ◊ کـاتی دیـاریکراو بـۆ دانەوەی قەرز یان ئەنجامدانی کار ◊ ڕەمکێك قـەدو لاسکی نـەبێ ◊ شتی بـێ بناغـە ◊ دەگـوترێ: (لـیس لهـذا الأمر نَجْم) ئەم ئیشە بێ بنەمایە.

اَلنَّجْمَـة: هـەر ڕەمکێـك قـەدو لاسـکی نـەبن ◊ بـەزۆری بـەڕەمکی نـەجیل دەگوترێ.

اَلنَّجـیم مـن النبـات: ڕەك کەچـرۆزە دەکاو یەکەمجار سەر دەردێنێ.

نَجْنَجَهُ: جوڵاندی، وەری سوڕاند هەڵەو گێـڕی کـرد ◊ دەگـوترێ: (نَجْنَـجَ في أمره) لەکاری خۆی دا سـەری سـوڕما ◊ چەواشـە بـوو نـەیزانی چـی بکـاو چۆن بکا.

نَجَـهَ فلانـاً نَجْهـاً: فلانکەسـی بەناشـیرین ترین شێوە گەڕاندەوە.

نَجَا منه نجـاءً ونِجـاةً: لەئەزیـەتو گێـژاوی ئەو ڕزگاری بوو

نَجَا نجـاءً: پەلەی کرد.

نَجَا الغُصْنَ: لقە درەختەکەی بڕی.

نَجَـا الجلـد عَـنْ الجـزور: پێـستی ئاژەڵـە سـەربڕاوەکانی کـەوڵ کـرد ◊ پێستەکەیانی داڕنی.

نَجَـا فلانـاً نجـراً: بەئەسـپایی و بەسـرتە

قسەی لەگەڵ فلاّن کرد.

أنجى فلاناً: هاتە سەر تەپۆلکە زەوییەك، هاتە سەر گردێك ٥ ناوسکی خۆی خاڵی کردەوە، تڕو تسی کەندن.

أنجى فلاناً: فلاّنکەسی لەو چورتەو ناڕەحەتییەی هەیبو ڕزگاری کرد.

نَجَّى الشَّيْئَ: شتەکە بەسەر گردو تەپۆلکەکەوە بەجێ هێشت.

نَجَّى فلاناً: فلاّنکەسی ڕزگار کرد.

نَجَّى أرضه: زەوییەکەی بەرز کردەوە لەترسی ئەوە نەوەکوو ئاو دایپۆشی.

ناجاه مناجاةً: بەسرتەو لەدڵی خۆیا قسەی لەگەڵ کرد ٥ دەشگوترێ: (بات اهَمُّ يناجيه) خەمو خەفەت شانو ملی گرتنو شەو بێداری کرد.

إنْتَجى: لەسەر تەپۆلکەیەك دانیشت.

إنْتَجَى القومُ: خەڵکەکە هەندێکیان سرتە سرتیان لەگەڵ یەك کرد ٥ دەشگوترێ: (اهموم تنجى لي صدره) خەمو خەفەت دێنە دڵیەوە سەرمتاتکە لەدڵی دەکەن سرتە سرتیانە لەگەڵی دا.

إنْتَجى فلاناً: فلاّنکەسی کردە هاوڕێی خۆیو سرتەسرتی لەگەڵ دا کرد.

تَنَجَّى: هەوڵی دا تەپۆلکەو گردۆلکەیەکی دەست بکەوێ.

إنْتَجَى: خۆی لەپەنا تەپۆلکەیەك دا حەشاردا ٥ خۆی خزاندە پەنا تەپۆلکەیەك بۆئەوەی خۆی خاڵی بکاتەوە.

إسْتَنْجى المحدّثُ: کابرای بێ دەستنوێژ بەئاو یان بەشتی تر خۆی پاك کردەوە.

إسْتَنجى الرجلُ: پیاوەکە هەوڵی ڕزگاربوونی دا.

إسْتَنْجى من الشَّيْئ: لەشتەکە ڕزگاری بوو.

إسْتَنجى الشَّيْئَ: شتەکەی ڕزگار کرد.

المَنْجى: شوێنی ڕزگار بوون ٥ هەر تەپۆلکەو گردێك لەزەوی تەخت بەرز بووبێتەوە.

المَنْجاةُ: ڕزگار بوون ٥ شوێنی ڕزگاربوون ٥ هۆکاری ڕزگار بوون ٥ دەگوترێ: (هو بمنجاة من كذا) (والصدق منجاة) ٥ ڕاستگۆیی هۆکاری ڕزگاربوونە.

الناجية: حوشترى خێرا ڕۆ، خۆشڕۆ.

النّجاءُ: سکچوون ٥ یان نەخۆشییەك ببێتە هۆکاری سکچوون.

النَّجا: هەرشتێك برابێو فڕێ درابێ ٥ مێوڵاك ٥ پڕژو پاڵی درەخت کە لێکرابێتەوەو فڕێ درابێ.

نجا الذبيحة: پێستو ڕیخۆڵەو شتی وای ئاژەڵی سەربڕاو.

نَحَبَ فلان نحباً: فلانكەس فۆتۆی لەخۆ گرت.

نَحَبَ في العمل: لەكارەكەدا زۆری هەوڵ دا، كۆششی كرد.

نَحَبَ عليه: خۆی بەسەردا دا.

نَحَبَ بكذا: گرەوی كرد بەوە.

نَحَبَ الباكي نحباً ونحيباً: لەپڕمەی گریانی دا، دەنگی گریانی لێ بەرز بۆوە.

نَحَبَ الإنسان نحباً: مرۆڤەكە هەڵامەتو كۆكەی تووش بوو ◊ (فهو ناحِب وهي ناحبة).

نَحَّبَ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نَحَبَ) دا دێ.

ناحَبَ فلاناً: گرەوی لەگەڵ فلان كرد.

ناحب الى فلان: دادگایی كردنەكەی بردە لای فلان.

إنْتَحَبَ الباكي: خەفەتبارەكە لەپڕمەی گریانی دا ◊ دەستی كرد بەگریان.

تناحَبَ القومُ: خەڵكەكە وادەیان بەیەكتری دا بۆ ئەنجامدانی كارێك و بۆ ماوەیەك.

النُّحابُ: كۆكە.

النَّحْبُ: فۆتۆو نەزر ◊ گریانی بەكوڵو بەدەنگ ◊ ئەو شتەی گرەوی لەسەر دەكرێ و دەبێتە گرەو لەسەر كراو ◊ كاتی گرەو و ماوەكەی ◊ دەشگوترێ:

نجا الرجلِ: پۆشاكی داكەندراو و فڕێدراوی بیاو.

النَّجاةُ: دەگوترێ: (ناقة نجاة) حوشترێكی خۆشڕۆیە ◊ تەپۆلكە، گرد.

النَّجاوةُ: دەشتایی ◊ مەزرا ◊ مەودا ◊ دەگوترێ: (بيني وبينه نجاوة).

النَّجرةُ: هەرشتێك لە ورگ بێتە دەرەوە لە تڕو تسو پیسایی ◊ هەور بارانی خۆی باراندبێ و ڕۆیشتبێ.

النُّجْرَةُ: تەپۆلكەو گردۆلكە ◊ دەشگوترێ: (هو بنجرة من هذا الأمر) ئەو لەم كارە دوورە.

النجوى: سرتەو قسەكردنی بە ئەسپایی ◊ خەڵكانێك قسەی بەئەسپایی بكەنو كەس قسەكەیان نەبیستێ.

النَّجِيُّ: بانگكەرو قسە لەگەڵ كەر ◊ دەگوترێ: (هو نجي فلان) ◊ نهێنی پەنامەكی ◊ خۆشڕۆ، دەگوترێ: (بعير نجيٌّ).

النَّجِيَّةُ: بانگكەر ◊ ئەوەی دەكەوێتە ناو دڵی نادەمیزادەوە لەخەمو خەفەتو چورتم ◊ دەگوترێ: (باتت في صدره نجية أسهرته) ◊ دەشگوترێ: (ناقة نجية) حوشترێكی خۆشڕۆیە.

(قضى فلان نحبه) فلانكەس مرد ۞ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُ﴾.

النَّحْبَةُ: پشك، قورعە.

نَحَتَ نَحْتاً ونَحِيتاً: نالاندی، نركاندی.

نَحَتَ الشَّيْئَ نَحْتاً: شتەكەی تاشی تووێكڵی لێ كردەوە ۞ دەگوترێ: (نَحِتَ الحَجَرَ) بەردەكەی تاشی.

نحته السَّفَرُ: سەفەر كزو لاوازی كرد.

نُحِتَ فلان على الكرم: فلانكەس لەسەر سەخاوەتی دروست بووە، سەخاوەت تێكەڵاوی پێكهاتەی بووە.

نَحَتَ الجبلَ: كێوەكەی تاشی.

نَحَتَ فلاناً: يان (نحت عِرضه) عەيبی لێ گرت، غەيبەتی كرد.

نَحَتَ فلاناً بالعصا: بەگۆچان لەفلانكەسی دا.

نَحَتَ الكلمة: وشەكەی تاشی لەدوو وشە وەكوو (بَسْمَلَ) واتە (بسم الله الرحمن الرحيم) (حَنْفَشَه) اتە: حەنەفی و شافیعی.

إنْتَحَتَ الشَّيْئُ: شتەكە داتاشرا ۞ دەگوترێ: (نَحَتَهُ فانتَحَتَ).

إنْتَحَتَ الشَّيْئَ: بە تەشوێو رەندەو شتی وا لەشتەكەی گرت لێی تاشی.

المِنْحاتُ: ئامێری تاشین وەكوو تەشوێو رەندە.

المَنْحَتُ: ئەصڵو بنەما ۞ دەگوترێ: (هو من مَنْحَتِ صدق) ئەو لە ئەصڵو بنەمای راستگۆیی پەیدا بووە.

المِنْحَتُ: بەمانا (المِنْحاتُ) دێ ۞ (ك: مَناحِت).

النِّحاتُ: سروشت.

النِّحاتَةُ: ئەو تووێكڵو پرژو پاڵەی لەدار دەتاشرێ.

النَّحْتُ: تەبيعەتو سروشتی شت ۞ دەگوترێ: (الكرم من نحته).

النَّحِيتُ: تاشراو ۞ (جمل نحيت) حوشترێ كزو لاواز ۞ (حافر نحيت) سمی ولاخ كەبەهۆی رۆيشتن بەشوێنی زبردا سوابێ ۞ شتی بێ نرخو هيچو پوچ لەهەر جۆرە شتێك بێ ۞ نالەو دادو فيغان.

النَّحِيتَةُ: سروشت ۞ دەگوترێ: (هو كريم النّحيتة) ئەو پياوە سروشت پاكو وەجاخزادەيە ۞ كۆلەسە هەنگ؛ قەدی داری كلۆر بوو ناوەكەی بەناگرو شتی تر لوس دەكرێو هەنگی تێدا بەخێو دەكرێ ۞ بەكوردی پێی دەگوترێ: (كۆلەس).

نَحَّ نحيحاً: نالاندی، نركاندی.

النَّحِيحُ: دەنگێكە لەناو بۆشايی جەستەی خۆی دووبارەی دەكاتەوە.

نحره نَحْراً: لەگەردنی دا، سەری بڕی ٥ دەشگوترێ: (نحر الأمور علماً) نیشەکانی بەباشی جێبەجێ کردن.

نَحَرَ العَمَلَ: کارەکەی لەسەرەتادا جێبەجێ کرد، زوو ئەنجامی دا.

نَحَرَ الشَّيْئَ: ڕوی لەشتەکە کرد ٥ دەگوترێ: (داري تَنْحَرُ داره) خانوەکەم ڕوی لەخانوەکەیەتی ٥ (دارهم تنحر الطريق) خانوەکەیان ڕوی لە ڕێگەکەیە.

ناحَرَهُ: شەڕی لەگەڵ دا کرد.

ناحَرَهُ على الأمر: لەسەر کارەکە دەمەدەمێو کێشەی لەگەڵ نایەوە، بەرەوڕوی بۆوە، بەربەرەکانی کرد.

نَحَّرَ الإبلَ: حوشترەکەی سەربڕی.

إنْتَحَرَ الرجلُ: پیاوەکە بەهۆیەک لە هۆیەکان خۆی کوشت.

إنْتَحَرَ السحابُ: هەورەکە بارانی هەڵڕشت، بارانباراندن کرایەوە.

إنْتَحَرَ القومُ على الأمر: خەڵکەکە لەسەر کارەکە سوور بوون.

تناحَرَ القومُ في القتال: خەڵکەکە شەڕی باشیان کرد.

تناحَرَ القوم على الشَّيْئ: خەڵکەکە لەسەر شتەکە سووربوون ٥ دەشگوترێ: (تَناحَرَتْ منازِلُ القوم) مەنزڵو بارەگای خەڵکەکە بەرامبەر بەیەک بوون.

المِنْحارُ: کەسێک زۆر ئاژەڵ سەر ببڕێ ٥ دەگوترێ: (هو منحار إبل) واتە زۆر سەخیەو میوانی زۆرن.

المَنْحَرُ: شوێنی سەربڕینی ئاژەڵ ٥ قۆرتەمەی مل.

الناحِرَةُ: قۆرتەمەی مل، ئەو شوێنەی لە قورگ دا بەرزبۆتەوە ٥ دوو ئێسقانی کەوانەیی جومزگە ئاسان شەپیلکی شانو قەفەسی پێشەوە پێکەوە دەبەستنەوە.

النَّحارُ: بۆ موبالەغە لەمانای (الناحِر) دێ ٥ دەگوترێ: (هو نَحّار للإبل) سەخیو میوان نەوازە.

النَّحْرُ: لای ژوروی سنگ، خوار قوڵکەی گەردن ٥ دەشگوترێ: (جلس في نحر فلان) لەبەرامبەر فلان دا دانیشت.

نَحْرُ الشهر: سەرەتای مانگ ٥ (عيد النحر) جەژنی قوربان.

النَّحرير: زانای لێهاتو لەزانینی خۆی دا ٥ (ك: نحارير).

النَّحور: بۆ موبالەغە لەمانای (الناحر) دا دێ.

النَّحِيرُ: سەربڕاو، کوژراو ٥ (ك: نُحُر ونحائر).

النَّحِيرَةُ: سەربڕاو ٥ (ك: نحائر).

نَحَزَ الشَّيْئَ نَحْزاً: شتەکەی پاڵ پێوەنا،

هەلینگی دا دەنەدەنەی دا ◊ دەگوتریّ: (نَحَزَ الدَّابَّة) بەپاژنە پێی دەنەدەنەی ولاخەکەی دا ◊ لێی خورِی ◊ ئاوزمنگی لە ولاخەکە دا ◊ شتەکەی وردوخاڕ کرد لەناو دەسکەوان دا کوتای.

نَحَزَ فِي صدره: مستەکۆڵەی لەسنگی دا.

نَحِزَ نَحَزاً: کۆکەی گرت ◊ دەگوتریّ: (نَحِزَ الرجل ونَحْزَت الدابة).

نَحُزَ الحيوانُ نَحَزاً: گیانلەبەرەکە دەردێکی توشبوو زۆر بەتوندی دەکۆکێ ◊ (فهو نَحيز).

المِنْحازُ: شتێکە وەکوو سندۆڵو هاوەن شتی تێدا دەکوتریّ.

النُّحـــازُ: نەخۆشـــییەکە تووشـــی گیانلەبـــەران دەبـــێ زۆر بەتونـــدی کۆکەیان لێ دەپرژێ.

النُّحازَةُ: پارچە گۆشت.

النَّحيزَةُ: لێدراو ◊ دەگوتریّ: (ناقة نَحيزة) حوشترێکە لێی دراوە باریکایی ژوور سمـی ولاخ، واتـە: زەنگـی دەسـتی ◊ هەروا ناوە بۆ کەمـەر بەنـدو قـایش پشتێن ◊ بەعادەت لەسەر جزداشەو شـتی وا دەبەسـترێ ◊ دەمـاری زەوی کەتونـدو پتـەو بـێ ◊ سروشـتو تەبیعـەت، دەگـوتریّ: (هـو کـریم النَحيزة) ئەو پیاوە سەخی سروشتە.

نَحَسَهُ نَحْساً: ماندوی کـردو زیـانی پـێ گەیاند ◊ دەشگوتریّ: (نَحَسَتْهُ الدَّابَّةُ، ونَحَسَهُ الجَذَبُ).

نُحِسَ: بـەدو شـوم توشـی هـات، نەگبـەتی گرتی.

نَحِسَ: شوم بوو.

نَحُسَ: شوم بوو نەگبەتی گرتی.

انْحَسَتِ النـارُ: ئاگرەکـە دووکـەڵی زۆر بوو.

لَحَّسَ الأخبار: لە هەواڵەکەی کۆڵیەوە.

إنْتَحَس: تێشکاو توشی نەگبـەتی بـوو ◊ دەگوتریّ: (إنْتَحَسَ حظه).

تناحَسَ: تێشکا.

تَنَحَّسَ: برسی بوو، خۆی برسـی کـرد ◊ دەگوتریّ: (تَنَحَّس لِشُرْب الدواء) خۆی برسـی کـرد بۆنـەوەی دەرمـان بخواتەوەو کاریگەر بێ.

تَنَحَّسَ الأخبار وعنه: بەدوادا چوونی بۆ هەواڵەکـــە کـــردو لەهەواڵەکـــەی کۆڵیەوە.

إسْتَنْحَسَ الأخبـار: بـەدوادا چـوونی بـۆ هەواڵەکە کرد.

المِـــنْحَسُ: ئـــەوەی دەبێتـــە هۆکـــاری پەیدابوونی شوم‌و نەگبەتی.

المُنَحَّسُ: غەمبارو خەفۆك.

النُّحاسُ: مس؛ عونصورێکی فلزییە بـە زۆری ڕەنگی سوورە ◊ هەروا ناوە بۆ ئـــەو وردەو پارچـــانەی لەئاســـن

دەبێتــەوە لــەکاتی کوتــانی دا ٥ دوکەڵی بێ بڵێسە ئاگر.

النُّحاسُ: مسگەر، مس فرۆش.

النُّحاسةُ: پیشەی مسگەریی.

النَّحْسُ: ماندوو بوون و زیان پێگەیشتن ٥ دەگوترێ: (أمــر نَحْــسٌ) کــارێکی چەواشــەو ناخۆشــە ٥ (یــوم نَحْــسٌ) ڕۆژی ناخۆش و پڕ بەڵاو کارەسات ٥ کەخێرو خۆشی تێدا نەبێ.

النحيسُ: دەگوترێ: (عام نحيس) ساڵی گرانی و قاتو قڕی.

النّافِجة: ڕەشەبای بەهێز ◊ دەگوترێ: (سحابة نافجة) هەورێکی پڕباران ◊ ئەو کوندیلەو زەرفەی مادەی میسکی تێدایە لەجستەی ئاسك دا ◊ (ك: نوافِج).

النُّفُجُ: نادەمیزادی قونگرانو تەمبەڵ ◊ دەگوترێ: (هو نفج الحقيبة) ئەو سمت پانو زلە.

النُّفّاج: خۆبەزلزانو لوتبەرز ◊ ئەو کەسەی لافی شتێك لێ دەدا کەنیەتی.

النُّفّاجَة: پەراوێزو شوێنی دادراوی کراس کە قۆپچەکانی پێوە دەنرێن.

النُّفيجُ: بێگانەیەك بکەوێتە ناو قەومێکەوە بێوەی بێ نەچاکەی هەبێ نەخراپە ◊ (ك: نُفَجٌ).

النُّفيجَةُ: کەوانێك لەدرەختی (النَّبع) دروست کرابێ (جۆرە درەختێکە لەبەرزایی کێو و شوێنی وادا دەڕوێ دارەکەی سەرمتیرو شتی وای لێ دروست دەکرێ) ◊ (ك: نفائج).

نَفَحَت الريح نَفْحاً ونفوحاً: بایەکە هەڵی کرد، جوڵایەوە.

نَفَح العِرْق نَفْحاً: دەمارەکە خوێنی لێ هات ◊ دەشگوترێ: (نَفَحَ الطيبُ) بۆنەخۆشەکە بڵاو بۆوە.

نَفَحَ الشَّيْئَ: شتەکەی لێ دوور خستەوە.

نَفَحَت الدابة الشَّيْئَ: ولاخەکە بەتیزایی سمی لەشتەکەی دا.

نَفَحَ فلاناً بالمال: مالی دا بەفلانکەس (نَفَحَ فلاناً بالسيف) بەشمشێر لەفلانکەسی دا بەڵام بەهێواشی.

نَفَحَ اللَّبَنَ: ماستەکەی هەژاند.

نَفَحَ الجُمَّةَ: پێشەسەری داهێناو بەشانەی کرد.

نافَحَ عنه: داکۆکی لێ کرد.

نافَحَ فلاناً: بەرهەڵستی فلانکەسی کرد، دژی وەستا.

إنْتَفَحَ به: ڕەخنەی لێ گرت، کۆسپی خستە بەردەمی.

الأنْفحة: ڕوەکێکە وەکوو باینجان ◊ بەشێکە لەمەعیدەی گوڵکەڵەو کارو بەرخ ◊ مادەیەکی تایبەتییە لەدیوی

ناوەوەی گەدەی گۆلکەڵەو کاریلەو بەرخۆڵە دەردەهێندرێ پێی دەگوترێ: (شیلوا وك) شیری پێ دەکرێتە پەنیر.

الإنْفَحَة: (إنفحة العجول) شیلواوك.

المِنْفَحُ: کەسێك خۆبخاتە کارێکەوە کە پەیوەندی بەئەوەوە نیە خۆ لەشتێك هەڵقورتێنێ کەهیچ پەیوەندی بەوەوە نەبێ.

النَّفْحُ: سەرما ٥ پێچەوانەکەی (اللَّفح) واتە: گەرما.

النَّفْحة: بۆنێك کەدڵ پێی خۆش بێ ٥ دەشگوترێ: (أصابتنا نفحة من عذاب ربك) هەروا وشەی (النَّفحة) بەمانا بەخشش دێ ٥ دەگوترێ: (لایزال لفلان نفحات) تا ئێستا فلانکەس بەخششی هەیە.

النُّفُوحُ: زۆرسارد ٥ دەشگوترێ: (ضرع نَفوحٌ) گوانێکە شیر ناگرێتەوە، شیری تێناوەستێ ٥ (بقرة نفوح) مانگایەکە بەبێ دۆشین شیری لێ دەرژێ ٥ (قوس نفوح) کەوانێکە تیر دوور دەهاوێ ٥ (ریح نفوح) ڕەشەبایەکی بەهێزەو شت هەڵدەدا.

النَّفيحُ والنَّفِيحُ: بەمانا (المِنْفَحُ) دێ.

نَفَخَ بفمه نَفْخاً: فوی تێ کرد بەدەمی بای تێکرد.

نَفَخَ في البوق أو المِزمار: بەهەموو هێزی فوی بە زوڕناکەدا کرد بۆئەوەی دەنگی لێ بێ.

نَفَخَ الشيطانُ في أنفه: شەیتان بای تێکردو هەڵینا بۆ ئەوەی خۆی بەزل بزانێ ٥ لافی شتێك لێ بدا کەنیەتی.

نَفَخَ الشَّيْئَ: فوی لەشتەکە کرد، بەفو هەڵی دا.

نَفَخَ النار: فوی لەئاگرەکە کردو هەڵی ساند ٥ یان بەمۆشە دەمەو پانکەو شتی وا فوی لەئاگرەکە کردو پشکۆکانی گەشاندنەوە.

نَفَخَ الطعامُ وغيره فلاناً: خۆراکەکە ورگی فلانکەسی پرکرد ٥ دەشگوترێ: (نَفَخَ شِدقية أو حِضْنَيه) لوتبەرزیی نواندو خۆی بەزلزانی.

نَفِخَ نَفَخاً: توشی نەخۆشی باکردن بوو، ورگی بای کرد.

نَفَّخَ بفمه: بۆزێدەرۆیی لەمانای (نَفَخَ)دێ.

إنْتَفَخَ الشَّيْئُ: شتەکە بەرزبۆوە ٥ دەگوترێ: (إنْتَفَخَ النهارُ) ڕۆژهەڵکشاو بەرز بۆوە.

إنْتَفَخَ فلان: فلانکەس خۆی بەزل زانیو لوتبەرزی نواند.

إنْتَفَخَ عليه: ڕقی لێ هەڵسا.

المِنْفاخُ: موشەدمە ٥ هەرشتێك هەوا

کۆبکاتەوەو ناڕاستەی بکا ◊ وەکوو ئەو ئامێرەی ئاسنگەرو مزگەر خەڵوزی پێ دەگەشێننەوە ◊ (ك: منافيخ).

المِنْفَخُ: بەمانا (المِنْفاخ) دێ ◊ (ك: منافخ).

المنفوخ: (رجل منفوخ) پیاوێکی قەڵەو و خۆگەیە ◊ یان ترسنۆکە.

النّافِخُ: دەگوترێ: (مابالدار نافخ) کەس لەخانوەکەدا نیە.

النَّفْخُ: شانازی‌و خۆبەزلزانی.

النَّفَخُ: هەوکردن‌و هاوسانێکە لەزمنگی (زنـد)ی وڵاخ دا پەیدا دەبێ ◊ نەخۆشییەکە تۆشی گون دەبێ پێی دەگوترێ: (قۆڕپی).

النُّفْخُ: هەرمتی گەنجی ◊ دەگوترێ: (فَتىً نُفْخٌ وفتاةٌ نُفْخٌ).

النُّفَخاءُ: لای زۆروی ئێسقانی قاچ ◊ زەویەکی بەرزو بەپیت، نە لبەڵان بێ نە بەردی تێدا بن کەمێك دەختی تێدا ڕوابن ◊ (ك: نفاخی).

النُّفْخَةُ: ورگ هاوسان‌و مەعیدە پڕبوون بەخواردن یان بەشتی تر ◊ (نَفْخَةُ الشباب) هەرمتی گەنجی‌و لاویەتی ◊ (نفخة الربيع) ڕۆژانی پێگەیشتنی گژوگیا لە بەهاردا.

النُّفْخة: دەردێکە تۆشی ئەسپ دەبێ‌و لەئەنجامی ئەوەدا گونی دەهاوسێن.

النُّفاخُ: هاوسانی بەشێك لە جەستەی بەهۆی نەخۆشییەوە.

النُّفاخة: هاوساوێکە لەناوسکی ماسی دایە ◊ ئەو بڵقو تڵۆقانەن کەدەکەونە سەر ئاو و شلەمەنی تر ◊ میزەڵدان‌و شتی لەو جۆرە کە منداڵ یاریان پێ دەکەن‌و فوپان تێدەکەن‌و بەرزیان دەکەنەوە.

النَّفيخُ: ئەو شاگرد ئاسنگەرو شاگرد مسگەرەی کە بەموشەدەمە یان بەشتی تر ئەرکی خەڵوز گەشاندنەوەوە فوکرن لەکورە ئاگرەکەی لەئەستۆیە ◊ (ك: نُفَخاء).

نَفَدَ الشَّيْئُ نَفَداً ونفاداً: شتەکە فەوتا، نەما، بڕایەوە.

أَنْفَدَ فلان: فلان تێشوی بڕایەوەو ماڵو سامانی نەما.

أنفد الشَّيْئَ: شتەکەی فەوتاند.

نافِذَةٌ: موحاکەمەی لەگەڵ دا کردو کێشەو نیزاعی نایەوە بۆئەوەی بەبەڵگە بۆڕی بدا.

إنْتَفَدَ الشَّيْئَ: شتەکەی فەوتاند.

إنْتَفَدَ الحقَّ: مافەکەی وەرگرتەوە ◊ دەشگوترێ: (إنْتَفَدَ منه) لێی وەرگرتەوە.

إنْتَفَدَ اللَّبَن: شیرەکەی هەموو دۆشی‌و هیچی بۆ نەهێشتەوە.

تنافَدَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە کێشەو دەمەدەمێوە هەرکەسە بەلگەی خۆی خستەڕو.

إسْتَنْفَدَ الشَّيْئَ: شتەکەی بڕاندەوە ٥ دەگووترێ: (إسْتَنْفَدَ وسْعَهُ) تاقەتی نەما، توانای خۆی تێدا خەرج کرد وهیچی پێ نەما.

إسْتَنْفَدَ الأمْرُ أغراضه: کارەکە مەبەستە سەرەکییەکانی هاتنە دی و ئیتر چی دی پێویست ناکا درێژەی پێ بدرێ.

المُنافِدُ: دەگوترێ: (خَصْمٌ منافِدٌ) ڕکەبەرێکە چی لە تواناداید بەکاری دەهێنێ بۆ ئەوەی سەربکەوێ.

المُنْتَفَدُ: دەگوترێ: (فلانٌ مُنتَفَدُ فلان) فلانکەس کەبژێوی نەما فلان پەکی ناخاو دەبداتێ.

النَّفادُ: فەوتان، نەمان، بڕانەوە ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿إنَّ هَذَا لَرِزْقُنَا مَا لَهُ مِن نَّفَادٍ﴾.

نَفَذَ الأمْرُ نفوذاً ونفاذاً: کارەکە تەواو بوو ئەنجام درا ٥ دەشگوترێ: (نفذ فلان لوجهه) فلانکەس ڕێبازی خۆی گرتەبەرو ڕۆیی ٥ (نفذ الكتابُ الى فلان) نامەکە گەیشتە فلان ٥ (هذا الطريق ينفذ الى مكان كذا) ئەم ڕێگایە دەچێ بۆ فلان شوێن ٥ (نفذ الطريقُ) ڕێگاکە ئاسانو خۆشە هەموو کەس دەتوانێ پێیدا بڕوا ٥ (نفذ منه) لەم شوێنەوە چووە شوێنێکی تر ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانفُذُوا لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ﴾ ٥ دەگوترێ: (نفذ فلان في الأمور) فلانکەس لەئیشو کاردا شارەزاو وریایە ٥ (نفذ عنه) لێی تێپەڕی ڕزگاری بوو لێی.

نَفَذَ القومَ نَفْذاً: لەخەڵکەکە تێپەڕیو کەوتە ئەو پەڕیان.

أنْفَذَ القومَ: خەڵکەکەی دڕ داو بەناویان دا ڕۆیی ٥ دەشگوترێ: (رَمَيْتُهُ فأنفَذته) تیرێکم پێومناو هەنگاوتم تیرەکە ئەمدیواو دیو کونی کرد.

أنْفَذَ الكتابَ الى فلان: نامەکەی نارد بۆ فلانکەس.

أنْفَذَ الأمْرَ: کارەکەی ئەنجام دا.

إنْفَذَ عهده: وادەو بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا.

نَفَّذَ الحكمَ: بڕیارەکەی جێبەجێ کرد.

تنافذ القومُ الى القاضي: خەڵکەکە کێشەکەی خۆیان بردە لای دادوەر بۆ ئەوەی بۆیان یەکالا بکاتەوەو بڕیاری پێ دەرکا.

التنفيذ في الحكم: بەکردەوە جێبەجێ کردنی بڕیارە.

الهَيئة التنفيذية: ئەو دەسەلاتەی یاساکانی دەولەت جێبەجێ دەکاو بەعەمەلی پەیڕەویان دەبێ.

المُنْتَفَذُ: بەرفراوانی و پەك نەکەوتن ◊ دەگوترێ: (في مالـه مُنْتَفَـذ) مـاڵو سامانەکەی زۆرە بەشی ئەو شتانە دەکا.

المَنْفَذ: شوێنی تێدا هەڵسوڕانی شت، شوێنی پێدارۆیشتنو لێ دەرچوون ◊ (ك: منافذ).

النّافِذ: دەگوترێ: (رجل نافذ في أموره) پیاوێکە لەکاروباری خۆی دا سەرکەوتووە ◊ (طریق نافذ) ڕێگایەکە ڕۆیشتنی پێدا دەکرێو هەمووکەس دەتوانێ پێیدا بڕوا ◊ (أمر نافذ) فەرمانێکە دەبێ پابەندی بێ ◊ وشەی (النافذ) لەجەستەی نادەمیزاد ناوە بۆ کونە لوتو کونە گوێو ئەو شتانە.

النافذة: دەگوترێ: (طعنة نافذة) برینێکە ئەمبەرەو بەری وەکوو یەك وەهان ◊ پەنجەرەی خانو کەڕوناکیو هەواپان لێ بچێتە ژورەوە بۆناو ژورەکان ◊ (ك: نوافذ).

النَّفاذ: (الحكم مع النَّفاذ) حاڵەتێکە وادەخوازی لەگەڵ بڕیاری دادگا دەرچوو تەنفیز کردنیشی پێویست دەبێ، جاداواکە مەدەنی بێ یان جنائی.

النَّفْذُ: بڕاندنەوەی شتو ئەنجامدانی ◊ دەگوترێ: (أمَرَ بِنَفْذِهِ) فەرمانی کرد بە ئەنجامدانی ◊ (قام بَنَفْذ الكتاب) چی لەنامەکەدا بوو تەنفیزی کرد ◊ چارەسەرو ڕێگای ڕزگاربوون لەچورتم ◊ دەگوترێ: (أتى بِنَفْذٍ لهذا المَعْضَل) چارەسەری ئەو تەنگژەیەی هێنایە کایەوە ◊ هەروا دەگوترێ: (طَعْنَة لها نَفَذ) برینێکە ئەمدیواو دیوە.

النُّفْذة: دەنکەمیرو ◊ (ك: نُفَذ) ◊ دەگوترێ: (قارب الخراز بين النُّفذِ) میروچییەکە میروەکانی لێك نزیك کردنەوە.

النَّفّاذُ: ئیش لەدەست هاتوو کار ڕاپەڕێن.

النُّفُوذ: بەمانا (النَّفاذ) دێ.

النُّفُوذُ: دەسەلاتو هێزو توانا ◊ دەگوترێ: (فلان ذو نفوذ عظيم) فلانکەس دەسەلاتێکی گەورەو بەرفراوانی هەیە ◊ (مناطق النفوذ) ئەو وڵاتە زەعیفو بێ دەسەلاتانەن کە دەوڵەتە زلهێزەکان دەسەلاتی خۆیانی بەسەردا دەسەپێنن.

النَّفيذ: بەمانا (النّافِذ) دێ، دەگوترێ:

(أمر نفيذ) فەرمانێکە ملی بۆ کەج دەکرێ و تەنفیز دەبێ.

نَفَرَ نَفْراً ونفوراً: ولاتی خۆی جێ هێشت و کەوتە گەڕان بەولاتان دا ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ﴾.

نَفَرَ الجلدُ نفوراً: پێستەکە هاوساو لەگۆشتەکە جیابۆوە.

نَفَرَ من الشَّيْءِ نفوراً: لەشتەکە هەڵسڵەمیەوە قێزی لێ کردەوە پێی ڕازی نەبوو.

نَفَرَ من المكان: لەو شوێنە ڕۆیی بۆ شوێنێکی تر.

نَفَرَ الحاج من منى: حاجییەکان دەشتی مینایان جێ هێشت بەرەو مەککە ڕۆیشتن.

نَفَرَ الناسُ الى العدوّ: خەڵک بەپەلەو هەڵەداوان بەرەو ڕوی دوژمن ڕۆیشتن بۆنەوەی شەڕی لەگەڵ بکەن.

نَفَرَ فلاناً نَفْراً: بەسەر فلانکەس دا زاڵ بوو لەبەربەرەکانی دا.

أَنْفَرَ القومُ: خەڵکەکە ولاغەکانیان بلاوبوونەوە.

أَنْفَرَ الدابة: ولاخەکەی چەموش کرد.

أَنْفَرَ الرجلَ: یارمەتی پیاوەکەی دا ◊ دەگوترێ: (إسْتَنْفَرَهم فأنفروه) داوای یارمەتی لێ کردن یارمەتییان دا.

أَنْفَرَ فلاناً على فلان: بڕیاری بۆ فلانکەس دا بەسەرکەوتن بەسەر فلان دا.

نافَرَهُ: کێشەی لەگەڵ نایەوە ◊ شانازی بەسەردا کرد.

نَفَّرَ فلاناً من الشَّيْءِ: فلانکەسی لەشتەکە ترساند، لێی دوورخستەوە ◊ دەگوترێ: (نفر الدابة عَنْ الرعي) ولاخەکەی لە لەوەڕگاکە دوورخستەوە.

نَفَّرَ عَنْ ولده أو غيره: نازناوی ناشیرینی بۆ منداڵەکەی یان بۆ کەسانی تر دانا بەمەبەستی ئەوە جندۆکەو چاوی پیس کاری تێ نەکەن.

نَفَّرَ فلاناً على فلان: بڕیاری سەرکەوتنی بۆ فلانکەس دا بەسەر فلانکەس دا.

نَفَّرَ فلاناً على الشَّيْءِ: فلانکەسی زاڵ کرد بەسەر شتەکەدا.

تنافر القوم: خەڵکەکە کێشەیان تێکەوت ◊ شانازییان بەسەر یەکتردا کرد.

إسْتَنْفَرَت الدابة: ولاخەکە هەڵسڵەمییەوە ◊ دوورکەوتەوە ◊ (فهي مُسْتَنْفِرَةٌ).

إسْتَنْفر الدابة: وای لە ولاخەکە کرد هەڵسڵەمێتەوە.

إسْتَنْفَر الحاكم الرعية: فەرمانڕەوا داوای لەخەڵکەکە کرد بەپەلە بڕۆن بۆ بەرەنگاربکردنی دوژمنو شەڕ لەگەڵ کردنی.

إسْتَنْفَرَ بني فلان: داوای لەهۆزی فلان کرد بەهاواریەوە بێنو ڕزگاری بکەن.

النّافِرُ: دەگوترێ: (دابة نافِر) ولاخێکە هەڵسلەمینەوەی زۆرە ◊ لەپێشبڕکێو کێبڕکێ دا سەرکەوتوە ◊ (شاة نافِر) مەڕێکە کرم لە لوتیەوە دێتە دەر، کرم فرێ دەدا ◊ شتێك لە لوتیەوە دەردەدا وەکوو کرم وایە.

نافرة فلان: خزمو کەسوکارە نزیکەکانی فلانکەس.

النافورة: شتێکە لە باخچەو جێی وادا دادەنرێ ئاو بەرز دەکاتەوە بەتەوژم بۆ جوانکردنو ڕازاندنەوەو فێنك کردنەوەی شوێنەکە.

النَّفارُ: هەڵسلەمینەوە.

النُّفارَة: ئەو شتەی ئاو بژیوان یان سەرکەوتوو لەژێرکەوتوی وەردەگرێ.

النَّفْرُ: خەڵکانێك بەپەلەو هەڵەداوان بۆ شتێك دەچن یان بۆشەڕ ◊ (یوم النفر الأول) دووەم ڕۆژی جەژنی قوربانە کە حاجی لەدەشتی مینایەوە دەڕۆن بۆ مەککە ◊ (یوم النفر الآخر) سێیەم ڕۆژی جەژنی قوربان.

النَّفَرُ: لەسێ کەسەوە بۆ دەکەس ◊ دەگوترێ: (هم نَفَرُ فلان) ئەوانە تاقمی فلانکەسن ◊ بۆتاقە پیاوێکیش دەگوترێ ◊ (ك: أنفار).

النُّفْرَةُ: ئەوەی بەمندالْ دا دەکرێ بۆ چاوەزار.

النُّفِيرُ: هاوشان لەشانازیی کردن دا ◊ خەڵکانێك بڕۆن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ دوژمن.

النَّفِير العامُ: ڕاجمینی تێکڕای خەڵك بۆ شەڕکردن لەبەرامبەر دوژمن ◊ کەسێك کە بێ کەڵك بێ بێی دەگوترێ: (فلان لافي العير ولا في النفير) واتە: فلانکەس نەلەگەڵ کاروانی قوڕەیش بوو کەلەشامەوە دەگەڕایەوە بۆ مەککە بەسەرۆکایەتی ئەبوسوفیان، نەلەگەڵ سوپای قوڕەیش دا بوو کەبەسەرۆکایەتی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە بە پیر کاروانەکەوە چوو بۆ ڕزگارکردنی، جاکەسێك لەگەڵ ئەم دوو تاقمەدا نەبووبێ بەپیاو حسێب نەکراوە.

نَفَزَ الظَّبْيُ نَفْزاً ونفوزاً: ئاسکەکە بازی داو قاچەکانی لێک هەڵبڕین و بەیەکەوە داینانەوە.

نَفَزَ فلان: فلانکەس مرد.

نَفَّزَت المرأة وَلَدَها: ئافرەتەکە منداڵەکەی هەڵپەراند.

تنافَزوا: عەمبازی یەکتر بوون، پەلاماری یەکتریان دا ٥ دەگوترێ: (الصِّبيان يتنافزون في لعبهم) منداڵەکان لەیاری کردنەکەیان دا بەسەر یەکتردا بازیان دا.

النُّفازی: یارییەکە یاریکەرەکان بازی تێدا دەدەن.

النَّفِيزُ: پڕۆنەکەرەی بزرکاو کەلەناو مەشکەکەدا یەکترنەگرێ و تۆپەڵ نەبێ.

نَفِسَهُ نَفْساً: بەچاو هەنگاوتی، چاوەزار لێ بدا.

نَفِسَتْ المرأةُ نَفْساً ونفاسةً: ئافرەتەکە منداڵی بوو.

نُفِسَتْ وَلَداً: منداڵی بوو ٥ (دَمُ نِفاسٍ) خوێنی پاش منداڵبوون.

نَفِسَ بالشيء: شتەکەی لاخۆشەویست بوو لەدەستی نەبۆوە ڕژدو چرۆک بوو دڵی نەهات شتەکە ببەخشێ.

نَفِسَ الشَّيْءَ وبه على فلان: حەسودی بەفلان برد بەوەی کە نەوشتە هی ئەوەو ئەوی بەشیاوی ئەوە نەزانی ئەو شتەی هەبێ.

نَفُسَ الشَّيْءُ نفاسةً ونِفاساً ونفوساً: شتەکە بەنرخ بوو (فهو نفيس ونافِس).

أنْفَسَ الشَّيْءُ: شتەکە بەنرخ بوو، جێگای سەرنج بوو.

نافَسَ في الشَّيْءِ: زێدەڕەوی لەشتەکەدا کرد لەدڵی خەڵک دا شیرینی کرد.

نافس فلاناً في كذا: کێبڕکێی لەگەڵ فلان دا کرد بۆئەوەی پێشی بکەوێ بەبێ ئەوەی زیانی پێ بگەیەنێ.

نَفَّسَ عَنْهُ: فوورسایی لەسەر کەم کردەوە.

نَفَّسَ عنه كربته: ناخۆشییەکەی لەسەر لابرد.

تنافَسَ القومُ: خەڵکەکە پێشبڕکێ و مونافەسەی یەکتریان کرد بەبێ ئەوەی زیانیان بۆ یەکتر ببێ.

تَنَفَّسَ: هەناسەی دا هەناسەی هەڵکێشا.

تَنَفَّسَ الريح: بایەکە بەهێواشی هەڵیکرد.

تَنَفَّسَ في الكلام: قسەی درێژ کردەوە.

تَنَفَّسَ النَّهر: ڕوبارەکە ئاوی زیادی کرد.

تَنَفَّسَ الموجُ: شەپۆلەکە ئاوی دەردایە دەر.

تَنَفَّسَ العُمْرُ: تەمەن درێژ بوو.

تَنَفَّسَ القوسُ: کەوانەکە درزی برد.
تَنَفَّسَ الصُّبْحُ: بەیانی دەرکەوت، ڕوناکی بەیانی ناشکرا بوو.
تَنَفَّسَ الصُّعداء: هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو ماندویەتی حەسایەوە.
الأنْفَسُ: بەنرختر ٥ درێژتر، باشتر ٥ فراوانتر.
التَّنافُس: هەڵنانێکی دەروونی سروشتییە داخوازی ئەوەیە هەوڵ بدەی لاسایی گەورە پیاوانی مێژوو بکەیەوەو بچیتە ڕیزی ئەوان.
المُتَنَفِّسُ: دەگوترێ: (ألفٌ متنفِّس) لوتێکی پانەوەبووە کون گەورەیە.
المُنَافَسَة: بەمانا (التنافس) دێ.
المُنْفِسُ: دەگوترێ: (مال مُنْفِسٌ) مالّو سامانی زۆر.
المنفوس: زاروک ٥ شتێك چاوەزار لێی دابێ ٥ خۆزگەی بۆ بخوازرێ.
النّافِسُ: چاوپیس، حەسودو چاوچنۆك ٥ (شيء نافِسٌ) شتێکە داخوازی لەسەرە.
النَّفّاسُ: جۆرە خوێنێکی ئافرەتە ماوەیە دوای منداڵبوون دێ لەو ماوەدا منداڵدانو کۆئەندامی زاوزێ دەچنەوە سەر حاڵەتی سروشتی خۆیان کەنزیکەی شەش هەفتەیەکی گەرەکە.

النَّفْسُ: گیان ٥ دەگوترێ: (خرجت نفسه أو جاد بنفسه) مردو گیانی لەدەست دا ٥ خوێن ٥ دەگوترێ: (دَفَقَ نَفْسَهُ) خوێنی بەفیچقە لێ دەرهێنا ٥ خودی شتەکە ٥ دەگوترێ: (جاء هو نَفْسُهُ أو بنفسه) ئەو خودی خۆی هات ٥ (ك: أنفس ونفوس) دەشگوترێ: (أصابته نفس) چاوی پیس هەنگاوتی، چاوەزار لێی داوە ٥ (فلان ذو نفس) فلانکەس خاوەن ڕەوشتی بەرزو مەردایەتییە ٥ (في نفسي أن أفعل كذا) لەنیازو مەبەستم دایە ئەوە بکەم ٥ (فلان يؤامر نفسه) فلانکەس دوو ڕاو بۆچونی هەیە نازانێ بەپێی کامیان بکا.
النَّفَسُ: هەناسە ٥ هەوای نەرم؛ بای شەمال ٥ کزەبای شەمال ٥ قۆماڵو و شتی وا ٥ بارودۆخی ئاسایی و بێ چورتەی ٥ دەگوترێ: (هو في نفس من أمره) ئەو کاروباری ئاسایی و بێ کێشەیە دەتوانێ بەئارەزوی خۆی پەل ڕاهاوێ ٥ (بيني وبينه نَفَسٌ) نێوانی منو ئەو دوورە ٥ (شراب ذو نفس) شەرابێکە تینوایەتی دەشکێنێ ٥ (شاعر أو كاتب طويل النفس) شاعیر یان نووسەرێکی

هەناسە درێژەو دەتوانێ بەچەند جۆر بەهرەکەی خۆی دەربخا ◊ (يعجبني نَفَسُ هذا المؤلف أو هذا الطاهي) من سەرسامم بە شێوازی ئەم دانەرە یان ئەم چێشت لێنەرە.

النَّفوسُ: حەسودو رژدو چاو چنۆك.

النَّفيسُ: مالّو سامانی زۆر ◊ (شيء نفيس) شتی بەنرخو خۆزگە بۆ خوراو ◊ (رجل نفيس) پیاوێکی چاو چنۆك.

نَفَشَ القُطْنُ ونحوه نَفْشاً ونفوشاً: لۆکەکە کرایەوە، فش کرایەوە ◊ دەگوترێ: (نَفَشَه فَنَفَشَ).

نَفَشَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە حاڵەتی هەرزانیەوە.

نَفَشَت الماشية في الزرع: ئاژەڵەکان بەلەوڕگاو ناوکشتو کاڵەکەدا بڵاو بوونەوە شەو لەوەڕیان کرد ◊ (ك: نَفَشَةٌ ونُفّاش) ◊ (وهي نافِشة) ◊ (ك: نوافِش).

نَفَشَ على الطعام: چووە سەر سفرەو خوانەکە بۆ نان خواردن.

نَفَشَ القُطْنَ أو الصوفَ: لۆکەکەی شی کردەوە هەڵاجی کرد ◊ خوریەکەی بەشەکرد بەئامێری شە تاڵەکانی لێك کردنەوە ◊ یان بەدەست خوریەکەی خاوکردەوە ◊ (ألفَشَ الراعي الماشية): وڵاخەکانی بەشەو ڕەوانەی لەوەڕگا کردنو بۆخۆی نوست.

نَفَّشَ القُطْنَ: لۆکەکەی کردەوە ◊ هەڵاجی کرد.

إنْتَفَشَ القُطْنُ ونحوه: لۆکەکە شی کرایەوە.

إنْتَفَشَت الهِرَّةُ: پشیلەکە موی جەستەی ڕاستبوونەوە تاوای لێ هات بنکی تاڵەموومەکانی جەستەی بیندران.

إنْتَفَشَ الطائر: باڵندەکە پەڕو باڵی لێ فش بوون دەتگوت دەترسێ یان سەرمایەتی.

نَفْشَ: بەمانا (نَفَشَ) دێ.

المُتَنَفِّشُ: دەگوترێ: (أمةٌ متنفّشة الشَّعْر) کچۆڵەیەکە قژی ژاکاو و بزن ◊ (أنف مُتَنَفِّش) لوتێکە نەرمایی کەمەو کون پانو فراوانە ◊ هەر هاوساوێك ناوموەی بۆش بێ.

النَّفْشُ: خوری (بە شە) کراو و پشکنراو ◊ شتو مەکی پەرتەوازە بوو ◊ دەگوترێ: (باتت غَنَمَه نفشاً) مەڕو بزنەکانی بڵاو بوونەوە ◊ قسەی زۆرو داواکاری زۆر.

النُّفّاشُ: لوتبەرزو خۆبەزلزان ◊ کەسێك لافی شتێك لێ بدا کەنەیبێ، شانازیی بەشتێکەوە بکا کەنیەتی ◊ جۆرە نارنجێکە دەگڕێتە مرەبا.

نَفَضَ ببوله نَفْضاً: بەتەکان میزی هەڵدا، دەگوترێ: (نَفَضَ بالکلمة) قسەی بەخێرایی کردن.

اَنْفَضَ بالضحك: زۆر پێکەنی.

اَنْفَضَ بشفتیه: بەلێوی ئاماژەی بۆ کرد ٥ لێوی لێ داقرینجاند.

اَنْفَضَ بالکلمة: قسەکەی بەخێرایی گوتن.

المِنْفاضُ: کەسێك زۆر پێبکەنێ ٥ دەگوترێ: (رجل مِنْفاضٌ وإمراة منفاض) ٥ هەروا ناوە بۆ کەسێك لەکاتی نووستن دا میز لەجێگە نووستنی دا بەخۆدا بکا.

النُّفاضُ: دەردێکە توشی مەڕوبزن دەبێ و میزەچرکەیان پێ دەکا تا منداد دەبنەوە.

النُّفْضَةُ: فیچقە کردنی خوێن ٥ (ك: نُفُضٌ).

نَفَضَ الثوبُ أو الصبغُ نفوضاً: قوماشەکە هەندێ لەڕەنگەکانی چونەوە، نەمان.

نَفَضَ الزرع: کشتوکاڵەکە پێگەیی و هەموو گوڵە دانەوێڵەکانی دەرکەوتن.

نَفَضَ الکَرْمَ: دارمێوەکە پۆخەکانی پشکوتن.

نَفَضَت الدابةُ: ئاژەڵەکە زاو و زێی کرد.

نَفَضَ فلان من مرضه: فلانکەس لەنەخۆشییەکەی ڕزگاری بوو.

نَفَضَ القومُ: خەڵکەکە تێشوویان بڕایەوە.

نَفَضَ الشَّیْئَ نَفْضاً: شتەکەی تەکاند بۆنەوەی ئەوەی پێوەی نووساوە هەڵوەرێ ٥ دەشگوترێ: (نَفَضْتُهُ الحُمّیٰ) لەرزوتا وەشەقەتۆڵەی هێناو هەڵی پەڕاند.

نَفَضَ المکانَ ونحوه: سەبری شوێنەکەی کردو چی تێدا بوو بینی و لێی ورد بۆوە بۆنەوەی بزانێ چیە.

نَفَضَ الشَّیْئَ: شتەکەی لێ کردەوە تەکاندی دایچۆڕاند ٥ دەگوترێ: (نَفَضوا حَلابَهم) گوانی ئاژەڵەکانیان یەکەیەکە دادۆشی و هیچیان تێدا نەهێشتەوە.

نَفَضَت المرأةُ کَرِشَها: ئافرەتەکە منداڵی یەك لەدوایەکی بوون، منداڵی زۆری خستنەوە.

اَنْفَضَ الوِعاءُ: زەرفەکە هیچی تێدا نەما.

اَنْفَضَ القومُ زادهم: خەڵکەکە تێشوو بژێوی خۆیان تەواو کرد لەناویان برد.

نَفَّضَ الشَّیْئَ: شتەکەی لێ کردەوە تەکاندی دایچۆڕاند.

اِنْتَفَضَ الشَّیْئُ: شتەکە کەوتە جم و جوڵ و هەڵبەزو دابەز ٥ دەگوترێ: (فلا یَنْتَفِضُ من الرعدة) فلانکەس بەهۆی لەرزوتاوە هەڵدەلەرزێ.

إنْتَفَضَ الكرمُ: دارمێوەکە پۆخەکانی کرانەوەو گەلاّی کرد.

إنْتَفَضَ الشَّيْئَ: شتەکەی داچۆراندو دایتەکاند.

إنْتَفَضَ الفصيلُ مافي الضرع: بێچوە ئاژەلّەکە ئەوەی لەگوانی دایکی دا بوو دایچۆراند.

إسْتَنْفَضَ القومُ: خەلّکەکە چەند کەسێکیان نارد بۆ تاقیکردنەوەی شوێنەکە تا بزانن ئاخۆ دوژمنی لێیە، ئەو شوێنە ترسی تێدایە.

إسْتَنْفَضَ المكانَ ونحوه: سەیری شوێنەکەی کرد بۆئەوەی بزانێ چی تێدایەو چی تێدا نیەو بیناسێ.

إسْتَنْفَضَ القومَ: لەخەلّکەکە وردبۆوە و زۆری سەیرکرد.

إسْتَنْفَضَ ماعنده: ئەوەی لای بوو دەری هێنا.

الأنْفُضَةُ: ئەو میوەو شتەیە کە لەدرەختی بەردار دەکەوێتە خوار بۆ ژێر درەختەکە ◊ (ك: أنافيض) ◊ دەگوترێ: (أصابنا اليومَ أنافيض) ئەمرۆ میوەی لەدرەخت بەربۆوەمان خوارد، کۆمان کردەوە.

المِنْفاضُ: قوماشێکە چارەکەیەکە لەژێر درەخت ڕادەخرێ بۆئەوەی ئەو میوەی لەدرەختەکە دەتەکێندرێ بکەوێتە سەری.

المِنْفَضُ: بەمانا (المِنْفاضُ) دێ ◊ بێژنگی گەورە.

المِنْفَضَةُ: قاپێکە گڵ یان لبی تێدەکرێ شتی سوتاوی تێ فڕێ دەدرێ ◊ (تەپڵەکی جگەرە).

المِنْفَضَةُ: داردەستێکە لە درەختی خەیزەران بەڕەو قاڵی‌و شتی وای پێ دەتەکێندرێو تەپو تۆزی پێ لێ دەکرێتەوە.

المَنْفوضُ: ئەو کەسەی لەرزوتا دەیخاتە چۆقە چۆق.

النّافِضُ: (ثوب نافِض) قوماشەکە ڕەنگەکەی چۆوە ◊ هەروا دەگوترێ: (أخذته حمّى نافِض) لەرزوتای بەهێز هێناویەتە چۆقە چۆق ◊ چاوساغو نیشاندەر لەپێش قافڵەوە ڕێگاکە بەتاقی بکاتەوە بزانێ ئەمینە یان نا.

النَّفّاضُ: چۆقە چۆقو هەڵلەرزین بەهۆی لەرزو تاوە.

النُّفاضُ: گرانی‌و قاتو قڕی ◊ ئەوەی هەڵدەوەرێ لەشتی تەکێندراو ◊ ئەوەی لەناو دەم دا دەمێنێتەوە لەپرژە سیواك‌و شتی وا و تف دەدرێتەوە.

النُّفاضُ: پۆشاك: دەگوترێ: (ماعليه نِفاضٌ) هیچی لەبەردا نیە هیچ پۆشاکێکی لەبەردا نیە.

النَّفَضُ: ئەو میوەو بەروبوومەی لەدرەخت دەکەوێتە خوار بۆ بنکی درەختەکە ◊ بۆڵەترێ کە لە هێشوەکەدا تێک دەترنجێنو پاڵەپەستۆی یەکتر دەکەن.

النَّفْضُ: کەرمشانو هەنگە مردوو کە دەکەونە ناو کۆڵەسەوە.

النُّفَضاءُ: هەڵەرزینی لەرزوتادار.

النُّفْضَةُ: ڕێژنە باران کەلە پارچە زەویەک دەداو لەپارچە زەویەکی تر نادا.

النَّفْضَةُ: کۆمەڵە خەڵکێک دەنێردرێن بۆ شوێنێک بۆ جاسوسی‌و بەتاقی کردنەوەی ئاخۆ دوژمن لەوێ هەیە یان نا؟

النَّفَضي: هەڵەرزین.

النَّفوضُ: دەگوترێ: (إمرأة نفوض) ئافرەتێکە منداڵ زۆرە ◊ (رجل نفوض للمكان) پیاوێکە لەشوێنەکە ورد دەبێتەوە.

النَّفيضة: بەمانا (النَّفَضَةُ) دێ.

نَفَضَتِ القِدْرُ نَفْضاً ونفيضاً: مەنجەڵەکە کوڵی پرژی وادەهاوێ دەڵێی تیرە.

نَفَضَ فلان: فلانکەس ڕقی هەڵساو لەڕقان گەرم داهاتووەو هەر خۆی دەخواتەوە.

نَفَضَ العَنْزُ: بزنەکە پژمی.

نَفَضَ الطِّبيُ: ئاسکەکە باڕاندی ◊ دەگوترێ: (نَفَضَ فلان) فلانکەس بەشێوەیەک قسەی کرد کەس لێی حاڵی نەبێ.

نَفِضَ الصَّبِيُ نَفَضاً: منداڵەکە خڕوێلکەی لێ هاتن.

نَفِضَت يدُهُ من العمل نَفْضاً ونفيضاً: دەستی بالوکەو بڵقی لێ پەیدا بوون ئاویان تێدایە.

أنْفَضَ العمل يديه: کارکردن بڵقی لەدەست دا پەیدا کردن پڕن لەئاو.

تَنَفَّضَت القِدْرُ: بەمانا (نَفِضَت) دێ ◊ دەشگوترێ: (تَنَفَّضَ فلان) فلانکەس لەڕق هەڵساوی خۆی گەرم داهاتووە.

تَنَفَّضَت يدُهُ من العمل: بەمانا (نَفِضَتْ) دێ.

النَّافِضَةُ: بڵۆقو بڵق کەبەهۆکاری کارکردنەوە لەدەست دا پەیدا دەبنو پڕن لەئاو ◊ ئاوڵەو میکوتە ◊ دەگوترێ: (يد نافضة) دەستێکە بڵۆقی کردووە، دەشگوترێ: (ماله عافضة ولانافضة) هیچی نیە ◊ (ك: نوافِض).

النَّفاضَةُ: نەوتچیەتی، نەوت دەرهێن.

النَّفاط: نەوت دەرهێن لەبیرو کان ◊ نەوت فرۆش.

النَّفّاضَةُ: بڵقی سەر دەستو شوێنی تری جەستە کە پڕبێ لەئاو ◊ ئەو

شـتەی نـەوتی پـێ دەهـاوێ و دەیپڕژێنـێ ◊ شـوێن دەرهێنـانی نەوت.

الـنَّفْطُ: نـەوت ◊ کـە بـەکاردێ بـۆ سوتەمەنی و شتی وا.

الـنِّفْطُ: بلـۆق و بلـق لەجەسـتەدا ◊ مێکوتەو ناولە.

اَلنَّفَطَان: جۆرە کۆکەو هەناسە دانێکە لەکاتی ڕق هەڵسان دا.

النُّفَطَةُ: کەسێک دەستی بلۆقی کردبن.

نَفَعَهُ نَفْعاً: سودی پێگەیاند (فهـو نـافع ونَفّاع).

اَنْفَـعَ: بازرگـانی لەشـتی خێـر ئـامێزدا کرد.

نَفْعَهُ: بۆ زێدەڕەوی لەمانای (نَفَعَ) دێ.

إنْتَفَعَ به: قازانجی لێدەستکەوت.

إسْتَنْفَعَ فلاناً: داوای سـودو قـازانجی لێ کرد.

اَلْمَنْفَعَـةُ: هەرشـتێک سـودو قـازانجی لێ ببینـدرێ ◊ (ك: منـافع) ◊ (مـذهب اَلمَنفعـة) مەزهـەبێکی ئەخلاقییـە ◊ بـەناوبانگترین ڕێـڕەوی ئـەم مەزهەبە (بنتام و ستیوَرْت میـل) ◊ (منـافع الـدار) ئـەو شـتانەی کەپەیوەندیان بـەخانووە وە هەیـە وەکـوو حەوشـەو سیاج و بـەربێلاو زێراب و بارکۆن .....هتد.

(المنافع العامة) ئـەو سـودو قازانجانـەی بـۆ هـەموو کەسـەو هـەموو خـەڵک بەگشتی لێی سودمەند دەبن.

النَّافِعُ: ناوێکە لەناوە جوانەکانی خودا.

النافعة: سودو قازانج ◊ دەگوترێ: (مـا نفعـني فـلان بنافعـة) فلانکـەس قازانجێکی پێ نەگەیاندووم.

النَّفْـعُ: خێـرو بێـرو سـودو قـازانج و بەرەکـەت ◊ هەرشـتێك مـرۆڤ بەمەبەست بگەیەنێ.

النَّفْعَةُ: عەصاو گۆچان ◊ (ك: نفعات).

نَفَّ الأرضَ نَفّاً: زەوییەکەی تۆو کرد.

نَـفَّ الـسَّوِيقَ: بەوشـکی قاوتەکـەی بەکارهێنا نەیکردە حەڵوا.

نَفَّ نَفّاً: چلمی دەردا لەلوتی.

النَّفِيُّ: شتێکە وەکوو چارەکەو سفرە وەهایە قاوتی لەسەر دەبێژرێتەوە.

النَّفِيفُ: قاوتو شتی وا.

نَفَـقَ الـشَّيْئُ نَفَقـاً: شـتەکە تـەواو بـوو، بڕایەوە نەما ◊ دەگوترێ: (نَفَقَ الـزاد و نَفَقَ الدراهم).

نَفَقَ اليربوع: یەربوعەکە لەکونەکەی خۆی هاتە دەر.

نَفَقَتْ الدابة نفوقاً: ولاخەکە تۆپی.

نَفَقَ الجرحُ: برینەکە تووکلی هەڵدا.

نَفَقَت البـضاعة نفاقـاً: کاڵاکە ڕەواجی بـوو ◊ داخـوازی لەسـەر زۆر بـوو ◊

دەگوترێ: (نَفَقَت المرأةُ): ئافرەتەکە خوازبێنی کەری زۆر بوون.

أنْفَقَ فلان: فلانکەس هەژار بوو ◊ مالّو سامانی فەوتا.

أنْفَقَ التّاجِرُ: بازرگانەکە کالاکانی ڕەواجیان پەیدا کرد.

أنْفَقَ الإبلُ: حوشترەکە توکی بلاو بۆوە لەبەر فەلەوی توکی هەڵدا.

أنْفَقَ المالَ: مالّو سامانەکەی لەناو برد.

نافق اليربوع نِفاقاً: یەربوعەکە چووە کونەکەی خۆی.

نافق فلان: فلانکەس دووڕو بوو، ئەوەی دەری بڕی پێچەوانەی ئەوە بوو کەلەدڵی دا بوو.

نَفَّقَ السِّلعةَ: ڕەواجی بەکالاکەدا بازاڕ گەرمی بۆ کرد.

إسْتَنْفَقَ الشَّيْءَ: شتەکەی کردە نەفەقەو بژێو بۆ مالّو منداڵی ◊ دەگوترێ: (إسْتَنْفَقَ المال على عياله) مالّو سامانەکەی کردە بژێوو مەسرەف بەسەر مالّو منداڵی دا.

الإنفاق: بەخشینی مال لەبوارێك لەبوارەکان دا ◊ هەژاریو نەبوونی، قورئان دەفەرموێ: ﴿إِذًا لَّأَمْسَكْتُمْ خَشْيَةَ الإِنفَاقِ﴾.

المُنافِق: دووڕو، کەسێك کوفر بشارێتەوەو ئیمان دەربخا ◊ کەسێك دوژمنکاری بشارێتەوەو دۆستایەتی دەربخا ◊ کەسێك شتێك دەربخاو پێچەوانەی بشارێتەوە.

المِنْفاق: کەسێك نەفەقەی زۆربێ مەسرەفو خەرجی زۆر بێ.

المُنَفَّقُ من السراويل: شوێنی دۆخێن ◊ پزوی دەرپێ.

المَنْفَقَةُ: هۆکاری ڕەواج دان بەکالا ◊ دەگوترێ: (حُسْنُ الإعلان مَنْفَقَةٌ للسِّلعة) بانگەشەکردنی لەبارو پرووپاگەندە کردنی جوان دەبێتە هۆکاری ڕەواجی کالا.

النافِقاء: یەکێکە لەکونو لانەی یەربوع ئەو کونەی بەدەرەوەیە لەوپان دا خۆ حەشارنادا، خۆ لەکونێك دا حەشاردەدا کە دیارنیە ◊ ئەمەیە بنەمای نیفاق نیفاق لەئەمە وەرگیراوە ◊ (ك: نوافق).

النَّفَق: تونێل ◊ کونێکە لەژێر زەوی و ژێر کێو و ئەمسەرەو سەر کونە ◊ لەکوردستانی عێراق تا ئێستا دوو تونێل هەیە یەکێکیان تونێلی دەربەندیخانە لەشەستەکانی سەدەی بیستەم تەواو بووە دووەمیان تونێلی ئەزمرە ساڵی ٢٠٠٩ کرایەوە.

النَّفِقُ: شتێك زوو بپڕێتەوە ◊ دەگوترێ: (طعام نَفِقٌ) خواردنێکە زوو دەبڕێتەوە ◊ (فرس نفِق الجري)

نەسپەکە زوو لەغاردان دەومستێتەوە.
النُّفُقُ من النساء: نافرەتێك لای مێردی نەفەقەی باشی بدرێتێو شانسو بەختی چاکی لای مێردی هەبێ.
النَّفَقَة: ناوێکە لە وشەی (الإنفاق) واتە: یەك مانایان هەیە ٥ ئەو پارەی خەرج دەکرێ بۆ ژن: کەمێردەکەی بۆی دابین بکا بۆ خواردنو پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ بوون و پێویستیاتی تر ٥ (ك: نفقات ونفاق).
النَّيْفَقُ من السراويل: پزوی دەرپێو ڕانکەو شەڕوالْ ٥ نافۆکی دەرپێ.
نَفَلَ الرجلُ نَفْلاً: پیاوەکە سوێندی خوارد.
نَفَلَ فلاناً: زیادەی بەخشی بەفلانکەس ٥ دەگوترێ: (نَفَلَ القائدُ الجُنْدَ) سەرلەشکرەکە زێدە بەخششی دا بەسەربازەکان ٥ لەدەستکەوتی شەڕ بەشی دان.
أنْفَلَ فلان: فلانکەس تەشوێی تاوداوەو ڕوەکی قەتادی بڕی بۆ حوشترەکە بۆئەوەی بیخوا.
أنْفَلَ له: سوێندی بۆ خوارد.
أنْفَلَ فلاناً: لەدەستکەوتی شەڕ بەشی فلانکەسی دا.
نَفَّلَ عَنْ صاحبه: لەجیاتی هاوەڵەکەی پارەی دا.
نَفَّلَ فلاناً: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نَفَلَهُ دێ ٥ زیاد لە بەشی خۆی پێدا ٥ سوێندی دا.
إنْتَفَلَ من الأمر: دورەپەرێزی خۆی لەکارەکە ڕاگەیاند ٥ دەگوترێ: (إنْتَفَلَ مما قيل) بەرائەتی خۆی لەو قسە گوتراوانە ڕاگەیاند.
إنْتَفَلَ من القوم: لەیارمەتیدانی خەڵکەکە دوورکەوتەوە.
إنْتَفَلَ الشَّيْءَ منه: داوای شتەکەی لەو کرد.
تَنَفَّلَ المصلي: نوێژکەرەکە نوێژی سوننەتی کردن.
تَنَفَّلَ على اصحابه: لەدەستکەوتی شەڕدا ٥ زیاتر بەشی هاوەڵەکەی وەرگرت.
النَّافلة: زیاد لەحەقو پێویست زیاد لەبەشی خۆی ٥ زیاد لەفەرزو واجب ٥ دەگوترێ: (هو يصلي النافلة) ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ﴾ ٥ هەروا وشەی (نافِلة) ناوە بۆ دەستکەوتی شەڕ، بۆشتی بەخشراو، بۆ کوڕمزا، قورئان دەفەرموێ: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ نَافِلَةً﴾ مەبەست بە (نافلة) کوڕمزایە.
النَّفْلُ: هەر تاعەتو خودا پەرستییەك زیاد لەفەرزو واجب بێ ٥ هەروا ناوە بۆ سەرما.

النَّفَلُ: دەستکەوتی شەڕ ◊ بەخشش ◊ (ك: أنفال) ◊ هەروا ناوەبۆ ڕەگەزی ڕوەکێك سالانەو تەمەندرێژە چەند جۆرێکی هەیە هەندێکی دێمەکارەو خۆڕسکە، هەندێکی دەڕوێندرێ دەکرێ بەئالف وەکوو نەو جۆرە کەپێی دەوترێ: (النَّفَل الأسكندري) و پێشی دەگوترێ: بیرسیم.

النُّفَلُ: سێ شەوی دوای سێی مانگ واتە شەوی چوارەمو پێنجەمو شەشەم.

النَّوْفَلُ: دەریا ◊ دەگوترێ: (رجل نَوْفَلُ) پیاوێکی بەخشندەیە ◊ گەنجی قۆزو جوانچاك.

النُّفْنافُ: بۆشایی نێوان دوو کێو ◊ شتی دوور.

النَّفَنَفُ: هەوا ◊ سارای دوورو فراوان ◊ دەگوترێ: (قطعتُ نَفْنَفاً من الأرض) ◊ بەرزایی یەك لەنێوان ڕوی زەوی نەودا بۆشاییەك هەبێ ◊ دەگوترێ: (بئر بعيدة النفنف) بیرێکە نێوان بنکیو زارکی زۆرە ◊ (ك: نفانِف) ◊ (نفانف الدار) دەوروبەری خانوو.

نَفَهَ نُفوهاً: ترسنۆك بوو ◊ دڵی زەعیفو لاواز بوو ◊ ئازەڵی چەموش کەژێر بار بکرێو بچەمێندرێ.

نَفِهَتْ نفس فلان نَفَهاً: نەفسی فلانکەس ماندو بوو لەوزەی دا نەما (فهو نافِهٌ).

أَنْفَهَ لفلان من ماله: بەخششی بۆ فلانکەس کەمکردەوە.

أَنْفَهَ الدَّابة: ولاخەکەی ماندو کرد.

نَفَّهَ الدابة: ولاخەکەی ماندو کرد.

إِسْتَنْفَهَ فلان: فلانکەس ئیسراحەتی کرد ◊ پشوی دا.

نَفَاهُ نفواً: دوری خستەوە.

النُّفايةُ من الشَّيْئ: گوێزرو بنژیلو قرپۆکی شتو بەرماوەی شت.

نَفَى الشَّيْئَ نَفْياً: شتەکەی دوورخستەوە.

نَفَى الحاكم فلاناً: فەرمانڕەوا فلانکەسی لەوڵاتی خۆی دوورخستەوە دەری کرد.

نَفَتَ السحابة ماءَها: هەورەکە بارانی خۆی بارانـد ◊ هەروا وشەی (نفی) بەمانا ئینکارکردن دێ ◊ دەڵێ ئەوشتە هەرنەبووە ڕوی نەداوە.

نَفَتِ الريحُ التراب: ڕەشەباکە گڵو خۆڵەکەی ڕادا.

نافاه: دژی وستا پێچەوانە بوو ◊ دەگوترێ: (هذه القضية تنافي تلك).

إِنْتَفَى: دوورکەوتەوە، دەگوترێ: (إنْتَفَى الرجل عَنْ بلده) پیاوەکە لەزێدو نیشتمانی خۆی دوورخرایەوە دەرکرا.

إِنْتَفَى شَعْرُهُ: قژی هەڵوەرین (إنْتفى الشجر عَنْ الوادي) درەختی شیو و

دۆڵەکە فەوتان.

إنْتَفَى من الشَّيْئ: خۆی لەشتەکە بێ بەری کردو خۆی لێ ڕزگار کرد.

تنافت الأحكام أو الآراء: بڕیارەکان یان بۆچوونەکان دژ بەیەکو پێچەوانەی یەکتر بوون.

المَنْفى: شوێنی کەسانی دوورخراوە لەزێدو نیشتمانیان.

النُّفايَةُ: شتی فڕێدراو لەبەر بێ کەڵکی و خراپی ٥ باقی مەندەی شت ٥ (نُفاية المطر) پڕژو پڕیشکی باران ٥ دەشگوترێ: (هو نُفاية القوم) ئەو خوێڕی نەتەومکەیەتی، یەکێکە لەهەتیومچەکانی نەتەوە.

النَّفيُ: پێچەوانەی ئیجاب و ئیسپاتە ٥ (عقوبة النفي) سزایەکە بریتییە لەوە تاوانبار لەزێدو نیشتمانی خۆی دوور بخرێتەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان دیاری نەکراو.

النَّفَيان: ئەوەی هەور دەیڕێژێ لەئاوی خۆی ٥ لافاو.

النَّفْيَةُ: سفرەو خوانێکە لەپوش و پڕژە خورما دروست دەکرێ پێشی دەگوترێ سەلە، گۆشت و پەنیرو شتی وای لەسەر دادەنرێ و دەخرێتە بەر خۆرەتاو تا وشک بێتەوە.

النُّفْيَةُ: پاشماوەو بەرماوەی شت ٥ شتی فڕێدراو لەبەر خراپی و بێ کەڵکی.

النَّفِيُّ: بەمانا (النُّفاية) دێ دوورخراوە لەزێدو نیشتمانی خۆی ٥ دەگوترێ: (هذا نَفْيُ الريح) ئەوە هاوردەو فڕێدراوی ڕەشەبایە ٥ ئەو گڵ و خۆڵ و شتەیە کەڕەشەبایەکە لەبن قەدەرەختەکانی دا هێشتوویەتیەوە ٥ (نَفْي الرحى) ئەو ئاردەیە بەرداشەکە لەسوڕی خولانەوەیدا فڕێی دەداتە دەر ٥ (نَفْيُ القِدر) ئەو دڵۆپە ئاوانەن کەمەنجەڵ لەکاتی کوڵان دا فڕێی دەداتە دەر ٥ (نَفْيُ الجيش) ئەو سەربازانەی دەکەونە قەراخ و بیجاخی سوپا ٥ (فلان نفي) فلان باوکی دیاریی نیەو بۆخۆی تڕۆ کراوە.

نَقَبَ فلان في الأرض نَقْباً: فلانکەس بەناوزەوی دا گەڕا ٥ ڕۆیشت.

نَقَبَ عَنْ الشَّيْئ: لەشتەکەی کۆڵیەوە.

نَقَبَ الجلدَ أو الجدارَ: پیستەکە یان دیوارەکەی کون کرد ٥ دەشگوترێ: (نَقَبت النَّكْبَةُ فلاناً) کارەسات و تێشکانەکە فلانکەسی کەلەپاچە کرد.

نَقَبَ الثوبَ: قوماشەکەی کردە دەرپێی کورت.

نَقِبَ الشَّيْئُ نَقَباً: شتەکە کون بوو.

نَقِبَ البعيرُ: حوشترەکە سمی تەنک بوون (سمی سوان).

نَقُبَ على القرم نقابةً: بوو بەگەورەو ڕیش سپی خەڵکەکە ◊ (ناقَبَ فلاناً): توشی فلان بوو بەبێ وادەو نەخشەی پێش وەخت ◊ لەناکاو توشی بوو.

لَقيته نِقاباً: لەناکاو تووشی بووم.

ناقب الرجلَ فَنَقَبَهُ: شانازی بەسەر پیاوەکەدا کرد بەکرداری جوانو ڕەوشتی بەرز، بەسەری دا زاڵ بوو.

نَقَّبَ: بۆ زێدەڕەوی لەمانای (نَقَبَ) دا دێ.

نَقَّبَ عَنْ الشَّيْءِ: زۆری لەشتەکە کۆڵیەوەو وردبینی تێدا کرد.

تَنَقَّبَت المرأةُ: ئافرەتەکە چارشێوی بەسەر ڕوخساری خۆی دا دادایەوە.

المَنْقَبُ: ڕێگەی تەنگەبەر لەنێوان دوو کێو دا ◊ دەربەندو تەنگڵ ◊ ئەو شوێنەی لێکۆڵەرەوە هەوڵی خۆی تێدا ئەنجام دەدا.

المِنْقَبُ: شت کونکەر ◊ کەسێک زۆر لەشت بکۆڵێتەوە.

المَنْقَبَةُ: ڕێگای تەنگ لەنیوان دوو خانودا کەئەتواندرێ ڕەوی پێدا بکرێ ◊ کرداری چاک ڕەوشتی بەرز ◊ (ك: مناقِب).

المِنْقَبَةُ: بەمانا (المِنْقَبُ) دێ.

النّاقِبَةُ: بریندێکە لەلای تەنیشتی مرۆڤ پەیدا دەبێو دەتەنێتەوە بۆ ناوەوەی جەستە.

النُّقّابُ: زانای بلیمەتو زیرەک ◊ سەرپۆشێک ئافرەت دەمو لوتی خۆی پێ دادەپۆشێ ◊ سك، دەگوترێ: (هما فرخان في نِقاب واحد) ئەوانە دوولانەنو بەیەک سك بوونو لەیەک دەچن.

النُّقابة: سەندیکا؛ کۆمەڵێک هەڵدەبژێرێن بۆ بەرێوەبردنی کاروباری تایەفەو پیشەیەک لەخەڵک وەکوو سەندیکای کرێکاران، سەندیکای ئەندازیاران، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ...هتد ◊ هەڵبژێراوەکان لەناو خۆیان دا یەکێک دەکەن بەنەقیبو یەکێکی تر بەجێگرو بەو جۆرە ◊ سەپید نژادەکانی کوردستانو عێراقیش کاتی خۆی لە (مەجلیسی مەبعوسان)دا نوێنەرێکیان هەبوە پێیان گوتووە نەقیبو نوێنەرایەتی سەپیدەکانی کردووە.

النَّقّابُ: کەسێک زۆر پشکنین بکاو لەشت بکۆڵێتەوە.

النَّقْبُ: کون لەپێستو دیوارو شتی وادا ◊ (ك: أنقاب، نِقاب).

النُّقْبَةُ: دەرپێی کورت، یان دەرپێی بێ دەرەلینگ ◊ گرۆیی‌و لەش خوران یان سەرەتای گرۆیی ◊ شوێنی ژەنگ ◊ کاریگەریی ژەنگ لەسەر شتێك ◊ دەگوترێ: (جلوت سيفي من نُقْبَتِهِ) شمشێرەکەم لەژەنگ مشت‌و مالّ کرد ◊ (إن عليه نقبة من سواد) لەسەر نەو شتە پەڵە ژەنگی ڕەش هەیە ◊ دەشگوترێ: (فلان حسن النقبة) فلانکەس ڕوخسار جوانە.

النُّقْبَةُ: شێوەی ڕوخسار داپۆشین ◊ (ك: نِقب).

النَّقِيبُ: زوڕنا ◊ زوبانەی تەرازو ◊ سەرۆکی سەندیکا ◊ پلەیەکە لەپلەی عەسکەری‌و پۆلیس لەژور پلەی مولازیم‌و خوار پلەی ڕائیدە ◊ ڕیش سپی‌و سەرۆکی بنەماڵەو لێ پرسراوی کاروباریان ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَبَعَثْنَا مِنهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا﴾ ◊ (ك: نقباء).

النَّقِيبَةُ: (نقيبة الرجل) نەخلاق‌و سروشت‌و ڕەوشتی پیاو ◊ مەشورەت و ڕاپرسی ◊ دەگوترێ: (هو ميمون النقيبة) ڕا دروستو مەشوەرت پێکراوێکی پیرۆز ◊ هەروا دەگوترێ: (ماله نقيبة) ڕای پەسەندی نیە.

نَقَّثَ فلان في السير أو الأمر نَقْثاً: فلانکەس لەڕۆیشتن دا یان لەکارەکەدا پەلەی کرد.

نَقَّثَ عَنْ الشَّيْئِ: شوێنی شتەکەی هەڵکۆڵی بۆئەوەی دەری بێنێ.

نَقَّثَ الأرضَ: زەوییەکەی شی کردەوە بەپاچ‌و بێل.

نَقَّثَ العَظْمَ: مۆخی ئێسقانەکەی دەرهێنا.

نَقَّثَ فلان في السير أو الأمر: فلانکەس لەڕۆیشتن دا یان لەکارەکەدا پەلەی کرد.

نَقَّثَ الشَّيْئَ: شتەکەی گواستەوە.

إنْتَقَثَ: دەق بەمانا (نَقَثَ) دێ.

تَنَقَّثَ فلان: بەمانا (نَقَثَ) دێ.

تَنَقَّثَ فلاناً: هەوڵی دا فلانکەس ومگری خۆی بکاو مەیلی لای نەوی هەبێ.

تَنَقَّثَ ضَيْعَتَهُ: کاروباری نەوی گرتە دەست خۆی.

نَقَاثٌ: ناوە بۆ کەمتیار.

النَّقْثُ: فیتنەیی.

نَقَحَ الشَّيْئَ نَقْحاً: چاکی شتەکەی لەخراپەکەی جیاکردەوە.

نَقَحَ العَظْمَ: مۆخی ئێسقانەکەی دەرهێنا.

نَقَحَ العودَ: چڵەدارەکەی سپی کرد، تۆپکڵەکەی ڵێ کردەوە.

نَقَحَ الجِذْعَ: پرژو پاڵی لە لقەدارەکە کردەوەو گرییەکانی لوس کردن ◊ دەشگوترێ: (نَقَحَ الكلامَ أو الكتابَ)

قسەکەی ڕێک و پێک کردەوە، کتێبەکەی ڕاست کردەوە هەڵەکانی لابردن.

ناقَحَهُ: هەڵاجوێی کرد.

نَقَّحَ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نَقَحَ) دا دێ.

نَقَّحَ الکلامَ أو الکتابَ: کەلامەکەی پاڵفتە کرد، هەڵەو ناڕێکیەکانی لابردن.

نَقَّحَتْهُ السنون: ڕۆژگار بڕستی لێ بڕیوەو کاری خۆی لێ کردووە.

إنْتَقَحَ العَظْمَ: مۆخی نێسقانەکەی دەرهێنا.

تَنَقَّحَ شَحْمُ الناقة: بەزو پیوی حوشترەکە کەم بوو.

المُنَقَّح: دەگوترێ: (رجل مُنَقَّحٌ) پیاوێکی خاوەن ئەزمونو قاڵبوی ڕۆژگارە ٥ هەروا دەگوترێ: (طبعة من الکتاب مُنَقَّحَةٌ) چاپی ئەمجارەی کتێبەکە پاڵفتەکراوە.

النَّقْحُ: هەوری سپی هاوینە.

النُّقْحُ: زانای شارەزاو قاڵبوو لەزانیاری دا ٥ دەگوترێ: (إنّه لَنِقْحٌ).

النَّقَحُ: لمبی شۆراوەو پاڵفتە.

نَقَحَ رأسَهُ بالعصا: بەگۆچان و دارعەسا لەسەری دا.

نَقَحَ المُخَّ من العظم: مۆخی لە نێسقانەکە دەرهێنا.

نَقَحَ الماءَ العَطَشَ: ناوەکە تینوایەتی شکاند.

إنْتَقَحَ المُخَّ من العظم: مۆخی لە نێسقانەکە دەرهێنا.

الأنْقَحُ: دەماغ بچوك ٥ کەم دەماغ ٥ دەگوترێ: (ظلیم أنْقَحُ) بێچوە نوعامەیەکی بێ دەماغە.

النُّقاخ: پاڵفتەو خالیص لەهەموو شتێك ٥ دەگوترێ: (هذا نُقاخ العربیة) ئەمە پاڵفتەی زمانی عەرەبییە ٥ هەروا وشەی (النُّقاخ) بەمانا ناوی ساردو صافو گوارا دێ ٥ ناوی زۆر کە بیرهەڵکەن لەشوێنی بێ ئاو و بێرون دا زەوی بۆ هەڵکۆڵێو دەری بێنێ ٥ نووستنی ئەمینو ئامانو بێ وەی.

النُّقْحَةُ: ئافرەتێك لەبەر قەڵەوی نەتوانێ بڕوا ٥ لەڕۆیشتن دا لەبەر گۆشتنی بەهێواشی هەنگاو هەڵێنێ.

النُّقاخُ: لای پێشەوەی پشتە مل (واتە: دەوروبەری گوێچکەو نێسقانی پشتگوێ).

نَقَدَ الشَّیْئَ نَقداً: شتەکەی سوزن هاژن کرد بۆنەوەی بەتاقی بکاتەوە، شتەکەی لەبۆتەدا بۆنەوەی چاك و خراپ لێك جیابکاتەوە ٥ دەگوترێ:

(نَقَدَ الدراهم والدنانير وغيرهما) دینارە زێڕو دیرهەمە زیوەکانی لەبۆتەداو ئەسڵو تەزویری لێک هەڵاوارد ٥ هەروا دەگوترێ: (نَقَدَ الشِّعْرَ و نَقَدَ النثرَ) عەیبو لەکەی لەشیعرو پەخشانەکەدا هەن هەمووی دەرخستن یان لایەنە جوانەکانی شیعرو پەخشانەکەی خستنە ڕو ٥ هەروا دەگوترێ: (فلان ينقد الناسَ) فلانکەس ڕەخنە لەخەڵک دەگرێو عەیبو عاری ئەوانی دەرخستنو پاشملە غەیبەتیان دەکا.

نَقَدَت الحيّةُ فلاناً: مار بەفلانکەسیەوە دا، مارگەستی.

نَقَدَ الشَّيْئَ وإليه ببصره نقوداً: بەتیلەی چاوی بۆشتەکەی ڕوانی بۆئەوەی هەستی پێ نەکرێ کە بۆ ئەو دەڕوانێ.

نَقَدَ فلاناً الدارهِمَ نقداً وتنقاداً: پارەکەی بۆ فلانکەس ژماردو دایە دەستی.

نَقَدَ فلاناً الثَّمَنَ، ولَه الثمنَ: پارەکەی بەحازری و دەستەو یەخە دا بەفلانکەس‌و هیچ دوای نەخست.

نَقِدَ الشَّيْئُ نَقَداً: شتەکە گەندەڵی تێدا دروست بوو ٥ دەگوترێ: (نَقِدَ الضِّرْسُ أو القَرْنُ) ددانەکە یان شاخەکە کرمۆڵ بوو، داخوران، شکان.

نَقِدَ الحافِرُ: سمەکە توێکڵی هەڵدا.

أنْقَدَ الشَّجَرُ: درەختەکە گەڵای کرد.

ناقِدُهُ: موناقەشەی لەگەڵ دا کرد دەربارەی کارەکە.

إنْتَقَدَ الوَلَدُ: منداڵەکەی گەورە بوو.

إنْتَقَدَ الدراهم: دیرهەمەکانی وەرگرتن ٥ پارەپوچو تەزویرەکانی جیاکردەوە، دەشگوترێ: (إنْتَقَدَ الشعر على قائله) عەیبو خەوشی شیعری شاعیرەکەی دەرخستن.

إنْتَقَدَت الأرضُ الجذعَ: گڵەکە لقەدارەکەی گەندەڵ کرد و ڕزاندی.

تناقد وتَنَقَّدَ الدَّرَاهِمَ وغيرها: دیرهەمەکانی لەبۆتە دان ساغو تەزویری لێک هەڵاوارد.

الأنْقَدُ: کیسەڵ، یان کەسێک ددانی ژان بکا ٥ ژیشک ٥ هەر لەم ڕوەومیە کەلەپەندی پێشینان دا هاتووە (أسرى من أنقد) لەژیشک شەورەوتر، چونکە ژیشک قەت بەشەو ناخەوێ ٥ هەروەها لەپەندێکی تردا گوتراوە (بات بليل أنقد) بەشەو بەخەبەر مایەوە نەنوست.

الإنْقِدان: کیسەڵ.

المِنْقادُ: دەندوک.

المِنْقَدَةُ: ئامێری جیاکردنەوەی گوێزی کوێرەک‌و ئازا لەبەکتری ٥ پارچە

ڕاخەرێکە گوێزی لەسەر جیادەکرێتەوە.

النّاقد الفني: ڕەخنەگری هونەریی؛ نووسەرێك کاری سەرەکی ئەوەیە کاری هونەری و ناهونەری لێك جیابکاتەوە ◊ کاری باش و خراپ لێك جیادەکاتەوە ◊ (ك: نقاد ونقدة)

◊ (النَّقْدُ) لەبواری کرین و فرۆشتن دا فرۆشتن و کڕین بەپارەی حازر، (واتە: پێچەوانەی قەرز) ◊ هەروا دەگوترێ: (درهم نقدٌ) دیرهەمی زیوی ئەصڵ واتە: تەزویر نیە ◊ هەروا ناوە بۆ پارەی سکە لێدراو چ زێڕێ چ زیو بێ ◊ یان هەر پارەیەکی تر کەلەبازڕادا مامەڵەی پێ بکرێ ◊ هەروا ناوە بۆ فەنێك قسەی باش و خراپی پێ لێك جیادەکرێتەوە.

النَّقْدُ: مرۆڤی کەم نمودو گەشە نەکردوو.

النَّقَدُ: جۆرە درەختێکە گوڵێکی زەردی هەیە لەسارا دەڕوێ ◊ جۆرە مەڕێکە قەبارە بچوك ◊ یان ڕەگەزێکە لەناژەڵی مەڕ قاچ بچوك دەمو لبۆز ناشیرین لە ولاتی بەحرەین هەیە بەخێودەکرێ، تاکەکەی پێی دەگوترێ: (نَقَدَةٌ) ◊ (ك: نقاد ونقادة) ◊ هەروا ناوە بۆ مرۆڤی خوێڕی و هەتیومچە.

النُّقْدَةُ: بڕوانە مادەی (الكَرَوْيا).

النُّقادُ: ئەو کەسەی پارەی تەزویرو نەصڵ لێك جیادەکاتەوە ◊ شوانی ئەو جۆرە مەڕەی کەپێی دەگوترێ: (النَّقَدُ) لەولاتی بەحرەین بەخێودەکرێ ◊ یان خاوەنی ئەو جۆرە مەڕەیە.

نَقِدَ نَقَداً: ڕزگاری بوو خەلست ◊ دەگوترێ: (أنقذته فنقِدَ).

أنْقَذَهُ: ڕزگاری کرد، قوتاری کرد، دەگوترێ: (أنقذته من الشر) و (أنقذت الشَّيْءَ منه).

نَقَذَهُ: بەمانا (أنقذه) دێ.

تَنَقَّذَهُ: بەمانا (أنْقَذَهُ) دێ.

تَنَقَّذ منه الحديث: قسەکەم لێ دەرهێنا ◊ قسەم لێ وەرگرت.

إسْتَنْقَذَهُ: بەمانا (أنْقَذَهُ) دێ.

الأنْقَذُ: قالۆچە.

النُّقْذُ: سەلامەتی و ڕزگاربوون ◊ دەگوترێ: (نقداً لك) سەلامەتی و بێ وەبی بۆتۆبێ هەمیشە لەخۆشی دا بی.

النَّقِذُ: ڕزگارکراو، ئەوەی لەدەستی یەکێکی تر ڕزگاری دەکەی ◊ دەگوترێ: (ماله شَقْذٌ ولانَقِذ) واتە هیچی نیە.

النَّقيذُ: نەوەی لەدەستی دوژمن ڕزگار دەکرێ ◊ (ك: نقائذ).

النَّقيذةُ: بەمانا (النَّقيذ) دێ ◊ دەگوترێ: (هو نقيذة بؤس) ئەو ڕزگار بووی بەڵاو کارەساتە ◊ هەروا ناوە بۆ زرێ لەم ڕوەوە کە زرێ جەستەی مرۆڤ دەپارێزێ لەزەبری شمشێرو شتی وا ◊ (ك: نقائذ).

نَقَرَ عَنْ الأمر نَقْراً: لەشتەکەی کۆڵیەوە.

نَقَرَ في الحجر: لەسەر بەردەکەی نووسی.

نَقَرَ في صلاته: پەلەی کرد لەئەنجامدانی نوێژەکەی داو خێرا خێراو سەرسەرەکی نوێژی کرد ◊ لەحەدیس دا هاتووە: کە پێغەمبەر (د.خ) (نهى عَنْ نقرة الغراب) ئەی کردووە لە ئەنجامدانی نوێژ بەشێوەی پەلەپەڵو چونەڕوکوع و سجود وەك دەندوك لەزەوی دانی قەڵەڕەشە.

نَقَرَ بلسانه: بەزوبان فیکەی لێ دا.

نَقَرَ بالدابة: دەنگی لە وڵاخەکە کرد بۆئەوەی خێرا بڕوا ◊ دەشگوترێ: (نَقَرَ بفلان) لەناو خەڵکەکەدا تەنیا بانگی فلانکەسی کرد.

نَقَرَ في الصور: فوی بەکەڕەنا دا کرد ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ﴾.

نَقَرَ الشَّيْءَ بالشيء: شتەکەی بەشتەکە کێشا ◊ دەگوترێ: (نَقَرَ رأسَهُ بأصبعه) بەپەنجەی لەسەری خۆی دا ◊ (نَقَرَ الدفّ) دەفەکەی ژەنی ◊ (نَقَرَ العودَ) عودەکەی لێ دا.

نَقَرَ السَّهْمُ الهدفَ: تیرەکە لەنیشانی دا.

نَقَرَ الطائرُ الحَبَّ: بالندەکە دەنکە دانەوێلەکانی چنینەوە.

نَقَرَ شيئاً من الطعام: بەپەنجە هەندێ لە خواردنەکەی هەڵگرت.

نَقَرَ الشَّيْءَ: شتەکەی بەنامێری هەڵکۆڵین هەڵکۆڵی.

نَقَرَ النُّقَارُ الخشبةَ: نەقارەکە تەختەدارەکەی کونجکونج کرد.

نَقَرَ الخَيْلُ الأرضَ: ئەسپەکە بەسمەکانی زەوییەکەی قوڵکە قوڵکە کرد.

نَقَرَ فلاناً: ڕەخنەی لەفلان گرت.

نَقِرَ فلاناً نَقَراً: فلانکەس هەژار کەوت.

نَقِرَت الشاةُ: مەڕەکە تووشی نەخۆشی تەبەقەو سم داوەشان بوو.

نَقِرَ عليه: ڕقی لێ هەڵسا ◊ (فهو نَقِرٌ ونَقِرَةٌ).

أنْقَرَ عنه: وازی لێ هێنا ◊ دەگوترێ: (ضَرَبَهُ فما أنقر عنه حتى قتله) لێی داو وازی لێ نەهێنا هەتا کوشتی.

ناقَرَهُ مناقَرَةً ونقاراً: کێشەی لەگەڵ دا نایەوەو بەربەرچی قسەکەی دایەوە.

نَقَّرَ الطائر في المرضع: بالندەکە زەوییەکەی تەختو خۆش کرد بۆئەوەی هێلکەی تێدا بکا.

نَقَّرَ بِاسم فلان: لەناو کۆمەڵ دا ناوی فلانی دیاری کرد.

نَقَّرَ الشَّيْئَ وعنه: لێی کۆڵیەوەو پشکنینی بۆ کرد.

إنْتَقَرَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەبێ نرخو پوچ لەقەڵەم دا ٥ دەشگوترێ: (جرت السيولُ فإنتَقَرَتْ نُقْراً إحتبس فيها الماءُ) لافاو هەڵساو زەوی قوڵکە قوڵکە کردو ئاوتێیان داوەستا.

إنْتَقَرَ الشَّيْئَ وعنه: بەمانا (نَقَرَ) دێ.

إنْتَقَرَ الشَّيْئَ: شتەکەی هەڵبژارد.

إنْتَقَرَ في الدعوة الى الوليمة: بۆ داوەتەکە هەندێ خەڵکی بانگ کردو هەندێکی بانگ نەکردن.

إنْتَقَرَ الرجلَ وبالرجل: پیاوەکەی تایبەت کرد بە بانگ کردن هەربەتەنها بانگی ئەوی کرد لەناو کۆمەڵە پیاوەکەدا.

تَنَقَّرَ الشَّيْئَ: لەشتەکەی کۆڵیەوە.

تَنَقَّرَ على الأهل والمال: دوعای لەخزمو خێزانو مااڵو سامانی کرد.

الأنقورَةُ: چاڵایی و شیوەڵی سەرەدەنکە دانەوێڵە.

المِنْقارُ: دەندوکی باڵندە ٥ (ك: مناقِر) هەروا ناوە بۆ ئاسنێك وەکوو پاچ وایە کەوانەییە بەردی پێ دەبڕدرێنەوە ٥ ئامێرێکە داری پێ کونکون دەکرێ.

المِنْقَرُ: چەکوش ٥ (ك: مناقِر).

المُنْقِرُ: دارێکە کون دەکرێو شەرابی تێدا دەکرێ بەسرکە ٥ بیری ئاوی بچوك ٥ یان بیری سەرتەسك کەلەزەوی توندو پتەودا ڵێ بدرێ ٥ (ك: مناقير).

النَّاقِرُ: تیر: کەنیشانە بەهەنگێوێ.

النَّاقِرَةُ: بەڵگەی کاریگەر ٥ (ك: نواقِر) دەگوترێ: (أتتني عنه نواقِر) لەو کابرایەوە قسەیەکی ناشرینم پێ گەیی ٥ (أخطات نواقِر فلان) بەڵگەو دەلیلی فلان جێی خۆیان نەگرت هەڵەیان کرد.

النّاقور: کەرەناو شاخێکە قوی پێدا دەکرێ وەکوو نیشانەو پێشەکی دونیا وێرانبون دەناسرێ ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ﴾ ٥ (ك: نواقير).

النُّقارَةُ: ماوەی نەومندەی باڵندە دەندوکی بەمارو کرمو شتی وادا دەدا ٥ ئەو وردە و پارچۆکانەی لەکاتی بەرد چاککردن دا لەبەردەکە دەبنەوە، یان ئەو پارچە

دارانەی لەدار بڕینەومدا هەڵدەومرن ٥ دەگوترێ: (ماترك عندي نقارة إلا إنتقرها) هەرشتێکی بەکەڵك هاتو لام بوو بردی‌و هیچی نەهێشتەوە.

النَّقارة: پیشەی بەرد چاککردن‌و بەرد بیراز کردن.

النُّقْر: کوتانەوەو بیرازکردنی شت تادەگاتە ئەندازەی کونکردن ٥ چەقەنە لێدان: کەلەئاکامی پێکێشانی قامکە گەورە بە قامکی ناومڕاست پەیدا دەبێ.

النُّقْر: بەمانا (الأنقور) دێ.

النِّقِر: سیفەتی موشەبەهەیە ٥ ئاو یان بیر.

النُّقَر: دەگوترێ: (أعوذ بالله من العَقَر والنَّقَر) پەنا دەگرم بەخودا لە ئیفلیجی‌و مالّ فەوتان‌و هەژاریی.

النُّقَری: عەیب‌و تانە ٥ داوای تایبەتی ٥ دەگوترێ: (إن المولَ منا لایدعوا النقری) داومتکەر لەئێمە داومتی تایبەتی ناکا بەڵکوو بانگی هەموو کەس دەکا.

النُّقْرَة: شەڕە دەندوك، دەگوترێ: (بینهما نِقَرَة).

النُّقْرَة: چاڵی بچوك‌و کەوانەیی لەزەوی‌و بەردو شاخ‌و شتی تر کەئاوی باران‌و لافاوی تێدا دەمێنێتەوە.

نُقْرَة القفا: قوڵکەیەکە لەکۆتایی دەماغ دا ٥ قوڵکەی چاو ٥ قوڵکەو لانەی هێلکە کردن ٥ پارچەی زێڕو زیو کە بتوێنرێتەوە.

النُّقْرَة: دەردێکە تووشی قاچی ئاژەڵ دەبێ.

النَّقّار: کەسێك زۆر لێکۆڵینەوەو پشکنین ئەنجام بدا ٥ دەگوترێ: (رجل نَقّارٌ) پیاوێکی لێکۆڵەرەوەو پشکێنەرە لە کاروبارو هەواڵگری دا ٥ کەسێك پیشەی ئەوە بێ نەقاری بەردبکا یان دار کونج کونج بکا.

النَّقِیر: ئەو بەردو دارەی کونج کونج دەکرێ ٥ قەدە دار کە گرن گرن دەکرێ‌و وەکوو پلیکانە پێیدا سەردەکەون بۆ بەرزایی‌و سەربان ٥ قەدە دارێکە کاسەی لێ دروست دەکرێ‌و سرکەی خورمای تێدا دروست دەکرێ ٥ چاڵایی‌و شیوەڵی سەر دانەوێڵە ٥ شتی پڕو پوچ‌و کەم نرخ، قورئان دەفەرموێ: ﴿وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيرًا﴾ ٥ هەژارو ئاتاج ٥ تونکڵی دانەوێڵە.

النقیرة: کەشتی بچوك.

نَقَرَ في المكان: زۆر لەشوێنەکە مایەوە.

المُنْقَرِد: دەگوترێ: (مالك مُنْقرِداً) ئەتۆ مانەوەت نیە، هۆکاری مانەوەت نیە.

النَّقْرِسُ: نەخۆشییەکی بەئازارە بەزۆری لەجومزگەی قاچو قامکی قاچ دا پەیدا دەبێ ◊ پێشی دەگوترێ: (داء الملوك) دەردە پاشا ◊ فەوتانو تێداچوون ◊ بەڵای گەورە ◊ (ك: نقارِس).

النِّقْرِيسُ: چاوساغو ڕێ نیشاندەری شارەزاو زیرەك ◊ پزیشکی شارەزاو زیرەك ◊ شتێکە وەکوو گوڵ ئافرەت لەسەری خۆی شەتەکی دەدا ◊ (ك: نقاريس).

نَقْرَشَ الشَّيْءَ: شتەکەی ڕنی ◊ ڕازاندیەوە ◊ لەقاندی ◊ لێی کۆڵیەوە.

النَّقْرَشَة: هەستی کەم ◊ زەخرەفەکردنو جوانکردن.

نَقَزَ الطِّبيُ وغيرُه في عَدْوِهِ نقزاً ونقزاناً: ئاسکەکە خۆی بەرز کردەوەو بازی دا.

أَنْقَزَ فلان: فلانکەس شتی خراپی هەڵگرتو کردی بەمالی خۆی ◊ بەردەوام بوو لەسەر خواردنەوەی ئاوی صاف ◊ ئاژەڵەکانی نەخۆشییان تێکەوتو منداربوونەوە.

أَنْقَزَ عَنِ الشَّيْءِ: وازی لە شتەکە هێنا، تەرکی کرد.

أَنْقَزَ عَدُوَّهُ: دوژمنەکەی بەخێرایی کوشت.

نَقَّزَهُ: بازی پێ داو هەڵی پەراند، ڕەقصاندی ◊ دەگوترێ: (نَقَّزَت المرأةُ صبيَّها) ئافرەتەکە منداڵەکەی هەڵپەڕاند.

إِنْتَقَزَت الماشيةُ: ئاژەڵەکان نەخۆشییان تێکەوت.

إِنْتَقَزَ لفلان مالَه: مالی خراپو بێ کەڵکی بۆ هەڵبژاردو پێی دا.

المَنْقوزُ: تۆشبوو بە نەخۆشی (نوقاز) جۆرە دەردێکە تۆشی ئاژەڵ دەبێ.

النَّاقِزُ: دەگوترێ: (عطاء ناقِز) بەخشیشی خراپو بێ نرخ ◊ (ذو ناقز) خاوەنی مالی خراپ.

النَّاقِزَةُ: بەکێك لەقاچەکانی ئاژەڵ ◊ (ك: نواقز).

النَّقَّاز: دەردێکە تۆشی ئاژەڵ دەبێو منداری دەکاتەوە.

النَّقَزُ: شتی خراپو بێ کەڵك، پیاوی خوێڕیو هەتیومچە ◊ دەگوترێ: (أعطاه من نقز المال) مالی خراپی پێدا ◊ نازناو و لەقەب.

النَّقِزُ: ئاوی صافو بێگەرد.

النُّقَزُ: ئاوی صافو بێگەرد ◊ بیر.

النُّقَزُ: بیر.

النُّقازُ: جۆلەکە ◊ بان جۆلەکەی بچوك ◊ (ك: نقاقيز).

نَقَسَ الناقوسُ نَقْساً: زنگەکە لێی دا، دەنگی هات.

نَقَسَ فلان: فلانکەس زەنگی لێ دا ٥ دەگوترێ: (نَقَسَ بالناقوس).

نَقَسَ الشرابُ: شەرابەکە مزر بوو.

نَقَسَ بين القوم: فیتنەو ناشوبی لەنێو خەڵکەکەدا نایەوە.

نَقَسَ فلاناً: ڕەخنەی لەفلانکەس گرتو تانەو تەشەری لێ دا.

تناقَسَهُ: ڕەخنەیان لەیەکتر گرت ٥ دەگوترێ: (بينهما منافسة ومناقسة).

نَقَّسَ فلاناً: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نَقَسَ) دێ.

نَقَّسَ القومَ بناقوسه: بەزەنگو شاورەکەی بانگی خەڵکی کرد.

نَقَّسَ الدَّواةَ: نوچەکەی خستە ناو شوشە مەرەکەبەکە بۆنەوەی پێی بنوسێ.

الناقوس: زەنگێکە بۆنەوە کاتی نوێژکردنیان هاتووە ٥ (ك: نواقيس).

النَّقاسَةُ: عەیبو گاڵتە پێکردن.

النَّقْسُ: جۆرێکە لەزەنگو زەنگوڵە.

النَّقْسُ: مەرەکەب کە شتی پێ دەنووسرێ ٥ (ك: أنْقُسُ، أنقاس).

النَّقِيسُ: دەگوترێ: (رجل نَقِيسٌ) پیاوێکە ڕەخنە لەخەڵك دەگرێ.

نَقَشَ الشَّيْئَ نَقْشاً: لەشتەکەی کۆڵیەوەو بەدوایدا چوو دەری هێنا ٥ دەگوترێ: (نَقَشَ الشوكة بالمنقاش) چقڵەکەی بەموکێش دەرهێنا.

نَقَشَ الحق من فلان: مافەکەی لەفلان وەرگرتەوە.

نَقَشَ الشَّعْرَ: مووەکانی هەڵکەندن.

نَقَشَ مَرِيضَ الغنَمَ: کۆزو گەوەو ناغەڵی مەڕو بزنەکانی مالی، خاوێن کردەوە ٥ لەحەدیس دا هاتووە: (إستوصوا بالمعزى خيراً فانه مال رقيق وأنقشوا له عطنه).

نَقَشَ الشَّيْئَ: شتەکەی ڕەنگاوڕەنگ کردو ڕازاندیەوە.

نَقَشَ الرَّحى: بەرداشی ناشەکەی بیراز کرد بۆنەوەی زبر بێو باش دانەوێڵەکە بهارێو وردی بکا.

نَقَشَ العِلْقَ: هێشوە خورماکەی چقڵ هاژن کرد بۆنەوەی زوو شیرین ببێو بگا.

نُقِشَ العِلْقُ: هێشوە خورماکە خاڵ خاڵ بوو نیشانەی گەیشتویی لێ دیاربی دا ٥ (فهو منقوش).

أنقش: بەردەوام بوو لەسەر خواردنی خورمای وشکەڵی تەڕکراو ٥ بەدواداچونی بۆ قەرز دارەکەی ئەنجام دا.

ناقشه مناقشة ونقاشاً: لە حیسابەکەی

كۆڵيەوە ◊ دەگوترێ: (ناقشه في الحساب) لە حيسابەكەدا لێكۆڵينەوەی لەگەڵ كرد.

ناقش المسألة: مەسەلەكەی لەگەڵ دا باس كرد.

نَقْشَهُ: بەچەن ڕەنگێك ڕەنگی كردو ڕازاندیەوە.

إنْتَقَشَ فلان في قصّه: داوای لە نەخشكەرەكە كرد كەلەسەر نقێمی نەنگوستیلەكەی نەخشی بۆ دروست بكا.

إنْتَقَشَ الشَّيْئُ: شتەكەی دەرهێنا ◊ شتەكەی هەڵبژارد.

إنْتَقَشَ منه جميع حقه: هەموو مافی خۆی لێ ستاند.

المِنْقاشُ: نامێری نەخشەكردن (ك: مناقيش) ◊ دەگوترێ: (إستخرجت منه حقي بالمناقيش) زۆر بە گرەگرو ناخۆشی مافی خۆم لێ ستاند.

المنقوشة: برین كە ئێسقانە وردەی لێ دەربێندرێ.

النَّقّاشَةُ: پیشەی نەخشەكاری.

النَّقْشُ: شوێنكەو شوێندەست ◊ دەگوترێ: (ذهب الرّمادُ حتى مانرى له نَقْشاً) گڵو خۆڵەكە ڕۆیی و نەما شوێنەواری نابینین ◊ خورمای وشكەوەبووی تەڕكراو.

النَّقّاشُ: كەسێك پیشەی نەخشكاری بێ.

النَّقيشُ: هاوشانو هاو وێنە ◊ دەگوترێ: (هذا نقيش هذا) ئەوە هاوشانی ئەوە ◊ دەشگوترێ: (ماله ضد ولا نقيش).

نَقَصَ الشَّيْئُ نقصاً ونقصاناً: شتەكە كەم بوو، بێ هێز بوو، لاوازو زەبون بوو ◊ دەگوترێ: (نَقَصَ عقله أو دينه) عەقڵی لاواز بوو، ئایینی كز بوو.

نَقَصَ فلاناً حَقَّهُ: مافی فلانی ژێر لێودا ◊ حەقی كەم كردەوە.

نَقَصَ فلاناً نقيصة: تانەو تەشەری لەفلان دا.

نَقَصَ الشَّيْئُ فلاناً: شتەكە پێویستی بەفلان بوو.

أنْقَصَ الشَّيْئَ: شتەكەی كەم كردەوە.

نَقَّصَ الشَّيْئَ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نَقَصَه) دێ.

إنْتَقَصَ الشَّيْئُ: بەمانا (نَقَصَ) دێ.

إنْتَقَصَ الحَقَّ: حەقی شاردەوە، مافی پێشێل كرد.

إنْتَقَصَ الثَّمَنَ: نرخەكەی دابەزاند.

تناقص الشَّيْئَ: شتەكە وردە وردە كەم بۆوە.

تَنَقَّصَ الشَّيْئَ: كەم كەم شتەكەی لێ وەرگرت.

تَنَقَّصَ فلاناً: عەیبی لەفلان گرت.

إسْتَنْقَصَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەکەم لەقەڵەم دا ٥ کەمو کوڕی پاڵ دا.

إسْتَنْقَصَ الثَمَنَ: داوای کەمکردنەوەی نرخەکەی کرد.

المَنْقَصَةُ: کەمو کوڕی ٥ (ك: مَناقِص).

النَّقْصُ: لاوازو کز دەگوترێ: (أصابه نقص في عقله أو دينه) کزیو لاوازیی لەعەقڵی دا یان لەئایینی دا تووشی بوو ٥ لەبواری زانیاری (عروز)دا قرتاندنی پیتی حەوتەمی (مفاعلتن) لەبەحری (الوافر) دا، دەبێتە (مفاعَلْتُ) دوایی دەگوڕێ بۆ سەرکێشی (مفاعیل)، تەنها لەحەشودا دەبێ.

النُّقْصان: ئەندازەی کەمی شتە کەمبوومکە.

النَّقِيصَةُ: کەمو کوڕی ٥ سەرزەنشتکردنی خەڵك، تانەو تەشەر لێدانیان ٥ ڕەوشتی ناشرینو ئاکارو ڕەفتاری بەد ٥ (ك: نقائص).

نَقَضَ الشَّيْئَ نقضاً: شتەکەی هەڵوەشاندەوە.

نَقَضَ البناءَ: خانوەکەی هەڵوەشاندەوە.

نَقَضَ الحَبْلَ أو الغَزْلَ: حەبلەکەی هەڵوەشاندەوە کردیەوە ٥ پیسەکەی کردەوە بەخوری.

نَقَضَ اليَمينَ أو العَهْدَ: سوێندەکەی خۆی خست، پەیمانەکەی هەڵوەشاندەوە.

نَقَضَ ما ابرمه فلان: ئەوەی فلان بڕیاری دابوو بڕیيەوە ئەو پوچی کردەوە.

نَقَضَ وِتْرَهُ: تۆڵەی خۆی ساندەوە.

نَقَضَت الكَمْأةُ وجه الأرض: قاچکەکە زەوی دڕیو هاتەدەر، سەری دەرهێنا.

أنْقَضَ النَّباتُ: ڕوەکەکە سەری دەرهێنا، زەوی شەق کرد.

أنْقَضتِ الأرضُ: زەویەکە ڕوەکی دەرکەوت.

أنقضت الإصبعُ: پەنجەکان دەنگیان لێوە هات لەکاتی چەقەنە پی لێدان دا ٥ دەگوترێ: (إنقضت الدجاجة عند البيض) مریشکەکە لەکاتی هێلکە کردنی دا گارەگاری کرد.

أنقض الكَمْأةُ رأسها: قاچکەکەی لەزەوی دەرهێنا.

أنقض العَنْزَ: بانگی بزنەکەی کرد.

أنقض الشَّيْئَ: شتەکەی والێ کرد دەنگی لێوە بێ ٥ دەگوترێ: (أنْقَضَ أصابعه) بەپەنجەکانی چەقەنەی لێ دا.

انقضَ الحِمْلُ الظَّهرَ: کۆڵەکە (بارەکە) پشتی جەماند، ماندوی کرد ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَوَضَعْنَا عَنكَ

وِزْرَكَ، الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ﴾ ○ (ناقَضَ في قوله مناقضةً ونقاضاً) قسەکەی بەجۆرێك کرد پێچەوانەی ماناکەی بێ ○ قسەکەی گۆڕی ○ پێچەوانەی قسەی خۆی ئاخاوتنی کرد.

ناقض الشاعرُ الشاعرَ: شاعیرەکە ڕەدی چامەی شاعیرەکەی تری دایەوە مانای چامەی شاعیرەکەی پێچەوانە کردەوە ○ (ك: نَقائِض) ○ نمونەی ئەم جۆرە لەشیعری عەرەبی زۆرە بۆ نموونە نەقائیزی فەرەزدەق و جەریر کە دوو شاعیری سەردەمی ئەمەوییەکانن، هەرچی فەرزدەق مەدحی خۆی و بنەماڵەکەیانی کردووە جەریر هەڵی وەشاندۆتەوە لەئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە ئەدەبە کەمە یان نییە، جگە لەو دوو قەسیدەیەی نالی و حەریق (ئیللا کج)و (ئیللا کوڕ) کەڕەنگە ئەمانیش بچنە ئەو بوارەوە.

نَقَضَ النَّباتُ: بەمانا (أنقض) دێ.

نَقَضَ النباتُ الأرضَ: ڕوەکەکە زەوی شەق کردو سەری دەرهێنا.

إنْتَقَضَ الشَّيْئُ: شتەکە دوای پتەوبوونی هەڵوەشایەوە ○ دەگوترێ: (إنْتَقَضَ البناءُ) و (إنْتَقَضَ الحبلُ) و (إنْتَقَضَ الوضوء).

إنْتَقَضَ القومُ على السلطان: خەڵکەکە لەفەرمانی پاشا دەرچوون و فەرمانڕەواییەکەیان ڕەتکردەوە.

تناقَضَ الشَّيْئُ: بەمانا (إنْتَقَضَ) دێ.

تناقَضَ القولان: دوو قسەکە دژ بەیەك بوون، پێچەوانەی یەکتر بوون.

تناقض الشاعران: هەریەك لەدوو شاعیرەکە چامەیەکی گوت، چامەی شاعیرەکەی تری هەڵوەشاندەوە.

تَنَقَّضَ الحَبْلُ: حەبلەکە گرێ و بادراوییەکەی شی کرایەوە.

تَنَقَّضَتِ الأرض من النبات: زەوی بەڕووەك قەڵشایەوە.

تَنَقَّضَتِ الشَّيْئُ: شتەکە دەنگی لێ هات ○ دەگوترێ: (تَنَقَّضَت عظامه) نێسقانەکانی تەقە تەقیان هات.

التَّناقُضُ: دەگوترێ: (في كلامه تناقض) قسەکانی هەندێکیان هەندێکیان هەڵدەوەشێننەوە ○ لەبواری زانیاری مەنتیق دا نیسبەت و پەیوەندی نێوان دوو شتە دژبەیەکەکەیە.

المُتَناقِضان: لەزاراوەی زانیاریی مەنتیق دا بەدوو شت دەگوترێ بەیەکەوە نەبن و کۆنەبنەوە، نەشگونجێ هیچیان نەبن ○ وەکوو (سپی و ناسپی) ناگونجێ شتێك هەبێ (سپی و ناسپی)یش بێ ○ هەروەکوو ناگونجێ شتێك هەبێ نەسپی بێ نە ناسپی بێ ○ ناگونجێ شتێك هەبێ

(ڕاستو ناڕاست) بێ یان نەڕاست بێ نە ناڕاست بێ.

النُّقاضَةُ: ئەوەی لەشتەکە هەڵوەشاوەتەوەو لێی جیابۆتەوە.

النَّقاضَة: پیشەی هەڵوەشاندنەوە و شی کردنەوەو لێك کردنەوەی شت.

النَّقْضُ: (نقض الحكم) هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دادگا ئەگەر لەسەر بنەمای هەڵە دامەزرابوو، یان هەندێ لەبنەماکانی تێکەڵ بەهەڵە بووبوو، هەڵوەشاندنەوەی حوکم وادەبێ ڕوودەکاتە حوکمی مەدەنی وادەبێ ڕوودەکاتە حوکمی جینائی.

مَحْكَمَةُ النَّقْضُ: دادگای باڵای وڵاتەو بڕیارەکانی جێبەجێ دەکرێنو ڕەت ناکرێنەوە.

النَّقْضُ: نەو شتەی هەڵوەشاوە ٥ دەگوترێ: (أصْلِح نِقْضَ بنائك) هەڵوەشاوەی بینایەکەت چاك بکەرەوە ٥ هەروا وشەی (النَّقض) ناوە بۆ وڵاغێك کە بەهۆی ڕۆیشتنی زۆرەوە کزو لاواز بووبێ ٥ هەنگوین کەمادەی سوسی تێکەڵ بکرێو هەنگی پێ سواخ بدرێ بۆنەوەی هەنگەکان شانەی تێدا ڕابەستنو هەنگوینی تێبکەن ٥ (ك: أنقاض ونقوض).

النَّقَضُ: پەتك کەشی بکرێتەوەو دوایی بڕێسرێتەوە.

النَّقيضُ: پێچەوانەو دژ ٥ دەگوترێ: (فلان نَقيضك، وهذا القول نقيض ذاك).

نقيض الدعوى: لەبواری فەلسەفەدا بریتیە لەوەی فەزییەیەك دژی داوایەکی دیاریی کراو و تایبەت بوەستێ ٥ هەروا وشەی (نقيض) ناوە بۆ دەنگ ٥ دەگوترێ: (نقيض الفراريج) دەنگو جریوەی فڕوجەکان ٥ (نقيض الأصابع) تەقەو خرمەو قرمەی پەنجە تەقاندن.

النَّقيضان: لەزاراوەی مەنتیق دا دووشتی دژ بەیەكو پێچەوانەی یەکتر.

النَّقيضة: لەبواری فەلسەفەدا دژ وەستانو پێچەوانەو نەگونجانی یاساکان لەکاتی جێبەجێ کردنیان دا ٥ فەیلەسوفی بەناوبانگ (كانت) دەڵێ: (النقيضة) بریتییە لە دژایەتی قانونە عەقڵیەکان بۆ یەکتریو پێکەوە نەگونجانیان ٥ هەروا ناوە بۆ ڕێگایەك کە بەناو کێودا بڕوا ٥ لەبواری شیعردا چامە شیعرێکە شاعیرەکە چامەی شاعیرێکی تری پێ هەڵوەشێنێتەوە ومکوو چامە دژ بەیەکەکانی فەرەزدەق و جەریر ٥ (ك: نقائض).

نَقَطَ الحرف و عليه نَقْطاً: خاڵێك یان زیاتری لەسەر پیتەکە دانا بۆ ناسینەوەو لێك جیاکردنەوەی.

نَقَطَ الكتابَ: کتێبەکەی خاڵدار کردو بزوێنی خستنە سەر وشەکانی.

نَقَّطَ الحروف: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نقط) دێ.

نَقط الشَّيْئَ بالمداد ونحوه: مەرەکەبو شتی وای لەشتەکە هەڵسو ◊ دەگوترێ: (نَقَطت المرأةُ خدها) نافرەتەکە ڕوخساری خۆی خاڵخاڵ کردو خۆی ڕازاندەوە.

نَقَّطَ فلاناً بكلام: قسەی ناشیرینی بەفلانکەس گوتو ئەزیەتی دا.

نَقَّطَ العروسَ ونحوها: دیاریەکی دا بە بوکەکە لەکاتی گواستنەوەی دا.

تَنَقَّطت الأرض: زەوی پەڵەپەڵە لەوەڕی تێدابوو.

تَنَقَّطَ الخَبَرَ: هەواڵەکەی وردە وردە وەرگرت.

النُّقْطَةُ: خاڵێکی کەوانەیی و زۆر بچوکە لەسەر ڕوبەرێکی تەخت ◊ لەبواری خەتی شێوە عەرەبی دا نیشانەیەکی خڕی بچوك دەخرێتە سەر پیتی خاڵدار یان ژێرەوەی بۆ جیاکردنەوەی لەپیتی تر ◊ دەشگوترێ: (وَضَعَ النُّقَطَ على الحروف) خاڵی خستە سەر پیتەکان واتە: شتەکەی ڕون کردەوە.

النُّقطة من الشَّيْئ: پارچەیەکی بچوك لەشتەکە ◊ دەگوترێ: (أعطاه نقطة من عسل) پارچەیەکی بچوکی لەهەنگوین دایە ◊ (له نقطة من نخل) پارچەخورمایەکی هەیە ◊ هەروا (النُّقْطة) ناوە بۆ ئەو دیاریەی پێشکەش دەکرێ بە بوك یان بەزاوا ◊ یان بەهەردووکیان ◊ کارو باسو ڕوداو ◊ دەگوترێ: (لم يختلف الخطيبان في نقطة) دوو خەتیبەکە بوك و زاواکە هیچ ڕا جیایی یەکیان لەناودا نەبوو ◊ لەبواری ئەندازیاریی دا بەشتێك دەگوترێ درێژی و پانی نەبێ.

النُّقْطية: بەمانا (البرقشية) دێ و ڕێبازو زاراوەیەکی فەننی ڕەسم گرتنەو تەعبیر دانەوەیە بەچەند خاڵێك کە دەخرێنە سەر ڕوبەری سپی.

نَقَعَ فلان نقوعاً: فلانکەس نەقیعەی دروست کرد؛ واتە: شیری خاڵصی سارد کرد.

نَقَعَ السقفُ ونحوه نَقْعاً ونقوعاً: سەقفەکە ناو دڵۆپ دڵۆپ لێی هاتە خوار ناوی لێ چۆڕا.

نَقَعَ المانع في مُسْتَقَره: ئاوەکە یان

شلەمەنییەکە لەشوێنی خۆی ڕاوەستاو زۆر مایەوە ٥ دەگوترێ: (نَقَعَ الماء في الغدير) و (نَقَعَ السُمُّ في أنياب الحية).

نَقَعَ الظمآن من الماء وبالماء: تینوەکە بەناو تینوایەتی خۆی شکاند دەگوترێ: (شرب حتى نَقَعَ) خواردیەوە تا تێراو بوو ٥ دەشگوترێ: (نَقَعَت بذلك نفسي) نەفسم پێی داسەکناو ئارامی هاتو بڕوی ناو بیرۆشی هات ٥ هەروا دەگوترێ: (ما نَقَعْتُ بخبر فلان) بەهەواڵی فلانکەس دڵم ئاوی نەخواردەوە یان گرنگیم پێ نەدا یان پێم بڕوانە کرد.

نَقَعَ الشَيْءَ نقعاً: شتەکەی لەناو ئاودا هێشتەوە تا ئاوی هەڵمژی ٥ دەگوترێ: (نَقَعَ الدواء) ئاوی کردە ناو دەرمانەکە (و نَقَعَ التمر) خورماکەی تەڕکرد ٥ (و نَقَعَ الثوبَ) کراسەکەی خستە ناو ئاوەوە تاناو هەڵمژێ.

نَقَعَ له الشَرَّ: شەڕەکەی لەگەڵ دا درێژە پێدا.

نَقَعَ الجيبَ: یەخەی خۆی دادڕی.

نَقَعَ الماءُ العطشَ: ئاوەکە تینوایەتی تینوەکەی دامرکاندەوە.

أنقع الشَيْءَ في الماء: بەمانا (نَقَعَهُ) دێ.

أنْقَعَ اللَبَنَ: شیرەکەی سارد کردەوە.

أنْقَعَ السُمَّ: ژەهرەکەی کوێر کرد.

أنْقَعَ الشَرابَ فلاناً: شەرابەکە فلانکەسی تێراو کرد.

أنْقَعَ الجزورَ: حوشترەکەی سەر بڕی.

أنْقَعَ الصارخ صَوْتَهُ: هاوارکەرەکە دەنگی هەڵبڕی و بەردەوام بوو لەسەر هاوارکردنەکەی.

إنْتَقَعَ الشَيْئُ: شتەکە بەهۆی زۆر مانەوەی لەشوێنی خۆی توایەوە، خاوبۆوە لێك بڵاو بۆوە ٥ ڕزی گورا، گۆڕا.

إسْتَنْقَعَ فلان في النهر: فلانکەس لەڕوبارەکەدا مایەوە خۆی فێنك کردەوە.

الأنقرعة: شوێنێك ئاوی بۆبێ و تێیدا کۆبێتەوە.

المُسْتَنْقَعُ: زلکاو، گەڕاو، شوێنێك ئاوی تێدابێ و زۆر بمێنێتەوە ٥ جێگایەك زلکاو بێ و خۆی تێدا فێنك بکاتەوە.

المَنْقَعُ: بەمانا (المُستَنقَعُ) دێ ٥ دەریا، ئاودێری ٥ (ك: مناقع).

المُنْقَعُ: برمەیەکی بچوکە شیرو خورمای دەخرێتە ناو بۆ ئەوەی بکرێتە بژێو بۆ منداڵ ٥ (ك: مناقع).

المِنْقَعَةُ: قاپو سوێنەو تەشتو شتی وا کە ئاوی تێدەکرێ و شتی تری تێدا تەڕدەکرێ.

النّاقِعُ: دەگوترێ: (ماء ناقِع) ئاوێکی سازگارو خۆشە تینوایەتی دەشکێنێ ◊ (سم ناقع) ژەهرێکی کوشندەیە ◊ (دم ناقع) خوێنێکی گەشو تازەیە ◊ (موت ناقع) مردنی بەردەوام.

النُّقاعُ: قاپێکە مێوژو شتی وای تێدا دەکرێنە ناو ئاو بۆ خۆشاو و شتی وا ◊ ئاوێك مێوژو شتی وای تێ بکرێ.

النُّقعاءُ: زەوی ساغو گلەنەرمەو دەشتو بانوی تەخت کە شیو و دۆڵی تێدا نەبێ ◊ دەشتاییەك ئاو لەخۆ بگرێ.

النُّقْعُ: ئاوی کۆبۆوە لەچاڵو زلکاو دا ◊ (نَقْعُ البِئْر): ئاوی کۆبۆوە لەبیرەکەدا پێش ئەوەی ئاوی لێ هەڵێنجی‌و ئاوی لێ بخورێتەوە ◊ یان ئاوی زیادە کە تێیدا دەمێنێتەوە ◊ هەروا بەمانا (النقعاء) دێ ◊ (ك: نِقاع، وأنقع) ◊ دەشگوترێ: (فلان شَرابٌ بأنقع) فلانکەس خاوەن ئەزمونەو شارەزایی کارو لێزانە لەبەڕێوەبردنی کارەکان دا.

النَّقّاعُ: کەسێك خۆی هەڵکێشێ‌و لافی زۆر شت لێ بداو هیچیانی نەبێ، وەکوو ئەوەی کەسێك زۆر باسی ئازایەتی خۆی بکاو لەواقیعدا ترسنۆك بێ.

النَّقوع: ڕەنگێکە بۆنێکی خۆشی تێکەڵ دەکرێ ◊ دەگوترێ: (صَبَغَ ثَوبَهُ بنقوع) قوماشەکەی بەڕەنگی بۆنخۆشکراو ڕەنگ کرد ◊ مێوژ کەدەکرێتە ناو ئاو بۆئەوەی بکرێتە خۆشاو ◊ یان شتی وەکوو نۆك‌و کەشك‌و خورماو شتی وا کەدەکرێتە ئاوەوە بۆئەوەی کەڵکی خواردنیان ببێ ◊ دەشگوترێ: (رجل نقوع أذن) فلانکەس بەهەموو شتێك بڕوا دەکا، گوێ لەمستە.

النَّقیعُ: شیری ساغ کەسارد بکرێتەوە ◊ خۆشاو؛ شەربەتێکە لە مێوژ دروست دەکرێ بەم جۆرە دەکرێتە ناو ئاوەوەو پاشماوەیەك ئاوەکە شیرین دەبێ‌و دەخورێتەوە ◊ بیرێك ئاوی زۆر بێ ◊ دەشگوترێ: (ماء نقیع)و (سمّ نقیع) بەمانا (ناقع) دێ.

النّقیعة: شیری ساغ کەسارد بکرێتەوە ◊ ئەو ئاژەڵەی بۆ میوان سەردەبڕدرێ ◊ خواردنێك دروست بکرێ بۆ کەسێك کەلەسەفەر دەگەڕێتەوە ◊ خواردنی پیاو لەشەوی زاوایەتی دا ◊ ئەو ئاژەڵەی تاڵان دەکرێ‌و پێش دابەشکردن سەر ببڕدرێ ◊ هەر لەم ڕوانگەوەیە کە دەگوترێ: (الناس نقائع الموت) خەڵك کوشتی مردنن ◊ مردن سەریان دەبڕێ وەکوو چۆن

هەساب ئاژەڵی تاڵانی سەردەبڕێ.

نَقَفَ رأسَهُ نَقْفاً: لەسەری دا تا مێشکی پڕژاندو مێشکی هاتەدەر.

نَقَفَ الرُّمانةَ: هەنارەکەی قاش کرد بۆنەوەی دەنکەکانی دەربێنێ.

نَقَفَ الفُرْخُ البَيْضةَ: جوچکەکە هێلکەکەی شکاند بۆنەوەی لێی بێتەدەر.

نَقَفَ البيضةَ: ناوی هێلکەکەی دەرهێنا.

نَقَفَ الشرابَ: شەرابەکەی سافو بێ غەش کرد، پاڵاوتی.

نَقَفَ عَنْ الشَّيْءِ: لەشتەکەی کۆڵیەوە.

أنْقَفَ الجرادُ: کوللەکە گەرای دانا.

أنْقَفَ الجراد الوادِيَ: کوللەکە گەرای لە شیو و دۆڵەکان دا دانا.

أنْقَفَ فلاناً العَظْمَ: ئێسقانەکەی دا بەفلانکەس بۆنەوەی مۆخەکەی دەربێنێ.

ناقَفَهُ مناقفة ونقافاً: بەشمشێر لەسەری دا.

إنْتَقَفَ الشَّيْءَ: شتەکەی دەرهێنا.

الأنْقُوفَةُ: ئەوەی لەتوانای تەشی بەدەرەو هیچی تری لەسەر هەڵناکرێو تەشی رێسەکە گۆڵەکەی دا مالی.

المِنْقاف: دەندوکی باڵندە ٥ جۆرە مێرووێکی سپییە ٥ (ك: مناقيف ومناقف).

المَنْقَفُ: شوێنێك پێویستی بەڕاستکردنەوەو تەخت کردن بێ ٥ دەگوترێ: (نَحت النجار العودَ وترك فيه منقفاً) دارتاشەکە دارەکەی تاشیو شوێنێکی جێ هێشتووە پێویستی بەڕاستکردنەوە هەیە، باش لوسو ڕاستی نەکردووە.

المُنْقَفُ: دەگوترێ: (رجل مُنْقَفُ العظام) پیاوێکە ئێسقانی بەدەرەومن.

المَنْقوفُ: دەگوترێ: (جذع منقوف) لقەدارێکە مۆرانەی لێ دراوە ٥ خمخۆرکە خواردوویەتی ٥ (رجل منقوف) پیاوێکی کزو داڵگۆشتە ٥ یان دەمو چاو کرۆسکو ڕەنگ زەردو زەعیفە ٥ دەشگوترێ: (عينان منقوفتان) دووچاون سور هەڵگەڕاون.

النِّقاف: چونیەکو هاوشان ٥ دەگوترێ: (جاءا في نقاف واحد) بەیەک شێوە هاتن.

النُّقْفُ: جوچک لەوکاتەدا لەهێلکە سەردەردێنێو دێتەدەر.

النُّقَفَةُ: دەشتاییەکە، نەرمەڵانێکە لەسەر تۆپەڵاکی کێو.

النِّقافُ: پەیکەرتاش ٥ دزێک چی دەست بکەوێ دەری بێنێ ٥ کەسێك سوربێ لەسەر سوالکردنو بەهیچ

شێوەیەك تەرکی نەکا ٥ دەشگوترێ: (رجل نقاف) پیاوێکی زیرەك و عاقڵە باش دەزانێ کارەکان رێك بخا.

النَّقِیف: بەمانا (المنقوف) دێ ٥ دەگوترێ: (جذع نقیف) پەلەدارێکە مۆرانە خواردوویەتی ٥ (ك: نُقُفٌ).

نَقَّتِ الدجاجة نقیقاً: مریشکەکە گارەگاری کرد.

نَقَّتَ ضفادع بطنه: بۆقەکانی ورگی کەوتنە باقەباق واتە: برسی بوو.

أَنَّقَ: بووبە خاوەن باقەباق و واقەواق ٥ دەستی کرد بە بۆقە بۆق و قرمقڕ.

النُّقَاقُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (نَق) دا دێ ٥ بۆق.

النَّقوقُ: هاوارکەر ٥ دەگوترێ: (ضفدع نقوق) بۆقێکی قرمقڕکەرەو هەمیشە دەنگی دێ ٥ (ك: نقوق).

النَّقیقُ: دەنگی بۆق.

نَقَلَ الشَّیْئَ نقلاً: شتەکەی لەشوێنێکەوە گواستەوە بۆ شوێنێکی تر.

نَقَلَ الکتابَ: کتێبەکەی نووسیەوە.

نَقَلَ الخبرَ أو الکلامَ: هەواڵەکە یان قسەکەی لەخاوەنیەوە گەیاند.

نَقَلَ الدوابَّ: ئاوی بنکی بیرەکەی دابە ولاخەکان.

نَقَلَ الکتابَ الی لغة کذا: کتێبەکەی وەرگێڕا بۆ سەر زوبانی فلان.

نَقَلَ الشَّیْئَ الخَلَقَ: شتە ڕزیوەکەی چاك کردەوە و پینەی کرد، دەگوترێ: (نَقَلَ الثوبَ و نَقَلَ النَعْلَ) کراسەکە یان نەعلەکەی پینە کردو چاکی کردەوە.

نَقَلَ المکانُ: شوێنەکە بەردو داری خانوە ڕوخاوەکەی زۆر لێ مابوو.

نَقِلَ البعیرُ: حوشترەکە توشی تەبەقەو سم قڵیشان بوو.

أَنْقَلَ الشَّیْئَ الخَلَقَ: شتە ڕزیو و دڕاوەکەی پینە کردو چاکی کردەوە.

ناقَلَ الفرسُ: ئەسپەکە لەڕۆیشتن دا قاچی پاشەوەی لەشوێنی قاچی پێشەوەی دان ٥ ئەسپەکە لەبازدانو ڕاکردن دا کۆسپو لەمپەرەکانی بەزاندنو لێیان تێپەڕی.

ناقَلَ ندیمه القَدَح: پیاڵە شەرابەکەی دایە دەستی هاوەڵەکەی لێی وەرگرتەوە.

ناقَلَ فلاناً الحدیث: هەریەك لەو دوانە حەدیسی لەوی تریان گێڕایەوە ٥ هەریەکەیان چی لاهەبوو بۆئەوی تری گێڕایەوە.

نَقَّلَهُ: بۆ موبالەغەو زێدەڕۆیی لەمانای (نَقَلَه) دێ.

إنْتَقَلَ: لەشوێنێکەوە گواستیەوە بۆ شوێنێکی تر.

تناقل القومُ الحديث بَيْنَهم: هەندێکیان لەهەندێکیان حەدیسیان گێڕایەوە.

تَنَقَّلَ من مكان الى آخر: لەشوێنێکەوە گواستیەوە بۆ شوێنێکی تر.

تَنَقَّلَ فلان: فلانکەس میومو جەرمسات‌و فستەق‌و گوێزو شتی وای خوارد.

المَنْقَلُ: خوف ◊ نەعلی رزیو و کۆن ◊ ڕێبازی کورت.

المِنْقَل: خوف ◊ دەشگوتریٓ: (فرس مِنقلٌ) ئەسپێکە خێرا خێرا قاچی هەڵدێنێ.

المَنْقَلَةُ: قۆناغی سەفەر ◊ دەشگوتریٓ: (أرض مَنْقَلَةٌ) زەویەکی بەردەڵان‌و بەرداویە.

المِنْقَلَةُ: ئامێری گواستنەوە، لەبواری ئەندازیاریی دا بریتییە لە ئامێرێك بۆ ئەندازەی سوچ‌و زاویە ◊ (ك: مَناقِلَ).

المُنَقَّلَةُ: بریندێك وردە نێسقانی لێ بێنەدەر ◊ تەختەی دامەو سێ ڕسکێن‌و شەترەنج کەیارییان لەسەر دەکرێ.

المنقول: ئەوەی لەڕێگەی گێڕانەومو بیستن زانڕابێ ◊ وەکوو عیلمی لوغەو عیلمی حەدیس‌و شتی وا کە بەرامبەر عیلمی مەعقول دێ.

النَّاقِلَةُ من الناس: کەسانی گەڕۆك ◊ هۆزێك بچێتە پاڵ هۆزێکی ترو ناوی ئەو لەخۆی بنێ‌و ناوی هۆزی خۆیان واز لێ بێنن ◊ یەکێك لەبەڵاو کارمساتەکانی ڕۆژگار ◊ مالی خەراج لەوڵاتێکەوە نەقڵ بکرێ بۆ وڵاتێکی تر ◊ (ك: نواقل).

النَّقَالُ: سەرەتیری پان‌و کورت ◊ تاکەکەی (نَقَلَةٌ).

النُّقَالَةُ: جۆرە قەرەوێڵەو تەختەیەکە نەخۆش‌و بریندارێ پێ دەگوێزرێنەوە.

النَّقْلُ: ڕێگای کورت ◊ نەعل یان خوف ◊ (ك: أنقال، ونقول) ◊ (همزة النقل) لەزاراوەی زانستی نەحودا ئەومیە مانای فیعلی لازم دەگۆڕی بۆ فیعلی موتەعەدی ◊ یان نەقڵی مانای فیعلی موتەعەدی بۆ مەفعولێك بۆ دوو مەفعول ◊ یان فیعلی موتەعەدی بۆ دوو مەفعول بۆ سێ مەفعول.

النُّقْلُ: ئەو میومو جەرمسات‌و فستەق‌و گوێزو شتەیە کە مرۆڤ خۆی پێوە دەخافڵێنێ‌و وردە وردە لێیان دەخوا ◊ بەزۆری ئەم جۆرە (شەوچەرە خواردنە) لەشەوانی مانگی ڕەمەزان دا دەبێ.

النَّقَلُ: ئەو دارو پەردومیە؛ کە دوای ڕوخانی باڵەخانەو خانو دەمێنێتەوە ٥ پەڕەتیر کە لەتیرێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ تیرێکی تر ٥ کێشەو دەمەدەمێی نێوان کێشەکاران و دەنگ بەرزبوونەومیان ٥ دەردێکە توشی سمی حوشتر دەبێ سمی دەقەڵشێن بەکوردی خۆمان پێی دەڵێن: (تەبەقە).

النَّقِلُ: دەگوترێ: (مکان نَقِلٌ) شوێنێکی چاڵو چوێڵو بەرزو نزمە ٥ (رجل نَقِلٌ) پیاوێکی حازر وەڵامەو بۆ قسە دانامێنێ.

النَّقْلَةُ: دەگوترێ: (إمرأة نِقْلَةٌ) ئافرەتێکە لەبەر پیری کەس ناچێتە داخوازیی، پاشگوێ خراوە.

النُّقْلَةُ: فیتنە جوێیو ناشوبگێڕ.

النُّقَلَةُ: دەگوترێ: (سمعت نُقَلَة الوادي) دەنگی لافاوی شیوەکەم گوێ لێ بوو.

النَّقِيلُ: ئەو بەردە وردەو زیخو شتەیە سمی ولاخ لەکاتی ڕۆیشتنی دا دەیگوێزێتەوە ٥ لافاوێك لەزموییەك بارانی لێ باریبێ بێتە خوار بۆ زموییەك بارانی لێ نەباریبێ ٥ پیاو یان ئافرەت کە کەوتبنە دووڕە وڵات ٥ دەگوترێ: (إمرأة نَقيلة) ئافرەتێکی دووڕە وڵاتو غەریبە ٥ هەر بەڕۆیەك خێرا خێرا هەنگاو هەڵێنێ.

النَّقِيلَة: پینەیەك دراو و ڕزیوی پێ چاك بکرێتەوە ٥ وەکوو نەعڵو خوفدو شتی وا ٥ پارچەیەکە لەپێستی ئادەمیزاد لەشوێنێك دەبڕدرێو لەشوێنێکی تری دا دەڕوێندرێتەوە بەزۆری لەبواری تەجمیل دا پەیڕەو دەکرێ ٥ (ك: نقائل ونقيل).

نَقَمَ منه نَقْماً ونقوماً: سزای دا ٥ تۆڵەی لێ سەندەوە.

نَقَمَ الشَّيْئَ: ڕەخنەی لێ گرتو عەیبی پاڵدا ٥ دەگوترێ: (نقمت عليه الأمْرَ ونقمتُ منه كذا) ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا﴾.

نَقِمَ الشَّيْئَ نقماً: خێرا شتەکەی خوارد.

نَقَّمَ الشَّيْئَ: زێدەڕۆیی کرد لەعەیب لێ گرتنی لەشتەکە.

إنْتَقَمَ منه: تۆڵەی لێ سەندەوە ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَانتَقَمْنَا مِنَ الَّذِينَ أَجْرَمُوا﴾.

النَّقَمُ: دەگوترێ: (ضربهُ ضربةَ نَقَمٍ) لێدانێکی دوژمنانەی لێ دا هیچ بەزەیی پێدا نەهاتەوە ٥ هەروا وشەی (النقم) ناوە بۆ ناوەڕاستی ڕێگا.

النَّقَمَةُ: سزاو تۆڵە ٥ (ك: نِقَمٌ).

نَقْنَقَ الضِّفدع ونحوه: بۆقەکە قراندی.

نَقْنَقَت عَيْنُهُ: چاوی بەقوڵدا چوون.

النَّقْنِقُ: نێرە نوعامە، شوتورموغی نێر.

النَّقْنِيقُ: داری لەسێدارە دان ئەو دارەی کە تاوانبارەکە دەخرێتە سەریو پاش ئەوەی پەتی سێدارەکە دەخرێتە ملی دارەکە لادەبرێو قاچی تاوانبارەکە دەکەونە بۆشی.

نَقِهَ من مرضه نَقَهاً ونقوهاً: لەنەخۆشییەکەی چاك بۆوە بەڵام هێشتا ئاسەواری نەخۆشییەکەی پێوەماوە.

نَقِهَ الكلامَ والحديث: لەقسەو حەدیسەکە حاڵی بوو ◊ (فهو نَقِهٌ وناقِهٌ وهي نَقِهَةٌ وناقِهَةٌ).

أنْقَهَهُ الله: خودا شیفای دا ◊ خودا شارەزای کرد ◊ حاڵی کرد.

إنْتَقَهَ من المرض: بەمانا (نَقِهَ) دێ.

إنْتَقَهْتُ من الحديث: لە حەدیسەکە حاڵی بووم.

إسْتَنْقه: هەوڵی تێگەیشتنی دا.

نَقا المُخَّ نَقْواً: مۆخەکەی دەرهێنا.

نقا العَظْمَ: مۆخی ئێسقانی دەرهێنا.

نقا الشَّيْئَ نَقارةً ونِقاءً: پاکبۆوە ◊ (فهو نَقِيٌّ) ◊ (ك: نِقاء ونقواء).

نَقِيَ الرجلُ نِقىً: پیاوەکە گۆشتی پێوە نەما.

أنقى العَظْمُ: ئێسقانەکە مۆخی تێدا پەیدا بوو.

أنقى البُرُّ: دانەوێڵەکە قەڵەو بوو ئاردی تێکەوت.

أنقى العردُ: لقەدارەکە ئاوی تێگەڕاو تەڕبوو ژیایەوە.

أنقى الشَّيْئَ: شتەکە گەیشتە ئەندازەی پاکیو پیسی پێوە نەما.

أنقى الشَّيْئَ: شتەکەی پاك کردەوە ◊ شتەکەی هەڵبژارد.

نَقَّاهُ: بەمانا (أنقاه) دێ.

إنتقى المُخَّ من العظم: مۆخەکەی لەئێسقانەکە کردەوە.

إنتقى الشَّيْئَ: شتەکەی هەڵبژارد.

الأنقى: دەگوترێ: (رجل أنقى) پیاوێکە ئێسقانی لاواك و دەست و بازوی باریکن ◊ (إمرأة نقواء).

المُنَقّي: ئەو کەسەی دانەوێڵەی پاك دەکاتەوەو تۆپکڵو پڵو پوشی لێ دوور دەخاتەوە.

المُنْقِيَةُ من النوق: حوشترێك بەزی زۆر بێ.

النُّقا: ئێسقانێك مۆخی هەبێ ◊ ئێسقانی قۆڵ ◊ کۆمەڵە لب ◊ (ك: أنقاء ونقي).

النُّقارة: ڕوەکێکە لەترشەکان پۆشاکی پێ دەشۆردرێ.

النَّقاوَةُ من الشَّيْئ: هەڵبژاردەو پاڵفتەی شت.

النُّقاية من الشَّيْئ: خراپو بێ کەڵك لەشت ○ (ك: نقايا ونُقاء).

النَّقْو: هەر نێسقانێك مۆخی هەبێ ○ نێسقانی قۆڵ ○ (ك: أنقاء).

النَّقْوَةُ من الشَّيْئ: هەڵبژاردەو باشی شت.

النَّقِيُّ: مۆخی نێسقان ○ (ك: أنقاء).

النَّقية: وشە ○ دەگوترێ: (ما تَفوَّه بنقية) وشەیەکی لەدەم دەرنەهات.

النَّقِيُّ: خاڵص و پاڵفتە ○ حۆری و کچۆڵەی گەردن باریك.

نَكَا القُرْحَة نَكْناً: دومەڵەکەی قەڵاشتەوە پێش ئەوەی بگا بۆیە خوێنی لێ هاتو تەپبوو.

نَكَا فلاناً حَقَّهُ: هەموو مافی فلانکەسی دا.

إنتكأ الحقّ: مافی وەرگرت.

نَكَبَتِ الريحُ نُكوباً: بایەکە لەڕێڕەوی ناسایی خۆی لای دا.

نَكَبَ عنه نكباً: ڕوی لێ وەرگێڕاو لێی گۆشەگیر بوو ○ قورئان دەفەرموێ: ﴿عَنِ الصِّرَاطِ لَنَاكِبُونَ﴾.

نَكَبَ به: فڕێی دا.

نَكْبُ الإناءِ: ئەوی لەقاپەکەدا بوو ڕشتی ○ قاپەکەی نقوم کردەوە ئەوەی تێیدا بوو ڕژا.

نَكَبَ الجَعْبَةَ: تیردانەکەی سەرەو ژێر کردەوەو چی تێدا بوو بلاوی کردەوە.

نَكَبت الحجارةُ رِجْلَهُ: بەردەکە قاچی بریندار کرد.

نَكَبَ الدهر فلاناً: ڕۆژگار کارەساتی بەمل فلان دا هێنا.

نَكْبَ نكابةً: بوو بەجەمسەرو پشتیوان بۆگەل و هۆزەکەی.

نَكِبَ البَعيرُ ونحوه نكباً: لەڕۆیشتن دا بەسروشتو زکماك لاربوو، خوارو خێچ ڕۆیی ○ شانی توشی نەخۆشی بوو ○ (فهو أنكب وهي نَكباءُ) ○ (ك: نُكْبٌ).

نَكَّبَ عنه: لێی لاداو لێی دوورکەوتەوە

نَكَّبَ الشَّيْئَ: شتەکەی دوورخستەوە.

نَكَّبَهُ الطريقُ: ڕێگای پێ دوورخستەوە ○ (ونَكَّب به الطريق).

إنتَكَبَ الشَّيْئَ: شتەکەی خستە سەر شانی.

تَنَكَّبَ: لەسەر لا ڕۆیشت، شانەو شان ڕۆیشت.

تَنَكَّبَ على الشَّيْئ: شانی لەسەر شتەکە دادا.

تَنَكَّبَ عنه: لێی دوورکەوتەوە.

تَنَكَّبَ الطريقَ المعوجَّ: خۆی لەڕێبازی خوارو خێچ پاراست.

تَنَكَّبَ فلاناً: ڕوی لەفلانکەس وەرگێڕا، پشتی تێکرد.

تَنَكَّبَ عَنّي: لێم دوورکەوەرەوە.

تَنَكَّبَ الشَّيْئَ: شتەکەی خستە سەرشانی.

تَنَكَّبَ قَوسَهُ: کەوانەکەی لەشان کرد.

النَّكَبُ: شانخوار ◊ کەسێك کەوانی پێ نەبێ ◊ (ك: نُكْبٌ).

المَنْكِبُ: ناوشان، شوێنی بەیەکگەیشتنی هەردوو شانو مل و سەر ◊ دەگوترێ: (هزّ مَنكِبَهُ لكذا) شانی بۆ ئەو شتە هەلّتەکاند ◊ پێی خۆش بوو ◊ لاتەنیشتو لای شت ◊ تەپۆلکە ◊ عەریف و ڕابەری نەتەوە ◊ دەگوترێ: (هو منكب العرفاء) ئەو سەرۆکی پیاوماقوڵەکانە ◊ (ك: مناكب) قورئان دەفەرموێ: ﴿فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا﴾: بەدەفەرو ناوچەکانی زەوی دا بگەڕێن.

النَّكباءُ: ڕەشەبایەکە لەڕێڕەوی خۆی لابداو بکەوێتە نێوان بای صەباو بای شەمالّ ◊ (ك: نُكبٌ).

المناكِبُ: چوار پەڕن لەبالّی بالّندەدا ◊ دەگوترێ: (راش سَهْمَهُ بمناكب النسر) پەڕی بۆ تیرەکەی لەبالّی بازو هەلّۆ دروست کردن.

النَّكْبُ: بەلاّو کارەسات ◊ (ك: نكوب).

النَّكَبُ: مەیلەو خواری لەشت دا ◊ دەردێکە توشی شانی حوشتر دەبێ و بەو هۆیەوە لار دەڕوا.

النَّكْبَةُ: بەلاّو موصیبەت ◊ (ك: نكبات).

النُّكبَةُ: کۆمەڵە خواردەمەنی (کۆمەڵە گەنمو شتی وا) ◊ (ك: نُكبٌ).

النّكيبُ: توشبوو بەبلاّو کارەسات ◊ دەوران دەوری سمی ولاّخ یان دەوران دەوری خوف.

اليَنْكوبُ من الطريق: ڕێبازی قۆرتو پێچ.

نَكَتَ الأرضَ وفيها نَكْتاً: زەویەکەی هاژنیەوە، پاچەکۆڵەی تێدا کرد بەدارو شتی وا زەویەکەی هاژنی ◊ دەگوترێ: (أتيتَهُ وهو ينكت) هاتم بۆلای بیری دەکردەومو چیلکەی بەدەستەوە بوو لەزەویەکەیەوە دەژمنی ◊ هەروا دەگوترێ: (مر الفرسُ وهو ينكتُ) ئەسپەکە ڕۆیشت بەبازدان.

نَكَتَ الشَّيْئَ: شتەکەی فڕێدایە سەرزەوی ◊ ئەوی لەشتەکەدا بوو دەری هێنا، بلاّوی کردەوە.

نَكَتَ فلاناً: فلاّنکەسی بەسەرسەری دا فڕێ دا.

نَكَتَ كِنانَتَهُ: تیردانەکەی خالّی کرد چی تیری تێدا بوو بلاّوی کردنەوە.

نَكَتَ العظمَ: مۆخی ئێسقانەکەی دەرهێنا.

نَكَتَ الرُّطَبَ: هێشوە خورماکە شیرینی

تێکەوت ◊ قسەی خۆش و عەنتیکەی کردن.

إنْتَكَتَ فلان: فلانکەس بەسەر سەردا کەوت، سەرەنگرێ بوو ◊ دەشگوترێ: (نَكَتَهُ فانتكت).

النُّكَاتُ: نوکتەچی، نوکتەباز ◊ تانەدەرو ڕەخنەگرو بریندارکەری ناموسی خەڵک ◊ کەسێك زۆر قسە لەسەر ناموس و ئابڕوی خەڵك بکاو برینداریان بکا.

النُّكْتَةُ: شۆخنکەو قوڵکە کەلەناکامی کێڵانەوەی زەوی و هاژنینەوەی پەیدا دەبێ ◊ خاڵێك کەلەشوێنێك بەڕەنگێکی جیا دەربکەوێ ◊ فیکرەیەك کەوردو سەرنجڕاکێش بێ و کاریگەر بێ لەسەر نەفس و دەروون ◊ مەسئەلەیەکی زانیاری ورد کەدوای لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بێتە کایەوە ◊ جۆرە چڵك و تەمێکە بەسەر ناوێنەو شەشێرەوە دەبێندرێ ◊ جۆرە خاڵێکە لەقولینچکی چاودا.

النَّكيت: تانەلێدراو، بەخراپەباسکراو.

نَكَتَ الحَبْلَ ونحوه نكثاً: حەبلەکەی هەڵوەشاندەوە، کردیەوە بەپەتك ڕێس و موو و خوری.

نَكَتَ العَهْدَ أو اليمين أو البَيْعَةَ: وادەو بەڵێنەکەی بەجێ نەهێنا، سوێندەکەی لەخۆی خست، بەیعەتەکەی واز لێ هێنا، لێی پەشیمان بۆوە.

نَكَتَ السِواك: سەری سیواکەکەی پرژ پرژ کرد.

نَكَثَ الأثر: شوێنەکەی پرکردەوە، سڕیەوە، کوێری کردەوە.

ناكَثَهُ العَهْدَ: پەیمانەکەی هەڵوەشاندەوە.

إنْتَكَثَ الحَبْلُ ونحوه: حەبلەکە هەڵوەشایەوەو کرایەوە بۆوە بەریس و خوری.

إنْتَكَثَ السِواك: سەری سیواکەکە پرژپرژ بوو.

إنْتَكَثَ ماكان بينهم: ئەو وادەو پەیمانەی نێوانیان هەڵوەشایەوە.

إنتكث البعير: حوشترەکە دوای قەڵەوی کز بۆوە.

تناكث القومُ عهدَهُم: خەڵکەکە پەیمانی ناو خۆیان هەڵوەشاندەوە.

النُّكاثُ: بلۆقو زیبکە کەلەدەمی حوشتردا پەیدا دەبن.

النُّكاث: جۆرە نەخۆشییەکە.

النُّكاثَةُ: ئەوەی لەشت هەڵدەوەرێ دەگوترێ: (نكاثة الحبل) پەتك و حەبل ◊ (نُكاثة السواك) پرژو پاڵی سیواك کەلەکاتی سیواك کردن دا دەکەوێتە ناودەمەوە.

النَّكْثُ: خێت‌و دەزوی ڕزیو ◊ پەتك‌و كولّك‌و موی حەبلە ڕزیوو شتی وا كە سەرلەنوێ دەكرێنەوەو دەڕێسرێنەوەو دەكرێنەوە بەحەبل ◊ (ك: أنكاث) ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا﴾.

النِّكَاثُ: كەسێك ڕەشمالّە ڕزیو و ڕەشمالّ‌و شتی وا هەڵوەشێنێتەوەو سەرلەنوێ بیانڕێسێتەوە.

النِّكِيثُ: پەتكە كراوەو هەڵوەشاوە ◊ دەگوترێ: (حبل نكيث).

النِّكِيثَة: كاری گەورە ◊ پلانی گەورە ◊ پلانی گەورەو قورس: كە خەڵكەكە بۆیان نەنجام نەدرێ‌و تێیدا شكست بخۆن ◊ دەگوترێ: (وقعوا في نكيثة) كەوتنە ناو كارێكی قورسەوەو بۆیان نەنجام نەدراو تێشكان ◊ دەشگوترێ: (قول لانكيثة فيه) قسەیەكە درۆی تێدا نیە ◊ سروشت‌و فیترەت ◊ دەگوترێ: (هو ذو نكيثة حسنة) خاوەنی سروشت‌و ڕەوشتی جوانە ◊ نەوپەڕی هەوڵ‌و تێكۆشان ◊ دەگوترێ: (بذل فيه نكيثه) هەموو توانای خۆی خستە كار ◊ (وبلغ من دابته نكيثةً) ولاخەكەی تاوداو گەیاندییە نەوپەڕی توانای لەغاردان.

نَكَحَت المرأةُ: ئافرەتەكە شوی كرد ◊ (فهي ناكح وناكحة).

نَكَحَ المرأةَ: ئافرەتەكەی مارەكرد ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ﴾.

نَكَحَ المرأةَ: لەگەڵ ئافرەتەكە جوت بوو ◊ دەست تێكەڵاوبی لەگەڵدا كرد ◊ دەگوترێ: (نَكَحَ المطرُ الأرض) بارانەكە تێكەڵاوی گڵی زەوییەكە بوو.

نَكَحَ الدواءُ فلاناً: دەرمانەكە بەسەر فلانەكەسدا زاڵ بوو گێژی كرد ◊ دەشگوترێ: (نَكَحَ النعاسُ عينيه) ومنەوز بەسەر چاوەكانی دا زاڵ بوو.

أنكَحَ المرأةَ: ئافرەتەكەی بەشوداو مارەی كرد ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ﴾.

أنكحَ فلاناً المرأةَ: ئافرەتەكەی لەفلانەكەس مارەكرد.

تناكَحَ القومُ: خەڵكەكە ژن‌و ژنخوازییان لەناو خۆیان دا لەگەڵ یەكتر كرد.

تناكحت الأشجار: دارەختەكان پاڵیان لەیەكتر دا.

إسْتَنكَحَ المرأةَ: داوای كرد ئافرەتەكە شوی پێ بكاو مارەی بكا.

إستنكح في بني فلان: ژنی لەخێڵی فلان هێنا.

إسْتَنكَحَ النّعاسُ عَيْنَيه: هەنۆز بەسەر چاوی دا زاڵ بوو.

النّاكِحُ: ژن هێن، خاوەن ژن ◊ شوکردو، خاوەن مێرد ◊ دەشگوترێ: (هي ناكح في بني فلان) ئەو ئافرەتە شوی بەپیاوێکی خێڵی فلاّن کردووە.

النِّكْحُ: مێرد ◊ دەگوترێ: (هو نِكْحُها) ئەو مێردییەتی ◊ (وهي نَكْحَتُهُ) ئەو ئافرەتە ژنی ئەوە.

النُّكحُ: کەسێك ژن زۆر بێنێ، یان زۆر لەگەڵ ئافرەت جوتبێ.

النُّكحَةُ: بەمانا (النُّكَحُ) دێ ◊ دەگوترێ: (هو نُكَحَةُ من قوم نكحات).

نَكَدَ حاجَةَ فلان نَكْداً: پێداویستی فلاّنکەسی مەنع کرد.

نَكَدَ العطاءَ: بەخششەکەی کەم کردەوە.

نَكَدَ الشَّيْءَ: شتەکەی فەوتاند ◊ تەواویان کرد ◊ دەگوترێ: (نكدوا ماء البئر) ئاوی بیرەکەیان تەواو کرد، هەموویان خواردەوە ◊ دەشگوترێ: (نَكَدَ النّاسُ فلاناً) خەڵکەکە هەرچی لای فلاّنکەس بوو لێیان وەرگرت ◊ ئەوەندەیان داوا لێ کرد هیچیان پێ نەهێشت.

نَكِدَ نَكَداً ونكاداً: شوم بوو.

نَكِدَ الأمرُ: کارەکە قورس بوو.

نَكِدَ عَيْشُهُ: گوزەرانی زبرو تونددو ناڕەحەت بوو.

نَكِدَ الشَّيْءُ: شتەکە کەم بوو ◊ دەشگوترێ: (نَكِدَ ماء البئر) ئاوی بیرەکە کەم بوو.

نَكِدَ فلان: فلاّنکەس بەخششی کەم بوو ◊ یان هەر هیچی نەبەخشیو دەست قوچاو بوو.

نَكِدَ بحاجتنا: ڕژدیو چروکی نواند دەربارەی پێداویستییەکانمان ◊ (فهو نَكِدٌ ونَكَدٌ) ◊ (ك: أنكاد) ◊ (وهو أنكد وهي نكداء).

أنكد فلان فيما طلب: فلاّنکەس لەدابینکردنی پێداویستییەکانی دا سەرکەوتوو نەبوو، تێ شکا.

أنكد فلاناً: فلاّنکەسی بەکەم خێرو بێ کەڵك ناساند ◊ دەگوترێ: (سألَهُ فأنكَدَهُ) داوای لێ کرد ئەویش نائومێدی کرد.

ناكَدَهُ: تەنگی پێ هەڵچنیو بەسەری دا زاڵ بوو.

نَكَّدَهُ: ڕژدو چروك و بێ خێری کرد ◊ دەشگوترێ: (نَكَّدَ عطاءَهُ بالمَنِّ) بەخششەکەی بەمنەتکردن پووچ کردەوە.

تناكَدَ القومُ: خەڵکەکە لەناو خۆیان دا تەنگیان بەیەکتر هەڵچنی.

تَنَكَّدَ الغرابُ: قەلەڕەشەکە لەقڕاندنی

هێنـده قوڵبـۆوه دەتگـوت خەریکـه بڕشێتەوه.

تَنَكَّدَ عَيْشُهُ: ژیانو گوزەرانی لێ تاڵو لیڵ بوو.

المُنْكِدُ: دەگوترێ: (جاء فلان مُنكِداً) فڵانکەس هاتو هاتنەکەی جێگای خۆشحاڵی نەبوو.

المَنكـودُ: دەگـوترێ: (عطـاء منكـود) بەخشـشی کـەم ٥ (رجـل منكـود) پیاوێکـــه زۆری داوا لێ کـــراوەو سـواڵکەری زۆر یەخـەیان گرتـووه ٥ (الحَـظّ المنكـود) شـانسو بـەختی ڕەش.

النّاكِـدُ: ئـەو کەسـەی منـداڵی بـۆ نـەمێنن، منـداڵی بـبنو بمـرن ٥ ئاژەڵی کەم شیر.

النَّكَـدُ: هەرشـتێك شـەڕئاوەر بـێ ٥ ببێتـه هـۆی شـەڕو نەگبـەتی بـۆ خاوەنەکەی ٥ دەگوترێ: (رجل نَكَدٌ) پیـاوێکی شـومو بەدبەختـه ٥ (أرض نَكَدٌ) زەوییەکی بێ پیتو بەرەکەتە ٥ (ك: نكاد).

النَّكِدُ: بەخیلو چاوچنۆك ٥ بێ خێرو بێر ٥ قورئـان دەفـەرموێ: ﴿وَالَّـذِي خَبُثَ لاَ يَخْرُجُ إِلاَّ نَكِدًا﴾.

النُّكْدُ: کەم بەخشش ٥ دەگوترێ: (مـاء نُكْدٌ) ئاوی کەم.

نَكِرَ فلان نَكْراً ونُكْراً ونكارةً: فڵانکەس زیرەك بوو ڕای باشی دەربـڕی ٥ (فهـو وهي نِكرٌ) ٥ (ك: أنكار).

نَكِـــرَ علـــى فـــلان: کـاری ترسـناکی بەفڵانکەس کرد ٥ (فهو ناكر).

نَكِرَ الشَّيْئَ: شتەکەی نـەزانی، نەیناسـی ٥ قورئـان دەفـەرموێ: ﴿فَـدَخَلُواْ عَلَيْـهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ﴾.

أنْكَرَ على فلان فعله: ڕەخنـەی لـەکاری فڵان گرتو نەی لێ کرد.

نـاكَرَهُ: فێڵـی لێ کـرد ٥ شـەڕی دژکـردو جەنگی بەرپاکرد.

نَكَّرَ الشَّيْئَ: شتەکەی گۆڕی بـەجۆرێك کـــه نەناســـرێتەوه ٥ قورئـــان دەفـەرموێ: ﴿قَـالَ نَكِّـرُوا لَهَـا عَرْشَهَا﴾.

نَكَّـرَ الإسـمَ: ئیـسمەکەی بەنـەکیرەیی هێنا.

تناكَرَ فلان: فڵانکەس خۆی نەزان کرد.

تنـــاكَرَ القـــومُ: خەڵکەکـه دژایـەتی یـەکتریان کـرد ٥ دڕدۆمـی یـەکتر بوون.

تناكَرَ الأمْرَ: لافی نەزانی کارەکەی لێ دا بـێ ئاگـایی خـۆی لـەو بـوارەدا دەربڕی.

تَنَكَّـرَ: مـاڵو وەزعـی گـۆڕا ٥ پۆشـاكو سەرو سیمای خۆی گۆڕی بـەجۆرێك

نەناسرێتەوە ◊ دەگوترێ: (تَنَكَّرَ لي فلان) فلانکەس پاش ئەوەی پیاوەتی لەگەڵ دەکردم دەستی کرد بەخراپە لەگەڵم ◊ یان بەشێوەیەکی ناشیرین بەرمو ڕوم بۆوە.

إسْتَنْكَرَ الأمْرَ: کارەکەی بەقەبیح دانا.

الإنكار: خودانەناسی ◊ دورمپەرێزی لەڕموشتی خۆنەویستی و خۆبەختکردن لەپێناو غەیردا ◊ نەم وشەو زاراوەیە بەم مانایە تایبەتە بەصۆفی و دونیا نەویستەکان.

الأنكر: دەگوترێ: (صوته أنكر الأصوات) دەنگی ناخۆشترین دەنگە.

المنكرُ: هەرشتێك عەقڵی سەلیم بەناشیرین و ناشایستەی دابنێ ◊ یان شەریعەت بەحەرام یان مەکروهی حسێب بکا.

المُنَكَّرُ: بەلای نەحوییەکانەوە پێچەوانەی (المَعرَّف).

المنكور: نەناسراو ◊ (ك: مناكير).

النُّكْرُ: لێزانی و شارەزایی ◊ (رجل نُكْرٌ) پیاوێکی زیرەك و لێزانە ◊ کاری ناخۆش، شتی نەخوازراو ◊ (ك: أنكار).

النَّكْراء: زیرەکی و لێزانی ◊ دەگوترێ: (إمرأة نكراء) ئافرەتێکی عاقڵ و زیرەك و لێهاتووە ◊ شتی ناخۆش و نەویستراو، بەڵاو چورتم ◊ دەگوترێ: (أصابتهم من الدهر نكراء).

النُّكران: ئینکەبەری.

النَّكِرَةُ: ئینکاری کردنی شت ◊ بەلای نەحوییەکانەوە (النَكِرَة) بریتییە لەئیسمێك کەفەردێکە لەتاکەکانی لەڕەگەزێکی هەبوو بان مەزمندەکراو ◊ وەکوو (رجل) و (شمس) ◊ هەروا وشەی (النكرَة) ناوە بۆ نەو کێم و زوخاوەی لەکوان و برین و شتی وا دێتە دەر.

النُّكْرَةُ: ناوێکە لەناوەکانی ئینکاری ◊ دەگوترێ: (كان لي أشدّ نُكْرَة).

النَّكِير: ئینکار ◊ دەگوترێ: (شُتِمَ فما أبدى نكيراً) جوێنی پێدرا هیچ نارەزایی دەرنەبڕی.

نَكَزَ الدَّابَّةَ نكزاً: بەنەقیزە لەوڵاخەکەیەوە ژمنی و دەنەدەنەی دا بۆئەوەی خێرا بڕوا.

نَكَزَتِ الدابة الشَّيْئَ: وڵاخەکە شتەکەی گەست.

نَكِزَت البئر نَكَزاً: بیرەکە ناوی کەم بوو ◊ (فهي ناكز ونكوز).

أنْكَزَ البئرَ: بیرەکە ناوی بڕا.

نَكَّزَ البِئْرَ: بیرەکە ناوی کەم بوو بڕا.
المَنْكَزَةُ: دەگوترێ: (فلان بِمَنْكَزَة من العيش) فلانکەس لەگوزەرانێکی ناخۆشو پڕ تەنگژەدایە.
النُّكْزُ: پیاوی هەتیومچەو خوێڕی، نافرەتی پرووچ ٥ باقی ماندەی مۆخ لەناو نێسقان دا.
نَكَسَ الشَّيْئَ نَكْساً: شتەکەی سەرەو خوار کرد ٥ هەڵی گێڕایەوە ٥ پاشو پێشی کرد.
نَكَسَ رأسَهُ: سەری داخست لەشەرمو ڕیسوایی دا ڕوی نەهات سەری بەرز بکاتەوە.
نَكَسَ الطعام وغيره داءَ المريض: خۆراکەکە جارێکی دی نەخۆشییەکەی بۆ نەخۆشەکە گێڕایەوەو سەرلەنوێ نەخۆشی خستەوە.
نَكَسَهُ في ذلك الأمر: فلانی خستەوە ناو کارەکە دوای ئەوەی لێی چوبوە دەر.
نُكِسَ الوَلَدُ: منداڵەکە لەکاتی لەدایکبون دا قاچی پێش سەری هاتە دەر.
نُكِسَ المريض: نەخۆشییەکە بۆ نەخۆشە چاکبوەکە گەڕایەوە.
نُكِسَ فلان: فلانکەس لاوازو بێ توانا بوو.
نُكِسَ عَنْ نظرائه: لەهاوەڵەکانی دواکەوتو نەگەییشتە ئاستی ئەوان ٥ دەگوترێ: (نُكِسَ الفرسُ) ئەسپەکە لەغاردانو پێشبڕکێ دا نەگەییشتە ئەسپەکانی تر ٥ دەشگوترێ: (نُكِسَ على رأسه) بەسەر سەری خۆی دا گەڕایەوە ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ نُكِسُوا عَلَى رُؤُوسِهِمْ﴾.
نَكَّسَ الفَرَسُ: بەمانا (نُكِسَ)دێ.
نَكَّسَ الله فلاناً في العمر: خودا تەمەنی فلانکەسی درێژ کردو گەیاندییە تەمەنێك هێزو توانای نەمێنێو وەکوو منداڵی ساوا بێ وەچو زەعیف بێ ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ﴾.
نَكَّسَ الشَّيْئَ: بەمانا (نَكَسَهُ) دێ.
إنْتَكَسَ الشَّيْئُ: شتەکە هەڵەوگێڕ بوو ٥ دەگوترێ: (نَكَسَهُ فإنْتَكَسَ).
إنْتَكَسَ المريضُ: نەخۆشییەکە بۆ نەخۆشەکە گەڕایەوە دوای چاکبوونەوەی.
تَنَكَّسَ الشَّيْئُ: بەمانا (إنْتَكَسَ) دێ ٥ دەگوترێ: (نَكَّسَهُ فَتَنَكَّسَ).
المُنَكَّسُ من الخيل: ئەسپێك لەڕۆیشتن دا لەبەر لاوازیی نەتوانی سەروملی بەرز بکاتەوە ٥ ئەسپێك لەغاردان دا نەتوانێ بەئەسپەکانی هاوشانی بگاتەوە ٥ (ولد منكوس) منداڵێکە لەکاتی لەدایکبوون دا قاچی پێش سەری هاتۆتەدەر ٥ دەشگوترێ:

(ولاده منكوسة) ◊ هەروا دەگوترێ: (فلان يقرأ القرآن منكوساً) فلانكەس قورئان دەخوێنێتەوە لە كۆتاييەوە بۆ سەرەتای.

النّاكِسُ: كەسێك لەبەر زەلیلی سەری دابخا ◊ (ك: ناكسون ونواكس) ◊ پیرەمێردی بەسالاچووی پۆڵكاو.

النَّكْسُ: نەخۆشی گەڕاوە بۆ نەخۆش دوای چابوونەوە.

النِّكْسُ: تیرێك سەرەكەی شكابێ و هەڵەوگێڕ كرابێ و خرابێتەوە ناوكەوان ◊ كورت ◊ لاواز ◊ خوێڕی و كەمتەرخەم و تەمبەڵ و خۆدزەوە لەیارمەتیدانی ڵێ قەوماوان.

نَكَشَ الشَّيْئَ نَكْشاً: هەرچی لەبیرەكەدا هەبوو دەری هێنا ◊ دەگوترێ: (هذه بئر لا تُنكَشُ) ئەمە بیرێكە ئاوی ڵێ دەرناهێندرێ.

نَكَشَ الأمرَ: لەكارەكەی كۆڵیەوەو بەدواداچونی بۆكرد.

نَكَشَ العَمَلَ ومنه: لە ئیشەكە بۆوە، تەواوی كرد.

إنْتَكَشَ الشَّيْئَ: بەمانا (نكشه) دێ.

المِنْكاشُ: ئامێری شت دەردان، شت دەرهێنان ◊ مقاش و موكێش ◊ (ك: مناكيش).

المِنْكَشُ: لێكۆڵەرەوەو پشكێنەر لەكاروبار.

المَنكوشُ: دەگوترێ: (سَفَطٌ منكوش) سندوق و یەغدانێكی شت ڵێ دەرهاتووە ◊ (ك: مناكش).

النَّكّاشُ: بەمانا (المِنكَشُ) دێ.

نَكَّصَ نَكْصاً ونكوصاً: بەرەو دواوە گەڕایەوە.

نَكَّصَ عَنْ الأمر: وازی لەكارەكە هێنا ◊ دەگوترێ: (نَكَصَ على عَقِبَيْه) لەو شتەی بەتەمابوو ئەنجامی بدا پەشیمان بۆوەو پاشەو باش لێی كشایەوە.

المِنْكَصُ: دوور خراوەو لاكەوتە ◊ شوێنی تێشكانو نوچدان.

نَكِظَ الشَّيْئُ نَكْظاً: شتەكە ناشیرین بوو.

نَكِظَ فلان نَكْظاً: فلانكەس كۆششی كرد هەوڵی دا ◊ پەلەی كرد ◊ دەگوترێ: (نَكِظَ فلان للخروج) فلانكەس پەلەی كرد لەچونەدەر ◊ فلانكەس زۆری برسی بوو.

أنْكَظَهُ عَنْ الأمر: پەلەی ڵێ كرد یان لە كارەكە لای دا.

نَكَّظَ: بەمانا (أنْكَظَ) دێ.

نَكَّظَ حاجة غيره: جێبەجێ كردنی كاری كەسێكی تری گران كرد ◊ كۆسپی خستە بەردەم ئەنجامدانی ئیشی خەڵك.

تَنَكَّظَ الأمْرُ: كارەكە خواروخێچ بوو.

تَـنَكَّظَ فـلان: فلانكـەس لەسـەفەردا وەزعو حـالّی شـپرێو بـوو ◊ رژدو چرۆك بوو.

اَلنَّكَظَـةُ: نارەحـەتیو مانـدووبوونی سەفەر، ناخۆشیو چورتم.

نَكَـعَ فـلان عَـنْ الأمـر نَكْعـاً: فلانكـەس لەكارەكە پەشیمان بۆوە لێی گەڕایـەوە دواوە.

نَكَعَ فلاناً بظهر قدمه: شەقی لەفلانكـەس هەڵدا.

نَكَعَ الماشية: ئاژەڵەكـەی زۆر دۆشی زۆری داچۆڕاند.

نَكَـعَ فلانـاً حَقَّـهُ: مـافی فلانكەسـی داگیر كرد.

نَكَعَ عَنْ الشَّيْءِ: لەكارەكەی لابدا ◊ پەلەی لێ كرد لەشتەكەدا.

نَكِعَ نكعاً ونُكْعَةً: سوربوو توێكڵی هەڵدا ◊ (فهو نَكِعٌ وناكِعٌ) ◊ (وهـو أنكـع وهـي نكعاء).

أنْكَعَ فلان: فلانكەس ماندووبووە.

أنْكَعَ فلاناً عَنْ الأمـر: پەلـەی لـە فلان كرد لەكارەكەی دا.

أنْكَـعَ الأمـر صـاحِبَهُ: كاتـێ داوای كارەكـەی لێ كـرد ئیـشەكە بەسەرچوو.

نَكَّعَـهُ: ئیـشەكەی بەپەلـە لێ كـردن لێ ناخۆش كرد.

نَكَّعَه عَنْ حاجته: لەئیشەكەی لابدا.

اَلْمُنْكَعُ: دەگوترێ: (أنفٌ مُنْكَعٌ) لوتێكی پانەوەبوی فشە.

اَلنَّكِعُ: دەگوترێ: (أحمر نِكِعٌ) زۆر سور، سوری ئاڵ.

اَلنُّكَعُ: پیاوێكی سوروڕەش سوروڕەشی جەستەی تێكەڵاوبێ.

اَلنُّكْعَـةُ: لای سـەرەوەی بـەری ڕوەكـی (الطرثـوث) ڕوەكێكـە لـەوڵاتی میـصرو شـام دەڕوێ وەڵێ بـەزۆری بەخێمەی قاچك دەگوترێ ◊ لایەكی لوت.

اَلنُّكْعَةُ: سورەشڵە ◊ گێڵو ئەحمـەق ◊ كەسـێك تەمبـەڵ بـێو لەشـوێنی خۆی نەجوڵێ.

اَلنَّكـوع: ئـافرەتی كورتـەباڵا ◊ (ك: نُكَعٌ).

نَكَـفَ عَـنْ الـشَّيْءِ نَكْفـاً: بەئەنقەستو ڕكەبەری ملی نەدا.

نَكَـفَ الـدمعَ: بەپەنجـە فرمێـسكی لەڕومەتی خۆی سڕی.

نَكَفَ البئر: بیرەكەی دەردا ◊ دەشگوترێ: (جـیش لاینكـف) سـوپایەكە ئەوەنـدە زۆرە لەئـەژمار نایـەو دوایـی نایـە ◊ هـەروا دەگـوترێ: (عنـده شـجاعة لاتُنكَفُ) ئازایەتییەكەی كۆتایی نایە.

نَكِفَ الحيوان نَكَفاً: حەیوانەكە غودەیەكی

شەویلەی توشی نەخۆشی بووە، دەمی لەکلە کەوتووە.

نَكِفَت اليدُ: دەستی نازاری لێ پەیدا بوو.

نُكِفَ نُكافاً: نەخۆش کەوت ◊ (فهر منكوف).

أنْكَفَهُ: لەپیس‌و پەڵۆخی پاکی کردەوە.

ناكَفَهُ الكلامَ: سەرلەنوێ کەوتەوە قسە پێگوتنی‌و لێ تورەبوونی.

نَكَّفَ: توشی نەخۆشی نیکاف بوو.

إنْتَكَفَ: لە وڵاتێکەوە گواستییەوە بۆ وڵاتێکی تر ◊ یان لەکارێکەوە چووە سەر کارێکی تر.

إنْتَكَفَ لَه: روی تێکرد ◊ دوو پیاوەکە قسەی ناشرینیان بەیەکتر گوت‌و یەکتریان لەککەدار کرد.

إسْتَنكف مِن الشَّيْئِ وعنه: قیزی لەشتەکە کردو خۆی لێ پاراست بێزی نەهات خۆی لێ نزیك بکاتەوە ◊ سەرپێچی کردو ملی بۆ شتەکە نەدا.

المَنْكوفُ: توشبوو بەنەخۆشی نیکاف.

النُّكافُ: یان (الحمى النكفية) هەوکردنێکە لەغودە (ئاڵو)دا پەیدا دەبێ‌و نەخۆشییەکە دەگوازێتەوە ◊ ئەم نەخۆشییە تای لەگەڵ دایە بەکوردی خۆمان جۆرێکە لەبینە خرە ◊ وادەبێ کاردەکاتە سەر پەنکریاس‌و هێلکەدان‌و جوتەگون.

النَّكَفُ: دەردێکە توشی دەست دەبێ.

النُّكْفُ: هەرشتێك قێزی لێ بکەیەوە، بەلاتەوە نەنگ بێ ئەنجامی بدەی‌و خۆتی پێوە هەڵەوگیر بکەی ◊ هەرکەسێك نەتەوێ خۆتی لێ نزیك بکەیەوەو قێزت لێی بێ.

رجل نِكْفٌ: پیاوێکە پیس‌و پەڵۆخە قێزی لێ دەکرێتەوە یان خوێڕی‌و هەتیومچەیە بەکەڵکی خۆ لێ نزیك کردنەوە نایە.

النِّكافَةُ: یەکێکە لەغودە بچوکەکان لەبناغەی لاشەویلەدا لەنێوان لاشەویلەو نەرمەی گوێ دا ◊ پێی دەگوترێ: (الغدة النكفية) ◊ (ك: نُكَفٌ).

نَكَلَ عَنْ الأمر نكولاً: ترسنۆك بوو، پاشگەزبۆوە ◊ ملکەچی داواکە نەبوو.

نَكَلَ عَنْ اليمين: سوێندی نەخوارد سوێند خواردنی ڕەتکردەوە.

نَكَلَ عَنْ العَدُوِّ: لەدوژمن ترسا.

نَكَّلَ فلاناً عَنْ الشَّيْئِ: فلانکەسی لەشتەکە دوورخستەوە.

نَكَّلَ بِفلان نُكلةً قبيحة: فلانکەسی توشی بەڵاو چورتمێکی ناشرین کرد.

نَكِلَ عَنْ الأمر: بەمانا (نَكَلَ) دێ.

أَنْكَلَهُ عَنْ الشَّيْئِ أو الأمر: لەشتەکەی دوورخستەوە یان لەسەر کارەکەی لابرد ◊ لەکارەکە ژێوانی کردەوە ◊ دەگوترێ: (أَنْكَلَ فلاناً عَنْ عزمه) فلانکەسی لەمەبەستەکەی لادا دووری خستەوە.

نَكَّلَ به: سزای دا بەسزایەك کەجارێکی تر توخن نەو شتە نەکەوێتەوە، کەسانی تریشی ترساند لەوەی ڕەچاوی نەو کارە ناشیرینە بکەن.

نَكَّلَ الشَّيْئَ: شتەکەی زنجیرو پێوەند کرد.

نَكَّلَ فلاناً عَنْ الشَّيْئِ: فلانکەسی لەشتەکە لادا.

المِنْكَلُ: نەو نازارو چورتمەی توشی مرۆڤ دەبێ ◊ بەردو شاخ.

النَّاكِلُ: ترسنۆك و لاواز ◊ ئیش لەدەست نەهاتوو ◊ دەگوترێ: (هو ناكِلٌ عَنْ الأمور) نەو لەڕاپەڕاندنی کاروباردا لاوازە.

النُّكَالُ: سزاو تۆلە.

النِّكَلُ: حەبلێکە لەبنکی دۆلچەی گەورە دەبەسترێ، پیاوی نازاو خاوەن نەزمونو قالبوو لەناو ڕوداودا ◊ ئەسپی بەهێزو توانا ◊ لەحەدیس دا هاتووە (إن الله يحب النَّكَلَ على النَّكَلِ) خودا پیاوی نازای سوارچاك و بەدەستو بازوی خۆش دەوێ کەلەگۆڕەپانی جەنگ دا بەسەر ئەسپێکی بەهێزو تواناوەیە.

النُّكْلُ: زنجیرو پێوەند ◊ جۆرە لغاوێکە ◊ ئاسنی لغاو یان ئاسنی هەوسار ◊ دەگوترێ: (رجل نِكْلٌ) پیاوێکە بەسەر بەرامبەرو هاوشانەکەی دا زاڵ دەبێ کەسی ناوێرێتێ.

نِكْلٌ شر: نازاو چاو نەترسە بۆ شەڕ ◊ (ك: أنكال ونكول) قورئان دەفەرموێ: ﴿إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالًا وَجَحِيمًا﴾: لێرەدا مەبەست بە وشەی (أنكالاً) زنجیرو پێوەندە.

النُّكَلَةُ: جۆرە پارەیەکی میصریە.

النَّيْكَلُ: فلزێکی قایمو ڕەقە، ڕەنگی زیوی و سپیە دەتوانرێ زۆر مشتو مااڵ بکرێ و لوس ببێ، تیژببێ ژەنگ ناگرێ لەگەڵ مادەی تر گونجاومو یەك دەگرێ، بۆ زۆر شت بەکاردەهێنرێ.

نَكَهَت الشمسُ نَكْهاً: خۆر گەرمییەکەی بەهێز بوو.

نَكَّهَ فلان: فلانکەس هەناسەی بەلوتی یەکێکی تردا کرد ◊ دەشگوترێ: (نَكَّهَ على فلان ولفلان وفي وجه فلان).

نَكَّهَ فلاناً: بۆنی دەمی فلانکەسی کرد.

نَكِهَ نَكَهاً: هەناسەی خۆی ناڕاستەی

کەسی بەرامبەرو نزیکی کرد.

نَكَهَ فلاناً: بەمانا (نَكَهَهُ) دێ.

نُكِـــهَ فـــلان: فلانکـەس بـــەهۆی زۆر خواردنـەوە بـۆنی دەمـی نـاخۆش بـوو بوو.

النُّكْهَـةُ: بـۆنی دەم ◊ دەگـوترێ: (هـر طيـب النَّكْهَـةِ) ئـەو مرۆڤـە بـۆنی دەمی خۆشە.

نَكى العَدُوَّ وفيه نكاية: فرسەتی لەدوژمن هێنـــاو زەبـــری گورچـــکبڕی لێـــدا ◊ شکاندی‌و بەسەریدا زاڵ بوو.

نَكِيَ العَدُوُّ نَكىً: دوژمن شکاو هەڵات.

النُّنُلُ: پیری پەککەوتەو لاواز.

نَمَرَ في الجبل أو الشجر: چووە سـەرکێوەکە یان سەر درەختەکە.

نَمِرَ نَمَراً ونُمْرَةً: لەسەر شێوەی پڵنگ بوو ◊ واتـــە: پەڵـــەی ســـپی‌و ڕەنگـــی تـــری تێکەڵاو بـوو (بەڵەك بـوو) دەگـوترێ: (نَمِـرَ الـسَّحابُ) هەورەکـە پەڵـە پەڵـە بوو.

نَمِـرَ فـلان: فلانکـەس تـورە بـوو ومکـوو پڵنگـــی جـــنگ بـــەخۆیەنی لێ هـــات ◊ ڕەوشتی ناشیرین‌و شەڕەنگێز بوو (فهو نَمِرٌ).

أنْمَـرَ فـلان: فلانکـەس تـوشی نـاوێکی شیرین‌و گوارا بوو.

نَمَّـرَ فـلان: فلانکـەس ڕقـی هەڵـساو ڕەوشت ناشیرین بوو.

نَمَّـــرَ وجهـــه: دەمـوچـاوی گـــرژ کـــرد، ناوچاوانی لێك نا.

نَمَّرَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەشێوەی ڕەنگی پڵنگ ڕەنگ کرد ◊ دەگوترێ: (بـردة نمـــــرة) بـــــوردەو عەبایـــــەکی ڕەنگاوڕەنگە.

تَنَمَّرَ: خۆی شوبهاند بە پڵنگ لەشێوەو ڕوخساردا یـان لـە هـەڵس‌و کـەوتو ڕەفتاردا.

تَنَمَّـــرَ لفـــلان: ناڕەزامەنـــدیی لـــەفلان نیشان داو هەڕەشەی لێ کرد لـەکاتی هەڕەشـەکردنەکەی دا دەنگـی خـۆی بەرزکردەوەو درێـژەی بەدەنگەکـەی دا.

الأنْمَرُ: هەرشتێك پەڵـەی سـپی تێـدابن لەگەڵ ڕەنگی تر ◊ دەگوترێ: (فرس أنمر وثوب أنمر، وهي نمراء).

المُنَمَّرُ: هەرشتێك خاڵی ڕەشی تێـدابن‌و لەپەنایانـــەوە خـــاڵی ســـپی هـــەبن ◊ دەگـوترێ: (طـير منمّـرات وثـوب مُنَمَّرة).

النّـــامِرَة: ناســـنێکە قـــولاپ‌و شـــتی وای هەیـــە گۆشـــتی پێـــوە دەکـــرێ بـــۆ ڕاوکردنی گورگ‌و بەتەڵەوە بوونی.

التامورُ: خوێن.

النَّمِـــرُ: پڵـــنگ؛ ئـــاژەڵێکی درێندەیـــەو

جەستەی بەڵەکە نە پێڕی (السنورية)یە.

النَّمْرُ: بەمانا (النَّمِرُ) دێ.

النَّمِرَةُ: پڵنگە مێ (دێڵە پڵنگ) ◊ پەڵە هەوری پێك هاتوو لەپارچە هەوری بچوك بچوكو لێك نزیك ◊ قوماشێکە هێڵی سپیو ڕەشی تێدان ◊ هەروا بەمانا (النَّامِرَة) دێ.

النُّمْرَة: نوکتەو خاڵ لەهەر ڕەنگێك بن ◊ بەڵەك.

النَّمِيرُ من الماء: ئاوی سازگارو شیرینو گوارا ◊ دەشکوترێ: (لە حَسَبٌ نَمِير) نژادو ڕەچەڵەکێکی خاوێنی هەیە.

النُّمْرُقُ: سەرینی بچوك کە ئانیشکی لەسەر دادەدرێ ◊ نەو پارچە قوماشەی بەسەر کەژاوەو شتی وا دا دەدرێ.

النُّمْرُقَةُ: بەمانا (النُّمْرُق) دێ.

النُّمْرَقَةُ: بەمانا (النُّمُرقُ) دێ ◊ هەروا ناوە بۆ هەورێك کەناوناوە هەساو بێ.

نَمَسَ السِّرَّ نَمْساً: نهێنییەکەی شاردەوە.

نَمَسَ السِّرَ فلاناً: بەسرتە نهێنییەکەی بەگوێی فلان دادا.

نَمِسَ السَّمْنُ والطيبُ ونحوهما نَمَساً: ڕۆنەکە یان بۆنەکە خراب بوو.

نَمِسَ بفلان: فیتنەیی بەفلان کرد ◊ (فهو نَمِسٌ).

أَنْمَسَ بين القوم: نێوان خەڵکەکەی تێك داو فیتنەو ئاشوبی خستە ناویانەوەو هەڵینان بۆ ئەوەی بەلاماری یەکتر بدەن.

نامَسَ الصائد: ڕاوکەرەکە چووە ناو کۆختەکەیەوە.

نَمَّسَ الشَّعْرُ: ڕۆنو چەوری لەقژیەوە چوو قژی چەور بوو چڵکن بوو.

نَمَّسَ السَّمْنُ والجُبْنُ ونحوهما: ڕۆنە کەرەکە یان پەنیرەکە خەریکە خراب بێ، بۆگەنی کردەوە ◊ (فهو مُنَمَّسٌ).

نَمَّسَ عليه الأمر: کارەکەی لێ چەواشە کردو سەڕی لێ شێواند.

نَمَّسَ العرقُ الجلدَ: عەرەق پێستی جەستەی تەڕکرد.

إِنَّمَسَ فلان إِنْماساً: فلانکەس خۆی شاردەوە.

إِنَّمَسَ في الشَّيْءِ: چووە ناو شتەکەوە.

تَنَمَّسَ الصائدُ: ڕاوکەرەکە کۆختەو حەشارگەی بۆخۆی دروست کرد بۆئەوەی خۆی تێدا مەڵاس بدا بۆ ڕاوکردنی نێچیر.

تَنَمَّسَ الأمْرُ: کارەکە چەواشە بوو.

الأَنْمَسُ: لیل ◊ (وهي نمساء).

النامس: خاوەن نهێنیو هەواڵگری

فەرمانڕەوا، نووسینگەی نهێنی پاشا ٥ ئەوکەسەی فەرمانڕەوا بەسەر نهێنی خۆی دا ئاگاداری دەکا ٥ هەروا ناوە بۆ فریشتەی نیگا حەزرەتی جوبرائیل ٥ وەصی و سەرپەرێشتیار ٥ قانون و شەریعەت ٥ لێزان و کاردروست ٥ حەشارگەو کۆختەی ڕاوکەر: کەخۆی تێدا حەشاردەدا ٥ خەڵوەخانەو پەرستگای ڕەبەن و دێرنشین ٥ لانەی شێر ٥ (ك: نوامیس).

الناموسة: لانەو بێشەی شێر ٥ مێشولەی بچوك.

النّاموسِيّة: پەردەکوللە، پەردەیەکە بەدەوری شوێنی نووستن دا دادەدرێتەوە بۆخۆپاراستن لەمێشولەو شتی وا.

النَّمْسُ: ڕەگەزی حەیوانێکی گواندارە لەپێڕی (الزبادیة)یەو زۆر جۆری هەیە ٥ (ك: نمس و أنماس).

النَّمَسُ: بۆنی شیرو چەوری.

النَّمَسَةُ: بۆنی ناخۆش ٥ هەرشتێك بۆنی ناخۆشی لێ بێ پێی دەگوترێ: (نَمَسَة).

نَمَشَ الشَّيْءَ نَمْشاً: بەشپرێوی هەڵی گرتەوە ٥ ماشییەوە.

نَمَشَ الجرادُ الأرض: کوللەکە لەکشتوکاڵو شیناوەردی زەوی خواردو هەندێ پۆشو پەڵاشی هێشتەوە.

نَمَشَ فلاناً: سرتەی لەگەڵ فلان کرد، بەچرپە قسەی لەگەڵ کرد.

نَمَشَ الكلامَ: قسەکەی هەڵبەستو دروی تێدا کرد.

نَمِشَ نَمَشاً: پەڵەی بەجەستەوە پەیدابوون ڕەنگیان لەباقی ڕەنگی پێستی جوداوازە ٥ (فهو نَمِشٌ وأنمش) ٥ (وهي نمشاء).

أنْمَشَ بين القوم: فیتنەیی کردو ناشوبی لەنێو خەڵکەکەدا نایەوە.

نَمَّشَ الشَّيْءَ: شتەکەی ڕێکخست.

نَمَّشَ الحديثَ: بەسرتەو ئەسپایی قسەکەی کرد.

النَّمْشُ: فیتنەیی و ناشوب ٥ قسەی ڕازاوەو بێ بناغەو نادروست.

النَّمَشُ: شوێنکەی شت لەسەر شتی تر ٥ پەڵەی سەردەم و چاو کەڕەنگیان لەڕەنگی پێستی جودایە ٥ سپایەکە لەسەر بنکی نینۆك پەیدا دەبێ و پاش ماوەیەك نامێنێ و دوایی دێتەوە.

النَّمِشُ: دەگوترێ: (سيف نَمِشٌ) شمشێرێکە لەبەر ئەصلی و ڕەسەنی مادەکەی هێڵی تێدا دەبیندرێن، چاو لەسەیرکردنی دا خاڵو هێڵی جۆراو جۆری دێنە بەر تیشکی دیتنەکەی.

نَمَصَ الشَّعْرُ أو النَبْتُ نَمْصاً: مووەکان یان چلّە گیاکان وردو باریك بون دەتگوت گەندەمون یان توکە وردەیە.

نَمَصَ الشَّعرَ: مووەکانی هەلّکەندن.

نَمِصَ الشَعْرُ: مووەکان باریكو ورد بوون دەتگوت گەندەموون.

أنْمَصَ النَبْتُ أو الشَّعْرُ: گیایەکە یان مووەکان دوای هەلّکەندنیان ڕوانەوە.

أنْمَصَ النَّباتُ أو الشَّعْرُ أو غيرهما: گیایەکە کاتی دروێنەی هات، یان مووەکان کاتی تاشینو هەلّپاچینیان هات.

نَمَّصَ الشَّعْرَ أو النبتَ: مووەکەی هەلّکێشا، ڕوەکەکەی درۆوە.

إنْتَمَصَ المرأةُ: نافرەتەکە داوای لەدەمو چاو هەلگرەکە کرد کە گەندەموی دەمو چاوی بۆ هەلّکەنێ، بۆلابەرێ ٥ یان نافرەتەکە خۆی گەندەمووی دەمو چاوی هەلّکەندن.

تَنَمَّصَتِ المرأةُ: نافرەتەکە موی دەموچاوی بەدەزو هەلگرتن، هەلّی کەندن ٥ لەحەدیس دا هاتووە: (لُعِنَتْ النامصة والمُتَنَمِّصَة).

تَنَمَّصَتِ الماشية: ئاژەلّەکە نەوبەهارو دەستە گوڵی گیایەکەی خوارد.

الأنْمَصُ: دەگوترێ: (هو الْمَصُ الحاجبين) ئەو پیاوە برۆ باریکە سەری بڕۆی لای لاجانگی باریك بوونەوە ٥ (وهي غصاء) ٥ (ك: لُمْصٌ).

المِنْماصُ: موکێش، ئەو نامێرەی چقڵو شتی وای پێ دەردێندرێ.

النَّامِصَةُ: ئەو نافرەتەی دەموچاوی نافرەتی تر بەدەزو و شتی وا هەلّدەگرێو ئارایشتیان دەدا.

النَّمّاصُ: دەزوی دەرزی.

النَّمَصُ: پەڕوپۆڵی کورت ٥ گژوگیای هێشتا ناسکەو تازە سەری لەزەوی دەرهێناوە ٥ جۆرە گیایەکە لە شوێنی زلکاو و زەوی ئاودراوو تەڕدا دەڕوێ ٥ گەلادرێزەکانی بۆ دروستکردنی سەلەو حەصیرو شتی وا بەکاردێ.

النَّميصُ: ئەوەی دەڕوێتەوە لەگژوگیا یان موو پاش درونەوەو هەلّپاچینو هەلّکەندنیان.

أنْمَطَ له العطاءَ: بەخششەکەی لێ کەم کردەوە.

نَمَّطَهُ على الشَّيْئِ: شارەزای کرد بۆ شتەکە ٥ دەشگوترێ: (نَمَّطَ له على الشَّيْئِ).

النَّمَطُ: توکی فەرشو بەڕە ٥ جۆرە فەرشو ڕاخەرێکە ٥ قوماشێکە لەخوری دروست دەکرێ

رەنگاورەنگە بەسەر کەژاوەو شتی وادا دەدرێ ◊ رێبازو بەرنامەو پلان بۆهەر شتێك بێ ◊ شێوازی شت ◊ کۆمەڵێك مرۆڤ یەك نیشیان هەبێ ◊ جۆرو شێوەی شت ◊ دەگوترێ: (عندي متاع من هذا النَّمط) کاڵای لەو جۆرەم لایە.

نَمَغُ الشَّيْءَ: شتەکەی رەنگ کرد بەرەنگی رەش‌و سپی‌و سوور بەتێکەڵی.

المُنَمَّغُ: رەنگ کراو بەرەنگی جۆراو جۆر ◊ دەگوترێ: (رجل مُنَمَّغٌ) پیاوێکی رەنگاورەنگە بەڵەکە.

النَّمَغَةُ: مەڵاشوی منداڵ کەتازە لەدایك دەبێ‌و مەڵاشوی نەرمە تارەق دەبێ ◊ سەرانسەری کێو ◊ مرۆڤی وەجاخزادەو رەسەنی گەڵ‌و نەتەوە ◊ ماڵ‌و سامانی زۆر ◊ مرۆڤی زۆر.

نَمَقَ الكتابَ نَمْقاً: بەجوانی کتێبەکەی نووسیەوە.

أَنْمَقَت النَّخلة: دارخورماکە خورمای بێ ناوکی گرتن.

نَمَّقَ الثوبَ أو الجلدَ ونحوهما: قوماشەکە یان پێستەکەی رەنگاورەنگ کرد.

نَمَّقَ الكتابَ: بەشێوەی جوان‌و خۆشنووسی کتێبەکەی نووسیەوە، زێدەڕۆیی لەمانای (نَمَقَ) دەگەیەنێ ◊ دەشگوترێ: (نَمَّقَ القولَ ونَمَّق الوعدَ).

المُنْمِقُ مِن الرُّطَبِ: خورمایەکە ناوکی نەبێ.

النَّمَقُ: لەو کتێبەی تێیدا دەنووسیەوە ◊ ناوەڕاستی رێگا.

النَّمَقَةُ: بۆنی ناخۆش، بۆگەن.

النَّميقُ: شتی نەخشاو و رەنگاورەنگ ◊ دەگوترێ: (ثوب نميق).

نَمَلَ فلان نَمْلاً ونُمولاً: فلانکەس فیتنەجۆ بوو، فیتنەیی کرد.

نَمَلَ نملاناً: بەسەر شتەکەیدا ڕوانی.

نَمَلَ في الشجرة نُمولاً: چووە سەر درەختەکە.

نَمِلَ المكانُ: شوێنەکە مێروی زۆر بوو.

نَمِلَتْ يد فلان: دەستی فلانکەس تەزی شلەپەتە بوو.

نَمِلَت يده في العمل: لەکارکردن دا دەستی سوك بوو.

نَمِلَت المرأةُ أو الفرسُ: نافرەتەکە یان ماینەکە جێگیر بوو ◊ (یان سکی بۆ ڕاوەستاو لەباری نەچوو) دەشگوترێ: (غلت يد الصَّبي) دەستی منداڵەکە هەدادانی نەبوو لەهارو هاجی نەکەوت ◊ (فهو نَمِل وهي نَمِلَة) ◊ دەشگوترێ: (إمرأة نَمْلى) نافرەتێکە گەڕۆکە لەهیچ شوێنێك جێگیر نابێ.

نُمِلَ الطعامُ: خۆراکەکە مێروی تێچوو مێرواوی بوو ◊ (فهو مَنْمُولٌ).

نَمَّلَ الكِتابَ: دێری کتێبەکەی لێك نزیك نووسینەوە.

نَمَّلَ ثَوْبَهُ: کراسەکەی پینەکرد.

تَنَمَّلَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە جم و جۆڵ و هاتوچۆ و تێکەوە هاویشتن ◊ بڵاوەیان لێ کردو بەناوزەوی دا بڵاوبوونەوە بۆ کاسبی کردن ومکوو مێرۆڵە.

الأنْمُلَةُ: گرێی قامك، چاوە قامك ◊ جومژگەی لای ژوروی پەنجە ئەوەی نینۆکی پێوەیە ◊ (ك: أنامل).

المُتَنَمِّلُ: دەگوترێ: (رجل مؤنِّلُ الأصابع) پیاوێکی پەنجە کورتو پەنجە ئەستوورە.

المُنَمَّلُ: دەگوترێ: (لقد طالَبَ غیر مُنَمَّلٍ) بەهێواشی داوای شتەکەی کردو بەپەلە نەبوو لەبەدەست هێنانی دا.

المُنَمَّلَةُ: ئافرەتی گەڕۆك کە لەشوێنێك جێگیر نەبێ.

النّامِلَةُ: ڕێبوار کۆمەڵە خەڵك کە بەڕێگادا دەڕۆن.

النَّمِلُ: لێزانو شارەزا.

النَّمْلَةُ: مێرۆلە، حەشەرەیەکی بچکۆلەی کۆششکەرە لەژێر گڵ دا دەژی، بەتاکو کۆمەڵ ژیان بەسەردەبەنو گیانی هاوکاریان تێدایە (ك: نَمْلٌ ونَمالٌ) ◊ فیتنەیی و ئاشوبگێڕ.

النِّمِلِيَّةُ: صندوقێکە خواردنو شتی وای تێدا هەڵدەگیرێ مێرولەو حەشەرات ناتوانن بچنە ناوی، ئەم جۆرە صندوقە لەتەختە دار یان مەعدەنی تر دروست دەکرێو دەرگاکەی لە تەلە هێڵەکێکی کون بچوکە.

النُّمْلَةُ: باقی ماندەی ئاو لەحەوزدا ◊ دەشگوترێ: (فرس ذو نُمْلَةٍ) ئەسپێکی سرکو هاروهاجە.

النَّمّالُ: فیتنەو ئاشوبگێڕ.

النَّمیلة: فیتنەجۆ.

نَمَّ الحديثَ نَمّاً: قسەکە ئاشکرابوو.

نَمَّ الشَّيْئُ: شتەکە بۆنەکەی بڵاوبۆوە ◊ شتەکە وروژا هەڵنەربوو.

نَمَّ الحديثَ: قسەکەی هێناو برد بۆنەوەی فیتنەیی بنێتەوە ◊ ئاشوب لەناو خەڵکەکەدا بەرپابکا ◊ (فهو نامٌّ ونَمٌّ) بۆ زێدەڕۆیی دەگوترێ: (نَمّامٌ) ◊ (ونَمَّمٌ).

نَمَّ الكلامَ: قسەکەی بەدرۆو دەلەسە ڕازاندەوە.

النّامَّةُ: هەستو جم و جۆڵ ◊ دەگوترێ: (سَمعت نامَّةَ) گوێم لەهەستو خوستی بوو ◊

دەشگوترێ: (أسكت الله نامَتَهُ) خودا مراندی.

النَّمَمُ: فیتنەیی‌و ناشوبگێڕی.

النَّمَّامُ: ناوە بۆ ڕوەکی سەعتەرە کێوییلە: کە ڕوەکێکی بۆنخۆشە هەروا ناوە بۆ گیا پونگە ○ پونگی ناوبی.

النَّمَّةُ: پەڵەیەکی سپی لەناو ڕەشایی دا، یان پەڵەیەکی ڕەش لەناو سپایی دا.

النُّمِيُّ: خیانەت ○ عەیب‌و لەککە ○ دۆزمنایەتی ○ سروشت‌و تەبیعەتی مرۆڤ ○ ماهیەت‌و هیولای مرۆڤ ○ دەشگوترێ: (ما بالدارِ نُمِّيٌ) کەس لە خانوەکەدا نیە ○ فلوس کەلەڕەصاص دروست کرابێ ○ تاکەکەی پێی دەگوترێ: (نُمَّيَة).

النَّميمُ: دەنگی نزم‌و هێواش کەلەجم‌و جۆڵی شتێك پەیدا دەبێ ○ خشپەی پێ ○ فیتنەیی‌و قسەهێنان‌و بردن ○ (ك: نمائم).

النَّمِيمة: بەمانا (النَّميمُ) دێ ○ نووسین ○ سەرەو خشەی نووسین ○ (ك: نَمائم).

نَمْنَمَتِ الرِيحُ التُرابَ: ڕەشەباکە شوێنکەی لەگل‌و خۆڵەکە کرد هێڵ‌و خێتی جیاجیای تێدا جێهێشت.

نَمْنَمَ الشَّيْءَ: شتەکەی نەخشاندو ڕازاندییەوە ○ زرکەفتی کرد ○ دەگوترێ: (نَمْنَمَ كِتابَهُ) کتێبەکەی نەخشاندو بەزەرکەفت‌و نەخش‌و نیگار ڕازاندیەوە.

المُنَمْنَمُ: زەخرەفەکراو و ڕازێندراوە ○ دەگوترێ: (ثوب مُنَمْنَمٌ) قوماشێکی زەخرەفەکراوە ○ هەروا دەگوترێ: (كتاب مُنَمْنَمٌ) کتێبێکی زەخرەفەکراوە ○ (نبات مُنَمْنَمٌ) ڕوەکێکی تێکهاڵاو و تێکچڕاوە.

النَّمْنِمُ: ئەو شوێنکەو نیشانەی ڕەشەبا لەسەر ڕوبەری گڵ جێی دێڵێ ○ سپایی کەلەسەر نینۆکی مرۆڤی گەنج دەردەکەوێ ○ تاکەکەی (نَمْنِمَةٌ).

النَّمْنِمَةُ: هێڵی کورت‌و لێك نزیك.

النُّمْنُمُ: ئەسپێی بچوك.

نما الشَّيْءَ نماءً ونُمُوّاً: شتەکە زیادی کردو پەرەی سەند ○ دەگوترێ: (نما الزرع، ونما الولدُ، ونما المالُ) ○ دەشگوترێ: (هو ينمو الى الحسب) ○ هەروا دەگوترێ: (نما الخضاب في اليد أو الشعر) خەنەکە سوربیەکەی پەرەی ساند ○ قژەکە ڕەشایی زیادی کرد.

نما الحديث: حەدیسەکەی ئیسناد داو

بەشێوەی ڕێك و پێك ڕیوایەتی کرد.
نَمى الحديثُ نماءً ونُمِيّاً: قسەکە بلاو بۆوە.
نَمى الحيوانُ: ئاژەڵەکە قەڵەو بوو.
نَمى الدوابُ: ئاژەڵ و ولاخەکان دوورکەوتنەوە بۆمڵ و موش و لەوەڕخواردن.
نَمى الصَّيْدُ: نێچیرەکە بەبریندار لە ڕاوکەرەکە گوم بوو تیرەکە بەجەستەیەوە بوو.
نَمى الشَّيْئَ: شتەکەی بەرز کردەوە لەڕێزو بەهای زیاد کرد ٥ دەگوترێ: (فلان يَنْمِيهِ حَسَبُهُ).
نَمى الحديثَ: قەرموودەکەی گەیاندەوە گوتەرەکەی.
نَمى فلاناً الى فلان: فلانکەسی پاڵ فلانکەس دا.
نَمّى المالَ ونحوه: مالەکەی زیاد کردو گەشەی پێدا.
أنْمى الكرمُ إنْماءً: دارمێوەکە پۆخی دەرکەوتن، خەریکە گەلاکەی دەربکەوێ.
أنْمى الشَّيْئَ: گەشەی بەشتەکە دا.
أنْمى الراعي دوابَّهُ: ولاخ و ئاژەڵەکانی لەلەوەڕگاکەدا لێك بلاوکردن بۆنەوەی هەریەکەیان لەپانتاییەك دا بلەوەڕێ.
أنْمى الصيدَ: تیری بەنێچیرەکەوە ناو هەنگاوتی و بۆی نەگیرا لەشوێنێکی دوور منداربۆوە.
نَمّى الشَّيْئَ أو الحديثَ تَنْمِيَة: گەشەی بەشتەکە دا ٥ قسەکەی بەشێوەی فیتنەیی هێناوبرد.
نَمّى النار: سوتەمەنی بۆ ئاگرەکە زیاد کرد.
إنتمى الطائرُ: باڵندەکە لەشوێنێ هەڵفڕی بۆ شوێنێکی تر چوو.
إنتمى الى الجَبَلَ: چووە سەر کێوەکە.
إنْتَمَى الى كذا: نیسبەت درا بۆلای ئەوە.
تَنَمّى: بەمانا (إنتمى) دێ.
الأُنْمِيُّ: شریفێکە کای تێدەکرێ.
النّامي: هەرشتێك گەشو نمای تێدا بێ وەکوو گیاندارو ڕوەك و درەخت.
النّامية: خەڵك (مخلوقات) ٥ تولە میرو کەهێشومترێی پێوەبێ.
النَّماةُ: میرووی بچوك.
النَّمْوَةُ: زیادە.
الأنموذج: نموونە.
النَّنُّ: قژی تەنك.
نَهاً نَهْأً: پڕبوو، دەگوترێ: (نَهَأ الإناءُ) زەرفەکە پڕبوو ٥ (شرِبَ فلان حتى نَهَأ) ئاوی خواردەوە تا تێراو بوو.
نَهَأ اللَّحْمَ نُهوءاً: گۆشتەکەی نەکوڵاند.
نَهِئَ اللحْمُ نَهْئاً ونَهَاءةً ونُهُوءَةً: گۆشتەکە نەکوڵی.

أَنْهَـا اللَّحْـمَ: گۆشـتەکەی نەکوڵانـد بەکاڵی هێشتییەوە.

النَّاهِئُ: تێرو تەسەلە.

نَهَبَ الشَّيْئَ نَهْباً: بەزۆر شتەکەی وەرگرت ◊ دەگوترێ: (إنّـه ينهـب الأرض) ئـەو بەپەلـەو خێـرا دەڕوا ◊ هـەروەها دەگـوترێ: (إنـه لَيَنْهَـبُ الغايـة) ئـەو پێشکەوتووە بۆلای ئامانج.

نَهَـبَ الكلـبُ فلانـاً: سـەگەکە دەمـاری پاژنەپێی فلانکەسی گرت.

نَهَبَ فلانـاً: جنێـوی بەفلانکـەس داو لێی تـورە بـوو ◊ (فهـو ناهـب) ◊ (وهـو منهوب).

أَنْهَـبَ الـشَّيْئَ: شـتەکەی وانّ کـرد هەڵمەتی بۆ ببرێو بەتاڵان ببرێ.

أَنْهَـبَ الـشَّيْئَ فلانـاً: شـتەکەی بـۆ فلانکەس ڕانواند.

ناهَـبَ الْمُتَـسابِقُ مُـسابقة: پێـشبرکێی لەڕاکردن دا لەگەڵدا کرد.

إنْتَهَبَ الشَّيْئَ: شتەکەی هەڵگرت.

إنْتَهَـبَ الفـرَسُ الـشَّوْطَ: ئەسـپەکە لەپێشبرکێیەکەدا بردیەوە.

تناهـب المتـسابقان: هەریـەك لـەو دوو پێـشبرکێکارانە وێـستی سـەرکەوتن بەدەست بێنێ.

تناهَـبَ الـنّوابُ الأرض: ولاخەکـە یـان ئاژەڵەکـــە بەقاچـــەکانی زەوی هەڵکۆڵی.

المِنْهَـبُ: سـەرکەوتوو لەپێـشبرکێ دا ◊ دەگوترێ: (فرس مِنْهَبٌ).

المَنْهوبُ: ئـەوەی چـەپاو دەکـرێ (تـاڵان دەکرێ) ◊ شتێك بەپەلە داوابکرێ.

النَّهْـبُ: تـاڵانکردن ◊ چـەپاو کـردن ◊ شتێك بکرێتە مەبەستو نیشانە بۆ هەنگاوتن ◊ دەگوترێ: (أصبح فـلان نَهْباً للسَّبِّ) فلانکەس بوو بەنیشانە بۆ تانەو تەشەر لێدانو جنێوپێدان ◊ یـان فلانکـەس بـوو بـە ئامـانج بۆنەخۆشی ◊ هەروا وشـەی (النهب) ئـاوە بـۆ مـاڵی تـاڵانیو دەسـکەوتی جـەنگ ◊ تـاڵانکراو و مـاڵبڕاو ◊ (ك: نهـابٌ ونهـوبٌ) ◊ هـەروا وشـەی (النَّهْبُ) بەمانای جۆرێك لـەڕاکردن دێ.

النُّهْبَـةُ: بـەمانا (إنتهـاب) دێ واتـە: هەڵگرتن یان سەرکەوتن.

النُّهْبَـــى: هەڵمـــەتو تـــاڵانکردن ◊ تاڵانکراو، ماڵبڕاو.

النُّهَّـابُ: کەسـێك زۆر تاڵانـچی بـێ، چەپاوکەربێ.

النَّهْبَـرَةُ مـــن النـــساء: ئـافرەتی دڕێژداوەڵو دالگۆشت ◊ کـزو لاواز ◊ ئافرەتێـــك بگاتـــە حاڵـــەتی تێداچوونو گیانـەڵاو ◊ (ك: نهابِرَة).

النُّهْبَرَةُ: تەپۆلکەو گردۆلکە ◊ چاڵو چۆڵی نێوان بیشەو لانەی شێر ◊ (ك: نهابر ونهابير).

النُّهْبُورُ: بەمانا (النُّهْبَرَةُ) دێ ◊ (ك: نهابير).

نَهْبَلَ: فلانکەس خۆی شەلاند وای پیشان دا شەلە، لەڕۆیشتن دا خۆی شەل کرد.

نَهْبَلَ فلان: فلانکەس تەمەن درێژبوو.

النُّهْبَلُ: پیرەمێرد ◊ دەگوترێ: (شيخ نَهْبَلٌ).

النُّهْبَلَةُ: ڕۆیشتنێکی تەمبەڵانەیە ◊ پیرەژنی کۆنەسااڵ ◊ دەگوترێ: (عجوز نَهْبَلَةٌ) ◊ هەروا ناوە بۆ حوشترى کەتەو زەبەڵاح.

نَهَتَ القِرْدُ ونحوه نهيتاً ونهاتاً: مەیمونەکە قیراندی زیراندی ◊ دەگوترێ: (نَهَتَ الأسَدُ) شێرەکە دەنگی لێوەهاتو دەنگەکەی نەبوە نەڕاندن.

نَهَتَ فلان: فلانکەس نااندی، نرکاندی.

المِنْهَتُ والمُنْهِتَ: شێر.

الناهِتُ: قوڕگ.

النُّهَاتُ: دەنگێك کەلەسنگ بێ، نرکەو نالە، زیخەزیخ کەلەکاتی ناڕەحەتی دا لەناوەمیزاد دەبیسرێ.

نَهْتَرَ علی فلان: درۆی بەدەم فلانکەسەوە کرد.

نَهْتَرَ فلان في كلامه: فلانکەس قسەکانی بەشێوەی بەرمو ناواژو گێڕانەوە.

نَهَجَ الطريقُ نَهْجاً ونهوجاً: ڕێگاکە ئاشکرابوو دەرکەوت ◊ دەگوترێ: (نَهَجَ أمْرُهُ) ئیشەکەی ئاشکرابوو.

نَهَجَ الدابةُ أو الإنسان نَهْجاً ونهيجاً: ولاخەکە یان مرۆڤەکە خێرا خێرا هەناسەی داو هانکە هانکی پێ کەوت بەهۆی ماندوبوون.

نَهَجَ الثَّوبُ نَهْجاً: قوماشەکە کون بوو ڕزی.

نَهَجَ الطريقَ: ڕێگاکەی ئاشکرا کرد، ڕونی کردەوە ◊ ڕێگاکەی پەپڕەو کرد.

نَهِجَ نَهَجاً ونَهْجَةً: خێرا خێرا هەناسەی هەڵێنانو هانکە هانکی پێکەوت بەهۆی ماندویی و شەکەتی، یان ڕاکردنو جەو جوڵی زۆر.

نَهِجَ الثوبُ وغيره: قوماشەکە کۆن بوو، ڕزی (فهو نَهِجٌ).

أنْهَجَ الطريقُ: ڕێگاکە ئاشکراو ڕون بوو، دەرکەوت.

أنْهَجَ الدابةُ: بەسواری ولاخەکە ڕۆیی تا ماندوی کرد.

أنْهَجَ العَمَلُ فلاناً: ئیشکردنەکە فلانکەسی ماندوکرد تاوای لێ کرد هەناسە برکەی پێ بکەوێ.

أنْهَجَ الثوبَ: قوماشەکەی کۆن کرد. ڕزاندی.

إنْتَهَجَ الطريقَ: ڕێگاکەی ئاشکرا کردو پێیدا ڕۆیی.

إسْتَنْتَجَ الطريقُ: ڕێگاکە ئاشکرابوو دەرکەوت چۆنە.

إسْتَنْتَجَ سبيلَ فلان: ڕێبازی فلانکەسی گرتەبەرو پێیدا ڕۆیی.

المِنْهاجُ: ڕێگای ئاشکراو نمایان ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿لِكُلّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ ٥ هەروا ناوە بۆ پلانو خەریتەی کارکردن ٥ پڕۆسەو پڕۆگرام ٥ دەگوترێ: (منهاج الدراسة ٥ منهاج التعليم ٥ منهاج العمل .....ئ).

المِنْهَجُ: بەمانا (المِنهاجُ) دێ ٥ (ك: مناهج).

النّاهِجُ: دەگوترێ: (طريق ناهج) ڕێگایەکی ئاشکراو ڕون ٥ هەروا دەگوترێ: (طريقة ناهجة).

النَّهْجُ: ئاشکراو نمایان ٥ دەگوترێ: (طريق نَهْجٌ) ٥ (أمر نَهْجٌ) ٥ ڕێگای ڕاستو ئاشکرا ٥ دەگوترێ: (هذا نهجي لاأحيد عنه) ٥ (ك: نهجات ونُهُجٌ ونهوج).

النَّهَجُ: نەخۆشی ڕەبۆ، هەناسە سواریو تەپەتەپی دڵ.

النَّهيجُ: بەمانا (النَّهَجُ) دێ.

نَهَدَ الثديُ نهوداً: مەمك خڕبوو، سەری هەڵداو بەرز بۆوە ٥ دەگوترێ: (نهدت ثدي المرأة) مەمکی ئافرەتەکە خڕبوون (فهي ناهد وناهدة) ئەو ئافرەتە (مەمك خڕو تونده) هێشتا مەمکی شل نەبوون ٥ (ك: نواهد).

نَهَدَ الإناءُ: قاپەکە نزیکە پڕ ببێ.

نَهَدَ فلان: فلانکەس هەڵساو ڕۆیی.

نَهَدَ لعدوه (أو) الى عَدُوِّهِ: خۆی لەبەردەم دوژمن دا ڕاگرتو بەردەوام بوو لەشەڕ لەگەڵ کردنی دا.

نَهُدَ نُهوداً: بەرزبوو، خڕبوو ٥ سەری هەڵدا.

أنْهَدَ الإناءَ: قاپەکەی پڕکرد هەتا لەسەریەوە ڕژا ٥ یان نزیک بوو لێوان لێوبێ.

أنْهَدَ الهدية: دیاریەکەی گەورەکرد؛ دیاری گەورەی برد.

أنْهَدَ فلاناً: فلانکەسی دەست نیشان کرد.

ناهَدَ فلاناً: کێشەی لەگەڵ فلانکەس دانایەوە.

ناهَدَ عَدُوَّهُ: بەربەرەکانی دوژمنی کرد لەشەڕداو لەقاقۆزەی پێچا.

تناهَدَ القومُ: خەڵکەکە لەسەفەردا هەریەکە بەشە تێشوی خۆی هێنایە دەرو تێکەڵاویان کرد (پیتاکیان) کرد.

تناهَدَ في الحرب: لەشەڕدا ڕوبەڕوی یەکتر بوونەوە، بۆیەکتر ڕاپسکوتن‌و پەلاماری یەکتریان دا.

تناهد القومُ الشَّيْئَ: خەڵکەکە لەناو خۆیان دا شتەکەیان دەستاودەست پێ کرد.

تَنَهَّدَ: هەناسەی حەسانەوەو خۆشی هەڵکێشا.

النَّاهِدُ: ئافرەتێك مەمکی خڕبووبن مەمکی قیت کردبن ◊ (ك: نواهد) ◊ دەشگوتریٰ: (غلام ناهِد) کوڕە گەنجێکی تازە پێگەیشتووە.

النُّهادُ: ئەندازە، ڕێژە ◊ نزیکەی ◊ دەگوتریٰ: (هؤلاء نُهَادُ مائة) ئەوانە نزیکەی سەد دەبن، ئەندازەی سەد کەسن.

النُّهْداءُ: لبەڵانی گوێ چەم کەڕومکی باشی لێ بڕوێ.

النَّهدانُ: دەگوتریٰ: (حَوْض نهدان) حەوزی پڕ ئاو کەلەسەریەوە نەڕژێ ◊ (قدح نهدان) پیاڵەی پڕ ◊ یان دوو لەسەر سێی پڕبێ.

النَّهْدُ: شتی بەرز ◊ مەمکی خڕبوو ◊ (ك: نهود) ژەمە ڕۆنە کەرەی گەورە ◊ گیانلەبەری گەورەو بەهێز ◊ دەگوتریٰ: (شابٌ نَهْدٌ وفرس نَهْد) ◊ هەروا ئاوە بۆ پیاوی پیاوانەو بەکەڵکو ڕەوشت بەرز کەهەمیشە هەوڵی پیاوەتی بدا.

النَّهْدُ: ئەوەی هاوەڵی سەفەرو کاروانچی لەگیسە باخەڵو توێشوودانی خۆیان دەری دێنن‌و تێکڕا دەیخەنە سەر سفرەی هاوبەش ◊ یان پیتاك‌و کۆمەکی هاو ولاتیان لەکاتی هێرش هێنانی دوژمن دا ◊ دەگوتریٰ: (طَرَحَ نِهْدَهُ مع القوم) یارمەتی خەڵکەکەی دا.

النَّهيدُ: ڕۆنەکەرەی تەنکە (بچوك).

النَّهيدَةُ: ژەمە ڕۆنەکەرەی گەورە ◊ تۆوی کاڵەکە مارانە ناردی تێکەڵاو دەکرێ‌و دەخورێ.

نَهَرَ نَهْراً: بەتەوژم ئاومکە ڕۆیی.

نَهَرَ الماءُ: ئاومکە بەزەوی دا ڕۆیی‌و ڕێگای خۆی کردەوە.

نَهَرَ الحفّارُ: بیرهەڵکەنەکە گەیشتە ئاو لەناوبیرمکەدا ◊ دەگوتریٰ: (حَفَرَ بئراً حتى نَهَرَ) بیرمکەی هەڵکەند تا گەیشتە ئاو.

نَهَرَ الأرض: زەویيەکەی هەڵدڕی.

نَهَرَ فلاناً: لەفلانکەس توڕەبوو بەڕەقی‌و ڕوی ناخۆش قسەی لەگەڵ دا کرد ◊ ڕقی هەڵسا.

نَهَرَ النَّهْرَ: جۆمەکەی هەڵکۆڵی‌و ئاومکەی پێدا برد.

فَهِرَ الشَّيْئُ نَهَراً: شتەکە زۆر بوو ◊ (فهـر نهر).

أنْهَرَ: کەوتە ڕۆژمووە ◊ یان بەڕۆژ کاری کرد.

أنْهَرَ السائِلُ: شلەمەنییەکە بەتەوژم ڕۆیی‌و ڕەوان بوو ◊ دەگوترێ: (أنْهَرَ البَطْنُ) سکەکە چوو، گوفێڕەی گرت.

أنْهَرَ العِرْقُ: دەمارەکە خوێنی نەوەستا.

أنْهَرَت المرأةُ: ئافرەتەکە قەڵەو بوو.

أنْهَرَ في العَدْوِ: لەبازدان دا تەمبەڵ بوو بەهێواشی بازی دا.

أنْهَرَ الدَمَ: خوێنەکەی ڕەوان کرد ڕۆیاندی.

أنْهَرَ الفَتْقُ: دڕاوییەکەی فراوان کرد ◊ کەلەبەرو چاڵەکەی فراوان کرد ◊ دەگوترێ: (أنْهَرَ الدَمَ) خوێنەکەی ڕشت، ڕەوانی کرد.

إنْتَهَرَ النَهْرُ: چۆمەکە شوێنی خۆی کردەوە ڕێڕەوی خۆی گرتەبەر.

إنْتَهَرَ بَطْنُهُ: سکی چوو، گوفێڕەی گرت.

إنْتَهَرَ العِرْقُ: دەمارەکە خوێنی نەوەستا.

إنْتَهَرَ فلاناً: فلانکەسی زۆر تووڕەکردو بەشێوەی زبرو دەنگی بەرزو ڕوی ترشە وەڵامی لەگەڵ کرد.

إسْتَنْهَرَ السائِلُ: شلەمەنییەکە بەزۆری‌و تەوژم ڕۆیی.

إسْتَنْهَرَ النَهْرُ: چۆمەکە ڕێڕەوی خۆی کردەوەو جاری بوو.

إسْتَنْهَرَ الأمْرُ: کارەکە قورس بوو لەسنور دەرچوو.

المَنْهَرُ: شوێنی هەڵکەندنی جۆگاو لادێ کە ئاو دایدڕێ ◊ جۆگایەکە لەناو قەڵاو شورادایە ئاوی پێدا دەڕوا ◊ (ك: منهار ومناهير).

المَنْهَرَةُ: بۆشاییەکە لەنێوان خانوەکان ◊ زبڵ‌و زاڵی تێ فڕی دەدرێ ◊ زبڵدان ◊ سەرانگوێڵك.

النَاهِرُ: تڕێی سپی.

النَاهور: هەور.

النَهارُ: ڕۆژ، ڕوناکایی نێوان بەرەبەیان‌و شێوان؛ نێوان ڕوناکایی ئاسۆ لەبەرەبەیانەوە تا ئاوابوونی خۆر لەنێوارەدا ◊ (ك: ألهُر ونُهُر).

النَهارِيُّ: نان خواردنی ناوەڵتی.

النَهْرُ: ئاوی زۆرو شیرین‌و ڕەوان (روبار) ◊ ڕێڕەوی ئاوی شیرین‌و گوارا ◊ (ك: أنهار وألهُرُ ونُهُر).

النَهَرُ: بەرفراوان ◊ ڕوناکی ◊ بەمانا (النَهْرُ) دێ ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿إنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ﴾.

النَهِرُ: تڕێی سپی ◊ دەشگوترێ: (نَهْرٌ ونَهِرٌ) ◊ ڕوبارێکی پان‌و پۆڕە ◊ (نهار نَهِرٌ) ڕۆژێکی ڕۆشن‌و ڕوناکە ◊

(رجل نَهِرٌ) پیاوێکه بەڕۆژ کاردەکا ٥ دەگوترێ: (لست بليلي ولكني نَهِرٌ) بەشەو کارناکەم بەڕۆژ کاردەکەم.

النَّهِرَةُ: ئاژەڵی شیر زۆر ٥ دەگوترێ: (ناقة نَهِرَة، وشاة نَهِرَةٌ).

نَهَزَ فلان نَهْزاً: فلانکەس ڕاپەڕی بۆئەوەی شتێك بەدەست بێنێ ٥ دەشگوترێ: (نَهَزَت الدَّابَّةُ بصدرها) ئاژەڵەکە یا وڵاخەکە سینگی پێوەنا؛ واتە: دەستی کرد بەڕۆیشتن ٥ ملی درێژ کردو سینگی پێوەنا بۆئەوەی برشێتەوە.

نَهَزَت الدابةُ برأسها: وڵاخەکە بەڕاوەشاندنی سەری مێشو مەگەزی لەخۆی دوورخستەوە.

نَهَزَ بالدلو في البئرِ: دۆڵچەکەی لەناوبیرەکە هێناو برد بۆئەوەی پڕبێ لەئاو.

نَهَزَ الدَّلْوَ من البئر: دۆڵچەکەی لەبیرەکە دەرهێنا.

نَهَزَ الشَّيْئَ: پاڵی بەشتەکەوە نا ٥ دەگوترێ: (نَهَزَ راحِلَتَهُ) لە وڵاخەکەیەوە ژمنی و دەنەدەنەی دا بۆخێرا ڕۆیشتن ٥ دەشگوترێ: (نَهَزَني اليك حاجة) پێداویستی و ئاتاجی منی هێنا بۆلای تۆ.

نَهَزَ فلاناً في صدره: مستەکۆڵەی لەسنگی فلانکەس دا.

نَهَزَ رأسَهُ: سەری بادا.

انْتَهَزَهُ: ڕاپەڕاند.

ناهَزَ الأمْرَ: لەکارەکە نزیك بۆوە ٥ دەگوترێ: (ناهَزَ الصَّبِيَ البلوغ) منداڵەکە خەریکە بالغ دەبێ، نزیکە پێ بگا.

ناهَزَ الرضيعَ الفِطامَ: شیرەخۆرەکە نزیکە لەشیرخواردن بپڕدرێتەوە.

ناهَزَ فلاناً: پێش فلانکەس کەوت.

ناهَزَ الصيدَ: پەلەی کرد نێچیرەکە بگرێ.

ناهَزَ الفُرْصَةَ: هەلەکەی قۆستەوە نەیهێشت لەکیسی بچێ.

ناهَزَت الفرصَةُ فلاناً: فورسەتو هەل بۆ فلانکەس ڕێ کەوت.

إنْتَهَزَ في الضحك: زێدەڕۆیی کرد لە پێکەنین دا ٥ زۆر پێکەنی.

ناهَزَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەدڵ بوو پەلەی کرد بەدەستی بێنێ ٥ دەگوترێ: (إنْتَهَزَ الفرصة) هەلی قۆستەوە نەیهێشت هەلی لەکیس بچێ.

تناهَزَ القومُ الشَّيْئَ: خەڵکەکە پەلەیان کرد بۆ بەدەستهێنانی شتەکە ٥ دەشگوترێ: (تناهَزوا الفُرَصَ) کەوتنە خۆ بۆ قۆستنەوەی هەل و ویستیان کەڵکی لێ وەرگرن.

المناهَزَة: پێشبڕکێ.

النّاهِزُ: ڕیش سپی‌و پیاوماقوڵی گەڵو هۆزو هەڵسوڕێنەری کاروباریان.

النُّهازُ: ئەندازەو مەزندە ٥ دەگوترێ: (عمره نُهاز عشرین سنة) تەمەنی بیست ساڵ دەبێ، نزیکەی بیست ساڵ دەبێ.

النَّهْزُ: دەست دانە شت؛ هەرشتێك بەدەست بکرێو دەستی بۆ ببڕێ.

النَّهْزَةُ: هەڵو فرسەت ٥ (ك: نُهَزٌ) دەگوترێ: (هو نُهْزَة المختلس) ئەو نێچیری هەموو کەسێکە هەموو کەس دەتوانێ فرسەتی لێ بێنێ.

النَّهازُ: کەسێك خێرا خێراو زۆر شت بەدەست بداتە یەکێکی تر وەکوو بەردەستی وەستای دیوار دانانو شتی وا ٥ گوێدرێژ: کە سنگی ڕەبێش دەکا بۆ ڕۆیشتن.

النُّهوزُ: شتێك کە پاڵنەری هەبێ بۆ ڕۆیشتن ٥ حوشترێك بێچومکەی مندار بوبێتەوەو شیرنەدا تاباشباش گوانەکانی ڕانەتەکێنێو دایان نەچۆڕێنێ.

نَهَسَ اللَّحْمَ نَهساً: گۆشتەکەی بەدانی پێشەوەی پچڕی بۆئەوەی بیخوا.

نَهَسَ فلاناً الكلْبُ: فلانکەس سەگ گەستی.

نَهَسَتْهُ الحية: مارگەستی، پێوەی دا.

إنْتَهَسَ: زۆری گۆشت بەکەڵبەکانی بەچڕی ٥ زۆر بەدەم ڕۆیی کرد لەگۆشت بچڕین دا.

المَنْهَسُ: ئەو شوێنەی گۆشتی لێ دەپچڕێندرێ ٥ (ك: مناهِس) ٥ دەشگوترێ: (أرض كثيرة المناهِس والمعالق) زەوییەکە لەومڕو خواردنی زۆر بەددان گۆشت بپچڕێ ٥ دەگوترێ: (أسَدٌ أو نَسْرٌ مِنهَسٌ) شێرێکە زۆر گۆشت دەپچڕێ ٥ یان دالاشێکە زۆر گۆشت بەدەندوکی دەپچڕێ.

المَنْهوسُ: کزو داکۆشت ٥ دەگوترێ: (رجل منهوس) پیاوێکی کزو لاوازە ٥ (رجل منهوس القدمين) پیاوێکی قاچ ڕەقو تەقە.

النُّهَسُ: باڵندەیەکە لەپێڕی (الصردية)یەو ڕەنگی کەستەنائییە لەچۆلەکە گەورەترە، سەر گەورەو دەندوك گەورەیە، ڕەوشت شەڕانیو تونڊو تیژە، چۆلەکەو حەشەراتی بچوك نێچیر دەکا ٥ هەمیشە کلکی هەڵدەتەکێنێ، لە وڵاتانی ئەوروپا دەژیاو پایزانو بەهاران ڕەودەکا بۆ وڵاتی میصر.

النّهاسُ: بەمانا (المِنْهَسُ) دێ.

النّهوسُ: گازندە گەزندە، هەر دڕندەیەك شت بگەزێ.

النَّهيسُ: گەزراو هەرشتێك سەگو مارو شتی وا گەستبێتی.

نَهْسَرَ اللَّحمَ: گۆشتەکەی پارچە پارچە کرد ◊ بەدەم پچڕی، ڕایتەکاند.

نَهْسَرَ الطعامَ: بەهەڵپە خواردنەکەی خوارد.

النَّهْسَرَ: گورگ: پیاوی چوستو چالاك ◊ چڵێسو هەڵپەکەر بۆ خواردنی گۆشت ◊ (ك: نهاسِر).

نَهَشَ الشَّيْئَ نَهْشاً: قەپاڵی بەشتەکەدا کرد بۆنەوەی بیخوا ◊ بیگەزێ پێوەی بدا بریندار بکا.

نَهَشَتِ الحَيَّةُ فلاناً: مارەکە بە فلانکەسیەوە دا ◊ گەستی.

نَهَشَتِ المرأةُ وَجْهَها: ئافرەتەکە دەمو چاوی خۆی ڕنین لەکاتی بەڵاو کارەسات دا خۆی نەگرتو بەنینۆك دەمو چاوی ڕنینەوە.

نَهَشَ الكلبُ فلاناً: سەگەکە فلانکەسی گەست، دەشگوترێ: (نَهَشَهُ الدهر) ڕۆژگار جەڕاندی‌و خستیە حاڵەتی ناتاجی.

نَهَشَ فلاناً أو عِرْضَهُ: غەیبەتی فلانکەسی کردو تانەی لێ دا.

نُهِشَتْ عَضُدُهُ: باسکی باریك بوو گۆشتی پێوە نەما.

إنْتَهَشَتْ عَضُدُهُ: باسك‌و قۆڵی باریك‌و بێ گۆشت بوون.

إنْتَهَشَ الشَّيْئَ: زۆری شتەکە گەست‌و لێکی هەڵپچڕی.

المُنْتَهِشَةُ: ئافرەتێك لەکاتی بەڵاو کارەسات دا ڕوخساری بڕنێ.

المَنْهوشُ: دالگۆشت‌و کزو لاواز ◊ ماندو و لەڕو لاوازە.

هو منهوش القدمين: ئەو قاچ ڕەق‌و تەقە.

النَّهارِشُ: ستەم‌و ماف پێشێلکردن.

النَّهْشُ: کەمی گۆشتی ڕان، قونپوچەڵی ◊ دەگوترێ: (فلان نَهْشُ اليدين) فلانکەس دەست‌و مەچەك باریك‌و بێ گۆشت‌و دەست گەرم‌و گورج‌و گۆنە ◊ هەروا دەگوترێ (رجل نَهْشٌ) پیاوێکی دالگۆشت‌و جەستە سوکە.

نَهْشَلَ فلان نَهْشَلَةً: فلانکەس پیرو کەنەفت بوو لەرزۆك بوو ◊ (فهو نَهْشَلٌ) ◊ سواری ولاخی خوازڕاو بوو.

نَهْشَلَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەتامەزرۆوە خوارد، وەکوو برسی لرفی دا.

نَهْشَلَ فلاناً: فلانکەسی گەست‌و کەلەپارچەی کرد.

النَّهْشَلُ: گورگ، بازو هەڵۆ.

النَّهْشَلَةُ: پیری‌و کەنەفتی.

نَهَضَ نهوضاً ونَهْضاً: ڕاپەڕی، بەناگاو

وریابیەوە هەڵسایە سەرپاو ڕاپسکوت ○ دەگوترێ: (نَهَضَ من مکانه الی کذا).

نَهَضَ لـه: بۆی ڕاپسکوتو پەلاماری دا ○ (نَهَضَ الی العَدُوّ) ڕاپەڕی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن.

نَهَضَ النَبْتُ: ڕوەکەکە ڕاست بۆوەو پێگەیی.

نَهَضَ الطائِرُ: باڵندەکە باڵی کردنەوە بۆنەوەی بفڕێ.

نَهَضَ فلاناً نَهْضاً: ستەمی لەفلانکەس کرد.

أنْهَضَ الحیوانَ: ئاژەڵەکەی ئامادەکردو خستیە سەر ئەوە بکەوێتە جوڵەو ڕابکا غاربدا.

أنْهَضَ فلاناً للأمر: فلانکەسی ئامادەکرد بۆکارەکەو خستیە ئەستۆی.

أنْهَضَ فلاناً بالشیئ: فلانکەسی بەهێزکردو وەی پێدا بۆنەنجامدانی کارەکە.

أنْهَضَ الریحُ السحابَ: ڕەشەبایەکە هەورەکەی ڕاداو بردنی بۆ شوێنێکی تر.

أنْهَضَ القِرْبَةَ: کوندەکەی پرکرد یان نزیکی ئەوەی کرد پڕبێ.

ناهَضَ فلاناً: بەربەرەکانی فلانکەسی کرد، دژی وەستا.

تناهَضَ القومُ: هەر تاقمەو پێڕێک پەلەی کرد بۆئەوەی بەرەنگاری تاقمەکەی بەرامبەری بکا ○ دەشگوترێ: (تناهض القومُ في الحرب).

إسْتَنْهَضَ فلاناً للأمر: داوای لەفلانکەس کرد بەپەلە کارەکە ئەنجام بدا.

النّاهِضُ: بێچوی باڵندە: کەبتوانێ بفڕێ ○ گۆشتی لای ژوروی قۆڵو باسک ○ دەگوترێ: (عامل ناهِضٌ) کرێکارێکە بەردەوامە لەسەر ئیشەکەی و بەبڕوای تەواو و سوربوونەوە کارەکەی ئەنجام دەدا ○ (شاب ناهِض) گەنجێکی زیرەک و وریایە، گرنگی دەدا بەئەنجامدانی ئەرکی سەرشانی.

النّاهِضَةُ: (ناهِضَة الرجل) خزم و کەسوکاری پیاو ○ لەبراو باوک و برازاو ئامۆزا.... هەروا ناوە بۆ دەست و پێوەندو کەس و کاری پیاو.

النِّهاضُ: خێراو بەپەلە.

النَّهْضُ: زەوی پتەو و شاخو داخ: کەڕێگای تێدا دروست بکرێ ○ (ك: نِهاضٌ) ○ دەگوترێ: (سلکوا نِهاضَ الطرق) ڕێگای سەختو ناخۆشیان بڕی.

النَّهْضَةُ: هێزو توانا ○ ڕاپەڕینو

هەوڵدان بۆ پێشکەوتن لەبواری کۆمەڵایەتیو بوارەکانی تری ژیان دا ◊ دەگوترێ: (كان من فلان نهضة الى كذا) جەو جۆڵو هەوڵدانی باش هەبوو لەلایەن فلانەوە بۆ ئەو کارە ◊ دەشگوترێ: (هو كثير النهضات).

النَّهَّاضُ: کەسێك بەردەوام لەسەر ڕێبازی پێشکەوتنو بەدەستهێنانی سەروەری بێ ◊ دەشگوترێ: (مكان نَهَّاض) شوێنێکی بەرزە.

نَهَطَهُ بالرمح نَهْطاً: بەڕمب لێی دا.

نَهَفَ نَهْفاً: سەرسام بوو.

نَهَقَ الحِمارُ نَهْقاً ونَهيقاً: گوێدرێژەکەی زەڕی، زەڕاندی.

تناهَقَت الحُمُرُ: گوێدرێژەکان تێکڕا زەڕین ◊ یان بەشوێن یەکتردا زەڕاندیان.

النّاهِقُ: یەکێك لەو ئێسقانە دەربەڕیوانەی ناژەڵی سمدارە کە دەکەونە شوێنی ڕێڕەوی فرمێسکی ◊ ئەو شوێنەی لەقورگی گوێدرێژدا زەڕەی لێ دێتەدەر ◊ (ك: ناهِق).

النَّهَقُ: گیایەکە لەپێڕی (الصليبية) درێژ دەبێتەوە گەلای پانی هەیە، گوڵەکەی وەکوو گوڵی ڕوەکی کەڕنەب وایە بەرمکەی خەردەلەو تۆوێکی وردی هەیە وەکوو تۆوی کەڕنەب وایەو لەو وردترەو تامی تیژەو دەبڕێ، ناوێکی تری هەیە پێی دەگوترێ: (جيرجير) یان (أيهُقان).

نَهَكَ الأمرُ فلاناً نَهْكاً ونهاكَةً: کارەکە فلانی ماندو کردو بەسەریا زاڵ بوو ◊ دەگوترێ: (نَهَكَهُ العَمَلُ) ئیش کردن لەپەلو پۆی خست ◊ (نهكه الشرابُ) شەراب لەگڵو گۆی خست ◊ (نَهَكَتْهُ الحمى) لەرزوتا لەپەل‌وپۆی خست.

نَهَكَ الشَّيْءَ: زێدەڕەوی کرد لەشتەکەدا، دەگوترێ: (نَهَكَ الطعامَ) زۆری لەخواردنەکە خوارد ◊ هەروا دەگوترێ: (نَهَكَ في الطعام) ◊ (ونَهَكَ من الطعام).

نَهَكَ الضَّرْعَ: گوانەکەی زۆر داچۆڕاند، زۆری جەرەبابەدا.

نَهَكَ عِرضَ فلان: زۆری جنێو و قسەی ناشرین بەفلان گوتن.

نَهَكَ الثوبَ: قوماشەکەی لەبەر کرد تا ڕزاندی هەر لەبەری کرد.

نَهْكَةٌ نهاكَةٌ: زێدەڕەوی کرد لەکۆکردنەوەی شت دا.

نُهِكَ فلان: فلانکەس کزو لاواز بوو، نەخۆشی لاوازی کرد.

نُهِكَ بيتُ الشعر من بحر الرجز: سێیەکی

شیعرمکه لابرا، چەرت کرا.

أنْهَكَهُ السلطان عقوبة: فەرمانڕەوا زیندەڕوێی کرد لەسزادانی دا.

إنْتَهَكَ: بەمانا (نَهَكَ) دێ ◊ دەگوترێ: (إنْتَهَكْتُه الحمى).

إنْتَهَكَ عرض فلان: زیندەڕەوی کرد لە جنێودان بەفلانکەس‌و قسەی ناپڕو بەری ناڕاستەکرد.

إنْتَهَكَ الشَّيْئَ: سوکایەتی بەشتەکە کرد.

إنْتَهَكَ الحرماتِ أو المحرمات: کاری ناشایستەو نەشیاوی ئەنجام داو سنوورە شەرعیەکانی بەزاندن.

إنْتَهَكَ حَرمةَ الله: وادەو پەیمانی شکاند، سنورشکێنی کرد.

المَنْهَكَةُ: ئەو شتەی کە مرۆڤ هەڵدەنێ بۆ سنور بەزێنی ◊ دەگوترێ: (هذا منهكة للأعراض) ئەمە مرۆڤ هەڵدەنێ بۆ ناموس شکێنی.

النّاهِكُ: زیندەڕۆ لەهەموو شتێك دا.

النَّهْكُ: زیندەڕوێی کردن لە هەرشتێك دابێ ◊ جنێو و سوکایەتی پێکردن ◊ چەرتکردن‌و حەزفکردنی سێیەکی شیعرە لەبەحری ڕەجەز.

النَّهْكَةُ: شوێن دەست‌و ئاسەوارو پاشماوە ◊ دەگوترێ: (بدت فيه نَهْكَة المرض) دیاردەو ئاسەواری نەخۆشییەکەی لەسەر دەرکەوت کزو لاوازبی پێوەدیارە.

النَّهوكُ: ئازاو چاونەترس.

النَّهيكُ: تونڕەو زیندەڕۆ لە کۆکردنەوەی هەرشتێك دابێ ◊ ئازاو چاونەترس لەئادەمیزادو گیانلەبەری تر ◊ شمشێری برندە ◊ دەگوترێ: (سيف نهيك) ◊ هەروا ناوە بۆ مرۆڤی ڕەوشت بەرز.

نَهِلَ نَهَلاً ومَنْهَلاً: یەکەم پێك، یەکەم قومە ئاو و شلەمەنی ◊ شەراب خۆرەوە (بخۆرەوەی شلەمەنی).

نَهِلَ الشارِبُ: تینوەکە خواردیەوە تا تێراو بوو ◊ شەرابخۆرەوەکە تامڕ بوو خواردیەوە ◊ (فهو ناهل) ◊ (ك: نَهال ونواهل).

أنْهَلَ دابّتَهُ: یەکەم وەجبە ئاوی دا بە ولاخەکەی.

أنْهَلَ زَرعَهُ: یەکەم ئاودێریی کشتو کاڵەکەی کرد.

أنْهَلَ العطشان: تینوەکەی ئاودا تا تێراو بوو.

أنْهَلَ فلاناً: ڕقی فلانکەسی هەڵساند ◊ دەشگوترێ: (أنْهلوا القنا من عدوهم) شمشێریان لەدوژمنەکانیان ئاودان، دوژمنیان لەخوێن دا گەوزاند.

المِنْهال: کەسێك زۆر ولاخ ئاوبدا ◊ پیاوی سەخی‌و دەست‌و دڵ فراوان ◊ گۆڕ ◊ (ك: مناهيل).

المَنْهَلُ: شوێنی ئاوخواردنەوەی ئاژەڵ و ولاخ ○ دوێڵاو ○ خان و کاروانسەرا کەلەجۆڵەوانی دا بێ و کاروانچی بیکەنە قۆناغی خۆیان بۆ پشودان و شەو تێدا مانەوە، لەم ڕووەوە کەئاوی خواردنەوەی تێدا دەست دەکەوێ.

الناهِلة: حوشترێك بێ و بچێ بۆسەر دوێڵاو و شوێنی ئاو خواردنەوە ○ دەشگوترێ: (إبل نواهِل) حوشتری برسی.

النَّهْلان: ئاو خۆرەوە ○ (ك: نِهال).

النَّهْلَةُ: دەگوترێ: (ما سُقِيَ إلا نِهلة) یەك جار ئاوی خواردەوە.

نَهَمَ الأسَدُ والفيلُ نَهيماً: شێرەکە نەڕاندی فیلەکە نەڕاندی.

نَهَمَت القِدْرُ: مەنجەڵەکە قڵپە قڵپی پێکەوت و کەوتە کوڵین.

نَهَمَ فلان: فلانکەس تڕۆی کرد، دەنگی دا.

نَهَمَ الدابة نَهْماً ونهيماً: ولاخەکەی دەنگ دا بۆنەوەی خێرا بڕوا.

نَهِمَ في الشَّيْءِ نَهْماً ونهامَةً: زۆری حەز لە شتەکە بوو تامەزرۆی بوو.

دەگوترێ: (نَهِمَ في الطعام ونَهِمَ في العلم فهو نَهِم ونهيم).

نُهِمَ بالشيءِ: خوی بەشتەکەوە گرت ئالودەی بوو ○ (فهو منهوم).

المِنهامُ: ولاغێك بەدەنگدان ڕاپەڕێ و بڕوا یان بگەڕێتەوە ○ (ك: مناهيم).

المَنْهَمَةُ: دێرو کەنیشتە، یان شوێنی کۆبونەوەی ڕەبەنەکان.

المَنهوم: کەسێك ئالوودەی شتێك بێ ○ خو بەشتێکەوە بگرێ ○ کەسێك مرۆبێ لەخواردن و هەناسەی بۆ هەڵنەیەتەوە.

النُّهامُ: ئاسنگەر، دارتاش ○ قەڵەڕەش ○ (ك: نُهَمٌ).

النُّهامِيُ: خاوەنی کەنیشتە.

النُّهْمَةُ: پێداویستی ○ حەزکردن لەشتێك ○ دەگوترێ: (له في الأمر نُهْمَةٌ، وقضي منه نُهْمَتَهُ).

النَّهّامُ: ڕێگای ئاسان.

نَهْنَهَ فلاناً عَنْ الشَّيْءِ: فلانکەسی لەو شتە مەنع کردو دەری کرد.

نَهْنَهَ الدابة: دەنگی ولاخەکەی دا بۆنەوەی بگەڕێتەوە، ئەوەی بۆی چوبوو وازی لێ بێنێ و نەیکا.

نَهْنَهَ الثوبَ: قوماشەکەی تەنك چنی.

النَّهْنَهَ: قوماشی تەنك چنراو ○ دەگوترێ: (حُلَّةٌ نَهْنَهٌ).

نَهُوَ الرجلُ نهارَةً: پیاوەکە گەیشتە ئەوپەڕی ئاقڵمەندی ○ (فهو نَهِيٌ) ○ (ك: أنهياء).

نَهِيَ الشَّيْءُ اليه نَهْياً: شتەکەی گەیشتێ.

نَهِيَ اليه المثلُ: نمونەو میسالەکەی پێگەیی.

نَهِيَ عَنْ الشَّيْئِ: نەی لێ کرد لەشتەکە وتی، نەو شتە مەکە.

نَهِيَ اللهُ عَنْ كذا: خودا نەی لەو شتە کردووەو حەرامی کردووە.

نَهِيَ من الشَّيْئِ نَهيٌ: بەو شتەی لێی وەرگرت کیفایەتی کرد ٥ دەگوترێ: (نَهِيَ فلان من اللَّحم) فلانکەس لە گۆشتەکە تێرو تەسەل بوو.

أنْهى فلان: فلانکەس چووە شوێنێك ئاو لێیەوە نەڕوا ٥ چووە ئاو زلکاوەوە.

أنْهى من الشَّيْئِ: نەوەی لەشتەکە دەستی کەوت بەسی بوو ٥ دەگوترێ: (أنْهى فلان من اللحم) فلان لەخواردنی گۆشت مڕبوو.

أنْهىَ عَنْ الشَّيْئِ: وازی لەشتەکە هێنا.

أنْهى الشَّيْئَ: شتەکەی گەیاندە شوێنی خۆی.

أنْهيتُ اليه الخَبَرَ: هەواڵەکەم پێگەیاند.

نَهَّى فلاناً عَنْ الشَّيْئِ: فلانکەسی لە شتەکە مەنع کرد.

إنْتَهى الشَّيْئُ: شتەکە گەیشتە کۆتایی ٥ دەشگوترێ: (إنتهى اليه الخبرُ وإنتهى اليه المثل وإنتهى بنا المسير الى موضع كذا).

إنتهى عَنْ الشَّيْئِ: وازی لەشتەکە هێنا ٥ دەگوترێ: (إنتهى العاصي) یاخی بووەکە وازی لە تاوان هێنا ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ إِن يَنتَهُواْ يُغْفَرْ لَهُم مَّا قَدْ سَلَفَ﴾.

تناهى الشَّيْئُ: شتەکە گەیشتە کۆتایی ٥ دەگوترێ: (تناهى الخَطْبُ) کارەساتو بەڵاکە گەیشتە نەوپەڕی ناخۆشی.

تناهى الماءُ: ئاوەکە لەزلکاوەکەدا وەستا.

تناهى عَنْ الشَّيْئِ: وازی لە شتەکە هێنا.

تناهى القوم عَنْ المنكر: خەڵکەکە هەندێکیان نەهیان لە هەندێکیان کرد کە کاری خراپە نەنجام نەدەن ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿كَانُواْ لاَ يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ﴾.

إستنهى فلاناً: بەفلانکەسی گوت وازبێنە.

إستنهى فلاناً من فلان: فلانکەسی راسپارد بەفلان بڵێ: وازبێنێ.

التَّنْهاءُ: نەو شوێنەی لەمبەرەوبەری شیو ئاوەکەی بگاتێ.

التَّنْهاءُ: نەو شتەی بەری لافاوی پێ دەگیرێ لەگڵو بەردو شتی وا.

التَّنْهَيَةُ: بەمانا (التنهاءُ) دێ.

المَنْهى: نەو کارو کردەوانەی نەهیان لێ دەکرێ ٥ (ك: مناهٍ) دەگوترێ: (هذا

من مناهي الشرع وهو يركب المناهي).

المَنْهاةُ: ئامانج و ئاكام ٥ دەگوترێ: (الموت منهاة الناس) مردن سەرەنجامی هەموو کەسێکە ٥ (المنتهى) ئامانج و ئاکام ٥ دەگوترێ: (هو بعيد المنتهى).

الناهي: تێرو تەسەل و تێرئاو ٥ (ك: نهاه) ٥ دەگوترێ: (رجل ناهيك من رجل) پیاوێکە کیفایەتی تۆدەکاو پێویستت بەکەسی تر نییە.

الناهية: دەگوترێ: (إمرأة ناهيتك من إمرأة) ئافرەتێکە گەیشتۆتە ئەوپەڕی ڕەنگژنی و پێویستت بەژنی تر نیە.

النَّهاءُ: ئاکامی شت ٥ کۆتایی و ئەوپەڕی شت ٥ دەگوترێ: (بَلَغَ الخَطْبُ نهاءَهُ) ناخۆشی و بەڵایەکە گەیشتۆتە ئەوپەڕی.

النَّهَاءُ من النهار والماء: بەرزبوونەوەی خۆر ڕۆیشتنی بەرەو ئاوابوون ٥ بەرزبوونەوەی ئاو ٥ ئەندازە ٥ دەگوترێ: (هم نِهاءَ مائة) ئەوانە ئەندازەی سەد دەبن ٥ بچوکترین بەنداوی ئاو.

النُّهاءُ: بەردێکی سپییە لەڕوخام نەرمترە، وەکوو تەباشیرو شتی وا وایە.

النَّهاةُ: میرو ٥ (ك: نَهىً) ٥ دەشگوترێ: (نفس نَهاة عَنْ الشَّيْئ) نەفسێکی نەهی کەرە لەو شتە.

النِّهايةُ: کۆتایی شت ٥ سنوری خانو ٥ عەقڵ و ئاوەز ٥ تەختەدار کەباروشتی وای دەخرێتە سەر بۆگواستنەوە بەناو ئاودا.

النُّهُوُّ: پێچەوانەی شت ٥ دەگوترێ: (هو نُهُوٌّ عَنْ المنكر) ئەو نەی دەکا لە خراپەکاری و فەرمان دەکا بەچاکە.

النُّهَى: کۆی (النُّهْيَة) بەمانا عەقڵ و ئاوەز دێ.

النَّهْيُ: داوای وازهێنان لەشت ٥ بەلای نەحوییەکانەوە بریتییە لە فەرمانکردن بەوازهێنان لەکارێك بەهۆی بەکارهێنانی پیتی (لا) و فیعلی موضاریعی مەجزوم.

النَّهْيُ: شوێنێك کەبەربەستی ئاوی هەبێ و نەهێڵێ ئاوەکەی سەرڕێژ بکا ٥ زلکاو و گەڕاو ٥ (ك: أنهاء ونهاء).

النَّهْيُ: کەسێك بگاتە ئەوپەڕی ڕادروستی و بیرو بۆچونی ڕاستاڵ ٥ (ك: نَهُون).

النُّهْيَةُ: کۆتایی شت و نیهایەتی ٥ ئەڵقەو گرێ و پانایيەك لەسەر سنگ بێ نەهێڵێ حەبلەکەی داماڵدرێ ٥ عەقڵ و ئاوەز ٥ (ك: نُهىً).

النَّهِـيُّ: كەسـێك لەقەڵـەوی دا بگاتـە ئەوپەڕی قەڵەوی ◊ دەگوترێ: (رجل نَهِـيٌّ و امـرأةٌ نَهِيَـةٌ) ◊ دەشـگوترێ: (فلان نَهِيُّ فلان) فلانکەس نەی دەکا لەفلانو ناهێڵێ فلان کاربکا.

فاء النَّجْمُ نَوْءاً وتنواءً: ئەستێرە لەخۆرئاوا ئاوا بوو لەهەمان کات دا لەخۆرهەڵات ئەستێرەیەکی تر هەڵات.

فاء بِحِمْلِهِ: بەزەحمەت لەژێر بارەکەی دا ڕاست بۆوە ◊ یان بارەکەی قورس بوو نەیتوانی بەبارەکەیەوە بڕوا و کەوت.

فاء به الحِمْلُ: کۆڵو بارەکە گران بوو چـەماندی ◊ بەزەحمـەت بـۆی هـەڵگیرا ◊ قورئـان دەفـەرموێ: ﴿وَآتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ﴾ ◊ دەشـگوترێ: (نـاء الحِمْـلُ حامِلَـهُ) بارەکـە هەڵگرەکـەی چـەماندو ماندوی کرد.

أناءت السَّماءُ: ئاسمان هەور دابپۆشی.

أناء فلاناً: فلانکەسی ڕابپەڕاند.

أنـاء الحِمْـلُ حامِلَـهُ: بـارو کۆڵەکـە هەڵگرەکەی ماندو کرد.

أنواتِ السَّماءُ: ئاسمان هەور دابپۆشی.

ناوَأهُ: شانازی بەسەردا کرد.

إستناءَ النَجْمُ: ئەستێرەکە ئاوابوو.

إستناءَ فلاناً: داوای بەخشش و یارمەتی فلانکەسی کرد.

الأنْوَأُ: شارەزاو لێزان لەکەشو هەوادا.

النَّوْءُ: دەگوترێ: (فلان نَـوْءَةُ متخـاذل) فلانکـەس ڕاپـسانەکەی سـستو تەمبەڵانەیـە ◊ ئەستێرەکە بـەرەو ئاوابوون دەڕوا ◊ بارانی بـەخورەمو لێزمـە ◊ بەخـشش و عـەطـا ◊ (ك: أنواء ونوآن).

ناب الشَّيْئُ نَوْباً: شتەکە نزیك بۆوە.

نـاب الى الـشَّيْئِ: گەڕایـەوە بـۆ شتەکە، خـوی بـە شتەکەوە گـرت ◊ دەگـوترێ: (نـاب النحـلُ الى الخلايـا) هـەروا دەگـوترێ: (نـاب الى الله) گەڕایـەوە بۆڵای خوداو تۆبەی کرد.

نـاب عنـه نيابـة: چۆوە جێگـای نـەو و لەجیاتی نـەو کاری کـرد ئـیشو کـاری هەڵسوڕاند ◊ بۆوە نوێنەری نـەو ◊ (ك: نواب).

أناب فلان الى الشَّيْئِ: فلانکەس چەند جارێك بۆ شتەکە گەڕایەوە.

أناب الى الله: گەڕایـەوە بـۆڵای خـودا ◊ قورئـان دەفـەرموێ: (فاسـتغفر ربـه وخـرّ راكعـاً وأنـاب) ◊ دەشـگوترێ: (أناني فلان فما أنَبْتُ اليه) فلانکـەس هات بۆڵام پێشوازی خۆشەویستانەو گەرمم لێ نەکرد.

أناب فلاناً عنه في كذا: فلانکەسی کـرد

بەنوێنەرو جێگری خۆی لەوشتەدا.

ناوَبَـهُ فِي الـشَّيْئِ والأمـر: هاوکـاری و نۆبەی لەگەڵدا کرد لەئیشەکەدا.

نَوَّبَهُ: نۆبەی خۆی بۆ دیاری کرد.

إنتابَهُ أمْرٌ: کارێکی گەورەی لێ ڕودرا، بەڵایەکی بۆهات.

نَـوَّبَ صـديقه: جار دواجار چو بۆلای برادەرەکـەی و سـەردانی کـرد ٥ دەگوترێ: (فـلان ينتابنـا) فلانکەس سـەرمان لێ دەدا ٥ (الـسباعُ تنتـاب المَنْهَلَ) درێندە دەچنە سەر دوێلاو و شوێنی ناوخواردنەوەی ئاژەڵەکان.

تنـاوَبَ الأمْـرَ: چـەند جارێـك بەشـوێن یەکدا ئەوکارەی لە ئەستۆ گرت.

تناوب القومُ الشَّيْئَ: خەڵکەکە بەنۆبـە شتەکەیان لەناو خۆیـان بـەش کـرد، هـەموویان بـەنۆرەو هەرکەسـە بەئەندازەی خـۆی هاوکـاری دەکـا ٥ دەگـوترێ: (تـاوبوا المـاءَ، وتـاوبوا العَمَلَ).

تنـاوَبَ الهمومُ فلاناً: بەڵاو ناخۆشی یەك لەدوای یەك یەخەیان گرت.

إسْتَنَابَهُ: کردیە نوێنەری خۆی.

المُنْتَـابُ: دیـدەنی کـەر، شـتێکی موبـاح بەنۆرە ئەنجامی بدەی.

المُنيبُ: بارانی زۆر.

النائـب: جێگـر، کەسـێك لەشـوێنی یـەکێکی تـر کـار ئـەنجام بـدا ٥ دەگـوترێ: (نائـب الـرئيس، نائـب القاضـي، نائـب الـشعب، النائـب العمومي) ٥ (ك: نواب).

النّائِبَةُ: بەڵاو کارەسات ٥ (ك: نوائب) ٥ دەگوترێ: (حُمِّيَ نائبة) لەرزوتایەکە هـەموو ڕۆژێ دەگەڕێتـەوە بـۆ نەخۆشەکە.

النَّوْبَةُ: نۆبە ٥ دەگوترێ: (جاءت نَوْبَتُهُ) نـۆرەی هـات ٥ بـەڵاو کارەسـات ٥ حاڵەتی ناخۆش نەشاز ٥ دەگوترێ: (جاءت نَوْبَتُهُ) نـۆرەی هات، سـەرەی هات ٥ بـەڵاو کارەسات ٥ دەگوترێ: (إعْتَرَتْهُ نوبة عصبية، أو نوبة الجنـون) ماوەیەکی تووڕەبوونی بەسەردا هات، ماوەیەکی شێت بوو ٥ هـەروا وشـەی (النّوبة) بەمانا (هـەڵو فرسـەت) دێ ٥ دەگـوترێ: (اصـبح لانوبـة لـه) فرسـەتو هـەڵی لـەکیس چـوون ٥ کۆمەڵێك نادەمیزادن ٥ (ك: نُوَبٌ).

النُّوبَةُ: بـەڵاو کارەسات ٥ (ك: نُـوَبٌ) ٥ کۆمـەڵێك نـادەمیزادن بەتاکەکـەیان دەگـوترێ: (نـويّ) (بـلاد النُّوبَـةُ) زێدونیـشتمانی نـەو تاقمـە نادەمیزادەیـە کـە دەکەوێتـە بەشـی باشوری میصر.

النِّيابَـةُ: دەسـتەیەکی دادوەریـیـە

لەجیاتی ستەم لێکراو داوا لەسەر ستەمکارو تاوانبارو تۆمەتبار دەخاتە ڕو خۆبەخشانە دەبێتە خاوەن داوا.

ناتَ نَوْتاً: لارە لاری بوو لەبەربێ هێزی یان بەهۆی وەنەوزەوە.

النُّوتَةُ: دەفتەری تێبینییەکان؛ دەفتەرۆکێکە مرۆڤ هەندێ تێبینی‌و وردە حیسابی تێدا تۆمار دەکا.

النُّوتي: کەشتیەوان کە لەناو دەریادا کاروباری کەشتییەکە بەڕێوە دەبا ◊ (ك: نواتي)یە.

ناجَ نَوْجاً: کردەومکەی خۆی نیشانی خەڵک دا.

النَّوْجة: گێژەڵۆکە.

ناحَت الحَمَامَةُ نَوْحاً: کۆترمکە خوێندی.

ناحَت المرأةُ على الميت: نافرمتەکە شین‌و شەپۆری لەسەر مردوومکە گێڕاو وایە شێرەو واومیلای بۆ کردو بەسۆزەوە بۆی گریا.

ناوَحَهُ: بەرامبەری وەستا ◊ دەگوترێ: (دارُهُ تناوِح داري) خانومکەی بەرامبەر خانومکەی منە.

تناوَحَ الرياحُ: ڕەشەبایەکە بەهێز بوو ◊ بایەکە دەمێک سەبابوو، جەڵێک بای دەبور بوو، کاتێکیش بای شەماڵ بوو، وەختێکیش بای جەنوب بوو.

تَنَوَّحَ الشَّيْئُ: شتەکە جوڵایەوەو شۆڕبۆوە.

إسْتناحَ فلان: فلانکەس هێندە بەسۆز گریا کەسانی تری هێنایە گریان.

إستناح الذِئبُ: گورگەکە لوڕاندی.

إستناحَ فلاناً: فلانکەسی گریاند.

المناحة: شین‌و شەپۆر ◊ شوێنی واومیلاو شین‌و شەپۆر ◊ دەگوترێ: (كنا في مناحة فلان) ◊ هەروا ناوە بۆ دیمەنێک ئافرمت کۆببنەوەو بەسۆز شین‌و شەپۆر بگێڕن ◊ (ك: مناحات ومناوح).

النَّوَّاحُ: کەسێک زۆر شین‌و شەپۆر بگێڕێ ◊ بۆ مێینە دەگوترێ: (نَوَّاحة).

أناخَ بالمكان: لەشوێنەکە مایەوە.

أناخَ به البلاء والدُّرّ: بەڵاو ژێردەستەیی یەخەی گرتووەو لەکۆڵی نابێتەوە.

أناخَ الجَمَلَ: حوشترمکەی یەخ دا ◊ دەشگوترێ: (أناخ بفلان حاجته) هاناى بۆ فلانکەس برد پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێ بکا.

نَوَّخَ البعيرَ: حوشترەکەی ییخ دا ٥ دەشگوترێ: (نَوَّخَ اللهُ الأرضَ طروقة للماء) خودا زەوی والێ کردووە توانای ئەو هەموو ئاوەی هەبێ.

تَنَوَّخَ الجَمَلُ: حوشترەکە ییخی خوارد (پاڵکەوت).

تَنَوَّخَ الجملُ الناقة: حوشترە نێرەکە مێینەکەی کەڵ دا.

إسْتناخَ: ییخی خوارد ٥ دەگوترێ: (أناخَهُ فاستناخَ).

المَناخُ: شوێنی ییخدانی حوشتر (ئاغەڵە حوشتر) ٥ شوێنی مانەوە ٥ دەگوترێ: (هذا مناخ سوء) ئەمە شوێنێکی خراپە بۆ تێدا مانەوە ٥ بەکەڵکی نیشتەجێ بوون نایە.

مناخ البلاد: باری کەش‌و هەوای وڵات ٥ دەگوترێ: (مناخ هذه البلاد رطب حار) کەش‌و هەوای ئەم وڵاتانە شێدارو گەرمە.

النائخة: زەوی دوور.

النَّوْخَةُ: مانەوەو نیشتەجێ بوون.

نادَ نَوْداً ونَواداً ونُواداً: لەبەر خەوهاتن‌و هەنۆز بردن لارەلاریەتی.

نادَ فلان: فڵانکەس سەری باداو شانی هەڵتەکاند.

تَنَوَّدَ الغُصْنُ: لقەدرەختەکە شەکایەوە، هەژا، ڕاژا.

نَوْدَأ: بڕوانە مادەی (نَدَأ).

نَوْدَلَ: بڕوانە مادەی (نَدَلَ).

نارَ نَوْراً: ڕوناکی کردەوە، لەئاسۆدەرکەوت، جوان بوو.

نارت الفِتْنَة: فیتنەو ئاشوب بەرپابوو بڵاو بۆوە.

نار فلان: فڵانکەس تێ شکا، هەڵات ٥ دەگوترێ: (نار الظَّبْيُ من صائده) ئاسکەکە لەترسی ڕاوکەرەکە هەڵات.

نارت المرأة من الشيب: ئافرەت لەترسی پیریی هەڵهات خۆ لەپیری دەشارێتەوە.

نار فلان: فڵانکەس قاچاندی، هەڵات.

نار الشَّيْئَ: نیشانەی تایبەتی لەسەر شتەکە دانا ٥ دەگوترێ: (نار السلعة) ئارمی تایبەتی خستە سەر کاڵاکە ٥ (نار النار من بعيد) ئاگرەکە لەدوورەوە بیندرا ٥ (نار فلاناً وغيره) فڵانکەسی ترساند.

أنارَ: ڕوناکی کردەوە ٥ دەگوترێ: (أنار الشجرُ) درەختەکە پشکوت‌و گوڵی کرد ٥ گوڵەکانی دەرکەوتن ٥ دەشگوترێ: (أنار النباتُ) ڕوەکەکە ڕواو گەشەی کردو خۆی ئارایش دا.

أنارَ فلان: فڵانکەس ڕوخساری گەشایەوەو ڕەنگی جوان بوو.

أنار المكانَ: شوێنەکەی ڕوناك کردەوە.

أنارَ الأمْرَ: کارەکەی ڕونکردەوەو ئاشکرای کرد.
أنار الظبيَ: ئاسکەکەی تەراند.
ناور فلاناً: جنێوی بەفلان دا.
نَوَّرَ: ڕوناکی دا، ڕوناکی کردەوە ◊ دەگوترێ: (نَوَّرَ المكانُ) شوێنەکە ڕوناك بوو.
نَوَّرَ الصُبْحُ: بەیانی گزنگی داو ڕوناك بوو ڕوناکایی بەیانی لەئاسۆ دەرکەوت.
نَوَّرَ الشَجَرُ: درەختەکە گوڵی کرد.
نَوَّرَ النباتُ: ڕوەکەکە پێگەیی و دەرکەوت.
نَوَّرَ الثَمَرُ: میوەکە دەنکی تێدا خولقا.
نَوَّرَ على فلان: فلانکەسی شارەزا کردو کارێکی بۆ ڕون کردەوە ◊ سەری لێ شێواندو چەواشەکاریی لەگەڵ دا ئەنجام دا.
نَوَّرَ المصباحُ: چراکەی هەڵکرد.
نَوَّرَ الأمْرَ: کارەکەی ئاشکرا کرد، ڕونی کردەوە.
نَوَّرَ الله قلبه: خودا فلانکەسی شارەزا کرد بۆحەق و هیدایەتی دا.
نَوَّرَ الجلدَ: پێستەکەی بەدارو سواخ دا ◊ داڕوی لە پێستەکە هەڵسو.
تَنَوَّرَ النّارَ: لەئاگرەکە ورد بۆوە، شوێنی پێ دەرخستن و کون و کەلەبەری پێ دۆزینەوە ◊ چوو بۆلای ئاگرەکە.
تَنَوَّرَ الرجلَ: سەیری پیاوەکەی کرد: کە ڕوناکی ئاگر لێی دابوو بەڵام پیاوەکە ئەمی نەبینی.
إسْتَنارَ: ڕوناکی دا، دەگوترێ: (إستنارَ الشعب): گەڵ و نەتەوە ڕۆشنبیربوون، هەستو بیرو بۆچوونی زیندوبان هەبوو.
إستنارَ به: ڕوناکایی لێ وەرگرت.
إستنارَ عَلَيه: بەسەری دا زاڵ بوو زەفەری پێ برد.
الأنور: (إسم تفضيل) بەمانا لەو ڕوناکتر، ئاشکراتر ◊ دەگوترێ: (هذا أنورُ من ذاك) ◊ هەروا ناوە بۆ ڕوخساری جوان و گەشاوە.
التنورُ: کاتی کازیوەی بەرمبەیان دەگوترێ: (صلي الصبحَ في التنور) لەکاتی ڕوناکبوونی کازیوەی بەیان دا نوێژی بەیانی کرد.
المنار: شوێنی ڕوناکی ◊ نیشانەیەکە دادەنرێ لەنێوان دوو زەوی و شتی وادا بۆ جیاکردنەوەی سنورەکانیان ◊ نیشانەو عەلامەتی ڕێگا.
المنارة: بڕوانە مادەی (مناورة) لەپیتی (میم)دا.
المنارة: مۆمی داگیرساو ◊ منارەی مزگەوت و شتی وا ◊ ئەو نیشانانەی

لەبەندەرەکان دا دادەنرێ بۆ شارەزاییکردنی کەشتی و ڕێبوارانی ناو دەریا ◊ (ك: مناور) یان (منائر).

المَنْوَرُ: پەنجەرەو دەلاقەی بچوك كە ڕوناکییان لێ بێتە ناو خانو و شتی واوە ◊ بەتاڵییەکە لەقەراخ خانوو یان لەهەڵاش و سەقفی دا دەهێڵدرێتەوە بۆئەوەی ڕوناکایی بدا بەژورەکانو هەوایان لێوە هاتوچۆ بکا.

المنير: تیشك هاوێژ، ڕوناکیدەر ◊ ئاشکراو ڕون.

النائر: بەمانا (المنير) دێ.

النائِرَةُ: بەمانا (المنيرة) دێ ◊ دوژمنایەتیو کینەو ڕقی ناوسینە ◊ دەشگوترێ: (أطفأ نائرة الحرب) شەڕو ئاگری شەڕی کوژاندەوە.

النّارُ: ئاگر؛ عونصورێکی کاریگەرە، ڕوناکایی و گەرمیو بڵێسەی هەیە ◊ (ك: نيران) ◊ دەشگوترێ: (إستضاء بناره) ڕاو بۆچونی ئەوی ومرگرتو پەیڕەوی کرد ◊ هەروا دەگوترێ: (أوقد نار الحرب) شەڕی هەڵگیرساندو ئاگری شەڕی خۆشکرد.

النُّوارُ: ئافرەتێك خۆ لە شوێنی گوماناوی و کاری گوماناوی بپارێزێ ◊ دەشگوترێ: (بقرة نوار): مانگایەکە لەبەر کەڵ هەڵدێو نایەوێ کەڵ سواری بێ.

النورانية: بەمانا (النور) دێ.

النُّوْرُ: گوڵی سپی ◊ تاکەکەی پێی دەگوترێ: (نَوْرَة) ◊ (ك: أنوار).

النُّورُ: ڕوناکایی و ڕۆشنایی پرشنگ ◊ ئەوەی شت بەدیار دەخاو وایان لێ دەکا چاو بیان بینێ ◊ قەدو باڵای جوانی ڕووك و درێژی ◊ (ك: نِوَرَةٌ).

النَّوَرُ: خەڕاتو دۆم بڕوانە مادەی (غَجَرَ).

النُّورَةُ: نیشانە ◊ بەردی کلسی ◊ بەردە تسنە ◊ تێکەڵەیەك لەخوێی کالیسیۆمو باریۆن کە دەکرێنە دەرمانی موو لابردنو شتی وا.

النُّوَّارُ: گوڵ ◊ تاکەکەی (نوّارة) ◊ (ك: نواوير).

النُّوْر من النساء: ئافرەتی سرك و خۆپارێز لەشوێنی گوماناوی، کاری گوماناوی ◊ هەروا ناوە بۆ ئەو بەزو پیوو دەرمانەی خاڵی کوتراوی پێ سەوز دەکرێ ◊ دوکەڵی پیو.

النَّيِّرُ: ڕوناککەرەوە ◊ ڕوخساری جوان و گەشەدار.

نَوْرَجَ: پاش و پێشی کرد، دەمێك بۆ دواوەو دەمێك بۆ پێشەوە ◊ (نَوْرَجَ

في الكلام) لە قسەکردنەکەی دا مینگە مینگی کردو شتەکەی ڕون نەکردەوە.

النَّوْرَجُ: جەنجەڕ (ئامێری کرشە گێرەکردن بۆ کردنی بەکاو دوایی جیاکردنەوەی دانەوێڵەکە لەکایەکە بەهۆی شنەو شتی وا).

نَوْرَزَ: کەوتە مانگی نەورۆزەوە ◊ ناهەنگی جەژنی نەورۆزی گێڕا ◊ شاعیرێك دەڵێ:

(نورز الناس و نورَزْ تُ ولكن بدموعي)

نَوْرَزَ فلاناً: دیاریی جەژنی نەورۆزی بۆ فلانکەس نارد.

النَّوْرُوزُ (یان) النيروز: ڕۆژی نوێ، یەکەم ڕۆژی ساڵی خۆری ئێرانی و کوردیيە: کەڕێکەوتی بیست و یەکی مانگی ئازار دەکاو سەرمەتای وەرزی بەهارە ◊ پیرەمێرد دەڵێ:

نەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کۆرە بەخۆشی و بەهاتەوە.

ناسَ الشَّيْئُ نوساً ونوساناً: شتەکە کەوتە لەرینەوەو جم و جۆڵو هاتو چۆ ◊ دەگوترێ: (ناست الذؤابة) لکی مێزەرەکە لەرینەوە ◊ (ناس الغصنُ الدقيق) لقە باریکەکەی درختەکە لەرینەوە ◊ (القُرْطُ ينوس في الأذن) گواڕە لەگوی دا دەلەرێتەوە.

ناس الإبلَ: حوشترەکەی لێخوڕی.

أناسَهُ: خستیە جم و جۆڵ ◊ لەراندیەوە.

نَوَّسَ التَّمْر: خورماکە لایەکی ڕەش بوو (فهو مَنوس).

نَوَّسَ بالمكان: لەشوێنەکە مایەوە.

تَنَوَّسَ الشَّيْئُ: بەمانا (ناسَ) دێ ◊ دەگوترێ: (تَنَوَّسَ الغصْنُ الدقيق) لقە باریکەکانی درەختەکە لەرینەوە.

النّاسُ: نادەمیزاد، گرۆهی نادەمیزاد ◊ وادەبێ مەبەست لەو وشەیە نادەمیزادی عاقڵو ڕێزدارە ◊ وەکوو قورئان دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُواْ كَمَا آمَنَ النَّاسُ﴾.

النّاووسُ: صندوقێکە لەدارو تەختە دروست دەکرێ مەسیحیەکان مردوی تێدەخەن ◊ هەروەها ناوە بۆ گۆڕستانی مەسیحیەکان ◊ (ك: نواويس).

النُّواسُ: ئەوەی هەڵدەواسرێ و شۆڕدەبێتەوە لەشێوەی داوە دەزو و شتی وا لەهەڵاشەوە بەهۆی دوکەڵی ناومالەوە ◊ دەگوترێ: (أزِلْ نواس الدخان) ڕیشۆڵە شۆڕبۆوەکانی هەڵاشەکە لابەرە.

نواس العنكبوت: تەونی جاڵجاڵۆکە.

النَّواسِيُّ: لەرزۆك و شل و شێواو ◊ دەگوترێ: (رجل نواس).

ناش فلان نَوْشاً: فلانکەس ڕۆیشت ٥ پەلەی کرد لە ڕاپەڕین دا خێرا ڕاپسکوت.

ناش بالشیئ: پەیوەست بوو بەشتەکەوە.

ناش الشَّیْئَ: داوای شتەکەی کرد ٥ هەڵی گرتو بردی، دەگوترێ: (ناشه بیده) بەدەستی هەڵی گرت، دەستی دایە.

ناش فلاناً: بەسەرو ڕیشی ناماژەی بۆ کرد، سەری بۆ بادا ڕیشی بۆ هەڵتەکاند.

ناش فلاناً بالشیئ: شتەکەی دا بەفلان یان فلانکەسی بەشتەکە هەنگاوت ٥ شتەکەی لەفلانکەس دا ٥ دەگوترێ: (ناشه بالرمح) ٥ (وناشه بخیر) ٥ (ناش فلاناً خیراً): خێرو خۆشی بەفلانکەس گەیاند.

ناوَشَ الشَّیْئَ: شتەکەی تێکەڵاو کرد.

ناوش فلاناً: پێش ئەوەی شەڕی لەگەڵ بکا هێزی فلانکەسی بەتاقی کردەوە ٥ دەگوترێ: (ناوشت العدوَّ مقدمةُ الجیش) پێشەتای سوپاکە لەگەڵ دوژمن دا کەوتە شەڕەوە.

إنتاشَ الشَّیْئَ: شتەکەی بەگورجی هەڵگرت ٥ دەری هێنا ڕزگاری کرد ٥ دەگوترێ: (إنتاشني فلان من الهلکة) فلانکەس لەتێداچون ڕزگاری کردم.

تناوش القومُ في القتال: خەڵکەکە دوراودوور هەندێك تەقەیان لەیەکتر کردو لەیەك نزیك نەبوونەوە ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّى لَهُمُ التَّنَاوُشُ مِن مَكَانٍ بَعِيدٍ﴾.

تَنَوَّشَ یده بالمندیل: بەدەستەسڕ دەستی سڕیەوە بۆئەوەی چەوریو شتی وای پێوە نەمێنێ.

النُّوُوشُ: بەهێز.

ناصَ نَوْصاً ونَوَصاناً: هەڵساو ڕایکرد، جوڵایەوەو هەڵات.

ناص الفرسُ: ئەسپەکە چەموشانە سەری هەڵبڕی ٥ دەگوترێ: (فلان ما یقدر علی أن ینوصَ) فلانکەس ناتوانێ پەلاماری شتێك بدا.

ناص عَنْ الأمر أو عَنْ زمیله: لەکارەکەی یان لەبرادەرەکەی دواکەوت.

ناصَ للحرکة: خۆی ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن.

ناصَ إلیه: بۆی ڕاپەڕی ٥ پەنای بۆ برد.

ناصَ الشَّیْئَ: شتەکەی ڕاتەکاند هەوڵی بۆ شتەکە دا.

ناصَ فلاناً: پێش فلانکەس کەوت.

أناصَ الشَّیْئَ: شتەکەی وێستو هەوڵی بۆ دا ٥ بەڕێوەی برد.

أناصَ الوَتَدَ: سینگەکەی لەقاندو بای دا بۆئەوەی دەری بێنێ.

ناوَصَهُ: ڕاکێشی کرد، بۆلای خۆی هێنای.

إنْتَاصَت الشَّمْسُ: خۆر ئاوابوو.

إنْتَاصَ الفَرَسُ: ئەسپەکە کەوتە جەو جۆڵ.

إنْتَاصَ فلان: فلانکەس سەری بۆلەقاند.

إنْتَاصَ عنه: لێی دواکەوت.

إنْتَاصَ الشَّيْئَ: شتەکەی جوڵاند.

إنْتَاصَ فلاناً: فلانکەسی خستە گەڕ چووە ژێر باڵیەوە بۆئەوەی کاری پێویستی خۆی ئەنجام بدا.

المَنَاصُ: پەناو پەناگە ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ﴾.

النَّوْصُ: کەرەکێوی ◊ لەم ڕوەوە هەمیشە ئەم حەیوانە سەری هەڵبڕیوە.

النَّوِيصُ: هێزو توانا لەسەر جەو جوڵو ڕاپسکان ◊ دەگوترێ: (ما به نويص) جوڵەی تێدا نیە ◊ ناتوانێ بجوڵێ.

ناض الشَّيْئُ نَوْضاً: شتەکە جوڵایەوە، لەربیەوە.

ناضَ فلان: فلانکەس بەناو وڵات دا گەڕا ◊ دواکەوتو بەمراز نەگەیشت ◊ بۆ دواوە گەڕایەوە.

ناضَ الشَّيْئَ: هەوڵی دا شتەکە دەربێنێ.

أناضَ النخلُ إناضةً: دارخورماکە بەرەمکەی پێگەیی.

أناضَ فلان: فلانکەس چاوی لێ سور هەڵگەڕابوون و نەزانی و ڕقو کینەی لێ دەباری.

نَوَّضَ الثوبَ بالصبغ: قوماشەکەی بۆیەکرد ◊ ڕەنگی کرد.

النَّوْضُ: شوێنی بەرزایی، تەپۆڵکە، پلوسلی ئاو، شوێنی لێ هەڵڕژانی ئاو ◊ شیو و دۆڵ ◊ (ك: أنواض).

ناطَ الشَّيْئَ بفيه وعليه نوطاً: شتەکەی بەشتێکی تردوە هەڵواسی ◊ دەگوترێ: (ناط القِرْبة بنياطها) کوندەکەی بە سینگو پەتەکانی خۆی هەڵواسی ◊ (ناط الأمرَ بفلان) کارەکەی خستە ئەستۆی فلانکەس.

فيط الحيوان: ئاژەڵەکە توشی نەخۆشی ملەخڕەو سنگە ئەستورە بوو.

أناطَ الحيوانُ: ئاژەڵەکە توشی نەخۆشی ملەخڕەو شتی وا بوو.

أناط الشَّيْئَ وبه وعليه: شتەکەی هەڵواسی ◊ پیاکرد.

نَوَّطَ: دەگوترێ: (نَوَّطَ الروحَ) تەمبەڵی کرد خەریک بوو لەخەفەتانی گیان دەرچێ.

إنتاطت المسافةُ: مەسافەکە دوورکەوتەوە.

إنتاطت به: خۆی پێوە هەڵواسی.

إنتاط الأمْرَ: کارەکەی بەرای خۆی بڕیەوە نەک بەڕاوێژ.

التَّنْـــواط: نـــەو گـــۆزو گوڵینکـــەی بەکەژاوەدا دەکرێن بۆ ڕازاندنەوەی.

المَنَـــاطُ: شـــوێنی شـــت هەڵواســـین ٥ دەگـوترێ: (هـــو مـــني منـــاط الثريـــا) نێوان منو ئـەو بەئەندازەی نێوان منو شوێنی هەڵواسینی ئەستێرەی سـیومیلە ٥ (فـــلان منـــاط الثريـــا) فلانکـــەس لەشـــوێنی ئەســـتێرەی سـیومیلەو کـەس دەسـتی نایگاتێ، بەرزو بەڕێزو خانەدانە.

منـاط الحكـم: بـەڵای زانایانی ئوصوڵی فیقهـــەوە عیلـــەتو بایـــسی حوکمەکەیـــە ٥ دەگـوترێ: (منـــاط الحكم بتحريم الخمـر هـو الأسـكار) عیلەتی بڕیاردان بەحـەرامی مـەیو بادە ئەوەیە سەرخۆش دەکا.

المنـوط: کەسێك توشـی نەخۆشـی ملـە خرە ببێ ٥ دەشگوترێ: (هـو منـوط بالقوم) ئەو کابرایە خۆی هەڵواسیوە بەو هۆزەوەو لـەوان نیـە ٥ غـەوارەو بێگانەیە لەناویان دا.

النَّائِط: ڕەگی ناوەوەی پشت.

النائطة: جڵیدانە ٥ (ك: نوائط).

النُّوطُ: سەربار؛ ئەوەی دەخرێتـە سـەر دوو تابارەکـــــان ٥ هەرشـــــتێك پەیوەندی بەشتێکەوە بێ ٥ وێـسامو ڕێزلێنـانی ئازایـەتی، ئاشـتیخوازی، زانستی .....هتـد ٥ دەگوترێ: (مُنِحَ فلان نُوْط الجدارة) فلانکـەس شارەی لێهـــاتویی پێـــدرا ٥ زەمیلەیـــەکی بـچوکە خورمـای تێدەکرێ ٥ ڕەگـە دەمـــــارێکی ئەســـتووڕە لەســـیو جەگـــــەرەوە درێژدەبێتـــــەوەو پەیوەسـتە بەدڵـەوە ٥ ئێـسقانێکی بـچوکە لـەخوار سـێبەندەوەیە پێـی دەگـوترێ: (کلێجـە) ٥ (ك: أنـواط ونياط).

النُّوْطَـــةُ: چـــڵیدانە، هاوســـاوییەکە لەسـینگ دا یـان لەگـەردن دا یـان غودەیەکـە لەگـەدەداو کوشندەیە ٥ ئەو شوێنەی ئاو نایگاتێ زەوییـەك: درەختـی تـەڵحو تـەرفای تێـدابێ ٥ ڕقو کینە.

النِّياط: ئەوەی شتی پێدا هەڵدەواسـرێ ٥ ڕەگێکە سیو دڵ پێکەوە دەبەستێ ٥ (ك: أنُوطَـة ونـوط) ٥ دەشگوترێ: (مفازة بعيدة النياط) سارایەکی پـانو پۆڕو درێژە بڕانەوەی نیە.

النِّـيطُ: بەرێکـە ئـاو لەقەرخەکانیـەوە دێتـــــە ناویـــــەوە لەبنکییـــــەوە هەڵئاقوڵێ.

نـاعَ نَوْعـاً ونَوَعَانـاً: لەربیـەوە نـەملاو نـەولای کـرد ٥ ڕاڕا ٥ دەگـوترێ: (نـاعَ الغُصْنُ) لقەدرەختەکە ڕاڕا.

ناعـــت العُقـــابُ: هەڵۆکـــە خـــۆی خـــوارکردەوە بۆئـــەوەی پـــەلاماری

نێچیرەکەی بدا.

نـاعَ الـشَّيْئَ: شتەکەی جوڵاندو خستیە گەڕ.

نَوَّعـت الـريحُ الغُـصْنَ: بایەکـە لقەدرەختەکەی ڕاژاند.

نَـوَّعَ فـلان الـشَّيْئَ: فلانکەس شتەکەی داهێـشتەخوارو وازی لێ هێنـا بۆنەوەی بۆخۆی بلەرێتەوە.

نَوَّعَ الأشياء: شتەکانی ڕیزبەند کردو لێکـی جیاکردنـەوەو کردنیـە جۆرجۆر.

تَنَوَّعَ الشَّيْئُ: شتەکە جوڵایەوەو هەژا ٥ ڕاژا.

تَنَوّع الغُصْنُ: لقەدرختەکە ڕاژا.

تَنَـوَّعَ النـاعِسُ علـى الرَّحْـلِ: ومنـەوز لێهاتووەکە بەسەر بارو بارگنەکـەوە لۆژە لۆژی بوو.

تَنَـوّع الـصَّبِيُّ في الأرجوحـة: منداڵەکـە لەناو جوڵانەکەبدا ڕاژا.

تَنَوَّعـت الأشـيـاءُ: شـتـەکان لێـک جیاکرانەوەو ڕیزبەندکران.

إسـتناعَ: دەستی کـرد بـە جەوجـۆڵو ڕاژان.

إستناعَ الغُصْنُ: لقەدرەختەکە ڕاژا.

إستناعَ الشَّيْئَ: شتەکە درێژ بۆوە.

إسـتناعَ في الـسير: لەڕۆیـشتن دا پێشکەوت.

المنواع: شێوازو ئوسلوب.

النَّائِعُ: تینو ٥ کەسێک لەبرسان لۆژەی بـێ، لاکـەی بـێ ٥ وایـش دەبـێ دەکرێتە ئاوەڵناوی وشەی (الجائع) دەگوترێ: (جائع نائع).

النَّوعُ: جۆر لەهەرشتێک بێ ٥ لەزاراوە زانـا مەنتیقیـەکان دا وشـەیەکی ڕەهایـەو بـۆ تاقەکەسـێک یـان بـۆ چـەند کەسـێک دەگـوترێ کەلەبناغـەو سروشت دا یـەک بـنو لـەوەڵامی پرسـیاری (مـاهو)دا دەگوترێ: (زید ماهو؟) وەڵامەکـەی (إنسانٌ) (زید وعمـر وبکـر ماهم؟) وەڵامەکەی (إنسانٌ).

النَّـوعُ: دەگـوترێ: (رمـاه الله بـالجوع والنَّـوع) واتـە: دەکرێتـە ئاوەڵناوی (الجوع).

النَّوْعَةُ: میوەی تەڕو تازە.

نافَ الشَّيْئُ نوفاً: شتەکە بەرز بۆوە.

نافَ الضَّبُعَ: کەمتیارەکە هەڵمەتی برد.

نافَ عَلَيْهِ: بەسەریا ڕوانی.

نـافَ الرضـيعُ الثـديَ: منداڵەکـە مەمەکەی مژی.

أنـاف الـشَّيْئُ: شـتەکە بـەرز بـۆوە ٥ دەگوترێ: (أناف البناءُ).

أناف العدُوُ: ژمارەکـە لـەدەیانو سـەدان تێپەڕی.

أناف عَلَيْهِ: بەسەریدا ڕوانی.

نَيَّفَ عَلَيْهِ: لێی زیاد کرد ٥ دەگوترێ: (نَيَّفَ العدد على ماتقول) ژمارەکە لەوەی تۆ دەیڵێی زیادی کرد، تێپەڕی.

نَيَّفَ فلان على السنين: فلانکەس لەشەست تێپەڕی.

المناف: بەرزو بڵندو سەخت ٥ دەگوترێ: (جبل عالي المناف) کێوێکی زۆر بڵندو سەختە.

المنيف: ئەوەی لەبەرزاییەوە بەسەر شتی تردا بڕوانێ.

عِزٌّ منيف: زۆر بەرزو بڵند.

قصر منيف: باڵەخانەی زۆر بەرز.

المنيفة: دەگوترێ: (إمرأة منيفة) ئافرەتێکی باڵا بەرزو شۆخو شەنگە.

النّاف: لەزاراوەی میصرییەکان دا ناوە بۆ (نێری) جوت.

النّوفُ: دەنگ ٥ بنی کلك ٥ دوگی بەرزی حوشتر ٥ (ك: أنواف).

النّيافُ: شتی زۆر بەرز ٥ دەگوترێ: (قصر نَيّافٌ) و (فلاة نياف) و (إمرأة نياف) ٥ باڵەخانەی بەرز، سارای درێژو دوور، ئافرەتی باڵابەرزو جوان.

النَّيِّفُ: زیاد لەشت، زیادە بەسەر یەکێکی تردا، دەگوترێ: (هذا الجبل نَيِّف على ذاك) ئەم کێوە لەو کێوە بەرزترە ٥ زیادە لەگرێی ژمارەکان واتە: زیادە لە دەیانو سەدان ٥ دەگوترێ: (عشرة ونَيِّف ومائة ونَيِّف) ٥ وشەی (نَيِّف) دەبێ لەدوای وشەی (عشرة) (عشرون)و ئەو شتانەوە بگوترێ.

النّيفة: نێوان خانەی ژمارەکان (نێوان گرێ ژمارەکان) دەگوترێ: (إمرأة نيفة) ئافرەتێکی باڵابەرزو شۆخو شەنگە.

ناق نَوْقاً: (نَقَى الشحم من اللحم) بەزمکەی لەگۆشتەکە جیاکردەوە.

نَوِقَ نَوَقاً: ڕەنگی سپی بوو کەمێك سورایی تێدا بوو.

نَوَّ الحيوانُ: گیانلەبەرەکەی ڕام کرد، ژێرباری کرد ٥ دەگوترێ: (نَوَّقَ البعيرَ) حوشترەکەی ژێربار کرد.

نَوَّقَ الناقَةَ: حوشترەکەی فێری ڕۆیشتن کرد.

نَوَّقَ النخلة: دارخورماکەی موتوربە (تەلقیح) کرد.

نَوَّقَ الشَّيْئَ: شتەکەی ڕێز کرد، ڕێکی کرد ٥ کوتایەوەو تەختی کرد.

إنتاق في أموره: زۆر بەباشی کارەکانی ئەنجام دا، هەوڵی دا باش جێبەجێیان بکا.

إلتاق الشَّيْئَ: شتەکەی هەلبزارد.

تَنَوَّقَ فيه: زێدەڕەوی کرد لەباش بەجێهێنانی شتەکە ◊ دەگوترێ: (تنوق في منطقه وتَنَوَّق في مَلْبسه) هەوڵی دا بەجوانی قسەکانی بکا، زێدەڕەوی کرد لەپۆشاك لەبەرکردن دا.

إستنوق الجَمَلُ: حووشترە نێرە جەموشەکە وەکوو حوشتری مێینە ڕام بوو ◊ کەسێك دوای دەست ڕۆیشتویی زەلیل بێ پێی دەگوترێ: (إستنوق الجملُ).

النّاتِقُ: نەو کەسەی بەزو گۆشت لێك جیادەکاتەوە بۆ جولەکە ◊ (ك: نُوَقة).

النّاقة: حوشترە مێینە (ك: ناق، ونوق، وأينق و أنواق) هەروا وشەی (ناقة) ناوە بۆ ئەستێرەی ڕێزبەستو.

النّوْقَة: زیرەکی و لێهاتویی لەهەموو شتێك دا.

النّواقُ: کەسێك کاروبار لەئەستۆ بگرێ و ڕێکیان بخا.

النّيقَةُ: زێدەڕۆیی لەهەوڵدان بۆ کردنی ئیشی باش و ئەنجامدانی بەڕێك و پێکی ◊ لەبەندا هاتووە (خرقاء ذات نيقة) بە کەسێك دەگوترێ نەزان بێ و لافی زانایی لێ بدا، گەندەڵ بێ و لافی چاکسازی و نەزاهەت لێ بدا.

نَوِكَ نَوَكاً ونَواكاً: نەحمەق بوو.

أنْوَكُهُ: بەئەحمەقی لەقەڵەم دا ◊ دەشگوترێ: (ما أنْوَكَهُ) ئای چەند گێل و نەحمەق بوو.

إسْتَنْوَكَ: نەحمەق بوو.

إستنوك فلاناً: فلانکەسی بەگێل و نەحمەق دانا.

الأنْوَكُ: نەحمەق و گێل ◊ بێ دەسەڵاتو نەزان ◊ کەسێك زمانی بگیرێ و نەتوانێ قسە بەئاسانی بکا.

نالَ على فلان بالشين نولاً ونوالاً: شتەکەی بەفلانکەس بەخشی ◊ دەشگوترێ: (نال فلاناً العطية وبالعطية) بەخششەکەی دا بەفلانکەس.

نالَ فلان بالحديث: فلانکەس ویستی قسەبکا.

نال لَه أن يفعل كذا: کاتی نەوە هاتووە نەو نیشە بکا.

نالَ الشَّيْئَ: شتەکەی دەست کەوت.

نالَ فلان نيلاً ونُولاً: فلانکەس بوو بەخاومن بەخشش و عەتای زۆر.

أنالَ المَعْدِنُ: لەکانەکەدا شتێکی دۆزیەوە.

أنالَ فلان الشَّيْئَ: شتەکەی دا بەفلانکەس.

ناوَلَهُ الشَّيْئَ: شتەکەی دایە.

نَوَّلَ: بەخششی پێدا ◊ دەگوترێ: (نَوَّلَ فلاناً ونَوَّلَ علیه).

نَوَّلَ فلاناً الشَّيْئَ: شتەکەی دابەفلان.

تناوَلَ الشَّيْئَ: شتەکەی هەلگرت، وەرگرت.

تناوَلَ الرِكابُ بنا مكان كذا: سوارەکان کاروانچییەکان لەگەڵ ئێمە گەیشتنە فلان شوێن.

تَنَوَّلَ فلان بالخير: فلانکەس کەوتە خێرکردنو چاکەخوازی.

تَنَوَّلَ عَلَيْهِ بِشيئ: شتەکەی پێ بەخشی.

تَنَوَّلَ الشَّيْئَ: شتەکەی هەلگرت ◊ دەشگوترێ: (نَوَّاني كذا فتنولتُهُ) فلان شتی پێدام منیش وەرم گرت.

المُتَناوَلُ: دەگوترێ: (هو قريب المتناول) ئەوە بەیدەستە بەناسانی دێتە دەست.

المِنْوالُ: شەپیتەی جۆلا ◊ خەڕەکی جۆلا ◊ یان خودی جۆلاکە خۆی ◊ (ك: مناويل) ◊ شێوەو شێوازو ڕێبازو مەزهەب ◊ دەگوترێ: (هم على منوال واحد) ئەوان لەسەرێەك شێوازو تەبیاتو ڕەوشتن.

النّالُ: سەخیو نانبدە ◊ بەشو بار ◊ (ك: أنْوُلّ).

النّوالُ: بەشو بار بەخشش ◊ دەگوترێ: (نوالُكَ أن تفعل كذا) ئیشی تۆ ئەوەیە ئەو کارە ئەنجام بدەی.

النّوالَة: پارو.

النَّوْلُ: پارەو ڕەسمی کەشتی؛ بلیتی کەشتی ◊ ئەو پارەیەی دەدرێ بەفەرمانگەی گواستنەوەی نامەو شتو مەك بۆ کرێی گواستنەومکە ◊ شیوێك لافاوی لێ بێ ◊ خەڕەکی جۆلا، ئەوەی کە ڕیسەکەی لەسەر هەڵدەکرێ ◊ (ك: أنوال) ◊ هەروا دەگوترێ: (مانَوْلُك ولانُوْلك أن تفعل كذا) لەتۆ ناومشێتەوە ئەو کارە بکەی ◊ لەحەدیس دا هاتووە (ما نَوْلُ إمرئ مسلم أن يقول غير الصواب) بۆ مرۆڤی موسوڵمان ناشێ جگە لەڕاستی شتی تر بڵێ.

النَّوْلَةُ: ئەوەی دەست مرۆڤ دەکەوێ لەخێرو بێر ◊ دەگوترێ: (ما اصبتُ منه نولة) من خێرو بێرێکم لێ دەست نەکەوتووە ◊ ماج؛ ماچێکم نەکردووە.

نامَ فلان نَوْماً ونياماً: فلانکەس نوست، ڕاکشا، هەنۆزی هاتێ.

نامَ الشَّيْئُ: شتەکە بێدەنگ بوو ئارامی گرت.

نامَ الخلخال: خڕخاڵەکان بێدەنگ بوون

لـەم ڕوەوە پڕبەقاچـن‌و لەگۆشـت دا ونبـوون ٥ (نـام العِـرْقُ) دەمارەکـە لێـی نەدا ٥ (نامت الريح) ڕەشەباکە بێدەنگ بـوو وزەی نایـە ٥ (نـام البحـر) دەریـا هێواش بـۆوە ٥ (نامت ةالنـارُ) ئاگرەکـە کـپ بـوو کوژایـەوە ٥ (نامـت الـسوق) بازاڕ کەوت.

نـام الثـوبُ أو الفَـرْوُ: کراسـەکە یـان فەروەکە کۆن بوو، ڕزی.

نام فلان لله: فڵانکەس ملکەچی فـەرمانی خودابوو.

نـام اليـه: ئـارامی گـرت‌و دڵـی لـەلای داسەکنا.

نـام عَـنْ حاجتـه: ئیـشەکەی خـۆی لـەبیر چۆوەو گرنگی پـێ نـەدا ٥ دەشـگوترێ: (نـام هَمُّـهُ) غـەمی نـەبوو ٥ (مـا نامـت الـسماءُ الليلـة مطـراً أو برقـاً) ئەمـشەو ئاسمـان هـەدادانی نـەبوو یـان بـارانی هەبوو یان هەورەبروسکە.

نام فلاناً نَوْماً: بەسەر فڵانکەس زاڵ بـوو لەزۆر نوستن دا.

أنامَـهُ: نوانـدی ٥ دەشـگوترێ: (طعنـه فأنامَهُ) زەبری لێ داو کوشـتی ٥ (أنـامَ القَحْـطُ القـومَ) گرانـی‌و قـات‌و قـڕی خەڵکەکەی لاواز کرد.

ناوَمَهُ: پێشبڕکێیان کرد لەزۆر نووسـتن دا.

نَوَّمَ فلان: فڵانکەس زۆر نوست.

نَوَّمَ فلاناً: فڵانکەسی نواند.

تنـاوَمَ: وای خـۆ نیـشان دا نوسـتووە ٥ خـۆی بەنوسـتو خـست ٥ هـەوڵی دا بنوێ.

تنـاومَ اليـه: لـەلای داسـەکناو ئـارامی گرت.

تَنَـوَّمَ: هـەوڵی دا بنـوێ، پاڵکـەوت بۆئـەوەی خـەوی لێ بکـەوێ ٥ دەگـوترێ: (تَنَـوَّمَ شـهوة للنـوم) پاڵکەوت چونکە زۆری حـەز لەخـەو بـوو ٥ (شـەیتان پێـی پێکـەنی)، ئیحتیلامی بوو.

تَنَـوَّمَ فلانـاً: فرسـەتی لـەفڵان هێنـا لەکاتی نووستنی دا.

إسـتنام: نووسـت ٥ خـۆی بەنوسـتوو خـست ٥ جـێگیر بـوو ٥ (التنـويم المغناطيسي) حاڵەتێکی کارتێکردەی جەسـتەیە دیـاردەی نووسـتوویی لەسـەر مرۆڤـە نوێنراوەکـە دەردەکـەوێ بـەهۆی ئـەو ئیحائـات‌و ڕەهنومـایی کـرد نانـەی نوێنەرەکـە ئاراستەی خەو لێخراوەکەی دەکا بۆ دەسـتەبەربوونی فیکرەیـەك کەکابرای نوێنراو لێی بێ ئاگایە.

المَنَـامُ: نووسـتن ٥ دەگـوترێ: (رأي في منامه كذا) ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿يَا

بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى﴾ ٥ هەروا وشەی (المنام) بەمانا شوێنی نووستن دێ ٥ دوکانو شوێنی وا ٥ پۆشاکی پێوە نووستن ٥ گۆڕ.

الْمَنْوَمَة: هەرشتێك خەو لەمرۆڤ بخا ٥ دەگوترێ: (طعام مَنْوَمَة) خواردنێکە خەو لەمرۆڤ دەخا.

الْمُنَوِّمُ: ئەو کەسەی ئیشی خەو لێ خستن (تنويم موگناتیسی) دەکا ٥ هەر دەرمانێك خەو لەمرۆڤ بخا.

النَّائم: دەگوترێ (لیل نائم) شەوێکە خەوی تێدا دەکرێ.

النَّوْمُ: زۆر نوستوو کەسێك زۆر بخەوێ ٥ دەگوترێ: (رجل نَؤوم وإمرأة نؤوم).

النُّوَامُ: نەخۆشییەکە توشی مرۆڤ دەبێ لەناکامی گەستنی مێشی تسی تسی، کابرا خەوی لێ دەکەوێ و لەوانەیە وەهۆش خۆی نەیەتەوە زۆر جار کوشندەیە.

النُّوْمُ: نووستەمکان ٥ ماوەیەکە جەستەو عەقڵ تێیدا پشو دەدەن و لەو ماوەدا هەست کەم تازۆر نامێنێ و بڕی ئەرکی ئەندامەکانی جەستە نامێنن و هەستەکان لەکار دەکەون.

النُّوَمُ: زۆر نوستوو، کەسێك زۆری حەز لەخەو بێ ٥ ئەم وشەیە تایبەتە بەبانگ کردنەوە ٥ دەگوترێ: (یانومان).

النُّوَمَةُ: کەسێك زۆر بنوێ ٥ کەسێك ناو و ناوبانگی لەناو خەڵك دا نەبێ کەس نەیناسێ ٥ کەسێك لاشەڕبێو نەزانێ شەڕ چیەو بیر لەشەڕو شەڕخوازی نەکاتەوە.

النَّوِيمُ: بێ ئاگاو گێل، لاشەڕو ناشتیخواز، کەسێك دژی شەڕو ناڕاوەبێ.

النِّيمُ: هەرشتێك نەرمو نۆڵ بێ ژیانی نەرمو نۆڵ، قوماشی نەرم ٥ پۆشاکی نوستن ٥ پەستەکو فەروەی کورت کەلەپێستی کەرووێشکو شتی وا دروست دەکرێ ٥ دەرخت ٥ پلیکانە کەبەهۆی ڕەشەباوە لە لبەلاّن دا دروست دەبن ٥ مرۆڤی قسە خۆش و گونجاو بۆ هاوەڵی کردنی ٥ دەشگوترێ: (فلان نيميّ) فلاّنکەس پیاوێکی قسەخۆش و ئەربابە بۆ هاوەڵی کردنی ٥ پیاوی ژنانی.

النِّيمَةُ: ئارامی و حەسانەوە بەهۆی نووستن ٥ دەگوترێ: (إنه لَحَسَنُ النِّيمَةِ) ئەو مرۆڤە لەخەوێکی ئارامدایە ٥ دەشگوترێ: (ماله نيمة

ليلة واحدة) ئەو مرۆڤە بژێوی شەوێکی نیە.

نَوَّنَ الكلمة: جوت بزوێنی خستە سەر کۆتایی ئیسمەکە.

نَوَّنَ النونَ: پیتی نونی نووسی.

التنوين: بەڵای نەحویيەکانەوە نونێکی زێدەی بێ بزوێنە بەکۆتایی ئیسمەوە دەنووسێو تەنکید ناگەیەنێ.

النون: پیتێکە لە پیتەکانی هیجا (ك: نونات وأنوان) ٥ تیژایی شمشێر ٥ ماسی ٥ ئوچو دەواتی نووسین.

النّونة: چاڵایی چەناگەی منداڵی ساوا ٥ ماسی.

ناهَ نَوْماً: بەرزبۆوە، درێژبزوو باڵای کرد ٥ دەگوترێ: (ناهَ النباتُ) ڕوەکەکە بەرز بۆوە باڵای کرد.

ناه البوم: کوندەبووەکە سەرەی بەرزکردەوە گماندی ٥ قەڵەڕەشەکە سەری بەرزکردەوەو قڕاندی.

ناه بالشيء: شتەکەی بەرز کردەوە.

ناه عَنْ الشَّيْءِ: وازی لەشتەکە هێنا ٥ دەگوترێ: (ناهت نفسي عَنْ اللحم) نەفسم لەگۆشتەکە بێزرا.

ناهَ البَقلُ الدوابَ: گژوگیاکە کەمێك ولاخەکەی تێر کرد ٥ دەشگوترێ: (إنّها لتأكُلُ ما ينوهها) ئەو ئەوەندە دەخوا برسی نەبێ بەتەواوی خۆی لەخواردن مڕناکا ٥ هەروا دەگوترێ: (أعْطني ماينوهني) ئەوەندەم بدەیە برسیایەتیم نەمێنێ.

نَوَّهَ بفلان او بأسمه: ناوی فلانی هێنا، بەڕێزەوە باسی فلانکەسی کردو بەگەورەی لەقەڵەم دا.

نَوَّهَ بالحديث: قسەکەی ئاشکرا کرد.

النَّوْهُ: وازهێنان لەشت.

النَّوْمَةُ: ژمە خواردنێك لەشەو و ڕۆژدا.

النُّهَةُ: هێزی جەستە.

الهَماهِمُ: بەمانا (الهُمُومُ) دێ ◊ (هماهم النفوس): بيرو بۆچونى دڵو دەرونو ئەو بيرو باوەڕەى بەسەر دڵ دا رادەبورێ لەكاتى كەوتنە گومانەوە لەشتێك ◊ جۆرێكە لەدەنگى هەورو گۆڵە گۆڵى.

هَمْهَامْ: (ئيسم فعله) واتە هيچ نەماوە ◊ دەگوترێ: (أبقي عندكم شيء؟): هيچتان لاماوە؟ لەوەڵام دا دەڵێى (هَمْهَامْ، هَمْهَام) ◊ هيچ نەماوە.

الهَمْهَامُ: بەمانا (الهُمَامُ)دێ.

الهَمْهَامَة: ڕەوە حوشترى زۆر.

الهَمْهَمَةُ: هەر دەنگێك بۆ ڕەو بارەى ڕەشەوڵاخو فيلى تێدابێ.

الهُمْهُومُ: دەگوترێ: (قصب همهوم): قەفەژاژێكە كە رەشەبا لێى دەدا هاشەو هوشەى دێ.

الهُمْهُومة: بەمانا (الهَمْهَامَةُ)دێ.

الهِمْهِيمُ من الخمر ونحوها: ئەو گوێدرێژەى دەنگى زەڕينەكەى لەسنگى دا دەخواتەوە.

همت العينُ هَمْياً وهُمِيّاً وهميانا: چاوەكە فرمێسكى ڕشت.

هَمَى الدمْعُ والماءُ ونحوهما: فرمێسك يان ئاوەكە ڕەوان بوو.

هَمَى فلان على وجهه: فلانكەس وێڵو سەرگەردان بوو ملى ڕێگاى گرتو ڕۆيى.

هَمَت الماشية: ئاژەڵەكە نەلەوەڕا، روى لەلەوەڕەكە نەكرد ◊ وێڵ بوونو هەريەكەيان بەلايەك دا ڕۆيشتنو كەس شوانيان نەبوو.

هَمَى الشَيْئُ هَمْياً: شتەكە كەوتە خوار ◊ بەربۆوە ◊ فەوتا.

الأهماءُ: ئاوی ڕەوانو ڕۆیشتوو.

الهُمَـاءُ: هـەڵۆ ◊ دەشـڵێن نـاوە بـۆ باڵندەیـەك پاشـاو فـەرمانڕەواكان پـەڕی باڵـەكانی بـەكار دێـنن لەڕازاندنەوەی تاجەكانیان دا.

الهُمَايُ: بەمانا (الهُمَاءُ)دێ.

الهِمْيَـانُ: دۆخینـی دەرپـێ ◊ پـشتێن ◊ پشتێنێكە ناو كلۆر لەقوماشی پتەو دروسـت دەكـرێ، یـەكجار لەقـەد وەردێ لەسەفەرو شوێنی قـەرەباڵغ دا پارەو شتی وای تێدا هەڵدەگیرێ ◊ (ك: هماین وهمایین).

الهَمَايِن: پاشاو سوڵتان ◊ ئیمپراتۆر.

الهَمْيَسَعُ: بەهێزو پتەو كەس نـەتوانێ لەزەوی دا ◊ درێژ.

هَنَأَ فلاناً هَنْئاً: خواردنی دا بەفلانكەس.

هَنَأَ القومَ: خەڵكەكەی بەخێوكرد.

هَنَـأَ الطعـامَ: خواردنەكـەی بینـی بـەدی كرد.

هَنَأَ الطعامُ الرجلَ: خواردنەكە بۆ پیاوەكە زۆر خۆش و بەلەزەت بوو.

هَنَـأَ الرجـلُ غَيْـرَهُ: پیاوەكـە یارمـەتی یەكێكی تری دا ◊ كەیفخۆشی كرد.

هَنَأَ الإبلَ: حوشترەكەی بـەرهنگی قـەتران رەنگ كرد.

هَنِئَ له الطعامُ هَنَأً وهَنَاءَةً: خواردنەكـەی بەلاوە خۆش بوو لەزەتی لێ دی.

هَنِئَ من الطعام: لەخواردنەكە تێر بوو ◊ دەگوترێ: (أكلنا من هـذا الطعـام حتـى هَنِئنا).

هَنِئَ بالشيءِ: بەشتەكە دڵخۆش بوو.

هَنِئت الماشـية: ئاژەڵـەكان كەمێـكیان لەپاقلـەو لەوەڕەكـە خـوارد بـەڵام تێریان نەخوارد ◊ (فهي هَنْأى).

هَنُـؤَ الـشَيْءُ هنـاءَةً: شـتەكە بەئاسـانی دەسكەوت.

هَنَّـأَ فلانـاً بـالأمر تَهْنِئـةً: پیرۆزبـایی لەفلانكەس كرد.

أهْنَأَهُ: خواردنی پێدا.

إهْتَنَأَ فـلان مـالـه: فلانكـەس ماڵەكـەی خۆی چاك كردەوە.

تَهَنَّأَ فلانٌ: فلانكـەس خێـرو بەخشـشی زۆر بوو.

تَهَنَّأَ الشَيْءَ وبه: شـتەكەی پێـكەوت ◊ دەگـوترێ: (تَهَنُّـأُ الطعـامَ): خواردنەكەم پێ خۆش بوو.

اسْتَهْنَأَ الطعامَ: خواردنەكەی پێ خۆش بوو لەزەتی لێ دی.

المَهْنَأ: هەرشتێـك نۆشت بێو بەلاتەوە گونجاو بێ.

الهَنَاءُ: پیرۆزبایی.

الهانِئُ: خزمەتكار.

الهِنْءُ: بۆیەكردن بەقەتران ◊ بەخشش ◊ دیاری ◊ بەشێـك لەشەو.

الهَنِئ: بەمانا (المَهْنأ)دێ ٥ (طعام هنيئٌ): خواردنی بەلەززەتو خۆش.

هَنِبَ هَنَباً: گێلو نەفام بوو ٥ (فهو أهنبُ وهي هنباءُ).

المِهْنَبُ: زۆر گێلو ئەحمەق.

الهُنَّبَاءُ: ئەحمەقو رژد ٥ نەفامو گێل.

الهُنَّى: بەمانا (الهُنَّبَاءُ)دێ.

الهَنْبَأةُ: بەڵاو کارەسات ٥ هەرشتێك لەسەر شانی مرۆڤ ناخۆش بێو ئازاری دڵ بدا ٥ قسە تێکەڵو پێکەڵ کردن.

الهِنَّبْرُ: پێستی خراپ ٥ یان قەراخی چەرم.

تَهَنْبَسَ: لەهەواڵی کۆڵیەوە، بەدوو روداو دا چوو.

هَنْبَصَ الرجلُ: پیاوەکە پکەنینی خۆی شاردەوە.

الهَنْبَصُ: لاوازو بێ نرخو خراپ.

الهُنْبُصُ: ورگ زل.

هَنْبَعَ فلان: فڵانکەس لەڕۆیشتن دا خۆی هەڵتەکاند.

الهُنْبُعُ: جۆرە چارۆکەیەکە ئافرەت سەری خۆی پێ دادەپۆشێ.

هَنْبَغَ: برسی بوو.

هَنْبَغَ العجاجُ: تەپو تۆز زۆر بوو.

الهِنْباغ: برسیایەتی زۆر ٥ دەگوترێ: (جوع هِنْبَاغ).

الهُنْبُغُ: ئافرەتی گێلو ئەحمەق ٥ بەدڕەوشت، ئەسپێی بچوك ٥ مێتولکە ٥ تەپو تۆزی زۆر ورد، ئاردەڵوك ٥ شتی وا کە قاچی لێ هەڵبخلیسکێ.

هَنْبَلَ الرجلُ: بەمانا (هَنْبَعَ)دێ.

تَهَنَّجَ الجنين: زارۆکەکە لەسکی دایکی دا جوڵا.

هَنَدَ هناداً: وەکوو کوندە بوو گماندی.

هَنَّدَ الرجلُ: پیاوەکە وەکوو کوندە بوو گماندی قڕاندی ٥ پیاوەکە لەکارەکەی دا کەمتەرخەم بوو ٥ جنێوی بە مرۆڤێك دا، جنێوی زۆر ناشیرین ٥ جنێوی پێ دراو بێدەنگ بوو ٥ وەڵامی جنێودەرەکەی نەدایەوە.

هَنَدت المرأةُ بقلبه: ئافرەتەکە دڵی فڵانی بردووە.

هَنَدت المرأة فلاناً: ئافرەتەکە بەقسەی خۆشو دڵداری سۆزو عیشقی خۆی خستە دڵی فڵانکەسەوە.

هَنَدَ الرجل فلاناً: پیاوەکە نەرمو نیانی لەگەڵ فڵان دا نواندو دڵنەوایی کرد.

هَنَدَ السيفَ: شمشێرەکەی مشتو ماڵ کرد.

المُهَنَّدُ: شمشێری دروستکراو لەئاسنی هیندی.

هَنْدٌ: ناوه بۆ کۆمەڵە حوشتر کە ژمارەیان لەنێوان سەد تا دوو سەد حوشتر بێ.

الهِنْدُ: نیمچە کیشوەرێکە دەکەوێتە باشووری کیشوەری ئاسیاوە ٥ جمهوریەتی پاکستانو هیندستان لەخۆدەگرێ.

الهُنْدواني: بەمانا (المُهَنَّدُ)دێ.

هُنَيْدة: هیندۆکە (بۆ بچوککردنەوەی هیندوستان) بەکاردێ ٥ ناوە بۆ ژەوەحوشتر کەژمارەیان سەد حوشترێ.

الهِنْدِبا: ڕوەکێکی سالانەیەو گەلاکەی دەکوڵێندرێو دەخورێ، دەکرێتە زەلاتە.

الهِندباءُ: بەمانا (الهِنْدِبا)دێ.

هَنْدَزَ الرجلُ القُنيَّ والأبنية والآلات: پیاوەکە جۆگا ئاوو پردو باڵەخانەکانی بەشێوەی زانستیو لەسەربنەمای زانستی بنیات نان.

الهَنْدازُ: ئەندازەو سنور ٥ دەگوترێ: (أعطاه بلا حساب ولا هنداز): بەبێ ئەندازەو سنوور بەخششی دایە.

الهِنْدازةُ: ناوە بۆ پێوەرێک درێژی شتی پێ دەپێورێ ٥ درێژییەکەی حەفتاو شەش سەنتیمەترە.

الهِنْدَوْزُ: (رجل هِنْدَوزٌ): پیاوێکی لەبۆتە دراو قالبوی ڕۆژگارە، ڕابەسەندو کارامەیە ٥ (ك: هنادِزة) ٥ دەگوترێ: (هم هنادِزة هذا الأمر): ئەوانە زاناو پیاوی ئەوکارەن.

هَنْدَسَ الرجلُ القُنِيَّ والأبنية والآلات: پیاوەکە ڕوبارو جۆگا ئاوو باڵەخانەی بەشێوەیەکی زانستی ڕابەستن.

المهندسُ: ئەندازیار؛ کەسێک گرنگی بدا بەزانستی ئەندازەیی و تێیدا پسپۆڕبێ.

الهِنْدِسُ من الرجال: پیاوی قالبوو لەبۆتە دراوو ڕابەسەند ٥ شێری نازاو چاونەترس.

الهَنْدسة: ئەندازیاری ٥ زانستو زانیاریەک کەدەربارەی هێڵو ڕوبەرو سوچو چەندییەتو ئەندازەی شتەکان بدوێ ڕۆڵیان دیاری بکاو تایبەتمەندیو پەیوەندییان بە یەکترەوە دیاری بکا.

الهندسة النظرية: بریتییە لە بنەماو بناغە زانستییەکانی ئەندازە کە پەیوەندییان بەتایبەتمەندی مادەو سەرچاوەی هێزە سروشتییەکەیو ڕێبازەکانی بەکارهێنانیان بۆوەدەستهێنانی مەبەستە مادییەکە.

الهندسة التطبيقية أو العملية: لێزانی‌و سودوەرگرتن لەیاساو رێساو بنەما زانستییەکان‌و بەکارهێنانیان لەبواری رێساو بنەما زانستیەکان‌و بەکارهێنانیان لەبواری بیناسازی‌و پیشەسازی رێگاو بان‌و پردو هەموو بوارەکانی تەکنەلۆژیای سەردەم.

الهَنْدَسِيُّ: کەسێك پاکارێك لەوبوارەدا بێ‌و پاڵ هەندەسە بدرێ ◊ زاناو شارەزا لەبواری هەندەسەی نەزەری دا.

الهَنْدَسُ من الرجال: پیاوی قاڵبوو شارەزاو ڕاپەسەند.

الهُنْدُسُ: دەگوترێ: (هو هندس هذا الأمر): زاناو شارەزای ئەو کارەیە، زۆر باشی لێ دەزانێ ◊ (ك: هنادِسة).

هَنْدَمَ الرجلُ الأشياءَ هندمة: پیاوەکە شتەکانی بەئەندازەو رێك‌و پێکی دانان.

الهِنْدامُ: قەدو بااڵی جوان، پۆشاکی رێك‌و پێك‌و گونجاو.

هَنَعَ هَنْعاً: ملکەچ بوو ◊ (فهو هانِعٌ).

هَنَعَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەسەریەك دا دادایەوە لۆی کرد ◊ هەندێکی خستە سەر هەندێکی تری.

هَنِعَ فلان هَنَعاً: خواری‌و چەمانەوە لەپشتی دا پەیدا بوو فەدی چۆمایەوە ◊ (فهو أهْنَعُ وهي هَنْعاء).

الأهْنَعُ: ئەوەیە دایکی عەرەب‌و باوکی عەبدی ئازاد کراوی ناعەرەب بێ ◊ بۆ مێینە دەگوترێ: (هَنْعاء).

الهُنَاعُ: نەخۆشییەکە توشی ملی نادەمیزاد دەبێ.

الهَنْعاءُ: دەگوترێ: (أكمة هنعاءُ): تەپۆلکەیەکی کورت.

الهَنْعَةُ: دوو ئەستێرەن لە (الجوزاء) دا هەردوکیان مەنزڵی شەشەمی مانگن.

هَنَغَ الرجل والمرأة هَنْغاً: پیاوەکەو ئافرەتەکە هەریەکەیان لەکاتی گۆرانی گوتن‌و شیعر خوێندنەوەدا دەنگی خۆیان نەوی کرد، نزم کرد.

هَنَغَتْ المرأةُ: ئافرەتەکە بەدخوبوو، تاوانی کرد.

هانِغٌ المرأة: مێبازی‌و دڵداری لەگەڵ ئافرەتەکە کرد ◊ هەریەکە لەپیاوو ئافرەتەکە دەنگی خۆیان نزم کرد بەئەسپایی ئاخاوتنیان ئەنجام دا.

الهَيْنَغُ: ئافرەتی بەدڕەوشت ◊ ئافرەتێك نێهییەکانی خۆی بەهەموو کەسێك بڵێ ◊ ئافرەتی دەم بەپێکەنین‌و سوعبەتچی.

أَهْنَفَ: پەلەی کرد.
أَهْنَفَ الصَّبِيُّ: منداڵەکە خۆی ئامادەکرد بۆ گریان.
أَهْنَفَتْ المرأةُ: ئافرەتەکە پێکەنی بەپێکەنینێکی گاڵتە ئامێزو پچڕ پچڕ.
هانَفَ فلان غيره: فلانکەس یاری لەگەڵ فلان دا کرد.
هَنَّفَ فلان: فلانکەس زێدەڕۆیی کرد لەخێرا ڕۆیشتن دا.
تَهانَفَ بفلان: بەفلانکەس پێکەنی و لێی سەرسام بوو.
تَهَنَّفَ فلان: فلانکەس گریا.
الهِنافُ: پێکەنینێکە لەژوور زەردەخەنەوەیە.
هَنِقَ هَنَقاً: وەرزبوو.
أَهْنَقَ فلاناً: فلانکەسی خستە حاڵەتێکەوە وەکوو وەرزبوون وابوو.
هَانَمَ فلاناً بحديث: بەسرتەو ئەسپایی قسەی لەگەڵ فلان کرد.
هَيْنَمَ فلان: فلانکەس لەخودا پاڕایەوە ٥ قسەی بەئەسپایی کرد.
الهانِمُ: خانم، ئافرەتی ڕێزدار ٥ (ك: هوانم).
الهَنَمُ: جۆرە خورمایەکە.
الهِنْمَةُ: کورتە باڵای ناشرین ٥ پیاوی زەعیفو لاواز ٥ مینگە مینگ، ترینگە ترینگ ٥ ئەو مەرومسیحرییەی ئافرەت پێی وایە خۆی لای مێردەکەی پێ خۆشەویست دەکا.
الهَيْنامَ: ئاخاوتنێك لێی حاڵی نەبێ ٥ قسەی بەئەسپایی و سرتە.
الهَيْنَمُ: بەمانا (الهينامُ)دێ ٥ لۆکە.
الهَيْنَمانُ: بەمانا (الهَيْنَمُ)دێ.
الهَيْنومُ: بەمانا (الهَيْنَمُ)دێ.
هَنَّ هَنّاً وهَنيناً: گریا بەشێوە گریانێکی بەسۆزو کورکاندن ٥ نالاندی بۆ دووری لەخۆشەویستی ٥ کورکاندی.
أَهَنَّهُ الله: خودا هێزو توانای دایە، عەقڵی پێ بەخشی (فهو مَهْنون).
الهَانَّةُ: بەزی ژێر گلێنەی چاو ٥ باقی ماندەی مۆخ ٥ بەزی سەردوگی حوشتر.
هُنّا - هُنّاك - هاهُنّا: ئیسمی ئیشارەن.
الهَنَنَةُ: قالۆنچە.
الهَنُّ: شت ٥ وانێك، بیلامانە ٥ بەزۆری بۆشتێك بەکاردێ کەمرۆڤ ڕاستەوخۆ شەرم بکا بیڵێ ٥ وەکوو ئەوە پیاو بڵێ وانێکم دێشێ ٥ ئافرەت بڵێ بیلامانەکەم دێشێ ٥ وایش دەبێ بانگی لێ دەکرێ ٥

دەگوترێ: (یاهَنُّ أقبل): هینەوەرە هینە بڕۆ ٥ هینە مەچۆ.

الهَنَاةُ: بەڵاو کارەسات ٥ (ك: هَنَوات) ٥ ئاماژەشی پێ دەکرێ بۆ پیاوێك کە نەیناسی یان خۆتی لێ نەناس بکەی ٥ دەگوترێ: (یا هَنَاةُ أقبل): هینە وەرە.

هُنَا: لێرە ٥ ئێرە ٥ ئیسمی ئیشارەیە بۆ نزیك ٥ گاڵتەو سوعبەتو یاری.

الهَنَّةُ: مێینەی (الهَنَّ) ٥ (ك: هنات و هنوات) ٥ لەحەدیث دا هاتووە (ستکون هنات وهنات) لەوە بەولاوە شەڕو هەراو گەندەڵی زۆر دەبێ ٥ پشێوی دەکەوێتە ناو جیهانەوە.

الهِنْوُ: کاتو سات ٥ دەگوترێ: (مضی هِنو من اللیل): ساتێك لەشەو تێپەڕی.

هُنَيْهَةُ وهُنَيَّةٌ: بەشێك لەزەمان.

الهُوَ: لەبواری تەصەوف دا بریتییە لە غەیبێك کەبینینی ناگونجێ.

الهُوِيَّةُ: لەبواری فەلسەفەدا بریتییە لە حەقیقەتی شت، یان ئەو ماهیەتو کەسایەتییەی ئەم لەو جیادەکاتەوە ٥ پێناسەیەکە ناوو شورەتو شوێنی لەدایکبوونو ساڵی لەدایکبوونی تێدا تۆماردەکرێ کارو ناوو نیشانی تێدا دەنووسرێ.

هاءَ بفلان هَوْءاً: بەفڵانکەس کەیف خۆش بوو.

هاءَ بنفسه الی المعالي: بەرزی کردەوە، نەفسی خۆی لەزەلکاو رزگار کردو بەرزی کردەوە ٥ دەگوترێ: (هاءَ بفلان عَنْ کذا): فڵانکەسی لەوحاڵە ڕزگار کردو بەرزی کردەوە بۆ حاڵەتی بەرزیو شکۆمەندی.

هاءَ بفلان خیراً أو شراً: فڵانکەسی هەڵنا بۆ خێریان بۆشەڕ.

هَوِيَ الیه هَوَءاً: قەصدی کرد، چو بۆلای.

هاوَأ فلاناً: شانازی بەسەر فڵان دا کرد.

هاءَ: وشەیەکە لەوەڵامی بانگ کردن دا دەگوترێ: (یەکێك بانگ دەکەی لەوەڵام دا دەڵێ (هاءَ) واتە بەڵێ.

الهَوْءُ: هیمەتو ورە ٥ رای پەسەندو بەجێ ٥ گومان ٥ دەگوترێ: (وقع في هَولی کذا): فڵان شت کەوتە دڵمەوە، گومانم وابۆی چوو.

الهَوْبُ: گێلو ئەحمەقو زۆر بڵێو دەم شڕ ٥ (ك: أهواب) ٥ ئاگر ٥ تیشکی خۆر ٥ دووریی.

الهَوْبَرُ: بڕوانە مادەی (هَبَرَ).

هَوَّتَ به: هاواری لێ کرد.

الهُوتَةُ: نزمایی زەوی ٥ چاڵی زەوی ٥ رێگای سەربەرەو ژێر بۆسەر ئاو ٥ (ك: هُوت هُوَت).

هَوِجَ هَوَجاً: نەحمەق و گێل بوو ◊ دڕێژەی دا بەنەحمەقی خۆی ◊ (فهو أهْوَجُ وهي هوجاء).

أهْوَجَهُ: بەنەحمەق و گێلی بینی.

تَهَوَّجَ: بۆ زێدە ڕۆیی لەمانای (هَوِجَ)دێ.

الأهْوَجُ: چاونەترس و ئازا، کە خۆ فڕێ دەداتە ناو شەڕەوە.

الهَوْجاء من النوق: حوشتری خۆشڕۆ ◊ هەروا ناوە بۆ ڕەشەباو گێژەڵوکە ◊ (ضربة هوجاء): لێدان لەبۆشایی جەستە ◊ زەبرێک ناڕاستەی بۆشایی جەستە بکرێ.

هَادَ هَوْداً: تۆبەی لەتاوان کردو گەڕایەوە بۆ حەق و ڕاستی ◊ قورئان دەفەرموێ: (إنا هُدْنا اليك).

هَادَ فُلان: فلانکەس بەجولەکەیی پەروەردە بووە ◊ قورئان دەفەرموێ: (وعلى الذين هادوا حرمنا كل ذي ظفر).

هَادَ في المنطق: بەهێدی و لەسەرەخۆیی قسەکانی دەربڕین.

هارَدَ فلاناً: زەمانە سازی لەگەڵ فلان کردو موداراتی لەگەڵ دا کرد ◊ لەگەڵی ڕۆیشتو خۆی لەگەڵ گونجاند.

هَوَّدَ: بەهێدی و لەسەرەخۆیی ڕۆیی.

هَوَّدَ فُلان: فلانکەس بەدەنگی نزم قسەی کرد ◊ دەشگوترێ: (هَوَّدَ بالصوت): بەنەرمی دەنگی خۆی گێڕایەوە ◊ گۆرانی گوت ◊ بێدەنگ بوو، دامەزرا ◊ نوست ◊ لەگۆشتی بن دوگی خوارد.

هَوَّد فلاناً: فلانکەسی کردە جولەکە ◊ خستیە کەیفخۆشی و شادیەوە.

هَوَّدَ الشرابُ فلاناً: شەراب فلانکەسی سەرخۆش کردو خەوی لێ خست، خپی کرد.

تَهَوَّد فلان: فلان هیدایەت نامێز بوو کردەوەی چاکی ئەنجام دان.

تَهَوَّدَ: بەخزمایەتی یان بەزاواو خەزورایەتی پێک دەگەن.

تَهَوَّدَ في مشيه: بەهێدی و لەسەرخۆ ڕۆیی.

تَهَوَّدَ فُلان: فلانکەس چووە سەر ئایینی جولەکایەتی.

التهويدُ: دەنگی ڕەشەبا کاتێ لەلبەڵان و زیخەڵان دەدا.

الهوادَة: نەرم و نیانی ◊ ئارامگرتن و لەسەرخۆیی ◊ مۆڵەت و ڕێگا پێدان ◊ پێدا هەڵدان و ماستاوکردن ◊ هەرشتێک هیوای ئەوەی لێ بکرێ گەڵ و وڵات ئیصلاح بکا.

الهُودُ: جولەکە ◊ قورئان دەفەرموێ:

(وقالوا كونوا هوداً أو نصارى تهتدوا).

الهَوْدَة: بنی دوگی ناژەڵی دوگدار.

اليهـود: گـەل و نەتەوەیـەکی سـامی نـەژادن ◊ دەشـڵێن بۆیـە پێیـان دەگـوترێ (یـەهود) بـەناوی (یـەهوزا)ی کـوڕی حـەزرەتی یەعقوب.

اليَهـوديُّ: تـاکی (اليَهـودَ) ◊ کەسێـک پاڵبدرێ بۆ جولەکایەتی.

اليهودية: گەلی جولەکە.

الهَوْدَلُ: قەڵەو.

الهَوْدَة: قەتێی مێینە ◊ (ك: هُوَدَّ).

هَوْدَةٌ: جۆرە باڵندەیەکە.

اليهوذِيُّ: یەهودی، جولەکە.

هَارَ البناءُ وغیرە **هَوْراً وهُوُوراً:** باڵەخانەکە تێک روخا ◊ باڵەخانەکە درزی بردو شەق بوو بەڵام نەڕوخاوە.

هَارَ فلاناً بالأمر هَوْراً: فلانکەسی بەوکارە تۆمەتبار کرد ◊ یان گومانی لێ کرد.

هَارَ على الشَّيْءِ: کابرای هەڵنا بۆشتەکەو ویستی نەوەبکا.

هَارَ عنه: لەوشتە لای دا.

هَارَ فلاناً: فلانکەسی خستە سەر زەوی ◊ غەشی لێکرد.

هَـارَ القـومُ: حەڵکەکـەی کوشـتو بەسەریەکی دادان.

هَارَ البناءَ: باڵەخانەکەی روخاند.

هَارَ غَيْرَهُ: بەرامبەرەکەی خست، بەزەوی دادا.

إهْتَوَرَ: بەهیلاك چوو.

انهارَ البِناءُ وغیرە: باڵەخانەکە تێک روخا ◊ قورئان دەفەرموێ: (فأنهار به في نار جهنم).

تَهَوَّرَ البناءُ وغیرە: باڵەخانەکە تێک روخا.

تَهَوَّرَ فلان: فلانکەس کەوتە کێشەو چورتمەوە بەهۆی کەمتەر خەمی خۆیەوە.

تَهَوَّرَ على غيرِه: دەست درێژی کردە سەر غەیری خۆی و بەناشیرینی هەڵسو کەوتی لەگەڵ بەرامبەر دا کرد.

تَهَوَّرَ الشِتاءُ: زوربەی زستان رۆیی و سەرماکەی شکا ◊ دەشگوترێ: (تَهَوَّرَ اللیـل): زوربـەی شـەو رۆیـی و تاریکاییەکەی شکا.

تَهَوَّرَ الرعلُ الناسَ: پەتاو کۆکە هەموو خەڵکەکەی گرتەوە.

التَّيْهورُ: تەبارە ڕەملی روخاو ◊ کەندە روخاوی لبەڵان.

الهـائِرُ مـن الرجـال: پیاوی کەمـەفتو برست لێبڕاو بەهۆی پیری ◊ ئەگەر بـۆ لبـەڵان بـەکارهات مەبەسـت

لبەلانی داپۆخاوە.

الهاری: بەمانا (الهائر)دێ.

الهَوَارَةُ: فەوتاو تێداچوو ٥ دەشگوتری: (لاهوارة فیه) تێدا چوون فەوتان لەوکارەی دا نیە.

الهَوْرُ: جەلەبە مەڕو بزن ٥ دەریاچەی بچوك کەلەهەموو لایەکەوە ئاوی زەلکاوو جۆگەلە بێنەسەری و ئاوەکەی زۆر ببێ و دەریاچەکە فراوان ببێ.

الهَوْرَةُ: شوێنی فەوتانو تێداچون ٥ (ك: هَوْرَات).

الهُورَةُ: تۆمەتو گومان.

الهَیِّرُ: ئەوەی زوو هەڵدەچێو زوو دەڕوخێ زوو تورەدەبێ ٥ زوو تێك دەچێ.

الهَوْزَعُ: ئافرەتی چەقەچەناوو زیقە زیقکەر.

هَوَّزَ الرجلُ: پیاوەکە مرد.

الهُوزُ: خەڵك ٥ مرۆڤ ٥ دەگوترێ: (مالي الهُوزِ مِثلك) لەناو ئادەمیزادا پیاوی وەکوو تۆ نییە.

هَوْزٌ: بەشی دووەمی کۆمەڵە پیتی (أبجد ٥ هَوَّز).

الهَوْزَبُ: بازو هەڵۆ ٥ حوشتری بەتواناو بەهێز.

الهوزَنُ: تەپو تۆز.

هاسَ هَوْساً وهَوَساناً: رۆیشت بەشێوە رۆیشتنێك کەزەختی دەکردە سەر زەوی و بەتوندی قاچی لەسەر زەوی دا دەنا ٥ سوڕایەوە ٥ بەشەو گەڕاو لەهیچ نەترسا.

هاسَتْ الإبلُ: حوشترەکە لەوەڕاو بەدەم لەوەڕانەوە ڕۆیی.

هَاسَ الذِئبُ في الغنم: گورگەکە کوشتو بڕی خستە ناو مەڕو بزنەکانەوە.

هَاسَ فلان هَوْساً: فلانکەس خێرا خێرا نانی خوارد زۆری خوارد.

هَاسَ الشَّیْئَ: شتەکەی شکاندو وردی کرد ٥ خراپی کرد.

هَاسَ الإبلَ: بەهێواشی حوشترەکانی لێخوڕین.

هَوَسَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە پشێوی و ئاشوبەوە.

هَوِسَ الرجلُ: پیاوەکە توشی جۆرە شێتییەك بوو.

هَوَّسَ الشَّیْئَ: شتەکەی وردو هاڕکرد.

هَوَّسَ الله فلاناً: خودا فلانکەسی توشی جۆرە شێتییەك کرد.

تَهَوَّسَ فلان: فلانکەس بەهێواشی بەناو زەوی نەرمەڵان دا ڕۆیی.

الهَوَسُ: جۆرە شێتییەکە ٥ یان بەشێکە لەشێتی.

الهَوَاسُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (هائس) دا دێ.

الهَوَاسُ من الرجال: پیاوی ئازاو

بەئـەزمونو قـالبو ◊ شـێری ئـازاو بەهەڵمەت.

الهَوَاسَةُ: بەمانا (الهَوَاسُ)دێ.

الهَـوِيسُ: ئـەوەی لـەدڵی خۆتـا دەیشاریەوە ◊ بیروتێفکرین.

الْمُهَوِّسُ: ئەوکەسەی لەدڵی خۆی دا شت لێك دەداتەوە.

هَاشَ القومُ هَوْشاً: خەڵکەکـە تێکیانەوە هاویشتو تێك چـڕژانو هاتوچۆیان کرد.

هَاشَتْ الإبِـلُ: لەهەڵمـەتو هێـرش بردنەکـە دا حوشـترەکان پـەرتو بڵاو بوونەوە هەریەکەیان بەلایـەك دا ڕۆیـی ◊ دەگـوترێ: (هُـشْتُ الی فـلان): بـۆ فلانکـەس راسامو بـۆی راست بوومەوە.

هَـوِشَ فـلان: فلانکـەس لەبـەر لاوازیـی ورگی بچوك بۆوە.

هـارِشَ فـلان القَـوْمَ: فلانکـەس خەڵکەکـەی تێـك چـڕژانو تێکیانەوە هاویشت.

هَـوَّشَ فـلان بـین القـوم: فلانکـەس فیتنـەیی و ناشـوبی خـستە نێوخەڵکەکەوە.

هَوَّشَتْ الریحُ بالتراب: بایەکە لەهەموو جۆرێك خشتو خۆڵی هێنا.

تَهَـارَشَ القـومُ: خەڵکەکـە تێـکیانەوە هاویشت.

تَهَـوَّشَ القـومُ: خەڵکەکـە تێـکیانەوە هاویشت.

تَهَـوَّشَ علـی فـلان: لەسـەر فلانکـەس کۆبونەوەو گەلە کۆمەکییان لێکرد.

الهائِـشَة: ترسـان ◊ دەعبایـەکی خەیاڵییـە لـەدەعبا دەریاییـەکان ڕێبـواران لەبەرێـکەوە دەگوێزرێتەوە بۆبەرەکەی تر.

الهُـواش: مـاڵو سامانێـك لەحـەرامو حەڵاڵ کۆکرابێتەوە.

الهُوَاشَـة: بـەمانا (الهُـواش)دێ ◊ کۆمەڵێك خەڵك بوروژێنو تێکەوە بهاوێنو بێنو بچن.

الهَـوْش: ژمـارەی زۆر لەشـەڕدا گردببنەوە ◊ خاڵی بوونی گەدە.

الهَوَّاشَـة: دەگـوترێ: (إبـل هَوَّاشَـة) حوشترێ چەموش و تـەرەبوو بـڵاوە بوو لێرەو لەوێ کۆکرابنەوە.

الهَرِيشة: کۆمەڵێ تێکەڵو پێکەڵ.

هَاعَ فلان هَوْعاً: هاتو هاواری کـرد، دەم بەهاتو هاوار بوو ◊ زۆر لەسەر شتەکە سور بوو.

هَـاعَ فِي الحـرب: لەشـەڕدا هـاواری کـرد هوتافی کێشا.

هَاعَ مـن فـلان: لـەفلان جارڕ بـوو وەرز بوو.

هَاعَ القومُ بعضهم الى بعض: خەڵکەکە پەلاماری یەکیان داو خەریك بوو عەمبازی یەکتر بن.

هَاعَ فلان هَوْعاً وهواعاً: کابرا ڕشایەوە (فهو هائع وهي هائعة).

هَوَّعَ فلاناً: فلانکەسی ڕشاندەوە ◊ دەگوترێ: (هوّعه ما أكل).

تَهَوَّعَ: خۆی ڕشاندەوە.

تَهَوَّعَ القَيْءَ: بەزۆر ڕشانەوەی بەسەر خۆیدا هێنا.

تَهَوَّعَ نفسه: خۆی ڕشاندەوە.

الهَاعُ: (رجل هاع): پیاوێکی جیدییەو زۆر لەسەر شت سووڕە ◊ (رجل هاع لاع): پیاوێکی ترسنۆك و بەهات و هاوارە ◊ (إمرأة هاعة لاعة).

الهُواعُ: ناوی مانگی دیلقەعیدەیە ◊ (ك: هواعات وأهوعة).

الهُوَاعَةُ: ڕشوو، ئەوەی لەقورگی خۆڕشێنەوە دێتەدەر.

الهُوعُ: دوژمنایەتی ◊ بەتەماع و چاوچنۆك.

الهَوْفُ: بای گەرم ◊ کزەبای سارد.

الهُوفُ: گێژەڵوکە سارد بێ یان گەرم بێ ◊ ترسنۆکی بێ خێر ◊ گێڵ و نەحەمەق.

الهَوْقَةُ: زەلکاوێکە، چاڵێکە ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە زۆری قوڕو لیتە تێدا پەیدا دەبێ و باڵندە حەزیان لێیەتی ◊ (ك: هوق).

هَوِكَ الرجلُ هَوَكاً: پیاوەکە گێل بوو کەمێك عەقڵی پێ ماوە ◊ (فهو أهْوَك وهَوِك وهَوْك).

هَوَّكَ فلان: فلانکەس چاڵە ئاوی هەڵکەند بۆئەوەی ئاوی تێدا کۆببێتەوەو ژێرەکەی ببێتە قوڕو لیتەو باڵندە لێی کۆببنەوە.

هَوَّكَ فلاناً: فلانکەسی گێڵ و نەحەمەق کرد ◊ سەرسامی کرد.

إنهاك فلان: فلانکەس سەرسام بوو.

تَهَوَّكَ فلان: بەمانا (إنهاك)دێ ◊ کەوتە ناو چاڵی نەگبەتی و تێداچوونەوە ◊ لەقسەکردن دا زمانی تێکەڵ و پێکەڵ بوو.

الهُوكَةُ: چاڵ و کەندر.

الهَوِكَةُ: دەگوترێ: (أرض هَوِكة): زەوییەکی وێران و درك و ڵاوی.

الهِوَك: زۆر گێڵ و نەفام.

الهَوَاك: سەرسام ◊ بۆ ئافرەت دەگوترێ: (الهَواكة) ◊ (أرض هَواكة): زەوی وێران و پڕ لەدرك و داڵ.

هالَ هَوْلاً: ترسا.

هالَتْ المرأة بحسنها: ئافرەتەکە بەڕوخساری جوانی کابرای سەرسام کرد.

هَالَ الأمرُ فلاناً: روداوەکە، کارەکە فلانکەسی ترساند ◊ (فهو هائل وهي هائلة).

هِيلَ السكران: سەرخۆشەکە چاوی ڕەشکەو پێشکەی کردو ترسا.

هاولَ الشَّيْئَ فلاناً: شتەکە فلانی سەرسام کرد.

هَوَّلَ على فلان: فلانکەسی ترساند ◊ هەڵمەتی بۆبرد.

هَوَّلَت المرأة: نافرەتەکە خۆی ئارایش داو خشڵو پۆشاکی جوانی پۆشی.

هَوَّلَ فلاناً: بۆزێدەرۆیی لەمانای (هَالَهُ)دێ.

هَوَّلَ الأمرَ: ئیشەکەی گەورەکردو زێدەڕۆیی تێداکرد تاوای لێ کرد ترسناك بێ.

إهْتالَ فلان: فلانکەس ترساو سەرسام ما.

تَهَوَّلَ للناقة: خۆی کرد بەدڕندە لەحوشترەکە بۆنەوەی نارام بێو ژێرباری بکا.

تَهَوَّلَ لمال فلان: وێستی بەچاو مالی فلانکەس بهەنگێوێو کاری تێ بکا ◊ دەگوترێ: (تَهَوَّلَ مال فلان).

إستهالَ الأمرَ: کارەکەی بەگەورەو ترسناك هاتە بەرچاو.

التَّهاويلُ: شتێك بکرێتە هۆکاری ترساندن ◊ ئەوەی لەشتێك جیابوبێتەوەو فەوتابێ ◊ ئەوپارچە قوماشە خوریيە سوورو زەردو سەوزەیە دەخرێتە سەرکەژاوە ◊ جوانکردن بەوێنەو نەخشو نیگارو چەکو پۆشاکو خشڵ ◊ هەروا ناوە بۆ ڕەنگی جۆراو جۆری ناو گوڵو گوڵزار.

الهَالُ: بەمانا (الآل)دێ ◊ (حَبُّ الهال): حێل؛ بۆنێکە لەبۆنەخۆشەکان لەهەندێ شوێن پێی دەگوترێ: (الحَبَّهان).

الهالة: خڕایی مانگ، دەوران دەوری مانگ ◊ یان کەوانەیەکی روناکی کەدەوری قەبارەیەکی ئاسمانی دابێ.

الهَوْلُ: ترس و بیم ◊ ترسناك و زەندەقبەر ◊ کارو روداوی گەورەو سامناك ◊ (أبو الهول): پەیکەرێکی فیرعەونی میصرییە لەسەردەمی سێیەم بنەماڵەی فیرعەونەکان دا دروست کراوە، جەستەی شێرو سەری ئادەمیزادە، بەم دوو پێکهاتەیە ئاماژە دەکا بۆ کۆبوونەوەی هێزو عەقڵ لەیەك جەستەدا، پەیکەرەکە بیست مەتر درێژەو جوار مەتر پانەو هەتا ئەمرۆ لەنزیك ئەهرامی (الجيزة) پایەدارە.

الهُولَـةُ: سەرسـورمانو عەجـەب ◊ هەرشتێك منداڵی پێ بترسێنرێ ◊ ئافرەتێك ئەوەندە جوان بێ خەڵك بەجوانیەکەی سەرسام بن.

الهيلة: بەمانا (الهَوْلُ) دێ.

الهَوْلَعُ: بڕوانە مادەی (هَلَعَ).

هَـوَمَ: سـوکە خەوێـکی کـرد، سەرەخەوێـکی شـکاند ◊ هـەنۆزی هاتنێو سەری بەملاو لادا کەوت، هـەر سەرە لەقەی بوو.

تَهَوَّم: بەمانا (هَوَّم)دێ.

الأَهْوَمُ: ناوچەوان پان ◊ سەرزل.

التهْـويم: هەسـت کـردن بەخـەو (خەوهاتن).

الهَامَةُ: سـەر ◊ تۆقەسـەر ◊ ناوەڕاستی سەر ◊ دەگوترێ: (هو هامـة القـوم): ئـەو سـەرۆك و پێـشەوای گەلەکەیـەتی ◊ کۆمەڵێـك مـرۆڤ ◊ باڵندەیـەکی بـچوکە بەشـەو دەردەکەوێو وەگری ناو گۆڕستانە ◊ کوندەبـەبوو ◊ باڵندەیـەکی خەیاڵییـە عـەرەب پێیـان وایـە ئـەو تـەیرە لـە سـەری مرۆڤـی کـوژراو دێتـەدەرو هـەر هـاوار دەکـا دەڵـێ تێـراوم بکـەن تـا تۆڵـەی دەسـێندرێتەوە ئـەمجار بێـدەنگ دەبێ ◊ (بنات الهام): مۆخی مێشك.

الهُوَام: بەمانا (الهَيَامُ)دێ.

الهَـوْمُ: خـەوی کـەم سـوکە خـەو ◊ ناوەڕاستی زەوی ◊ چەقی زەوی.

هَـوْمُ المجـوس: ڕوەکێـکە لـەپێڕی (الـصليبية) گـەڵاکانی وەکـوو گـەڵای یاسەمین وایە، دەرمانێکی لێ دروست دەکـرێ بـەردی گورچـیلە ورد دەکـاو میزکردن ئاسان دەکا.

الهوماة والهومة: دەشتو سارا.

هَانَ فلان هُوناً وهواناً ومهانـةً: فلانکەس زەلیلو داماو بوو.

هَانَ الشَّيْئُ عليه هوناً: شتەکە ئاسان بوو ◊ سوکو بێ ئەرك بوو.

أهانَ فلان الأمْرَ أو الشخصَ: فلانکەس کارەکەی بەسوکو بێ ئەرك زانـی ◊ فلانکەسی بەلاوە سوکو بێ مروەت بوو.

هَـاوَنَ الأمـر عليـه: ئیشەکەی لەسـەر ئاسـان کـرد ◊ ئیـشەکەی بەسـوك زانی.

تهـاون بـالأمر: کارەکـەی بەسـوکو بـێ ئەرك زانی ◊ سوکایەتی پێ کرد.

الأهون: ئاسانو بێ ئەرك.

الهـاون: هـاوەن، قاپێـکە لەئاسـن یـان لەمس بەدەسکەوان شتی تێـدا ورد دەکرێ.

الهَـاوُون: بـەمانا (الهَـاوَنُ)دێ ◊ (ك: هواوين).

الهَـوْنُ: بـەمانا (الهـاوَن) دێ ٥ هـیچ و پوچ و بێ نرخ ٥ ئەسپی سەر نەرم و جڵـەو خـۆش ٥ ئـەدەب و ڕەوشـت بەرزی و خۆ بەکـەم زانـین ٥ نـەرم و نیانی و لەسەرە خۆیی.

الهُونُ: خەڵك بەگشتی ٥ دەگوترێ: (ما أدري أي الهُـــــون): نـــازانم چ خەڵکێـــکە؟ تەنگانـــەو چـــورتم ٥ ڕیـسوایی و سـەر شـۆڕیی ٥ قورئـان دەفەرموێ: (أيمسكه على هون).

الهُونَـةُ مـن النسـاء: ئـافرەتی زینـدە بەچـاڵکراو ٥ ئـافرەتی گەردنکـەج و کۆیلـەو بەســتەزمان ٥ ئافرەتێـــك لایـەنی مێینـەی لاوازبـێ و وەکـوو پیـاوی جەسـتە تونـدو دەمـاراوی بێتە بەرچاو ٥ ئارامی و ئاشتەوایی.

الهُـــونی: زەلیلـــی و ژێردەســـتەیی ٥ بەئەدەب و ویقارو خۆبەکەم زان.

الهُـــوَینی: بەهێواشـــی ڕۆیـــشتن ٥ دەگوترێ: (هي تمشي الهوينى): ئـەو ئافرەتـــە بـــەناز بەســـەرزەوی دا دەڕواو بەئەسپایی قاج دەخاتە سەر زەوی ٥ نزمی و سوکی.

الهينة: دەگوترێ: (إمْشِ على هينتك): بەوێستی خۆت و بەهێواشی بڕۆ.

الهَيِّنُ: بێ نرخ ٥ ئاسان و لەسەرەخۆ ٥ لێبوردە.

تَهَـوَّهَ فـلان: فـلان هـاتو هـاواری کـرد، نالاندی.

الهَاهَةُ: بەمانا (الآهة)دێ.

الهَوَاهي: قسەی پـڕو پـوچ و بـێ مانـاو مەبەسـت ٥ دەگـوترێ: (جـاءَ فـلان باهواهي) ٥ جۆرە ڕۆیشتنێکە.

الهَواهِيَةُ: ترسنۆك.

الهوهـاء مـن الرجـال: پیـاوی ورەنـزم و ترسنۆك ٥ بیرێك کە پلیکانەو شتی وای تێدانەبێ ٥ گێڵ و نەحمەق.

الهَيَاهي: جۆرە ڕۆیشتنێکە.

الهُـوءُ مـن الرجـال: پیـاوی ترسـنۆك و ورەنزم.

الهوهَة: ترسنۆك.

الهَـــوُّ مـــن الأرض: لایـــەکی زەوی، سوچێـــکی ٥ کـــون و کەلەبەرێـــکی زەوی.

الهُـوَّاءَةُ: چاڵایەکی چەواشـە نـامێزی زەوی.

الهَوَّةُ: کون و کەلەبەر.

الهُوَّةُ: چاڵ و بیری قوڵ لەناو زەوی دا ٥ چاڵ و نزمـایی سەرشـوێن کـەمرۆڤ نـــەتوانێ بەئاســـانی بـــەناویان دا بـــڕواو ڕێـــگا دەرکـــا ٥ بـــیری قـــوڵ ٥ بـیری داپۆشـراو ٥ دەگـوترێ: (وقـع فلان في هوّة) ٥ هەروا وشەی (هـوّة) بـــەمانا گێڵـــی و نەحمـــەقی دێ ٥

كەسێـك نـەتوانێ قـسەی نەێنـی هەڵبگرێ.

هَوَى الشَّيْئُ هُوياً وهوياناً: شتەكە كەوتـە خوار ٥ گلا، لەبەرزاييەوە كەوتە خوار بۆنزمايى ٥ دەگوترێ: (هـوت العُقـاب علـى صـيد): هەڵۆكـە كەوتـە سـەر نێچيرەكە، خۆی بۆ هەڵدايە خوار.

هَوَى فـلان في الـسير: فلانكـەس رۆيـشت، دەستى كـرد بەڕۆيـشتن، پەلـەی كـرد، خێرا رۆيى.

هـوت يَـدُهُ للـشَّيْئ: دەسـتى گەيـشتە شتەكەو بەرزبۆوە.

هَـوَى الرجـلُ هـوةً: پياوەكـە بـەرزبۆوەو سەركەوت.

هَوَى هُوياً: فەوتا، تێداچوو.

هَوَتِ المرأةُ: نافرەتەكە منداڵەكەی مرد جەرگ سوتاو بوو.

هَـوَتَ الطعنـة هَوِيـاً: شوێنی زەبرەكـە دەمی كردەوەو خوێنی لێهات.

هَوَتَ الريحُ هُوياً: بايەكە هەڵبوو.

هَـوَتَ الأذنُ: گوێـچكە دەنگـی دايـەوە زرينگايەوە.

هَـوِيَ فـلان فلانـاً: فلانكـەس فلانكەسـی خۆشويست.

أهْوَى الشَّيْئُ: شتەكە بەربۆوە ٥ كەوتە خوار.

أهوى فلان بالشَّيْئ: فلانكەس ئامازەی بەشتەكە كرد.

أهـوى فـلان يـده للـشَّيْئ: فلانكـەس دەستى بۆشتەكە درێژكرد.

أهوَتْ العقـاب للـصيد: هەڵۆكـە خـۆی بەسـەر نێـچيرەكە داداو تێـكی شكاند.

أهْوَى الشَّيْئَ: شتەكەی هەڵدايە خوار.

أهـوَى فلانـاً: بەشـەبلاغەو مـستەكۆڵە لەفلانكەسی دا.

هـاوى: خێـرا رۆيـی ٥ رای كـردو تيژتێپەڕی.

هـاوى فلانـاً: خـۆی لەگـەڵ فـلان دا گونجاندو بەهەومسی ئەو جولايەوە ٥ دەشگوترێ: (هاواه).

هَـوَّىَ المكـانَ: هـەوای پـاكو خـاوينی خستە شوێنەكەوە.

إهتوى الى فلان بشيئ: ئامازەی بۆ فلان كـرد بەشـتەكە سـەرنجی نـەوی ڕاكێشا بۆلای.

إهْتَوَى فلاناً: بەشـەبلاغەو مـستەكۆڵە لەفلانكەسی دا.

إنهـوى الـشَّيْئُ: شتەكە كەوتـە خـوار، بەربۆوە.

تهـاوى فـلان: فلانكـەس بـەخێرايى رۆيى.

تهـاوى القـومُ: خەڵكەكـە يـەك بـەدوو يەك دا كەوتنە خوار.

استهوى الشَّيْئُ فلاناً: شتەکە فلانکەسی سەرسام کردو وای لێ کرد پێوەی مەشغوڵ بێ.

استهوى فلاناً: کاری لەفلانکەس کردو وای لێ کرد رایەکەی وەربگرێ بەبێ پەیدابوونی بەڵگەی پەقینی ملی بۆدا ◊ قۆرئان دەفەرموێ: (كالذي استهوته الشياطين).

التَّهْواءُ: ساتێك لەشەو.

الهاوي: کوللە ◊ کەسێك وەگری شتێك بێو خوی بداتێو پێوەی خەریك بێ هەرچەندە پیشەی نەویش نەبێ ◊ بۆنمونە کەسێك ریاضی نەبێو خوبداتە ریاضە ◊ خوێندەوارێکی باش نەبێو کتێب بکرێو کۆیان بکاتەوەو تەماشایان بکاو هیچیشیان لێ فێرنەبێ.

الهاوية: میینەی (الهاوی)یە ◊ هەواو مەناخ ◊ دۆزەخ.

الهَوى: سۆزو خۆشەویستی ◊ حەزکردن لەشت خێربێ یان شەربێ.

الهَواءُ: غازێکە دەورەی کورەی زەوی داوە ◊ پێکهاتووە لەنۆزۆنو ئۆکسجینو چەند غازێکی تر ◊ هەواو مەناخ ◊ بۆشایی ◊ هەر بۆشاییەك بکەوێتە نێوان دووشتەوە ◊ هەرشتێك ژێرەکەی بەرەڵابێو هیچ نەگرێتەوە ◊ هەرشتێك بۆشەربێ ◊ ترسنۆکو ورمنزم ◊ (قلب هواء): دڵی بەتاڵو خاڵی.

الهوائي: تەلێکە بەئامێری رادیۆو تەلەفزیۆنەوە دەبەستریو ئەمجار لەشوێنێکی بەرز بەکۆڵەکەو عەمودێکەوە شەتەك دەدرێ بۆنەوەی دەنگەکە بەهێز بکاو وێنەکە جوان نیشان بدا.

الهِوَايَة: یارییەك یان کردەوەیەك مرۆڤ حەزی لێی بێو خۆی پێوە بخافڵێنێو کاتی بێ ئیشی خۆی پێ بەسەر بەرێ.

الهَوِيُّ: شوێنی کەوتنە خوارەوە ◊ زرینگانەوەی ناو گوێچکە ◊ ساتێك لەشەو.

الهَوِيَّة: بیری قوڵ.

هاءَ فلانٌ هَيْئَة: فلانکەس روخسار جوان بوو قۆز بوو.

هَاءَ للأمر: خۆی بۆکارەکە ئامادەکرد.

هَاءَ اليه هَيْئَةً: حەزی لێ بوو موشتاقی بوو.

هَايَأَ في الأمر رعليه: لەکارەکەدا هاوڕای بوو، پشتگیری کرد.

هَيَّا فلان الأمر تهيئة وتهيئاً: فلانکەس

نیشەکەی باش کرد ◊ ئاسانی کرد.

هَيَّأَ الشَّيْءَ: شتەکەی حازرو ئامادەکرد بۆ جێ بەجێ کردنی مەبەستێکی تایبەتی ◊ دەگوترێ: (هَيَّأَ المصنع لبدء الإنتاج): کارگەکەی ئامادەکرد بۆ دەستکردن بەوەبەرهێنان ◊ (هَيَّأَ الطعام للأكل): خۆراکی ئامادەکرد بۆخواردن.

تَهَايَأَ القومُ على الامر: خەڵکەکە لەسەر کارەکە رێک کەوتن هاوکاری یەکتریان کرد.

تَهَيَّأَ للأمر: خۆی بۆکارەکە ئامادەکرد وبستی دەستی پێ بکا.

المُهَايَأَةُ: نەوکارەی لەسەری رێک کەوتوونو هەموویان دەیانەوێ ئەنجامی بدەن، ئەنجام بدرێ.

الهَيْءُ: بانگکردن بۆ خواردنو خواردنەوە.

الهَيْئَةُ: شکڵو شێوەی شت ◊ نیشانە ◊ کۆمەڵێک مرۆڤ ئەنجامدانی کارێکیان پێ دەسپێردرێ ◊ دەگوترێ: (هيئة الأمم المتحدة وهيئة مجلس الإدارة) ◊ (علم الهيئة): زانیاری ئاسمانناسیو حاڵو جۆنیەتی قەبارە ئاسمانییەکانو بەیەوەندییان بەیەکترەوەو کاریگەرییان لەسەر زەوی.

الهِيُّ: جوان ڕوخساریی.

هابَه هيباً ومَهابَةً: بەگەورەی داناو لەپێش چاوی شکۆمەند بوو ◊ لێی ترسا ◊ ترساندیو هۆشیاری دایە ◊ بۆ زێدەڕۆیی لەم مانایەدا دەگوترێ: (هَيَاب وهَيِّبٌ وهَيْبان وهَيُوبة).

أهاب به: بانگی کرد بۆکردنی شت یان نەکردنی هەڵینا بۆ کردنی یان نەکردنی دەگوترێ: (أهَبْتُ بصاحبي الى الخير): هاوەڵەکەم هەڵنا بۆ کردنی کاری خێر.

أهاب بالخيل: ئاوزەنگی لەئەسپەکە داو هەڵینا بۆ خێرا ڕۆیشتن.

أهاب الراعي بِغنمه: شوانەکە مەڕوبزنەکانی رادان بۆ لەوەڕو ئاو خواردنەوە ◊ دەنگی دان بۆ ئەوەی ڕاوەستن یان بگەڕێنەوە ◊ بەوشەی (هابِ هاب)ی تێیان خوڕی.

هيَّبَ الشَّيْءَ الى فلان: شتەکەی لای فلانکەس گەورە کرد ◊ زۆری پێداهەڵگوتو نرخی دایە.

إهتابَ الشَّيْءَ: بۆ موبالەغەو زێدەڕۆیی لەمانای (هابَهُ)دێ.

تهيَّبَ الشَّيْءَ: بۆ موبالەغەو زێدەڕۆیی لەمانای (هابَهُ)دێ.

تَهَيَّبَ الشَّيْءَ فلاناً: شتەکە فلانکەسی

ترساندو سەرسامی کرد ◊ دەگوترێ: (هَيَّبَنِي الشَّيْءُ تَهْيِيْبَهُ): شتەکە سەرسامی کردم و ترساندمی و لێی ترسام.

المُتَهَيِّبُ: شێر ◊ سام لێکراو.

الهَيْبَانُ: زۆر ترسنۆک و حەزەرکەر ◊ شوان و جاودێر ◊ نێربیە کێوی ◊ گڵ و قوڕ.

هَيَّتَ بِهِ: بانگی لێ کرد، دەنگی دا.

هَيْتَ: وشەیەکە سەرسامی دەگەیەنێ ◊ عەرەب دەڵێ (هَيْتَ لِلْحِلْمِ): سەرسامم لەحیلم و بارقوڵی فلان.

هَيْتَ لَكَ: نامادەبە، خێراکە وێستەکەم جێ بەجێ کە.

الهِيتُ: جاڵی نزمی زەوی ◊ جاڵی قوڵ.

هَيْتَاءُ: هەڵنانی سەگە بۆ گرتنی نێچیر.

هاتَ الشَّيْءُ هيتاً وهيتاناً: شتەکە جوڵا ◊ کەوتە ڕۆیشتن.

هاتَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە تێک وڕوژان و بێنەو بەرە لەکاتی کێشەو نیزاع دا.

هاتَ فلان في الشَّيْءِ: فلانکەس شتەکەی بەتوندو تیژی وەرگرت و خراپی کرد.

هاتَ من المال: بەشی خۆی لەماڵەکە هەڵگرت.

هاتَ لفلان: شتێکی کەمی دا بەفلان.

هاتَ برجله الترابَ: بەقاچ گڵەکەی هەڵدایەوە.

هايَتْ فلاناً: بەهۆی زۆرییەوە بەسەر فلان دا زاڵ بوو.

تهايَتَ القومُ: خەڵکەکە تێکیانەوە هاوێشتو کەوتنە بێنەو بەرەو شەڕو نیزاعەوە.

تَهَيَّتَ لفلان شيئاً: شتێکی دا بەفلان.

استهاتَ الشَّيْءَ: شتەکەی بەزۆر زانی، زۆری کرد.

استهاتَ المالَ: ماڵو سامانەکەی تێک دا خراپی کرد.

المهايث: کەسێک زۆر لەشت هەڵگرێ بەباوەش پێداکردن بان بەرادانو وەلانان.

الهايثة: (هايثة القوم): راونانو پاڵپێومنانی گەلو نەتەوە.

الهَيْثَةُ: کۆمەڵێک مرۆڤ.

هاجَ النبتُ هَيْجاً: ڕومەکەکە وشک بوو زەرد هەڵگەڕا.

هاجت الارض هَيْجاً وهيجاناً: زەوییەکە گژوگیاکەی وشک بۆوە ◊ رابەڕینو دژی نەو زوڵەو ستەمەی لێیان دەکرا دەنگی ناڕەزایان دەربڕی ◊ دەشگوترێ: (هاجَ الشرّ وهاجت الحرب بينهم).

هاجَتْ الإبلُ: حوشترەکە تینوی بوو.

هاجَتْ السماءُ: ئاسمان هەورو هەڵای زۆر بوو کردی بەڕشەباو زریان.

هـاجَ الشَّيْئَ: شتەکەی هەڵچواند ◊ رایپەڕاند.

هاجَ فلاناً: فلانکەسی ڕاپەڕاند خستیە جەو جوڵو ڕاپەڕین.

هَـاجَ الإبلَ: حوشترەکانی رادان بەشەو بۆسەر دوێلاو یان بۆ لەوەرگا.

أهاجَ: دەگوترێ: (أهاجت الريحُ النبتَ): بایەکە ڕوەکەکەی وشک کرد.

أهْـيَجَ الأرضَ: زەوییەکـەی واهاتـە بەرچاو کە گیـاوو گژەکـەی وشـک بۆوە.

هايَجَ فلان فلاناً: فلانکەس فلانکەسی وروژاند.

إهتاج: ڕاپەڕی دژی زوڵەو ستەم یان زیانو ئازار.

تهايج القومُ: خەڵکەکە هەڵمەتیان بـرد بـۆ دوژمـنو یـەکڕیز وەسـتان بـۆ شەڕکردن.

تَهَيَّجَ الشَّيْئُ: بـۆ زێـدەڕۆیی لـەمانای (هاج)دێ.

المِهْياج: کورکاندنو گەڕانەوە بـۆ زێـدو نیـشتمان ◊ حوشترێـک پـێش حوشتری تر تینوی بێ.

الهَائِجُ: سوور بوونـەوەو ڕق هەڵسان ◊ دەگـوترێ: (هـاجَ هائجـە): خـوێنی گەرم بوو، ڕقی هەڵسا.

الهَاجَةُ: بۆقە مێیینە ◊ نەعامە ◊ مەڕو بـزنو حـەیوانی تـر کـە ئـارەزوی کەڵگرتنیان نەبێ.

الهَيْجُ: شەڕ ◊ ڕەشەبای توند ◊ فیتنـەو ئاشوب.

الهَيْجاءُ والهيجا: بەمانا شەڕو کوشتار.

الهَيَّاجُ: بەمانا (الهَيْجاءُ)دێ.

هَيَّخَ الهريسة: کەشکەکەکەی زۆر چەور لێنا.

هَيَّخَ الفَحْلَ: نێرە فەحلەکەی هەڵنا بـۆ سـواربوونو کەڵـدانی مێینـە ماچەکە.

الهِيِّخُ: حوشترێـك کە بەوشـەی (هـیخ) تێت ڕاخوڕی خێرا ڕاپەڕێو بڕوا.

هَـادَهُ هيـداً وهـاداً: جوڵانـدی تێـی راخـوڕی ◊ دەری کـرد ◊ ترسـاندی ◊ چاکی کردەوە ◊ لایدا.

هَيَّدَ الـسائرُ: ڕێبوارەکـە پەلـەی کـردو خێرا ڕۆیی.

هَيَّـدَ الأمْـرُ فلاناً: کارەکـە، ڕوداوەکـە فلانکەسی باش خستە جـەو جـوڵ، زۆری ڕاپەڕاند.

الهَيْدُ: گەورە ◊ شتی ڕاتڵەقاوو وەشەقە تۆڵە هاتو.

الهَيْدانُ: تەمبەڵو ترسنۆك.

الهَيْـدب والهيـدبى والهَيْـدبيّ: بڕوانـە مادەی (هَدَبَ).

الهَيْدكور: ئافرەتی گەنجی قەڵەوی هەندام جوان ◊ شیری بزرکاو.

الهَيْدكورة: بەمانا (الهيدكور)دێ.

الهَيْدَلَة: بڕوانە مادەی (هَدَلَ).

الهَيْذامُ: بڕوانە مادەی (هَذَمَ).

الهَيْدَمُ: بڕوانە مادەی (هَدَمَ).

هَيَّرَ فلان البناءَ: فلانکەس باڵەخانەکەی روخاند.

تَهَيَّرَ البناءُ: باڵەخانەکە تێك روخا.

الهَيّار: زوو ڕوخاو، روخەك ◊ دەگوترێ: (رجل هيّارٌ): پیاوێکە زوو دەڕوخێو خۆ بۆ چورتەو تەنگانە ڕاناگرێ.

الهَيَّارُ الثلجي: روخانی تەبارە بەفری سەرکێوەکان.

الهَيْرُ: ناوێکە لەناوەکانی بای صەبا.

الهيرُ من الليل: کەمتر لەنیوەی شەو.

الهَيْرَةُ: زەوی دەشتو نەرمەڵان.

الهيّار من الرجال: پیاوی ورەنزەو زەعیف.

هياطيقي: زاراوەیەکی ئیغریقییە خۆرئاواییەکان کردویانە بەناو بۆ جۆرە خەتێکی هێرۆغلیفی، کەخێرا دەنووسرێو خاڵبەندیو نیشاراتو شتی وای تێدانین ◊ بەقەڵەم لەسەر کاغەزی بەڕەداو توێکڵەدارو قوماشو شتی وا پێی دەنووسرێ.

الهَيْرَعُ: بڕوانە مادەی (هَرَعَ).

الهَيْرَعَة: بڕوانە مادەی (هَرَعَ).

الهيرودين: مادەیەکی پاڵفتەیە لەزەرو دەردەهێندرێ بۆنەخۆشی خەستبوونەوەی خوێن سودی هەیە.

هيروغليفي: زاراوەیەکە بەمانای نەخشی پیرۆز (النقش المقدس)دێ، خۆرئاواییەکان کردویانە بەناو بۆ نووسینی میصری کۆن کەلەسەر گۆڕی میصرییە کۆنەکان هەڵکەندراومو لەپەرستگاو شوێنە ئایینییەکانیان ئاسەواری ماوە.

الهيرين: مادە سڕکەرێکی تێکەڵەیە لەمورفین وەردەگیرێ.

الهَيْزَبُ: بەمانا (الهَوْزَبُ)دێ.

هاسَ فلان: فلانکەس ڕۆیی بەهەر ڕۆیشتنێك بێ.

هاسَ من الشَّيْئ: زۆری لەشتەکە هەڵگرت.

هاسَ الشَّيْئَ: شتەکەی گێرەکرد، ژێر پێی دا.

هاسَ الأرضَ: زەویەکەی کوتایەوە.

هاسَ فلان فلاناً: فلانکەس گاڵتەی بەفلان کرد.

الأهيس: پیاوی ئازاو چاونەترس ◊

شـتى رەق و پتـەو كەهەموشتێـك ورد بكا.

هَيْسِ هَيْسِ: وشەيەكە بۆ پياو دەگوترێ كاتێك بتەوێ هەڵى بنێى بۆ كارێك.

هاشَ القومُ هَيْشاً: خەڵكەكە تێكيانەوە هاويشتو خرۆشان.

هـاشَ بعـض القـوم الى بعـض: هەندێ لەخەڵكەكـە عـەمبازى هەندێـكيان بـوون ٥ ئامـادەبوون پـەلاماری يـەكتر بدەن.

هـاشَ نـلان: فلانكـەس زۆرى قـسەى ناشيرين كردن.

هاشَ نـلان في القـوم: فلانكەس ئاشوب و ئاژاوەى خستە ناو خەڵكەوە ٥ كابرا فـوى تێـكراو كەوتـە هەڵەكـە سـەماو كەيفخۆشى.

هاش الشَّيْئَ: شتەكەى گەندەڵو خـراپ كرد ٥ لەخۆى گرتو كۆى كردەوە.

تَهَيَّشَ القومُ بعضهم الى بعـض: هەنـدێ لەخەڵكەكـە پـەلاماری يـەكيان داو بووبە شەڕيان.

الهَيْـشَةُ: مرۆڤـى تێـكەڵو پێـكەڵ ٥ فيتنەو ئاشوب.

هَـاصَ الطَّيْـرُ هَيْـصاً: باڵندەكـە جيقنـەى كرد جيقنەى هەڵدايە خوار.

هَـاصَ نـلان بالـشَّيْئ: فلانكـەس تونـدو تيژى بەشتەكە كرد.

هاصَ عُنُقَهُ: ملى باريك كرد.

الهَـايِصُ: كولانـەى باڵنـدە، خلانـەى پەلەوەرو شوێنى جيقنە كردنيان.

هاضَ العَظمَ: ئێسقانەكەى شكاندەوە دواى ئەوەى خەريك بوو يەكتر بگرێتەوە.

هـاضَ فـلانٌ الـشَّيْئَ: فلانكـەس شتەكەى شـكاند ٥ نـەرمى كـرد ٥ هـەر لـەم ڕوەوميە عائيشە دەڵێ: (واللهِ لـو نَـزَلَ بالجبال الراسيات مانزل بأبى فاضها).

هـاضَ الكـرى فلانـاً: ومنـەوز (هـەنۆز) فلانكەسـى داهێزرانـدو هێـزو توانـاى لێ برێو لاوازى كرد.

هـاضَ الحـزنُ قَلْبَـهُ: خـەمو خەفـەت جار دواجار كەوتە سەر دڵى.

هـاضَ المـرضُ فلانـاً: نەخۆشـييەكە بـۆ فلانكەس هاتەوە.

هَيَضَ فلاناً: فلانكەسى وروژاند.

إهْتَاضَ العَظْمَ: ئێسقانەكەى شكاند.

إنهاضَ: بۆ موطاوەعەى (هاضَهُ)دێ.

تَهَيَّضَ الغـرامُ فلانـاً: عيشق و سۆزەكە گەرايەوە بۆ فلان.

المستهاضُ: نەخۆش يان ئێسقان شكاو كەچاك بێتـەوەو سـەر لـەنوێ بـۆى بێتەوە.

الهَيْضُ: نەرمو نيان.

الهَيْـضَة: گەرانـەوەى خـەمو خەفـەت بۆسەر دڵ ٥ نەخۆشى دوانە خۆشى

بەنۆبـــە بێتـــە ســـەری ٥ هـــەروا (الهَيْضَة) نەخۆشییەکە دیاردەکانی ڕشـانەوەی تونـدو سکـچونی زۆرو کزبـوونی جەستەیە ٥ (نەخۆشـی کولێرا).

هاطَ فلانٌ هَيْطاً: فلانکەس هاتو هاواری کردو کردیە غاڵو بوغڵ.

هَايَطَ: بەمانا هاتو هاوار کردن.

هايَطَ فلاناً: فلانکەسی لاواز کرد.

تهايَطَ القومُ: خەڵکەکە کۆبونـەوەو کاروباری خۆیان ڕێك خست.

الهِياط: دەگوترێ: (هم في هَياط وهِياط) ئەوان لەبگرمو بەردەدان یان نـەوان لەدورو نزیکی دان.

الهَـيْطُ: دەگـوترێ: (مـازال في هَـيْط ومَيْطٍ): ئەوان تائێستا هـەر لەشـەڕو هەراو بێنەو بەرەدان.

هَـاعَ الـشَّيْئُ هَيْعـاً وهَيَعانـاً: شـتەکە کرایەوە، بڵاو بۆوە.

هَاعَ فلان: فلانکـەس هـاواری بـرسـیایەتی کرد، لەدەست برسییەتی هـاواری کـرد ٥ ترساو دادو هاواری کرد.

هاعَتْ الإبلُ الى الماء: حوشترەکە تینوی بوو حەزی لەئاو بوو.

هَاعَ الماءُ وغيره على وجه الأرض: نـاو یـان شلەمەنییەکی تر بەسەر ڕوی زەوی دا ڕۆیی جاری بوو.

هَاعَ الرَّصَاصُ ونحوه هَيَعاناً: ڕەصاصـەکە توایەوە.

هَـاعَ فـلان: فلانکـەس تـەماعی زۆر بـوو وێـڕای نـەوەی هیـچی لەدەسـت نایـە کەچـی بەتەماعـە چـاو چـنۆکە ٥ دەم بەهاتو هاوارە خۆ بـۆ هـیچ ناخۆشـی یەك ڕاناگرێ.

هاعَ مـن الحـبّ والحُـزن هيعـاً: لـە ئاکـامی عیـشقو سـۆزەوە یـان لـە خەفـەتو حوزنـەوە گێـژو وێـژ بـووە، سەرسـام بووە ترساوو پەژموردەکەوتووە.

تَهَيَّعَ الـشَّيْئُ: بـۆ زێـدە ڕۆیـی لـەمانای (هاعَ)دێ.

تَهَيَّعَ السرابُ: تراویلکەکە بەسەر زەوی دا بڵاو بۆوە.

تَهَيَّـعَ فـلان: فلانکـەس سەرسـام بـوو ٥ ستەمی کرد.

تَهَيَّعَ الى الشرّ: پەلەی کرد بۆشەڕ.

المَهْيَعُ من الطرق: ڕێگای ئاشکرا ٥ (ك: مهايع).

الهائِعُ: دەگوترێ: (ليل هائع): شەوێکی تاریك‌و نوتەکە ٥ (رجل هائع لائع): پیاوێـکی ترسـنۆك‌و دەم بـەهات‌و هاوارە.

الهائِعـة: دەنگـی ترسـناك ٥ زێـڕەو نەڕەی ترسێنەر.

الهَاعُ: کەسێـك دەم بـەهاواربێو نـاخو

نۆف بكا ◊ (رجل هاعٌ لاعٌ ◊ هاعٍ لاعٍ): پیاوێکی ترسنۆک و زەعیف و بێ دەسەڵاتە، دەم بەهاوارو گرینۆکە.

الهِياعُ: دەگوترێ: (ریح هیاع لِیاع): ڕەشەبایەکی خێراو بەهێزە.

الهَيْعَةُ: بەمانا (الهائعة) دێ ◊ هەردەنگێک ترس بخاتەوە، هەر خراپەکاری و فاحیشەیەک بڵاو بێتەوەو ترسناک بێ ◊ دەشگوترێ: (أرض هَيْعَةٌ): زەوییەکی پان و دەشتە.

الهَيْعُ: دەگوترێ: (رجل هَيِّعٌ لَيِّعٌ): پیاوێکی دەم بەهاوارە.

هَيْعَرَ: بڕوانە (هَعَرَ).

تَهَيْعَرَ: بڕوانە (هَعَرَ).

الهَيْعَرَةُ: بڕوانە (هَعَرَ).

الهَيْعَرون: بڕوانە (هَعَرَ).

هَيِغَ العامُ: ساڵەکە بەپیتو بەرەکەت بوو.

أهيَغَ القومُ: خەڵکەکە هەرزانی ڕوی تێکردن.

هَيَّغَ فلان الثَّرِيدَةَ: فلانکەس تێگوشاوەکەی زۆر چەور کرد.

هَيَّغَ المطرُ الأرضَ: بارانەکە زەوییەکەی نەگرتەوە لێی لادا.

الأهْيَغُ: ئاوی زۆر ◊ ساڵی هەرزانی و بەپیتو بەرەکەت ◊ ژیانی خۆش و بەناز پەروەردە.

الأهْيَفانُ: هەرزانی و گوزەرانی خۆش ◊ خواردن و خواردنەوە.

هَافَ ورق الشجر هَيْفاً: گەڵای درەختەکە هەڵوەری.

هافَ فلان (يهاف) هِيَافاً: فلانکەس زوو زوو تینوی دەبێ ◊ ڕەشەبا لێی داو تینوی بوو.

هَافَ العبدُ هَيْفاً: کۆیلەکە هەڵات، یاخی بوو.

هَافَ الغلام: کوڕەکە قەدی باریک بوو ورگی بچوک بوو.

هَافَتْ الإبلُ هِياناً وهُيافاً: حوشترەکە لەتیوان دەمی بۆ ڕەشەبا کردەوە بۆنەوەی تینوایەتی کەم بکا.

هَيِفَ الغلامُ هَيَفاً: بەمانا (هَافَ)دێ ◊ (فهو أهْيَفُ وهي هيفاء).

أهافَ الرجلُ: پیاوەکە حوشترەکانی تینووبان بوو.

إهتافَ: تینوی بوو.

تَهَيَّفَ: لە شوێنێک نیشتەجێ بوو بەرەو ڕەشەبا بوو.

استهاف: ڕەشەبای گەرم لێی داو تینووی بوو.

المِهْيافُ: کەسێک زۆری تینوبێو نەتوانێ خۆی بۆ ڕابگرێ ◊ کەسێک

زوو تینووی ببێ.

الهاف من الرجال: پیاوێك زوو تینوی ببێ یان زۆری تینوبێ.

الهافة: حوشترێك زوو تینوی ببێ ٥ دەگوترێ: (إبل هافة).

الهَيْفُ: رەشەبای گەرم كە ڕوەك وشك بكا ٥ گیانلەبەر تینوو بكا، ئاوی بیرو كانیاو وشك بكا.

الهيوف من الرجال: بەمانا (المِهياف) دێ.

الهَيْفان: تینوو، زۆر تینوو یان خێرا تینوو.

أهيق الظليم: نێرە نوعامەكە زۆر درێژ بێ.

الأهيق: ملدرێژ.

الهَيْقُ من الرجال: پیاوی كزی ڕەقەڵەی درێژ داوەڵ ٥ نێرە نوعامە ٥ (ك: أهياق وهيوق).

الهَيْقة – الهيقم – الهيقماني: بڕوانە مادەی (هَقَمَ).

هَيْكَلُ – الهيكَلُ – الهَيْكلة: بڕوانە (هكل).

هَالَ فلان الرَّمْلَ وغيره هيلاً: فلانكەس بنكۆڵی لبەكەی كرد سەرەوەی داڕوخایە خوار.

أهَالَ فلان الشَّيْئَ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (هاله)دێ.

إنهالَ عليه: بۆ موطاوەعەی (أهاله)دێ.

انهال القوم عليه: خەڵكەكە دابارینە سەری بەلێدانو بەجنێو كارێكیان پێ كرد بابە دەواری شڕی نەكردبێ.

تَهَيَّلَ الشَّيْئُ: شتەكە یەك لەدوا یەك كەوتنە سەری.

الأهْيَلُ من الرمال أو نحوها: ئەوەیە وەجبە وەجبە بكەوێتە سەریەك.

المهيلُ: لمبی روخەكو جەوو زیخی روخەك ٥ قورئان دەفەرموێ: (وكانت الجبال كثيباً مهيلاً).

الهال من الرمال: بەمانا (الأهيل)دێ.

الهالة: بڕوانە (هَوَلَ).

الهَيَالُ: لمبی روخەك.

الهَيْلُ: بەمانا (الهَيَالُ)دێ.

الهَيَلان: ئەو لمبو زیخەیە كەبەردەوام بڕوخێو ئاش ناشۆكە بكا.

الهَيُولُ: تەپو تۆزی بڵاوە بوو كەلەكاتی هاتنە ژورەوەی تیشكی خۆر لەكونی پەنجەرەو شتی واوە دەبینرێ.

الهيولى: ئەو مادە خامانەی شتیان لێ دروست دەكرێ بۆ نمونە مادەی لۆكە بۆ قوماش، ئاسن، بۆ بزمار دار بۆ كورسیو كەرەوێتە ٥ بەڵای زانا ئیغریقیو مەنطیقییەكانەوە

هـەیولا مادەیەکـە شـێوەو شـکڵی تایبەتی نیەو قبوڵی هەموو شێوەو شکڵێـــک دەکـــەن‌و پێیـــان وایـــە پـەروەردگار عالـەمی مـادەی لـەو هەیولاو صورەتە دروست کردوە.

الهيـــولانى: دەگـــوترێ: (مـــشروع هيولاني): پرۆژەیەکی سەرەتاییەو بەشێوەیەکی ساکار ئەنجام دەدرێ ٥ (رسم هيـولاني): وێنەیەکـە لەهێڵە سەرەتاییەکان تێنەپەڕیوە.

الهَيْلكون: بڕوانە (هَلَكَ).

هَيْلَلَ الرجل: پیاوەکە زیکری (لا اله الا الله)ی گوت.

هَامَ فلان هيماً وهيماناً: فلانکەس سەری خـۆی هـەڵگرت‌و ملـی لـێ نـا نازانـێ بۆکوێ دەچێ‌و چی دەکا.

هـامَ في الأمـر: لەکارەکـە سەرسـام بـوو نـەیزانی چـۆنەو چـیە ٥ بـەجۆرەها شێوە قسەی لـێ کـردو بـڕو بۆچونی جیا جیای دەربارەی هەبوو.

هام فـلان هُيَامـاً: فلانکـەس زۆری تینـو بوو.

هامَ فلان بفلانة هياماً: فلانکەس عاشقی فـلان ئـافرەت بـووەو خەریکـە بـۆی شێت بێ ٥ (فهو هائم).

هَـيَّمَ الحُـبُّ فلانـاً: دڵـداری فلانکەسـی کردە عاشق‌و مەدهۆش.

اهتـــام فـــلان لنفـــسه: فلانکـەس بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی فـرت‌و فێڵـی کردن‌و هەوڵ‌و کۆششی کرد.

تَهَيَّمَ فلان: فلانکەس بەجوانترین شێوە ڕۆیشت.

تَهَيَّمَت المرأةُ الرجلَ: ئافرەتەکە وایکـرد پیاوەکە عاشقی ببێ.

استُهِمَ فؤادُ فـلان: دڵی فلان رارا بـوو، راستی لـێ شێوا بوو.

الأهْـيَمُ: مرۆڤـی زۆر تینـو ٥ حوشـترى زۆر تینـو ٥ بـۆ مێینـە دەگـوترێ: (هَيْماءُ).

الهَيَامُ مـن الرمـل: لبـە وردەیـەك زۆر وردو وشـك بـێ بـەهیچ شـێوەیەك تەبارە نەبەستێ.

الهُيَامُ: بـەمانا (الهَيَامُ)دێ ٥ تینوایـەتی زۆر ٥ دەردێکە توشی حوشتر دەبـێ وای لـێ دەکا بـەناو دەشت‌و سارادا دەگـــەڕێ‌و لـــەوەڕی بۆنـــاخورێ ٥ شـێت‌و شـەیدایەك لەدڵداریـــەوە پەیدا بووبێ.

هَـيْمُ الله: واتـە سـوێندم بـەخودا ٥ دەق بەمانا (أيم الله)دێ.

الهَيْمـــانُ: تینوایـــەتی زۆر ٥ عەشـقو سۆزی لەڕادەبەدەر.

الهَيُومُ: سەرسامو مەدهۆش.

هَيْمَنَ على كذا: بالادەست بوو بەسەر فلان شت دا، بەسـەر فـلان خـێڵ‌و هـۆزدا .. جـاودێری کـردو پارێزگـاری کـرد.

هَـيْمَنَ الطـائِر علـى فراخـه: بالّندەکـه بێچوەکانی خستنه ژێر باڵەکانیـەوه بەسەریانەوه باڵی فش کردن.

المُهَـيْمِن: ناوێـکه لـەناوه جوانـەکانی خـودای مـەزن، بـەمانا ئاگـادارو چاودێرو باڵادەست بەسـەر هـەموو شتێك دا.

الهيمجلوين: (هيمغلوين): مـادەی سـور لەخرۆکه سورەکان دا.

الهَيْنغ: بڕوانه (هَنَغَ).

هينم – المُهَيْـنَم – الهَيْنـام – الهَيْـنَم – الهَيْنمان – الهينـوم: بڕوانـه مـادەی (هنم).

هـاهی فـلان بالإبـل: فلانکـەس بـانگی حوشـترەکانی کـرد تێیـان راخـوڕی‌و دەری کردن.

هاهی الكلابَ: سەگەکانی ڕەتاندن.

هَاه: وشەی هەڕەشه ◊ لاسایی کردنـەوەی پێکەنینه ◊ لاسایی کردنەوەی گریـان‌و ڕۆڕۆیه ◊ لاسایی کردنەوەی باوێشکه ◊ لەحـەدیـث دا هـاتووه (فـإذا تثـاءب أحدكم فليرده ما استطاع ولا يقولّن هـاه هاه).

الهَيْهُ: کەسێك هێزی لـێ بکرێ‌و لەبەر پـیس‌و پۆخـەڵی پۆشـاکەکەی دووربخرێتەوه.

هيهِ، هيهِ: وشەیەکه بۆ دەرکردنی شتێك دەگـوترێ ◊ بـۆ درێـژە پێـدانی قـسه دەگوترێ.

هَيْهـات: (اسـم فعـل): بـەمانا دوورو چـاوەڕوان نـەکراو دێ ◊ قورئـان دەفـەرموێ: (هيهـات هيهـات لمـا توعدون).

هيـا: پیتـی بـانگ کردنـه ◊ (أيـا)بـووەو گۆڕدراوه بە (هيا).

هيـا هيـا: وشـەیەکه بـۆ تێڕاخـوڕین‌و ڕاپەڕاندنی حوشتر بەکاردەهێندرێ.

هَيٌّ: (اسم فعل): بەمانا خێراکه، زووبه ◊ وادەبـێ پیتـی (ك) پێـوه دەلکێنـدرێ دەگوترێ: (هَيَـك يا رجل).

هُيّ بن بَي: فلانی کوڕی فلان بەکەسێك دەگـوترێ: نەزانـدرێ بـاوکی کێیـەو چ کەسه.

هَيّـا هيّـا: وشـەیەکه بـۆ هـەڵنان بەکاردەهێندرێ، کە گۆرانی حودیه بۆ وڵاخ دەگـوترێ لەگـەڵ نـەوەدا دەنگـی لـێ دەکـرێ بەوشـەی (هيّـا هيّـا) واتـه خێراکه بڕۆ.

هِيّـا: وشـەیەکه بـۆ نـەهی بەکاردەهێنـدرێ‌و کـافی خیتـابی پێوه دەلکێندرێ ◊ دەگوترێ: (هِيّاك زيداً) ئاگات لەزەید بێ.

هَيّان: دەگوترێ: (ماهيّانْ هذا): ئەوه ئیشی چیەو چی دەوێ؟ دەگوترێ: (هيّان بن بيّان): فلانـی کـوڕی فـلان ◊ مەبەسـت کەسێکه باوکی نەزاندراو بێ.

و

الـوَاوُ: پیتـی بیـستو حەوتـەمی پیتـەکانی هیجایـە ٥ لەپیتـە مەهجورەکانـە، مـەخرەجو شـوێنی لێوەدەرهـاتنی سـەری زمـانو ناوەڕاستی مەلاشووە.

وَأَبَ فـلان يئِـبُ وابـاً: فلانکـەس رقـی هەڵسا ٥ (أوأبَ فلان فلانـاً): فلانکەس کارێـکی نەوەنـدە ناشـیرینی بەرامبـەر فلان کرد مـرۆڤ روی نایـە باسـی بکا ٥ رقی هەڵساندو تورەی کرد ٥ بەشێوەی ناشـیرین وەڵامـی دایـەوەو داخوازییەکەی بۆ جێ بـەجێ نـەکردو ریسوای کرد.

إِئـأَبَ فـلان: فلانکـەس ریـسوابوو ٥ حەیای چوو.

إِئـابَ فلانـاً: بەشـێوەی ناشـیرینو حەیابەرە داخوازییەکەی فلانکەسی ڕەتکردەوە.

الإِبَّـةُ: ریـسوایو حـەیا چـوونو تێکشانەوەو وێکهاتنەوە.

الئُّوْبَـةُ: ریـسوابونو حـەیا چـون ٥ بنەمای وشەکە (وُؤْبَةٌ) بووە.

الئُّوْبَةُ: بەمانا (التُّوْبَةُ)دێ.

المَوْئِبة: بەمانا (التُّوْبَةُ)دێ.

الـوَابُ: نـاژەڵی سـم دوفـاق کـەدرزی نێـوان سمەکـەی فـراوان نـەبێ ٥ پەرداخو گلاسی نەستورو قـورسو پان.

الوَأْبَةُ مـن النـساء: نـافرەتی کورتـە باڵای پان ٥ بیری پانو قوڵ ٥ قولکە لەبـەر دوو شـاخ دا کـەناوی تێـدا بمێنێتەوە کەپێی دەگوترێ بـەرداو ٥ دەشـگوترێ: (قـدر وأبَـةٌ): مەنجەڵێکی پانو گەورەیە.

الوَئِيبة: (قِدر وئِيبة) مەنجەڵی قوڵ.

الوَائِجُ: برسیایەتی.

وَأَدَ الرَّجُـلُ إبنتهـا: پیاوەکـە کـچەکەی خۆی زیندە بەچاڵ کـرد ٥ (فهـو وائـد وهي وئِيدة ومؤْدة): کچ زیندە بەچاڵ کـردن عادەتێـکی سـەردەمی پـێش هاتنی ئیسلام بووە.

إِئَّادَ فلان: فلانکەس لەسەرە خۆ بـوو هێـواش بـوو ٥ دەگـوترێ: (إِئَّـاد في مشيه): بەهێواشی ڕۆیشت ٥ (إِئَّاد في أمره): لەکارەکەی دا دامەزراو بوو.

تَوَادَّ فلان: بەمانا (إِئَّادَ)دێ.

تَوَادت عليه الأرضُ: زەوی بەسـەر دا کەوت گڵ ژێرخۆی دا شاردیەوە.

الئُّـوَادُ: لەسـەرەخۆیی و ڕەفتـارکردنی عاقڵانە.

الـوَأْدُ: دابو نەریتێـکی عەرەبـەکان بـوو لەسـەردەمی پـێش هـاتنی ئیـسلام، هەنـدێ کەسـیان کـچی خۆیان بەزیندویی ژێرخاك دەکرد ◊ دەنگی بەرزو گەورە ◊ دەنگی قاچ بـەزەوی دادان رەبـەی قـاچ تڕپـە تڕپی قاچ کەلەدوورەوە دەبیسترێ ◊ باڕەی حوشترو دەنگ خواردنـەوەی خۆی.

الوئید: بەمانا (الوَأْدُ)دێ.

وَأَرَ النارَ: قولکە ناگردانی دروست کرد.

وَأَرَ فلاناً: فلانکەسی ترساند ◊ فلانکەسی خستە ناو شەڕو نەنگێزەوە.

اوْأَرَهُ: فێـری کـرد ◊ سـەر بـەرەوژێر ناردنیە خوار.

وَأَرَهُ: خستیە ناو شەڕو هەراوە.

الإرَةُ: نـاگر ◊ قولکـە نـاگردانی زێـر گەرما ◊ تونی حـەمام ◊ تـونی کـورە قسڵو گەچ ◊ کولاندنی گۆشت لەناو سرکەدا ◊ بەزی دوگ.

الوِئـارُ: گڵینجـان ◊ کـە گڵـی تایبـەتی هەیە بۆ سواغکردن.

الوَئِرَةُ: زەوی گەرمەلان ◊ گەرمەسێر.

الوُعْرَةُ: قولکە ناگردان.

وَألَ فلان يَئِلُ وَألاً: فلانکەس پەنای برد، ڕزگاری بوو.

وألَ الى المكـان: پەلـەی کـرد بۆنـەو شوێنە ◊ دەشگوتریَ: (أوْألَتِ الماشـيةُ فِي الكلأ): ئاژەڵەکان قشپڵو میزیان لـە لـەوەڕگادا کـردو شـوێن میزیـان دیاربوو.

اوْألَ المكـانُ: شـوێنەکە ریخـاوی و زبلاوی بوو.

اوْألَـت الماشِـيةُ المكـانَ: ئاژەڵـەکان شوێنەکەیان ریخاوی و زبلاوی کرد.

وَاءَلَ فـلان مواطـلة: فلانکـەس پـەنای بردو ڕزگاری بوو.

واءَلَ الى المكـان: پەلـەی کـرد بۆشوێنەکە.

وَاءَلَ مـن الـشَيْئ مواطـلة: هـەوڵی دا خۆ لەشتەکە رزگار بکا.

وَاءَلَ الطائر: باڵندەکە خۆی پەناشت دا لەترسی هەڵۆ.

الإلَـةُ إلـة فـلان: خـزمو کـەسو کـاری فلان.

الأوَّلُ: یەکـەم پێـچەوانەی (الآخِـر) ◊ (ك: الأوائل، الأولون).

الأُولى: مێینەی (الأوَلَ) ◊ (ك: الأوَلَ).

المَوْئِـلُ: شـوێنی راوەسـتانی لافـاو ◊ پەناگە.

الموئِلـة: سەرجـاوەو کـان مـەرجیع پەناو شوێنی خۆپاراستن لەشت.

الوَألُ: بەمانا (الموئِلُ)دی.

الوَألَـةُ: قـشپڵو ریـخ، پیـسایی مـەڕو

بزنو حوشتر كه تەباره دەبەستێو دەبێتە گەمرەو تەپاڵە ◊ دەگوترێ: (إن بني فلان وقودهم وألة): فلان خێزانو بنەماڵە سوتەمەنییان تەپاڵەیە.

وَامَهَ يَوْأَمُهُ: رازی بوو، موافیق بوو.

اتامت الأنثى: مێینەکە بەسکێك دوو بێچوی بوون.

واءَمَهُ مواءمةً ووئاماً: رازی بوو، موافیق بوو لەپەندی پێشینان دا هاتووە (لولا الوِئام لهلك الأنام): نەگەر پێك رازیبوونو پێکەوە گونجان نەبوایە خەڵك تێدا دەچون.

واءمت المرأة صواحِباتها: ئافرەتەکە وەکوو دەستە خوشکەکانی خۆی رازاندەوە.

وَأَمَ اللهُ فلاناً: خودا فلانکەسی ناشیرین دروست کردووە.

وَأَمَ رَأسَهُ: سەری گەورە کرد.

تواءَمَ الشيئان: دووشتەکە لێك چوون وەکوو یەك وابون.

تَؤْأمت الفتيات: کچەکان لەناوخۆیان دا ڕێك کەوتن.

تواءم الغِناءُ: رستەو پەندی گۆرانیەکە پێکەوە گونجاو بوون.

التَّوْءَمُ: دولانە، دوو منداڵ ◊ دوو بێچوو بەیەك سك بەبن ◊ دووبن یا زیاتر، نێربن یا مێینە بن.

الوَأمُ: خانووی گەرم.

الوَأمَةُ: دەگوترێ: (رجل وَأَمَة): پیاوێکە لاسایی خەڵك دەکاتەوە.

التَّوْأن: جەستە لەڕو لاواز ◊ کەسێك ڕای ناپەسەندو پڕو پووچی هەبن.

الوَأْنُ: پیاوی جەستە پانو خەپان.

الوَأْنَةُ: بەمانا (الوَأْنُ)دێ ◊ دەگوترێ: (إمرأةٌ وأنة): ئافرەتێکە کەتەو گێڵو نەفامە.

وَاوَأَ الكَلْبُ: سەگەکە لوراندی.

الوَأْوَاءُ: واقەواقی چەقەڵ.

وَأْيَ فلاناً وَأْياً: وادەی بەفلان دا ◊ (وأى لَهُ) بەرعودەی بوو، بوو بەکەفیلی ◊ دەگوترێ: (وَأي لفلان كذا): بۆ فلان بەرعودەی فلان شت بوو ◊ لەحەدیث دا هاتووە: خودا دەفەرموێ: (إني قد وأيتُ على نفسي أن أذكر من ذكرني).

إتَّأى الرجلُ: پیاوەکە وادەی دا.

تَوَاءَى القومُ: خەڵکەکە کۆبونەوەیان ئەنجام دا.

إسْتَوْأى الفلان: فلانکەس داوای وادەو بەڵێنی کرد ◊ وادەی دا.

الوَأْيُ: وادەو بەڵێنو بەرعودەبوون ◊ لەحەدیثی عومەردا هاتووە (من وَأى لأمرئ بَوأي فليف به): کەسێك وادەو بەڵێنێکی دا بەپیاوێك

بابەجێی بێنێ ◊ هەروا وشەی (أَلْوَأيُ) ناوە بۆ ژمارەیەك نادەمیزاد ◊ بۆ شك و گومان.

الوَأيُ من الدواب: ولاخی تێکسمراوو پتەو.

الوايَةُ: مەنجەڵی گەورەو پان و پۆڕ.

الوَئِيَّةُ: بەمانا (الوَأيَة) دێ ◊ ئافرەتی دەستڕەنگین و کەیبانوی بەخەمەوە بووی ماڵو حاڵی خۆی ◊ جەوانڵو هۆڕو تێڕەو خەراری گەورە.

وَبَأ الشَيْئ وَبْئاً: ناماژەی بەشتەکە کرد.

وَبَأ المتاعَ: کاڵاکانی کۆکردنەوەو بەستنی بۆبارکردن.

وبِئتِ الأرضُ: زەوییەکە (ولاتەکە) تاعون و وەبای تێدا پەیدابوو.

اوبأت الأرض: زەوییەکە، ناوچەکە تاعونی تێدا پەیدابوو.

اوبَأ فلان الى الشَيْئ: فلانکەس ئاماژەی بۆ شتەکە کرد ◊ دەگوترێ: (رَكِيَّةٌ لاتوبِئُ): بیرێکە قەت ئاوی لێ نابڕێ.

وَبَّأ الى الشَيْئ: ئاماژەی بۆشتەکە کرد.

وَبَأ الشَيْئَ: شتەکەی داگرت (تەعبیئەی)کرد بۆ ناردنە دەرەوە.

تَوَبَّأ فلان البلدَ او الماءَ: فلانکەس ولاتەکە یان ئاوەکەی بەتاعوناوی زانی.

استوبَأ فلان الأرضَ: فلانکەس زەوی و ولاتەکەی بەتاعوناوی لەقەڵەم دا.

المُوبِئُ: ئاوی کەم ◊ ئاوی وشك بوو.

الوَبَأ: تاعون و پەتا ◊ هەر نەخۆشییەك گشتی و بڵاوە بووبێ.

الوَبَاءُ: بەمانا (الوَبَأ)دێ ◊ (ك: أوبئة وأوبية).

وَبَّخَهُ: سەر زەنشتی کرد، گلەیی لێ کرد ◊ هەڕەشەی لێ کرد.

وَبِدَ فلان يَوْبَدُ وَبَداً: حاڵو وەزعی خراپ بوو ژیانی ناخۆش و گوزەرانی تەنگ بوو، خێزانی زۆرو داهاتی کەم ◊ دەشگوترێ: (وَبِدَت حالُه).

وَبَدَ عليه: ڕقی لێ هەڵسا.

وَبِدَ الثوبُ: قوماشەکە ڕزی.

وَبِدَ اليومُ: رۆژەکە گەرم بوو، کزەباو هەواشی نەبوو.

اوْبَدَ الشَيْئَ: شتەکەی تاك کردەوە.

تَوَبَّدَ اموال الناس: بەچاوی ماڵی خەڵکی هەنگاوت و توشی ئافەتی کردن.

استَوْبَدَ فلان: فلانکەس حاڵو وەزعی خراپ بوو بەهۆی خێزان زۆری و کەم دەرامەتییەوە.

الوَبْدُ: کۆنە شاخو درزێك لەناو کێو دا

ئاوی تێدا کۆبێتەوە ٥ ئاتاجی بۆ خەڵك.

الوَبَدُ: چاوگە دەکرێتە ئاوەڵناو ٥ دەگوترێ: (رجل وَبَدٌ): پیاوێکە حاڵو ومزعی خراپو گوزەران تەنگە ٥ کونەشاخو جاڵایی لەناو کێودا ئاوی تێدا کۆبێتەوە.

وَبِرَ البعيرُ ونحوه (يَوْبَرُ) وَبَراً: حوشترەکە کوڵکی زۆربوو.

وَبَّرَ فلان: فلانکەس تەرە بوو وەکێوان کەوت، ژیانی لەگەڵ حەیواناتی وەحشی بردەسەر ٥ فلانکەس لەماڵ دا مایەوەو نەچوە دەر.

وَبَّرَ ولد النعام: بێچوە نوعامەکە پەڕو پۆڵی لێ ڕوان.

وَبَّرَ الإرنب او الثعلب او الأيلُ: کەرۆشکەکە یان ڕێوییەکە لەسەر توکی قاچی ڕۆیی قاچی نوشتاندەوە لەکاتی ڕۆیشتن دا بۆئەوەی شوێن پێی خۆی گوم بکاو کەس بەمە کۆی نەزانێ.

وَبَّرَ فلان آثاره: فلانکەس شوێن پێو شوێن دەستی خۆی سڕیەوە بۆئەوەی پێی نەزانن.

وَبَّرَ على فلان الأمْرَ: کارەکەی لەفلانکەس چەواشەکرد.

وَبَّرَ النخلةَ: دارخورماکەی تەلقیح کرد تۆوە نێرمەکەی پێوە کرد.

الاوبر (بناتُ اوبَر): جۆرە قاچکێکە ڕەنگی خاکییەو سوچ سوچەو گڕن گڕنە ٥ تاکەکەی پێی دەگوترێ: (ابن أوْبَر) ٥ دەشگوترێ: (لقيت منه بنات أوْبَر): لەسۆنگەی ئەوەوە توشی بەڵاو کارەسات بووم.

الوَابِرُ: دەگوترێ: (ما بالدار من وابر): لەخانوەکەی دا کەس نیە، کەس لەخانووەکەدا نییە.

الوَبْرُ: گیانلەبەرێکە سمدارە لەقەبارەی کەرۆێشك دا یە، ڕەنگی لەنێوان خاکیو ڕەشی دایە، کلك کورتە، شەویلەی خوارو دەجوڵێنێ دەڵێی کاوێژدەکا، لەوڵاتی لوبنان زۆرە ٥ هەروا وشەی (الوَبَر) ناوە بۆ ڕۆژێك لەحەوت ڕۆژی کۆتایی زستان.

الوَبَرُ: توکی حوشترو کەرۆێشكو ئەوجۆرە حەیوانە ٥ (أهل الوبر): ڕەشماڵ نشینو ئاژەڵدار.

وَبِشَ الظَّفْرُ وجلدُ البعير يَوْبَشُ وَبَشاً: پەڵەی سپی لەبنکی نینۆکەکەدا پەیدا بوو یان لەپێستی حوشتردا پەڵەی سپی پەیدابوو.

اوبَشَ السائر: ڕێبوارە شەوڕەومکە پەلەی کرد.

اوبَشَ الرجلُ: پیاوەکە دالآنو

دیوەخانی خۆی ئامادەکرد بۆنان خواردنو خواردنەوە تێیدا.

اوبَشَتْ الأرض: زەوی گژوگیای جۆراو جۆری ڕواند.

وَبَّشَ فلان للحرب: فلانکەس کۆمەڵێکی زۆری لەهۆزو خێڵەجیاجیاکان کۆکردەوە بۆ شەڕ.

وَبَّشَ القوم في أمر: خەڵکەکە لەهەموو لایەکەوە لەکارەکە وروکان ٥ پێیەوە خەریک بوون.

وَبْشَتِ الأظفار: پەڵەی سپی لەسەر بنکی نینۆکەکان دەرکەوت.

وَبْشَ الجُحر: پشکۆ ئاگرەکە بەهۆی باوە گەشایەوەو سورایی ئاگرەکەی دەرکەوت.

الوَبَشُ: تاکی (الأوبش)ە، مەبەست هەتیومچەو ئادەمیزادی خوێڕی ناکەس بەچەپە ٥ پەڵە پەڵەی سپی کەدەکەونە سەر نینۆك ٥ پەڵە پەڵە کە لەسەر پێستی حوشتر دەردەکەون.

وَبَشُ الكلام: قسەی پڕوپوچ.

وَبَصَ البَرْقُ: بروسکەکە رونا کی دا ٥ دەشگوتریٰ: (وَبَصَ القمر): مانگ ڕوناکایی بڵاو کردەوە.

وَبَصَ الجِرْوُ: توتکە سەگەکە (بێچوە گورگەکە) چاوێکی هەڵێنا.

وَبَصَت الأرضُ: زەویەکە ڕومکی زۆری لێ ڕوا ٥ یان گیاوو گژەکەی سەری دەرهێناو سەوز بوو.

وَبَصَت النارُ: ئاگرەکە روناکی دا.

وَبَصَ الفرسُ يَوْبِصُ وَبَصاً: ئەسپەکە نیشاتی پەیداکرد تەڕدەماخ بوو ٥ (فهو وَبِصٌ وهي وبصة).

اوْبَصَت الأرض: بەمانا (وَبَصَتْ).

اوبَصَت النارُ: بڵێسەی ئاگرەکە دەرکەوت.

اوبَصَ فلان ناره: فلانکەس ئاگرەکەی هەڵگیرساند.

وَبَّصَ فلان لفلان بشيئ: فلانکەس شتەکەی دا بەفلان.

وَبَّصَ الجِرْوُ: بێچوە گورگەکە چاوێکی کردەوە.

الوابصة: ئاگر ٥ پشکۆ ئاگر ٥ هەورە بروسکە ٥ دەگوتریٰ: (فلان وابصة سمع): فلانکەس هەرقسەیەك ببیسێ بڕوای پێ دەکا.

الوَبَّاصُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (الوابصة)دێ ٥ مانگ ٥ ڕەنگی زۆر زەقو دیار.

الوَبْصَة: پشکۆ ئاگر.

الوبيصة: ئاگر.

وَبَطَ في جسمه وفي رأيه: لەجەستەی دا لاواز بوو راو بۆچونەکەی لاوازو ناپەسەند بوو.

وَبِطَ: خوێڕی بوو ◊ ترسنۆك بوو ◊ لاواز بوو.

وَبْطَ فلان: بەمانا (وَبَطَ)دێ ◊ قورس و گران بوو.

الوَبَاطُ: زەعیفی.

الوباعَة من الصَّبِي: مەلاشوی منداڵ ◊ کلۆت.

وَبَخَهُ يَبِخُهُ: ڕەحنەی لێ گرت ◊ تانەی لێ دا.

الوَبَخُ: شوێنی بەیەکگەیشتنی دوشت ◊ جومزگە ◊ دەردێکە توشی حوشتر دەبێ کاریگەری خراپی دەبێ بۆ کوڵکەکەی.

الوَبَخَةُ: (وَبَخَة القوم): شوێنی کۆبونەوەی خەڵك ◊ پیاوی باشی کۆمەڵ.

وَبَقَ يَبِقُ وَبْقاً: فەوتا بەهیلاك چوو.

وَبَقَت الإبلُ: حوشترمکە بەقورپدا چووە خوار.

أوبَقَهُ: فەوتاندی بەهیلاکی برد ◊ بەندی کرد ◊ ڕامی کرد ◊ ژێربارى کرد.

استوبَقَ: فەوتا بەهیلاك چوو.

المَوْبِقُ: شوێنی بەندکردن، بەندیخانە ◊ شوێنی وادەو بەڵێن ◊ ناوەندو بەربەست لەنێوان دوشت دا.

المَوبِقات: تاوانە گەورەکان.

وَبَلَت السماءُ تَبِلُ وبلاً ووبولاً: ئاسمان بارانی زۆری بارانڈ.

وَبَلَتْ السماءُ الأرضَ: ئاسمان زەوی ئاودا.

وَبَلَ الإنسانَ وغيرهُ بالسوط: بەقامچی لێکدان لەمرۆڤەکەی دا.

وَبَلَ الصَّائِدُ الصَّيْدَ: ڕاوچییەکە نێچیرەکەی تەراند.

وَبُلَ المَرْتَعُ: لەومڕگاکە لەومڕەکەی ژاکاو ناخۆش بوو.

وَبُلَ الشَّيْئُ: شتەکە توند بوو، ناخۆش بوو، تێك چوو.

وَبُلت الأرض عليهم وبولاً: زەوییەکە دەرداوی و لەومڕ ناخۆش و ناساز گار بوو بۆ دانیشتوان و بۆ ئاژەڵەکانیشیان.

وابَلَ الأمْرَ: بەردەوام بوو لەسەر کارەکە.

استوبَلَتْ الغَنَمُ: مەڕو ماڵاتەکە نەخۆش کەوتن ◊ بەهۆی لەوڕگای خراپ و ئاوو هەوای ناساز نەخۆشی لەناو ئاژەڵەکان دا بڵاو بۆوە ◊ یان مەڕو بزنەکان حەزیان لەنێرى و بەران بوو (بەتەگە هاتبون).

استوبَلَ فلان الأرضَ: فلانکەس ئاووهەوای زەوییەکەی پێ نەکەوتو و نەخۆش کەوت، وێڕای

ئەوەی بەدڵ ئەو ولاتەی خۆش دەوێ وەلێ ئاوو هەواکەی پێ ناکەوێ.

اسْتوبَلَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەبەلاو نەخۆشی لەقەڵەم دا.

المَوْبِلُ: گورزە دار، کوڵە دار ◊ گۆچانو عەصای ئەستورو پتەو.

المَوْبِلة: باوەشەدار، گورزە دار.

المِيبَلُ: گۆچانو عەصای ئەستورو پتەو ◊ جۆرە قامچیەکی سەر پڕژاوییە دارێکە سەرەکەی هەندێ تیلمە چەرمی ئەستوری بۆ دەکرێتە پڕژو وەکوو قامچی حوشتری پێ لێ دەخورێ.

المِيبَلَةُ: قامچی وڵاخ لێ خورین ◊ گۆچانو عەصا.

الوَابِلُ: بارانی بەخورەمو قەترە گەورە ◊ پیاوی سەخی.

الوَابِلة: وەچەی حوشترو مەڕو بزن ◊ لایەکی کۆتایی قۆڵ یان هی ڕان.

الوَبَالُ: گەندەڵی و فەساد ◊ چورتەو ناخۆشی ◊ کاری قورس و گران لەسەر دڵو جەستە ◊ ناکامو سەرەنجامی خراپو ناخۆش ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا﴾.

الوَبْلُ: بارانی دڵۆپەگەورەو بەخورەم.

الوَبَلَى مِنَ النُّوقِ أو الشَّاه: حوشترێک یان مەڕێک دوای دادۆشینی بەهێزو تەکان شیربدا.

الوَبَلَةُ: زیانو تاوان، لەشگرانیو نەخۆشی ◊ گەدەترشانو تەبیات تێکچون ◊ (وَبْلَةُ الطعام): تێکچونی گەدە ◊ (وَبْلَةُ الشاة): بەتەگە هاتنی مەڕو بزن، بەکەڵ هاتنیان.

الوَبِلَةُ (ارضٌ وَبِلَةٌ): زەویەکی دەرداوی و هەواناسازە هەمیشە پەتاو نەخۆشی تێدایە.

الوَبِيلُ: تونەو تیژو پتەو، قورئان دەفەرموێ: ﴿فَأَخَذْنَاهُ أَخْذًا وَبِيلًا﴾: گرتمان بەشێوە گرتنێکی بەهێزو پتەو ◊ دار، کۆڵەدار ◊ گۆچانو عەصای ئەستورو پتەو ◊ شوڕکو داری نەرمو شەلك ◊ دارێکە زەنگۆڵو ناقوسی پێ لێ دەدرێ ◊ شەپکە دارێکە جل شۆڕ جلی پێ دەکوتێو پاکی دەکاتەوە.

الوبيلة: گورزەدار ◊ گۆچانو عەصای ئەستورو پتەو.

الوُتُّ: گەمەگەمو دەنگی خوێندنی جۆرە کۆترێکە.

الوُتَّةُ: بەمانا (الوُتُّ)دێ.

الوَتاوِتُ: وەسوەسەو خنوکەی دڵ.

وَتَحَ عطاءَهُ: بەخششەکەی کەم کردەوە.

وَتَّحَ العطاءُ: بەخششەکەی زۆر کەمو بێ بایەخ بوو.

اوْتَحَ فلان: فلانکەس مالّو سامانی کەم بوو.

اوتَحَ فلاناً: فلانکەسی ماندو کردو دەستی تێی چوو ◊ زیانی پێ گەیاند ◊ بەخششەکەی کەم کردەوە.

اوْتَحَ عطاءَهُ: بەخششەکەی کەم کردەوە.

وَتَّحَ عطاءَهُ: بەخششی ئەوی کەم کردەوە.

تَوَتَّحَ الشرابَ: شەرابەکەی کەم کەم خواردەوە.

الوَتِحُ: شتی کەمو بێ نرخ ◊ (رجل وَتِحٌ) پیاوێکی خوێڕییە ◊ (طعام وَتِحٌ): خواردەمەنییەکی بێ سودە.

الوَتِحُ: بەمانا (الوَتِحُ)دێ.

وَتَدَ الوتِدُ: چەسپا، سینگەکە چەقی.

وَتَدَ فلان الوَتَدَ: فلانکەس سنگەکەی چەقاند.

اوتَدَ الوَتَدَ: سنگەکەی چەقاند.

وَتَدَ فلان في بيته: فلانکەس لەماڵەوە جێگیر بوو نەهاتە دەر.

وَتَدَ الزَرْعُ: کشتوکاڵەکە سەری دەرهێنا، ڕوا، سەوز بوو.

وَتَدَ رجَلَهُ في والأرض: قاچی لەزەوی چەقاند.

المِيتَدُ: ئەو چەکوچو ئامێرەی سنگی پێ دادەکوترێ.

الميتَدَةُ: بەمانا (المِيتَدُ)دێ.

الوَتَدُ: ئەوەی لەزەوی دەچەقێندرێ ◊ یان بەدیواردا دادەکوترێ ◊ ئەو بەرزاییەی پێشەوەی گوێچکە ◊ بەشێکە لەتەفعیلەی عوروز ◊ (ك: أوتاد) ◊ (أوتاد الأرض): کێوەکانی زەوی ◊ (أوتاد البلاد): سەرۆك و رابەری وڵات ◊ (أوتاد الفم): ددانی دەم ◊ (أوتاد الصوفية): چوار شێخی گەورەی صوفیەکانن.

الوَتِدَةُ: ئەو بەرزاییەی پێشەوەی گوێچکە.

وَتَرَ فلاناً وتراً ووترةً: دۆست و برادەری خۆی کوشت ◊ خراپەی لەگەڵ دا کرد ◊ ترساندی.

وَتَرَ القومَ: جوتی خەڵکەکەی کرد بەتاك ◊ دوو بون بوون بەسێ ...هتد.

وَتَرَ العَدَدَ: ژمارەکەی کرد بەتاك.

وَتَرَ الصَلاةَ: نوێژەی کرد بەوتر ◊ نوێژی یەك ڕکاتی خستە دوا نوێژە سوونەتەکانی.

وَتَرَ القوسَ: ژێی قەوسەکەی توند کرد ◊ ژێیەکەی بەقەوسەکەوە شەتەك دا.

واتَرَ بين اخباره وكتبه مواترةً ووتاراً: ناو بەناو بەدواداچونی بۆ

هەوالـــەکانی کـــردوە، بـــەناو کتێبـەکانی دا گـەڕا بـۆ دۆزینـەوەی زانیاری.

واتـرت الناقـة: حوشـترەکە لـەکاتی بیخدانی دا ئەژنۆیـەکی دادا ئـەمجار ئەژنۆکـــەی تـــری دا دا، بەمـــەش ئەزیـەتی ئـەو کەسـەی دا کەلەسـەر پشتی بوو.

واتَرَ الشَیْئَ: ناوبـەناو بەدواداچوونی بۆشتەکە کرد.

واتَرَ الصومَ: رۆژە نا پۆژێـك بـەڕۆژو بوو ٥ یان رۆژێـك بـەڕۆژو بـوو دوو رۆژ بەڕۆژوو نەبوو.

وَتَّرَ فلان الصَلاةَ: فلانکـەس نوێـژی سوننەتی شـەوانەی بەنوێـژی یـەك ڕکاتی کۆتایی پێ هێنا.

وَتَّرَ القوسَ: زێـی قەوسـەکەی توند کرد.

تـواترت الأشـیاء: شـتەکان یـەك بەدوایـــەك دا هـــاتن، نـــاو بـــەناو کـــەلێنیان تێـــکەوت ٥ یـــان تاکتـــاك یەك بەدوو یەك دا شتەکان هاتن.

تَـــوَتُّرَ العَـــصَبُ والعـــرق: ڕەگو دەمارەکە گـرژ بـوون ٥ دەشگوتریٰ: (تَـوَتُّرَت العلاقـة بـین الـدولتین): پەیوەندی نێـوان ئـەو دوو دەوڵەتـە گرژ بوو.

تَتْری: دەگوتریٰ: (جاءوا تـری): یـەك لەدوایەك هاتن.

تَتْراً: دەگـوتریٰ: (جـاءوا تـراً): یـەك لەدوایەك هاتن.

التَّوَتُّرُ: لـەبواری میکانیك دا بریتییـە لەهەڵـــچون و خۆڕاپـــسکاوتنی قەبارەیەك کەهەردوو سەری بەسترا بن.

المتـواتِرُ: لـەبواری زانیـاری عـوروزدا بریتییـــە لەســـەرەوایەك پیتێـــکی بـزوێن کەوتبێتـە نێـوان دوو پیتـی ساکنەوە، وەکوو (مفاعِیْلُنْ، فـاعِلاتُنْ، مفعُـــوْلُنْ) ٥ لـــەبواری فـــەرمودەی پێغەمبـــەر (الحـــدیث المتـــواتر): بریتییە لەڕیوایەتکردنی کۆمەڵێـك کـــە نـــەگونجێ درۆبکـــەن، واتـــە: کۆمەڵێـــك لەکۆمەڵێـــکی تـــرەوە ڕیوایەتیان کردبـێ چـین لەدواچـین تادەگەیەنـنـەوە ســـەر پێغەمبـــەر (د.خ).

الوِتْرُ: ناوێـکە لەناوە جوانەکانی خودا، تاك و تـەنها ٥ بـێ هـاوەڵ ٥ لـەبواری ژمارەدا (الوتر) ئەوەیە جوت نەبێ ٥ هـەروا ناوێـکە لـەناوەکانی رۆژی عەرەفە.

الـوَتَرَان: دوو دەمـارن لـەنێوان پاژنـە پێـی و ڕەفیـچك یـان لـەنێوان لـەپی دەست و ئانیشك.

الـوَتَرَةُ مـن کـل شـیئ: ئەوەیـە

قەراخـــەکانی کەوانـــەیی بـــن ٥ ڕێـــڕەوی تـــیر لەکـــەوان دا ٥ کڕکڕاگەیەکی بچوکە لەلای سەروی گوێچکە ٥ بۆشایی نێوان هەر دوو پەنجەیـــەك ٥ پێـــستۆکەی نێـــوان قامکە گەورەو قامکی شایەتومان ٥ دەمارێـــکە لـەژێر زمـان دا ٥ نێـوان نـەرمایی لـوتو سـەبەلە ٥ پـەردەی نێوان هەردوو کونە لوت ٥ ڕەگێـکە لەنێوان خواروی ڕانو رەفیچك.

الوَتَرَتان: بەمانا (الوَتَران)دێ ٥ دوشتی بـەرزەوە بـوون دەڵێـی دو ئەڵقـەی لەگوێچکەی ئەسپدان.

الوَتَرِيَّةُ من النساء: ئافرەتی دڵـڕەقو بێ بەزەیی.

الوَتِيرَة: رێبازێکە بەتەنیشت کێودابێ، پارچـەیەك لـەزەوی ٥ زەوی سـپی ٥ کڕکڕاگەیەکە لەلای سەروی گوێچکە ٥ پێـــستۆکەیەکە لـــەنێوان قامکـــە شادەو قامکە گەورەدایـە ٥ پـەردەی نێـوان دوو کونـەلوت ٥ ئەڵقەیەکـە ڕاهێنانی شیربازی لەسـەر دەکرێ ٥ خاڵێـــکی ســـپی کەوانەییـــە بەجەستەی ئەسپەوەیە ٥ خونچەی گـوڵ ٥ خانـەی دەیـان ٥ قاعیـدەو رێبـازی قیاسـی ٥ قاعیـدەو یاسـای تایبـەت بەشتێـك ٥ بـەردەوامبون لەسەر شتێـك ٥ دابـڕانو بروکانـدن ٥ دەگـوترێ: (مـالي عملـه وتـيرة): لەکارەکـەی دا ڕاوەسـتان بروکانـدن نیە.

وَتِخَ فلان: فڵانکـەس فـەوتا ٥ تێداچوو ٥ تاوانبار بـوو ٥ داوەشـاو گەنـدەڵ بـوو ٥ ڕەوشتی خـراپ بـوو بـەدبوو ٥ دەنـگو دۆرەی ناشیرین بوو ٥ زۆر نەزانو گێل بوو ٥ لەبەڵگە هێنانەوەدا هەڵەی کـرد هیچی بۆنەچەسپا ٥ ئازاری پەیدا کرد.

اوْتَخ اللهُ فلاناً: خودا فلانکەسی لـەناو برد.

اوتـغ فـلان فلانـاً: فڵانکـەس وای کـرد فڵان تاوانبار بکا ٥ فڵانکەسی هـەڵنا بۆ تاوان کردن ٥ خـستیە نـاو بـەڵاو چورتمەوە.

اوتَـــغَ فـــلان القـــولَ: فڵانکـــەس لەقسەکردنەکەدا کاڵفام بوو.

اوتَغَ فلاناً عند السلطان: ئامۆژگاری فڵانکەسی کـرد لەخزمـەت پاشـا داو فێـری ئـەوەی کـرد چـۆن هـەڵسو کەوت بکا.

المَوْتَغَةُ: شوێنی تێداچونو فەوتان.

الوَتِغَـــةُ: هەڵـــەکردن لەبەڵگـــە هێنانەوەدا.

الأوْتَلُ: پیاوێك ورگی خۆی پڕبکا لـە شەراب.

وَتِمَ بالمكان وتوماً: لەشوێنەکە مایەوەو جێگیر بوو.

الموتمة: ئوسطوانه.

الوَتْمَةُ: رۆیشتنی خێرا.

وَتَنَ بالمكان وتناً وتوناً: لەشوێنەکە مایەوەو جێگیر بوو.

وَتَنَ الماءُ: ئاوەکە جاری بوو بەردەوام هاتو نەبڕا.

وَتَنَ فلان فلاناً: فلان زەبری لەڕەگی لاملی فلان دا.

وُتِنَ فلان: فلانەکەس ڕەگی لاملی ئازاری بوو.

اوتنت المراة: ئافرەتەکە منداڵی بوو بەجۆرێک قاچی پێش سەری هاتنەدەر.

اوتن القوم دارهم: خەڵکەکە زۆر لەماڵی خۆیان دا مانەوە.

استوتن المالُ: ماڵو سامانەکە زۆر بوو، هەڵگرا.

المَوْتُونة: ئافرەتی بەئەدەبو ڕۆشنبیر، هەرچەند جوانیش نەبێ.

الواتِن: شتی جێگیرو چەسپاو لەشوێنی خۆی ٥ ئاوی کاڕێزاو بەردەوامو نەبڕاوە.

الوَتْنُ: ئەوەیە منداڵ کەلەدایک دەبێ لەپێش دا قاچەکانی بێن ئەمجار باقی جەستەی بێتەدەر.

الوَتْنَةُ: تەنگ هەڵچنین بەقەرزدار بۆئەوەی قەرزەکە وەربگرێتەوە ٥ ڕاجیایی‌و دژایەتیکردنی یەکتری ٥ دەگوترێ: (بینهما وتنة).

الوَتِينُ: شارەگی جەستە، دەماری سەرەکی کەهەرچی خوێنێک لەدڵ دێتەدەر ئەو دابەشی دەکا بەناوجەستەدا.

واتاه على الأمر موتاةً وَوِتاءً: فەرمانبەردارێی کرد.

الوُتى: زۆنگاو.

وَثَأَ اللَحمَ: گۆشتەکە هاوسا گرێی لێ پەیدابوو.

وَثَأَ الوَتَدَ: سینگەکە سەرەکەی پڕڕ پڕڕ بوو.

وَثِئَتْ يد الرجل: دەستی پیاوەکە ئازاری لێ پەیدابوو.

اوثَأَ يَدَ فلان: دەستی فلانەکەس ئازاردرا ٥ زەبری لێ دا.

المِيثَاةَ: ئەو چەکوچو ئامێرەیە سینگی پێ دادەکوترێ.

الوَثْءُ: پەڵەیەکە، گرێیەکە لەگۆشت دا پەیدا دەبێو ناگاتە سەرئێسقان ٥ ئازارێکە توشی ئێسقان دەبێ بەبێ ئەوەی شکا بێ.

الوَثَاءةُ: بەمانا (الوَثْءُ)دێ.

وَثَبَ يَثِبُ وثْباً: بازی دا، خۆی هەڵدا ٥ دەگوترێ: (وَثَبَ الى المكان العالي): گەیشتە بڵەو پایەی بەرز.

وَثَبَ علی فلان: بەسەر فلانکەس دا زاڵ بوو، بۆڕی دا ◊ هەروا وشەی (وَثَبَ) بەمانا راست بۆوەو ڕاپەڕی، هەڵمەتی برد، دانیشتو کەوت پاڵکەوت دێ ◊ دەگوترێ: (وَثَبَ علی الفراش): لەسەرجێ کەوت، ڕاکشا.

اوثَبَ الحیوانَ: وای کرد حەیوانەکە بازبدا.

اوثَبَ فلاناً الموضعَ: وایکرد فلانکەس بازبەسەر شوێنەکەدا بدا.

واثَبَهُ مواثَبَةً ووثاباً: هەریەک لەودووکەسە عەمبازی یەکتربوونو هەڵمەتیان بۆیەکتر برد، پەلاماری یەکیان دا.

وَثَبَهُ: خپی کرد، لەجێگای خست، ولی لێکرد لەجێگادا بکەوێ.

وَثَبَ فلاناً وثاباً: جێگای بۆفلانکە راخست بۆئەوەی لەسەری بخەوێ یان دابنیشێ.

تواثَبَ القومُ ونحوهم: خەڵکەکە هەندێکیان عەمبازی هەندێکیان بونو پەلاماری یەکتریان دا.

تَوَثَّبَ: بەمانا (وَثَبَ)دێ.

تَوَثَّبَ علی اخیه فی ارضه: بەستەمکاریو ناڕەوا دەستی بەسەر زەوی براکەی دا گرت ◊ داگیری کرد.

تَوَثَّبَ فی ملک فلان: ملک و مانی فلانکەسی بەستەم داگیرکرد.

الموثبان: ئەو پاشاو فەرمانڕەوایە هەوڵی غەزاکردنو داگیرکردنی ولاتی ترنەدا، بەسەلامەتی بۆخۆی دابنیشێ.

المِیثَبُ: بازهاوێژ ◊ دانیشتو لەسەرزەوی نەرمەلان ◊ تەبارو تەپۆڵکە ◊ جۆگا.

الوِثابُ: فەرموێڵەو جێگای نوستن.

الوَثَبی: بازهاوێزی گورج، هەرشتێک زوو باز بهاوێ دەگوترێ: (فرس وَثَبی).

وَثِجَ الحیوان: حەیوانەکە فەڵەو بوو گۆشتی گرت ◊ دەشگوترێ: (فَرَسٌ وَثِجٌ): ئەسپێکی بەهێزە ◊ (ثوب وثیج): قوماشێکە باش چنراوەو ڕەختەیە.

وَثِجَ الشَیْئَ: شتەکە پڕو قەرەبالغ بوو.

وَثِجَ النبت: ڕوەکەکە درێژو پڕو چڕ بوو.

وَثِجَ المکانُ: شوێنەکە لەوەڕی زۆر بوو، درەختی زۆر بوو.

اوثَجَ الشَیْئَ: شتەکە پڕو چڕبوو.

اوثَجَت الأرض: زەوییەکە لەوەڕی زۆر بوو.

إستوثَجَ الرجل من المال: پیاوەکە ماڵو سامانی خۆی زۆر کرد.

استوثَجَت المرأةُ: ئافرەتەکە خۆی

داڕشتو قەڵەو بوو.

اسْتَوْثَجَ الشَيْئُ: شتەکە چڕو پڕبوو.

إستوثَجَ المالُ: ماڵەکە زۆر بوو.

استوثَجَ النبت: گژوگیایەکە تێک چڕژاو تێک هاڵا.

المُوثِجَةُ: زەوییەك لەوەڕی زۆربێ.

المَوْثِخُ: (رجل موثخُ الخلق): پیاوێکە جەستە لەڕو لاوازە.

الموثُوخ: بەمانا (المُوثِخ)دێ.

الوَثْخَةُ: تەڕایی ئاو.

الوثيخة: ئەوەی لەئێستقان نەرم دەبێو تێکەڵ بەچەورایی دەبێ ◊ شیری مەپیو، ئەو پڵو پوشەی سااڵی رابردو کەتێکەڵ بەگیاوگڵی تازە رسکاوو ناسك دەبێ ◊ لەوەرزی بەهاردا ◊ زەوییەك قورو قاڵ بێ.

وَثَرَ الشَيْئَ يَثِرُهُ وَثْراً: پێی لەشتەکە نا.

وَثُرَ الشَيْئُ: شتەکە پێی لێ نرا.

استوثِرَ من الشَيْئِ: زۆری لەوشتە ئەنجام دا، زۆری لێ کرد.

استوثَرَ المراةَ: هەوڵی دا ئافرەتی قەڵەوی دەست بکەوێ.

استوثَرَ الفِراش: جووەسەر جێگاکە ◊ پێی نایەسەر جێگاکە.

الأوثر: نەرم تر ◊ دەگوترێ: (فراشي أوثر من فراشه): جێگا نووستنی من لەهی ئەو نەرمترە.

المِثْرَةُ: ئەو پۆشاکەیە لەسەر هەموو پۆشاکەکانەوە لەبەردەکرێ ◊ پێستی درێندە، کەوڵی درێندە ◊ قەپوچکی زین ◊ جۆرە زینو کورتانە ولاخێك بووە عەجەم لەئاوریشمو دێباج دروستیان کردوە.

ميثرة الفرس: توكو باڵی ئەسپ.

ميثَرَة الأرجوان: جۆرە قوماشێکی نەرمی ناوهاخندراوە وەکوو لێفە لەسەر زین دەکەوێتە ژێر سوارەکە بۆئەوەی جێگای نەرم بێ ◊ (ك: مواثر ومياثر).

الوَاثِر: چەسپاو لەسەرشت.

الوِثَار: سەرزین کەلەقوماشی تەرم دروست بکرێ.

الوَثْرُ: پێستێکە دەکرێتە سیرمە ◊ پانایی سیرمە کە چوار پەنجە یان بستێك بێ ئافرەتی منداڵ لەبەری دەکا ◊ یان ئافرەتێك لەپێی دەکا بکەوێتە عادەی مانگانەی خۆیەوە ◊ بەکورتی وەکوو دەرپێی کورت وەهایە.

الوَثْرُ: جێگانوستنی نەرمو نۆڵ ◊ پۆشاکێك لەسەر پۆشاکی ترەوە لەبەربکرێ وەکوو جبەو شتی وا.

الوَثِيرُ: بەمانا (الوِثْرُ)دێ ◊ (ك: وثار).

الوَثِيرَة من النساء: ئافرەتی قەڵەوو گۆشتن ٥ (ك: وثائِر ووثار).

وَثَغَ راسَهُ: سەری شکاند.

وَثَغَ الرجُل ناقته: پیاوەکە لەوەڕو ئالفی جۆراو جۆرو کۆنو نوێی دا بەحوشترەکەی.

وَثَغَ فلان الثريدة: فلانکەس تێگوشاوەکەی تێک هەڵدا بەسەریەکی دا دا.

الوَثِيقة: ئەو لەوەڕو گیاو گژمیە کە لەوەرزی بەهاردا تێک دەهاڵێو جۆراوجۆرن ٥ پەڕوێەکە شەرمگای حوشتری پێ دادەپۆشرێ.

وَثَقَ القِدرَ: سێ کوچکەی بۆمەنجەڵەکە دانا.

اوثَقَ القِدْرَ: بەمانا (وَثَقَ)دێ.

وَثَّقَ القِدرَ: بەمانا (وَثَقَها)دێ.

وَثِقَ بفلان: بتمانەی بەفلانکەس کرد.

وَثُقَ الشَيْئُ يَوْثُقُ وثاقَةً: شتەکە جێگیر بوو، چەسپا، دامەزرا.

وَثُقَ فلان: بەدیکۆمێنتو وەسیقە پابەند بوو.

اوثَقَ فلاناً ايثاقاً: فلانکەسی کردە جێی بتمانە.

اوثَقَ الأسيرَ: دەستو پێوەندی ئەسیرەکەی باش توند کرد.

اوثَقَ العَهدَ: وادەو بەڵێنەکەی جەخت کردەوە.

واثَقَ فلاناً: پەیمانی لەگەڵ فلانکەس بەست ٥ وادەو بەڵێنی پێدا ٥ دەگوترێ: (واثقت بالله لأفعلنّ كذا).

وَثَّقَ فلاناً: وتی فلانکەس جێگای بتمانە پێکردنە.

واثَقَ الأمْرَ: کارەکەی پتەوو مەحکەم کرد.

وَثَّقَ العقدَ: گرێبەستەکەی لەدەفتەری رەسمی دا تۆمارکردو کردی بەدیکۆمینتو بەڵگەنامە.

تَوَاثَقَ القومَ زعلى الأمر: خەڵکەکە وادەو بەڵێنیان بەیەکترداو سوێندیان بۆیەکتر خوارد.

تَوَثَّقَ في الأمر ومن الأمر: بەبەڵگەو دیکۆمینت کاری کرد.

تَوَثَّقَتِ العُقْدَةُ: گرێیەکە توند بوو.

استوثَقَ من فلان: بەڵگەنامەو وادەو بەڵێنی لەفلانکەس وەرگرت.

استوثَقَ من الأمر: بەبەڵگەو دیکۆمینتەوە چووە ناو کارەکە.

الثِّقَةُ: بتمانە.

المَوْثِقُ: وادەو بەڵێن.

المُوثِقُ من الشجر: ئەو درەختەیە کە خەڵک پشتی پێ دەبەستن بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکانیان لەکاتی برانەوەی گژوگیا ٥ دەگوترێ: (كلأ

مُوثِـــقٌ): درەختێـــکە پـــشتی پـــێ دەبەســـترێ ٥ بۆئـــەوەی بەشـــی خـــۆراکی ئاژەڵـەکانیان بکـا ٥ (مـــاء مؤثِق): ئاوێـکی زۆرەو بەشی ئـاژەڵو پێداویستی خۆیان دەکا.

المُوَثِـــقُ: ئەوکەســـەی گرێبەســـتو نوســـراوی نێـــوان خـــەڵك دەکاتـــە رەسمیو لەدەفتەری تایبەتی دادگادا تۆماری دەکا.

المیثاق: عەهدو پەیمان ٥ (ك: مواثیـق ومیاثیق).

الوَثَـــاقُ: ئیـــسمێکە لەوشـــەی (إیثـــاق)وەرگـــیراوە ٥ ئـــەو حـــەبلو پێوەنـــدو کەلەبـــچەیەیە شـــتی پـــێ دەبەسترێ.

الوِثاقُ: هەر حەبلو گوریسو پەتێك شتی پێ ببەسترێ.

الوَثِیقـــة: بەڵگەنامـــە، دیکۆمینـــت ٥ هەرشتێـــك شـــتی پـــێ ببەســـترێو شەتەك بدرێ.

الوَثیقـــة فی الأمـــر: قـــایمکردنو دیکـــۆمینتکردنی کـــار ٥ بـــاش ئەنجامدانو رێکوپێك کردنی کار ٥ دەگوترێ: (أرض وثیقـة): زەوییەکە گـــژوگیای زۆرو چـــڕو پـــڕە ٥ کومپیالەدانو چەکدانە بۆ بتمانـەی قەرز ٥ یان دانەوەی قەرز.

وَثَلَهُ: لکاندی ٥ پێوەی نووساند.

وَثَّلَ الشَیْئَ: شتەکەی جێگیر کـرد ٥ کردی بەبنەماو بناغە.

وَثَّلَ المالَ: ماڵو سامانی کۆکردەوە.

الوَثْلُ: توێکڵو پرژی توێکڵ ٥ چڵكو زیـــادە گۆشـــت کەبەچـــەقۆی تیـــژ لەپێـــستی دادەمـــاڵنو تیفتیفـــەی دەدەن ٥ یان بـەهۆی دەباغـەوە لێـی دەکرێتەوە.

الوَثیلُ: لاواز ٥ توێـکڵی دار ٥ حـەبلو گـوش کەلەتوێـکڵو پـڕژو شـتی وا دروست بکرێ ٥ هـەر زیـوو خـشتو خاڵێك لـەدرەختو گوشو شـتی وا بکەوێتە خوار.

وَثَمَ الحیوان یَثِمُ وَثْماً: حەیوانەکە بازی دا.

وَثَـمَ الشَیْئَ: شـتەکەی شـکاند ٥ بـاریکی کرد ٥ کوتای.

وَثَمَ فلان الرَّجُلَ: فڵانکەس لەپیاوەکەی دا.

وَثَمَ المطرُ الأرضَ: باران لەزەوی دا.

وَثَمَ فلان الحشیشَ: فڵانکەس گیاو گژو پلو پوشەکەی گرد کردەوە.

وَثَـمَ الفرسُ الأرضَ بحافره: ئەسپەکە بەسمی زەوی کوتا، سمکۆڵی کرد.

وَثَمَت الحِجارةُ رِجلَهُ: بەردەکە قاچی بریندار کرد.

وَثِمَت الأرضُ وَثامةً: زەوییەکە گزوگیای کەم بوو لەوەڕی کەم بوو.

وَثُمَ وثامَةً: خۆی داڕشتو گۆشتن بوو قەڵەو بوو.

واثَمَ فِي العَدْوِ: هەموو هاچەکانی خڕکردنەوەو خۆی ئامادەکرد بۆ بازدان وەکوو ئەوە خۆی بهاوێ.

المِيثَمُ: زەوی کوت، شتێک زەوی بپەستێوی.

الوَثِيمةُ: بەرد ٥ بەردی چەرخ ٥ بەردە ئەستێ ٥ کۆمەڵە گزوگیا ٥ کۆمەڵێک خواردەمەنی جیاجیا.

وَثَنَ الشَيْئَ بالمكان: شتەکە جێگیر بوو لەشوێنەکەو چەسپا.

وَثِنَتِ الأرض: زەوییەکە بارانی لێ درا باراناوی بوو.

اوثن من المال: مااڵو سامانەکەی زۆر کرد.

اوثَنَ فلاناً: بەخششی فلانکەسی زۆرکرد، زۆری پێدا.

اِستوثن من المال: لەماڵو سامانەکەی زۆرکرد ٥ قەڵەو بوو.

إستوثَنَ النحلُ: هەنگەکان بوون بەدوو بەش، گەورەو بچوک.

إستوثن الشَيْئَ: شتەکە مایەوە ٥ بەهێز بوو.

المَوْثونَةُ: نافرەتی زەلیلو گوێ ڕایەڵ، فەمارنبەردار ٥ (إمرأة موثونة): نافرەتی بەئەدەبو گوێڕایەڵ هەرچەندە جوانیش بێ.

الوَثْنُ: پەیکەرێک پەرستشی بۆبکرێ جالەبەردو دار دروست کرابێ یان لەمسو زیوو شتی تر ٥ دەشگوترێ: (هي وثن فلان): ئەوە ژنی فلانکەسە.

الوَثَنِيّ: بتپەرست ٥ دەگوترێ: (رجل وثني وامرأة وثنية).

الوَثَنِيّةُ: ڕێبازو مەزهەبی بتپەرستەکان.

وَجَا فلاناً: بەهەموو هێزی دەستی پاڵی بە فلانکەسەوە نا ٥ پاڵی بەکۆڵەی سینگییەوە نا ٥ هۆرتەمەی ملی گرتو گێڕایەوە.

وَجَأَ التمرَ: خورماکەی کوتا تاتێک هاڵاو بەسەریەک دا بوو بەگرمۆڵەو لینجاوی دایەوە.

وَجَأَ الفَحْلَ: دەماری گونی ئەسپەکەی خستە نێوان دوو بەردو گوشینی تامراندی (جۆرە خەساندنێکە).

اوجَأ فلان: فلانکەس هات بۆ پێویستیاتی خۆی یان بۆ نێچیر گرتنو هیچی دەست نەکەوت.

اوجَات الرِّكيَّةُ: بیرەکە ئاوی کەم بوو یان ئاوەکەی بڕا، وشکی کرد.

أوْجَأَ عنه: پاڵی بەشتەکەومناو لێی دورخستەوە ◊ دەگوترێ: (أوجَأَ الشَيْئَ عنه).

إنْجَأَ الثَّمْرُ: خورماکە دەنکەکانی گەورەبوون و گۆشتن بوون و پێگەیین، شیرین بوون لینجاویان لێ پەیدا بوو بەهۆی کوتان و تێک هەڵشێلانەوە.

تَوَجَّأَهُ بالیدِ والسِّکین: بەمانا (وَجَأَهُ)دێ.

الوَجْءُ: (ماء وَجْءٌ): ئاوی بێ کەڵک.

الوَجَأُ: (ماء وَجَأٌ): ئاوی بێ کەڵک.

الوَجِیئَة: مانگا ◊ خورما کەئەومندە بکوترێ ناوکەکەیان بێتەدەر ◊ پاشان بەشیر یان بەڕۆن بشێلدرێن تا یەک دەگرن و دەبنە تۆپەڵ ئەمجار بخورێ.

وَجَبَ الشَیْئُ یَجِبُ وجوباً ووجباً: چەسپا، پێویست بوو ◊ کەوتە سەر زەوی ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ﴾.

وَجَبَ القلب وجباناً: دڵ کەوتە پەلەپەڵ و لێدانی خێراو لەرزین.

وَجَبَ فلان وَجْبَة: فلانکەس رۆژی یەک ژەمە نانی خوارد.

وَجَبَ فلان وجوباً وموجباً: فلانکەس مرد.

وَجَبَت الشمس وجباً: خۆرئاوابوو.

وَجُبَ الرجل وجُوبَةً: پیاوەکە ترسا، ترسنۆک بوو.

أوجبَ فلان: فلانکەس لەشەوو رۆژێک دا یەک ژەم نانی خوارد ◊ یان فلانکەس کارێکی جاکی کرد بەهەشتی بۆخۆی کڕی ◊ یان کارێکی خراپی کردو دۆزەخی بۆخۆی مەیسەر کرد.

وَجَبَ علی فلان: لەپێشبڕکێ دا بەسەر فلان دا زاڵ بوو.

وَجَبَ الشَیْئَ: شتەکەی بەپێویست دانا، واجبی کرد ◊ دایمەزراند، دایبەست ◊ دەگوترێ: (أوجَبَ له البیعَ) یان (أوجَبَه البیعَ).

أوجَبَ اللهُ قَلْبَهُ: خودا دڵی دامەزراو کرد.

واجَبَ فلاناً مواجَبَةً: فلانکەسی پابەندکرد ◊ دەگوترێ: (واجَبَهُ البیعَ): مامەڵەکەی لەسەر پێویست کرد.

وَجَبَتِ الإبلُ: حوشترەکە ماندو بوو.

وَجُبَ اللَّبَأُ: ژەکەکە لەگوانی حەیوانەکە دا مایەوە، ڕەق بوو.

وَجَّبَ فلان فلاناً: فلانکەس فلانکەسی پابەند کرد.

وَجَّبَ به الأرضَ: بەعەرزی دادا.

وَجَّبَ فلان: فلانکەس لەڕۆژێک دا یەک ژەم نانی خوارد.

وَجَّبَ فلان عیالَه وفرسَهُ: فلانکەس مااڵو منداڵو ئەسپەکەی وافێرکردن شەوو ڕۆژی یەک ژەم نان بخۆن، ئەسپەکەی یەکجار ئالێک بدرێ.

وَجَّبَ الناقةَ: ڕۆژی یەکجار حوشترمکەی دۆشی.

تواجَبَ القومُ: خەڵکەکە گرمویان لەگەڵ یەک کرد گرینتییان دا بەیەکتر.

تَوَجَّبَ فلان: فلانکەس لەشەوو ڕۆژێک دا یەک ژەم نانی خوارد.

استوجَبَ الشَّیْئَ: شتەکەی کردە مافی خۆی.

المُوجِبُ: (موجِب) ناوی ئیحرام بەستو بوو لەپێش هاتنی ئیسلام دا.

الموجِبَةُ: تاوانی گەورە کەببێتە هۆی چوونە ناو دۆزەخ ◊ یان ئیشی باش و خێری گەورە کە ببێتە مایەی چوونە ناو بەهەشت.

الواجب: لەزاراوەی شەرع زانان دا ئەوەیە واجب بوونەکەی بە خەبەری ئاحادو شتی وا بووبێ بکەری پاداشی هەیەو نەکەری سزادەدرێ.

واجب الوجود: پەروەردگار؛ ئەوەیە هەر بوبێو بوونەکەی پێویستی بەشتی تر نەبێ.

الوَجْبُ: ترسنۆک ◊ گێڵو ئەحمەق ◊ حوشترێک ژەک لەگوانی دا رەق بووبێ ◊ کوندەی ئاوی گەورە کەلەپێستی نێریە قەرەو شتی وا بێ ◊ شوێنی چۆڕاوکەی ئاو ◊ (ك: وجاب).

الوَجَبُ: خەتەرو گرەو.

الوَجْبَةُ: دەنگو قیژەی بەربۆوە ◊ ژەمەنان خواردن ◊ ژەمە لەوەڕو ئالف بۆ ئاژەڵ ◊ یەکجار دۆشینی شیردەر لەڕۆژێک دا ◊ ئەندازەی خواردنی حەب و دەرمان لەڕۆژێک دا.

الوُجُوبُ: پێویست بوون، کەوتنە شانو زیمە مەشغوڵ بوون ◊ یان ئەوەیە خودی شتەکە بونی پێویست بێ.

الوَجِیبة: ئەرکو وەزیفە ◊ ئەندازەی موچەو کرێ، یان ئەندازەی خۆراک ڕۆژانە حەفتانە مانگانە ◊ هەروا ناوە بۆ حاڵەتێک شتێک بکرێو مامەڵەکە تەواو بکەی نەمجار وەجبە وەجبە شتەکە بگوێزیەوە جا کەتەواو بوو دەگوترێ (قد استوفیت وجیبتك).

وَجَّ وَجّاً: پەلەی کرد.

الـوَجُّ: نوعامـه ٥ قـەتێ ٥ گیایەکـه لـەپێڕی (القلقاسـیات) بۆنێـکی خۆشی هەیـه ٥ دارێـکه کەرمستەی جـوتی لـێ دروسـت دەکـرێ وەکـو هەوجارو دەستە دوو مژانو هەپـەو نیرو شتی وا.

الوُجُجُ: نوعامەی خۆشرۆو بازهاوێـژی گورجو گۆڵ.

وَجَجَ الشَّيْئُ يَجِجُ وجوجاً: دەرکـەوت، ئاشکرا بوو.

وَجَحَ يَوْجَحُ وجحاً: پەنای برد.

اوجَـحَ الـشَّيْئُ: شـتەکه دەرکـەوتو ئاشکرا بوو.

اوْجَحَ الحافِرُ: بیر هەڵکەنەکه گەیشته شـاخی لـوس ٥ زۆربـەزەوی دا رۆیشته خوار تاگەیشته شاخ.

اوجَحَـت غـرة الـفـرس: سـپیایەتی ناوچەوانی ئەسپەکه ئاشکرابوو.

اوجَحَتْ النـارُ: ئاگرەکه رووناکایی داو دەرکەوت.

اوجَـحَ فـلان الـشَّيْئَ: فلانکـەس شتەکەی داپۆشی.

اوجَحَ فلاناً اليه: وای کرد فلان پەنای بۆ بەرێ.

اوجِحُ البولُ فلاناً: میز تینی بۆ فلان هێنا ٥ تەنگەتاوی کرد.

وَجَّـحَ الـشَّيْئَ: شـتەکه دەرکـەوتو ئاشکرابوو.

المُوَجَّحُ: (طریـق مـوجَّحُ): رێـگایەکی ئاشکراو رونه.

المُـوجَحُ: پێـستی لـوس و سـفت ٥ قوماشـی ئەسـتورو ڕەخنـه کەلێـک بدرێ دەنگی لێوه بێ.

المَوْجُـوجُ: (بـاب مَوْجُـوح): دەرگـای پێـومدراو ٥ یـان دەرگایـەك پـەردەی بەسەر درابێتەوه.

الوُجَـاحُ: پـەردە ٥ وادەبـێ واوەکـه دەکرێ بەهەمزه دەگوترێ (أُجاح – أَجاح – إِجاح).

الـوَجَحُ: ئەشـکەوتۆکه، پەناپاسـار ٥ مەلجەئو پەنا.

الـوَجيحُ: پـەنا ٥ قوماشـی سـفتو ڕەخنـەو ئەسـتور یـان پۆشـاك کەلەوجۆرە قوماشە دروستکرابێو پان و پۆڕبێ.

وَجَدَ فلان يَجِدُ وَجْداً: فلانکەس غـەمبار بوو.

وَجَدَ عليه موجدةً: رقی لـێ هەڵسا.

وَجَـدَ فـلان وُجْـداً وجِـدَةً: فلانکـەس دەوڵەمەند بوو.

وَجَدَ مطلوبه: ئەوەی لێی دەگەڕا دەستی کـەوت ٥ گومبوەکـەی دۆزیـیـەوه ٥ دەگوترێ: (وجَدَ ضَالَّتَهُ).

وَجَدَ الشَّيْئَ كذا: شتەکەی وازانی، واهاته

بەرچاوی ٥ دەڵێی (وجدت الحِلمَ نافعاً): بـۆم دەرکـەوت کەصـەبرو بـار قـوڵی بەسودە.

وُجِـدَ الـشَّيْئُ: شـتەکە پەیـدا بـوو ٥ دەگـوترێ: (وُجِـدَ الـشَّيْئ مـن عـدم وجوداً).

اوجَدَ اللهُ الشَّيْئَ: خودا لەنەبوونـەوە شتەکەی هێنایە کایەوە.

اوجَدَ فلاناً: فلانکەسـی دەوڵەمەنـد کـرد ٥ دەگـوترێ: (الحمـد لله الـذي أوجـدني بعـد فقـر): سـوپاس بۆخودایـەك پـاش هـەژاریی دەوڵەمەندی کردم.

اوجَدَ فلاناً بعد ضعف: داوای لـەڕو لاوازیی فلانکەسی بەهێز کرد.

اوجَدَ علی الأمر: ناچاری کـرد بـۆ ئەوکارە.

اوجَدَ الشَّيْئَ: وایکرد شتەکەی دەست بکەوێ و زەفەری پێ بەرێ.

اوجَـدَ مطلوبـه: وای کـرد زەفـەر بەمەبەسـتی خـۆی بێنـێ ئـەوی عەودالی بوو دەستی کەوێ.

تواجَدَ فلان: فلانکەس لەناخی خۆی دا هەستی بەسۆزو عیشق کرد.

تَوَجَّدَ لفلان: بۆ فلانکەس غەمبار بوو ٥ خەفەتی بۆخوارد.

تَوَجَّدَ بفلانة: عاشـقی فـلان ئـافرەت بوو ٥ خۆشی ویست.

تَوَجُّـدَ الأمْـرَ: ناڕەحـەتی لەکارەکـە دەربڕی.

توجَّـدَ الـسَّهْرَ: لەشـەو بەخەبـەربی جارڕ بوو.

المَوْجُود: لەبواری فەلسەفەدا بریتییە لەشتێـك لـەزیهن و لـەخارج دا بوونی چەسپاوبێ.

الوَاجِـدُ: ناوێـکە لـەناوە جوانـەکانی خودا واتە دەوڵەمەندێکی بێ سنور کەهـەرگیز هـەژار نـەبێ، هەرچـی بیـەوێ هـەبێ و بـێ ئاتـاج لەهـەموو کـەس ٥ لەحـەدیثـی پێغەمبـەر دا هاتووە: (لَـيُّ الواجـد يَحِـلُّ عقوبَتَـه وعِرْضـه): مـاتڵ کردنـی دانـەوەی قەرز لەلایەن کەسێـکەوە هـەبووبێ شیاوی سزادانەو ڕەوایـە ناموسیشی بشکێنرێ.

الوِجـادَة: لـەزاراوەی فەرمودەزانـەکان دا بریتییـە لـەوە کـابرا لەپەڕاوێـك زانیـاری فێربـبـێ بـەبێ مامۆسـتاو ئیجازەو موناوەلە.

الوَجْـدُ: زلکـاو ٥ شـوێنی ئـاو تێداکۆبوونەوە ٥ (ك: وِجاد).

الوُجْـدُ: هـەبووبی دەوڵەمەنـدیی ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْـثُ سَـكَنتُم مِّـن وُجْـدِكُمْ﴾.

الوِجْدان: لەبواری فەلسەفەدا بریتییە لەهەموو هەستکردنێکی سەرەتایی لەزەت بێ یان ئازار، ئەمجار پەیدابوونی جۆرێک لەحالاتی نەفسی لەم رووەوە کەلەزەتەکەیان ئازارە کەکاری تێ بکاو ببێتە هەستکردنو پێ زانین.

الوُجُودُ: بوون، پێچەوانەی نەبوون ٥ وجود واتە بوونی زیهنیو خارجی.

الوُجودِيّة: جۆرە فەلسەفەیەکە پێی وایە بوون لەپێش ماهییەتەوەیە ٥ سارتەر پێی وایە وجود لەسەر بنەمای ئازادیی دادەمەزرێ ٥ ئازادییەکی رەهای وا کەرێگابدا تاك خۆی دروست بکاو هەڵوێست وەربگرێ بەو شێوەی خۆی دەیەوێ بۆئەوەی بوونی خۆی بەتەواوی بچەسپێنێ.

الوَجِيدُ: زەوی تەخت و دەشت.

أوجَدَهُ علی الأمر: بەزۆرە ملێ کارەکەی پێ کرد.

واجَدَهُ اليه: ناچاری کرد بۆی.

واجَدَه عليه: بەزۆرە ملێ کارەکەی پێ ئەنجام دا.

الوَجْدُ: بەرداو، قوڵکە ئاو لەکێو دا، حەوزی ئاو لەشاخ دا ٥ (ك: وجدان ووجاذ).

الوَجِدُ: دەگوترێ: (مکان وَجِدٌ): شوێنەکە، شاخەکە، حەوزی ئاوی زۆر تێدان.

وَجَرَ العَليلَ يَجِرُهُ وَجْراً: دەرمانی کردە قورگی نەخۆشەکەوە ٥ دەگوترێ: (وَجَرَ العليلَ الدّواءَ): دەرمانی کردە قورگی نەخۆشەکە ٥ دەرمانی کردە ناودەمی نەخۆشەکە.

وَجَرَ فلاناً: قسەیەکی ناخۆشی بەفلانکەس گوت، قەسەیەکی ناخۆشی بەگوێچکەی فلانکەس دادا.

وَجَرَ فلاناً الرُمْحَ وبه: رمبی لەفلانکەس دا.

وَجِرَ من الأمر يَوْجَرُ وَجَراً: لەکارەکە ترسا سامی لێ کرد ٥ (فهو وَجِرٌ وأوْجَرُ وهي وَجِرَة ووَجْراء).

أوجَرَ العليلَ: دەرمانی کردە قورگی نەخۆشەکەوە.

أوجَرَ العليلَ الدواءَ: دەرمانەکەی کردە دەمی نەخۆشەکەوە.

أوجَرَ فلاناً الرُمْحَ أو بالرُمْحِ: رمبی لەفلانکەس وەشاند ٥ یان بەڕمب لێی دا ٥ دەشگوترێ: (أوجره الغيظ): رقو کینەی خۆی پێ ڕشت.

إنْتَجَرَ العليلُ: نەخۆشەکە بەدەرمان چارەسەری خۆی کرد.

تَوَجَّرَ العليلُ بالدواء: نەخۆشەکە

دەرمانەکەی کەم کەم قوت دا.

تَـوَجَّرَ فُـلانٌ المـاءَ: فلانکـەس بەنابەدڵی ئاوەکەی خواردەوە.

المِيجارُ: شتێـکە وەکـوو صـەولەجان پێی لەتۆپ دەدرێ.

المِيجَـرُ: ئامێرێـکە دەرمـانی پـێ دەکرێتە قورگی نەخۆشەوە.

المَيجَرَةُ: بەمانا (المِجر)دێ.

الوِجَارُ: کونـە کـەمتیار، کونـە گـورگ، لانەی شێر ◊ کونە ڕێوی ◊ بـەزۆری بـۆ کونـە سـەگ بەکاردەهێنـدرێ ◊ دادڕاوێـکی زەوی کـەلافاوی گـەورە دابدڕببێ ◊ (ك: أوجرة ووِجَرٌ).

الوَجْرُ: شێوەیەکە لەئەشکەوت لەکێوو کەژ دا.

الـوَجْرَةُ: جاڵێـکە هەڵدەکەنـدرێ بـۆ گرتنی شێرو درندە.

الوَجُورُ: دەردێـکە لـەقورگ دا پەیـدا دەبێ.

وَجَـزَ فِي منطقـة يَجِـزُ وَجْـزاً ووجـوزاً: لەقسەکانی دا پەلـەی کـردو وتارەکـەی کورت کردەوە.

وَجَـزَ الكـلامَ: قسـەکە کـردەوە، کەمی کردەوە.

وَجُزَ فِي منطقه يَوْجُزُ وَجْزاً: لەقسەکانی دا پەلـەی کـردو وتارەکـەی کـورت کردەوە.

وَجُـزَ الكـلامُ: قسـەکە لەڕوانبێـژی دا کورتی هێنا.

اوجَزَ الكلامُ: قسـەکە بەلاغـەتی کـەم بوو.

اوجَـزَ فِي الأمـر: پەلـەی لەکارەکـەدا کردو درێژەی پێ نەدا.

اوجَزَ كلامـه: قسەکەی کورت کـردەوە، کەمێکی لەقسەکەی درکاند.

اوجَـزَ العَطِيَّـة: بەخشـشەکەی کـەم کردەوە ◊ خێرا بەخششەکەی پێ دا.

تَـوَجَّزَ الشَّيْءَ: شـتەکەی جـێ بـەجێ کرد ◊ داوای شتەکەی کرد.

اِسْتَوْجَزَ الكـلامَ: کەلامەکـەی کـورت کردەوە.

المِيجـاز: ئەوکەسـەی پرسـیارو وەڵام کورت دەکاتەوە.

الوَجْزُ من الرجال: پیاوێـك گـورج‌و گۆڵ بێ، کارەکانی زوو ئـەنجام بـدا ◊ زوو ببەخـشێ، گـیر نـەبێ ◊ حوشـتری تیـژڕۆ، خۆشـڕۆ ◊ خێـراو بەپەله ◊ قسەی کەمو سوك ◊ کاری ئاسان.

وَجَـسَ فـلان: فلانکـەس ترسـا لـەو خەیاڵەی بەدڵیا هات یان لەوهەواڵەی بەرگوێی کەوت.

وَجَـسَ فـلان وَجْـساً: فلانکـەس ترسانەکەی شاردەوە، هـەوڵی دا پێـی نەزانـدرێ کەدەترسـێ.

وَجَسَ الشَّيْئَ: شتەکە گوم بوو، نادیار بوو.

اوجَسَ فلان: فلانکەس ترس‌و بیم کەوتە دڵیەوە.

اوجَسَت الأذُنُ: گوێچکە دەنگێکی بیست.

اوجَسَ فلان الأمْرَ: فلانکەس کارەکەی شاردەوە.

اوجَسَ القلب شيئاً: دڵ هەستی بەشتێك کرد ◊ یان دڵ لەشتێك ترسا.

اوجَسَت الأذن صَوتاً: گوێچکە دەنگی بیست.

تَوَجَّسَ فلان: فلانکەس گوێی بۆ دەنگی نزم کلۆر کرد.

تَوَجَّسَ بالشَّيْئِ: هەستی بەشتەکە کردو گوێی خۆی بۆ هەڵخست.

تَوَجَّس فلان الأمْرَ: فلانکەس کارەکەی شاردەوە پەردەپۆشی کرد.

توجَّس الصَّوْتَ: گوێی بۆ دەنگەکە هەڵخست ◊ یان گوێی لێ بوو لێی ترسا.

تَوجَّسَ الطعامَ او الشرابَ: کەم کەم تامی خواردنەکە یان شلەمەنییەکەی کرد.

الأوجَسُ: خۆراك‌و ئاوو شلەمەنی کەم ◊ لەسیاقی نەفی دا بەکاردێ ◊ دەگوترێ: (ماذقت عنده أوجس) ◊ یان دەگوترێ: (لا أفعل ذلك سجيس الأوجس): تادونیا دونیا بێ من ئەوشتە ناکەم.

الأوْجُسُ: بەمانا رۆژگار دێ ◊ دەگوترێ: (لا أفعل ذلك سجيس الأوجُس).

الواجِسُ: هەست کردن بەدڵا هاتن ◊ خەتەرەی دڵ.

الوَجْسُ: دەنگی نزم.

وَجِعَ فلان يَوْجَعُ وَجَعاً: فلانکەس نەخۆش کەوت ئازاری لێ پەیدا بوو.

وَجَعَ فلانٌ راسَه او بَطْنَهُ: فلانکەس سەری هێشا یان سکی هێشا ◊ (فهو وجِعٌ وهي وجِعَة).

اوجَعَ فلان في العَدُوِّ: فلانکەس فرسەتی لەدوژمن هێنا زەبری کاریگەری لێدا.

اوجَعَ المرضُ او الضربُ: نەخۆشییەکە یان لێدانەکە ئازاری زۆری بەفلانکەس گەیاند.

تَوَجَّعَ فلان: فلانکەس هاتوهاوارو دادو فیغانی کرد.

تَوَجَّعَ لفلان: ناخ‌و ئۆفی بۆ ئەوکارەساتە خوارد کەبەسەر فلان دا هات، پەرۆشی بوو، خەفەتی بۆخوارد ◊ لاوانەوەی بۆ کرد.

الوَجَعُ: ناوێکی گشتییە بۆ هەموو ئێش‌و ئازارێک کەلەجەستەدا پەیدابێ ◊ (ك: أوجاع) ◊ (الوَجْعاءُ): فنگ ◊ (ك: وَجْعاوات).

الوَجيعُ: بەئێش ◊ بەئازار ◊ دەگوترێ: (ضرب مُوجِعٌ).

وَجَفَ الشَّيْئُ يَجِفُ وَجْفاً: پەشۆکا، لەگرێزنە چوو.

وَجَفَ البعير او الفرسُ: حوشترەکە یان ئەسپەکە خێرا ڕۆیی.

وَجَفَ القلبُ: دڵەکە کەوتە لێدانی خێرا ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿قُلُوبٌ يَوْمَئِذٍ وَاجِفَةٌ﴾.

وَجَفَ فلان: فلانکەس لەترسا کەوت ◊ (فهو واجف وهي واجفة).

اوجَفَ السائرُ: ڕێبوارەکە بەپەلە ڕۆیی، پەلەی کرد لەڕۆیین دا.

اوجَفَ فلان فلاناً: فلانکەس فلانی هەڵنا بۆ کارێك.

اوجَفَ فلان دابَّته: فلانکەس وڵاخەکەی دەنە دەنە دا بۆ ڕۆیشتن.

اوجَفَ الشَّيْئَ: شتەکەی جوڵاند.

اوجَفَ الباب: دەرگاکەی داخست.

استوجَفَهُ: بردی ◊ دەگوترێ: (إستوجَفَ الحُبُّ فؤادَه): دڵداری‌و عیشق دڵی بردوە.

الميجافُ: دەگوترێ: (دابة ميجاف): وڵاخێکە خۆشڕۆو خێرا ڕۆیە.

وَجَلَهُ يَوْجُلُهُ وَجْلاً: لەترس‌و بیم دا بەسەری دا زاڵ بوو.

وَجِلَ يَوْجَلُ وجلاً: ترسا، زەندەقی چوو ◊ (فهو أوجل ووَجل وهي وَجِلَةٌ).

وَجُلَ يَوْجُلُ وَجَلاً ووجالَةً: گەورە بوو ◊ هەڵچوو.

اوجَلَهُ: ترساندی.

واجَلَ فلاناً: لەترسان‌و بێ ورەیی دا پێشبڕکێی لەگەڵ فلان کرد.

المَوْجَلُ: چاوگی (وَجَلَ)یە ◊ بەردێکی لوسەو مەیلەو نەرمە واتە بەردە قسڵ.

المَوْجِلُ: شوێنی ترس ◊ جاڵێکە ئاوی تێدا رادەوەستێ.

الوُجولُ: پیران، پیرەکان.

الوَجيلُ: جاڵێکە زەلکاوێکە ئاوی تێدا کۆدەبێتەوە.

وَجَمَ يَجِمُ وَجْماً ووجوماً: بەرق هەڵساوی بێدەنگ بوو ◊ روی خۆی گرژ کردو سەری دانەنەواندو بێدەنگ بوو جۆش داماو بەخەم باری خۆی خواردەوە.

وَجَمَ الشَّيْئَ: شتەکەی ناخۆشویست ◊ (فهو واجِمٌ).

وَجَمَ عنه: لەترسا بێدەنگ بوو ◊ (فهو واجم).

وَجَمَ فلاناً: مستەکۆڵەی لەفلاّن دا.

الوَجْمُ: جەند کەڵەك و بیناو شتی وەهان دەکرێنە نیشانە بۆ ڕێگای چۆڵەوانی و سارا ◊ بەردی گەورە ◊ دەشگوتریّ: (رجل وَجْمٌ): پیاوێکی هیچ و پوچە ◊ (بیت وجم): خانوی گەورە ◊ (ك: أوجام ووجوم).

الوَجْمُ: بەخیل و ڕژد ◊ جەستە بچکۆلە و ناکەس بەچە ◊ کەڵەکە بەرد ◊ بەردی کۆکراوە و سەریەك نراو لەسەر کۆختە و سەنگەرو شتی وادا ◊ بەردی سەریەك نراو بۆشارەزایی کردن و نیشانەی ڕێگای دەشت و چۆڵەوانی ◊ (ك: آوجام ووجوم) ◊ دەشگوتریّ: (رجُلٌ وَجَمٌ): پیاوی خوێڕی و خراپ.

الوَجَمَةُ: جنێو.

الوَجيم من الأيام: ڕۆژگاری زۆرگەرم.

الوَجِيمَةُ: بژێو.

وَجَنَ بالشيئ يَجِنُ وَجْناً: هاویشتی.

وَجَنَ به الأرضَ: بەزەوی دادا کێشای بەزەوی دا.

وَجَنَ الوَتَدَ: سینگەکەی داکوتا.

وَجَنَ القِصّار الثَّوْبَ: جل شۆرەکە جلەکانی کوتان.

تَوَجَّنَ فلان: فلاّنکەس زەلیل و ملکەچ بوو.

الأوجن: کوڵم گەورە، ڕومەت پان.

المُوجَّنُ: کوڵم گەورە، گۆشتن و قەڵەو.

الموجونة من النساء: ئافرەتی شەرمن.

المِيجِنة: ئەو کوتکە دارەیە کە جلشۆر جلی پێ دەکوتێ بۆ ئەوەی باش پاك بێتەوە ◊ (ك: مواجن ومياجن).

الوَاجِنُ: زەوی ڕەقەڵان و پتەو.

الوَجْنُ: بەمانا (الوَاجنُ)دێ.

الوَجَنُ: بەمانا (الواجن)دێ.

الوَجناء: کوڵم گەورە ◊ کوڵم گۆشتن.

الوَجْنَةُ: گوڵم، خرابی ڕومەت.

الوَجَنَةُ: بەمانا (الوجْنَةُ)دێ.

الوَجِينُ: زەوی ڕەقی پتەوو تونـد ◊ بەرد ◊ کەناری ڕوبار.

وَجَهَ فلان فلاناً عند الناس: فلاّنکەس لەناو خەڵك دا لەفلاّنکەس زیاتر جێی باوەڕو متمانە بوو.

وَجَهَ فلاناً: لەڕوی فلاّنکەسی دا، بەڕوی فلاّن دا چۆوە، بەرەو ڕوی فلاّن بۆوە.

وَجُهَ فلان يَوْجُهُ وَجَاهَةً: فلاّنکەس بوو بەخاوەن ڕێزو قەدر لای خەڵك ◊ (فهو وجيه) ◊ (ك: وُجَهاء) ◊ (وهي وجيهة) ◊ (ك: وجاه).

أوْجَهَت المرأةُ: ئافرەتەکە لەسك و زا وەستایەوە.

أوجَهَ فلان فلاناً: فلاّنکەس فلاّنکەسی

کرده پیاو ماقوڵ ٥ یان لای خەڵك باسی پیاوەتی ئەوی کردو رێزی بۆ پەیدا کرد ٥ گێڕایەوە ٥ بەپیاو ماقوڵی لەقەڵەم دا.

واجهه موجهة ووجاهاً: چاوپێکەوتنی لەگەڵ دا کرد ٥ ڕوبەڕوی بۆوە ٥ بەڕوی خۆش و قسەی شیرین پێشوازی لێ کرد.

وَجَّهَ: ملکەچ و ژێربار بوو ٥ دەگوترێ: (قاد فلان فلاناً فوجَّهَ): فلان رابەرایەتی فلانی کرد ئەویش گوێ بیسی بوو شوێنی کەوت.

وَجَّهَ المولود: منداڵەکە لەکاتی لەدایکبوونی دا سەرمتا دو دەستی لەمنداڵدانی دایکیەوە هاتنەدەر.

وَجَّهَ الی الشَّیْئ: ڕوی لەشتەکە کرد.

وَجَّهَ فلاناً فی حاجة: بۆ ئەنجامدانی کارێك فلانکەسی نارد ڕوی پێ لەشتەکە کرد.

وَجَّهَ الشَّیْئَ: شتەکەی خستە لایەك لەبەرێکەوە دایِنا.

وَجَّهَ النَّخْلَة: نەمامەخورماکەی بەرەو شەماڵ توزێ خواری چەقاند بایەکە ڕاستی کردەوە.

وَجَّهَ النَّاسُ الطریقَ: خەڵکەکە بەرێگا کەدا ڕۆیشتن تا بەتەواوی شوێن پێیان دەرکەوتو ڕێگاکە ڕون بۆوە.

وَجَّهَ المطرُ الأرضَ: زەویەکە ڕوی زەوی قەڵاشتەوە کاری تەواوی لێ کردو پێیدا ڕۆیشتە خوار.

وَجَّهَت الریحُ الحَصَی: ڕەشەبایەکە بەردە وردەو زیخەکەی رادا.

وَجَّهَ فلاناً: فلانکەسی خستە سەر ڕێبازێکی تایبەتی.

إتَّجَهَ الیه: ڕوی تێکرد.

تواجها: ڕوبەڕوی یەك بون.

تَوَجَّهَ: بۆ موطاوەعەی (وَجَّهَهُ)دێ.

تَوَجَّهَ الجیش: سوپاکە شکا.

تَوَجَّهَ الشیخ: پیرەمێردەکە کەنەفت بوو.

تَوَجَّهَ الیه: بۆلای چوو ٥ بەرەو ڕوی هات.

تَوَجَّهَ جِهَةَ کذا: چو بۆلای ئەو شوێنە.

التِّجَاهُ: ئەو شوێنەی بەرەو ڕوی دەچی ٥ دەشگوترێ: (قعدت تِجاهَكَ): بەرامبەرت دانیشتم.

التوجیه: لەبواری شیعردا بزوێنی پیتی پێش ڕەویە ٥ لەبواری بەلاغەدا هێنانی کەلامو ڕستەیە بەشێوەیەك دومانای دژ بەیەك هەڵبگرێ.

الجِهَةُ: لایەن و دەفەرو ناحیە ٥ ئەوشوێنەی بۆی دەچی و کردوتە

بـەنامانجی خـوّت ٥ (ك: جهـات) ٥ دەشگوترێ: (ماله جهة في هذا الأمر): لەم کارەدا ئـەو هـیچ بەرنامەیـەکی ئاشکرای نیە نازانـێ چۆن کارەکـەی جێ بەجێ دەبێ.

المُوجَّهُ: خاوەن رێزو شکۆمەند.

الوِجَاهُ: بەمانا (التِجاه)دێ ٥ دەگوترێ: (داری وِجَـــاه دارك): خانوەکـــەم بەرامبەر خانوەکەتە ٥ دەشگوترێ: (هـم وجـاه الـف): ئـەوان نزیکـەی هەزار کەس دەبن.

الوَجَاهَةُ: پاوان‌و حورمەت.

الوَجْـهُ: دەم‌و چـاو ٥ گـەورەی هـۆزو خـــێڵ، پیـــاو مـــاقوڵی خێـــزان ٥ هەرشتێـــك بەرامبـــەرت بـــێ، روی لێت بێ ٥ خودی شت‌و زاتی شت ٥ قورئان دەفەرموێ: ﴿كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّـــا وَجْهَـــهُ﴾ ٥ دڵ‌و دەرون ٥ لەحـــەدیـــث دا هـــاتووە: (لَتُـــسَوُّنَ صفوفكم أو ليخالفَنَّ بين وَجُوهَكم) ٥ وشـــەی (وجـــوهكم): بـــەمانا (قلـــوبكم)دێ ٥ هـــەروا نـــاوە بـــۆ سەرەتای رۆژگـار، بۆسـەرەتای رۆژ ٥ بۆ نوێـژی بـەیانی ٥ بـۆ ئەوبەشـەی دەبینـــدرێ لـــەڕوی ئەســـتێرە، لەپۆشـــاك، روی دەرەوەی، لـــەخانو ئـــەو ڕوەی کـــە دەرگـــای ســـەرەکی تێدایە ٥ چۆرێـك ئاو ٥ شکۆمەندیی ٥ مەبەسـت ٥ راسـتی‌و دروسـتی ٥ دەگـوترێ: (لـــیس لکلامـــه وجـــه): قسەکەی لایـەنی راستی تێدانییـە ٥ لەبواری قسەکردن‌و نوسین دا ئـەو ڕێبازەیـە دەیگریـە بـەرو پـەپرەوی دەکەی ٥ هەروا بەمانا جۆرو بەش‌و شێوە دێ ٥ دەشگوترێ: (رجـل حُـرُّ الوَجْـهِ وعبـد الوجـه وسَـهْل الوَجْـهِ) واتـە: دەم‌و چـاوی تـەختن کـوڵمی خـرنین، کـوڵمی بـەرز نەبۆتـەوە ٥ هەروا دەگوترێ: (رجل ذو وجهين): پیاوێـــــکی دوڕووە لای ئـــــەم قـــسەیەك‌و لای ئـــەو پێـــچەوانەی قـسەی پێـشووی دەدوێ ٥ (ووجـــوه القرآن): واتە: ماناکانی قورئان.

الوُجَهَـةُ: لایـــەن‌و دەفـــەرو ناحیـــە ٥ ئەوشـــوێنەی روی تـــێ دەکـــەی‌و دەیکەیتـــە ئامـــانج ٥ هەرشوێنێـــك روی تێکەی ٥ ڕۆگەی نوێزو قیبلە.

الوَجيه: شکۆمەند ٥ ریش سپی خێڵ‌و هـــۆز ٥ (ك: وجهـــاء): منداڵێـــك کەلـــەکاتی لـــەدایکبوونی دا دوو دەســـتی بێنـــە دەر ئـــەمجار بـــاقی جەســـتەی بێتـــە دەر ٥ جوانـــوە ماینێك لەکاتی هاتنە دەرەوەی دوو دەستی بەیەکـەوە بێنـەدەر ئـەمجار باقی جەستەی.

وجاه يجيه وجياً: بەبێ خێرو هیچو پوچی زانی.

وَجِـــيَ يَـوْجى وجـىً: بـــەهۆی زۆر رۆیشتنەوە سمی سوانو تـەنك بـوون ◊ (فهو وَجٍ ووَجِيّ وهي وجياء).

اوجى عَنْ كذا: مانی لەوشتەگرت.

اوجى الصائِدُ: ڕاوکەرەکە نـەیتوانی نێچیر بگرێ هیچی دەست نەکەوت.

اوجـى حـافر البئـر: بیرهەڵکەنەکـە گەیشتە ڕەقاییو نـەیتوانی چیدی بیرەکە قوڵ بکا.

اوجـى علـى فـلان: جـرۆکیو ڕژدی لەگەڵ فلانکەس کرد.

اوجى فلاناً: فلانکەسی بـەهیچو پـوچ هاتە بەرچاوو بەبێ خێرو بێر بـوو ◊ نەیهێشت بەئامانجی خۆی بگا.

اوْجَى فلان عَنْ فـلان الظلمَ ونحوه: فلانکـــەس زوڵـــەو زۆری لـــەفلان دوورخـــــستەوەو نەیهێـــــشت بیچەوسێنێنەوە.

تَوَجَّى: بەمانا (وَجِيَ)دێ.

وَحَدَ يَحِدُ حِدَةً ووَحْداً ووحوداً: تـاك بۆوە.

وَحَدَ الشَّيْئَ: شتەکەی تاك کردەوە.

وَحَدَ يَوْحَدُ وَحْداً: بەتەنیا مایەوە.

اوحَـدَت المـرأةُ: نافرەتەکـە یـەك منداڵی بوو ◊ دەشگوترێ: (أوحـدت الشاةُ): مەڕەکە یەك بێچوی بوو.

اوحَـدَتْ المـرأة بإبنهـا: ئافرەتەکـە منداڵێکی بوو تاقانەو بێ وێنە.

اوْحَدَ الله فلاناً: خودا فلانکەسی کردە تاقانـەی ڕۆژگـاری خـۆی بەتـەنیا هێشتیەوە.

اوْحَدَ الشيْئَ: شتەکەی تاك کـردەوە ◊ دەشگوترێ: (أوحَـدَ النـاسُ فلانـاً): خەڵکەکـــە فلانکەســیان بەتـــەنیا هێشتەوە ◊ بەتەنیا جێیان هێڵا.

وَحَّـدَ اللهَ سبحانَهُ: بـڕوای بـەوەهێنا کەخودا تاكو تەنیایە.

وَحَّـدَ الـشَّيْئَ: شـتەکەی تـاك کـرد بەتاکی زانی.

إتَّحَدَ: تاك بۆوە.

إتَّحَدَ الشيئان او الأشياء: شتەکان بوون بەیەك شت.

تَوَحَّدَ اللهُ بِرُبوبيته وجلاله وعظمته: خـودا تـاكو تەنهایـە لەخودایـەتیو لەشکۆمەندیو گەورەیی دا.

تَوَحَّـدَ فـلان: فلانکـــەس بەتـــەنیا مایەوە.

تَوَحَّدَ برايه: تاکڕەوی کرد.

تَوَحَّدَ اللهُ تعالى فلاناً بعصمته: خودا فلانکەسی پاراستو چاودێری کرد.

اِسْتَوْحَدَ: بوو بەیەك.

الأحد: یـەك، تـاكو تـەنها ◊ بـۆ نێـرو

مێ ٥ لەدوو شوێن دا لەگەڵ وشەی (الواحد)دا یەك دەگرن ٥ یەکەمیان کەدەکرێ بەناوەڵناو بۆ پەروەردگار دەگوترێ: (هو الواحد وهو الأحد) وەلێ ناکرێ بەناوەڵناوی غەیری خودا، واتە ناگوترێ: (رجل أحد) ٥ دوهەمیان لەناوەکانی ژمارەدا، دەگوترێ: (أحد وعشرون وواحد وعشرون) ٥ جگە لەم دووشوێنە جودا وازی لەنێوان وشەی (أحد وواحد)دا هەیە، وشەی (أحد) لەسیاقی نەفی‌و ئینکاری دا بەکاردەهێندرێ دەڵێی (ماقام أحد، ماقام أحد الثلاثة)، وەلێ وشەی (واحد) لەسیاقی ئیپبات دا بەکاردێ، دەڵێی: (جاءني واحد من القوم).

الأحديّة: تاك‌و تەنهایی، سیفەتێکە لەسیفەتەکانی خودا، واتە زاتی پاکی پەروەردگار لەهەموو رویەکەوە تاك‌و تەنهاو بێ وێنەیە تەعەدودو تەرکیبی تێدانییە.

الأوحد: (الله الأوحد): خودای تاك‌و تەنها لەهەموو رویەکەوە بەهەموو مانایەك بێ وێنەو بێ هاوتا ٥ دەشگوترێ: (فلان أوحد زمانه): فلانکەس تاکە پیاوی رۆژگاری خۆیەتی.

التوحيد: یەکتاپەرستی ٥ خودا بەیەکناسین ٥ دوورخستنەوەی زاتی خودا لەهەر شێوەو وێنەیەك بەزیهن‌و خەیاڵ دا دێ ٥ هەرچی تۆ تەصەوری بکەی لەشێوەو وێنەی خودا لەوە دوورەو مونەزەهە ٥ (مذهب التوحيد): لەبواری فەلسەفەدا دانانە بە هەبوونی یەك خودا بۆ بونەومر.

توحيد النمط: لەبواری ئابووری سیاسی دا ئەوەیە کارگەکانی نمونەیەك یان چەند نمونەیەکی کەم بەرهەم بێنن لەکاڵا ٥ (علم التوحيد): زانیاری‌و لێکۆڵینەوە لەبواری عیلمی کەلام دا.

الحِدَّةُ: دەگوترێ: (هذا الشَّيْ على حدته): ئەمە لەسەر باری خۆیەتی، وەکوو خۆی وایە.

المُوَحِّدُ: نەو پیتانەن یەك خاڵیان هەیە وەکوو (ف، ب، ن) ٥ (موحّد الحواص): لەبواری سروشت دا بەقەبارەیەك دەگوترێ یان بەناوەندێك دەگوترێ لەهەموو لایەك تایبەتمەندییەکانی وەکوو یەکبن.

مَوْحَدَ: دەگوترێ: (دخلوا مَوْحَدَ

مَرْحَدَ): یەك یەك هاتنە ژوورەوە.

المیحاد: چەند تەپۆلکەو کۆمەڵە گڵی لێك جیابۆوە.

الواحد: ناوەڵناوی خودای پەروەردگارەو بەمانا تاك و تەنهاو بێ هاوەڵەودووەمی نییە ٥ یەکەم ژمارەی حیسابو نەژمار ٥ پێشکەوتوو زیرەك لەبواری زانستێك دا یان لەبوارێك لەبوارەکانی ژیان دا ٥ واتە تاقانەی نەوشتە، تاکەکەس لەو بوارەدا ٥ یان بەشێك لەشت ٥ (ك: وُحدان أُحْدان) ٥ دەشگوترێ: (فلان واحد الأحدين، واحد الآحاد، واحد أمه، واحد الدهر).

الواحِدِيّة: لەبواری فەلسەفەدا رێبازێکە بونەوەر دەباتەوە سەریەك بنەما وەکوو گیانی مەحض یان سرووشتی مەحض.

وُحَادَ: دەگوترێ: (دخلوا وُحاد وُحادَ): یەك یەك هاتنە ژوورەوە.

الوَحْدُ: چاوگە، تەنیەو جەمع ناکرێتەوە ٥ دەگوترێ: (رأيته وَحْدَهُ، ورأيتها وحدها).

الوَحَدُ: کەسێك بنەچەو نەژادی نەزاندرێ.

الوَحْدانِي: نیسبەتدانی یەکێکە بۆلای تەنیایی تەرەبوو لەکۆمەڵو تاکرەوو خود پەسەند ٥ لەحەدیث دا هاتووە: (شرُّ أمتي الوحداني المعجب بدينه المرئي بعمله).

الوَحْدانِيَّةُ: چاوگی دروستکراوە ٥ (مصدر صناعي)یە دەکرێتە صیفەتێك لەصیفەتەکانی پەروەردگار واتە هیچ شتێك هاوبەشی خودانیە لەماهیەت و صیفاتو شکۆمەندی دا، خۆی تاکە خودایە کە بونەوەری بەدی هێناوەو هەڵیدەسورێنێو بەڕێوەی دەبا.

الوَحْدَة المربعة: فەبارەیەکی چوارگۆشە کە هەموو لایەکی یەك مەتر بێ ٥ واتە هەموو بوعدەکانی بەئەندازەی یەکترین ٥ لەبواری سیاسی دا بریتییە لەیەکیەتی دووگەڵو نەتەوە یان زیاتر لەچوار شتی سەرەکی دا (سەرۆکایەتی، رامیاریی، سوپا، ئابوری).

وحدة النقد: لەبواری ئابوری سیاسی دا بریتییە لەکێشێکی نەگۆڕو دامەزراو لەمەعدەنێکی تایبەتی دا بەقانون فەبارەو وەزنو شێوەی دیاریی دەکرێ.

الوَحيد: تاقو تەنیا ٥ تاقەوە بوو.

وَحِرَ يَوْحَرُ وحَراً: بەرماوەی سەرمازەڵەی خوارد یان خواردەوە نەوشتەی

سەرمازەڵە لێی خوارد بوو یان لێی خواردبۆوە نەم خواردی بۆیە ژەهرەکەی کاری تێکرد.

وَحِرَ الطعامُ: خۆراکەکە سەرمازەڵەی تێکەوت.

وَحِرَ صَدْرُ فلان علی فلان: دڵی فلانکەس لەفلان کرمێ بوو ◊ بوغزو کینەی لێ هەڵگرت.

اوْحَرَت الوَحَرَةُ الطعامَ: سەرمازەڵە بەسەر خواردنەکەدا رویو ژەهراوی کرد هەرکەسێ لێی بخوا توشی رشانەومو سکچون دەبێ، یان دەمرێ.

اوْحَرَ فلاناً: قسەیەکی ناخۆشی بەگوێی فلان دا چپاند ◊ قسەیەکی ناخۆشی پێ گوت.

الوَحْرُ: حیقدو کینە ◊ رق و کینە ◊ غەش و فێڵ ◊ رق هەڵسانی زۆر ◊ دوژمنایەتی ◊ ختوکەو وەسوەسەی دڵ.

الوَحَرُ: بەمانا (الوَحْرُ)دێ.

الوَحَرَةُ: سەرمازەڵەو قۆڕێ کەلەبیابانەدا دژی ◊ پێڕۆیەکە لەسەرشێوەی بوکە خاتونکەیەکی بەڵەك، کلکێکی باریکی هەیە، بەسەر هەرشتێك دا بڕوا ژەهراوی دەکا لەهەرشتێك بخوا بەرماوەکەی ژەهراوی دەبێ هەرکەسێك لەوشتە بخوا سکی دەچێ یان دەڕشێتەوە یان دەمرێ ◊ رەنگی سپیبە خاڵی سووری تێدان عەرەب بێزیان لێیەتی و نایخۆن ◊ هەروا وشەی (وَحِرَة) ناوە بۆ حوشتری کورت ◊ دەشگوترێ: (إمرأة وَحِرَة): ئافرەتێکی رەش پێستو ناشرینە ◊ یان سووری کورتە باڵایە.

وَحَشَ فلان بثوبه وسلاحه ونحوهما: فلانکەس پۆشاکەکەی یان چەکەکەی فڕێ دا، داینا.

وَحِشَ فلان الشَيْئَ يَوْحَشُ وحشةً: فلانکەس هەستی بەدڵتەنگی و ناخۆشی کرد.

وُحِشَ المكانُ: شوێنەکە وەحشو جڕو جانەومری زۆر بوون ◊ دەشگوتری: (أرض مُوَحِشة): زەویەکی وەحشو جڕو جانەومراوییە.

اوْحَشَ فلانٌ: فلانکەس تێشوەکەی بڕایەومو برسی بوو.

اوحَشَ المكانُ: شوێنەکە چۆڵ بوو کەسی تێدانەما ◊ وەحشو جڕو جانەومری زۆر تێدابەیدا بوو.

اوحَشَ فلاناً: فلانکەسی والێ کرد دڵتەنگو خەفەتبار بێ.

اوحِشَ المكانَ: شوێنەکەی چۆڵی و کەس تێدا نەماوی بینی.

وَحَّشَ فلان بثوبه وسلاحه: فلانکەس پۆشاک و سیلاحی خۆی فڕێ دا، داینان.

تَوَحَّشَ فلان: فلانکەس پۆشاکی خۆی داکەند، فڕێی دا ◊ برسی بوو.

تَوَحَّشَ جَوفُهُ: ناوسکی هیچ خۆراکی تێدانەما خاڵی بوو.

تَوَحَّشَ للدواء: گەدەی خۆی خاڵی کرد بۆئەوەی خڵتەو پڵتەی ناو ڕەگی لەشی بەناسانی بێتەدەر.

تَوَحَّشَ المكان من اهله: وڵاتەکە لەدانیشتوانەکەی خاڵی بوو.

اوْحَشَتِ الأرض: زەوییە خاڵی بوو لەئادەمیزاد.

اسْتَوْحَشَ فلان: بۆ موطاوەعەی (أوحشه)دێ ◊ هەستی بەدڵتەنگی و ناخۆشی کرد.

اسْتَوْحَشَ منه: وەگری نەبوو، لێی تەڕەبوو، چووە پاڵ حەیواناتی کێوییەوە ◊ وەکێوی کەوت.

الحِشَةُ: زەوی وڕان و کەس تێدانەماوو چۆڵ.

الوَحْشُ: کوی (وحشي)یە ◊ نەو حەیوانە کێوییە یە وەگری ئادەمیزاد نەبێ و لەگەڵی رانەبە ◊ (ك: وحوش، ووحشان) ◊ دەشگوترێ: (حِمار وحش وحِمار وحشي) ◊ دەشگوترێ: (بات وحشاً): شەو بەبرسیەتی سەری نایەوە، هیچی نەخواردو گەدەی بەخاڵی مایەوە ◊ (مشى في الأرض وحشاً): بەتەنیا بەناو وڵات دا گەڕا کەسی لەگەڵ نەبوو ◊ (مكان وَحْش): وڵاتێکی چۆڵ و خاڵی لە مرۆڤ.

الوَحْشَةُ: زەوی چۆڵەوانی ◊ خاڵی لەمرۆڤ و ئاوەدانی.

الوَحْشَةُ من الناس: دابڕان لەکۆمەڵی ئادەمیزادو تەرە بوون ◊ گۆشەگیری ◊ ترسان ◊ غەمناکی.

الوَحْشِيّ: تاکی (الوَحْش)ە ◊ لای راستی هەرشتێک بێ ◊ ئەوبەشەی دەست و قاچ کەڕوناکەنە خاوەنەکەی ◊ هەنجیرە کێویلە لەهەر ڕەنگێ بێ ڕەش و سوور و سپی.

الوَحِشُ: هەر ئاژەڵ و گیانلەبەرێکی کێوی کەمااڵی نەبێ.

وَحَصَهُ يَحِصَهُ وَحْصاً: رایکێشا.

الوَحْصُ: زیپکە کەلەڕوخساری ئافرەتی جوان دا دەربکەوێ.

الوَحْصَةُ: سەرما.

وَحَفَ يَحِفُ وحفاً: خۆی بەزەوی دا دا.

وَحَفَ البعيرُ: حوشترەکە پەلەی کرد.

وَحَفَ منه: لێی نزیک بۆوە.

وَحَفَ اليه: چو بۆلای، کردی بەئامانجی خۆی ◊ لای دانیشت.

وَحِفَ النباتُ والشَّعْرُ: گزوگیایەکە یان قژەکە چڕو پڕ بووون، بنکی داکوتا، ڕەش بووون.

وَحُفَ النباتُ والشَّعْرُ: بەمانا (وَحِفَ)دێ.

اوْحَفَ: پەلەی کرد.

اوحَفَ اليه: چو بۆلای، لای دانیشت ٥ بوو بەمیوانی.

وَحَّفَ: خۆی بەزەوی دادا ٥ دەگوترێ: (وَحَّفَ البعيرُ): حوشترەکە لەڕۆیشتن دا پەلەی کرد.

وَحَّفَ الشَيْئَ: بەگۆچانو عەصا شتەکەی کوتا.

المُوَحَّفُ: حوشتری لەڕو لاواز.

المَوْحِفُ: ئەوشوێنەی حوشتر تێیدا پیخ دەدرێ.

الوَاحِفُ من النبات والشَّعْر: ڕوەکو موو ئەگەر زۆر چڕو پڕبن رش بنوێنن ٥ باڵی باڵندە کەپەڕی زۆربن ٥ دۆڵچە کەسیرمەی بچڕابنو دووی مابن.

الوَحْفُ من النبات والشَّعْر: بەمانا (الوَاحِف)دێ ٥ هەروا ناوە بۆ باڵی باڵندە کە پەڕو پۆڵی زۆر بن.

الوَحَفُ: قژی پڕو ڕەش ٥ باڵی باڵندە کە زۆری پەڕو پۆڵ پێوەبن ٥ گیاوگژ چڕو پڕو تێک هاڵاو بێ ٥ بنکو ڕەگی بەهێزو پتەو بن.

الوَحْفاءُ: زەویەک بەردی ڕەشی تێدابنو بەردەڵانو حەڕەنەبێ.

الوَحْفَةُ: تەپۆلکەی خڕو بەرزو ڕەش ٥ گاشە بەرد لەناو شیوو دۆڵ دا ٥ دەنگ بەگشتی.

وَحَلَ فلان فلاناً يَحِلُهُ وَحْلاً: فلانکەس لەفلان باشتر ڕۆچو.

وَحِلَ يَوْحَلُ وَحَلاً: کەوتە ناو قوڕەوە کەوتە پەلە پەلی خۆڕزگار کردن.

اوْحَلَهُ: خستیە ناو قوڕەوە.

اوحَلَ فلاناً شَرّاً: فلانکەسی توشی شەڕکردو تێیەوە پێچا.

واحَلَهُ: پێشبڕکێی لەگەڵ دا کرد لەچوونە ناو قوڕو لیتەوە ٥ دەگوترێ: (واحله فرحَلَهُ) لەچونە ناو قوڕو ڕاکردن تێیدا پێشبڕکێیان کرد یەکیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ بوو.

تَوَحَّلَ: بەمانا (وَحَلَ)دێ.

تَوَحَّلَ المكانُ: شوێنەکە بوو بە قوڕو لیتە.

استوحَلَ المكانُ: بەمانا (تَوَحَّلَ)دێ.

المَوْحِلُ: شوێنی قوڕاوی.

الوَحَلُ: قوڕ (قوڕە لیتە قوڕی شل کە قاچی پێدا ڕۆبچێ) ٥ (ك: اوحال ووحول).

وَحَمَت الحُبْلى: نافرمته سك پرمكه بێزوی كردن، حەزی لەجۆرە خواردنێك بوو.

وَحِمَ الرجُل: پیاومكه زۆری حەز لەشتێك بوو، حەز لێ بونەكەی لەسنور دەرچوو ٥ (فهو وَحِم وهي وحمى).

وَزَّعَ الصحيفة او المجلة: رۆژنامە یان گۆڤارەکەی بەسەر خوێنەرانی دا دابەش کرد.

وَزَّعَ البريدَ: بەریدەکەی دابەشکرد نامەو نوسراوە فەرمیەکانی گەیاندنە شوێنی مەبەست.

وَزَّعَ الموسيقار اللحن: موسیقا ژەنەکە لەحنەکانی بەسەر ئامێرەکان دا دابەشکرد.

إِتَّزَعَ: بۆ موطاوەعەی (وَزَعَ)دێ.

تَوَزَّعَ القومُ الشَّيْئَ بينهم: خەڵکەکە شتەکەیان لەناو خۆیان دا دابەشکرد ◊ دەشگوترێ: (تَوَزَّعته الأفكار): بیرو بۆچونی جیاواز دابەشیان کردوە نازانێ کامەیان پەیڕەو بکا دەشگوترێ: (توزّعوا ضيوفهم): میوانەکانیان بەسەرخۆیان دا دابەشکردو بردیانناوە ماڵەوە هەر خانە خوێیەو کۆمەڵێکی میوان بەرکەوت.

استوزَعَه الأمرَ: کارەکەی خستە دڵیەوە، وای لێ کرد بیزانێ و پەیڕەوی بکا ◊ دەگوترێ: (استوزع الله شُكرَه): خودا یارمەتی داو وای لێ کرد سوپاس کردنی خودای لەلا شیرن بێ و بتوانێ ئەنجامی بدا.

الأوزاع: جەند تاقمو گرۆهێک، کۆمەڵی جیاجیا ◊ جەند خانویەکی دوورکەوتە لەکۆمەڵگای نادەمیزاد دروستکراو لەقەراخو بیجاخی شار.

التوزيع: دابەشکردن لەبواری ڕەسم گرتن دا بریتییە لەبەتاڵکردنی ڕەنگ لەڕوی تۆخیو کەمو زۆرییەوەو دابەشکردنی بەسەر بەشەکانی دا، هەروا دابەشکردنی سێبەرو ڕوناکی بەسەر وێنەکەدا بەشێوەیەکی ڕێک و پێک بەزۆری لەوێنەگرتنی ئادەمیزادو ئیعلاناتو شتی وا پەیڕەو دەکرێ.

المتَّزِعُ: نەفس بەرز.

المُوَزِّعُ: ئەوکەسەی نامەو نوسراوی پۆستە جیادەکاتەوەو دابەشیان دەکا یان ڕۆژنامەو گۆڤاری دەزگای چاپو بڵاوکردنەوە دابەش دەکا.

الوازع في الحرب: ئەوکەسەی سەرپەرشتی ڕیزەکانی سوپادەکا لەجەنگ دا ڕێزێک پێش دەخاو ڕیزێک دێنێتەوە دواوەو ڕێکیان دەخاتەوە بۆسەر لەنوێ چوونە پێشەوە ◊ (ابن وازع): ناوی سەگە ◊ (ك: وزعة ووُزّاع).

الوَزْوَعُ: هەڵنانو تەماع بەرنانە بۆ شتێک بۆ کارێک.

وَزَعَ به يَزِعُ وَزْعاً: پارچه پارچه فڕێ دا ◊ پـــچڕ پـــچڕ دەری دا ◊ دەگـــوترێ: (وَزَغـت الإبـل ببولهـا، وَزَغـت الطعنـة بالدم).

اوْزَعَ به: بەمانا (وَزَعَ)دێ.

وُزْعُ الجنين: کۆرپەلەکە لەسکی دایکی دا ئەندامـــەکانی ڕێـــک خـــران‌و شـێوەی ئـادەمی تێـدا دەرکـەوت‌و گیانی بەبەردا کراو جوڵایەوە.

الـــوَزَعُ: پیـــاوی زەعیـــف‌و هـــیچ لەبارانـــەبوو ◊ بوکـــە خاتونکـــە ◊ دەعبایەکـە وەکـوو مارمیلکـە وایـە پەڵـەی زەردو سـوری بەجەسـتەوە هەن.

الـــوَزَعُ: هەڵلـــەرزین وەشـــەقەتۆڵە کەوتن.

الوَزَغَةُ: بوکە خاتونکە.

وَزَفَ يـــزِف وَزْفـــاً: پەلـــەی کـــرد ◊ هەنگاوەکانی کورت کردنەوە.

وَزَفَ اليه: نزیك بۆوە.

وَزَفَ فلاناً وَزْفاً: پەلەی لەفلانکەس کرد.

اوْزَفَ: پەلەی کرد.

وازَفَ القـومُ: خەڵکەکـە هەریەکـەیان بەئەنـــدازەی هاوڵەکـــەی بـــژێوو خەرجی خۆی دەست نیشان کرد.

وَزَّفَ: پەلەی کرد.

توازَفَ القومُ: خەڵکەکـە هەریەکـەیان بەئەنـــدازەی هاوڵەکـەی خـەرجی‌و بـــژێوی دانـــا ◊ دەگـــوترێ: (توازفـوا بينهم): لەناو خۆیان دا مەسـرەفیان دانـا بۆئـەوەی بەیەکـەوە مەسـرەف بکەن ◊ لەیەکتر نزیك بوونەوە.

اوزَكَت المرأة: ئافرەتەکە پەلەی کرد.

اوزَكَتْ في مشيتها: بەشێوەی ناشیرین ڕۆیـــی ◊ ڕۆیـــشتنەکەی نەشـــیاوو ناشیرین بوو.

وَزَمَ يَـزِمُ وزمـاً: ڕۆژی یـەك ژەم نـانی خـوارد ◊ شـتی کـەمو چـکە چـکەی کۆکردەوە.

وَزَمَ الشَّيْئَ: شتەکەی کەل کرد، کەڵکی تێ کرد.

وَزَمَ فلاناً بفيه: فلانکەسی بەدەم گەست ◊ گازی سوکی لێ گرت.

وَزَمَ الدينَ: قەرزەکەی دایەوە.

وَزَمَ في ماله: کەمێـك لەماڵەکـەی فـەوتا، ڕۆیی تێداچوو.

وَزَّمَ نفسه: بڕیـاری دا ڕۆژی یـەك ژەم نان بخوا.

تَوَزَّمَ: قاچ پییا بەزەوی دا بەهێز بوو.

الوِزَامُ: پەلەو خێرا.

الـــوَزَامُ: گۆشـــتن‌و جەســـتە پـــڕو دامەزراوو ماسولکاوی.

الوَزْمُ: ئەندازە ◊ گورزە پاقلەو شتی وا ◊ نەوگۆشتەی هەڵۆ کۆی دەکاتەوە ◊

کارێك لەکاتی خۆی دا ئەنجام بدرێ.

الوَزْمَة: ئەندازە ◊ یەك ژەم نان خواردن لەڕۆژێك دا.

الوَزِيمُ: گورزە پاقلە ◊ ماسولکە ◊ دەگوترێ: (رجل وزیم): پیاوێکی گۆشتن‌و تێکسمڕاوە ◊ بڕژاو ◊ گۆشتی وشکەوەبوو ◊ گۆشتی کوتکوتکراو ◊ شۆربای پاشماوەو بنکڕ لەبنکی مەنجەڵ دا ◊ پاشماوەی هەرشتێك بێ.

الوَزِيمَة: باقە پاقلە، گورزە پاقلە ◊ طەلعی دارخورما قەڵشتی تێ بکرێ‌و تەلقیح بکرێ ئەمجار بەتوێکڵی دار یان بەشوڕکە دارێك ببەسترێ، ئەو توێکڵە دارە یان شۆڕکە دارەی بڕینی تەلقیحەکەی پێ دەبەسترێ ◊ پارچە گۆشت ◊ گۆشتی ڕان ◊ ئەوگۆشتەی هەڵۆ کۆی دەکاتەوە لەهێلانەکەی دا.

وَزَنَ الشَّيْئَ يَزِنُ وَزْناً وزِنة: شتەکە بااڵ بوو، بەرزبۆوە ◊ پاساوی هەبوو.

وَزَنَ الشَّيْئَ: شتەکەی کێشا بەهۆی تەرازو ئەندازەی قورسی شتەکەی دیاری کرد ◊ شتەکەی بەدەست بەرزکردەوە بۆئەوەی مەزندەی بکا بزانێ قورسی‌و سوکی چەندە ◊ شتەکەی مەزندە کرد ◊ دەگوترێ: (وَزَنَ الكلامَ).

وَزَنَ الشَّيْئَ: شتەکەی خەرساند، مەزندەی کرد ◊ دەگوترێ: (وَزَنَ ثَمَرَ النخلِ): بەری درەختەکە یان خورماکانی خەرساند.

وَزَنَ الدراهِمَ لَه: دیرهەمەکانی سکەدارکردن دوای کێشان سکەی بۆ لێدان.

وَزَنَ الشَّيْئَ درهماً: شتەکەی کێشانە کرد بەکێشی دیرهەم.

وَزَنَ نفسَه على الأمر: نەفسی خۆی رام کرد لەسەر ئەوکارە.

وازَنَ بين الشيئين موازنةً ووزاناً: هاوتایی‌و یەکسانی کرد لەنێوان دووشتەکەدا.

وازَنَ الشَّيْئَ الشَّيْئَ: کێشی شتەکەی بەئەندازەی کێشی ئەو لێکرد ◊ کێشی دوشتەکەی وەکوو یەك لێکرد.

وازَنَ فلاناً: پاداشی کردەوەکەی فلانی دایەوە.

اتَّزَنَ العدلُ: لاتایەکان بەرامبەر بوون لەقورسی‌و سوکی دا وەکوو یەك بوون.

إتَّزَنَ الشَّيئان: دووشتەکە لەکێشا وەکوو یەك بوون.

اتَّزَنَ فلان الدراهمَ: فلانکەس دوای

کێشان دیرهەمەکانی هەڵگرتن.

تـــوازن الـــشیئان: دووشـــتەکە هاوتابوون، یەکسان بوون.

الأوْزَنُ: دەگوترێ: (هذا القول أوزن من هذا): ئەم شتە لەم شتە بەهێزترە، چەسپاو ترە.

الإتـــــزان: لـــــەبواری وەرزش دا هاوکێشەیی و تـەوازن و راگرتنـی جەستەیە.

التـــوازن الإقتـــصادي: راگـــرتن و بەرامبـەری کـردن و دیـاری کردنـی نرخـی کاڵاکانـە وێـڕای بەرچـاو گرتنـی چـەند دیـاردەو هۆکارێـکی ئابوریی.

الرَّنة: کێش و ئەندازە ٥ لەحـەدیـثدا هـاتووە (سـبحان الله وبحمـده عـدد خلقه وزِنَةَ عرشه).

الموازنة: بودجـە (میزانیـة) ٥ لـەبواری ئـــابوریی دا تێـــکەو لێـــکەیەکە هەنـــدێ بـــانق ئـــەنجامی دەدەن، بریتییـە لـەکڕینی هەنـدێ بانقـە نـــەوتی بێـــگانە کـــە نرخییـــان دابـــەزیوە لەشوێنێـــک بـــۆ ئـــەوەی بیانفرۆشـێتەوە بەلایەنێـکی تـرو شوێنێکی تر کەنرخیان تێدا بـەرز بۆتەوە.

الموازين: کۆی (المیزان) واتە تەرازوو.

المـــوزون: (شـــیء مـــوزون): شـــتی کێشراوو ئەندازە زانراو.

الموزونـة: (إمـراه موزونـه): ئـافرەتی کورتە بالاو ژیرە.

الميزان: تـەرازو، نامێرێـکە شـتی پـێ دەکێـشرێ ٥ ئەنـدازەی کەسـایەتی و بـــەهای مرۆڤایـــەتی ٥ دەگـــوترێ: (إعرِفْ لكل إمرئ ميزانه).

الميزان الحسابي: لەبواری ئـابوری دا دیاریکردنی پارەی حکومەتە ئەوەی هەیەتی و ئەوەی قـەرزداری ولاتـانی تـرە ٥ ئەوەی هـی ئـەوەو قـەرزە لای ولاتان.

الميـــزان التجـــاري: روزنکردنـــەوەو دیـــاریکردنی نـرخـی نـــەو کاڵایـــەی ڕەوانـــەی دەرەوەی ولاتـــی کـــردوە ئەوەی هاوردەی کردوە.

الميزانية: بودجـە، سجیلێـکە تێیـدا واریـــداتی دەوڵـــەت یـــان هـــی کۆمپانیایـــەک بـــەراورد دەگـــرێ بەمەسـروفاتی جـا مانگانـە بـێ یـان ساڵانە بێ.

الـوازِنُ: (درهـم وازن): دیرهەمێـکە کێشی تەواوە خاوەن کێشە.

الوزانُ: دەگوترێ: (هـو بِرزانـه): ئـەوە بەرامبەر هاوکێشەی ئەوە.

الوزانة: دەگـوترێ: (هـو بِرزانـه): ئـەو

بەرامبـــەر ئـــەوە ◊ پیـــشەی شـــت کێشان، قەپانچییەتی.

الوَزّانُ: کەسێـك پیـشەی قەپانـچیەتی بێ.

الـوَزْنُ: کـــێش ◊ زوبـــانی تـــەرازو ◊ کۆمەڵـــە خورمایەکـــە پیاوێـــك نـــەتوانێ بـــەرزی بکاتـــەوە، پوشـــە خورمایەکە لەوڵاتی هەجەر وەکوو ئـامێری پێـوانو کێـشان بـەکاردێ ◊ لـەبواری شـیعردا جـۆرە کێـشێکە عـەرەب لەسـەر بڕگـەی ئـەو کێـشە شیعریان وتوە.

وَزْن الجبـــل: بەرامبـــەری کێـــو ◊ دەشـگوتری: (فـــلان راجـــح الـــوزن): فلاّنکـەس عاقڵمەنـدو رادروستە ◊ (مـا لفـــلان وزن): فلاّنکـــەس هـــیچ رێـــزو نرخێکی نییە.

الوَزْنُ النوعي: رێژەی کێشی جەستەو قەبارەیەکـــە بەرامبـــەر بەکێـــشی قەبارەیـــەك کەیەکـــسان بـــێ بەقەبارەی ئەو بەپێوەری ئاو.

الوَزْنَةُ: ئـافرەتی گورتـە بـالاّو ڕەزان ◊ دیرهەمێـك مامەڵـەی پـێ بکـرێ ◊ وەجبەی شت ◊ یەك کێش.

الوَزِين: دەگوتری: (هو وزيـن الـرأي): ئـــەو پیاوێـــکی رادروســـتو قـــسە پەسەندە.

وَزْوَزَ: خێـرا بـازی دا ◊ هـەنگاوەکانی نزیك کردنەوەو خۆی هەڵتەکاند.

الوَزْوَزُ: مردن ◊ مالّمالّ، پارچەدارێکی پانـــە لەشـوێنی بـــەرزەوە گڵـی پـێ رادەدرێ بـۆ شـوێنی چاڵو نزمـایی واتە زەوی کشتوکاڵیو باخـچەی پـێ تەخت دەکرێ.

وَزَى الـــشَّيْئ يـــزى وَزيـــاً: کۆبـــۆەو وێکهاتەوە.

وَزَى الأمرُ فلاناً: کارەکە فلاّنکەسی تـورە کرد.

اوزى لداره: دەوران دەوری خانوەکەی بەقۆڕ سیاج کرد.

اوزى اليه: پەنای بۆبرد.

اوزى اليه الشَّيْئ: شتەکەی ناچارکرد پەنای بۆبەرێ.

اوزى ظهره: پشتی بەدیوارەکەوە دا ◊ دیوارەکەی کـردە پاڵپـشتی خـۆی ◊ شتەکەی ڕاست کردەوەو چەقاندی.

وازاه: بەرامبەری گرد روبەڕوی بۆوە.

توازى الشيئان: دووشتەکە بەرامبەر بەیەك بوون.

اسْتَوْزى: سوربوو لەسـەر ڕای خـۆیو تـاکڕەوی کـرد ◊ تـەرەبوو خـۆی جیـاکردەوە ◊ دەگـوتری: (اسـتوزى العيدُ).

اسـتوزى الـشَّيْئُ: شـتەکە ڕاوەسـتاو بەرز بۆوە ◊ هەڵسا ◊ قیت بووە.

اســتوزى في الجبــل: بەكێوەكــەدا سەركەوت.

الوَزى: پياوى كورتە بالاو تێكسمراو.

وَسَــبَت الأرضُ تَــسبِ وَسْــباً: زەوييەكە گژوگيای زۆر بوو.

وَسِبَ الثوب: كراسەكە قوماشەكە چڵكن بوو.

اوسبت الأرض: زەوييەكــە گــژوگيای زۆر بوو.

اوْسَبَ الغنمُ: مەڕەكە خوری زۆر بوو.

المِيسَابُ: خورمايەكە نيوە گەيو بێ تانيوەی گەيشتبێ.

الوَسْبُ: دارێــكە دەخرێتــە بنكی بير بۆنــەوەی گڵەكــەی تــێ نــەڕوخێ ٥ (ك: وسوب).

الوِسْــبُ: ڕوەك ٥ گــژوگيا ٥ پــوش و پەڵاش.

الوَسَبُ: چڵك.

وَسَخَ الشَّيْئَ يوسَخ وَسَخاً: چڵكو ژەنگ شتەكەی داپۆشی.

وَسَّخَ الشَّيْئَ: شتەكەی پيس كرد.

اتَّسَخَ الشَّيْئَ: شتەكە پيس بوو.

تَوَسَّخَ الشَّيْئَ: شتەكە پيس بوو.

اسْتَوسَخَ الشَّيْئَ: شتەكە پيس بوو.

الوَسَخُ: چڵك ٥ نــەو چڵكو ژەنگــەی دەكەوێتە سەر شت.

اوسَدَ في السير: لەڕۆيشتن دا پەلــەی كرد.

وَسَّدَ فلاناً الشَّيْئَ: شتەكەی خستە ژێر سەری فلانكەسەوە.

وَسَّــدَ الأمْــرَ اليــه: كارەكــەی بەئــەو سپارد.

تَوَسَّدَ: شانی دادا ئەنيشكی دادا.

تَوَسَّدَ الشَّيْئَ: بۆ موطاوەعەی (وَسَّدَه اياه) دێ.

تَوَسَّــدَ وســادةً: ســەری خــستە ســەر سەرين.

تَوَسَّــدَ ذراعــه: قــۆڵی خــۆی كــردە سەرينو سەری خۆی خستە سەرو نوست.

الوِسادُ: سەرينو پشتی ٥ دەشگوترێ: (هو عريض الوِساد): گێڵو كاڵفامە ٥ هەرشتێــك ئانيــشكی بخەيەســەر ٥ هەرشتێك بخرێتــە ژێرســەر دار بــێ بەردبێ گڵ بێ يان شتی تر.

الوِسادة: بــەمانا (الوِســادُ)دێ ٥ (ك: وسادات ووسائد).

وَسَــطَ الــشَّيْئَ يَسطُهُ وَسْطاً: شتەكەی خستە ناوەڕاست ٥ دەگوترێ: (وَسَــطَ القــومَ ووسَــطَ المكــانَ): چــووە نــاو خەڵكەكە چووە ناو شوێنەكە (وَسَطَ في القــوم): كەوتــە نــاو خەڵكەكــە بــۆ پــەيڕەوكردنی حــەق و دادپــەروەری و چەسپاندنی ئاشتەوايی.

وَسَّطَ الرجل يَوَسِّطُ وساطة: پیاوەکە بوو بەپیاوماقوڵو ڕێزدار.

أوسَطَ القومَ: کەوتە ناوەڕاستی خەڵکەکە.

وَسَّطَهُ: خستیە ناوەڕاستەوە ◊ کردی بەدو پارچە ◊ کردی بەناو بژیکەرو ناوەندو واسیتە.

تَوَسَّطَ فلان: فلانکەس مام ناوەندی هەڵبژارد، لەنێوان چاك و خراپ دا مام ناوەندی پەسەند کرد.

تَوَسَّطَ بينهم: ناوبژی نێوانی کردن بەحەق و عەدالەت.

تَوَسَّطَ الشَّيْئ: چووە ناوەڕاستی شتەکەوە ◊ دەگوترێ: (توسَّطَ القومُ): کەوتە ناوەڕاستی خەڵکەکەوە.

الأوْسَطُ: شتی مام ناوەندو میانکار لەهەرشتێك بێ ◊ (ك: أوَاسط).

أوسَطَ الشَّيْئ: ناوەڕاستی شت نێوان دوولای شتەکە ◊ دەگوترێ: (هو من أوسط قومه): ئەو پیاوە لەهەڵبژاردەی گەلەکەیەتی.

المُتوسَطُ: (موسَط البيت): ئەوەی لەناوەڕاستی خانوەکە دایە.

الوَاسِط: دەرگا ◊ (واسط الكور): سەرەتای هەرێم.

الوَاسِطة: (واسِطة الكور): سەرەتای ولاتو هەرێم ◊ (واسطة القلادة): ئەو کەوهەرەی دەکەوێتە ناوەڕاستی ملوانکەو بەرمورەوە کەلەهەموو دەنکە میرەکانی تر بەنرختربێ ◊ یان واسیتەو شەفاعەتخواز بۆ گەیشتن بەمەبەست.

الوَسَاطة: ناوبژی کردن ◊ لەبواری قانونی نێودەڵەتی دا هەوڵدانی دەوڵەتێك یان زیاتر بۆ کۆژاندنەوەو خەڵکردنی کێشەی نێوان دوو دەوڵەت لەڕێگەی دانوسانەوە.

الوَسْطُ: زەرفە بەمانا (بَيْنَ)دێ ◊ دەگوترێ: (جَلَسَ وَسْطَ القوم): لەناوەڕاستی خەڵکەکەدا ڕۆنیشت.

الوَسَطُ: (وَسَطُ الشَّيْئ): نێوان دوو لای شت ◊ مام ناوەندی لەهەرشتێك بێ ◊ دەگوترێ: (شئ وسَط): شتێکی مامناوەندییە ◊ نەچاکە نەخراپە ◊ دادپەروەری ◊ خێرو چاکی ◊ قورئان دەفەرموێ: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾: هەر بەو شێوەیە ئێمە ئێوەمان کردوە بەگەلێکی دادپەروەرو چاك ◊ دەشگوترێ: (هو من وَسَطَ قومه): ئەو پیاوە لەهەڵبژاردەو پیاوە باشەکانی گەلەکەیەتی.

الوُسْطى: لەناو پەنجەکان دا ٥ پەنجە درێژەیە کەدەکەوێتە پەنا قامکە شادەوە ٥ پەنجەبالآبەرز ٥ (الصلاة الوُسْطى): نوێژی عەصر.

الوَسُوط: ناوەند، ناوەڕاست ٥ هەروا ناوە بۆ جۆرە خێومەتو ڕەشمالێک لەچەتر گەورەترو لەڕشمالو چادر بچوکتر.

الوُسُوطُ: (وُسُوط الشمس): گەیشتنی خۆر بۆ ناوەڕاتی ئاسمان.

الوَسِيط: ناوبژیکەری نێوان دوو کێشەکارو بەشەڕ هاتوو ٥ ناوبژیکەری نێوان فرۆشیارو کڕیار، دوو معامەلە چی ٥ مامناوەندی نێوان دووشت ٥ (ك: وَسَطاء) ٥ دەشگوترێ: (هو وسيط فيهم): ئەو لەناویان لەهەمووپان وەجاخزادەترو ڕێزدارترە.

وَسَعَ الله عليه رزقه وفي رزقه: خودا ڕزقو ڕۆزیی بەرفراوان کرد، سامانداری کرد.

وَسِعَ الشَّيْئَ يَسَعُ سِعَةً: شتەکە پانو پۆڕ بوو.

وَسَعَ الله عليه: خودا ژیانو گوزەرانی خۆش کرد ٥ دەوڵەمەندی کرد ٥ دەشگوترێ: (وسعت رحمة الله كلَّ شيئ ولكل شيئ وعلى كل شيئ): ڕەحمەتو بەزەیی خودا بەشی هەموو شتێک دەگاو لەهیچ شتێکو بۆهیچ شتێک تەسک نابێو کورت ناهێنێ.

وَسِعَ المالُ الدينَ: ماڵەکە زۆر بەشی قەرزەکەی کردو زیادەشی هەبوو ٥ دەشگوترێ: (لا يَسَعَكَ أن تفعلَ كذا): بۆت ڕەوا نییە ئەوە بکەی نابێ ئەوەبکەی ٥ (لا يَسَعُني ذلك الأمر): ئەوکارە لەتوانای من دا نیەو ناتوانم بیکەم ٥ (هذا الإناء يسع عشرين رطلا): ئەم قاپە بیست ریطل ئاو دەگرێو زیانترێش.

سَعْ: فیعلی ئەمرە بۆ حوشتر ناراستە دەکرێ واتە بڕۆ خێرا بڕۆ ٥ خێرا خێرا هەنگاو هەڵێنە ٥ لەدوعاو پاڕانەوەدا دەگوترێ: (اللهمَّ سَعْ علينا، وَسِّعْ علينا).

وَسُعَ الشَّيْئُ: شتەکە فراوان بوو.

وسُعَت الدابةُ وسَاعة وسَعَةً: ولاخەکە کەوتە ڕەوتو خۆش ڕۆیشتن.

اوسَعَ فلان: فلانکەس ماڵو سامانی زۆر بوو، دەوڵەمەند بوو.

اوسَعَ اللهُ عليه رزقه: خودا ڕزقو ڕۆزی بەسەردا ڕشتو گوزەرانی خۆش کرد ٥ دەوڵەمەندی کرد.

اوسَعَ الشَّيْئُ: شتەکەی فراوان کرد ٥

بەپان‌و پۆڕ هاتە بەرچاوی.

اوسَعَ فلاناً الشَّيْئ: شتەکەی والێ کرد بەکەڵکی فلاّن بێ بۆی بگونجێ ◊ بەبەری بکا ◊ لەدوعاو پارانەوەدا دەگوترێ: (اللهمّ أوسِعْنا رَحْمَتَك): خودایە بمانخەرە بەر ڕەحمەتی خۆت ڕەحمەتی خۆت والێ بکەی دامان پۆشی‌و بەشمان بکا.

وَسَّعَ الشَّيْئ توسيعاً وتوسِعةً: شتەکەی پان‌و پۆڕ کرد ◊ دەگوترێ: (وَسَّعَ الله عليه): خودا ژیانی خۆش کردو رزق‌و ڕۆژی زۆرو بەڕەحمەتی بەسەردا ڕژاند.

إتَّسَعَ الشَّيْئ: بۆ موطاوەعەی (وَسَّعَهُ)دێ ◊ درێژ بۆوە، بەرز بۆوە.

تَوَسَّعَ الشَّيْئ: شتەکە فراوان بوو، بەبەری تەنگ نەبوو.

تَوَسَّعَ القوم في المجلس: خەڵکەکە لەمەجلیسەکەدا کشانە داواوەو بازنەی مەجلیسەکەیان فراوان کردو ڕێگایان دا کەسانی دی بێنە ڕیزی دانیشتنەکەیان.

إستوسَعَ الشَّيْئ: بۆ موگاوەعەی (وَسَّعَهُ)دێ.

إستوسَعَ الرَّجُلُ: پیاوەکە ژیانی خۆش بوو گوزەرانی باش بوو.

إستوسع الشَّيْئ: شتەکەی بەبەرفراوانی هاتە بەرچاو.

السَّعَةُ: هێزو توانا ◊ گوزەران خۆشی‌و دەوڵەمەندیی ◊ دەگوترێ: (هو في سَعَة من العيش).

المُتَّسَعُ: دەگوترێ: (مالي عَنْ ذلك مُتَّسَعٌ): من لەو شتەدا ناچارم‌و دەراوی رونی ترم نیە ◊ من هیچ ڕێگای ترم لەبەردەم دا نیە.

الموسوعة: کتێبێکە زانیاری هەمە چەشنی تێدایەو زانیارییەکان بەگوێرەی (ا-ب-ت-ث) ڕیزکراون گەلەخوا پێداوەکان جۆرەها مەوسوعەیان نوسیون بەڵام گەلی کورد لەوبوارەدا تا بڵێی هەژارە.

الميساع من الثوق: حوشتری هەنگاو فراوان.

الواسِع: ناوێکە لەناوە جوانەکانی پەروەردگار ◊ بەخشندەو خاوەن عەتای زۆرو زەبەندە کەبەشی هەموو کەس دەکاو زۆرەو لەبن نەهاتووە ◊ ئاگادار بە سەر هەموو شتێك دا ◊ یان ئەوکەسەی رزق‌و ڕۆژی بەشی هەموو مەخلووقات دەکاو ڕەحمەت‌و بەزەیی هەموو شتێك دەگرێتەوە.

الوَسّاع: کەم ئەرك‌و خێرا لەکاردا ◊ خۆشڕۆو هەنگاو فراوان.

الوُسْعُ: تاقەت‌و هێزو توانا.

الوسيع من السير: رۆیشتنێك هەنگاوی فراوانی تێدا بهاوێژرێ.

وَسَفَ الشَّيْئَ: تۆپكڵی لەشتەكە دامالی سپی كرد.

تَوَسَّفَ الشَّيْئَ: شتەكە تۆپكڵی لێ دامالدرا.

تَوَسَّفَ البعيرُ: حوشترەكە پێستی لاڕانی‌و كڵۆتی قەڵشت قەڵشت بوو ◊ بەروبوومی بوو، قەڵەو بوو ◊ تووكی هەڵداو تووكی تازەی لێ هاتەوە.

تَوَسَّفَ أوبارُ الإبل: حوشترەكە تووكی هەڵداو یا توكەكەی برد.

الوَسْفُ: قەڵشتن‌و شەقار بوونی پێستی ڕانی حوشترە لەكاتی قەڵەوبوونی دا.

وَسَفَت الدابّة تسفِ وَسْفاً: ئاژەڵە مێیەكە وڵاخەكە ناوس بوو.

وسقت النخلة: دارخورماكە بەری گرت.

وَسَقَ الشَّيْئَ: شتەكەی كۆكردەوەو خستنیە پەنایەك.

وَسَقَ الليلُ الأشياءَ: شەو شتەكانی داپۆشین.

وسقت العينُ الماءَ: چاوەكە ئاوی هێنا.

أوسقت النخلةُ: دارخورماكە بەری زۆر بوو.

أوسق البعيرَ: بارەكەی لەحوشترەكە بارکرد.

واسقه مواسقة ووِساقاً: دژایەتی كرد ◊ بەئەندازەی ئەو بوو لەوكەمتر نەبوو ◊ لەشەڕا بەرامبەری كرد ◊ دەشگوترێ: (هو لايواسِق فلاناً): ئەو هاوتای فلاّن نییە، دەرهەقەتی نایە.

وسَّقَ الحبَّ: دانەوێلّكەی وەزنە وەزنەكرد كردی بەچەند وێسقێك.

إتسق الشَّيْئ: شتەكە كۆبۆوە چووە پەنایەك ◊ شتەكە ڕیز بەند بوو.

إتَّسَقَ القمرُ: مانگ خشت بوو ◊ گەیشتە شەوی چواردەو پانزە.

استوسق الشَّيْئ: شتەكە كۆبۆوەو چووە ناوپەكەوە ◊ دەگوترێ: (استوسقت الإبل): حوشترەكان كۆبونەوەو چونە پەنایەك ◊ (إستوسق له الأمر): كارەكەی بۆڕابی بوو.

الميساقُ: باڵندەكە لەكاتی فڕین دا باڵی لێك دەدا ◊ كۆتر كەپەڕو باڵی زۆربن.

الوَسْقُ: ئامێرێكی پێوانەی دانەوێلّەیە شەصت ڕبە دەگرێ ◊ هەر ربەیەك پێنج ربطلو سێیەكی

ربەیەکە ٥ یان وەسق باری حوشترێکە.

الوِسْقُ: بەمانا (الوَسْقُ)دێ.

الوسيق: باران.

الوَسِيقة: کۆمەڵە حوشترێک کەدوژمن بڕی بدا بۆئەوەی بەتاڵان بیانبا ٥ یان حوشتری ئاوس.

وَسَلَ فلان الى الله تعالى: بەمانا (وَسَّلَ)دێ.

تَوَسَّلَ الى فلان بكذا: بەهۆی خزمایەتیو کەسایەتییەوە خۆی لەفلان نزیک کردەوە.

التَّوسُّلُ: دزی کردن ٥ دەگوترێ: (أخذ فلان إبلي تَوَسُّلاً): فلانکەس حوشترەکانی دزین ٥ بەدزی بردنی.

الوَاسِلُ: پێویستو واجب ٥ دەگوترێ: (شيءٌ واسِلٌ): شتێکی پێویستە.

الواسِلة: مێینەی (الواسل)ە ٥ پلەو پایەو قسە رۆیشتویی لای پاشا ٥ خزمایەتی.

الوسيلة: بەمانا (الواسلة)دێ ٥ پەیوەندیو عەلاقە ٥ خزمایەتی ٥ پلەو مەقامێکە رۆژی قیامەت لەبەهەشت دا دەدرێ بەپێغەمبەری ئیسلام.

وَسَمَ الشَّيْئَ يسمها وَسْماً وسِمة: شتەکەی داخ کردو نیشانەی لێ کرد ٥ دەگوترێ: (وسمه بالهجاء): بە شیعری جنێو ئامێز لەکەداری کرد.

وَسَمَ فلاناً: لەجوانیو شۆخی دا بەسەر فلان دا بالادەست بوو.

وَسَمَ الوَسْميُّ الأرضَ: یەکەم بارانی بەهار لەزەوییەکەی دا.

وَسَمَ فلاناً بوسام: بە وێسام ورێزلێنان فلانکەسی جیاکردەوە.

وَسُمَ يَوْسُمُ وسامةً: جوان بوو جوانیەکی درێژخایەن ٥ دەگوترێ: (وسُمَ وَجْهُهُ): روخساری جوان بوو.

واسَمَهُ في الحسن: لەجوانی دا بەسەر یا زاڵ بوو نەو لەو جوانتر بوو.

وَسَّمَ: حازری مەوسیم بوو، دەگوترێ: (وَسَّمَ الحاج): حاجییەکە ئامادەی وەرزو مەوسیمی کاتی حەج بوو.

إتَّسَمَ: بۆ موطاوەعەی (وَسَّمَهُ)دێ ٥ واتە داخی کرد ٥ شێوە داخێکی بۆخۆی هەڵبژارد بۆئەوەی ئاژەڵەکانی پێنیشانە بکا ٥ یان بۆنەفسی خۆی شێوە هەڵسو کەوتێکی هەڵبژاردو هەمووکاتێ پێی دەناسرێتەوە ٥ دەگوترێ: (هو متَّسِمٌ بالخير أو الشرّ).

تَوَسَّمَ: داوای بارانی سەرەتای بەهاری کرد ٥ بەخەنەو وسمە خۆی ڕەنگ کرد.

تَوَسَّمَ الشَّيْئَ فيه: خەباڵی واچوو

نەوشتە لەودا هەبێ ◦ دەگوترێ: (تَوَسَّمَ فیه الخیر): پێی وابوو خێری تێدایە بەفیراسەتو تیژ بینی خۆی خێرو بیرو پیاوەتی تێدا ڕەچاو کرد.

السِّمَةُ: داخو نیشانە؛ پارچە ئاسنێکە شێوەی جیاجیای هەیە سوردەکرێتەوە گوێچکە یان شوێنی تری ئاژەڵەکەی پێ داخ دەکرێ شوێنی داخەکە موی لێ نایەتەوەو دەبێتە نیشانە بۆ ئاژەڵەکە.

المَوْسِمُ: کۆمەڵگایەکی قەرەباڵغی ئادەمیزاد.

مَوْسِمُ الشَّیْئِ: کاتی پەیدابوونی شت، وەرزی پەیدابوونی شت ◦ یان کۆبونەوەی ئادەمیزاد لەشوێنێک بۆ مەبەستێک وەکوو وەرزی حەجکردن وەرزی گەشتوگوزار.

المَوْسُومُ: کەسێک ویسامی شەرەف یا ویسامی ئەدەبو شتی وای پێ بەخشرابێ.

المَوْسُومَة: دەگوترێ: (دِرع موسومة): زرێپەکەی لای خواروی رازێندراوەتەوە.

المِیسَمُ: نیشانە ◦ داخی ئاژەڵ داخکردن ◦ دیاردەو ئەشەری جوانیو شۆخو شەنگی.

الوِسَام: نیشانە ◦ ویسامی ڕێزلێنان ◦ پارچەیەکە لەمادەیەکی بەنرخ دروست دەکرێو دەکرێتە نیشانەی ڕێزلێنان دەبەخشرێ بەهەندێ کەسی جیاوازو خاوەن هەڵوێستو پێشکەوتوو لەبوارێک لەبوارەکانی ژیان دا بەیەخەی خۆیانی دا دەکەنو هەندێ (إمتیازات)ی هەیە.

الوَسَامَة: کاریگەری جوانیو شۆخی لەسەر مرۆڤ.

الوَسْمُ: نیشانە.

الوَسْمَةُ: ڕوەکێکە دەڕوێندرێ بۆ سوودومرگرتن لەو ڕەنگەی لێی بەرهەم دێ.

الوَسْمِیُّ: بارانی یەکەمی بەهار.

وَسِنَ یَوْسَنُ وَسَناً وسِنَةً: هەنۆزی هاتێ، خەو سواری شانی بوو ◦ بەهۆی بۆگەنی بیرەکەوە بێ هۆش بوو.

اوسنَتْهُ البِئْرُ: بیرەکە بەبۆگەنی کابرای بێ هۆش کرد.

تَوَسَنَ المراة: جووەلای ژنەکە خەوی لێ کەوتبوو.

استوسَنَ: بەمانا (وَسِنَ)دێ.

السِّنَةُ: هەنۆز (وەنەوز) سەرەتای خەو ◦ دەگوترێ: (أخذته السِّنَةُ): هەنۆز گرتی ◦ بێ ئاگایی‌و غافڵی.

المَوْسُونة: ئافرەتی تەمبەڵ.

المیسان: (إمرأة میسان): ئافرەتێکی عاقڵو ڕەزانە ◦ دەشگوترێ: (هي میسان الضحی): ئەو ئافرەتە نوستوی چێشتەنگاوانە.

الوَسَنُ: پێداویستیو ئاتاجی ◦ دەگوترێ: (ماهو من همّی ولا من وَسَنی): ئەوە مەبەستو پێویستی من نییە ◦ دەشگوترێ: (قضت الإبل أوسانها من الماء): حوشترەکە پێداویستی خۆی لەئاوەکە هەڵگرت، خواردیەوە.

الوَسْنی: (إمرأة وسنی): ئافرەتی چاومەست.

الوَسْنانة: (إمرأة وسنانة): ئافرەتی چاومەست.

الوَسْنِيُّ: (رجل وَسْني): پیاوێکە وەنەوزی زۆر دەکا ◦ هەمیشە خەواڵووە.

وسوس الشیطان الیه: شەیتان ختوکەی داو هەڵینا بۆ کردنی کاری بێ سود ◦ دەشگوترێ: (وَسْوَسَتِ النفسُ): نەفسی دەنە دەنەی دا بۆ خراپەکاری ◦ بەئەسپایی قسەی کردو قسەکانی بەعاستەم دەبیسرانو کەس لێی حاڵی نەبوو ◦ جۆرە هاوەسوەسەو خەیاڵ پڵاو دەورەیان داوە ◦ بەسرتە قسەی کرد ◦ بەگوێی دا چرپاند.

وَسْوَسَ الصَّائِدُ: نێچیرەوانەکە بەئەسپایی و سرتە سرت دوا.

وَسْوَسَتْ کلابُهُ: سەگەکەی کلکە سوونەی کرد قروسکایەوە ◦ بەعاستەم دەنگی هات ◦ دەگوترێ: (وَسْوَسَت الریحُ): بایەکە سروەی هات.

وَسْوَسَ الحَلي والقصب: خشڵەکە خرینگەی هات ◦ قەفەژاژمکە خشەی هات.

وَسْوَسَ فلان فلاناً: فلانکەس بەئەسپایی و سرتە قسەی لەگەڵ فلان کرد.

وُسْوِسَ: قسەکان تێکەڵو پێکەڵ بوون ◦ هەر غەڵبەغەڵب بوو.

الوَسْوَاسُ: شەیتان ◦ جۆرە نەخۆشییەکە توشی دەرون دەبێ سەنتەری زەین تێك دەدا.

وسی راسه یَسِیه وَسْیاً: سەری تاشی.

اوسی راسَه: سەری تاشی.

الموسی: بڕوانە مادەی (موسی).

الوِشْبُ: تاکی (الأوشاب)ە کەبەمانا (الأوباش)دێ ◦ (أوباش الناس): کۆمەڵە خەڵکێك کەهەریەکەیان لەهۆزو خێڵێك بن.

الوَشْبَة: دەگوترێ: (تمرة وَشْبَة): خورمای توێکڵ ئەستور.

وَشَجَ الشَّيْئ يَشِجُ وَشْجاً: شتەکە تێك چڕژاو تێك هاڵاو تێکەڵ بەیەك بوو ٥ دەگوترێ: (وشجت العروق والأغصان): ڕەگو لقو پۆپ تێکەڵ بەیەك بوون ٥ (وشجت في قلبه هموم وأحزان): جۆرەها خەمو خەفەت لەدڵو دەروونی دا کۆبۆتەوەو تێکەڵ بەیەکتر بوون.

وَشِجَ حَمْلِهُ: کورتانەکە یان ڕەحلەکە یان بارەکەی بەحەبلو قەیاسە شەتەك دا بۆئەوەی هیچی لێ نەکەوێ.

وَشَّجَ بين القوم: خەڵکەکەی پێکەوە ئاشت کردنەوەو تێکەڵ بەیەك بوونەوەو خزمایەتییان تازەکردەوە.

تَوَشَّجَ: بەمانا (وَشَجَ)دێ.

الأوشاج: دەگوترێ: (عليه أوشاج غزول): ڕەنگی تێکەڵو جۆراو جۆری لەسەرە، ڕەنگەکان هەندێکیان چوونە ناو هەندێکیانەوە.

الواشجة: خزمایەتی کەبەچەند شێوە ببنە خزم.

الوَشيجُ: قەفەژارو شتی وا کە چڕو پڕ بن.

الوَشيجة: ڕەگی درەخت ٥ ڕەگی گوێچکە ٥ خزمایەتی دوو سەرەو سێ سەرە ٥ تاینچە، شریفێکی گەورەیە بەشێوەی چوارگۆشەی (١٠×١٠ یان ١٢×١٢)سم) دەچندرێو گیاو گرشەی پێ دەگوێزرێتەوە ٥ یان شرێفێکە ئەملاو ئەولای دوو تەختە دارنو نێوانیان بەگوشو شتی وا دەتەندرێو گیاو کرشەی پێ دەگوێزرێتەوە.

وَشَّحَ المرأةَ: ویشاحی لەبەر ئافرەتەکە کرد ٥ گەردنبەندی لەملی ئافرەتەکە کرد.

وَشَّحَ فلاناً الثوبَ: کراسی لەبەر فڵان کرد.

إتَّشَحَت المرأة: ئافرەتەکە گەردنبەندی لەمل کرد.

إتَّشَحَ فلان: فڵانکەس قوماشی لەخۆوە پێچاو لکێکی بەژێر دەستی راستی دا خستە سەرشانی چەپیو ئەمجار لەسەر سنگی هەردو سەرەکەی بەیەکەوە گرێ دان.

إتَشَّحَ بسيفه: شمشێرەکەی لەشان کرد.

تَوَشَّحَتِ المرأةُ: ئافرەتەکە گەردنبەندی لەمل کرد.

توشَّحَ فلان بسيفه وبثوبه: بەمانا (إتَّشَحَ)دێ.

توشَّحَ فلاناً: دەستی لەملی فڵانکەس کرد.

تَوَشَّحَ الجَبَلَ: بەکێومکەدا ڕۆیشت.

التوشيح: ناوە بۆ جۆرە شیعرێک ئەندەلوسییەکان دایانهێنا بەزۆری لەحەوت شیعر پێک دێ.

المُوَشَّحُ: بەمانا (التوشيح)دێ ٥ هەروا ناوە بۆ کەلەشێرێک دوو پۆپنەی هەبێ ٥ (ثوب موشح): قوماشێکە پەراوێزی چندراوە.

الموشّحة من الظباء والشاء والطير: ئاسکێک یان مەڕێک یان باڵندەیەک دوو گواڕەی بەملاو بەولادا هاتبنە خوار ٥ هەروا وشەی (موشّح): ناوە بۆ شیعرێک لەسەر شێوازی تەوشیحی ئەندەلوسی هۆنرابێتەوە.

الوِشَاحُ: دووهەودا لەمرواریو گەوهەر دوخەت دوو ڕستە مرواریو گەوهەری هۆنراوە کەناو بەناو لێک بدرێنو ناو ناوەش بەسەر یەک دا بێنەوە ٥ هەروا ناوە بۆ پارچە چندراوێک بەگەوهەر بنەخشێندرێ ئافرەت لاوو نیو لەشانی بکا واتە لەسەر شانی ڕاستییەوە بیبا بۆ سەرکەلەکەی چەپی یان چندراوێکی ڕەنگاوڕەنگ دادەمر یان قازی لەدادگادا لاوو نیو لە شانی بکا ٥ واتە لەسەرشانی ڕاستییەوە بیبا بۆسەر کەلەکەی چەپی ٥ (ك: وُشَحٌ وأوشحه ووشائح) ٥ دەشگوترێ: (إمرأة غرثى الوشاح): ئافرەتێکی قەد باریکە.

الوَشْحاءُ: بزنی ڕەش کەخەتی سپی تێدابن (بزنه مس).

وَشَرَ الخشبَةَ يَشِرها وَشْراً: دارەکەی ڕنی بڕیەوە.

وَشَرَتِ المرأة أسنانها: ئافرەتەکە ددانەکانی تیژکردنو لێی کراندن ٥ (فهو واشر وهي واشرة).

إِنْشَرَتِ المرأةُ: ئافرەتەکە داوای کرد ددانەکانی بۆ بکرێنەنو بۆی بچوک بکەنەوە.

استوشَرَتِ المرأةُ: بەمانا (إتشرت)دێ.

المِيشارُ: ئامێری ددان رنینو ددان بچوک کردنەوە.

توشَّزَ للشّر: خۆی بۆشەڕ ئامادەکرد.

الوَشْزُ: پەلەکردن ٥ گوزەرانی تەنگ ٥ ئەوشتەی پشتی پێ دەبەستیو پەنای بۆدەبەی ٥ دەگوترێ: (لجئت الى وَشْزَ): خۆم خستە پەنایەکەوەو پشتم پێ بەست ٥ دەشگوترێ: (لقيته على أوشاز): بەپەلە توشی هاتم.

الوَشِيزَةُ: سەرپنێکو زۆری ناواخن هەبێ ٥ (ك: وشائز).

وَشَظَ القومُ الينا يشظون وَشْظاً: خەڵکەکە کەم بوون هاتنە گەڵ ئێمە.

وَشَظَ فلان الفاسَ ونحوها: فلانکەس کونی پاچەکەی بەدارێکی پوازو تەنگ کردەوە.

وَشَظَ العظمَ: ئێسقانەکەی شکاند پارچەیەکی لەئێسقانەکە شکاند.

الوَشيظُ: شوینکەوتە ٥ هەتیومچەو خوێڕی ٥ بێگانەو دووڕە کە تێکەڵ بەهۆزو خێڵێک بووبن ٥ خزمەتکار.

الوشِيظة: دوڕوو بێگانە کە تێکەڵ گەڵو هۆزبین ٥ دەگوترێ: (هم وشيظة في قومهم): ئەوانە لەبنەماڵە ڕەسەنەکانی قەومەکەیان نین لەلاوە هاتوونو تێکەڵیان بوون ٥ پوازو چیلکەدار کونی پاچەکەی پێ دەگرێ با تەسکی دەکەیەوە ٥ پارچەدارێک قەدەحی پێ جاك بکەی.

وَشَقَت البقلة: ڕومەکەکە گوڵی کرد ٥ خونچە گوڵەکەی کرایەوە.

وَشَغَ الشَّيْبُ الشَّيْبَ: شتەکە کەوتە سەر شتەکە ٥ دەگوترێ: (وَشَقَهُ الشَّيْبُ): پیری لەسەر جەستەی دەرکەوت.

وَشَعَ الجبَلَ: بەکێوەکەدا سەرکەوت ٥ چووە سەر کێوەکە.

وَشَعَ فلان الشَّيْئَ: فلانکەس شتەکەی تێکەڵاو کرد.

وَشَعَ القطنَ وغيره: لۆکەکەی ڕستو هەڵی کرد.

اوشَعَ الشَجَرُ والبقلُ: ڕومەکەکە یان درەختەکە گوڵی کرد ٥ پشکوت خونچەکەی کرایەوە.

وَشَّعَ القوم على كرمهم وبستانهم: خەڵکەکە پەرژینیان بۆ ڕەزو باخەکانیان دروست کرد ٥ دەشگوترێ: (وَشَّعَ كَرْمَهُ): ڕەزەکەی پەرژین کرد.

وَشَّعَ الشَّيْئَ في الشَّيْئ: شتەکەی خستە ناو شتەکەی ترەوە.

وَشَّعَ الشَّيْئَ: چووە سەر شتەکە ٥ دەشگوترێ: (وَشَّعَهُ الشَّيْبُ): پیری (مویی سپی) دەورەیان داوە.

وَشَّعَ فلان الشَّيْئَ: فلانکەس شتەکەی تێکەڵ کرد.

وَشَّعَ القطنَ: دوای شیکردنەوە لۆکەکەی هەڵکردەوە کردی بە گڵۆڵە.

وَشَّعَ الغَزْلَ: ڕیسەکەی لەدو داو تەشیەکەی بادا تەشییەکەی ڕست ٥ بۆنەوەی بیکاتە شاڵ، نامادەی کرد بۆ چنین.

وَشَّعَ الثوبَ: قوماشەکەی بەشێوەی

ئالاو وێنەی جۆراو جۆر ڕەنگ کرد.
تَوَشَّعَ الشَّيْئ: شتەکە بلاو بۆوە.
تَوَشَّعَ فِي الجبل: بەکێوەکەدا سەرکەوت.
توشعت الغنم في الجبل: ئاژەڵەکە بەکێوەکەدا سەرکەوتو لێی لەومڕا.
توشَّعَ بالشيئ: بەشتەکە زۆر بوو، جوان بوو ٥ دەگوترێ: (توشَّعَ الجبلُ): چووە سەر کێوەکە.
تَوَشَّعَ الشيبُ راسَهُ: پیری لەسەری دا دەرکەوت موومکانی سپی بوون.
تَوَشَّعَ القوم ضيوفَهم: خەڵکەکە میوانەکانیان دابەش کردن.
المُوَشَّعُ: (برد مُوَشَّعٌ): عەبایەکی پەراوێز چندراوو نەخشێنراوە خەتو گوڵی جۆراو جۆری تێدا دروستکراون.
الوَشْعُ: شتی کەم لەڕوەکی کێو ٥ گیاو گڕی کەم ٥ درەختی بان ٥ گوڵی ڕوەکی پاقلەو شتی وا ٥ شتی کەم لەطەلعی دارخورما ٥ (ك: وُشُوع).
الوُشُوعُ: خانوی جالجالۆکە.
الوَشُوعُ: گیاوگڕی بلاوی ناوکێو ٥ تەنکە گیا ٥ دەرمان کەبەکەوچک دەکرێتە قورگی منداڵی نەخۆشەوە.
الوَشِيعُ: دارێکی ئەستورو پتەوە لەسەر لێواری بیرادەنرێ ٥ ناو هەڵکێش لەکاتی هەڵکێشانی ئاودا لەسەری دەوەستێ ٥ شەپیتەی جۆلا ٥ لق و پەڕژی دارخورما کەلەسەر دارە ڕای هەڵاشەوە رادەخرێن بۆئەوەی گڵو شتی وا بگرێ ٥ هەڵاشی خانو ٥ شتێکە وەکوو حەصیر لەڕوەکی (الثمام) دروست دەکرێ ٥ سیاجو پەرژینێکە لەتەڵ چندراوی خانە خانەو ناو بەناو کۆڵەکەی ئاسن یان چیمەنتۆ یان شتێکی لەو جۆرە بۆ دەچەقێندرێو پێوەی قایم دەکرێو بەدەوری باخو شوێنی تایبەتی دا رایەڵ دەکرێ ٥ کەپرو ساباتێکە بۆ سەروکی سوپا لەسەر بەرزاییەك دروست دەکرێ بۆئەوەی لەوێوە چاودێری سوپاکە بکا ٥ پەرژو پاڵی دارخورما ٥ وشکەڵی دارو درەخت ٥ ئاڕمو گوڵی قوماش.
الوَشِيعَةُ: مەکۆکی جۆلا ٥ دارێکە چەند جۆرێکی لەهەودای تێوەدان لەسەر هەڵدەکرێ جۆلا بەپێی پێویست هەرجارەو یەکێ لەهەودارەنگ کراوەکان بەناو رایەڵەکەدا دەبا ٥ گلۆڵە لۆکەی ڕێسراو.

وَشَغَ بِبَولِه يَشغُ وشغاً: بەیەکجار میزەکەی هەڵدا.

اوشَغَ ببوله: بەمانا (وَشَغَ)دێ.

اوشَغَ العَطِيَة: بەخشندەکەی کەم کردەوە.

اوشَغَ الصَّبِيَ الدواءَ: دەرمانەکەی کردە دەمی منداڵەکەوە.

وَشَّغَ الثوبَ: ئوماشەکەی خوێناوی کرد هەتا هەموو بەخوێنەکە خەتخەتو ڕێ ڕێ بوو.

تَوَشَّغَ بالسوء: پەڵەی ڕەوشت ناشیرینی پێ هەڵپەڕین.

الوَشْغ: کەم ٥ (ك: وُشُوغ).

الوَشُوغ: ئەوبڕە دەرمانەی دەکرێتە دەمی منداڵەوە.

الوَشيغ: بەمانا (الوَشْغ)دێ.

وَشَقَ اللحمَ: گۆشتەکەی توێ توێ کردو وشکی کردەوە.

وَشَقَ فلاناً: زەبری لەفلانکەس دا ٥ بریندارى کردو روشاندی گەستی.

وَشِقَ المفتاح في القفل يَوْشَقُ: کلیلەکە چووە ناو قفڵەکەوە.

اوشَقَ الشَّيْئ: شتەکە چووە ناو شتێکی ترەوە پێوەی نووسا.

وَشَقَ الشَّيْئ: شتەکەی بڕیەوە ٥ جیای کردەوە.

وَشَّقَ اللحمَ: بەمانا (وَشَقَ)دێ.

إنْشَقَ اللحمَ: بەمانا (وَشَقَه)دێ.

إنْشَقَ القوم فلاناً باسيافهم: خەڵکەکە فلانکەسیان بەشمشێرمکانیان کوتکوت کرد.

تواشَقَ القومُ فلاناً: خەڵکەکە فلانکەسیان پارچە پارچە کرد.

المواشيق: ددانی کلیل.

الواشِق: کەمێک لەشیرو ماست.

الوُشَّقُ الأُشَقُ: صمغێکی پزیشکی لە جۆرەها ڕوەك دەردەهێندرێ، لەوڵاتی میصر پێی دەگوترێ: (علك الكلَح) ئەو ڕومکەی ئەم جۆرە صمغەی لێ دەردێ لەنێرانو تورکستانو باشوری سیبریا دەڕوێ ٥ ئەم ڕومکە بەتەمەنەو دوو مەترو سێ مەتر بەرز دەبێتەوە ناومکەی کلۆرە ڕەگەکانی ئەستورنو بەزەوی دا دەڕۆنە خوار.

الوَشْقُ: لەوەڕی پەڵەپەڵە.

الوَشَقُ: گیانلەبەرێکە لەپێڕی پشیلە، گەوانی هەن لە پشیلە گەورەترو لەپڵنگ بچوکترە، سەری گەورەیە ٥ لەهەرپەنا گوێچکەیەکی کۆمەڵە مویەك هەیە، کلکی کورتە لەناو دارەستان دا دەژی هەروا لەدەشتو ساراش دا دەژی.

الوَشيقُ: دەگوترێ: (سير وشيق): ڕۆیشتنی سوکو خێرا.

الوَشيقة: گۆشتی کوتکوتکراوی وشکەومبوو ◊ پان گۆشتێك لەناوو خوێ دا بکوڵێندرێو دوایی وردبکرێو بکرێتە قاورمەو هەڵبگیرێ بۆسەفەرو شتی وا.

وَشُكَ يَوْشُك وشكاً: پەلە بوو، نزیك بوو ◊ جاری وایش دەبێ وەکوو (فیعلی موقارەبة) بەکاردەهێندرێ.

واشَكَ مواشكةً: خێرا ڕۆیی.

وَشَّكَ: بەپەلە بوو.

الوِشَاكُ: خێرایی.

الوُشكانُ: پەلەو خێرا.

الوَشيك: بەخێرایی، بەپەلە ◊ دەگوترێ: (خرج وشيكاً): خێرا ڕۆیشتە دەرەوە.

وَشَلَ الماءُ يشِلُ وشلاً: ئاوەکە ڕەوان بوو (جاری بوو) ئاوەکە کەم بوو بوو بەدڵۆپ دڵۆپ.

وَشَلَ فلان وُشُولاً: لاواز بوو دەوڵەمەندی نەما ◊ هەژار کەوتو ئاتاج بوو.

وَشَلَ اليه: هانای بۆ بردو لێی پاڕایەوە ◊ (فهو واشِلٌ).

أوْشَلَ حَظَّهُ: بەشو باری فلانکەسی کەم کردەوە.

أوشَلَ الفصيل: گوێ گوانی حوشترەکەی خستە دەمی بێچوەکەوە بۆئەوەی فێری شیر خواردن بێ واتە مێژاندی.

أوشَلَ الماءَ: ئاوەکەی بینی ڕەوان بوو، جاری بوو.

أوشَلَ البِئرَ: بیرەکەی بینی ئاوی لەبەر دەڕۆیی.

الأوشال: ئاو کە بەئەملاو ئەولای کێودا بێتەخوارو لەخوارەوە بەنداوی بۆبکرێ ئەمجار بەگوێرەی پێویست زەوی‌و زاری پێ ئاو بدرێ ◊ دەشگوترێ: (جاءوا اوشالاً): بەڕێز یەك لەدوایەك هاتن ◊ هەروا دەشگوترێ: (هو من أوشال القوم): ئەو پیاوە لەتێکەڵەی خەڵکە، لەوکەسانەیە کە هۆزو خێڵێکی تایبەتییان نیە.

الواشل: دەگوترێ: (جبل واشل): کێوێکە هەمیشە ئاوی لێ دێتە خوار (فلان واشل الحظ): فلانکەس بێ بەختە ◊ (واشل الرأي): بیرو بۆچونی لاوازە.

الوَشَلُ: ئاوی کەم کەلەرکە شاخو بەردە دڵۆپ دڵۆپ دەکەوێتە خوار ◊ بەزۆری ئەم وشەیە ئاوە بۆئەو دڵۆپ دڵۆپ ئاوەی کەلە بەرزایی شاخاکانەوە تکە دەکا ◊ دەشگوترێ: (ما أصاب إلا وشلاً من الدنيا): شتێکی کەمی لەبەش‌و باری دونیا پێ بڕا ◊ زیانێکی کولە مەرگی

بەڕێ کرد ◊ هەروا وشەی (الوَشَل): ئاوە بۆ فرمێسکی کەم.

الوَشِلَة من العيون: چاوی کەم فرمێسك.

الوَشُولُ من النوق: حوشترێك شیری زۆربێ بەجۆرێك شیر لەگوانەکانی تکە بکا.

وَشَمَ الجلد يَشمُه وَشْماً: پێستەکەی بەدەرزی کوتا دەرزی هاژنی کردو دوایی مادەی (نیلەجی) پێدا بلاو کردەوە.

اوْشَمَ فلانٌ يفعل كذا: فلانکس دەستی بەوکارە کرد.

اوشَمَ في الأمر: لەکارەکە ورد بۆوە.

اوشَمَ في عرض فلان: ڕەخنەی لەناموسی فلان گرتو جوێنی پێدا.

اوشَمَتِ الفتاةُ: کچەکە بناغەی مەمکی دانا، مەمکی کردن ◊ مەمکی خڕ بوون.

اوشَمَ الإبلُ: حوشترەکە توشی لەومڕی تازە رسکاو بوو.

اوشمت السماءُ: ئاسمان بروسکەی دا ◊ چەخماخەی دا.

اوشَمَ البرقُ: هەورەبروسکەکە بەئاستەم چەخماخەی دا.

اوشَمَت الأرضُ: زەوی گیاو گژی دەرکەوت، گیاو گژمکەی سەری دەرهێنا.

اوشَمَ الكرم: ترێیەکە ئاڵو بۆڵ بوو، خەریکە بەتەواوی پێ بگا ◊ نەرم بوو، تامی پەیدا کرد شیرین بوو.

اوشَمَ الشَّيْبُ في الراس: موی سپی بەناو سەری دا بڵاو بوونەوە، سەری ماشو برنج بوو.

وَشَمَ الغُصْنُ: لقەدرەختەکە گەڵای کرد، گەڵای دەرکەوت.

وَشَمَ فلان جلدهُ: فلانکەس پێستی خۆی کوتا سوژن هاژنی کرد.

إِتَّشَمَ فلان: فلانکەس کوتانو دەرزی هاژنی لەپێستی خۆی دا ئەنجام دا.

استَوْشَمَ: داوای کرد پێستی سوژن هاژن بکەن جەستەی بەدەرزی بکوتن نیشانەو وێنەی تێدا دروست بکەن.

الوَشْمُ: بریتییە لەدەرزی هاژنکردنی بەشێك لەپێست بەزۆری لەباسکو قۆڵدا ئەو جۆرە کوتانە دەکرێ ◊ ئەمجار پاش دەرزی هاژنەکە مادەی نیلەنجی بەسەردا دەکرێ بۆئەوەی ناسەوارەکە بمێنێ یان سەوز بنوێنێ ◊ هەروا ناوە بۆ پەوانو گۆڕانی ڕەنگی پێست وێکەوتنی زەبر یان بەربوونەوە ◊ نیشانەو داخ ◊ بۆ گا کێوی‌و ئاسکە کێوی وشەی (وشم) بۆ ئەوان بریتییە لەوخەتو بەڵەکیەی بەبەرسینگو قاچیانەوە

دەبینرێ ٥ ئەو دیمەنە لەڕووەك دا دەبینـــرێ لەســـەرمتای روانو دەرکەوتنی دا ٥ (ك: وشوم ووشام).

الوَشمَة: دڵۆپە باران ٥ دەگوترێ: (ما أصابتنا وشمة): دڵۆپە بارانێکمان بۆنەباریوە ٥ (ما عصیته وشْمَةً): بچوکترین تاوانو سەرپێچی ئەوم نەکردوە.

الوَشمَةُ: شەڕو دوژمنایەتی.

تَوَشَّنَ الماءُ: ناوەکە کەم بوو.

الأَوْشَنُ: کەسێکە کاتی نان خواردن خۆدابەزرێنێ بەبێ بانگ کردن ٥ بچێتە سەر سفرەی کەسێکی ترو خواردنەکە بخوا.

الوَشنان: ئەسپۆن ٥ بڕوانە وشەی (الأشنان).

وَشْوَشَ الرجل والنعام والبعیر وشوشةً: خێرا ڕۆیی.

وَشْوَشَ الرجلُ: پیاوەکە بەئەسپایی قسەی کرد ٥ یان بزرکاندی‌و قسەی تێکەڵو پێکەڵی کردن.

وَشْوَشَ فلاناً: بەئەسپایی قسەی لەگەڵ فلان کرد.

وَشْوَشَ فلاناً الشیءَ: بەکەمی شتەکەی دا بەفلان.

تَوَشْوَشَ القوم: خەڵکەکە بەئەسپایی‌و سرتە سرت لەگەڵ یەك دا قسەیان کرد ٥ بەگوێی یەکتریان دا چپاند.

الوَشواشة: لێکچون ٥ دەگوترێ: (لي فلان وأبیه وشواشة).

الوَشْوشُ: بەمانا (الوَشْواشُ)دێ.

الوَشوشي: دەگوترێ: (رجل وشوشي الذراع): پیاوێکی بەدەست‌و بردو دەست سوکە.

وشی به الی السلطان یشی وشیاً: لای پاشا دژی دواو قسەی وای پاڵ دا سوڵتان ڕقی لێ هەڵگرێ.

وشی بنو فلان: بەرە بابی فلان زۆربوون.

وشت الماشیة: ئاژەڵەکان زۆربون‌و بڵاو بوونەوە.

وشی فلان الثوبَ وشیا وشیة: فلانکەس قوماشەکەی نەخشاندو ڕازاندیەوە.

وشی الکلامَ وفیه: درۆی لەقسەکەدا کرد.

وشی الکذبَ: قسەکەی هەڵبەست‌و رازاندیەوە.

اوشی الرجل: پیاوەکە ماڵو سامانی زۆر بوو ٥ مانای جوانی لەدەقە پەخشانەکە یان چامە شیعرەکە دایەوە.

اوشی فی الدراهم والجوالق: لەکیسە

پارەکان یان لەفەردەکان شتی دزیو لێی کەم کردنەوە.

اوشی المعدنَ: لەکانەکەدا شتێکی کەمی ئالتون دۆزیەوە.

اوشی فلان الشَّیْئَ: فلانکەس شتەکەی زانی ◊ بەهێواشی شتەکەی هێنایە دەر.

اوشی قَرَسَهُ: دوا ئەندازەی هێزی رۆیشتنی ئەسپەکەی دەرخست، زانی تا چ ئەندازەیەك دەتوانێ بڕوا ◊ بەگۆچانو قەمچی یان بە ئاوزەنگی لەئەسپەکەی دا بۆنەوەی بزانێ تا چ ئەندازەیەك توانای رۆیشتنی هەیە.

اوشی الدَواءُ المریضَ: دەرمانەکەی شیفای بەنەخۆشەکە بەخشی.

تَوَشّی فیه الشیبُ: پیری تێدا دەرکەوت ◊ موی سەرو ڕیشی ماشو برنج بوون.

استوشی المعدنَ: بەمانا (أوْشی)دێ.

استوشی فلان فرسه: بەمانا (أوشی فرسه)دێ.

استوشی الشَّیْئَ: شتەکەی داواکردو خستیە جێو جۆڵ بۆنەوەی بینێرێ.

استوشی الحدیثَ: فەرمودەکەی بەلێکۆڵینەوەو پرسیار دەرهێنا.

الشَّیَةُ: نیشانەو نارم ◊ پەڵەی ڕەش بەشتی سپییەوە ◊ یان پەڵەی سپی بەشتی ڕەشەوە ◊ هەر ڕەنگێك لەجەستەدا لەڕەنگەکەی تری جودا بێ لەهەموو گیانلەبەرێك دا.

شِیة الفرس: ڕەنگی ئەسپ ◊ (ك: شیات).

المُوَشّی: (ثور مُوَشّی القوائم): کەڵەگای قاچ بەڵەك.

الواشی: منداڵ زۆر ◊ جۆڵا ◊ سکە لێدەری ئالتون ◊ (ك: وُشاة).

الوَشاءُ: ماڵو سامانی زۆر.

الوَشّاءُ: صیغه موبالەغەیە ◊ فیتنەو دروزن ◊ نەو کەسەی قوماشی ئاوریشم دەفرۆشێ.

الوَشْیُ: نەخشو نیگاری قوماش لەهەر ڕەنگێك بێ ◊ جۆرێکە لەقوماشی پەراوێز نەخشاوی ◊ جەوهەری شمشێر ◊ دەگوترێ: (حجرٌ به وشي): بەردی کانیێکە زێڕی تێدایە.

وَصَبَ الشَّیْئَ یَصِبُ وصوباً: بەردەوام بوو جێگیر بوو ◊ دەگوترێ: (وَصَبَ شحم الناقة ولبنها): شیری حوشترەکە بەردەوام بوو نەبڕایەوە.

وَصَبَ علی الأمر: لەسەر کارەکە بەردەوام بوو.

وَصَبَ على ماله: باش چاودێری مالّو سامانی خۆی کرد.

وَصِبَ يَوْصَبُ وَصَباً: نەخۆش کەوت، هەستی بەئازار کرد ◊ (فهو وَصِبٌ) ◊ (ك: وصابى ووصاب).

اوصَبَ الشَّيْئَ: شتەکە بەردەوامو جێگیر بوو ◊ دەگوترێ: (أوصَبَت الناقة): حوشترەکە شیری نەبڕاو گۆشتو بەزیشی کەمی نەکرد.

اوْصَبَ فلان: فلانکەس نەخۆش کەوت ◊ منداڵی نەخۆشو دەردەداری بوون.

اوصَبَ القومُ: نەخۆشی منداڵی خەڵکەکەی ماندوو شەکەت کردن.

اوصَبَ على الشَّيْئِ: لەسەر شتەکە بەردەوام بوو.

اوصَبَ فلاناً: فلانکەسی نەخۆش خست.

واصَبَ الشَّيْئَ: شتەکە بەردەوامو جێگیر بوو ◊ دەگوترێ: (واصبت الناقة): حوشترەکە شیری وشکی نەکردو گۆشتو بەزیشی کەم نەبوو.

واصَبَ فلان على الأمر: فلانکەس لەسەرکارەکەی بەردەوام بوو.

وَصَّبَ: بەمانا (وَصِبَ)دێ.

وَصَّبَ فلاناً: فلانکەسی نەخۆش خست.

تَوَصَّبَ: بەمانا (وَصِبَ)دێ.

المُوَصَّبُ: کەسێک نازاری جەستەی زۆربێ.

الواصِبَةُ: سارای دورودرێژ ◊ دەگوترێ: (فلاة واصِبة).

الوَصْبُ: لەپەدەست.

الوَصَبُ: نازارو نەخۆشی ◊ ماندویی شەکەتبوون ◊ (ك: أوصاب).

وَصَدَ الشَّيْئَ يَصِدِ وَصْداً: جێگیر بوو ◊ دەگوترێ: (وَصَدَ النَّاجُ بعضَ الخيط في بعض): جۆلاّ لە تێومدانەکەی خستە ناو رایەڵەکەوە.

اوْصَدَ: پەچەو کۆزی بۆ ئاژەڵەکان دروست کرد.

اوْصَدَ عليه: تەنگی پێ هەڵچنیو ماندوی کرد.

اوْصَدَ القِدْرَ: سەرقاپی خستە سەرمەنجەڵەکە.

اوْصَدَ البابَ: دەرگاکەی داخست ◊ دەرگاکەی گرت.

وَصَّدَهُ: ترساندی هەڕەشەی لێ کرد.

وَصَّدَ النساج بعض الخيط في بعض: جۆلاّکە تێومدانەکەی خستە ناو رایەڵەکەوە.

اسْوْصَدَ: پەچەو کۆزو ئاغەڵی بۆ ئاژەڵەکان دروست کرد.

أدوات التوقيت

ساعة دقّاقة



ساعة مائيّة

ساعة شمسيّة



ساعة فلكيّة

ساعة رمليّة



ساعة منبّهة

ساعة طاولة

ساعة يد

مُنبّه

مقياس الرطوبة او مِرْطاب



ميزان الجوّ او مِضْغط



مقياس الريح

مقياس الحرارة



مقياس المطر



مرقّاة الموسيقى



مِرْسَمة الضّغْط



دوّارة الهواء

المُوَصَّدُ: کەژاوە.

الوَصّادُ: جولّای ئازاو دەست ڕەنگین زۆرجن.

الوَصید: ڕوەکێك کەڕەگەکانیان لێك نزیك بن ◊ گەوەو بەچەو ئاغەڵ بۆ ئاژەڵ ◊ بەردەرگا، زاردەرگا ◊ بەربێلاّی خانوو ◊ (ك: وُصُدّ ووَصَائد).

الوَصِیدَةُ: ئاغەڵو گەورِ بەبەردوشتی وا لەکێو بۆ ئاژەڵ دروست دەکرێ.

الأوصَرُ: تەپۆلکە، بەرزایی ناو زەوی.

الوِصْرُ: بەمانا (الإصْر): دی واتە عەهدو پەیمان ◊ چەك‌و کومپیالە ◊ هەر نوسراوێکی دیکۆمێنتی دوبارەی قەرز.

الوَصَرَة: بەمانا (الأوصَرُ)دێ.

الوصیرة: کومپیالەو چەکی پارە یان نوسراوێکی دیکۆمێنتی.

وَصَّ العملَ یَوُصُّهُ وصّاً: کارەکەی بەباشی ئەنجام دا.

وَصَّصَت المرأةُ: ئافرەتەکە روبەندی خۆی والێ کرد تەنها چاوی بەدەرەوە بوون.

وَصَعَ الحصا یَصَعه وَصْعاً: چەوو وردە بەردەکانی بەزەوی دا بردنە خوارو لەگڵ دا گومی کردن.

الوَصْعُ: جۆرە باڵندەیەکە لەپێڕی چۆلەکە، دەندوکی کورتە باڵەکانی کەوانەیین، کلکی کورتو خڕە شوێنی نیشتەجێ بوونی وڵاتی ئەوروپایە بەزستان ڕەودەکا بەرەو وڵاتی ئەردەن‌و میصر ◊ (ك: وِصْعان).

الوَصَعُ: بەمانا (الوَصْعُ)دێ ◊ (ك: وِصْعان).

الوَصیعُ: دەنگی چۆلەکە ◊ بێچوە چۆلەکە.

وَصَفَ المهرُ والناقة ونحوهما یصف وَصفاً: جوانوە ئەسپەکە یان حوشترەکە جوان ڕۆیشت، ڕەوتی جوانە.

وَصَفَ الصَغیرُ المَشْیَ: منداڵەکە پێی گرتن کەوتە سەر ڕۆیشتن.

وَصَفَ الشَّیْئَ وَصْفاً: وەسفی شتەکەی کرد بەسنی‌و لایەنە باشەکانی باسکردن.

وَصَفَ الطبیب الدواءَ: پزیشکەکە دەرمانەکەی بەناوو نیشان‌و چۆنیەتی بەکارهێنان بۆ نەخۆشەکە دیاری کرد.

وَصَفَ الخَبَرَ: هەواڵەکەی گێڕایەوە.

وَصَفَ الثوبُ الجسمَ: پۆشاکە چۆنیەتی جەستەی خاوەنەکەی دەرخست بەهۆی تەنکی یان تەنگی‌و تەسکی چاك چۆنیەتی جەستەی پۆشەرەکەی

دەرخست ٥ لەحەدیثی عومەردا هاتووە: (الأَیْشِفُّ فإنه یَصف).

وَصَفَ الغلامَ والفتاة وصافة: کوڕەکە یان کچەکە کاتی خزمەت پێکردنیان هاتو ڕەدو بالایان تەواو بوو خۆیان دارشت.

واصفته الشَّیْئَ: شتەکەم لەسەر وەصف پێ فرۆشت، واتە شتەکەم لەبەردەستانەبوو بەوەصفو نیشانە پێم فرۆشت.

إتَّصَفَ الشَّیْئَ: بۆ موطاوەعەی (وَصَفَه)دێ ٥ وەصف کرا ٥ بەباشی ناویان هێناو پەسەندیان کرد.

تواصَفُوا الشَّیْئَ: هەندێکیان شتەکەیان بۆ هەندێکیان وەصف کرد.

تَوَصَّفَ فلان وصیفاً: فلانکەس یەکێکی ڕاگرت بۆ خزمەتکردن.

استوصَفَ فلانٌ الطبیبَ لدائه: فلانکەس داوای لەپزیشکەکە کرد دەرمانی دەردەکەی پێ بڵێ.

استوصَفَ فلاناً الشَّیْئَ: داوای لەفلان کرد شتەکەی بۆ وەصف بکا.

الصِفة: ئەو حاڵەتەی بەشتەکەوەیە، شتەکەی پێ جیادەکرێتەوە لەشتی تر وەکوو ڕەشی و سووری و سپییەتی و کورتی و درێژی ٥ زانیاری و نەزانی ٥ لەلای زانایانی نەحو صفە شوێنێکە وتەی ئیسمی پێشوویەتی و حوکمو ئیعرابی ئەوی دەدرێتێ.

المُستَوْصَفُ: خەستەخانەی بچوک کەهەندێ خزمەتی پزیشکی تێدا پێشکەش دەکرێ.

المواصفة: صیفەتو چۆنیەتی ئەوشتەی دەتەوێ بیکڕی ٥ یان دروستی بکەی.

بیع المواصفة: بڕیتیە لەوەی شتێک بفرۆشی شتەکە لەبەر دەستا نەبێ، جۆرو شێوەی بۆ کڕیار باس بکەی، دوایی بەو وەصفە دەستی بخەیی و بیدەیتێ.

الوَصّاف: صیغە موبالەغەیە ٥ زاناو لێزان لەوەصف کردن دا.

الوَصیف: خزمەتکارو کارەکەر ٥ کوڕێک نەگەیشتبێتە تەمەنی بالغ بوون.

الوَصیفة: کارەکەر ٥ کچێک نەگەیشتبێتە تەمەنی بالغ بوون.

وَصَلَ فلان یَصِلُ وَصْلاً: بانگەشەی سەردەمی نەزانی هەڵداو دەمارگیری و تایەفەگەری پەپرەو کرد.

وَصَلَ الشَّیْئَ بالشیئ وَصْلاً وصِلَةً: شتەکەی بەشتەکەی تر وە لکاند، دەگوترێ: (وصلت المرأة شعرها بشعر غیرها): ئافرەتەکە قژی لکاندن بەقژی

تـرەوە قـژی خـۆی درێـژکردن بـەهۆی پێوەلکاندنی قژی تربە قژەکانی خۆی.

وَصَلَ فلاناً وَصْلاً: پەیوەنـدی بـەردەوام بوو لەگـەڵ فـڵان دا ٥ صیلەی رەحمی نەپچڕاند ٥ دەشگوترێ: (وصَـلَ حَبْلَـهُ بفلان): دڵی بـەفڵان دا چووەو خۆشی دەوێ ٥ چاکەی لەگەڵ کرد ٥ مـاڵی پـێ بەخشی.

وَصَلَ رحمَهُ: چاکەی لەگەڵ خزمو کەسو کارەکـەی دا کـرد ٥ هاموشـۆی کـردن، یارمەتی دان، چاودێری کردن پێیانەوە خەریك بوو.

وَصَـــلَ المکـــان وصـــولاً: گەییـــشتە شوێنەکە.

وَصَـلَ الی بـني فـلان: خـۆی پاڵدایـە لای فڵان بـەرەباب‌و تایەفـە خـۆی بەیـەکێ لـــەوان حـــسێب کـــرد ٥ قورئـــان دەفەرموێ: ﴿إِلاَّ الَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىَ قَـوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ﴾.

اوْصَـلَهُ الـشَّيْئ واليـه: شـتەکەی گەیانـدە ئـەوی، یـان شـتەکەی پـێ گەیاند ٥ دەشگوترێ: (ضَـرَبَه ضـربةً لاتوصـل): زەبرێـکی وای لـێ داوە چارە سەرناکرێ دەرمان ناکرێ.

واصله مواصلةً ووصالاً: بـەردەوام بوو لە دیـدەنی کردنـی‌و نەپچڕانی پەیوەنـــدی ٥ پێـــچەوانەی مانـــای (هَجَـــرَهُ)دێ ٥ بـــەزۆری بۆمانـــای دڵـداری‌و خۆشەویـستی ئـەو بـوارە بەکاردێ.

واصَـلَ الـصيامَ: چـەند ڕۆژێـك لەســـەریەك بـــەڕۆژو بـــوو ٥ دەشگوترێ: (واصل حَبْلَهُ).

وَصَّـلَ الـشَّيْئ بالـشيْئ: شـتەکەی بەشـــتەکەوە لکانـــد ٥ یـــان زۆری دیـــدەنی کـــردو پەیوەندییەکـــەی لەگەڵ دا چڕو پڕ کردەوە ٥ لـەخۆی گرت، خستیە گەڵی ٥ شتەکانی لێـك دان، پێکیەوە بەستن.

وَصَّلَ الشَّيْئ اليـه: شتەکەی گەیانـە ئەو.

إتَّـصَلَ فـلان: فڵانکـەس بانگەشـەی سەردەمی نـەزانی کـرد دەمـارگیری‌و تایەفەگەری‌و داب‌و نەریتی خێڵەکی پەیڕەو کرد.

اتَّصَلَ الی بني فلان: خـۆی پـاڵ فـڵان بەرەباب‌و تایەفەدا.

إتَّـصَلَ الـشَّيْئ بالـشَّيْئ: شـتەکە بەشتەکەی ترەوە لکا ٥ پێوەی نوسا.

تواصَلاَ: پێکەوەبوون لێـك دانـەبڕان ٥ پەیوەنـدییان بەیەکـەوە بـەردەوام بـــوو پێـــچەوانەی (تـــصارما)یـــە کەبەمانا لێـك دابڕانە.

تَوَصَّلَ اليه: گەیشتە لای، پێی گەیشت

٥ وردە وردە لەگـەڵی دا ڕۆیـی تـا گەیـشتە مەبەسـت ٥ هـەوڵی داو واسیتەی کردو خۆی نزیك کـردەوە تاپێی گەیی ٥ دەگوترێ: (تَوَصَّلَ الیه بُوصـلة أو سـبب): بـەهۆی واسیتەو هۆکـاری جـۆراو جـۆرەوە پێـی گەیشت.

استوصلت المرأة: ئافرەتەکـە داوای کرد فڕی تر بخرێنـە سـەر فـڕۆکانی بۆنـەوەی فـڕۆکانی درێـژبن، جـوان بنوێنن.

الصِّلَةُ: عـەطاو بەخـشش ٥ خـەڵات ٥ نـەو پیتـەی دوای (الـروی) دێ لـە سەرەوای شیعردا ٥ پێشی دەگوترێ: (الوَصَل).

الصُّلة: تێشوو.

الإیـصال: نوسراوێـکە وەرگرتنـی مانێك یان قەرزێکی تێدا ناماژەپێ دەکرێ.

المستَوْصِلة: نـەو ئافرەتـەی دەبێتـە دەڵاڵو ڕێ نیشاندەر بـۆ فڕێـکەوە لکاندنو بارۆکە کـردنو نـەو جـۆرە شتانە.

المَوَصَّلُ: دەگوترێ: (خَیْط موصَّل): حەبڵو هەودایەکە لـەزۆر شـوێنەوە سەرێـەك خراوەتەوە.

المُوَصِّلُ المعـزول: پلاکـی کارەبـاو شتی وا.

الموَصِّلات: نـەو قـەبارەو شـتانەی کارەبایان پێدا نەقڵ دەکرێ.

الموصِلُ: شـوێنی گەیـشتن ٥ شـوێنی بەیـەك گەیـشتنی دوشـتو پێـکەوە لەحیم کردنیان ٥ جومزگە ٥ نێوان کلۆتو رانی حوشتر ٥ شوێنی گرێی حەبل، نـەو شـوێنەی دوو حەبلەکە دەخرێنـــەوە ســـەرێەك ٥ (ك: مواصِل).

المَوْصُـــولُ: حەیوانێـــکە ولاخو ئاژەڵێـکە دایکەکـەی لەیـەك نێـرێ کـەڵی گرتبـێو فـەحلی تـر سـواری دایکی نەبووبن.

الواصِلَة: ئافرەتی داوێن پیس.

الوَصْلُ: عەطاو بەخشش ٥ دەگوترێ: (أعطاه وَصْـلاً مـن ذهـب): بڕێـکی ئـاڵتون پـێ بەخـشی ٥ هاوشـانو هـاوکوف ٥ دەگـوترێ: (هـذا وصـل هـذا): ئەمـە هاوشـانی ئەمەیـە ٥ جومزگەو شـوێنی بەیەکەوە لکانی دووئێسکو زیـاتر ٥ (حرف الوَصْل): نـەو پیتەیـە لـەدوای (الـرّوی)دێ لەسەروای شیعردا.

لیلة الوصل: شەوی کۆتایی مانگە.

الوُصْلُ: جومزگە، یان شـوێنی بەیـەك گەیـشتنی دوو ئێـسقان یـان زیـاتر.

الوَصْلَةُ: (لەبواری زانیاری کیمیادا) ڕەمزی ئەو هێزەیە کە دوگەردیلە بەیەك دەگەیەنێ.

الوُصْلَةُ: گەیاندن و پەیوەندی ◊ دەگوترێ: (بينهما وُصْلَةٌ): لەنێوانیان دا پەیوەندی هەیە ◊ هەرشتێك بەشتێکی ترەوە بلکێ ◊ هاوڕێو هاوەڵ، تێشو ◊ زەوی دوور.

الوَصِيلُ: کەسێك هەمیشە لەگەڵ یەکێکی تربێو لێی جیانەبێتەوە.

الوَصِيلَة: شتێك بەشتێکی ترەوە بلکێندرێ ◊ هاوڕێ ◊ زەوی پان و پۆڕ ◊ لەسەردەمی نەزانی دا وشەی الوصيله ناو بووە بۆ حوشترێك دە سك بکا بێ بسانەوە ◊ یان مەڕێك حەوت سك بکا حەوتەم جاری نێرو مێیەکی ببێ، لەبەر ڕێزی کاوڕە مێیەکە نێرەکەش سەرنابڕن ◊ شیری دایکەکەش هەردەبوایە پیاو بیانخواردایەوە لەئافرەت یاساغ بوو ◊ ئەم جۆرە حوشترو مەڕە ڕێزێکی تایبەتی هەبوو بەئارەزۆی خۆی لەکوێ دەلەوەڕا کەس بۆی نەبوو ڕێگرێ بکا، دەق وەکوو ناژەڵی (سائیبه) هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکرێ ◊ (ك: وصيل ووصائل).

وَصَمَهُ يَصِمُهُ صِمَةً ووَصْماً: بەگورجی رایکێشا ◊ ڕەخنەی لێ گرت.

وَصَمَ العود: دارەکەی شکاندەوەو بەبێ ئەوەی لێکی جیابکاتەوە.

وَصَّمَهُ: تەمبەڵو قونگرانی کرد، هەڵی نەنا بۆ کردنی کارەکە ◊ ئەزیەتی دا، دەگوترێ: (وَصَّمَتْه الحُمى): لەرزو تا ئازاری دا.

تَوَصَّمَ: بۆ موطاوەعەی (وَصَمَهُ)دێ.

الوَصْمُ: عەیبو لەکە ◊ گرێی دار ◊ درز ◊ دەگوترێ: (قناة فيها وَصْمٌ).

الوَصْمَةُ: کەلەبەرو پیتکەو روشاوی لەجەستەدا ◊ عەیبو لەکە ◊ سوێندی بەدرۆو تاوان.

وَصْوَصَ: لەکونو درزەکەوە ڕوانی.

وَصْوَصَتِ المرأةُ: ئافرەتەکە روبەندی خۆی وێکهێنایەوە هەرکونی چاوی بەدەرەوەن.

وَصْوَصَ الجرو: بێچوە سەگەکە، بێچومگورگەکە چاوی تروکاندن.

وَصْوَصَ فلان: فلانکەس چاوی خۆی بچوك کردنەوە بۆئەوەی چاك شتەکە ببینێو بەباشی روانینەکەی ئاڕاستە بکا.

الوَصْوَصُ: کونێکە لەپەردەو دەرگاو شتی وا بەئەندازەی چاولێیەوە دەڕواندرێ ◊ (ك: وصاوص).

وصى فلان يصى وصياً: دوای بەرزیو

شکۆمەندی ڕمزیل بوو ٥ دوای کێش سوکی کێشی قورس بوو.

وَصَى الشَّيْئَ: شتەکە گەیشت دەرکەوت ٥ دەگوترێ: (وَصَى النبتُ): گژوگیاکە پێگەیی و زۆر بوو.

وَصَتِ الأرضُ وَصْياً ووُصياً: زەوی گیاوو گژەکەی تێك ڕژاو زۆر بوو.

وَصَى الشَّيْئُ بالشَّيْئِ: شتەکە بەشتەکەوە لکا پێوەی نووسا.

اوصى: چووە ناو گیاوگژی زۆرەوە.

اوصَى فلاناً واليه: فلانکەسی کردە سەر وەصیەت مالّو منداڵی دوای مردنی داوای لێ کرد سەرپەرشتیاریان بێ ٥ پەیمانی دایەو بەڵێنی پێدا.

اوصى له بشيئ: شتەکەی کردە مالّی ئەوو وتی بۆئەو بێ.

اوصى فلاناً بالشيئ: فەرمانی بەفلانکەس کرد بەئەنجامدانی شتەکەو لەسەری پێویست کرد.

وَصَّى اليه وله بشيئ: شتەکەی کردە هی ئەوو بڕیاری بۆدا.

وَصَّى فلاناً: دوای مردنی فلانکەسی کردە وەصی و سەر پەرشتیاری مالّو منداڵی.

وَصَّى بالشيئ فلاناً: فەرمانی بەفلانکەس کرد بەئەنجامدانی شتەکەو خستیە ئەستۆی ئەو ٥ دەگوترێ: (وصَّى الله الناسَ بكذا).

تواصَى القومُ: خەڵکەکە هەندێکیان وەسێتیان بۆ هەندێکیان کرد.

تواصَى النبتُ: گیاو گژەو کە پاڵی لێك دا.

استوصى به: وەصییەتەکەی بەوشتە قبوڵ کرد ٥ دەگوترێ: (استوصى به خيراً): خێرو بێری بۆئەو وێستو بۆی ئەنجام دا ٥ لەفەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە: (إستوصوا بالنساء خيراً).

الواصية: دەگوترێ: (فلاة واصية): دەشتو سارایەکە بەدەشتو سارای ترتێکەڵاو دەبێ.

الوَصَاةُ: بەمانا (الوَصية)دێ ٥ (ك: وَصَايا)یە سەرپەرستیاری کردنی منداڵ.

الوَصي: ئەوکەسەی وەسییەتی بۆ دەکرێ و دەکرێ بەسەرپەرشتیار ئەوکەسەی سەرو کاری منداڵو مالّو سامانەکەی دەکا.

وَضَأه يَضؤه وضئاً ووضاءةً: لەڕوخسار جوانی و پاك و خاوێنی دا بەسەریا بالادەست بوو ٥ دەگوترێ: (وَاضَأَهُ فَوَضَأَهُ).

وَضُؤَ يَوْضُؤُ وُضاءَةً: جوان بوو ڕێك و

پێك و پاك و خاوێن بوو ٥ (فهو وَضِئ) ٥ (ك: أوضياء ووِضاء).

وَضَـأَهُ: شـانازی بەسـەردا کـرد ٥ دەگوترێ: (واضَأهُ فَوَضَأهُ).

وَضَّاءُ: وای لێ کرد دەستنوێژ بگرێ.

تَوَضَّـأ للعبـادة: هەنـدێ ئەنـدامی جەستەی شتن و هەندێکی مەسح کـرد ٥ یـان بـەنیازو مەبەسـتی نوێـژکردن ئـاوی گەیانـدە هەنـدێ ئەندامی جەستەی.

تَوَضَا الغلام والجارية: کوڕو کچەکە گەیشتنە تەمەنی بالغی.

المتَوَضَّأُ: شوێنی دەستنوێژشتن.

المِيضَأَةُ: قاپێك یان مەسینەو گڵێنە ئاوی دەستنوێژی تێدابێ ٥ شوێنی دەستنوێژ هەڵگرتن.

الوَضُوءُ: دەستنوێژ ٥ ئاوی دەستنوێژ پێ هەڵگرتن.

الوُضاءُ: دەمو چاو نورانی.

الوُضُوءُ: دەستنوێژ هەڵگرتن ٥ شتن و مەسـح کردنـی هەنـدێ ئەنـدامی جەستە ٥ گەیاندنی ئاو بۆ هەنـدێ ئەندامی جەستە لەگەڵ نیەت دا.

وَضَـحَ الأمـرُ يـضح ضِحَة ووضـوحاً: کارەکـە ئاشـکرا بـوو رون بـۆوە ٥ دەگـوترێ: (وضـح الـصُبْحُ): بـەیانی ئاشکرابوو ئاسـۆ رون بـۆوە ٥ (وَضَـحَ الراکـب): سـوارەکە دەرکـەوت ٥ دەشگوترێ: (من أين وَضَـحَ الراکـب؟): لەکوێوەوە سوارەکە دەرکەوت.

وَضَحَ الوَجْهُ: روخساری جوان بوو ٥ (فهو واضِح).

أوضَـحَ الرجـل والمـرأةُ: پیـاوو ئافرەتەکـە منـدالّی سـپی پێـستیان بوون.

أوضَـحَ الأمْـرُ: کارەکـە ئاشـکرا بـوو، دەرکەوت.

تَوَضَّحَ الطريق: ڕێگاکە رون بۆوە.

تَوَضَّحَ عنه: لێی کۆڵیەوە.

استوضَـحَ الـشَّيْئ وعنـه: دەسـتی خـستە پـشت چـاوی لەبـەر تیـشکی خۆر بۆئـەوەی بزانـێ ئـاخۆ شـتەکە دەبینێ یان نا.

استوضـح فلانـا الأمـر: داوای لەفلانکـەس کـرد شـتەکەی بـۆ رون بکاتەوە.

الأواضـح: ڕۆژانێـك شـەومکانیان رونـاکن شـەوی سـیانزەو چـواردەو پانزەی مانگی قەمەری.

الأوضـاح مـن النـاس: کۆمەڵگایـەك پێـك هاتبـێ لەجـەند هـۆزو خێڵـی جیاجیا.

المُتَوَضِّحُ: کەسێك سواری ڕێـگایەکی راستو ئاشکرا ببـێ ٥ بەناوەڕاستی

ڕێگادا بەرواو نەکەوێتە پەنا پەسێوو کەندولەند ◊ حوشتری سپی زۆر سپی نەبێ.

المُوضِحَةُ: بریندێک ئێسقانی دەربکەوێ ◊ واتە گۆشتی سەر ئێسقانەکەی دڕبێ.

الواضِح: پێچەوانەی (الخَامِلُ) دێ ◊ واتە: ئاشکراو ڕون ◊ دەگوترێ: (رجل واضح الحسب): پیاوێکە بنەچەو نەژادی ئاشکراو ڕونە ◊ حوشتری سپی بەڵام زۆر سپی نەبێ.

الواضِحة: بریندێک گۆشتی هەموو بڕابێو ئێسقانی دەکەوتبێ ◊ دیمەنی ددان لەکاتی پێکەنین دا ◊ شەوێک لەشەومکانی (ليالي البيض): کەشەوی سیانزەمو چواردەمو پانزەی مانگی قەمەرین.

الوَضَحُ: روناکی، تیشک ◊ سپایی ئاسۆ لەخۆرهەڵات کاتی بەیانی ◊ مانگ ◊ سپایی هەمووشتێک ◊ ڕێگای ئاشکراو ناوڕاستی ڕێگا ◊ دیرهەمی زیوی ساخ ◊ خشڵی زیوی ساخ ◊ پاوانەو خڕخاڵ ◊ بازنەو دەستەوانە کەلەقاچ بکرێ ◊ خاڵی سپی بەناو چەوانی ولاخەوە ◊ شیر ◊ موی سپی سەرو ڕیش کە نیشانەی پیرییە ◊ بەڵەکی.

الوَضّاحُ: صیغە موبالەغەیە لەمانای (وَضَحَ)دا ◊ سپی زۆر جوان ◊ روخساری جوانو دەم بەپێکەنین ◊ زۆڕ ◊ دەگوترێ: (رجل وضّاح الحسب): پیاوێکە بنەچەو نەژادی زۆر ڕونو ئاشکرایە ◊ (عظم وضّاح): پارییەکی منداڵە عەرەبە، لەشەوی تاریك دا ئێسقانێکی سپی فڕێ دەدەن نەمجار دەست دەکەن بە گەڕانو پشکنین بۆ دۆزینەوەی هەرکەسێ بیدۆزێتەوە ئەوە براوەیە.

الوَضِيحة: تارماییەکی سپی دێتە پێش چاوی مرۆڤ ◊ ئاژەڵ (مەڕو بزنو گاو حوشتر) ◊ (ك: وضائح).

وَضَحَ فِي السِّقاء يَضَحُ وضحاً: شتێکی کەمی لەکوندە ئاوەکەدا هێشتەوە.

وَضَحَ الدَّلْوَ: دۆڵچەکەی نیوەکرد ◊ (فهو واضح).

أوْضَحَت البِئر: بیرەکە ئاوەکەی کەم بۆوە.

أوضَحَ فلان فِي السِّقاء: فلانکەس شتێکی کەمی لە کوندەکەدا هێشتەوە.

أوضَحَ بالدَّلْو: بەخێرایی وتەکانی دۆڵچەکەی لەناو بیرەکە هەڵکێشایەوەو پڕی نەکرد کەمی ئاو تێ چوو بوو.

اوضَخَ للرجل: کەمی ئاو لەبیرمکە بۆ پیاومکە دەرهێنا.

اوضَخَ الدلوَ: بەمانا (وَضَخَ)دێ.

واضَخَهُ مواضخة: پێشبڕکێی لەگەڵ دا کرد لەئاو هێنجان دا ٥ پێشبڕکێی لەگەڵ دا کرد لەبازدان دا ٥ وەکوو ڕۆیشتنی ئەو ڕۆیشت ٥ دەشگوترێ: (واضخه السَّيْرَ وفي السير).

تواضَخَا: پێشبڕکێیان کرد ٥ دەگوترێ: (توضخا في الإستسقاء وفي العدو وفي السير).

تواضَخَ فلان فلاناً: فلانکەس وەکوو ڕۆیشتنی فلان ڕۆیشت.

وَضِرَ يَوْضَرُ وَضَراً: چلکن بوو.

وَضِرَ الإناءُ: قاپەکە، مەنجەڵەکە چەور بوو ٥ (فهو وَضِر وهي وضِرَةٌ ووَضْرى).

وَضَّرَهُ: چەوری کرد، چلکنی کرد، دەگوترێ: (كان نقي العِرْضِ فَوَضَّرَه بالدناءة).

الوَضَرُ: چلك ٥ چەوری ٥ پیس و پۆخەڵی بەهۆی چەوربیەوە خشتو خۆڵی بنکی کوندەو گۆزەی ئاو ٥ بۆگەنی خۆراکی ئێکسپایەرو گەنیوو ترشاوو بەسەر چوو ٥ شوێن ئاسەواری خۆراك بەسەر ڕوی سینی و قاپو شتی واوە ٥ ئەو ڕەنگەی بەسەر زەعفەران و شتی واوە دەبینرێ ٥ پاشماوەو ئاسەواری مۆرانەو ژەنگو پیسایی ٥ پاشماوەو ئەثەری قەتران ٥ (ك: أوضار) ٥ دەگوترێ: (فلان ذو أوضار): فلانکەس چلکن و پیس و پۆخەڵە.

وَضَعَ يَضَعُ وضعاً وموضوعاً: پەلەی کرد لەڕۆیشتن دا ٥ دەشگوترێ: (وضَعَ السراب على الآكام): تراویلکە لەسەر گردۆلکەو شتی وا درەوشایەوە.

وَضَعَت المراة وَضْعاً وتُضْعاً: ئافرەتەکە لەکۆتایی ماوەی پاکی دا، سکی پڕبوو نەکەوتە عادەی مانگانەیەوە.

وَضَعَتِ الإبلُ وضيعة: حوشترەکە گیا ترشۆکەی گوێ چەمو ئاوی خواردو ئەو لەوەڕی ڕێگایەی جێ نەهێشت.

واضَعَ فلان من فلان وعنه وضعاً وموضعاً: فلانکەس لەڕێزی فلانی کەم کردەوەو پلەی کۆمەڵایەتی هێنایە خوار ٥ دەشگوترێ: (وضعه الشُحُّ ودناءة النسب).

وَضَعَ عَنْ غريمه: لەقەرزەکەی بۆ قەرزدارەکەی داشکاند.

وَضَعَ فلاناً: فلانکەس ژێردەستەو زەلیل کرد ٥ دەگترێ: (وضَعَ الله المتكبرين ووضع فلان نفسَه):

فلانکەس نەفسی خۆی زەلیل کرد.

وَضَعَ الشَّيْئَ: شتەکەی دانا لەدەستی خۆی کردەوە ٥ دەگوترێ: (رفع السلاحَ ثم وضعَه).

وَضَعَتِ المرأةُ حَمْلَها: ئافرەتەکە سەرپۆش و ڕوبەندی لەسەرخۆی دامالی و فڕێی دا.

وَضَعَ الشَّيْئَ الى الأرض: شتەکەی دابەزاندە سەرزەوی.

وَضَعَ الشَّيْئَ في المكان: شتەکەی لەشوێنەکە دامەزراند ٥ دەشگوترێ: (وَضَعَ يده في الطعام): دەستی کرد بەنانخواردن.

وَضَعَ فلانٌ فلاناً في ماله وضيعة: فلانکەس لەمالی خۆی بۆ فلانکەس ئەندازەیەکی بۆ دابەزاند.

وَضَعَ فلاناً: فلانکەسی کرە پیاوێکی نزم و بێ نرخ.

وَضَعَ عُنُقَه: لەملی فلانی دا.

وَضَعَ عنه الأمرَ: کارەکەی لەمل و ئەو دامالی لەکۆڵی کردەوە ٥ دەگوترێ: (وَضَعَ عنه الدين والجزية): قەرزەکەی لەمل دامالی ٥ (وَضَعَ عنه الجناية): تاوانەکەی لەئەستۆی ئەو لابرد.

وَضَعَ الشَّيْئَ وضعاً: وازی لەشتەکە هێنا.

وَضَعَ الرجلُ الحديثَ: پیاوەکە قسەکەی هەڵبەست ٥ درۆی ڕێک خست.

وَضَعَتِ الحاملُ ولدها وضعاً: ژنە سکپڕەکە منداڵەکەی بوو سکەکەی دانا ٥ (فهي واضع).

وَضَعَ العلم: شارەزای یاساو بنەمای زانیاریەکە بوو.

وَضَعَ الرجلُ في تجارته وضَعاً: پیاوەکە لەبازرگانیکردنەکەدا زەرەری کرد.

وَضُعَ الرجلُ يَوْضُعُ ضَعَةً ووضاعةً: پیاوەکە بێ ڕێز بوو هەتیو مچەو خوێڕی دەرچوو.

وُضِعَ الرجلُ في تجارته: پیاوەکە لەبازرگانی کردنەکەی دا زەرەری کرد ٥ زوربەی کات ئەم چمکە بەم شێوەی ئیسمی مفعول ئەدا دەگرێ ٥ دەگوترێ: (لايزال فلان موضوعاً في تجارته).

اوضَعَ في الشَّرِّ: پەلەی کرد لەشەڕکردنەکەدا.

اوضَعَ الراكبُ الدابَّةَ: سوارەکە ولاخەکەی هەلینگ دا بۆ خێرا ڕۆیشتن.

اوضَعَ فلان فلاناً في الأمر: فلانکەس موافەقەی بۆ فلان کرد لەکارەکەدا.

اوضِعَ الرجلُ في تجارته: پیاوەکە لەبازرگانی کردنەکەی دا تێشکا.

واضَعَ الرجل مواضَعَةً ووضاعاً: پیاوەکە لەهەڵگرتنی دەستەبارەکەدا

تەرازو ئاسا هەڵی نەگرت، بەسەر لای هاوەڵەکەی دا شکاندیەوە.

واضَعَ فلاناً: گرەوی لەگەڵ فلان کرد ◊ لەکارمکەدا هاوڕای فلان بوو ◊ موافیقی بوو ◊ موناظەرەو چەلەحانێی لەگەڵ فلان دا کرد.

واضَعَ فلاناً الرایَ: لەگەڵ فلان دا هەریەکەیان ئەوی تری بەسەر راو بۆچونی خۆی دا ئاگادار کرد.

وَضَّعَ فلاناً: فلانکەسی خوێڕی کرد ◊ بێ ڕێزی کرد.

وَضَّعَ البانی الحجَر: وەستاکە بەردەکەی خستە چینی دیوارەکەوەو داینا ◊ بەردەکانی چین چین خستنە سەریەک و ڕیزبەندی کردن.

وَضَّعَ الجُبَّة: دوای ئەوەی لۆکەی خستە ناو جبەکەوە ئەمجار دوری.

وَضَّعَت النعامةُ بَیْضَها: نوعامەکە هێلکەکانی خستنە سەریەک.

الضَّعَ فلان: فلانکەس بوو بە خوێڕی و هەتیو مچە.

الضَّعَ البعیرُ: حوشترەکە سەری خۆی نەوی کرد بۆئەوەی خاوەنەکەی پێ بخاتە سەر ملی و سواری بێ.

تواضَعَ فلان: فلانکەس خۆی بەزەلیل و ترساو لەخودا نیشان دا.

تواضَعَ القومُ علی الأمر: خەڵکەکە لەسەر کارەکە ڕێک کەوتن.

تواضَعت الأرض: زەوییەکە لەو زەوییەی ئەولای نزم تر بوو.

تواضَعَ ما بیننا: نێوانمان دوور بوو.

استوضَعَ منه: لەڕێزی هێنایە خوار.

استوضَعَ فلاناً الشَّیْئَ: داوای لەفلانکەس کرد شتەکەی لەسەر لابا ◊ دەگوترێ: (استوضع فلاناً في دینه): داوای لەفلان کرد قەرزەکەی لەسەر لابەرێ.

التوضیع: دەگوترێ: (في فلان توضیع): فلانکەس ژنانییە.

الضَّعة: نزم بوونەوەی ڕێزو نرخ ◊ شکانی کەسایەتی و دابەزینی سومعە ◊ خوێڕیەتی و هیچ و پوچی.

المُوَضَّعُ: شکاوو کەرت و پەرت بوو، کەسێک نەپیاوی تەواو بێ نەئافرەتی تەواو بێ (واتە نێرە موک) ◊ دەگوترێ: (فلان مُوَضَّعٌ): فلانکەس نێرەموکە ◊ شێوە ژنانییە ◊ بێ ڕەوشتە.

الموْضِع: شوێن و مەکان ◊ دەگوترێ: (في قلبي موضع فلان): خۆشەویستی فلانکەس لەدڵم دایە.

المَوْضَعَة: ناوی شوێن (اسم المکان).

الموضوع: سەرەباس ◊ ئەو مادە

زانیـــاری و رۆژنامەوانییەیـــە کەنووســـەر دەیکاتـــە عینـــوانی نووسینەکەی.

الموضوع من الأحاديث: حەدیثی هەڵبەســـتراوو پاڵـــدراو بـــۆ لای پێغەمبەر (د.خ) لەبواری فەلسەفەدا بریتییـــە لەشتێـــک هەســـتی پـــێ بکرێ و مودرەک بێ، بەرامبەرەکەی بریتییـــە لـــە (الـذّات) ٥ لـەزاراوەی مـــەنطیـــق بریتییـــە لـــە شتێـــک (مەقولو عـەنهو)بـێ قسە لـێ کـراو بـــێ لەپێـشەوە بگـوترێ و بکرێتـــە مەوضوع و بەشی یەکەمی قـەضیـەو شتی تـری بخرێتـە سـەرو مـەحمول بۆ بهێندرێ.

المَوضوعة من الأحاديث: حەدیثی هەڵبەسراووبێ بنەما.

الموضـــوعية: لـــەبواری فەلـــسەفەدا دیـدو بۆچونێـکی فەلسەفییە پێـی وایـــە مەعریفـــە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ حەقیقەتێـــک جودایـــە لـــەزاتی مودرەک و هەست پێکراو.

الواضعة: باخ و باخـچە ٥ حوشترێـک لەشـتی فڕێـدراوو پـل و پـوش و بەرماوەدا بلەوەڕێ ٥ ئافرەتی داوێن پیس و بەدڕەوشت.

الوَضْعُ: دانـان ٥ دانـراو (موضـوع) ٥ هێـــدی تـــرین و لەســـەرەخۆترین شـێوەی ڕۆیـشتنی حوشـترو وڵاخـی تـرە ٥ شێوەی شت و هەیئەتی.

الوَضـــاع: زۆر قـــسە هەڵبەســـت و درۆزن و بوختانـــچی ٥ دەگـــوترێ: (رجل وَضَّاعٌ): پیاوی زۆر درۆزن و قسە هەڵبەست.

الوَضعية: مەزهەب و ڕێبازی (ئوجست کۆنـت)ە کـە بـڕوای بەئـەو دیـو مادەنیەو ئینکاری میتا فیزیقیەکان دەکـا، پێـی وایـە زانیـاریی دەبـێ لەســـەر ڕوداو ئـــەزمون بـــنج بەستوبێ.

الوَضيعُ: پـڕو پـوچ و هـەتیو مـچەو خـوێڕی ٥ پێـچەوانەی (الـشریف)ە ئەمانـەت و ئەسـپاردە ٥ دەگـوترێ: (وضـــعت عَـــنْ فـــلان وضـــيعاً): ئەسپاردەیەکم لای فلانکەس داناوە.

الوَضـيعَة: ئەمانـەت و ئەســپاردە ٥ کتێبێـکە قسەی عاقڵمەنـدانی تێـدا دەنووســـرێ ٥ کۆمەڵێـــک ســـەرباز دەخرێنـــە هەرێمێـــکەوەو غـــەزوی ئەو دەڤەرەناکەن و تێیدا دەمێننەوە ٥ وردەو پـــردەی شـــت ٥ زەرەر ٥ کۆڵ و بـارو بارگەنـەی خـەڵک ٥ ئـەو ئەندازەیـەی پاشـاو خەلیفـە وەری دەگرن لەباج و خەراج ٥ ناردو ڕۆنـی بەســـەردا دەکـرێ و دەخـورێ ٥ (ك: وضائع).

وَضَمَ القومُ يَضِمون وضوماً: خەڵکەکە کۆبونەوەو لێك نزیك بوونەوە.

وَضَمَ القوم على بني فلان: خەڵکەکە بوونە میوانی فلان خێزانو بەرەباب.

وَضَمَ الجزار اللحم: حەیوان کوژەرەوەکە (قەصابەکە) گۆشتەکەی خستە سەر (وەضەم) هەرشتێك گۆشتەکە لەگڵو خۆڵ دووربخاتەوە.

اوضَمَ الجزارُ اللحمَ: بەمانا (وَضَمَهُ)دێ.

استَوضَمَهُ: ستەمی لێ کرد.

الوَضَمُ: هەرشتێك گۆشتی لەسەر دابندرێ لەدارو حەسیرو بەردو شتی وا بەمەبەستی ئەوە لەگڵو خۆڵ دووربێ ٥ سفرەی نانخواردن.

الوَضْمَة: کۆمەڵێك نادەمیزاد دووسەد یان سێ سەد کەس ٥ کۆمەڵێك مرۆڤی لێك نزیك دەگوترێ: (القوم وَضْمة واحدة).

الوَضيمُ من الأصابع: نێوان قامکی ناوەڕاستو قامکە بچکۆلە.

الوَضيمة: کۆمەڵێك مرۆڤ دووسەد تا سێ سەد کەس ٥ خەڵکێکە کەم دەبنە میوانی هۆزو خێڵێکو ڕێزیان لێ دەگیرێ ٥ خواردنی ئامادەکراو بەبۆنەی ماتەمینییەوە.

وَضَنَ الشَّيْءَ يَضِنه وَضْناً: شتەکەی خستە سەریەك ٥ دەگوترێ: (وَضَنَ الحجرَ والآخرُ): شتەکەی دوو لۆو دوو تۆپی کردەوە ٥ تەنی ٥ دەگوترێ: (وَضَنَ السرير وأشباهه الجوهر) ٥ (فهو واضن وهي واضنة).

اوضن الرَّجل: بۆ ڕەحڵو کەژاوەکە قەیاسەی چندراو بەسەریەك دای بۆ دروستکرد، پێی شەتەك دا.

إتَّضَنَ: پەیوەندی پێوەکرد پێیەوە لکا.

تضوَضَّنَ: ژێر دەستە بوو ٥ زەلیل بوو.

الموضونة: زرێیەك کونەکانی لێك نزیك بن ٥ حەلقەکانی تێك خرابنو چوبنە ناو یەکەوە ٥ یان ئەڵقەکانی دو دو چندرابن.

المِيضنة: هۆڕو جەواڵو تێڕەیەکە لەپوشی دارخورما چندرابێ ٥ (ك: مواضين).

الوُضنَةُ: کورسی چندراو لەلقی دارخورماو شتی وا.

الوَضين: ڕیزکراو چین چین کراو ٥ پشتێنێکی پانی چندراوە هەندێکی چوومتە سەر هەندێکیو هەوداو سیرمە کانی پێکەوە لاو نیو چندراون ٥ بەکوردی خۆمان پێی دەگوترێ: (قەیاسە) ٥ یان هەر

لەپێست دروست دەکرێ شتی پێ لەپشتی حوشتر شەتەك دەدرێ ◊ بۆ رەحـــل و کـــەژاوە بـــەکاردێ ◊ دەشگوترێ: (إنه لعلقِ الوضـين): ئـەو گـورج و گـۆڵ و خێرابـە ◊ چوسـت و چالاکە.

وطِئَ الشَّيْئَ يَطَؤُه وَطْئاً: شـێلای پـانی کـردەوە ◊ دەگـوترێ: (وطِئنـا العَـدُوَّ): دوژمنمـان پـان و پڵـیش کردەوە، غەزومان کـردن ◊ (بنو فلان يطـؤهم الطريـقُ): بـەرەبابی فـلان هـۆزی فـلان لـەنزیك رێـگاکەوە نیشتەجێ بوون.

وَطِـئَ المـرأةَ: جـووە لای ئافرەتەکـە، سەرجێیی کرد.

وَطُؤَ الموضعُ وغيره: شوێنەکە نەرمەڵان بوو.

اوْطَـأَ شِـعْرَهُ وفيـه: لەشـیعرەکەدا سەرەوای دوبارە کـردەوە بەلـەفـظو مانـاوە هـەمان سـەرەوای پێـشوی هێنایەوە.

اوطَـا فلانـاً العَـشْوةَ وعَـشوَةً: فلانکەسی والـێ کرد بەسەر کوێری بڕواو نەزانێ رو لەکوێ دەکا.

اوطَا الأرض وبها: پێی لەزەوییەکـە ناو بەناوی دا رۆیی.

اوطَا فلاناً الأمرَ: لەکارەکەدا هاوڕای فلان بوو.

وَطَّـأَ الموضِـعَ وغـيره توطئـةً: شـوێنەکەی تـەخت کـردو کردییـە رێبازو ڕاڕەو.

وَطَّا الشَّيْئَ: شتەکەی ئامادەکرد.

وَطَّا الفِراشُ: شوێن نوسـتن و دۆشـەك سیسـەمەکەی رێـك خـستو خۆشـی کرد بۆ لەسەر نووستن.

تَوَاطَأَ القـومُ علـى الأمـر: خەڵکەکـە لەسەر کارەکە رێـك کەوتن.

تواطَـأَ فـلان فلانـاً علـى الأمـر: فلانکـــەس لەســـەر ئیـــشەکە ڕەزامەندیی خۆی بۆ فلان دەربڕی.

تَوَطَّأَ الرجلان: شتەکەی ژێر قاچی دا ◊ بـەقاچ گێـرەی کـرد، وردی کـرد پلیشاندیەوە.

استوطَأَ الشَّيْئَ: شتەکەی نـزم کـرد ◊ نـــەرمی کـــرد ◊ ئاســانی کـــرد ◊ بەوشێوانە هاتە بەردەستی.

الإيطاء: بەلای شاعیرانەوە عەیبێـکی سـەرەوای شـیعرە، بریتییـە لـەوە سەرەواکە بەلـەفظو ماناوە دوبارە بێتەوە.

الطَّاة والطَّلَّةُ: نەرمو نیان.

المَوْطَأُ: شوێن قاچ ◊ جێ پێ.

المَوْطِنُ: بەمانا (المَوطَا)دێ.

المُوَطَّأُ: سەهڵو ئاسان، نەرمو نیان ◊

دەگوترێ: (رجل موطأ الأكناف): پیاوێکی بارخۆش و مامەڵە خۆشە، ڕۆخۆش و سەخی سورشتو میوان نەوازە ٥ هەرکەسێ بچێ بۆ لای پەشیمان نیەو ماندو نابێ.

المِيطَاءُ: چاڵایی زەوی ٥ پارچە زەوییەکی نزم.

الواطِئَة: ڕێبوار کە شوێنێکی زەوی دەکەنە ڕێڕەو ٥ خورمای بیژۆک و هەڵومریو.

الوِطَاءُ: نزمایی، زەلکاوو چاڵایی لەزەوی دا.

الوِطَاءُ: بێشکەی نەرم و خۆش بۆ منداڵ.

الوَطَاءَةُ: نەرم و نیان و ئاسان و بەیدەست.

الوَطْأَةُ: پێلەقەو گرتنی بەهێزو توند.

الوَطَأَةُ: ڕێبوار.

الوَطِئ: چاڵایی زەوی ٥ نەرم و دەشت ٥ تەخت کراوو بێ کۆسپ ٥ دەگوترێ: (هذا الفراش وَطِئٌ): ئەم شوێن نوستن و دۆشەکە نەرمە ئەوکەسەی لەسەری دەخەوێ ئازاری جەستەی نابێ.

الوَطِئَةُ: خورمایەکە دەنکەکەی دەردەهێندرێ و بەشێوەو دەشێلدرێ ٥ کەشک و شەکر.

الوَطَبُ: مەشکەی دۆ ٥ مەمک و گوانی گەورە ٥ پیاوی وشکە تەبیات و قسە ڕەق ٥ (ك: أوطب وأوطاب ووطاب وأواطب) ٥ دەگشوترێ: (صَفِرَت وِطابُهُ): مرد یان کوژار.

الوَطْبَاءُ: مەمک گەورە.

الوَطْبَةُ: قاوت؛ کەلەخورماو کەشک و ڕۆن دروست دەکرێ.

وَطَحَهُ يَطحُهُ وَطْحاً: بەزەختو هێز پاڵی پێوەنا.

تواطَحَت الإبل على الحوض: حوشترەکان پاڵەپەستۆیان کرد لەسەر حەوزی ئاوخواردنەوە.

تواطح القومُ: خەڵکەکە لەگەڵ یەک شەڕیان کردو دژی یەکتر دوان و هەڵوێستیان وەرگرت.

الوَطْحُ: ئەو چڵک و پیسییەی بەسەو چنگ نینۆکی وڵاخ و ئاژەڵ و باڵندەو پەلەوەرەوە دەنوسێ.

وَطَدَ يَطِدُ وَطْداً: جێگیر بوو، چەسپا.

وَطَدَ الشَّيْئَ وَطْداً وَطِدَةً: چەسپاندی بەهێزی کرد ٥ (فهو وطيد وموطود): دەگوترێ: (وَطَدَ له منزلة): جێگای بۆ خۆش کرد.

وَطَدَ الإنسان الى الأرض: بیاوەکەی بەزەویییەوە نوساندو نەیهێشت جوڵەبکا.

وَطَّدَ الأرضَ: زەویيەکەی بەکوتك کوتایەوە بۆ ئەوەی بپەستێنرێو بچێتە پاڵ یەك‌و بۆشایی تێدا نەمێنێ کەبینای لەسەر بکرێ نەنیشێ.

وَطَّدَ الصَّخْرَ علی الغار: بەبەرد دەرکی ئەشکەوتەکەی گرت ◊ دەرکی ئەشکەوتەکەی بەکەڵەکە بەرد هەڵچنی.

وَطَّدَهُ: بەمانا (وَطَدَهُ)دی.

وَطِّدَ الأرضَ: زەویيەکەی تەخت کردو کوتایەوە بۆئەوەی گڵ‌و بەردو چەوەکە بچێتە پاڵ یەك‌و تونديێ ◊ دەشگوترێ: (وَطِّدَ له عنده منزلةً): بۆ فلان لای فلان جێگای بۆ خۆش کردو دایمەزراند.

تَوَطَّدَ الشَّيْئ: شتەکە چەسپاو جێگیر بوو.

اتَّطَدَ: بەمانا (تَوَطَّدَ)دێ.

المُتَوَطِّدُ: شتی بەردەوام‌و نەبڕاوە کەیەك بەدو یەك دا بێ ◊ چەسپاوو پتەوو جێگیر بوو.

المِيطَدَةُ: کوتکێکی قورس‌و گرانە لەدارو شتی وا دروست دەکرێ بناغەی دیوارو شتی وای پێ دەکوترێتەوە بۆئەوەی پتەو ببێ‌و نەنیشێ ◊ دارێکە درێڵ‌و ئاسنی سورەوەکراوی کونکردنی شتی پێ دەگیرێ.

الوَطِيدَةُ: بناغەو کانگەی دیواری خانوو ◊ سێ کوچکەی ئاگردان (سەرئاگرە) ◊ دەشگوترێ: (له عندي وطيدة): فلانکەس لای من پلەو پایەی بەرزی هەیە ◊ هەروا دەگوترێ: (أنت من وطائد الحق): ئەتۆ پایەیەکی پتەوی حەق‌و راستی.

الوَطَرُ: پێداویستی ◊ مەبەست‌و ئارەزۆ ◊ دەگوترێ: (قضى منه وَطَرَه): ئیشی خۆی لێ جێ بەجێ کرد ئارەزوی خۆی لی بەدی هێنا.

وَطَسَ الأرضَ يَطِسُها وَطْساً: چاڵی لەزەوییەکە کرد.

وَطَسَ الشَّيْئَ: شتەکەی شکاندو وردو هارێ کرد ◊ بەتوندو بەهێز لێی دا.

تَوَطَّسَ المَوْجُ: شەپۆلەکان توندو زۆر بوون.

الوَطَّاسُ: بۆ زێدەڕۆیی لەمانای (وَطَسَ)دێ ◊ شوان.

الوَطِيسُ: تەنوری نانکردن کەنانی تێدا دەبرژێ ◊ شەڕو هەرا ◊ دەگوترێ: (حَمَى الوطيسُ): شەڕگەرم بوو پەرەی ساند.

وَطَشَ فلاناً يطشه وطشاً: لێی دا، پێی کێشا.

وَطَشَ فلاناً عَنْ فلان: فلانکەسی لەکۆل فلانکەس کردەوە.

وَطَشَ الکلامَ: کەلامەکەی بەیان کرد، جوان ڕونی کردەوە.

وَطَشَ الخَبَرَ: لایەنێکی هەواڵەکەی ناشکرا کرد ◊ دەگوترێ: (ما وَطَشَ لنا): هیچی نەداینێ ◊ (سألته عَنْ شیء فما وطَشَ): پرسیاری شتێکم لێ کرد هیچی بۆنەدرکاندم.

وَطَّشَ عنه: لێی دوورخستەوە.

وَطَّشَ القوم عنهم: خەڵکەکەی لێ دوورخستەوە.

وَطَّشَ لفلان: دەروازەی قەسەو بۆچوونو کرداری بۆ فلانکەس دیاری کرد.

وَطَّشَ فیه: کاریگەر بوو تێیدا ◊ دەگوترێ: (سألوه فما وَطَّشَ لهم بشیء): پرسیاریان لێ کردو هیچی پێ نەدان ◊ (ضربوه فما وَطَّشَ الیهم): لێیان داو دەستی پێ نەکرایەوەو نەیتوانی دیفاع لەخۆی بکا ◊ (سألته عَنْ شیء فما وَطَّشَ): پرسیاری شتێکم لێ کرد هیچی بۆ رون نەکردمەوە.

وَطَفَ الرَّجُلُ یَطِفُ وَطْفاً: پیاوەکە دوا ڕەتێندراوەکە کەوت دووری خستەوە.

وَطِفَ یَوْطَفُ وَطَفاً: موی بڕۆ برژانگی زۆر بوون نەرمو شۆڕبش بونەوە.

وَطَفَ المطرُ: بارانەکە بەلێزمە باری.

وَطِفَتِ السحابة: هەورەکە شوڕابەی کردە سەرزەوی ◊ (فهو اوطف وهي وَطْفاء).

أوْطَفَ: بەسەر یا ڕوانی، بەرز بۆوە ◊ دەرکەوت ◊ دەگوترێ: (خذ ما أوطف لك): چیت دی هەڵی بگرە.

الأوْطَف: دەگوترێ: (بعیر أوطف الوبر): حوشترێکی کوڵك زۆرو باشە ◊ (عام أوطف): سالێکی پڕ خێرو بەرەکەتە ◊ (عیش اوْطَف): گوزەرانی خۆش ◊ (ظلام أوطف): تاریکییەکی داگرندەو نزیك و داپۆشەرە.

وَطَمَهُ یَطمُهُ وَطْماً: پێی لێنا.

وَطَمَ السِتْرَ: پەردەکەی دادایەوە.

وَطِمَ یَوْطَمُ وَطماً: گوی گیرا ◊ پیسایی بۆنەکرا.

وُطِمَ: بەمانا (وَطِمَ)دێ.

وَطَنَ بالمکان: لەشوێنەکە مایەوە.

اوطَنَ البلدَ: شارەکەی کردە زێدو نیشتمانی خۆی.

اوطَنَ نفسه علی کذا: نەفسی خۆی ئارام کرد لەسەر ئەوشتەو پێی ڕازی بوو.

واطَنه علی الأمر: کاری خۆی لەگەڵ

ئەوشاردەوە ◊ خۆی دەرنەخست ◊ بەکارەکە رازی بوو.

واطن القوم: لەگەڵ خەڵکەکە لەنیشتمانێك دا ژیا.

وَطَّنَ بالبلد: شارەکەی کردە زێدو نیشتمانی خۆی.

وَطَّنَ نفسه على الأمر: نەفسی خۆی لەسەر کارەکە ڕاهێنا.

إتَّطَنَ البلدَ: وڵاتەکەی کردە زێدو نیشتمانی خۆی.

تَوَطَّنَ: بۆ موطاوەعەی (وَطَّنَ)دێ ◊ دەگوترێ: (تَوَطَّنَتْ نفسه على الأمر): نەفسی خۆی لەسەر ئەوکارە ڕاهێنا.

تَوَطَّنَ الأرضَ وبها: زەوییەکەی کرد بەزێدو نیشتمانی خۆی.

استوطن البلَدَ: شارو وڵاتەکەی کردە زێدی خۆی و تێیدا نیشتەجێ بوو.

المَوْطِن: وەتەن ◊ هەرشوێنێك ئادەمیزاد بەهۆیەکەوە تێیدا نیشتەجێ ببێ ◊ ئەنجومەنو مەجلیس ◊ دیمەنێك لەدیمەنەکانی شەڕ ◊ (ك: مَواطن).

المیطان: شوێنی لێ ڕیزکردنو ڕاگرتنی ئەسپەکان پێش ئەوەی دەست بە پێشبڕکێکە بکەن ◊ (ك: مياطين).

الوَطَنُ: نیشتمان ◊ زێدو شوێنی لەدایکبونو نیشتەجێ بوون ◊ تەویلەو ئاغەڵو گەورێ ڕەشەوڵاخو بزنو مەڕ ◊ (ك: أوطان).

وَطْوَطَ فلان: فلانکەس لاواز بوو، قسەی خێرا خێرا کردن.

تَوَطْوَطَ الصبي: منداڵەکە بەگریانەوە هاواری کرد.

الوَطْواطُ: شەمشەمە کوێرە ◊ پیاوی کاڵفامو لاوازو جەستە بچکۆلە ◊ کەسێك قسە خێرا خێرا بکا ◊ پیاوی زەعیفو ترسنۆك ◊ دەم بەهاوارو جاڕدەر ◊ (ك: وطاويط).

الوَطْواطَةُ: کەسێکە خێرا خێرا قسە بکە ◊ لەقسەکردن دا پەلە پەل بکا ◊ ئافرەتێك زۆر قیژە قیژ بکا.

الوَطْواطي: نیسبەتدانی شتە بۆلای (وطواط) ◊ لاوازو ترسنۆك ◊ جەڤە جەناو زۆر بڵێ.

وَظَبَ عليه يَظَبُ وظوباً: بەردەوام بوو لەسەری.

وَظَبَ الأمْرَ: بەکارەکەوە نووساو وازی لێ نەهێنا ◊ بەرعۆدەی کارەکە بوو.

واظَبَ على الأمر: بەردەوام بوو لەسەر کارەکەو پشودرێژبوو.

واظَبَ فلاناً على خدمة فلان: فلانکەسی هەڵنا بۆ ئەوەی خزمەتی فلان بکا.

تواظَبَت عليه الرياح: بایەکان بە نۆبە لێیان داو هەردەمە جۆرە بایەك لێی دەدا.

الموظوب: دەگوترێ: (رجل موظوب): پیاوێکە بەڵاو کارەسات نۆرەی لێ دەکەنو هەر ڕۆژەو توشی چورتمێك دەبێو ماڵو سامانی بەڵایەك لەناوی دەبا.

المَوْظوبَةُ: دەگوترێ: (أرض موظوبة): زەویەکە ئەوەندەی مەڕو ماڵات تێکراو کرۆسراوەتەوە هیچ لەوەڕی تێدا نەماوە.

المیظَبُ: دەسکە سندۆڵ بەردێکە لەدرێژەوەیە گەنمی پێ دەگوترێ.

الوَظِبَةُ: شەرمگای ئاژەڵو وڵاخ.

وَظَفَ البعيرَ يَظِفُهُ وَظْفاً: زەبری لەباریکایی قاچی حوشترەکەدا ٥ زنجیری حوشترەکەی کورت کردەوە.

وَظَفَ القومَ: شوێن خەڵکەکە کەوت.

وَظَفَ الشَّيْئَ على نفسه: شتەکەی لەسەر خۆی پێویست کرد.

واظِفَةُ: هاوڕای بوو، لەگەڵی کەوت.

وَظَفَهُ: هەر ڕۆژەو ئەرك و وەزیفەیەکی دیاریکراوی بۆدانا.

وَظَّفَ عليه العملَ والخراجَ ونحو ذلك: کارو باجی بۆ مەزندە کردو بۆی دیاری کرد ٥ دەگوترێ: (وَظَّفَ له الرزقَ ولدابته العلَفَ): یان دەگوترێ: (وَظَّفَ على الصبي كل يوم حفظ آيات من القرآن الكريم): هەر ڕۆژە چەند ئایەتێکی دەست نیشان کردن بۆ منداڵەکە بۆئەوەی لەبەریان بکا.

الوَظيفُ: باریکایی قاچی حوشترو ولاخە بەرزەو حەیوانی تر ٥ قاچی بەهێزو توانا بۆ ڕۆیشتن بەناو نەرمەڵانو دۆڵو شیودا ٥ (ك: أوظُفَةٌ وَوُظْفٌ).

الوظيفة: ئەوەی دیاری دەکرێ لەئیشو خواردنو بژێوو شتی تر لەماوەیەکی دیاریکراودا ٥ وادەو پەیمانو بەڵێن ٥ پلەو پایەی موچە خۆر ٥ دەشگوترێ: (للدنيا وظائف وَوُظُفٌ): جیهان بەڵاو کارەساتی جۆراو جۆری هەن.

وَعَبَهُ يضعبه وَعْباً: شتەکەی هەموو هەڵگرتو هیچی لێ نەهێشتەوە.

اوعَبَ القومُ: خەڵکەکە هەموویان چون بۆ غەزا بۆ بەرگری لەوڵاتو زێدو نیشتمان.

اوعَبَ القومُ جلاءً: خەڵکەکە هەموویان دەرکران هیچیان لەوڵاتی خۆیان دا نەمانەوە.

اوْعَبَ فلان في ماله: فلانکەس ماڵو

سامانی خۆی تەخشانو پەخشان کرد بەهەموو شێوەیەك لێی بەخشی.

اوْعَبَ الشَّیْئَ: هەموو شتەکەی هەلگرت هیچی لێ نەهێشتەوە ◊ شتەکەی لەبێخ دەرهێنا.

اوعَبَ الشَّیْئَ فِی الشَّیْئِ: هەموو شتەکەی کردە ناو شتەکەوە.

استوعَبَه: هەمووی هەلگرت، جێگای هەمووی کردەوە ◊ لەبێخو ریشە دەری هێنا.

استوعَبَ الحدیثَ: قسەکەی وەرگرتو لێی حاڵی بوو.

استوعَبَ المکانُ او الوِعاءُ: شوێنەکە یان زەرفەکە هەموو شتەکەی تێدای جێ بۆوە.

الوَعْبُ: فراوان، دەگوترێ: (طریق وَعْبٌ): ڕێگایەکی پانو بەر فراوانە.

الوَعیب: بەرفراوان بەجۆرێك ئەوەی تێی دەکەی جێگای ببێتەوە تێیدا ◊ دەگوترێ: (بیت وعیب ووِعاء وعیب).

وَعِثَ الطریقُ یَوْعَثُ وَعْثاً وَوَعَثاً: ڕێگاکە ناخۆشەو ڕەوی پێدا ناکرێ.

وَعِثَ الأمرُ: کارەکە خراپ بوو تێکچوو تێکەڵو پێکەڵ بوو.

وَعِثَتْ یده: دەستی شکا.

اوعَثَ: کەوتە زەوی نەرمەڵانو لبەڵانو قوڕو لیتەوە ◊ بەناو گڵە نەرمەو لبەڵانو قوڕە شل دا ڕۆیی ◊ نەیتوانی قسەبکا ◊ بزڕکاندی.

اوعَثَ فی مالِه: لەماڵو سامان خەرج کردن دا زێدە ڕۆیی کرد.

اوعَثَ الأمرَ: کارەکەی تێك دا، دایوەشاند.

وَعَّثَهُ: لای دا ◊ سەرفی کرد ◊ بەندی کرد.

الأوْعَثُ: (طریق أوعَثُ): ڕێگایەکە ڕەوی پێدا ناکرێ ◊ کۆنرە زێیە، قۆرتو پێچو پڕ کەندو لەندە.

المُوَعَّثُ: ڕێگای بەردەڵانو ناخۆش.

المَوْعُوثُ: (رجل موعوث): پیاوێکی هەتیومچەو ناوە جاخزادەیە.

الوَعْثُ: هەرشتێك نەرمو ناسان بێ ◊ شوێنێك لبەڵان یان نەرمەخاك یان قوڕ بێ کەقاچ تێیدا ڕۆچێ ◊ ڕێگای بەردەڵانو ناخۆش ◊ هەرکارێك ناخۆشو پرست پرپێ ◊ ئێسقانی شکاو ◊ جەستەی کزو لاواز ◊ دەشگوترێ: (رجل وعث اللسان): پیاوێکی لاڵە پەتەپەو ناتوانێ قسە بکا.

الوَعِثُ: ڕێبازی ناخۆش.

الوَعْثاء: ماندو بونو ناڕەحەتیو چورتم ٥ دەگوترێ: (أعوذ بالله من وعثاء السفر): پەنا بەخوا لەناڕەحەتیو شەکەتی سەفەر چەند ناخۆشو بڕست بڕە.

الوَعْثَةُ من النساء: ئافرەتی قەڵەو ٥ دەگوترێ: (إمرأة وَعْثَة الأرداف): ئافرەتێکە سمتو کەفەڵ نەرمە ٥ دەستی شکاو.

الوُعُوثُ: تەنگو چەڵەمەو ناخۆشیو شەڕو هەرا.

وَعَدَهُ الأمْرَ وبه وَعْداً وعِدةً: وادەی کارەکەی پێدا، هیوا خوازی کرد بۆئەوشتە.

وَعَدَ فلاناً: لەفڵانکەس زیاتر پابەندی وادەو بەڵێن بوو ٥ دەگوترێ: (واعَدَهُ فوعَدَهُ): وادەی دایێو لەوزیاتر پابەندی وادەو بەڵێن بوو.

أوعَدَ الفَحْلُ: کەڵەنێرەکە حیلکاندی مڕاندی زەڕاندی بۆڕاندی کاتێک ویستی مێیەکە کەڵ بدا.

أوعَدَ فلاناً: وادەی بەفڵانکەس دا، هەڕەشەی لەفلانکەس کرد.

واعَدَهُ: هەریەك لەو دوانە وادەیان بەیەکتر دا ٥ پێشبڕکێیان کرد لەوادەو بەڵێندان بەیەکتری.

واعَدَ فلاناً وقت كذا: بەڵێنی بەفڵانکەس دا لەکاتی فڵان شت دا ئەرکی سەرشانی خۆی بۆ جێ بەجێ بکا.

إتَّعَدَ: وادەکەی قبوڵ کردو بتمانەی پێ دا ٥ دەگوترێ: (وَعَدَهُ فاتَّعَدَ).

إتَّعَدَ القومُ: خەڵکەکە بەڵێنیان بەیەکتردا.

اتَّعَدَ فلان فلاناً: فڵانکەس هەڕەشەی لەفڵانکەس کرد ٥ (تَوَاعَدوا): خەڵکەکە هەندێکیان وادەیان بەهەندێکیان دا.

تَوَعَّدَهُ: هەڕشەی لی کرد.

المَوْعِدُ: وادەو بەڵێن ٥ شوێنی وادە ٥ کاتی وادە ٥ عەهدو پەیمان.

الموعود: (اليوم الموعود): رۆژی قیامەت.

الميعاد: کاتی وادە، شوێنی وادە ٥ (ك: مواعيد).

الواعِدُ: دەگوترێ: (فَرَسٌ واعِد): ئەسپێکە بەڵێن دەدا لەڕۆیشتنو غاردان نەوەستێ ٥ (أرض واعِدة): زەوییەکە هیوای ئەوەی لێ دەکرێ خێرو بێری زۆربێو بەرو بوومی باش بێ.

الوعيد: (يوم الوعيد): رۆژی قیامەت.

وَعَرَ المكان وغيره يَعِرُ وَعْراً: شوێنەکە بەردەڵانو چەقەنو ڕەقەن بوو ٥ پتەو ڕەق بوو.

وَعَرَ فلاناً: فلانکەسی بەند کرد.

وَعْرَ الشَّيْئ: شتەکە کەم بوو ◊ (فهـ وعر).

وَعِرَ المكانُ وغيره يَوْعَرُ وَعْراً: شوێنەکە ڕەق و پتەو بوو.

اوعَرَ: کەوتە ناو زەوی بەردەڵان و چەقەن و ڕەقەنەوە.

اوْعَرَ فلان: فلانکەس هەژار بوو.

اوْعَرَ الطريقَ بفلان: ڕێگاکە فلانکەسی گەیاند بەشوێنێکی ڕەقەن و چەقەن.

اوْعَرَ الشَّيْئ: شتەکەی کەم کردەوە.

اوعَرَ الطريقُ: ڕێگاکەی بەپڕ کۆسپ و تەگەرە هاتە بەرچاو.

وَعَّرَ المكانَ: شوێنەکەی بەردەڵان و چەقەن و ڕەقەن کرد.

وَعَّرَ فلاناً: فلانکەسی گێڕایەوە نەیهێشت بەمراز بگا ◊ قسەکەی بڕی.

تَوَعَّرَ فلان: فلانکەس توند ڕەوی کرد.

تَوَعَّرَ المكانُ: شوێنەکە ڕەقەڵان بوو.

تَوَعَّرَ الأمْرُ على فلان: کارەکە لەسەر فلانکەس گران بوو دەرەقەتی نایە.

تَوَعَّرَ في الكلام: لەقسەکردن دا سەرسام بوو.

تَوَعَّرَ فلان فلاناً في الكلام: فلانکەس فلانکەسی لەقسەکردن دا سەرسام کرد.

اسْتَوْعَرَ الطريق والمكانَ: ڕێگاکەی بەپڕ کۆسپ و تەگەرە زانی.

الأوْعَرُ: بەردەڵان و پڕکۆسپ و تەگەرە ◊ دەگوترێ: (طريق اوْعَرُ).

الواعِرُ: شوێنی چاڵ و پڕکەندو لەند ◊ پێچەوانەی مانای (السهل) دێ ◊ دەگوترێ: (جبل واعِرٌ): کێوێکی سەخت و ئەستەمە.

الوَعْرُ: شوێنی سەخت و پتەو ◊ شوێنی ترسناك ◊ دەشگوترێ: (رجل وَعْرُ المعروف): پیاوێکە عەطاو بەخششی کەمە.

الوَعِرُ: بەمانا (الوَعْرُ)دێ ◊ (ك: أوعار).

الوَعِيرُ: بەمانا (الوَعْرُ)دێ.

وَعَزَ اليه في الأمر يعز وَعْزاً: جو بۆلای و فەرمانی پێ کرد ئەو ئیشە بکا یان پێی گوت وازی لێ بێنە.

اوعَزَ اليه: فەرمانی پێ کرد بەکردنی کارێك، یان نەکردنی.

وَعَّزَ اليه: بەمانا (وَعَزَ)دی.

وَعَسَه يعسه وَعْساً: بەتوند پێی پیانا.

وَعَسَ الدهرُ فلاناً: ڕۆژگار فلانکەسی لەبۆتە داو قاڵی کرد.

اوعَسَ: شوێن پێی هەڵگرت لەناو

لمبەڵانەکەدا ٥ بەیانی زوو رۆیی.

أوعَسَتْ الإبلُ: حوشترەکە ملی خۆی درێژ کرد هەنگاوەکانی فراوان کردنو خێرا ڕۆیشت ٥ دەشگوترێ: (أوعَسَت الإبلُ بأعناقها): حوشترەکە ملی خۆی درێژکردو خێرا ڕۆیی.

واعَسَت الإبلُ: بەمانا (أوعَسَت)دێ ٥ بەتوندی قاچی بەزەوی دادا، پێکۆڵی کرد.

واعَسَ فلان فلاناً: فڵانکەس پێشبڕکێی لەگەڵ فڵان دا کرد.

الأوْعَسُ: دەشتی لمباویو نەرمەڵان کەقاچی تێیدا رۆچێ.

الميعاس: دەشتێکی لمبەڵان کەلمبەکەی تەباری نەبەستبێ لمبەڵانێك کە قاچ تێیدا رۆبچێ ٥ قاچی تێدا گوم ببێ ٥ زەوییەك کەلەوەپێش پێخوست نەکرابێ ٥ رێگا.

الوَعْسُ: شوێن پێو نیشانەی پێدا رۆیشتن ٥ بەمانا (الأوعس)دێ ٥ (ك: أوعُسٌ وأوعاس).

الوَعساء: مێینەی (الأوعس) ٥ زەوییەك نەرم بێو کەمێك لمبەڵانی تێدابێ، روەکێ بەباشی لی بڕوێ ٥ دەشتێك لمبەڵانی نەرم بێ قاچی تێچەقێ.

الوَعْسَةُ: بەمانا (الأوعس)دێ.

وَعَظَهُ يعظه وَعْظاً وَعِظةً: ئامۆژگاریی کردو لەسەرەنجامی خراپەکاریی ترساندی ٥ فەرمانی پێ کرد بەچاکە کردنو تەماعی خێرو خۆشی دوا ڕۆژی بەرنا.

إتَّعَظَ: قبوڵی ئامۆژگاری کردو فەرمانبەر داری ئامۆژگاری بوو، نەفسی خۆی گرتەوە لەخراپە ٥ دەگوترێ: (وَعَظَهُ فَتَّعَظَ): ئامۆژگاری کردو ئەویش ئامۆژگاریەکانی وەرگرتن.

المَوْعِظَةُ: ئەوەی ئامۆژگاری پێ ئەنجام دەدرێ کردەوە بێ یان گوفتار بێ ٥ (ك: مَوَاعظ).

الوَاعِظُ: کەسێك ئامۆژگاری دەکاو شت وەبیر گوێگرانی دێنێتەوەو فەرمان دەکا بەچاکەو نەهی دەکا لەخراپە ٥ (ك: وَعَاظ).

وَعَفَ بَصَرُهُ يَعِفُ وعوفاً: چاوی زەعیف بوو، کز بوو.

أوعَفَ الرَّجُلُ: پیاوەکە چاوی کزبوو.

الوَعْفُ من الأرض: هەرشوێنێکی زەوی کەڕەق بێو ئاوی تێدا ڕاوەستێو ببێتە زۆنگاو.

وَعَقَ الفَرَسُ يَعِقُ وَعْقاً ووعيقاً: ئەسپەکە لەکاتی رۆیشتنی دا دەنگ لەورگی هات، قۆڕەی سکی هات.

وَعِقَ عليه يَعِقُ وَعْقاً: پەلەی کرد.

وَعَّقَ: چەموش بوو.

وَعَّقَ فلاناً: فلانکەسی نیسبەت دا بۆ چەموشی و سەر ڕەقی ◊ تێکی دا خۆی خراپ کرد ◊ پێچەوانەی نەو جوڵایەوە.

تَوَعَّقَ: سەر ڕەق و ڕموشت خراپ و سەرپێچی کەر بوو.

اسْتَوْعَقَ: بەمانا (تَوَعَّقَ)دێ.

الوُعاق: دەنگێکە لەورگی وڵاخ دەبیسرێ لەکاتی ڕۆیشتنی دا.

الوَعِقُ: مرۆڤی بەدڕموشت ◊ دەگوترێ: (رجل وَعِقٌ).

الوَعِقُ: دەگوترێ: (رجل وَعِق): پیاوێکی ڕموشت ناشیرینە ◊ مرۆڤی چەقە چەق کەر.

الوَعْقَةُ: بەدڕموشتی ◊ چەموشی ◊ سەرڕەق و قسە نەبیس.

الوَعِقَةُ من الرجال: بەمانا (الوَعْقَةُ)دێ.

الوعیق: دەنگێکە لەورگی وڵاخ دەبیسرێ لەکاتی ڕۆیشتنی دا.

وَعَكَ الحرُّ يَعِكُ وَعْكاً وَوَعْكَةً: گەرما بەتین بوو.

وَعَكَت الريحُ: بایەکە هێواش بوو.

وَعَكَ فلان: فلانکەس لەناکامی مانەو بون دا توشی نازار بوو.

وَعَكَت الكلابُ الصَّيْدَ: سەگەکان نێچیرەکەیان لەگڵ و خۆڵ وەردا.

وَعَكَ المرضُ فلاناً: نەخۆشی فلانکەسی نازاردا ◊ دەگوترێ: (وعكه الحُمَّى): لەرزوتا نێشی پێ گەیاند.

وَعَكَ الشَّيْئَ في التراب: شتەکەی لەگڵ و خۆڵ وەردا.

وَعَكَ الشَّيْئَ: شتەکەی کوتا ◊ بەیەکی کێشان.

اوعَكَتْ الإبلُ عند الحوض: حوشترەکان لەسەر حەوزەکە پاڵە پەستۆیان کردو چوونە سەرێک.

اوعَكَ فلان الشَّيْئَ: فلانکەس شتەکەی لەگڵ وەردا.

اوعَكَ الكلابَ الصيد: سەگەکان نێچیرەکەیان لەگڵ و خۆڵ وەردا.

الموعوك: لەرزو تادار ◊ لەش بەنازار.

الوَعْكَةُ: هەوای کەم و گەرمای توند ◊ لەرزو تا لێ هاتن و وشەقەتۆڵە خستنی نەخۆشەکە ◊ شەڕی پاڵەوانان کەیەکتر دێنن و دەبەن و یەکتر بەزموی دادەدەن ◊ قاچ بەزموی کێشانی بەهێز لەکاتی غاردان دا.

وَعَلَ يَعِلُ وَعْلاً: بەسەریا ڕوانی.

تَوَعَّلَ الجبَلَ: چووە سەر کێوەکە ◊ دەشگوترێ: (توعَّلَ مصاعد الشرف): چووە سەر پەیژەو شوێنی بڵندی شەرەف و شکۆمەندی.

استوعَلَ اليه: پەنای بۆبرد.

اسْتَوْعَلَ الأوعالَ: حەیوانە کێوی‌و نێرینە کێوییەکان جووونە سەر لوتکەی کێوەکان.

المُسْتَوْعَلُ: کونە شاخی حەیوانە کێوی، شوێنی تێدا حەوانەوەی حەیوانە کێوی لەئەشکەوتە ساخی عاصێ‌و بەرزایی دا.

الوَعْلُ: نێرینە کێوی (نێری بزنە کێوی) ◊ شەریف‌و نەجیب زادە ◊ پەناو مەلجەئو شوێنی ئەمین ◊ دەشگوترێ: (هم علینا وَعْلٌ واحد): ئەوان لەدژی ئێمە کۆك‌و یەك هەڵوێستن هەروا دەگوترێ: (مالك عنە وَعْلٌ): تۆڵەو شتەدا هیچ مەجالێکت نییە ◊ هەردەبێ ئەوەبێ.

الوَعِلُ: نێرینە قەرەی کێوی.

الوَعْلَةُ: لوتکە شاخی سەراسەری کێو ◊ ئەشکەوت‌و شوێنی سەخت‌و عاصێ لەناو کێودا ◊ پەخەی کراس ◊ هەنگڵی گۆزەو دیزەو مەسینەو شتی وا.

وَعَمَ بالخیر یَعِمُ وَعْماً: بەگشتی هەواڵەکەی داو ڕونی نەکردەوە.

وَعَمَ الدیارَ: دوعای ناوەدانی بۆ وڵاتەکە کرد ◊ (أنعمي أبها الدیار).

الوَعْمُ في الجبل: دەمارە شاخ‌و توێسکە گڵی‌و چینە خاك لەکێودا کەلەوەی تر جیابێ‌و شوێنکەی خۆی هەبێ.

الوَعْنُ: پەناگاو مەلجەئو شوێنی حەوانەوە ◊ زەوی ڕەق‌و پتەو.

الوَعْنَةُ: زەوی ڕەق‌و پتەو ◊ سپی خاکێك کەهیچی لی نەڕوێ.

وَعْوَعَ الکلبُ: سەگەکە وەڕی، لوراندی.

وَعْوَعَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە غاڵ‌و بوغڵ‌و چەقەو هەرا.

وَعْوَعَ فلان القومَ: فلانکەس خەڵکەکەی هێنایە عامێلکەو تەنگی پێ هەڵچنین.

الوَعْواعُ: قیڕەو هەرای خەڵکە ◊ هەر دەنگ‌و قیڕەو هەرایەك تێکەڵ بێ ◊ کۆمەڵێك نادەمیزاد کە بکەونە غەڵبە غەڵب‌و هەراو هوریا ◊ چەقە گڵێکە لەکێودا ڕەنگی لەوەی تر جیایە ◊ (ك: وعام).

وَعْنَتِ الدوابُ: ولاخ‌و ئاژەڵەکان قەڵەو بوون.

تَوَعْنَتِ الدوابُ: ولاخ‌و ئاژەڵەکان گەیشتنە ئەوپەڕی قەڵەوی.

تَوَعْنَ فلان الشَّيْءَ: فلانکەس شتەکەی وەرگرت‌و خستیە شوێنی شیاوی خۆی.

الوَعْنُ: کۆی (الوَعَنُ والوَعنة): بریتییە لەدەمارە شاخ‌و توێسکە گڵ‌و چینە خاك لەکێودا کەلەوەی تر جیابێ‌و شوێنکەی خۆی هەبێ.

الوَعْنُ: پەناگاو مەلجەئو شوێنی حەوانەوە ◊ زەوی ڕەق‌و پتەو.

الوَعْنَةُ: زەوی ڕەق‌و پتەو ◊ سپی خاکێك کەهیچی لی نەڕوێ.

وَعْوَعَ الکلبُ: سەگەکە وەڕی، لوراندی.

وَعْوَعَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە غاڵ‌و بوغڵ‌و چەقەو هەرا.

وَعْوَعَ فلان القومَ: فلانکەس خەڵکەکەی هێنایە عامێلکەو تەنگی پێ هەڵچنین.

الوَعْواعُ: قیڕەو هەرای خەڵکە ◊ هەر دەنگ‌و قیڕەو هەرایەك تێکەڵ بێ ◊ کۆمەڵێك نادەمیزاد کە بکەونە غەڵبە غەڵب‌و هەراو هوریا ◊ چەقە

چەناو زۆر بڵێ ◊ دیدەبان ◊ ئازاو چاونەترس ◊ یەکەم پێشمەرگەو جەنگاوەر کەفریای هاوەڵانی تێشکاو لەشەڕدا دەکەوێ.

الوَعْوَعُ: چەقەڵ ◊ رێوی ◊ خەتیبی زمانڕەوان ◊ پیاوی زەعیفو لاواز ◊ سارای کاکی بەکاکی.

الوَعْوَعَة: وەڕەو ماڕەو لورانەنی سەگو گورگو رێوی.

الوَعْوَعِيُّ: پیاوی مەردو ئازاو شکۆمەندو چاونەترس.

وَعَى العَظْمُ يَعِي وَعْياً: ئێسقانەکە بەخواری گرتیەوە.

وَعَى الجُرْحُ: برینەکە کێمی لێ رۆیی ◊ برینەکە لەسەر پیسی و کێم دەمەکەی وێکهات بۆوە.

وَعَتِ المِدَةُ فِي الجرح: کێمو زوخاو لەبرینەکەدا کۆبۆوە.

وَعَى الشَّيْئَ: شتەکەی لەکیسەو حاجەتێك دا کۆکردەوە.

وَعَى الحديثَ: فەرمودەکەی لەبەرکرد بەباشی خستیە میشکی خۆیەو لێی حاڵی بوو.

وَعَى الأمْرَ: کارەکەی لەسەر حەقیقەتی خۆی زانی.

أوعى الشَّيْئَ: شتەکەی خستە شوێنی خۆی و پارێزگاری کرد.

أوعَى الحديثَ: فەرمودەکەی لەبەرکرد.

أوعَى فلان وعليه: ڕزقو رۆزی فلانی کەم کردەوە.

أوعَى جَدْعَه: لوتی برێ.

استوعى الشَّيْئَ: هەموو شتەکەی هەڵگرت ◊ دەگوترێ: (استوعى من فلان حَقَّهُ): هەموو مافی خۆی لەفلان وەرگرتەوە.

استوعى جَدْعَهُ: هەموو خۆراکەکەی داپێی.

المَوْعِيُّ: دەگوترێ: (هو موعي الرمح): قوڵو فاج ئەستورو پتەو.

الواعِية: دەگوترێ: (أذُنٌ واعية): گوێچکەیەکی بیسەرە ◊ دەنگو شینو رۆڕۆ لەسەر مردو.

الوِعَاءُ: زەرفو حاجەت کەشتی تێدەکرێ ◊ (ك: أوعية).

الوَعْيُ: زانینو لەبەرکردنو مەزندەکردن ◊ تێگەیشتن دەرك کردنی شت بەرێك و پێکی.

الوَعى: غەڵبە غەڵبو بگرەو بەردە.

الوَعِيُّ: شەرعزانو تێگەیشتوو لەئایینو عاقڵمەند.

الوَعِيَّة: مێینەی (الوَعِيِّ)ە ◊ هەمبانەو تێشوودان ◊ بڕێو کە هەڵبگیرێ لەکیسو جەڕەو گۆزەدا.

وَغُبَ الجَمَلُ يَوْغُبُ وُغُوبةً: حوشترەکە گەورەو کەتە بوو.

الوَغْبُ: چروکی بەدڕەوشت، جەستە لاواز ◊ گێل‌و ئەحمەق ◊ حوشتری کەتەو زەبەلاح ◊ کاڵای پرووپوچ‌و بێ نرخ.

الوَغْبَةُ: گێل‌و ئەحمەق.

وَغَدَ اللضومَ يَغِدهم وَغْداً: خزمەتی خەڵکەکەی کرد.

وَغُدَ يَوْغُدُ وغادةً: خوێڕی‌و هەتیومچەو ناپیاوو کاڵفام بوو ◊ جەستەی لاواز بوو ◊ بەنانە سکی خزمەتی خەڵکی کرد ◊ بەری باینجان ◊ (ك: أوغاد وروغدان).

وَغَرَت الهاجِرَةُ تغِرُ وَغْراً: نیوە رۆیەکەی زۆر گەرم بوو.

وَغَرَ فلان: فلانکەس پڕ بوو لەحیقدو کینەو ڕق‌و غەزەب.

وَغَرَ صَدْرُهُ عليه: ڕقی لێ هەڵساو چاوی لێ سورکردنەوە.

وَغَرَت الشمسُ فلاناً: تیشکی خۆ تینی بۆ فلانکەس هێنا.

وَغَرَ فلان فلاناً غِرَّةً: فلانکەس وادەی دا بەفلان.

اوْغَرَ القومُ: خەڵکەکە کەوتنە کاتی گەرماو تونـد بوونی تینی تیشکی خۆر.

اوغَرَ فلانٌ فلاناً: فلانکەس ڕقی لەفلان بوو.

اوغَرَ صَدْرَ فلان: دڵ‌و دەروونی فلانکەسی پڕکرد لەڕق‌و کینەو ناگری پێ گرت.

اوغَرَ الماءَ: ئاوەکەی گەرم کردو هێنایە کوڵین.

اوغَرَ اللَبَنَض: شیرەکەی گەرم کردو خواردیەوە.

اوغَرَ الخنزيرَ: ئاوی بۆ بەرازەکە کوڵاندو بەرازەکەی بەزیندویی تێ هەڵکێشا ئەمجار سەری بڕی.

اوغَرَ فلاناً الأرض: زەویەکەی دا بەفلان بەبێ ئەوەی خەراجی لێ بسێنێ.

اوغَرَ فلاناً بكذا: فلانکەسی ناچارکرد بۆئەوەی پەنا بەفلان ببا.

وَغَّرَهُ: پڕی کرد لەحیقدو کینە.

وَغَّرَ اللبنَ: بەمانا (أوغَرَه)دی.

تَوَغَّرَ: بەڕق‌و قین پڕبوو.

المِيغَرُ: شوێن‌و کاتی شت.

الوَغْرُ: حیقدو کینەو ڕق ◊ دوژمنایەتی‌و دژایەتی ◊ غەڵبە غەڵب‌و هەراو هوریای سوپا.

الوَغْرَةُ: جەنگەو چرقەی گەرما.

الوَغِيرُ: گۆشت بەبەردی گەرم‌و لمبی گەرم بپرژێندرێ ◊ شیر بکوڵێندرێ‌و

بخورێتەوە ◊ شیر بەردی گەرمی تێ بخرێ‌و پاشان بخورێتەوە.

الوَغیرَة: شیر بەبەردی گەرم گەرم بکرێ‌و بخورێتەوە.

وَغَفَ یغف وَغْفاً: پەلەی کردو بازی دا.

وَغَفَ البصرُ وَغْفاً: بینینی کزو لاواز بوو.

وَغِفَ البصرُ یوغِفُ وَغْفاً: بینینی کز بوو.

اوْغَفَ: بینینی کز بوو ◊ پەلەی کردو بازی دا، بەشێوە رۆیشتنێك رۆیی ماندوبوو تێدابوو.

اوغَفَ الطائرُ: باڵندەکە باڵی لێك دان بۆنەوەی تیژ تێپەڕێ.

اوعَفَ الکلبُ: سەگەکە حەپە حەپی کرد.

اوعَفَ فلان: فلانکەس بەئەندازەی پێویست لەخواردنەکەی خوارد.

الوَعْفُ: پارچە چەرمێکە یان قوماشێکەی لەبەر ورگی نێری دەبەستێ بۆنەوەی نەپەڕێ.

وَغَلَ فِي الشَّیْئِ یغِلُ وغولاً: لەشتەکە دا قوڵبۆوە چووە ناوییەوە ◊ دەگوترێ: (أوغل في السیر): کەوتە رۆیشتن‌و گەرم بوو لەرۆیشتن دا، دەشگوترێ: (اوغَلَ في الشجر): چوومناو لق‌و پۆپی درەختەکەوەو خۆی حەشاردا.

اوغَلَ علی القوم في شرابهم وغلاً: لەکاتی خواردنەوە دا چووە سەرمێزی خەڵکەکەو لەگەڵی خواردنەوە بەبێ ئەوەی بانگ کرابێ ◊ هەروا وشەی (أوْغَلَ) بەمانا رۆیشتن‌و دوورکەوتنەوەدێ.

اوغَلَ في البلاد: چووە ناو قوڵایی وڵاتەکەوە ◊ زۆر چووە ناوەوە لەنوور دوورکەوتەوە ◊ دەشگوترێ: (اوغَلَ في العلم أو الدین): زۆر رۆچووە لەعیلم دا یان لەئایین دا زێدە رۆیی کردوە ◊ لەحەدیثدا هاتووە: (إن هذا الدین متین فأوغِلَ فیه برفق).

اوْغَلَ في السیر: لەرۆیشتن دا پەلەی کردو کەوتە ڕەوتو درێژەی بەرۆیشتنەکەی دا.

اوغَلَت الحاجةُ فلاناً في کذا: پێویستی‌و ئاتاجی فلانکەسی خستە ناو ئەو ئیشەوە.

تَوَغَّلَ في البلاد: چووە ناو قوڵایی وڵاتەوە ◊ دەشگوترێ: (تَوَغَّلَ في العلم او الدین): چووە ناو زانیاری‌و تێیدا قوڵبۆوە یان لەئایین دا زۆر رۆچو.

الوَاغِلُ: کەسێکە بەبێ بانگ لێکردن بچێتە سەر سفرەو خوانی خەڵکی‌و بخواو بخواتەوە.

الوَغْلُ: کەسێکە بچێتە سەر سفرەو خوانی خەڵکی و بانگ نەکرابێ یان ناوە بۆ نەو شلەمەنی و شەرابەی کابرای خۆتێهەڵقورتێن دەیخواتەوە ٥ پیاوی لاوازو خوێڕی و هیچ لەدەست نەهاتوو فاشیل لەهەموو شتێک دا ٥ مرۆڤی بەدخۆراک ٥ درەختی چڕو پڕ ٥ دانەوێڵەی تێکەڵبوو بەگڵ و خۆڵ کە کۆترو باڵندەی تر چینەی تێدا دەکەن و دەیخۆن.

الوِغِلُ: بەدخۆراک ٥ ناڕەسەن و بێ بناغە بۆخۆی نەژادو بنەچەی بۆخۆی هەڵبەستووە.

وَغَمَ بفلان يَغِمُ وَغماً: هەواڵێکی بێ ڕاگەیاند کەلێکۆڵینەوەی پێویستی تێدا نەکردبوو.

وَغَمَ بالخبر: هەواڵێکی دا بەهاوەڵەکەی کەلێی مەعلوم نەبوو ناخۆ ڕاستە یان درۆ.

وَغَمَ الى الشَّيْئِ: گومانی بۆشتەکە چوو.

وَغَمَ فلاناً: قاری لەفلان گرتو لێی ناڕازی بوو.

وَغَمَ عليه يَوْغَمُ وَغَماً: رقو کینی لی هەڵگرت.

اوغَمَهُ: رقی هەڵسان، خەفەتی پێدا.

تواغَمَ القوم: خەڵکەکە شەڕیان کرد، کەوتنە بەرامبەری و لێک راسان و هەڕەشە لەیەک کردن.

تَوَغَّمَ عليه: رقی لێ هەڵگرت.

تَوَغَمَ القومُ: خەڵکەکە شەڕیان کردو کەوتنە بەرامبەری و لێک ڕاسان.

الوَغْمُ: نەحمەقو گێل ٥ رقو کینە ٥ شەڕو جەنگ نەوەی لەکاتی نان خواردن دا دەکەوێتە نەملاو نەولای سفرەی نان خواردن لەوردە نانو پارچە پارچەی خواردنەکەو دەنکو وردەو پردەی جۆراو جۆر ٥ (ك: أوغام وروغوم).

الْوَغْيُ: قیڕەو هەراو هوریا ٥ شەڕ، لەم ڕوەوە کە هەراو هوریای تێدایە.

الوَغْى: بەمانا (الوَغْيُ) دێ ٥ وێزەی هەنگو مێشولەو شتی وا لەکاتی کۆبونەوەیان دا.

وَفَدَ على القوم واليهم (يفِدُ وَفْداً): چووە لای قەومەکە بەنوێنەرایەتی ٥ بەشێوەی نێردراو چوو بۆلایان.

اوفَدَ: پەلەی کرد.

اوفَدَ الشَّيْئُ: شتەکە بەرز بوو ڕێزی پەیدا کرد.

اوفَدَ الرِّئْمُ: ئاسکەکە سەری بەرز کردەوەو گوێچکەی قوت کردن.

اوفَدَ الشَّيْئَ: شتەکەی بەرز کرد، هەڵی ستاندەوە.

أوفَدَ فلاناً على الأمير واليه: بەنوێنەر فلانکەسی نارد بۆ لای ئەمیر.

وافَدَهُ على الامير: لەگەڵی دا چوو بۆلای ئەمیر.

وَفَدَهُ على الأمير واليه: بەنوێنەرایەتی ناردی بۆلای پاشا.

توافد القوم عليه: خەڵکە بەشێوەی شاندو نوێنەر هاتنە لای فلان.

تَوَفَّدَ عليه: بەسەریا ڕوانی، چاودێریی کرد.

استوفَدَ في قِعْدَتِهِ: لەشوێنی خۆی بەرز بۆوە، ڕاست بۆوە.

استوفد فلاناً: داوای کرد فلان کەس بێتەلای یان شاندێکی بەنوێنەرایەتی خۆی نارد بۆلای یەکێك.

الأوفاد: دەگوترێ: (نحن على أوفاد قد أشخصنا): ئێمە لەسەر سەفەرێکین کە توشی دڵەڕاوکێ بووین.

الوافِد: بەرزایی و هەڵتۆقیو لە ڕومەت لەکاتی خواردنو جوینی شت دا کەبەهۆی خواردنی ناو دەمی ڕومەتی هەردولا بەرز دەبنەوە.

الوَفَادُ: کەسێك زۆر وەفد بنێرێ.

الوَفْدُ: کۆی (الوافِد)ە واتە: کۆمەڵی هەڵبژێرراو بۆ پێشوازیی لەپیاو ماقوڵو کەسانی خاوەن پایە.

وَفَرَ الشَيْئُ: شتەکە زۆر بوو، بەرفراوان بوو، دەگوترێ: (وَفَرَ عِرْضُهُ): زۆر بە ناموس و خاوەن هەڵوێست بوو.

وَفَرَ لفلان المالَ والمتاعَ وَفْراً: مالّو کالای بۆ فلانکەس زۆر کرد.

وَفَرَ عِرضَ فلان: ناموسی فلانکەسی پاراست.

وَفَرَ فلاناً عَطاءَهُ: بەخشش و عەطای بۆ فلان سەر لەنوێ دەست پێکردەوە، بۆی گێڕایەوە.

وَفَرَ الثوبَ: کراسەکەی بەپان و پۆڕی بۆ بڕی.

وَفُرَ الشَيْئُ يَوْفُرُ وَفَارةً: بەمانا (وَفَرَ)دێ، دەگوترێ: (وَفُرَ عِرضُهُ): زۆر بەناموس و حەیس بوو.

ووَفَرَ الشَيْئَ: شتەکەی زۆر کرد ٥ تەواوی کرد.

وَفَّرَ الشَيْئَ: شتەکەی زۆر کرد.

وَفَّرَ الثَّوْبَ: بەپان و پۆڕی کراسەکەی بڕی.

وَفَّرَ لفلان طعامَهُ: خۆراکی بۆ فلان بەتەواوی دابین کردو هیچی لێ کەم نەکردەوە.

وَفَّرَ له عِرْضَهُ: ناموس و حەیای فلانکەسی پاراست جنێوی پێنەداو نەیشکاند.

وَفَّرَ عليه حَقَّهُ: مافی خۆی لێ ومرگرتەوە.

وَفَّرَ الله حظَّهُ من كذا: خودا لەوشتە رزقی بەسەردا رشتووە.

وَفَّرَ شَعْرَهُ: قژو ریشی بەردایەوەو هیچی لێ نەقرتاند.

اتَّفَرَ الشَيْئُ: بەمانا (وَفُرَ)دێ.

تَوافَرَ الشَيْئُ: بەمانا (وَفُرَ)دێ.

تَوَفَّرَ علی صاحبه: جاودێری ناموس‌و بەها پیرۆزەکانی هاوەڵەکەی کردو چاکەی لەگەڵ کرد.

تَوَفَّرَ علی الشَيْئ: هەرچی هێزو توانای خۆی هەبوو لەوشتەدا چڕی کردەوە.

استوفَرَ حَقَّهُ: مافی خۆی لێ ومرگرت.

استوفَرَ الشَيْئَ: شتەکەی تەواو کرد.

الموفور: شتێك لەهەموو رویەکەوە تەواو کامڵ بێ، دەگوترێ: (جزاء موفور): پاداش‌و کرێیەك هیچی لێ کەم نەبووبێ.

الوافِر: بەحرێکە لەبەحرەکانی عەروز کێشەکەی دوجار (مفاعلتن مفاعلتن فعولن).

الوافِرَة: هەر بەزو پیوێك لەدرێژەوەبێ.

الوَفْرُ: دەگوترێ: (مال وَفْرٌ ومتاع وَفْرٌ): مانّی زۆرو کاڵای زۆر ٥ دەوڵەمەندی ٥ تەواو لەهەرشتێك دا بێ.

الوَفْراء: پڕو لێوان لێو، دەگوترێ: (قِرْبَة وفْراء): گۆزەیەك یا کوپەیەکی پڕ ٥ (مَزادة وفراء): مەشکەیەکی تەواوەو هیچی لە پێستەکەی کەم نەبۆتەوە.

الوَفْرَة: یەکجار ٥ زۆرو زەبەندە ٥ قژی پڕو چڕی سەر یان قژێك هاتبێتە خوار نەرمایی گوێچکە ٥ (ك: وِفَار).

الوَفِير: بەمانا (الوافِرُ) دێ.

وَفَزَ يَفِزُ وَفْزاً: پەلەی کرد.

وَافَزَهُ: پەلەیان لەیەکتر کرد.

تَوَفَّزَ لكذا: خۆی بۆ ئەوە ئامادەکرد، دەشگوترێ: (بات يتوَفَّزُ على فراشه): شەو تا بەیانی لەسەرجێگای نووستنەکەی جینگڵی دا.

إستوفَزَ: بەشێوەیەك دانیشت کە وابزانی خەریکی هەڵسانە.

إستَوْفَزَ في القعدته: لەشوێنی خۆی راست بۆوە بەشێوەیەك شکی لەخۆی بێ.

الوَفْزُ: پەلەکردن ٥ (مکان وَفْزٌ): شوێنی بەرز ٥ (ك: وِفاز).

الوَفْزُ: پەلەکردن ٥ (ك: أوفاز)، دەگوترێ: (لقيته على أوفاز):

بەشێوەیەکی عەجەلەو پەلە پڕوزە توشی بوم.

وَفَضَ یفِضُ وَفْضاً: بازی داو پەلەی کرد.

وَفَضَت الإبلُ: حوشترەکان بلاو بوونەوە.

اوفَضَ: بەمانا (وَفَضَ)دێ.

اوفَضَ لفلان: بەڕێمەك یا حەسیرێك یا شتێکی وای بۆ فلان ڕاخست بۆنەوەی لەخشتو خۆڵی زەوییەکە بیپارێزێ.

اوفَضَ الرجُلَ: پیاوەکەی دەرکرد.

اوفَضَ الإبلَ: حوشترەکانی بلاو کردنەوە.

إستَوْفَضَ: بەمانا (وَفَضَ)دێ.

إستَوفَضَتْ الإبلُ: حوشترەکان لە لەومڕگاکەدا بلاوبوونەوە.

إستوفَضَ فلان: فلانکەس لەترسان هەڵسلەمییەوە.

إستوفضَ فلاناً: پەلەی لەفلان کرد ٥ دەری کرد.

الاوفاض: زەعیفو لاوازو هەژارو بێ دیفاع.

المیفاضُ: جوستو جالاکو گورجو گوڵ، دەگوترێ: (ثمامة میفاض).

الوِفاضُ: شوێنێك ئاو بگرێتەوە ٥ پێستێکە یا لبادێکە دەخرێتە ژێر بەرداشی ئاشەوە ٥ (ك: وُفُضٌ).

الوَفْضُ: عەجەلەو پەلەکردن ٥ (ك: أوفاضٌ).

الوَفَضُ: بەمانا (الوَفْضُ)دێ ٥ جەپەرو بەرد کە قەصاب گۆشتی دەخاتە سەر بۆئەوەی لەگڵ نەکەوێ.

الوَفْضَةُ: یەکجار، جارێك ٥ ئەو نوقرەو شوێنەی دەکەوێتە نێوان هەردولای سمێڵەوە لەخوار لوتەوە ٥ هەمبانەیەکە شوان تێشوو پێداویستی خۆی تێ دەهاوێ ٥ تیردانێك لەچەرم دروستکرابێ ٥ (ك: وفاض).

الوِفاعُ: دەسکی گۆزەو سوراحی ٥ باڵەخانەی بەرز ٥ هەرشتێك لەزەوی بەرز بێتەوە ٥ هەورێك ئومێدی بارانی لێ بکرێ ٥ (ك: أوفاع).

الوَفَعُ: دەگوترێ: (غلام وَفَعٌ): کوڕی تازە پێگەیشتوو.

الوَفْعَةُ: بەمانا (الوِفاعُ): دێ ٥ حاجەتێکە لە پڕژی لقە دارخورماو شتی وا دروست دەکرێ وەکوو سەلەو سەبەتەو شتی وا ٥ جۆرە پەڕۆو پیتاڵێکە ئاگری تێدا دەگوازرێتەوە لەم ماڵ بۆئەو ماڵ.

الوَفَعَةُ: دەگوترێ: (غلام وَفَعَة): کوڕێکی تازە پێگەیشتووە.

الوفيعة: بەمانا (الوِفاع) دێ ٥ جۆرە سەلەو سەبەتەیەکە لەپڕژی دارخورما دروست دەکرێ ٥ پەڕۆیەکە نووکی قەڵەمی مەرەکەباوی پێ پاک دەکرێتەوە ٥ پەڕۆیەکە ئافرەتی بێنوێژ بەخۆی هەڵدەگرێ ٥ پارچە خوریەکە ئاژەڵی گرۆپی پێ چەور دەکرێ.

وفِقَ الأمْرُ (يَفِق) وفقاً: کارەکە دروست بوو رێک و پێک بوو بەگوێرەی ویست و مەبەست بوو.

وَفِقَ الأمْرَ: کارەکەی واهاتە بەرچاو کە موافیقی ویست و مەبەستی ئەو بێ ٥ لەکارەکە حاڵی بوو.

أوفق القوم لفلان: خەڵکەکە لەفلانکەس نزیک بوونەوەو قسەیان دەربارەی ئەو یەکخست.

أوفق الإبلُ: حوشترەکان ڕیزبوون و بەیەکەوە وەستان.

أوفَقَ لفلان لقاؤنا: بینین و کۆبونەوەمان لەگەڵ فلان ڕێکەوت و سودفە بوو.

وافق فلان بين الشَّيْئَين موافَقَةً ووفاقاً: فلانکەس یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە نووسانی لەنێوان دوو شتەکە دا ئەنجام دا.

وافق فلاناً: سودفەی فلانکەسی کرد.

وافق فلان فلاناً في الشَّيْئ وعليه: فلان و فلان لەسەر شتەکە کۆک بوون.

وفَّقَ بين القوم: ئاشتەوایی خستە نێوان خەڵکەکەوە.

وفَّقَ بين الأشياء المختلفة: شتە جوداوازیەکانی یەکخستن.

وفَّقَ اللهُ فلاناً: خودا تۆفیقی فلانکەسی دا روی پێ لە کاری خێرو سود ئامێز کرد.

وفَّقَ الله امر فلان: خودا کاری فلانکەسی بەدڵی خۆی بۆ ڕەخساند چۆنی ویست خودا ئاوای بۆهێنا.

اتَّفَقَ مع فلان: لەگەڵ فلان دا ڕێککەوت.

إتَّفَقَ الإثنان: ئەو دووکەسە لێک نزیکبوونەوەو یەکیان گرت.

توافَقَت الجماعَة: کۆمەڵ ڕێککەوتن و ڕای خۆیان کرد بە یەک ڕا.

توافق القوم في الأمر: خەڵکەکە دەربارەی کارەکە لێک نزیکبوونەوە.

تَوَفَّقَ فلان: خودا تۆفیقی فلانکەسی داو شارەزای کرد بۆ ڕێبازی باش.

اِستوفقَ اللهَ: داوای تۆفیق و سەرکەوتنی لەخودا کرد ٥ دەشگوترێ: (استرفق له بالحجة):

لەبەڵگە هێنانەوە دا سەرکەوتوو بوو مەبەستی پێکا.

الإتِّفاق: لەبواری یاسای نێو دەوڵەتی دا بریتییە لە ڕێککەوتنێک لەنێوان دوو دەوڵەت دا لەئاکامی نیزاعو کێشەیەکی نێوانیان، بڕیاردەدەن ڕێگاچارەی کێشەکەیان بەیاساو دانوسان یەکالا بکەنەوە.

الإتِّفاقِيَة الدولِيَة: بەڵگە نامەو عەهدو پەیمانێکە لەنێوان دوو دەوڵەت یان زیاتردا کە پەیوەندی هەبێ بە هەندێ کارو بارەوە، وەکوو باج و گومرگ و بارەو گواستنەوەو کارکردنەوە.

الثَّوافِق: لەبواری فەلسەفەدا ئەوەیە مرۆڤ ڕێگای کۆمەڵ بگرێتەبەرو خۆ لەڕەوشتو کرداری شاز بپارێزێ.

الثَّوْفاقُ: کاتی شت ٥ دەگوترێ: (أتَتْكَ لتوفاق الأمر): لەکاتی پەیدابوونی شتەکەدا هاتم بۆ لات.

الثَّوَفُّقُ: دەگوترێ: (أتيتُكَ لتوفّق الهلال): لەکاتی دەرکەوتنی مانگی یەکشەوەدا هاتم بۆلات.

التوفيق من الله للعبد: تەوفیق دانی خودا بۆ بەندەی ئەوەیە ڕێگای شەڕی لێ بگرێو ڕێگای خێری بۆناسان بکا ٥ هەروا دەگوترێ: (أتيتُكَ لتوفيق الهلال): لەکاتی دەرکەوتنی مانگی یەکشەوەدا هاتم بۆلات ٥ لەبواری یاسای نێو دەوڵەتی دا بریتییە لەوە دەوڵەتێک هەوڵ بدا نیزاعی نێوان دوو دەوڵەت چارەسەر بکا.

الثَّيْفَاقُ: دەگوترێ: (أتيتُكَ لتيفاق الأمر): لەکاتی رودانی ئیشەکەدا هاتم بۆلات ٥ هەروا دەگوترێ: (البَيْت المعمور ثَيْفاق الكعبة): بەیتولەعمور لەبەهەشت دا بەرامبەری کەعبەیە.

الثَّيْفَاق: دەگوترێ: (أتيتك لتيفاق الهلال): کاتی دەرکەوتنی مانگی یەکشەوە هاتم بۆلات.

المثَّفِقُ: بەلای زانایانی عوروزەوە هێنانی وشەیەکی دەخیلو نارەسەنە بۆناو شیعر لەبەر ناعیلاجی.

الوِفاق: لەبواری قانوونی نێودەوڵتی دا بریتییە لەزاراوەیەك کە بۆ زۆر ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتیو لەبواری جیاجیادا بەکار دەهێندرێ تەنانەت ئەگەر بەگۆڕینەوەی پەروزبایی لەیەك کردنو سەرەخۆشی کردن لەیەکتریش بێ.

الوِفَاقُ المُعْلَمْ: رێککەوتننامەیەك كە راسپێراوی دوولایەن واژۆی بكەن، تەنها پیتی یەكەمی ناوی واژۆكەرەكانی دەنووسرێو رێککەوتنی سەرەتاییەو قۆناغی یەكەمی رێککەوتنی كۆتاییە.

وفاق الأشراف: رێککەوتننامەیەكی نێودەوڵەتییە ئەو ڕێو شوێنەی لەرێککەوتنی تردا بەرچاو دەگیرێ لەم دا بەرچاو ناگیرێ، تەنها پشت بەشەرەفو راستگۆیی دوو لایەنە واژۆكەرەكە دەبەسترێ.

الوَفْقُ: (وَفْقُ الشَيْئ): گونجاو بۆ شت ٥ دەگوترێ: (حلوبته وفق عياله): ئاژەڵە شیردەرەكانی بەئەندازەی خێزانەكەیەتی، شیرەكەیان بەشیان دەكا سەرومر ٥ هاوڕاو پێكەوە گونجاو، دەگوترێ: (جاء القومُ وَفْقاً): خەڵكەكە بەتەبایی‌و گونجاوی هاتن‌و هیچ كێشەیان نەبوو ٥ یان دەگوترێ: (كنت عنده وَفْق طلعت الشمس): ئەو كاتەی خۆرهەڵات من لای ئەو بووم.

وَفَلَ الشَيْئَ (يفله) وفْلاً: توێكڵی شتەكەی داماڵی ٥ (فهو وافِل وهي وافِلة).

وَفَّلَهُ: سپی كرد ٥ توێكڵی لێ داماڵی.

الوافِلُ: پێگەیشتوو؛ دەگوترێ: (قصب وافِلٌ): قەفەژاژێكی كامڵ‌و پێگەیشتووە لەقۆناغی ناسكی تێپەڕیوە.

الوَفْلُ: شتی كەم.

وَفَهَ يَوْفَهُ وَفهاً: بوو بەچاودێری كەنیشتە.

الوافِهُ: چاودێرو لێ پرسراوی كەنیشتە ٥ حەكەم‌و ناوبژیكەر.

الوِفَاهَةُ: پیشەی چاودێری كەنیشتە.

الوَفهِيَّةُ: پلەی چاودێریی كەنیشتە ٥ لەحەدیث دا هاتووە: (لايَحرك راهب عن رهبانيته ولا وافِهٌ عن وَفْهِيَتِهِ).

وفِيَ الشَيْئُ (يفي) وفاءً: شتەكە تەواو بوو ٥ دەگوترێ: (وفي ريش الجناح): پەڕو پۆڵی باڵەكە تەواو بوو.

وفي الشَيْئُ وفياً: شتەكە زۆر بوو.

وفي فلان نَذْرَهُ: فلانكەس نەزرو فۆتۆكەی خۆی جێ بەجێ كرد.

وَفِيَ بعهده: پابەندی وادەو بەڵێنی خۆی بوو ٥ دەشگوترێ: (وَفَتْ أُذُنُهُ): راستی ئەو هەواڵەی بیستبوی دەركەوت.

وَفَى الدِرهمَ والمثقالَ: شتەكە بەرامبەری دیرهەمەكە یان مسقاڵە زێڕەكە بوو ٥ (فهو وافٍ وهي وافية).

أوفى بالعهد والوعد: بەمانا (وَفَى)دێ.

اوفى على المكان وفيه: بەسەر شوێنەکەی دا روانی.

اوفى على المأة: لەسەد زیاتر بوو، لەسەد تێپەڕی.

اوفى القومَ: هاتەلای قەومەکەو توشیان بوو لەگەڵیان کۆبۆوە.

اوفى نَذْرَهُ وبه: نەزرەکەی جێبەجێ کرد.

اوفى الكيلَ: پێوانەکەی بەتەواوی دایە.

اوفى فلاناً حَقَّهُ: مافی تەواوی دا بەفلاّن.

وافى فلاناً: لەناکاو توشی فلاّن بوو.

وافى القومَ: هاتە لای قەومەکە.

وافَى العامَ: حەجی کرد ٥ مافی ساڵەکەی دا بەوە حەجی تێدا کرد.

وَفّى فلاناً حَقَّهُ: مافی فلاّنکەسی دا.

تَوَفّى اللهُ فلاناً: خودا فلاّنکەسی مراند.

تَوَفّى فلانٌ حَقه: فلاّنکەس مافی خۆی وەرگرت ٥ دەگوترێ: (توفيت منه مالي): مالی خۆم هەموو لێ ستاند.

تَوَفّى المُدَّةَ: گەیشتەکاتی خۆی ٥ ماوەکەی تەواو کرد.

تَوَفّى عدد القوم: هەموو خەڵکەکەی سەر ژمێر کرد.

استوفى فلان حَقَّهُ: فلاّنکەس مافی خۆی بەتەواوی وەرگرت ٥ دەگوترێ: (استوفى منه ماله): مالی خۆی هەموو لێ وەرگرت.

المِيفى: بەرزاییەك لەزەوی ٥ کوڕەی خشت سورکردنەوە.

المِيفَاءُ: خاوەن وەفاو وادەو بەڵێن.

الوافي: دیرهەمێكو چوار دانقە ٥ هەروا ناوە بۆ شیعرێك هەموو بەشەکانی خۆی تەواو بنو کەمو کورتی تێدا نەبێ.

الوافية: ناوێکە لەناوەکانی سورەتی (الفاتحة).

الوَفَاةُ: مردن.

الوَفْيُ: شوێنی بەرزی زەوی سەر تەپۆڵکە.

الوَفِيّ: تەواوو کامڵ ٥ زۆر خاوەن وەفا ٥ ئەوکەسەی مافی هەموو کەسی لەبەرچاوەو مافی خۆیشی وەردەگرێ.

وَقَبَت الشمسُ وغَيرها من النجوم تَقِب وَقْباً: خۆرئاوابوو.

وَقَبَ القَمَرُ: مانگ چووە حاڵەتی گیرانەوە ٥ مانگ گیرا.

وَقَبَ الظلام على الناس: تاریکی هاتە ناوەو خەڵکی داپۆشی.

وَقَبَ عيناه: چاوی بەقوڵا چوون.

اوقَبَ: برسی بوو.

أوقَبَ النخلُ: هێشوه خورماکه رزی، بۆنی کرد.

أوقَبَ الشَيْئَ: شتەکەی خستە کونێکەوە.

الأوقاب: قوماشی خێمەو کەژاوەو کەرەسەکەیان.

المیقابُ: پیاوێك زۆر بیرەو شلەمەنی تری وەکوو ئاو بخواتەوە ٥ ئافرەتی گێل‌و ئەحمەق.

سَیْرُ المیقاب: رۆیشتنی بەردەوام بەشەوو رۆژ.

المیقب: (الوَدَعَة): واتە پاڵدانەوەو ئیستراحەت.

الوَقْبُ: گێل‌و ئەحەق ٥ خوێڕی‌و هەتیو مەچە ٥ بەرداو؛ کونی بەرد کەئاوی تێدا راوەستێ ٥ یان بیرەئاوێك باڵا پیاوێك یان دوو باڵا پیاو قوڵ بێ ٥ هەموو چاڵاییەکی جەستە وەکوو چاوو بنهەنگڵ‌و قوڵکەی شان‌و شتی وا ٥ کونەبان‌و دەلاقەو دوکەڵکێش.

الوَقباء: دەگوترێ: (رکیة وقباء): بیرێکە ناوەکەی رۆچووە.

الوَقْبَةُ: بەرداو؛ کونە شاخ‌و بەرد کە ئاوی تێدا راوەستێ.

الوُقْبِیُّ: کەسێك زۆر حەزی لەهاوەڵیەتی مرۆڤی گێل‌و ئەحمەق بێ.

وَقَتَهُ یَقِتُهُ وَقْتاً: کاتێکی بۆ دیاریی کرد ئیشەکەی تێدا بکا ٥ دەگوترێ: (وقت الله الصلاة): خودا کاتی بۆ نوێژ دیاری کردوە.

وَقّتَ الشَیْئَ لیوم کذا: شتەکەی بۆ فلان کات دیاریی کرد.

المُوَقِتُ: ئەو کەسەی خەریکی راگرتنی حیسابی کات‌و شتی وایە ٥ شوێنێك کەدیاریی کرابێ بۆ کردنی ئیشێك لەلایەوە.

الوَقتُ: بەشێك لەزەمەن‌و کات کە بۆ کارێك دیاری دەکرێ.

وَقَحَ حافر الدابة: سمی ولاخەکە رەق بوو.

وَقَحَ الرجلُ: پیاوەکە بێ شەرم‌و حەیا بوو بەلایەوە شەرم نیە چی نیشی خوێڕیەتی هەیە بیکا.

وَقَحَ یوقَحُ وَقَحاً: بەمانا (وَقِحَ)دێ.

وَقِحَ الرجُلُ: پیاوەکە بێ حەیاو بێ شەرم بوو بەلایەوە گرنگ نییە چ شتی خراپ‌و ناشیرین هەیە بیکاو بیڵێ.

أوقح الحافر: سمی ولاخەکە رەق‌و پتەو بوو.

وَقّحَ حافِرَ الدابة: سمی ولاخەکەی بەپیوو بەزی تواوە رەق‌و پتەو کرد دوای بەهۆی زۆر رۆیشتنەوە تەنک بوبوو سوا بوو.

وَقَّحَ الحوضَ: حەوزەکەی جاك کردەوە کون‌و کەلەبەری گرتن.

تَوَقَّحَ: پتەوو رەق بوو.

تَوَقَّحَ الرجلُ: پیاوەکە بێ شەرم‌و حەیا بوو هیچی بەلاوە عەیب نەبوو.

المُوَقَّحُ: (رجل مُوَقَّحٌ): پیاوێکی بەڵاوییە ◊ بەڵاو کارەساتی زۆری بەسەرهاتون‌و لەبۆتە دراوەو قاڵ بووە ◊ (بعیر مُوَقَّحٌ): حوشترێکە زۆری ئیش پێکراوەو تەواو ماندو بووە.

الوَقاح: دەگوترێ: (رجلٌ وَقاح الوَجْهِ): پیاوێکی بێ شەرم‌و حەیایە بەجاوو رووە ◊ هەروا دەگوترێ: (إمرأة وقاح الوجه): نافرەتی بەجاوو ڕو بێ شەرم ◊ (رجل وقاح الذَّنَب): پیاوێکە زۆر پشو درێژ بۆ سواریی هەرگیز بێ تاقەت نابێ.

وَقِدت النار تَقِدُ وَقداً وقوداً: ئاگرەکە هەڵگیرسا.

وَقِدَ الشَيْئُ: شتەکە درەوشایەوە ◊ دەشگوترێ: (وَقِدَت بك زنادي): کاری من بەتۆ رایی بوو ◊ یان خودا وابکا ئیشی من بەتۆ رایی بێ ◊ واتە: بەشێوەی دوعا بێ.

اوقَدَ النار: ئاگرەکەی داگیرساند ◊ دەشگوترێ: (أوقد اللهُ ناراً أثَرَهُ) خودا لەشوێنی ئەو ئاگر بکاتەوە ◊ واتە: خودا بیفەوتێنێ‌و بیباو نەی هێنێتەوە.

وَقَدَ النَارَ: بەمانا (أوقدها)دێ.

إتَّقَدَت النار: ئاگرەکە هەڵگیرسا.

تَوَقَّدَتِ النارُ: بەمانا (إتّقدت) دێ.

توقّد الكوكبُ: ئەستێرەکە درەوشایەوە.

تَوَقَّدَ فلان: فلانکەس چوست‌و چالاك بوو نیشاتی پەیدا کرد.

تَوَقَّدَ فلان النارَ: فلانکەس ئاگرەکەی داگیرساند.

استوقدت النارُ: ئاگرەکە داگیرسا.

استوقد النارَ: ئاگرەکەی داگیرساند.

المُسْتَوْقَدُ: قوڵکە ئاگردان ◊ شوێنی ئاگر کردنەوە.

المَوْقِدُ: شوێنی ئاگر ◊ قوڵکە ئاگردان ◊ زۆپا ◊ کورەخانە.

المیقَاد: دەگوترێ: (زندٌ مِیقَاد): جەرخێکە زوو ئاگر دەکاتەوە.

الوقَادُ: دەستە چیلە، سوتەمەنی بەتایبەتی نەوت‌و غازو دارو شتی وا.

الوَقَدُ: ئاگر ◊ هەڵگیرسانی ئاگر.

الوَقْدَةُ: جەنگەی گەرما ◊ دەگوترێ: (طَبَخَتْهُمْ وقدَةَ الصيف): گەرمای بەتینی هاوین کوڵاندنی.

الوَقّادُ: صیغه موبالەغەی (وَقَدَ)ەیە ٥ ئاگر هەڵگیرسێن ٥ ئەوکەسەی سوتەمەنی (گاز یان خەڵوز یان شتی تر) دەکاتە شەمەندەفەرەوە ٥ کەسێك چراو لۆکزو شتی وا هەڵدەکا ٥ دەگوترێ: (قلب وقّاد): دڵێکە زۆرو زو نیشات پەیدا دەکاو دەس بەکار دەبێو مل لەئیشی سەرەکی خۆی دەنێ.

رجل وَقّاد: پیاوێکی کۆڵنەدەرەو لەکاری خۆی بەردەوامە.

الوَقُودُ: بەمانا (الوِقادُ) دێ ٥ هەرمادەیەك بەسوتانی هێزێکی گەرمی پەیدا بکا.

الوَقیدُ: بەمانا (الوَقود)دێ.

وَقَذَ فلاناً (یقذِه) وَقْذاً: ئەوەندەی لەفڵانکەس دا تاشلو کوتی کردو گەیاندییە شارای مەرگ ٥ بەعەرزی دادا خستیە سەر زەوی ٥ بەنەخۆشیو زامداریی لەگۆڕەپاندا جێی هێشت ٥ دەشگوترێ: (وقَذَهُ الفمُ والمرض).

وَقَذَ فلاناً النُعَاسُ: هەنۆز بەسەر فڵان دا غاڵب بوو ٥ هەنۆزی هاتنێ.

وُقِذَت الناقة: حوشترەکە بەناخۆشی دۆشرا شیری نەدا ٥ شیری کەم بوو.

اوقَذَه: بەنەخۆشی جێی هێشت.

وَقَّذَ الصِرارُ الناقة: گواندێن بەستنەکە شوێنکەی لەگوانی حوشترەکە کرد چونکە توند بەسترا بوو.

الموْقِذُ: ئەندامی جەستە وەکوو قولەپێ، شان ئەنیشك .ئەژنۆ ٥ (ك: مواقذ) ٥ دەگوترێ: (ضربه علی مواقذ من مواقذه).

المُوقَّذَةُ من النوق: ئەو حوشترەیە بێچوەکەی تێی هەڵدەکەوێو شیری کەم لێ دێتە خوار لەبەر گەورەیی گواندێنی ٥ ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کەلەناو گوانی دا هاوسان دروست ببێ.

الموقوذ: نەخۆشی کوشندە کە کەوتبێتە گیانەڵاوەوە.

الموقوذَةُ من الشاء: مەڕێکە بەلێدان گیانی لەدەست دابێ.

الوَقیذُ: ئەوکەسەی بێ هۆش دەبێ نازاندرێ ئاخۆ زیندووە یان مردووە ٥ تەمبەڵ ٥ مەڕێك بەلێدان مندار بوبێتەوە ٥ تەمبەڵو قونگران ٥ زۆر نەخۆشو گەیشتوو بەحاڵەتی گیانەڵاو.

الوقیذةُ: بەردی راخراوو ریزکراو وەکوو رەصیف.

وَقِرَت أُذُنُهُ (تَقِرُ) وَقراً: گوێی گران بوون، یان هەر نابیسن.

وقِرَ فلان وقاراً وقِرَةً: فلانکەس عاقڵو رەزان بوو.

وقِرَ في بيته وَقْراً: لەماڵی خۆی دانیشتو نەچووە دەر.

وَقِرَ الشَيْئُ في قلبه وَقْراً: شتەکە لەدڵی دا جێگیر بوو.

وَقِرَ الله اذنه: خودا گوێچکەی گران کردن ◊ یان هەربەتەواوی کەر بوو ◊ دەگوترێ: (وُقِرَتْ أذني عن سماع كلامه): گوێچکەم قسەی نەو نابیستێ.

وَقِرَ فلان العظمَ: فلانکەس ئێسقانەکەی فەڵشاند.

وَقِرَتْ اذنه (تَوْقَرُ) وَقْراً: بەمانا (وَقَرَ)دێ.

وَقِرَتِ الدَّابَّةُ: وڵاخەکە بەرد یان شتێکی تر لەسمی داو زیانی پێ گەیی.

وَقُرَ فلان (يَوْقَر) وقاراً: فلانکەس عاقڵو رەزان بوو ◊ (فهو وقور).

اوقرت النخلةُ: دارخورماکە باری گران بوو.

اوقر الدين فلاناً: قەرزداری باری فلانی قورس کرد.

اوقر فلانٌ الدابةَ: فلانکەس باری قورسی لەوڵاخەکە بارکرد.

وَقَّرَ فلاناً: رێزی فلانکەسی گرت ◊ بەعاقڵمەندی لەقەڵەم دا.

وَقَّرَ الشَيْئَ: شوێنکەی لەشتەکە کرد.

وَقَّرَتِ الأسفارُ فلاناً: سەفەرو گەڕان بەناو وڵاتان دا ◊ فلانکەسی لەبۆتەداو قاڵی کردو شارەزای گوزەران و ژیانی کرد.

اوْقَرَ فلانٌ الدابَّةَ ايقاراً: فلانکەس باری گرانی لەوڵاخەکە بارکرد.

وَقَّرَ فلاناً: رێزی فلانکەسی گرت ◊ بەعاقڵمەندی لەقەڵەم دا.

وَقَّرَ الشَيْئَ: شوێنکەی لەشتەکە کرد.

وَقَّرَ الأسفارُ فلاناً: سەفەرو گەڕان بەوڵاتان دا فلانکەسی قاڵ کردووە، وای لێ کردوە خۆگربێ بۆ کارەساتو لێزان بێ لەئەنجامدانی کارەکانی دا.

وَقَّرَ فلان الدَّابَّةَ: فلانکەس وڵاخەکەی تاقەت کرد، دایکرد، خستیە پشتیرو تەویلەی تایبەتی خۆیەوە.

اتَّقَرَ: عاقڵو رەزان بوو.

استَوْقَرَ: باری گرانی هەڵگرت ◊ کۆڵی قورسی لەکۆڵی خۆی دا.

استَوْقَرَ الإبلُ: حوشترەکە قەڵەو بوو.

القِرَّةُ: قورسایی ◊ کاتی نەخۆشی ◊ پیرەمێردی بەسااڵ چوو ◊ ماڵو منداڵ ◊ جەڵەبە مەڕو بزن کەژمارەیان کەم بێ و شوان و سەگو بەچاوی رێزو شکۆمەندی سەیری کرد.

وَقَّرَ الشَيْئَ: شوێنکەی لەشتەکە کرد.

وَقَّرَتِ الأسفارُ فلاناً: سەفەرو گەڕان بەوڵاتان دا فلانکەسی قاڵ کردووە، وای لێ کردوە خۆگربێ بۆ کارەساتو لێزان بێ لەئەنجامدانی کارەکانی دا.

وَقَّرَ فلان الدَّابَّةَ: فلانکەس وڵاخەکەی تاقەت کرد، دایکرد، خستیە پشتیرو تەویلەی تایبەتی خۆیەوە.

اتَّقَرَ: عاقڵو رەزان بوو.

استَوْقَرَ: باری گرانی هەڵگرت ◊ کۆڵی قورسی لەکۆڵی خۆی دا.

استَوْقَرَ الإبلُ: حوشترەکە قەڵەو بوو.

القِرَّةُ: قورسایی ◊ کاتی نەخۆشی ◊ پیرەمێردی بەسااڵ چوو ◊ ماڵو منداڵ ◊ جەڵەبە مەڕو بزن کەژمارەیان کەم بێ و شوان و سەگو

کەرە مێینەکی خۆیان لەگەڵ بێ.

المَوْقِرُ: شوێنی دەشتایی لەبنارو پێدەشتی کێو.

المُوقَرُ: دەگوترێ: (نخلة مُوقَرُ) دارخورمایەکی بارگرانە زۆری بەرگرتووە ◊ (ك: مواقر).

المُوَقِّرُ: پیاوی قاڵبوی رۆژگار کە کارەسات‌و روداو لەبۆتەیان دابێ‌و ئەزمونی جۆراو جۆر قاڵیان کردبێ ◊ مرۆڤی عاقڵ‌و کاراما.

المُوَقَّرَةُ: دەگوترێ: (نخلة موقرة): دارخورمایەکی بارگرانە زۆری بەرگرتووە.

الموقور: (شیء موقور): شتێکی چاڵچاڵ‌و گرنج گرنجە یان شتێکە ترینگە ترینگی لێ دێ.

الموقورَةُ: اذن موقورة: گوێچکەی گران کەبەکەمی قسە ببیستێ.

الوَقار: عاقڵمەندی‌و لەسەرە خۆیی ◊ گەورەیی‌و شکۆمەندی.

الوَقْرُ: قەڵشتی قاچ ◊ بەتابەتی قەڵشتی پاژنە پێ ◊ شوێنکەو چاڵی لەبەرد یان لەئێسقان یان لەچاو.

الوَقَرُ: دەگوترێ: (رجل وَقَرٌ): پیاوی عاقڵ‌و لەسەرە خۆ.

الوِقْرُ: کۆڵی گران.

الوَقْرَةُ: یەکجار ◊ قوتکەو چاڵایی لەبەرد ◊ شوێنکە.

وَقْرَةُ الدهر: بەڵاو کارەساتی رۆژگار ◊ (ك: وقرات).

الوَقْرِيُّ: شوانی جەڵەبە مەڕو بزنی کەم کە گوێدرێژو سەگی تایبەتی خۆی هەبێ ◊ مەردارو ئەوکەسەی خاوەنی جەڵەبە مەڕو بزنی کەم کەشوان‌و سەگ‌و گوێدرێژی تایبەتی خۆی هەبێ.

الوَقور: خاوەن ئەدەب‌و حیشمەت.

الوَقِيرُ: رێز لێگیراو خاوەن رێز ◊ ئێسقانی درز بردو ◊ جەڵەبە مەڕو بزنی کەم بەشوان‌و سەگ‌و گوێدرێژەوە ◊ حەوزو چاڵی ناو لە ناوشاخ دا کەناوی تێدا کۆبێتەوە ◊ دەشگوترێ: (رجل وقير): پیاوێکە قەرز شانی داگرتووە.

الوَقِيرَةُ: حەوزو چاڵی ناو کە لەشاخ دا دروست بێ‌و زۆر گەورە بێ ◊ (أذن وقيرة): گوێچکەی گران کەبەکەمی قسە ببیستێ.

وَقَسَ فلاناً بالمكروه: شتی ناشیرینی پاڵ فلانکەس دا.

وَقَسَ الفاحِشَةَ: باسی کردەوە ناشیرین‌و ناپڕو بەرمکەی کرد.

وَقَسَ الإبلَ: حوشترمکەی گرۆ کرد.

الأوقاس من الناس: کۆمەڵ‌و تاقمی

خوێڕیو پڕو پوچو هەتیو مچەو کۆیلە ٥ تۆمەتبارو گومان لێکراو بەوەی کە توشی گروێی بوون.

الوَقْسُ: سەرەتای گڕوێی پێش ئەوەی بەجەستە دا بڵاو بێتەوە ٥ دەشگوترێ: (صار القومُ أوقاساً): خەڵکەکە بوونە هەڕەمەکیو کۆمەڵگایەکی تێکەڵو پێکەڵ.

وَقَشَ الرسمُ (يَقِش)وَقْشاً: وێنەکە کوژایەوە، سڕایەوە.

وَقَشَ فلانٌ من فلان: فڵانکەس لەفڵانکەسەوە عەتاو بەخششی دەستکەوت.

وَقَشَ له بشيئ: شتێکی پێدا.

اوقَشَ له بشيئٍ: شتێکی پێدا.

وَقَشَ بالنار: بەئاگر ئاماژەی پێ کرد، ئاگری بۆ راوەشاند.

تَوَقَّشَ الشَيْئُ: شتەکە کەوتە جمو جوڵ.

الأوقاش: خەڵکی هەڕەمەکیو تێکەڵ لەچینو توێژی جیاجیا.

الوَقْشُ: جمو جوڵ، دەنگ ٥ هەست، دەگوترێ: (سمعت وقشة): گوێم لەهەستو چرپەی بوو ٥ عەیبو لەکە ٥ چیلکەو چەوێڵ کەئاگری پێ دەکرێتەوە ٥ هەڵیژگو پڕژو پاڵ.

الوَقْشَةُ: جمو جوڵو دەنگو صەدا.

وَقَصَتْ عُنُقُهُ تَقص وَقْصاً: ملی شکا.

وَقَصَت الناقَةُ براكبها: حوشترەکە سوارەکەی سەرپشتی گلاند.

وقَصَ الشَيْئَ: شتەکەی شکاند.

وَقَصَ عُنُقَهُ الدينُ: قەرز ملی پێ شۆڕ کردوە.

وَقَصَ الشَيْئَ فلانٌ: فڵانکەس عەیبی لەشتەکە گرت.

وَقَصَ راسَهُ: سەری بەتوندی راتەکاند.

وُقِصَ: ملی باریك کرا.

وَقِصَ يَوْقَصُ وَقَصاً: بە سروشتو خیلقەت ملی کورت بوو ٥ (فهو أوقص وهي وقصاء) ٥ دەشگوترێ: (عُنُق أوقص وعنق وقصاء).

اوقَصَهُ: وای لێکرد مل کورت بی.

وَقَّصَ على ناره: پڕژو پاڵو توێکڵە دارو شتی وای خستە ناو ئاگرەکە بۆئەوەی زیاتر بڵێسەی هەبێ.

توَقَصَ: خۆی بەمل کورت نیشان دا، لاسایی مل کورتی کردەوە.

تواقَصَ على بردته: خۆی نوشتاندەوەو عەباکەی یا پەشتەماڵەکەی لەملی خۆی پێچا بۆ ئەوەی نەکەوێ.

تَوَقَّصَ به فَرَسُهُ: ئەسپەکەی نەرمە غارو گورگە لۆقەی پێ کرد، بەتوندی قاچی بەزەوی دا دەدان.

الأوقاص: کۆی (الوَقَصَ) ٥ هەروا بەمانا پەرتەوازەیی و پچڕ پچڕی هاتووە ٥ دەگوترێ: (صاروا أوقاصاً): ئەوانە لێک جیا بوونەوەو پچڕ پچڕ بوون.

المَوْقُوصُ: مل کورت.

الوَقْصُ: عەیبو لەکەداربی شت ٥ لەزاراوەی زانستی عوروزدا لابردنی پیتی دووەمی خاوەن بزوێنە لە کێشی (متفاعِلُن).

الوَقَصُ: لوغەتێکە لە (الوَقْصُ) کە بڕیتییە لە وردە دارو چیلکەو چەوێڵو پڕژو پاڵ، کە ئاگربان پێ خۆش دەکرێ هەروا ناوە بۆ تاکی (الأوقاصَ) کە لەبواری زەکات دا بڕیتییە لەو شتە زەکات لێکەوتووانەی دەکەونە نێوان دوو فەریزەی زەکاتەوە زەکاتیان لێ ناکەوێ بۆ نمونە کەژمارەی حوشتر گەیشتە پێنج سەر دەبێ مەڕێک بدا بەزەکات ئەمجار تا دەگاتە دە سەر حوشتر زەکاتیان لێ ناکەوێ، ئەو حوشترانەی نێوان پێنجو دە پێیان دەوترێ (وَقَصٌ) هەندێ لەزانایانی شەرع پێیان وایە قاعیدەی (وقص) تەنیا لە رەشەوڵاخ دا پەیڕەو دەکرێ.

الوَقِيصَة: تاکی (الوقائص) کە بڕیتییە لە دەرکەوتنی ئێسقانی مل بەڵای شانەوە.

وَقَطَهُ يَقْطِهُ وَقْطاً: ئەومندەی لێ دا نیوە مردوی کرد.

وَقَطَ فلاناً دابَّتُهُ: وڵاخەکە فلانکەسی گڵاندو بێ هۆشی کرد.

وَقَطَ فلاناً: فلانکەسی بەسەر سەردا خست، سەری لەزەوی و قاچی بۆ حەوا ٥ ئەمجار بەمەبەستی چارەسەر بەدوو وەجبە لەقاچی دا.

وَقَطَ الأرضَ به: کابرای خست، بەزەوی دادا.

وَقَطَ الشَّيْئُ فلاناً: شتەکە باری فلانکەسی قورس کرد خەوی لێ خست ٥ دەگوترێ: (أكلت طعاماً فوقطني): خواردنێکم خوارد خەوی لێ خستم.

وَقِطَ في راسه: سەری گران بوو هەستی بەقورسایی سەری کرد.

وَقَطَ الصَّخر: بەردەکە قولکەی تێکەوتو ناوی تێدا کۆبۆوە ٥ بەرداو لەشاخەکە دا پەیدا بو.

استوقط المكانُ: شوێنەکە قولکەو چاڵی تێدا پەیدا بوو بەهۆی زۆر پێدا ڕۆیشتنی ئادەمیزادو وڵاخەوە.

المَوْقُوطُ: خەب بوو ٥ کوژراو ٥ زۆر تێهەڵدراو.

الوَقْطُ: چالێکە لەشوێنێکی پتەو ناوی تێدا کۆدەبێتەوە ◊ (ك: أوقاط).

الـوَقيط: کـوژراو ◊ خـب بـوو ◊ هەرگیاندارێـك زۆری لـێ درابـێو بریـندار کرابـێ ◊ بـۆ مێینـەش هـەردەگوترێ: (الوقيط) ◊ (ك: وَقْطى ووقـاطى) ◊ وشـەی (الـوقيط) بەکەسێـك دەگـوترێ شـەو خـەوی زڕابـێو نەنوسـتبێ بـەو هۆیـەوە بەڕۆژ لەشی تێکشکابێو داهێزرابێ ◊ چالێـکە لەشوێنێـکی پتـەو نـاوی تێـدا کۆدەبێتـەوە ◊ (ك: وقطـان، وِقاط).

وَقَعَ يَقَعُ وَقْعاً ووقوعاً: کەوت، بەربۆوە.

وَقَعَتْ الـدوابُ: ولاخـەکان مۆڵیـان خوارد پاڵ کەوتن.

وَقَعَتْ الإبلُ: حوشترەکە پیخی خوارد پاڵکەوت ◊ هـەروا دەگـوترێ: (وَقَـعَ الطيرُ على أرض أو شجر): باڵندەکە لەسـەر زەوی یـان لـە سـەر درەخـت نیشت.

وَقَعَ المطرُ بالأرض: بـاران لەزەوییەکـە بـاری.

وَقَعَ الحقُ: حەق چەسپا.

وَقَـعَ القـولُ عليـه: قـسەکە، بڕیارەکـە چەسپا، واجب بوو لەسەری.

وَقَـعَ الكـلامُ في نفـسه: قـسەکە کـاری لەدەروونی کرد.

وَقَـعَ فـلان في فـلان وقيعـة ووقوعـاً: فلاّنکـەس جـوێنی بەفلاّنکـەس دا غەیبـەتی کـرد قـسەی ناشـیرینی پـێ گوتن.

وَقَـعَ في العمل وقوعـا: دەستی بەکارەکە کرد.

وَقَعَ في الشرك: شیرکی تێدا پەیدا بـوو ◊ کەوتـە حاڵـەتی هاوبـەش پەیداکردنەوە.

وَقَعَ في أرض فلاة: بەناو زەوییەکی چۆڵ دا ڕۆیی.

وَقَعَ الى كذا وقْعاً: بـە پەلـە بـەرێی کـرد، خێرا ناردی.

وَقَـعَ بالعـدوّ وقعـاً: زێـدە ڕۆیی کـرد لـە کوشـتاری دوژمـن دا دوژمنـی شەپرزەکرد.

وَقَـعَ الأمـر مـن فـلان موقعـاً حسنـاً او سيئـاً: کارەکـە لای فلاّنکـەس بـەباش یان بەخراپ چەسپا.

وَقَـعَ الأمـر عنـد فـلان موقعـاً حسنـاً: کارەکە لای فلاّنکەس گرنگی باشی پێ درا.

وَقَـعَ النـصلَ بالميقعـة: سـەرمێرەکانی بەئامێری تیژکردن تیژکردن.

وَقَعَ السيفَ والسكينَ: شمشێرەکە یـان کێردەکەی تیژ کرد.

وَقَعَتْ الحجارةُ الحافِرَ: بەرد سمی ولاخەکەی تەنك کرد ◊ دەشگوترێ: (هذه نعلٌ لاتقع علی رجلي): ئەمە نەعلێکە بۆ قاچم نابێ، لەگەڵ قاچم ناگونجێ.

وَقِعَ يَوْقَعُ وَقَعاً: پێ خواس بوو، گۆشتی قاچی نازاری بوو بەهۆی رەقی زەویيەکە یان بەهۆی بەردەڵانی و شتی واوە.

وَقِعَ فِي يده: لەدەستی بووەوە، لەدەستی دەرچوو ◊ پەشیمان بۆوە.

اوْقَعَ المُغْنِيَ: گۆرانی بێژەکە ئاوازو هەوای گۆرانییەکەی لەشوێنی خۆی داناو کێشو ئاوازی شیاوی بۆ دانا.

اوقَعَ فلان بالأعداء: فلانکەس زێدەڕەوی کرد لەکوشتو برکردنی دوژمن دا.

اوقَعَ بفلان ما يسوءه: زەبری گورچکبڕو توندی لەفلان دا، قسەی ناشیرینی ئاڕاستە کرد.

اوقَعَ به الدَهْرُ: رۆژگار هێرشی بۆهێنا.

اوقَعَتْ الروضة: باخەکە ئاوی لەخۆگرتو تێرئاو بوو.

اوقَعَ فلان الشَيْئَ: فلانکەس شتەکەی والێ کرد بکەوێ.

واقعه مواقَعَةً وَوِقاعاً: شەڕی لەگەڵ دا کرد.

واقَعَ الأمورَ: ئیشەکانی نزیك کردنەوە.

واقع المرأةَ: لەگەڵ ئافرەتەکە جوت بوو.

وَقَّعَ الرجلُ: پیاوەکە بەشێوەیەکی تایبەتی رۆیی.

وَقَّعتِ الإبلُ: حوشترەکە دوای تێراوبوون یەخی خواردو پاڵکەوت.

وَقَّعَ في الكتاب: هەندێ پەراوێزو رونکردنەوەی لەسەر کتێبەکە نووسیو راجیع مەرجیعی بۆکرد، زێدەو شتی دوبارەومبووی لێ لابرد.

وَقَعَ الصَيْقَلُ على السيف: وەستای شیرگەر دەستی کرد بەمشتو مالکردنی شمشێرەکەو تیژکردنی.

وَقَّعَ العقدَ او الصكَّ: لەلای خواروی گرێبەستەکەوە یان جەکەکەوە ناوی خۆی نووسیو واژۆی کرد.

وَقَّعَ الشَيْئَ: گومانی شتەکەی کرد.

وَقَّعَ ظَنَّهُ على الشَيْئ: گومانی کەوتە سەرشتەکە ◊ شتەکەی مەزندە کردو دایبەزاند.

وَقَعَتْ الحجارةُ الحافِرَ: بەردەکە سمی ولاخەکەی بڕی قاشی کرد.

تواقَعَ الأعداءُ: دوژمنەکان هەندێکیان لەگڵ هەندێکیان راچون.

تواقَعَ الرجُلان: دوبیاومکه شەڕیان بوو.

توقّعَ الأمْرَ: چاوەڕوانی رودانی کارەکەی کرد.

استوقَعَ السيفُ: شمشێرەکه پێویستی بەمشتو مالّ کردن هەبوو.

استوقَعَ فلان الأمرَ: فلانکەس چاوەڕێی رودانی ئەوکارەی کرد لەوکارە ترسا.

الإيقاع: ئەومیە دەنگەکان لەگۆرانی گوتنی بەکۆمەڵ دا بەیەکەوە بگوترێنو پاشو پێشییان تێدا نەکرێو بەیەکەوە لەتەپڵی گوێچکە بدەن.

التوقيعُ: ئەومیە باران لە هەندێکی وڵات ببارێو لەهەندێکی نەبارێ ٥ ئەوەی سەرۆکو پاشاو فەرمانڕەوا لەسەر نامەو شتی وا واژۆی دەکەن، ئیمزای دەکەن.

توقيع العقد أو الصك: واژۆکردنی گرێبەست یان چەکی پارە کەلەلای خواروویەوە کابرا ناوی خۆی دەنووسێو واژۆی دەکا ٥ ناوە بۆ جۆرە خەتێك ٥ جۆرە ڕۆیشتنێکە.

المَوْقِعُ: شوێنی رودانی شت ٥ شوێنی کەوتنی شتو چەسپانی لەجێگەی تایبەتی خۆی ٥ دەگوترێ: (وقع الشَيْءُ مرقعه) ٥ (ك: مواقع) ٥ (مواقع القتال): شەڕگە ٥ گۆڕەپانی شەڕ ٥ (مواقع القطر): شوێنی باران لێ بارین، باران لێدراو.

المَوْقِعة: شوێنی رودانی شت ٥ شەڕو شەڕگە.

المُوَقَّعُ: کەسێك توشی بەڵا بووبێ، کارەساتی لێ رودرابێ ٥ حوشترێك زۆر شوێنەواری بریندی بەجەستەوە بن ٥ ڕێگای تەخت کراوو خۆشکراو ٥ کێردی تیژکراو.

المُوَقِّعُ: کەسێك بەهێواشی پێ لەزەوی بنێ ٥ نووسەری پەراوێز نووس لەسەر نامەو شتی وا.

الموقوع: دەگوترێ: (حافر موقوع): سمی وڵاخ کە بەهۆی بەناو بەردو چەو ڕۆیشتن دا سوابێو تەنك بووبێ ٥ بەردو چەو لە سمی وڵاخەکەی بردبێ.

الموقوعَةُ: دەگوترێ: (قدم موقوعة): قاچی پێست ئەستورو پتەوو زل و بەهێز.

الميقَعَةُ: شوێنێك باز لێی بنیشێو ومگری بێ ٥ ئەو دارە جل شۆرەی کە جل شۆر بەکوتەك جلی لەسەر دەشواو جلەکان دەکوتێ ٥ یان ناوە بۆ کوتەکەکەی کە جلەکانی پێ دەکوتی ٥ چەکوچو شتی وا ٥ نەخۆشییەکە توشی بێجوە ئاژەڵ دەبێو زوربەی کات دەیکوژێ.

الواقِعُ: ئەوکەسەی بەرداشی ئاش بیراز دەکا ◊ شێوەی شت‌و روداو ومکوو خۆی‌و سەرەنجام ◊ دەگوترێ: (أمر واقع و(طیر واقع) ◊ (لَواقع الطیر): هێلانەو شوێنی هەڵنیشتنی باڵندە.

الواقعة: رۆژی قیامەت ◊ بەڵای رۆژگار ◊ شەڕو بەرەنگاربوونەوەی دوژمن ◊ لێکدانی گورچکبڕی یەک لەدوایەک لەگەڵ دوژمن ◊ دەشگوترێ: (رجل واقعة): پیاوێکی ئازایە ◊ چاو نەترسە ◊ لەبواری فەلسەفەدا وشەی (الواقعة): بڕیتییە لە روداوو شتی پەیدابوو.

الواقعیة: لەبواری فەلسەفەدا مەزهەبو رێبازێکە هەوڵ دەدا وێنەیەکی نەمین‌و راستگۆیانە بۆ دیمەنی سروشت‌و ژیان وێنا بکرێ ◊ هەروا رانواندنی بیرو بۆچون‌و کەش‌و هەوای روداومکان بەشێوەیەك تارمایی تێفکرین‌و بۆڕوانینی میساللیان پێوەنەبێ ◊ هەروا ناوە بۆ رێبازێکی نەدەبی کەپشت بەواقیع ببەستێ‌و گرنگی بەوێنە گرتنی بارو دۆخی کۆمەڵگا بدا.

الوقائع: ئەحوال‌و روداو.

وَقاع: شوێنی لێکەوتنی کۆتایی قەراخی پەردە کە لەکاتی دادانەوەی دا لەزەوی دەدا.

الوَقْعُ: دەنگی لێدان لەشت ◊ (رمبە، تەپە، خرمە، تەقە، شڵپە) ◊ دەگوترێ: (سمعتُ وقع المطر): گوێم لەخرمە خرمی باران بوو ◊ (سمعتُ وقع الأقدام): گوێم لەتەپە تەپی قاچەکانیان بوو ◊ هەروا وشەی (الوَقع): ناوە بۆ بەرزایی کێو ◊ تەنکە هەور ◊ شوێنکەی شت کە رەنگی گۆڕیبێ ◊ بەردە وردە.

الوَقِعُ: تەنکە هەور ◊ نەخۆشێک نازاری هەبێ‌و هاوار بکا.

الوَقْعَة: جارێک ◊ لەشەڕدا لێدانی لەسەریەک‌و بێ پسانەوە.

وقعة السیف: بڕین‌و رۆچونی شمشێر بەناو جەستە دا.

الوَقَعَة: بەرد.

الوَقّاع: ئەوکەسەی پاشملە غەیبەتی خەڵك دەکا ◊ دەگوترێ: (رجل وقّاع).

الوَقّاعَة: بەمانا (الوَقّاع)دێ.

الوَقیعُ: شوێنی تونڵ پتەو کەناوی لێ رۆنەچێ ◊ دەشگوترێ: (سکین وقیع): کێردێکی تیژە ◊ (حافر وقیع): سمە ولاخێکە رەق‌و پتەو ◊ یان سمە ولاخێکە بەردو چەو تەنکی کردوە توشی سوانی کردوە ◊

شوێنکەو روشانی رەنگی شتەکەی گۆڕیبێ.

الوَقيعة من الأرض: زەوییەکە توندو پتەوبێ ئاو دانەدا ٥ غەیبەتکردنی خەڵك ٥ زەبرو دەنگی شەڕ.

وقيعة الطائر: شوێنی هەڵنیشتنی باڵندەو شوێنی وا کەبەڕواڵەت باڵندە وەگری دەبێ بۆلێ هەڵنیشتنی ٥ (ك: وقاع ووقائع) ٥ (وقائع العرب): رۆژانی شەڕو جەنگی نێوان عەرەبەکان.

وَقَفَ وقوفاً: هەڵسایە سەرپێ ٥ دوای رۆیشتن راوەستا ٥ (وَقَفَ على الشَيْئ): شتەکەی بینی، بەسەر شتەکەدا ئاگادار بوو ٥ (وقف في المسألة): لەمەسەلەکە کەوتە گومانەوە ٥ (وقف على الكلمة): بزوێنی نەدا بەکۆتایی وشەکە بەبێ بزوێن خوێندییەوەو لەوشەی دوای خۆی دایبڕی ٥ (وقف الحاج بعرفات): حاجیەکان دوای نوێژی نیوەڕۆی رۆژی عەرەفە چونە کێوی عەرەفە ٥ (وَقَفَ فلان على ماعند فلان): فڵانکەس تێگەیی فڵان چی لایەو چ مەبەستی هەیە.

وَقَفَ الماشي والجالس: رۆیندەکە یان دانیشتووەکەی هەڵساندە سەرپێ، وای لێ کرد راوەستێ.

وَقَفَ فلاناً عن الشَيْئ: فڵانکەسی لەشتەکە مەنع کرد.

وَقَفَ فلاناً على الامر: فڵانکەسی بەسەر شتەکەدا ئاگادار کرد.

وَقَفَ الأمْرَ على حضور فلان: کارەکەی پەیوەست کر بەئامادەبوونی فڵانەوە.

وَقَفَ الدارَ ونحوها: خانوەکە یان مڵكو سامانێکی تری وەقف کرد لەڕێگەی خودادا خەڵکی سودی لێ ببینن ٥ دەشگوترێ: (وَقَفَ الدار على فلان): خانووەکەی لەسەر فڵان وەقف کرد ٥ کردی بەموڵکی ئەو بێ بەرامبەر.

اوقَفَ فلان عن الأمر الذي كان فيه: فڵانکەس وازی لەکارەکەی خۆی هێنا ٥ دەشگوترێ: (كلمته فأوقف): قسەم لەگەڵ کرد بێدەنگ بوو.

واقَفَهُ في حرب او خصومة: لەشەڕا چووە پاڵ ئەوو لەگەڵیدا وەستا.

واقَفَهُ على كذا: داوای وەستانی لێ کرد لەسەر ئەوە.

وَقَّفَ الجَيْشُ: سەربازەکان یەك لەدوا یەك ریز بوون.

وَقَّفَ الناس في الحج: لەحەج دا خەڵك شوێن وەستانی خۆیان پەیڕەو کرد.

وَقَّفَت المرأةُ: ئافرەتەکە سەروکاری وەقفەکەی خستە ژێر دەستی خۆیەوە.

وَقَّفَ فلاناً على الشَيْئ: فلانكەسى بەسەر شتەكەدا ئاگادار كرد.

وَقَّفَ القارئَ: قورئانخوێنەكەى فێرى شوێنى راوەستان لەسەر ئايەتەكان كرد.

وَقَّفَ الحديث: حەديسەكەى رون كردەوە.

تواقَفَ القوم في الكفاح: لەتێكۆشانو بەگژاچوونەوەى زوڵم و ستەم دا خەڵكەكە پاڵپشتى يەكترياں كرد.

تَوَقَّفَ عن كذا: لەو ئيشەدا راوەستاو نەيكرد.

تَوَقَّفَ عليه: هەوڵى چەسپاندنى دا.

تَوَقَّفَ فيه: لەوشتەدا مايەوەو چاوەڕوانى كرد.

استوقَفَهُ: رايگرت، داواى لێ كرد بوەستێ.

التوقيف: دەقى شەرع دانەرە لەبرێ بواردا.

التوقيفيُّ: هەرشتێك پاڵ بدرێ بۆ (تەوقيف) ٥ دەگوترێ: (أسماء الله توقيفية).

الموقف: ئەوشوێنەى مرۆڤ لێى دەوەستێ.

موقف المرأة: ئەوەى لەجەستەى ئافرەت دا بە عەورەت حيساب ناكرێ وەكوو دەستو مەچەك و بەشێكى روخسار كەداپۆشينيان دەبێتە حەرەج بۆ خودى ئافرەتەكەو ناتوانێ بەئاسايى كارەكانى ئەنجام بدا.

الموقفان: دوو شادەمارن دەورى كلێچەى ئادەميزادياں داوە ئەگەر گرژبوون ئادەميزاد ناتوانێ هەڵسێ ئەگەر برپان ئادەميزادەكە دەمرێ ٥ دەشگوترێ: (إمرأة حسنة الموقفين): ئافرەتێكە دەمو چاوو قڵو قاچى جوانن.

المُوَقِّفُ: پياوى قاڵبوو لەبۆتەدراوو خاوەن ئەزمون ٥ (رجل مُوَقِّفٌ على الحق): پياوێكە لەئاست حەق دا ملكەچە.

المُوَقَّفَةُ: دەگوترێ: (دابة مُوَقَّفَةُ): ولاخێكە قاچى خەتخەتى رەشى تێدان.

الموقوف: شتى وەقف كراو بۆ مزگەوتو خوێندنگاى ئايينىو شتى وا.

الميقاف: دارێكە كوڵى مەنجەڵى لەكوڵ هاتووى پێ سارد دەكرێتەوە.

المِيقَفُ: بەمانا (الميقاف) دێ.

الواقف: ئەوكەسەى مولكى خۆى وەقف دەكا ٥ خزمەتكارى كەنيشتە.

الوَاقِفَة: قاچ.

الواقِفيـــة: پێڕێـــکن لەصـــۆفی‌و بەتاڵخوازەکان.

الوَقْفُ: لەبواری خوێندنی قورئان دا دابڕینی وشەیەکە لەوشەی دواوەی ◊ لەزاراوەی شەرعزانان دا وەقف کردنـی مولکـە لەسـەر کەسێـک لایەنێـک لەڕێـگەی خـودادا ◊ بازنەیـەک لـەمادەی عـاج دروستکرابێ یان خرخاڵ لەزیووو شتی وا دروست کرابێ.

الوقفة: هەڵوێستە ◊ یەکجار ◊ شـک‌و گومـان ◊ (یـوم الوقفـة): رۆژی راوەستانی حاجیەکان لەسەر کێوی عەرەفە.

الوَقّـافُ: مرۆڤـی لەســەرە خــۆ ◊ کەسێـک نەچـێ بـۆ شـەڕ دژی دوژمن‌و خۆبشارێتەوە.

الوقيفة: سەگ رەمتێن کەماندووبێ لەسەگ ڕەتاندنەکە.

الوَقُّ: جریوەی سیسرمو شتی وا.

وَقَلَ في الجبل (يقل وَقْلاً): بەکێوەکەدا سـەرکەوت ◊ قاچێـکی چەسـپاندو قاچێکی هەڵێنایەوە.

تَوَقَّلَ في الجبل: بەکێوەکەدا سەرکەوت ◊ دەشـگوترێ: (تَوَقَّـلَ في مـصاعد الـشرف): بەپەیـزەو پلیکانـەی شکۆمەندی دا سەرکەوت.

الوَقْـلُ: درەختـی (دەوم) درەختێـکە گەورەیـە لەصـەعیدی میـصر زۆرە، میوەکەی بەئەندازەی سێوێـک دەبێ تووێکڵی سورو پتەوە ◊ هەروا بەمانا (بەردەوام)دێ.

الوَقَلُ: بەرد ◊ بنکی لقە دارخورما کە وشک بووبێ‌و باش دانـە تاشرابێ‌و بنەکەی مابێ‌و مرۆڤ بتوانێ بیکاتـە پێپلیکانەو پێیدا سەرکەوێ.

الوَقِل: دەگوترێ: (فـرس وعِـل وَقِـلٌ): ئەسپێکە جوان دەچێتە نـاو شـیوو دۆڵەوە.

الوَقْلَةُ: تـاکی (الوَقْلُ)ە ◊ دەنکی بـەری درەختی وەقل.

وَقَمَ الرَّجُلَ يقمه وَقماً: زۆری لەپیاوەکە کرد ناچاری کرد.

وَقَـمَ عـن حاجتـه: بەناشـیرینترین شـێوە کـابرای موحتـاجی جـواب کـردو پێداویستییەکەی نەدایە.

وَقَـــمَ الأمْـــرُ فلانـــاً: فلانکەســی زۆر خەفەتبار کرد.

وُقِمت الأرض: زەوییەکە خێڵ چووە نـاوی‌و گـژوگیاو لـەومڕی هـەمووی خوراو بوو بە سوتەمەڕۆ.

اوْقَمَهُ: ریشە کێشی کرد، لـەبێخ هـەڵی کەند.

وَقَمَ في الشَيْءِ: درێـژەی پـێ دا، زۆری لەشتەکە کۆڵیەوە.

وَقَمَ فلاناً: هەڕەشەی لەفلانکەس کرد ◊ ژێردەستەو ملکەچی کرد ◊ تەحەددای کرد.

وَقَمَ الصَّيْدَ: نێچیرەکەی هەنگاوتو پێش ئەوەی سەری بەڕێ نێچیرەکە گیانی دەرچوو.

وَقَمَ الكلامَ: قسەکەی جوان هەڵگرتو خستییە میشکی خۆیەوە.

تَوَقَّمَ الصيادُ: نێچیرەوانەکە جووە کۆختەکەیەوە.

تَوَقَّمَ فلاناً: هەڕەشەی لەفلانکەس کردو لێی تورە بوو.

تَوَقَّمَ الصَّيْدَ: نێچیرەکەی کوشت.

تَوَقَّمَ فلاناً بالكلام: فلانکەسی بەقسە داگرتو هێرشی کردە سەر.

تَوَقَّمَ كلامَ فلان: قسەی فلانکەسی وەرگرتو خستییە میشکی خۆیەوە.

الوِقامُ: شمشێر ◊ عەصاو گۆچان ◊ قامچی ◊ حەبڵو گوریس.

اوقَنَ الرجلُ: بیاوەکە باندەکەی لەسەر هێلانەکەی خۆی گرت.

تَوَقَّنَ: بەمانا (أوقن)دێ.

تَوَقَّنَ في الجبل: بەناو کێوەکەدا سەرکەوت.

الوُقْنَةُ: هێلانە.

الموقونة: ئافرەتی ناوکەژاوەو پارێزراو.

وَقَوَقَ الرجلُ: بیاوەکە زەعیفو لاواز بوو.

وَقْوَقَ الكلب: سەگەکە لەکاتی ترسان دا لوراندی.

وَقْوَقَ الطائِرُ: باندەکە دەنگی لێ هات، قیراندی، گاراندی، جریکاندی، گماندی، قراندی.

الوَقْواقُ: ترسنۆک ◊ دەرەختێکە دەرمانی لێ وەردەگیرێ.

الوَقْواقَةُ: زۆر بڵێو چەقە چەناو ◊ دەگوترێ: (رجل وقواقة وامرأة وقواقة).

وقى الفَرَسُ من الحفى يقى وقياً: ئەسپەکە بەهۆی نالّ نەکردنیەوە بەری سمەکانی سوانو بەحالّ قاچی لەزەوی دەناو لەڕۆیشتن دەترسا.

وقى الشَّيْئَ وقْياً: شتەکەی پاراست نەیهێشت توشی ناخۆشی ببێو زیانی پێ بگا ◊ دەگوترێ: (وقاه الله من السوء): خودا لەزیان پاراستی.

وقى الامر وَقياً: کارەکەی چاك کرد.

وقاه توقِيةً: چاودێری کردو پاراستی.

إتَّقى بالشَّيْئِ: خۆی بەشتەکە پاراست ◊ شتەکەی کردە مەتاڵ بۆخۆی بۆئەوەی پارێزراوبێ.

إتَّقى اللهَ: لەسزای خودا ترساو خۆی لەوشتانە پاراست کەخودا پێی ناخۆشە.

إتَّقَى الشَّيْئَ: لەشتەکە حەزەری کردو خۆی پاراست.

تَوَقَّاهُ: حەزەری کردو خۆی پاراست ◊ لەحەدیث دا هاتووە (ولَوَقّ کرائم أموالهم): لەزەکات وەرگرتن دا لەمالّە باش‌و رەسەنەکەیان خۆ بپارێزن‌و نەوەیان لێ مەسێنن.

تَوَقَّاهُ: بەمانا (وقاه)دێ.

التُّقَاهُ: ترس‌و بیم ◊ (ك: تُقیً).

التُّقوى: لەخواترسان‌و پابەند بوون بەفەرمان‌و نەهیەکانی ◊ ترس‌و بیم.

التُّقيّة: ترس‌و بیم ◊ بەڵای شیعەوە ئەوەیە لەکاتی پێویست دا حەق‌و راستی ژێر لێودەیی‌و بەرواڵەت بەتاڵ‌و ناحەق بەحەق بزانێ‌و زەمانە سازی بکەی بەمەبەستی خۆپاراستن لەزیانی بەرامبەر.

التَّقِيُّ: خودا پەرست ◊ لەخودا ترس ◊ (ك: أتقياء).

المُوَقّى: ئازاو جاونەترس.

الواقي: بالندەیەکە لەجۆلەکە گەورەترە، سەرزل‌و دەندوك گەورە جڕو جانەوەری بچوك نێچیردەکا وادەبێ چۆلەکەش دەخوا.

الواقِية: هەرشتێك بیکەیە مەتاڵ‌و دیوجامەو پارێزەری شتی تر ◊ (ك: أواق).

الوِقَاءُ: صیغە موبالەغەیە ◊ واتە زۆر پارێزەر بێ ◊ دەگوترێ: (رجُلٌ وِقاءٌ): پیاوێکە زۆر خۆپارێزە.

الوِقَايَة: ئەوشتەی شتی تری پێ بپارێزرێ.

الوَقِيَّةُ: لوغەتێکە لە (الأوقية) ◊ (ك: وقايا).

تَكَنَ يَتْكَأُ تَكَأً: دانیشت‌و پاڵی دایەوە.

إتَّكَأَ فلاناً: فلانکەسی لەمەجلیسی خۆی دا دانیشاند ◊ هەڵی نا بۆئەوەی دابنیشێ ◊ دەگوترێ: (ضربه فاتَّكَأَهُ): لێی داو پاڵی خست یان لەسەر تەنیشتی چەپی رایکێشا.

اوكَا على الشَّيْئ: پشتی بەشتەکەوە دا.

اوكَا فلاناً: کورسی‌و بالیفی بۆ فلانکەس دانا بۆئەوەی لەسەری دابنیشێ‌و پاڵ بداتەوە.

وَاكَا على يديه مواكاةً ووِكاءً: تینی دایە سەر دەستەکانی بەرزی کردنەوەو لەخودا پارایەوە.

تَوَكَّأَ على الشَّيْئ: خۆی بەسەر شتەکەدا دا.

توكّات الناقة: حوشترەکە ژان گرتی‌و باراندی.

التُّكَاةُ: هەرشتێك خۆتی بەسەرا

بـــدەی وەکـــوو عەصـــاو گۆچـــانو شمـــشێر ◊ کەسێـــك زۆر خۆبخاتـــە سەرشـت، زۆر خـۆ بەسـەر گۆچـانو شتی وادا دا ◊ تەمبەڵو قونگران.

المُتْكَـأُ: کورســـیو بـــالیفو شـــتی وا کـــەپاڵی پێـــوە دەی، یـــان لەســـەری دانیشی‌و پاڵ بدەیەوە.

المُتْكِـئُ: کەسێـــك لەســـەر کورســـی دانیـــشێو پـــاڵ بداتـــەوە بەپاشـــی کورسییەکەوە.

وَكَـبَ يكـبُ وكبـاً ووكبانـاً: بەهێواشی ڕۆیشت ◊ هەستاو ڕاست بۆوە.

وَكَبَ على الأمـر: بـەردەوام بـوو لەســەر کارەکە.

وَكِبَ التمـرُ: خورماکە ڕەنگی ڕەش بـوو گەیشت.

وَكِبَ الثوبُ: قوماشەکە چڵکن بوو.

أوكب فلان: فلانکەس چووە ناو ڕیزی کۆمەڵەوەو لەگەڵیان هاوشان بوو.

أوْكَبَ الامْرَ: لەسـەر کارەکـە بـەردەوام بوو.

أوكَـبَ الطـائِرُ: باڵندەکـــە خـــۆی نامادەکرد بۆ فڕین.

أوْكَبَ فلاناً: ڕقی فلانکەسی هەڵساند.

واكَبَ على الشَيْئ مواكبـة ووكابـاً: بەردەوام بوو لەسەر شتەکە.

واكَـبَ الأمـيرَ: لەگـــەڵ مـــەوکیبو کاروانی ئەمیر دا کەوتـەڕێو لەگـەڵ ئەوان دا سوار بوو.

واكَـبَ المَوْكِـبَ: لەگـــەڵ قافڵـــەو مەکیبەکەدا بەڕێ کەوت.

واكَبَ القومَ: پێش خەڵکەکە کەوت.

وَكّبَ العِنَبُ: ترێیەکە خەریکە ڕەش ببێو بگا.

وَكّبَ التمرُ: خورماکە لەکاتی گەیشتن دا ڕەش بوو.

المَوْكِـبُ: حوشـــتر ســـوار، قافڵەیـــەك حوشـــتر کـــە کورتـــانو تـــەدارەکیان ڕازاوبێتـــەوە، ســـوارەکانیان پۆشـــاکی جـــوانو ڕێـــكو پێـــکیان لەبـــەردابێ، هەنـــدێ جـار سـازو سـەمتورو شـتی واشـــیان لەتـــەك دابـــێ ◊ هەنـــدێ کەسیـشیان پیـادەبن ◊ ئێـستا بـارو دۆخەکـە گـۆڕاوە لـەجیاتی حوشـتر ئوتـومبیلی جـوانو ئـاخر مۆدێـل بـــەکاردێ (مـــەوکیبی مەســـعود بارزانی، مەوکیبی سەرەك وەزیـران، مەوکیبی سەرەك کۆمار).

المُوَكِّبُ: خورمای ئاڵو بۆڵ تێـکەوتو بەچڵو شتی وا کـونی تـێ دەکـرێ بۆنەوەی زو بگا.

الوَكّابُ: کەسێـك زۆر غەمبار بێ.

الوَكـوبُ: دەگـوترێ: (ظَبْيَـةٌ وكـوب) ئاسکێـــکە لەجەڵەبـــە ئاســـکەکە تەرەنابێ.

وَكَتَ فِي الشَيْنِ يكت وَكْتاً: كارى تێ كرد.

وَكَتَ البُسْرُ: خورماكه خەريكه ئاڵو بۆڵى تێكەوێو دەنكه دەنكەى لێ شيرين ببێ.

وَكَتِ الدَّابَّةُ: ولاخەكه پەلەى كرد لەقاچ هەڵبڕينو قاچ دانان دا.

وَكَتَ فلان القِرْبَةَ: فلانكەس كوندەكەى پركرد.

المَوْكُوتُ: دەگوترێ: (رجل موكوت): پياوێكه پڕه لەرقو قين.

الوَكْتُ: شوێنكەى كەم لەسەر شت كه لەڕەنگى خۆى نەبێ ◊ خاڵى سور لەسپێنەى چاودا ◊ يان خاڵى سپى لەڕەشێنەى چاودا.

الوَكّاتُ: كەسێك هەنگاوى كورت بهاوێو ناقۆڵابڕوا.

الوكيت: دوزمانىو فيتنە جۆيى كردن دژى خەڵك لاى فەرمانڕەوا.

اِسْتَوْكَتَ: بەركولێ خوارد (خواردنێكى كەمو سوك تاخواردنى تەواو پێ دەگا).

الوِكاتُ: بەركولێ خواردنى پێش نيوەڕۆ.

وَكَحَهُ برجله: بەقاچ پانو پليشى كردەوە.

اوْكَحَ: ماندو بوو ◊ سوالكەرەكەى جواب كردو لێى تورەبوو.

اوْكَحَ عن الأمر: وازى لەكارەكه هێنا.

اوكَحَ فِي الحفر: لەبير هەڵكەندنەكەدا گەيشته شاخو تەبارى سەخت.

اوكَحَ العَطِيَّةَ: بەخششو دەسەندەكەى بڕى.

اسْتَوْكَحَ: وازى لێ هێناو چى تر بەخششى نەدايه ◊ دەگوترێ: (سَأَلَهُ فاستَوكحَ): داواى لێ كردو نەيدايه.

إسْتَوْكَحَ الفِراخُ: لقەسەوزەومبووەكانى شوێنه بڕاوى دەرەختەكە نەستوربوونو گەورەو پتەوبوون.

الأوكَحُ: شوێنى رەقو پتەوى زەوى ◊ بەردو شاخ ◊ گڵ.

الوُكُحُ: لقەسەوزەومبووى شوێنى بڕاوى دەرەخت كەباش بڕين هەڵيدابێتەوەو گەورە بووبێ.

وَكَدَ بالمكان يَكدُ وكوداً: لەشوێنەكه مايەوە.

وَكَدَ الرَّحْلَ: بارو بارگەنەكەى شەتەك دا.

وَكَدَ العَقْدَ: گرێبەستەكەى كردە دیكومێنتو مۆرى كردو شايەتى لەسەر گرتن.

وَكَدَ الأمْرَ: لەكارەكەدا بەردەوام بوو خەريكى بوو.

اوكَدَ السَّرْجَ: زینەکەی لەسەر پشتی ئەسپەکە شەتەك دا ◊ دەشگوترێ: (آكد السَّرْجَ).

اوكَدَ العَقْدَ: گرێبەستەکەی پتەوکرد مۆری لێ داو شایەتی لەسەر گرتن ◊ دەشگوترێ: (آكَدَ العَقْدَ).

وَكَّدَ السَّرْجَ والعَهْدَ: دەق مانای (أوكدهما) دەگەیەنێ ◊ دەشگوترێ: (أكَّدَهما).

تَوَكَّدَ: پتەو بوو جێگیر بوو.

التَّواكيدُ التاكيد: ئەوتیلمە سیرمانەن کە قەپوچکی زینی پێ دەبەسترێتەوە بەملاو بەولای زینەوە.

التوكيد: بەلای زانایانی نەحوەوە ئیسمێکە جەخت لەمانای ئیسمێکی پێش خۆیەوە دەکاتەوە هەمان ئیعرابی ئەوی دەدرێتێ ◊ تەئکید دوجۆری هەیە تەئکیدی لەفزی تەئکیدی مەعنەوی.

المُتَوَكِّدُ: نامادە باش بۆ کارو سەرپەرشتیاری کار.

المُواكِدَةُ: حوشترێك بەردەوام بێ لەسەر رۆیشتن.

الوِكاد: حەبلێکە مانگای پێ دەبەسترێتەوە لەکاتی دۆشینی دا ◊ یان ئەو تیلمە سیرمەیەیە کە قەپوچکی زینی پێ دەبەسترێتەوە بەملاو بەولای زینەوە.

الوُكْدُ: خەفەت، نیازو مەبەست.

الوُكْدُ: هەوڵو تێکۆشانو کردەوە ◊ دەگوترێ: (مازال ذلك من وَكَدِي): تانێستا ئەوە ئیشی سەرەکی منە.

وَكَرَ الطائر يَكرُ وكراً ووكوراً: باڵندەکە چووە ناو هێلانەکەی.

وَكِرَ الظَبِيُ وَكِراً: ئاسکەکە بازی دا.

وَكَرَتِ الناقَةُ: حوشترەکە بەجۆرە بازدانێك بازی دا.

وَكَرَ فلان للقوم: فلانکەس رێگای سەر ئاوی بۆ خەڵکەکە کردەوە.

وَكَرَ القومَ: نانخواردنی تایبەت بەتەواو بوونی خانوی بۆ خەڵکەکە دروست کرد.

وَكَرَ السقاءَ والمِكيالَ: گوزەو کۆڵینەو تەنکەرو قسناغو شتی وای پڕکرد ◊ دەشگوترێ: (وَكَّرَ بَطْنَهُ): گەدەی خۆی پڕکرد لەخواردن.

الوَكْرُ: هێلانەی باڵندە کە هێلکەی تێدا دەکاو جوجکی تێدا هەڵدێنێ جا لەگونە شاخ دا بێ یان لەسەر درەخت بێ یان لەشوێنی تر بێ ◊ هەروا وشەی (الوَكْرُ): جۆرێکە لەبازدانو هەڵزمنینەوە.

الوَكَري: جۆرە رۆیشتنو بازدانێکە ◊

دەگوترێ: (إمرأة وَكَرى): ئافرەتێکە کە دەڕوا توند پێی بەزەوی دا دەدا ٥ (ناقة وَكَرى): حوشترێکی کورتی خوگەو بەگوڕە.

الوَكرَةُ: یەکجار ٥ لانەی باڵندە، هێلانەی باڵندە ٥ جۆرە زیافەتو نانخواردنێکە بەبۆنەی تەواوبونی خانووەوە دروست دەکرێ.

الوُكْرَةُ: رێگای چوونە سەربیرو دوێڵاو.

الوَكّارُ: بازهاوێژ.

الوَكيرُ: بەمانا (الوَكْرَة)دێ.

وَكَزَ فلان (يَكِزُ) وكزاً: فڵانکەس بازی دا.

وَكَزَ في عَدْوِه من فزع: لەڕاکردن دا پەلەی زیاتر کرد.

وَكَزَ فلاناً: پاڵی بەفڵانکەسەوە ناو لێی دا مستە کۆڵەی لێ دا ٥ مستەکۆڵەی لەچەناگەی دا.

وَكَزَ انْفَهُ: لوتی شکاند.

وَكَزَ فلاناً بالرمح: بەڕمب زەبری لەفڵان دا.

وَكَزَ الرمْحَ في الأرض: رمبەکەی لەزەوی چەقاند.

وَكَزَ الزِّقَّ: مەشکەکە یان کوندەکەی پڕکرد.

تَوَكَّزَ للأمر: خۆی بۆ ئیشەکە ئامادەکرد.

تَوَكَّزَ مِن الطَّعَام: ورگی خۆی پڕکرد لەخۆراك.

تَوَكَّزَ على الطَّعَام: ورگی خۆی پڕکرد لەخۆراك.

تَوَكَّزَ على عَصَاهُ: خۆی بەسەر عەصاکەدا دا.

الوَكَزَى من النوق: حوشتری کورتو کوڵەبنە.

وَكَسَ الشَيْئَ (يَكِسُ) وَكْساً: شتەکەی کەم کرد.

وَكَسَ فلاناً: زیانی بەفڵانکەس گەیاند.

وُكِسَ في تجارته: لەبازرگانیکردنەکەی دا زەرەر مەند بوو.

اوكِسَ في تجارته: بەمانا (وُكِسَ) دێ.

وَكَّسَ مالَهُ: ماڵی خۆی کەم کردەوە.

وَكَّسَ فلاناً: سەرزەنشتی فڵانکەسی کرد.

الأوْكَسُ: (رَجُلٌ أوْكَسَ): پیاوێکی هیچو پوچو خوێڕییە.

الوَكسُ: دەگوترێ: (بَرَأتِ الشَجَّةُ على وكس): برینەکە ماویەتی چاك بێتەوە ٥ مەنزڵێکە لەمەنزڵەکانی مانگ کە تێیدا دەگیرێ ٥ (بيع الوكس): شت فرۆشتن بەزەرەر.

وَكَظَ على الأمر يَكِظُ وَكْظاً: لەسەر کارەکە بەردەوام بوو.

وَكَظَ الشَيْئَ: شتەکەی پاڵ پێوەناو بەشتەکەی کێشا ◊ دەری کرد تڕۆی کرد.

واكَظَ على الأمر مُواكَظَةً وَوِكاظاً: بەردەوام بوو لەسەر شتەکە.

تَوَكَظَ عليه الأمر: ئیشەکەی لێ سوڕا کارەکەی لێ شێوا.

وَكَعَ البعيرَ يَكِعُ وَكْعاً: بەهۆی تووندی نازارەکەیەوە کەوتە سەرزەوی.

وَكِعَت الدجاجَةُ: مریشکەکە فسی دایەوە بۆ کەڵەشێرەکە.

وَكَعَ الشاةَ: گوانی مەڕەکەی لەکاتی دۆشین دا هەڵتەکاند.

وَكِعَ فلاناً بالأمر: فلانکەسی عەبدار کرد.

وَكِعَ فلان يَوْكَعُ وَكَعاً: سەری قامکە گەورەی قاچی روی کردۆتە قامکی ناوەڕاستی قاچی بۆنەوەی وێنەی گرێ دروست بکا لەبنکی قامکەکە ◊ ئەحمەق بوو خوێڕی‌و ناپیاو دەرچوو ◊ (فهو أوْكَعُ وهي وَكْعاءُ).

وَكُعَ الرجُل يَوْكُعُ وكاعَةً: پیاوەکە خوێڕی‌و هەتیومچە دەرچوو.

وَكُعَ الشَيْئُ: شتەکە پتەو بوو تووندو ڕەق بوو ◊ (فهو وكوع).

أوكَعَ الرجُلُ: پیاوەکە خێرو بێری کەم بوو ◊ کارێکی خراپی ئەنجام دا.

أوكَعَ القوم: خەڵکەکە حوشترەکانیان قەڵەو نووو پێگەیین.

أوكَعَ الأمْرُ: کارەکە دامەزرا.

أوكَعَ فلان في الأمر: فلانکەس لەکارەکەدا توند ڕەوی کرد.

أوكَعَ الشَيْئَ: شتەکەی چەسپاندو جێگیری کرد.

أوْكَعَ السقاءَ: دیمکەناوەکەی دامەزراند.

وَاكَعَ الديكُ الدجاجَةَ: کەڵەشێرەکە بەمریشکەکەدا فسی.

إنْكَعَ الشَيْئُ: شتەکە پتەو بوو.

استوكَعَ فلان: فلانکەس مەعیدەی بەهێز بوو.

استَوْكَعَ الفِراخُ: لقەسەوزەومبووەکانی شوێنی بڕاوی درەختەکە گەورەبوون، ئەستورو پتەو بوون.

استوكَعَ السِّقاءُ: دێمکەکە شوێن تەقەڵەکانی هاوسان‌و ناویان هەڵمژی‌و ناوی لێ ناچێ.

المِيكَعُ: دێمکە ناوی پتەو، کونده ناوی پتەو ◊ هۆڕو جەواڵ ◊ مالمال کەزەوی کێڵدراوی پێ تەخت دەکرێ.

الوَكْعاءُ: ئەحمەق ◊ نازاراوی.

الوَكيع: پێشەنگی مەڕ، مەڕێك كە مەڕەكانی تر شوێنی بكەون ◊ حوشتری بەهێزو جەستە دامەزراو ◊ دەشگوتریٚ: (أمر وكيع): كارێكی قایمو پتەوو بناغە دامەزراوە ◊ قلب وكيع: دڵی بەئاگاو هۆشدار.

وَكَفَ الماءُ وغيره يكف وَكْفاً: ئاوەكە دڵۆپ دڵۆپ داچۆڕا.

وَكَفَ البيت بالمطر: بەهۆی بارانەوە سەقفی خانوەكە دڵۆپە دەكا.

وَكَفَتِ العَيْنُ: چاوەكە فرمێسكی رشتن ◊ دەشگوتریٚ: (وَكَفَتِ العينُ بالدمع).

وَكِفَ يَوْكف وَكْفاً: لای داو ستەمی كرد ◊ عەیبدار بوو تاوانی ئەنجام دا.

وَكِفَ عقلهُ ورأيه: عەقڵو راو بۆچونی خراپو بێ كەڵك بوو.

وَكِفَ الماء والدمعُ ونحوهما: بەمانا (وَكَفَ) دێ.

اوكَفَ الحامِلُ: سكپڕەكە نزیكە منداڵی ببێ.

اوكَفَ فلان فلاناً: فلانكەس فلانكەسی خستە ناو تاوانەوە.

اوكِفَ الدَّابَّة: وڵاخەكەی كورتان كرد.

واكَفَهُ: بەربەرەكانی كرد ◊ روبەڕوی بوومەوە.

وَكَّفَ الدَّابَّة: كورتانی خستە سەرپشتی وڵاخەكە.

وَكَّفَ الوِكافَ: كورتانی دروست كرد.

تَوَاكَفَ القومُ: خەڵكەكە لایان دا.

تَوَكَّفَ البيتُ والسَّطحُ: هەڵاشەكە، خانوەكە دڵۆپەی كرد.

تَوَكَّفَ فلان لفلانٍ: فلانكەس بەرەو ڕوی فلان چوو بۆئەوەی پێی بگا توشی ببێ.

تَوَكَّفَ فلاناً: وادەی دا بەفلان كە بێ لەئیشەكەی بكاتەوەو كاری بۆ جێ بەجێ بكا.

تَوَكَّفَ الأثر: شوێن پێی فلانی هەڵگرتو بەشوێنی دا ڕۆیشت.

تَوَكَّفَ الخَبَرَ: چاوەڕوانی هەواڵەكە بوو پرسیاری دەربارەی كردو لێی كۆڵییەوە.

إسْتَوكَفَ الماءَ: هەوڵی دا ئاوەكە دڵۆپ دڵۆپ بێتەدەر.

الوَكِفُ: بارانی بەخوڕەم یان بارانی پەڵە.

الوكافُ: كورتانی گوێدرێژو وڵاخی تر.

الوَكْفُ: راخەری چەرم، كەوڵە كۆن ◊ زوربەی كات كەسێك حوكمی ئیعدامی درابێ لەسەر ئەو جۆرەكەوڵە بەشمشێر لەملی دراوە.

الوَكَفُ: بناری كێو.

الوَكُوف من النوق: حوشترێك هەمیشە شیربداو شیری وشك نەكا ٥ (الوَكُوفُ): ناوە بۆ مەڕی شیر زۆر ٥ هەورێك كەمكەم باران ببارێنێ.

الوكيفُ: خودی دڵۆپە باران.

وَكَلَ بالله يَكِلُ وَكْلاً: پشتی بەخودا بەست.

وَكَلَتْ الدَّابَّة: ولاخەكە لەڕۆیشتن وەستاو ماندوو بوو.

وَكَلَ اليه الأمْرَ وَكلاً ووكولاً: كارەكەی بەوسپارد.

وَكَلَ فلاناً الى رأيه: فلانكەسی پاشگوێ خستو یارمەتی نەدا بەبیروڕای خۆی سپارد چی دەكا بیكا ٥ لەحەدیث دا هاتووە (اللهم لاتكِلْنا الى أنفسنا طرفة عين): خودایە چركەیەك بێ چاودێری خۆتمان مەكە ٥ خۆمان بەخۆمان مەسپێرە.

اوْكَلَ على الله: بەمانا (وَكَلَ)دێ.

اوكَلَ على فلان العملَ: هەموو ئیشەكەی بەئەو سپارد.

واكَلَتِ الدَّابَّةُ: ولاخەكە خراپ ڕۆیی ٥ (رجُلٌ مُواكل): پیاوێكی زەعیف.

وَكْلَهُ: كردی بەبریكاری خۆی و ئەنجامدانی كارەكانی بەئەو سپارد، دەشگوترێ: (وَكَّلَهُ في الأمر): ئیشەكەی بەئەو سپارد.

إتَّكَلَ على الله: پشتی بەخودا بەست.

إتَّكَلَ على فلان في أمر: پشتی بەفلان بەست لەئیشەكەدا.

تَوَاكَلَ القومُ: خەڵكەكە پشتیان بەیەكتر بەست.

تَوَاكَلَ القومُ فلاناً: خەڵكەكە فلانكەسیان پاشگوێ خستو وازیان لێ هێناو یارمەتییان نەدا لەسوككردنی ئەو بەڵایەی توشی هاتووە.

تَوَكَّلَ الرجلُ بالأمر: پیاوەكە بەرعودەی ئیشەكە بوو ٥ قبوڵی وەكالەتەكەی كرد.

تَوَكَّلَ على الله: خۆی تەسلیمی خودا كرد.

تَوَكَّلَ في الأمر: دانی بەبێ توانایی خۆی دا ناوپشتی بەهێزو توانای كەسانی دی بەست.

التُّكلانُ: بەمانا (التَّوَكُّلُ)دێ.

التُّكلَةُ: بەمانا (الوُكَلَةُ)دێ؛ كەسێك ئیشی خۆی بەخەڵك بسپێرێ.

المُواكِلُ: بەمانا (الوُكَلَةُ)دێ، دەگوترێ: (رجلٌ مُواكل): پیاوێكە هوستو جالاك نیە.

الوَاكِلُ من الخيل: ئەسپێكە بەناخۆشی غاردەدا پێوبستی بەناوزەنگی لێدان و قەمچی هەیە.

الوِكالُ: گێلی‌و تەمبەڵی ◊ دەگوترێ: (فیه وكال): لاوازیی تێدایه.

الوَكَالَة: بریکاری گرتن، بریکار بۆخۆت دیاری بکەی‌و ئیشی پێ بسپێری لەجیاتی تۆ کارەکە ئەنجام بدا ◊ ئیشی بریکارو شوێنەکەی ◊ نوسینگەی وەکیل.

الوَكَلُ: ترسنۆك ◊ بەڵاو نەگبەتی ◊ دەسەوەستان‌و هیچ لەدەس نەهاتوو، کارێکی پێ بسپێردرێ ئەنجامی نادا‌و داوا لەکەسانی تر دەکا بۆی ئەنجام بدا.

الوَكِلُ: دەسەوەستان‌و گێل‌و ترسنۆك.

الوُكَالَةُ: کەسێکە کارەکانی خۆی بەکەسانی تر دەسپێرێ.

الوَكِيلُ: ناوێکە لەناوە جوانەکانی خودا، بەمانا بەرعودەی بژێوی هەموو زیندەوەرێکە ◊ پارێزگارو جاودێر ◊ بەرعودەو لەئەستۆگری کاری خەڵك ◊ کەسێك دەبێتە بریکاری کەسانی دیکەو کارو بارەکانیان هەڵدەسوڕێنێ ◊ کەسێك دەبێتە جێگرو ئیش ڕاپەڕینی یەکێکی تر بەگوێرەی گرێبەستێکی نێوانیان‌و وەکیلەکە دەتوانێ بەناوی وەکیل گرەوە ئیشەکان ئەنجام بدا.

وَكَمَهُ عن حاجته يَكمَهُ وَكْماً: بەتوند ترین شێوە کابرای داواکارو ناتاجی ڕەتکردەوە داخوازیەکەی جێ بەجێ نەکرد.

وَكَمَ الأمْرُ فلاناً: کارەکە فلانکەسی غەمبار کرد.

وَكَمَ فلان الكلامَ: فلانکەس وتی (السلامُ عليكِمُ) واتە کافی (علیکم) مەکسور خوێندەوە.

وَكِمَ من الشَيْئ يَكمُ: لەشتەکە خەفەتبار بوو ناڕەزایی دەربڕی.

وَكِمَتِ الأرضُ: زەوییەکە لەوەڕی خوراو بوو بەسوتەمەڕۆو هیچی وای لێ نەما خێڵ والێ بکا تێیدا بمێنێتەوە.

وَكَنَ الرجلُ يَكنُ وَكْناً: بەگورجی‌و تووڕەیی ڕۆیی ◊ دانیشت.

وَكَنَ الطائرَ وكناً ووكوناً: باڵندەکە چووە کولانەکەیەوە.

وَكَنَ بَيْضه: لەسەر هێلکەکانی کڕکەوت.

تَوَكَّنَ: جێگیر بوو ◊ لەمەجلیس دا جوان دانیشت.

المَوْكِنُ: ئەوشوێنەی باڵندە تێیدا لەسەر هێلکەکانی گرەدەکەوێ.

مَوْكِن الطائر: هێلانەی باڵندە.

المَوْكِنَة للطائر: هێلانەی باڵندە.

الوَاكِن: دانیشتو ◊ باڵندە کە لەسەر دارو دیوار هەڵدەنیشێ.

الـوَكْنُ: هێلانـــەی باڵنـــده لەهـــەر شوێنێك بێ.

الوُكْنَة للطائِر: هێلانەی باڵندە.

وَكْوَكَ الحَمَامُ: کۆترەکە خوێندی.

وَكَـــى الـصُرَّة ونحوها: نـاوکی بـەدەزو بەست.

اوکی: رژد بوو، چاو چنۆك بوو.

اوکی الفرسُ: ئەسپەکە بازی تونـدی هاویشت.

اوکی الصُرَّة: ناوکی بەدەزوو گرێ دا.

اوکی القِرْبَةَ: دەمی کوندەکەی بەست ◊ دەشـــگوترێ: (أوْكِ حَلْقَـــكَ): بێدەنگ بـە، دەمـت بگـرە، هـەروا دەگـوترێ: (فـلان يُـركي فـلان): فلانکەس فـەرمان دەکا بـەفلان کـە بێدەنگ بێ.

استوکی البطنُ: ورگـی گـیرا، قـەبز بوو.

استوکت الناقَـةُ: حوشـترەکە قەڵـەو بوو.

استوکی السِّقاءُ: کوندەکە پڕبوو.

الموُکی: کوندەی دەم بەستراو.

الوِکـاءُ: ئـەو بەنـەی زارکـی کونـدەو مەشکەی پـێ دەبەسـترێ یـان دەمـی کیسە دراوو هەمبانـەی نـانو شـتی وای پـێ دەبەسترێ.

وَلَبَ يَلِبُ وُلُوباً: بەگورجی چووە نـاوەوە ◊ دەگوترێ: (وَلَبَ فِي الشَيْئِ) یان (وَلَبَ الشَيْئُ اليه): شتەکەی بەدەست گەیشت.

الوَالِبَـةُ: ئـــەو نـــەمامو رومکەیـــە کەلەڕەگـە ڕومکەکـەوە سـەوز دەبـێ، وەچـــەو ڕەچـــەڵەکی ئـــادەمیزادو ئاژەڵ.

وَلَتَهُ حَقَّهُ: مافی کەم کردەوە.

اولَتَهُ حَقَّهُ: مافی ئەوی کەم کردەوە.

وَلَـــتَ فلانـاً بالعَـصَا يَلِتُـهُ: بەعەصـا لەفلانکەسی دا.

وَلَتَ لفلان عقداً: گرێبەستێکی لاوازی بۆ فلانکەس نووسی.

وَلَـــتَ الـسماءُ القَـوْمَ: ئاسمـان بەنمـە بارانێك خەڵکەکەی تەڕکرد.

الوَالِتُ: دەگوترێ: (شرّ والث): شـەڕی بـەردەوام، (دیـن والـث): قـەرزی قورسو پشت شکێن.

الوَلْتُ: وادەو پەیمان لەنێوان خەڵك دا بـــەبێ مەبەسـتو بـــێ نوســـینو جـــەخت کـــردن لەســـەری ◊ وادەی لاوازو بێ گرنگی پێدان ◊ نمـەباران، باقی مانـدەی ئاو لـەبنکی سوراحی دا ◊ باقی مانـدەی هـەویر لەتەشتی هـــەویردا ◊ شـــوێنەواری چاوهێـــشە لەسەر چاو.

وَلَجَ الشَيْئُ فِي غيره يَلِجُ ولوجاً: شتەکە چووە ناو شتی ترەوە.

وَلَجَ البيت: چووه ناو خانوەکەوە ◊ (فهو والِج وهي والِجة).

وَلِجَ فلان: فلانکەس توشی نازار بو ◊ (فهو مولوج وهي مولوجة).

اولَجَهُ: خستیه ناوی داخڵی شتەکەی کرد.

وَلَّجَ مَالَهُ: کابرا لەژیانی خۆی دا مالّو سامانەکەی دا بە هەندێ لەمنداڵەکانی.

إتَّلَجَ الشَيْئَ: شتەکەی خستە ناوی.

تَوَلَّجَ في البيت وعلى القوم: چووە ناو خانوەکەوە، چوە ناو خەڵکەکە.

التُّلَجُ: بێچوە داڵاش.

المَوْلَجُ: شوێنی چوونە ناوەوە، دەروازە، مەدخەل.

الوَلِجَةُ: نازارێکە توشی مرۆڤ دەبێ ◊ هەروا ناوە بۆ مارو مورو جرو جانەوەر.

الوِلاجُ: دەرگا ◊ شیوو دۆڵ ◊ شوێنی چڕو سەخت‌و ناخۆشی زەوی ◊ کۆڵان‌و گەڕەك، دەڤەر.

الوَلّاجُ: شتێك زۆر بچێتە ناو شتەوە ◊ دەگوترێ: (فلان وَلّاج خَرّاج): فلانکەس زۆر دەروژوور دەکا، هەردەچێتە ژورەوەو دێتە دەر.

الوَلَجَةُ: پیش بێلای خانو ◊ ئەشکەوت‌و شتی وا کە ڕێبوار لەکاتی باران بارین دا بچنە ناوی بۆشەوەی تەڕنەبن ◊ دەروازە، مەدخەل بۆ چوونە ناو خانوو.

الوَلْجَةُ: شتێك زۆر بچێتە ناو شت‌و بێتە دەر.

الوَلِجَةُ: دەست‌و پێوەندو خزمەتکارو حەرەسی پیاو کە پشتیان پێ ببەستێ‌و خزمیشی نەبن ◊ دەگوترێ: (هو وليجتكم): ئەو بەئێوەوە لکاوەو بۆتە ئەندامێکی ئێوە.

وَلَغَهُ يَلِغُهُ وَلْغاً: شەبلاغەی لێ دا.

اولَغَ العُشْبُ: گیاو گزەکەی بەرز بۆوە، گەورە بوو.

إتَّلَغَ الأمْرُ: کارەکە شێواو تێکەڵّو پێکەڵّ بوو.

وَلِدَت الأنثى تَلِدُ ولاداً وولادة: سکپڕەکە سکەکەی دانا، دەشگوترێ: (وَلَدَت الجنينَ): زارۆکەکەی بوو.

اوْلَدَتِ المرأةُ: ئافرەتەکە کاتی منداڵبوونی هات، کەوتە نۆمانگو نۆڕۆژی خۆیەوە.

اولَدَت الشاةُ: مەڕەکە زا، بێچوی بوو.

اولَدَت القابلةُ المرأةَ: مامانەکە سەرو کاری منداڵبوونی ژنەکەی کرد.

وَلَدَ الأنثى: نامادە بوو بۆ مامانی کردنی ئافرەتە سکپڕەکە بۆئەوەی

یارمەتی بداو چارەسەری گیرو گرفتەکانی بکاو منداڵەکەی لێ بێتەوە ٥ دەشگوترێ: (وَلَّدَ الشاةَ ونحوها): شوانەکە هەوڵی دا مەڕەکە بەناسانی بێچومەکەی لێ بێتەوە.

وَلَّدَ الوَلَدَ: منداڵەکەی پەروەردە کرد.

وَلَّدَ الشَيْئَ من الشَيْئ: شتەکەی لەشتەکە دەرهێنا ٥ شتەکەی لەشتەکەی تر دروست کرد ٥ بەدیی هێنا.

وَلَّدَ الكلامَ والحديثَ: قسەی دروستکرد، حەدیثەکەی هەڵبەست.

تَوَالَدُو: زۆر بوون ٥ زاووزێیان کرد.

تَوَلَّدَ الشَيْئُ من الشَيْئِ: شتەکە لەشتەکەی تر دروستبوو.

استولَدَ المرأةَ: ئافرەتەکەی ئاوس کرد .

اللِّدَةُ: هاوتەمەن، ئەوکەسەی بەیەک رۆژ لەگەڵ یەکێکی تر لەدایکبووبێ.

المولِدُ: شوێنی لەدایکبوون ٥ کاتی لەدایك بوون ٥ (ك: مواِلد).

المُوَلَّدُ: تازە پەیدابوو لەهەرشتێك بێ ٥ (الشعراء المولّدون): شاعیرانی تازە پێگەیشتوو، یان ئەو شاعیرانەی کەدوا بڵاو بوونەوەی عەرەبەکان بەوڵاتان داو تێکەڵبوونیان بەنەتەوەکانی تر، پەیدابوون، واتە شاعیرەکانی سەردەمی ئەمەوی‌و لەومدوا دەکرێ ئەو ناوە یان لێ بنرێ.

المُوَلَّدُ من الرجال: عەرەبی دوڕەگ عەرەبێك باوکی یان دایکی عەرەب نەبێ ٥ یان کەسێکی ناعەرەب لەناو عەرەب دا لەدایك بووبێ‌و لەگەڵ منداڵە عەرەب دا پەروەردە کرابێ‌و خوێ ئەوانی گرتبێ.

المُوَلَّدُ من الكلام: هەروشەیەك عەرەبی بێ بەڵام لەبەکارهێنان دا گۆڕانی بەسەردا هاتبێ.

المُوَلَّدَةُ: کەسێك لەناوعەرەب دا لەدایك بووبێ ٥ ئەو منداڵە ناعەرەبەی لەگەڵ منداڵە عەرەب دا پەروەردە بووبێ‌و ئاداب‌و ڕەوشتی ئەوانی وەرگرتبێ ٥ هەرشتێك تازە بابەت بێ‌و لەشتێکی تر پەیدا بووبێ ٥ دەشگوترێ: (جاء بِبَيِّنَةٍ مُوَلَّدة): بەڵگەیەکی ناڕاستی هێنا.

المُوَلَّدُ: پزیشك کەسەرپەرشتی منداڵبوونی سکپڕێك بکا.

المولِدَة: مامان.

المَوْلودُ: منداڵی تازە لەدایکبوو.

الميلادُ: کاتی لەدایکبوون.

الوالِدُ: باوك ٥ هەروا ناوە بۆ مەڕێك ئاوس بێ.

الوَالِدَانِ: باوك و دايك.

الوَالِدَة: دايك.

الوَلَدُ: لەدايكبوو، هەرشتێك لەدايك بێ نێربێ يا مێ بێ ◦ (ك: أولاد وولْدة).

الوُلْدُ: بەمانا (الوَلَدَ)دى.

الوُلُودة: دايك ◦ منداڵ زۆر.

الوُلُودِيَّةُ: بچوك، منداڵى ◦ كەم بەزەيى، نەشارەزا لەكارو باردا ◦ وشك تەبياتى.

الوَلِيدُ: منداڵ لەوكاتەدا كەلەدايك دەبێ ◦ بەندەو كۆيلە ◦ خزمەتكارى گەنج ◦ (أم الوليد): نازناوى مريشكە.

الوَلِيدَةُ: مێينەى (الوَلِيدَ)ە ◦ كارەكەرو جەتيو ◦ كچۆلە تادەگاتە تەمەنى باڵغ بوون ◦ كچێك لەناو عەرەب دا لەدايك بووبێو خوى كچە عەرەبى گرتبێ.

الوَلِيدِيَّةُ: حاڵو وەزعى مرۆڤ لەسەردەمى منداڵى دا ◦ دەگوترێ: (فعل ذلك في وليديته).

وَلَسَتِ الإِبِلُ تَلِسُ وَلْساً: حوشترەكە خێرا رۆيى، لەرۆيشتن دا پەلەى كرد.

وَلَسَ فلان فلاناً: فلانكەس فێڵى لەفلان كرد.

وَلَسَ الحديثَ: بەكينايەو تەعريض قسەى ناراستە كرد ◦ (فهو والس).

اوْلَسَ بالحديث: بەكينايەو تەعريض قسەى ناراستە كرد ◦ دەشگوترێ: (وَالَسَتِ الإِبِلُ): حوشترەكان هەندێكيان لەنەرمە غارو گورگە لۆقەدا پێشبڕكێيان لەگەڵ هەندێكيان كرد.

والَسَ فلان بالحديث: بەمانا (أولس به)دێ.

والَسَ فلاناً: فێڵى لەفلانكەس كرد ◦ دەشگوترێ: (وَالَسَ القوم على الفلان): خەڵكەكە فێڵيان لەفلان كرد.

الوَلْسُ: فرتو فێڵ ◦ دەگوترێ: (مالي في هذا الامر وَلْسٌ ولا دَلْسٌ): من لەم نيشەدا نەخيانەتم كردوە نەفێڵ.

الوِلاَّسُ: بۆ موبالەغەى (وَلَسَ)دێ ◦ گورگ.

وَلِعَ يَلَعُ وَلْعاً: بەهێواشى بازى دا ◦ درۆى كرد.

وَلَعَ بحقه ولعاً: مافى خوارد.

وَلِعَ به: عاشقى بوو ◦ دەستى وەردايە كاروبارى ئەوەوەو سوور بوو لەسەر ئەزيەتدانى.

وَلَّعَ فلاناً به: فلانكەسى هەڵنا بەكردنى نەوشتە.

وَلَّعَ الداءُ جَسَدَ فلان: نەخۆشییەکە جەستەی فلانکەسی بەڵەك کرد.

تَوَلَّعَ بـه: عاشقی بوو، دڵی پێوەی نووسا.

إِتَّلَعَتْ فلاناً والِعَةٌ: فلانکەس ئیشەکەی تەمو مژاوی بوو نازاندرێ ماوە یان مردووە.

إِيتَلَعَ قَلْبَهُ: دڵی دەرهێنا، دڵی لێ ستاند.

الوَلِعُ: درۆزن ٥ دەشگوترێ: (وَلَعٌ والِعٌ): درۆیەکی گەورەیە.

الوَلِعَة: مێینەی (الوَلِعُ).

الوَلِعُ: زۆر عاشقو شەیدا بۆ شتێك.

الوُلَعَةُ: کەسێك خۆبداتە شتێك کەپەیوەندی بەئەوەوە نیەو ئیشی ئەو نییە.

المُوَلَّعُ: دەگوترێ: (رجل مُوَلَّعٌ): پیاوێکە پەڵە پەڵە بەڵەکی پێوەیە ٥ (بردون مُوَلَّعٌ): هێسترێکە بەڵەکییەکەی درێژو بلاو بۆتەوە.

الولوعُ: زۆر عاشقو شەیدا.

الوَلِيعُ: چرۆی دارخورما پەردەیەکە دەنکی چین چینی لەخۆ گرتوون مادەی تەلقیحو تۆمی تێدایە پێش ئەوەی بپشکوێ، دەنکەکانی ناوی چینە مرواری زۆر سپین.

وَلَغَ الكلبُ وغيره من السباع في الإناء يَلَغُ ولغاً وولوغاً: سەگەکە یان درندەیەکی تر زمانی خستە ناو قاپەکەوەو ئەوەی تێیدا بوو خواردی یان بەقەراخی زوبانی خواردیەوە یان زمانی تێخستو تێیدا گیرا ٥ دەشگوترێ: (فلان يأكل لحوم الناس ويلغ في دمائهم): واتە فلانکەس پاشملە غەیبەتی خەڵك دەکا.

اولَغَ الكلبَ: ناوی دا بەسەگەکە ٥ ناوی بۆکردە قاپێکەوە بۆئەوەی بەزمانی بیخواتەوە.

استولَغَ: گوێی نەدایە عەیبو عار.

المِبلَغُ: ئەو سواڵەتو قاپەی سەگ دەمی تێدەخاو شتی تێدا دەخواو دەخواتەوە.

الوَلْغَةُ: یەکجار ٥ دۆڵچەی بچوك.

وَلَفَ البرق يَلِف وَلْفا وولَفاناً: هەورە بروسکەکە روناکییەکەی درێژەی کێشا، جار دوای جار ڕوناکی دا.

وَلَفَ الفَرَسُ: ئەسپەکە شێوە رۆیشتنێك رۆیی هەرچوار قاچی بەیەکەوە دەکەوتنە سەر زەوی.

اوْلَفَ الشَيْئُ الشَيْئَ: شتەکە شتەکەی داپۆشیو بوو بە پەردە بۆی.

والَفَهُ موالَفَةً وولافاً: پەیوەست بوو پێیەوە.

توالَفَ الشَيْئُ مُوَالَفَةً: شتەکە

هەندێکی پاڵی دایە پاڵ هەندێکی.

الوِلاَفُ: جۆرە رۆیشتنێکە هەرچوار پێی وڵاخەکە بەیەکجار لەزەوی دەدەن.

الوَلِيفُ: هەورە بروسکەی یەك لەدوا یەك.

وَلَقَ في سيره: لەڕۆیشتنەکەی دا پەلەی کرد ٥ بەردەوام بوو لەکارەکەدا ٥ دەگوترێ: (وَلَقَ في الكذب): بەردەوام بوو لەدرۆکردن دا.

وَلَقَ فلاناً: زەبرێکی سوکی لەفڵانکەس دا کەمێك بریندارى کرد.

وَلِقَ فلاناً بالسيف: بەشمشێر لەفڵانکەسی دا.

وَلَقَ عَيْنَهُ: زەبری لەچاوی داو کوێری کرد.

وَلَقَ الكلامَ: درێژەی بەقسەکە دا.

وَلَقَ الحديثَ: حیکایەتو چیرۆکەکەی دانا، هەڵی بەست ٥ چیرۆکەکەی داهێنا.

الوَلْقُ: پەلەکردن لەشت دا بەدو یەکتردا وەکو بازدان لەدوابازدانو بەخێرایی ٥ قسەکردن لەدوایەكو بەخێرایی ٥ خێرا خێرا قسەکردنو درێژە پێدانی.

الوَلَقى: بازدانی توندو بەشیدەت ٥ دەشگوترێ: (ناقة وَلَقى): حوشترێکە خۆشڕۆ.

أوْلَمَ فلان: فڵانکەس سفرەو خوانی بۆ خەڵك رازاندەوەو بانگی کردن بۆ نانخواردن.

الوَلْمُ: زنجیر ٥ قیاسەو کورتانبەستو بەرسینگ بۆ کورتانو زینو رەحلە.

الوَلْمَةُ: تەواوی شتو کۆبونەوەی.

الوَلِيمَةُ: هەر سفرەو خوانو نان سازکردنێك کە بەبۆنەی بوك گواستنەوەو شتی واوە ساز دەکرێ ٥ (ك: ولائم).

وَلَهَ فلان يَلِه وَلَهاً: فڵانکەس ئەوەندە خەفەتبار بوو عەقڵی ڕۆیی ٥ یان لەبەر زۆر عاشقیو سۆزی دڵداری ماتو سەرسام بوو ٥ نالی دەڵێ:

خۆش لەسەرسینەی سەریهەڵداوە دووگۆیی سەربەمهر
ماتو حەیرانم کە عەرمەر کەی هەناری کرتووە؟

وَلَهَ: لێی ترسا.

وَلَهَتْ الأمُّ الى طفلها: دایکەکە سۆزی بۆ منداڵەکەی بوو بۆی کورکاند.

وَلَهَ الصَّبِيُّ الى امه: منداڵەکە حەزی لەباوەشی دایکی کردوو کڕوزایەوە بۆلای ئەو.

وَلِهَ يَلِهُ يَوْلَهُ وَلَهاً: بەمانا (وَلَهَ)دی.

اولَهَهُ الحُزْنُ والوَجدُ: سۆزو خۆشەویستیو خەفەت سەرسامی کردوەو عەقڵی بردووە.

اوْلَـهَ الوَالِـدةَ: ددايكەكـەی توشـی خەفەتو لەهۆشخۆچون كرد بەوەی منداڵەكـەی لـێ سـتاند يـان منداڵەكەی توشی دەرد كرد.

وَلَّهَـهُ الحُـزْنُ والوَجْـدُ: بـەمانا (أوْلَهَهُ)دێ.

وَلَّهَ الوَالِدَةَ: دايك و منداڵەكەی لێك جياكردنـەوە بـەوە دايكەكـە توشـی خەفەتی گەورە بوو.

إتَّلَـهَ النبيـذُ فلانـاً: بـێرەو مـادە سـڕكەرەكە عـەقڵو هۆشـی فلانـی برد.

تَوَلَّهَ فلان: بەمانا (وَلَهَ)دێ.

المُولَّهُ: دەگوترێ: (ماء مُولَـةٌ): ئاوێـكە بـەرەڵای نـاو زەوييەكـە كـراوەو بۆخـۆی پێيـدا بـڵاو دەبێتـەوە ٥ (إمرأة مُولَهَةُ): ئافرەتێكە منداڵی بۆ ڕاناوەستێ هەر زوو لەباری دەچێ.

المِيلاَةُ: بەپەرۆش و خەفەتخواردو بۆ ئەوشـتەی لەدەسـتی داوە ٥ دەگوترێ: (امراة ميلاة): ئافرەتێكە زۆر پەرۆشـی منداڵـە لـەدەس چـوومكەيەتی و خەريكـە لـەتاوانی شێت بێ ٥ ڕەشەبای بـەهێزو هـاژەو هۆژە پەيداكەر.

وَلْوَلَـتْ المـراةُ وَلْوَلَـةً: ئافرەتەكـە واوەيلاو هاتو هاواری كرد.

تَوَلْوَلَتْ المراةُ: بەمانا (وَلْوَلَتْ)دێ.

الوَلْـوَالُ: دوعـاكردن بـەگريان و واوەيلاوە.

وَلاَهُ يليه وَلْياً: لێی نزيك بۆوە.

وَلِيَهَ يليه وَلْياً: بەمانا (وَلاَهُ)دێ.

وَلِيَ الشَيْئَ وعليه ولاية: بوو بەخاوەنی شـتەكەو فـەرمانڕەوای و بەسـەری ڕاگەيشت.

وَلِـيَ فلاناً: يارمـەتی فلاّنـی دا، خۆشـی ويست.

وَلِـيَ البَلَـدَ: بـوو بـە فـەرمانڕەوای وڵاتەكەو دەستی بەسەردا گرت.

وُلِيَـتِ الأرْضُ: زەوييەكـە بـەبارانی يەك لەدوايەك ئاودرا.

اوْلَـى علـى اليتـيم: ڕايـسپارد بـۆ چاودێری هەتيو.

اوْلَـى فلاناً الأمْـرَ: كارەكـەی خـستە ئەسـتۆی فلاّنكـەس ٥ لـەبواری هەڕەشەكردنيش دا دەگوترێ: (أوْلَى لَـكَ): ئاگادارىـە شـەڕت لـێ نزيكـە خۆتی لـێ ببارێزە.

والَـى بـين الأمـرين مـوالاةً وولاءً: كارەكانی بەدوايەك دا هێنان.

والَى الشَيْئَ: شوێن شتەكە كەوت.

والَى فلاناً: فلاّنكەسی خۆش ويست ٥ يارمەتی دا.

وَلَى الرُطْبُ: خورما گەيوەكە خەريكە بەرەو وشكبوون دەچێ.

وَلَـى الـشَيْئَ: پـشتی لەشـتەكە كـرد،

پشتی هەڵگرد ◊ دەگوترێ: (وَلَّى فلان هارباً): فلانکەس پشتی هەڵگردو هەڵات و قاچاندی.

وَلَّى الشَيْئَ وعن الشَيْئِ: پشتی لەشتەکە کردو لێی دوور کەوتەوە.

وَلَّى فلاناً بوده: خۆشەویستی بۆ فلان نەماو پشتی لێ کردو ڕقی لێیەتی.

وَلَّى فلاناً: یارمەتی فلانکەسی دا، ڕوی تێکردو پێشوازی لێ کرد.

وَلَّى فلاناً الأمْرَ: کارەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی فلانکەسەوەو ئەوی کرد بەفەرمانڕەوا بەسەریەوە.

وَلَّى فلاناً الحَاجَةُ: پێویستی و ناتاجییەکە لای فلان نەما.

تَوَالَى الشَيْئُ: شتە یەک لەدوا یەک هات.

تَوَالَتْ الغَنَمُ عن المعز: مەڕەکان لەبزنەکان جیابوونەوە ◊ خۆی لەنەوەی ئەوان حیساب کرد ◊ دەگوترێ: (هو یتمولى علینا): ئەو خۆی لێ کردوین بەسەبید نەژادو نەوەی حوسین.

تَوَلَّى الشَيْئَ: پشتی لەشتەکە هەڵگرد ◊ دەگوترێ: (تَوَلَّى فلان هارباً): فلان پشتی هەڵگردو هەڵات.

تَوَلَّى الرطبُ: خورما شیرین بووەکە خەریکە وشک بێ.

تَوَلَّى عنه: پشتی تێ کرد ◊ ڕوی لێ وەرگێڕا.

تَوَلَّى الشَيْئَ: پابەندی شتەکە بوو.

تَوَلَّى فلاناً: یارمەتی فلانکەسی دا ◊ فلانکەسی خۆش ویست کردی بەگەورەو خۆشەویستی خۆی.

تَوَلَّى الامر: کارەکەی لەئەستۆ گرتو پێی هەڵسا.

استولى عليه: بەسەریدا بالادەست بوو ◊ کۆنترۆڵی کرد ◊ دەستی لێی گیر بوو ◊ کەوتە دەستی.

استولى على الأمر: گەیشتە کۆتایی ئیشەکەو باشباش کۆنترۆڵی کرد.

استولى على الغايّة: پێش مەبەستەکە کەوت.

الأوْلَى: چاکتر ◊ شیاوتر ◊ گونجاوتر ◊ نزیکتر.

المُتَوَالِى: پێڕی شیعە، ئەم ناوەیان لەوەوە بۆهاتووە کەئیمامی عەلی و خێزانو نەوەکانی ئەویان کردوە بەگەورەو ڕابەری خۆیان.

الموالاة: ئەوەیە یەکێک پەیمان بدا بەیەکێکی تر.

الموالیا: جۆرە شیعرێک بوو لەسەردەمی عەباسییەکان دا پەیدا بوو ◊ (مستفعلن فاعلن مستفعلن فاعلن) دوجار.

المَوْلَى: گەورە، خاوەن، پەروەردگار ◊ سەرپەرشتیار ◊ دۆست و خۆشەویست ◊ هاوپەیمان ◊ میوان ◊ هاوسێ ◊ هاوەڵ ◊ خەزور ◊ خزمی نزیك وەکوو مامو ئامۆزا ◊ ئازادکەر ◊ ئازادکراو ◊ شوێنکەوتوو.

المَوْلَوِيُّ: کەسێك نیسبەت بدرێ بۆلای (المولى) ◊ دونیا نەویست و زانای گەورە.

المولوية: پێڕێکن لەصۆفی و خۆیان بە شوێنکەوتەی مەولانا (جلال الدین)ی رۆمی دەزانن ◊ هەروا ناوە بۆ کلاوێکی درێژو لەخوری دروستکراو کەجەنابی مەولەوی لەسەری بکا.

الوَلاءُ: ملکایەتی ◊ نزیکی ◊ خزمایەتی ◊ یارمەتیدان ◊ خۆشەویستی.

الوَلايَة: خزمایەتی ◊ دەگوترێ: (القوم علیه وَلایة): خەڵکەکە هەموویان یەکدڵو یەکگیان لەخێرو شەڕدا هاوبەشن.

الوِلاَيَةُ: خزمایەتی ◊ پلانو دەستورو فەرمانڕەوایی ◊ پاشاو سەرۆك ◊ وڵاتو دەفەرێك کەفەرمانڕەوا بەڕێوەی بەرێ.

الوَلي: سەرپەرشتیار ◊ خاوەن ◊ هەرکەسێك سەروکاری ئیشێك بکا ◊ یارمەتیدەرو خۆشەویست ◊ هاوپەیمان ◊ خەزور ◊ هاوسێ ◊ شوێنکەوتوو ◊ ئازادکەر ◊ فەرمانبەردار گوێ بیست ◊ دەگوترێ: (المؤمن ولي الله) ◊ بارانی دوابارا ◊ میراتگری پاشایەتی ◊ (ولي العهد) ◊ ولیعەهد.

ولي المراة: ئەوکەسەی بڕیار بەدەستی مارەکردنی ئافرەتەکەیەو ناهێڵێ بەبێ ڕەزامەندیی ئەو ئافرەتەکە خۆبەسەریی خۆی مارەبکا.

وَلِيُّ اليَتيم: سەرپەرشتیاری هەتیوو بەخێوکەری ◊ لەبواری ئابوری دا (وەلی) کەسێکە لەقازانجو زەرەردا هاوبەشو بەرپرس بێ ◊ (له الغنم وعیله الغرم).

الوَلِيَّةُ: کورتانو سەرجل ئەگەر بەسەرپشتی حوشترەکەوە بن ◊ هەرشتێك لەپشتی حوشتر بکرێ لەقوماش و شتی وا ◊ ئەو بڕە خۆراکەیە کابانی دنیادیدە دەیشارێتەوە بۆ میوانی کاتی ناوەخت.

ومَا اليه يَمَا وَمْئاً: ئاماژەی بۆکرد ◊ قامکی بۆ ڕاداشت.

أومَا اليه: ئاماژەی بۆکرد.

الوَامِئة: بەڵاو کارەسات.

ومِدَ عليه يَوْمَدُ وَمَداً: ڕقی هەڵسا، سوربۆوە.

ومِدت اليوم والليلة: رۆژو شەوەکە زۆرگەرم بوون گەرماکەیان تونـد بوو شنە باشی کەم بوو.

الوَمَدُ: زیادبوونو تاوساندنی گەرمای رۆژو شـــەو ◊ هـــەوا تەپییەکـــە لەجەنگـــەی گـــەرمادا لـــەدەریاوە رودەکاتە ولاتو هەواشی کەمو بێ هێز دەبێ ◊ ئێستا پێی دەگوترێ: (رطوبة).

الوَمْدَةُ: بەمانا (الوَمَدُ)دی.

وَمَزَ بأنفه يَمِزُ وَمْزاً: بـەرق هەڵسانەوە لوتی خۆی بادا ◊ هەڵیگڵۆفت.

تَومَّزَ في مشيه: لەڕۆیشتن دا پەلـەی کرد، بازی دا.

وَمَسَ الشَيْئَ بالشَيْئِ يَمِسُ وَمْساً: شـتەکەی بەشـتەکە خورانـدو لێـکی خستن بۆئەوەی تۆپکڵەکەی لێ دامالێ روت ببێ ◊ دەگوترێ: (أومَسَتْ المرأة): ئافرەتەکە زینای کرد، داوێن پیس بوو ◊ خراپەی کرد.

اومَسَ العِنَبُ: ترێیەکـە نـەرم بـوو خەریکە بگا.

المُمِسُ من النساء: ئـافرەتی داوێـن پـیس کـە هەرکەسـێ داوای لـێ بکـا ڕەتی ناکاتەوەو خۆی تەسلیم دەکا ◊ (ك: میامِس ومواميس ومواميس).

المُومِسَة: بەمانا (المومِسُ)دێ.

المُوَمَّسُ: حوشترێـك ژێربار نـەکرابێ، ڕانەهێندرابێ.

وَمَـضَ البرقُ يمـض وَمْـضاً: هـەورە بروسکەکە بەهێواشی روناکی دا ◊ (فهو وامِض وهي وامضة).

اوْمَضَ البَرْقُ: بەمانا (وَمَضَ)دێ.

اومَضَ فلان: فلانکـەس تروسـکایی بروسکە یان تروسکایی ئاگری بینـی ◊ ئامازەیەکی هێواشی بۆکرد.

اومَضَتْ المرأةُ بعينها: ئافرەتەکـە بەتیلـەی چاوی ڕوانـی بەدزییـەوە سەیری کرد ◊ زەردەخەنەی هاتێ.

ومِقَـهُ يَمِقُـهُ وَمْقـاً ومِيقـة: خۆشـی وێست.

وامَقَـهُ موامَقَـة ووِماقـاً: هەرێـەك لەوانە ئەوی تری خۆش وێست.

توامَقوا: یەکتریان خۆش وێست.

تَوَمَّقَ: خۆشی وێست.

تَوَمَّنَ فلانٌ: فلانکـەس خـاوو خێزانـی زۆر بوو، مەسرەفی زیادی کرد.

ومِهَ النهارُ يَوْمَهُ وَمَهاً: رۆژەکە زۆر گەرم بوو.

الوَمْهَةُ: توانەوەی هەرشتێك بێ.

ومـى يَمِـي وَمْيـاً: لۆغەتێـکە لـە (وَمَـأ)، بەمانا ئامازەپێکردنە.

وَمَى بالشَيْئِ: شتەکەی برد.

استومى عليه: بەسـەری دا زاڵ بـوو، داگیری کرد.

الوَمَى: دەگوترێ: (ما أدرى أي الومى هو؟): نازانم ئەوە چ بیچمێکە چ کەسێکە؟.

الوَنَجُ: جۆرە لێدانێکی سازو سەمتورە.

الوَنَعُ: وشەیەکە ئامازەی پێدەکرێ بۆشتی کەم.

وَنَمَ الذُبابُ يَنِمُ وَنْماً: مێشەکە گوی کرد.

الوَنَمَةُ: گوی مێش.

الوَنيمُ: گوی مێش.

الوَنْ: لاوازی ◊ ئەو ئامێری سازەی بەپەنجە لێی دەدرێ.

وَنى في الأمر: لەکارەکەدا تێ شکا، نەیتوانی بیکا ◊ ماندوو بوو وازی لێ هێنا ◊ دەگوترێ: (فلان لايَتَوانى يفعل كذا): فلانکەس بەردەوام ئەوکارە دەکاو وازی لێ نەهێناوە.

وَنَتِ السحابَةُ: هەورەکە بارانی بارانـد.

وَنى فلان فُلَمٌ: فلانکەس قۆلی لێ هەلمالی.

ونى الشَيْئَ وعنه: وازی لێ هێناو بەجێی هێشت ◊ (فهو وان وهي وانية).

اونَاه: ماندوی کرد ◊ بێ هێزی کرد.

وَنَّى الرَّجُلُ: پیاوەکە کۆششی دڵسۆزانەی لەکارەکەدا ئەنجام نەدا.

تَوانى في العمل: گرنگی بەکارەکە نەداو هەوڵی جاکسازیی نەدا.

توانى في حاجته: کەمتەر خەمی کرد لەکارەکەی داو گرنگی پێ نەدا.

المينى: بەندەر ◊ شوێنی لەنگەر گرتنی کەشتی ◊ جەوهەرو کاکڵەی شوشە ◊ بۆیەیە کە مەعدەنو شتی وای پێ سواخ دەدرێ، پێی بۆیە دەکرێ.

المِيناءُ: بەمانا (المِنى)دێ.

الوانى: جەستە لاواز ◊ کزە بای نەسیم.

الوَنَاةُ: دوڕو یاقوتو گەوهەر ◊ نافرەتی شل و مل کەهەڵدەستێ لەبەر نازداری بەهێواشی راست دەبێتەوە.

الوَنِيُّ: دوڕو گەوهەر ◊ ملوانکەی گەوهەر ◊ جەواڵ.

وَهَبَ له الشَيْئَ يَهَبُهُ وَهْباً: شتەکەی پێ بەخشی بەبێ بەرامبەر.

وَهَبَ فلان فلاناً: فلانکەس بەسەر فلان دا باڵادەست بوو لەبەخشین دا ◊ دەگوترێ: (واهبه فوهَبَه): هەروا دەگوترێ: (وهَبَنِي اللهُ فِداكَ): خودا بمکا بە قوربانی تۆ ◊ هەروا دەگوترێ: (هَبْني فعلت كذا): وابزانە من ئەوەم کردوە.

اوهَبَ الشَيْئُ: شتەکە بەردەوام بوو.

اوهَبَ فلان للشَيْئِ: فلانکەس توانای بەسەر شتەکەدا هەبوو.

اوهَبَ لفلان الشَّيْئَ: شتەکەی بۆ فلانکەس ئامادەکرد.

وَاهَبَهُ: لەمالبەخشین دا بەسەریدا بالادەست بوو.

إِتَّهَبَ: بەخشینەکەی قبوڵ کرد ٥ دەگوترێ: (إِتَّهَبَ الهِبَةَ).

تواهَبَ القومُ: خەڵکەکە هەندێکیان شتیان بەخشی بەهەندێکیان.

استوهب الهِبَةَ: داوای بەخشندەی لێ کرد، داوای لێ کرد شتی بداتێ ٥ دەگوترێ: (استوهَبَ فلاناً الهِبَةَ).

المَوْهَبَةُ: هەورێک باران ببارێنێ لەهەر کوێیەک بێ ٥ زەلکاوی بچوک ٥ بەرداوو چاڵە ئاو لەکێو دا ٥ بەخشش.

الموهِبَة: چاڵی ئاوی بچوک و زەلکاو ٥ ئامادە باشی ئادەمیزاد بەشێوەیەکی سروشتی و خودا داد بۆ داهێنان و کاری هونەریی.

الموهوب: منداڵ.

الهِبَة: عەتاو بەخشش کەبێ بەرامبەرو بێ مەبەست بێ لەزاراوەی شەرع دا ئەوەیە یەکێک مااڵو موڵکێک بکا بەموڵکی یەکێکی تر بەبێ بەرامبەر.

وَهَتَ الشَّيْئَ يَهِتُهُ وَهْتاً: زەختی لەشتەکە کرد، پەستاوتی ٥ پان و پلیشی کردەوە.

اوهَتَ اللحمُ: گۆشتەکە بۆگەن بوو.

الوَهْتَةُ: زەوی لێژو تەلان.

وَهَتَ في الشَّيْئِ يهِتُ وَهْتاً: چووە ناوشتەکەوەو گیرۆدەی بوو، کۆششی تێداکرد.

وَهَتَ الشَّيْئَ: بەتوندیی پێی پێدادا.

تَوَهَّتَ في الأمر: لەشتەکە دا قوڵبۆوە.

الوَاهِتُ: کەسێک خۆبخاتە خەتەرو تەنگو چەڵەمەوە.

وَهَجَتْ النارُ وَهْجاً ووهيجاً: ئاگرەکە بڵێسەی سەند.

وَهَجَتْ اليومُ والليلةُ: رۆژو شەوەکەی زۆر گەرم بوون.

اوهَجَ النارَ: ئاگرەکەی هەڵگیرساند.

توهَّجَت النارُ والشمسُ ونحوهُما: ئاگرەکە یان خۆرەکە تاوی ساند.

تَوَهَّجَ حر النهار: رۆژەکە زۆر گەرم بوو ٥ دەشگوترێ: (تَوَهَّجَ حر النهار): گەرمای رۆژەکە تاوی ساند زۆر گەرم بوو.

تَوَهَّجَ الجوهرُ: جەوهەرەکە درەوشایەوە.

توهّجتِ رائحة الطيب: بۆنی عەترو میسکەکە بڵاو بۆوە.

الوَهَجُ: گەرمی رۆژی هاوین و گەرمی خۆر ٥ بۆنی عەترو شتی بۆنخۆش و بڵاو بونەوەی بۆنەکەیان.

الوَهجان: گەرمای رۆژ ٥ دەگوترێ: (یوم وهجان): رۆژێکی زۆر گەرمە.

الوَهَّاجُ: زۆر گەرم ٥ زۆر درەوشاوەو بڵێسەدار ٥ دەگوترێ: (نجم وهاج وسراج وهّاج).

الوَهيج من الطيب: بڵاوبونەوەی بۆنی خۆش و شێلانی دەماری جەستە.

وَهَدَ له الفراشَ: جێگای بۆخۆش کرد.

تَوَهَّدَ الفِراشَ: جێگای ئیستیراحەتی بۆئامادەکرد.

تَوَهَّدَ: چاڵ بوو.

أوهَدُ: ناوی رۆژی دووشەممەیە.

الوَهْدُ: زەوی چاڵ ٥ زەلکاو ٥ چاڵێکی هەڵکەندراو.

الوَهَدةُ: زەوی نزم و چاڵ.

وَهَرَه يَهِرُهُ وَهْراً: خستیە ناو کێشەیەکەوە رزگاربوونی لێ ناکرێ.

وَهَّرَهُ: بەمانا (وَهَرَهُ)دێ.

تَوَهَّرَ الليلُ والشتاءُ: زۆرینەی شەو یان زۆرینەی زستان رۆیی.

تَوَهَّرَ الرَّمْلُ: لەبەڵانەکە داڕوخا، هاڕەی کرد.

تَوَهَّرَ فلان فلاناً في الكلام: فلانکەس فلانکەسی ناچار کرد بۆ وازهێنان لەقسەکەی.

المستوهِرُ: کەسێک گەرمای خورگێژی کردبێ.

الوَاهِرُ: دەگوترێ: (ليل واهِرٌ): بڵێسە ناگرێکی پڕتەو بەخشە.

الوَهَرُ: پەرەساندنی کاریگەری خۆر لەسەر زەوی و لێدانی تیشکەکەی لەزەوی بەجۆرێک وادێتە بەرچاو تیشکەکە وەکوو هەڵم جەو جوڵ دەکا.

الوَهْرَةُ: کەوتنە ناو کێشەو چورتمێکەوە کە ڕزگار بوون لێی زۆر زەحمەت بێ.

وَهَزَهُ يَهِزُهُ وَهْزاً: پاڵی پێوەناو بەهەموو هێزی خۆی

مستەکۆڵەیەکی لێدا ٥ دەگوترێ: (وَهَزَ الحيوان): بەقاچی ولاخەکەی هەڵنا بۆ ڕۆیشتن ٥ پێی لێ نا، وردی کردو شکاندی.

وَهَّزَهُ: باری قورس کرد.

تَوَهَّزَ الكلبُ خَلْفَهُ: سەگەکە لەدواوەی بازی دا.

تَوَهَّزَ المُثْقَلُ: بەتوندی و بەهێز پێی لێ نا ٥ دەگوترێ: (جاء يَتَوَهَّزُ): بەتەپە تەپو پێ بەزەوی دادان هات.

الأوْهَزُ: کەسێک جوان بڕوا، هەرشتێک ڕەوتی جوان بێ.

المُـوَهَّزُ: پیاوێـك لەڕۆیـشتن دا بەتوندی پێ بەزەوی دادا.

الوَهَازَةُ: ڕۆیشتنی بەشەرمو شکۆ ٥ دەگوترێ: (هي تمشي الوهازة).

الوَهْزُ: تێکسمڕاوو تۆکمەو جەستە دامەزراو ٥ پیاوی کورتە بالا.

وَهَسَ فلان يهس وَهْساً ووهيساً: فلانکەس زۆر خۆر بوو، چلێس بوو ٥ لەڕۆیشتن پەلەی کرد.

وَهَسَ على عشيرته: دەستدرێژی کردە سەر هۆزو خێڵی خۆی.

وَهَسَ الشَيْئَ: شتەکەی شکاندو کردی بەناوەند لەنێوان خۆیو گلەکەدا بۆنەوەی جەستەی لەزەویپەکە نەکەوێ ٥ بەتوندی قاچی پیاداو کوتایەوە.

تَوَهَّسَ: پەلەی کرد لەڕۆیشتن دا ٥ ڕۆیشت بە شێوەی ڕۆیشتنی کۆڵ گران.

تَوَهَّسَ السائرُ الأرْضَ في مِشيته: ڕێبوارەکە لەڕۆیشتنی بەناو زەوی دا زۆری خۆباداو خۆی لەنگاند وەکوو شەڵو سەقەت بەڕێگادا ڕۆیی.

الوَهْسُ: شەڕو نەگبەتی ٥ فیتنەیی.

الوَهَاسُ: شێر.

الوَهِيسَةُ: خواردنێکی عەرەبە، بریتییە لەوە کوللە بکوڵێندرێ ئەمجار وشك بکرێنەوەو بهاپدرێنو تێکەڵ بەچەوری بکرێن وەکوو پەڵوو حەڵوای لێ بێ.

وَهَصَ الشَيْئَ يَهِصَهُ وَهْصاً: بەئەو پەڕی هێزو تواناوە شتەکەی فڕێ دا ٥ بەتوندی پێی لێ نا ٥ بەزەوی کێشا.

وَهَصَ الشَيْئَ الرِخْوَ: شتە نەرمەکەی شکاند.

وَهَصَ الإنسانَ والحيوانَ: مرۆڤەکە یان ئاژەڵەکەی خەساند، دەماری نێرایەتی پڕواند.

وَهَصَ راسَه: سەری بریندار کرد.

إتَّهَصَّ الشَيْئُ الرَّطْبُ: شتە تەڕەکە شکا.

المَوْهُوصُ: دەگوترێ: (رجل موهوص): پیاوێکە نێسقانی چونە ناوپەکەوە، نێسقانەکانی تێکگیراون، پاڵیان لێکداوە.

المُوَهَّصُ: بەمانا (المَوْهُوصُ)دێ.

الوَهْصَةُ: جاڵو جۆڵی زەوی کەوانەیی بێ.

الوَهَّاصُ: بۆزێدە ڕۆیی لەمانای (وَهَصَ)دا دێ ٥ بەخشندەو سەخی سروشت.

وَهَطَ فلان يَهِط وَهْطاً: زەعیفو لاواز بوو.

وَهَطَ فلاناً: زەبری لەفلان دا ◊ بریندار کرد.

وَهَطَ الشَيْئَ: پێی لەشتەکە نا پێساندییەوە ◊ شکاندی ◊ هاڕی ◊ (فهو موهوط ووهیط).

اوهَطَ الإنسانَ والحيوان: مرۆڤەکەی لەپەڵو پۆ خست ◊ بڕستی لێ بڕی، لاوازی کرد ◊ دەگوترێ: (رمی الطائِرَ فَاوهطه): گوللەی ئاڕاستەی باڵندەکە کردو هەنگاوتیو لەپەڵو پۆی خست ◊ زەبری کوشندەی لێ دا ◊ وای بەزەوی دادا کە نەتوانێ هەڵبستێتەوە ◊ شلەکوتی کرد ◊ لەپەڵو پۆی خست.

اوهَطَ جناحَ الطائر: باڵی باڵندەکەی شکاند.

تَوَهَّطَ: بۆموطاوەعەی (وَهَطَهُ)دێ.

تَوَهَّطَ فِي الطين: رۆچو بەقوڕمکەداو گوم بوو.

تَوَهَّطَ الفِراش: جێگا نوستنو نوێنەکەی خۆش کرد.

الوَهْطُ: کۆمەڵو تاقم ◊ لاواز ◊ شوێنی تەختو نەرم.

الوَهْطَةُ: یەکجار ◊ زەوی تەختو نەرمەڵان.

وَهَفَ النَّصراني يَهِفُ وَهْفاً: کابرای مەسیحی خزمەتی کەنیسەی کرد.

وَهَفَ الشَيْئُ وَهْفاً ووهيفاً: شتەکە نزیک بۆوە ◊ دەگوترێ: (خذ ما وهف لك): ئەوەی لێت نزیکە ئەوە بۆ خۆت هەڵگرە.

وَهَفَ النباتُ: ڕووەکەکە سەوز بوو گەڵای کردو پۆشناخ بوو.

وَهَفَ الشَيْئُ للقوم: شتەکە بۆ خەڵکەکە دەرکەوتو ئاشکرا بوو.

وَهَفَ الشَيْئُ وَهْفاً: شتەکە فڕی، بەحەوادا چوو.

اوهَفَ الشَيْئُ: شتەکە لەبەرزییەوە دەبڕوانی ◊ بەرزبۆوە ◊ دەگوترێ: (ما يوهِف له شيئ الا أخذه): هەرشتێک بێتە بەردەستی دەیگرێ.

الوَاهِفُ: مجەورو خزمەتکاری کەنیشتە.

الوهَافَةُ: پیشەی خزمەتچیەتی کەنیشتە.

وَهَقَ الشَيْئَ عنه يهقه وَهْقاً: شتەکەی لێ مەنع کرد.

وَهَقَ فلاناً: کەمەندی خستە ملی فلانکەسەوە، حەبلی سەر بەقولفەی خستە ملی فلانکەسەومو گرتی.

وَهَقَ البعيرُ البَعِيرَ: هەر یەک لە دوو حوشترەکە ملیان درێژکردو پێشبڕکێی ڕۆیشتنیان کرد.

اوهَقَ الدَّابَّةَ: کەمەندو حەبلی بەقولفەیی هەڵدا بۆ ئەوەی ملی ولاخەکەی بکەوێتە ناو.

واهَقَهُ: پێشبڕکێی لەگەڵ دا کرد لەکارەکەدا ◊ دەشگوترێ: (واهقت الناقة الناقة).

تواهَقَ الرجلان: دوو پیاوەکە پێشبڕکێیان کرد.

تواهقَت الرِّکاب: باربەرەکان ملیان درێژکردو کەوتنە پێشبڕکێ کردن لە ڕۆیشتن دا.

الوَهَقُ: حەبلێکە سەرێکی قولفەکراوە دەهاوێژرێ بۆ ملی ئاژەڵو مرۆڤ بۆئەوەی کەمەند بکرێ ◊ (ك: أوهاق).

وَهَلَ فلان یَهِلُ وَهْلاً: فلانکەس سەهوی کرد.

وَهَلَ الی الشَیْئ: خەیاڵی چوو بۆ شتەکە لەکاتێکدا ئەو شتێکی تری گەرەك بوو.

وَهِلَ الرجلُ یَوْهَلُ وَهَلاً: لاواز بوو ◊ ترسا ◊ واقی ورما.

وَهِلَ فیه وعنه: هەڵەی تێدا کردو لەبیری چۆوە.

وَهَّلَهُ: ترساندی ◊ زەندەقی برد.

تَوَهَّلَهُ: توشی هەڵەکردنی کرد.

استَوْهَلَ: لاواز بوو، واقی ورما.

المُستَوْهِلُ: ترساوی گورج و چوستو چالاك.

الواهِلَةَ: سەرمتای شتو دەستەگوڵو نۆبەرەی.

الوَهَلَةُ: دەگوترێ: (القیته أول وهلة): بۆیەکەم جار تووشی بووم.

وَهَمَ فلان فی الشَیْئ والیه یَهِمُ وَهْماً: خەیاڵی بۆ شتەکە چوو وهلحاڵ ئەو شتێکی تری مەبەست بوو.

وَهَمَ الشَیْئُ: شتەکە چووە ناو خەیاڵیەوە.

وَهِمَ فی الحساب: لەحیساب دا هەڵەی کرد بەسەهو چوو.

اوهَمَ فلان: بەمانا (وَهَمَ)دێ.

اوهَمَ فلاناً بکذا: گومانی لەفلانکەس کرد بەوشتەو بەوە تاوانباری کرد.

اوهِمَ الشَیْئَ: شتەکەی هەموو واز لێ هێنا.

اوهِمَ من صلاته رکعةً: رکاتێکی لەنوێژەکە نەکرد.

اوهَمَ من الحساب کذا: ئەومندەی لەحیسابەکە داگرت.

اتَّهَمَ الرَّجُلُ: پیاوەکە گومانی پەیداکرد، شکی لا پەیدا بوو.

وَهَّمَهُ غیره: یەکێکی تر خستیە گومانەوە.

إتَّهَمَهُ بکذا: تۆمەتباری کرد بەوە ◊

گومـانی خـسته سـەر، گومـانی لەراستگۆیی ئەو کرد.

تَوَهَّمَ الشَّيْئَ: گومانی شتەکەی کرد ◊ لەخەیاڵی خۆی دا هێنایی‌و بردی.

تَوَهَّمَ الخيرَ فيه: هیوای خێرو خۆشی لێ کرد.

التُّهْمَةُ والتُّهَمَةُ: تۆمەتبار کردنە.

التُّهيمُ: کەسێـك تۆمـەتی خرابێتـە سەر.

المُتَّهَمُ والمُتَّهِمُ: تۆمەتبار.

الموهـوم: گومانلێـکراو ◊ ئـەوەی گومانی بۆبچێ.

الـوَهْمُ: ئـەوەی دەکەوێتـە خـەیاڵو ئەندێشەوە ◊ ریگای پان‌و پۆڕ ◊ (ك: أوهام ◊ وَوُهُمٌ).

وَهَنَ يَهِنُ وَهْناً: کەوتە کاتی نیوەشەوەوە ◊ یـان لاواز بـوو لەجەسـتەدا لـەئیش کردن دا.

وَهَنَ فلاناً: فلاّنکەسی لاواز کرد.

وُهِنَ فلان: فلاّنکەس تووشی ئازاری قـۆڵ بوو قۆڵ ئێشەی توشهات.

اوهَنَ: کەوتە دەورو بەری نیوە شەو.

اوهَنَ فلاناً: فلاّنکەسی لاواز کرد.

تَـوَهَّنَ فـلان: فلاّنکـەس ڕاکـشا لەسـەر تەنیشت ◊ لاواز بوو.

تَوَهَّنَ الطائِرُ: دالّە کەرخۆرەکە باڵندە گۆشـت خۆرەکـە ئەوەنـدەی گۆشـتی لاکە تۆپیو خوارد مڕبـوو نـەیتوانی بفڕێ.

المَـوْهِنُ: دەورو بەری نیوە شەو ◊ یـان سەعاتێـك دوا نیوەشەو.

المَوْهونُ: دەگوترێ: (رجـل موهـون): پیاوێـکە لاوازو بێ هەڵمەت.

الـوَاهِنُ: ڕەگـی ئەسـتۆ ◊ ئـەو ڕەگـەی تێدایە کەملی بەشانەوە بەستۆتەوە ◊ دەشـگوترێ: (رجـل واهِـن): پیاوێـکە لاوازەو بێ هەڵمەتە.

الوَاهِنَةُ: لـەڕو لاوازیـی ◊ فەقەرەیەکـە لەپـشتە مـل ◊ نەخۆشـییەکە توشـی قۆڵی نـادەمیزاد دەبـێ ◊ پەراسـوو ◊ سەرمتای بۆشایی سنگی ئەسپ.

الوَهْنُ: زەعیفی‌و سیس بوونی نیشات.

الوَهنانـة مـن النـساء: نـافرەتی تەمبەڵو بەناز پـەروەردە، نـافرەتی شل‌و شێواو.

الـوَهِينُ: سـەرعەمەلە، چـاودێری کرێکار.

الوَهُّ: غـەمو خەفـەت ◊ دەگوترێ: (وَهّ من الوجع) وەی لەئازار.

وَهْـوَهَ فِي صَـوْتِهِ: هـاتو هـاواری کـرد، نالاندی.

وَهْوَهـت المـراةُ: نافرەتەکـە بەغەمباریـیەوە هاواری کرد.

وَهْـوَهَ الأسَـدُ فِي زئِـرِه: شـێرەکە

نەڕاندی‌و نەڕەی خۆی خواردەوە.

المُوَهْوِهَةُ من النساء: ئافرەتێك تووشی هەڵامەت‌و بەسێوی بووبێ‌و لەسەرمان چۆقە چۆقی پێ کەوتبێ.

الوَهْوَاهُ: ئەسپی بەنیشات‌و تیژڕەو کەلەهیج نەوەستێ ◊ دەشگوترێ: (رجل وَهْوَاهٌ): پیاوێکە ترسنۆك‌و بێ وڕە.

الوَهْوَهَةُ: دەنگێکە لەقوڕگی ئەسپ دا لەکۆتایی حیلکاندنی دا.

وَهِيَ الرجُلُ يهي وهياً: پیاوەکە نەحمەق‌و گێل بوو.

وَهِيَ الحائِطُ: دیوارەکە شەقی بەرد خەریکە بڕوخێ.

وَهِيَ الثوبُ: قوماشە دڕاو کون بوو.

وَهِيَ رباط الشَيْءِ: بورغی شتەکە، بەستەرەکە شل بۆوە.

وهِيَ السَّحَابُ: هەورەکە دایکردە باران‌و بارانی بەلێزمەی هەڵڕشت.

اوهَاهُ: لاوازی کرد.

اوْهَى يَدَهُ: دەستی شکاند ◊ ئازاری بەدەستی گەیاند بەشکاندن‌و شتی وا.

الاوْهِيَة: نێوان تۆقەسەری کێوو ناوقەدی دۆڵ.

الوَهَى: درزو شەبەق لەشت دا.

الوَهْيَةُ: یەکجار ◊ درزو شەبەق لەشت دا.

الوَهِيَّةُ: کاوڕو گۆلکە حوشتری قەڵەوو کەتە.

الوُهَيَّةُ: بچوککراوەی (الوَهْية)یە ◊ کون‌و کەلەبەری کەم.

واهاً: وشەیەکە بۆ سەرسام بوون لەشتێك دەگوترێ.

وَيْ: وشەی سەرسوڕمانە لەشتێك ◊ یان بۆ زەجرو لێ تورەبوون بەکاردێ ◊ دەگوترێ: (وَيْ لزيد): بەمانا ومیل‌و هاواریش دێ ◊ دەشگوترێ: (وَيْكَ).

وَيْبٌ: وشەیەکە ومکوو (وَيْل) وایە دەگوترێ: (وَيْبَكَ وَيْبٌ لَك) ◊ کە گوترا: (وَيْباً لهذا): مانای تەعەجوب دەگەیەنێ.

الوَيْبَةُ: نامێرێکی پێوانەی دانەوێڵەیە ◊ بریتییە لەدو کێلە.

الوَيْجُ: مژان ◊ یان نێر لەنێوان دوگا جوت دا یان مژان‌و هەوجارەکە پێکەوە.

وَيْحٌ: وشەیەکی بەزەیی پێداهاتنەوەیە ◊ یان هەر بەمانا (الوَيْل)دێ ◊ دەگوترێ: (وَيحٌ له ووَيحاً له).

الوَيْسُ: هەژاری.

وَيْسٌ: وشەیەکە لەشوێنی بەزەیی پێداهاتنەوەدا بەکاردێ ◊ دەگوترێ: (وَيْسَهُ ما أملحه).

وَيْلَـهُ: زۆری باسی (الوَيْـل) بـۆ کـرد وەیلبارانی کرد.

تـــوايَلاَ: هـــاواری ئـــەو ئـــازارو ناڕەحەتیەی کرد کەتوشی بووە.

الوَيْـلُ: نـازلبوونی شـەڕو نەگبـەتی بۆسەری ٥ وشەیەکە سزا دەگەیـەنێ ٥ شیوێکە لەدۆزەخ.

الوَيْلَـةُ: ریـسوا بـوونو فەزیحـەت ٥ دەگـوترێ: (یـا ویلتـا): حەیاچـوو مالوێران خۆم.

وَيْلُمِّهِ: واتە (وَيْـلٌ لامّـە): دەشگوترێ: (رجل وَيْلُمِّهِ): پیاوێکی لێهاتوو سەر سوڕهێنەرە.

الوَائِـةُ: پیـاوی کورتـە بـالاّ ٥ نـافرەتی کورتە بالاّ (قەزەم).

الوَيْنُ: تـرێی ڕەش.

الوَيْنَة: میوژی ڕەش.

وَيْهِ ووَيْهاً: وشەیەکی هەڵنانـە، کەبتـەوێ یەکێـــک یـــان کۆمەڵێـــک هـــەڵبنێی بۆکارێـک دەڵێی (وَيْهـاً یـا فـلان) یـان (وَيْهاً یا جماعة الرجال).

ي

اليـــاءُ: پيتـــى بيـــستو هەشـــتەمە لەپيتەكانى هيجا، شوێنى دەرچوون و لێ پەيدابوونى نێوان سەرى زمان و ناوەراستى مەلاشووە.

يا: حەرفى نيدايە، وشەيەكە بۆ بانگ كـــردن لەكەســـێك يـــا لەشـــتێك بەكاردێ.

اليادة: پێوەرێكە لەبارى درێژى شتى پـــێ دەپێـــورێ، نزيكـــەى ســـێيەكە مەترە واتە ٣٢-٣٥ بەشە لەمەتر.

يَئِسَ مِنْهُ: لێى ناهومێد بوو ٥ تـەماعى پێى نەما.

يَئِسَت المرأةُ: نافرەتەكە نـەزۆك بـوو ٥ لەسك وەستايەوە.

أيْأسَهُ: ناهومێدى كرد.

إتَّأسَ منه: بەمانا (يَئِسَ)دێ.

إسْتَيْأسَ منه: بەمانا (يَئِسَ) دێ.

اليَأْسُ: تەمـەنى ناهومێـد بـوون ٥ ئـەو تەمەنەى ئافرەت لەعادەى مانگانەى خۆى دەوەستێتەوەو ئـيتر ناكەوێتـە حەيزەوە.

يَأيَـــأ يَأيَســـأةً: بەخەڵـــكەكەى گـــوت كۆببنەوە.

يَابَأ بالقوم: خەڵكەكەى بـانگ كـرد بـۆ زيافەتـو دەعوەت.

يَا يَا بالإبل: دەنگى لەحوشـترەكان كـرد كە راوەستن.

يَأ يَـأ: لاسايى كردنـەوەى دەنگـە ٥ يـان ناوى ئەو دەنگەيە خەڵكى پێ بـانگ دەكرێ بۆ كۆبوونەوە.

اليَأيَـــأُ: دەنگـــى بانـدەيەكـــە وەكـــوو باشوكەوايە.

اليُؤيُؤُ: بانـدەيەكە وەكوو باشوكە وايە كلكى كورتە.

يَبَّبَهُ: وێرانى كرد تەختـو تاراجى تێك دا.

اليَبَـــابُ: وێرانـــە ٥ ولاتـــى چـــۆڵ و ســـوتەمەڕۆ ٥ دەگـــوترێ: (أرض يباب): زەوى چۆڵ و كەس تێدانەماو بـێ دارو درەختـو رووەك ٥ (حـوض يباب): حەوزى بێ ئاو.

يَـبِسَ يَيْـبَسُ يُبْـساً: وشـك بـۆوە، دواى تەڕى وشك بوو.

يَـبِسَ مـابين الـرَّجُلين: نێـوان دوو پيـاوە برادەرەكە پچڕا دەنگێيان لێك دابڕى.

أيْـــبَسَ: كەوتـــە نـاو زەوى وشـــكو ســوتەمەڕۆوە ٥ يـان بـەناوى زەوى چۆڵ و سوتەمەڕۆ دا ڕۆيى.

أيبس: قاتـو قڕى بوو زەوى بـەروبومى

نەبوو.

أيبَسَ القومُ: خەڵکەکە کشتو کاڵەکەیان وشکی کرد.

أيبستِ الأرضُ: زەوییەکە کشتوکاڵەکەی وشك بوو.

أيْبَسَ الشَّيْئَ: شتەکەی وشك کرد ◊ دەشگوترێ: (أيْبَسَ الله يده على سوطه): خودا دەستی بەقامچییەکەوە وشك بکا ◊ دەشگوترێ: (أيْبِسْ): بێدەنگ بە.

يابَسَهُ: بەتوندو تیژی مامەڵەی لەگەڵ کرد.

يَبَّسَهُ: وشکی کرد ◊ وشکی کردەوە.

إتَّبَسَ: بۆ موطاوەعەی (يَبَّسَهُ)دێ.

الأيْبَسُ: دەگوترێ: (هو أيْبَسُ منه) ئەو لەو وشك تر دەشگوترێ: (بينهم ثدى أيْبَسُ): نێوانیان خۆش نیەو دەنگیان لێك دابڕیوە ◊ هەروا وشەی (الأيْبَسُ) ناوە بۆ نێسقانێکی وشك لەقاچ دا کە دەستی لێ بدەی نازارت بدا.

الأيبسان: باریکایی دەستو قاچ ◊ ئەو شوێنەی خوار بەلەکەوە تا قولە قاپ واتە (لولاك) دەگوترێ: (ضَرَبَ أيْبَسَهُ): زەبری لەلولاکی دا، لەباریکایی قاچی دا، لەمەچەکی دا.

الأيَابِسُ: ژوور قولەقاپو ژوور مەچەك ◊ دەگوترێ: (ضَرَبَ الأيَابِسَ): زەبری لەئێسقانی لولاکو مەچەکی دا ◊ هەروا وشەی (الأيَابِسُ) ناوە بۆ ئەو شتەی شمشێری لەسەر تاقی دەکرێتەوە.

المِيبَاسُ: ئەوشتەی رووەکو درەختو شتی تەڕ وشك دەکا.

اليَابِسُ: دەگوترێ: (وجه يابِسٌ): روی وشکو بێ خێرە ◊ (سكران يابِسٌ): ئەوەندە سەرخۆش بووە قسەی بۆناکرێ.

اليَبَاسُ: دەگوترێ: (أرطبٌ أم يباسٌ): تەڕە یان وشکە.

يَبَاسٍ: شەرمگا ◊ عەورەت.

اليَبْسُ: دەگوترێ: (خطب يبس، شاة يبسٌ): مەڕێکە وشکی کردوە، گوانی وشك بوون ◊ (أرض يبس): زەوییەکی رەقو پتەوە ◊ (مكان يَبْسٌ): شوێنێکە ئاوی تێدا بوو وشکی کرد ◊ (إمرأة يَبْسٌ): نافرەتێکی بێ خێرە ◊ هیچو پوچە.

اليَبْسَةُ: دەگوترێ: (أتانٌ يَبْسَةٌ): دێڵە کەرێکی بێ شیرو کزو لاوازە.

اليَبُوسَةُ: وشکی، پێچەوانەی تەڕی ◊ حاڵەتو وەزعێکە لەشت دا بەناخۆشی یەکتر دەگرێو شتی لێ دروست دەکرێ.

اليَبيسُ: بەمانا (اليابِسُ)دێ ٥ هەرشتێك لە گیاوگژو گەڵاو پرژو پاڵ وشك بێو هەڵومرێ ٥ دەشگوترێ: (رجل وامرأة يبس): پیاوو ژنێکی بێ خێرن.

يبيس الماء: عەرەقی وشکەوە بوو.

اليتوع: هەر ڕوەکێك شیری هەبێ وەکوو ڕوەکی شنگ ٥ خورشیلكو ئەو جۆرە ڕوەکانە.

يَتَمَ يَيْتِمُ يُتْماً: تاك بۆوە.

يَتَمَ الصَّبِيُّ أو الولد: منداڵەکە بێ باوك بوو.

يَتَمَ الصغيرُ من الحيوان أو البهائم: بێچوە ئاژەڵەکە دایکی منداڕ بۆوە یان لێی دابڕا.

يَتَمَ الفَرْخُ: بێچووەکە زارۆکەکە یەکێك لەباوكو دایکی مرد هەتیوکەوت ٥ (فهو يتيم ويتمان).

يَتِمَ يَيْتَمُ يُتْماً: بەمانا (يَتَمَ)دێ.

يَتُمَ يَيْتُمُ يُتْماً: بەمانا (يَتَمَ)دێ.

أيْتَمَتِ المرأةُ: ئافرەتەکە منداڵەکەی هەتیو کەوت.

أيْتَمَ الصَبِيُّ: منداڵەکەی هەتیو کرد.

يَتَّمَهُ: بەمانا (أيْتَمَهُ)دێ.

المَيْتَمَةُ من الحروب ونحوها: شەڕو جەنگێکە پیاوی زۆری تێدا بکوژرێو هەتیو زۆر بکا ٥ بۆیە دەگوترێ (الحربُ مَيْتَمَةٌ مَايَمَةٌ): شەڕ هەتیوو بێوەژن زۆر دەکا.

اليَتْمُ: خەمو خەفەت.

اليَتَمُ: دەگوترێ: (في سَيْرِه يَتَمٌ): ڕۆیشتنەکەی وەستانو تەکە تەکی تێدایە.

اليَتِيمُ: منداڵی باوك مردو ٥ بێچوە ئاژەڵی دایك نەماو یان لەدایك دابڕاو ٥ هەرشتێك هاوشانی نەبێ.

اليَتيمَةُ: مێینەی (اليَتِيمَ) ٥ مێینەی بێ باوك ٥ کۆمەڵە لبەڵانی تاقەوە بوو ٥ دوڕو گەوهەری ناوازەو بەنرخ.

الجُمَعَةُ اليتيمة: ڕۆژی هەینی کۆتایی مانگی ڕەمەزان.

يَتَنَتِ الحامل: سکپڕەکە منداڵەکەی بوو ٥ سکەکەی دانا بەشێوەیەك قاچی هاتنەدەر نەمجار سەریو دەستی؛ دەگوترێ: (وضعته أمه يَتْنا).

أيْتَنَتِ الحامِلُ: بەمانا (يَتَنَتْ) دێ ٥ (هي موتن وموتِنَةٌ).

يَتَّنَتِ الحامِلُ: بەمانا (أيْتَنَتْ)دێ.

اليَحْمُورُ: کەرە کێوی ٥ گیانلەبەرێکی کاوێژ کارە لەپێڕی کەڵە کێویە.

أيْدَعَ الحجَ على نفسه: حەجی لەسەر خۆی واجب کرد ٥ دەشگوترێ: (أيْدَعَ اليمين على نفسه).

يَدَّعَهُ: بەصمغی گوشراو لەدرەختی

(الأيدع) رەنگی کرد ◊ دەشگوترێ: (يَدْعَهُ الصباغ).

الأيْدَعُ: گوشراوێکە سورە ومکوو خوێن لەلقی درەختێك دەردەهێندرێ ناوی (الأيـــدع)، بـــۆ داوو دەرمـــان بەکاردەهێندرێ.

يَدَاهُ يَدِيهِ يَدْياً: دەستی هەنگاوت.

يَدِي فلان يَيْدِي يدىً: جاکەی لەگەڵ دا کرد لاواز بوو، بێ دەسەڵات بوو.

يَدِيَ من يده: دەستی نەما، توشی شەلەل بوو.

يُدِيَ: دەستی ئازاری پەیدا کرد.

يُدِيَ يَدَّهُ: دەستی توشی شەلەل بوو.

أيْـــدى فلانـــاً: دەســـتی فلانکەســـی هەنگاوت.

يَادَاهُ: دەست بەدەست پێی فرۆشت.

اليَـــدُ: دەســـت ◊ بەشـــێك لەجەســـتە لەشانەوە تاسەری پەنجە ◊ دەسکی هەرشـــتێك کەبەدەســـت دەیگـــری ومکوو شوێن دەست گرتنـی شمشێر، کلکـە پـاچ، کلکـە خاکـەناز، دەسـکە جـەقو، دەســـکە خەنجـــەر، قـــۆڵی کراسو کەوا، دەسەڵاتو هێـزو توانـا ◊ هەروا وشـەی (اليَد) بـۆ زۆر مانـای تـر هـاتووە ومکـوو لـەم رستانەدا دەردەکەوێ: (هُمْ يَدُهُ): ئەوانە تاقمو پێڕی ئەون ◊ (هُمْ يَدٌ علـى غيرهـم): ئەوانـە يـەك ريـزو کـۆکن لەســـەر دوژمن ◊ (هو في يَدِي): ئـەوە مـوڵکی منەو لەژێر دەستی من دا یە ◊ (هذه يدي لك): من کەفیلی ئـەو شتەتمو بـەرعۆدەی دەبم ◊ (أعطـى بيـده): ملکـەچ بـوو دەسـتی دایـەو خـۆی تەسلیم کـرد ◊ (ضَرَبَ يَدَهُ في كـذا): دەستی بەکارەکـە کـرد ◊ (خـرج مـن تحـت يَـدَهِ فـلان): فلانکـەس لـەژێر دەستی ئەو رزگاری بوو ◊ يان لەژێر چـاودێری ئـەودا پێگـەیی‌و بـوو بەزاناو وەستا ◊ (الأمـر بيـد فـلان): ئەو کارە لەژێر تەصەروفی ئەودایـە ◊ (هـو طويـل اليـد): ئـەو سـەخی سروشتە، بەخشندەیە ◊ (مشى بين يديـــه): لەپێـــشیەوە رۆیـــشت، بەبـــەردەمی دا رۆیـــشت ◊ هـــەروا وشـەی (اليـد) بـۆ زۆر مانـای تـریش بـەکارهاتوومو قاموسـە درێـژەکان ئاماژەیان پێ کردون.

اليَدُّ: لۆغەتێکە لە (اليَدُ).

اليَـدَوِيُّ: دەسـتکرد شـتێك راسـتەوخۆ بەدەست کرابێو لەکارگەی‌و شتی وا بەرهەم نەهێنرابێ.

اليَدِيُّ: دەست رەنگین‌و لێزان لەشت.

يَرِعُ يَيْرَعُ يَرَعاً ويَراعَةً: ترسنۆك بوو.

اليَـرَاعُ: قەصـەب ◊ قەڵـەم ◊ ترسـنۆکی

وره روخاو ◊ کەسێك نەراو بۆچونی هەبێ نەعەقڵی هەبێ بێچوی مەڕو بزن بەساوایی ◊ (کاریلەو بەرخۆلە) ◊ حوباحیب، گوڵە ئەستێرە (حەشەرمیەکە لە تاریکی دا دەدرەوشێتەوە).

اليارعة: تاکی قەڵەم، تاکی حوباحیب ◊ قەڵەمی نوچ ◊ لانەی شێرو بێشەڵان ◊ شمشاڵی شوان ◊ چوزەلە، ترسنۆك ◊ ئەحمەقو گێل ◊ نوعامە.

اليَرْعُ: گۆلکی مانگا کێوی.

اليَرِعُ: حەشەرمیەکە وەکوو مێشولە ◊ گۆلکی مانگا کێوی.

يُرِقُ الإنسان أو الزَرْعُ: نادەمیزاد یان کشتوکاڵەکە تووشی نەخۆشی (یەرەقان) بوو.

اليارِقُ: جۆرە بازی بەندێکە، پانە ◊ دەستبەند.

اليَرَقانُ: نەخۆشییەکی فیسیۆلۆجییە توشی رووەك دەبێ زەردی دەکا ◊ حاڵەتێکی نەخۆشییە لەنادەمیزاددا ناهێڵێ سفرا بەناسانی بگاتە ناو ریخۆلەو تێکەڵ بەخوێن دەبێو بەو هۆیەوە ئەنسیجەی حەیوان یان نادەمیزادەکە زەرد هەڵدەگەڕێن.

اليَرَقانة: جۆرە قۆناغێکی گەشەکردنە لەهەندێ گیانلەبەردا وەکوو ئەو قۆناغانەی بەسەر کولەو مێش و مێشولەو شتی وادا تێدە پەڕن.

اليَرُونُ: ژەهر ◊ مێشکی فیل ◊ تۆماو ◊ تۆوی کەڵ ◊ عەرەقی وڵاخ.

يَرَنَأُ: خەنە یان هەر ڕەنگێك لەڕەنگی خەنە بچێ.

اليُرَنَأُ: بەمانا (اليَرَنَأ)دێ.

يَسَرَ الشَّيْئُ يِيسر يَسْراً: شتەکە ئاسان بوو ◊ ملی دا، ژێربار بوو، هاتە ڕیزەوە.

يَسَرَتِ الحامِلُ: سکپڕەکە بەئاسانی منداڵی بوو.

يَسَرَ له في الأمر: کارەکەی بۆ ئاسان کرد.

يَسَرَ الشَّيْئَ: لەلای چەپی شتەکەوە هات ◊ لای چەپی شتەکەی گرت.

يَسِرَ الشَّيْئُ: بەمانا (يَسَرَ)دێ.

يَسِرَ فلان: فلانکەس دەوڵەمەند بوو.

يَسُرَ الشَّيْئُ: بەمانا (يَسَرَ)دێ ◊ کەم بوو.

أيْسَرَ فلان: بەمانا (يَسِرَ)دێ.

أيْسَرَتِ الحامِلُ: بەمانا (يَسَرَت)دێ.

أيْسَرَ فلاناً: کەمێك پشووی دا بەفلانەو زۆر تەنگی پێ هەڵنەچنی لەداوا لێکردنی قەرزەکەی مۆڵەتی دایە.

يَاسَرَ: کەوتە لای چەپیەوە ◊ دەگوترێ: (يَاسَرَ بالقوم): لای چەپی خەڵکەکەی کۆنترۆڵ کرد.

يَاسَرَ فلاناً: ئاسانکاری لەگەڵ خەڵکەکە کرد.

يَسَّرَ فلان: فلانکەس ئاژەڵەکانی

بەناسانی زانو بێچوپان بوو هیچیان بەریان نەهاویشت.

يَسَّرَتِ الماشِيَةُ: ئاژەڵەکان زۆر بون ٥ زاوزێو بەروبومیان زۆر بوو.

يَسَّرَ الشَّيْئَ: شتەکەی ئاسان کرد.

يَسَّرَ له كذا: ئەوەی بۆئاسان کرد ٥ بۆی ئامادەکرد.

يَسَّرَ فلاناً لكذا: ئەو ئیشەی بۆ فلان ئامادەکرد.

يَسَّرَ فلاناً: فلانکەسی سەرکەوتوکرد بۆ ئەو شتە.

يَسَّرَ الشَّيْئَ: شتەکەی والێ کرد بەیدەستو ئاسان بێ.

يَسَّرَ الفرسَ: بەمانا (يَسَرَهُ)دێ.

إتَّسَرَ القومُ الجُزُورَ: خەڵکەکە ئاژەڵەکەیان سەربڕیو گۆشتەکەیان بەشبەش کرد.

تياسَرَ: بەمانا (ياسَرَ) دێ.

تياسَرَ في كذا: لەوشتەدا ئاسانکاریی کرد.

تياسر القومُ الجزورَ: خەڵکەکە ئاژەڵەکەیان سەربڕیو گۆشتەکەیان دابەش کرد.

تَيَسَّرَ الشَّيْئَ : شتەکە ئاسان بوو، ئامادەبوو ٥ دەگوترێ: (تَيَسَّرَ للقتال): خۆی بۆ شەڕ ئامادەکرد.

تَيَسَّرَتِ الأرضُ: زەوییەکە بەپیت بوو.

تَيَسَّرَ النهارُ: رۆژەکەی ساردو سەرما بوو.

اسْتَيْسَرَ: بەمانا (تَيَسَّرَ)دێ.

الأيْسَرُ: ئاسانتر ٥ چەپ ٥ چەپڵەر ٥ چەپنوس.

التَّيْسُورُ: دەگوترێ: (دابة حسنة التيسور): وڵاخێکە جوان فاچەکانی دەهاوێ ٥ (فرس حسن التيسور): ئەسپێکە قەڵەوییەکەی لێ جوانە.

الموسِرُ: بێ ئاتاجو دەوڵەمەند.

المَيْسِرُ: قومار ٥ هەرشتێك یاری بێ ٥ تەنانەت یاری منداڵان ومکوو هەڵماتێنو واغواغێنو شتی وا ٥ شەترەنج.

المَيْسَرَةُ: سەهڵو ئاسان ٥ دەوڵەمەندیو بێ ئاتاجی ٥ لای چەپ ٥ لای چەپی سوپا.

المَيْسِرَةُ: ئاسانیو بێ ماندویی ٥ دەوڵەمەندی.

المُيَسَّرُ: زوماوەرد؛ خواردنێکە پێك دێ لەگۆشتو هێلکە یان بابۆڵە نانی تەنكو گۆشت ٥ یان لوقمە قازی.

المَيْسورُ: ئاسانو بێوەی.

اليَاسِرُ: ئەوکەسەی گۆشتی حەیوانی سەربڕاو لەقومارادا دابەش دەکا ٥ ئەوکەسەی لەقومار کردن دا لەقوداحەکە دەدا.

اليَسَارُ: ئاسان و بێوەی ◊ دەوڵەمەندیی و خۆشگوزەرانی ◊ لای چەپ ◊ دەگوترێ: (جلست يسار فلان أو عن يَسَاره).

اليَسَارِيّ: چەپڕەو تووندو تیژ لە راو بۆچون و سیاسەت دا.

يَسَارِ: بەمانا (يَسَارُ)دێ ◊ دەگوترێ: (أنظرني حتى يَسَارِ).

اليَسَارَةُ: ئاسانی ◊ دەوڵەمەندی.

اليَسْرُ: ئاسان ◊ دەگوترێ: (ولادة يَسْرٌ): منداڵبونێکی ئاسان ◊ دەست بەخۆدا هێنان بەرەو خوار.

اليُسْرُ: پێچەوانەی تەنگانەو ناخۆشی ◊ دەگوترێ: (الدين يُسْرٌ): ئایین پەیڕەوی کردنی ئاسانە ئەگەر لەخۆتی گران نەکەی.

اليَسَرُ: ئاسان ◊ دەگوترێ: (هو يَسَرٌ): ئاسانو نەرمو نیانە ◊ تووندو تیژ نییە.

اليَسْرَةُ: لای چەپ.

اليَسَرَةُ: میینەی (اليَسَر) ◊ دەشگوترێ: (عَسْرَاءُ يسرة): ئەو نافرەتە بەهەردوو دەستی کاردەکا، قاچی پێڕۆ کەباریك بێو لەکاردا بێ ◊ نیشانەیەکە بەسمتەوە ◊ نهێنی و چاڵو چوێڵی بەری دەست.

اليَسِيُ: ئاسان ◊ کەم ◊ بێ نرخ ◊ دەگوترێ: (شيء يَسِيرُ مال يسير).

اليُوسِفِيُّ: درەختێکە بەرداره، لەپێڕی (الشذابية)یە لەوڵاتی میصر هەیە، ئەو ناوەشیان بۆیە لێ ناوە چونکە ئەوکەسەی تۆوی ئەو درەختەی هێناوەتە وڵاتی میصر ناوی یوسف بووە.

الياسمين: رووەکی یاسەمین، گوڵێکی سپی هەیە جوانو بۆنخۆشە.

اليَشَبُ: جۆرە بەردێکی درەوشاوەیە بەنرخە ◊ جۆرە سلیکاتێکی درەوشاوەیە رەنگی سور یان بوننی یان زەردە.

اليَشَمُ: جۆرە کانزایەکی رەقە هەیە سپی هەیە سەوزو هەیە رەنگی تری هەیە لەسلیکاتی مالیسیۆمو مەغنیسیۆمی نادرەوشاوە پێك دێ.

اليَعْبُوبُ: چەمی خورو تیژڕۆ.

يَعَرَتِ الشاةُ أو المِعْزى تَيْعُرُ يُعْراً: مەڕمکە باڕاندی.

اليَعَارُ: دەنگو باڕەی بزنو مەڕ ◊ یان باڕاندنی بەهێز کە مەڕمکە بەهەموو هێزی خۆی ببارێنێ.

اليَعَارَةُ: کێشکردنی کەڵە بۆ کەڵدانی میینەو نیشاندانیەتی بۆئەوەی بەویستی خۆی کەڵی بدا یان ئەگەر حەزی لێ نەبوو وازی لێ بێنێ.

اليَعْرُ: مەڕێکە یان بزنێکە لەپەنا چاڵە هەڵکەندراوو تەڵەی دانراودا دەبەستڕێتەوە، چاڵەکەش بەشێوەیەکی ئاسایی دادەپۆشرێتو ئاژەڵەکە شوێنەکەی قایمەو دەباڕێنێ دڕندەکە شێرە یا گورگە بەدەنگییەوە دێ بۆنەوەی بیخوا کاتێك بەخۆی دەزانێ دەکەوێتە ناو چاڵەکەوەو دوایی دەگیرێ.

اليَعْرَةُ: بەمانا (اليَعْرُ)دێ.

اليَعُورُ: کەڵێکە زۆر ببڕێ بۆ پەڕین.

اليَعُورَةُ: بەمانا (اليَعور)دێ.

اليعسوب: بڕوانە مادەی (عَسَبَ).

اليعضيد: بڕوانە مادەی (عَضَدَ).

اليعفور: بڕوانە مادەی (عَفَرَ).

يَغوث: بتێك بوو پێش هاتنی ئیسلام هۆزی (مەذحیج) دەیانپەرست.

يَفَخَهُ يَيْفَخُهُ يفخاً: لەتەپڵە سەری دا، لەتۆقە سەری دا.

اليافوخ: تەپڵە سەر مەڵاشو ◊ نێوان ناوچاوانو تۆقەسەر ◊ دەگوترێ: (مَسَّ بيافوخه السماءَ) سەری لەئاسمان دا، پلەو پایەی بەرز بۆوە (ركب يافوخ فلان): سواری سەری فلاّن بوو، واتە بەسەری دا زاڵە.

اليافوخ من الليل: زوربەی شەو.

ضَرَبَ يافوخ الليل: سەرەتای شەو دەستی کرد بەڕۆیین.

يَفَعَ الشَّيْئُ يَيْفَعُ يفوعاً ويَفْعاً: بەرز بۆوە، سەرکەوت.

يَفَعَ الغُلامُ: کوڕەکە پێگەیشتو گەیشتە تەمەنی گەنجی، یان خەریکە باڵغ ببێ ◊ بۆ مێینە دەگوترێ: (يَفَعَت البنت).

يَفَعَ الجَبَلَ: چووە سەر کێوەکە.

أيْفَعَ: بەمانا (يَفَعَ)دێ.

يافَعَ وَليداً: هەتیوەکەی خراپ کرد ◊ (وَلد المِيافَعَة): زۆڵ، منداڵی پەیدابوو لەزینا.

تَيَفَّعَ: بەمانا (يَفَعَ)دێ ◊ چووە سەر بەرزایی سەر تەپۆلکە، سەرکێو ◊ ئاگری لەکێوکردەوە.

اليافِعُ: تەمەنی پێش باڵغ بوون، تەمەنی سەرو بەندی باڵغ بوون ◊ دەشگوترێ: (مجد يافع): واتە سەربەرزی‌و سەرومریی.

اليافعات: کۆی (اليافِعة)یە کە بەمانا کچۆڵەی تازە پێگەیشتو کەلەتەمەنی پێش باڵغ بوون دا بێ ◊ کێوی بەرزو بەئاسمان دا چوو ◊ کاری ئەستەمو قورس.

اليَفَاعُ: هەرشتێك بەرزبێ کێوبێ، تەپۆلکە بێ یان هەرشتێکی تربێ.

اليَفَعُ: بەمانا (اليافِعُ)دێ ◊ دەگوترێ: (غلام يَفَعٌ).

اليَفَعَةُ: دەگوترێ: (غلام يفعة): کوڕێکی گەنجە ◊ (فتاة يفعة): کچێکی گەنجە.

اليَفَنُ: پیرەمێردی پۆڵکاو ◊ کەڵەگاکێوی پیر ◊ جوانەگا کەتەمەنی چوبێتە چوار ساڵییەوە ◊ مرۆڤی نائارامو چەواشە.

الياقوت: یاقوت؛ بەردێکی بەنرخەو زۆر ڕەقە لەدوای ئەڵماس لەهەموو کانزایەک ڕەق تترە لەئۆکسیدی ئەلەمنیۆم پێك دێ بەزۆری ڕەنگی رونی مەیلەو سور یان شین یان زەردە، بۆجوانیو خۆ پێ رازاندنەوە بەکاردێ ◊ (ك: یواقیت).

اليقطين: بڕوانە (قطن).

يَقِظَ من نومه يَيْقظ يقظاً: لەخەو بێدار بۆوە ◊ بەهۆش هاتەوە، شتەکەی لێ رون بۆە ◊ لەکارەکە حاڵی بوو ◊ وریا بۆوەو بەحەزەرەوە چاوەڕوانی روداو بوو ◊ (فهو يَقِظٌ وهي يَقِظَةٌ).

أيْقَظَهُ: بەخەبەری هێنا، وریای کردەوە ◊ ترساندیو داوای لێ کرد حەزەربکا ◊ هەڵی ناو هەژاندی، دەنەدەنەی دا.

أيقظ الغبار: تۆزی هەڵساند، تۆزو خۆڵی بەرپاکرد.

تَيَقَّظَ: بەمانا (يَقِظَ)دێ ◊ دەگوترێ: (تَيَقَّظَ من نومه): لەخەوی بێداری خۆی ڕاپەڕی ◊ هەستی بەشتەکە کرد.

اسْتَيْقَظَ: بەمانا (تَيَقَّظَ)دێ.

اسْتَيْقَظَ فلاناً من نومه: فلانکەسی لەخەو ڕاپەڕاند، بێداری کردەوە.

اليَقُظُ: (رَجُلٌ يَقُظٌ): پیاوێکی زیرەك و وریایە.

اليَقْظَانُ: بەمانا (اليَقِظُ)دێ ◊ دەگوترێ: (رجل يقظان الفكر) پیاوێکی بیر تیژو وریایە ◊ (إمرأة يقظى).

اليَقْظَةُ: هەڵسان لەخەو ◊ بەخەبەریو بەئاگایی، واتە پێچەوانەی حاڵەتی نوستن ◊ دەگوترێ: (ما أنساك في النوم واليقظة): لەحاڵەتی خەوو بێداری دا تۆم لەبیرە.

يَقِنَ الشَّيْئُ يَيْقَنُ يَقْناً ويقيناً: شتەکە چەسپاوو ناشکراو رونە.

يَقِنَ به: زانیاری دەربارەی پەیداکردو لێی مەعلوم بوو.

أيْقَنَه وبه: بەمانا (يَقِنَهُ)دێ.

تَيَقَّنَهُ وبه: بەمانا (أيْقَنَه)دێ.

إسْتَيْقَنَهُ وبه: بەمانا (يَقِنَهُ ويَقِنَ به) دێ.

اليقانُ: دەگوترێ: (رجل ميقان): پیاوێکی خۆش باوەڕە هەر قسەیەکی بۆ بکرێ پێی بڕوا دەکا ◊ بۆ مێینە دەگوترێ: (ميقانة).

اليَقَنُ: (رجل يقن): پیاوێکە هەرچی

ببیسێ پێی بڕوا دەکاو بەلایەوە راستە.

اليَقِنُ: (رجل يَقِنٌ): بەمانا (يَقَنٌ)دێ.

اليَقُنُ: بەمانا (اليَقَنُ)دێ.

اليَقَنَةُ من الناس: کەسانێکن بەهەموو کەس بڕوا دەکەن ◊ دەشگوترێ: (رجل يَقَنَة) تێ خڕمکە بۆ موبالەغەیە.

اليَلَنْبُ: زانیاری بێ گومان ◊ لەبواری فەلسەفەدا یەقین بریتییە لەوەی نەفس قەناعەتی بەحوکمێك هەبێو بڕواشی وابێ هەرئەوە ڕاستە ◊ هەروا وشەی (اليقين) ناوە بۆ مردن قورئان دەفەرموێ: {وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ}.

اليَلَبُ: تیلمە جەرم دەچندرێو تێك دەخرێو دەکرێ بەکلێتەو داپۆشەری سەر ◊ جۆرە مەتالێکە لەلبادو شتی وا دروست دەکرێ ◊ پۆلا.

اليَلَقُ: رەنگی سپی بەگشتی ◊ دەگوترێ: (أبيض يَلَق) هەروا ناوە بۆ مانگای سپی بەتایبەتی.

اليَلَقَةُ: بزنی مەرمزی سپی.

يَلَّ يَلِلَ يَيَلُّ يَلاًّ ويَلَلاً: ددانی کورت بوونو بەرمو ناو دەمی خوار ببونەوە ◊ (فهو أيَلّ وهي يلاّء).

الأَيَلُّ من الحوافر: ئاژەڵی کێوی سم کورت.

اليَلاّء: مێینەی (الأَيَلّ) ◊ دەشگوترێ: (صفاة يلاّءُ): بەردی لوسو ڕێك.

اليَلْمَقُ: پالتۆ یان پۆشاکێك کەلەسەر هەموو پۆشاکەکان لەبەر دەکرێو پشتێنی لەسەر دەبەسترێ.

يُمَّ بِهِ: فڕێ درایە ناو دەریاوە.

يُمَّ الساحِلُ: ناو کەنار روبارمکەی داپۆشی.

يَمَّمَهُ: قەصدی کرد، چوو بۆلای ◊ دەگوترێ: (يَمَّمَهُ بالرِّمح): بەرمب پەلاماری دا.

يَمَّمَ المريضُ للصلاة: نەخۆشەکە مەسحی دەمو چاوو دودەستی کرد، واتە تەیەمومی کرد بۆ نوێژکردن.

تَيَمَّمَ للصلاة: دەمو چاوو دودەستی بەخۆڵ مەسح کرد بۆ نوێژ.

تَيَمَّمَ الشَّيْئَ: قەصدی شتەکەی کردو هەڵی پشکنی.

المُيَمَّمُ: کەسێك زەفەر بێنێو بگاتە مەبەستی خۆی.

اليَامُومُ: بێچوە کۆتر.

اليَمَامُ: رەگەزی باڵندە لەپێڕی کۆتر ◊ تاکەکەی پێی دەگوترێ (يمامة).

اليَمُّ: دەریا ◊ کۆتری کێوی ◊ (ك: يَمُومُ).

يَمَنَ بفلان: فلانکەسی بردە لای ڕاست ◊ لەلای راستییەوە هات.

يَمَنَ البَلَدَ: کەوتە لای راستی ولاتەکەوە ◊ بەلای راستی ولاتەکەدا رۆیشت.

يَمَنَ فلان آلـه وعلـى آلـه يُمْناً: فلانکەس پیرۆزبایی لەنەتەوەو کەس‌و کارمکەی کرد.

يَمَنَ اللهُ فلاناً يُمْناً: خودا فلانکەسی پیرۆز کرد.

أيْمَنَ: لای راستی شتەکەی گرت ◊ بوردەی پەمەنی لەبەرکرد.

يَامَنَ: لای راستی گرت ◊ لای راستی مەبەست بوو ◊ بۆلای راستی برد.

يَمَّنَ: بەمانا (يامَنَ)دێ ◊ ویستی بچێ بۆ یەمەن ◊ بردی بۆلای راست.

يَمَّنَ على فلان: پیرۆزبایی لەفلان کرد.

تيامَنَ: لای راستی گرت.

تَيَمَّنَ: خۆی بە یەمەنی لەقەڵەم دا خۆی کرد بەیەمەنی ◊ دەستی راستی یان قاچی راستی بەکار هێنا بۆ ئیش‌و کار ◊ مرد.

تَيَمَّنَ بالمِيت: مردوەکەی لەگۆڕدا خستە سەر لای راستی.

تَيَمَّنَ بالشَّيْءِ: شتەکەی بەپیرۆز زانی‌و لێی گەشبین بوو پێچەوانەی رەشبینی ◊ لەلای راستەوە بۆ شتەکە چوو.

إسْتَيْمَنَ بكذا: پیرۆزیی بەشتەکەوە کردو بەلایەوە پیرۆز بوو.

استَيْمَنَ فلاناً: فلانکەسی سوێند دا.

الأيْمَنُ: کەسێک بەدەستی راستی شت دروست بکا ◊ یان بەقاچی راستی.

الميمون: خاوەنی پیرۆزی‌و خێرو بەرەکەت.

المَيْمَنَةُ: خێرو بەرەکەت ◊ پێچەوانەی (المَيْسَرَة).

المُيَمَّنُ: ئەوکەسەی خێرو بەرەکەت دەهێنێ.

اليامن: خاوەن خێرو بەرەکەت.

اليَمَاني واليمانِيُّ: کەسێک خەڵکی یەمەن بێ یان خۆی بەیەمەنی لەقەڵەم بدا.

اليَمانية: مێینەی (اليَمَاني)یە کەسێک پاڵ یەمەن بدرێ ◊ جو کە گوڵەکەی سور بێ.

اليُمْنُ: خێرو بەرەکەت.

اليُمْنى: پێچەوانەی (اليُسْرَى).

اليَمْنَةُ: لای ڕاست ◊ پێچەوانەی چەپ ◊ جۆرە بوردەیەکی یەمەنییە.

اليُمْنَةُ: جۆرە بوردەیەکی یەمەنییە.

اليمين: راست ◊ پێچەوانەی چەپ ◊ خێرو بەرەکەت ◊ هێزو توانا ◊ سوێند.

اليَمِينِيُّ: راست ڕەو پێچەوانەی چەپڕەو کەسێک میانڕەو بێ‌و حەزی لەئاسانکاری‌و عەدالەت بێ لەهەندێ

ولات دا نوێنەری حیزبی چەپرەو لەلای چەپەوە دادەنیشتن و نوێنەری راست ڕەوەکان کورسیەکانیان لەلای راستەوە دەبێ.

الیَنْبُوتُ: بڕوانە مادەی (نَبَتَ).

یَنَعَ الثَّمَرُ یَیْنَعُ یَنَعاً: میوەکە کاتی لێکردنەوەو چنین و رنینی هات.

یَنَعَ الشَّیْئُ: شتەکە ڕەنگی مەیلەو سوری تۆخ بوو.

أیْنَعَ الثَّمَرُ: بەمانا (یَنَعَ)دێ ٥ (فهو یانع ومونع).

الیانِعُ: میوەی پێگەیشتوو ٥ هەرشتێك سوربێ ٥ دەشگوترێ: (دم یانع): خوێنی زۆر سور (ثَمْرٌ یانع): میوەی ڕەنگ گرتوو، ڕەنگ گۆڕاو.

الیَنَعُ: جۆرە ناقیقێکە ڕەنگەکەی لە نێوان سورێکی مەیلەو خوێنی تا سورێکی زەرد باو ٥ میروی سور.

الیَنِیعُ: ئەو شتەی گەیشتبێتە ئەو پەڕی لەطافەتو پێگەیشتویی.

الیَنَمُ: تووێ گیا (قطونا) ڕوەکێکە لەوڵاتی میصرو شام دەڕوێ، بۆ ڕەوان بون گیروگرفتی قەبزی دەخورێ.

الیَهْفُوف: بڕوانە مادەی (هَفَفَ).

یَهِمَ یَیْهَمُ یَهَماً: شێتو شەیدا بوو ٥ (فهو أیهم وهي یهماء).

الأیْهَمُ: مرۆڤی کەڕ ٥ ئازاو چاو نەترس ٥ نەگەڕاوە لەهیچ شتێكو چارنەکراو چەنەبەر نەهاتو ٥ بەردی لوس و پوس ٥ کێوی بەرز ٥ شاخی سەخت و بەرز کەنەتواندرێ بچیە سەری ٥ شەو کە نەستێرەکانی دیارنەبن.

الأیهمان: جوتی (الأیهمَ) ٥ لافاوی زۆرو ترسناك و حوشتری چەموش ٥ لافاوو ئاگر.

الیَهْماءُ: سارای کاکی بەکاکی و نەتواندرێ پێیدا بڕۆی ٥ سائی گرانی و قات و قڕی و بێ دەروویی ڕون.

یاهَیَاهِ: وشەیەکە بۆ بانگ کردن بەکاردێ ٥ وادەبێ نەم وشەیە نیشانەی تەئنییەو کۆی پێوە دەنرێ دەگوترێ: (یاهیاهان ویاهیاهون).

یَهْیَهَ بالإبل: بانگی حوشترەکەی کرد.

یُوحْ: ناوێکە لەناوەکانی خۆر.

یوحی: بەمانا (یوحُ)دێ.

یَوَّدَ الدَّواءَ: مادەی (الود)ی تێکەڵ بەدەرمانەکە کرد.

الیود: عونصورێکی نافلزییە، ڕەقە ٥ ڕەنگی وەنەوشەیی مەیلەو ڕەشە ٥ دەرەوشاوەیەکی هەیە کە گەرم کرا بەحەواڵدا دەچێ.

اليوديـــد: پێکهاتەیـــەکی کیمیائییـــه، بەشەترشـــەڵۆکەکەی بریتییـــه لـــه ئەلیود.

یارمـــه میارمـــة: بەرۆژانـــه مامەڵـــەی لەگەڵ کرد ٥ یان بەکرێی گرت.

الأيّوَمُ مِن الأيام: رۆژی کۆتایی مانگ ٥ دەشگوترێ: (یوم أیوم): رۆژی درێـژو ناخۆش.

اليَوِمُ: دەگوترێ: (يَـوْمٌ يَـوِمُ): رۆژگاری درێژو ناخۆش.

اليَوم: رۆژ، ماوەکەی لەخۆر هەڵاتنـەوە بـۆ خۆرئاوابوونـه ٥ هـەروا بـەمانا نێـستا دێ ٥ قورئـــان دەفـــەرموێ: {الْيَـوْمَ أَكْمَلْـتُ لَكُـمْ دِيـنَكُمْ} ٥ لـەبواری زانـستی ئاسمانـشوناسی دا وشـەی (يَـوْم) بریتییـه لـەخولێك سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆی دا، کە بەبیستو چوار سەعات ئەنجامی دەدا.

أيـــام العـــرب: رۆژگـــاری شـــەڕە خوێناوییەکانی عەرەب.

أيـام الله: رۆژگـاری تۆڵەسـتاندنەوەی پەروەردگار لەگەڵـه سـتەمکارە سـەر ڕەقەکانی رابردو وەکوو گـەلی عـادو ئەمودو قەومی لوط.

بەیارمەتی خوا بەرگی چوارەم تەواو بوو